سایکۆلۆژیای گەشە
(منداڵ و هەرزەکان)

د. کەریم شەریف قەرەچەتانی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی / زانکۆی سلێمانی

ئامادەکردن و کردنە PDF
جوان ئیبراهیم
ڕۆژگار کەرکوکی

٢٠٠٩ سلێمانی

سایکۆلۆژیای گەشە
(منداڵ و هەرزەکار)

د. کەریم شەریف قەرەچەتانی
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی / زانکۆی سلێمانی

زانکۆی سلێمانی پشتگیری و یارمەتی لەچاپدانی ئەم کتێبەی داوە بە دابینکردنی پاداشتی هەڵسەنگێنەری زانستی و زمانەوانی سەرەڕای تایپکردنی کتێبەکە •

سلێمانی ۲۰۰۹

چاپی یەکەم (٢٠٠٩)
چاپخانەی پەیوەند - سلێمانی
لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی ژمارەی سپاردنی ژمارە (٢٣٦٨) ساڵی(٢٠٠٨) پێدراوە
زانکۆی سلێمانی یارمەتی لەچاپدانی ئەم کتێبە داوە بە دابینکردنی پاداشتی هەڵسەنگێنەری زانستی و زمانەوانی سەرەڕای پیتچنینی •
لەسەر ئەرك و حسابی نووسەر بە چاپ گەیەندراوەومافی لەبەرگرتنەوەو دووبارە چاپکردنەوەی تەنها بۆ نووسەرە .

ناوەڕۆك

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی	١٠
بەشی یەکەم (قۆناغی منداڵی)	
گرنگی سایکۆلۆژیای منداڵ.	١٤
قۆناغەکانی گەشەکردنی سایکۆلۆژیای منداڵ..	١٥
ڕێگاکانی بە نەنجام گەیاندنی توێژینەوە لە سایکۆلۆژیای منداڵدا..	٢٧
کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری	٣٣
تیۆرەکانی گەشەکردن	٣٩
پرانسیپەکانی گەشەکرد	٤٥
گەشەکردن لە قۆناغی پێش لە دایك بوون	٥٠
ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەر گەشەکردنی کۆرپەلە لەناو منداڵدانی دایك	٥٥
بۆماوەو ژینگە	٦٠
کاریگەری گلاندەکان لەسەر گەشەکردن	٦٦
هەستەوەرەکان(گرنگی و چۆنیەتی گەشەکردنیان	٧٥
گەشەکردنی جووڵەی منداڵ	٨١
چاودێریکردنی گەشەی جووڵەی منداڵ	٨٤
زیرەکی ومەعریفەو چۆنیەتی گەشەکردنی لە ڕوانگەی (جان بیاجیە)	٨٩
قۆناغەکانی گەشەکردنی زیرەکی ومەعریفە لە ڕوانگەی تیۆرەکەی (جان بیاجیە)	٩٥
ئەرکەکانی دایك و باوك و مامۆستا بە پێی تیۆرەکەی پیاجیە	١٠٧

بابەت	لاپەڕە
ئایا راستە منداڵانی هەندێك گەل و نەتەوە هەر لە بنەڕەتەوە منداڵانی لە گەلانی تر زیرەکترن	١٠٨
چۆنیەتی گەشەکردنی هەڵچوونەکانی منداڵ	١١٤
ئەو هۆکارانەی کار لە گەشەکردنی هەڵچوونەکان دەکەن	١١٩
رۆڵی دایك و باوك و مامۆستا لە گەشەکردنی هەڵچوونەکاندا	١٢٣
منداڵ چۆن دەبێت بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ؟	١٢٥
شێوازەکانی راهێنانی کۆمەڵایەتی	١٣٢
گرنگی دایك لە ژیانی منداڵ	١٣٦
باوەشی گەرمی دایك	١٣٨
بێبەشبوون لە دایك	١٤٠
جێگری دایك	١٤٢
پرۆسەی شیر پێدان	١٤٢
شیری دایك و شیری دەستکرد	١٤٣
گرنگی باخچەی ساوایان	١٤٦
چۆنیەتی گەشەکردنی زمانی منداڵ	١٥٠
بنەما فسیۆلۆژیەکانی زمان	١٥٠
تیۆرەکانی لێکدانەوەی فێربوونی زمان	١٥٢
هەنگاوەکانی فێربوونی زمان	١٥٧
چی گەشەی زمانی منداڵ دوا دەخات ؟	١٥٩
قۆناغەکانی گەشەکردن و فێربوونی زمان	١٦٠
دەوڵەمەندی و هەژاری زمانی منداڵ	١٦٥
قۆناغەکانی گەشەکردن بە پێی تیۆرەکەی ئەریکسۆن	١٦٨

بابەت	لاپەڕە
پرۆسەی فێربوونی رۆڵی کۆمەڵایەتی (جێندەر)	١٧٨
گەشەکردنی ئەخلاقی (ئاکاری)	١٨٧
ویژدان و گەشەکردنی	١٩٣
پێوەرە ئەخلاقیەکان	١٩٦
جۆرەکانی ئەخلاق	٢٠٤
یاریکردن و گەشەکردنی منداڵ	٢٠٩
تیۆرەکانی یاریکردن	٢١٠
چیرۆك و پەروەردەکردنی منداڵ	٢١٤
خوێندنگاو رۆڵی لە درووستی دەروونی منداڵدا	٢١٧
ئایا راستە منداڵ کاولکەرو تێکدەرە ؟	٢١٩
سزادانی منداڵ	٢٢٣
منداڵی ئازدار	٢٢٦
منداڵی گێل	٢٢٩
منداڵی گەمژە	٢٣١
منداڵی دەبەنگ	٢٣٣
منداڵی مەنگۆلی	٢٣٥
منداڵ بۆ درۆ دەکات ؟	٢٣٨
چکۆسی (غیرە)	٢٤٣
برِوا بەخۆنەبوون	٢٤٦
لەخوێندن دواکەوتن	٢٤٨
شەرمکردن	٢٥١
هەست بەکەمی کردن	٢٥٤
دڵنیایی دەروونی	٢٥٨

بابەت	لاپەڕە
راودرگرتنی منداڵ	٢٦٠
هەر منداڵەو جیهانی تایبەتی خۆی هەیە	٢٦٣
یاریکردن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی	٢٦٥
پەیوەندی نێوان منداڵ و دایك و باوك (هۆگری)	٢٦٨
ناخۆشی نێوان دایك و باوك و کاریگەری لەسەر منداڵ	٢٧١
سایکۆدراماو چارەسەرکردنی گرفتەکانی منداڵان	٢٧٤
چالاکییە هونەری و وەرزشییەکان و هەڵچوونەکانی منداڵ	٢٧٨
منداڵ و پشت بەستنی بە کەسانی تر	٢٨٠
منداڵ لە شیر بڕینەوە	٢٨٤
پاداشت کردنی قوتابی منداڵ نەك سزادانی	٢٨٧
ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی دواکەوتنی ژیری و بیر کوڵی منداڵ	٢٩٣
منداڵی بەهرەمەندو بلیمەتیش گرفت دروست دەکات	٢٩٩
گەشە پێکردنی چەمکەکان لە قۆناغی باخچەی ساوایان	٣٠١
شەڕو ناخۆشی منداڵان	٣٠٥
منداڵانی یەك خێزانیش شەڕ دەکەن	٣٠٧
منداڵی لاسارو سەرەڕۆ کێیە؟	٣٠٩
هۆکارەکانی لاساری و سەرەڕۆیی منداڵ	٣١٠
شەڕخوازی منداڵان	٣١٣
یاخی بوونی منداڵ و هەرزەکار	٣٢٠
تەلەفزیۆن و رەفتاری شەڕخوازی	٣٢٥
شەڕو کوشتارو منداڵ	٣٣١
منداڵ بۆ دزی دەکات؟	٣٣٤

بابەت	لاپەڕە
ترس و چۆنیەتی چارەسەرکردنی	٣٤٠
منداڵ بۆ دەترسێت و چۆنیش چارەسەر دەکرێت؟	٣٤٥
منداڵی بێزراوو پشت گوێخراو	٣٥٢
باری دەروونی منداڵی پۆلی یەکەم	٣٥٤
منداڵە نوقستانەکان و پێداویستیەکانیان	٣٥٦
منداڵی هەڵچوو دەمارگیر	٣٦٠
کابووس	٣٦٤
عینادی و کەللە ڕەقی منداڵ	٣٦٦
قسەکردن و ڕۆیشتن لەکاتی خەوتندا	٣٧٠
نینۆک قرتاندن بە ددان	٣٧٢
پە نجە مژین	٣٧٤
میز کردن بە خۆدا : هۆکارو چارەسەرکردن	٣٧٧
قوتابی بۆ لە قوتا بخانە رادەکات؟	٣٨٢
چەند ڕێنماییەکی پەروەردەیی بۆ دایکان و باوکان و مامۆستایان	٣٨٦
چەند ساتێك بۆ منداڵەکەت تەرخان بکە	٣٩٠
تاوانی باوك، قوربانی منداڵ	٣٩٤
هەست کردن بە جوانی	٣٩٦
چە پەڵی و ناڕێکی وەك خویەکی خراپ	٣٩٨
ڕێز نەگرتنی کات و بەفیڕۆدانی	٤٠٦
منداڵ چۆن خۆی لە ئاوێنەی خێزانەکەیدا دەبینێتەوە	٤١٥
هەست کردن بە گوناهو شەرمەزاری	٤١٧
ڕووداوو مەترسییەکانی ناو ماڵ بۆ منداڵ	٤١٩

بابەت	لاپەڕە
منداڵ و هەرزەکار چۆن لەجۆری پەیوەندییەکان و شێوازی پەروەردەکردن دەگەن	٤٢٢
منداڵ و دیموکراسیەت	٤٢٤
منداڵی خۆپەرست	٤٢٦
باری دەروونی منداڵی نەخۆش	٤٣٢
بەشی دووهەم (قۆناغی هەرزەکاری)	
قۆناغی هەرزەکاری	٤٣٦
جیاوازی نێوان باڵقی و هەرزەکاری	٤٣٩
گلاندەکان و کاریگەرییان لە قۆناغی باڵق بوون	٤٤١
هەڵس و کەوت و جووڵەی هەرزەکار	٤٥٢
تەندروستی هەرزەکار	٤٥٣
هەرزەکارو جۆرەکانی	٤٥٤
تیۆرییەکانی هەرزەکاری	٤٥٦
هەرزەکاری دیاردەیەکی بایۆلۆژییە	٤٥٦
هەرزەکاری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە	٤٥٨
هەرزەکاری دیاردەیەکی دەروونییە	٤٦٠
هەرزەکارو گۆڕانکارییە جەستەییەکان	٤٦٤
گۆڕانکارییە هەڵچوونیەکانی قۆناغی هەرزەکاری	٤٧٠
شڵەژان و گرفتە دەروونیەکانی قۆناغی هەرزەکاری	٤٨٠
زیندە خەون (أحلام اليقظة)	٤٨٣
خۆشەویستی لە قۆناغی هەرزەکاری	٤٩٢
هەرزەکارو گەشەکردنی کۆمەڵایەتی	٤٩٨
جۆرەکانی خێزان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر باری دەروونی	٥٠٥

بابەت	لاپەڕە
هەرزەکار	
حەزوو ئارەزووەکانی هەرزەکار	٥١١
هەرزەکارو هاوڕێیەتی	٥١٧
پێداویستیەکانی هەرزەکارو ڕۆڵی مامۆستا لە دابینکردنیان	٥١٩
کەم کردنەوە لە نرخی هەرزەکار	٥٢٦
گەشەکردنی عەقلی و زانیاری لە قۆناغی هەرزەکاری	٥٢٩
سایکۆلۆژیای خۆ گونجاندن و خودی مرۆڤ	٥٤١
مێرد منداڵان و لاساری	٥٥٠
پەروەردەی سێکسی	٥٥٩
پەروەردەی سێکسی و ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسایەتی	٥٦١
پیشەو کار لە قۆناغی هەرزەکاری	٥٧٣
سایکۆلۆژیای لاوان	٥٧٧
گرفتەکانی لاوان و چۆنیەتی زاڵ بوون بەسەریاندا	٥٨١
نامۆبوونی لاوان	٥٨٥
کێن ئەوانەی کە کێشەو گرفتی دەروونیان هەیە؟	٥٩٢
سەرچاوەی گرێ دەروونیەکا نمان	٥٩٦
پێکهێنەرەکانی دەروونی بێگەرد	٦٠٠
سەرچاوەی هەرەس و یاخی بوون	٦٠٤
سەرچاوەکان	٦٠٨

پێشەکی

سایکۆلۆژیای گەشە ئەو لقەیە لە دەروونزانی کە گرنگی بە گەشەکردنی مرۆڤ دەدات لەو کاتەوە کە کە پێی دەڵێن هێلکەی پیتێنراو تا دواهەمین ڕۆژی ژیانی مرۆڤ ،واتە گەشەکردنی ئەو هێلکەی پیتێنراوە (زایگۆت) لەناو منداڵدانی دایك و گەورەبوونی و دواتر لەدایك بوونی • دوای قۆناغی پێش لەدایك بوون گەشەکردنی منداڵ پێدەنێتە قۆناغێکی ترەوە ئەویش قۆناغی شیرخۆریە، دواتر قۆناغی پێش چوونە خوێندنگا ئینجا قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و دواتر قۆناغی هەرزەکاری و کاملی و لە لوتکەو ترۆپکی قۆناغەکانیش قۆناغی بەساڵاچوونە • هەریەك لە ئەو قۆناغانە تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو لەهەر قۆناغێکدا ژمارەیەك گۆڕانکاری ڕوودەدەن کە جیای دەکاتەوە لە قۆناغەکانی تر •

کاتێك ئێمەی دایك و باوك و مامۆستا و تاکەکانی تری کۆمەڵ شارەزایی پێویستمان دەربارەی گۆڕانکاریەکانی قۆناغەکانی گەشەکردن دەبێت ، ئەوا دەتوانین بە شێوەیەکی ڕاست و دروست مامەڵە لەگەڵ منداڵ و هەرزەکارەکانمان بکەین و لەزۆر کێشەو گیروگرفت ڕزگارمان بێت • بەڵام ئەوەی جێگەی داخە زۆربەی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگا شارەزایی پێویستیان دەربارەی قۆناغەکانی گەشەکردن نیە ، ئینجا لەبەر ئەوەی زانیاری پێویستیان نیە ، ئەوا زۆر جار لەکاتی پەروەردەکردن و فێرکردن و مامەڵەی ڕۆژانەیاندا لەگەڵ مداڵەکانیان ، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەو گیروگرفت دەبنەوە •

ئەم کتێبە بۆ هەردوو قۆناغی منداڵی و هەرزەکاری تەرخان کراوەو باسی سەرجەم گۆڕانکارییە (جەستەیی و جووڵەیی و عەقڵی و مەعریفی و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکان) دەکات بەو هیوایەی ببێت بە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ سەرجەم مامۆستایان و دایکان و باوکان و خوێندکارو قوتابیانی خۆشەویست •

هەموومان دەزانین كە قۆناغی منداڵی گرنگی خۆی لە ژیانی هەموو مرۆڤێكدا هەیەو زۆر لە دەروونزانەكان بە بناغەی كەسایەتی مرۆڤی دادەنێن و لەو بڕوایەدان كە بنەماكانی كەسێتی مرۆڤ لە پێنج شەش ساڵی یەكەمی قۆناغی منداڵیدا بونیاد دەنرێت، لەبەر ئەوە دەبێت گرنگی زۆری پێبدرێت و سەرجەم پێداویستیە فسیۆلۆژی و دەروونی و كۆمەلایەتیەكان لەم قۆناغەدا بۆ منداڵ دابین بكرێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا كەسێكی دەروون دروست بێت و دوور بێت لە گرفت و نەخۆشی دەروونی .

هەرزەكاریش یەكێكی ترە لە قۆناغەكانی ژیانی مرۆڤ و گرنگی خۆی لە ژیانیدا هەیە، لەم قۆناغەدا كۆمەڵێك گۆڕانكاری (جەستەیی و كۆمەلایەتی و هەڵچوونی و ژیری) ڕوودەدەن و ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان لەسەر باری دەروونی هەرزەكار هەیە. كاتێك دایك و باوك و مامۆستاو كەسانی تری چواردەوری هەرزەكار شارەزاییان دەربارەی ئەم قۆناغە دەبێت، ئەوا بێگومان دەتوانن بەسەركەوتوانە مامەڵە لەگەڵ هەرزەكار بكەن و ژینگەی گونجاو بۆ گەشەكردنی بخوڵقێنن.

بەلام كاتێك ئێمەی گەورە وەك پێویست زانیاریمان نەبێت، ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانین بەسەركەوتوانە مامەڵە لە تەك هەرزەكار و گۆڕانكارییەكانی قۆناغەكەی بكەین. ئەم كتێبە تاڕادەیەكی باش بەشێوەیەكی زانستیانە تیشكی خستۆتە سەر هەردوو قۆناغی منداڵی هەرزەكاری و زۆربەی گۆڕانكارییە گرنگەكانی ئەو دوو قۆناغە و چۆنیەتی مامەڵەكردنی دروست لەتەك منداڵ و هەرزەكار. لەبەر ئەوە زۆر پێویستە هەموو دایك و باوك و مامۆستاو كەسێك كە مامەڵە لەگەڵ منداڵ و هەرزەكار دەكات بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەكی زانستیانە پەی بە نهێنی و باری دەروونی منداڵ و هەرزەكار ببەن و كەش و هەوای دەروونی و كۆمەلایەتی گونجاویان بۆ بخوڵقێنن، تا منداڵ و هەرزەكارەكانمان لەلادان و سەرەڕۆیی و نەخۆشی و گرفتە دەروونیەكان دوور بخەینەوەو بە ئاسانی بەهەردوو قۆناغی منداڵی و هەرزەكاریدا تێپەڕن. سەرەڕای ئەوەش زۆر

پێویستە هەموو هەرزەکارێك ئەم نووسراوە تاوتوێ بکات بۆ ئەوەی شارەزای باری دەروونی خۆی و گۆڕانکارییەکانی قۆناغەکەی ببێت.

بەئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە سوپاسی بەڕێزان (پ.ی.د.لویس کارلۆ) لەزانکۆی دهۆك - کۆلێژی پەروەردەی بونیاد وە (د.صابر بۆکانی) مامۆستا لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی بکەین کە بەکاری هەڵسەنگاندنی زانستی ئەم کتێبە هەڵسان سەرەڕای سوپاس و پێزانین بۆ بەڕێز (پ.ی.د. بەکر عومەر عەلی) لەزانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زمان کە ئەرکی زمانەوانی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ.

لەکۆتایدا ئەوە ماوە سوپاسی بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی پشتگیری توێژینەوەی زانستی و دانانی کتێب و وەرگێڕان لەسەرۆکایەتی زانکۆ بکەین.

د. کەریم شەریف قەرەچەتانی
سلێمانی - ٢٠٠٨

گرنگی سایكۆلۆژیای منداڵ
قۆناغەكانی گەشەكردنی سایكۆلۆژیای منداڵ
مرۆڤی سەرەتایی
فەلسەفەی یۆنانی
ئاینی پیرۆزی ئیسلام
فەیلەسوفەكان
سەردەمی دەركەوتنی سایكۆلۆژیای منداڵ بە شێوەیەكی زانستی

گرنگی سایکۆلۆژیای منداڵ

سایکۆلۆژیای منداڵ بە شێکە لە سایکۆلۆژیای گەشەکردن (علم النفس النمو) وە سایکۆلۆژیای گەشەکردنیش یەکێکە لە بوارەکانی سایکۆلۆژیا. سایکۆلۆژیای گەشەکردن سەرجەم گۆڕانکارییەکانی ژیانی مرۆڤ (هەر لەیەکەم رۆژی دروست بوونیەوە لەناو منداڵدانی دایکدا تاوەکوو دواهەمین رۆژی ژیانی) دەگرێتەوە، واتە قۆناغەکانی (پێش لەدایک بوون، شیرەخۆری، پێش چوونە قوتابخانە، هەرزەکاری، کامڵی، پیری) بەڵام سایکۆلۆژیای منداڵ تەنها توێژینەوە لەسەر قۆناغی منداڵی دەکات و لە گۆڕانکاریو گرفت و پێداویستیەکانی دەکۆڵێتەوە. هەموو دەروونزانەکان لەسەر گرنگی قۆناغی منداڵی کۆکن و داوای لێکۆڵینەوەی گۆڕانکاریو دیاردەکانی دەکەن بەمەبەستی وەسف کردن و لێکدانەوەو پێش بینی کردن و کۆنترۆڵ کردنیان، گرنگی سایکۆلۆژیای منداڵ لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا دەردەکەوێت:

١- منداڵ دوای لەدایک بوون لاوازترین و بێ دەسەڵاتترین بوونەوەرەو ژیان و مانەوەی پەیوەستە بەخزمەتگوزاری کەسانی چواردەوری، چونکە لەتوانایدا نییە ناو بخواتەوەو خۆی پاک بکاتەوەو پێداویستیەکانی تری ژیانی دابین بکات و لە مەترسی و هەڕەشەکانی ژیان خۆی بپارێزێت بە پێچەوانەی زۆر لە بێچووی باڵندەو ئاژەڵ و بوونەوەرەکانی تر، کە هەر لەدوای لەدایک بوون بەماوەیەکی کەم لە توانایاندا هەیە کە خۆیان لەگەڵ دەوروبەرەکەیان بسازێنن.
٢- قۆناغی منداڵی مرۆڤ ئەگەر بەراورد بکرێت بە قۆناغی منداڵی بوونەوەرەکانی تر، ئەوە درێژترین قۆناغە. لەم قۆناغەدا منداڵ پێداویستی بە هاوکاری کەسانی تر هەیەو دەبێت فێری زۆر رەوشت و خوو داب و نەریت و پیشەو چالاکی بکرێت. لەبەر ئەوەیە دەبێت بەووردی لەم قۆناغە بکۆڵدرێتەوەو پێداویستی و گرفت و گۆڕانکارییەکانی دیاری بکرێت.
٣- دیاریکردنی پێداویستیەکانی قۆناغەکانی منداڵی (پێش لەدایک بوون، شیرە خۆری، پێش چوونە قوتابخانە چوونە قوتابخانە)و دابین کردنی ژینگەی گونجاو بۆ تێر کردنیان.
٤- دانانی پێوەر (معیار)ی دروست بۆ دەست نیشان کردنی رێچکەی گەشەکردنی ئاسایی منداڵ و ناسینەوەی ئەوانەی کە لەو ڕێچکەیە لایان داوە.
٥- زانینی هۆی دواکەوتن یان پێش کەوتنی گەشەی ئاسایی منداڵ و دەست نیشان کردنی خراپی و باشیەکانیان.
٦- دەست نیشان کردنی منداڵانی دواکەوتوو خاوەن گرفت و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان.
بەشێوەیەکی گشتی سایکۆلۆژیای منداڵ گرنگی بەم دیاردەو گۆڕانکارییانەی خوارەوە دەداو بەشێوەیەکی زانستی لێیان دەکۆڵێتەوە:
١- گەشەکردنی جەستەیی و هەستی و جووڵەی منداڵ. ٢- گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی.
٣- گەشەکردنی ژیری و زانیاری. ٤- گەشەکردنی هەڵچوونی. ٥- قۆناغەکانی گەشەکردن. ٦- گیروگرفتەکانی ئەو قۆناغانە. ٧- پێداویستییەکانی ئەو قۆناغانە.
هەروەها هەر لەرێگەی سایکۆلۆژیای منداڵەوە دەتوانین لە گرفت و نەخۆشی و ئەندێشە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی گەورەکان بگەین.

قۆناغەکانی گەشەکردنی سایکۆلۆژیای منداڵ

پێشەکی:

ئەو زانیاری و شارەزاییانەی کە ئێستا لەبەردەم دیدو دەستی خوێنەردا هەیە دەربارەی منداڵ و هەرزەکارو سایکۆلۆژیای گەشەکردن، یەکسەر کوت و پڕ لەکاتێکی دیاریکراودا پەیدا نەبووە، بەڵکو بەچەندەها قۆناغدا تێپەڕیوەو دەیەها بگرە سەدەها فەیلەسووف و زاناو نووسەر بەبۆچوون و توێژینەوەکانیان بەشداری دەوڵەمەندکردنی ئەو بوارە گرنگەیان کردووە، بەڵام نابێت ئەوشمان لەیاد بچێت کە هەندێک فەیلەسووف و کەڵە زانا ڕۆڵی سەرەکیان لەگەشەکردنی سایکۆلۆژیای منداڵ بەتایبەتیو سایکۆلۆژیای گەشەکردن (علم النفس النمو) بەگشتی هەبووە، ئینجا بۆ ئەوەی کەمێک شارەزای قۆناغەکانی گەشەکردنی سایکۆلۆژیای منداڵ ببین، دەبێت گەشتێکی خێرا بەناو لاپەڕەکانی مێژوودا بکەین.

مرۆڤی سەرەتایی:

پێش ئەوەی مرۆڤایەتی پێ بنێتە قۆناغی شارستانیەتەوە، لەسەر دەمێکی پڕ لەنەزانی و تاریکیدا دەژیا، مرۆڤی ئەو کاتە ژیانێکی زۆر سادەو ساکارییان هەبووەو هیچ قوتابخانەو دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی و ئامرازێکی ڕاگەیاندن نەبووە کە ئەو مرۆڤانە فێری چۆنیەتی گەشەکردن و پەروەردەکردنی منداڵ بکەن و قۆناغەکانی گەشەکردن و پێداویستی و گیروگرفتەکانی ئەو قۆناغانەیان بۆ شیتەڵ بکەنەوە، بەڵکو لەچەند سەرچاوەیەکی دیاریکراوەوە زانیاری سەرەتایان دەربارەی منداڵ و چۆنیەتی گەشەکردنی دەست دەکەوت، کە ئەوانیش بریتی بوون لە:

١- دایک:

دایک زۆر جار دەبوو بەسەرچاوەیەکی گرنگ بۆ زانیاری دەربارەی منداڵ و قۆناغەکانی گەشەکردنی. چونکە کاتێک ئافرەت دوو گیان دەبوو خۆی هەستی بەکۆمەڵێک گۆڕانکاری فسیۆلۆژی و دەروونی دەکرد، بۆ نموونە لەتەمەنێکی دیاری کراودا هەستی بەجووڵە جووڵی کۆرپەکەی ناوسکی دەکرد. ئینجا بۆ جاری دووهەم دووگیان دەبووەوە، بەهەمان شێوەی جاری یەکەم لەدەوروبەری هەمان مانگدا هەستی بەجووڵە جووڵی کۆرپەکەی دەکردەوە، بەم شێوەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژو ساڵ لەدوای ساڵ هەندێک زانیاری لەلای ئەو دایکە دوو گیانانە دەربارەی کۆرپەکانی ناوسکیان کەڵەکە دەبوو، ئینجا ئەو دایکانە ئەو بەسەر هات و ڕووداوانەیان بۆ یەکتری باس دەکردو ئەوە لەدوای ئەوەش بۆ منداڵەکانیان (کچەکانیان) دەگێڕایەوە. هەروەها دوای لەدایک بوون دایک سەرنجی منداڵە شیر خۆرەکەی دەداو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش شارەزایی دەربارەی هەڵس و کەوت و خەوتن و شیرخواردن و هات و هاوارو چۆنیەتی ڕۆیشتن و قسە کردنی.. تاد، لەلا زیاد دەبوو، بەم شێوەیە لەو قۆناغەی گەشەکردنی مرۆڤایەتیدا دایک یەکێک بووە لەسەرچاوە گرنگەکانی زانیاری دەربارەی هەندێک لایەنی ژیانی منداڵ و هەرزەکار. هەرچەندە زۆر جار کەوتونەتە هەڵەی

گەورەوەو بۆچوونی خوارو نابەجێیان دەربارەی منداڵ و قۆناغەکانی لەلا دروست بووە، چونکە تێبینی و سەرنجەکانیان زانستیانە نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەو کاتە شتێکی باش بووە.

۲) یادگارییەکانی دایکان و باوکان:

سەرچاوەی دووهەمی زانیاری لەوکاتەدا بریتی بووە لەو یادگاری و بەسەرهاتانەی سەردەمی منداڵی دایکان و باوکان. واتە کاتێک ئەو دایک و باوکانە سەردەمی منداڵی خۆیان یاد دەکردەوە، زۆر زانیاری و بەسەرهاتیان دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆیان بەبیر دەهاتەوە، کە ئەمەش دەبوو بەسەرچاوەیەک بۆ زانیاری دەربارەی قۆناغی منداڵیو هەرزەکاری. بۆ نموونە هەندێک لەدایکان و باوکان ئەوساڵ و مانگەیان بەبیر دەهاتەوە کە تیایدا دەنگیان گڕبووە یان چوونەتە قۆناغی هەرزەکاری، یان چ کاتێک دەستیان تیرو کەوانی گرتووە، یان چ کاتێک دەستیان بەڕاو کردن یان ئیش و کاری ناوماڵ کردووە، ئەمانەو چەندەها بەسەرهات و یادگاری تری دایکان و باوکانی ئەو کاتە دەبوون بەسەرچاوە بۆ زانینی هەندێک لە گۆڕانکارییەکانی قۆناغەکانی گەشەکردن.

۳) سەرنج دان و تێبینی کردنی هەڵس و کەوتی ڕۆژانەی منداڵەکانیان:

بەبەردەوام منداڵان لەبەر چاوی دایک و باوک و کەسانی چوار دەوریانن، بێگومان لەم کاتانەشدا کارێکی ئاساییە کە ئەو دایک و باوکانە سەرنجی هەڵس و کەوت و ڕەوشتی ڕۆژانەی ئەو منداڵا نەیان بدەن و ڕۆژ لەدوای ڕۆژو مانگ لەدوای مانگ زانیاری و شارەزایی دەربارەیان پەیدا بکەن. بۆ نموونە کاتێک دایکان و باوکان سەرنجی منداڵی یەکەمیان دەدەن و بۆیان دەردەکەوێت کە لەمانگ و ساڵێکی دیاریکراودا، فێری قسە کردن یان ڕۆیشتن یان واز لەشیرخواردن دەهێنێ یان... تاد، هەروەها منداڵی دووهەم و سێهەم و چوارەمیش هەر لەو دەوروبەرەدا فێری ئەو ڕەوشت و هەڵسوکەوتانە دەبن. لەهەمان کاتدا ئەم شارەزاییو زانیاریانە لەلای چەندەها دایک و باوکی تریش گەڵاڵە دەبوو، بەم شێوەیە زانیاری گونجاویان دەربارەی زۆر گۆڕانکاری ژیانی منداڵان لەلا کۆدەبوەوەو لەپەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا سوودیان لێوەردەگرت. شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە بەم شێوازە زۆر لەزانایان زانیاری زۆر بەسوودیان دەربارەی سایکۆلۆژیای منداڵ و هەرزەکار کۆکردەوەو تەنانەت هەندێکیان لەوانە (جیزیل، جان پیاجیە، ...تاد) تیۆرو قوتابخانەی تایبەتیشیان لەسەر ئەو زانیاریانە بنیاتنا.

ئەخناتون:-

تارادەیەکی باش بەسەرکەوتوانە باسی چۆنیەتی دروست بوونی کۆرپەلەی لەقۆناغی پێش لەدایک بوون کردووە، ئەخناتون دەڵێت ((ئەی دروست کەری هێلکۆکە - لەئافرەت و تۆو لەپیاودا، ئەی بەخشێنەری ژیان بەکۆرپەلەی ناوسک، چۆن دڵنیاییو ئارامی پێ دەبەخشی و بەزیندوویی دەیهێڵیتەوە تا ئەو کاتەی کە لەدایک دەبێت))، (السید، ۱۹۷٤، ص۲٤-۲٥) بەم شێوەیە ئەخناتۆن زۆر بەسەرکەوتوانە لەو سەردەمە تاریک و پڕ لەنەزانیەدا ئاماژە بۆ گرنگی هێلکۆکەی دایک و سپێرمی باوک لەدروست کردنی کۆرپەلەدا دەکات، بەڵام بەشێواز و زاراوەو زمانی سەردەمەکەی خۆی.

فەلسەفەی یۆنانی کۆن:-

یۆنانیە کۆنەکان لەو بڕوایەدا بوون کە ژیان لەماددەیەکەوە کە شێوەیەکی تایبەتی هەیە دروست دەبێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش تا دەبێت بەبوونەوەرێکی زیندوو گەشە دەکات، بەڵام دوای ئەوە بۆچوونێکی تریان لەلا دروست بوو، ئەویش ئەوەیە کە دروست بوونی سپێرمی پیاو لەناوەڕۆکدا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ دروست بوونی مرۆڤدا نییە، ئەرکی سەرەکی ئافرەتیش هەڵگرتنی ئەو کۆرپەلەیەیە لەناو سکیدا تا گەورەو لەدایک دەبێت. (السید، ١٩٧٤، ص٢٥) واتە سپێرمی پیاو هەموو خاسیەتەکانی ژیانی تێدایەو پێویستی بە هێلکۆکەی ئافرەت نیە بۆ دروست بوونی کۆرپەلە، بەڵکو ڕۆڵی ئافرەت هەڵگرتنی ئەو سپێرمەو خواردن پێدان و گەورەکردن و لەدایک بونیەتی. ئینجا ئەگەر بەچاوێکی زانستیانە بەراورد لەنێوان ئەم بۆچوونەو بۆچوونەکەی ئەختاتۆن بکەین، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بۆچوونەکانی ئەختاتۆن زانستی و ڕاستتر بووە.

ئەفلاتۆن (Plato) (٤٢٩-٣٤٧ پ.ز):-

ئەفلاتۆنیش وەک فەیلەسوفێکی بەتوانا بەشداری دەوڵەمەندکردنی کەلتورو فەرهەنگی سایکۆلۆژیای منداڵی کردووەو لەزۆر جێگاو بۆنەدا ئاماژەی بۆ کردووە، تەنانەت لە کۆمارەکەشیدا پلەو پایەی چینەکانی لەسەر توانست و لێهاتوویەکانی منداڵ دیاری کردووە. بەبڕوای ئەفلاتۆن دەبێت ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ لەتەمەنی هەفت ساڵیەوە تا تەمەنی هەژدە ساڵی بەدەوڵەت و میری بسپێندرێت و لەژێر چاودێری ئەودا پەروەردە بکرێت. ئەفلاتۆن داوای ئەوە دەکات کە دەبێت هەوڵی ئەوەبدرێت لەپێنج ساڵی یەکەمی ژیاندا توانست و حەزو ئارەزوو بەهرەکانی منداڵ دیاری بکرێت و خزمەتگوزاری پێویستیش بۆ گەشەکردنیان دابین بکرێت، هەروەها گرنگیەکی زۆریشی بەڕاهێنان و فێرکردنی منداڵ و دەست نیشان کردنی جیاوازییەکانی نێوانیان دەدا، چونکە منداڵان لەنێوان خۆیاندا لەزۆر لایەنەوە جیاوازن. بەڕای ئەفلاتۆن پەروەردەکردن و دروست کردنی هاووڵاتیانی باش و بەسوود پێویستی بەشێوازو ڕێبازی تایبەتی هەیەو دەبێت بەدوایدا بگەڕێین.

ئەرستۆ (٣٨٤- ٣٢٢ پ.ز):-

ئەرستۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەفەلسەفەو بیرو بۆچوونەکانی یۆنانی کۆندا کردو لەو بڕوایەدا بوو کە چارەنووسی کۆرپەلەو دروست بوونی پەیوەستە بەهەردوو توخمی نێرو مێ وە، چونکە لەئەنجامی یەکگرتنی مادەو وێنەوە (المادة والصورة) (ژیان دروست دەبێت. مادەش تایبەتە بەئافرەت و بە هەڵچوونی و نوقوستانیەکانیدا دەناسرێتەوەو وێنەو شێوەش تایبەتە بەپیاوو بەکاملی و ژیرییدا دەناسرێتەوە. ئینجا ئەگەر شێوە بەکاملی و بێ نوقستانی لەلای پیاوەوە هات ئەوە کۆرپەلەکە کوڕ دەبێت بەڵام ئەگەر بەنوقستانی و نەبەکامی هات ئەوە کۆرپەلەکە کچ دەبێت.
لەلایەکی ترەوە ئەرستۆ داوای ئەوەی دەکرد کە دەبێ گرنگی بەڕاهێنانی کارو چالاکیەکانی جەستەی منداڵ بدرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باش لەش و جەستەی گەشە بکات و بتوانێت کۆنترۆڵی خودی خۆی بکات و بەسەر حەزوو ئارەزوو هەڵچونەکانیدا زاڵ بێت. هەروەها گرنگیدان

بەفێركردنی هونەرو تام و چێژ وەرگرتن لەشتی جوانی بەكارێكی پێویست لەقەڵەم دەدا بۆ گەشەكردنی عەقڵی منداڵ.

ئاینی ئیسلامی پیرۆز:-

ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش لەزۆر بوارو لایەنی جیاجیاوە بەشداری بنیاتنانی سایكۆلۆژیای منداڵ بەتایبەتیو سایكۆلۆژیای گەشەكردنی بەگشتی كردووەو كاریگەری زۆری لەسەر بیركردنەوەو بۆچوونی زۆر لەزاناكانی ئەو بوارە هەبووە، هەر ئەمەش بۆتە هەوێنی بیرو فەلسەفەی زاناو فەیلەسوفەكانی وەك (ابن سینا، غەزالی، ابن خلدون.. تاد) دەربارەی پەروەردەو گرنگی دان بە منداڵ. زۆر لەئایەتەكانی قورئانی پیرۆزیش ئاماژە بۆ قۆناغەكانی گەشەكردنی كۆرپەلەو چۆنیەتی دروست بوون و گەشەكردنی دەكات لەوانە:

(ولقد خلقنا الانسان من سلالة من طين ثم جعلناه نطفة في قرار مكين ثم خلقنا النطفة علقة فخلقنا العلقة مضغة فخلقنا المضغة عظاما فكسونا العظام لحما، ثم انشأناه خلقا اخر فتبارك الله احسن الخالقين)، (يأيها الناس ان كنتم في ريب من البعث فانا خلقناكم من تراب ثم من نطفة ثم من علقة ثم من مضغة مخلقة وغير مخلقة لنبين لكم ونقر في الارحام ما نشاء الى اجل مسمى. ثم نخرجكم طفلا لتبلغوا اشدكم. ومنكم من يتوفى ومنكم من يرد الى ارذل العمر، لكيلا يعلم من بعد علم شيئا)- (سورەتی المؤمنون، ئایەتی ژمارە ١٣، ١٢).

جۆن لۆك (John Lock) :-

فەیلەسوفی ئینگلیزی بەناوبانگ جۆن لۆك كە لەكۆتایی سەدەی هەڤدەهەمدا ژیاوە، لەیەكێك لەنووسراوەكانیدا كە بەناوی (بیروباوەڕەكانی تایبەت بە پەروەردە)یە دەڵێت، منداڵ لەكاتی لەدایك بووندا عەقڵی لاپەڕەیەكی سپی نەنووسراوە، واتە منداڵ لەكاتی لەدایك بووندا هیچ توانست و بەهرەیەكی بۆماوەیی (وراثی) نیەو عەقڵی وەك لاپەڕەیەكی سپی وایە كە هیچی لەسەر نەنووسراوە، بەڵكو رۆژ لەدوای رۆژ دوای لەدایك بوون لەرێگەی هەستەوەرەكانیەوە (الحواس) فێری دیاردەكانی جیهانی دەرەوە دەبێت. بەمانایەكی تر جۆن لۆك بڕوای تەواوی بەرۆڵی ژینگە (البيئة) هەیەو بە گەورەترین هۆكاری بنیاتنەری عەقڵی مرۆڤی دادەنێت. بەبڕوای جۆن لۆك منداڵ ئامادەیە بۆ وەرگرتن و فێربوونی هەموو جۆرە زانستێك و دەبێت لەرێگەی راهێنانەوە فێری هەموو جۆرە زانیاری و شارەزایی و خوڕەوشتێكی باش و دروست بكرێت و رەمەك و حەزو ئارەزووە سروشتیە ئاژەڵیەكانیشی سەركوت بكرێن. بە بۆچوونی جۆن لۆك ژینگەی لەبارو گونجاوی هاوبەش لەنێوان منداڵاندا دەبێتە هۆی ئەوەی كە هەموو ئەو منداڵانە بەیەك شێوە هەڵس و كەوت بكەن، چونكە هیچ توانست و لێهاتوویەك بە بۆماوە ناگوێزرێنەوە تا ببێتە هۆی دروست كردنی جیاوازی تاكایەتی (الفروق الفردية) لەنێوان ئەو منداڵانەدا، گومانیشی

تێدا نیە کە ئەو بیرو بۆچوونانەی جۆن لۆک بوون بەسەرچاوەو هەوێن بۆ لەدایک بوونی قوتابخانەی رەوشتایەتی (المدرسة السلوكية).

جان جاک رۆسۆ (J.J. Rousseau) (١٧١٢- ١٧٧٨):-

فەیلەسووفێکی گەورەی فەرەنسی بوو کە لەسەدەی هەژدەهەمدا ژیاوەو زۆر بیرو باوەڕی پەروەردەیی دەربارەی منداڵ هەبووە. رۆسۆ بەپێچەوانەی (هۆبز)ەوە لەو بڕوایەدا بوو کە سروشتی منداڵ خێرخوازەو هیچ تۆوو ئامادەباشیەکی شەڕخوازی تێدا نیە، بەڵام کۆمەڵ و دام و دەزگاکانی بەرەو شەڕخوازی دەبەن. هەر لەبەر ئەوەش بووە کە بەردەوام داوای ئەوەی دەکرد کە دەبێت منداڵ بەسەربەستی دوور لەکۆمەڵ و دام و دەزگاکانی لەسروشتدا بژی، چونکە منداڵ هەر بە بۆماوە خاوەنی هەست و ئامادەباشیەکی ئەخلاقی تایبەتیە، کە بەهۆیەوە دەتوانێت رەوشتە باشەکان لەخراپەکان جیا بکاتەوەو پارێزگاری لەو سروشتە پاک و بێگەردەی بکات. بەڵام ئەگەر بەردەوام لەناو کۆمەڵدا ژیا، ئەوە ئەو کۆمەڵە رۆژ لەدوای رۆژ بەربەست و رێگر لەبەردەم حەزوو ئارەزووەکانیدا دادەنێت و وورده وورده بەرەو شەڕخوازی دەبات و لەرێچکە سروشتیە ئاساییەکەی خۆی دووری دەخاتەوە.
بەبڕوای رۆسۆ گەڕاندنەوە بۆ باوەشی سروشت تەنها رێگایە بۆ چاک کردنی هەڵەکانی تاک و کۆمەڵ. ئەوەی شایانی باسکردن بێت رایەکانی رۆسۆ بە تاقیکردنەوە نەسەلمێندراوەو بریتی بوون لەراو بۆچوون و تێڕامانی تایبەتی فەیلەسووفێک دەربارەی مرۆڤ و چۆنیەتی پەروەردەکردنی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری زۆریان لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن هەبووەو بوونەتە هەوێن و سەرچاوە بۆ دامەزراندنی زۆر قوتابخانەو رێبازی دیموکراسی و پێشکەوتنخواز.
جان جاک رۆسۆ لەساڵی (١٧٦٢)دا کتێبە بەناوبانگەکەی دەربارەی چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ لەژێر ناونیشانی (ئەمیل) (Emile) داناو بوو بە ئینجیلی پەروەردەکردنی سەردەمەکەی و قۆناغەکانی دواتریش، رۆسۆ لەو کتێبەدا بەدوورو درێژی باسی قۆناغەکانی پەروەردەکردنی ئەمیل دەکات و ئاماژە بۆ گرنگی راهێنان و تاقی کردنەوەو چالاکی سەربەخۆو سەربەستی منداڵ دەکات و بەبناغەی گەشەکردنیان دادەنێت.

پستالۆزی (Pestalozzi) (١٧٤٦- ١٨٢٧):-

یەکێک بوو لەو کەڵە فەیلەسووفانەی سەدەی نۆزدەهەم کە بەتەواوی لایەنگری راو بۆچوونەکانی رۆسۆ بوو دەربارەی منداڵ و پەروەردەکردنی. پستالۆزیش بڕوای وابوو کە سروشتی مرۆڤ خێرخوازەو بەردەوام هەوڵی کاری خێر دەدات، کاتێکیش دەبێت بەشەڕ خواز، ئەوە لەئەنجامی ئەوەوەیە کە هەموو دەروازەو دەرگاکانی خێر بەڕوویدا داخراوە.
پستالۆزی یەکەم کەس بوو کە بەشێوازێکی زانستیانە زانیاری دەربارەی منداڵ کۆکردەوە، ئەویش لەرێگەی سەرنج دان و تێبینی کردنی هەڵس و کەوتی واقیعیانەی منداڵانەوە بوو، هەر ئەوەش بوو پاڵی پێوەنا کە بۆ ماوەیەکی زۆر تێبینی کورەکەی خۆی بکات کە تەمەنی سێ ساڵ و نیو بوو. بەم رێبازە زانیارییەکی زۆری دەربارەی هەندێک لایەنی گەشەکردنی منداڵ کۆکردەوەو لەساڵی (١٧٧٤)دا وەک یاداشتنامەیەک بڵاوی کردەوە.

فرۆبل (Froebel)(١٧٨٢-١٨٥٢):-

یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە شوێن پەنجەی خۆی لەسایکۆلۆژیای منداڵدا بەجێ هێشتووەو تائێستاش بیرو بۆچوونەکانی لەبواری پەروەردەکردندا کاریگەری خۆیان هەیە. فرۆبل بەیەکەم دامەزرێنەری باخچەی ساوایان دادەنرێت و سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت بواری تەواو بۆ چالاکیو یاریکردنی منداڵ برەخسێندرێت، چونکە گرنگی خۆیان لەگەشەکردنی منداڵدا هەیە بەتایبەتیش گەشەکردنی روحی و ئەخلاقیان. هەر ئەمەش بوو کەوای لەفرۆبل کرد لەساڵی (١٨١٦)دا لەناو کەپری گوندێکی ئەڵمانیدا ئامۆژگای پەروەردەیی ئەڵمانی بۆ (٥) پێنج منداڵی بچووک بکاتەوە.

هەروەها لەساڵی (١٨٢٦) کتێبێکی بەناونیشانی (پەروەردەی مرۆڤ) بڵاوکردەوە، کە تیایدا ئاماژە بۆ گرنگی بەکارهێنانی چالاکی و یاری سەربەست لەلێکۆڵینەوەو پەروەردەکردنی منداڵدا دەکات. فرۆبل بەردەوام ئامۆژگاری دایکان و باوکانی دەکرد کە ئەگەر دەتوانن بەشێک لەباخچەی ماڵەکەیان بۆ یاریکردنی منداڵەکانیان تەرخان بکەن، ئیتر ئەو کاتە منداڵ بۆ خۆی زەویەکەی ئەم دیوو ئەو دیو دەکات و دەیچێنێ و ئاوی دەدات، هەروەها زۆر چالاکی وەک یاری کردن و گۆرانی و چیرۆک و... هتد. بۆ باخچەی ساوایان پێشنیاز کردووە. (الالوسی، ١٩٨٣، ص١١١-١١٣).

فرۆبل داوای ئەوەی دەکرد کە دەبێت رێگە بەمنداڵ بدرێت بۆ ئەوەی راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ژینگەو شت و کەل و پەلەکانی بکات، چونکە لەرێگەیانەوە شارەزای ژینگەو فێری دیاردەکانی دەبێت و شارەزایی و زانیاری زیاتر دەبێت.

داروین (Darwin) :-

تیۆرییەکەی داروین لەچەند لایەکەوە کاری کردە سەر بەرەو پێش چوونی سایکۆلۆژیای منداڵ. چونکە بووە هۆی ووروژاندنی زۆر بابەتی گەشەکردن و کاریگەرییان لەسەر کەسایەتیو چارەنووسی منداڵ بەتایبەتی و مرۆڤ بەگشتی لەوانە کاریگەری بۆ ماوەو ژینگە لەسەر رەوشتی منداڵ، پەیوەندی نێوان ئاژەڵ و مرۆڤ، مل ملانێ ی نێوان مرۆڤ و ژینگەکەی، گرنگی خۆ سازاندن بۆ مانەوەی مرۆڤ و قرنەکردنی، گرنگیدان بەقۆناغەکانی گەشەکردن لەلایەک و پرۆسە ژیرییە یەک لەدوای یەکەکان لەلایەکی تر، رۆڵی بایۆلۆژی و ئەندامەکانی لەش لەپرۆسەی گەشەکردندا.

هەروەها داروین هەوڵی دا کە زانیاری دەربارەی چۆنیەتی گەشەکردنی منداڵی شیرە خۆرەی دەست بکەوێت بۆ ئەوەی لەرێگەیەوە شارەزای چۆنیەتی گەشەکردنی مرۆڤ ببێت، بەڵام ئەو هەوڵ و زانیاریانەی زۆر سەرکەوتوو سوود بەخش نەبوون چونکە تەنها لەسەر ژمارەیەکی کەم لەمنداڵانی شیرەخۆر کۆکرابوونەوە. لەلایەکی تریشەوە لەساڵی (١٨٧٧) شیتەڵ کردنەوەیەکی لەبارەی مێژووی ژیانی منداڵی یەکەمیەوە کە لەساڵی (١٨٣٩) لەدایک بوو بوو بڵاو کردەوە(زهران، ١٩٨١، ص١٦).

جێگەی خۆیەتی کە بڵێین، زۆربەی ئەو زانیاریانەی کە تاوەکوو کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەربارەی سایکۆلۆژیای منداڵ کۆکرانەوە زۆر زانستیو ووردو بەکەڵک نەبوون،

چونكە زۆربەیان بریتی بوون لە بۆچوونی فەلسەفی و گێڕانەوە و تۆماركردنی ڕێچكەی گەشەكردنی ژیانی منداڵانی فەیلەسووف و نووسەران یان منداڵانی خوشك و براكانیان، كە ئەمانەش زۆر كەم و كورتی و دەلاقەی گەورەیان تێدا بووە لەوانە:

١_ بەشێوەیەكی میتۆدی زانستی كۆ نەكرابوونەوە.
٢- لەچەند كات و شوێنێكی پچڕپچڕو جیاواز جیاوازدا كۆكرابوونەوە.
٣- چونكە زۆربەی زانیاریەكان لە سەر منداڵانی خۆیان و كەس و كاریان بوو، لەبەر ئەوە دوورنیە كە تەنها باسی لایەنە باشەكانیان كردبێت و كەم و كورتی و لایەنە خراپەكانیان پشت گوێ خستبێ.
٤- هەر یەكەیان تایبەت بوون بەیەك حاڵەت و ناتوانرێت گشتاندن (التعمیم) بكرێت و ڕەوشتی منداڵانی تری پێ لێك بدرێتەوە. (كۆنجر، ١٩٧٠، ص٢٠-٢١). بەڵام لەگەڵ ئەو كەم و كورتیانەشدا گرنگی خۆیان هەر هەبوو لەسەر بەرەو پێش چوونی سایكۆلۆژیای منداڵدا.

سەردەمی دەركەوتنی سایكۆلۆژیای منداڵ بەشێوەیەكی زانستی:-

سایكۆلۆژیای منداڵ وەك بوارێكی زانستی گرنگ لەكۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لەسەر دەستی (ج. ستانلی هۆل) (G. Stanley Hall) كە بەڕێوەبەری زانكۆی كلارك بوو لەئەمریكا، سەری هەڵدا. هۆل بەپلەی سەرەكی گرنگی بەپێكهاتەكانی (محتویات) عەقڵی منداڵ دەدا. بۆ گەیشتنیش بەم ئامانجەی شێوازێكی نوێی لە بە ئاكام گەیاندنی توێژینەوەو كۆكردنەوی زانیاری داهێنا. ئەویش میتۆدی (ڕاپرس) (الاستبیان) بوو، كە ئەم هەوڵ دان و داهێنانەی (ستانلی هۆل)یش بەسەرەتای دەست پێ كردنی كاروانی توێژینەوەی زانستی لەبواری سایكۆلۆژیای منداڵدا دادەنرێت. هەرچەندە كارەكانی (هۆل) بەپێی پێودرە زانستیەكانی ئەمڕۆ كەم و كورتی زۆریان تێدا بوو بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بەكاری زانستی لەقەڵەم دەدران چونكە ژمارەیەكی زۆری لەمنداڵان وەردەگرت و توێژینەوەی لەسەر دەكردن كە لەتواناد‌ا هەبوو پرۆسەی گشتاندن بەئاكام بگەیەندرێت.

لەبەر ڕۆشنایی تیۆرییەكەی داروین، دامەزرێنەری سایكۆلۆژیای گەشەكردن (ستانلی هۆل) گەیشتە ئەو بڕوایەی كە قۆناغەكانی گەشەكردنی منداڵ كورتكراوەی مێژووی قۆناغەكانی گەشەكردنی مرۆڤایەتییە، واتە هەر قۆناغێكی گەشەكردنی منداڵ گوزارشت لەیەكێك لەو قۆناغانە دەكات كە بەدرێژایی مێژوو مرۆڤایەتی پیایدا تێپەڕیوە. هەر لەبەر ئەوەش هەڵسا بەئەنجام گەیاندنی چەندەها توێژینەوە لەسەر ڕەوشت و هەڵس و كەوتەكانی منداڵ، بەمەبەستی تێگەیشتنی ڕەوشت و هەڵس و كەوتەكانی مرۆڤ بەگشتی لە قۆناغە جیاجیاكانی گەشەكردنی مرۆڤایەتیدا. لەمیانەی ئەو توێژینەوانەیدا سەرنجی زۆر لایەنی ڕەوشتی منداڵی لەكاتی یاریكردن، دروست كردنی پەیوەندی كۆمەڵایەتی... تاد دەدا. (الزوبعی، ١٩٨٩، ص١١- ١٢).

مێندڵ (G. mendel):-

ڕاو بۆچوون و یاساكانی مێندڵ مشتو مڕێكی زۆری دەربارەی گرنگی هەر یەك لە بۆماوەو ژینگە دروست كرد. یاساكانی مەندڵ دەربارەی چۆنیەتی گواستنەوەی خاسیەت و سیفاتەكان لەباوكان و

دایكانەوە بۆ منداڵەكانیان گورو تینێكی تری بەسایكۆلۆژیای منداڵ داو زۆر كون و قوژبنی نەزانراوی ئاشكرا كرد.
هەروەها پاڵی بەزاناكانەوە نا كە چەندەها توێژینەوە دەربارەی هۆی هەندێك نەخۆشی و نوقستانی بۆماوەیی بەئاكام بگەیەنن، هەر راو بۆچوونەكانی میندل بوو كەبوون بەهاندەر بۆ گەڕان بەدوای دیاریكردنی بەرپرسیاریەتی هەریەك لە بۆماوەو ژینگە لە بنیاتنانی كەسایەتی مرۆڤدا.

سەدەی بیستەم سەدەی منداڵە:-

زۆر جار دەگوترێت كە سەدەی بیستەم سەدەی منداڵە، چونكە ئەوەندەی لەم سەدەیەدا گرنگی بەمنداڵ دراوەو توێژینەوەی زانستی دەربارەی بەئاكام گەیەندراوە، بەهەموو درێژایی مێژوو ئەوەندە لێی نەكۆڵدراوەتەوەو گرنگی پێ نەدراوە، ئەوەش بەپلەی یەكەم بۆ ئەم رووداوو هۆكارانەی خوارەوە دەگەڕێنەوە:

١- دروست بون و گەشەكردنی قوتابخانە دەروونیەكان:-

لەسەدەی بیستەم بەتەواوی ئەو قوتابخانانەی كە لەسەدەی نۆزدەهەم سەریان هەڵدابوو گەشەیان كرد، هەروەها چەندەها قوتابخانەو رێبازی دەروونی تر دروست بوون و گەشەیان كرد، هەرچەندە زۆر لەو قوتابخانەو رێبازە دەروونیانە راستەوخۆ تایبەت نەبوون بەمنداڵەوە، بەڵام نا راستەوخۆ كاریگەری خۆیان لەسەر سایكۆلۆژیای منداڵ هەبوو، هەندێك جاریش بەشێك لەو قوتابخانانە بۆ منداڵ تەرخان دەكران.

أ- شیتەڵكردنەوەی دەروونی (فرۆید):-

قوتابخانەكەی فرۆید لەچەند لایەنێكەوە كاری كردە سەر بەرەو پێش چوونی سایكۆلۆژیای منداڵ بەتایبەتیش لەگرنگی دانی بە پێنج ساڵی یەكەمی منداڵ و چۆنیەتی دروست بوونی كەسایەتی و قۆناغەكانی دەمی و كۆمی و ئەندامی زاوزێ و پەیوەندی نێوان منداڵ و دایك و باوكی و كاریگەریان لەسەر كەسایەتی منداڵ. بەبیروڕای فرۆید رووداوو كارەساتەكانی پێنج ساڵی یەكەم گرنگیەكی زۆریان لەسەر دیاریكردنی چارەنووسی منداڵ هەیەو دەبێت دایك و باوك و كەسانی چواردەوری ئاگاداری بن بۆ ئەوەی كەسایەتی منداڵ پتەو بێت و لەتێك شكان و گرێی دەروونی دوور بخرێتەوە.

لەلایەكی تریشەوە فرۆید زۆر بابەتی گرنگ و بقەی وروژاندو پاڵی بەهەندێك لەزاناكانەوە نا بۆ بەئاكام گەیاندنی توێژینەوەی زانستی لەبارەیانەوە، لەوانە [گرێ دەروونیەكان (ئۆدیب و ئەلكترا گرێ)، پێك هاتەكانی كەسایەتی، رۆڵی رەمەكەكان (سێكس و شەڕخوازی)، جۆرەكانی راهێنانی كۆمەڵایەتی.. هتد)] كەسەرجەم ئەو رووداوو بیرو باوەڕانە بوون بەهاندەر بۆ گرنگی دان بەمنداڵ و دیاریكردنی گرفت و پێداویستیەكانی و چۆنیەتی پەروەردەكردنی.

ب- قوتابخانەی رەوشتێتی:-

لەسیەکانی ئەم سەدەیەدا، قوتابخانەی رەوشتێتی کە قوتابخانەیەکی دەروونی ئەمریکیە، گرو تینێکی زانستی بەهێزی بەسایکۆلۆژیای منداڵ دا، وەک ئاشکرایە ئەم قوتابخانەیە بەپلەی یەکەم گرنگی بەهۆکاری ژینگە دەدات و بۆماوەو ئامادەباشیەکانی منداڵ بەهۆکارێکی لاوەکی و سادە لەقەڵەم دەدات و بڕوای بەڕاوەرگرتن و تێرامان (الاستبیان و الاستبطان) نیەو بەکەرەستەی زانستیان دانانێت و لەجیاتی ئەوە سەرنج و تێبینی زانستی (الملاحظة العلمية) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکاردەهێنێ.

ئەم قوتابخانەیە دەروازەی زۆری بۆ توێژینەوەی زانستی لەبواری سایکۆلۆژیای منداڵدا کردەوەو زۆر بابەتی گرنگیشی وروژاند. بەبڕوای ئەم قوتابخانەیە ژیری منداڵ وەک لاپەڕەیەکی سپی وایەو لەتوانای ئەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژی هەیە کە بەئارەزووی خۆی ئەو لاپەڕە سپیە رەش بکاتەوە، هەر ئەمەش بوو کەوای لە(واتسن)ی دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە کرد کە بڵێت [دە (١٠) منداڵی ئاسایی و بێ نوقسانیم بدەنێ، من هەر لەخۆمەوە بەبێ دەست نیشان کردن یەکێکیان هەڵدەبژێرم و بەئارەزووی خۆم رای دەهێنم و چیم بوێ ئەیکەم بەوە، ئەگەر بمەوێ ئەوا ئەو منداڵە دەکەم بەپزیشک، یان هونەرمەند یان زانا یان بازرگان یان دز یان سواڵکەر] (الالوسی، ١٩٨٣، ص٦٦).

واتە بەبڕوای (واتسن)و هاوەڵەکانی بۆماوەو توانستە تایبەتیەکانی منداڵ هیچ گرنگیان نیەو تەنها رۆڵی سەرەکی بۆ ئەو ژینگەیەیە کە تیایدا دەژی، هەرچەندە ئەم بۆچوونەیان هەڵەیەو تووشی زۆر رەخنەو گلەیی کردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا راو بۆچوونەکانی ئەم قوتابخانەیە پاڵی بەزۆر توێژەرو دەروونزانەوە نا کە گرنگی بەژینگەو شێوازی پەروەردەو سزاو پاداشت و چۆنیەتی دروست کردنی رەوشت و بەکارهێنانی شێوازی سەرنج دان و تێبینی کردن بدەن.

ج- پیاجیە:-

زانای سویسری پیاجیە یەکێکە لەو کەڵە توێژەرەوانەی کە بەتوێژینەوەکانی بواری سایکۆلۆژیای منداڵی زۆر زۆر دەوڵەمەند کرد.
پیاجیە یەکێکە لەو زانایانەی کە بەقوڵی بەناخی عەقڵی منداڵدا چۆتە خوارەوەو لەهەموو زاناکانی تر باشتر چۆنیەتی گەشەکردنی عەقڵی منداڵی شیتەڵ کردۆتەوەو قۆناغەکانی بەووردی دیاری کردووە. هەر راو بۆچوونەکانی پیاجیە بوو کە پاڵی بەدەیەها بگرە سەدەها توێژەرو زاناوە نا کەدەست بکەن بەتوێژینەوەی زانستی لەبواری گەشەکردنی عەقڵی و ئەخلاقی منداڵدا. جان پیاجیە زۆر بەتوندی رەخنەی لە(واتسن)و هاوەڵەکانی گرت، لەبەر ئەوەی کە تەنها گرنگیان بەهۆکاری ژینگە دەدا، بەڵام جان پیاجیە لەو بڕوایەدا بوو کە کەسایەتی و رەووشتی مرۆڤ دەرئەنجامی کارلێکردنی هەردوو هۆکاری ژینگەو بۆماوەیە واتە شارەزایی (فێربوون) و گەینە (النضج).

د- ئەنسرۆپۆلۆژیا:

زانایانی ئەم بوارەش خزمەتێکی زۆری سایکۆلۆژیای منداڵیان کرد، ئەنسرۆپۆلۆژیا ئەو زانستەیە کە گرنگی بەتوێژینەوەی هۆزو تیرەو کۆمەڵگا سەرەتاییەکان دەدات بەمەبەستی زانینی یاسا هاوبەشەکانی نێوان هەموو کۆمەڵگاکان و ئەو جیاوازییانەی کە لەنێوان کۆمەڵگا سەرەتایی و کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا هەیە. زانایانی ئەم بوارە گەیشتنە ئەو راستیانەی کە کەلتورو رۆشنبیری گەلان رۆڵی کاریگەری خۆیان لەسەر کەسایەتی تاکەکانیان هەیە.
یەکێک لەو زانایانە (مارگرت مید) بوو کە توێژینەوەی لەسەر سێ (٣) هۆزی سەرەتایی (غینیای نوێ) کرد بەمەبەستی زانینی کاریگەری جۆری راهێنانی کۆمەڵایەتی لەسەر کەسایەتی منداڵەکانیان لەداهاتوودا. ئەم زانستە تازەیەش زۆر بابەتی گرنگی وروژاندو شوێن پەنجەی خۆی لەبواری سایکۆلۆژیای منداڵدا بەجێ هێشت.

٢- زیرەکی پێوەکان (مقاییس الذکاء):-

بۆ یەکەم جار لەساڵی (١٩٠٤) لەسەر دەستی زانای فەرەنسی (بینیە) زیرەکی پێو دانراو توانرا بەسەرکەوتوانە رێژەی زیرەکی منداڵانی پێ بپێورێ و منداڵە دەبەنگ و دواکەوتووەکان لەمنداڵە ئاسایی و زیرەک و بلیمەتەکان جیا بکرێنەوە. دوا بەدوای ئەوەش ساڵ لەدوای ساڵ زیرەکی پێوی تر ئامادە دەکرا و زیرەکی و توانستە جیاجیاکانی منداڵانیان پێ دەپێوان.

٣- رووداوەکانی ساڵانی ١٩٢٠-١٩٤٠:-

لەبیستەکانی سەدەی بیستەم سایکۆلۆژیای منداڵ زۆر بەخێرایی گەشەی کرد، ئەویش لەئەنجامی ئەو گرنگی دانە زۆرەی زانایان بوو بەقۆناغی منداڵی. زۆر لەزاناکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە شارەزابوون لەسایکۆلۆژیای منداڵدا زۆر گرفتی پەروەردەیی و دەروونی چارەسەر دەکات، هەر لەم قۆناغەشدا زۆر لەپەروەردەیاران و زانایان دەستیان کرد بەبەستنی کۆڕو کۆبوونەوەو ئاگادارکردنەوەی دایکان و باوکان و مامۆستایان لەچۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ و شێوازەکانی راهێنانی کۆمەڵایەتی دروست، هەروەها زۆر عەیادەو جێگای تایبەت بە توێژینەوەو چارەسەرکردنی منداڵان کرایەوە. لەلایەکی تریشەوە چەندەها دایەنگاو باخچەی ساوایان لە زۆربەی زانکۆو کۆلێژەکانی پێگەیاندنی مامۆستایان وەک لابورێک بۆ بە ئاکام گەیاندنی توێژینەوەی زانستی لەسەر منداڵان کرانەوە، هەروەها زۆر مەڵبەندی توێژینەوەی منداڵان لەئەمریکاو ئەوروپا کرانەوە (الزوبعی، ١٩٨٣، ص١٣- ١٤).

٤- ساڵانی (١٩٤٠- بەدواوە):-

لەکۆتایی سیەکانی سەدەی بیستەم ، توێژینەوەو هەوڵ و کۆششەکانی زانایانی بواری سایکۆلۆژیای منداڵ گوڕو تینی جاری نەما، ئەوەش بەڕای مێژوونووسان بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە لەوانە:

أ- زۆر بوارو پسپۆری تر لەسایکۆلۆژیادا سەریان هەڵداو بوونە هۆی ئەوەی کە زیاتر لەسایکۆلۆژیای منداڵ سەرنجی زانایان و پسپۆران بۆلای خۆیان رابکێشن.

ب- هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی دووهەم کە بووە هۆی دەربەدەرو پەرەوازەکردنی رۆشنبیران و وەستانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی لەزۆربەی بوارەکان، بەتایبەتیش سایکۆلۆژیای منداڵ.
بەڵام لەناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەم جارێکیتر گرنگیدان بەسایکۆلۆژیای منداڵ سەری هەڵدایەوەو گۆڕانکاری و گەشەکردنێکی زۆر لەتیۆرە دەروونیەکان و میتۆدو شێوازەکانی توێژینەوەی زانستی و کۆکردنەوەی زانیاریدا ڕوویدا، لەم قۆناغەدا زۆربەی توێژینەوەکان ڕێچکەو شێوازی لابووریيان وەرگرت (الزوبعی، ١٩٨٣، ص١٦- ١٧).

بەم شێوەیە بواری سایکۆلۆژیای منداڵ رۆژ لەدوای رۆژو ساڵ لەدوای ساڵ گەشەی کرد، تا گەیشتە ئەم ئاستەی ئەمرۆ کە ئەوەندە زانیارییەکان و ڕێبازەکانی زیادی کردووە، بۆتە هۆی ئەوەی کە چەندەها پسپۆری جیاجیا لەسایکۆلۆژیای منداڵدا دروست ببن و هەر کۆمەڵە زانایەک خۆیان بەلایەنێکی سایکۆلۆژیای منداڵەوە (لایەنی ژیری، ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی، زمانی، رۆڵی سێکسی، هەڵچوونی... تاد) خەریک بکەن.

بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەشدا، تاوەکو ئێستا تیۆرێکی گشتی کەسەرجەم دیاردەکانی سایکۆلۆژیای منداڵ لێک بداتەوە نیەو چەندەها پرسیاریش بێ وەڵامن، بەڵام ئێمە لەوە دڵنیاین کە رۆژێک دێت ئەو تیۆرەش لەدایک ببێت و وەڵامی ئەو پرسیارانەش بدرێنەوە.

رێگاکانی بەئەنجام گەیاندنی توێژینەوە لەسایکۆلۆژیای منداڵدا

وەسفە رێگا

درێژە رێگا

پانە رێگا

کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

تێبینی

چاوپێکەوتن

راپرسی

ڕێگاكانی بەئەنجام گەیاندنی توێژینەوە لەسایكۆلۆژیای منداڵدا
(طرق البحث في علم نفس الطفل)

لەدێر زەمانەوە بەردەوام مرۆڤ لەهەوڵی ئەوەدا بووە كە شارەزای دیاردەكانی گەردوون و ئەو جیهانە بەرفراوانە ببێت كە تیایدا دەژی. بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بۆ چەندەها شێوازو ڕێگاو كەرەستەی جیاجیا بردووە، بۆ ئەوەی بگاتە مەبەست و مەرامەكانی. گومانیشی تێدا نیە كە ڕێگاو كەرەستەو شێوازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری و بەئاكام گەیاندنی توێژینەوەی زانستی لە بوارێكەوە بۆ بوارێكی تر جیاوازەو لەهەندێك لایەنەوە تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە.
سایكۆلۆژیای منداڵیش وەك هەموو بوارەكانی تری ژیان دیاردەو بابەتی تایبەتی خۆی هەیەو پێداویستیشی بەمیتۆدو ڕێگای گونجاو بۆ كۆكردنەوەی زانیاری دەربارەی منداڵ و قۆناغ و لایەنەكانی گەشەكردنی هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش دەروونزان و پزیشك و پسپۆرانی ئەم گۆڕەپانە چەندەها شێوازو كەرەستەو ڕێگای گونجاوو لەباریان هەڵبژاردووەو بنیاتناوە بۆ كۆكردنەوەی زانیاری و بەئاكام گەیاندنی توێژینەوەی زانستی.

هەر چەندە هەر بوارو گۆڕەپانێك گرفت و بابەت و دیاردەو شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوەكانی چارەسەركردن و هەڵهێنان و دۆزینەوەی گرێ كوێرەی گرفتەكان لەهەموو بوارەكاندا تارادەیەكی زۆر هاوبەشن و بەیەك ڕێچكەدا گوزەر دەكەن، ئەویش بەهەست كردن بە گرفت و ئەندێشەكان دەست پێدەكات و بەقۆناغەكانی دانانی گریمان (فرضية)و كۆكردنەوەی زانیاری و گەڕان بەدوای ڕاست و دروستی گریمانەكاندا تێدەپەڕێت و بەشیتەڵ كردنەوەو لێكدانەوەی دەرئەنجامەكان كۆتایی دێت.
ئەم ڕێگاو كەرەستانەی خوارەوە بەگرنگترین و شیاوترین ڕێگاو كەرەستەی كۆكردنەوەی زانیاری بۆ بەئاكام گەیاندنی توێژینەوەی زانستی دەژمێردرێن.

أ- ڕێگای ئەزموونی (تاقیگەیی) (الطريقة التجريبية) (Experimental method):-

لەم ڕێگایەدا زانیاری تەواو دەربارەی دیاردەكانی گەشەكردن كۆدەكرێتەوەو چەندەها گۆڕانكاری بەسەردا دێت و بەچەند قۆناغێكدا تێدەپەڕێت تادەگاتە دەرئەنجامەكان، لەم ڕێگەیەدا بەپلەی سەرەكی پشت بەم خاڵانەی خوارەوە دەبەسترێت:

١- دیاری كردنی هۆ (سبب) (متغير مستقل)و دەرئەنجام (النتيجة) (متغير تابع) بە شێوەیەكی (مەبدەئی) وەك گریمان و بۆ چونێكی زیرەكانە بۆ دەست نیشانكردنی ئەو هۆكارەی كە دەمانەوێت شوێنەواری كاریگەرییەكانی بزانین.

٢- هەڵبژاردنی نموونە (عينة) (Sample)ی گونجاوو كە گوزارشت لەو كۆمەڵگایە بكات كە لێی وەرگیراوە بۆ ئەوەی نموونەیەكی ڕاستەقینە بێت (Representative).

٣- دابەش کردنی نموونەکە بەسەر دوو گروپ و کۆمەڵدا، کەیەکەمیان بە گروپی ئەزموونی (المجموعة التجريبية) (Experimental group)و دووهەمیان بەگروپی کۆنترۆڵی (Control group) ناودەبریت.

٤- زاڵ بوون و کۆنترۆڵ کردنی ئەو هۆکارانەی کە دەرەکی و نامۆن (المتغيرات الدخلية) بەتاقی کردنەوەکەو کاردانەوەی خراپیان لەسەر دەرئەنجامی توێژینەوەکە هەیە، ئەویش لەرێگەی دوور خستنەوە (وەک گەرما، سەرما، دەنگە دەنگ، ترس و دڵەڕاوکێ، خەم و خەفەت... تاد) یان بەیەکسان کردنیان لەنێوان هەردوو گروپەکەدا (وەک تەمەن، زیرەکی، ئاستی رۆشنبیری و پلەی کۆمەڵایەتی و... تاد).

٥- دانانی هۆو هۆکاری سەربەخۆ (عامل مستقل) لەسەر گروپی ئەزموونی و دوورخستنەوەو دانەنانی لەسەر گروپی کۆنترۆڵی.

٦- پێوان و زانینی کاریگەری هۆکاری سەربەخۆ لەسەر گروپی ئەزموونی و بەراوردکردنی هەردوو گروپەکە بەیەکتری.

٧- شیتەڵکردنەوەی زانیارییەکان.

٨- لێک دانەوەی دەرئەنجامەکان.

نموونە: ئەگەر بمانەوێت توێژینەوەو تاقی کردنەوەیەک بەرێگای ئەزموونی (تجريبي) دەربارەی کاریگەری بینینی فیلمە شەڕخوازو خوێناوی یەکان لەسەر رەوشتی شەڕخوازی بەئاکام بگەیەنین، ئەوا دەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوە پەیرەو بکەین:

١- دانانی گریمانێک (Hypothesis) کە بینینی فیلمە شەڕخوازیەکان دەبێتە هۆی زیادکردنی رەوشت و هەڵس و کەوتی دەست درێژیو شەڕخوازی لەلای منداڵان.

٢- دوو کۆمەڵ منداڵ هەڵدەبژێرین بۆ ئەوەی تاقی کردنەوەکەیان لەسەر بکەین، کۆمەڵەی یەکەم ناو دەبەین بەکۆمەڵەی ئەزموونی (تجريبي)، کۆمەڵەی دووهەمیش بە کۆمەڵەی کۆنترۆڵی (ضابطة).

٣- دەبێت زۆربەی خاسیەت و سیفاتەکانی (هۆکارەکان) (العوامل)ی ئەو دوو کۆمەڵە لەیەکەوە نزیک بن وەک (تەمەن، ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری، رەوشتی شەڕخوازانەیان... تاد)، واتە نابێت منداڵانی کۆمەڵەی یەکەم لەکۆمەڵەی دووهەم گەورەتر بن یان دەوڵەمەندتر یان رۆشنبیرتر یان زیرەکتر یان لاسارتر، بەڵکو دەبێت زۆر نزیک بن لەیەکترییەوە.

٤- منداڵانی ئەو دوو کۆمەڵە تاقی دەکرێنەوە بۆ زانینی رێژەو چەندێتی رەوشت وهەڵس و کەوتی شەڕخوازی لەلایان.

٥- فیلمی دەست درێژی و شەڕخوازی پیشانی گروپی یەكەم (تجریبی) دەدرێت و لەجیاتی ئەو فیلمەش فیلمێكی كۆمیدی كۆمەڵایەتی خۆش پیشانی كۆمەڵەی دووهەم (ضابطة) دەدرێت.

٦- دوای تەواو بوونی هەردوو فیلمەكە، دەست دەكرێت بەپێوانە كردن و دەست نیشانكردنی رەوشت و هەڵس و كەوتی دەست درێژی و شەڕخوازانە لەلای هەردوو گروپەكە.

٧- شیتەڵكردنەوەی ئەو زانیاریانەی كە دەربارەی رەووشتی ئەو دووگروپە دەست كەوتووەو گۆڕینی جۆری رەوشت و هەڵس و كەوتە شەڕخوازییەكان بۆ ژمارەو زانیاری چەندێتی (المعلومات الكمیة).

٨- لێكدانەوەی (تفسیر) دەرئەنجامی ئەو توێژینەوەیە، واتە كاتێك دەگەینە ئەو راستیەی كە منداڵانی گروپی یەكەم زیاتر لە منداڵانی گروپی دووهەم دەست درێژكارو شەڕخواز بوون، ئەوە دەتوانین بەدڵنیایی یەوە بڵێین كە منداڵانی گروپی یەكەم لەرێگەی بینین و لاسایی كردنەوەی ئەو فلیمە شەڕخوازییەوە فێری ئەو رەوشتە نا بەجێیانە بوون.
بێگومان ئەم رێگایە زۆر سەركەوتوو بەكەڵكە بۆ كۆكردنەوەی زانیاری و بەئاكام گەیاندنی توێژینەوەی زانستی بەڵام هەندێك كەم و كورتی تێدایە لەوانە، زۆر جار لەبەر هەندێك پێوەری مرۆڤایەتی و ئەخلاقی ناتوانرێت هەندێك ئەزموون و تاقی كردنەوە بكرێن لەوانە:

أ- كاریگەری لێدان و سوكایەتی پێكردن (هۆكاری سەربەخۆ، عامل مستقل) لەسەر هەندێك گۆڕانكاری لەرەوشتدا (هۆكاری پاشكۆ، عامل تابع)، چونكە توێژەر ناتوانێت كۆمەڵێك منداڵ بهێنێو دەست بكات بەلێدان و سووكایەتی پێكردنیان بۆ ئەوەی بزانێت كاریگەری ئەو لێدانە لەسەر گەشەكردن و كەسایەتی و هەندێك لایەنی رەوشتی ئەو منداڵانە چیە؟.

ب- ناتوانرێت بەشێك لەتوێكڵ و پەردەی مێشك لا ببردرێت یان دەست كاری چەند ناوچەیەكی مێشك بكرێت یان چەند خانەو شانەیەك تێك بدرێت (هۆكاری سەربەخۆ) بۆ ئەوەی كاریگەرییان لەسەر یادكردنەوەو بیركردنەوەو هەڵس و كەوتی ئەو كەسانە بزاندرێت (هۆكاری پاشكۆ).
ج- ناتوانین كۆمەڵێك منداڵ برسی بكەین تاوەكو كاریگەری برسێتی زۆر لەسەر رەوشتی منداڵ بزانین.
لەگەڵ هەندێك لە ئەو كەم و كورتیانەشدا ئینجا بەسەركەوتووترین رێگا بۆ كۆكردنەوەی زانیاری دادەنرێت، لەبەر ئەوەی زۆر لەخودێتی و داشكاندن بەلایەك و حاڵەتی مەزاجی توێژەر دوور دەكەوێتەوەو لەبابەتی (موضوعي) (Objectivity) نزیك دەكەوێتەوە هەروەها لەتوانای توێژەردا هەیە كە بەسەر دیاردەكاندا زاڵ بێت و كۆنترۆڵی زۆربەی زۆری ئەو هۆكارە دەرەكی و نامۆیانە بكات كە كاری خراپ دەكەنە سەر دەرئەنجامی توێژینەوەكەو لەرێچكەی ئاسایی خۆی لادەدەن.

ب- وەسفە ڕێگا (الطريقة الوصفية) (Descriptive method):

وەک بەناوەکەیدا دیارە ئەم ڕێگایە پشت بەوەسف کردنی گۆڕان و قۆناغەکان و دیاردەکانی گەشەکردن دەبەستێت ئەویش بەکۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی لایەنە جیاجیاکانی گەشەکردنی منداڵ (جەستەیی، ژیری، هەڵچوونی، کۆمەڵایەتی... تاد)، ئیتر بەسەرنج دان و چاوپێکەوتن و پرسیار لێکردنی منداڵ خۆی بێت یان دایک و باوک و مامۆستاکانیان. ئەم ڕێگایەش بۆ یەکەم جار لەسەر دەستی هەندێک لەدەروونزانەکان هاتەکایەوە ئەوانیش بەسەرنج دان و چاوپێکەوتنی منداڵەکانیان دەستیان پێکردو ڕۆژ لەدوای ڕۆژو ساڵ لەدوای ساڵ زانیارییان دەربارەی چۆنێتی گەشەکردنیان کۆدەکردەوە. ئەم ڕێگایەش دوو جۆری جیاوازی هەیە، یەکەمیان ناودەبرێت بەدرێژە ڕێگا (الطريقة الطولية)و دووهەمیشیان بەپانە ڕێگا (الطريقة المستعرضة).

١- درێژە ڕێگا (الطريقة الطولية) (Longitudinal method):-

مەبەست لەدرێژە ڕێگا ئەو شێوازەیە لە بەئاکام گەیاندنی توێژینەوەی زانستی کە لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵێک منداڵی دیاری کراو بۆ ماوەیەکی درێژ کە هەندێک جار دەگاتە (٣٠-٤٠) ساڵ دەکرێت، ڕۆژ لەدوای ڕۆژو مانگ لەدوای مانگ و ساڵ لەدوای ساڵ زانیاری دەربارەی لایەنەکانی گەشەکردنیان کۆدەکرێتەوە. واتە توێژەر لەو ڕۆژەی کە دەست دەکات بەدیاری کردنی ئەو کۆمەڵە منداڵە هەتا ئەو ڕۆژەی کە توێژینەوەکەی تەواو دەبێت هەر تەنها لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کۆمەڵە منداڵە دەکات و ساڵ لەدوای ساڵ لەگەڵیان بەردەوام دەبێت. لەساڵی یەکەم پێوانەی ئەو لایەنە دەکات کە توێژینەوەی لەسەر دەکات ئینجا چاوەڕوان دەبێت تا ئەو منداڵانە ساڵێک گەورە دەبن ئینجا بۆجاری دووەم پێوانەی ئەو لایەنەی گەشەکردن دەکات، ساڵی سێهەمیش بەهەمان شێوە.. تاکۆتایی توێژینەوەکەی.

بۆ نموونە ئەگەر توێژەرێک بیەوێت بزانێت منداڵ لەلایەنی جەستەیی و کۆمەڵایەتیەوە چۆن گەشە دەکات، ئەوا لەسەری پێویستە کە کۆمەڵێک منداڵی دیاریکراو (کە یەک تەمەنیان هەبێت) هەڵبژێرێت (بۆ نموونە ٢ ساڵ) ئینجا لەم تەمەنی دوو ساڵییەدا درێژی و کێش و بارستایی وپەیوەندی و هاوکاریان لەگەڵ کەسانی تر ببێوێ، ئینجا لەتەمەنی (٣) سێ ساڵیدا ئەو دیاردەو لایەنانە بۆ جاری دووهەم بپێوێ، هەروەها لەساڵی (٤) چوارەم ئینجا (٥) پێنجەم... تاد. بەم شێوەیە زانیاری تەواوی دەربارەی چۆنیەتی گەشەکردنی جەستەیی‌و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵە منداڵە دەست دەکەوێت و توێژەر دەتوانێت بەراورد لەنێوان منداڵەکاندا بکات یان ڕێژەی گەشەکردنیان بەپێی تەمەن بدۆزێتەوە یان بزانێت لە چ ساڵێکدا گەشەکردن زۆر خێرایە یان هێواش و لاوازە.

تیرمانی (Terman) زانا یەکێک بوو لەو کەسانەی کە بۆ ماوەی (٣٠) سی ساڵ لەگەڵ کۆمەڵێک منداڵی زیرەک و بلیمەتدا هەر لەقۆناغی باخچەی ساوایانەوە (رياض الاطفال) تا قۆناغی خوێندنی باڵا بەردەوام بوو، ساڵ لەدوای ساڵ سەرنجی چۆنیەتی و ڕێژەی گەشەکردنی

(جەستەیی، ژیری، کۆمەڵایەتی) ئەو منداڵانەی دەدا. هەروەها ئارنولد جیزلیش توێژینەوەی لەسەر (١٠٠) سەد منداڵی شیرخۆر کردو مانگ لەدوای مانگ زانیاری دەربارەی چۆنیەتی فێربوونی گرتنی شتەکان و گەشەکردنی کۆکردەوە. لەلایەکی تریشەوە پەیمانگای (فلز) بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی توێژینەوەیەکی بەم رێگایە لەسەر (٧١) کەس لەکاتی لەدایک بوونەوە تا قۆناغی کامڵی (مرحلة الرشد) کردو لەو ماوە دوورو درێژەدا زانیارییەکی زۆر دەربارەی رەوشت و هەڵس و کەوتی شەرخوازیو دەست درێژیان کۆکرایەوە. (هرمز، ١٩٨٨، ص٢٩).

شایانی باسە ئەم رێگایە چەند خاڵ و خاسیەتێکی باش و بەهێزی هەیە لەوانە:

أ)- ئەو زانیاریانەی بەم رێگایە کۆ دەکرێنەوە زۆر ووردو بەدیقەتترە لەشێوازی پانەرێگا.

ب)- دەتوانرێت جیاوازی تاکایەتی (الفروق الفردية) لەنێوان منداڵەکاندا بکرێت و بزاندرێت کام منداڵ لەهەموویان باشترە یان خراپترە، لەهەمان کاتیشدا خاڵی لاوازی و بەهێزیان دیاری بکرێت.

ج)- لەتوانادا هەیە بەم رێگایە زانیاری لەسەر زیاتر لەلایەنێکی گەشەکردنی منداڵەکان (جەستەیی، کۆمەڵایەتی، ژیری، هەڵچوونی) کۆ بکرێتەوە بەپێچەوانەی پانە رێگاوە کە زیاتر زانیاری لەسەر لایەکی گەشەکردن کۆدەکاتەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەو باشیانەی سەرەوەشدا، کەچی ئەم رێگایە چەند کەم و کورتی و نووقستانیەکی تێدایە لەوانە:

أ- کات و ماندووبونێکی زۆری دەوێت و لەتوانای هەموو توێژەرێکدا نیە کە پەنا بۆ ئەم رێگایە ببات.

ب- ناتوانرێت کە سوود لەکەرەستەو ئامرازە تازەکان وەربگیرێت. بۆ نموونە ئەگەر توێژەرێک بۆ ماوەی (١٠) ساڵ زانیاری لەسەر رێژەی زیرەکی کۆمەڵێک منداڵ بەرێگەی زیرەکی پێوێکی دیاریکراو کۆبکاتەوە بەڵام دوای ئەو (١٠) ساڵە زیرەکی پێوێکی باشتر پەیدا بوو، ئەوا لەو کاتەدا توێژەر ناتوانێت ئەو زیرەکی پێوە (مقياس الذكاء) تازەیە بەکار بهێنێت، چونکە (١٠) ساڵە زانیاری بەو زیرەکی پێوە کۆنە کۆدەکاتەوەو نابێت دوای ئەوە زیرەکی پێوێکی تر بەکار بهێندرێت چونکە لەوانەیە جیاوازی لەنێوان جۆری برگەو قورسی و سوکی و ئەو توانستەی کە هەردووکیان دەیپێون هەبێت.

ج- ناتوانرێت توێژینەوە لەسەر ژمارەیەکی زۆر لەمنداڵان بکرێت، چونکە کات و ماندو بوون و توانایەکی زۆری دەوێت.

د- ئەگەر یەکێک یان زیاتر لەیەکێک لە ئەو منداڵانەی کە توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت مردن یان بێزار بوون یان ماڵیان لەو شارو وڵاتە باری کرد، ئەوا لەو کاتەدا لەتوانادا نییە کە جێگەیان بەمنداڵانی تر پڕ بکرێتەوە، چونکە لەوانەیە (٧) ساڵ یان زیاتر یان کەمتر بێت کە تەنها زانیاری لەسەر ئەو منداڵە کۆدەکرێتەوە، ئیتر ناتوانرێت دوای ئەو چەند ساڵە منداڵێکی تر کە لە(١٠٠٪) سەدا سەد لەهەموو توانست و خاسیەت و لایەنێکدا وەکوو ئەو بێت ، بدۆزرێتەوە.

٢- پانە ڕێگا (الطريقة المستعرضة) (Cross- Sectional Method):

ئەم ڕێگایە بریتییە لە بەئاكام گەیاندنی توێژینەوە لەسەر چەند كۆمەڵێك منداڵی تەمەن جیاواز، واتە توێژەر لەهەمان كاتدا كۆمەڵێك منداڵ لەتەمەنی (٤) چوار ساڵان و كۆمەڵێكی تر (٥) ساڵان و كۆمەڵێكی تر (٦)و یەكێكی تر (٧)و یەكێكی تر (٨)... تاد هەڵدەبژێرێت، ئینجا دەست دەكات بەپێوانە كردن یان سەرنج دانی ئەو لایەنەی كە مەبەستیەتی لەلای هەریەك لەو كۆمەڵانە لەماوەیەكی دیاریكراودا بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بكات كە هیچ كەس لەمنداڵانی ئەو كۆمەڵانە گەورەببن، ئینجا دوای ئەوە ناوەندی ژمێرەیی (متوسط الحسابي) بۆ منداڵانی ئەو كۆمەڵانە دەردەهێنێت و دەیكات بەنرخ و بەهای هەموو كۆمەڵێك واتە دەبێت بەپێوەری (معيار) هەموو منداڵەكانی ئەو كۆمەڵە، دوای ئەوە دەست دەكات بە بەراوردكردنی بەهای ئەو ناوەندە ژمێرەییانەی كە بۆ كۆمەڵەكانی دەرهێناوە تا بزانێت ڕێژەی گەشەكردنی لایەنەكان (جەستەیی، ژیری، كۆمەڵایەتی، هەڵچوونی) چەندەو بە چ شێوەیەك گەشە دەكەن.

ئینجا بۆ ئەوەی توێژەر لەكارەكەیدا سەركەوتوو بێت دەبێت ژمارەیەكی زۆر لەمنداڵان (وەك نموونە) بۆ هەر كۆمەڵێك هەڵبژێرێ تاوەكو بەشێوەیەكی ڕاستەقینە گوزارشت لەو كۆمەڵە بكەن كە لێی هەڵبژێردراوەو ببن بەنوێنەری ڕاستەقینەی كۆمەڵە سەرەكیەكەیان.

شایانی باسە ئەم ڕێگایە چەند خاسیەت و خاڵێكی باش و بەهێزی خۆی هەیە لەوانە:

أ- پێویستی بەماندوو بوون و هیلاكی زۆر نیە.
ب- لەماوەیەكی كورتدا توێژەر دەگاتە دەرئەنجامی توێژینەوەكەی و وەك درێژە ڕێگا پێویستی بەچەندەها ساڵ نیە بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجە دیاریكراوەكانی.
ج- لەتوانادا هەیە لەیەك كاتدا توێژینەوە لەسەر هەزارەها منداڵی تەمەن جیاواز بكرێت.
د- ئەگەر چەند منداڵێكی كۆمەڵەكە دوور كەوتنەوەو بەشداریان نەكرد ئەوا لەتوانادا هەیە كە بەمنداڵانی تر شوێنەكانیان پڕ بكرێنەوە.
هـ- دەتوانرێت سوود لەكەرەستەو ئامرازو زیرەكی پێوە نوێیەكان وەر بگیرێت.

لەگەڵ ئەو خاڵە بەهێزانەی سەرەوە، پانە ڕێگا ڕووبەڕووی ئەم گرفتانە دەبێتەوە:

أ- زانیاریەكانی ئەم ڕێگایە وەك زانیارییەكانی درێژە ڕێگا ووردو بەدیقەت نین.
ب- لەتوانادا نیە لەیەك كاتدا توێژینەوە لەسەر چەند لایەنێكی گەشەكردن بكرێت.
ج- ناتوانرێت هەست بەجیاوازی تاكیەتی نێوان منداڵەكان بكرێت، چونكە پشت بە ناوەندی ژمێرەیی هەموو منداڵەكان دەبەستێت نەك بە زانیاری سەر هەر یەك لەمنداڵەكان.

واتە لەم ڕێگایەدا ناتوانرێت دەست نیشانی خاڵە لاوازو بەهێزەكانی هەریەك لەمنداڵەكان بكرێت. ئینجا بۆ ئەوەی سوود لەخاڵە بەهێزەكانی هەردوو پانەو درێژە ڕێگا وەربگیرێت و لەنوقوستانی و كەم و كورتیەكانیان ڕزگاربن، هەندێك لەتوێژەرەكان لەیەك كاتدا پەنا بۆ هەردوو ڕێگاكە دەبەن لەكاتی بەئاكام گەیاندنی توێژینەوەكانیان.

کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری (وسائل جمع المعلومات):-

بۆ ئەوەی توێژینەوەی زانستی بەسەرکەوتوانە بەئاکام بگەیەندرێت، دەبێت چەندەها کەرەستەی تایبەت بە کۆکردنەوەی زانیاری بۆ دەستەبەرو دابین بکرێت، بێگومان هەر بوارو پسپۆڕیو بابەتێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت توێژەر زۆر بەزیرەکانە ئەو کەرەستەو ئامرازانە بەکار بهێنێت کە دەیان گەیەنێتە مەبەست.

ئەمانەی خوارەوە لەکەرەستە گرنگەکانی کۆکردنەوەی زانیارین لەبواری گەشەکردنی منداڵاندا:-

١- **تێبینی** (الملاحظة) **(Observation):**

تێبینی یەکێکە لەو کەرەستە گرنگانەی گۆڕەپانی سایکۆلۆژیای منداڵ و بەکۆنترین کەرەستەی کۆکردنەوەی زانیاریش دادەنرێت، چونکە یەکەم جار گرفت و دیاردەکان سەرنجی مرۆڤیان راکێشاوەو لەلایەنیەوە تێبینی کراون ئینجا لەهەنگاوی دووهەم بیر لەکەرەستەو ئامرازی تر بۆ چارەسەرکردن و کۆنترۆڵ کردنیان کراوەتەوە.
مەبەست لەتێبینی سەیرکردن و سەرنج دانی ئەو رەوشت و هەڵس و کەوت و گۆڕانکارییانەیە کە لەلای منداڵان روودەدەن دواتریش کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەیان. شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە دوو جۆر تێبینی هەیە یەکەمیان تێبینی بێ مەبەست و سەرپێیە (الملاحظة العابرة) و دووهەمیشیان تێبینی بەمەبەستە (الملاحظة المقصودة). جۆری دووهەمیان زۆر گرنگ و پێویستە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری.

ئەم خاڵانەی خوارەوەش پێوەری جیاکردنەوەن لەنێوان تێبینی سەرپێیی و تێبینی زانستی و بەمەبەست:

١- **دەبێت توێژەر مەبەست و ئامانجی سەرەکی** / خۆی لەکاتی تێبینی کردندا دیاری بکات. ئایا مەبەستی سەرەکی توێژەر تێبینی کردنی رەوشتی شەڕخوازی منداڵە یان چۆنیەتی هاوکاری کردنی یان گۆشەگیری یان توانای راکردن و هەڵبەزو دابەز یان... تاد. دەبێت مەبەستەکە لەپێش دەست کردن بەتێبینی دیاری بکرێت.

٢- **شوێن/** ئەرکی سەرەکی توێژەرە کە دەبێت شوێن و جێگای تێبینیەکانی دیاری بکات، واتە لەچ جێگایەک زانیاری دەربارەی منداڵ کۆدەکاتەوە، ئایا دەیەوێت تێبینی رەوشتی منداڵ لەگۆڕەپانی قوتابخانە بکات یان لەماڵەوە یان کۆڵان یان کاتی یاریکردنی لەیاریگا یان... تاد.

٣- کات/ زۆر پێویستە کە توێژەر کاتی تێبینی کردنەکانی دیاری بکات، واتە لەچ کاتێک (بەیانی، نیوەڕۆ، ئێواریٚ، شەو، رۆژ، کاتی نان خواردن، کاتی یاریکردن کاتی پشوودان.. تاد) تێبینی رەووشت و هەڵس و کەوتی منداڵەکان دەکات.

٤- ئامادەکردنی خشتەو کەرەستەی پێویست : بۆ تۆمارکردنی زانیارییەکان. بۆ نموونە هەندێک جار پێویست بەئەوە دەکات کە لەژووری تایبەتیەوە تێبینی رەوشتی منداڵەکان بکرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی واقیعی و راستەقینە هەڵس و کەوت بکەن. ئا لەم کاتانەدا توێژەر پێداویستی بەژووری تایبەتی دەبێت کە جام و شووشەکانی لەو جۆرەن کە تەنها لەیەک دیوەوە کەسانی تر دەبینرێن، واتە تەنها توێژەر منداڵەکان دەبینیٚ و منداڵەکان ناتوانن توێژەری ناو ئەو جۆرە ژوورانە ببینن.

هەروەها هەندێک جار پێویست بە ئەوە دەکات کە زیاتر لەتێبینەرێک (ملاحظ) سەرنجی منداڵەکان بدەن بۆ ئەوەی ئەگەر یەکەم تێبینەر نەیتوانی هەموو رەوشت و هەڵس و کەوتەکان تۆمار بکات ئەوە تێبینەری دووهەم لەو بارەیەوە یارمەتی دەدات. لەلایەکی تریشەوە هەندێک جار ئامێرەکانی وەک کامێر او تۆمارکەر (المسجل) دەتوانن کاری تێبینەر ئاسان بکەن.

وەک دەرکەوتووە تێبینی تەنها کەرەستەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی منداڵی شیر خۆرو تەمەن بچووک چونکە فێری زمان نەبوون و ناتوانرێت لەرێگەی کەرەستەکانی تری وەک (چاوپێکەوتن، ئیش کردن، زیرەکی پێوەکان، راپرسی.. تاد) زانیاری دەربارەیان کۆبکرێتەوە.

٢- چاوپێکەوتن (المقابلة) (Interview):

بریتیە لە رووبەڕوو بوونەوەی نێوان دووکەس کە لەمیانەیەوە راو و بیرو بۆچوون ئاڵوگۆڕ دەکرێت و هەرجارەی لایەک پرسیار دەکات و ئەوی تر وەڵام دەداتەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ئەو جۆرە چاوپێکەوتنەیە کە لەنێوان توێژەرو منداڵ یان دایک و باوک و مامۆستاکانیدا بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی هەندێک لایەنی ژیانی منداڵ ساز دەدرێت.

چاوپێکەوتن زۆر جۆری هەیە لەوانە:

١- چاوپێکەوتنی تاکی (فردي) یان چاوپێکەوتنی کۆمەڵی (جماعي) ، مەبەست لەچاوپێکەوتنی تاکی ئەوەیە کە بەتەنها لەنێوان توێژەرو یەک منداڵ یان یەک کەسی منداڵدا ساز دەدرێت، بەڵام چاوپێکەوتنی بەکۆمەڵ ئەوەیە کە لەنێوان توێژەرو ژمارەیەک لەمنداڵان یان کەس و کاری منداڵاندا سازدەدرێت.

٢- چاوپێکەوتنی ئازاد (المقابلة الحرة)، لەم جۆرەدا ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ساز دەدرێت بەئارەزووی خۆی قسە دەکات و هیچ رێگرو لەمپەرێک لەبەردەم قسەو راو بۆچوونەکانیدا

دانانرێت بەڵام سنووری چاوپێكەوتنی دیاریكراو (المقابلة المحددة) روون و ئاشكرایەو دەبێت ئەو كەسەی چاوپێكەوتنی لەگەڵ ساز دەدرێت پابەندی هەندێك مەرج و خاڵی دیاریكراو بێت و نابێت لەو سنوورە دەربچێت. بێگومان هەریەك لەو چاوپێكەوتنانە مەبەست و بارودۆخی تایبەتی و خاڵی بەهێزو لاوازی خۆی هەیە.

<u>چاوپێكەوتن لەهەندێك بارودۆخدا لەبەر ئەم خاڵانەی لای خوارەوە باشترین كەرەستەیە بۆ كۆكردنەوەی زانیاری:</u>

١- هەندێك كەس لەرێگەی چاوپێكەوتنەوە زیاتر زانیاری دەدەن وەك لەرێگەی راپرس و ئەزموونەكانی ترەوە، واتە حەز دەكەن بەقسە باسی حەزوو ئارەزوو خەوو خەیاڵ و گرفتەكانیان بكەن نەك بەنووسین.

٢- زۆر جار دەتوانرێت لەرێگەی سەرنجدانی گۆرانكاریەكانی دەم و چاوو جووڵەی ئەندامەكانی لەشی ئەو كەسانەی كە چاوپێكەوتنیان لەگەڵ ساز دەدرێت، زۆر زانیاری بەكەڵك لەسەر باری دەروونی و گرفت و ئەندێشەكانیان كۆبكرێتەوە، كە لەتوانادا نیە بەو شێوەیە بەهۆی هیچ كەرەستەیەكی ترەوە كۆبكرێنەوە.

٣- لەرێگەی چاوپێكەوتنەوە دەتوانرێت زیاتر هانی ئەو كەسە بدرێت كە چاوپێكەوتنی لەگەڵ دەكرێت، بۆ ئەوەی زیاتر بەناخی گرفتەكانیدا بچێتە خوارەوەو زیاتر بیریان لێبكاتەوە.

٤- چاوپێكەوتن كەرەستەیەكی بەكەڵكە بۆ زانینی هەندێك لەنهێنیەكان، ئەویش لەرێگەی زمان تەتەڵە كردن یان رەزم و ئەزمی (ایقاع ونغمات) قسەكانی. چونكە هەندێك پرسیاری تایبەتی دەبێتە هۆی وروژاندنی ئەو كەسەو لەرێگەیەوە دەتوانرێت زانیاری زۆر دەربارەی پاڵنەرو سۆزو ئارەزوو هەڵچوون و بیرو باوەرەكانی هەڵبهێنجرێت كە ناتوانرێت بەهیچ شێوەیەك لەرێگەی كەرەستەكانی ترەوە دەست بكەون.

٥- چاوپێكەوتن زیاتر لەبارو گونجاوە بۆ كۆكردنەوەی زانیاری دەربارەی منداڵانی بچووك و كەسانی نەخوێندەوار (ڤان دالین، ١٩٧٧، ص٤٢٨- ٤٣٩).

<u>ئەو كەسەی كە چاوپێكەوتن ساز دەدات دەبێت ئاگاداری ئەم مەرجانەی لای خوارەوە بێت:</u>

١- دەبێت چاوپێكار پەیوەندی گەرم و گور لەگەڵ ئەو كەسانەی كە چاوپێكەوتنیان لەگەڵ ساز دەدات دابنێت و لەمەبەستی راستەقینەی چاو پێكەوتنەكە دڵنیایان بكات.

٢- دەبێت شێوەو جۆری پرسیارەکان دیاری بکرێت و بەهۆی رستەو ووشەی سادەو ئاسانەوە ئاراستەیان بکرێت و دوور بن لەتەم و مژو پێچ و پەنا.

٣- دەبێت پرسیارەکان لەگەڵ ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت بگونجێن.

٤- دەبێت چاوپێکار ئاگاداری وەڵامەکان بێت و بەبێ هەڵسەنگاندن و لێوردبوونەوە پشتیان پێنەبەستێت، چونکە هەندێک جار ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ساز دەدرێت لەبەر شەرم یان ترس یان عەیبەو شورەیی یان لەبەر ئەوەی وەڵامە راستەکان هەست و سۆزیان بریندار دەکات و تووشی سوکایەتیان دەکات یان بۆ رازی کردنی چاوپێکار هەندێک زانیاری و وەڵامی ناڕاستەقینەو چەواشەکەر دەدەن بەچاوپێکار.

٥- دەبێت چاوپێکار پێش ئەوەی دەست بکات بەچاوپێکەوتن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو خۆی رابهێنێ و چەندەها چاوپێکەوتن بۆ فێربوونی خۆی بەئاکام بگەیەنێت. چونکە چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵان و کۆکردنەوەی زانیاری لێیان کارێکی ئاسان نیە.

٦- دەبێت چاوپێکار ئاگاداری ئەوەبێت کە ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ساز دەدات لەسنووری ئامانجەکانی دەرنەچن و خۆیان بەشتی لاوەکی و بێ مانـاوە خەریک نەکەن.

٣- <u>راپرسی، راوەرگرتن (الاستفتاء) (Questionnaire):</u>

بریتیە لەژمارەیەک پرسیارو برگەی نوسراو کە دەدرێت بەمنداڵ (بەتایبەتی گەورەکان و ئەوانەیان کە خوێندەوارن) بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی هەندێک لایەنی ژیانیان. ئینجا بۆ ئەوەی راپرسەکە ئاکامی خۆی بپێکێ دەبێت ئەو کەسەی بەکاری دەهێنێت ئاگاداری ئەم خاڵانەی خوارەوە بێت:

١- دەبێت بەتەواوی ئەو گرفت و بابەتەی کە دەیەوێت زانیاری دەربارەی کۆبکاتەوە دیاری بکات.
٢- دەبێت هەموو پرسیارەکان تایبەت بن بەجۆری گرفتەکەو توێژەر هەوڵ بدات لەرێگەی هەندێک پسپۆرو شارەزاوە لەراست و دروستیان دڵنیا بێت.

٣- دەبێت بەزمانێکی سادەو ساکار دابرێژرێت و لەگەڵ ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی منداڵدا گونجاو بێت.
٤- دەبێت بەشێوەیەکی لۆژیکانە پرسیارەکان دابنرێت واتە لەسووکەوە بۆ قورس لەسادەوە بۆ ئاڵۆز ریز بکرێن.

٥- دەبێت زانیاری پێویست لەپێشەکی راپرسەکەدا بۆ رێنیشاندان و رێنمایی کردنی منداڵەکان بنووسرێت، تاوەکوو لەرێگەیەوە وەک پێویست وەڵام بدەنەوە.

٦- هانی ئەو كەسانە بدرێن بۆ ئەوەی بەراست گۆیی و بابەتیانە وەڵام بدەنەوە.

٧- دەبێت هەر پرسیارەو یەک بیرو بۆچوون (فكرة) هەڵبگرێت و نابێت تەم و مژاوی بێت.

٨- باشتر وایە وەڵامی پرسیارەكان لەڕێگەی چەند ووشەیەكی كەمەوە دیاری بكرێن لەوانە (بەڵێ، نەخێر) (بەڵێ، نازانم، نەخێر) (رازیم، بێلایەنم، رازی نیم) (هرمز، ١٩٨٨، ص٣٢).

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بكەین كە هەندێک جار راپرس كەرەستەیەكی سەركەوتوو نیە بۆ منداڵان، لەبەر ئەوەی دەبێت منداڵەكان خوێندەوار بن و توانایەكی باشیان لەزمان و گوزارشت كردندا هەبێت، لەوانەشە هەندێک جار لەمەبەستە سەرەكیەكەی راپرسەكە تێنەگەن. لەبەر ئەوە دەبێت توێژەر ئاگاداری ئەو حاڵەتانە ببێت كە راپرس تیایدا سەركەوتوو نابێت.

تیۆرەکانی گەشەکردن
تیۆرەکانی پێگەیشتن (گەین)
تیۆرەکانی زانینی
تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی
تیۆری شیتەڵکاری دەروونی
پرانسیپەکانی گەشەکردن
گەشەکردن لە قۆناغی پێش لەدایک بوون
بۆماوەو ژینگە
کاریگەری گلاندەکان لەسەر گەشەکردن

تیۆرییەكانی گەشە كردن (Devlopmental Theories)

بابەتی گەشەكردن سەرنجی زۆر لەزاناو فەیلەسوفەكانی بۆ لای خۆی ڕاكێشاوە، هەر گرنگی ئەم بابەتەشە بۆتە هۆی ئەوەی كە چەندەها تیۆریی جیاواز دەربارەی لێكدانەوەو چۆنیەتی ڕوودانی هەبێت. بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین ڕاو بۆچوونی زانایان دەربارەی گەشەكردنی مرۆڤ لەم تیۆرانەی لای خوارەوەدا كۆبكەینەوە.

١ - تیۆرەكانی پێگەیشتن (گەین) (Maturational Theories)ـ:

بەپێ ی ئەم تیۆرە، منداڵ بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی و هەر لەخۆیەوە، دوای پێ گەیشتنی كۆئەندامەكانی لەشی، فێری دیاردەكانی گەشەكردن دەبێت و دەتوانێت كۆنترۆڵی جووڵەی ئەندامەكانی لەشی بكات. زانایانی سەر بەم ڕێبازو تیۆرانە جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كە نابێت منداڵ ناچار بكرێت و دواى بەناكام گەیاندنی زۆر لەچالاكیەكانی لێبكرێت، پێش ئەوەی ئەو كۆئەندامەی بەرپرسە لەكۆنترۆڵ كردن و بەناكام گەیاندنی ئەو چالاكیە پێ گەیشتبێ، بەڵكو پێویستە دایكان و باوكان و مامۆستایان چاوەڕوانی پێ گەیشتن و گەینی ئەو كۆئەندامە بكەن كە بەرپرسیارە لەڕاپەڕاندنی ئەو چالاكی و كارو فەرمانانە.

جێگەی ئاماژە بۆ كردنە كە زانایانی وەك (جیزل، هیلگارد، فرانسیس... هتد) بەدامەزرێنەرو ڕابەرانی ئەم تیۆرە دادەنرێن. وە لەگرنگترین توێژینەوەكانی ئەم بوارەش، ئەو توێژینەوەیەیە كە ئارنۆلد جیزل لەسەر دوو كۆمەڵ منداڵ بەئاكامی گەیاند، ناوەڕۆكی توێژینەوەكەش بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

[جیزل دوو كۆمەڵ منداڵی ئامادە كرد كە هەموویان دوانە (جمك) بوون]، كۆمەڵەی یەكەم بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك لەسەر چۆنیەتی سەركەوتن بەسەر قادرمەو پێ پلیكاندا ڕاهێنراون و بەدرێژایی ئەو چەند هەفتەیە هەوڵیدا كە فێری چۆنیەتی سەركەوتنیان بكات، بەڵام وازی لەكۆمەڵەی دووهەم هێناو هیچی فێر نەكردن، دوای تەواو بوونی ماوەی توێژینەوەكە بۆ جیزل دەركەوت كە منداڵانی كۆمەڵەی دووهەم بەماوەیەكی زۆر كورت فێری سەركەوتن بوون، لەكاتێكا كە كۆمەڵەی یەكەم ماوەیەكی زۆر پێوەی خەریك بوون. هەروەها هیلگارد لەساڵی (١٩٣٢) دوو كۆمەڵ منداڵی ئامادە كردو، وەك جیزل بۆ ماوەی (١٢) دوانزە هەفتە كۆمەڵەی یەكەمی ڕادەهێناو فێری سەركەوتن بەسەر قادرمەیدا دەكردن، دوای ئەو (١٢) هەفتەیە منداڵانی كۆمەڵەی یەكەم فێری ئەو چالاكیە بوون، بەڵام دوای ئەو (١٢) دوانزدە هەفتە ئینجا دەستی كرد بەڕاهێنانی كۆمەڵەی دووهەم، دوای یەك هەفتە منداڵانی كۆمەڵەی دووهەم توانیان وەك منداڵانی كۆمەڵەی یەكەم بەسەر قادرمەو پێ پلیكانەدا سەربكەون.

دەرئەنجامی ئەو توێژینەوانە وای لەو زانایانە کرد کە بگەنە ئەو باوەڕەی کە ڕاهێنان و فێر بوون بەتەنها ناتوانن گەشە بەمنداڵ بکەن ئەگەر کۆئەندام و ئامادەباشیە بۆماوەییەکان بەتەواوی گەشەیان نەکردبێ، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە منداڵانی کۆمەڵەی یەکەم دوای ماوەیەکی زۆر لەڕاهێنان و فێربوون ئینجا بتوانن چالاکی سەرکەوتن بەسەر قادرمەدا بەئاکام بگەیەنن، لەبەر ئەوەی هێشتا کۆئەندامی جووڵەو ماسوولکەکانیان بەتەواوی گەشەی نەکردبوو بەپێچەوانەی منداڵانی کۆمەڵەی دووهەم کە لەتەمەنێکی گەورەتردا دوای پێ گەیشتنی کۆئەندامی جووڵەو ماسوولکەکانیان فێری ئەو چالاکیە کران، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە لەماوەیەکی زۆر کورتدا کۆنترۆڵی ئەو چالاکیەیان کرد، چونکە ئەو ڕاهێنان و فێر بوونەیان بناغەیەکی بایۆلۆژی پتەوی هەبوو.

٢. تیۆریەکانی زانینی (النظریات المعرفیة) (Cognitive Theories):-

لایەنگرانی ئەم تیۆرە لەپرۆسەی گەشە کردندا باوەڕێکی تەواویان بەگرنگی و ڕۆڵی منداڵ هەیە، بەپێ ی بۆچوونی زانایانی ئەم ڕێبازە، منداڵ بوونەوەرێکی کاریگەرو چووست و چالاکەو هەر بە بۆماوەو لەخۆیەوە توانستێکی خودی خۆی هەیە بۆ تاووتوێ کردن و زانینی دیاردەکانی ژیان، وە لەتوانایدا هەیە چەندەها هەڵس و کەوت و شێوازی جیاواز بۆ خۆسازاندن لەتەک ژینگەو دەوروبەرەکەیدا بگرێتە بەر. لەبەناوبانگترین زانایانی ئەم ڕێبازە (جان پیاجە)ی سویسرییە، کە بەدامەزرێنەرو پێشەوای تیۆری زانینی دادەنرێت.

جان پیاجیە لەو بڕوایە دایە کە گەشە کردن بەهۆی چەند پاڵنەرێکی سروشتی و بۆماوەییەوە دەوروژێندرێ واتە پێکهاتەی دەروونی مرۆڤ بریتیە لەکۆمەڵێک هێڵکاری (Schema) ناوەکی کە لەڕێگەی دووبارە بوونەوەی ژمارەیەک کردارو هەڵس و کەوتی ڕۆژانەوە، بەردەوام دروست دەبێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەڕێگەی هەردوو پرۆسەی مژین و (Assimilation) خۆگونجاندن (Accommodation)ەوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەڕای (پیاجە) دوو جۆر هێڵکاری و سکیما هەیە، جۆری یەکەم بریتیە لەسەرجەم کردارو هەڵس و کەوتە جووڵەییە دەرەکیەکان کە ناودەبرێن بەهێڵکاری هەستی جووڵەیی (Sensorimotor- Schema)، جۆری دووهەمیش بریتیە لەسەرجەم ئەو کردارو پرۆسیسە ناوەکیانەی کە ناو دەبرێن بەهێڵکاری زانینی (Cognitive- Schema). مرۆڤ لەڕێگەی ئەو هێڵکاری و سکیمایانەوە لەژیان تێدەگات و شارەزای دیاردەکانی ژیان دەبێت، ئەو پرۆسەیەی کە دەبێتە هۆی کار لێککردن لەگەڵ ژیان و بەردەوام بوونی بوونەوەر، ناودەبرێت بەپرۆسەی خۆسازاندن (Adaptation).

ئەم پرۆسەی خۆسازاندنە لەهەردوو پرۆسەی مژین و خۆگونجاندن پێک دێت. مەبەست لەپرۆسەی مژین (Assimlation) وەرگرتنی شارەزایی و زانیاری تازەو لێکدانەوەی بەهەمان هێڵکاری و سکیمای پێشوتر بەبێ گۆڕانکاری کردن لەهێڵکاری و سکیما کۆنەکاندا، واتە لێکدانەوەی شارەزایی تازەو تێگەیشتنی لەڕێگەی هێڵکاری و شارەزایی کۆنەوە، بۆ نموونە منداڵێکی تەمەن

ساڵ و نیو ناوی پشیلە فێر دەبێت و هێڵکاری و سکیمای تایبەتی لەمێشکی خۆیدا بۆ دروست دەکات، بەڵام دوای ئەوە ئەگەر بۆ یەکەم جار سەگ یان کەروێشکێکی بینی، ئەوە یەکسەر بەوانیش هەر دەڵێت پشیلە، چونکە هیچ هێڵکاری و سکیمایەکی دەربارەی ئەم ئاژەڵە تازەیە نیە، لەبەر ئەوە هەر لەڕێگەی هێڵکاری و سکیما کۆنەکەوە (پشیلە) ئەو ئاژەڵە تازەیە لێک دەداتەوە، بەڵام ئەگەر دایک و باوک و کەسانی چواردەوری منداڵەکەیان تێنگەیاندو فێریان کرد کە ئەم ئاژەڵە تازەیە پشیلە نیە بەڵکو کەروێشک یان سەگە، ئەوا دوای چەند جار دووبارە بوونەوەی، ئەو منداڵە هێڵکاری و سکیمایەکی تازە بۆ ئەو ئاژەڵە دروست دەکات، بەم پرۆسە تازەیەش دەگووترێت پرۆسەی خۆگونجاندن (Accommadation).

پرۆسەی خۆگونجاندن پێچەوانەی پرۆسەی مژینە، چونکە مرۆڤ لەڕێگەی پرۆسەی خۆگونجاندنەوە گۆڕانکاری لەهێڵکاری و پێکهاتەو بیناى سکیما کۆنەکانیدا دەکات بەمەرجێک کە لەگەڵ ئەو شارەزایی و زانیارییە تازانەی جیهانی دەرەوەدا بگونجێت بەبێ ئەوەی بیان شێوێنێ و بەهەڵە لێکیان بداتەوە بۆ نموونە کاتێک منداڵ فێری ناوی باوک دەبێت و هێڵکاری و سکیمای تایبەتی بۆ دروست دەکات، دوای ئەوە ئەگەر پیاوێکی تری بینی هەر پێ ی دەڵێ بابە، بەڵام پاش ماوەیەکی ترو دوای چەند هەوڵدان و دووبارە کردنەوەیەک دەتوانێت لەڕێگەی پرۆسەی خۆگونجاندنەوە گۆڕانکاری لەهێڵکاری و سکیمای (باوک)دا بکات و سکیمایەکی نوێ بۆ ئەو پیاوە تازەیە دروست بکات، ئیتر ئەو پیاوە تازەیە (مام یان خاڵ، یان باپیر... هتد) بێت. بەم شێوەیە منداڵ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەڕێگەی هەردوو پرۆسەی مژین و خۆگونجاندنەوە شارەزای دیاردەکانی ژیان دەبێت و بەردەوام گەشە دەکات، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە ژینگەی دەرەوەی منداڵ لەپاڵ توانست و لێهاتویی منداڵدا ڕۆڵێکی گرنگ لەگەشە کردنی منداڵ و هەردوو پرۆسەی مژین و خۆگونجاندندا دەگێڕێت.

٣. تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی (Social Learning Theories):-

بەپێ ی پرانسیپەکانی ئەم تیۆرە، منداڵ لەڕێگەی سەرنج دان و لاسایکردنەوەی ڕەوشت و خاسیەت و هەڵس و کەوتەکانی کەسانی ترەوە، بەردەوام گەشە دەکات و شارەزایی و زانیاری دەربارەی دیاردەکانی ژیان زیاد دەکات. هەمیشە منداڵ هەڵس و کەوتی کەسانی چواردەوری دووبارە دەکاتەوە، هەوڵ دەدات وەک گەورەکانی بجووڵێتەوەو وەک ئەوان هەڵس و کەوت بکات. بەڕای زانایانی ئەم ڕێبازە، منداڵ هەر لەدوای لەدایک بوونیەوە یەکسەر حەزو ئارەزووی لاسایی کردنەوەی کەسانی تری هەیە، واتە حەزوو ئارەزووی لاسایکردنەوە ڕەمەک و بۆماوەیەو حەزو پاڵنەرێکی سروشتیەو منداڵ لەکۆمەڵەکەیەوە فێری نابێت. بێگومان پاڵنەرو حەزوو ئارەزووی منداڵ بۆ لاسایکردنەوەی ڕەوشتی کەسانی تر پشت بەدوو هۆکاری گرنگ دەبەستێت، یەکەمیان پلەو پایەو کەسایەتی ئەو کەسەیە کە منداڵ دەیەوێت لاسایی بکاتەوە، تاوەکوو ئەو کەسە پلەو پایەی بەرزو دیار بێت و گرنگی هەبێت لەدەوروبەرەکەیدا، ئەوا منداڵ زیاتر لاسایی دەکاتەوە، هۆکاری دووهەمیان پەیوەندی بەتواناو لێهاتوویی منداڵەکەوە هەیە، منداڵ هەوڵ دەدات لاسایی ئەو ڕەوشت و سیفاتانە بکاتەوە کە لەتوانایدا هەیە بەئاکامیان بگەیەنێت و لەگەڵ توانست و قۆناغی گەشەکردنیدا دەگونجێت، بەپێ ی ئەو لاسایی کردنەوە بەردەوام کەسایەتی منداڵەکە

دەگۆڕدرێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەشە دەکات. یەکێک لەزاناکانی ئەم ڕێبازە (باندۆرا)یە کە چەندەها توێژینەوەی لەو بارەیەوە بەئەنجام گەیاندووە، لەگرنگترین توێژینەوەکانی، ئەو توێژینەوەیە بوو کە لەسەر دوو کۆمەڵ منداڵ کردی بەمەبەستی زانینی کاریگەری فیلمە شەڕخوازو دەست درێژی کارەکان لەسەر ڕەوشتی ئەو منداڵانەی کە دەیان بینن. دوای توێژینەوەکەی، گەیشتە ئەو ڕاستیەی کە زۆربەی ئەو منداڵانەی سەیری ئەو فیلمە شەڕخوازییانەیان کردبوو، دوای تەواو بوونی فیلمەکە هەمان هەڵس و کەوتی شەڕخوازانەی کەسانی ناو فیلمەکەیان دووبارە دەکردەوە، واتە منداڵان لەڕێگەی لاسایی کردنەوەو سەرنج دانی ڕەوشتی کەسانی شەڕخوازەوە، زۆر ڕەوشتی شەڕخوازی فێر دەبن.

ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە ئەوەیە کە تیۆرەکانی فێر بوونی کۆمەڵایەتی، بەزۆری گرنگی بەو ڕەوشت و هەڵس و کەوتانەی کە دیارو لەبەر چاون و دەتوانرێت لەڕێگەی سەرنج دانەوە هەستیان پێ بکرێت دەدەن وەک (ڕەوشتی دەست درێژی و شەڕخوازی، قسە کردن، جووڵەی ئەندامەکانی لەش... هتد) بەڵام زۆر کەم خۆیان بەچۆنیەتی گەشەکردنی دیاردە دەروونیەکانی ناوەوە کە بەهۆی سەرنج دانەوە ناتوانرێت هەستیان پێ بکرێت وەک (بیر کردنەوە، یادکردنەوە، هۆش، هەست، زیرەکی... هتد) خەریک کردووە.

هەروەها لایەنگرانی ئەم تیۆرانە لەو بڕوایەدان کە لەتوانای مرۆڤدا هەیە کە بەردەوام لەهەموو قۆناغەکانی ژیانیدا، ئەی لەو ڕۆژەوە کە لەدایک دەبێت تا ئەو ڕۆژەی کە دەمرێت فێری ڕەوشت و هەڵس و کەوتی تازە ببێت، بەپێچەوانەی ڕاو بۆچوونی (فرۆید)و هاوەڵەکانی کە لەو بڕوایەدان، کە کەسایەتی مرۆڤ لەپێنج ساڵی یەکەمی ژیاندا دروست دەبێت و ئیتر ڕووداوو بەسەرهاتەکانی دوای ئەو پێنج ساڵە گرنگیەکی ئەوتۆیان لەسەر گەشەکردنی کەسایەتی مرۆڤ نیە. هەروەها زانایانی ئەم بوارە بڕوایەکی زۆریان بەکاریگەری پاداشت و سزا لەسەر گەشە کردنی ڕەوشتی مرۆڤ هەیە، واتە ئەو ڕەوشت و هەڵس و کەوتانەی کە پاداشت دەکرێن، ئەوە بەزۆری دووبارە دەکرێنەوەو دەبن بەبەشێک لەکەسایەتی ئەو کەسە. بەڵام سزادانی ڕەوشت و هەڵس و کەوت دەبێتە هۆی نەمان و دووبارە نەبوونەوەی ئەو ڕەوشت و هەڵس و کەوتەی کە لەسەری سزا دراوە. بەپێ ی ئەم بۆچوونەیان، مرۆڤ ڕۆڵی نێگەتیڤەو بێ دەسەڵات و کەم توانایەو کەسایەتی لەڕێگەی هێزی دەرەکی و ژینگەکەیەوە بنیات دەنرێت.

٤. تیۆری شیکردنەوەی دەروونی (Psychoanalytic Theory)ـ

(سیگمۆند فرۆید)ی دامەزرێنەری قوتابخانەی شیتەڵ کردنەوەی دەروونی و هاوەڵەکانی، بەشێوەیەکی گشتی گرنگی بەهەڵچوون و پاڵنەرەکانی مرۆڤ دەدەن و بەگرنگترین چالاکیە دەروونیەکانیان دادەنێن. هەروەها ئەم تیۆرە گرنگیەکی زۆریش بەخەون و زیندە خەون و خەوو خەیاڵ و ترس و دڵەڕاوکێکانی مرۆڤ دەدات و بەکەرەستەو ئامرازی گرنگیان لەقەڵەم دەدات بۆ تێگەیشتنی هەڵس و کەوت و کەسایەتی مرۆڤ بەڵام زۆر بەکەمی گرنگی بەگەشەکردنی ژیری و زانیاری و ڕەوشتی بینراوو زمان و زیرەکی مرۆڤ دەدات.

بەڕای فرۆید، گەشە کردنی منداڵ پابەندە بەکار لێکردنی ڕەمەک و پاڵنەرە فسیۆلۆژیەکانی لەلایەک و هێزو داب و نەریتی دەرەکی لەلایەکی تر. ئینجا ئەگەر مرۆڤ توانی حەزو ئارەزوو پاڵنەرەکانی تێر بکات بەمەرجێک دڵی هێزی دەرەکی (کە خۆی لەداب و نەریت و یاسای کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە) لەخۆی نەڕەنجێنێت واتە ئەگەر توانی هاوسەنگیەک لەنێوان هێزی دەرەکی و هێزی ناوەکیدا دروست بکات ئەوا ئەو کاتە مرۆڤێکی ئاسایی دەبێت و دەتوانێت خۆی لەتەک ژینگەکەیدا بسازێنێ. بەڵام هەر ج کاتێک یەکێک لەو دوو هێزە زاڵ بوو، واتە ئەگەر ڕەمەک و پاڵنەرە فسیۆلۆژیەکان یان هێزی داب و نەریت و یاسای کۆمەڵایەتی بەتەنها زاڵ بوو ئەو کاتە منی (ego) ئەو کەسە لاواز دەبێت و تووشی کۆمەڵێک گرێی دەروونی و مل ملانێی ناوەکی دەبێت و تاکێکی نەخۆش و دەردەدار دەردەچێت. شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە فرۆید کەسایەتی مرۆڤ دابەش دەکات بۆ سێ بەش کە ئەوانیش بریتین لە ئەو (ID)، من (ego)، منی باڵا (Super ego).

هەروەها گەشەکردنی سێکسی منداڵان بەتایبەتی و مرۆڤی گەورە بەگشتی بەسەر پێنج (٥) قۆناغدا دابەش دەکات کە بریتین لەقۆناغەکانی (دەمی، کۆمی، ئەندامی زاووزێ، مت بوون، سێکسی ڕاستەقینە) بەبۆچوونی فرۆید منداڵ لە هەریەک لەو قۆناغانەدا وەک دیاری کراوە تام و چێژی سێکسی لەبەشێک لەئەندامەکانی لەشی وەردەگرێت. فرۆید بەپلەی یەکەم گرنگی بەدوو پاڵنەری سەرەکی کە ئەوانیش ڕەمەکی ژیان و ڕەمەکی مردنن دەدات، واتە مرۆڤ هەر لەکاتی دروست بوونیەوە دوو پاڵنەری دژ بەیەک لەناخیدا خۆیان حەشار داوە، هەروەها گرنگیەکی زۆریش بەپێنج ساڵی یەکەمی ژیانی منداڵ دەدات و بەبناغەی دروست بوونی کەسایەتی مرۆڤی دادەنێت، لەو پێنج ساڵەی یەکەمی ژیاندا پەیوەندی هەڵچوونی و سۆزی و کۆمەڵایەتی نێوان منداڵ و دایک و باوکی گرنگیەکی زۆری لەسەر گەشە کردنی هەیە، ئەگەر پەیوەندییەکە دۆستانەو مرۆڤانە بێت، ئەو کاتە منداڵ بەشێوەیەکی ئاسایی گەشە دەکات، بەڵام ئەگەر پەیوەندی نێوان منداڵ و کەسانی چواردەوری توندوتیژی و هەڕەشەی لەخۆ گرت و منداڵ لەکاتی پرۆسەکانی (شیر خواردن، ڕاهێنان لەسەر پاشەڕۆ، لەشیر بڕینەوە، فێربوونی زمان و پێ گرتن... هتد) هەستی بەئازارو سوکایەتی کرد، ئەو کاتە گەشە کردنی ئاسایی منداڵ دەکەوێتە مەترسیەوە. کەواتە گەشەکردنی سروشتی منداڵ پشت بەژینگەکەی و ئەو کۆسپ و بەربەستانەی کە دێتە سەر ڕێگای دەبەستێت، ئەگەر ژینگە توانی پێداویستیەکانی منداڵ تێر بکات و لە خەفەکردن و ململانێ و گرێی دەروونی دووری بخاتەوە، ئەو کاتە کەسایەتی منداڵ ئاسایی دەبێت.

<u>لەکۆتایی باسکردنی ئەم تیۆرانە چەند پرسیارێک سەر هەڵدەدات، لەوانە ئایا کام لەو تیۆرانە لەهەموویان ڕاسترە؟ ئایا کامیان لەهەموویان خراپترە؟</u>

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەبێت بەچاوێکی زانستیانە بڕوانینە کەسایەتی مرۆڤ و پێکهاتەکانی، ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، کەسایەتی مرۆڤ لەهەموو لایەنەکانی (ژیری، هەڵچوونی، کۆمەڵایەتی، جووڵەیی، جەستەیی) پێک دێت بەڵام کاتێک سەیری پرانسیپەکان و ناوەڕۆکی هەریەک لەو تیۆرانەی پێشوو دەکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەریەک لەو تیۆرانە لەگۆشە نیگای

تایبەتی خۆیەوە سەیری کەسایەتی مرۆڤی کردووەو تەنها لایەکی کەسایەتی خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوەو لایەکانی تری پشت گوێ خستووە، کەواتە هەموو ئەو تیۆرانەی سەرەوە ڕاستن و لایەکی ڕاستیان پێکاوە، هەرچەندە هەریەکەیان کەم و کورتی و نووقستانی زۆریان تێدایە، بەڵام بەهەر هەموویان ئینجا زۆربەی کەسایەتی مرۆڤیان تاووتوێ کردووە. بۆ نموونە تیۆری فرۆید بەزۆری گرنگی بەلایەنی هەڵچوونی مرۆۆ داوە لەکاتێکدا تیۆری فێر بوونی کۆمەڵایەتی گرنگی بەرەوشتی بینراوی دەرەکی کۆمەڵایەتی داوە، بەڵام تیۆرەکانی پێگەیشتن گرنگیان بەڕۆڵی کۆئەندامە بایۆلۆژیەکان داوە لەکاتێکدا تیۆری جان پیاجیەو هاوەڵەکانیان گرنگیان بەڕۆڵ و کاریگەری منداڵ و ژینگەکەی لەسەر گەشەکردنی زانیاری و ژیری منداڵ داوە (هرمز، ١٩٨٨، ص٢٢-٢٦).

پرانسیپەکانی گەشەکردن

گەشەکردن:

مەبەست لەگەشەکردن سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانەیە کەلەئەنجامی کارلێککردنە کیمیاوییەکانی ناو لەشەوە ڕوو دەدەن و دەبنە هۆی زیاد بوونی درێژی و کێش و بارستایی لەش، بەمەبەستی گەیشتن بەئاکامە سەرەکییەکەی کەئەویش خۆی لەتەواو بوونی گەشەکردن و پێگەیشتن و بەردەوام بوونیدا دەدۆزێتەوە.

پرانسیپەکانی گەشەکردن:-

گەشەکردن پرۆسەیەکە بەپێ ی کۆمەڵێک پرانسیپ (مبادیء) و یاسای نەگۆڕ ڕوو دەدات و دوورە لەهەڕەمەکی و لابەلایی. هەروەها ئەو پرانسیپانە سنووری هەردوو یەکەی کات و شوێن دەبەزێنن، واتە هەموو بوونەوەرەکان (بەتایبەتیش منداڵی مرۆڤ) بەپێ ی ئەو پرانسیپانە گەشەدەکەن، ئیتر لەهەرچ کات و شوێنێک بن.

پرانسیپەکانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:-

١) گەشەکردن هەردوو گۆڕانکاری چەندێتی و چۆنێتی (التغيرات الكمية والنوعية) لەخۆ دەگرێت.

واتە کاتێک یەکێک لەئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لەلایەنی چەندێتییەوە (کێش، درێژی، بارستایی) ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەشە دەکات و زیاتر دەبێت، لەهەمان کاتیشدا چۆنیەتی کارکردنی ئەو ئەندامە لەبارێکەوە بۆ بارێکی تر دەگۆڕێ. دەتوانین بەم نموونەی لای خوارەوە زیاتر ئەو پرانسیپە ڕوون بکەینەوە. ئەگەر سەیری یەکێک لەئەندامەکانی کۆئەندامی هەرسکردن بکەین ئەویش گەدەیە، دەبینین ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەلایەنی چەندێتییەوە کێش و درێژی و بارستایی زیاتر دەبێت لەهەمان کاتیشدا لەلایەنی چۆنیەتییەوە کارو فەرمانەکانی لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕدرێت. بۆ نموونە گەدەی منداڵ لەسەرەتای ژیانیدا، لەلایەنی چۆنیەتییەوە تەنها دەتوانێت شلەمەنی و خواردنی

سووک هەرس بکات، بەڵام وورده وورده لەئەنجامی گەشەکردنەوە چۆنیەتی کارو فەرمانەکانی دەگۆڕدرێت و دەتوانێت خواردنی قورس و ڕەق و ووشک هەرس بکات و دوای ئەوەش دەتوانێت خواردنی قورسترو ووشکترو ڕەقتر هەرس بکات.

٢) گەشەکردن پرۆسەیەکی بەردەوامو ڕێکو پێکەو دووره لەپچڕانو ناڕێکی:-

واتە چرکەیەک نیە لەژیانی مرۆڤدا پرۆسەی گەشەکردن تیایدا بوەستێت، بەڵکو لەهەموو کات و شوێنێک ڕێچکەی ئاسایی خۆی هەیەو بەچەند پلەو قۆناغێکی یەک لەدوای یەکدا تێدەپەڕێت. بۆ نموونە، فێربوونی پێگرتن و ڕۆیشتن لەلای منداڵ بەچەند قۆناغێکی بەردەوام و ڕێک و پێکدا تێدەپەڕێت ئەویش بەم شێوەی لای خوارەوە (لەسەر پشت پاڵ کەوتن ـــــ خۆ هەڵگەڕاندنەوە بۆ سەر سک ـــــ خۆخشان لەسەر سک بەیارمەتی هەردوو دەست ـــــ ئینجا هەردوو دەستو قاچ ـــــ گاگۆڵکێ ـــــ دانیشتن ـــــ دارە دارە ـــــ ڕۆیشتن لەسەر هەردوو قاچ.....) بێگومان هەموو پرۆسەکانی تریش هەمان ڕێک و پێکی و بەردەوامیان تێدا هەیەو بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت بەسەر یەکێک لەو قۆناغانەدا باز هەڵبدرێت و پیایدا تێنەپەڕێت، واتە هەموو منداڵانی جیهان دەبێت یەکەم جار گاگۆڵکێ بکەن، پێش ئەوەی بتوانن دابنیشن، دەبێت دابنیشن پێش ئەوەی بکەونە دارە دارەو بەیارمەتی کەسانی چوار دەور لەسەر هەردوو قاچ بڕۆن.

٣) تێکڕایی ڕێژەی گەشەکردن دەگۆڕدرێو لەهەموو قۆناغەکانی ژیاندا وەک یەک نین.

واتە ڕێژەی گەشەکردن لەقۆناغی پێش لەدایک بوون وەک ڕێژەی گەشەکردنی دوای لەدایک بوون نییە، بەڵکو ڕێژەی گەشەکردن لەقۆناغی پێش لەدایک بوون زۆر زۆر خێرایەو هیچ قۆناغێکی تر لەژیانی مرۆڤدا نییە، کەخێرایی گەشەکردن تیایدا بگاتە قۆناغی پێش لەدایک بوون، چونکە لەماوەی (٩) نۆ مانگ و (٩) نۆ ڕۆژدا کەدادەنرێت

بەقۆناغی پیش لەدایکە بوون کیشەکەی نزیکەی (٣) کیلۆ زیاد دەکات و درێژییەکەشی نزیکەی (٤٥) سم چلوپێنج سانتیمەتر زیاد دەکات. بەڵام لەهیچ قۆناغێکی تری ژیانی مرۆڤدا نییە کەهەموو (٩) مانگ و (٩) ڕۆژێک کیشی مرۆڤ (٣) کیلۆ و درێژییەکەشی (٤٥) سم زیاد بکات. (السید، ١٩٧٤، ص١١٩-١٢٠).

٤) هەریەک لەلایەنەکانی گەشەکردنی مرۆڤ ڕێژەو خێرایی تایبەتی خۆی هەیە.

واتە هەموو لایەنەکانی گەشەکردن (ژیریی، جەستەیی، هەڵچوونی، کۆمەڵایەتی) لەیەک کات و قۆناغدا بەیەک ڕێژەو خێرایی گەشە ناکەن، بەڵکو هەر قۆناغ و لایەنە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. بۆ نموونە لەساڵی یەکەمی ژیانی منداڵدا، لایەنی جەستەیی خێراتر لەلایەنی کۆمەڵایەتی گەشەدەکات، بەڵام لەساڵی دووەم و سێیەم لایەنی کۆمەڵایەتی زیاتر لەلایەنی جەستەیی گەشەدەکات. هەرزەکار لەدوای یەک دوو ساڵ لەچوونە ناو قۆناغی هەرزەکاریدا، لەلایەنی جەستەییەوە گەشەی بەرەو نیمچە تەواو بوون دەڕوات، بەڵام لەلایەنی هەڵچوونییەوە هێشتا هەر منداڵەو وەک لایەنەکانی ژیری و کۆمەڵایەتی گەشەی نەکردووەو کەمتر لەلایەنی جەستەیی گەشەی کردووە.

٥) گەشەکردن لەلای مرۆڤ بەرەوتاکایەتی ڕێچکە دەگرێت.

گوتەیەک هەیە دەڵێت (مرۆڤ وەک هەموو کەس وایە، وە وەک هەندێک کەسیش وایەو بەڵام لەهیچ کەسیکیش ناچێت) ئەمە مەتەڵ نیە، بەڵکو یەکێکە لەپرانسیپ و یاساکانی گەشەکردن، چونکە منداڵی مرۆڤ لەسەرەتای ژیانیدا وەک هەموو منداڵانی جیهان وایە، واتە هەموویان لەلایەنی جەستەیی و ژمارەی ئەندامەکانی لەش و پێکهاتە فسیۆلۆژییەکانیانەوە چوون یەکن، ئەی هەموویان وەکوو یەک دوو دەست و دوو قاچ و یەک سەریان هەیە بەڵام دوای ژیان لەناو کۆمەڵ، ئیتر وورده وورده جیاوازی لەنێوان منداڵاندا (بەپێ ی جیاوازی بۆ ماوەو ژینگەی کۆمەڵایەتی و جوگرافی و ئابووری و

رامیاری) دروست دەبێت، کۆمەڵێک منداڵ درێژ ، کۆمەڵێکی تر کورت، کۆمەڵێک زۆر زیرەک یان زۆر تەمبەڵ یان ڕەش پێست یان جیاواز لەداب و نەریتی کۆمەلایەتی، بەلام دوای ماوەیەک ژیان لەناو کۆمەڵ مەحاڵە لەناو ئەو کۆمەڵە منداڵە لێک چوونەشدا، دوو منداڵی وەکوو یەک لەهەموو لایەنەکانی گەشەکردنەوە (جەستەیی، ژیری، کۆمەلایەتی، هەڵچوونی) بدۆزینەوە تەنانەت ئەگەر ئەو دوو منداڵەش دوانەی وەکوو یەک (جمک) بن و لەیەک هێلکەی پیتێنراو دروست بووبن کەلەلایەنی بۆماوەوە لەسەدا سەد وەکوو یەکن، چونکە زۆر زەحمەتە خێزان و دامودەزگا کۆمەلایەتیەکانی تر بتوانن بەیەک شێوە ئەو دوو منداڵە پەروەردە بکەن و یەک ژینگەی کۆمەلایەتی و دەروونی و جوگرافیان بۆ بخولقێنن.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونەی سەرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەرچەندە زۆربەی منداڵانی جیهان لەسەرەتای ژیاندا جیاوازییەکی زۆر لەنێوانیاندا نیە، بەلام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەئەنجامی گەشەکردنەوە جیاوازی زیاتر دروست دەبێت، تا لەقۆناغەکانی هەرزەکاری و کامڵیدا بەهیچ شێوەیەک دوو مرۆڤی وەک یەک نادۆزینەوە.

٦) پرۆسەی گەشەکردن بەڕێچکەی درێژی ستوونی (واتە لەسەرەوە بۆ خوارەوە) وە بەپانی ئاسۆیی (واتە لەناوەندی لەشەوە بۆ ئەم لاو لاو تەنیشتەکان) گەشە دەکات و ئاراستە وەردەگرێت.

واتە گەشەکردنی کۆرپەلە لەناو منداڵدانی دایکدا لەسەرەوە دەست پێدەکات. ئەی یەکەم جار سەری منداڵ دروست دەبێت ئینجا ملی، ئینجا سنگی تا دواهەمین جار پێ یەکانی دروست دەبێت، بەهەمان شێوە یەکەم جار ئەندامەکانی ناوەڕاستی لەش دروست دەبن، ئینجا شان و باسک و قۆڵ و دواهەمین جاریش دەست و پەنجەکان. هەمان پرۆسەش لەلایەنی جووڵەی ئەندامەکانی لەشەوە دووبارە دەبێتەوە.

واتە یەکەم جار منداڵ دەتوانێت بەسەر جووڵەی سەرو ملیدا زاڵ بێت، ئینجا جووڵەی سنگ و ناوقەد، دواهەمین جاریش دەتوانێت بەسەر جووڵەی هەردوو لاقەکانیدا زاڵ بێت و فێری ڕۆیشتن ببێت. هەروەها منداڵ یەکەم جار دەتوانێت بەسەر جووڵەی سنگ و شانەکانیدا زاڵ بێت، ئینجا قۆڵ و باسک و دواجاریش دەستی، تاوای لێ دێت بەویستی خۆی زاڵ بێت بەسەر جووڵەی پەنجەکانی دەستداو بۆ مەبەستی نووسین و هەلگرتن بەکاریان بهێنێ. بەڵام لەقۆناغی بەساڵاچووندا (پیری) ئەو پرۆسەیە پێچەوانە دەبێتەوە، واتە یەکەم جار مرۆڤی بەساڵاچوو دەسەڵاتی بەسەر جووڵەی دەست و قاچیدا نامێنێت ئینجا ناو قەدو سنگ و شان دواهەمین جاریش جووڵەی سەرو ملی.

٧) گەشەکردن پرۆسەیەکی هەمەلایەنەیە، هەموو لایەنەکانی گەشەکردن پابەندن بەیەکترییەوەوکاریگەریان لەسەر یەکتری هەیە، واتە هەر چ لایەنێک پێشکەوتن و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ئەو کاتە دەبێت بەهۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی لایەنەکانی تر، بەپێچەوانەشەوە کەم و کورتی و دواکەوتنی لایەنێک ڕەنگ دانەوەی خراپی دەبێت لەسەر لایەنەکانی تر، بۆ نموونە، ئەگەر منداڵ لەش ساغ و پتەو و سەلامەت بێت ئەوا بەقازانجی لایەنەکانی تر تەواو دەبێت، واتە ئەو منداڵە زووتر پێدەگرێت و فێری قسەکردن دەبێت و لایەنی ژیری و کۆمەڵایەتیشی خێراتر گەشەدەکات، ئەگەر بەراورد بکرێت بەمنداڵێکی نەخۆش و لاواز، لەلایەکی ترەوە ئەگەر منداڵ تووشی دواکەوتنی ژیری (التخلف العقلی) بوو بوو، ئەوا ئەو دواکەوتنە زیانێکی گەورە بەگەشەکردنی زمان و ڕۆیشتن و لایەنی کۆمەڵایەتی ئەو منداڵە دەگەیەنێتو وەک منداڵێکی ئاسایی گەشە ناکات.

گەشەکردن لەقۆناغی پێش لەدایک بوون

زۆر لەخەڵکی لەو بڕوایەدان کەژیانی مرۆڤ دوای لەدایک بوون دەست پێدەکات، هەر ئەم بیروباوەڕە هەڵەیەشە کەوای لەو خەڵکانە کردووە کەتەمەنی مرۆڤ لەو کاتەوە بژمێرن کەمنداڵ لەدایک دەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەهەموو ڕووداوو بەسەرهاتەکانی پێش لەدایک بوون هیچ گرنگیەکی لەسەر گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەو منداڵە نیە لەپاشەڕۆژدا. بەڵام دەرئەنجامی هەموو توێژینەوەکان و ڕاستیەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەقۆناغی پێش لەدایک بوون گرنگترین و ناسکترین قۆناغی ژیانی مرۆڤە، لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەک نابێت پشتگوێ بخرێت، چونکە ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ لەپێش لەدایک بوونەوە دەست پێدەکات.

چۆن منداڵ دروست دەبێت؟

هەموو (٢٨) بیست و هەشت ڕۆژ جارێک یەکێک لەهێلکەدانەکانی ئافرەت دەست دەکات بەدەرهاویشتنی یەکێک لەهێلکە پێگەیشتووەکان کەئەویش بریتیە لەخانەیەکی زاووزێ، کە(٢٣) بیست و سێ تاکە کرۆمۆسۆمی تێدایەو بارستاییەکەی زۆر زۆر بچووکترە لەسەری دەرزییەک. ئەم هێلکەیە دوای هاتنە دەرەوەی لەهێلکەدان دەست دەکات بەجووڵە بەناو جۆگەلە(قناة) ی ڤالویدا، کەهێلکەدان بەمنداڵدانی دایکەوە دەبەستێتەوە. ئا لەو کاتەی کەهێلکەکە لەناو جۆگەلەی ڤالوبدایە، ئەگەر ڕێکەوتی سپێرمی پیاوی کرد {کەبریتیە لەخانەیەکی نێر، کەئەویش (٢٣) تاکە کرۆمۆسۆمی تێدایە}و ئەو سپێرمە توانی دیواری هێلکە ببڕێت، ئەو کاتە هێلکەکە دەپیتێندرێت و بەزایگۆت ناو دەبرێت و دەبێت بەیەکەم چرکەی دروست بوونی ژیانی کۆرپەلە.

کەواتە ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ یەکسەر لەدوای پیتاندنی ئەو هێلکەیە دەست پێدەکات، وەهەر لەو کاتەدا یەکسەر توخمی منداڵەکە نێر بێت یان مێ دیاری دەکرێت و هەموو خاسیەتەکانی بۆماوە لەدایک و باوکەوە بۆ منداڵەکە دەگوێزرێتەوە.

قۆناغەکانی پێش لەدایک بوون

زانایانی کۆرپەلە (علماء الأجنة) ژیانی پێش لەدایک بوونی مرۆڤ بەسەر سێ قۆناغی سەرەکیدا دابەش دەکەن کەبریتین لە:-

١ - قۆناغی هێلکەی پیتێنراو (زایگۆت):

ئەم قۆناغە یەکسەر لەو چرکەیەوە دەست پێ دەکات کەهێلکەی دایک بەسپێرمی باوک دەپیتێندرێ و نزیکەی ماوەی (٢) دوو هەفتە بەردەوام دەبێت. لەم قۆناغەدا هێلکەی پیتێنراو لەجۆگەلەی ڤالوبەوە بەرەو منداڵدانی دایک سەرەو خوار ڕێچکە دەگرێت، دوای گەیشتنە ناو منداڵدان، یەکسەر خۆی بەدیواریدا هەڵدەواسێت و ئیتر دەبێت بەبەشێکی فسیۆلۆژی دایک و هێلکەی پیتێنراو لەهەموو لایەنێکەوە پشت بەدایک دەبەستێت بۆ گەشەکردنی وەهەر لەڕێگەی خوێنی دایکەوە ئەو زایگۆتە هەموو پێداویستیەکانی بەردەوام بوونی ژیانی دەست دەکەوێت.

ئالەم قۆناغەدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری گرنگ ڕوودەدات، یەکسەر دوای (٣٦) سی و شەش کاتژمێر، هێلکەی پیتێنراو کەبریتیە لەیەک خانە دەبێت بە(٢) خانە ئینجا لەئەنجامی دابەش بوونەوە دەبێت بە(٤) خانە، ئینجا دوای (١٦) شانزدە کاتژمێر دەبێت بە(٨) خانە ئینجا دەبێت بە(١٦)، (٣٢)، (٦٤)، ١٢٨٠) خانە...هتد.

بەم شێوەیە ژمارەی خانەکان بەردەوام لەزیاد بووندا دەبێت، دوای ماوەیەک بۆشاییەک لەنێوان خانەکاندا دروست دەبێت و خانەکان دەبن بەدوو کۆمەڵ، کۆمەڵی یەکەم ناو دەبرێت بەخانەکانی دیوی دەرەوە، کەئەرکی سەرەکی دابین کردنی خۆراک و پێداویستیەکانی تری ژیانی کۆرپەلەو پارێزگاری کردنیەتی، بەڵام کۆمەڵەی دووهەم ناو دەبرێت بەخانەکانی ناوەوەو کۆرپەلەی لێ دروست دەبێت. هەر لەم کاتەشدا لەشی

دایک خواردنی پێویست لەڕێگەی خوێنەوە بۆ منداڵدان و کۆرپەلەکەی دابین دەکات. (هرمز،١٩٨٨، ص٤٠)، (فهمی، ١٩٧٧، ص٣٥-٣٦).

٢) قۆناغی ئیمبریۆنی:

ئەم قۆناغە نزیکەی (٦) شەش هەفتە بەردەوام دەبێت و کۆمەڵێک گۆڕانکاری گرنگ تیایدا بەسەر ژیانی کۆرپەلەدا ڕوودەدات لەوانە:-

ا) یەکسەر لەو خاڵەی کەکۆرپەلە خۆی بەمنداڵدانی دایکدا هەڵواسیوە، ویلاش (پلاسینتا، المشيمة) دروست دەبێت، کەئەرکی سەرەکی گواستنەوەی ئۆکسجین و خۆراک و پێداویستیە گرنگەکانی ترە لەخوێنی دایکەوە بۆ خوێنی کۆرپەلە بەپێچەوانەشەوە گواستنەوەی پاشەڕۆیە لەخوێنی کۆرپەلەوە بۆ خوێنی دایک. پێویستە ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کەویلاش ڕەگەزەکانی ناو خوێن دەگوێزێتەوە نەک خوێنی دایک بۆ منداڵ یان بەپێچەوانەوە.

ب) لەهەمان کاتدا پەتکە ناوک (الحبل السری) دروست دەبێت، کەئەرکی سەرەکی بەستنەوەی منداڵە بەویلاشەوە، دواجاریش کیسە سولی (الکیسی السلی) دروست دەبێت، کەبەلانەی گەشەکردنی منداڵ دەناسرێت، وەئەم کیسەش پڕە لەشلەیەک کەناو دەبرێت بەشلەی سولی و منداڵ تیایدا مەلەدەکات. بێگومان ئەو کیسەو شلەکەی ناوی تائەوپەڕی توانا پارێزگاری لەکۆرپەلە دەکەن و ناهێڵن هێزو پاڵەپەستۆی نائاسایی دەرەوە کار لەکۆرپەلە بکات و تووشی زەرەرو زیانی بکات، چونکە کاتێک لایەکی سکی دایک تووشی پاڵەپەستۆو ئازار و هێزی دەرەکی دەبێت، ئەوا کۆرپەلە یەکسەر بەمەلە لەناو شلەکەدا بەئاسانی بەرەو لایەکەی تری سکی دایک دەڕوات، بەمەش لەو پاڵەپەستۆو ئازارو هێزە دەرەکیەی سەر سکی دایک ڕزگاری دەبێت.

جـ) لەم قۆناغەدا خانەکانی لەش بەسەر (٣) چیندا دابەش دەبن کەبریتین لە:-

١) چینی دەرەوە (Ectoderm) کەئەم کۆمەڵە خانەیە دیوی دەرەوەی لەشی کۆرپەلەی لێ دروست دەبێت لەوانە پێست، پرچ و قژ، نینۆک، ددان، پێستە گلاندەکان، هەستەوەرە خانەکان، کۆئەندامی دەمار...هتد.

٢) چینی ناوەڕاست (Mesoderm) وەئەم کۆمەڵە خانەیەش دەبێت بەبناغە بۆ گەشەکردنی ماسولکەو ئێسقانەکان و کۆئەندامی سوڕی خوێن و ئەندامەکانی دەرهاوێشتن و سەرجەم ئەندامەکانی ناوەڕاستی لەشی مرۆڤ (کونجر، ١٩٧٠، ص٨١).

٣) چینی ناوەکی (Endoderm) ئەم کۆمەڵە خانەیەش دەبێت بەبناغە بۆ دروست بوونی ئەندامەکانی هەناوو ناو سکی مرۆڤ وەک سیەکان، جگەر، گەدە، پەنکریاس، ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە کەلەکۆتایی هەفتەی هەشتەمی ژیانی کۆرپەلەدا هەموو پێکهاتووەکانی جەستەی بەلایەنی کەمەوە وەک پێکهاتوەکانی جەستەی مرۆڤێکی کامڵ وایە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر بچووک، دەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت کەئەم قۆناغە زۆر ناسک و ترسناکە، ئەگەر ئافرەتی دوو گیان زۆر ئاگاداری خۆی نەبێت، ئەوا دوور نیە کەچارەنووسێکی ڕەش و ترسناک ڕووبەڕووی ئەو کۆرپەلەیە ببێتەوە، لەهەمووشیان ترسناکتر لەبارچوونە کە کۆتایی بەژیانی ئەو کۆرپەلەیە دەهێنێ، بەڵام ئەگەر منداڵەکەش لەبار نەچێت، ئەوا دوور نیە منداڵێکی لاواز و نووقستان و دەردەدار لەدایک ببێت، کەبەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار لەوانەش نەخۆش کەوتنی دایک بەهەندێک نەخۆشی ترسناک یان بەدخۆراکی، یان بەکارهێنانی داوو دەرمانی نائاسایی بۆ گەشەکردنی کۆرپەلە...هتد.

٣ - ڤیتۆسە قۆناغ:

ئەم قۆناغە لەدوای تەمەنی (٨) هەشت هەفتەیی ژیانی کۆرپەلەوە دەست پێدەکات تا کاتی لەدایک بوون، لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک ڕووداوی گرنگ ڕوودەدەن کەلەهەموویان گرنگتر گەشەکردن و پێگەیشتنی هەموو ئەو ئەندامانەیە کەلەقۆناغی

پێشوودا بناغەی دارێژراوە، تاوای لێ دێت هەفتە دوای هەفتە ئەندامەکانی لەشی کۆرپەلە یەک لەدوای یەک بەرەو پێگەیشتن و تەواو بوونیان دەچن. بۆ نموونە کۆرپەلە لەهەفتەی (٩) نۆهەمدا توانای وەڵام دانەوەی دەست لێدانی منداڵدانی دایکی هەیەو دەشتوانێت سەری بجوڵێنێت، دوای تەواو بوونی مانگی سێهەمیش درێژی کۆرپەلە دەگاتە (٣) بۆسەوە کێشەکەی (٠،٩٨٥) کغم، وەشێوەشی وەک مرۆڤێکی ئاسایی لێ دێت، هەرچەندە سەری زۆر زۆر گەورەیەو لەگەڵ بارستایی جەستەیدا ناگونجێت، هەروەها کۆمەڵێک جوولەی هەرەمەکی دەست و قاچ دەردەکەوێت لەگەڵ دروست بوونی پێڵوی چاوو نینۆک وە توخمی کۆرپەلەش بەئاشکرا دەردەکەوێت. لەکۆتایی مانگی (٤) چواردا درێژی کۆرپەلە دەگاتە (١١،٥) یانزە سانتیمەترو نیو، وە بۆ زیاتر زانیاری دەتوانین سوود لەو وەسفەی زانای ئەمریکی جیزل وەربگرین کەبەم شێوەی لای خوارەوە باسی جوولەی کۆرپەلە لەمانگی چوارەمدا دەکات:-

(لێوی سەرەوەی دەجولێنێت، ئەگەر زیاتر گەشەی کرد ئەوکاتە دەتوانێت لێوی خوارەوەشی بجولێنێ، ئینجا هەردووکیان پێکەوە، هەروەها دەتوانێت دەمی بکاتەوەو داشی بخات و پرۆسەی قووت دان بەئەنجام بگەیەنێت لەکاتێکدا دەمیشی داخراوە. هەندێک جار ڕێکەوتیش دەکات کەتەنانەت شلەی سولی قووت بدات. زمانی دەجولێنێت، سەری وەردەگێڕێ، دایک بەئاسانی دەتوانێت لەمانگی چواردا هەست بەجوولەی کۆرپەلە بکات) (هرمز،١٩٨٨، ص٤٣).

لەماوەی مانگی پێنجەمی ژیانی کۆرپەلەدا درێژییەکەی دەگاتە (٢٥،٥) سم ،زیاتر شێوەی لەمرۆڤی کامڵ نزیک دەبێتەوەو پێستی زیاتر گەشە دەکات و نینۆک و پرچ دەردەکەون، هەروەها عەرەقە گلاند گەشەدەکات. وە لەمانگی (٦) شەش پێکهاتەی چاو تەواو دەبێتو هەستەوەری تام کردن و خانەکانی تایبەت بەتام و چێژ لەسەر زمان دەردەکەوێت و لەتوانای کۆرپەلەدا هەیە کەهەناسە بدات و وەربگرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر ڕێکەوتی کرد لەم مانگەدا لەدایک بوو ئەوا لەتوانایدا هەیە کەبەنووزە نووزێک

بگری. مانگی (٧) هەفت خاڵێکی ناسکە و ترسناکەو جۆرە وەرچەرخانێکە لەژیانی کۆرپەلەدا، ئەو مندالانەی لەم مانگەدا لەدایک دەبن، تارادەیەکی گونجاو بواری ژیان و مانەوەیان بۆ دەرەخسێت، چونکە کۆئەندامەکانی (سوڕی خوێن، دەمار، هەرس) تارادەیەکی باش پێگەیشتون کەیارمەتی مانەوەی ژیانی منداڵ دەدەن.

هەروەها لەم قۆناغەدا لەتوانای کۆرپەلەدا هەیە کەهەست بەگۆڕانکارییەکانی پلەی گەرما بکات و تامی خواردنەکان و بۆنە سەرەکیەکان لەیەکتری جیابکاتەوە و تارادەیەکیش توانای بینین و بیستنی هەیە بەڵام کەمتر لەو مندالانەی کەدوای (٩) مانگو (٩) رۆژ لەدایک دەبن، لەبەر ئەوە تاماوەی مانەوەی کۆرپەلە لەناو منداڵداندا زیاتر بێت و ماوە سروشتیەکەی خۆی تەواو بکات ئەوا ئەوەندە زیاتر هەموو ئەندامەکانی لەشی گەشە دەکات و منداڵێکی ئاسایی دەبێت.

ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەر گەشەکردنی کۆرپەلە لەناو منداڵدانی دایکدا

گەشەکردنی مرۆڤ هەر لەیەکەم چرکەی خولقاندنیەوە لەمنداڵدانی دایکداو گەورە بوونی لەخانەیەکەوە (کەبریتیە لەهێلکەیەکی پیتێنراوی دایک) بۆ ملیۆنەها خانەی زیندوو، بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، لەگرنگترین ئەو قۆناغانەش، قۆناغی کۆرپەییە (پێش لەدایک بوون) کەنزیکەی نۆ مانگ و نۆ رۆژ دەخایەنێت.

ئەم قۆناغە زۆر ناسک و گرنگە لەژیانی مرۆڤداو دادەنرێت بەبناغەیەک بۆ کەسایەتی تاک لەداهاتوودا، لەم قۆناغەدا، کۆمەڵێک هۆکاری گرنگ هەیە، ئەگەر رەچاو نەکرێت و گرنگی پێ نەدرێت، ئەوا کاریگەری ترسناکیان لەسەر گەشەکردنی کۆرپەلە دەبێت و گرفت و پەشێویەکی زۆری بۆ دروست دەکەن، لەگرنگترین هۆکارەکانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:-

١) نەخۆش كەوتنی دایك:-

نەخۆش كەوتنی دایك كاریگی خراپ دەكاتە سەر كۆرپەلە، لەبەرئەوەی نەخۆشی (پێكهاتەی خوێن تێك دەدات و كاردەكاتە سەر پرۆسەی میتاپۆلیزم، كەئەمەش گەشەكردنی كۆرپەلە لەرێچكەی ئاسایی خۆی لادەدات) (زهران، ١٩٨١،ص٨٧). لەترسناكترین ئەو نەخۆشیانەش سوریژەی ئەلمانیە كەزۆرجار دەبێتە هۆی كەروڵاڵی یان نەخۆشی دڵ و دواكەوتنی ژیری، هەروەها نەخۆشی تای قرمزی و تێك چوونی كاری گورچیلەكان و چەند نەخۆشیەكی تر كەكۆرپەلە بەهۆیانەوە تووشی كۆمەڵێك گرفتو نەخۆشی دەبێت. ئینجا ئەگەر دایك تووشی یەكێك لەو نەخۆشیانە بوو بوو یان مەترسی تووش بوونیانی هەبوو، پێویستە نەهێڵێت سكی ببێت، بۆ ئەوەی منداڵێكی نەخۆشو دەردەدار لەدایك نەبێتو نەبێتە مایەی ئازارو دەردەسەری بۆ خۆی و خێزان و كۆمەڵەكەی.

٢) خۆراك:

خۆراكی دایك زۆر گرنگە بۆ گەشەكردنی كۆرپەلەكەی و سەرچاوەی وزەو بنیاتنەری ئەندامەكانی لەشی كۆرپەلەو دروست بوونی گشت شانەكانی لەشیەتی، لەبەرئەوەی كۆرپەلە گشت پێداویستیەكانی لەخۆراك لەرێگەی دایكەوە دەستی دەكەوێت، ئینجا ئەگەر هاتو دایكی سك پڕ خواردنەكەی خراپ بوو، زۆربەی پێداویستیەكانی گەشەكردنی كۆرپەلەی تێدا نەبوو. ئەو كاتە هەندێك لەئەندامەكانی لەشی كۆرپەلە بەتەواوی گەشە ناكات و تووشی بەدخۆراكی دەبێت و پێداویستیە سەرەكیەكانی بۆ دابین ناكرێت. دەركەوتووە كەكەمی ڤیتامین (B)و پرۆتین و ئاڕێكیان لەخۆراكی دایكدا (دەبێتە هۆی كەموكورتی جەستەیی كۆرپەلەو، كەم خوێنی، لاوازی، دواكەوتنی ژیری كۆرپەلە) (قطامی، ١٩٨٩، ص١٩) هەروەها ئەو ئافرەتانەی كەتووشی بەدخۆراكی دەبن زیاتر منداڵیان لەبار دەچێت و پێش كاتی خۆیان لەدایك دەبن.

٣) دەرمانو هۆكارە سركەروهۆشبەرەكان:-

زۆربەی ئەو تویژینەوانەی كەلەسەر ئەو ئافرەتە سك پڕانە كراوە، كەبەڕێژەیەكی زۆر خەریكی مەی خواردنەوەو بەكارهێنانی ئەو هۆكارانەن كەدەبنە هۆی سەرخۆشكردن و بەزۆری ئەو دەرمانە پزیشكیانە بەكار دەهێنن كەبۆ ئارام كردنەوەو خاوكردنەوەی كۆئەندامی دەماری ناوەندییە، یان بۆ چارەسەركردنی هەندێك نەخۆشی و هەڵئاوسانی سادەو یان لەكاتی نەشتەرگەریدا بەكاری دەهێنن وەك (باربتیورات، سیكونالی سۆدیۆم، تتراسایكلین...هتد)، یان جگەرەكیشن و بەڕێژەیەكی زۆر نیكۆتین وەردەگرن. ئەنجامی ئەو تویژینەوانە ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن، كەزۆر لەمنداڵانی ئەو دایكانە تووشی كەم ژیری و نارێكی جەستەیی و لەبارچوونو مردنو لاوازی، یان پێش وەخت لەدایك بوون دەبن. لەبەرئەوە زۆر پێویستە كەئافرەتی دووگیان تا لەتوانایدا هەیە لەبەكارهێنانی ئەو داوو دەرمان و هۆكارەسركەرو سەرخۆش كەرانە دوور بكەوێتەوە، بەتایبەتیش لەماوەی سك پڕیدا (كونجر، ١٩٧٠)، (قطامی، ١٩٨٩).

٤) باری جەستەیی و دەروونی:

بەردەوام پێویستە ئافرەتی سك پڕ ئاگاداری كارو فەرمانەكانی بێت و زۆر خۆی ماندوو نەكات، چونكە هەڵگرتنی شتی قوورس و گران و هیلاك بوونی بەردەوام دەبێتە هۆی ئازاردانی دایك و لەبارچوونی كۆرپەلەكەی. زۆرجار ئەو ئافرەتانەی شتی قورس بەپشت هەڵدەگرن و كاری گران دەكەن و بەشوێنی بەرزدا سەردەكەون و ئاگایان لەتەندروستی خۆیان نیە، منداڵیان لەبار دەچێت یان منداڵەكانیان تووشی نووقستانی و كەم ئەندامی دەبن. هەروەها باری دەروونی دایك زۆر گرنگە بۆ كۆرپەكەی. ئەگەر هات و ئافرەتی دوو گیان لەژینگەیەكدا بوو كەپڕ بێت لەخەم و خەفەت و ترس و دڵەڕاوكێ و زۆربەی جار تووشی هەڵچوون ببێت، ئەو كاتە كۆرپەلەكەی زەرەرو زیانێكی زۆری پێدەگات. لەبەرئەوەی ئەو تورەیی و خەم و خەفەت و ترسەی دایك دەبێتە هۆی زیاد

بوونی دەرهاویشتنی کوێرە گلاندەکان بەتایبەتیش ئەدرنالینە گلاند کەئەمەش دەبێتە هۆی تێک چوونی پێکهاتەی خوێن و گواستنەوەی دەرئەنجامی ئەو بارە دەروونیە بۆ کۆرپەلە. لەبەرئەوە زۆر پێویستە کەئەندامانی خێزان و کەسانی چوار دەوری ئافرەتی دوو گیان، بارودۆخی لەبارو گونجاو بۆ دایکی سک پڕ بخوڵقێنن و تا دەتوانن دووری بخەنەوە لەترس و خەم و خەفەت و دڵەڕاوکێ.

٥- تیشک گرتن (الأشعة):-

چەند پزیشک و دەروون زانێک توێژینەوەیەکیان لەسەر ژمارەیەک ئافرەتی سک پڕ کردوو لەتەکیاندا بەردەوام بوون تا منداڵەکانیان بوو. لەئەنجامدا بۆیان دەرکەوت، کەزۆربەی ئەو منداڵانەی تووشی دواکەوتنی زیری و شێواندنی جەستەیی یان لەبار چوون بوون، هۆکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دایکانەی کەلەکاتی سک پڕیدا سک و چوار دەوری منداڵدانیان داوەتە بەر تیشک بەتایبەتیش تیشکی (×) و ڕادیۆم (کونجر، ١٩٧٠، ص٩١).

هەروەها زۆر لەدایکانی سک پڕ لەئەنجامی کارەساتی هەردوو شاری ناکازاکی و هیرۆشیمای یابانی تووشی لەبارچوون بوون و زۆربەی منداڵەکانیان بەنووقستانی لەدایک بوون. لەبەرئەوە زۆر پێویستە کەئافرەتی دوو گیان تا دەتوانێت دوور کەوێتەوە لەتیشک گرتن بەتایبەتیش لەکاتی سک پڕیدا.

٦) هۆکاری RH:-

لەئەنجامی توێژینەوەی زانستی دەرکەوتووە کە٨٦% ی مرۆڤ جۆرە مادەیەک لەخوێنیاندا هەیە کەناو دەبرێت بە (+RH) بەلام ١٤% ئەو جۆرە مادەیە

لەخوینەکانیاندا نیە، لەبەرئەوە ناسراون بە (RH-) . ئینجا ئەگەر ڕێکەوتی کرد خوێنی باوک لەجۆری (RH+) بوو، کۆرپەلەش جۆری خوێنەکەی لەباوکیەوە وەرگرت (RH+)، بەلام جۆری خوێنی دایک (RH-) بێت، ئەو کاتە لەئەنجامی جیاوازی (RH) لەنێوان ئەوو دایکیدا، مەترسی تووشی ژیانی کۆرپەلە دەبێت. لەبەرئەوەی خوێنی کۆرپەلە جۆرە ماددەیەک دروست دەکات کەناو دەبرێت بە(antigens) ئەم (antigens) لەڕێگەی پەتکە ناوک و ویلاشەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ناو خوێنی دایک. کاتێک ئەم ماددەیە دەچێتە ناو خوێنی دایکەوە، خوێنی دایک دەست دەکات بەدروست کردنی مادەیەک دژ بەو ماددەیە کەناو دەبرێت بە(antibodies) ئەم ئەنتی بۆدیانەش ژەهراوی و مەترسیدارن بۆ کۆرپەلە. کاتێک ڕێژەی (antibodies) لەخوێنی دایک زیاد دەبێت، لەڕێگەی پەتکە ناوک و ویلاشەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کۆرپەلە.

هەر ئەوەندە ڕێژەکەی کەمێک زیادی کرد ئیتر یەکسەر دەست دەکات بەتێک شکاندنی خرۆکە سوورەکانی خوێنی کۆرپەلەو نامێنێت بەتەواوی خۆراکە و ئۆکسجین بۆ هەموو خانەکانی لەش ببەن، کەئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەی خرۆکە سورەکانی خوێن کەم بکەن و پاش ماوەیەک منداڵەکە بمرێت یان بەنابەکام و نووقستانی لەدایک ببێت. بەلام لەخۆش بەختیدا هەموو جارێک ئەم حاڵەتە نابێتە هۆی کوشتنی منداڵەکە بەڵکو لە(٢٠٠) جاردا جارێک ئەو کارەساتە ڕوودەدات، هەروەها لەلایەکی ترەوە ئەگەر زوو بەو حاڵەتە بزانرێت، ئەوا دەتوانرێت چارەسەر بکرێت، لەبەرئەوە زۆر پێویستە کەکچ پێش شوکردن و کوڕ پێش ژن هێنان جۆری خوێنەکەیان بزانن و ئافرەتیش لەکاتی سک پڕیدا سەردانی پزیشک بکات.

بۆماوەو ژینگە

چارەنووسی گەشەكردن و پاشەڕۆژی منداڵ پەیوەستە بەكۆمەڵێك هۆكارەوە. ئەو هۆكارانە ڕۆڵی ترسناك لەدیاریكردنی چارەنووسی مرۆڤدا دەبینن. ئینجا ئەگەر توانرا كۆنترۆڵی ئەو هۆكارانە بكرێن و باروودۆخی گونجاو بۆ گەشەكردنیان ڕەخسیندرا، ئەو كاتە بەقازانجی بوونەوەر بەگشتی و مرۆڤ بەتایبەتی تەواو دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو هۆكارانە دژ بەحەزو خواست و بەرژەوەندی مرۆڤ بوون، ئەوكاتە زەرەرو زیانێكی گەورە بەگەشەكردن و چارەنووسی ئەو بوونەوەرە دەگەیەنێت. لەگرنگترین هۆكارەكانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:

ا- بۆماوە (Inheritance):

مەبەست لەبۆماوە، گواستنەوەی سەرجەم ئەو خاسیەت و سیفاتانەیە كەلەڕێگەی جیناتەوە لەباپیران بۆ باوكان و دایكان، وە لەباوكان و دایكانیشەوە بۆ منداڵانو لەمنداڵانیشەوە بۆ نەوەكانی داهاتوو، دەگوێزرێتەوە. بۆماوەزانی (علم الوراثة) گەیشتە ئەو ڕاستیەی كەهەر خانەیەك لەخانەكانی زاووزێ لە(٢٣) بیست و سێ جووت كرۆمۆسۆم پێك هاتووە، هەریەك لەو كرۆمۆسۆمانەش هەزارەها بگرە ملیۆنەها جیناتی لەسەر پشتی خۆی هەڵگرتووە، ئەو جیناتانە كەبریتین لەتووڕەكە ترشەڵۆك (اكیاس حامضیة) بەرپرسیاری یەكەمن لەگواستنەوەی خاسیەت و سیفاتەكان لەباوكان و دایكانەوە بۆ منداڵەكانیان. كۆرپەلە لەئەنجامی پیتاندنی هێلكۆكەیەكی دایك بەسپێرمی باوك دروست دەبێت. ئەو هێلكۆكە پیتێنراوە ناو دەبرێت بەزایگۆتو (٤٦) كرۆمۆسۆمی تێدایە كە(٢٣) تاكیان لەڕێگەی هێلكۆكەوە لەدایكەوە بۆ كۆرپەلەكە گوێزراوەتەوە بەڵام (٢٣) كرۆمۆسۆمەكەی تریان لەڕێگەی سپێرمەوە لەباوكەوە بۆ كۆرپەلەكە گوێزراوەتەوە.

کەواتە هەریەکە لەدایکو باوک بە(٢٣) تاک کرۆمۆسۆم بەشداری دەکەن و هەریەکەیان خاسیەت و سیفاتەکانیان لەڕێگەیانەوە بۆ کۆرپەلەکەیان دەگوێزنەوە. ئەوەی شایانی باس کردنە، کەلەو (٢٣) تاک کرۆمۆسۆمە (٢٢) تاکیان خاسیەتە جەستەیی و بۆماوەییەکانی وەک (ڕەنگی چاوو پرچ، درێژیو کورتی، قەڵەویو لاوازی، خاسیەتەکانی کۆئەندامی دەماری ناوەندیو کاریگەری گلاندەکانو.....هتد) لەباوکو دایکەوە بۆ کۆرپەلە دەگوێزنەوە بەڵام تاکی (٢٣) بیست و سێ هەمین توخمی کۆرپەلە دیاری دەکات، ئیتر کوڕ بێت یان کچ، دەرکەوتووە کەئەو جووتە کرۆمۆسۆمەی لای باوک کەتوخمی کۆرپەلە دیاری دەکەن، لەیەکتری جیاوازن و لەشێوەی (XY)ی لاتینی دەچن بەڵام ئەو جووتە کرۆمۆسۆمەی لای دایک کەتوخمی کۆرپەلە دیاری دەکەن، هەردووکیان وەک یەک وان و لەشێوەی (XX)ی لاتینی دەچن.

لەکاتی گواستنەوەی کرۆمۆسۆمەکان ئەگەر (X) کرۆمۆسۆم لەلای باوکەوە هات ئەوا لەگەڵ (X) کرۆمۆسۆمی دایک یەک دەگرێت و توخمی منداڵەکە کچ دەردەچێت (XX)، بەڵام ئەگەر (Y) کرۆمۆسۆم لەلای باوکەوە هات، ئەوکاتە لەگەڵ (X) کرومۆسۆمی دایک یەک دەگرێت و توخمی منداڵەکە کوڕ دەردەچێت (XY). بەم شێوەیە زانست ئەوەی سەلماند کەتوخمی کۆرپەلە ئیتر کوڕ بێت یان کچ ئەوە باوک دیاری دەکات نەک دایک.

دوای ئەوەی هێلکۆکەی دایک لەگەڵ سپێرمی باوک یەک دەگرن و زایگۆت دروست دەبێت، ئیتر کاریگەری بۆماوە تەواو دەبێت و هەرچی خاسیەت و سیفات ئیتر باش بێت یان خراپ گواستوویەتیەوە بۆ کۆرپەلەو چارەنووسی ئەو بوونەوەرەی دیاری کردووەو هەرچی ئامادەباشی و خاسیەتێک هەیە لەناو ناوکی ئەو تاکە خانەیە، کەسەرەتای دروست بوونی مرۆڤە چاندوویەتی و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەقۆناغەکانی ژیانی ئەو کۆرپەلەیە ڕەنگ دەداتەوەو کاریگەری دەردەکەوێت. دوای تەواو بوونی پرۆسەی گواستنەوەی

خاسیەت و سیفاتەكانی دایك و باوك لەڕێگەی بۆماوەوە، ئیتر كاریگەری هۆكاری دووهەم دەردەكەوێت كەئەویش ژینگەیە بەمانا بەرفراوانەكەی (ژینگەی ناو منداڵدان، ژینگەی كۆمەلایەتی، جوگرافی، مێژوویی، دەروونی).

ب) ژینگە (Environment):

مەبەست لەژینگەش سەرجەم ئەو هۆكارە جوگرافی و مێژوویی و كۆمەلایەتی و ئابووری و ڕامیاری و دەروونیانە دەگرێتەوە، كەكاریگەرییان لەسەر كەسایەتی و چارەنووسی مرۆڤ هەیەو هەر لەیەكەم چركەی خولْقاندن و دروست بوونی كۆرپەلەوە لەناو منداڵدانی دایكدا، تاوەكو دواهەمین هەناسەی ژیانی و خستنە ناو گۆڕەوە، دەست بەكار دەبێت و بەردەوام شوێن پەنجەی لەسەر كەسایەتی و چارەنووسی مرۆڤ دیارە. ژینگەش زۆر جۆری هەیە لەهەموویان گرنگتر ئەمانەی لای خوارەوەن:-

١) ژینگەی جوگرافی:

جوگرافیای ئەو ژینگەی كەمرۆڤی تێدا دەژی كاریگەری بەردەوامی لەسەر چالاكی و هەڵس و كەوت و كەسایەتی تاكەكانی هەیە، ئیتر شاخاوی بێت یان دەشت، ئاوو هەوای گەرم بێت یان سارد، دەوڵەمەند بێت بەسەرمایەی سروشتی (كانزاكان، نەوت، باخو بێستان، لەوەڕگای ئاژەڵ، سەرچاوەی ئاوو زەوی بەپیت و بەرەكەتی كشتو كاڵی...هتد) یان هەژار، ڕۆڵی خۆی دەبینێت. ئەگەر بەخێراییش سەیری دانیشتوانی ناوچە جیاجیاكان بكەین، بەئاسانی هەست بەجیاوازی (جلو بەرگ، خانوو، ڕەنگی پێست، داب و نەریت، جۆری ئاژەڵ و چالاكی و كەرەستەكانی بەرهەم هێنان) دەكەین، كەبەپلەی یەكەم بۆ هۆكاری جوگرافی دەگەڕێتەوە، دەركەوتووە كەئەو مرۆڤانەی لەناوچەی شاخاوی و ڕەقنو ساردو سەخت دەژین، جیاوازییەكی زۆریان لەگەڵ ئەو كەسانەی كەلەناوچەیەكی بیابانی گەرم و ڕووتەڵدا

دەژین هەیە لەشێوەی بیركردنەوەو جۆری گرفت و جل و بەرگ، خانوو ئاژەڵ و پەلەوەرو ئەو كشت و كاڵەی كەلەسەری دەژین.

هەروەها بوونی كانزاو پترۆڵ، خاك و ئاوو زەوی بەپیت و بەرەكەت، شێوەی ژیانی تاكەكانی بەجۆرێك دیاری دەكات كەجیاواز بێت لەناوچەیەكی تر. بۆ نموونە تاكەكانی ناوچە شاخاوییەكان زیاتر توندوتیژو هەڵچوون، لەوانەیە ئەوەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كەژینگەی شاخاوی زیاتر سەخت و پڕ لەگرفت و بەربەستەو دەبێت مرۆڤی ئەو ناوچانە بۆ پەیدا كردنی بژێوی ژیان و لوقمە نانێك بەردەوام لەململانێ و شەڕو توندو تیژیدا بن لەگەڵ ئەو شاخو داخو ئاوو هەوا دژوارە. كەبەردەوام بوونی ئەو بارودۆخە توندوتیژی لەلای تاكەكانی دروست دەكات.

هەروەها بەردەوام بوونی ڕۆژو تیشكی خۆر پێستی مرۆڤ ڕەش دەكات، بەپێچەوانەشەوە مرۆڤی شوێنە ساردەكان سپی پێست دەبن، (دەرئەنجامی توێژینەوە زانستیەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە لەژێر پێستی هەموو مرۆڤێكدا ژمارەیەك گلاند هەیە، هەندێكیان هۆرمۆنی كارۆتین و ئەوانی تریان هۆرمۆنی مالنین بەرهەم دەهێنن. ئینجا ئەگەر مرۆڤ لەشوێنی زۆر گەرم ژیا، ئەوكاتە ڕێژەی هۆرمۆنی مالنین لەئەنجامی بەرزی پلەی گەرماوە زیاتر بەرهەم دێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێستی ئەو مرۆڤە ڕەشتر دەكات. بەڵام ئەگەر لەشوێنێكی سارد ژیا ئەو كاتە گلاندەكانی ژێر پێست هۆرمۆنی كارۆتین زیاتر بەرهەم دەهێنن و پێستی ئەو مرۆڤانە سپی دەكات. لەلایەكی تریشەوە ڕەنگی ڕەش (پێستی ڕەش) زیاتر گونجاوترە بۆ ناوچە گەرمەكان، لەبەرئەوەی لەش لەزۆر تیشكی چەوپەی بەئازار دەپارێزێ كەڕێژەكەی زۆر زۆرە لەناوچە گەرمەكان‌و زیانێكی زۆر بەلەشی مرۆڤ دەگەیەنێت) (جعفر،١٩٧٧، ص٤٥).

٢) ژینگەی مێژوویی:

ژینگەی مێژوویی (کات) ڕۆڵی لەژینگەی جوگرافی کەمتر نیە، ئەگەر زیاتر نەبێت، چونکە مرۆڤ دیاردەیەکی مێژووییەو ئەو پلەو پایە، ڕۆشنبیری و شارستانیەی ئەمڕۆی، بۆ ڕەنج و عارەقەو ماندوو بوونی چەندەها نەوەو سەدەی پێشتر دەگەڕێتەوە. بەڵام ناتوانرێت نکوڵی لەوە بکرێت کەهەر زەمەن و سەردەم و کاتێک گرفت و بیرکردنەوەو شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە هەڵس و کەوت و ڕەوشت و ڕاوبۆچوون و بیرکردنەوەو حەزو ئارەزوو خەوو خەیاڵی مرۆڤێکی سەدەی بیستەم، لەزۆر ڕووەوە لەخەوو خەیاڵو ڕەوشتی مرۆڤێکی سەدەی نۆزدەهەم جیاوازە، تەنانەت جیاوازیش هەیە لەنێوان یەکێک کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ژیاوە لەگەڵ یەکێکی تر کەلەنیوەی دووهەمی هەمان سەدەدا ژیاوە، چونکە پێش کەوتنی تەکنەلۆژی و زانستی و ڕۆشنبیری لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕدرێت و ژینگەیەکی تایبەتی بۆ خۆی دروست دەکات کەجیای دەکاتەوە لەزەمەن و سەردەمێکی تر.

هەموومان دەزانین کەئەو تەقینەوە زانستی و ڕۆشنبیرییەی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەر بیرو بۆچوون و هزرو خەوو خەیاڵی تاکەکانیدا هێنا کەبەهیچ شێوەیەک بەدی ناکرێت لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا. هەر ئەم جیاوازی زەمەن و سەردەمەیە کەململانێ ی نێوان نەوەکان (کۆن و نوێ) (باوک و کوڕ)ی دروست کردووەو لەزۆر بۆچوون و لێکدانەوەو هەڵس و کەوتدا جیاوازن و یەک ناگرنەوەو هەریەکەیان زەمەن و ژینگەی مێژوویی تایبەتی خۆی هەیە.

٣) ژینگەی کۆمەڵایەتی:

داب و نەریت و پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و ئەو بەهاو ئاکارانەی کەباوەڕیان پێ یەتی و جۆری ڕژێمی فەرمانڕەوایەتی، ڕەنگدانەوەو کاریگەری تایبەتی خۆیان لەسەر ڕەوشت و کەسایەتی مرۆڤ هەیە. بۆ نموونە نەتەوەی کورد خاوەنی داب

و نەریتو ئاکاری کۆمەڵایەتی خۆیەتی، کەتاکەکانی لەتاکی گەل و نەتەوەکانی تر جیادەکاتەوە، لەلای ئێمە ژن هێنان و شووکردن و پرسەو سەرەخۆشی و ئاهەنگی لەدایک بوونی منداڵ و بۆنەو جەژنە ئایینی و نەتەوەییەکان داب و نەریت و سیمای تایبەتی خۆی هەیە، کەجیاوازە لەهەمان دیاردە لەلای گەل و نەتەوەیەکی تر. لەبەرئەوە تاکیش زۆرجار بیرکردنەوەو ڕەوشت و ئاکاری گیرۆدەی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دەبێتو ناتوانێت لێ ی دەرباز بێت و پێشێلیان بکات. بەپێچەوانەوە، دەکەوێتە بەر هەڕەشەو سزای کۆمەڵایەتی.

٤ - ژینگەی دەروونی:

مەبەست لەژینگەی دەروونی ئەو بارودۆخ کەش و ئاووهەوا تایبەتیەیە کەتاک لەناو خێزانو کۆمەڵەکەیدا بەرەنگارییان دەبێتەوە. ئینجا ئەگەر ئەو ژینگە دەروونیە ئاسایی و پەروەردەیی و بێ گرێ و گرفت بوو، ئەوا بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە لەهەڵسو کەوت و بیرو هەڵچوونی تاکدا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام ئەگەر پڕ گرفت و کێشەو بێ بەش بوونو جیاوازی و کۆسپ بوو، ئەوکاتە بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە لەسەر کەسایەتی تاک دەکەوێتەوەو ژینگەیەکی دەروونی ئاڵۆزی بۆ دەخوڵقێت کەجیاواز بێت لەتاکێکی تر کەلەهەمان ژینگەی جوگرافی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی ئەودا دەژی. هەر لەڕێگەی ئەم ژینگە دەروونیەوە دەتوانین ئەو جیاوازی و ناتەبایی و ناکۆکیانەی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ لێک بدەینەوە، لەکاتێکدا کەهەمان ژینگەی جوگرافی و مێژوویی و کۆمەڵایەتیان هەیە. سەرجەم ئەو ژینگانەی سەرەوە ئەو هەموو جیاوازی و دژایەتیانەی نێوان تاکەکانی کۆمەڵیان دروست کردووە. (منصور،١٩٧٨،ص٩٥).

کاریگەری گلاندەکان لەسەر گەشەکردن

گلاندەکان بریتین لەکۆمەڵێکە ئەندام لەناو لەشی مرۆڤداو هەموویان بەیەکەوە کار دەکەن و ڕەنگدانەوەی گرنگیان لەسەر گەشەکردنی مرۆڤ هەیە. دوو جۆر گلاند لەناو لەشی هەموو مرۆڤێکدا هەیە، جۆری یەکەم ناو دەبرێت بەکوێرە گلاندەکان (الغدد الصماء) و هیچ جۆگەلەو کەناڵێکیان نیە بۆ دەرهاویشتنی هۆرمۆنەکانیان، بەڵکو ئەم جۆرە گلاندانە ڕاستەوخۆ یەکسەر مەوادو کەرەستە سەرەتاییە پێویستەکان لەخوێن وەردەگرن و دوای چەند پرۆسەو گۆڕانکارییەکی کیمیاوی چەند هۆرمۆنێکی گرنگی لێ دروست دەکەن.

واتە ئەو کوێرە گلاندانە وەک کارگەیەکی کیمیاوین لەناو لەشداو هەریەکەیان تایبەتمەندیتی خۆی هەیە لەدروست کردن و بەرهەم هێنانی هۆرمۆنەکاندا، دوای دروست کردنی هۆرمۆنەکان ئیتر یەکسەر ئەو گلاندانە هۆرمۆنەکانیان ڕاستەوخۆ دەڕێژنە ناو خوێنەوەو، خوێنیش بەپێ ی پێویست بەسەر هەموو ئەندام و خانەکانی لەشدا دابەشی دەکات. بێگومان ئەم کوێرە گلاندانە هەریەکەیان سەربەخۆ دوور لەگلاندەکانی تر کارناکات، بەڵکو هەر هەموویان کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیەو تێک چوونی کاری هەریەکێکیان ئیتر ڕێژەی هۆرمۆنەکەی زیاد ببێت یان کەم ئەوا بەخراپی کاردەکاتە سەر چالاکی گلاندەکانی تر.

بەڵام جۆری دووهەمی گلاندەکانی ناو لەشی مرۆڤ ناو دەبرێن بەجۆگەلەدارە گلاندەکان (الغدد القنوية)، چونکە ئەم جۆرە گلاندانە جۆگەلەو کەناڵی تایبەتیان هەیە بۆ دەرهاویشتن، ئەم جۆگەلەدارە گلاندانە هەڵدەستن بەکۆکردنەوەی ئەو مەوادو پاشەڕۆ زیادانەی ناو خوێن و ڕزگارکردنی لەش لێیان بەهۆی فڕێدانیان لەڕێگەی جۆگەلەکانیانەوە بۆ دەرەوەی لەش یان دەیان کەنە ناو لەشەوە وەک چۆن فرمێسکە گلاند (الغدد الدمعية) هەڵدەستێت بەوەرگرتنی ئاوو هەندێک خوێ ی کانزایی لەخوێن

و ئینجا تێکەڵیان دەکات و فرمێسکی لێ دروست دەبێت. جۆکەلەدارە گلاندەکان لەناو لەشدا زۆرن، لەوانە (فرمێسکە گلاند، عەرەقە گلاند، چەوربیە گلاند، لیکە گلاند، هەرسە گلاند، شیرە گلاند،...هتد)، گومانی تێدا نیە کەکوێرە گلاندەکان گرنگیەکی لەرادەبەدەریان هەیە لەسەر گەشەکردنی مرۆڤ و دیاریکردنی چارەنووسی. واتە ئەگەر ئەو کوێرە گلاندانە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و دروست کار بکەن و بەڕێژەیەکی گونجاو هۆرمۆنەکانیان بڕژێننە ناو خوێنەوە ئەو کاتە گەشەکردنی مرۆڤ ڕێچکەی ئاسایی خۆی وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر ڕێژەی دەرهاویشتنی هۆرمۆنەکان زیاد یان کەم بوو، ئەوکاتە کەلێنو دەلاقەی گەورە دەکەوێتە ڕێچکەی گەشەکردنی ئاسایی ئەندام و شانەو خانەکانی لەشەوە.

<u>کوێرە گلاندەکانیش بەپێ ی شوێنیان لەسەرەوە بۆ خوارەوە ئەمانەن:-</u>

<u>١) پینیەلە(سنەوبەرە) گلاند (*الغدة الصنوبرية*) (Pineal Gland):</u>

ئەم کوێرە گلاندە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی مۆخو درێژییەکەی نزیکەی (١) سم یەک سنتیمترو پانیەکەی (٢\١)سم نیو سەنتمتر. ئەم کوێرە گلاندە ناسراوە بەگلاندی منداڵی لەبەرئەوەی کاریگەری تەنها لەقۆناغی منداڵی هەیەو لەقۆناغی هەرزەکاریدا دەپووکێتەوەو ئەو گرنگیەی نامێنێ (*السيد، ص٥٣*). بارستایی ئەم گلاندە بەپێ ی جۆری بوونەوەرەکان دەگۆڕدرێت، بۆ نموونە بارستایی زۆر گەشەی کردووەو گەورەیە لەلای خشۆکەکان. تەنانەت لەلای جۆری (الورل)ی خشۆک لەشێوەی چاوی سێیەمدایە لەناوەڕاستی سەریانەو ناو دەبرێت بە(پینیەلە چاو). هەروەها فەیلەسوفی فەرەنسی (دیکارت) لەو بڕوایەدا بوو کەئەم کوێرە گلاندە لانەو شوێنی گیانی مرۆڤایەتیە (*الروح الأنسانية*).

بەلام ئەوەی تاوەكو ئێستا زانراوە لەسەر كاریگەری ئەم گلاندە ئەوەیە كەكارو چالاكیەكانی سێكسە گلاند ڕێك دەخات و نامیلێت خاسیەت و سیفاتەكانی سێكسی تاوەكوو قۆناغی هەرزەكاری دەربكەوێت. بەلام ئەگەر ئەم گلاندە تووشی نەخۆشی و كەمو كورتی بوو ئەوكاتە كار دەكاتە سەر گەشەكردنی منداڵ و زۆر خاسیەت و سیفاتی قۆناغی هەرزەكاری لەلای ئەو منداڵە دەردەكەوێت، بۆ نموونە ئەو منداڵە ئەگەر تەمەنی (٥) پێنج ساڵان بێت، ئەوكاتە دەنگی وەك هەرزەكارێكی (١٢) سالان گردەبێت، ڕیش و سمێلی دێت و سێكسە گلاند دەكەوێتە چالاكی خۆی، هەروەها ئەگەر لەسەردەمی منداڵیدا ڕێژەی زۆر زیاتر بوو ئەوكاتە دەبێتە هۆی مردنی منداڵەكە.

٢) پیتویتەرییە گلاند (الغدة النخامية) (Pituitary Gland):

ئەم كوێرە گلاندە دەكەوێتە ژێر مۆخەوە، لەبەشی خوارەوەی ناو كاسەی سەرەو كێشەكەی نزیكەی (١\٢)غم نیو گرامەو ناو دەبرێت بەدایكە گەورەی گلاندەكان، چونكە كاریگەری و ڕۆڵی گرنگی هەیە بەسەر هەموو گلاندەكانی ترەوە. ئەوەی تاوەكوو ئێستا زانراوە، ئەم كوێرە گلاندە (بەشی پێشەوەی) نزیكەی (١٢) دوانزدە جۆر هۆرمۆن بەرهەم دەهێنێ، لەهەمووشیان گرنگتر هۆرمۆنی گەشەكردنە كەڕۆڵێكی ترسناكی هەیە لەسەر چارەنووسی مرۆڤ، چونكە كاریگەری هەر لەسەرەتای دروست بوونی كۆرپەلە لەناو منداڵدانی دایكدا هەیە، ئەگەر ڕێژەی ئەم هۆرمۆنە لەخوێندا كەم بكات دەبێتە هۆی وەستان و گەشە نەكردنی ئێسقانەكانی منداڵ و كورتە بالایی هەروەها كار لەژیری و زیرەكی و كرداری سێكسی ئەو منداڵە دەكات.

هەندێك جار لەڕێگەی دەرزییەوە ئەو هۆرمۆنە دەدرێت بەو جۆرە منداڵانە بۆ ئەوەی گەشەكردنیان خێرا بكرێت. بەلام ئەگەر هۆرمۆنی گەشەكردن لەقۆناغی هەرزەكاریدا كەمی كرد ئەو كاتە دەبێتە هۆی قەڵەوی زیاد لەپێویست و پەك خستنی هێزی سێكسی، بەلام ئەگەر ڕێژەی هۆرمۆنی گەشەكردن لەقۆناغی منداڵیدا زیاد بوو ئەو كاتە

گەشەکردن زۆر خێرا دەبێت و ئەو جۆرە مندالانە زەبەلاح و زۆر درێژ دەبن، چونکە ئێسقانەکانی لەشیان زیاد لەپێویست گەشە دەکەن. بەلام ئەگەر دوای قۆناغی منداڵی رێژەکەی زیادی کرد، ئەوکاتە گەشەکردنە زیادەکە بەپانی دەبێت و شان و دەست و قوڵەکانی زیاد لەپێویست گەشە دەکات و دەم و چاوو چەناگەی تووشی هەڵئاوسان و شێواندن دەبن. (*عیسوی، ص٥٩*).

٢) *سیرۆیدە گلاند (الغدة الدرقیة)* (*Thyroid Gland*):

شوێنی ئەم کوێرە گلاندە بەشی پێشەوەی ملەو دەکەوێتە ئەم لاو ئەولای بۆری هەناسەدانەوە کێشەکەی نزیکەی (١٠-١٥) گرامە، ئەم کوێرە گلاندە هۆرمۆنی سیرۆکسین بەرهەم دەهێنێت و فەرمانی سەرەکی رێکخستنی چالاکیەکانی شانەکانی لەشە لەپرۆسەی میتاپۆلیزم (تێکدان و بنیاتنان) (*آغا، ص١١١*). هەروەها جگەریش بەرێژەیەکی کەم هۆرمۆنی سیرۆکسین بەرهەم دەهێنێ، سەرچاوەی سەرەکی دروست بوونی سیرۆکسین ماددەی (یۆدە) کەلەماسی و ئاوو زۆر خواردنی تردا هەیە.

ئەگەر رێژەی سیرۆکسین لەخوێندا کەمی کرد ئەو کاتە دەبێتە هۆی گەشەنەکردنی درێژی ئێسقانەکان، بەڵکو بەشێوەی پانی گەشە دەکەن و دەبنە هۆی قەڵەوی زیاد لەپێویست، هەروەها درەنگ دەرهاتنی ددانی منداڵ، لاوازی هێزی سێکسی و ژیری ئەو جۆرە مندالانە، درەنگ پێ گرتن و فێربوونی زمان، بەلام ئەگەر لەقۆناغی هەرزەکاری و کامڵیدا رێژەی سایرۆکسین کەمی کرد ئەوکاتە دەبێتە هۆی گێژی و شت لەبیرکردن و پرچ هەڵوەرین، سستی و هیلاک بوون. بەلام زیاد بوونی رێژەی سیرۆکسین دەبێتە هۆی زیاد بوونی لێدانی دڵ، دڵەراوکێ، زیاد بوونی گەشەکردن، زۆر جووڵە کردن (ماخۆلان) ئۆقرە نەگرتن لەشوێنێکدا، زوو هەڵچوون، زیاد بوونی هەناسەدان، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای لەش.

گومانی تیدانیە کەمی یۆد لەخوێ و ئاوو خۆراکدا دەبیتە هۆی هەڵئاوسانی سیرۆیدە گلاند تەنانەت ئەگەر ئافرەتی دوو گیان بەڕێژەی پێویست یۆد وەرنەگرێت و لەناو خۆراکەکەیدا نەبێت، ئەو کاتە منداڵەکەی ناو سکی دوای لەدایک بوونی یەکسەر تووشی هەڵئاوسانی ئەم کوێرە گلاندە دەبێت و ناتوانێت هۆرمۆنی سیرۆکسین بەرهەم بهێنێت و ئەگەر چارەسەر نەکرێت و ماددەی یۆدی نەدرێتێ ئەوا تووشی کورتە باڵایی و زۆربەی ئەو خاسیەت و سیفاتانەی سەرەوە دەبێت.

٤) ماوسیکانی سیرۆد (جارات الدرقیة) (Para thyroid):

ئەمانەش بریتین لەچوار بەشی بچوک کەهەر جووتەی دەکەوێتە تەنیشت لایەکی بۆری هەناسەدان، ئەرکی سەرەکیان ڕاگرتنی ڕێژەی کالیسیۆم و فۆسفۆرە بەشێوەی پێویست لەناو خویندا، ڕێژەی ئاسایی کالیسیۆم لەناو خویندا (٠٠٨ر) و (٠١٠ر) بەلام ئەگەر ڕێژەکەی کەم بووەوە بۆ (٠٠٦ر) یان کەمتر ئەو کاتە مرۆڤ هەست بەژانە سەرو ئازار لەدەست و قاچ و بێ هێزی و گێژی و زوو هەڵچوون و بێزاری دەکات. بەلام زیاد بوونی چالاکیان دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ڕێژەی کالیسیۆم لەئێسقانەکان و تووش بوونیان بەئێسکە نەرمەو زوو شکاندنیان و شێواندنی پەیکەری ئێسکی ئەو مرۆڤە.

٥) تیموسە گلاند (الغدة التیموسیة) (Thymus Gland):

ئەم کوێرە گلاندەش ناو دەبرێت بەکوێرە گلاندی منداڵی لەبەرئەوەی تەنها لەقۆناغی منداڵیدا کاریگەری هەیەو لەقۆناغی هەرزەکاری و کامڵیدا دەپووکێتەوەو دەکەوێتە بەشی سەرەوەی بۆشایی سنگەوە، ئەوەی شایانی باس کردن بێت تاوەکو ئێستا زانست نەیتوانیوە پەی بەنهێنی و کارو فەرمانە سەرەکیەکانی ببات. بەلام تەنها ڕاستی کەبزانرێت ئەوەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەپێ ی گەورە بوونی منداڵ کێش و بارستاییەکەی کەم دەبێتەوە. هەروەها ئەوەش زانراوە ئەگەر ئەم کوێرە گلاندە تووشی نەخۆشی

ببێت ئەوا دەبێتە هۆی درەنگ پوکاندنەوەی پینیەلە گلاند (الغدة الصنوبرية)و دوجارایش کار کردن لەگەشەکردنی منداڵ و دواکەوتنی پێ گرتن و ژیری، هەروەها هەڵئاوساندنی ئەم کوێرە گلاندە دەبێتە هۆی تەنگە نەفەسی و دیارکەوتنی هەندێک نیشانە کەنزیکە لەنیشانەکانی نەخۆشی (ڕەبۆ).

٦) ئەدرینالینە گلاند (الغدة الأدرنالينية) (Adrenal Gland):

ئەم دوو کوێرە گلاندە هەریەکەیان دەکەوێتە پشت گورچیلەکانەوەو لەدوو بەش پێک دێن، یەکەمیان توێکڵ و بەشی دەرەوەی گلاندەکەیەو بەشی دووهەمیشیان کاکڵ و ناووکی گلاندەکەیە، کەهەریەکەیان جۆرە هۆرمۆنێک بەرهەم دەهێنێت جیاواز لەئەوی تر، بەشی دەرەوە، واتە توێکڵی ئەم کوێرە گلاندە هۆرمۆنی کۆرتیزۆل و کۆرتیکوستیرون دروست دەکات (أغا، ص١١٦) کەیارمەتی بەردەوام بوونی چالاکی ماسوولکەکان و بەرگری کردن لەنەخۆشیەکان دەدات، ئینجا ئەگەر ڕێژەی ئەو هۆرمۆنانە لەخوێندا کەم بوو ئەو کاتە ئەو مرۆڤە تووشی تەمبەڵی و گێژی و زەین کوێری دەبێت و سەبرو ئارامی لاواز دەبێت و توانای بەردەوام بوونی لەسەر ئەرک و چالاکیەکانی نامێنێت.

بەڵام ئەگەر ڕێژەی لەخوێندا زیاد بوو ئەوکاتە دەبێتە هۆی زیاد بوونی دەرکەوتنی خاسیەت و سیفاتەکانی نێرایەتی لەلای نێرو مێ، واتە ئەگەر ئافرەت بوو ئەوا وەک پیاو دەنگی گڕ دەبێت و ڕیش و سمێڵی دەردێت. بەڵام ناوک و کاکڵەی ئەم کوێرە گلاندە هۆرمۆنی ئەدرنالین دروست دەکات و پەیوەستە بەکۆئەندامی دەماری ئۆتۆنۆمیەوە بەتایبەتی کۆئەندامی سمپساوی، کەزیاد بوونی ئەم هۆرمۆنە لەخوێندا دەبێتە هۆی زیاد بوونی لێدانی دڵ، زیاد بوونی هەناسەدان، زۆربوونی ڕێژەی شەکر لەخوێنداو درەنگ هێلاک بوونو لەکارخستنی کرداری هەرس کردن و وەستانی پڕژانی لیکەگلاند، کەئەم گۆڕانکارییە فسیۆلۆژیانە یارمەتی مرۆڤ دەدات کەزاڵ بێت بەسەر ئەو بارودۆخانەی

دەبێتە هۆی هەڵچوون و هەرەشە كردن لەبوونی. بەڵام ئەگەر بەردەوام ڕێژەی لەخوێندا زیاد بوو ئەوا دواجار مرۆڤ تووشی كۆمەڵێك نەخۆشی سایكۆسۆماتی دەكات.

٧) پەنكریاس (Pancreas):

ئەم گلاندە هەردوو جۆرەكەی لەخۆی گرتووە، واتە كوێرە گلاندیشەو لەهەمان كاتیشدا جۆگەلەدارە، پەنكریاس گلاندیكی گەورەیەو كێشەكەی نزیكەی (٨٠-٩٠) گرامەو، دەكەوێتە ژێر گەدەوە. دوو جۆرە كرداری جیاوازی لەیەكتری هەیە:ــ

ا) وەكو گلاندیكی جۆگەلەدار، دیوی دەرەوەی سێ جۆر گوشراو (ئەنزیمات) بۆ هەرس كردنی (چەوری، پرۆتینات، كاربۆهیدرات) دەڕژێنێتە ناو گەدەو ڕیخۆڵەی دوانزە گرێ وە.

ب) بەڵام بەشی ناوەوەی پەنكریاس هۆرمۆنی ئەنسۆلین بەرهەم دەهێنێت كەڕێژەی شەكر لەخوێندا دیاری دەكات، بەڵام ئەگەر پەنكریاس نەیتوانی بەڕێژەی گونجاو ئەنسۆلین دروست بكات، ئەو كاتە كەمی دەبێتە هۆی تووش بوون بەنەخۆشی شەكرە، بەڵام زیاد بوونی ئەنسۆلین دەبێتە هۆی سووتاندنی شەكر لەخوێنداو ئەمەش دەبێتە هۆی تێك چوونی چالاكیەكانی كۆئەندامی دەماری ناوەندی و هەست كردن بەبرسێتی و هیلاكی و ڕەنگ زەرد هەڵگەڕان و هەست كردن بەسەرما.

٨) سێكسە گلاندەكان (الغدد الجنسية) (Sexual Gland):

سێكسە گلاندەكان بریتین لەهەردوو گوون لەلای نێرو هێلكەدان لەلای مێ هەریەكەیان دوو جۆر دەرهاویشتنی جیاوازی هەیە، (١) دەرەكیە، ئەویش دروست كردنی خانەكانی زاوزێ كردنە (سپێرم- [نێر]- هێلكە - [مێ]) (٢) ناوەكیە، ئەویش بەرهەم هێنانی هۆرمۆناتی سێكسە. هەردوو گوون سێ (٣) جۆر هۆرمۆنی نێرایەتی دروست دەكەن لەهەموویان گرنگتر تیتیستیرون (Testesterone) هەروەها ڕێژەیەكی كەمیش

لەهۆرمۆنی مێ یەتی ئەستروجین بەرهەم دەهێنێت، بێگومان ئەرك و فەرمانی هۆرمۆنی نێرایەتی پێ گەیاندن و خستنەگەڕی ئەندامی زاوزێ یەو دەرخستنی نیشانەكانی نێرایەتیە وەك دەنگ گڕبوون، ڕیش و سمێڵ، تووكەبەرو بن هەنگڵ، زیاد كردنی گەشەی ماسوولكەكان. بەڵام هەردوو هێلكەدان هۆرمۆنەكانی مێ یایەتی وەك ئەسترۆجینو بروجستیرون دروست دەكەن و لەگرنگترین ئەركو فەرمانەكانیشیان پێ گەیاندنی ئەندامەكانی زاوزێ، دەرخستنی نیشانەكانی مێ یایەتی وەك گەورەبوونی مەمك، كۆكردنەوەی چەوری لەهەندێك بەشی لەشی ئافرەت، نەرم و ناسكی ماسوولكەكانی.

شایانی ئاماژە بۆ كردنە كەهەردوو هۆرمۆنی نێرایەتی و مێ یایەتی لەلای هەردوو توخمەكە هەیە، بەڵام ڕێژەی هۆرمۆنی مێ یایەتی لەلای نێر كەمە بەڵام ڕێژەی هۆرمۆنی نێرایەتی زۆرترە لەبەرئەوە نیشانەو خاسیەتەكانی نێرایەتی بەزۆری لەلای دەردەكەوێت بەڵام لەلای مێ بەپێچەوانەوە بەڵام ئەگەر سێكسە گلاندەكان تووشی نەخۆشی و كەم و كورتی هاتن و ڕێكەوتی كرد ڕێژەی هۆرمۆنی مێ یایەتی لەلای نێر زیادی كرد ئەو كاتە زۆر نیشانەو خاسیەتی ژنانە لەلای ئەو نێرە دەردەكەوێت وەبەپێچەوانەشەوە لەلای مێ. وە زۆر توێژینەوە لەسەر گرنگی ئەو هۆرمۆنانە كراوە (بۆ نموونە هۆرمۆنی نێرایەتیان لەكەڵەشێر وەرگرتووەو داویانە بەمریشك و بەپێچەوانەشەوە هۆرمۆنی مێ یایەتیان لەمریشك وەرگرتووەو داویانە بەكەڵەشێر. دوای ئەو كردارە زۆر ڕەوشتی كەڵەشێرو ئەو مریشكە گۆڕاوە، یەكسەر مریشك وەك كەڵەشێر دەستی كردووە بەقوقە قوق و شەڕانی بووەو، كەڵەشێریش دەستی كردووە بەگارە گارو لەسەر هێلكە پاڵ كەوتووەو نۆد سیفاتی نێرایەتی خۆی لەدەست داوە) (عیسوی، ص ٦٠).

هەستەوەرەکان
هەستەوەری بینین
هەستەوەری بیست
هەستەوەری بۆنکردن
پرۆسەی هەستکردن
پرۆسەی زانین و درکپێکردن
گەشەی جووڵەی منداڵ

هەستەوەرەكان (گرنگی و چۆنیەتی گەشەكردنیان)

هەستەوەرەكان (الحواس) یەكەم دەروازەی چوونە ژوورەوەی زانیارییەكانە بۆ ناو كۆئەندامی دەماری ناوەندی (الجهاز العصبي المركزي)، هەر لەڕێگەی ئەو هەستەوەرانەوە مرۆڤ شارەزای ژینگەو دەوروبەرەكەی دەبێت، هەریەك لەو هەستەوەرانە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و جۆرە وورووژێنەرێك (مثير) وەردەگرێت كەجیاوازە لە وورووژێنەری هەستەوەرەكانی تر، بۆ نموونە هەستی بینین تەنها ئەو وورووژێنەرانە دەناسێتەوەو هەستیان پێدەكات كەلەشێوەی شەپۆلە ڕووناكی دەگوازرێنەوە، واتە چاو تەنهامامەڵە لەگەڵ ڕووناكی دەكات. هەروەها گوێ لەگەڵ دەنگەكان و بۆنیش لەگەڵ تەن و شتە بۆندارەكان.

بەم شێوەیە یەكەم ئامرازی سەرەكی هەست و زانین و شارەزایی و زانیارییەكان هەستەوەرەكانن، ئینجا خوانەخواستە ئەگەر یەكێك یان زیاتر لەیەكێك لەو هەستەوەرانە تووشی كەم و كورتی و نووقستانی بوو ئەوا دەلاقەو كەلێنی گەورە دەكەوێتە گەشەكردنی ئاسایی زانیاری و ژیری ئەو كەسانەی تووشی ئەو نووقستانیە بوون، هەر لەبەر ئەمەشە دەبێت گرنگیەكی تەواو بەساغ و سەلامەتی هەستەوەرەكان و چۆنیەتی گەشەكردنیان بدرێت.

بۆ بەدی هێنانی ئەم مەبەستەش بەردەوام زۆر لەزانایان لەهەوڵی ئەوەدا بوون كەچۆنیەتی گەشەكردنی زانیارییەكان و هەستەوەرەكان پێ بزانن، بەڵام بەداخەوە نەیان توانی زانیاری تەواو دەربارەی هەستەوەرەكان و چۆنیەتی گەشەكردن و ڕادەی پێگەیشتنیان لەقۆناغی شیر خۆریدا بەدەست بهێنن، ئەوەش بەپلەی یەكەم بۆ ئاسكی قۆناغی شیرە خۆری دەگەڕێتەوە، چونكە لێتوێژینەوەو كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر منداڵی شیر خۆر كارێكی ئاسان نیەو پێویستی بەكەرەستەو ئامرازی زۆر هەستیارو جۆراو جۆر و كەسانی پسپۆر و شارەزا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهەوڵ و كۆششی ئەو توێژەرو زانایانە، توانراوە زانیارییەكی باش دەربارەی هەستەوەرەكانی منداڵ و ڕادەی گەشەكردن و چۆنیەتی فێربونی زانیاری دەست بكەوێت، تەنانەت لەقۆناغی شیر خۆریشدا كەدووساڵی یەكەمی ژیان دەگرێتەوە.

١- هەستی بینین:-

هەرچەندە میكانیزمە دەمارییە سەرەكیەكانی بینین هەر لەهەفتەی سێهەمی دروست بوونی كۆرپەلە لەناو منداڵدانی دایكەوە دەست بەدروست بوون و گەشەكردن دەكەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كاتێك منداڵ لەدایك دەبێت، هێشتا كۆئەندامی دەماری ماسوولكەیی (الجهاز العصبي العضلي) تایبەت بەبینین لەلای بەتەواوی گەشەی نەكردووە (كونجر، ١٩٧٠، ص ١٢٤).

كۆرپەلە یەكسەر دوای لەدایك بوون لەتوانایدا هەیە، لەڕێگەی چاو داخستن و كردنەوەی وەڵامی ڕووناكی زۆر بەهێزو لەناكاو بداتەوە، بەڵام لەسەرەتادا ئەو وەڵامدانەوەیە زۆر كزو لاوازەو

تەنها بۆ رووناکی زۆر بەهێزە ، بەلاّم دوای ئەوەی کەبەشەکانی چاوو هەستە دەمارەکان ووردە گەشەدەکەن، ئەو کاتەش لەتوانای چاودا هەیە کە وەلاّمی ئەو رووناکیە بەهێزو لاوازانە بداتەوەو رۆژ لەدوای رۆژیش شارەزایی زیاتری دەربارەیان دەست بکەوێت، لەقۆناغی شیرە خۆریدا زۆر گۆڕانکاری گرنگ بەسەر هەستی بینیندا ڕوودەدات، لەگرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن:-

منداڵی شیر خۆر یەک دوو هەفتە دوای لەدایک بوونی دەتوانێت سەرنجی ئەو خاڵە رووناکیە ڕەنگاو ڕەنگە جووڵاوە بدات کەلەبەرانبەری لەسەر شاشە یان دیوارێک پیشانی دەدرێت، تەنانەت هەندێک جاریش ڕەنگەکان لەیەکتری جیا بکاتەوە . دەرئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەیەکسەر دوای لەدایک بوون لەتوانای منداڵی شیرخۆردانیە کە بەهەردوو چاوی پێکەوە شتەکان ببینێ، بەلاّم لەتوانای شیرخۆردا هەیە کەلەدەوروبەری سێ مانگیدا لەیەک کاتدا بەهەردووچاوی سەیری یەک شت بکات و پێکەوە هەستی پێبکات، لەکاتێکدا کەلەپێش سێ مانگیدا هەر چاوەی ڕوو لەلایەک دەکات و لەوە دەچێت کەتووشی خێلی بووبێت (معوج، ١٩٩٤، ص١٧٦)، بێگومان ئەمەش بۆ پێنەگەیشتنی ماسوولکەو هەستە دەمارەکانی چاوی دەگەڕێتەوە.

منداڵی شیرەخۆر بۆ یەکەم جار لەدەوروبەری مانگی پێنجەم و شەشەمی ژیانیدا دەتوانێت دایکی خۆی بناسێتەوەو لەئافرەتانی تری جیا بکاتەوە، هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی ئەوەی کەمنداڵ کاتێک چاوی بەدایکی دەکەوێت دەست بەزەردەخەنەو خۆشی بکات و لەکاتی برسێتی و تینوێتیدا دەست بەگریان و هاوار بکات، لەلایەکی تریشەوە هەر لەدەوروبەری پێنج شەش مانگیدا لەدەم و چاوی کەسانی نامۆو نەناسراو دەترسێت و لێیان دوور دەکەوێتەوەو پەنا بۆدایکی دەبات، لەمانگی پێنجەمی ژیانیدا لەتوانای منداڵی شیر خۆردا هەیە کە دەست و چاوەکانی لەیەک کاتدا بۆ هەست پێکردنی شتەکان بەکار بهێنێ، هەروەها لەتوانایدا هەیە، کەلەسێ مانگیدا ڕەنگەکان هەست پێبکات، بەتایبەتیش ڕەنگە زەق و بریقەدارەکان، وە لەمانگی نۆهەمی ژیانیدا دەتوانێت شتی ووردی وەک دەرزی (دەنبوس) ببینێ و هەڵیشی بگرێت.

منداڵ لەقۆناغی پێش چوونە قوتابخانە شتە دوورەکان زیاتر لەشتە نزیکەکان و ووشە گەورەو شاشەکان زیاتر لەووشە بچووکەکان دەبینێ هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی کەمنداڵ لەساڵی یەکەم و دووهەمی چوونە قوتابخانەی بەزەحمەت ووشە بچووک و نزیکەکانی بەردەمی بخوێنێتەوەو زۆر جاریش لەئاکامی ئەوەدا تووشی ژانە سەرو چاوو ماندوو بوون ببێت، چونکە دەبێت چالاکی و ماندوو بوونێکی زۆر بۆ خوێندنەوەی ئەو ووشانە تەرخان بکات، ئەمەش بەپلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەزۆربەی منداڵان لەسەرەتای چوونە قوتابخانەیان تووشی حاڵەتی درێژ (دوور) بینی (طول النظر) دەبن. (السيد، ١٩٧٤، ص ١٤٠-١٤١). کەناوەڕۆکی ئەم حاڵەتەش ئەوەیە منداڵ لەو قۆناغەدا ، دەتوانێت بەئاسانی و بەڕوونی شتەدوورەکان ببینێ بەلاّم بەزەحمەت و بەلێلی و تەم و مژاوی شتە نزیکەکانی بۆ دەخوێندرێتەوە.

٢- هەستی بیستن:-

هەستەوەری بیستن لەگرنگیدا لەدوای هەستەوەری بینین بەپلەی دووهەم دێت و گرنگیەکی زۆری لەگەشەکردنی زانیاری و شارەزایی منداڵدا هەیە بەتایبەتیش گەشەکردن و فێربوونی زمان، چونکە هەستەوەری بیستن تایبەتە بەوەرگرتن و تێگەیشتنی شەپۆلە دەنگەکان، خۆشمان دەزانین کە زمانیش بریتیە لەژمارەیەک هێماو ووشەو دەنگی جیاجیا کە هەستەوەری بیستن ڕۆڵی ترسناکی لەفێربوونیدا هەیە، ئینجا هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەو منداڵانەی تووشی کەڕی یان گوێ گرانی بوون، کەم و کورتی زۆر لەگەشەکردنی زمانیاندا بەدی دەکرێت و زمانیان وەک منداڵی ئاسایی پاراوو دەوڵەمەند نابێت.

کۆئەندامی بیستنی منداڵ هەر لەدوای لەدایک بوون ئەوەندە گەشەی کردووە کەشیرە خۆرە بتوانێت بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی خۆی سوودیان لێوەربگرێت، هەرچەندە لەچەند ڕۆژی یەکەمی ژیانیدا تووشی هەندێک گیروگرفتی بیستن دەبێت، ئەویش بەپلەی یەکەم بۆ ئەو پیسی و شلە تایبەتیە دەگەڕێتەوە کە لەدوای لەدایک بوون بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک جۆگەلەی گوێی دەگرێت و ناهێڵێت شەپۆلە دەنگەکان بەئاسانی بگەنە هەستە دەمارەکانی بیستن، بەڵام ووردە ووردە لادەچێت و هەستەوەری بیستن بەکاری خۆی هەڵدەستێت.

لەهەفتەی یەکەم و دووهەمی ژیانیدا، لەتوانای منداڵی شیرە خۆردا هەیە کە جیاوازی لەنێوان ئەو دەنگانەدا بکات کە ڕەزم و ئەزمی (لحن وإيقاع) تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام تەنها دەیان بیستێ بەبێ ئەوەی هیچ لەماناکانیان تێبگات چونکە شارەزایی و زانیاری لەبارەیانەوە نیە، زۆر بەڵگەی زیندووش هەیە ئەوە دەسەلمێنن، کەمنداڵ هەر لەدوای لەدایک بوونەوە یەکسەر توانای بیستنی هەیە، یەکێک لەو بەڵگانەش ئەوەیە، ئەگەر منداڵی شیر خۆر گوێ بیستی دەنگێکی بەرز ببێت ئەوا یەکسەر پێڵوەکانی چاوی دادەخات و تووشی هەناسە سواری و هەندێک جووڵەی دەست و قاچ دەبێت.

٣- هەستی بۆن کردن:-

هەندێک لەزاناکان لەو بڕوایەدان کەلەتوانای منداڵی تازە لەدایک بوودا هەیە کە بۆنە خۆشەکان لەبۆنە ناخۆشەکان جیا بکاتەوە، بەڵام هەندێکی تریان لەو باوەڕەدان کەمنداڵی تازە لەدایک بوو زۆر بەزەحمەت دەتوانێت بۆنە لاواز و کەمەکان هەست پێ بکات.

٤- تام و چێژ کردن:-

زۆربەی دەرئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەستی تام و چێژ کردن لەلای منداڵی تازە لەدایک بوو زۆر زۆر لاوازەو هەمان وەڵامدانەوەی بۆ هەموو تامەکانی وەک (خوێ، شەکر، ترشی، تفتی، تاڵی) هەیە، کەئەمەش بەڵگەیە بۆ لاوازی ئەو هەستەوەرە لەسەرەتای لەدایک بووندا، بەڵام پاش چەند ڕۆژێک لەدایک بوون زۆر بەخێرایی گەشە دەکات و تادەگاتە

ئەو ئاستەی كەلەتەمەنی دوو هەفتەیدا بتوانێت شتە شیرینەكان لەترشەكان جیابكاتەوە، بەڵگەی زۆریش هەیە كەمنداڵ لەو تەمەنەدا لەسەر مژینی شتە شیرینەكان بەردەوام دەبێت بەڵام قێزو بێز لەشتە ترشەكان دەكات و نایان مژێت. (كۆنجر، ١٩٧٠، ص١٣٦) .

٥- هەست كردن بەبەركەوتنی پێست:-

بەركەوتن و پێستی منداڵ زۆر هەستیارە بۆ وورووژێنەرو گۆڕانكارییەكانی چواردەوری، بۆ نموونە بچووكترین دەست لێدانی لێوو ڕوومەتی منداڵی تازە لەدایك بوو دەبێتەوە هۆی دەم جووڵان و مژینی منداڵ و سەروەر گەڕاندنی، هەروەها بچووكترین دەست لێدانی لووتی منداڵ دەبێتە هۆی چاو داخستنی، لەلایەكی تریشەوە منداڵ بەئاسانی هەست بەگۆڕانكارییەكانی پلەی گەرما دەكات، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە كەئاستی چالاكی منداڵ لەسەرمادا بەرزدەبێتەوە بەڵام لەگەرمادا نزم دەبێتەوە، هەروەها ئەگەر شیری منداڵ لە(٥٠) پەنجا پلەی سەدی گەرمترو لە(٢٣) بیست و سێ پلە ساردتر بێت ئەوا ئەو منداڵە تووشی بێزاری و مژینی پچڕ پچڕ و تەپ و تل و جووڵەی زیاد دەكات.

پرۆسەی هەست كردن (عملیة الأحساس)

ئەو پرۆسەیە كە بوونەوەر لەمیانەی هەستەوەرەكانیەوە وورووژێنەرەكانی ناوەوەو دەرەوەی خودی خۆی هەست پێدەكات بەبێ ئەوەی لەماناو ناوەرۆكەكانیان بگات، واتە هەستەوەرەكان تەنها وورووژێنەرەكان و گۆڕانكارییەكان وەردەگرن و لەڕێگەی هەستەدەمارەكانەوە (الأعصاب الحسیة) دەگەنە كۆئەندامی دەماری ناوەندی بەبێ ئەوەی ماناكانیان لێك بدرێتەوە، گومانیشی تێدانیە كەمنداڵ دوای لەدایك بوون تەنها لەتوانایدا هەیە كەهەست بەوورووژێنەرو گۆڕانكارییەكانی چواردەوری بكات بەبێ ئەوەی لەماناكانیان تێبگات، بۆ نموونە لەتوانای منداڵی تازە لەدایك بوودا هەیە كەهەست بەدەنگی دایك و باوك و كەسانی چواردەوری بكات بەڵام هیچیان لێحاڵی نابێت هەروەها دەتوانێت كەسەكان ببینێ و بۆنەكان بكات بەڵام بەبێ ئەوەی بیان ناسێت و لێكیان جیا بكاتەوە، بەڵام وورده وورده ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وورووژێنەرەكان ئاشكرا ترو ڕوونتر دەبن و منداڵ زانیاری لەبارەیانەوە پەیدا دەكات و ئیتر پرۆسەكە لەهەست كردنەوە بۆ زانین دەگۆڕدرێت.

پرۆسەی زانین (عملية الادراك)

وەک لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد یەکەم قۆناغی زانینی دیاردەکان و ووروژێنەرەکانی ژیان پرۆسەی هەست کردنە، بەڵام دوای زیاد بوونی شارەزایی و چەندجار ڕوو بەڕوو بووونەوەی دیاردەکان، وورده وورده ووروژێنەرو دیاردەکان دەناسرێنەوەو منداڵ پێیان ئاشنا دەبێت، ئالەم کاتەدا دەتوانین بڵێین پرۆسەی زانین لەلای منداڵ سەری هەڵداوە، مەبەست لەپرۆسەی زانینیش ئەوەیە کەمنداڵ ووروژێنەرو دیاردەکانی ژیان لێک بداتەوەو هەریەکەیان مانای خۆی بداتێ، (واتە ئەگەر منداڵ ئەو دەنگەی کە گوێ بیستی دەبێت زانیتی کەدەنگی دایکە یان دەنگی باوکیەتی و ئەو کەسەی کەدەیبینێ برایەتی و ئەو بۆنەی کەدەیکات بۆنی پرتەقاڵەو ئەو شتەی کەدەستی لێدەدات ساردەو بەفری پێ دەڵێن و ئەو شتەی کەتامی دەکات شیرینەو شەکری پێدەڵێن....هتد) ئەمە مانای ئەوەیە کەپرۆسەی ژیری منداڵ لەسنووری هەست کردن دەرچووەو پێی ناوەتە سنووری پرۆسەی زانینەوە کەئەمەش زۆر پێش کەوتووترە لەقۆناغی هەست کردن، هەرچەندە پرۆسەی زانینیش هەر پشت بەهەستەوەرەکان دەبەستێت.

ئەوەی کەزیاتر دەبێت بەهاندەرو یارمەتیدەری زیاد بوونی زانیاری منداڵ و گەشەکردنی ژیری، فێربوونی زمان و ڕۆیشتن و پێگرتنی منداڵە، چونکە پێگرتنی منداڵ و ڕۆیشتنی ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی بەرفراوانتر دەکات و دەبێت بە یارمەتیدەر بۆ جێ گۆڕکێ و گەڕان و تاوتۆی کردنی دیاردەکانی ژیان، بەڵام ئەگەر منداڵ پێی نەگرتێ و فێری ڕۆیشتن نەبووبێ ئەوا بواری گەڕان و کارلێککردنی سنووردارو دیاری کراوەو ناتوانێت لەو سنوورە دەربچێت. لەلایەکی تریشەوە فێربوونی زمان هۆکارێکی ترە کەیارمەتی منداڵ دەدات بۆ ئەوەی تێکەڵاوی تاکەکانی کۆمەڵ ببێت و لەگەڵیان دا بکەوێتە گفت و گۆو مامەڵە کردن و فێربوونی زانیاری و شارەزایی لێیانەوە.

منداڵ لەسەرەتاوە فێری کەل و پەل و دیارەکانی ژینگە سنووردارەکەی خۆی دەبێ کەئەویش خێزانە واتە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ فێری مانای شتەکانی ناو خێزان و ئەندامەکانی لەشی خۆی دەبێت و لەقۆناغی دواتریشدا بەرەو ژینگەی دەرەوەی خێزانی دەڕوات.

کەواتە لەقۆناغی شیرە خۆریدا کەنزیکەی دوو(٢)ساڵ دەخایەنێ گەشەکردن و سەلامەتی هەستەوەرەکان و کۆئەندامی دەماری ناوەندی ڕۆڵی گرنگ و ترسناک لەگەشەکردنی زانیاری و ژیری منداڵدا دەبینن، هەر لەبەر ئەو گرنگی و ترسناکیەشە کەدەبێت گرنگیەکی تەواو بەسەلامەتی و گەشەکردنی هەستەوەرەکان و کۆئەندامی دەماری ناوەندی منداڵ بدرێت و ژینگەی لەبارو گونجاو بۆ پێگەیشتن و کامڵ بوونیان بڕەخسێندرێت، لەبەر ئەوەی تەنها دەروازەو تاقە کەرەستەی سەرەکین بۆ وەرگرتن و لێکدانەوەی زۆربەی زۆری دیاردەکانی ژیان.

منداڵ سێ مانگی یەکەمی ژیانی بەخەوو خواردن و گریان بەسەر دەبات و کاتێکی زۆر کەم بۆ تێگەیشتنی چواردەورو گەردوونە بەرفراوانەکەی تەرخان دەکات. بەڵام لەمانگی سێهەمی ژیانییەوە ، ئیتر منداڵ وورده وورده لەڕێگەی هەستەوەرەکانیەوە خەریکی تێگەیشتن و هەست کردنی دیاردەکانی ژیانی دەبێت، دایک و باوک بەئاسانی دەتوانن هەست بەو گرنگی و

هەوڵدانەی منداڵەکانیان بکەن، چونکە منداڵ زۆر حەز بەسەیرکردن و سەرنج دانی ڕووداوو دیاردەکانی چواردەوری دەکات و ماوەیەکی زۆر چاویان تێ دەبڕێت، هەروەها لەو ڕووداوو بینراوانەی کەزۆر جار لەبەرچاویان دووبارە دەبنەوە وەڕس دەبن و هەوڵی ئەوە دەدەن کەڕووی خۆیان بۆ ڕووداوو بینراوی نوێ و تازەتر وەربگێڕن.

منداڵ لەو کاتەوە کە لەتوانایدایە سەیری ئەو دیوی پەرژین و دیواری لانکەکەی بکات، ئیتر دەست بەهەڵهێنانی گرفت و زانینی دیاردەکانی چواردەوری دەکات. لەمیانەی مانگەکانی سێ بۆ حەفت (٣-٧) زۆر گۆڕانکاری گرنگ لەژیانی منداڵدا ڕوو دەدات کەیارمەتی گەشەکردنی زانیاری دەدەن، لەهەموویان گرنگتر یەک گرتن و پێکەوە کارکردنی هەردوو چاوو دەستەکانیەتی، واتە پێش ئەو تەمەنە زۆر زەحمەتە بۆ منداڵ بتوانێت ئەو شتانەی کەبەچاو دەیان بینێ لەهەمان کاتیشدا دەستیان بۆ درێژ بکات و بیان گرێت لەبەر ئەوەی هێشتا ئەو توانای پێکەوە کارکردنە لەلای دروست نەبووە بەلام لەمانگی چوارەمی ژیانییەوە ئەو توانستەش ووردە ووردە سەردەردەهێنێ و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش زیاتر گەشەدەکات، لەسەرەتاشدا هەرچ شتێک بکەوێتە بەردەم دەست و چاوی منداڵ ئەوا یەکسەر بۆ دەمی دەبات و گەرەکیەتی کە لەڕێگەی دەم و لێویەوە شارەزای ئەو کەرەستەو شتانە ببێت.

<u>هەست پێکردن و زانینی قوڵایی (إدراك العمق)</u>

زۆر لەزانایان لەهەوڵی ئەوەدا بوون کەبزانن منداڵ لەچ تەمەنێکدا هەست بەقووڵایی و دووری سێهەم دەکات و زانیاری دەربارەی پەیدا دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش چەند توێژینەوەیەکیان بەئاکام گەیاند ، ناوەڕۆکی ئەو توێژینەوانەش بریتی بوو لەدانانی سندوقێکی شووشە کە لەسەرێکیان (A) لەسەر شووشەکە کۆمەڵێک چوار گۆشەی ڕەش و سپی (وەک شەترەنج) دروست کرا بەلام لەژێر شووشەی سەرەکەی ترلەقووڵایدا پەڕۆیەکی نەخشە کێشراو بەچوار گۆشەی ڕەش و سپی دانرا (B) کە گوزارشتی لەقوڵایی و بەرزی دەکرد، ئالەم کاتەدا منداڵێکی شیرە خۆریان دەهێناو لەو سەری کەلەسەر شووشەکە چوار گۆشە ڕەش و سپیەکان کێشرا بوو(A) منداڵەکە دادەنرا و دایکی منداڵەکەش لەو سەری (B) سندوقەکە بانگی منداڵەکەی دەکردو هانی دەدا لەسەر گاگۆڵکێ بەرەو لای خۆی، دوای چەند جار دووبارە کردنەوەی ئەو تاقی کردنەوەیە بۆ زۆربەی زاناکان دەرکەوت کەمنداڵی شیرە خۆرەی تەمەن (٦) شەش مانگ کاتێک دەگاتە ئەو هێڵەی کەبەشی (A) و (B) لەیەکتری جیادەکاتەوە یەکسەر دەوەستێت و بەهیچ شێوەیەک ناپەڕێتەوە بۆ بەری (B) چونکە وای دەزانی کەئەوە بەرزیەو دەکەوێتە خوارەوە، هەرچەندە دایکیشی لەئەو بەر (B) بانگی دەکردو هانی دەدا. لەدەرئەنجامی ئەو جۆرە توێژینەوانە زۆر لەزاناکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ئەگەر هەست کردن و زانینی قوڵایی توانستێکی بۆ ماوەش نەبێت ئەوا لەتەمەنێکی زۆر بچووکدا لەلای منداڵ و بێچووی ئاژەڵ گەشەدەکات. لەبەناو بانگترین ئەو زانایانەش کەلەم جۆرە تاقی کردنەوانەیان کرد زانایان (جبسون)و (وەڵک) (Gibson and Walk) بوون کە لەساڵی (١٩٦٠) بەئاکامیان گەیاند. (زهران، ١٩٨١، ص١٣٤).

ئەو ووروژێنەرو شتانەی كە زیاتر سەرنجی شیرە خۆر ڕادەكێشن كامانەن؟:-

دەرەنجامی توێژینەوەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن، كەئەو ووروژێنەرو شتانەی لەحاڵەتی جووڵەو گۆڕاندان زیاتر لەوانەی كەوەستاوو نەگۆڕن سەرنجی شیرە خۆر بۆ خۆیان ڕادەكێشن و سەیریان دەكەن. بۆ نموونە ئەگەر منداڵی شیرەخۆری تەمەن (٥) پێنج ڕۆژە خەریكی مژینی مەمكی دایكی بێت، ئالەو كاتەدا ئەگەر تیشكێك یان ڕووناكیەكی بچووك كەلەحاڵەتی جووڵەدا بێت پیشانی ئەو منداڵە بدرێت، ئەوا یەكسەر لەمەمك مژینەكە دەوەستێت و سەرنجی ئەو ڕووناكیە دەدات، كەئەمەش بەڵگەیە كەهەست بەو ڕووناكیە دەكات و هەر لەبەر ئەوەشە كە بۆ ماوەیەكی كەم لەمەمك مژین دەوەستێت.

هەروەها ئەو وێنەو هێڵكاریانەی كەبەهێڵی خوارو خێچ و چەماوە كێشراون زیاتر لەوانەی كەبەهێڵی ڕاست كێشراون سەرنجی منداڵ بۆ لای خۆیان ڕادەكێشن.لەلایەكی تریشەوە بازنە زیاتر لەچوارگۆشە سەرنجی منداڵ بۆ لای خۆی ڕادەكێشێ هەروەها ئەو وێنەو دیاردانەی كەرەنگاو رەنگن زیاتر لەوانەی كەرەش و سپین سەرنجی منداڵ ڕادەكێشن. هەر ئەو خاسیەت و سیفاتانەی سەرەوەشە كەوا لەمنداڵ دەكات لەكاتی شیر خواردندا زیاتر سەیری چاوەكانی دایكی بكات نەك ئەندامەكانی تری دەم و چاوی، چونكە چاو خاسیەتەكانی (بازنەیە، جووڵە، گۆڕانكاری) زیاتر تێدایە. (مسن، ١٩٨٦، ص١٢٢-١٢٥).

گەشەكردنی جووڵەی منداڵ

جووڵە (الحركة) لەئەنجامی گرژبوونی یەكێك لەماسوولكەكان و خاوبوونەوەی ماسوولكەیەكی تری بەرانبەری دروست دەبێت، واتە لەئەنجامی جیاوازی نێوان هەردوو هێزی ڕاكێشان و پاڵنان، جووڵە لەدایك دەبێت.

دەتوانین بڵێین كە هەموو توێژینەوەكانی كۆرپەلەزانی (علم الأجنة)، لەسەر ئەوە ڕێك كەوتوون، كە بۆ یەكەم جار جووڵەی هەرەمەكیو لەخۆوەی كۆرپەلە، لەكۆتایی مانگی دووهەمی دروست بوونی كۆرپەلەوە دەست پێ دەكات، بەتایبەتیش جووڵەی هەردوو دەست و قاچ، هەروەها لەمانگی چوارەمی ژیانیدا، كۆرپەلە بەربەرچدانەوەی تایبەتی خۆی بۆ هەندێك ووروژێنەری ناو منداڵدان و دەرەوەی هەیە، بەڵام لەمانگی هەشتەمی ژیانیدا، جووڵەی كۆرپەلە وەك جووڵەی منداڵێكی تازە لەدایك بووی لێدێت. بەڵام نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت، كە باری هەڵچوونی نائاسایی دایك وەك ترس یان تووڕە بوونی زۆر دەبێتە هۆی زیاد كردنی جووڵەی كۆرپەلە، هەروەها چەند هیلاك و ماندوو بێت، ئەوەندە جووڵەی كۆرپەلە زیاد دەكات. بەڵام كاتێك دایك خواردن دەخوات و دەحەسێتەوە، جووڵەی كۆرپەلەش كەم دەبێتەوە. لەبەرئەوە زۆر گرنگە بەردەوام دایك ئاگای لەتەندروستی و جەستەی خۆی بێت و ئەركی سەرشانی پیاوو ئەندامانی تری خێزانیشە، كە ژینگەی گونجاوو لەبار بۆ دایكی دووگیان برەخسێنن و نەهێڵن ئافرەتی سك پڕ تووشی ترس و خەم و خەفەت و دڵەڕاوكێی بەردەوام ببێت، بۆ ئەوەی كۆرپەلەكەی بەشێوەیەكی ڕاست و دروست گەشە بكات.

منداڵی تازە لەدایک بوو زۆربەی کات لەسەر پشت پاڵ کەوتووەو توانای دانیشتن و گاگۆڵکێ ی نیەو ناتوانێت لەجێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر هات و چۆ بکات، چالاکی و جووڵەکانی منداڵی تازە لەدایک بوو هەڕەمەکی و لەخۆوەیە (عشوائی)و ناڕێک و جۆراوجۆرو خێرایەو تایبەتمەندێتی تێدا نیە، هەموو ووروژێنەرێک دەتوانێت بیخاتە جووڵە، ناتوانێت بەویستی خۆی جووڵە بکات. بێگومان هەموو ئەو خاسیەتانەی سەرەوە بۆ لاوازیو پێنەگەیشتویی کۆئەندامی دەماری ناوەندی (الجهاز العصبي المركزي) ئەو منداڵانە دەگەڕێتەوە. لەلایەکی ترەوە زۆربەی جووڵەو هەڵس و کەوتەکانی منداڵی تازە لەدایک بوو پابەندە بەپرۆسە فسیۆلۆژیەکان، کە یارمەتی مانەوەی ژیانی منداڵ دەدەن وەک کردارەکانی (مژین، قووت دان، شت خستنە ناو دەمەوە، پژمین، هەناسەدان، چاوتروکاندن، ڕاچڵەکین، گرتنی هەر شتێک کە بکەوێتە ناو دەست) (زهران، ١٩٨١، ص١٠٩).

گەشەکردنی جووڵەی منداڵ، وەک هەموو لایەنەکانی تری گەشەکردن بەپێی چەند پرانسیپێک بەرەو پێشەوە دەڕوات، لەوانە:

١. منداڵ یەکەم جار بەسەر جووڵەی ئەندامەکانی بەشی سەرەوەی لەشیدا زاڵ دەبێت. بۆ نموونە لەسەرەتادا، منداڵ دەتوانێت کۆنترۆڵی جووڵەی سەرو مل و دەم و چاوی بکات، دواجار دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر چالاکی و جووڵەی ئەندامەکانی بەشی خوارەوەی لەش وەک قاچ و پێ و پەنجەکانی. لەمانگی سێهەمی دوای لەدایک بوون منداڵ لەڕێگەی هەردوو چاوەکانیەوە، دەتوانێت سەیری شتەکانی چواردەوری بکات، بەڵام زۆر بەزەحمەت دەتوانێت چاو بۆ ئەم لاو ئەو لای شتەکان بگێڕێ، لەبەرئەوەی هێشتا بەسەر جووڵەی ماسوولکەکانی چاویدا زاڵ نەبووە. بەڵام وردە وردە دوای پێ گەیشتنی ماسوولکەکانی چاوی، دەتوانێت چاو بە ئەم لاو ئەولادا بگێڕێ و سەیری شتەکانی لای ڕاست و چەپی خۆی بکات و دوای جووڵەو گۆڕانکاری کەل و پەل و شتەکانی چواردەوری بکەوێت. هەروەها دوای ماوەیەکی تر ماسوولکەکانی ملی گەشە دەکات و دەتوانێت سەری بەرز بکاتەوەو بە ئەم لاو ئەو لادا بیگێڕێ. بەهەمان شێوە دوای پێگەیشتنی ماسوولکەکانی ڕوومەت و دەم و لێوی، منداڵ لەدەوروبەری مانگی سێهەمی ژیانیدا دەتوانێت زەردەخەنە بۆ کەسانی چواردەوری پیشان بدات، هەروەها لەڕێگەی گرژبوون و گۆڕانکاری ڕوومەت و دەم و لێویەوە، دەتوانێت گوزارشت لەباری هەڵچوونی (خۆشی و ناخۆشی) بکات، کە ئەمەش دەبێت بەبناغەیەک بۆ ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و وەڵامدانەوەی دەوروبەری.

منداڵ دەتوانێت لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ژیانی، هەردوو دەستەکانی بۆ کەسانی چواردەوری بجووڵێنێ، لەسەرەتادا منداڵ هەوڵ دەدات دەست و هەموو پەنجەکانی بەیەک جار بخاتە ناو دەمیەوە، بەڵام دوای گەشەکردنی ماسوولکەکانیو زاڵ بوونی بەسەر جووڵەی دەست و پەنجەکانیدا، دەتوانێت تەنها یەک پەنجەی (بەتایبەتیش پەنجە گەورەی) بەمەبەستی مژینی بخاتە ناو دەمیەوە. هەروەها لەکۆتایی مانگی شەشەمدا، منداڵ دەتوانێت لەڕێگەی پەنجەو

نێنۆکەکانیەوە ئەو کەل و پەلانەی کە دەکەوێتە بەردەستی بیان ڕووشێنێ و هەوڵی دڕاندنیان یان کون کردنیان بدات، ئەویش بەمەبەستی شارەزا بوون و زانینی نهێنیەکانی. لەبەرئەوە زۆر پێویستە کە ڕێگە بەمنداڵ بدرێت، بۆ ئەوەی بەئارەزووی خۆی بجووڵێت و کەل و پەلەکانی چواردەوری ئەم دیوو ئەودیو بکات، چونکە دەبێتە هۆی تەقاندنەوەی کانیاوی حەزوو ئارەزووی شت زانینی.

٢. جووڵەی منداڵ لەسەرەتادا هەڕەمەکی و لەخۆوەو گشتیە. واتا هەموو ئەندامەکانی لەشی منداڵ بەیەکجار وەڵامی وورووژێنەرەکان دەدەنەوە. بەڵام دوای پێگەیشتن و گەشەکردنی ماسوولکەکان و دەمارە ووردەکان، منداڵ دەتوانێت بەیەک ئەندام یان بەشێک لەو ئەندامە وەڵامی وورووژێنەرەکان بداتەوە. بۆ نموونە کاتێک منداڵ بۆ یەکەم جار هەوڵی فێربوونی نووسین دەدات، ئەگەر بەووردی سەیری بکەین دەبینین لەکاتی نووسیندا (دەست و قاچ دەجووڵێنێ، زمانی دەردێنێ، لێوی خۆی دەگەزێ، پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر هەردوو دەستی). بەڵام دوای گەشەکردنی ماسوولکەکانی، منداڵ دەتوانێت تەنیا لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەو ئەندامانەی کە پەیوەندیان بەچالاکی نووسینەوە هەیە (مەچەک، دەست، پەنجەکانی) ئەو کارە بەئەنجام بگەیەنێت بەبێ ئەوەی پێویستی بەجووڵەی ئەندامەکانی تری وەک قاچ و سەرو زمان و دەم و لێو هەبێت، کە هیچ پەیوەندیان بەنووسینەوە نیە.

٣. یەکەم جار منداڵ بەسەر جووڵەی ماسوولکە گەورەکانی لەشیدا زاڵ دەبێت، دواجار دەتوانێت بەسەر جووڵەی ماسوولکە ووردەکانی لەشیدا زاڵ ببێت و بۆ کاری پێویست بەکاریان بهێنێ، هەر ئەوەشە بۆتە هۆی ئەوەی کە منداڵ یەکەم جار ئەو یاریانە بکات کە پێداویستی بەجووڵەی ووردو بەدیقەت نیە، بەڵام دوای پێگەیشتن و گەشەکردنی وورده دەمارو ماسوولکەکان، منداڵ هەوڵ دەدات ئەو یاری و چالاکیانە بەئەنجام بگەیەنێت، کە پێداویستی بەووردەکاریو دیقەت و چالاکی ماسوولکەو دەمارە ووردەکانی لەش هەیە. هەر ئەم حاڵەتەشە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە یەکەم جار نووسینی منداڵ شاش و گەورە بێت و ووشەو پیتەکانی لەیەکتری دوورو خوارو خێچ دەربچن. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە منداڵ لەسەرەتادا ناتوانێت کۆنترۆڵی وورده دەمارو ماسوولکەکان بکات و لەژێر دەسەلاتی ئەودا نین، بەڵام دوای ماوەیەک گەشە کردن، منداڵ دەتوانێت بەپیتی بچووک بنووسێت و بەڕێک و پێکی چالاکی نووسین بەئەنجام بگەیەنێت.

هەر ئەو پرانسیپانەی گەشە کردنیشە کە بۆتە هۆی ئەوەی پەروەردەی نوێ داوای ڕەخساندن و دابین کردنی ژینگەی لەبارو گونجاو بکات، بۆ ئەوەی منداڵ ئەو هێزو ووزە زیادەی هەیەتی لەیاریکردن و هەڵبەزو دابەزدا سەرفی بکات، پێش ئەوەی داوای ئەوە لەمنداڵ بکات کە دەبێت هێمن و لەسەرخۆو ووردەکار بێت، هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی کە قۆناغی گوزارشت کردنی سەربەست پێش قۆناغی گوزارشت کردنی ووردەکاری دیاریکراو بێت (السید، ١٩٧٤، ص١٢٣-١٢٥).

چاودێری کردنی گەشەی جووڵەی منداڵ

بۆچوونێکی هەڵە لەلای زۆر لەدایکان و باوکان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو باوک و دایکانە زۆر جار ئەو منداڵانە بەزیرەک و بلیمەت و ژیرو لێهاتوو لەقەڵەم دەدەن، کە بێدەنگ و کەم دوو کەم جووڵەن، ئەمەش لەوانەیە لەبەرئەوە بێت کە گەورەکان خۆیان حەز بە بێدەنگی و لەسەرخۆیی و هێمنی دەکەن. بەڵام بەداخەوە ئەو بۆچوونە هەڵەیەو لەتەک پرانسیپەکانی گەشەکردندا ناگونجێت، لەبەرئەوەی منداڵ لەسەرەتای ژیانیدا پێویستیەکی زۆری بەجووڵەو هەڵبەزو دابەزو هات و هاوار هەیەو ئەو چالاکیە لەخۆوەو هەڕەمەکیانە دەبن بە بناغە بۆ گەشەکردنی ئاسایی منداڵ.

گەورەترین هەڵەی دایک و باوک و مامۆستا ئەوەیە کە بەربەست و ڕێگر لەبەردەم جووڵەو هەڵس و کەوتی منداڵدا دابنێن. پێویستی سەر شانی دایک و باوک و مامۆستایە کە ژینگەی لەبارو گونجاو بۆ گەشەکردنی جووڵەی منداڵ دابین بکەن، ئەگەر هەڵەیان کرد، پێویستە بۆیان ڕاست بکرێتەوەو ئامۆژگاری و ڕێنمایی بکرێن، نابێت بەهیچ شێوەیەک گەورەکان بەردەوام دەست بخەنە ناو هەموو چالاکیەکانی منداڵ ئیتر گچکە بێت یان گەورە، هەروەها کاتێک منداڵ هەڵەیەک دەکات نابێت بەتوندی بەرگری بکرێت و ئازار بدرێت، بەڵکو دەبێت بۆ چالاکیو جووڵەی ڕاست و دروست ڕێنمایی بکرێت.

ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەر گەشەکردنی جووڵەی منداڵ:-

زۆر هۆکار هەن کار دەکەنە سەر گەشەکردنی جووڵەی منداڵ، لەبەرئەوە دەبێت لەکاتی مامەڵە کردن لەگەڵ چۆنیەتی و ڕێژەی گەشەکردنی جووڵەی منداڵ ئاگاداریان بین. لەگرنگترین هۆکارەکانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:-

١- لایەنی جەستەیی و تەندروستی:-

دەرئەنجامی توێژینەوەکانی (ویش، کامبیل) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان کێش و تەندروستی منداڵان و توانای دانیشتن و گاگۆڵکێ و ڕۆیشتنیان هەیە. واتا ئەو منداڵانەی نەخۆش و لاواز نین و تەندروستیان باشە، خێراترو باشتر فێری دانیشتن و گاگۆڵکێ و ڕۆیشتن دەبن ئەگەر بەراورد بکرێن بەو منداڵانەی کە زۆربەی کات نەخۆش و لاوازو زەرد هەڵگەڕاون.

٢- دواکەوتنی ژیری:-

توێژینەوەکانی (سکوت، سمیپ) ئەوەیان سەلماند کە ئەو منداڵانەی تووشی دواکەوتنی ژیری (تخلف عقلی) بوون، ناتوانن وەک منداڵە ئاسایی و زیرەک و بلیمەتەکان فێری جووڵەو چالاکی ئەندامەکانی لەشیان ببن و درەنگتر دەتوانن کۆنترۆڵی چالاکی ماسوولکەکانیان بکەن.

٣- کەسێتی منداڵ:-

ڕاستیەکی بەڵگەنەویستە کە جۆری کەسایەتی و باری دەروونی منداڵ پەیوەندییەکی پتەوی بەجۆرو ڕێژەی چالاکیەکانیەوە هەیە. بۆ نموونە ئەو منداڵانەی کە لەخێزان و ژینگەی دواکەوتوو پڕ لەهەڵەدا پەروەردە دەکرێن و بەدەستی شەرم و گۆشەگیری و خەمۆکی و ئازاری و شەڕخوازییەوە دەناڵێنن درەنگتر فێری جووڵەو چالاکی ئەندامەکانی لەشیان دەبن و لەزۆر لایەنی جووڵەوە تووشی گرفت و کەم و کورتی دەبن ئەگەر بەراورد بکرێن بە ئەو منداڵانەی کە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست پەروەردە دەکرێن و کەسایەتیەکی پتەویان هەیەو لەزۆر گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەدوورن. (فهمي، ١٩٧٩، ص٥٧-٥٨).

٤- ژینگەی گونجاوو لەبار:-

بێگومان ئەو منداڵانەی کە لەژینگەی (خێزان، قوتابخانە، کۆمەڵ... هتد) دەوڵەمەندو گونجاوو لەباردا دەژین و ئامرازەکانی یاریکردن و گەشەکردنیان بۆ دابین دەکرێت و بەردەوام پشتگیری دەکرێن و لەلایەن دایک و باوک مامۆستاکانیانەوە هان دەدرێن و بواری جووڵەو چالاکیەکانیان بەرفراوانە، زووترو باشتر کۆنترۆڵی چالاکی و جووڵەی ئەندامەکانی لەشیان دەکەن و سەرکەوتنی گەورە لەبواری چالاکیو جووڵەدا بەدەست دەهێنن. لەبەر ئەوە ئەرکی سەرشانی خێزان و قوتابخانەو دام و دەزگا کۆمەڵایەتیەکانی ترە کە ژینگەی گونجاوو لەبار بۆ گەشە کردنی جووڵەی منداڵەکانیان بڕەخسێنن و ئامرازو کەرەستەکانی یاریکردنیان بۆ دابین بکەن و بەردەوام هانیان بدەن و هەڵەکانیان بۆ ڕاست بکەنەوە.

پێوەرەکانی گەشەکردنی جووڵەی منداڵ لەقۆناغی شیرەخۆریدا:

نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە ڕێژەی گەشە کردنی جووڵەی هەموو منداڵان وەک یەک نین بەڵکو لەئەنجامی ئەو هۆکارانەی کە باسکران جیاوازی تاکایەتی (الفروق الفردية) لەنێوان منداڵاندا هەیە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەتوانین چەند پێوەرو نەخشەیەک بۆ چۆنیەتی گەشەکردنی جووڵەی منداڵ دابنێین. بێگومان ئەو پێوەرو نەخشانە لەسەر ژمارەیەکی زۆر لەمنداڵان دانراوەو گوزارشت لەناوەندی ژمێرەیی (المتوسط الحسابي) ئەو منداڵانە دەکات و دەتوانرێت تاڕادەیەکی باش سوودی لێ وەربگیرێ بۆ دەست نیشان کردنی گەشەی ئاسایی جووڵەی منداڵان و جیاکردنەوەو ناسینەوەی ئەو منداڵانەی کە تووشی دواکەوتنی جووڵەیی و چالاکی ئەندامەکانی لەشیان تووشی کەم و کورتی بوون، ئەم خشتەیەی خوارەوەش جووڵەی ئاسایی زۆربەی منداڵان تاتەمەنی (٢٤) مانگی ڕوون دەکاتەوە.

تەمەن بەمانگ	جۆری جووڵەو چالاکیەکان
٠	درێژ بوون لەسەر ڕوومەت و دەم و چاو.
١	سەری بەرز دەکاتەوەو دەتوانێت بیسووڕێنێ.
٢	سنگی بەرز دەکاتەوە
٣	دەتوانێت دەست بۆ شت درێژ بکات بەڵام ناتوانێت بیگرێت، بەهەردوو پێیەکانی پەلەقاژێ دەکات.
٤	بەیارمەتی کەسانی تر دەتوانێت دابنیشێت.
٥	بەبێ پاڵپشت دادەنیشێ و دەتوانێت شت بەدەستی بگرێت، هەروەها شتەکان لەدەستێکەوە بۆ دەستەکەی تری دەگوێزێتەوە.
٦	بەتەنها لەسەر کورسی دادەنیشێ، دەست بۆ شت ڕادەکێشێ، زۆربەی ئەو شتانەی دەکەوێتە بەردەستی دەیخاتە دەمیەوە.
٧	بەتەنها دادەنیشێ.
٨	دەتوانێت بەیارمەتی کەسانی تر ڕابوەستێت
٩	دەتوانێت بەهۆی دەست گرتن بەشتەوە ڕابوەستێت.
١٠	گاگۆڵکێ دەکات.
١١	بەیارمەتی کەسانی تر دەتوانێت بڕوات بەڕێوە.

١٢	بەیارمەتی شتی ناومالّ دەتوانێت ڕابوەستێت، پەرداخ بەدەستەوە دەگرێت بۆ خواردنەوە، دەتوانێت هێلی لابەلایی و شەقلی و پەقلی بکێشێ.
١٣	بەگاگۆلکێ بەسەر قادرمەو پێ پلیکاندا سەردەکەوێت.
١٤	بەتەنها بەپێوە دەوەستێت.
١٥	بەتەنهاو بەبێ یارمەتی دەڕوات بەڕێوە.
١٦	دەتوانێت بەدوو شەش پاڵوو تاوەرو عەمودێک دروست بکات.
١٧	دەتوانێت بەدەستەکانی تۆپ فڕێ بدات.
١٨	تۆپ و شت دەخاتە ناو سندوقەوە، بەسێ شەش پاڵوو تاوەر دروست دەکات.
١٩	دەتوانێت بەسەر کورسیدا سەربکەوێت.
٢٠	بەیارمەتی کەسانی تر دەتوانێت بەسەر قادرمەو پێ پلیکاندا سەربکەوێت و بێتە خوارەوە.
٢١	لەژێر چاودێری کەسانی تر دەتوانێت لەدەرەوەی مالّ هات و چۆ بکات، دەتوانێت بۆ دواوە بگەڕێتەوە.
٢٢	بەپێیەکانی دەتوانێت شەق لەتۆپ هەڵبدات.
٢٣	دەتوانێت پەڕەکانی کتێب و دەفتەر هەڵبداتەوە.
٢٤	ڕادەکات، لاسایی نووسین و کێشانی هێل کاری دەکاتەوە، بەتەنها دەتوانێت بەسەر قادرمەدا سەربکەوێت و بێتە خوارەوە، دەتوانێت سێ پارچە تەختەی جیاواز (بازنە، چوارگۆشە، سێ گۆشە) بخاتە ناو شوێنی خۆی کە لەناو تابلۆیەکدا (لوحة) هەڵ کەندراوە، لەڕێگەی شەش پاڵووەوە تاوەرێک دروست بکات، هەوڵی نوشتاندنەوەی کاغەزو لاپەڕەی پەڕاوو دەفتەر دەدات، (زهران، ١٩٨١، ص١٣٠).

زیرەکی و گەشەکردنی ژیری لەروانگەی (جان پیاجیە)وە
زاراوەکانی تیۆرەکەی پیاجیە
قۆناغەکانی گەشەکردنی ژیری (عەقلی) لە ڕوانگەی پیاجیە
ئەرکەکانی دایک و باوک بە پێی تیۆرەکەی پیاجیە

زیرەكی و گەشەكردنی ژیری لەروانگەی (جان پیاجیە)وە

پێشەكی:

زیرەكی (الذكاء)و ژیری (عقل) وەك دیاردەیەكی دەروونی، گرنگی تایبەتی خۆی لەژیانی مرۆڤ و بونیاتنانی شارستانیەتدا هەیە، زۆر لەزاناكان خەریكی لێكۆڵینەوەی ئەو بابەتە بوون و ئێستاش هەر بەردەوامن، هەندێك لەزاناكان زیرەكی و ژیری بەیەك چاو سەیر دەكەن و هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا ناكەن، بەڵام هەندێكی تر لەزاناكان ئەو دوو چەمكە لەیەكتری جیا دەكەنەوەو بەجیا باسیان لێوە دەكەن، بەرای ئەوان زیرەكی بەشێكە لەژیری، واتە ژیری بەرفراوانترەو هەموو پرۆسەو توانستە ژیرییەكان لەخۆ دەگرێت.

یەكێك لەگرنگترین و بەناوبانگترین لەزاناكان كە توێژینەوەی لەسەر زیرەكی و گەشەكردنی ژیری كردبێ و پسپۆری تەواوی تیا وەرگرتبێ، دەروونزانی سویسری (جان پیاجیە)یە كە بەتاكە سوارو كەڵەزانای ئەو بوارە لەقەڵەم دەدرێت و تاوەكوو ئەمڕۆ زانایەكی تری وەك ئەو لەو بوارەدا هەڵ نەكەوتووە كە بتوانێت شان لەشانی پیاجیە بدات.

جان پیاجیە لەساڵی (١٨٩٦) لەشاری نیوتشاتل (Neuchatel) لەسویسرا چاوی بەدنیا هەڵهێناوە.. زیرەكی و بلیمەتی پیاجیە (Piaget) هەر لەمنداڵیەوە بەدەركەوتووە، هێشتا تەمەنی (١٠) دە ساڵان بوو كە توانی بۆ یەكەم جار بەرهەم بڵاو بكاتەوە، هەر لەتەمەنی (١٥) پانزدە ساڵیەوە خولیای توێژینەوەی زیندەوەرزانی كەوتە مێشكیەوەو دەستی كرد بەلێكۆڵینەوەی بوونەوەرە بچووك و ئاوییەكان (الكائنات المائية). لەساڵی (١٩١٥) كە هێشتا تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵان بوو بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لەزانكۆی نیوتشاتل وەرگرت، دوای ئەوە بە(٣) سێ ساڵ لەتەمەنی (٢١) بیست و یەك ساڵیدا توانی بڕوانامەی دكتۆرا لەزیندەوەرزانیدا (علوم الحياة) وەربگرێت، هەر لەتەمەنی (٢١) بیست و یەك ساڵیدا توانی (١٥) پانزدە راپۆرتی زانستی دەربارەی هەندێك لەزیندەوەرە بچووكەكان بڵاو بكاتەوە، كە ئەو كارەش بووە مایەی ئەوەی كە ناوبانگی لەزۆربەی وڵاتە پێش كەوتووەكانی جیهاندا بڵاو ببێتەوە (الأزير جاوی، ١٩٩٠، ص١٢).

لەسەرەتادا بواری گرنگی دان و توێژینەوەكانی پیاجیە تایبەت بوو بەزیندەوەرزانی (بایۆلۆجیا، علوم الحياة)، بەڵام وەك دەردەكەوێت ئەو بوارە نەیتوانیوە تینویەتی زانستی (پیاجیە) بشكێنێ و تێری بكات، لەبەر ئەوە هەگبەو بنەو ماڵ و حاڵی خۆی لەبواری زیندەوەرزانیەوە بۆ بواری دەروونزانی دەگوێزێتەوەو بابەتی گەشەكردنی زیرەكی و ژیری منداڵ سەرنجی پیاجیە بۆ لای خۆی رادەكێشێ و نزیكەی (٥٠) ساڵی رەبەق ئەم كەڵە زانایە ژیانی خۆی بۆ زانین و دۆزینەوەی نهێنیەكانی زیرەكی منداڵ و چۆنیەتی گەشەكردنی ژیری تەرخان دەكات و لەبواری (genetic Epistemology) بەپلەی یەكەم خۆی خەریك دەكات، كە ئەم بوارەش (ئیپیستۆمۆلۆژی)

گرنگی بەچۆنیەتی و بنەمای گەشەكردنی زانست و زانیاری و مەنتیق دەدات و بەقوڵی لەڕەگ و ڕیشەو لق و پۆپەكانی زانست و بوارە جیاجیاكانی دەكۆڵێتەوە. (الحفنی، ١٩٧٨، ص٢٧٤).

بنەمای فەلسەفی تیۆرییەكەی جان پیاجیە:

بۆ ئەوەی بەتەواوی ئاشنای تیۆرییەكەی جان پیاجیە ببین، دەبێت بزانین ئەم تیۆرییە (نظرية) لەسەر چ فەلسەفەو بیرو باوەڕێك بنیات نراوەو پشت بە چ فەیلەسووفێك دەبەستێت، ئەو بنەماو چوارچێوەی كە تیۆرییەكەی پیاجیە پشتیان پێ دەبەستێت زۆر جیاوازە لەو بنەمایانەی كە دەروونزانانی ئەمریكی بەتایبەتیش دەروونزانانی سەر بەڕێبازی قوتابخانەی ڕەوشتایەتی (المدرسة السلوكية) پشتیان پێ دەبەستن. تیۆرییەكانی دەروونزانانی ئەمریكی بەپلەی یەكەم پشت بەبیرو باوەڕی هەردوو فەیلەسووف (جۆن لۆك)و (هیوم) دەبەستن، كە ئەم دوو فەیلەسووفە لەو بڕوایەدان، مرۆڤ لەڕێگەی وەحی خودایی و مەنتیقیەوە زانیاری و زیری دەست ناكەوێت، بەڵكو زانیاریو شارەزایی تەنها لەڕێگەی هەستەوەرەكانەوە (الحواس) وەردەگیرێت، بەبڕوای (جۆن لۆك)و (هیوم) عەقڵی مرۆڤ بریتیە لەلاپەڕەیەكی سپی نەنووسراو، كە لەڕێگەی ئەو زانیاری و شارەزاییانەی كە بەردەوام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەمیانەی هەستەوەرەكانەوە وەری دەگرێت، لاپەڕەكانی ڕەش دەكرێتەوەو ووروژێنەرو ڕووداوەكانی جیهانی دەرەوەش لەڕێگەی پێكەوەلكاندن و پەیوەست بوونیان (الأرتباط) بەردەوام شوێن پەنجەی خۆیان لەسەر ئەو لاپەڕە سپیەی عەقڵی مرۆڤ بەجێ دەهێڵن.

بەڵام بنەماكانی تیۆرییەكەی پیاجیە پشت بەنووسین و بیرو باوەڕەكانی فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئیمانیۆل كانت) دەبەستێت. پیاجیە لەو بڕوایەدا بوو كە نووسین و بیرو بۆچوونەكانی هەردوو فەیلەسووف (جۆن لۆك)و (هیوم) كەم و كورتی و نووقستانی تێدایە. پیاجیە وەك (لۆك)و (هیوم) بڕوای بەوە هەیە كە هەستەوەرەكان گرنگ و پێویستن بۆ وەرگرتنی زانیاریو شارەزایی لەجیهانی دەرەوە، بەڵام گومانی لەوە هەیەو بڕوای بەوە نیە كە هەستەوەرەكان تەنها هۆكارو دەروازە بن بۆ بوونیاتنانی زیری و ڕێك خستنی زانیارییەكان لەناو عەقڵی مرۆڤدا. هەر لەبەر ئەوەش بوو كە بڕوای تەواو لەلای پیاجیە دروست بوو كە مرۆڤ هەر بە بۆ ماوە توانستێكی تایبەتی هەیە كە سیستەم و مانای گونجاو لەعەقڵدا بەو زانیاریو شارەزاییانە دەدات كە لەڕێگەی هەستەوەرەكانەوە وەری دەگرێت (عیسی، ١٩٨١، ص٩).

بەم شێوەیە بۆچوونەكانی (كانت) بوون بەبنەماو هەوێنی تیۆرییەكەی پیاجیەو بەردەوام لەو ڕوانگەوە پیاجیە دەیڕوانیە جیهان و دیاردەكانی. پیاجیە بەپێچەوانەی (جۆن لۆك)و (هیوم)ەوە لەو بڕوایەدا بوو كە عەقڵی منداڵ دوای لەدایك بوون لاپەڕەیەكی سپی نیە، بەڵكو توانستێكی (القدرة) چالاك و كاریگەرەو هەموو ئەو زانیاری و شارەزاییانەی كە لەڕێگەی هەستەوەرەكانەوە وەردەگیرێت دەیان خاتە ژێر ڕكێف و كۆنترۆڵی خۆیەوەو بەشێوەیەكی گونجاوو دروست ڕێكیان

دەخات. بڕوای تەواویشی بەوە هەبوو کە زۆر توانست و بیرو بۆچوونی تایبەت بە(کات، شوێن، بەردەوامی شتەکان.... هتد) بۆ ماوەن و تاک یەکسەر لەکاتی لەدایک بوونەوە خاوەنیانە.

زاراوەکانی تیۆرییەکەی پیاجیە:

بۆ ئەوەی بەتەواوی لەناوەڕۆک و کرۆکی تیۆرییەکەی پیاجیە تێبگەین، دەبێت بەووردی شارەزای ئەو زاراوانە (المصطلحات) ببین کە پیاجیە لەتیۆرییەکەیدا بەکاریان دەهێنێت. وەک لەپێشەکی ئەم باسەدا ئاماژەمان بۆ کرد گۆڕەپانی یەکەمی کار کردنی پیاجیە زیندەوەرزانی بوو، هەر لەبەر ئەوەشە کە زۆربەی زاراوەو چەمکەکانی تایبەتن بەبواری زیندەوەرزانی و بۆ هەمان مەبەستیش لەبواری دەروونزانیشدا بەکاریان دەهێنێ. لەگرنگترین چەمک و زاراوەکان ئەمانەی لای خوارەوەن:-

1. هێلکاری (مخطط) (Schema):-

دەتوانین بڵێین هێلکارییەکان وەک دۆسییەک (فایل) وان کە ژمارەیەک کارتی تێدا پارێزراوە، هەر کارتەش ئاماژە بۆ ناوو خاسیەتی دیاردە یان شتێک یان ڕووداوێک لەجیهانی دەرەوە دەکات و لەکاتی پێویستدا لەڕێگەیانەوە ئەو دیاردەو شت و ڕووداوانەی پێ دەناسرێتەوە، بۆ نموونە کاتێک منداڵ ناوی باوک فێر دەبێت ئەوا کارتێک لەناو دۆسییە (ئەو هێلکارییە)ی ئەو منداڵەدا زیاد دەبێت، ئەگەر ناوی ئاژەڵێک فێر بوو ئەو کاتە کارتێکیش بۆ ئەو ئاژەڵەو... هتد. بەم شێوەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەو جۆرو بارستایی ئەو هێلکارییانە بەرەو زیاد بوون دەڕوات. بەڵام ئەگەر وورووژێنەر (مثیر) یان ڕووداو یان شتێکی تازەی بۆ یەکەم جار بینی ئەوا بەیەکێک لەکارتە کۆنەکان لێکی دەداتەوە یان پاش ماوەیەک کارتێکی تازەی بۆ دروست دەکات و جێگای تایبەتی لەدۆسیە (هێلکاری) یەکەیدا بۆ دەکاتەوە.

بەڕای پیاجیە هێلکارییەکان (سکیماکان) بوونیاتی عەقڵین و وەک ئەندام و بوونیاتە جەستەیی و فسیۆلۆژیەکان (بۆ نموونە گەدە، دڵ، گورچیلە... هتد)وان و میکانیزم و هۆکاری خۆسازاندنن و یارمەتی مانەوەو گەشە کردنی بوونەوەر دەدەن. ئەو هێلکارییانە بوونیاتی واتادارن (معنوی) وەک چەمکەکانی (ئەو) (من) (منی باڵا)ی (iD) (ego) (Superego) فرۆید، واتە شوێن و جێگای ماددیو دیاری کراویان لەمێشکی مرۆڤدا نیە بەڵکو لەڕێگەیانەوە پرۆسەی تێگەیشتن و گەشەکردنی ژیریو زیرەکی منداڵی پێ لێکدەداتەوە. بە بۆچوونی پیاجیە، منداڵ یەکسەر دوای لەدایک بوون ژمارەیەکی کەمی لەو هێلکارییانە هەیە (واتە ژمارەیەک کارتی بچووک لەدۆسیەکەدا هەیە) بەڵام بەشی خۆسازاندنی ناکات، هەر لەبەر ئەوەشە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەئەنجامی گەشەکردن و زیاد بوونی زانیاری و شارەزاییەوە ژمارەو جۆری هێلکارییەکان زیاد دەبن.

٣- مژین (التمثل) (Assimilation):

لەزیندەوەرزانیدا مژین ئەو پرۆسەیە كە لەڕێگەیەوە وورووژێنەرو دیاردەو ڕەگەزەكانی دەرەوە بۆ حاڵەتێكی وا دەگۆڕدرێت كە لەتوانای لەشی مرۆڤدا هەبێت كە سوودیان لێوەربگرێت، بۆ نموونە خواردن (نان، گۆشت... هتد) كە لەدەرەوەی مرۆڤن بەو شێوەی كە هەن، جەستە (لەش) سوودیان لێوەرناگرێت لەبەر ئەوە دەبێت بەچەند قۆناغێكدا (لەت كردن، جووین، لیك ڕژاندن، قووت دان، هەرس كردن لەناوگەدە... هتد) تێبپەڕێت تا لەتوانای لەشدا هەبێت كە سوودیان لێوەربگرێت، ئەم پرۆسەی گۆڕانكارییە لەزیندەوەرزانیدا بە(مژین) ناو دەبرێت. ئینجا پیاجیە پرۆسەی وەرگرتنی وورووژێنەرەكانی جیهانی دەرەوەو لێكدانەوەیان لەقۆناغی یەكەمی پرۆسەی ژیریدا بەهەمان زاراوەو شێوازی پرۆسەی هەرس كردن لەزیندەوەرزانیدا لێك دەداتەوە.

بەبۆچوونی پیاجیە مژین ئەو گۆڕانكارییانەیە كە بەسەر فشارو وورووژێنەرەكانی دەرەوەی مرۆڤدا دێت بۆ ئەوەی لەگەڵ جیهانی ناوەوەو جەستەی مرۆڤدا بگونجێت، كە ئەم گۆڕانكارییانەش شێوەو خاسیەتە ئەسڵی و ڕەسەنەكانی وورووژێنەرەكانی جیهانی دەرەوە دەگۆڕێت و وەك خۆی نایان هێڵێتەوە، كەواتە مژین ئەو پرۆسەیەیە كە ئاراستەكەی لەدەرەوە بۆ ناوەوەیە. بۆ نموونە منداڵ فێری ناوی ئاژەڵێكی وەك سەگ بووەو كارتی تایبەتی لەدۆسیەو هێڵكارییەكانیدا بۆ دروست كردووە، بەڵام ئەگەر ڕێكەوتی كرد ئەم منداڵە بۆ یەكەم جار لەگەڵ باوكی ڕێگای كەوتە ناو كێڵگەیەكەوەو لەوێ ئاژەڵێكی تری وەك مانگای بۆ یەكەم جار بینی، ئەگەر باوكی پرسیار لەمنداڵەكە بكات و بڵێت ئەو ئاژەڵە چییە؟ ئەوا بێ سێ و دوو ئەو منداڵە دەڵێ ئەو ئاژەڵە (سەگە) لەبەر ئەوەی هیچ كارت و هێڵكارییەكی بۆ ئەو ئاژەڵە تازەیە (مانگا) نیە، لەبەر ئەوە لەناو كارتەكاندا دەگەڕێت كام كارت و هێڵكاری لەم ئاژەڵە تازەیەوە نزیكە ئەوا لەڕێگەیەوە ئەو ئاژەڵە تازەیە وەك وورووژێنەرێكی تازە ناوزەد دەكات، نزیكترین كارتیش لەدۆسیەی ژیری منداڵەكەدا بێگومان كارتی (سەگە) چونكە ئەویش (دوو گوێ، چوار قاچ، كلك،... هتد)ی وەك مانگاكە هەیە. ئەم پرۆسەی ناونان و گۆڕین و دەست كاری كردنی ئەو وورووژێنەرە تازەیە (مانگا) مژینی پێ دەگوترێت.

پرۆسەی مژین مانای زیاد كردن و گەشەكردنی ژمارەو جۆری هێڵكارییەكان نیە، بەڵكو تەنها گەورەكردنی بارستایی هێڵكارییەكانە. ئەگەر هێڵكارییەكان وەك باڵۆنێك دابنێین، ئەوا پرۆسەی مژین بریتیە لەهەوا كردنە ناو باڵۆنەكەو گەورە كردنی نەك گۆڕینی شێوەكەی. واتە مژین پرۆسەیەكە دەبێتە هۆی گەورەكردنی هێڵكارییەكان نەك گۆڕینی شێوەیان یان دروست كردنی هێڵكاری تر، واتە مژین گۆڕانكاری چەندێتیە (كمیة) نەك چۆنیەتی (كیفیة). كەواتە پرۆسەی مژین ئەو پرۆسەیە كە لەمیانەیەوە گۆڕان و دەست كاریو داتاشین لەوورووژێنەرو دیاردەكانی دەرەوەدا دەكرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ كارت و هێڵكارییەكانی ناوەوەدا بگونجێت، بەبێ گوێ دان بەجەوهەرو ناوەڕۆك و ڕاستی و واقیعی وورووژێنەرو دیاردەكانی دەرەوە.

٤- خۆگونجاندن (المواءمة) (Accomodation)-:

بریتیە لەپرۆسەی خۆگونجاندن لەگەڵ وورووژێنەرو دیاردەكانی جیهانی دەرەوە. جەستەی مرۆڤ لەرێگەی كۆمەڵێك میكانیزمی فسیۆلۆژیەوە بەردەوام خۆی لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی جیهانی دەرەوەدا دەگونجێنێت، بۆ نموونە ئەگەر پلەی گەرما لەدەرەوە گۆڕانكاری بەسەردا هات ئەوا جەستەی مرۆڤ لەرێگەی عەرەق ڕژتنەوە هەوڵ دەدات كە خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانكارییە كت و پڕەی جیهانی دەرەوەدا بگونجێنێت، ئەگەر مرۆڤ لەجێگایەكی ڕووناكەوە بۆ جێگایەكی تاریك ڕۆیشت ئەوا چاو لەرێگەی كۆمەڵێك گۆڕانكاری فسیۆلۆژیەوە خۆی لەگەڵ ئەو جێگا تاریكەدا دەگونجێنێت....هتد.

كەواتە پرۆسەی خۆگونجاندن گۆڕانكاری كردنە لەجیهانی ناوەوە بۆ وەڵامدانەوەی پێویستی گۆڕانكارییەكانی جیهانی دەرەوە، بەپێچەوانەی پرۆسەی مژین، پرۆسەی خۆگونجاندن ئاراستەكەی لەناوەوە بۆ دەرەوەیەو وورووژێنەرو دیاردەكانی دەرەوە گۆڕانكارییان بەسەردا نایە بەڵكو وەك خۆیان دەمێننەوە. (یعقوب، ۱۹۸۲، ص۷۱).

منداڵ كە بۆ یەكەم جار ڕوو بەڕووی وورووژێنەرو ڕووداوێكی تازە دەبێتەوە، ئەوا هەوڵ دەدات كە لەرێگەی كارت و هێڵكارییە كۆنەكانەوە مانای بزانێت و لێكی بداتەوە، بەڵام زۆر جار ئەم كارەی بۆ ناچێتە سەرو سەركەوتن بەدەست ناهێنێت، هەروەها هەندێك جاری تریش هێڵكاری نزیك و چوون یەك بەو وورووژێنەرو ڕووداوە تازەیە لەدۆسیەی كارتەكاندا بۆ لێك دانەوەو ناسینەوەی نیە. ئا لەم كاتەدا ئەو منداڵە دەكەوێتە بەردەم دوو ڕێگا یەكەمیان ئەوەیە كە دەبێت هێڵكارییەكی نوێ بۆ ئەو وورووژێنەرە تازەیە دروست بكات یان دەبێت ڕێگای دووهەم بگرێتە بەر ئەویش ئەوەیە كە دەبێت دەست كاری یەكێك لەهێڵكارییە كۆنەكان بكات و گۆڕانكاری تێدا بكات بۆ ئەوەی ئەو وورووژێنەرە تازەیەی پێ لێك بدرێتەوەو لەچوارچێوەیدا جێگای ببێتەوە، ئەم دوو ڕێگایە هەردووكیان ناودەبرێن بەپرۆسەی خۆگونجاندن، لەبەرئەوە خۆگونجاندن بریتیە لەپرۆسەی دروست كردنی هێڵكاری تازە یان دەست كاری و گۆڕانكاری كردن لەهێڵكارییە كۆنەكاندا، كە لەئەنجامی ئەو پرۆسەیەوە گۆڕانكاری لەبوونیاتی زانیاری و جۆری هێڵكارییەكاندا دەبێت (الأزیر جاوی، ۱۹۹۰، ص۲٤).

بۆ نموونە كاتێك منداڵی نموونەی پێشوومان كە بۆ یەكەم جار لەكێڵگەكەدا ئاژەڵێك (مانگا) دەبینێ و باوكی پێ ی دەڵێت ئەوە چییە؟ منداڵەكەش لەوەڵامدا دەڵێت ئەوە سەگە، ئا لەم كاتەدا ئەگەر باوك وەڵامەكەی بۆ ڕاست كردەوەو جیاوازی نێوان مانگاو سەگی بۆ ڕوون كردەوەو زانیاری زیاتری دەربارەی جۆری ئاژەڵەكان بەمنداڵەكەیدا، ئەوا منداڵەكە گۆڕانكاری لەوەڵامەكەیدا دەكات و لەرێگەی دروست كردنی هێڵكارییەكی تازە بۆ مانگاو دانانی لەناو دۆسیەی كارتە كۆنەكانیدا خۆی لەگەڵ ئەو وورووژێنەرە تازەیەدا (مانگا) دەگونجێنێت.

٥- هاوسەنگی (التعادل، التوازن) (Equilibrium):-

هاوسەنگی بریتییە لەرزگار كردنی بوونەوەر لەگرژی و ناڕەحەتی و گەڕاندنەوەی بۆ دۆخی هاوسەنگی پێش گرژی و ناڕەحەتیەكەی. بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤ لەئەنجامی برسێتیەوە تووشی گرژی و ناڕەحەتی بوو، ئەوا دەبێت ئەو مرۆڤە بكەوێتە خۆو لەڕێگەی بیركردنەوەو گەڕان و هەڵس و كەوتەوە خواردنی دەست بكەوێت، بۆ ئەوەی لەو برسێتی و گرژی و ناڕەحەتیە رزگاری بێت و بگەڕێتەوە دۆخی جارانی و هاوسەنگی بۆ بگەڕێتەوە. بەهەمان شێوەش ئەگەر مرۆڤ لەیەك كاتدا دوو مانای جیاوازو دوو لێكدانەوەی دژ بەیەكی لەبەرانبەر یەك دیاردەدا لەلا دروست بوو، ئەوا تووشی گرژی و ناڕەحەتی دەروونی دەبێت و هاوسەنگی ژیری و زانیاری لەدەست دەدات، ئینجا دەبێت لەڕێگەی بیركردنەوەو پرۆسە ژیرییەكانی ترەوە لەو گرژی و ناڕەحەتیە رزگاری بێت و هاوسەنگی بۆ بگەڕێتەوە.

بۆچی و چۆن زەیرەكی و ژیری منداڵ زیاد دەكات:-

بەپێی تیۆرییەكەی پیاجیە لەڕێگەی هەردوو پرۆسەی مژین و خۆگونجاندنەوە (تمثل، مواءمة) ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زانیاری و شارەزایی منداڵ و ژمارەو جۆری هێڵكارییەكان بەرەو زیاد بوون دەڕوات. بێگومان گەشەكردنی زانیاری و شارەزایی منداڵ پشت بەكۆمەڵێك هۆكار دەبەستێت لەوانە (ساغ و سەلامەتی كۆئەندامی دەماری ناوەندی‌و هەستەوەرەكان و گلاندەكان، ژینگەی ماددی و كۆمەڵایەتی، پرۆسەی كار لێككردن لەنێوان منداڵ و هەردوو ژینگە كۆمەڵایەتی و ماددیەكە).

بۆ ئەوەی زیرەكی و ژیری منداڵ بەتەواوی گەشە بكات، دەبێت هاوسەنگی نێوان هەردوو پرۆسەی مژین و خۆگونجاندن ڕابگیرێت و نابێت یەكێكیان بەسەر ئەوی تردا زاڵ ببێت. بۆ نموونە ئەگەر كەسێك هەبێت بەردەوام هەر وورووژێنەرەكان بمژێت بەبێ ئەوەی پرۆسەی خۆسازاندنی لەگەڵدا بێت، ئەوا دەرئەنجام ئەو كەسە دەبێت بەخاوەنی ژمارەیەكی زۆر لەهێڵكاری گەورە بەڵام ناتوانێت جیاوازی لەنێوان شت و وورووژێنەرو دیاردەكاندا بكات، بەڵام ئەگەر ئەو كەسە بەپێچەوانەوە تەنها لەڕێگەی پرۆسەی خۆگونجاندنەوە هێڵكارییەكانی دروست كردو پرۆسەی مژین ڕووی نەدا ئەوا ئەو كەسە دەبێت بەخاوەنی ژمارەیەكی زۆر لەهێڵكاری بچووك و توانایەكی زۆر بچووكی بۆ گشتاندن (التعمیم) دەبێت و ناتوانێت سەرنجی ڕووداوو شتە لێك چووەكان بدات. كەواتە كاركردنی بەتەنهای هەریەك لەو دوو پرۆسەیە زەرەرو زیانێكی گەورە بەبوونیاتی زانیاری و گەشە كردنی ژیری تاك دەگەیەنێت.

كەواتە باڵەنسی (موازنة، Balance) نێوان هەردوو پرۆسەی مژین و خۆگونجاندن زۆر گرنگە بۆ گەیشتن بەقۆناغی هاوسەنگی (التعادل)و زامن كردنی كار لێككردنی نێوان منداڵ و

ژینگەکەی، واتە هاوسەنگی بریتیە لەپرۆسەی لەنگەرگرتن و یەکسانی و بالەنسی نێوان هەردوو پرۆسەی مژین و خۆگونجاندن.

بۆ ئەوەی زانیاری و زیرەکی منداڵ وەک پێویست گەشە بکات، دەبێت منداڵ سەربەستی تەواوی خۆی هەبێت و زۆربەی کات لەحاڵەتی جووڵەو کارکردندا بێت و ژینگەو جیهانی دەرەوەشی پربێت لەووروژێنەرو ڕووداوو شارەزایی تا کاناوی پەنگ خواردوی زیرەکی ئەو منداڵە بتەقێنیتەوە، هەروەها دەبێت هەستەوەرو کۆئەندامی دەماری ناوەندیو گلاندەکانی ساغ و سەلامەت بن، ئەو کاتە کارلێککردنی نێوان منداڵ و ژینگەکەی زامنی گەشەکردنی زیرەکی و ژیری دەکات.

دەتوانین بەم نموونەی خوارەوە تێگەیشتنی چۆنیەتی کارکردنی پرۆسەکانی (مژین، خۆگونجاندن، هاوسەنگی) ئاسان بکەین. بۆ نموونە منداڵێکی تەمەن یەک ساڵ و چەند مانگێک بۆ یەکەم جار باڵۆنێکی گەورەی پڕ لەهەوا دەبینێ، ئەم منداڵە یەکەم جار لەڕێگەی پرۆسەی مژینەوە هەوڵ دەدات کە بەهەموو هێزو توانای خۆی باوەش بەو باڵۆنەدا بکات و بەرزی بکاتەوە، چونکە وا دەزانێت زۆر قورسە ئەویش لەبەرئەوەی بارستاییەکەی زۆر گەورەیە، بەڵام کاتێک هەڵیدەگرێ، بۆی دەردەکەوێت کە سووکەو بەو شێوەیە نیە کە ئەو تێیگەیشتووە، ئەم جیاوازی نێوان بارستایی و کێشی باڵۆنە بۆ ماوەیەک مێشکی منداڵەکە داگیر دەکات و لەئەنجامی کەمی زانیارییەوە تووشی جۆرە گرژیو ناڕەحەتیەک دەبێت (لەدەست دانی هاوسەنگی) تا لەڕێگەی پرۆسەی خۆگونجاندنەوە هێلکارییەکی نوێ بۆ ئەو دیاردەیە (باڵۆنی گەورەی پڕ لەهەوا) دروست دەکات و لەو گرژی و ناڕەحەتیە ڕزگاری دەبێت و دەگەڕێتەوە دۆخی هاوسەنگی (التعادل).

قۆناغەکانی گەشەکردنی ژیری (عەقڵی) لەڕوانگەی پیاجیەوە:-

پیاجیە لەو بڕوایە دایە کە گەشەکردنی عەقڵی منداڵ بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، هەریەک لەو قۆناغانەش خاسیەت و تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو لەقۆناغەکانی تری جیا دەکاتەوە، بەڵام قۆناغی یەکەم دەبێت بەبناغە بۆ قۆناغی دووەم و قۆناغی دووەمیش بۆ قۆناغی سێهەم و قۆناغی سێهەمیش دەبێت بەبناغە بۆ قۆناغی چوارەم.

بەبڕوای پیاجیە هەموو منداڵانی دونیا بەو قۆناغانەدا تێدەپەڕن و هیچ منداڵێکیش ناتوانێت بگاتە قۆناغی سێهەم ئەگەر بەقۆناغی دووهەمدا تێنەپەڕێت. بەڵام لەتوانای ژینگەی مادی و کۆمەڵایەتیدا هەیە کە جیاوازی لەنێوان ئەو ساڵانەدا بکات کە پیاجیە دیاری کردووە، بۆ نموونە پیاجیە لەو بڕوایە دایە کە منداڵان لەتەمەنی (٧) ساڵاندا پێ دەنێنە ناو قۆناغی پرۆسە هەست پێ کراوەکانەوە (العمليات المحسوسة)، بەڵام مەرج نییە منداڵانی هەموو جیهان لەتەمەنی (٧) هەفت ساڵاندا بچنە ناو ئەو قۆناغەوە، چونکە ئەو منداڵانەی لەژینگەی هەژارو دواکەوتوودا دەژین

لەوانەیە لەتەمەنی (٨) هەشت یان (٩) نۆ ساڵاندا بچنە ئەو قۆناغەوە، بەڵام هەردەبێت بەو قۆناغانەدا تێبپەڕن هەرچەندە دوا یان پێش بكەون.

لەلایەكی تریشەوە ڕزگار بوون لەقۆناغێك و چوونە ناو قۆناغێكی ترەوە لەنێوان شەوو ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێكی دیاری كراودا ڕوو نادات، ڕاستە پیاجیە تەمەن و ساڵەكانی چوونە ناو قۆناغەكانی دیاری كردووە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە لەو ساڵ و كاتەدا یەكسەر گۆڕانكاری بنەڕەتی و جەوهەری ڕوو دەدات بەڵكو لەوانەیە هەست بەهیچ گۆڕانكارییەكی ڕوون و ئاشكرا تاماوەیەكی دیاری كراو نەكەین چونكە ڕزگار بوون لەقۆناغێك و چوونە ناو قۆناغێكی تر وەك چوونە ناو وەرزێكی ساڵ و ڕزگار بوونە لەوەرزێكی تر. بۆ نموونە كە دەڵێین ٣/٢١ وەرزی بەهارە، ئیتر ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە یەكسەر لە ٣/٢١ كەش و هەوا بەیەك جار دەگۆڕێ و بەئاسانی هەست بەجیاوازی پلەی گەرمای نێوان ڕۆژی ٣/٢٠ لەگەڵ ٣/٢١ دەكەین بەپێچەوانەوە لەوانەیە تاوەكوو ناوەڕاستی مانگی (٤) چواریش هیچ جیاوازیەكی جەوهەری بەدی نەكەین، بەهەمان شێوەش بەنیسبەت ٩/٢١ كە سەرەتای وەرزی پایزە تاماوەیەك هەست بەگۆڕانی بنەڕەتی كەش و هەوا ناكەین. كەواتە ئەو ساڵ و مانگ و ڕۆژانە زیاتر بۆ دیاری كردنی وەرزو قۆناغەكانە بەشێوەیەكی زانستیانە بەمەبەستی تیۆری بەڵام مەرج نیە بەهەمان شێوە گۆڕانكاری پراكتیكی و بنەڕەتی ڕوو بدات. بەڵام دەتوانین بەخاڵی دەست پێكردنیان دابنێین. بەبڕوای پیاجیە مرۆڤ لەو ڕۆژەوە كە لەدایك دەبێت تادەگاتە قۆناغی كامڵی لەلایەنی عەقلیەوە بەچوار (٤) قۆناغی سەرەكیدا تێدەپەڕێت، كە قۆناغەكانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:

أ- <u>قۆناغی (هەستی- جووڵەیی) (المرحلة الحسية- الحركية):-</u>

ئەم قۆناغە لەكاتی لەدایك بوونەوە دەست پێدەكات و نزیكەی دوو ساڵی یەكەمی ژیانی منداڵ دەخایەنێت. پیاجیە ئەم قۆناغەی ناو ناوە قۆناغی (هەست- جووڵەیی) (حس- حركي) ئەویش لەبەر ئەوەیە كە منداڵ لەم قۆناغەدا بەپلەی یەكەم پشت بەهەستەوەرەكان (الحواس)و جووڵەی ئەندامەكانی لەشی دەبەستێت لەكاتی شارەزا بوونی ژینگەو كۆكردنەوەی زانیاری دەربارەی چواردەوری. منداڵ (شیرەخۆرە) زۆر بەدەگمەن لەم قۆناغەدا پەنا بۆ بەكارهێنانی زمان و هێماكان (اللغة والرموز) لەكاتی خۆسازاندندا دەبات، چونكە چالاكیەكانی ئەم قۆناغە پێداویستیان بە بەكارهێنانی زمان و هێماكانی نیە، بۆ نموونە لەم قۆناغەدا منداڵ فێری ئەوە دەبێت كە ئەو شت و یارییەی لەژێر سەرین و پشتیدا شاردراوەتەوە بیدۆزێتەوە یان تام و چێژ لەڕاوەشاندنی شەق شەقە (زەنگۆڵەیەك) كە بەلانكەكەیدا هەڵواسراوە وەربگرێت، یان ئەو شتەی كە كەوتۆتە ژێر كورسیەكەوە دەری بهێنێت. ئەم چالاكیانەی پێداویستیان بەبەكارهێنانی زمان و هێماكان و وێنە عەقلیەكان نیە، ئەم چالاكیانەو چەندەها چالاكی تر ناو دەبرێن بەچالاكیەكانی پێش قۆناغی فێر بوونی زمان و بەكارهێنانی. ئەم قۆناغە دەبێت بەڕەگ و ڕیشەو بناغە بۆ گەشەكردنی ژیرى و بوونیاتنانی قۆناغەكانی تر.

منداڵ كاتێك لەدایك دەبێت تەنها چەند كارت و زانیاریو هێڵكارییەكی كەم و بچووكی بۆ خۆسازاندن لەگەڵ ژینگەو دەوروبەرەكەیدا هەیە، كە ئەوانەش بریتین لە(توانای مژین. شت

گرتن بەدەستەکانی، هاوار کردن، قووت دان، پەلەقاژێ ی نارێک.... هتد)، ئەم هێلکاریو توانستانە بۆ ماوەن و وەک ڕەمەک (غريزة) ئارادەیەک یارمەتی مانەوەو خۆسازاندنی (التکیف) شیرەخۆرە لەگەڵ ژینگەکەیدا دەدەن. بەلام لەتەمەنی (٢) دوو سالیدا جۆرو بارستایی و ژمارەی هێلکارییەکان زیاترو گەورەترو ئالۆزتر دەبن ئەویش لەئەنجامی هەردوو پرۆسەی مژین و خۆگونجاندنەوە.

پیاجیە قۆناغی (هەست- جوولەیی) بەسەر شەش (٦) قۆناغی بچووکتردا دابەش دەکات کە ئەو قۆناغانەش ئەمانەی لای خوارەوەن:

١. قۆناغی پەرچە کردارەکان (الأفعال المنعكسة):-

ئەم قۆناغە لەیەکەم چرکەی لەدایک بوونەوە تاکۆتایی مانگی یەکەمی ژیانی شیرە خۆرە دەخایەنێت. لەم قۆناغەدا شیرەخۆرە لەڕێگای ژمارەیەک پەرچە کردارەوە (کە هەر لەکاتی لەدایک بوونەوە هەن و منداڵ فێریان نابێت) خۆی لەگەڵ چواردەورەکەیدا دەگونجێنێ، ئەو پەرچە کردارانەش بریتین لە(توانای مەمک مژین و قووت دان، وەلامدانەوەی هەموو ئەو وورووژێنەرانەی کە نزیک دەم و لێوی دەکەوێتەوە) لەم مانگەدا زیاتر گەشە دەکەن. هەموو زانیاری و زیرەکی منداڵ لەم قۆناغەدا لەچوارچێوەی ئەو پەرچە کردارو ڕەمەکانە دەرناچێت. جیاوازی لەنێوان وورووژێنەرەکاندا ناکات، واتە جیاوازی لەنێوان مەمکی دایکی و پارچە قووماشێکدا ناکات.

٢. کردارە سەرەتاییە خولاوەکان (الأفعال الدورية الأولية):-

ئەم قۆناغە لەکۆتایی مانگی یەکەم دەست پێدەکات و مانگی چوارەم کۆتایی دێت، واتە نزیکەی (٣) سێ مانگ دەخایەنێت، گرنگترین گۆڕانکاري کە لەم قۆناغەدا ڕوو دەدات، ئەوەیە کە ئەو پەرچە کردارو چالاکیە ڕەمەکی و بۆ ماوانە منداڵ زوو زوو دووبارەیان دەکاتەوە بەلام بەبێ ئەوەی هیچ مەبەست و ئاکامێکی دیاریکراو بینێ، واتە تەنها دووبارە کردنەوەیەکی بێ ئاکام و مەبەستەو هیچ کاریگەری و ڕۆڵێکی دیاری کراوی لەسەر ژینگە نابێت. بۆ نموونە شیرەخۆرە لەم قۆناغەدا چەند جار پرۆسەی (مژین، کردنەوەی ناولەپی دەست و داخستنی، هەڵەشەیی و پەلەقاژەی دەست و قاچەکان.... هتد) دووبارە دەکاتەوە، بەلام هیچ گۆڕانکارییەک لەژینگەدا ناکەن، هەروەها لەم قۆناغەدا چەند چالاکیەکی نوێ دەردەکەوێت و هەندێک گۆڕانکاری لەپەرچە کردارەکاندا ڕوو دەدەن، بۆ نموونە شیرەخۆرە فێری پەنجە مژین دەبێت، بەچاوەکانی دوای ئەو رووناکیە دەکەوێت کە لەبەرانبەری دەردەکەوێت، سەرو ملی بۆ ئەو شوێنە وەردەگێڕێ کە دەنگی لێوەدێت، جیاوازی کردن لەنێوان هەندێک لەوورووژێنەرەکان، شیرەخۆرە دەتوانێت جیاوازی لەنێوان ئەو شووشەیەدا بکات کە شیری تیایە لەگەڵ ئەو شووشەی کە شیری تێدا نیە. واتە ئەو شووشانە نامژێت و لەسەریان بەردەوام نابێت کە شیریان لێنایەتە دەرەوە. بەم شێوەیە لەم قۆناغەدا شیرەخۆرە هەندێک چالاکی نوێ فێر دەبێت و ژمارەیەکی تر هێلکاری بچووک و سادە دروست دەبن.

٣. کرداره ناوەندییه خولاوەکان (الأفعال الدورية الثانوية):–

ئەم قۆناغەش لەمانگی چوارەوە دەست پێ دەکات و لەمانگی (٨) هەشت کۆتایی دێت. لەم قۆناغە بەدواوە، زۆربەی چالاکی و کردارەکانی منداڵ مەبەست و ئامانجی تایبەتی خۆیان هەیەو لەرێگەیانەوە کار لەژینگەو چواردەورەکەی بکات، بۆ نموونە کاتێک منداڵ لەم قۆناغەدا بەدەست و قاچەکانی بە ئەو یارییەدا دەکێشێ کە بەلانکەکەیدا هەڵواسراوە، مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە ئەویش تام و چێژ وەرگرتنە لەجووڵاندن و ئەم سەرو ئەو سەر کردنی ئەو یارییە، یان کاتێک شەق شەقەو زەنگۆڵەکەی ڕادەوەشێنێ، مەبەستیەتی کە گوێ بیستی دەنگەکەی ببێت.

وەک دەردەکەوێت منداڵ لەم قۆناغەدا بەرێکەوت ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە چالاکی و هەڵس و کەوتێکی ئەو (قاچ یان دەست ڕاوەشاندن) دەبێتە خۆشی و گۆڕانکاری لەژینگەکەیدا (جووڵاندنەوەی یاری یان دەنگ دروست بوون). هەر لەبەر ئەوەشە کە منداڵ دوای ئەو جارە چەندەها جاری تر ئەو چالاکیانە دووبارە دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانکارییانە ببینێو ببیستێ کە لەژینگەکەیدا ڕوو دەدەن، کە ئەمەش بەگۆڕانکارییەکی گرنگ لەبواری عەقڵی ئەو منداڵەدا دادەنرێت، چونکە لەقۆناغی پێشووتر منداڵ هیچ مەبەستێکی دیاری کراوی لەچالاکیەکانیدا نەبوو، بەڵکو تەنها بۆ دووبارە کردنەوە بوو نەک بۆ گۆڕانکاری کردن لەژینگەکەیدا. هەروەها لەم قۆناغەدا منداڵ دەتوانێت هەردوو دەست و هەردوو چاوی لەیەک کاتدا بۆ بەئاکام گەیاندنی کارێک بەکار بهێنێت، هەر ئەمەشە وای لێدەکات کە هەموو ئەو شتانە بگرێت کە دەکەونە بەردەستی.

٤. هەم ئاهەنگی و هاوکاری نێوان هەموو کرداره ناوەندییه خوولاوەکان (التآزر بين الأفعال الثانوية):–

ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان مانگی هەشت و دوانزده (٨ - ١٢). لەم قۆناغەدا زانیاری و عەقڵی منداڵ زیاتر گەشە دەکات و منداڵ هەوڵ دەدات کە ئەو زانیاری و شارەزاییانەی کە هەیەتی بۆ هەڵهێنان و زانینی هەندێک گیروگرفت بەکاریان بهێنێ. ئەگەر لەقۆناغی پێشوو بەدەست و قاچەکانی سەرین و پشتیەکی دەجووڵاند بۆ ئەوەی تام و چێژ لەجووڵان و کەوتنە خوارەوەی وەربگرێت، ئەوا لەم قۆناغەدا بەدەست و قاچەکانی ئەم سەرین و پشتیە دەجووڵێنێ نەک تەنها بۆ ئەوەی تام و چێژ لەو چالاکیە وەربگرێت، بەڵکو بەمەبەستی دۆزینەوەو گەڕان بەدوای ئەو یارییەدا کە لەژێریدا شاردراوەتەوە. واتە لەم قۆناغەدا منداڵ فێری ئەوە دەبێت کە هەندێک شت ئامرازو کەرەستەن (الوسيلة) (جووڵاندنی سەرین) بۆ گەیشتن بەهەندێک مەبەست و ئامانجی دیاریکراو (دۆزینەوەی یاری). کەواتە لەم قۆناغەدا دەتوانێت پەیوەندی نێوان هۆو مەبەستەکان (الأسباب والغايات) هەست پێ بکات و هاوکاری لەنێوانیاندا بکات و پێکەوە بۆ یەک چالاکی بەکاریان بهێنێ، کە ئەمەش بەگۆڕانکارییەکی گرنگ لەبوونیاتی عەقڵی منداڵدا دادەنرێت.

٥- سێهەم كرداره خولاوەكان (الأفعال الدورية الثالثة):-

ئەم قۆناغەش دەكەوێتە نێوان (١٢ - ١٨) مانگی تەمەنی منداڵەوە. لەم قۆناغەدا منداڵ دەیەوێت لەڕێگەی (هەوڵدان و هەڵە كردنەوە) (المحاولة والخطأ) ژینگەكەی تاقی بكاتەوەو لەمیانەی چەند جار دووبارە كردنەوەی ئەو هەوڵدان و هەڵە كردنەوە لەچوار دەورەكەی تێبگات و زانیاری زیاتر دەربارەی كۆبكاتەوە. لەم قۆناغەدا پەنا بۆ زیاتر لەیەكێك لەو كردارو چالاكیانەی قۆناغەكانی پێشوتر دەبات و هەوڵ دەدات لەڕێگەیانەوە خۆی لەگەڵ ژینگەكەیدا بسازێنێ، بۆ نموونە لەقۆناغی پێشوودا بەقاچەكانی سەرین یان پشتیەكی دەجووڵاندو بەدوای یارییەكەی ژێریدا دەگەڕا، بەڵام لەم قۆناغەدا بۆ گەیشتن بە ئەو مەبەستەی پێشووی (دۆزینەوەی یارییەكە) پەنا بۆ زیاتر لەچالاكیەك دەبات، واتە نەك بەتەنها بەقاچەكانی بەڵكو دەستەكانی و شەق شەقەكەی دەستیشی بۆ هەمان مەبەست بەكار دەهێنێ، چونكە دەیەوێت بزانێت كام لەو چالاكیانە (قاچ، دەست، شەق شەقە) جووڵاندن لەهەموویان كاریگەرترو باشترە بۆ گەیشتن بەمەبەستەكەی كە ئەویش دۆزینەوەی یارییە شاراوەكەی ژێر سەرینەكەیە. واتا منداڵ لەم قۆناغەدا دەیەوێت هەموو كردارو چالاكیەكان تاقی بكاتەوە بۆ ئەوەی بزانێت كامیان لەهەموویان باشترە.

لەم قۆناغەدا ژمارەی هێڵكارییەكانی زیاتر دەبێت و شێوازو ڕێگا چارەی زیاتر بۆ گەیشتن بەئامانجەكانی فێر دەبێت، ئینجا ئەگەر لەڕێگەی هێڵكارییە كۆنەكانیەوە نەیتوانی گرفتە تازەكانی چارەسەر بكات، ئەوا پەنا بۆ دروست كردنی هێڵكاری تر دەبات یان گۆڕانكاری و دەست كاری لەهێڵكارییە كۆنەكانیدا دەكات تابتوانێت ئەو گرفتە تازەی پێ چارەسەر بكات. واتە هەر لەهەوڵدان و تاقی كردنەوەو گەڕان بەدوای ڕێگا چارەی تازەدا دەبێت.

٦- **قۆناغی داهێنانی شێوازی نوێ** (مرحلة أختراع وسائل جديدة)،

ئەم قۆناغە دەكەوێتە نێوان (١٨ - ٢٤) مانگی تەمەنی منداڵەوە. منداڵ لەم قۆناغەدا هەوڵدەدات كە لەڕێگەی ژیریی و ئەو توانستە عەقلیانەی كە هەیەتی (بیركردنەوە، بەراورد كردن، لێك دانەوە.... هتد) كردارو شێوازی نوێ و ڕێگاچارەی سەركەوتووتر بۆ هەڵهێنان و چارەسەر كردنی گرفتەكانی جیهانی دەرەوەی بدۆزێتەوە. زۆر جار منداڵ لەم قۆناغەدا لەبەردەم گرفتەكاندا هەڵوێستە دەكات و لێیان وورد دەبێتەوەو سەرنجیان دەدات، وەك ئەوەی بیریان لێ بكاتەوە پێش ئەوەی هیچ چالاكیەك بەئاكام بگەیەنێت. واتە سەیری لایەنە جیاجیاكانی گرفتەكە دەكات و وەك ئەوەی بەراوردكاری لەنێوانیاندا بكات، كە ئەم گۆڕانكارییەش بەلای پیاجیەوە بەیەكەم هەنگاوی (سادەو ساكاری) دووربینی و بیر كردنەوەی وێنەدار (التفكير التصوري) دادەنرێت.

بۆ نموونە یەكێك لەو منداڵانەی كە پیاجیە تاقی كردنەوەی لەسەر دەكردن، بەنیازی ئەوە بوو كە زنجیرێك بخاتە ناو شووشەیەكەوە، كە دەمی شووشەكە لەئەستووری زنجیرەكە بچووكتر بوو،

منداڵەكە یەک دوو جار هەوڵیدا بەڵام كە زانی زنجیرەكە ناچێتە ناو شووشەكەوە ئینجا هەڵویستەیەكی بۆ كردوو، جارێک سەیری دەمی شووشەكەو جارێكیش سەیری ئەستووری زنجیرەكەی كرد، وەک ئەوەی بیر لەو گرفتە بكاتەوەو بەراورد لەنێوان دەمی شووشەكەو ئەستووری زنجیرەكەدا بكات، دوای كەمێک وازی لەزنجیرەكە هێناو جارێكی تر هەوڵی ئەوەی نەدا كە زنجیرەكە بخاتە ناو شووشەكەوە. كەواتە دوور نیە كە بیركردنەوەو هەڵسەنگاندن وەک دوو پرۆسەی عەقلی لەم قۆناغەدا چەكەرە بكەن. بەڵگەش ئەوەیە كە منداڵ لەقۆناغی پێشوودا هەر لەسەر چالاكی و هەوڵدانی زنجیر خستنە ناو شووشەكە بەردەوام دەبێت و هیچ هەڵوێستەیەكیش لەبەردەم ئەو گرفتەدا ناكات و زۆر بەزەحمەتیش واز لەو هەوڵدان و تاقی كردنەوەی دەهێنێ، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە لەقۆناغی پێشوو هەست بەجیاوازی نێوان دەمی شووشەو ئەستووری زنجیرەكە ناكات. (كۆنجر، ١٩٧٠، ص١٤٨-١٥٠).

لەم قۆناغەدا ئەو توانایە بۆ منداڵ دروست دەبێت كە وێنەی عەقلی بۆ دیاردەكان دروست بكات و هەر لەرێگەی ئەو وێنە عەقلیانەوە بیر لەچارەسەر كردنی گرفتەكان بكاتەوە.

ب- قۆناغی پێش پرۆسە مەنتقیەكان (مرحلة ماقبل الأجرائية):-

ئەم قۆناغە دەكەوێتە نێوان (٢ - ٧) ساڵی تەمەنەوە. لەم قۆناغەدا كۆمەڵێک گۆڕانكاری گرنگ ڕوو دەدات و دەبن بەسیماو خاسیەتەكانی ئەم قۆناغەو لەقۆناغی پێشووی جیا دەكەنەوە، گۆڕانكارییەكانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:-

١. گەشە كردنی زمان و فێر بوونی هێماكان. ٢. بەكارهێنان و تێگەیشتنی چەمكەكان (المفاهيم الرمزية) لەجیاتی شتە هەست پێكراوو فیزیقیەكان. ٣. زاڵ بوونی دیاردەكانی گیان بەبەردا كردن (الأحيائية)و توانای دروست كردن (الأصطناعية)، خۆ پەرستی و خۆیەتی بەسەر بیر كردنەوەی مەنتقیانەو گیانی هاوكاریو پێكەوە كار كردن و دیالۆگ. ٤. قسەكردن لەسەر شێوازی مۆنۆلۆژو زۆربەی كات ئاڕاستە كردنی بۆ خودی خۆی نەک بەمەبەستی دیالۆگ و ڕاگۆڕینەوەو گفت و گۆ لەگەڵ كەسانی تر. ٥. سەرنەكەوتن لەلێكدانەوەی مەنتقی دیاردە فیزیقیەكان.

ئەمانەو چەندەها گۆڕانكاری تر لەگرنگترین سیماتەكانی پرۆسەی ژیری منداڵن لەم قۆناغەدا. جان پیاجیە ئەم قۆناغە بەسەر دوو قۆناغی بچووكتردا دابەش دەكات، كە ئەوانیش بریتین لە:

ت- قۆناغی پێش چەمكەكان (مرحلة ماقبل المفاهيم):-

ئەم قۆناغە دەكەوێتە نێوان (٢ - ٤) ساڵیەوە، ئەم قۆناغە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو چالاكیانەیە كە ووشەو هێماكانی تێدا بەكار دەهێنرێت. لەم قۆناغەدا وەڵامدانەوەی منداڵ وەک قۆناغی پێشوو تەنها بۆ شتە ماددی و فیزیقیەكان نیە، بەڵكو منداڵ هەمان وەڵامدانەوەی شتە ماددی و

فیزیقیەکانی بۆ ئەو هێماو ووشانەی کە گوزارشت لەو شتە ماددیو فیزیقیانە دەکەن هەیە. هەروەها منداڵ لەم قۆناغەدا هەوڵدەدات کە چارەسەری هەندێک لەگرفتەکان لەرێگەی بیرکردنەوەو بەکارهێنانی ووشەو هێماکانەوە بکات، واتە منداڵ دەتوانێت مانای تایبەتی بەهێماو ووشەو دیاردە جیاجیاکانی ژیان بدات و لەجیاتی یەکتری بەکاریان بهێنێ.

بۆ نموونە منداڵی کچ لەم قۆناغەدا دەتوانێت بووکە شووشەکەی وەک هێمایەک بۆ منداڵی راستەقینە بەکار بهێنێ و لەگەڵ ئەو بووکە شووشە بێگیانەدا بکەوێتە کفت و گۆو چیرۆکی بۆ بگێرێتەوەو گلەیی و گازاندەی لەدەست بکات و ئامۆژگاری و رێنمایی بکات، لەهەمان کاتدا منداڵ لەم قۆناغەدا دەتوانێت دارەکەی دەستی بکات بەئەسپ و گوێ درێژو سواری بێت و غار غارێنی پێبکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەم قۆناغەدا ئەو بۆچوون و بیرو باوەڕە لەلای منداڵ دروست دەبێت، کە هەندێک شت ووشەو هێماو مانان بۆ هەندێک شتی ترو دەتوانرێت لەجیاتی ئەو بۆ هەمان مەبەست بەکار بهێندرێ، کە ئەم توانستە لەقۆناغی پێشوو لەلای منداڵ نەبوو.

لەم قۆناغەدا لەتوانای منداڵدانیە کە چەمکەکان دروست بکات و لەمانایان تێبگات و هەروەها ناشتوانێت مانای شتەکان هەڵبهێنجێت (الأستدلال)، چونکە منداڵ لە بەشێک و پارچەیەکی بچووکەوە باز دەدات بۆ بەش و پارچەیەکی تر، بێ ئەوەی لەتوانایدا هەبێت لەبەشێکەوە (جزء) بچێت بۆ هەموو (گشت، الكل) یان لە(هەمووە)وە بۆ (بەش)ێک.

١. <u>**قۆناغی ئین تیو تیف**</u> (المرحلة الحدسية):-

ئەم قۆناغەش دەکەوێتە نێوان (٤ - ٧) ساڵانەوە، مەبەست لە(الحدس) (Intuitive) ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە کە ڕاستەوخۆو کت و پڕ بۆ زانینی دیاردەکان لەدایک دەبێت، بەبێ ئەوەی پشت بەهەنگاوەکانی بیر کردنەوەی مەنتیقی و لێک دانەوەو شیتەڵ کردنەوە ببەستێت، کە زۆر جار وەک (تخمين)و قەبلاندن و بریاری خێراو لەناکاو دەردەکەوێت. بیر کردنەوەو زانینی منداڵ لەم قۆناغەدا لەو جۆرە بیر کردنەوانەیە کە زۆر جار منداڵ بەڵگەی زانستی و مەنتیقی بۆ سەلماندنی بریارو بیر کردنەوەکانی پێ نیە.

منداڵ دەتوانێت چەمکی بەرفراوانترو بیر کردنەوەی وێنەداری ئاڵۆزتر بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی بەکار بهێنێ، هەرچەندە لەیەک لایەن و گۆشە نیگای تەسکیشەوە دەڕوانێتە دیاردەکانی ژیان و لێکیان دەداتەوە. چونکە هێشتا ئەو توانایەی لەلا دروست نەبووە کە لەهەموو گۆشەو لایەکەوە بڕوانێتە گرفت و دیاردەکانی ژیان.

بۆ نموونە ئەگەر دوو شووشە (کەمۆڵە، بیکەر)ی وەک یەک پڕ بکرێن لەشلەیەک و پیشانی منداڵ بدرێت ئەوا لەم قۆناغەدا ئەم منداڵە دەتوانێت بریاری راست بدات و بڵێت کە شلەی ناو هەردوو شووشەکە یەکسانن، بەڵام ئەگەر لەبەرچاوی منداڵەکە شلەی یەکێک لەدوو شووشەکەمان

کردە ناو شووشەیەکی باریکترو درێژتر ئەوا بڕیاری منداڵەکە لەم حاڵەتەدا ئەوەیە کە شلەی ناو ئەو شووشە باریک و درێژە زۆرترە. بۆ منداڵەکە لەم قۆناغەدا ئەو بڕیارە دەدا؟ لەبەرئەوەی لەتوانای منداڵدا نیە کە هەموو لایەن و بەشەکانی ئەو دیاردەیە لەبەرچاو بگرێت، ئەو تەنها حیساب بۆ یەک لایەن دەکات و بڕیارەکەی خێراو لەناکاوە، ئەو کاتێک دەڵێت شلەی ناو شووشە باریک و درێژەکە زۆرترە ئەوە تەنها حیسابی بۆ درێژی شووشەکە کردووە و ناتوانێت لەیەک کاتدا درێژی شووشە باریکەکە لەگەڵ پانی شووشە کورت و بچووکەکە بەراورد بکات و بڕیاری ڕاست و دروست بدات. چونکە بڕیاری ڕاست ئەوەیە کە منداڵ درێژی و پانی و قوڵایی و بارستایی هەردوو شووشەکە لەبەرچاو بگرێت و بگاتە ئەو ڕاستیەی کە شلەی ناو هەردوو شووشەکە یەکسانن. بەڵام منداڵ لەتەمەنی (٦ - ٧) ساڵان بەدواوە دەتوانێت بڕیاری ڕاست لەو بارەیەوە بدات، ئەویش لەبەر ئەوەی کە هەموو لایەنەکانی دیاردەو گرفتەکان لەبەرچاو دەگرێت و هیچیان پشت گوێ ناخات. واتە ئەگەر لەمنداڵێکی تەمەن (٥ - ٦) ساڵان پرسیار بکەین، بۆچی شلەی ناو شووشەی یەکەم زۆرترە لەوەڵامدا دەڵێت لەبەرئەوەی درێژترە بەڵام منداڵی تەمەن (٦ - ٧) ساڵان بەدواوە کە دەڵێت یەکسانە، هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ڕاستە شووشەی یەکەم درێژترە بەڵام تەسکترە هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا کە شووشەی دووەم کورتترە بەڵام پان ترە، کەواتە هەردوو شلەکە یەکسانن.

کەواتە لەم قۆناغەدا منداڵ ئەو زانیارییەی لەلا نیە کە بڕو چەندێتی (كمية) ماددەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە جۆرو شێوەی شووشەو دەفرەکانیش دەگۆڕدرێن هەروەک خۆیان دەمیننەوە، واتە تانەگەنە تەمەنی (٦ - ٧) ساڵان بەدواوە لەمانای نەگۆڕی مادە (ثبات المادة) تێناگەن. کەواتە هەر ج کاتێک ئەو توانایە لەلای منداڵ دەرکەوت کە بڕو چەندێتی شلەکان و ژمارەی شتەکان بەگۆڕینی شێوەو بارستایی و ڕەنگی شووشەو ئەو دەفرانەی کە تێیان دەکرێن ناگۆڕدرێن، ئەوە مانای ئەوەیە کە منداڵ پێی ناوەتە قۆناغی پرۆسە زیرییە هەست پێکراوەکانەوە کە ئەویش قۆناغی سێهەمی تیۆرییەکەی پیاجیەیە.

دەتوانین بڵێین لەقۆناغی پێش پرۆسە مەنتیقیەکان، عەقڵیەت و بیرکردنەوەی منداڵ لەزۆر لایەنەوە بێ بنەماو بەڵگەی زانستیە، بۆ زیاتر شارەزا بوون لەسیماو خاسیەتە سەرەکیەکانی ئەم قۆناغە، دەتوانین ئەم نموونانەی خوارەوە باس بکەین.

١. ئەگەر پرسیار لەمنداڵی ئەم قۆناغە بکرێت ئەمڕۆ بۆچی ڕۆژ دیار نیە، زۆر وەڵامی وەک (لەبەر ئەوەی نەخۆشە، عاجزو بێ تاقەتە، خەوتووە)مان چنگ دەکەوێت، چونکە منداڵ هۆیە ڕاستەقینەکەی کە هەورە نازانێت، بەڵام لەقۆناغی سێهەم دەتوانێت وەڵامی ڕاست بداتەوە.

٢. منداڵ لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا گیان بەبەری هەموو شتێکدا دەکات، بەبڕوای ئەو ئەگەر بزمار بەدیواردا دابکوتین ئەوە لەئەنجامی چەکوش و داکوتانەوە ئازار دەکێشێ، هەروەها ئەگەر قاچی بەر کورسیەک کەوت و ئازاری پێ گەیشت ئەوا بەکورسیەکەدا دەکێشێ و بەعەقڵی خۆی تۆڵەی لێدەکاتەوە و کورسیەکەش ئازاری پێدەگات، بەڵام پاش ماوەیەک کە زانیاری زیاتر دەبێت

تەنها گیان دەکات بەبەر ئەو شتانەدا کە دەجوولێن، واتە لەم کاتەدا بزمارو دارو بەرد بێ گیانن، بەڵام پایسکیل و ماشێن و مانگ و ئەستێرەو ئاوو گەڵای دار گیانیان هەیەو خاوەن هەست و سۆزن، چونکە دەجوولێن، بەڵام دوای ئەوەی کە زانیاری منداڵ زیاتر دەبێت و شارەزای هەندێک دیاردەی تر دەبێت، ئەو کاتە گیان و سۆزو هەست تەنها دەدات بە ئەو شتانەی کە خۆیان دەجوولێن نەک کەسانی تر بیان جوولێنن، لەم کاتەدا گەڵای دارو ماشێن و پایسکیل گیان و هەست و سۆزیان نیە لەبەر ئەوەی کەسانی تر دەیان جوولێنن، بەڵکو مانگ و رۆژو ئاوو ئاژەڵ گیان و هەست و سۆزیان هەیە چونکە خۆیان دەجوولێن، بەم شێوەیە رۆژ لەدوای رۆژ گۆرانکاری لە بۆچوونەکانیدا دەکات تا لەکۆتایی ئەم قۆناغەدا تەنها گیان و هەست و سۆز بە ئەو گیانەوەرانە دەدات کە شایەنی ئەو مافەن وەک مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەرەکانی تر.

٣. لەم قۆناغەدا منداڵ لەو بڕوایە دایە کە هەموو دیاردەکانی چوار دەور دروست کراون، بۆ نموونە ئەگەر پرسیاری ئەوەی لێبکرێ کێ شاخی دروست کردوە؟ لەوەڵامدا دەڵێت (کەسانی زۆر گەورەو زەبەلاح و سۆپەرمان گڵ و خۆڵ و بەردیان کۆکردۆتەوەو شاخ و گردو تەپۆڵکەیان دروست کردووە، یان دەڵێت کەسێکی زۆر بەتوانا چاڵێکی زۆر گەورەی هەڵکەندووەو ئاوی بۆ هێناوەو دەریاو رووباری دروست کردووە) یان خودا خۆی شاخ و دەریای دروست کردووە... هتد.

٤. زمانی منداڵ لەم قۆناغەدا لەجۆری (مۆنۆلۆژ)ە، واتە یەک لایەنیەو منداڵ ئاراستەی خودی خۆی دەکاتەوەو بۆ مەبەستی کار لێککردنی کۆمەڵایەتی و راگۆرینەوەو دیالۆگ بەکاری ناهێنێ، بۆ نموونە کە چەند منداڵێکی (٤-٥) ساڵان بەیەکەوە قسە دەکەن هەریەکەیان بۆ خۆی قسە دەکات و گوێ لەقسەی بەرانبەرەکەی ناگرێت و جاری واش هەیە هەر هەموویان پێکەوە قسە دەکەن، هەر ئەمەشە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە گفت و گۆو دیالۆگ لەنێوان منداڵاندا سەرنەگرێت، چونکە منداڵ لەم قۆناغەدا ناتوانێت راو بۆچوونی کەسانی تر لەبەرچاو بگرێت و لەتوانایدا نیە کە خۆی بخاتە شوێنی ئەوان و رۆڵی ئەوان یاری بکات، چونکە ئەو وادەزانێت کە هەموو کەس وەک ئەو بیر دەکەنەوە، نازانێت کە راو بۆچوونی جیاواز لەراو بۆچوونی ئەو هەیەو لەوانەیە ئەو هەڵە بێت و کەسانی تر لەسەر هەق بن. هەروەها لەیەک لاوە سەیری شتەکان دەکەن و ناتوانن لەجەوهەرو ناوەرۆکی دیاردەکان و پێچەوانەی دیاردەکان تێبگەن، واتە ئەگەر لەبیر کردنەوەدا لەخاڵێکی وەک (أ) دەستیان بەرۆیشتن کرد بۆ خاڵی (د) ئەوا ناتوانن لەخاڵی (د)ەوە بگەڕێنەوە (معکوسیة) بۆ خاڵی (أ).

٥. دیاردەی خەست کردنەوەو چاو بڕینە خاڵێک (الترکیز) زاڵە لەکاتی بیر کردنەوەیاندا، واتە تەنها گرنگی بەیەک خاڵ و لایەن دەدەن و وردەکاری و لایەنەکانی تری دیاردەکە پشت گوێ دەخەن.

ج. قۆناغی پرۆسە ژیرییە هەست پێکراوەکان (مرحلة العمليات العقلية المحسوسة):-

ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان ساڵەکانی (٧-١١). لەم قۆناغەدا پرۆسەی بیر کردنەوەی منداڵ زۆر مەنتیقیەو لەتوانایدا هەیە کە بەبەڵگەی زانستی و مەنتیقی بەرگری لەبیرو بۆچوونەکانی خۆی بکات و دەتوانێت هۆیە مەنتیقیەکانی دیاردە سروشتیەکان هەست پێ بکات. منداڵ لەم قۆناغەدا نابێت بەکۆیلەی بیر کردنەوەی یەک لایەنی، بەڵکو لەهەموو لایەک و گۆشەیەکەوە سەیری دیاردەو گرفتەکان دەکات و لەتوانایدا هەیە بەپێچەوانەشەوە (المعكوسية) بیر لەدیاردەو گرفتەکان بکاتەوە، واتە لەکۆتاییەوە بگەڕێتەوە بۆ سەرەتا، هەروەها لەم قۆناغەدا لەقاوغ و چوارچێوەی تەنیایی و خۆخۆیی و خۆپەرستی ڕزگاری دەبێت و گیانی هاوکاری و دۆستایەتی و تەبایی تیایدا گەشە دەکات و زمانیشی ئاڕاستەی کەسانی تر دەکات و لەتوانایدا دەبێت کە گفتوگۆو دیالۆگ بەئاکام بگەیەنێت و ڕاو بۆچوونی کەسانی تر لەبەرچاو بگرێت و حیساب بۆ بەرامبەرەکەی بکات.

لەلایەکی تریشەوە دەتوانێت دیاردەکان بەشێوەیەکی زنجیرەیی یەک لەدوای یەک پۆلین بکات، بەڵام بیرکردنەوە مەنتیقیەکەی هەر لەسنووری دیاردەو گرفتە هەست پێکراوەکاندا دەسووڕێتەوەو ناتوانێت بەشێوەیەکی مەنتیقیانە بیر لەدیاردەو گرفتە واتادارو ڕووتەکانی (الظواهر المجردة والمعنوية) وەک (یەکسانی، دیموکراسی، ڕاستگۆیی، دادوەری، ئازایەتی، مەردایەتی... هتد) بکاتەوە.

لەم قۆناغەدا منداڵ دەگاتە ئەو بڕوایەی کە کەسانی تریش وەک ئەو بیرو باوەڕی جیاوازیان هەیەو لەوانەیە بگەنە دەرئەنجامێک کە جیاواز بێت لەو دەرئەنجامەی کە ئەو پێیگەیشتووە، هەوڵدەدات کە لەڕێگە بیرو بۆچوونی کەسانی ترەوە لەڕاست و دروستی ڕاو بۆچوونەکانی خۆی دڵنیا بێت. بێگومان ئەم گیانی هاوکاری و تەباییەی منداڵیش هەر لەڕێگەی کار لێککردنی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاو بوونی کەسانی ترەوە گەشە دەکات.

لەم قۆناغەدا دەتوانێت وەک مرۆڤێکی کامڵ بیر بکاتەوەو دیاردەکان شیتەڵ بکاتەوەو تێیشیان بگات، بەڵام بەمەرجێک لەسنووری هەستەوەرەکانیدا بێت. واتە دەتوانێت هۆی سروشتی (باران بارین، ڕۆژ دەرنەکەوتن... هتد) بزانێت و بەڵگەی زانستیشی (بەپێچەوانەی قۆناغی پێشو) بۆ بهێنێتەوە. واتە لەم قۆناغەدا منداڵ بەخاسیەت و سیما فیزیقی و ماددییەکان هەڵناخەڵەتێت. دەتوانین بەچەند نموونەیەک زیاتر عەقلیەتی منداڵ لەم قۆناغەدا ڕوون بکەینەوە لەوانە:-

١. ئەگەر دوو شووشە تا نیوەی شلەی تێدا بێت، ئینجا لەبەرچاوی منداڵێکی (٩ - ١٠) ساڵان پارچەیەک شەکر بخەینە ناو یەکێک لەشووشەکان، ئەگەر پرسیاری ئەوەی لێبکرێت کە شەکرەکە چی لێهات؟ لەتوانای ئەو منداڵەدا هەیە کە بزانێت شەکرەکە هەر ماوە بەڵام لەناو ئاوەکەدا تواوەتەوەو تامی ئاوەکەشی شیرین کردووە بەڵام منداڵێکی تەمەن (٥ - ٦) ساڵان ناتوانێت ئەو وەڵامە بداتەوە.

٢. ئەگەر پارچەیەک قوڕی دەست کرد (هەویر) لەبەرچاوی منداڵێکی تەمەن (٩ - ١٠) ساڵان لەسەر لایەکی تەرازوویەک دابنێین لەبەرانبەریشی پارچەیەکی تر بەقەدەر خۆی لەسەر لایەکەی تری تەرازووکە دابنێین، ئینجا دوای ئەوە شێوەی پارچەی یەکەم وەک تۆپێکی بچکۆلە خڕ بکەین بەڵام پارچەی دووهەم وەک قەڵەم درێژ بکەینەوە، ئەوا زۆر لەمنداڵەکانی تەمەن (٥ - ٦) ساڵان دەڵێن کە ئەوەی لەشێوەی قەڵەمدایە زۆرترە بەڵام منداڵانی تەمەن (٩ - ١٠) ساڵان دەڵێن کە هەردوو پارچە قوڕەکە یەکسانن باشێوەشیان جیاواز بێت.

٣. ئەگەر پرسیارێکی وەک (محمد لەئازاد گەورەترە، هیواش لەئازاد گچکەترە، ئایا کامیان لەهەموویان گەورەترە؟) لەمنداڵێکی تەمەن (٦ - ٧) ساڵان بکرێت ناتوانێت وەڵامی ڕاست بداتەوە بەڵام زۆربەی منداڵانی ئەم قۆناغە دەتوانن بەسەرکەوتوانە وەڵام بدەنەوە.

د. قۆناغی پرۆسەی بیر کردنەوەی واتداروڕووت [مرحلة التفكير المجرد (أو المعنوي)]:-

ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان (١١ - ١٥) ساڵان. ئەم قۆناغە دواهەمین قۆناغی گەین و کامڵیەو عەقلیەت و زیرەکی منداڵ (هەرزەکار) دەگاتە ترۆپک و پۆپەی گەشە کردنی چۆنیەتی، کە لەدوای ئەم قۆناغە هەموو گۆڕانکارییەکانی تر چەندێتیەو تەنها بڕو ڕێژەی زیرەکی زیاد دەکات نەک جۆری هێلکارییەکان. واتە بیناو بنەمای عەقلی هەرزەکار وەک گەورەکان وایە بەڵام تەنها بڕو ڕێژەی شارەزایی‌و زانیاری لەگەورەکان کەمترە، کە ئەویش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەڕێگەی هەردوو پرۆسەی مژین و خۆگونجاندنەوە زیاد دەکات و وەک گەورەکانی لێدێت.

لەم قۆناغەدا لەتوانای هەرزەکاردا هەیە کە مامەڵە لەگەڵ تیۆریی و گریمان و بابەت و دیاردە ڕووت و واتادارەکاندا بکات و بەئاسانی تێیان بگات و نەخشەو پلانی زانستی بۆ ئێستاو داهاتوو لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوەکانی ڕابووردو دابنێت. منداڵ لەقۆناغی پێشودا تەنها دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ یەک گرفت و دیاردەی هەست پێکراو بکات بەڵام لەم قۆناغەدا لەتوانایدا هەیە کە مامەڵە لەگەڵ زیاتر لەیەک دوو گرفت و دیاردەی ئاڵۆزی ڕووت و واتادار دا بکات و لەچوارچێوەی تیۆرو چەند گریمانێکیشدا کۆیان بکاتەوە، هەروەها دەشتوانێت کە بەچەندەها شێواز بیر لەیەک دیاردەو گرفت بکاتەوەو چەندەها ڕێگا چارەی گونجاویشی بۆ بدۆزێتەوە. دەتوانین لەڕێگەی ئەم نموونانەی خوارەوە خاسیەتەکانی عەقلی منداڵ و هەرزەکار لەم قۆناغەدا بەدەربخەین:-

١. لەتوانای منداڵ (هەرزەکاری) ئەم قۆناغەدا هەیە کە شت بنیات بنێت و لەچەند پارچەو بەشێک بەرهەمێک دروست بکات. بۆ نموونە ئەگەر (٥) پێنج جۆر شلەی جیاواز لەناو (٥) پێنج شووشەدا لەبەردەم منداڵ و هەرزەکارێکی ئەم قۆناغەدا دابنێین و دوای ئەوەی لێبکەین کە ڕەنگی شینمان لەئەنجامی تێکەڵ کردنی ئەو شلانە بۆ دروست بکات. بێگومان شلەی شووشەی ژمارە (٢) لەگەڵ ژمارە (٤) هیچ ڕۆڵێکیان نیە لەدروست کردنی ئەو ڕەنگەدا بەڵکو تەنها لەئەنجامی تێکەڵکردنی شلەکانی ناو شووشەکانی (١،٣،٥) ئەو ڕەنگە شینە دروست دەبێت، لەتوانای منداڵ و هەرزەکاری ئەم قۆناغەدا هەیە کە هەموو گریمان (فرضية)و لەوانەیەکان (الأحتمالات) تاقی

بکاتەوە تادەگاتە دروست کردنی ڕەنگەکە، بەلام مندالی قۆناغی پێشوو دوای چەند هەوڵدان و تاقی کردنەوەیەک ئیتر بێزارو وەڕس دەبێت و واز لەو تاقی کردنەوەیە دەهێنێت و ناگاتە مەبەستەکەی کە ئەویش دروست کردنی ڕەنگی شینە.

٢. دەتوانێت گیروگرفت و بابەتی زمانەوانی، کە وێنە عەقلیەکان، لەڕێگەی ووشەو هێما رووت و واتادارەکانەوە دروست دەکرێن، چارەسەر بکات و هەڵیان بهێنێت. بۆ نموونە ئەگەر لەمندالّ و هەرزەکاری ئەم قۆناغە پرسیار بکرێت (ئازاد لەمحمد سپی ترە، بەلام لەهیوا ڕەشترە، ئایا کامیان لەهەموویان سپیترە؟) ئەوا زۆربەیان بەڕاستی وەلامی دەدەنەوە، بەلام ئەگەر هەمان پرسیاری پێشو لەمندالێکی (٩ - ١٠) سالان بکرێت، زۆر زەحمەتە بتوانێت وەلامی ڕاست بداتەوە مەگەر مندالەکان لەبەردەمی ڕیز بکرێن و ئینجا ئەو پرسیارەی لێبکرێت، کەواتە لەم قۆناغەدا بەپێچەوانەی قۆناغی پێشوو دەتوانێت خۆی لەشت و دیاردە هەست پێکراوو فیزیقیەکان دەرباز بکات و لەڕێگەی هێماو گریمان و چەمکە زمانەوانیەکانەوە (المفاهیم اللغویة) بیر لەدیاردەو گرفتە رووت و واتادارو هەست پێنەکراوەکان بکاتەوەو چارەسەری گونجاویشیان بۆ دابنێت.

هەروەها لەتوانای مندالّ (هەرزەکاری) ئەم قۆناغەدا هەیە کە لەگەلّ جۆرەها گریمان مامەلە بکات، بۆ نموونە ئەگەر پێی بلێین (گریمان ماست ڕەشە، یان بابلێین زستان گەرمە، یان گریمان شەکر تالە... هتد) ئەوا لەتوانایدا هەیە کە وەریان بگرێت و مامەلەیان لەگەلّ بکات، بەلام بەهیچ شێوەیەک لەتوانای مندالانی قۆناغی پێشوودا نیە کە ئەو گریمانە وەربگرن و مامەلەی لەگەلدا بکەن، واتە هەر یەکسەر ڕەتی دەکەنەوەو باوەڕی پێ ناکەن و ناشتوانن وەک گریمان بۆ ماوەیەکی کەمیش قوبولّی بکەن. واتە ناتوانن بوونیاتی بابەتەکە لەناوەرۆکەکەی جیا بکەنەوەو تەنها بوونیاتەکەی شیتەلّ بکەنەوەو گفتوگۆی لەسەر بکەن بەپێچەوانەی مندالّ و هەرزەکارانی ئەم قۆناغە کە ئەو توانستەیان بۆ دروست بووە. (الأزیر جاوی، ١٩٩٠، ص٩٥-١٠٠).

٣ - لەتوانای مندالّ (هەرزەکاری) ئەم قۆناغەدا هەیە کە مامەلە لەگەلّ هێما ماتماتیکیەکاندا (الرموز الریاضیة) بکات، بۆ نموونە دەتوانین لێیان بپرسین کە (س >ص، ع < ص) ئایا کام لە (س، ص، ع) لەهەموویان گەورەترە. لەم کاتەدا زۆربەی مندالان و هەرزەکارانی ئەم قۆناغە دەتوانن بەسەرکەوتوانە وەلامی بدەنەوە، بەلام زۆر زەحمەتە مندالانی قۆناغی پێشوو وەلام بدەنەوە.

ئەرکەکانی دایک و باوک و مامۆستا بەپێی تیۆرییەکەی پیاجیە

١. دەبێت پرۆگرام و شێوازی وانە گوتنەوەو شێوەی مامەڵە کردنی منداڵان بەپێ ی قۆناغ و تەمەنی منداڵ بگۆڕدرێت، چونکە هەریەک لەقۆناغەکان خاسیەت و سیمای تایبەتی خۆی هەیە.

٢. دەبێت تاتەمەنی (١١ - ١٢) ساڵان بابەت و وانەو گرفتەکان هەست پێ کراو بن و دووربن لەچەمک و هێمای ڕووت و ئاتادارو هەست پێنەکراو.

٣. دەبێت ژینگەی منداڵ و چواردەورەکەی پڕ بێت لەووروژێنەرو ڕووداوو بابەتی پێویست بۆ گەشەکردنی عەقڵی.

٤. نابێت سەربەستی و جووڵەی منداڵ لغاو بکرێت بەڵکو دەبێت سەربەست و چالاک بێت بۆ ئەوەی شارەزای ژینگەو چواردەورەکەی ببێت.

٥. دەبێت دایک و باوک و مامۆستا ئاگاداری هەستەوەرەکانی منداڵ بن و لەکەم و کورتی و نووقستانیان دڵنیابن و چارەسەری هەستەوەرە لاوازەکانیش لەکاتی خۆیدا بکەن، چونکە هەستەوەرەکان کلیلی کردنەوەی هەموو دەرگا زانستیەکانن.

٦. ئەرکی سەرەکی کەسانی چواردەوری منداڵە کە بەردەوام دیاردە ئاڵۆزو تەم و مژاوییەکان بۆ منداڵەکان ڕوون بکەنەوە.

٧. کار لێککردن و تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە بۆ منداڵ، لەبەرئەوە زۆر پێویستە کە هانی منداڵ بدرێت بۆ تێکەڵاو بوونی منداڵانی تر چونکە لەڕێگەیەوە شارەزای داب و نەریت و بەهای کۆمەڵەکەی دەبێت و شارەزایی و زانیاری زیاتر دەبێت کە سەرجەم ئەمانەش منداڵ لەخۆیەتی و تەنیایی و دوورەپەرێزی دەپارێزێ و گیانی کۆمەڵایەتی و برایی و تەبایی تیایدا دەچێنێ.

٨. بیرو باوەڕو بۆچوونی دایک و باوک و مامۆستا زۆر گرنگە دەربارەی ژیری و زیرەکی منداڵ، چونکە ئەگەر دایک و باوک و مامۆستا لەو بڕوایەدا بوون کە زیرەکی و عەقڵی منداڵ ناگۆڕە، ئەوا بەجۆرێک مامەڵە لەگەڵ منداڵە دواکەوتووەکان دەکەن کە جیاواز دەبێت لەو کاتەی کە لەو بڕوایەدا بوون کە ژیری و عەقڵی منداڵ گۆڕدراوە. ناوەڕۆکی تیۆرییەکەی پیاجیەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە عەقڵ و زیرەکی منداڵ بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت و بەردەوام لەحاڵەتی گۆڕاندایە. کەواتە ئەرکی سەرەکی دایک و باوک و مامۆستا دابین کردنی ژینگەی مادی و کۆمەڵایەتی گونجاوە بۆ گەشەکردنی زیرەکی و عەقڵی منداڵەکانیان.

٩. لەئەنجامی تیۆرییەکەی پیاجیەوە دەیەها بگرە سەدەها ئەزموون و کەرەستەو تاقی کردنەوەی جیاواز جیاواز لەدایک بووە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە مامۆستا شارەزایی لەبارەی هەندێک لەو ئەزموون و کەرەستانەوە هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت خاڵە لاوازو بەهێزەکانی گەشەکردنی ژیری و زیرەکی منداڵەکان دیاری بکات.

ئایا ڕاستە منداڵانی هەندێک گەل و نەتەوە هەر لەبنەڕەتەوە لەمنداڵانی گەلانی تر زیرەکترن؟

زۆرجار لێرەو لەوێ هەندێک جار لەسەر زمان و گفتی چەند سەرکردە و زاناو لێپرسراوێک وا پیشان دەدرێت کەهەندێک گەل و نەتەوە هەر لەبنەڕەتەوە زیرەکترو بەتواناو لێهاتووترن لەگەلان و نەتەوەکانی تر، لەبەرئەوە مافی خۆیانە باڵا دەست بن و گەل و نەتەوەکانی تر لەژێر دەسەڵاتی ئەماندابن و زیاتریش پاساوی ڕاوبۆچوونەکانیان بەدەرئەنجامی هەندێک ئەزموون (اختبار) و زیرەکی پێوەکان (مقایس الذكاء) دەدەنەوە.

بۆ نموونە هیتلر پرۆپاگەندەی ئەوەی دەکرد کەگەلی ئەڵمانی لەگەلان و ڕەگەزەکانی تر زیرەکترن و خوێنیشیان پاکترە. گومانی تێدانیە ئەو ڕابۆچوونانە تەنها قسەو قسەڵۆکن و بۆ مەبەستی داگیرکردن و پارێزگاری کردنی کورسی دەسەلات، گەل و نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیانیانی پێ چەواشە دەکەن و وەک دەڵێن (حەبلی درۆش کورتە). بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و داخە ئەوەیە کەهەندێک جار زاناو ڕۆشنبیری ناودار کەوتوونەتە ناو ئەو چلپاوەو بوون بەو جۆرە تەڵەوە، کەیەکێک لەوانە (ئیزنکێ)ە کەپاساوو بەڵگەی چەواشەکاری دەهێنایەوە بۆ ڕەوایی و دروستی، بوونی چین و توێژی جیاجیاو باڵا دەستی ڕەگەزی سپی پێست (یاسین، ص٦٩).

ئینجا بۆ یەکلاکردنەوەو پووچەڵ کردنەوەی ئەو قسەو قسەڵۆکانە ئەم بەڵگە زانستیانەی خوارەوە دەهێنینەوە:-

١) ڕاستە زۆرجار هەوڵ دراوە گەل و نەتەوەکانی هەموو جیهان دابەش بکرێن و بگەڕێنرێنەوە بۆ چەند ڕەگەزو بنەچەو (سەلالەیەک) بەڵام بەتەواوی سەرکەوتوو نەبوون

و رەخنەی زۆریان ئاڕاستە كراوە، لەبەرئەوەی تەنها پشتیان بەیەك پێوەر بەستووە ئەویش لایەنی جەستەییە، واتە گەل و نەتەوەكانیان بەپێ ی (رەنگی چاو، پێست، پرچ، شێوەی دەم و چاوو كەللەی سەر، جۆری خوێن، چالاكی كوێرە گلاندەكان و رەگەزەكانی تری لەش و جەستە) دابەش كردووە بەسەر چوار رەگەزو كۆمەڵ و (سەلالەدا) كەبریتین لە:-

ا) (قەوقازییەكان، نۆردییەكان، ئەلبیەكان، دانیشتوانی ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاست و هندۆسەكان).

ب) شێوە مەنگۆلیەكان (دانیشتوانی مەنگۆلیا، مەلاتۆ، هیندە ئەمریكیەكان).

جـ) زنجیەكان (رەش پێستو دانیشتوانەكانی میلانیزیا، بۆشمان).

ء) چەند دەستەو تاقمێكی تر كەبەپەرتو بلاوی لێرەو لەوێ دەژین بەڵام ناتوانرێت بخرێنە چوارچێوەی یەكێك لەو سێ سەلالەی سەرەوە (جیلفورد، ص٦١٥).

<u>*بەڵام ئەم دابەشكردنە بێ رەخنەو كەموكورتی نیە لەوانە:-*</u>

زۆرجار جیاوازییەكی زۆر هەیە لەنێوان تاكەكانی یەك سەلالەدا لەلایەن زیرەكی و حەزو ئارەزوو رەگەزەكانی جەستەییەوە، هەروەها زۆر لەتاكەكانی ئەو (سەلالانە) لەزۆر لایەنەوە وەك یەكن، لەلایەكی ترەوە هەندێك كەس هەن كەلەلایەنی دەم و چاوو لووتەوە وەك زنجیەكان وان بەڵام لەلایەنی پرچ و شێوەی كەللە سەرەوە وەك قەوقازییەكان وان، هەروەها لەم دوایەشدا چەند پێوەرێكی تری وەك (زمان، نەتەوە) هاتنە گۆڕێو رەگەزی تری وەك (ئاری، لاتینی) دەركەوتن، لەبەرئەو هەموو كەم و كورتیانە ناتوانرێت بووترێت لەسەدا سەد (١٠٠) ئەو دابەشكردنە ڕاستە، بەڵام ئەوەش ئەوەندە گرنگ نیە، با وای دانێین زۆر ڕاستە، بەڵام ئایا لەلایەنی زیرەكیەوە جیاوازی هەیە لەنێوانیاندا.

بۆ نموونە توێژەرەكانی سووپای ئەمریكی لەشەڕی یەكەم و دووەمی جیهانیدا لەڕێگەی زیرەكی پێوی (ئەلفا)ی سوپاوە زیرەكی زۆر لەسەربازەكانیان پێوا، لەئەنجامدا بۆیان دەركەوت كەلەزۆر لایەنەوە جیاوازی نیە لەنێوان ڕێژەی زیرەكی ڕەش پێست و سپی پێستەكانی ئەمریكا، بەلام بەپێچەوانەوە زۆرجار ڕێژەی زیرەكی ڕەش پێستەكانی باكووری ئەمریكا زیاترە لەڕێژەی زیرەكی ڕەش پێستەكانی باشووری ئەمریكا.

ڕاستە هەندێك جار ڕێژەی زیرەكی منداڵە سپی پێستەكان زیاترە لەڕێژەی زیرەكی منداڵە ڕەش پێستەكان، ئەوەش بەلای زۆربەی دەروونزانەكانەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆكارێك لەوانە:-

١) بارودۆخو ژینگەی كۆمەلایەتی و رۆشنبیری و ئابووری و ڕامیاری سپی پێستەكان زۆر باشترو لەبارترە لەژینگەی ڕەش پێستەكان.

٢) ئەو ئەزموون و زیرەكی پێوانەی كەڕێژەی زیرەكی منداڵەكانی پێ دەردەهێنرێت لەسەر منداڵ و ژینگەی سپی پێستەكان تاقی كراونەتەوەو دەرهێنراون لەبەرئەوە گونجاو نیە بۆ ڕەش پێستەكان و ناتوانن وەك سپی پێستەكان لێی تێبگەن و زانیارییەكان تایبەتن بەژینگەی سپی پێستەكان زیاتر لەڕەش پێستەكان.

٣) زۆربەی ئەزموون و زیرەكی پێوەكان كەم و كورتیان تێدایە، هەریەكەیان چەند لایەنو توانستێكی ژیری مرۆڤ دەپێوێ و جیاوازە لەوانی تر، هەروەها زۆربەی توانستەكانی ژیری مرۆڤ تاوەكوو ئێستا بەتەواوی نەزانراوە و زیرەكی پێوی بۆ دانەنراوە، بۆ نموونە (جیلفورد) ی زانا تاوەكو ئێستا توانیویەتی (٦٥) شەست و پێنج توانستی جیاجیای ژیری بدۆزێتەوە وەپێشبینی ئەوەشی كردووە كە(١٢٠) سەدو بیست توانست هەبێت نەك (٦٥)، لەگەڵ ئەوەشدا فراوانترین و باشترین ئەزموون، زیرەكی پێوی (ستافورد- بینیە)یە لەو (٦٥) توانستە تەنها چەند ژمارەیەكی كەمی لێ دەپێوێ. (الشیخ، ص٢٢-٢٣).

هەروەها کاتێک زاناکان توێژینەوەیان لەسەر منداڵان و هەرزەکارانی هندیە ئەمریکی و هندیە کەنەدیەکان کرد، بۆیان دەرکەوت کەجیاوازی هەیە لەنێوان ڕێژەی زیرەکی هندیە ئەمریکیەکان و هندیە (کەنەدیە)کان، لەبەرئەوەی ژینگەی کۆمەلایەتی و ئابووری و رۆشنبیری ئەو دوو وولاتە جیاوازە، کاتێکیش بەراورد کرا لەنێوان ڕێژەی زیرەکی (نۆردی، ئەلبی)یەکانی فەرەنساو ئیتالیاو ئەڵمانیا، دەرکەوت کەجیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوانیادا، هەروەها دەرکەوتووە کەجیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان چین و یابانیەکانی ئەمریکاو هاورەگەزو توخمەکانیان لەوولاتی چین و یابان، هەروەها هەندێک جار منداڵە چینی و یابانیەکانی ئەمریکا ڕێژەی زیرەکیان زیاترە لە هەندێک منداڵی ئەمریکی، ئەمانەو چەندەها دەرئەنجامی توێژینەوە زانستیەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەرەگەزو توخم و (سەلالە) نابێتە هۆی ئەوەی کەمرۆڤ زیرەکتر بێت، لەبەرئەوەی منداڵی زیرەک و بەهرەمەند و بلیمەت لەناو هەموو گەل و نەتەوەیەکدا هەیە، بەهەمان شێوە بەنیسبەت منداڵی نەزان و گەمژەو دەبەنگ، لەلایەکی تریشەوە منداڵانی گەل و نەتەوە دواکەوتووەکان کاتێک ژینگەی کۆمەلایەتی و ئابووریو رۆشنبیریو رامیاریان باش دەبێت یان دەگوێزرێنەوە بۆ ژینگەیەکی پێشکەوتوو، ڕێژەی زیرەکیان بەرزدەبێتەوە، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر لەژینگەیەکی پێشکەوتوو دەوڵەمەندەوە بگوێزرێنەوە بۆ ژینگەیەکی دواکەوتو ئەوا ڕێژەی زیرەکیان دادەبەزێت.

شایانی ئاماژە بۆ کردنە کەدەروونزانی تازە، گەیشتە ئەو راستیەی کەزیرەکی پابەندە بەدوو هۆکاری سەرەکیەوە، یەکەمیان بۆماوەیە ئەویتریان ژینگە، لەئەنجامی کارلێککردنی ئەو دوو هۆکارەوە (بۆماوە × ژینگە) ڕێژەو توانستی زیرەکی دیاری دەکرێت، بەنیسبەت بۆماوەو توانستی سەرکەوتوو لەناو هەموو گەل و نەتەوەو سەلالەیەکدا هەیە، بەلام هۆکاری دووەم واتە ژینگەی کۆمەلایەتی و ئابووریو رامیاری و رۆشنبیری جیاوازەو وەک یەک نین، لەبەرئەوە ئەو جیاوازییە زۆرە دەبینین کەهەیە لەلایەنی زیری و توانستە عەقڵیەکانی ترو ژمارەی بەهرەمەندو لێهاتووەکان، دەگۆڕدێن لەکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر بەپێی پێشکەوتنی شارستانی و کۆمەلایەتییان.

وەبەڵگەش بۆ کارلێککردنی ئەو دوو هۆکارە ئەو جیاوازیە زۆرەیە کەلەنێوان وڵاتانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی ڕۆژهەڵات لەلایەک و وڵاتانی پێشکەوتوو وڵاتانی تازە پێش کەوتوودا لەلایەکی ترەوە کەلەلایەنی داهێنان و ئەفراندن و دەرکەوتنی کەسانی ناودارو زانا هەیە، هۆکاری سەرەکیشی دواکەوتوویی ڕژێمی حوکمداری و سیستمی ئابووریەکەیەتی و دواکەوتوویەکەی بۆ ڕەگەزو توخم و سەلالەکەی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئەو ژینگە کۆمەلایەتی و ئابووری و رامیاری و ڕۆشنبیرییەی دەگەڕێتەوە کەتیایدا دەژی، ئەگەر منداڵێکی یابانی یان ئەمریکی بهێنین و لەکوردستان بژی و بەو شێوەی لای ئێمە لەخێزانو خوێندنگاو کۆڵان و لەڕێگەی ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندنی ئێمەوە فێربکرێت و لەو بارودۆخە نالەبارو دژوارەی ئێمەدا بژی بێگومان بەهیچ شێوەیەک لەمنداڵە کوردەکە باشتر نابێت، بەلام ئەگەر ئەو منداڵە کوردەمان گواستەوە بۆ ژینگەیەکی پێشکەوتوو، ئەوا ئەگەر لەوان بەتواناترو بلیمەتر نەبێت ئەوا لەوانیش کەمتر نابێت، وە نموونەی زیندووش لەم بارەیەوە زۆرە.

چۆنیەتی گەشەکردنی هەڵچوونەکانی منداڵ
منداڵ بۆ تووشی هەڵچوون دەبێت ؟
قۆناغەکانی گەشەکردنی هەڵچوونەکان
ئەو هۆکارانەی کار لە گەشەکردنی هەڵچوونەکان دەکەن
منداڵ چۆن دەبێت بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ؟
شێوازەکانی راهێنانی کۆمەڵایەتی
گرنگی دایک لە ژیانی منداڵ
پرۆسەی شیر پێدان
گرنگی باخچەی ساوایان

چۆنیەتی گەشەکردنی هەڵچوونەکانی منداڵ

پێشەکی

هەڵچوون (الأنفعال) وەک هەموو دیاردە جەستەیی و دەروونیەکانی تر لەکاتی گەشەکردنیدا تادەگاتە ئاستێکی کامڵ و گەیو بەچەند قۆناغێکدا تێ دەپەڕێت.

لەسەرەتای ژیاندا هەڵچوونەکان زمان حاڵی منداڵی شیرە خۆرەن و لەڕێگەیانەوە زۆر لەپێداویستیەکانی لەلایەن کەسانی چواردەوریەوە (بەتایبەتی دایک) تێر دەکرێن، زۆربەی هەڵچوونەکان لەسەرەتای ژیانی مرۆڤدا پەیوەستن بەخۆشی و حەواندنەوەی جەستەو تێرکردنی پێداویستییە فسیۆلۆژیەکان (خەو، نان، ئاو، ڕزگار بوون لەپاشەڕۆ، ...هتد). واتە کاتێک منداڵ برسی یان تینو یان خۆی پیس کردووە یان ئازاری هەیە پەنا بۆ هەڵچوونەکانی دەبات و لەڕێگەی گریان و تورەبوون و بێزاری و قەڵسیەوە گوزارشت لەو برسێتی و ئازارو ناخۆشیانەی دەکات و سەرنجی کەسانی چواردەوری پێ ڕادەکێشی. بەڵام منداڵی شیرەخۆر کاتێک تێر دەبێت و هەست بەهیچ ئازارو ناخۆشیەک ناکات ئەوا زۆر هەڵچوونی وەک (دڵخۆشی، کامەرانی، شادی) لەجەستەو دەم و چاویدا ڕەنگ دەداتەوەو لەڕێگەی زەردەخەنەوە گوزارشتیان لێ دەکات. دوای ئەوەی شارەزایی زیاترو تەمەنی گەورە تر دەبێت، ئەوا ئەو کاتە پێکەنین و گاڵتەو گەپی جێگای زەردەخەنەی دەگرێتەوە. کەواتە سەرچاوەی ئەو وروژێنەرانەی (مثيرات) کەدەبنە مایەی هەڵچوونەکان یان لەجیهانی ناوەوەی منداڵ یان لەجیهانی دەرەوە سەرهەڵدەدات، بۆ نموونە:-

[زۆر جار (قسە لەگەڵ کردن، یاری کردن، سەرکەوتن بەسەر گرفتێکدا، هەڵبەزو دابەز بەسەر کەل و پەلدا، دەست کەوتنی شتێکی خۆش، نەمانی برسێتی، تێر خەوتن،... هتد) دەبنە مایەی خۆشی و کامەرانی منداڵ] (همام، ١٩٨٤، ص١٤١).

لەساڵی یەکەم زۆربەی هەڵچوونەکانی منداڵی شیر خۆر ئاڕاستەو پەیوەستە بەدایکەوە چونکە ئەو یەکەم کەسە لەژیانی منداڵداو و بەرپرسیارە لەتێرکردن یان تێرنەکردنی پێداویستیە گرنگەکانی منداڵ، بەڵام لەساڵی دووهەم لەئەنجامی فراوان بوونی بازنەی پەیوەندییەکانی منداڵ بەجیهانی دەرەوە، هەڵچوونەکانی زیاتر گەشە دەکەن و وروژێنەرەکان زیاتر و جۆراو جۆرتر دەبن.

ئەوەی زانراوە هەڵچوونەکان گرنگیەکی تایبەتی و بێوێنەیان لەژیانی مرۆڤدا هەیەو بەبێ هەڵچوونەکان هیچ تام و چێژێکی نیە. بەڵکوو تەنها هەڵچوونەکانی وەک (دڵ خۆشی، دڵتەنگی، شادی، توڕەبوون، ترس، هیواو ئاوات، چکۆسی، .... هتد) دەتوانن ببن بەدابینەمۆو جووڵێنەری بیرکردنەوەو هەڵس و کەوتی ڕۆژانەمان و ماناو تام و چێژی تایبەتی خۆی بدەنێ، بەمەرجێک لەسنووری ئاسایی خۆیاندا بن.

پێناسە:

هەڵچوونەکان بریتین لەچەند حاڵەتێکی کت و پڕو لەناکاو کە لەناوەوەی مرۆڤ ڕوودەدەن و چەند لایەنێکی زانینی تایبەتی و گۆڕانکاری جەستەیی و فسیۆلۆژی لەخۆ دەگرێت و کۆنترۆڵ کردنی زۆر زەحمەتە و بەئاسانی هەستی پێ دەکرێت (دافیدوف، ۱۹۸۳، ص ٤٨٠).

ئەگەر بەوردی سەیری سروشتی هەڵچوونەکان بکەین ئەوا دەتوانین (۳) سێ هەڵچوونی سەرەکیان لێدیار بکەین، کە ئەوانیش بریتین لە دڵە ڕاوکێ (القلق)، توڕەبوون و شەڕخوازی (الغضب والعدوانیة)، خۆشیو شادی (الأبتهاج). ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە هەندێک لەزاناکان مانای زاراوەی هەڵچوون (EMOTION) بەمانا بەرفراوانەکەی لێک دەدەنەوەو دەڵێن هەموو حاڵەتە ویژدانیەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە (بەناسک و سادەیو توندی و هەموو زەبرو گرژییە کبیەوە) لەوانەش (ترس، توڕەبوون، کامەرانی، غەمباری، تام و چێژ وەرگرتن لەسەیر کردنی دیمەنێک یان خوێندنەوەی نووسراوێک، یان خواردن و خواردنەوەی خۆراک و شلەمەنیەک، یان بێزاری و نارەحەتی و بینینی ڕووداوێک یان چاوەڕوان کردنی بەسەرهاتێکی ناخۆش..... هتد) (راجح، ۱۹۸٥، ص ۱٥۳) بەڵام ئەوەی ئێمە لەم نووسینەدا مەبەستمانە تەنها ئەو حاڵەتە و یژدانیە کت و پڕو لەناکاوەیە کە جەستەو دەروونی مرۆڤ دەهەژێنێ و تووشی بارێکی دەروونی ئاڵۆزی دەکات و ڕەنگدانەوەی کت و پڕی لەسەر جەستەو ئەندامەکانی ناوەو دەرەوەی دەبێت.

زاراوەی هەڵچوون (EMOTION) لەووشەکانی (EMOTUS)و (EMOYION)ی لاتینیەوە داتاشراوە کەبەزمانی لاتینی مانای (بجووڵێندرێ) یان (بخرێتە حاڵەتی جووڵە) دەگەیەنێت وە لە دەروونزانیشدا بەمانای هەژاندن و وروژاندنی جەستەو دەروونی مرۆڤ بۆ کاتێکی دیاری کراو دێت. (کاظم، ۱۹۸٥، ص۱۳).

منداڵ بۆ تووشی هەڵچوون دەبێت.؟

بێگومان هیچ کەس بەبێ هۆ تووشی هەڵچوون نابێت، بەڵکو دەبێت کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی یان ناوەکی یان تەنها یان لەگەڵ یەکتری هەبن بۆ ئەوەی تاک تووشی هەڵچوون و ئەو بارە دەروونیە تایبەتیە ببێت، هۆکارەکانیش زۆرن و لەژمارە نایەن بەڵام دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا زۆربەیان کۆبکەینەوە:

١- <u>دانانی بەربەست و ڕێگر لەبەردەم تێرکردنی پێداویستیە فسیۆلۆژیەکانی منداڵدا</u>. بۆ نموونە برسێتی، تینوێتی، ئازاری لەش، خۆپیس کردن، تەنگە نەفەسی، خەو لێزڕان منداڵ تووشی گریان و توڕەبوون و گرژی و خەم و خەفەت و دڵە ڕاوکێ دەکات، کەئەمانە هەموویان جۆری هەڵچوونەکانن.

٢- تێرکردنی لەناکاوی زۆر لەپێداویستیەکانی منداڵ. بۆ نموونە ئەگەر لەناکاو دیاری و یارییەکی بەنرخی بدرێتێ، یان لەمەترسییەک دوور بخرێتەوە یان پێداویستییە فسیۆلۆژیەکانی تێر بکرێت، یان لەئازارو ناخۆشیەک ڕزگار بکرێت، سەرجەم ئەمانە دەبنە مایەی کامەرانی و شادی و دڵخۆشی ئەو منداڵە.

٣- هەست کردن بەلەدەست دانی کەس و هێماو کەل و پەلێکی خۆشەویست منداڵ تووشی هەڵچوون دەکات. بۆ نموونە ئەگەر منداڵ لەئەنجامی لەدایک بوونی منداڵێکی ترەوە هەستی بەلەدەست دانی سۆزو خۆشەویستی و چاودێری دایک و باوک و کەسانی تری ناو خێزان کرد، ئەوا رق و کینەیەکی زۆری لەبەرانبەر ئەو منداڵە تازە لەدایک بووە لەلا دروست دەبێت و تووشی چکۆسی (غیرە) دەبێت.

٤- ڕووداوی لەناکاوی چاوەڕوان نەکراو منداڵ تووشی هەڵچوون دەکات. بۆ نموونە ئەگەر لەپڕ لەنزیک منداڵەوە دەنگێکی بەرز پەیدابێت، یان یاری لێتێک بدرێت یان کەل و پەلێکی بەنرخ لەناو ببرێت یان کەسانێکی نامۆو بیانی لەبەردەمیدا قووت ببنەوە... هتد، سەرجەم ئەو وروژێنەرانە منداڵ تووشی (ترس، توڕەبوون، شەرم، خەم، خەفەت، ... هتد) دەکەن.

چۆن بزانین منداڵ تووشی هەڵچوون بووە؟:-

لەڕێگەی کۆمەڵێک گۆڕانکاری و نیشانەوە دەتوانین هەڵچوون و جۆرەکانی بناسینەوە. چونکە کاتێک منداڵ لەئەنجامی هۆکارێکەوە تووشی هەڵچوون دەبێت، ئەوا کۆمەڵێک گۆڕانکاری کت و پڕ کە ئەو منداڵە ناتوانێت بیان شارێتەوە ڕوودەدەن کە بریتین لە:

١- خێرا بوونی لێدانی دڵ ٢- تێک چوونی پرۆسەی ئاسایی هەناسەدان. ٣- زیاد بوونی ڕژێن و هۆرمۆناتی هەندێک لەگلاندەکان، لەوانە(ئەدرنالینە گلاند، پیتۆیتەرییەگلاند) (الغدة الأدرنالية، الغدة النخامية). ٤- زیاد بوونی ڕێژەی شەکر لەخوێندا. ٥- دەم و چاو سور یان، زەرد هەڵگەڕان. ٦- زیاد کردنەوەو بەرفراوان بوونی بیبیلەی چاو. ٧- وەستان یان خاوبوونەوەی پرۆسەی هەرس کردن. ٨- وەستان و کەم بوونەوەی دەرهاوێشتەکانی لیکە گلاند (الغدة اللعابية)... هتد.

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە کە ئەو گۆڕانکارییانەی سەرەوە لەئەنجامی توێژینەوە زانستیەکانی زانایان (دارون، ١٨٧٢)، (کانون، ١٩٢٢) دۆزرانەوەو بەووردی دیاری کران.(فهمي، ١٩٧٧، ص٧٢).

قۆناغەكانی گەشەكردنی هەڵچوونەكان:

هەڵچوونەكانی مرۆڤیش وەك هەموو دیاردەو لایەنە جەستەیی و دەروونیەكانی تر، بەچەند قۆناغێكدا تێدەپەڕێت، بەڵام بەداخەوە تاوەكوو ئێستا بەتەواوەتی ئەو قۆناغانە یەكلا نەكراونەتەوەو هەموو زاناكان لەسەریان ڕێك نەكەوتوون، بەڵكوو زۆر جار مشت و مڕو بگرەو بەردەیەكی زۆریش لەنێوانیادا دروست بووە لەبارەی ئەوەی ئایا هەڵچوونەكان بۆ ماوەن یان لەژینگەوە فێریان دەبین، چەند جۆر هەڵچوون هەیە، جیاوازی نێوان هەڵچوون و سۆز (العاطفة) چییە؟.

هەر لەبەر ئەوەشە كە زاناكان بەسەر دوو كۆمەڵی سەرەكیدا دابەش بوون، كۆمەڵەی یەكەم لەو بڕوایەدان كە منداڵ هەر لەكاتی لەدایك بوونەوە خاوەنی چەند هەڵچوونێكە كە لەڕێگەی بۆ ماوەوە بۆی گوێزراوەتەوەو لەنێوان سەرجەم منداڵانی جیهاندا هاوبەشە. بەڵام كۆمەڵەی دووهەم لەو بڕوایەدان كەمنداڵ لەدوای لەدایك بوون بێجگە لەهەڵچوونێكی گشتی (تهیج عام)، ئیتر هیچ جۆرە هەڵچوونێكی دیاری كراوی تری نیە، بەڵكو لەدوای لەدایك بوون دوای زیاد بوونی شارەزایی و گەورە بوونی تەمەنی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەو جۆری هەڵچوونەكان زیاد دەكەن و دەناسرێنەوە. (واتسن)ی دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕەوشتایەتی(المدرسة السلوكية) بەپێشەوای كۆمەڵەی یەكەم لەقەڵەم دەدرێت.

(واتسن) لەو بڕوایەدایە كەمنداڵ یەكسەر دوای لەدایك بوون خاوەنی(٣) سێ جۆر هەڵچوونی جیاوازە كە ئەوانیش (ترس، تووڕەیی، خۆشەویستی) یە. بەڵگەشی بۆ بوونی ئەو هەڵچوونانە ئەوەیە كە ئەگەر دەنگێكی بەرز لەلای منداڵ دروست بكرێت ئەوا یەكسەر نیشانەكانی ترس لەدەم و چاوی ئەو منداڵە تازە لەدایك بوەدا دروست دەبێت، یان ئەگەر لەسەر هەردوو دەست دابنرێت و یەك تۆز بۆسەرەوە بەرز بكرێتەوە (هەڵبەڕاندنی) هەمان حاڵەتی ترسی لەلا دروست دەبێت.

بەڵام زانایانی كۆمەڵەی دووهەم لەو بڕوایەدان كەمنداڵ دوای لەدایك بوون لە هەڵچوونێكی گشتی زیاتر(كەبەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت جۆری هەڵچوونەكەی دیاری بكرێت)، خاوەنی هیچ جۆرە هەڵچوونێكی ناسراوو زانراوی تر نیە وەك ئەوانەی كە (واتسن) دیاری كردون، نموونەی زۆریش لەو بارەیەوە وەك بەڵگە بۆ پووچەڵ كردنەوەی بیروڕاكانی (واتسن) دەهێننەوە لەوانە:

كاتێك منداڵ دەگری ئەگەر فیشەكێك لەنزیكیەوە بتەقێندرێ ئەوا یەكسەر ژیر دەبێتەوەو لەگریان دەوەستێت بەپێچەوانەی بیروڕاكانی(واتسن) كەدەڵێت دەنگی بەرزو لەناكاو منداڵ تووشی هەڵچوون (ترس) دەكات، ئەگەر ئەو بۆ چوونەی (واتسن) ڕاست بوایە، ئەوا دەبوایە منداڵەكە لەگریان نەوەستێت بەڵكو لەئەنجامی ئەو تەقەیەوە گریانەكەی زیاتر بوایە.
هەروەها دەرئەنجامی توێژینەوەكانی(كاترین بردجز) ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كەمنداڵ تەنها خاوەنی

ھەڵچوونێکی گشتیە کەناتوانرێت بزانرێت ئایا ئەوە(ترسە، تورەبوونە، خۆشەویستییە،... ھتد) بەڵام وورده وورده دوای چەند ھەفتەیەک سەرەتای ھەڵچوونەکان دەردەکەون و دوای چەند مانگێک دوای لەدایک بوون دەتوانرێت ھەڵچوونەکانی وەک(ترس، تووڕەبوون، قێز لێبوونەوە) بناسرێنەوە ئەویش بەم شێوەی لای خوارەوە:

لەمانگی سێھەمی دوای لەدایک بوون لەپاڵ ھەڵچوونە گشتیەکاندا دەتوانرێت دوو جۆر ھەڵچوونی گەشە کردوو بناسرێنەوە کەئەوانیش (حەسانەوە) (الأرتياح) و قەڵسییە (الضيق)، ھەروەھا لەسەرەتای مانگی شەشەم ھەڵچوونی (قەڵسی) زیاتر گەشە دەکات و چەند ھەڵچوونێکی تری وەک(لق و پۆپ) لێدەکەوێتەوە کەئەوانیش بریتین لە [تووڕەبوون، قێز لێبوونەوە (التقزز) ترس] ھەروەھا ھەڵچوونی (حەسانەوە) ش زیاتر گەشە دەکات و چەند ھەڵچوونێکی تری لێدەکەوێتەوە کەدەتوانرێت لەمانگی دوانزەھەمدا بەئاسانی ھەردوو ھەڵچوونی (خۆشەویستی) (المحبة) و (شانازی کردن) (الزهو) بناسرێنەوە، لەدەوروبەری مانگی ھەژدە ھەمیشدا لەھەڵچوونی (خۆشەویستی) ھەردوو ھەڵچوونی (خۆشەویستی گەورەکان) (محبة الكبار)و (خۆشەویستی گچکەکان) (محبة الصغار) دروست دەبن (الحمدانی، ١٩٨٩ ، ص ١٥٩).

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کەچۆن ھەڵچوونە جۆراو جۆرەکان یەک لەدوای یەک گەشە دەکەن و زیاتر دەناسرێنەوەو دەتوانین لەکۆتایی ساڵی دووھەمی ژیانی منداڵدا (٢٤ مانگی) بەئاسانی زۆربەی ھەڵچوونەکان دیاری بکەین و بەئاسانی لەھەڵچوونە گشتیەکەی دوای لەدایک بوونی جیا بکەینەوە. لەئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت کە(بردجز) لایەنگیری ئەو بۆ چوونەیە کەجەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ھەڵچوونیش وەک جەستەو ژیری لەکاتی گەشە کردنیدا بەچەند قۆناغێکدا تێ دەپەرێت(فهمی، ١٩٧٧، ص ٨٠-٨١). بەواتایەکی تر منداڵ چەند گەشە بکات و شارەزایی زیاتر و تەمەنی گەورە تر ببێت ئەوەندە زیاتر ھەڵچوونەکانی گەشە دەکات و لەیەکتری جیا دەبنەوەو باشتر دەناسرێنەوە و بەئاسانیش منداڵ دەتوانێت ووروژێنەرەکانی چوار دەوری لەیەکتری جیا بکاتەوەو جیاوازی لەنێوان دەم و چاوو ڕووی بەزەردەخەنەو پێکەنیناوی و دەم و چاوو ڕووی گرژو مۆن بکات، ھەروەھا جیاوازی لەنێوان دەنگی بەسۆزو دەنگی ناخۆش و ترسناکدا بکات.

بۆ نموونە منداڵ لەنێوان مانگی دوو(٢) وەمانگی شەشدا(٦) دەتوانێت زەردەخەنە بۆ کەسانی چواردەوری بکات بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانێت دەم و چاوە ھەمەجۆرەکان لەیەکتری جیابکاتەوە، بەڵام لەنیوەی دووھەمی ساڵی یەکەمی تەمەنیدا دەتوانێت دەم و چاوەکانی کەسانی چواردەوری لەیەکتری جیابکاتەوە، واتە باوک و دایک و خزم و کەسی چواردەوری لەکەسانی نامۆو دەرەکی و بیانی جیابکاتەوە، بەزەردەخەنەکردن بۆ کەسانی خۆی و ترسان و دڵەڕاوکێ بۆ کەسانی نامۆو بیانی گوزارشت لە ھەڵچوونەکانی دەکات. (کونجر، ١٩٧٠، ص ١٥٣).

لەسەرەتای ژیاندا خۆشەویستی شیرەخۆرە بۆ ئەو کەسانەیە کە پێداویستییەکانی تێردەکەن و ئازارەکانی کەم دەکەنەوە، کەئەوانیش خۆیان لەدایک و باوک و ئەندامانی تری خێزانەکەیدا دەبیننەوە، ئینجا دوای ئەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بازنەی خۆشەویستی منداڵ بەرفراوانتر دەبێت و ئاراستەی کەسانی تری دەرەوەی خێزان و بیانی دەکرێت.

<u>ئەو هۆکارانەی کار لەگەشەکردنی هەڵچوونەکان دەکەن:</u>

دوو هۆکاری سەرەکی ڕۆڵی گرنگیان لەگەشەکردنی هەڵچوونەکاندا هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

1- <u>*پێگەیشتن (گەین) (النضج):*</u>

مەبەست لەگەین (پێگەیشتن) کامڵ بوون و دەست بەکار بوونی ئەندامەکانی لەشە، ئەو ئەندام و کۆئەندامانەش کەپەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان بە هەڵچوونەکانەوە هەیە، کۆئەندامی دەماری ناوەندی (الجهاز العصبي المركزي) و کۆئەندامی دەماری ئۆتۆنۆمی(الجهاز العصبي الذاتي)و گلاندەکان و هەستەوەرەکانن.

واتە تا منداڵ زیاتر گەورە ببێت و بچێتە ناو تەمەنەوە ئەوەندە ئەو کۆئەندامە جەستەییانە زیاتر گەشە دەکەن و منداڵ زیاتر دەتوانێت وورووژێنەرەکان لەیەکتری جیا بکاتەوەو باشتر لەماناو مەترسی و باشی و خراپیان تێ بگات، کەسەرجەم ئەوانەش لەخزمەتی گەشەکردنی هەڵچوونەکانیدان، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان توانستە ژیرییەکان (القدرات العقلية) و ئاستی هەڵچوونی مرۆڤدا هەیەو پرۆسە ژیرییەکانی (العمليات العقلية) وەک (یادکردنەوە، بەراوردکردن، چاوتێ برین، پێش بینی کردن، تێگەیشتن، لێکدانەوە،... هتد) یارمەتی دەرن بۆ ناسینەوەو جیاکردنەوەو زانینی مانای وروژێنەرەکان، هەر ئەمەشە وا لەمنداڵ دەکات کە هەرجارەی لەچەند شتێک بترسێت یان توورە، یان پێیان دڵخۆش ببێت و بەپێی تەمەنی بگۆڕێن. بۆ نموونە منداڵ لەسەرەتادا لەو شتانە دەترسێت کەلەناو خێزان و چواردەوری هەن دوای ئەوە لەشتەکانی دەرەوەی خێزان دەترسێت، یەکەم جار کەل و پەل و شتە هەست پێکراوەکان (الأشياء المحسوسة) دەبنە مایەی (ترس و تووڕەبوون و کامەرانی و دڵ تەنگی) منداڵ دوای ئەوە لەقۆناغەکانی تردا شت و ڕووداوو دیاردە واتادارو ڕووتەکان (الأشياء والظواهر المجردة والمعنوية) دەبنە مایەی دروست کردنی هەڵچوونە جیاجیاکانی.

هەروەها گلاندەکانیش بەتایبەتیش ئەدرنالیە گلاند (الغدة الأدرنالية) رۆلی گرنگیان لەگەشەکردنی هەڵچوونەکاندا هەیە (الزوبعي، ١٩٨٩، ص ١٢١). کە بەرپرسە لەزۆربەی ئەو گۆڕانکارییە فسیۆلۆژیانەی کە هاوکات لەگەڵ هەڵچوونەکاندا روودەدەن. لەلایەکی تریشەوە هەندێک لە دەرئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەهەندێک لەمنداڵان هەر بە بۆماوە یەکسەر دوای لەدایک بوون زوو هەڵدەچن و بەئاسانی دەوروژێندرێن و بەردەوام لەحاڵەتی جووڵەو گرژو مۆنیدان و لەرێگەی گریان و هاوار و تورەبوونەوە گوزارشت لەباری دەروونیان دەکەن، بەپێچەوانەی منداڵانی تر کە زۆر لەسەر خۆو بێ دەنگ و هێمنن و تەنانەت لەداهاتووشدا لەکاتی کامڵی و گەورە بونیاندا هەر ئەو بارەدەروونیەی منداڵی لەگەڵیان بەردەوام دەبێت، کەئەمەش بەڕای ئەو زانایانە بۆ جۆری کۆئەندامی دەماری ناوەندی و کۆئەندامی دەماری ئۆتۆنۆمی ئەو منداڵانە دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی هەندێک کەس هەر بە بۆماوە خاوەنی جۆرێک کۆئەندامی دەماری هەستیارن کەبەئاسانی دەوروژێندرێن و وەک (فیشەکە شێتە بەئاسماندا دەچن) و ئەو کەسانە زۆر سەرە ڕۆو سەرگەرم و دەمارگیر دەبن و لەکاتی هەڵچوونەکانیاندا زۆر توندوتیژو هەڵچوو دەبن و دەکەونە ئەم سەرو ئەو سەری هەڵچوونەکان، واتە کە ترسا زۆر دەترسێ کەتورە بوو زۆر خراپ تورە دەبێ، کەیەکێکی خۆشویست زۆر بەتوندی خۆشی دەوێت کە ڕقی لەیەکێکیش بوو زۆر خراپ ڕقی لێی دەبێت، بەپێچەوانەی ئەوانیشەوە کەسانێکی تر هەن کە خاوەنی کۆئەندامی دەماری زۆر سست و لەسەر خۆو هێمنن کە تووشی جۆرە گێژی و سستی و خاوی و تەمبەڵی و لاوازییەکیان دەکەن، ئەم جۆرە کەسانە کە تورەدەبن تورەبییەکەیان زۆر سادەو لاوازەو مەترسی بۆ سەر کەسانی چواردەوری نیە، واتە زۆر درەنگ و بەزەحمەت تووشی هەڵچوون دەکرێن. (الهاشمي، ١٩٨٦، ص ٢٧٢).

کەواتە پێگەیشتنی کۆئەندامی دەماری ناوەندی و جۆرەکەی ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر هەڵچوونی منداڵ، چونکە منداڵ ئەگەر مانای مەترسی و باش و خراپی دیاردەو وروژێنەرەکان نەزانێت ئەوە بەهیچ شێوەیەک تووشی هەڵچوون نابێت، هەروەها تابە بەباشیش شارەزای داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و یاساکانی نەبێت ئەوا بەهیچ شێوەیەک مانای شەرم کردن و هەست کردن بەگوناهو تاوان و کەمی فێرنابێت. (الحمداني، ١٩٨٩، ص ١٥٨).

٢- ***فێربوون (التعلم):-***

دوای ئەوەی کۆئەندامی دەماری ناوەندی تا ئاستێکی گونجاو گەشەی کردو منداڵ ئەو توانایەی لەلادروست بوو کە سوود لەدیاردەکانی ژیان وەربگرێت و ڕاست و چەپی خۆی لەیەکتری جیا بکاتەوە، ئیتر رۆڵی هۆکاری دووەم دەردەکەوێت کەئەویش فێربوونە، فێربوونیش مانای وەرگرتن و تێ گەیشتنی دیاردەو وروژێنەرەکانی ژینگەی خێزانی و کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت. منداڵ لەقۆناغی منداڵیدا بەسێ شێواز فێری هەڵچوونەکان دەبێت و ووردە ووردە گەشە دەکەن، شێوازەکانیش بریتین لە:-

أ- فێربوون بەرێگەی هەوڵدان و هەڵەكردن (المحاولة والخطأ):

زۆر جار منداڵ لەسەرەتای ژیانیدا لەرێگەی هەوڵدان و هەڵەكردن و تاقی كردنەوەو ئەم دیوو ئەو دیوو كردنی دیاردەكانی ژیانەوە فێری هەندێك لەهەڵچوونەكان دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر منداڵ لەرێگەی هەوڵدان و تاقی كردنەوەوە بۆی دەركەوت كەهات و هاوارو گریانەكانی دەبنە هۆی تێركردنی پێداویستییەكانی و دەست كەوتنی سۆزو خۆشەویستی و رەزامەندی دایك و باوك و كەسانی چواردەوری، ئەوە ئیتر بەردەوام پەنا بۆ هەڵچوونەكانی گریان و تورە بوون و هات و هاوار دەبات، تاوای لیدێت كەدەبێت بەبەشێك لەهەڵچوونەكانی. بەلام ئەگەر بەپێچەوانەوە بۆی دەركەوت كە ئەو گریان و تورەبوون و هاواركردنەی هیچ دەست كەوت و سودو قازانجێكیان نیە بەڵكو دەبنە مایەی تورەبوون و نارەزایی دایك و باوك و كەسانی چواردەوری، ئەوا ئەو كاتە وازیان لیَ دەهێنیَ و دووبارەیان ناكاتەوەو بەناچاری پەنا بۆ شێوازێكی تر دەبات تا لەرێگەیەوە گوزارشت لەهەڵچوونەكانی بكات، بەمەبەستی تێركردنی پێداویستیەكانی و رازی كردنی كەسانی چواردەوریشی.

ب- فێربوون لەرێگەی لاسایی كردنەوە:

زۆر جار منداڵ لەرێگەی لاسایی كردنەوەی كەسانی چوار دەوریەوە (بەتایبەتی دایك و باوك) فێری هەندێك لەهەڵچوونەكان دەبێت، واتە هەڵچوونەكانی كەسانی چواردەور وەك پەتایەك بەخێرایی بۆ منداڵ دەگوێزرێنەوە. بۆ نموونە ئەگەر دایك لەكاتی بینینی مشكێكدا زۆر ترساو هاواری كردو لەو جێگایە رای كرد، ئەوە منداڵەكەشی لەداهاتوودا بەهەمان شێواز وەك دایكی ئەگەر مشكێكی بینی یەكسەر هاوار دەكات و لەترسان ئەو جێگایە بەجیَ دەهێلیَ، بەلام ئەگەر ئەو دایكە نەترساو یەكسەر پەلاماری شتێكی دا بەمەبەستی كوشتنی مشكەكە، ئەوا منداڵەكەشی لەكاتی بینینی مشكدا ناترسێت و وەك دایكی هەڵس و كەوت دەكات.

هەروەها كاتێك منداڵ دەبینیَ دایك و باوكی لەهەورە تریشقەو تارمایی و تاریكی دەترسن ئەوا ئەویش فێری ئەو ترسە دەبێت، یان كاتێك دایك و باوك لەئەنجامی بینینی فیلم یان گۆرانی یان رووداوێك لەتەلەفزیۆن توورە یان دڵخۆش دەبن، بەهەمان شێوەش منداڵەكانیان بەبینینی ئەو فیلم یان گۆرانی یان رووداوە توورە یان دڵخۆش دەبن. كەواتە منداڵ لەرێگەی سەیركردن و لاسایی كردنەوەو سەرنج دانی دایك و باوك و مامۆستا و كەسانی تری چواردەوریەوە فێری زۆر لەهەڵچوونەكان و شێوەی گوزارشت لێكردنیان دەبێت.

ج- فێربوون لەرێگەی پەیوەست بوون و پێكەوە لكاندنی مەرجێتی (الأقتران الشرطي):

ئەم شێوازەش ئەوە دەگەیەنێت كەهەندێك جار لەئەنجامی هاوكات و هاوشوێنی و پێكەوە دووبارە بوونەوەی دوو وروژێنەر (مثير)، كەیەكێكیان دەبێتە مایەی هەڵچوون بەلام ئەوی تریان بێلایەنەو نابێتە مایەی هەڵچوون، ئینجا كاتێك ئەو دوو وروژێنەرە لەیەك كاتدا پێكەوە روودەدەن و بۆماوەی چەند جارێكیش بەیەكەوە دووبارە دەبنەوە ئەوا دوای ماوەیەك وروژێنەری دووهەم كە

ورووژێنەری بێلایەنەو نابێتە مایەی هەڵچوون هەمان سیفات و خاسیەت و کاریگەری ورووژێنەری یەکەم (کە دەبێتە مایەی هەڵچوون) وەردەگرێت، واتە ئەویش دەبێتە مایەی هەڵچوون، بێ گومان ئەم شێوازی فێرکردنە پشت بە تیۆرەکەی (بافلۆفی) زانای ڕوسی دەبەستێت. لەگرنگترین و بەناوبانگترین توێژینەوە لەم بوارەدا، توێژینەوەکەی(واتسن)ە(Watson) کەبەدامەزرێنەری قوتابخانەی ڕەوشتایەتی دادەنرێت، پوختەی توێژینەوەکەشی بەم شێوەی لای خوارەوەیە:-

(توێژینەوەکەی لەسەر منداڵێکی تەمەن (٩) نۆ مانگ کەناوی (ئەلبرت) بوو کرد، لەسەرەتادا (واتسن) هەندێک ئاژەڵی وەک کەروێشک ، سەگ ، مەیموون، مشک، پشیلەی پیشانی ئەلبرت دەدا، سەیری کرد کەئەو منداڵە لەهیچ یەکێک لەو ئاژەڵانە ناترسێت و بگرە یاریشیان لەگەڵ دەکات، ئینجا واتسن بڕیاری ئەوەی دا کە هەڵچوونی ترس لەلای ئەو منداڵە دروست بکات، یەکەم جار کەروێشکێکی سپی خستە بەردەم ئەلبرت، لەو کاتەی کە ئەلبرت دەستی بۆ کەروێشکەکە درێژ دەکرد بۆ ئەوەی یاری لەگەڵ بکات و بیگرێتە باوەش، ئالەو کاتەدا یەکسەر واتسن دەنگێکی گەورەی ترسناکی لەنزیک ئەلبرتەوە دروست دەکرد کەئەمەش بێگومان دەبووە مایەی ترساندنی ئەلبرت و ڕاپەڕاندنی، بەم شێوەیە هەرچ کاتێک ئەلبرت دەستی بۆ کەروێشکەکە درێژ دەکردو دەیویست یاری لەگەڵ بکات، ئالەو کاتەدا واتسن لەڕێگەی کوتانی چەکوشێک بەپارچە ئاسنێکدا دەنگێکی بەرزو ناخۆشی دروست دەکرد کەدەبووە مایەی ڕاچلەکین و ترساندنی ئەلبرت. ئەم کارەی بۆ ماوەی (٦) شەش جار دووبارە کردەوە.

دوای ئەو (٦)شەش جارە بۆ واتسن دەرکەوت کە ئەلبرت تووشی هەڵچوونی ترسان لەکەروێشکەکە بووە، چونکە دوای ئەو(٦) شەش جارە هەر کەکەروێشکەکەی لە ئەلبرت نزیک دەکردەوە بەبێ ئەوەی هیچ دەنگێکی لەگەڵدا بێت، ئەوا یەکسەر ئەلبرت دەستی بەگریان و هاوار دەکردو هەوڵی دەدا کە لەکەروێشکەکە دووربکەوێتەوە. نەک هەر ئەوە بەڵکو لەهەموو ئەو ئاژەڵانەش دەترسا کەوەک کەروێشکەکە سپی بوون، لەسەگ و پشیلە و مشکی سپیش دەترسا، چونکە لەڕێگەی گواستنەوەو گشتاندنەوە(التعمیم) ترسەکە بۆ ئەو ئاژەڵانەش گوێزرایەوە. کەواتە لەڕێگەی مەرجێتییەوە (الأقتران، الأشتراط) ورووژێنەری بێلایەن (کەروێشک) هەمان خاسیەت و سیفاتی ورووژێنەری ترسناک (دەنگی بەرزو ناخۆش) وەردەگرێت. بەم شێوەیە منداڵ لەزۆربەی قۆناغەکانی ژیانیدا زۆر لەهەڵچوونەکانی بەم شێوازە فێردەبێت)(الزوبعی، ١٩٨٩، ص ١٢٢-١٢٣).

هەروەها بەهەمان شێوازیش دەتوانرێت هەڵچوونی خۆشەویستی دروست بکرێت و بۆ کەسانی تریش لەڕێگەی گشتاندنەوە (التعمیم) بگوێزرێتەوە.بۆ نموونە ئەگەر پەیوەندی نێوان منداڵ و دایک و باوک پتەوو بەهێز بێت و لەسەر بناغەی خۆشەویستی بوو، واتە منداڵ دایک و باوکی خۆی خۆش ویست و هەستی بەخۆشەویستی ئەوان کرد. ئەو کاتە تۆوی خۆشەویستی لەبەرانبەر

کەسانی تری دەرەوەی خێزان لەدڵ و دەروونی ئەو منداڵەدا سەوزدەبێت و حەز بەتێکەڵاوی و هاوکاری و دۆستایەتی کەسانی تر دەکات، بەڵام ئەگەر منداڵ بێزراوو پشت گوێ خراو هەستی بەڕق و کینەی دایک و باوک و کەسانی چواردەوری کرد، ئەوا ئەمیش هەمان ڕق و کینە ئاراستەی کەسانی دەرەوەی خێزان دەکات و حەز بەتێکەڵاوی و هاوکاری و دۆستایەتی هیچ کەس ناکات و بگرە هەوڵی ئەوەش دەدا تۆڵەی دایک و باوکی لەخەڵکانی تر بکاتەوە. (زهران، ١٩٨١، ص١٤٧) (الزوبعي، ١٩٨٩، ص ١٢٣-١٢٤).

ژینگەی کۆمەڵایەتی و جۆری هەڵچوونەکان

زۆربەی زاناکان لەسەر ئەوە کۆکن کەهەڵچوونەکان وەرگیراون و ژینگەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی گرنگ لەگەشەکردن و جۆرو شێوازی دەربڕینیاندا دەبینێ. واتە ئەو وروژێنەرانەی لەکۆمەڵگای کوردەواری دەبنە هۆی هەڵچوون مەرج نیە هەموو ئەوانە لەکۆمەڵگایەکی تر ببنە مایەی هەمان هەڵچوون. بۆ نموونە ئەگەر زانیمان کەهەندێک گەل و نەتەوە حەز بەخواردنی گۆشتی سەگ و بۆق و پشیلە دەکەن، ئەوا دوورنیە ئێمە یەکسەر بەبیستنی ئەو هەواڵە تووشی قێز لێزبوونەوەو هێڵنج دان ببین، بەڵام یادکردنەوەو باس کردنیئەو جۆرە گۆشتانە دەبێتە مایەی دڵخۆشی و کامەرانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵ و گەل و نەتەوانەی کە دەیخۆن. هەروەها لەلای هەندێک کۆمەڵگا شێوازی گریان و هاوارو لاواندنەوە لەکاتی مردندا کارێکی پەسندو پێویستە بەڵام لەلای هەندێک کۆمەڵگای تر ئەو جۆرە گریان و هاوار و لاواندنەوەیە قەدەغەیە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەمنداڵانی کۆمەڵگای یەکەم لەڕێگەی خێزان و دام و دەزگا کۆمەڵایەتیەکانی ترەوە فێری گریان و هاوارو لاواندنەوە لەکاتی مردنی خەڵکیدا ببن. بەڵام منداڵانی کۆمەڵگای دووهەم فێری ئەو جۆرە هەڵچوونانە نابن لەبەر ئەوەی قەدەغەیە(الحمداني، ١٩٨٩، ص ١٦٠).

ڕۆڵی دایک و باوک و مامۆستا لەگەشەکردنی هەڵچوونەکاندا

وەک لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد منداڵ زۆربەی هەڵچوونەکانی لەژینگەی کۆمەڵایەتیەوە (خێزان، قوتابخانە، کۆڵان، برادەر، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن،... هتد) فێردەبێت، لەبەر ئەوە کەسانی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیە (دایک و باوک، مامۆستا،... هتد) ڕۆڵی گرنگ و ترسناکیان لەگەشەکردنی هەڵچوونەکاندا هەیەو دەبێت هۆکاری یارمەتی دەربن بۆ گەشەکردنی دروستی هەڵچوونەکان و منداڵ لەخراپەکانیان بپارێزن، ئەویش لەڕێگەی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١- دابین کردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی گونجاو کەپڕبێت لەخۆشەویستی و دڵنیایی و ئارامی و ئەمن و ئاسایش، بۆ ئەوەی منداڵ بەشێوەیەکی ئاسایی و دروست گەشە بکات.

بەپێی ویست و ئارەزووی منداڵ بجووڵێتەوەو هەرچ کاتێک
٢- نابێت دایک لەکاتی شیر پێداندا بەپێی ویست و ئارەزووی منداڵ بجووڵێتەوەو هەرچ کاتێک گریاو کروزایەوە یەکسەر شیری پێبدات، چونکە ئەوە وا لەمنداڵ دەکات کەبەردەوام بۆ سەپاندنی حەزو ئارەزووەکانی بەسەر کەسانی چواردەوریدا وەک خوویەک پەنا بۆ گریان و هاوار ببات.

٣- ئامادەکردن و ڕاهێنانی منداڵانی تری خێزان لەسەر ڕازی بوون و پەسەند کردنی منداڵی تازە لەدایک بوو. هەروەها نابێت دایک و باوک یەکسەر دوای لەدایک بوونی منداڵی تازە، هەموو سۆزو خۆشەویستی لەمنداڵەکانی تر بسێننەوەو بیدەن بەو منداڵە تازە لەدایک بووە، چونکە دەبێتە هۆی دروست کردنی ڕق و کینەو غیرە لەبەرانبەر منداڵە تازە لەدایک بووەکە.

٤- پێویستە لەسەر دایک و باوک و مامۆستا کەدەروازەی گونجاو لەڕێگەی (یاری کردن، نیگار کێشان، شانۆ، شیعرو چیرۆک نووسین، گۆرانی، گریان،... هتد) بۆ منداڵەکان بڕەخسێنن تا لەڕێگەیانەوە لەهەڵچوونە پەنگ خواردووەکانیان ڕزگاریان بێت، چونکە کپ کردن و خەفەکردنی هەڵچوونەکان زیانی گەورە بەباری دەروونی منداڵ دەگەیەنێت و لەداهاتووشدا تووشی کۆمەڵێک گرفت و نەخۆشی دەروونی دەکات.

٥- دەبێت پرۆسەی لەشیر بڕینەوە لەسەرخۆو دوور بێت لەتووندو تیژی و کت و پڕی، بۆ ئەوەی زیان بەباری هەڵچوونی منداڵ نەگەیەنێت.

٦- هەروەها دەبێت ڕاهێنان و ڕزگار بوون لەپاشەڕۆ بەشێوەیەکی هێمن و لەسەرخۆ بێت و نابێت لێدان و سزاو توندو تیژی تێدا بەکار بهێندرێ.

٧- تادەتوانرێت دەبێت منداڵ لەدەنگ و ڕووداوی ترسناک و تۆقێنەر دوور بخرێتەوە ونابێت گاڵتەو سوکایەتیشی پێبکرێت و وەک ئامرازێک بۆ ڕابواردن و کات بەسەر بردن بەکاربهێندرێت.
٨- دەبێت پێداویستییە دەروونیەکانی منداڵ بەتایبەتیش پێداویستی (خۆشەویستی، هەست کردن بەئارامی و دڵنیایی و ئاسایش، ڕێزگرتن، چوونە ناو کۆڕو کۆبوونەوە... هتد) تێر بکرێن٠

٩- نابێت منداڵان بەیەکتری بەراورد بکرێن و خاڵی لاوازیان گەورە بکرێت، چونکە ڕق و کینەو غیرە و هەست بەکەمی لەلایان دروست دەکات.

١٠- دەبێت بەیەک چاو سەیری هەموو منداڵەکان بکرێت و جیاوازی لەنێوانیاندا نەکرێت.

١١- لەبەر ئەوەی دایک و باوک و مامۆستا نموونەی زیندو و پێشەوان بۆ لاسایی کردنەوەی منداڵان، دەبێت نموونەیەکی بەکەڵک و سوود بەخش بن و دووربن لەهەڵچوون و توڕەیی و ترس و دڵەڕاوکێ ی بەردەوام، چونکە لەڕێگەیانەوە منداڵ فێری ئەو جۆرە هەڵچوونانە دەبێت.

منداڵ چۆن دەبێت بەبوونەوەرێكی كۆمەڵایەتی؟

منداڵانی هەموو جیهان یەكسەر دوای لەدایك بوون وەك یەك وان و هەموویان یەك جۆر خواردن دەخۆن ئەویش شیرە، هەروەها یەك زمانی تایبەتیان هەیە ئەویش زمانی هاوارو گریان و دەنگی هەرەمەكی (عشوائي)و گڕوگاڵە، هیچ شتێكیش دەربارەی ئایین و فەلسەفەو داب و نەریتی كۆمەڵەكەیان نازانن، بەڵام پاش ماوەیەك وورده وورده ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەئەنجامی ڕاهێنان و فێركردنی كۆمەڵایەتیەوە جیاوازی زۆر لەلایەنەكانی كۆمەڵایەتیەوە (زمان، ئایین، ئایدۆلۆژیا، داب و نەریت..... تاد) لەنێوان ئەو منداڵانەی هەموو جیهان دروست دەبێت.

كەواتە منداڵ دوای لەدایك بوون لەبوونەوەرێكی بایۆلۆژی زیاتر هیچی تر نیەو هیچ شتێك دەربارەی كۆمەڵ و داب و نەریت و بەهاكانی نازانێت، تەنانەت ئەوەش نازانێت كە ئەو بوونەوەرێكی تایبەتیەو تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو وەك هیچ كەسێكی تری جیهانی دەرەوە نیە، بەپێچەوانەوە وا دەزانێت كە ئەو هەموو جیهانەو جیهانیش بەتەنها هەر ئەوە.

بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەڕێگەی خێزان و دام و دەزگا كۆمەڵایەتیەكانی ترەوە فێری داب و نەریت و بەهاو یاساو ڕەوشتە كۆمەڵایەتیەكان دەكرێت و لەبوونەوەرێكی بایۆلۆژییەوە بۆ بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتی دەگۆڕدرێت. ئەو پرۆسەیەش كە لەمیانەیەوە منداڵ دەكرێت بەبوونەوەرێكی كۆمەڵایەتی، بەپرۆسەی ڕاهێنان و پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی (التنشئة الأجتماعية) (SocialiZation) ناودەبرێت.

منداڵ و دایك:

یەكەم كەسی گرنگ لەژیانی منداڵدا دایكە، هەر لەبەر ئەوەشە كە یەكەم پەیوەندی كۆمەڵایەتی منداڵ لەگەڵ دایكیەتی. سەرجەم دەرئەنجامی توێژینەوەكان سەركەوتن و سەرنەكەوتنی منداڵ لەداهاتوودا بەجۆری ئەو پەیوەندییەی نێوان منداڵ و دایكی لەساڵەكانی یەكەمی ژیاندا دەبەستنەوە. ئینجا ئەگەر ئەو پەیوەندیانەی نێوان منداڵ و دایكی لەسەر بناغەی خۆشەویستی و دڵسۆزی و ڕێزو دڵنیایی بنیات نرابوو، ئەوا ئەو جۆرە منداڵانە دەتوانن لەداهاتوودا بەئاسانی خۆیان لەتەك كۆمەڵ و دام و دەزگاكانیدا بسازێنن، بەڵام ئەگەر یەكەم پەیوەندی نێوان منداڵ و دایكی پڕ لەناخۆشی و گیروگرفت و توووندو تیژی بوو، ئەوا ئەو جۆرە منداڵانە لەداهاتوودا لەپەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانیاندا سەركەوتوو نابن.

منداڵ لەدوو ساڵی یەكەمی تەمەنیدا (كە بەقۆناغی شیرەخۆری ناو دەبرێت) كۆمەڵێك پێداویستی فسیۆلۆژی و دەروونی هەیە لەوانە (شیر خواردنەوە، ڕاهێنان لەسەر پاشەڕۆ، سۆزو خۆشەویستی، باوەشی گەرمی دایك، دڵنیایی و ئارامی.... تاد). ئینجا ئەگەر دایك و باوك و

کەسانی چواردەوری منداڵ توانیان ئەو پێداویستیانەی بۆ دابین بکەن و دایک لەکاتی پرۆسەی شیر پێداندا تووندو تیژو دڵرەق و توڕە نەبوو، هەروەها منداڵ بەشێوەیەکی نەرم و گونجاو فێری چۆنیەتی رزگار بوون لەپاشەڕۆ کراو هەستی بەدڵنیایی و ئارامی کردو پرۆسەی لەشیر بڕینەوە دوور بوو لەئازارو تووندو تیژی. ئەوا بێگومان ئەو جۆرە منداڵە ئاراستەو هەست و سۆزو بیرو بۆچوونێکی ڕاست و گونجاوو دروستی دەربارەی دایک و باوک و کەسانی چواردەوری لەلا دروست دەبێت و وەک هەموو منداڵێکی تر بەئاسانی و دوور لەگیروگرفت لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە گەشە دەکات و دەتوانێت وەک پێویست خۆی لەتەک ژینگەو دەوروبەرەکەیدا بسازێنێ.

هەر لەبەر ئەوەشە کە قۆناغی شیرە خۆری بەقۆناغێکی شلۆق و گرنگ و ترسناک لەقەڵەم دەدرێت، ئەویش بەپلەی یەکەم بۆ ئەو پەیوەندییە دەگمەن و دانسقەیەی نێوان منداڵ و دایکی دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی هیچ قۆناغێکی تر لەژیانی منداڵدا بەقەدەر قۆناغی شیر خۆری گرنگ نیە، چونکە لەسەدا سەدی (١٠٠٪) تێر کردنی پێداویستیەکانی منداڵ پشت بەکەسانی تر (بەتایبەتیش دایک) دەبەستێت، لەبەر ئەوە هەر چ جۆرە هەست و سۆزو بۆچوونێک لەلایەن منداڵ بەرانبەر ئەو کەسانەی کە ئەو پێداویستیانەی بۆ تێر دەکەن دروست ببێت، ئەوا بەباش و خراپیەوە دەبن بەناوک و بناغە بۆ هەموو هەست و سۆزو بۆچوونەکانی تری منداڵ لەداهاتوودا، کەواتە تووندو تیژیو هەڕەشەو بێبەشکردن و ئازاردانی منداڵ زیانێکی گەورە لەداهاتوودا بەکەسایەتی دەگەیەنێت. (الفخري وأخريات، ١٩٨٢، ص٩٨-٩٩) (هرمز وابراهيم، ١٩٨٨، ص١٠٨-١٠٩).

کەشە کردنی کۆمەڵایەتی لەقۆناغی شیرە خۆریدا:

منداڵ لەم قۆناغەدا زۆر ڕەفتارو هەڵس و کەوت بەرانبەر دایک و باوک و کەسانی چواردەوری دەکات کە گوزارشت لەدڵخۆشی یان بێزاری دەکەن. لەوانە (زەردەخەنە، گوروگاڵ دواتریش پێکەنین، دەم و چاو گرژ کردن، هاوار کردن دواتریش توڕە بوون.... تاد). لەسەرەتادا منداڵ تەنها بۆ دایکی دەشێتەوەو دواجاریش بۆ کەسانی تر، کەچی لەبەرانبەر کەسانی نامۆو دەرەوەی خێزان هەڵوێستە دەکات، بەڵام لەدەوروبەری (٦) شەش مانگیدا منداڵ گرنگی بەمنداڵان و کەسانی چواردەوری دەدات، هەروەها لەدەوروبەری (٨) هەشت مانگیدا، منداڵ گرنگی بەکەسانی نامۆو دەرەوەی خێزان دەدات، تەنانەت لەتەمەنی (٩) مانگیدا خۆی هەوڵدەدات بچێت بۆ لای کەسانی دەرەوەی خێزان و لەرێگەی زەردەخەنەو گروگاڵ و پێکەنینەوە گوزارشت لەو حەزوو ئارەزووەی دەکات.

منداڵ لەتەمەنی (١٢) دوانزدە مانگیدا، لەتوانایدا هەیە کە لاسایی جووڵەو هەڵس و کەوتی کەسانی گەورە بکاتەوە. شایانی باسە منداڵ زۆربەی زۆری دوو ساڵی یەکەمی ژیانی (قۆناغی شیرەخۆری) لەناو خێزاندا بەسەر دەبات، هەر لەبەر ئەوەشە کە کەسانی ناو خێزان (بەپلەی یەکەم دایک) گرنگیەکی زۆریان لەسەر ژیان و چارەنووسی منداڵ هەیە.

منداڵ دوای ئەوەی فێری گاگۆڵکێ و ڕۆیشتن و قسەکردن دەبێت، دەتوانێت باشتر سوود لەژینگەی خێزانی وەربگرێت، چونکە ڕۆیشتن یارمەتی دەدات کە ئەم جێگاو ئەو جێگا بکات و قسەکردنیش دەبێتە هۆی گوزارشت کردن لەخۆدو ڕاگۆڕینەوەو تێگەیشتن لەگەڵ کەسانی تر، بێگومان لەم قۆناغەدا گرنگیو ڕۆڵی باوک بەپلەی دووهەم دێت لەدوای دایک، چونکە وەک لەپێشەوە ئامارەمان بۆ کرد، زۆربەی پێداویستیەکانی منداڵ لەم قۆناغەدا لەسەر دەستی دایک تێر دەکرێن، بەڵام کاتێک منداڵ فێری ڕۆیشتن و قسە کردن دەبێت، ئەوا ئەو کاتە گرنگی و ڕۆڵی باوک زیاتر لەژیانی منداڵدا دەردەکەوێت. (معوض، ١٩٩٤، ص١٩٢-١٩٣).

__دەرئەنجامی توێژینەوەیەکی (بوهلر)ی زانا دەری خست کە منداڵ لەقۆناغی شیرە خۆریدا ئەم وەڵامدانەوەو هەڵس و کەوتانەی خوارەوەی بۆ گەورەکان هەیە:-__

تەمەن بەمانگ	وەڵامدانەوەو هەڵس و کەوتەکان
١-٢	* بەزەردەخەنە وەڵامی دەنگی کەسانی جواردەوری دەداتەوە. * بێدەنگ بوون لەکاتی دەست هێنان بەشان و پشتیدا. * سەر وەرگێران بۆ ئەو دەنگانەی کەدەیان بیستێ.
٢-٣	* زەردەخەنە کردن بۆ ئەو کەسانەی کە زەردەخەنەی بۆ دەکەن. * هاوار کردن کاتێک دایکی بەجێ ی دەهێڵێ. * ئەگەر کەسێک لێی نزیک ببێتەوە دەشڵەژێ.
٣-٤	* ئەگەر بەتەنها بەجێ بهێڵدرێ دەگری. * ئەگەر کەسێک قسە یان یاری لەگەڵ بکات ئەوا ژیر دەبێتەوەو بێدەنگ دەبێت.
٤-٥	* دەنگە هێمن و لەسەرخۆیەکان دەناسێتەوەو بەزەردەخەنە وەڵامیان دەداتەوە، بەڵام بەهاوارو گریان وەڵامی دەنگە ناخۆش و تووڕەکان دەداتەوە. * بەبینینی کەسانی نامۆو دەرەوەی خێزان دەشڵەژێت.
٥-٧	* دەتوانێت دەست بۆ دایک و باوکی درێژ بکات و لاسایی سڵاو کردن و چەپڵە لێدانیش بکاتەوە.
٧-٩	* دەیەوێت بەجووڵەو هەڵس و کەوتەکانی سەرنجی کەسانی چواردەوری بۆ لای خۆی رابکێشێ. * لاسایی دەنگی کەسانی تر دەکاتەوە.
٩-١٠	* جل و بەرگی گەورەکان ڕادەکێشێ. * شت بەگەورەکان دەدات. * لاسایی جووڵەو یاری گەورەکان دەکاتەوە.
١٠-١٢	* دەتوانێت بەڕێک و پێکی هەندێک یاری بکات. * منداڵ وەڵامدانەوەی تایبەتی خۆی بۆ (وامەکە)ی دایک و باوکی دەبێت. * لەکەسانی نامۆو دەرەوەی خێزان دەترسێت. لەدەستیان ڕادەکات و بەهەردوو دەستی دەم و چاوی خۆی دادەپۆشێ. (معوض، ١٩٩٤، ص١٩٤).

گەشە کردنی کۆمەڵایەتی لەقۆناغی پێش چوونە قوتابخانە

لەکۆتایی ساڵی دووهەم منداڵ پێ دەنێتە قۆناغێکی تری ژیانەوە، ئەویش قۆناغی پێش چوونە قوتابخانەیە. لەم قۆناغەدا وورده وورده لەپشت بەستنی تەواو بەدایک و باوکی ڕزگاری دەبێت و دەست دەکات بەهاوکاری کردن و تێکەڵاو بوونی کەسانی تری دەرەوەی خێزان، لەوانە منداڵانی دراوسێ و خزم و هاوڕێکانی. ئینجا ئەگەر منداڵ پەیوەندی کرد بەدایەنگاو باخچەی ساوایان ئەوا ژینگەو سنووری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و تێکەڵاو بوونی بەرفراوانتر دەبێت و زیاتر شارەزای داب و نەریت و بەهاو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەبێت، بەڵام ئەگەر هەر لەچوارچێوەو سنووری خێزان و کۆڵانەکەیدا خوولایەوە، ئەوا کەمتر لەمنداڵانی باخچەی ساوایان فێری بەهاو داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان دەبێت. بەڵام لەم قۆناغەشدا خێزان هەر گرنگی و ڕۆڵی تایبەتی خۆی لەژیانی منداڵدا هەیە، پێویستە منداڵ لەناو خێزاندا هەست بەئارامی و دڵنیایی بکات و هەست بکات کە خۆشەویستەو جێگەی ڕێزو شانازی دایک و باوک و کەسانی چواردەوریەتی، چونکە هەر لەڕێگەی خێزانەوە منداڵ فێری ماف و ئەرکەکانی دەبێت و لەخۆپەرستی و چروکی ڕزگاری دەبێت و تۆوی برایەتی و هاوکاری و لەخۆ بووردن و دڵسۆزی لەناخیدا دەچێندرێت، لەهەمان کاتیشدا دایک و باوک دەبن بەنموونە بۆ لاسایی کردنەوەی، لەبەر ئەوە دەبێت ڕەوشت و هەڵس و کەوت و گفت و کردەوەکانیان نموونەی ڕاست و دروست بن.

لەم قۆناغەدا منداڵانی دراوسێ و کۆڵان و باخچەی ساوایان گرنگیەکی زۆریان لەژیانی منداڵدا هەیە، لەبەر ئەوە نابێت (بەبیانووی ئەوەی فێری ڕەوشتی خراپ و ناشیرین دەبن) ڕێگەی تێکەڵاو بوون بەمنداڵانی تر لەمنداڵ بگیرێت، بەپێچەوانەوە زۆر ڕەوشت و بەهای باش لەمنداڵانی ترەوە فێر دەبن، دایک و باوکیش دەتوانن لەڕێگەی ڕێنمایی و ئامۆژگاری‌و ڕاسپاردەکانیانەوە، منداڵەکانیان لەهەڵس و کەوتە خراپەکانی تێکەڵاو بوون ڕزگار بکەن، بەڵام بێ بەشکردنیان لەتێکەڵاو بوونی منداڵانی تر زیانێکی گەورە بەکەسایەتی منداڵەکانیان دەگەیەنن، چونکە درەنگ بێت یان زوو دەبێت ئەو منداڵە تێکەڵاوی منداڵانی تر ببێت و بچێتە ناویانەوە لەبەر ئەوە دەبێت هەر لەسەردەمێکی زووەوە منداڵان بەکۆڵان و ژینگەی کۆمەڵایەتی ئاشنا بکرێت، لەلایەکی تریشەوە منداڵ لەناو منداڵانی تردا زۆر دڵخۆش و کامەران دەبێت، چونکە زۆربەیان لەتەمەن و حەزوو ئارەزوو خەم و خەفەت و بیرو بۆچووندا وەک یەک وان و لەڕێگەی یاریکردن و هاوکاری و ڕاگۆڕینەوەوە زۆر شت لەیەکتری فێر دەبن و لەزۆر حاڵەتی هەڵچوونی و باری دەروونی ئاڵۆز ڕزگاریان دەبێت و زۆر لەحەزوو ئارەزووەکانیشیان تێر دەکرێت، کە لەتوانای گەورەکان و ژینگەی خێزانیدا نیە بەو کارانە هەڵبستن.

قۆناغی چوونە قوتابخانە:-

لەم قۆناغەدا منداڵ دەچێتە قوتابخانەو سەردەمێکی تر لەژیانی دەست پێدەکات. لەم قۆناغەدا کەسانی تری وەک مامۆستاو قوتابی و بەڕێوەبەر دێنە ناو ژینگەی کۆمەڵایەتی منداڵەوەو هەریەکەیان شوێن پەنجەی تایبەتی خۆی لەبواری دەروونی منداڵدا بەجێ دەهێڵێ. لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە ژینگەی قوتابخانە ژینگەیەکی پەروەردەیی دروست بێت، بۆ ئەوەی ڕۆڵی گرنگی

خۆی لەگەشە كردنی كۆمەڵایەتی منداڵدا بگێڕێ، چونكە قوتابخانە تەنها منداڵ فێری خوێندن و نووسین و بیركاری ناكات، بەڵكو خێزانی دووهەمە لەژیانی منداڵداو دەبێت فێری زۆر ڕەوشت و هەڵس و كەوتی كۆمەڵایەتیو ئەخلاقی گرنگی بكات. ئینجا لەبەر ئەوە دەبێت بەڕێوەبەرو مامۆستاكان بەكردەوە نموونەی ڕاست گۆیی و بەوەفایی و دادوەری و بەبەزەیی بن، تاوەكو منداڵ لەڕێگەیانەوە زۆر ڕەوشتی كۆمەڵایەتی جوان و بەكەڵك فێر ببێت. هەروەها لەتوانای قوتابخانەدا هەیە كە زۆر گرفتی كۆمەڵایەتی وەك (خۆپەرستی، گۆشەگیری، شەرخوازی، درۆ.... تاد)ی منداڵ چارەسەر بكات و زۆر لەحەزوو ئارەزووەكانی تێر بكات.

نیشانەكانی گەشە كردنی كۆمەڵایەتی:-

زۆر بەڵگەو نیشانەی گرنگ هەن كە ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن منداڵ لەلایەنی كۆمەڵایەتیەوە گەشەی كردووە، لەوانە:-

١. فێر بوونی هەڵس و كەوتە كۆمەڵایەتیە گونجاوو دروستەكان.
٢. هەڵس و كەوت كردن بەپێ ی ئەو پێوەرو داب و نەریتانەی كە لەگەڵ توخم و تەمەن و ژینگەی كۆمەڵایەتیدا دەگونجێت.
٣. هاوكاری كردن و بوونی حەزوو ئارەزووی تێكەڵاو بوون و پەیوەندی كردن بەكەسانی تر.
٤. لێك جیاكردنەوەی ڕەوشتە كۆمەڵایەتیە بەسوودەكان لەداب و نەریتە خراپەكان.

بێگومان گەشە كردنی كۆمەڵایەتی و كامڵی و دروست بوونی گیانی هاوكاری و زانینی بەهاو داب و نەریتەكان، هەر لەخۆیانەوە نابن، بەڵكو پێداویستیان بەژینگەی لەبارو گونجاو هەیەو دەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوەش لەبەرچاو بگیرێت:-

١. دابین كردنی ژینگەی كۆمەڵایەتی دروست بۆ منداڵ، تا لەڕێگەیەوە فێری داب و نەریت و بەها كۆمەڵایەتیەكان ببێت.
٢. دەبێت منداڵ تام و چێژو خۆشی لەو تێكەڵاو بوون و هاوكاری كردنەی وەربگرێت، بۆ ئەوەی چەند جار دووبارەی بكاتەوەو ببێت بەبەشێك لەهەڵس و كەوتی. بەڵام ئەگەر ئەو هاوكاری و چوونە ناو كۆڕو كۆبوونەوانە بووە مایەی ئازارو ناخۆشی و سووكایەتی پێكردنی، ئەوا گیانی پێكەوە ژیان و هاوكاری لەناخیدا دروست نابێت.
٣. دیاری كردنی داب و نەریت و ڕەوشت و بەها باش و بەكەڵكەكان بۆ منداڵ، بۆ ئەوەی لەخراپەكانیان جیا بكاتەوە.
٤. پاداشت كردنی ڕەوشتە باشەكان و گلەیی لێكردن و سزادانی ڕەوشتە خراپەكان.
٥. دەبێت كەسانی چواردەوری منداڵ نموونەی باش بن بۆ فێر بوونی ڕەوشتی كۆمەڵایەتی.

لەماڵ نەبوون و دووری باوک:-

لەدوای تەمەنی دوو ساڵیەوە ڕۆڵ و گرنگی باوک لەژیانی منداڵدا دەردەکەوێت، بەتایبەتیش لەژیانی منداڵە کورەکاندا، چونکە باوک بەپلەی یەکەم نموونەی نێرایەتی و لاسایی کردنەوەی کورەکانە. ئینجا ئەگەر هات و لەبەر هەر چ هۆیەک بێت (مردن، نەخۆشی، کۆچ کردن، کار کردن لەشوێنی دوور، سەربازی... تاد)، باوک لەناو ماڵ و منداڵی خۆیدا نەژیاو بۆ ماوەیەکی زۆر لەخێزانەکەی پچڕاو دوورکەوتەوەو لەهەمان کاتیشدا کەسێکی تری نێر لەناو خێزاندا نەبوو، کە جێگەی ئەو بگرێتەوە، ئەوا بێگومان زەرەرو زیانێکی زۆر بەباری دەروونی و کەسایەتی منداڵەکانی دەگات.

دەرئەنجامی ئەو توێژینەوانەی (کە لەسەر منداڵانی بێبەش بوو لەچاودێری و شارەزایی دایک و باوک) کراون، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زۆر بەزەحمەت ئەو منداڵانە دەتوانن خۆیان بسازێنن و بەتەواویش لەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە گەشە ناکەن، هەروەها لەماڵ نەبوون و دووری باوک زیاتر زیان بەکورەکان دەگەیەنێ وەک لەکچەکان (Bigner, ١٩٧٩)، هەروەها دەرکەوتووە کە ئەو منداڵانەی برای گەورەیان هەیە کەمتر بێ باوکیان پێوە دیارەو زەرەرو زیانی نەبوونی باوک بەبەراورد کردن بە ئەو منداڵانەی کە برای گەورەیان نیە زۆر کەمترە (Smith, ١٩٦٨).

لەلایەکی ترەوە دەرئەنجامی توێژینەوەیەکی (هیسرنگتون) (Hetherington) کە لەساڵی (١٩٦٦) لەسەر ئەو منداڵانە کردی کە (لەئەنجامی کۆچی درێژ خایەن یان مردن یان تەڵاق)، لەچاودێری باوکیان بێبەش بوو بوون، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو منداڵە بێ باوکانە وەک منداڵانی خاوەن باوک پشت بەخۆیان نابەستن و زیاتر هەوڵدەدەن کە کەسانی تر کارەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن، هەروەها ئاش ویرن بەشداری ئەو یارییانە بکەن کە توندو تیژی و خۆ بەیەکدادانی تێدایە. (الحمدانی، ١٩٨٩، ص٢٢٣).

کەواتە لەماڵ بوونی باوک و چاودێری گرنگیەکی زۆریان بۆ گەشە کردنی کۆمەڵایەتی منداڵەکانیان هەیە، بەڵام خوانەخواستە ئەگەر لەبەر هەر چ هۆیەک بوو منداڵ لەباوک و چاودێری بێبەش بوو، ئەوا زۆر پێویستە کە هەوڵی دابین کردنی جێگرێکی وەک (برای گەورە، مام، خاڵ، باپیر... هتد) بۆ باوک بدرێت، بۆ ئەوەی منداڵ لەئەنجامی ئەو نەبوونی باوکەوە، زەرەرو زیانێکی زۆری لێنەکەوێت.

ڕۆڵی دایک و باوک و مامۆستا:-

وەک لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، منداڵ لەڕێگەی خێزان و قوتابخانەو دام و دەزگا کۆمەڵایەتیەکانی ترەوە، داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکان فێر دەبێت، ئەو فێر بوونەش لەڕێگەی لاسایی کردنەوەو سەرنج دان و سەیر کردن و پاداشت و سزاوە دەبێت، لەهەموو ئەو

حاڵەتانەشدا دایک و باوک و مامۆستاو کەسانی تری چواردەوری منداڵ، ڕۆڵی گرنگ و ترسناکیان هەیە، بەتایبەتیش لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا:-

١. هاندانی منداڵ بۆ تێکەڵاو بوون و هاوکاری کردنی کەسانی تر.
٢. ڕوون کردنەوەی هەڵس و کەوت و داب و نەریتە باش و خراپەکان.
٣. پاداشت کردنی هەڵس و کەوتە باشەکان و سزادانی خراپەکان.
٤. دابین کردنی ژینگەی لەبارو گونجاو بۆ چاندن و گەشەکردنی گیانی هاوکاریو برایەتی.
٥. دەبێت دایک و باوک و مامۆستا نموونەی چاک و ڕاست گۆ بن بۆ منداڵەکانیان و دەبێت ئەوان بەکردەوە هەڵس و کەوتە کۆمەڵایەتیە باشەکان بەرجەستە بکەن.
٦. دەبێت منداڵ فێری ڕەوشت و ڕۆڵی خۆی بکرێت، چونکە ڕەوشت و هەڵس و کەوتەکان بەپێی تەمەن و شوێن و توخم دەگۆڕدرێن.
٧. ڕزگار کردنی منداڵ لەگۆشەگیری و دەمارگیری و خۆپەرستی.
٨. منداڵ فێری پشت بەخۆ بەستن و بڕوا بەخۆ بوون بکرێت.

شێوازەکانی ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی

کاتێک منداڵ لەدایک دەبێت، بوونەوەرێکی بایۆلۆژی رووتەو بێجگە لەهەندێک ڕەمەکی (غریزە) و ئامادە باشی، ئیتر هیچ شتێک دەربارەی کۆمەڵ و داب و نەریت و ئاکارەکانی نازانێت. بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەئەنجامی ژیانی لەناو خێزان و کۆمەڵدا، شارەزایی و زانیاری دەربارەی کۆمەڵ و زمان و ئایین و داب ونەریتی کۆمەڵایەتی پەیدا دەکات و وردە وردە لەبوونەوەرێکی بایۆلۆژییەوە، بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دەگۆڕدرێت. ئەم پرۆسەیەش کە منداڵی پێ فێری داب و نەریت و بەهاو ئاکاری کۆمەڵایەتی دەکرێت، ناودەبرێت بەڕاهێنانی کۆمەڵایەتی (عملية التنشئة الاجتماعية).

گومانی تێدانیە، ئەم پرۆسیسی ڕاهێنانی کۆمەڵایەتیەش بەپێ ی چینو توێژو تاکەکانی کۆمەڵو جۆری خێزان دەگۆڕێتو جیاوازی هەیە لەخێزانێکەوە بۆ خێزانێکی ترو لەتوێژو چینێکەوە بۆ توێژو چینێکی تر. بێگومان ئەم جیاوازی مامەڵەو شێوازی ڕاهێنانە، دەبێتە مایەی جیاوازی کەسایەتیو ڕەوشتی تاکەکانی کۆمەڵ.

لەئەنجامی چەندەها توێژینەوەی بیانی و ناوخۆیی دەرکەوتووە، کەپرۆسەی ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی لەلای زۆربەی جیهان بەچەند شێوازو جۆری جیاواز بەئەنجام دەگەیەندرێت و هەموو خێزان و گەل و نەتەوەکان بەیەک شێواز منداڵەکانیان پەروەردە ناکەن.

لەگرنگترین و باوترین شێوازی ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی ئەمانەی لای خوارەوەن:

١) بەکارهێنانی لێدان و توندو تیژی ٢) نەرم و نیانیو گوێ پێنەدان ٣) هەڵکشان و داکشان و نەبوونی یەک جۆر مامەڵەی گونجاو (التذبذب في المعاملة). ٤) مامەڵەی ڕاست و دروست لەڕاهێنانی کۆمەڵایەتیدا ٥) ئازاردان.

هەریەک لەو مامەڵانەی سەرەوە، جۆرە ڕەوشت و کەسایەتیەک لەلای منداڵ دروست دەکات. بۆ نموونە، هەندیک لەباوکان و دایکان، بەردەوام پەنا بۆ لیدان و توندو تیژی دەبەن لەکاتی پەروەدەکردن و ڕاهینانی کۆمەڵایەتی منداڵەکانیاندا، ئەم جۆرە باوک و دایکانە وائیگەیشتوون، کە توندوتیژی و زاڵ بوون و چاوسورکردنەوەو سەرکوت کردن و فشار خستنە سەر منداڵ، مامەلەیەکی ڕاستەو لەبەرژەوەندی منداڵەکانیانە، بەڵام بەپیچەوانەوە، دەرئەنجامی تویژینەوەکانی ئەو بوارە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کەتوندو تیژی و لیدانی بەردەوام، دەبیتە هۆی ئەوەی کەمنداڵ سەربەستی نەبیت و بەتەواوی شارەزای ژینگەکەی نەبیت و فیری ڕەفتاری پاشە کشێ و گۆشەگیری ببیت.

هەروەها بەردەوام ئەو جۆرە منداڵانە هەست بەکەمی و سوکایەتی دەکەن و مل کەچ دەبن و هەست بەدڵنیایی و ئاسایش ناکەن و لەدلە ڕاوکێ و بارێکی دەروونی ئاڵۆزدا دەژین، ناتوانن وەک منداڵیکی ئاسایی گوزارشت لەخودی خۆیان بکەن. هەندیک جاریش منداڵی ئەو جۆرە خیزانانە شەڕخواز دەبن و هەوڵ دەدەن ئەو ڕق و کینەو توڕەییەی کە بەرامبەر دایک و باوک هەیانە، بەکەسانی تری دەرببڕن و تۆڵەی خۆیان لەوان بکەنەوە. بۆ نموونە ئەگەر باوک بەردەوام ئازاری منداڵ بدات و سوکایەتی پێ بکات، ئەو منداڵە ئەگەر خوشک و برای بچوکی هەبیت، ئەوا دەچیت داخی دڵی خۆی بەئەوان دەڕیژیت، ئەگەر خوشک و برای بچوکیشی نەبوو، ئەوا لەکۆلان بەدوای منداڵانی دراوسێ و بەستەزماندا دەگەڕێ و دەیەویت ئازاری ئەوان بدات، ئەگەر منداڵی دەست نەکەوت، دەست دەکات بەلیدان و ئازاردانی ئاژەڵ و داروبەردو دەرگاو پەنجەرەو....هتد. کەواتە ئەو توندو تیژی و شەڕخوازییەی منداڵەکە بۆ توندوتیژی و سوکایەتی و لیدانی باوک و دایکی دەگەڕیتەوە.

بەلام هەندیک دایک و باوک هەن کە گوێ بەمنداڵەکانیان نادەن و زۆر بەنەرمی مامەلەیان لەگەڵدا دەکەن و بەنازداری بەخیویان دەکەن و لەهەڵەو سەرەڕۆییەکانیان ناپیچنەوەو خراپی و کەم و کورتیەکانیان بەدەرناخەن و بۆیان ڕوون ناکەنەوە، بەردەوام

لێبوردن و چاوپۆشینێکی نائاساییان بەرامبەر لاساری و سەرکێشی منداڵەکانیان هەیە. بێگومان ئەو مندالانەی لەو جۆرە خێزانانەدا پەروەردە دەکرێن، زۆر سەرەڕۆو لاسار دەبن، هیچ کات هەست بەلێپرسینەوەو مسئولیەت ناکەن و لەیاساو دەسەلات و داب ونەریتی کۆمەلایەتی یاخی دەبن، کەسایەتیەکی پتەوو و سەربەخۆیان نابێت، منداڵ بەسەر تاکەکانی تری خێزاندا (بەتایبەتی دایک و باوک) زاڵ دەبێتو ناچاریان دەکات کە گشت حەزوو ئارەزوو پێداویستیەکانی تێر بکەن (بەتایبەتی منداڵی نازدار)، ئیتر ئەو پێداویستیانە هەق بێت یان ناهەق، باش بێت یان خراپ.

هەندێک جاریش وا ڕێکەوت دەکات کەهەندێک دایک و باوک، هیچ جۆرە مامەڵەو شێوازێکی گونجاویان نیە بەپێچەوانەوە، هەر جارەی بەشێوازێک لەگەڵ منداڵەکانیان مامەڵەدەکەن، بۆ نموونە ئەگەر منداڵ شەڕی کردو دەست درێژی کردە سەر منداڵی دراوسێکەیان، کاتێک بۆ ماڵەوە گەڕایەوە، باوکی هیچ قسەیەکی پێ نەگوت، تەنانەت گلەیشی لێ نەکرد. بۆجاری دووهەم ئەومنداڵە دەست درێژی کردەوە سەر منداڵی دراوسێکەیان، کەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، باوکی هانی داو پیرۆزبایی و دەست خۆشی لێ کرد، بەلام بۆ جاری سێهەم لێدان و ئازارو سزایەکی چاکی لەبەرامبەر ئەو شەڕخوازییەی وەرگرت.

لەو جۆرە خێزانەدا منداڵ دەکەوێتە گێژاوو تووشی باروودۆخێکی تەم و مژاوی دەبێت و ناتوانێت ڕاست و هەڵەکان لەیەکتری جیابکاتەوە، چونکە بەپێی ئەو نموونەی سەرەوە منداڵەکە فێری ڕەوشتی دروست نابێت و نازانێت، ئایا ئەو هەڵس و کەوتەی کردی هەڵەبوو یان ڕاست؟ ئەگەر هەڵەیە، ئەی بۆچی باوکی لەجاری دووهەمدا پاداشتی کرد؟ ئەگەر ڕاستیشە ئەی بۆچی لەجاری سێهەم تووشی ئازارو لێدان بوو؟ سەرجەم ئەو پرسیارانەو سەدەها پرسیاری تر لەمێشکی ئەو جۆرە مندالانەدا بەبێ وەلام بەتەم و مژاوی دەمێننەوە، ئەمەش لەئەنجامی ئەو شێوازە هەڵەی دایک و باوکەوەیە کە لەپەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا بەکاری دەهێنن. بێگومان هەمان قەوان و بەسەرهات

لەگشت بوارەكانی تری ژیانی ئەو جۆرە منداڵانەدا دووبارە دەبێتەوەو فێری چاك و خراپەكانیان نابێت و كەسایەتیەكی لاوازو لەرزۆكی دەبێت، بڕوای بەخۆی و دایك و باوكیشی نابێتو بەچاوی گومان و دوودڵیەوە دەڕوانێتە دیاردەكانی ژیان.

بەڵام هەندێك دایك و باوك هەن، دەتوانن بەشێوازێكی ڕاست و دروست منداڵەكانیان پەروەردە بكەن و بەواتایەكی تر، ئەگەر منداڵەكانیان هەڵەیان كردو لەرێگەی ڕاست لایاندا، ئەو كاتە باوكانو دایكان هەڵەكانیان بۆ ڕاست دەكەنەوەو ڕێنمایشیان دەكەن و ئامۆژگاری بەسوودیان پێش كەش دەكەن. بەڵام ئەگەر پێویستی كرد، ئەو كاتە بەپێ ی جۆری هەڵەو لاساری و سەركێشیەكە، گلەیی و ناڕەزایی و سەرزەنشت و لێدان بەكاردەهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا هۆی لێدان و ئازاردانەكە بۆ منداڵ ڕوون دەكەنەوە، بەڵام ئەگەر هەر چ كردارو ڕەفتارێكی ڕاست و جوانی كرد، بەردەوام هانو پاداشتو دەست خۆشی لێ دەكەن، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو كردارو رەفتارە جوانە بەردەوام بێت، لەو جۆرە خێزانانەدا دیاردەكانی ژیان بۆ منداڵ ڕوون دەكرێتەوەو وەڵامی گشت پرسیارەكانی بەبێ پێچ و پەناو گرێ دەدرێتەوەو ڕێزی ڕاو بۆچوون و خودی منداڵەكە دەگیرێت.

بێگومان ئەم جۆرە پەروەردەكردنەو بەكارهێنانی ئەم شێوازە، باشترین و سەركەوتوترین شێوازە لەئەمڕۆی جیهانی پەروەردەو فێركردندا. واتە نەبەكارهێنانی توندوتیژی و لێدان بەبەردەوامی، نەپشت گوێ خستنی منداڵ و نەرم و نیانی و نازداری زیاد لەپێویست وەنە (تذبذب)و نەبوونی یەك جۆر مامەڵەی گونجاو، چونكە ئەو شێوازانە هەڵەن و زەرەرو زیانێكی گەورە بەكەسایەتی منداڵ دەگەیەنن و تووشی نەد گرفتی كۆمەڵایەتیو دەروونیان دەكەن (دەركەوتووە كە زۆریەی ئەو منداڵانەی تووشی لاساری و سەركێشی و لادان بوون، لەو خێزانانەدا پەروەردەكراون كەباوك و دایكیان مامەڵەی نادروستو توندوتیژ یان نەرمی بێ لێ پرسینەوەیان لەگەڵیاندا بەكار هێناون) (اسماعیل، ١٩٧٤) (حسن، ١٩٦٧) (حسین ١٩٩٤).

گرنگی دایک لەژیانی منداڵ

دایک لەساڵەکانی یەکەمی ژیاندا (بەتایبەتی پێنج ساڵی یەکەم) گرنگترین و پیرۆزترین بوونەوەرە لەژیانی منداڵدا، کاتێک منداڵ چاو بەدنیا هەڵدەهێنێ، یەکەم بوونەوەر کە رووبەرووی دەبێتەوە، دایکە. هەر دایکە دەتوانێت هەموو پێداویستیەکانی منداڵ دابین بکاتو ببێتە مایەی مانەوەو بەردەوام بوونی لەژیاندا. دایک لەساڵی یەکەم و دووەمی منداڵدا، گرنگی لەهەموو کەسانی تری چواردەوری منداڵ گرنگترەو ڕۆڵی یەک لاکەرەوەی هەیە لەسەر چارەنووس و کەسایەتی منداڵ. دایک لەو قۆناغەدا، سەرچاوەی ژیانە بۆ منداڵ، تێرکردن و نەکردنی هەموو پێداویستیە فسیۆلۆژی و دەروونیەکانی منداڵ پەیوەندە بەدایکەوە.

ئەگەر ڕێکەوت بکات منداڵ لەخێزانێکی پڕ لەئاژاوەو لێک ترازاودا چاو بەژیان هەڵبهێنێت و دایک لەبەر هەر چ هۆیەک بێت (ئاژاوەی ناو خێزان، نەزانی دایک و باوک، خراپی و رق و کینەو توندوتیژی تاکەکانی تری خێزانەکەی بێت) نەتوانێت بەئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێت بەرامبەر منداڵەکەی و کەم تەرخەمی بکات، یان بەشێوەیەکی هەڵەو توندو تیژانە مامەڵە لەگەڵ منداڵەکەی بکات، یان لەکاتی شیردان و پاککردنەوەی منداڵەکەیدا توندوتیژو بێ بەزەیی بێت و پێداویستیە گرنگەکانی منداڵ تێر نەکات، ئا لەو بارودۆخەدا منداڵ تووشی کارەساتی دڵتەزێن دەبێت و باری دەروونی ئەو منداڵە بەرەو ئاڵوزی دەبات.

ئەگەر دایک خراپ و توندوتیژو دەمارگیر بێت و مامەڵەی نابەجێ لەتەک منداڵەکەیدا بکات. ئەو کاتە منداڵ بۆچوون و ئاراستەیەکی (اتجاه) هەڵەی بەرانبەر دایک و تاکەکانی تری کۆمەڵ دەبێت، بەتایبەتی توخمی (مێ). بۆ نموونە، کاتێک منداڵ لەسەر دەستی دایکی نەزان و بێ بەزەیی ئازار دەچێژێ و تووشی ناخۆشی دەردەسەری دەبێت، ئەو کاتە منداڵ بەچاوی ڕقو کینەوە دەڕوانێتە دایکی د

بوچوونێکی هەڵەی لا دروست دەبێت و وا تێدەگات کەهەموو تاکەکانی تری کۆمەڵیش، هەروەک دایکی دڵرەق و بێ بەزەیین، لەبەرئەوەی ئەو منداڵە لەسەر دەستی پیرۆزترین و نزیکترینو خۆشەویسترین کەسی کە دایکە تووشی ئازارو دەردەسەری بووە، ئەی دەبێت کەسەکانی تری کۆمەڵ مامەڵەی چۆن لەگەڵ بکەن؟.

ئا لەم کاتەدا منداڵ دەکەوێتە بەردەم دوو ڕێگا، یان دەبێت هەر خۆی بخواتەوەو گۆشەگیر و دوورە پەرێز بێتو لەحاڵەتی دڵەڕاوکێ و نائارامیدا بێت، یان چی خەم و خەفەت و ڕق و کینەی بەرانبەر دایکی هەیە، بەسەر کەسانی تردا هەڵیڕێژێ و تۆڵەی خۆی لەکەسانی تر بکاتەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر نەیتوانی ئاڕاستەی دایک و باوکی بکات. بەڵام ئەگەر ئەو بوارەی بۆ ڕەخسا، ئەوا بەبێ سێ و دوو دەست درێژی دەکاتە سەر دایک و باوک و کەسانی تری چواردەوری. لەئەنجامدا منداڵ ئەو ڕاوبۆچوونە هەڵانەی ناو خێزان بۆ دەرەوەی خێزان دەبات و مامۆستای پیاو بەباوک و ئافرەت بە دایک دادەنێت و ئەگەر بۆی بڕەخسێت تۆڵەی دایک و باوکی لەئەوان دەکاتەوە. بێگومان لەهەردوو ئەو حاڵەتانەی سەرەوەدا منداڵ ڕۆڵی خراپی دەبێت و ناتوانێت خۆی لەتەک دەوروبەرەکەیدا بسازێنێ.

سەرجەم دەروونزانەکان ئاماژە بۆ گرنگی پێنج ساڵی یەکەم دەکەن و بەقۆناغێکی ناسک و ترسناکی لەقەڵەم دەدەن لەژیانی منداڵداو کەسایەتی منداڵی تێدا بنیات دەنرێت. دەرئەنجامی توێژینەوەکانی (فرۆید، ڕۆسۆ، بستالوتزی، دۆلار، میلر، بندورا) و چەندەها زاناو فەیلەسوفی تر، ئەوە دەسەلمێنن، کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و مرۆڤانەی نێوان دایک و منداڵ زۆر گرنگە بۆ کەسایەتی منداڵ، بەڵام ئەگەر منداڵ لەو قۆناغەدا، لەسۆزو خۆشەویستی و باوەشی گەرمی دایک بێ بەش ببێت، ئەو کاتە کەلێن و دەلاقەی گەورە دەکەوێتە کەسایەتی ئەو منداڵەو زۆر زەحمەتە بتوانرێت لەقۆناغەکانی تری ژیانیدا ئەو کەلێن و دەلاقانە بەئاسانی پڕ بکرێتەوەو برین و ئازارەکانی سارێژ بکرێت.

هەروەها دەرئەنجامی گشت توێژینەوەو لێكۆڵینەوە دەروونیەكانی بواری لاساری مێرمندالان (جنوح الاحداث) (الأعرجی، ١٩٨٩) (حجازی، ١٩٨١) (الدباغ، ١٩٧٥) (عبداللـه، ١٩٨١) (عیسوی، ١٩٨٤) (الكبیسي، ١٩٨٨) (المغربي، ١٩٦٠) (موسی، ١٩٧٣) (الیاسین، ١٩٨١) دەری خستووە كە پەیوەندی خراپی نێوان دایك و مندال لەلایەك و تێك چوونی شیرازەی خێزان بەهۆی مردنی دایك و باوك لەلایەكی ترەوە، ترسناكترین هۆكارە بۆ لادان و سەركێشی و لاساری منداڵەكانیان و زۆربەیان تووشی كوشتن و دزی و، وازهێنان لەقوتابخانەو سەرەڕۆیی دەبن. لەبەرئەوە ئەركی سەرشانی دایكە كە پێداویستیە گرنگەكان بۆ منداڵەكانی دابین بكات و، بە سۆزو بەزەیی و دڵگەورە بێت و توندوتیژی و رق و كینە لەكاتی پەروەردەكردنی منداڵەكانیدا بەكار نەهێنێ، بۆ ئەوەی منداڵەكانی بەشێوەی ڕاست و دروست گەشە بكەن و كەسایەتیەكی پتەویان هەبێت.

باوەشی گەرمی دایك

هەندێك لە زاناو توێژەرەكانی بواری دەروونزانی پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، كە پەیوەندی جەستەیی نێوان منداڵ و دایك، ئامادەباشی و خاسیەتێكی بۆماوەییەو هەر لەیەكەم چركەی ژیانی كۆرپەلەوە گرنگی خۆی هەیەو دەبێتە مایەی خۆشی و تام و چێژ لێ وەرگرتن و یەكێكە لەگرنگترین پێداویستیە دەروونیەكانی منداڵو هیچی لەخواردن و پێداویستیە فسیۆلۆژیەكانی تر كەمتر نیە، بۆ دڵنیابوونو زانینی گرنگی پەیوەندی جەستەیی نێوان منداڵ و دایكی، هاری هارلۆی زانا، توێژینەوەیەكی لەسەر كۆمەڵێك بێچوە مەیموونی تازە لەدایك بوو كرد.

لەئەنجامدا بۆی دەركەوت كە پەیوەندی جەستەیی نێوان دایك و كۆرپەكەی و خۆ نووساندن بەسنگی دایك و باوەشی گەرمی، گرنگیەكی زۆری هەیە بۆ باری دەروونی و كەسایەتی منداڵەكانیانو ئامادەباشیەكی بۆ ماوەییە. توێژینەوەكەش بریتی بوو لەوەی

کە شێوەی دوو دایکی دەست کردی بۆ مەیموون دروست کرد. دایکی یەکەمی لەئاسن و شیش دروست کردو شووشەیەک شیرو مەمکە مژەیەکیشی لەسەر سنگی دانا، بەڵام دایکی دووهەمی لەئاسن و شیش دروست کردو دوای ئەوەش بەخوری و موو داپۆشی، بەبێ ئەوەی شووشە شیرو مەمکە مژەی لەسەر دابنێ، ئینجا ژمارەیەک بێچووە مەیموونی تازە لەدایک بووی، یەک لەدوای یەک دەخستە ئەو ژوورەی کە ئەو دوو نموونەو شێوە مەیموونەی لێ بوو.

دوای سەرنج دان و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ڕەوشتی بێچووە مەیموونەکان، ئەم ڕاستیانەی خوارەوەی بۆ دەرکەوت:-

١) کاتێک کە بێچووە مەیموونەکان برسیان دەبوو، یەکسەر دەچوون بۆ لای ئەو دایکەی کە لەئاسن و شیش دروست کرابوو، شووشە شیرو مەمکە مژەکەی پێوەبوو، دوای ئەوەی کە تێر دەبوون، دەچوون لەباوەشی گەرم و نەرمی دایکی دووهەمدا دەخەوتن کە نزیک بوو لەباوەشی گەرم و نەرمی دایکی راستەقینە. (بڕوانە شێوەی ژمارە -٦-).

٢) کاتێک بێچووە مەیموونەکان ناچار دەکران، کەتەنها بچن بو لای یەکێک لەو دوو نموونەی دایکە، هاری هارلۆ سەیری کرد، کە بێچووە مەیموونەکان دایکی دووهەمیان هەڵدەبژارد کە لەخوری و موو پەڕۆ دروست کرابوو لەکاتێکدا شیرو خواردنەکە لەلای دایکی یەکەم بوو.

٣) هاری هارلۆ شێوەی جاڵجاڵۆکەیەکی لەشیش و تەل و تەختە دروست کردو خستیە بەردەم بێچووە مەیموونەکان. دەرکەوت کە کاتێک بێچووە مەیموونەکان دەترسان، یەکسەر دەچوون بۆ لای دایکی دووهەم کە لەخوری و موو دروست کرابوو، لەباوەشی گەرمی ئەودا هەستیان بەدڵنیایی و ئارامی دەکردو لەترس و دڵەراوکێی ئەو جاڵجاڵۆکەیە ڕزگاریان دەبوو.

٤) کاتێک بێچووە مەیموونەکان لەلای دایکی دووهەم دەبوون، زیاتر ئازاو بەجەرگتر دەبوونو هێرش و پەلاماری جاڵجاڵۆکەو شتەکانی تریان دەدا وەک لەوەی کە لەلای دایکی یەکەم دەبوون.

لەئەنجامدا هاری هارلۆ گەیشتە ئەو ڕاستیەی کە باوەشی گەرمی دایک و پەیوەندی جەستەیی نێوان دایک و کۆرپەکەی پێداویستیەکی بۆماوەییەو هیچی لەخۆراک و ئاو و خەو و ئۆکسجین کەمتر نیە بۆ گەشە کردنی منداڵ. (کونجر، ١٩٧٠، ص١٩٦-١٩٧).

بێ بەش بوون لەدایک

هەندیک جار لە ئەنجامی ئاڵۆزی ژیان و ڕووداوەکانیەوە، خێزان تووشی لێک ترازان و تێک چوون دەبێت و دوور نیە ببێتە مایەی بێ بەش بوونی منداڵ لەسۆزو خۆشەویستی و خزمەتگوزاری دایکی. ڕاستیەکی بەڵگە نەویستە کە منداڵ یەکەم کەسە کە دەبێتە قوربانی ئەو کارەساتەو زەرەرو زیانێکی زۆری لێ دەکەوێت، یەکێک لە گرنگترین زیانەکانی بێ بەش بوون لەدایک، پێک نەهاتن و دروست نەبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرکەوتووە لەنێوان منداڵ و کەسانی چواردەوری، زۆر لە دەرئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئەگەر منداڵ لەپێنج ساڵی یەکەمی تەمەنیدا لەدایک بێ بەش بوو وە هیچ کەسێکی تریش نەبوو کە جێگای دایکی بۆ بگرێتەوە، ئەو کاتە منداڵ زۆر بە زەحمەت دەتوانێت پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو بەردەوام لەگەڵ کەسانی چواردەور و تاکەکانی تری کۆمەڵدا دابنێت و هەندێک جاریش تووشی گۆشەگیری و دوورەپەرێزی دەبێت.

یەکێک لەزاناکان کە ناوی خاتوو (ریهن گۆلدە) توێژینەوەیەکی لەسەر کۆمەڵێک منداڵی بێ دایک و باوک بەئەنجام گەیاند. ئەم خاتوونە چوو بۆ یەکێک لە خانەکانی بەخێوکردنی منداڵە بێ دایک و باوکەکان (هەتیوخانە) لەوێ (١٦) شازدە منداڵی شیرە

خۆرەی هەڵبژاردو دابەشی کردن بەسەر دوو کۆمەڵەوە، کۆمەڵەی یەکەم بریتی بوو لە (٨) منداڵی شیرە خۆرە، خاتوو ریهن گۆڵد بۆ ماوەی (٨) هەفتە، هەر هەفتەی (٥) ڕۆژ، هەر ڕۆژەی (٨) کاتژمێر، خۆی ڕۆڵی دایکی دەبینی و وەک دایکێکی دڵسۆز بەردەوام ئەو منداڵانەی پاک دەکردەوەو خواردنی دەدانێ و جل و بەرگی دەگۆڕین و قسەی لەگەڵ دەکردن و گرفتەکانیانی چارەسەر دەکردو دارەدارەی پێ دەکردن و بەردەوام لەباوەشی دەکردن و پێداویستیەکانی بۆ دابین دەکردن.

بەڵام کۆمەڵەی دووەهەم بریتی بوو لە (٨) منداڵی شیرەخۆرەو بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی وەک هەموو منداڵەکانی تری هەتیوخانەکە دەژیان و تەنها چەند دادەو فەرمانبەرێکی لێ بوو، لەکاتی دیاریکراودا شیریان دەدرایەو لەزۆر سۆزو خۆشەویستی و چاودێری بێ بەش بوون. دوای تەواو بوونی ماوەی توێژینەوەکە، بۆ خاتوو ریهن گۆلد دەرکەوت، کە منداڵانی کۆمەڵەی یەکەم لەزۆر لایەنەوە پێش کەوتوتربوون لەمنداڵنی کۆمەڵەی دووەهەم. لەهەمووشیان گرنگتر (کەئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بوو) گەشەکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بوو.

دەرکەوت کە کۆمەڵەی یەکەم بەردەوام بۆ میوان و تاکەکانی تری هەتیوخانەکەو خاتوو ریهن گۆلد، دەم بە پێکەنین بوون و لەڕێگەی دەست ڕاکێشان و گاگۆڵکەو زەردەخەنەو جوولەی دەستیانەوە، داوای باوەش و چوون بۆ لای کەسانی تریان دەکرد، بەپێچەوانەی منداڵانی کۆمەڵەی دووەهەم کە بەردەوام گۆشەگیرو دوورە پەرێز بوون و لەمیوان و تاکەکانی تری هەتیوخانەکە دەترسان و بەردەوام دەم و چاویان گرژو مۆن و شەرمن و پڕ لەترس دیار بوو. بە بۆچوونی خاتوو ریهن گۆلدو زۆر لەدەروون زانەکان، گەشەکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی منداڵانی کۆمەڵەی یەکەم، بەپلەی سەرەکی بۆ ئەو (٨) هەفتەیە دەگەڕێتەوە، کە خاتوو ریهن گۆڵد جێگای دایکی بۆ گرتبوونەوەو ئەو بۆشاییەی بۆ پڕ کردبوونەوە کە بەهۆی نەمانی دایکەوە دروست بوو بوو، بەپێچەوانەی کۆمەڵەی دووەهەم کە ژیانێکی زۆر ئاسایی دەژیان وەک دەڵێن (مەمرەو مەژی) دوور لە سۆزو خۆشەویستی و باوەشی گەرمی دایک دەژیان (کونجر، ١٩٧٠، ص٢٠٢-٢٠٣).

جێگری دایک

زۆر جار ئەو پرسیارە دەکرێت، ئایا کەسانی تر دەتوانن جێگەی نەمانی دایک بگرنەوە؟ بێگومان وەلام دانەوەی ئەو پرسیارە ئاسان نیە، بەلام کاتێک سەیری ژیانی ئەو مندالانە دەکەین کەلەسۆزو خۆشەویستی و چاودێری دایک و باوکیان بێ بەش بوون، هەروەها دەرئەنجامی ئەو توێژینەوانەش کە لەسەر مندالانی بێ دایک و باوک کراوە، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بلێین بەلێ، لەتوانای کەسانی تردا هەیە، کە جێگەی دایک بۆ مندالان بگرنەوە، بێگومان ئەو کەسانەش زۆر جۆریان هەیە، لەوانەیە هەندێک جار (باوک یان پوور، یان نەنک، یان خال...هتد) یان هەر خێرخوازێکی تر کە بیەوێ ئەو منداڵە لەخۆ بگرێ، دەتوانێت جێگای دایک بگرێتەوە، هەروەها خانەی بەخێوکردنی مندالانیش لەتوانایدا هەیە کە ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە لەئەنجامی نەمانی دایکەوە دروست دەبێت. بەلام ئەگەر منداڵ بێ دایک ببێت و لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکی تر نەبێت خزمەتگوزاری و چاودێری و سۆزو خۆشەویستی بەو منداڵە بدات، ئەو کاتە چارەنووسی ئەو منداڵە نادیار دەبێتو تووشی زۆر گرفتی دەروونی و لاساری و سەرەڕۆیی دەبێت.

پرۆسەی شیر پێدان

منداڵ دوای لەدایک بوون بوونەوەرێکی لاوازو بێ دەسەلاتە، مانەوەی ژیانی پەیوەندە بە کەسانی ترەوە، یەکەم کەسیش کە بتوانێت بەو رۆڵە هەلبستێت و لەلایەنی جەستەیی و بایۆلۆژییەوە ئامادەبێت، ئەوە دایکە، گومانیشی تێدا نیە قۆناغی شیرەخۆری، قۆناغێکی ناسک و ترسناکە لەژیانی منداڵدا. لەبەرئەوەی سەرەتای دەست پێکردنی ژیانیەتی و یەکەم ئەزموون و تاقیکردنەوەیەتی و یەکەم خالی دانانی پەیوەندی کۆمەلایەتیە لەگەڵ کەسانیتر. لەقۆناغی شیرەخۆریدا گرنگترین پرۆسە بۆ لەژیانی منداڵدا هەیەو دەبێتە هۆی تێرکردنی گرنگترین پێداویستی فسیۆلۆژی کە ئەویش برسێتیە. ئەویش پرۆسەی شیر پێدانە، پرۆسەی شیرپێدان گرنگی تایبەتی خۆی

لەبەرئەوە دایک دەبێت زۆر بەئاگا بێت و نەهێڵێت منداڵ تووشی ئازارو خەم و خەفەت ببێت، چونکە فرۆید بەسەرەتای دروست بوونی گرفتە دەروونیەکانی منداڵی دادەنێت. منداڵ لەڕێگەی شیرخواردنەوە، نەک تەنها خۆراکی دەست دەکەوێت، بەڵکو هەست بە دڵنیایی و ئارامی و باوەشی گەرمی دایک دەکات و زۆر پێداویستی دەروونیشی تێر دەبێت. بەڵام ئەگەر دایک توندوتیژ بێت و بەزۆر مەمک لەدەمی منداڵ دەربهێنێ و لەکاتی شیرپێداندا گرژو مۆن و تورە بێت، ئەوا زەرەرو زیانێکی گەورە بەمنداڵ دەگات. لەبەرئەوەی منداڵ لەکاتی شیرخواردندا دەم و چاوی دایکی دەخوێنێتەوە و هەست بە هەموو گرژی ماسولکەو ئەندامەکانی لەشی دایکی دەکات و سوود لەو شیر خواردنە وەرناگرێت و تووشی بارێکی دەروونی ئاڵۆز دەبێت. (لەلایەکی ترەوە نابێت بەخێرایی منداڵ تێر بکرێتو بواری مەمک مژینو ملچە ملچی نەدرێت، چونکە ئەگەر کاتی پێویست نەدرا بەمنداڵ بۆ شیرخواردن و پەلە پەلی لێ کرا، ئەو کاتە ناچار دەبێت کە پەنا بۆ زۆر شتی تر ببات [وەکە پەنجە، کەوچک، جلو بەرگ] مژین) (سبوك، ١٩٩٠، ص٦٧).

شیری دایک و شیری دەست کرد

گومانی تێدا نیە کە شیری دایک چەندەها جار لەشیری قوتوو دەست کرد گرنگترو بەسوود ترە بۆ منداڵ لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:-

١) شیری دایک بە خۆراییەو بودجەی خێزان لاواز ناکات.
٢) پلەی گەرماییەکەی سروشتیەو گونجاوە بۆ دەمو لێوو گەروو گەدەی منداڵ.
٣) لەڕێگەیەوە دایک هەست بە شانازی دەکات و دەگاتە ئەو بروایەی کە لەتوانای هیچ کەسێکی تردا نیە، بێجگە لە ئەو، ئەو شیرە بدات بە منداڵەکەی.
٤) بەپێی پێداویستی گەشە کردنی منداڵ دەگۆڕدرێت، دوو سێ ڕۆژی یەکەم خەست و زەرد باوەو ژەکی پێ دەڵێن و پڕە لەپرۆتین و ڤیتامین و خوێ ی کانزاو زۆر پێویستە بۆ

منداڵ، کە بەهیچ شێوەیەک لەشیری دەست کردا نیە، دوای ماوەیەک ڕوون دەبێتەوەو منداڵ پێویستی پێیەتی.

٥) هەموو ڕەگەزەکانی خۆراکی تێدایەو تاوەکو ئێستا هیچ کارگەیەک نەیتوانیوە بەو شێوەیە دروستی بکات.

٦) هەرسکردنی لەشیری دەستکرد ئاسانترەو گرفت بۆ گەدەی منداڵ دروست ناکات.

٧) پاکژەو دوورە لە میکرۆب و گشت جۆرە ڤایرۆسێکی زیان بەخش.

٨) دژەتەنی تێدایەو پارێزگاری لەمنداڵ دەکات و لەتووش بوونی زۆر نەخۆشی دووری دەخاتەوە، وەک شیری قووتو منداڵ توشی ڕەوانی و هەوکردن و سوور بوونەوەی ڕیخۆڵە ناکات.

٩) لەکاتی شیرخواردندا، منداڵی کۆرپە، تێر تێر دەست دەکاتە ملی دایکی و یاری بەسنگی و گرو کاڵی لەگەڵ دەکات و لەباوەشی گەرمیدا هەست بە دڵنیایی و ئارامی دەکات. کە بەهیچ شێوەیەک ئەو حاڵەتە لەکاتی شیری قووتودا دروست نابێت.

١٠) کاتێک منداڵ مەمکی دایکی دەمژێت، ئا لەو کاتانەدا ماسوولکەکانی منداڵدانی دایک وورده وورده گرژ دەبنەوەو منداڵدان دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی.

١١) بەهۆی مەمک مژینەوە، دایک لەگرژی و تورتی و ئازاری مەمکی ڕزگاری دەبێت و شیرە مەڵاس دراوەکانی ناوی بەتاڵ دەکرێتەوەو بەوەش گرژی و ئازارەکانی دەڕەوێتەوەو هەست بە ئارامی و دڵنیایی و تام و چێژ دەکات.

١٢) شیردان بەمنداڵ و مژینی مەمکەکان، سنگ و مەمکی دایک لەتووش بوونی نەخۆشی شێرپەنجە دوور دەخاتەوە. (قطامی، ١٩٨٩، ص٨٥-٨٦).

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە زۆر پێویستە کە دایک شیری خۆی بدات بە منداڵەکەی، چونکە قازانجی خۆی و کۆرپەکەی تێدایە، *لەبەر ئەوە پێویستە دایک ئاگاداری ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بێت، بۆ ئەوەی منداڵ سوود لەشیرەکەی وەربگرێت:-*

١) نابێت دایک خۆی زۆر هیلاک و ماندوو بکات و تا دەتوانێت خۆی لەخەم و خەفەت و ترس و دڵەڕاوکێ دوور بخاتەوە، چونکە ئەوانە کار لەڕێژە و بڕی شیرەکەی دەکەن و بەرەو کەمی و خراپی دەبەن.

٢) پێویستە جگەرەو مەشروب نەخواتەوە، بۆ ئەوەی تامی شیرەکە نەگۆڕدرێت.
٣) نابێت زۆر داوو دەرمانی وەک (حەبی منع، تتراسایکلین، خەو لێ خەرو خاوکەرەوە) بەکاربهێنێ.
٤) تا دەتوانێت لەماوەی شیرداندا، لەخواردنی پیازو سیر دوور بکەوێتەوە، بۆ ئەوەی تامی شیرەکە تێک نەچێت و منداڵ لێی نەتۆرێت.

بەڵام هەندێک جار دایک ناچار دەبێت بۆ تێرکردنی منداڵەکەی، پەنا بۆ شیری دەست کرد ببات، لەئەنجامی ئەوەی کە شیرەکەی کەمەو بەشی منداڵەکەی ناکات یان لەوانەیە مەمکی تووشی نەخۆشی بووبێت، یان گۆی مەمکی بچووک یان تەخت بێت و منداڵ نەتوانێت بیمژێت، یان دایک لەدەرەوەی ماڵ ئیش بکات، ئا لەم کاتانەدا، دایک ناچار دەبێت کە پەنا بۆ مەمەو شیری قووتو ببات. ئینجا بۆ ئەوەی منداڵ دوور بێت لە زیانەکانی شیری دەستکرد، *پێویستە دایک رەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکات:-*

١) پێویستە مەمەو شووشەکان بەئاوی گەرم پاک پاک بشۆردرێن و لەناو گیراوەدا (محلول) دابنرێن، بۆ ئەوەی پاک ببنەوە.
٢) زۆر پێویستە لەکاتی شیرپێداندا منداڵ لەباوەش بگیرێت، تا لەسۆزو خۆشەویستی و باوەشی گەرمی دایک بێ بەش نەبێت.
٣) پێویستە پلەی گەرمای ئەو ئاوەی کە شیرەکەی پێ دەگیرێتەوە گونجاوو مام ناوەندی بێت.
٤) پێویستە کونی مەمەی شووشەکە گونجاو بێت، واتە نە زۆر گەورە بێت و پاش ماوەیەکی کەم شیری تێدا نەمێنێت، وە نە زۆر بچووکیش بێت، کە بەزەحمەت شیری لێ بێتە دەرەوە.
٥) پێویستە ئەو ئاوەی کە شیرەکەی پێ دەگیرێتەوە، بەتەواوی بکوڵێندرێت بۆ ئەوەی میکرۆبەکانی ئاوی بکوژرێت.

باخچەی ساوایان

لای زۆربەمان ئاشکرایە کەباخچەی ساوایان وەک دامەزراوێکی پەروەردەیی گرنگیەکی زۆری لەژیانی منداڵدا هەیە، چونکە قۆناغی منداڵی زۆر ناسک و کۆمەلایەتی بنیاتنەری کەسایەتی مرۆڤە لەداهاتوودا، ئەگەر ئەم قۆناغە ژینگەی لەبارو گرنگەو بۆ دابین نەکرێت، ئەوا زەرەرو زیانێکی گەورە بەکەسایەتی منداڵ دەگات و گونجاوی کۆمەڵێک ئەندیشەو گرفتی دەروونی و کۆمەلایەتی بۆ منداڵ دەخوڵقێنێ کەزۆر زەحمەتە بتوانێت لێ ی دەرباز بێت و هەتا هەتایە کاریگەری و خراپی هەر دەمێنێت، لەبەرئەو گرنگیەی قۆناغی منداڵی، وڵاتانی پێشکەوتوو شارستانیخواز بیریان لەدامەزراوێکی تری کۆمەلایەتی کردەوە بۆ ئەوەی هاوکاری خێزان بکات لەپەروەردە کردنی منداڵدا لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بتوانێت قەرەبووی ئەو کەم و کورتی و کێشانە بداتەوە کەهەندێک لەخێزانەکان لەئەنجامی هەژاری یان نەزانی یان کارکردنی دایک یان قەرەباڵغی ئەندامانی، تووشی بوون و بەدەستیەوە دەناڵێنن.

گومانی تێدا نیە کەزۆربەی خێزانەکان ناتوانن ژینگەیەکی دروست و لەبارو گونجاو بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن، تەنانەت خێزانە دەوڵەمەندو بەتواناکانیش لەم سەردەمی شارستانیەت و تەکنەلۆژیاو تەقینەوەی کانیاوی زانستەکاندا ناتوانن هەموو پێداویستیە فسیۆلۆژی و دەروونی و کۆمەلایەتیەکانی منداڵ تێر بکەن و تینوێتی زانستی و حەزو ئارەزووەکانی بشکێنن، بەلام باخچەی ساوایان ئەگەر لەسەر نەخشەیەکی زانستیانە پرۆگرام و پێداویستیەکانی بۆ دانرا ئەوە دەتوانێت بەو ئەرکە گەورەو پیرۆزە هەڵبستێت و خزمەتێکی گەورە بەمنداڵو جیهانە پاک و بەرفراوانەکەی پێش کەش بکات. ئینجا بۆ ئەوەی باخچەی ساوایان بتوانێت بەو کارە پیرۆزەی خۆی هەڵبستێت، دەبێت بینایەکی گونجاوی بۆ تەرخان بکرێت کەباخچەو گۆرەپانێکی فراوانی هەبێت و بەجۆرەها گوڵ و گوڵزارو دارو درەخت رازێنرابێتەوە و جۆرەها یاری وەک جۆلانە و خشۆک (خلیسکێنە) و حەوزی لم و ئاو کۆمەڵێک بووکە شووشەو یاری منداڵانەو تەنانەت جێگایەکی

تایبەتیش بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەری هەبێتو جێگای نووستن و هۆڵی یاریکردن و تایبەت بەنان خواردنو ڕەچاو کردنی پلەی گەرمای گونجاوو ڕووناکی پێویست و دابین کردنی بەڕێوەبەری بەتواناو دادەی شارەزا بەبواری دەروونی منداڵ و دەست نیشانکردن و چارەسەر کردنی هەندێک لەگرفتەکانی منداڵ.

بێگومان لەزۆربەی وولاتانی جیهان بەم شێوەیە باخچەی ساوایان دەکەنەوەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەشەی پێ دەدەن، بەڵام بەداخەوە لەلای ئێمە باخچەی ساوایانیش وەک زۆربەی بوارەکانی تری ژیان شیرازەی تێک چووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەو توانا کەمەو بارودۆخە نالەبارەی هەمانە دەتوانرێت بەپێ ی توانا خزمەت بەمنداڵانمان پێشکەش بکرێت و کەمێک لەئازارو گرفتەکانیان کەم بکرێتەوەو قەرەبووی منداڵانی خێزانە هەژارو قەرەباڵغەکان و ئەو منداڵانەی کەدایکیان کار دەکەن یان نەزان و کەمتەرخەمن و پەروەردەیان هەڵەیە، بکرێتەوە.

دەتوانین بەکورتی گرنگی باخچەی ساوایان لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:-

1) لایەنی جەستەیی:

لەبەرئەوەی باخچەی ساوایان چەندەها جۆر یاری و ئامرازی یاریکردنی تێدایە، ئەوە دەتوانێت خزمەتێکی گەورە لەلایەنی جەستەییەوە بەمنداڵان بگەیەنێت کەدەبێتە هۆی گەشە کردن و بەهێزکردنی ماسولکەو ئەندامەکانی لەشی و وورووژاندن و پێش خستنی هەستەوەرەکانی، کەلەوانەیە ئەم شارەزایی و بواری جووڵەیە لەژینگەی خێزانی زۆر منداڵدا نەبێت.

2) لایەنی کۆمەڵایەتی:

کاتێک منداڵ لەباخچەی ساوایان تێکەڵ بەمنداڵانی تر دەبێت لەڕێگەیانەوە فێری زۆرداب و نەریت و بەهای کۆمەڵەکەی دەبێت، هەروەها تۆوی گیانی برایەتی و هاوکاری

و یەکسانی لەدڵ و دەروونیدا دەچێندرێ و لەکۆشەگیری و تاکایەتی و خۆپەرستی لەمندالانی ترەوە فێر دەبێت و ڕۆڵی ڕزگاری دەبێت و زۆر ڕەوشتو شارەزایی تازە کۆمەلایەتی خۆی دەناسێتەوەو ئامادە دەکرێت بۆ قوتابخانەی سەرەتایی و ڕزگارکردنی لەگرفتی خۆسازاندن.

٣) لایەنی ژیری:

مندال لەباخچەی ساوایان لەڕێگەی یاریکردن و گۆرانی و سرودو چیرۆک و حیکایەتەوە زۆر شارەزایی و زانیاری فێر دەبێت و زمانی پاراو دەبێت و ژمارەی ووشەکانی زیاد دەبێت و هەڵەکانی بۆ ڕاست دەکرێتەوەو یادکردنەوەو ئاگاداری و چاو تێ برین و خەوو خەیالی بەهێز دەکرێت و شارەزایی هەندێکە لەدیاردەکانی ژیان دەبێت.

٤) لایەنی هەڵچوونی:

مندال لەڕێگەی یاریکردن و تێکەلاوبوونی مندالانی ترو گێڕاندنەوەی چیرۆک و گۆرانی و سروود ووتنەوە لەزۆر گرژی و هەڵچوون و خەم و خەفەت ڕزگاری دەبێت، لەوانەیە ئەگەر ئەو ژینگەیە نەبێت ئەوا گرژی و خەم و خەفەت و هەڵچووەکان تووشی زۆر گرفت و گرێ ی دەروونی بکەن.

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە کەبیرو نەخشەو سەرەتای دامەزراندنی باخچەی ساوایان دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوف و زانایانی وەک بستالوتزی و فرۆبلی ئەلمانی. (الألوسي، ١٩٨٣، ص١١٠-١١٨).

چۆنێتی گەشەکردنی زمانی منداڵ

بنەما فسیۆلۆژیەکانی زمان

تیۆرەکانی وەرگرتن و فێربوونی زمان

چی گەشەی زمانی منداڵ دوا دەخات ؟

قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانی منداڵ

چۆنیەتی گەشەکردنی زمانی منداڵ

زمان کەرەستەی سەرەکی پێش کەوتنی گشت گەل و نەتەوەکانە. تازەکەرەوەی رۆشنبیریە، ئامرازی گوزارشت کردن‌و تێ گەیشتنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵە، بنەمای هاوسۆزی و بیری و پێوەری پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەو کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەرگەشەکردنی بیروهۆش و هزری مرۆڤ هەیە، بەڵگەش ئەوەیە (دەتوانرێت بڕیار لەسەر زیرەکی لەڕێگەی دەوڵەمەندی یان هەژاری زمانیەوە بدرێت) (منصور، ١٩٨٢، ص١٠٤). کەواتە زمان گرنگیەکی لەڕادەبەدەری لەژیانی مرۆڤدا هەیەو تەنها مرۆڤیشە کەدەتوانێت زمان بەمانا بەرفراوانەکەی بەکار بهێنێ و لەبوونەوەرەکانی خوار خۆی جیا بکاتەوە.

زمان وەک روون و ئاشکرایە لەژمارەیەک دەنگ پێک هاتووەو بەپێ ی یاساو رێزمانی تایبەتی کاڵای مانای بەباڵایدا دەبڕدرێ و لەڕێگەیەوە تاکەکانی کۆمەڵ لەیەکتری تێدەگەن و گوزارشت لەحەزو ئارەزوو بیرو بۆ چوونەکانیان دەکەن.

بنەما فسیۆلۆژیەکانی زمان

زمان و قسەکردن وەک هەمو دیاردە مرۆڤایەتی و دەروونیەکانی تر بنەمای فسیۆلۆژی و بایۆلۆژی تایبەتی خۆی هەیەو لەرێگەی ئەو ئەندامانەوە زمان بەرجەستە دەبێت و تایبەتمەندیتی مرۆڤ دەردەکەوێت، زیاتر لەکۆئەندامێک بەشداری بەرهەم هێنانی زمان و قسەکردن دەکەن، لەپێشەوەی هەمووشیان کۆئەندامی دەماری ناوەندییە کە کۆنترۆڵی کارو فەرمانی زۆربەی کۆئەندامەکانی تری مرۆڤ دەکات، کۆئەندامی هەناسەدانیش دووهەم کۆئەندامە کەبەشداری دروستکردنی دەنگەکانی لەرێگەی دابین کردنی هەوا بەرێژەیەکی گونجاو دەکات. دەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە کۆئەندامی هەناسەدان ئەرکی سەرەکی گواستنەوەی ئۆکسجینە لەدەرەوەی لەش بۆ خوێنی مرۆڤ

و دەرهاویشتنی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنە بۆ دەرەوەی لەش، بەڵام هاوبەشی لەپرۆسەی قسەکردن یا دروست کردنی دەنگدا کاریگەری لاوەکیە. بەڵام بەپلەی یەکەم کۆئەندامی دەماری ناوەندی بەرپرسیارە لەپرۆسەی قسەکردن و نووسین و لەیەک گەیشتن. لەکۆئەندامی دەماری ناوەندیش مێشک بەتایبەتیش توێکڵ و پەردەی مێشک بەرپرسیاری یەکەمن لەزمان. مێشکیش (الدماغ) لەدووبەش پێک هاتووە (نیوەی لای راستو نیوەی لای چەپ).

ئەوەی تاوەکوو ئێستا زانراوە ئەوەیە کەنیوەی چەپی مێشک بەرپرسیارە لەجووڵەو چالاکیەکانی نیوەی راستی لەش، بەڵام نیوەی راستی مێشک کۆنترۆڵی جووڵەو چالاکیەکانی نیوەی چەپی لەش دەکات. وەک دەرکەوتووە نیوەی چەپی مێشک زاڵە بەسەر زۆربەی کارو فەرمانەکانی مرۆڤدا. هەریەکێک لەدوو نیوەکەی مێشک لەرێگەی چەند پێچ و چاڵ و خوارو خێچیەکەوە دابەش بوون بۆ چوار بەش (فصوص) وهەر یەکەیان کارو فەرمان و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، هەندێک لەو بەشانەی مێشک تایبەتن بەزمان و پرۆسەی قسەکردن لەوانە ناوچەی رۆلاند (منطقة رولاند) کەتایبەتە بەجووڵەی ئەندامەکانی زمان و قسەکردن. هەروەها ناوچەی (برۆکا) کەپزیشکی فەرەنسی (برۆکا) لەساڵی (١٨٦١) دۆزییەوەو دەکەوێتە پشت گوێ ی چەپەوە بەڵام تۆزێک بۆ پێشەوە (الحمداني، ١٩٨٢، ص٧٢-٧٤).

برۆکا نەخۆشیکی هەبوو کە توانای قسەکردنی نەمابوو، دوای مردنی نەخۆشەکەو لێکۆڵینەوەو توێ توێ کردنی مێشکی دەرکەوت کە ئەو جێگایەی ئێستا ناو دەبرێت بەناوچەی برۆکا، لەکار کەوتووەو هیچ رۆڵێکی نەماوە. هەروەها دوای (١٠) دە ساڵ لەدۆزینەوەکەی برۆکا، (فرنکە)ی زانا گەیشتە ئەو راستیەی کەئەگەر پەردەی مێشک لەبەشی چەپی (الصدغي) کە دەکەوێتە ژێر ناوچەی بیستنەوە، تووشی لەناو چوون ببێت، ئەو کاتە ئەو کەسەی تووشی ئەو نەخۆشیە دەبێ، توانای تێگەیشتن و زمانی قسەکردنی نابێت، بەڵام زمانی نووسینی وەک خۆی دەمێنێتەوە (الحمداني، ١٩٨٢، ص٧٤-٧٥).

جاران زاناكان لەو بڕوایەدا بوون كەبەشەكانی نیوەی چەپ یەكسانن بە بەشەكانی نیوەی ڕاستی میشك. بەلام دەرئەنجامی توێژینەوەكانی میشك گەیشتنە ئەو ڕاستیەی كە جیاوازی لەنێوان بەشەكانی هەردوو نیوەی میشكدا هەیە، بۆ نموونە بەشی (الصدغی) (**temporal lobe**) كە ڕۆڵی گرنگی هەیە لەزماندا، بەشەكەی نیوەی میشكی لای چەپ گەورەترە لەبەشەكەی نیوەی میشكی لای ڕاست، كە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی كە نیوەی چەپی میشك زیاتر زاڵ بێت و ڕۆڵی هەبێت لەگەشەكردنی زمان. (یوسف، ١٩٩٠، ص١٦٥). هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی كە زۆربەی تاكەكانی كۆمەڵ ڕاستەوانەبن ودەستی ڕاستیان بەكاربهێنن بۆ نووسین و ژمارەیەكی كەمیش چەپەوانەبن و دەستی چەپیان بەكاربهێنن بۆ نووسین.

وەرگرتن و فێربوونی زمان

لەئەنجامی ژیان لەناو كۆمەڵدا و تێكەلاو بوون بەتاكەكانی، منداڵ فێری زمانی گەل و نەتەوەكەی دەبێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەی ووشەكانی زیاتر دەبێت و شارەزایی دەربارەی ڕێزمان و پێكهاتووەكانی زمان پەیدا دەكات. زۆر بەڵگەی زیندووش هەیە، ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ كە گفت و گۆو قسەكردن لەگەڵ منداڵ خێراتر فێری زمانی دەكات لەوەی تەنها هەر گوێبیستی زمان ببێت و ئەو بەشداری تێدا نەكات.

مشت و مڕو بگرەو بەردەیەكی زۆر لەنێوان زاناكاندا هەیە دەربارەی چۆنیەتی فێربوونی زمان لەلایەن منداڵەوە. هەر زاناو قوتابخانەیەكی دەروونی بۆ چوونی تایبەتی خۆی هەیە لەو بارەیەوە، بەلام تاوەكوو ئێستا یەكالا نەبۆتەوەو هیچ زاناو قوتابخانەیەكی دەروونی نەیتوانیوە بەسەركەوتوانە چۆنیەتی فێربوونی زمان لێك بداتەوەو شارەزای هەموو لایەنە جیاجیاكانی ببێت. لەگرنگرین تیۆرەكانی لێكدانەوەی چۆنیەتی فێربوونی زمان ئەمانەی لای خوارەوەن:_

١) تیۆرە بایۆلۆژیەكان:ــ

ژمارەیەك لەزاناكانی لەو بڕوایەدان كە ئامادەباشی و توانستی فێربوونی زمان بۆ بۆ ماوەو ڕەمەكەكانی پێش لەدایك بوون دەگەڕێتەوە. چۆمسكی (chomisky) یەكێكە لەلایەنگرانی ئەم تیۆرەو لەو باوەڕەدایە كەمنداڵ پێش ئەوەی لەدایك ببێت، توانستێكی لەبن نەهاتووی بۆ فێربوونی زمان هەیە، كە ئەویش لەرێگەی پێكهاتووەكانی كۆئەندامی دەماری ناوە ندییەوە بەرجەستە دەبێت. هەروەها لیننبرگ (Lenneberge) لەو بارەیەوە دەڵێت (توانستی مرۆڤ بۆ بەرهەم هێنانی زمان و تێگەیشتن، یەكێكە لەخاسیەتە بۆ ماوەییەكان و زمان پشت بەكۆمەڵێك ئەندامی بایۆلۆژی زۆر وردو خاوەن كارو فەرمانی تایبەتی دەبەستێت لەوانەش- كۆئەندامی قسەكردن، مەڵبەندەكانی مێشك، كۆئەندامی بیستن...هتد- وە زانای ناو براو ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كەهەموو منداڵانی جیهان بەپێ ی یەك شێواز و یاساو ڕێزمانێكی هاوبەش فێری زمان دەبن و یەك ئاستیش لەخۆ دەگرێت، هەرچەندە ژینگەو بارودۆخی ژیانیشیان جیاوازە ،هەموو منداڵانی جیهان لەدەوروبەری مانگی شەش (٦) دەست دەكەن بەهات و هاوارو گرو گاڵ و لەپێش كۆتایی ساڵی یەكەمی ژیانیاندا یەكەم وشە فێر دەبن و قسەی پێ دەكەن) (هرمز، ١٩٨٩، ص٤٧).

لایەنگرانی ئەم تیۆرە دەڵێن، هەموو منداڵێك ئیتر لەهەر چ كات و شوێنێك بێت، ئەوا لەرێگەی ژمارەیەك دەنگی دیاریكراوەوە بەپێ ی ڕێساو ڕێزمانێكی نیمچە هاوبەشەوە فێری زمان دەبێت و هەر لەرێگەی ئەو كۆمەڵە دەنگە بێ مانایەوە ژمارەیەك وشەی لەبن نەهاتووی واتادار دروست دەكات. لەلایەكی تریشەوە هەموو منداڵانی جیهان بەشێوەیەكی سەرنج راكێش و لەكاتێكی دیاریكراودا، دەتوانن فێری چەندەها ڕێزمان و یاسای زۆر ئاڵۆزی زمان ببن. ئەمانەو چەندەها بەڵگەی تر دەهێننەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی كە بەپلەی یەكەم بۆ ماوەو ڕەمەكەكانی بەرپرسیارن لەفێربوونی

زمان، بەڵگەكانیش بەكورتی ئەمانەن (١- پەیوەندییەكی پتەو هەیە لەنێوان زمان و لایەنی فسیۆلۆژی. ٢- زمان بەپێ ی خشتەو كاتێكی دیاریكراو گەشەدەكات. ٣- زۆر بەزەحمەت دەتوانرێت گەشەكردنی زمان بوەستێنرێت. ٤-ناتوانرێت زمانی مرۆڤ بێجگە لەمرۆڤ فێری هیچ بوونەوەرێكی تر بكرێت ٥- بنەماو ڕێزمان و ڕێسا سەرەكیەكانی زمان لەنێوان هەموو گەل و نەتەوەكاندا هاوبەشە (كلاس، ١٩٨٤،ص١٠٨-١١٠).

__٢) تیۆری فێربوون:-__

بەپێی ئەم تیۆرە، زمان وەك هەموو ڕەوشت و هەڵس و كەوتەكانی تر، لەڕێگەی پاداشتو دووبارەبوونەو ڕاهێنانەوە گەشەدەكات و مرۆڤ فێری دەبێت. بەڕای (سكنر)، منداڵ كاتێك فێری گرگاڵ و یاریكردن بەدەنگەكانی دەبێت، لەو كاتەدا دایكان و باوكان و كەسانی تری چواردەوری منداڵ، لەڕێگەی پێكەنین و زەردەخەنەو لەباوەش گرتن و ماچ كردن و لاواندنەوەو ڕازی بوون، پشتگیری هەندێك لەدەنگەكانی منداڵ دەكەن و ژمارەیەكی تری دەنگەكانی پشت گوێ دەخەن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ تەنها ئەو دەنگ و وشانە دووبارە بكاتەوە كە كەسانی چواردەورو دایك و باوكی پێ یان خۆشەو پاداشتی دەكەن، ئەمەش مانای ئەوەیە كەمنداڵ لەسەرەتادا چەند دەنگێكی لابەلایی هەر لەخۆیەوە، كە هیچ مانایەكی نیە بەكاردەهێنێ، ئینجا لەڕێگەی هاندانی كەسانی چواردەورییەوە، هەندێك لەو دەنگانە بەردەوام دووبارە دەكاتەوەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ فێری دەنگ و وشەكانی تر دەبێت و دووبارەو چەند بارەیان دەكاتەوە، هەروەها واز لەو دەنگ و وشانە دەهێنێ كەكەسانی چواردەور پێ ی ڕازی نابن و پشتگیری ناكەن.

لەئەنجامی ئەوەی كە ئەم تیۆرە نەیتوانیوە بەسەركەتوانە هەموولایەكانی پرۆسەی فێر بوونی زمان لێك بداتەوە، ڕووبەڕووی كۆمەڵێك ڕەخنەو پلار تێگرتن

بۆتەوە، بەتایبەتی لەلایەن (چومسکی) زاناوە، کە دەڵێت تیۆری فێرکردن ناتوانێت وەلامی ئەم پرسیارەی خوارەوە بداتەوە:-

ئەگەر منداڵ لەڕێگەی لاسایکردن و سەرنج دان و پاداشتەوە هەموو وشەو ڕستەو دەستەواژەکان فێر دەبێت، ئەی چۆن زۆرجار منداڵان فێری زۆر وشەو ڕستەو دەستەواژەی تازە دەبن کە لەفەرهەنگی گەورەکاندا نین؟.

(٣) تیۆری لاسایکردنەوە (التقليد):-

بەڕای زانایانی ئەم تیۆرە، منداڵ لەڕێگەی لاسایکردنەوەی گەورەکان و کەسانی چواردەورییەوە فێری زمان دەبێت. واتە کاتێک باوک و دایک و کەسانی چواردەوری منداڵ قسە لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ منداڵ دەکەن، ئا لەو کاتانەدا منداڵ سەرنجی ئەو کەسانەدا دەدات و هەوڵ دەدات وەک ئەوان دەنگ و وشەو ڕستەکان دووبارە بکاتەوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وشەو ڕستەی تازە لەو کەسانەوە فێر بێت. بەڵام ئەم تیۆرەش کەم و کورتی زۆری تێدایە، چونکە زۆر جار منداڵ لاسایی گەورەکان دەکاتەوەو گوێ بیستی قسەکانیان دەبێت، بەڵام کاتێک ئەو منداڵە قسە دەکات، دەبینین وشەو ڕستەی گەورەکان وەک ئەوان تووتی ئاسا دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو دەست کارییان دەکات و بەشێوەیەکی نوێ دایان دەڕێژێتەوە جیاواز لەو شێوەی کەگوێ بیستی بووە ئەمەش مانای ئەوەیە لەکاتی فێربوونی زماندا، چەند میکانیزم و توانستێکی تر لەپاڵ لاسایکرنەوەدا بەشداری دەکەن، کەتیۆری لاسایکردنەوە ئاماژەی بۆ نەکردوون و نەیتوانیوە دیاریان بکات، لەلایەکی تریشەوە منداڵ ناتوانێت تەنانەت لاسایی ڕستەو دەستەواژەکانی خۆشی بکاتەوە.

(٤) تیۆری زانینی (النظرية المعرفية):-

جان پیاجیە بەپێشەوای ئەم تیۆرە دادەنرێت و لەو بڕوایەدایە، کەتواناو لێهاتوویی فێربوونی زمان، لەڕێگەی کارلێکردنی نێوان منداڵ و ژینگەکەیەوە گەشەدەکات، واتە

هەنگاوەکانی فێربوون

زمان و چۆنیەتی گەشەکردنی توێژینەوەی زۆر دەربارەی بەئەنجام گەیەندراوە [دەرئەنجامی هەموو توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە منداڵ یەکەم جار فێری ناوەکان دەبێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەچواردەوری منداڵن و ڕۆژانە منداڵ لەڕێگەی هەستەوەرەکانیەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە وەک (بابە، دایە، دادە، پشە، ئاو، نان، حەم، دەم، لوت، چاو، سەر، تەلەفزیۆن....هتد) دوای ئەوە بەماوەیەکی زۆر ئینجا دەتوانێت فێری کردار (فعل) ببێت و بەکاریان بهێنێ، هەروەها لەدەوروبەری کۆتایی ساڵی دووهەم، بۆ یەکەم جار دەتوانێت ڕاناو (ضمیر) بەکار بهێنێ و وردە وردە گەشەدەکات، تا لەکۆتایی ساڵی سێیەم دەگاتە ترۆپکی ڕاناوەکان. یەکەم جار ڕاناوە هەست پێکراوەکان فێر دەبێت دوای ئەوە بەماوەیەک ئینجا فێری ڕاناوی نادیار دەبێت] (الشماع، ١٩٦٧،ص١٥٥). هەروەها توێژینەوەی (شریف، ١٩٨٧،ص٩٢) کە لەسەر سەرمایەی زمانی منداڵانی کورد کراوە ئاماژە بۆ هەمان دەرئەنجام دەکات، کە لەسەدا (٨٨٫٢٢٪) سەرمایەی زمانی منداڵانی کورد ناوە، لەسەدا (٣٩٫١٠٪) ووشەکانی تریان کردارە. بێگومان فێر بوونی ووشەو ڕستەو ئامرازو دەستەواژەکان پەیوەندی بە قورسی و سوکی دیار و نادیاربیانەوەیە، منداڵ لەسەرەتای فێربوونی زماندا فێری ووشەو ڕستە سووکەکان دوای ئەوەش قوورسەکان دەبێت، یەکەم جار فێری مانای ئەو شتانە دەبێت کەلەڕێگەی هەستەوەرەکانیەوە درکی پێدەکات و دەیان ناسێتەوە دواجار ئەوشت و چەمکانەی کە نادیارو واتادارو (معنوی) رووتن.

هەر لەبەر ئەوەشە کەمنداڵ یەکەم جار فێری ناو دەبێت، دوای ئەوە کردار، لەبەر ئەوەی کردار لەدوولایەنەوە جیاوازە لەناو، یەکەم کات لە کرداردا هەیە (ئێستا، رابووردوو، داهاتوو) بەلام لەناودا نیە، دووهەمیش ڕوودان لەکرداردا هەیە (ڕۆیشتن، خواردن، بردم، گرتم..هتد) کە گۆرانکاری لەحاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەبێت بەلام ئەم ڕوودانەش لەناودا نیە، کەواتە فێربوونی کردار گرانە و کاتی زۆری دەوێت و

پەيوەستە بەگەشەكردنى ژێریی و كۆئەندامى دەمارى ناوەندييەوە، لەبەرئەوە فێر بوونى دوا دەكەوێت، وەهەمان شتيش لەكاتى فێربوونى ڕاناوو ئامرازەكاندا (حروف الجر والعطف) دووبارە دەبێتەوە. دەروون زانى ئەمريكى (جيزل) (Gesell) توێژينەوەيەكى لەسەر فێربوون و وەرگرتنى زمان بەئەنجام گەياند. لەڕێگەی چاوپێكەوتن لەگەڵ ژمارەيەك لەدايكان و باوكان و پيشاندانى كۆمەڵێك وێنە بەمنداڵان و داواكردن لێ يان كەناوى ئەو وێنەو شتانە بڵێن كە پيشانيان دەدات. دواى كۆكردنەوەی زانيارييەكى زۆر، گەيشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:-

تەمەنى منداڵ	دياردەكانى زمان
٤مانگ	زەردەخەنە، گمەگم، قاقاليدان، دروست كردنى دەنگ لەڕێگەی دەمەوە.
٦مانگ	گرو گاڵ، قسەكردن بەچەند برگەيەك، پێكەنين بەچەند دەنگ و وێنە و نيگارێك
٩مانگ	فێر بوونى ووشەی دايە، دادە، وەك بەرپەرچدانەوەيەكى ئەو ووشانەی كەگوێ بيستى دەبێت
١٢مانگ	تێگەيشتنى هەنديك ووشەو قسەی سادە، دەربڕينى دوو ووشە لەگەڵ هەردوو ووشەی بابا، دادا، خواحافيزى و باى باى بەدەستەكانى
ساڵو نيويك	گوتن و دەربڕينى (٥) ووشە يان زياتر، تێگەيشتنى پرسيارە ئاسانەكان، ئاماژەكردن بۆ لووت، چاوەكان، قژ (پرچ)، تواناى سوپاس كردن و وەڵامدانەوەی سڵاوكردن
٢سالان	بەكار هێنانى ڕستە بەتايبەتى ڕستە ئاسانەكانى، ناو نانى شتو كەلو پەلەكانى چواردەورى وەك (كليل، دەرگا ، كات ژمێر) جياكردنەوەی هەنديك (حروف جر)
٣ سالان	فێربوونى بەكارهێنانى ڕاناو، كاتى ڕابووردوو، كۆكردنەوە، ناو نانى سێ شت لەو وێنانەی كەپيشانى دەدرێت، گێراندنەوەی كورتە چيرۆك ، جياكردنەوەی هەنديك كەرەستەو پيت (ادواتو حروف)
٤ سالان	ناسينەوەو جياكردنەوەی چوار كەرەستە (ادوات)، بەكار هێنانى هەنديك ووشە بۆ وەسف كردن، لەگەڵ پێناسەكردنى ئەو ووشانەی بەكارى دەهێنێ وەك چەقۆ بۆ برين، كورسى بۆ دانيشتن، تێ گەيشتنى سێ (٣) ووشەيان زياتر لەوانەی كەپيشانى دەدرێت. (خليل، ١٩٨٦،ص ٦٤ - ٦٥).

چی گەشەی زمانی منداڵ دوادەخات؟

زۆر لەئەنجامی توێژینەوەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە زۆر هۆكار هەیە دەبێتە هۆی دواكەوتنی گەشەی ئاسایی زمانی منداڵ، لەوانە:_

(١) پەلەكردنی دایك و باوك:_

زۆر لەدایكانو باوكان، پێش ئەوەی منداڵەكانیان بگەنە تەمەنی قسەكردن، زۆر لەمنداڵەكانیان دەكەن بۆ ئەوەی زوو قسە بكەن، بەڵام لەبەر ئەوەی لەلایەنی بایۆلۆژییەوە ئەو منداڵە بەتەواوی گەشەی نەكردووە و مەڵبەندەكانی قسەكردن لەمێشكدا كەم و كورتیان تێدایەو دەنگەژێ و ماسولكەكان نەگەیشتوونەتە ئاستی پێویست، منداڵەكە ناتوانێت وەكە پێویست و بەپێ ی دڵ و خواستی دایك و باوكی قسەبكات و تووشی سەرنەكەوتن دەبێت و دواجار دوورنیە باوەڕی بەخۆی نەبێت و بەچاوی سووكە سەیری خۆی بكات، هەروەها ئەو سەرنەكەوتنە دەبێتە (مایەی تورەبوون و بێزاری ئەو منداڵانەو شۆڕشێكی گەورە لەدژی زمان و قسەكردن بەرپادەكەن و دوورنیە لەتەمەنی ئاسایی قسەكردنیشدا مان بگرن و قسە نەكەن وەكە بەرپەرچدانەوە و نارەزاییەكە بۆ ئەو پەلەكردن و زۆرە ملێ یەی دایك و باوكیان تەنانەت ڕەنگدانەوەی خراپیشی دەبێت لەسەر قۆناغەكانی داهاتووی ئەو منداڵە، زۆر جار بەشداری گفت و گۆو قسەكردن ناكەن و كەم دوو گۆشەگیر دەبن (منصور، ١٩٨٢،ص١٥٢).

(٢) ئاخاوتن بەدوو زمان:-

ئەو منداڵانەی كە لەسەرەتای ژیانەوە فێری دوو زمانیان دەكەن، لەداهاتوودا زەرەرو زیانێكی گەورە لە سەرمایەی زمانیان دەكەوێت (چونكە ناتوانن بەتەواوی فێری هەردوو زمانەكە ببن، بەڵكو بەنیوە چڵی و ناتەواوی فێری ئەو دوو زمانە دەبن، ئەویش

لەئەنجامی ئەوەی هەریەكە لەو زمانانە دەبن بەكۆسپ و ڕێگر لەبەردەم فێربوونی تەواوی زمانەكەی تر، چونكە هەر زمانە تایبەتمەندێتی و خاسیەت و سیفاتی خۆی هەیە كەوا لەمنداڵەكە دەكەن كە لەكاتی قسەكردندا تێكەڵاویان بكات و بەئاسانی لێكیان جیانەكاتەوە) (منصور، ١٩٨٢،ص١٥٢) ڕاستیەكی بەڵگەنەویستە كەمرۆڤ هێزو تواناو زیری تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر بۆ بەئاكام گەیاندنی یەكە كارو فەرمان ئاراستەكرا، ئەوا زیاتر سەركەوتن بەدەست دەهێنێ لەوەی كەدابەش بكرێت بەسەر دوو یان زیاتر لەكارو فەرمانێك. ئینجا لەبەرئەوەی ئەو منداڵانەی كە لەیەكە كاتدا فێری دوو زمانیان دەكەن یان زمانی ماڵەوەیان جیاوازە لەگەڵ زمانی خوێندنو دەرەوەیان، ئەوا ناچار دەبن كە ئەو هێزو تواناو زیرییەی هەیانە دابەش بكەن بەسەر ئەو دوو زمانەداو وەك ئەو منداڵە فێری زمان نەبن كەهەموو هێزو تواناو زیری ئاراستەی یەكە زمان دەكاتو فێری دەبێت.

(٣) هەژاری ژینگەی منداڵ:-

ئەگەر ژینگەی كۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری منداڵ هەژار بێت و كەرەستەو ئامرازو هۆكاری تایبەت بەگەشەكرنی زمانی منداڵی تێدا نەبێت، ئەوا منداڵ وەك پێویست فێری زمان نابێت. بۆ نموونە ئەگەر دایكو باوك كەمدوو بن و هانی منداڵ نەدەن و هەڵەكانیان بۆ ڕاست نەكەنەوەو ئامرازەكانی ڕاگەیاندن و یاریكردن لە ماڵدا نەبێت، ئەوا دوورنیە منداڵەكانیان تووشی دواكەوتنی زمان ببن و زمانیان پاراوو دەوڵەمەند نەبێت و لەكاتی قسەكردندا تووشی زۆر هەڵە ببن.

قۆناغەكانی گەشەكردنی زمان

زمان ئەو توانست و ئامادە باشیەیە كە مرۆڤ لەبوونەوەرەكانی تر جیادەكاتەوەو ئەو سەروەری و تایبەتمەندیتیەی پێ دەبەخشێت و لەئەنجامی بوونی

بنەمای جەستەیی و فسیۆلۆژی پێشکەوتوو، زمانی وەک کەرەستەیەکی پێشکەوتوو دانسقە بۆ خۆی پاوان کردووە. زمان دوو فەرمان و کاری سەرەکی هەیە، یەکەمیان تێ گەیشتن و کارلێککردنی کۆمەڵایەتیە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، فەرمانی دووهەمی کەرەستەیەکە بۆ دەرهێنان و دەربڕینی بیرو بۆچوونەکانی مرۆڤ، واتە ئەگەر زمان نەبوایە تاک نەیدەتوانی بەو شێوەی ئێستای لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵەکەی لێک تێبگەن و کار لەیەکتری بکەن، هەروەها بیرو بۆچوونو زیرەکیەکەی هەر لەنێوان کاسەی سەریدا دەمایەوەو نەیدەتوانی گوزارشتیان لێ بکات و بیانهێنێتە دەرەوە.

هەموومان دەزانین کە هەر گەل و نەتەوەیەک زمانی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام سەرهەڵدانو گەشەکردن و قۆناغەکانی لەنێوان هەموو گەلانی جیهاندا چوون یەکن و یەک ڕێچکەو بنەمای تایبەتی خۆی هەیە، دەروونزانەکان لەئەنجامی توێژینەوەکانیانەوە گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە گەشەکردنی زمانی منداڵ بەم قۆناغانەی خوارەوەدا تێدەپەڕێت:-

<u>(١) قۆناغی هاوار کردن:</u>

یەکەم جار هاوار کردنی منداڵ دیاردەیەکی بایەلۆژی ڕووتەو پەیوەندی بەهیچ شتێکی ترەوە نیە وەک هەندێک کەس لەو باوەڕەدان کە ئەو هاوارکردنە دژی لەدایک بوونەو ناڕەزاییە بۆ هاتنە ناو ئەم ژیانە ترسناک و دژوارەو مانەوەیە لەناو منداڵدانی ئارامو پڕ لەکامەرانی. ئەوەی ڕاستی بێت هەموو منداڵانی جیهان هەر یەکسەر دوای جیابوونەوەیان لەدایکیان هاوارێک دەکەن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەوایەی کە بۆ یەکەم جار دەچێتە ناو بۆری هەناسەو سیەکانیەوە.

بێگومان ئەو هاوارکردنە بەرپەرچدانەوەی ئاسایی و بایەلۆژی لەشە بۆ ئەو هەوایە. هاوارکردن لەسەرەتای ژیاندا پرۆسیسێکی ئۆتۆماتیکیەو لەژێر کۆنترۆڵ و ویستی منداڵدانیە، بەڵام وورده وورده ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەگۆڕدرێت بۆ پرۆسیسێکی ویستی و منداڵ کۆنترۆڵی دەکات و لەکات و شوێنی پێویستدا منداڵ بەئارەزووی خۆی

بەکاری دەهێنێت و دەبێت بەئامرازێکی ڕاگەیاندن لەنێوان ئەوو کەسانی چوار دەوریدا بەتایبەتیش دایکو باوک. بۆ نموونە، کاتێک برسی یان تینووی دەبێت یان هەست بەئازار یان خۆی تەڕ دەکات، منداڵ هاوار دەکات و دایک فریای دەکەوێت و لەو بارودۆخە نائاساییە ڕزگاری دەکات، تەنانەت دایک دوای چەند جارێک و شارەزایی پەیدا کردن جۆری هاوار کردنەکە دەناسێتەوە، بۆ نموونە منداڵ کاتێک برسی دەبێت هاوار دەکات کەجیاوازە لەو هاوارەی کەبۆ ئازارە یان بۆ خۆ پیس کردنە، واتە زمانی منداڵ لەم قۆناغەدا هاوار کردنەوە لە هەمان کاتدا ئەو هاوار کردنە دەبێت بەهۆکارێک بۆ بەهێز کردن و ڕاهێنانی دەنگە ژێکان.

٢) قۆناغی گڕوگاڵ:

دوای ماوەیەک دەنگ و هات و هاواری منداڵ لەهاوار کردن و قیژە قیژەوە دەگۆڕدرێت بۆ گڕوگاڵ، ئەوەی گڕو گاڵ لەقۆناغی پێشوو جیادەکاتەوە ئەوەیە کەلەقۆناغی گڕوگاڵدا دەنگی منداڵ و هاوار کردنەکەی جۆرە پەزم (ایقاع) و ڕێک و پێکیەکی مۆسیقی لەخۆی دەگرێو تام و چێژو خۆشیەک بەمنداڵ و کەسانی چوار دەوری دەدات، یەکەم جار بەچەند دەنگیکی لابەلاو تەم و مژاوی دەست پێدەکات دوای ئەوەش پیتەکان چەکەرە دەکەن، یەکەم پیت کەمنداڵ دەتوانێت دەری ببڕێت، ئەو پیتانەیە کەپەیوەندیان بەدەم و لێوەوە هەیە، چونکە منداڵ بەئاسانی دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر جوولەو بەکارهێنانی هەردوو لێوەکانیەوە لەئەنجامی پرۆسیسی مژین و ملچە ملچ و قوتدانەوە، یەکەم پیتیش بریتیە لە (ب)، دوای ئەوە ئەو پیتانە دەردەکەوێت کە پەیوەندیان بەبەکارهێنانی دانەکانەوە هەیە وەک (د) و (ت) دوای ئەوەش ئەو پیتانە دەردەکەوێت کەپەیوەندیان بەلووتەوە هەیە وەک (ن) و (م)، بەم شێوەیە پیتەکان یەک لەدوای یەک سەوز دەبن و باخچەی زمان دەوڵەمەند دەکەن، تا دواهەمین جار ئەو پیتانەی کە پەیوەندیان بەبن میچی دەمو قورگەوە هەیە دەردەکەون وەک (ک) و (ج) و (ق) و (ع)....هتد.

۳- قۆناغی لاساییکردنەوە:-

دوای پێنج مانگی منداڵ دەچێتە قۆناغی لاساییکردنەوە، لەم قۆناغەدا منداڵ لەلایەک تام و چێژ لەو پیت و دەنگانەی کە لەقۆناغی گرۆگاڵدا فێری بووە دەبینێت، لەلایەکی تریشەوە لاسایی قسەو گفتی کەسانی چواردەوری دەکاتەوە، بەم شێوەیە منداڵ کاتێک گوێ ی لەدەنگی خۆی دەبێت و پیتەکانی دووبارەو سێ بارە دەکاتەوەو قسەی دایک و باوک و خوشک و برا دەڵێتەوە، تام و چێژێکی زۆری دەست دەکەوێت، پاداشت و پشتگیری دایک و باوکیش ئەوەندەی تر هانی دەدات بۆ فێربوونی پیت و وشەی زیاتر.

منداڵ کاتێک (دا) یان (با) یان (ما) دووبارە دەکاتەوە تام و چێژ وەردەگرێت لەلایەکو لەلایەکی ترەوە وشەکانی (دادا) یان (بابا) یان (ماما) پەیدا دەبێت، چونکە منداڵ کاتێک یاری بەپیتەکان دەکات، وشە دروست دەبێت بۆ نموونە منداڵ (دا) دووبارە دەکاتەوەو لاسایی خۆی دەکاتەوە دوای چەند جار دووبارە کردنەوەی دا دا دا دا وشەی (دا دا) دەبیسترێت، هەروەها بەهەمان شێوە بەنیسبەت با با با وشەی (بابا) وەپیتی ما ما ما ما وشەی (ماما) دەبیسترێت، ئیتر لەم کاتەدا دایک و باوک و کەسانی تری چواردەوری منداڵ شاگەشکە دەبن و دەڵێن منداڵەکانمان فێری (دا دا) و (با با) و (ما ما) و بووە، کەلەڕاستیدا منداڵ هیچ مانایەکی ئەو وشانە نازانێت لەم قۆناغەدا.

٤) قۆناغی ماناو واتا پێدان:-

منداڵ لەم قۆناغەدا فێری مانای وشەکان دەبێت، لەقۆناغی لاساییکردنەوەدا منداڵ دەڵێت ماما، بابا، دادە بەبێ ئەوەی مانایان بزانێت، بەڵام لەم قۆناغەدا لەئەنجامی پابەند بوون و هاوکات و شوێنی وشەو ئەو شتەی گوزارشتی لێ دەکات منداڵ فێری

مانای شتەکان دەبێت، بۆ نموونە کاتێک دایک دەردەکەوێت و بەمنداڵ دەڵێن ئەوە دایکە، وەکاتێک خووشک دەردەکەوێت دەڵێن ئەوە دادەیە کاتێک باوک دەردەکەوێت دەڵێن ئەوە بابەیە بەم شێوەیە منداڵ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ فێری مانای ووشەکان دەبێت، هەرچەندە یەکەم جار ئەو مانایە دەدات بەهەموو ئەو بابەتانەی دەکەونە خانەی ئەو مانایەوە.

بۆ نموونە منداڵ کاتێک فێری بابە دەبێت، ئیتر بەهەموو پیاوێک دەڵێت بابە هەروەها بەهەموو کچێک دەڵێت دادە یان دایە.... هتد، بەڵام وورده وورده ناوی ئەوانیش فێردەبێت و هەر شتە لەشوێنی خۆیدا بەکار دەهێنێ. منداڵ لەساڵی یەکەمی ژیانیدا ناتوانێت ڕستەبەکار بهێنێ، بەڵکو لەجیاتی ڕستە تەنها ووشەیەک بەکاردەهێنێت و بەو ووشەیە گوزارشت لەڕستەیەک دەکات و جێگەی ڕستەیەکی بۆ دەگرێتەوە، کە بەم قۆناغە دەڵێن قۆناغی ووشەی ڕستەیی (مرحلة الكلمة الجملية)، بۆ نموونە کاتێک منداڵ دەڵێت (ئاو) مەبەستی لەو ووشەیە ئەوەیە کە (تینوومەو ئاوم دەوێ) بەڵام ناتوانێت ئەو ڕستەیە بڵێت لەبەرئەوە تەنها یەک ووشەی (ئاو) بەکاردەهێنێ هەروەها کەدەڵێت (تۆپ) مانای ئەوەیە (ئەو تۆپەم بدەرێ یاری پێ دەکەم) بەڵام لەبەرئەوەی توانای ووتنی ئەو ڕستەیەی نیە لەبەرئەوە تەنها دەڵێت (تۆپ)، بەڵام لەسەرەتای ساڵی دووهەمی تەمەنی بەدواوە دەتوانێت دوو ووشەو سێ ووشەو....هتد بەکار بهێنێ و یەکەمجار منداڵ تەنها ناو بەکاردەهێنێت دواجار کردار، چونکە ناو ئاسانترەو وەک کردار (ڕووداو) و (کاتی) تێدا نیە.

دەوڵەمەندی و هەژاری زمانی منداڵ

ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە کار لەگەشەکردن و پاراوی و دەوڵەمەندی زمانی منداڵ دەکەن:-

١) تەمەن:-

تامنداڵ تەمەنی زیاتر بێت، ئەوەندە سەرمایەی ووشەو زمانی زیاتر دەبێت و دەتوانێت زیاتر زاڵ بێت بەسەر رێزمان و ژمارەی ووشەکان و چۆنیەتی دەربڕینیان. واتە منداڵی (٣) سێ ساڵان زمانی دەوڵەمەندترو پاراوترە لەمنداڵی (٢) دوو ساڵان، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی بەهێزی نێوان تەمەن و پێگەیشتن و کاملی، بەتایبەتی پێگەیشتن و کاملی کۆئەندامی قسەکردن و زمان و ژیری و زیاد بوونی شارەزایی و زانیاری منداڵ.

٢) تەندروستی:-

ئەو منداڵەی تەندروستی باش بێت و بەردەوام نەخۆش و لاواز نەبێت، ئەوا چالاکی قسەکردنو یاریکردنی بەووشەکانی زیاتردەبێتو دواجاریش زمانی پاراوتر دەبێت، بەلام ئەگەر بەردەوام نەخۆش و پەککەوتەو کەم جووڵە بوو ئەو کاتە تاقەتی قسەکردن و یاریکردن بەووشەکانی نابێت و زیاتر سەرقاڵی جەستەو باری تەندروستی دەبێت و سەرمایەی زمانو پاراوی وەکە منداڵێکی ئاسایی نابێت.

٣) توخم:-

دەرئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کەگەشەکردنی زمانی کچ لەکوڕ خێراترە بەتایبەتی لەپێنج (٥) ساڵی یەکەمدا، هەروەها ژمارەی ئەو ووشانەی کەکچ دەیزانێت زیاترە لەژمارەی ئەو ووشانەی کە کوڕ دەیزانێت و ڕستەی کچ درێژ ترە لەو ڕستانەی کە کوڕ بەکاری دەهێنێ.

٤) زيرەكي:-

پەيوەندیەکی پتەو هەیە لەنێوان زیرەکی و توانای زمان و دەوڵەمەندی، دەرکەوتووە ئەو مندالانەی زۆر زیرەکە و بلیمەتن زووتر فێری زمان دەبن و زمانیشیان زۆر پاراوو دەوڵەمەندترە لەمندالی ئاسایی، هەروەها مندالی ئاسایی گەشەکردنی زمانی خێراترە لەگەشەکردنی زمانی مندالی گەمژەو دەبەنگ و دواکەوتوو، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەر چ مندالێک کەم و کورتی لەگەشەکردنی زمانیدا هەبوو ئەوە دەبەنگ و گەلحۆیە، بەڵکو کۆمەڵێک هۆکاری تر هەیە کەکار لەزمان دەکەن بێجگە لەزیرەکی.

٥) ژینگەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری :-

بێگومان ئەو مندالانەی لەژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری پێشکەوتوودا دەژین، زمانیان پاراوترو دەوڵەمەندتر دەبێت لەو مندالانەی کە لەژینگەیەکی دواکەوتوودا دەژین، لەبەرئەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری پێش کەوتوو زیاتر هانی مندال دەدات و تاکەکانی ئەو ژینگەیە بەردەوام نموونەی زمان پاراوی دەبن بۆ لاسایکردنەوەی مندالەکانیان و هەڵەکانی زمانیان بۆ ڕاست دەکەنەوەو بەڕاستی فێری ڕێزمانیان دەکەن و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و خۆ رۆشنبیری کردنی وەک پەڕاو گۆڤارو رۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆن....هتد. زیاتر لەژینگەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری پێش کەوتوودا هەیەو دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی زمانی مندالەکانیان بەڵام ژینگەی دواکەوتوو زمانی مندال دەشێوێنێ و پشتگیری و هانی مندال نادات و هەڵەکانی بۆ ڕاست ناکەنەوەو نموونەی هەڵەو دواکەوتوو دەبن بۆ مندالەکانیان.

قۆناغەكانی گەشەكردن لەلای ئەریكسۆن
پرۆسەی فێربوونی رۆڵی كۆمەڵایەتی
گەشەكردنی ئەخلاقی

قۆناغەکانی گەشەکردن لەلای ئەریکسۆن

ئەریکسۆن یەکێکە لەو کەڵە زانایانەی کە هەوڵی داوە پرۆسەی گەشەکردن و بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤ بەسەر هەشت قۆناغدا دابەش بکات، هەر قۆناغەو خاسیەت و سیماتی تایبەتی خۆی هەیەو دەبێت بەبناغە بۆ قۆناغی دواترو هەندێک گرفتی تایبەتی خۆی هەیەو بڕین و سەرکەوتن بەسەر گرفتەکانی ئەو قۆناغەدا دەبێت بەهۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ پەڕینەوە بۆ قۆناغێکی تر، بەڵام سەرنەکەوتن بەسەر گرفتەکان و هەرس نەکردنی پێداویستیەکانی هەر قۆناغێك دەبێت بەکۆسپ و ڕێگر بۆ قۆناغەکانی تر. هەرچەندە تیۆرەکی ئەریکسۆن ڕەگو ڕیشەو سەرچاوەی لەقوتابخانەی شیتەڵ کردنەوەی دەروونی فرۆیدەوە وەرگرتووەو کاریگەری ئەو تیۆرەی بەسەرەوەیە، بەڵام ئەریکسۆن بەسەرکەوتوانە بەرگ و کاڵای ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بەبالایدا بڕیوەو ڕۆڵی هۆکاری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی وەك (فرۆید) پشت گوێ نەخستووە، بە پێ ی ڕاو بۆچوونەکانی ئەریکسۆن ئەو منداڵەی کە ڕەوشت و ڕۆڵی پۆزەتیڤانە بێت لەو قۆناغەی کە پیایدا تێدەپەڕێت، ئەوە منداڵێکی ئاسایی و دوور لەگرفتی دەروونی دەبێت. قۆناغەکانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- قۆناغی بڕوا بەخۆبوون لەبەرانبەر بڕوا بەخۆنەبوون:

یەکەم پێکهاتەی کەسایەتی سەرکەوتوو هەست کردن بەخودو بڕوابوونە پێی، گونجاوترین کاتیش بۆ چاندنی تۆوی بڕوا بەخۆبون لەناخ و دڵ و دەروونی منداڵدا ساڵی یەکەمی ژیانیەتی. گەشەکردنی بڕوا بەخۆبوون پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان منداڵ و کەسانی چوار دەوری بەتایبەتیش دایك لەساڵی یەکەم، ئەگەر منداڵ لەقۆناغی شیرەخۆریدا هەستی بەدڵنیایی و ئارامی کردوو تێربوو لەشیری مەمکی دایکی و هەستی بەباوەشی گەرم و سۆزو خۆشەویستی کرد، ئەوا تۆوی بڕوا بەخۆبون و هەست کردن بەدڵنیایی لەناخیدا سەوز دەبێت، بەڵام ئەگەر منداڵ لەم قۆناغەدا تووشی بێزراوی و

لێدان و سووکایەتی پێ کردن و پشت گوێ خستن بوو، لەکاتی شیرخواردندا هەستی بەدڵنیایی و ئارامی و خۆشەویستی و سۆزی دایك و کەسانی چواردەوری نەکرد، ئەوا تۆوی بڕوا بەخۆنەبوون و گومان و دوودڵی لەناخیدا دەچێندرێ و بڕوای نەك هەر بەخۆی بەڵکو بڕوای بەکەسانی تریش نابێت. وە نموونەش زۆرە کە بتوانین لەمیانەیانەوە هەست بەبڕوا بەخۆبوونی منداڵ بکەین، بۆ نموونە ئەگەر منداڵ بڕوای بەخۆی ببێت ئەوا لەدەوروبەری مانگی چوارەمی ژیانیدا، کاتێك برسی دەبێت و لەهەمان کاتدا گوێ بیستی پێیەکانی هاتنی دایکی دەبێت، ئەوا یەکسەر نیشانەی کامەرانی و دڵخۆشی لەدەم و چاویدا دەردەکەوێت و پێش بینی ئەوە دەکات کە کەسێك هەڵی دەگرێت و خواردنی دەداتێ و لەبرسیەتی رزگاری دەکات، ئینجا دووبارەبوونەوەی ئەم شارەزاییە (واتە برسێتی ئینجا خواردن، رزگاربوون لەگرژی و برسێتی، هەست کردن بەتێری و کامەرانی) وا لەمنداڵ دەکات کە بگاتە ئەو رایەی کە ئەو جیهانەی ئەو تیایدا دەژی جیهانێکی پڕ لەکامەرانی و دڵنیاییە (جابر، ١٩٧٧، ص٥٣). لەبەرئەوە زۆر گرنگە کە دایك لەم قۆناغەدا ئاگای لەمنداڵەکەی بێت و نەهێڵێت هەست بەبێزاری و بێ بەش بوون بکات و سۆزو خۆشەویستی پێویستی پێ بدات و پەیوەندی مرۆڤانە بێت لەگەڵیاو نەهێڵێت هەست بەترس و تەنیایی و دوودڵی بکات، بۆ ئەوەی تۆوی بڕوا بەخۆبوون لەناخیدا سەوز ببێت و بەسەرکەوتووانە بگوێزرێتەوە بۆ قۆناغی دووهەم.

٢- قۆناغی هەست کردن بەسەربەخۆیی لەبەرانبەر هەست کردن بەشەرم و گومان:

دەبێت منداڵ لەم قۆناغەدا هەست بەسەربەخۆیی بکات و لەشەرم و گومان کردن لەخودی خۆی دووربخرێتەوە. راهێنانی منداڵ لەسەر پرۆسەی دەرهاویشتن و رزگاربوون لەپاشەڕۆ، گەورەترین دەرفەتە بۆ منداڵ کە لەمیانەیەوە فێری سەربەخۆیی و پشت بەستن بەخۆ دەکرێت، لەلای زۆربەمان ئاشکرایە کە شێوازو جۆرەکانی راهێنانی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆرەو لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕدرێت تەنانەت لەهەمان کۆمەڵگادا لەچین و توێژێکەوە بۆ چین و توێژێکی تر دەگۆڕدرێ ئینجا ئەگەر

پرۆسەی راهێنان لەسەر رزگاربوون لەپاشەڕۆ نەرم و نیان و لەسەرخۆبوو، دووربوو لەتوندوتیژی و لێدان و سوکایەتی پێ کردن، ئەوا منداڵ بەشێوەیەکی راست و دروست گەشە دەکات و هەست بەسەربەخۆیی خودی (الاستقلال الذاتي) خۆی دەکات، بەڵام ئەگەر پرۆسەی رزگاربوون لەپاشەڕۆ توندوتیژی لەخۆی گرت و منداڵ لەمیانەیەوە تووشی سووکایەتی پێکردن بوو، ئەوا هەست کردن بەشەرم و گومان لەدڵ و دەروونی ئەو منداڵانەدا دروست دەبێت و بەردەوام لەگازاندەو رەخنەو سووکایەتی و پلاری کۆمەڵ دەترسن و گومان لەتوانست و خودی خۆیان دەکەن. لەبەرئەوە زۆر پێویستە کە خێزان بوارو ژینگەی لەبار بۆ ئەو منداڵە بچکۆلەی بخوڵقێنێ تاوەکو هەست بەسەربەخۆیی خۆی بکات، ئەویش لەرێگەی ئەوەوە کە مافی ئەوەی هەبێت بەسەربەستی بێت و بچێت و هەڵسێت و دانیشێت، ئەو خواردنەی حەزی لێدەکات بیخوات، هەروەها نابێت لەنرخی کەم بکرێتەوەو خاڵە لاوازەکانی بەدیار بخرێت یان زیاد لەپێویست گەورە بکرێت، ئەگەر منداڵ ئەو بوارانەی بۆ رەخسا ئەوا وەك تاکێکی سەربەخۆ هەڵس و کەوت دەکات و بڕوای بەخۆی دەبێت و لەگومان و شەرم و ڕاڕایی رزگاری دەبێت و بەسەرکەوتوانە هەنگاو دەنێت بۆ چوونە ناو قۆناغی سێهەمی ژیانی.

٣- قۆناغی دەست پێشخەری و لەخۆییەوە لەبەرانبەر هەست کردن بەگوناه :

ئەم قۆناغە لەساڵی سێهەمەوە تاوەکوو پێنجهەم دەخایەنێت، لەم قۆناغەدا منداڵ زۆر رەوشت و هەڵس و کەوتی گرنگ فێردەبێت، لەوانە چۆنیەتی هاوکاری کردن لەگەڵ کەسانی تر، چۆنیەتی بون بە پاشکۆ یان بەسەرکردە، دەست کردن بەزانین و دۆزینەوەی ژینگەکەی، هەوڵدان بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەندامەکانی لەش و جووڵەکانی. ئەگەر منداڵ لەسەر ئەو هەڵس و کەوتانەی سەرەوە پاداشت و هاندرا، ئەوا خاسیەتەکانی دەست پێشخەری و لەخۆوەی (المبادأة والمبادرة) لەلا دروست دەبێت و رۆژ لەدوای رۆژیش گەشە دەکات و لەداهاتوودا دەبێت بەبناغەیەکی پتەو بۆ کەسایەتی منداڵ، بەڵام ئەگەر رێگرو بەربەست و کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم منداڵ و ئەو رەوشت و چالاکیانەی سەرەوەدا دانراو

بەردەوام تێگەیەندرا کە ئەو لەهەموو کارو چالاکیەکانیدا هەڵەیە ئەوا وەك تاکێکی غەمبارو دڵتەنگ گەشەدەکات و تۆوی هەست کردن بەگوناهو شەرمەزاری لەناخیدا دەچێندرێ (جلال، ١٩٨٥، ص١٧٦).

منداڵ لەرێگەی لاسایی کردنەوەی گەورەکان زۆر رەوشت و سیفاتی کۆمەڵەکەی فێردەبێت و لەمیانەیانەوە هەست بەبوونی خۆی دەکات. هەر لەم قۆناغەدا ویژدان وەك هێزێکی دەروونی ناوەکی دروست دەبێت و ئیتر منداڵ پابەند دەبێت بەبڕیارو هەڕەشەکانی ویژدان و جێگەی ترس و هەڕەشەی دایك و باوك و هێزی دەرەکی بۆ دەگرێتەوە، لەبەرئەوە زۆر گرنگە کە بوار بەمنداڵ بدرێت و لەسەر چالاکی و کردارەکانی هان بدرێت و زۆر بەکەمی ئازارو سزا لەتەکیدا بەکاربهێندرێ، هەروەها نابێت رێگەی پێش برکێی لێبگیرێت. ئەم قۆناغە بۆ منداڵ زۆر ناسك و شلۆقە چونکە ئەگەر لەم قۆناغەدا نەیتوانی شارەزای رۆڵی خۆی بێت و زانیاری تەواوی دەربارەی هەندێك لەچالاکی و کارو فەرمانەکانی داهاتووی دەست نەکەوت، ئەوا ناتوانێت لەقۆناغەکانی داهاتوودا بەسەر کۆسپ و گرفتەکانیدا زاڵ ببێت و تەم و مژی ترس و شەرم و گوناه چواردەوری دەگرێت. لەبەرئەوە زۆر پێویستە کە هەست بەدەست پێشخەری و لەخۆوە بەردەوام لەناخیدا پەرەپێبدرێت و ژینگەی گەشەکردنی بۆ دابین بکرێت.

٤- قۆناغی هەوڵدان و بەناکام گەیاندن لەبەرانبەر هەست کردن بەکەمی:

ئەم قۆناغە دەکەوێتە ناو قۆناغی چوونە قوتابخانەی سەرەتایی واتە لەتەمەنی شەش ساڵیەوە تاوەکو سەرەتای قۆناغی هەرزەکاری بەردەوام دەبێت، لەم قۆناغەدا منداڵ فێری ئەوە دەبێت چۆن رێزو خۆشەویستی کەسانی تری دەست بکەوێت لەبەرئەوەی دەتوانێت بەرهەمی هەبێت ئەویش لەرێگەی سەرکەوتنی لەفێربوونی خوێندنەومو نووسین و بیرکاری، یان کاتێك بەرهەمێکی دەستی دەبێت. ئەگەر خێزان و قوتابخانە توانیان ژینگەی لەبارو گونجاو بۆ سەرکەوتن وهەوڵدان و بەناکام گەیاندنی چالاکیەکانی منداڵ

بسازێنن و پاداشت و پشتگیریان کردن، ئەوا هەست کردن بەهەوڵدان (الاجتهاد) و بەناکام گەیاندن (الانجاز) لەلای دروست دەبێت، بەلام ئەگەر ئەیان توانی و منداڵان لەرێگەیانەوە تووشی ئازارو بێزاری و سەرنەکەوتنی یەك لەدوای یەك بوون ئەوا تۆوی هەست کردن بەکەمی لەناخیاندا دەچێندرێ و گیانی هەوڵدان و بەئاکام گەیاندن لەدەروونیاندا لەناو دەبرێت.

ئەگەر قۆناغی پێشوو بەپلەی یەکەم خەوو خەیاڵ و زیندەخەون بوویێت ئەوا منداڵ هەوڵ دەدات لەم قۆناغەدا ئەو خەوو خەیالآنەی لەکارو کردارێکی واقیعی و پراکتیکیدا بەرجەستە بکات، کەواتە زۆر پێویستە کە ژینگەی لەباری بۆ بخوڵقێندرێ. ئینجا ئەگەر منداڵ لەناو خێزاندا بەباشی پەروەردەو ئامادە نەکرا بۆ چوونە قوتابخانەی یان ژینگەی قوتابخانە هاندەر نەبوو بۆ منداڵ و حەزوو ئارەزووەکانی تێرنەکرد، یان لەسەردەستی مامۆستا تووشی ئازارو سووکایەتی پێکردن بوو، یان بەرنامەو پرۆگرامەکانی قوتابخانە لەسەرو ئاستی توانای منداڵەوە بوو، لەئەنجامی ئەو هۆکارانەی سەرەوە تووشی سەرنەکەوتن و پشت گوێ خستن بوو، ئەوا تووشی هەست کردن بەکەمی دەبێت و دوورنیە لەداهاتووشدا تووشی زۆر گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و رەوشتی ناکۆمەڵایەتی ببێت، بەڵگەش بۆ ئەو قسانەی سەرەوە (یادگارو نووسراوەکانی لاسارەکانن کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ژیانی قوتابخانەیان ناخۆش بووەو مامۆستاکانیان لەتەکیاندا باش نەبوون و وەك هاورێکانی تریان لەخوێندندا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوەو لەدەرەوەی دیواری قوتابخانە زیاتر هەستیان بە دڵنیایی و کامەرانی کردووە، لەبەرئەوە وازیان لەخوێندن هێناوە) (جابر، ١٩٧٧، ص٦٨).

٥- قۆناغی هەست کردن بەناسنامە لەبەرانبەر تێك چوونی رۆڵ:-

لەرێگەی راهێنانی کۆمەڵایەتیەوە هەموو کۆمەڵگایەك هەوڵدەدات کە تاکەکانیان لەسەر رۆڵی داهاتوویان ڕابهێنن و پیشەو کارو حەزوو ئارەزووەکانیان بۆ دەست نیشان

بکەن، بۆ نموونە کوڕ بەشێوەیەك پەروەردە دەکەن جیاواز لەکچ، لەسەر ئەو بناغەیەی کە ئەو رۆڵەی کوڕ پێی هەڵدەستێت لەداهاتوودا جیاوازە لەو رۆڵەی کە کچ پێی هەڵدەستێت.

ئەم ناسنامەو دۆزینەوەی خودو زانینی رۆڵە، بەشێوەیەکی سەرنج راکێش لەم قۆناغەدا سەرهەڵدەدات و هەرزەکار بەدوایدا دەگەڕێت. ئەم قۆناغە لەسەرەتای قۆناغی هەرزەکارییەوە دەست پێ دەکات، قۆناغی هەرزەکاریش قۆناغێکی ناسك و گرنگە لەژیانی مرۆڤدا، لەبەرئەوەی کۆمەڵێك گۆرانکاری فسیۆلۆژی و جەستەیی و ژیری و کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی گرنگ تیایدا روودەدات، ئینجا ئەگەر کۆمەڵ و دامەزراوەکانی لە پێشەوەی هەمووشیان خێزان، ژینگەی لەبارو دروست بۆ گەشەکردنی هەرزەکار نەسازێنن، ئەوا هەرزەکار تووشی زۆر گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبێت و لەوانەیە رۆڵی خۆی لێ تێك بچێ و وەك مرۆڤێکی بێ ناسنامەو لاوازو بێ بنەما لەکۆمەڵدا بەشێوەیەکی سادەو لە پەراوێزی روداوەکاندا بژی، بەڵام ئەگەر هەرزەکار ناسنامەی تایبەتی خۆی هەبوو، وە زانیشی ئەو کێیەو رۆڵ و جێگاو رێگای خۆی دۆزییەوەو پلەو پایەیەکی لەناو کۆمەڵەکەیدا هەبوو، هەستی بەسۆزو خۆشەویستی کەسانی چوار دەوری کردوو، دەستەو تاقم و کۆمەڵی خۆی هەبوو، شانازی بەچوونە ناوکۆمەڵ و دامەزراوەکانیەوە کرد، ئەوە ئەو کاتە رۆڵی خۆی و ناسنامەی دەزانێ و بەسەلامەتی دوور لەگرفت و ئەندێشە قۆناغی هەرزەکاری دەبڕێت. بەڵام بەداخەوە هەندێك جار هەرزەکار لەئەنجامی هەندێك هۆکاری دەرەکی کە هیچ پەیوەندی بەتوانست و لێهاتوویی و ناسنامەیەوە نیە، تووشی گرفت و ئەندێشەی کۆمەڵایەتی دەبێت و رۆڵی خۆی لێتێك دەچێت و لەناو کۆمەڵەکەیدا هەست بەئارامی و دڵنیایی ناکات و خۆی بەکەسێکی نامۆ دەزانێت، هۆکارەکانیش زۆرن لەوانە (توخم، رەگەز، رەنگ، چین و توێژی کۆمەڵایەتی، زمان، باری ئابووری.... هتد).

ئینجا لەهەرچ کۆمەڵگایەکدا، هەرزەکار لەئەنجامی ئەو هۆکارانەی سەرەوە هەستی بەنامۆیی و کەمی و خەم و خەفەت و ئازار کردوو، ئەو هەستەی لا دروست بوو کە تاکێکی بێزراوو پشت گوێ خراوو کەم توانایە، ئەوا رۆڵ و ناسنامەی لێتێك دەچێت و ئیتر یان

هەرزەکاریکی سەرەڕۆو لاسارو شەڕخواز یان تاکێکی گۆشەگیرو دوورە پەرێزو غەمبار دەبێت، لەهەردوو حاڵەتەکەدا ناتوانێت بەشێوەیەکی راست و دروست خۆی لەتەك کۆمەڵەکەیدا بسازێنێ.

٦- قۆناغی هاوکاری و یەکگرتن لەبەرانبەر گۆشەگیری:-

لەم قۆناغەدا باشترین بوار بۆ هاوڕێیەتی و دۆستایەتی و پێك هێنانی خێزان و دۆزینەوەی هاوسەری ژیان دەڕەخسێت و تاکیش خۆی ئامادەباشیەکی زۆری تێدایە بۆ ئەو یەکگرتن و دۆستایەتی و هاوپە یمانێتیە. ئەگەر تاك لەقۆناغی پێشودا سەرکەوتوو بوو، هەستی بەخودی خۆی و ناسنامەکەی کردبوو، کۆسپ و تەگەرە ئەخرابێتە بەردەمی ئەوا بەئاسانی دەتوانێت ئەم قۆناغە ببڕێت،، چونکە تاك لەوون کردن و دۆڕاندنی خودو ناسنامەی خۆی ناترسێت، لەبەرئەوەی ژن هێنان یان شووکردن یەکگرتنی دوو خودە لەخودێکی تازەدا بەبێ ئەوەی هیچ یەکێك لەو دوو خودە خۆیان بدۆڕێنن یان لەدەست بدەن. ئینجا ئەگەر تاك بەسەلامەتی و سەرکەوتوانە بەقۆناغەکانی پێشودا تێنە پەڕیبوو، ئەوە بەردەوام ترسی لەدەست دانی خودو ناسنامە سەرو دڵی دەگرێت و سەرکەوتوو نابێت لەهەڵبژاردنی هاوسەرو دۆست و هاوڕێی، هەر لەبەر ئەوەشە تەنیایی و گۆشەگیری و دوورە پەرێزی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت (جلال، ١٩٨٥، ص١٧٧-١٧٨).

رۆشنبیری و ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری رۆڵی سەرەکی لەسەرکەوتن یان سەرنەکەوتن بەسەر ئەو قۆناغانەی پێشوودا دەبینن. ئەگەر تاك لەکۆمەڵگایەکدا بژی بەردەوام سەرکوت بکرێت و ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی زەوت بکرێت و هەردەم لەژێر هەڕەشەو چاو سوورکردنەوەو توندوتیژیدا ژیان بەسەربەرێت و بواری داهێنان و گوزارشت کردن لەخودو دۆزینەوەی ناسنامەی پێنەدرێت و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری تر سەرو دڵی گرتبێ، ئەوا بەهیچ شێوەیەك ئەو کەسە مرۆڤێکی سوودبەخش و داهێنەرو کۆمەڵایەتی و دەروون دروستی لێدەرناچێت، لەبەرئەوە ئەگەر کۆمەڵ بیەوێت تاکەکانی

لەژیاندا دەروون ساغ و سەركەوتووبن، دەبێت ئەو كۆسپ و تەگەرانەی سەرەوە لەڕێگایان لابدەن و بواری گەشەكردنیان بۆ بڕەخسێنن و بەگیانێكی برایانەو دیموكراسیانە گۆشیان بكەن.

٧- قۆناغی باوكایەتی و بەرهەم هێنان لەبەرانبەر وەستان و نەبەكامی:-

مەبەست لەم قۆناغە هەڵگرتنی بەرپرسێتی منداڵ بوون و بەخێوكردنیان و دابین كردنی پێداویستیە گرنگەكانیان و چاودێری كردنیان و پێدانی سۆزو خۆشەویستیە بەمنداڵەكان، بەلام ئەو دایك و باوكانەی كە منداڵەكانیان پشت گوێ دەخەن و ناتوانن رۆڵی باوكایەتی و دایكایەتی بگێڕن و لەژیانی خێزانیاندا سەرنەكەوتوون، ئەوە ئەو جۆرە دایك و باوكانە بەهیچ شێوەیەك ناتوانن ببن بەكەسێكی بەرهەم هێنەرو خولقێنەر، كە ئەمەش بۆ باش پەروەردە نەكردنی ئەو دایك و باوكانە لە قۆناغەكانی پێشوتر دەگەڕێتەوە (جلال ،١٩٨٥،ص١٧٨) لەبەر ئەوەی باوكایەتی و دایكایەتی تەنها مانای توانای منداڵ بوون نیە، بەڵكو مانای بەخێوكردن و پەروەردەكردنی ئەو منداڵانەو گێرانی رۆڵی باوك و دایكی راستەقینەیە، بەڵگەی زۆریش لەو بارەیەوە هەیە، كە زۆر باوك و دایك هەن خاوەن منداڵن بەلام كەمتەرخەم و نەشارەزان و هەست بە لێپرسراویەتی ناكەن و هەست ناكەن كە منداڵەكانیان ئەمانەتن لەئەستۆیانداو بنیاتنانی كەسایەتیان ئەركی سەرەكیانە. هۆی سەرەكی ئەو سەرنەكەوتنەی دایك و باوك دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغەكانی تر، چونكە ئەگەر مرۆڤ خاوەنی ناسنامەی خۆی نەبێت و بڕوای بەخۆی و توانستەكانی بەهێز نەبێت و بەچاوی گومان و دوودڵیەوە بڕوانێتە خودی خۆی و دیاردەكانی ژیان، ئەوا بەهیچ شێوەیەك مرۆڤێكی بەرهەم هێنەرو خولقێنەر نابێت و بە پێچەوانەوە وەك منداڵ و هەرزەكار هەڵس و كەوت دەكات و لەگەڵ منداڵەكانیدا دەكەوێتە ململانێ و پێش بڕكێ لەجیاتی پەروەردە كردن و گێرانی رۆڵی باوكایەتی و دایكایەتی، ئینجا ئەگەر بەووردی لەسەرنەكەوتنی ئەو دایك و باوكانە بكۆڵینەوە ئەوا دەگەینە ئەو بڕوایەی كە نەبوونی ژینگەی لەبار بۆ گەشەكردن دەبێتە هۆی هەرەس هێنان و سەرنەكەوتنی مرۆڤ لەگشت

لەبارێش (دابین کردنی پێداویستیە گرنگەکانی بوارەکانی ژیاندا، مەبەست لەژینگەی لەبارێش (دابین کردنی پێداویستیە گرنگەکانی مرۆڤەو رێزگرتن و، دادوەری، یەکسانی، بڕوا بەخۆبوون، سووکایەتی پێنەکردنی تاك، دڵنیابوون و بڕوابوون بەپاشەڕۆژ، هەست کردن بەئەمن و ئاسایشە) کە سەرجەم ئەو هۆکارانە بەرپرس و زامنی مرۆڤایەتی مرۆڤن و وای لێدەکەن کە کالای مرۆڤایەتی و خۆنەویستی و خۆشەویستی نیشتمان و تاکەکانی تری کۆمەڵ بەبالایدا ببڕدرێت و تاکێکی بەرهەم هێنەرو خوڵقێنەر دەربچێت.

٨- قۆناغی کاملی و پتەوی خود لەبەرانبەر هەست کردن بەبێ هیوایی و هەرەس هێنان:-

ئەم قۆناغە بەترۆپك و پلە پۆپەی قۆناغەکانی پێشوو تەواوکەریان دادەنرێت. کاملی و پتەوی خود مانای بەرەنگار بوونەوەی ژیان و خۆسازاندن لەتەکیداو مامەڵە کردنێکی واقیعیانەیەو رازی بوونە لەخودو بڕوا هێنانە بەتوانستەکانی. لەلایەکی تریشەوە ئەو کەسە لەژیاندا بەختەوەرەو شانازی بەبەرهەم و داهێنانەکانیەوە دەکات. هەروەها ئەو کەسانەی کە خودێکی پتەوو کاملیان هەیە رێزی دایك و باوکی خۆیان دەگرن و لێیان وەرس نابن و دڵسۆزو بەوەفان بۆیان، هەروەها ئەو مرۆڤانە خاوەنی فەلسەفەو بۆچوون و کەرامەت و بیروباوەڕی تایبەتی خۆیانن و ئامادەن لەپێناویادا خۆیان بەخت بکەن و بەرەنگاری هەموو کۆسپ و بەربەستەکان ببنەوە بەبێ ئەوەی هەست بەبێ هیوایی و هەرەس هێنان بکەن. بەلام ئەو کەسەی خاوەنی خودی کامڵ و پتەوی خۆی نەبێت، ئەوا بەردەوام لەبارێکی دەروونی ئالۆزدا دەژی و لەمردن دەترسێ و هەر کاتەو خەریکی پیشەو کارێکەو بەردەوام هەوڵی گۆڕینیان دەدات و بیروباوەڕو فەلسەفەیەکی نیمچە نەگۆڕیان نیەو لەچارەنووس و پاشەڕۆژی خۆیان دڵنیانین و زۆرجار هەست بەبێ هیوایی و رەش بینی دەکەن.

ئەمانەی سەرەوە ئەو قۆناغانەن کە (ئەرك ئەریکسۆنی) زانا دیاری کردوون و لەو بڕوایەدایە کە هەموو مرۆڤێك بەو قۆناغانەدا تێدەپەڕێت و هەر قۆناغێکیش دەبێت بەتەواوکەری قۆناغی پێشوترو بناغەی قۆناغی داهاتوو. بەلآم نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە هەموو کات لەتوانادا هەیە دەلاقەو کەلێنەکانی کەسایەتی تارادەیەکی باش پڕ بکرێتەوە، واتە ئەگەر مرۆڤ لەیەکێك لەقۆناغەکانی ژیانیدا تووشی نووقستانی و کەم و کورتی بوو ئەوا دەتوانێت لەقۆناغەکانی تردا قەرەبووی بکاتەوە بەمەرجێك ژینگەی لەباری بۆ بخولقێندرێ و بنەماکانی سەرکەوتنی بۆ دابین بکرێت. بەلگەی زۆریش لەو بارەیەوە هەیە، زۆربەی دەرئەنجامی توێژینەوەکان و لیستی ناوی نەخۆشەکانی پزیشکە دەروونیەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زۆر لەو مرۆڤە دەروون نەخۆشانەی چاو پێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، دوای هەوڵدانێکی زۆرو چاککردنی ژینگەی خێزانی و کۆمەلآیەتیان، پێش کەوتنێکی باشیان بەدەست هێناوەو لەبڕوا بەخۆنەبوون و رەش بینی و بێ هیوایی و پاشکۆیی و هەست بەکەمی کردن رزگاریان بووەو رۆژ لەدوای رۆژیش زیاتر گەشەیان کردووە.

«پرۆسەی فێر بوونی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی (Gender)»

منداڵ لەو ڕۆژەوە کە لەدایک دەبێت، لەڕێگەی ڕاهێنانی کۆمەڵایەتیەوە (التنشئة الأجتماعية) فێری زۆربەی داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکانی دەکەن. یەکێکیش لەگرنگترین لایەنە کۆمەڵایەتیەکان کە منداڵ فێری دەکرێت ڕۆڵی کۆمەڵایەتی (الدور الاجتماعی).

مەبەستیش لەڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەو پرۆسەیە کە منداڵ لەڕێگەیەوە فێری ئەو بیرو باوەڕو هەست و سۆزو چالاکیانە دەکرێت کە لەکۆمەڵگاکەیدا گونجاوو شیاوە بۆ توخمەکەی، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بەچەندەها شێواز پێناسە کراوە لەوانە:-

١. فریمان/ لەو بڕوایە دایە کە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بریتیە لەحەزو ئارەزووی تاک بۆ ئەو بەهاو بابەتانەی کە گونجاوە بۆ توخمەکەی. (Freeman & others ; ١٩٧٥, P; ١٠٥).

٢. لیڤیتین/ دەڵێت ئەو ڕەوشتەیە کە گونجاوو شیاوە بۆ توخمێک و لەهەمان کاتدا نەگونجاوو نەشیاوە بۆ توخمەکەی تر (Levitin ; ١٩٧٢; P: ١٣٠٩).

٣. بارۆن/ ئەو پرۆسەیە کە لەمیانەیەوە منداڵان فێری ناسنامەو ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆیان دەکرێن. (Baron ; ١٩٨٠ ; P : ٣٩٠).

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناساندنی سەرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە زۆربەی زۆری ئەندامانی هەموو کۆمەڵگایەک (پێش کەوتوو بێت یان دواکەوتوو)، ئەگەر بەشێوەیەکی هەستی بێت یان نەستی (اللاشعور)، لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبێت هەڵس و کەوت و بیر کردنەوەی نێرەکان لەهەندێک لایەنەوە لەمێیەکان جیاوازبن (کونجر، ١٩٧٠، ص٢٣٢). بۆ ئەم مەبەستەش زۆر جار پەنا بۆ سزادانی ڕەوشتی نەشیاو بۆ توخمی منداڵ و پاداشت کردنی ڕەوشتی گونجاو بۆ توخمی منداڵ دەبەن. کەواتە مەبەست لە پرۆسەی فێربوونی ڕۆڵی سێکسی ئەوەیە کە کوڕو کچ فێری ئەو چالاکی و یاری و پیشەو جل و بەرگانە بکرێن، کە شیاوو دروستن بۆ توخمەکانیان.

ئامرازەکانی فێر کردنی ڕۆڵی کۆمەلایەتی:

خێزان و دام و دەزگا کۆمەلایەتیەکانی تری کۆمەڵ، بەم شێوازو ئامرازانەی خوارەوە منداڵ فێری ڕۆڵی کۆمەلایەتی دەکەن:-

١. سزاو پشت گوێ خستن:

دایك و باوك لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبێت کوڕ وەك توخمی نێر هەڵس و کەوت بکات و ڕەوشتی پیاوانە بێت و لەهەمان کاتیشدا کچ وەك توخمی مێ بجووڵێتەوە، بۆ ئەوەی تاکێکی سوود بەخش و دەروون دروست بێت لەناو کۆمەڵەکەیدا، ئینجا هەر چ کاتێك منداڵ بەپێچەوانەی ئەو بەهاو پێوەرانە هەڵس و کەوتی کردو ئەو سنوورەی بەزاند کە بۆی دیاری کراوە، ئەوە دەکەوێتە بەر هەڕەشەو سزاو ڕق و کینەی دایك و باوك و کەسانی چواردەور. بۆ نموونە ئەگەر کوڕ لەزۆر هەڵس و کەوتدا لاسایی دایکی کردەوە، ئەوا لێی قبوڵ ناکرێت و ڕووبەڕووی بێزراوی و پشت گوێ خستن دەبێتەوە. ئینجا لەبەر ئەوە منداڵ بەناچاری و لەترسی سزاو ئازاری کەسانی چواردەوری، پەنا بۆ ئەو ڕەوشت و بیر کردنەوەو پیشانە دەبات کە لەگەڵ داب و نەریت و بەهای کۆمەڵەکەیی و توخمەکەی خۆیدا دەگونجێت و لەو شتانە دوور دەکەوێتەوە کە لەگەڵ خاسیەتەکانی توخمەکەیدا (وەك نێر یان مێ) ناگونجێت.

٢. دەست کەوتنی سۆزو خۆشەویستی:

هاوشان لەگەڵ سزاو ئازار، زۆربەی دایکان و باوکان پەنا بۆ پاداشت کردنی ڕەوشتە گونجاوەکانی منداڵەکانیان دەبەن، بەم شێوەیەش منداڵ لەوە تێدەگات، ئەگەر وەك کەسانی سەر بەتوخمەکەی خۆی هەڵس و کەوت بکات، ئەوا سۆزو خۆشەویستی و ڕەزامەندی دایك و باوك و کەسانی چواردەوری دەست دەکەوێت، ئینجا لەبەر ئەوەی منداڵ

پێویستیەكی زۆری بەسۆزو خۆشەویستی و بەزەیی كەسانی چواردەوریەتی، بۆیە زۆر جار بەناچاری پەنا بۆ ئەو ڕەوشت و هەڵس و كەوتانە دەبات، كە دەبنە مایەی ڕەزامەندی دایك و باوك، لەهەمان كاتیشدا لەو كارو كردەوانە دوور دەكەوێتەوە، كە دەبنە مایەی ڕەنجاندن و لەدەست دانی سۆزو خۆشەویستی دایك و باوك.

٢. خۆخستنە شوێن:

مەبەست لەخۆخستنە شوێن (التقمص)، ئەو میكانیزمە دەروونیەیە، كە لەمیانەیەوە منداڵ (بیر كردنەوەو، هەست كردن و ڕەوشت و هەڵس و كەوتی) كەسێك یان كۆمەڵێكی تر، بەموڵكی خۆیی و بەخاسیەت و سیفاتی خۆی دەزانێ. شایانی باس كردنە كە زۆر جار خۆخستنە شوێن لەسەر ئاستی نەستی (اللاشعور) ڕوو دەدات و تاك هەستی پێ ناكات.

منداڵ لەڕێگەی خۆخستنە شوێنەوە، زۆر ڕەوشت و سیفات و خاسیەتی دایك و باوكی فێر دەبێت بەتایبەتیش (هی ئەوەیان كە وەك توخمەكەی خۆی وایە)، واتە بەزۆری كوڕ لاسایی باوكی و كچ لاسایی دایكی دەكاتەوەو لەڕێگەی خۆخستنە شوێنی ئەوانەوە زۆر شت لێیانەوە فێر دەبێت، چونكە كاتێك كوڕ لاسایی باوكی دەكاتەوە ئەوا دەبێتە مایەی ڕەزامەندی دایك و باوك و لەلایەكی تریشەوە كوڕ هەست بەو لێك چوونیەی نێوان خۆی و باوكی و كچیش بەو لێك چوونیە جەستەییەی نێوان خۆی و دایكی دەكات، كە ئەمەش دەبێت بە پاڵنەرێكی تر بۆ ئاسانكردنی پرۆسەی خۆخستنە شوێن.

چۆنیەتی گەشەكردن و دەركەوتنی ڕۆڵی كۆمەڵایەتی:-

گومانی تێدا نیە كە منداڵ دوای لەدایك بوون هیچ شتێك دەربارەی كۆمەڵ و داب و نەریتەكانی نازانێت، بەڵام ئامادەباشی ئەوەی هەیە كە فێری زۆربەی دیاردەكانی ژیان و كۆمەڵەكەی ببێت، واتە منداڵ لەسەرەتای ژیانیدا هیچ شتێك دەربارەی ڕۆڵ و كارو

فەرمانەكانی نازانێت بەڵكو كۆمەڵ و دام و دەزگاكانی (لە پێشەوەی هەمووشیان خێزان) ڕۆژ لەدوای ڕۆژ فێری دیاردەكانی ژیانی دەكەن، یەكێكیش لەو داواكارییانە ئەوەیە كە دەبێت منداڵ فێری ڕۆڵی كۆمەلایەتی خۆی ببێت. منداڵ تاسالی دووهەمی ژیانی زۆر بەزەحمەت دەتوانێت هەندێك شتی سادە دەربارەی ڕۆڵی كۆمەلایەتی فێر ببێت هەرچەندە زانایان (كۆهن و هاوڕێكانی) (Kuhn & others ; ١٩٧٨) لەئەنجامی یەكێك لەتوێژینەوەكانیان گەیشتنە ئەو ڕاستیەی كە منداڵان لەتەمەنی (٢) دوو ساڵیدا هەندێك زانیاری بنەڕەتی دەربارەی ڕۆڵە كۆمەلایەتیە گونجاوەكانی ناو كۆمەڵەكەیان دەزانن.

هەروەها خاتوو (لندا دافیدۆف)یش لەو بڕوایە دایە كە منداڵانی تەمەن (٢) دوو ساڵان زۆر شتی (وەك جل و بەرگ و یاری و... هتد) گونجاو بۆ توخمی خۆیان لەخێزانەكانیانەوە فێر بوون (دافیدوف، ١٩٨٣، ص٧٦٨).

بەڵام گومانی تێدا نیە منداڵی تەمەن (٥) پێنج ساڵان زۆر شت دەربارەی ئەو چالاكی و جل و بەرگ و یارییانە دەزانێت، كە گونجاوە بۆ توخمەكەی (وەك توخمی نێر یان مێ)، وە لەگەڵ بەهاو داب و نەریتی كۆمەڵەكەشی دەگونجێت وەك (یاری كردن بەچەك و بووكە شووشە، كەرەستەكانی چێشتخانە، كەل و پەلی درومان كردن، كەرەستەی بیناسازی و خانوو دروست كردن، چاودێری كردن و بەخێو كردنی منداڵی ساوا، جل و بەرگ لەبەركردن... هتد)، ئینجا ئەگەر لەتەمەنی (٤-٥) چوار پێنج ساڵاندا ئەو یاری و چالاكی و كەل و پەلانەیان پیشان بدرێت و داوای ئەوەیان لێبكرێت كە هەندێك هەلبژێرن، ئەوا زۆر بەئاسانی زۆربەیان ئەو كەل و پەل و یاری و چالاكیانە هەڵدەبژێرن كە گونجاوو شیاوە بۆ توخمەكەیان، واتە كوڕەكان حەز بەدەمانچەو تفەنگ و كەل و پەلی بیناسازی و میكانیكی دەكەن بەڵام كچەكان بووكەشووشەو لانك و كەرەستەی چێشت خانەو تەنورەو چاودێری منداڵی ساوا بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن: (Mussen & others ; ١٩٦٣).

زانیاریەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە ڕێژەی (٢/٢) تا (٤/٣) سێ لەسەر چواری منداڵان لەتەمەنی (٣) سێ ساڵیدا، دەتوانن كە توخمی خۆیان بزانن كە گوایە (كوڕن) یان (كچ) وە پرۆسەی ناسینی توخم لەسەرخۆیەو وورده وورده گەشە دەكات. لەتەمەنی (٢) دوو ساڵیەوە دەست پێدەكات وە لەسێ (٣) ساڵیدا بەڕوون و ئاشكرایی دەردەكەوێت و لەتەمەنی (٥) پێنج ساڵیشدا زۆربەی منداڵان دەتوانن هەردوو ڕۆڵی بایۆلۆژی و دەروونی نێرو مێ لەیەكتری جیا بكەنەوە. (Brown, ١٩٦٤).

بەم شێوەیە منداڵ فێری ڕۆڵی داهاتووی دەكرێت و هەموو شێوازێكیش (لەترس و هەڕەشەو چاو سوور كردنەوەو پاداشت و هاندان) بۆ سەركەوتنی ئەو پرۆسەیە بەكار دەهێنرێت. ئا لێرەدا پرسیارێك خۆی قووت دەكاتەوە، ئەویش ئەوەیە بۆچی هەموو كۆمەڵگاكان بەو شێوەیە گرنگی بەفێر بوونی ڕۆڵی سێكسی دەدەن، باشە نابێت هەردوو توخمەكە لەزۆر چالاكی و حەزو ئارەزوودا وەك یەكن بن؟ لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا زۆربەی تاكەكانی ئەو كۆمەڵگایانە دەڵێن، لەبەرژەوەندی كۆمەڵ و بەردەوام بوونی ژیانی ئاسایدایە كە دەبێت هەر توخمە كارو چالاكی و حەزو ئارەزووی تایبەتی خۆی هەبێت و نابێت هیچ توخمێك دەست بخاتە كارو فەرمانی توخمەكەی تر، ئەگینا شیرازەی كۆمەڵ و خێزان تێك دەچێت، لەلایەكی تریشەوە بونیادی جەستەیی و فیسۆلۆژی هەردوو توخمی نێرو مێ لە زۆر لایەنەوە جیاوازن لەیەكتری، كە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی كە هەندێك كارو چالاكی بۆ نێر گونجاوترو باشتر بێت وەك لەمێ وە بە پێچەوانەشەوە.

ڕاستە هەندێك كارو چالاكی و پیشەی هاوبەش لەنێوان هەردوو توخمی نێرو مێ دا هەیەو لەتوانای هەردووكیاندا هەیە بیكەن، بەڵام ئەوەی كە لێرەدا مەبەستمانە ئەو كارو پیشەو چالاكیانەیە كە تام و چێژ دەدەن بەژیان و بنەماو بناغەی فسیۆلۆژی و دەروونی تایبەتی خۆیان هەیە. جیاكردنەوەی هەردوو توخمی نێرو مێ و دیاری كردنی ڕۆڵەكانیان هەر لەدوای لەدایك بوونەوە دەست پێ دەكات، ئەویش بەوەی كە هەر لەیەكەم ڕۆژی لەدایك بوونی منداڵەوە دایك و باوك بەدوای ناوی گونجاوو لەبار بۆ توخمی منداڵەكەیان

دەگەڕێن. لەلای هەمووشمان ئاشکرایە کە لەناو زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهاندا ناوەکانی نێرو مێ لەیەکتری جیاوازن، ئینجا دوای ئەوە دایك و باوك و کەسانی چواردەوری منداڵ جل و بەرگ و یاری تایبەتی و گونجاو بۆ منداڵەکانیان دەکڕن، بۆ نموونە ئەگەر کوڕ بێت ئەوا جۆرە جل و بەرگێکی لەبەر دەکەن و بەشێوەیەك پرچی شانە دەکەن و دەیڕازێننەوە کە جیاواز بێت لە کچ، هەروەها دەچن (تفەنگ و دەمانچەو ماشێن و خەنجەرو... هتد) بۆ کوڕو (بووکە شووشەو لانك و قاپ و قاچاغ و مل وانکەو دەرزی و دەزوو.... هتد) بۆ کچەکانیان دەکڕن. بەم شێوەیە وورده وورده خێزان و دام و دەزگا کۆمەڵایەتیەکانی تر، ڕۆڵی سێکسی منداڵەکانیان دیاری دەکەن.

گرنگی دایك و باوك لە پرۆسەی فێر کردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی:

خێزان یەکەم دامەزراوو خانەی کۆمەڵایەتیە کە ڕۆڵی گرنگ لە پەروەردە کردنی منداڵدا دەبینێت، گومانیشی تێدا نیە کە یەکەم کەسی گرنگ لەژیانی منداڵدا دایك و باوکە، لەبەر ئەوە دایك و باوك ڕۆڵی گرنگ و ترسناکیان لەگەشەکردنی ڕۆڵی سێکسی منداڵەکانیاندا هەیە، چونکە هەر ئەوانن کە دەبن بەنموونەی سەرەکی و زیندوو بۆ خۆخستنە شوێن و لاسایی کردنەوەی منداڵەکانیان. ئینجا ئەگەر دایك و باوك ڕۆڵی خۆیان لەدەست دابوو یان لەبەر هەر چ هۆیەك بێت لەگەڵ منداڵەکانیان نەژین و دوور بن لێیان، ئەوا کەم و کورتی و نووقستانی زۆر دەکەوێتە کەسایەتی منداڵەکانیانەوە، ئەوەی زیاتریش زەرەر بەمنداڵ دەگەیەنێت نەبوونی جێگرە (بدیل) بۆ دایك و باوك لەکاتی لەماڵ نەبوون و دوورکەوتنەوەیان.

بوونی باوك لەناو خێزاندا تەنها بۆ خۆخستنە شوێن و لاسایکردنەوە پێویست نیە، بەڵکو زۆر زۆریش پێویستە بۆ سزادانی ئەو هەڵس و کەوتانەی کە لەگەڵ توخمی منداڵەکەی ناگونجێت، لەهەمان کاتیشدا بۆ پاداشت کردن و هاندانی ئەو ڕەوشتانەی کە لەگەڵ توخمی منداڵەکەیدا دەگونجێت، چونکە ڕەوشتی (کوڕانە بۆ کچ)و (ژنانە بۆ کوڕ)

خراپەو دەبێت بەرێگر لەبەردەم خۆسازاندنی ئەو جۆرە منداڵانەدا (الغریب، ١٩٧١) (القیسی، ١٩٨٨) (Lynn , ١٩٧٨).

دەرئە نجامی توێژینەوە مەیدانیەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە باوك زیاتر لەدایك گرنگی بەرۆڵی کۆمەلایەتی ورەوشتی گونجاو بۆ توخمی منداڵەکانی دەدات، هەروەها سوریشە لەسەر ئەوەی کە دەبێت منداڵەکانی وەك گەورە قسەو هەڵس و کەوت بکەن، ئەم جۆرە مامەڵەیەش باوکان زیاتر لەگەڵ کوڕەکانیان پەیڕەوی دەکەن. (Brown;١٩٦٤).

لەلایەکی تریشەوە (رۆسیلی) زانا گەیشتە ئەو راستیەی کە کار لێککردن (التفاعل) و هاوکاری باوك لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی رۆڵی نێرایەتی کوڕەکانی بەهێزتر دەکات و فێر بوونی ئەو رۆڵەش ئاسانتر دەکات. (Russell ; ١٩٧٨). بێگومان ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە لەماڵ نەبوونی باوك و دوورکەوتنەوەی لەخێزان دەبێتە هۆی ئەوەی کە کوڕەکانیان بەتەواوی فێری رۆڵی کۆمەلایەتی خۆیان نەبن، ئینجا ئەگەر رێکەوتی کرد منداڵ لەگەڵ ئەوەشدا کە لەباوکی بێ بەش بووە، هیچ کەسێکی جێگری باوکی وەك (برای گەورە، خاڵ، مام، باپیر) لەماڵیشیاندا نەبێت بۆ ئەوەی کەمێك لەخەم و خەفەتەکانی نەبوونی باوکی بۆ کەم بکاتەوە، ئا لەم کاتانەدا زۆر لەمنداڵەکانیان (بەتایبەتی کوڕەکانیان) رەوشتی ژنانەو مێیایەتی فێر دەبن، کە ئەمەش لەداهاتوودا گرفتی زۆریان لەناو کۆمەڵدا بۆ دروست دەکەن.

دەرکەوتووە کە ئەو خێزانانەی توخمی نێر (باوك، برای گەورە، مام، خاڵ، باپیر) وەك نموونە بۆ نێرایەتی کوڕەکانیان لەناویاندا نیەو بواری کار لێککردنی نێرەکانیش بۆ کوڕەکانیان نەرەخساوە، ئەوا رۆڵی سێکسی کوڕەکانیان دەشێوێ و پلەی نێرایەتیان کەم دەبێت و لە زۆر هەڵس و کەوتدا ژنانی دەبن (Hetherington , ١٩٨٦).

بەلام ئەگەر جێگری باوك لەناو ماڵدا هەبوو، ئەوا کوڕەکان لاسایی ئەو جێگرانە دەکەنەوەو پلەی نێرایەتی و رەوشتی کوڕانەیان زیاتر دەبێت، دەرئە نجامی توێژینەوەکانی بیللری زانا (Biller,١٩٧٦) ئەو راستیانەی بەدەرخست کە پلەی

نێرایەتی ئەو منداڵانەی باوکیان نەبوو بەڵام جێگری باوکیان هەبوو زۆر زیاتر بوو لەپلەی نێرایەتی ئەو کوڕانەی کە باوکیان نەبوو لەهەمان کاتیشدا هیچ کەسێکی تر نەبوو کە جێگەی باوکیان بۆ بگرێتەوە. کەواتە کەسانی تری وەك (برای گەورە، مامۆستای پیاو.... هتد) لەتواناییاندا هەیە هەندێك لەو کەلێن و دەلاقانەی کە نەمانی باوك دروستیان دەکات پڕ بکەنەوە، لەبەرئەوە زۆر پێویستە کە خێزان و کۆمەڵ هەوڵی دۆزینەوەو دابین کردنی جێگر بۆ منداڵەکانیان بدەن بۆ ئەوەی نەمانی دایك و باوك کەسایەتی منداڵەکانیان تێك نەشکێنێ.

زیانەکانی فێر نەبوونی ڕۆڵی کۆمەلایەتی گونجاو:-

ئەو خاسیەت و سیفات و ڕۆڵانەی کە کۆمەڵ و داو و دەزگاکانی بۆ هەریەك لەتوخمی (نێرو مێ)ی دیاری دەکەن، دەبێت بەپێوەرو جۆرێك لەداب و نەریتی ئەگۆڕی ئەو کۆمەڵگایە، نینجا هەر چ کەسێك پێشێلی بکات و پابەند نەبێت پێیانەوە، ئەوا دەکەوێتە بەر هەڕەشەو سزاو ئازاری کۆمەڵەکەی. لەبەر ئەوە هەر چ یەکێك لەتوخمی (نێر) یان (مێ) لەبەر هەر چ هۆیەك بێت، نەیتوانی فێری ڕۆڵی سێکسی گونجاو بەتوخمەکەی خۆی ببێت، ئەوا لەژیانی ڕۆژانەیدا تووشی زۆر گیروگرفت دەبێت، چونکە ئەو هەڵس و کەوتەی دژی خواست و بۆچوونی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵەکەیەتی. یەکێك لەدەرئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات (ئەگەر منداڵ لەدایك و باوك بێ بەش بوو ئەوا زۆر بەزەحمەت دەتوانێت خۆی لەگەڵ ژینگە کۆمەلایەتیەکەی بسازێنێ و گەشە کردنی کۆمەلایەتیشی دوادەکەوێت، لەلایەکی ترەوە، ئەگەر منداڵەکە کوڕ بوو ئەوا بەنەمانی باوك و ئەگەر کچ بوو ئەوا بەنەمانی دایکی زەرەرێکی زۆری لێ دەکەوێت) (Bigner ; ١٩٧٩). هەروەها (لڤینی) زاناش گەیشتە ئەو ڕاستیەی کە زۆربەی حاڵەتەکانی نێرایەتی لەلای ئافرەتان و مێیایەتی لەلای پیاوەکان بەزۆری بۆ هۆکاری دەروونی (نەك هۆکاری فسیولۆژی) دەگەڕێتەوەو کوڕ لەباوك و کچیش لەڕێگەی دایکیەوە خاسیەت و سیفاتەکانی تایبەت بەتوخمەکەی خۆی فێر دەبێت (لڤین، ١٩٥٩).

لەلایەکی تریشەوە هەردوو زانایان (سبنس) و (هلمریج) (Spence & Helmreich ، ۱۹۷۸) گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە پەیوەندییەکی پۆزەتیڤانە لەنێوان هەردوو خاسیەت و سیفاتی (نێرایەتی) و (مێیایەتی) لەلایەک و ڕێزگرتنی خود (أحترام الذات) لەلایەکی ترەوە هەیە، واتە ئەو کوڕانەی کە پلەی نێرایەتی و ئەو کچانەش کە پلەی مێیایەتی لەلایان بەرزە، ئەوا بەچاوی ڕێزو خۆشەویستیەوە سەیری خودی خۆیان دەکەن. بەڵام نزمی پلەی (نێرایەتی) لەلای کوڕو (مێیایەتی) لەلای کچ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەچاوی نزم و نێگەتیڤانە بڕواننە خودی خۆیان (Massad : ۱۹۸۱)، کە ئەمەش بێگومان ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر باری دەروونی ئەو کەسانە دەبێت و لەداهاتووشدا کۆمەڵێك گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتیان بۆ دروست دەکات.

دەرئەنجامی توێژینەوەیەکی زانایان (ڕوس) و (کوهن) (Ross & Cohen)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەو کوڕانەی پلەی نێرایەتیان بەرز بوو زیاتر چوست و چالاك و بەتواناتر بوون لەهەڵهێنان و چارەسەر کردنی گیروگرفتەکان و زاڵ بوون بەسەریانداو هەروەها باشتریش خۆیان دەسازاند، لەگەڵ فشارو ناخۆشیەکانی ژیان، لەو کوڕانەی کە پلەکانی نێرایەتیان نزم بوون.

دەرئەنجامی ئەو توێژینەوانەی سەرەوەو چەندەها توێژینەوەی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ئەگەر تاك نەیتوانی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆی فێر بێت، ئەوا دەکەوێتەبەر فشارو پلارو تیرو توانجی کەسانی ترو بەچاوی نزم سەیری خۆی دەکات و بەردەوام ڕووبەڕووی گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبێتەوەو دوور نیە چەندەها ناوو ناتۆرەو نازناوی ناشیرینی بخەنە پاڵ لەوانە (خولە ژنانی، ئەحە ژنانی، لەحیزبی یوسفە، نێرە کوڕانی، سەرەژنانی، نێرەمووك..... هتد). دەگێڕنەوە دەڵێن (خوالێخۆشبوو -یوسف-ی مێردی -خاتوون-ی برین پێنج نموونەی پیاوی ماڵ و ژێر دەستی ژن بووە، جا هەر پیاوێك لەسلێمانیدا گەردن کەچی ژنەکەی بوایە، پێیان ئەگووت لەحیزبی یوسفە، ئەویش ئەیگووت: خۆ من لەماڵەوە جل بەدەست ناشۆم، بەماکنە شوشتم) (بابان، ۱۹۹۳، ۱٦٧).

گەشەکردنی ئەخلاقی (النمو الخلقي)

پێشەکی:

گومانی تێدا نیە کە ئاکار(ئەخلاق)و کرداری جوان بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگایەو تەنها زامنە بۆ خۆڕاگری کۆمەڵگاو شارستانیەت و مانەوەی لەسەر ڕێچکەی ئاسایی خۆی، بەڵام بەداخەوە ئاکارو چۆنیەتی گەشەکردنی وەك پێویست گرنگی پێ نەدراوەو بەتەواوی لێی نەکۆڵدراوەتەوەو مافی خۆی نەدراوەتێ، ئەوەش لەوانەیە بۆ یەکێك یان زیاتر لەهۆکارێك لەمانەی خوارەوە بگەڕێتەوە:-

١. ئاکار بابەتێکی ئاڵۆزەو پێوانە کردنی بەشێوەیەکی زانستی و بابەتیانە (موضوعي) کارێکی ئاسان نیە.

٢. تاوەکوو ئێستا کەرەستەو ئامرازی ڕاستگۆ و بابەتیانەی گونجاو بۆ پێوانەکردنی نیە.

٣. تاوەکوو ئێستا پێناسەو چۆنیەتی گەشەکردن و تیۆرییەکانی ئاکار بەتەواوی دیاری نەکراوەو سەرجەم زانایان لەسەریان کۆنین و بگرە چەندەها بۆچوونی جیاجیاو هەندێك جاریش دژ بەیەك دەربارەی ئاکار هەیە.

٤. کۆمەڵێك هۆکاری لاوەکی وەك (توخم، زیرەکی، ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، شێوازو جۆری پەروەردە کردن.... هتد)، ڕۆڵی گرنگ لەگەشەکردنی ئاکاردا دەبینن، بەڵام بەداخەوە تاوەکوو ئێستا بەتەواوی لێیان نەکۆڵدراوەتەوە (العباجي، ١٩٨٩، ص٨).

پێناسە:

وەك لە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، چەمکی (مفهوم) ئاکار (الأخلاق) بەچەندەها شێوەی جیاجیا پێناسە کراوە، هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر یەك لەو زانایانە لەگۆشە

سەیری ئەو چەمكەی كردووەو كاریگەری فەلسەفەو بۆچوونی تایبەتی خۆیەوە نیگای تایبەتی خۆشیان لە پێناسەكانیاندا ڕەنگیان داوەتەوە.

دەتوانین سەرجەم پێناسەكان لەم خاڵانەی خوارەوەدا خەست بكەینەوە:-

١. بەپێی فەرهەنگی (Good) ئاكار بریتیە لە(جووڵاندنەوەو هەڵس و كەوت كردن بەپێی داب و نەریتی كۆمەڵایەتی و بەدواكەوتن و جێبەجێ كردنی ئەو ئامانج و مەبەستانەی كە كۆمەڵ بەڕاستیان دەزانێت) (Good, 1973, P. 281).

٢. بەندۆراش (Bandora, 1969) دەڵێت ئاكار (ئەو ڕەوشتەیە كە تاك لەمیانەی لاسایكردنەوەو پاداشتەوە فێری دەبێت).

٣. فرۆیدش ئاكار بەدوو شێواز پێناسە دەكات (أ) منداڵ كاتێك خاوەنی ئاكاری بەرزو جوان دەبێت كە بتوانێت لەڕێگەی خۆخستنە شوێنەوە (التقمص) پێوەرو هەڵس و كەوتەكانی دایك و باوك و داب و نەریتی كۆمەڵەكەی وەربگرێت. (ب) بەلام ئەو منداڵە بەد ڕەوشت و بەدئاكار (لاأخلاقي) دەبێت، ئەگەر نەتوانێت ئەو پێوەرو داب و نەریتانە وەربگرێت. (Graham, 1974, P. 143).

٤. ڕەوشتی ئاكاری (السلوك الخلقي) (Moral behavior) ئەو ڕەوشتەیە كە لەگەڵ بەهاو پێوەرو داب و نەریتە كۆمەڵایەتیەكاندا چوون یەكە. بەلام مەبەست لەچەمكە ئاكارییەكان (المفاهیم الخلقیة) (Moral concepts) ئەو بنەماو یاساوداب و نەریتە ڕەوشتی و ئاكاریانەیە كە لەناو هەموو كۆمەڵگاو شارستانیەتێكدا هەیەو وەك قاڵب و دەستوورو پێوەرێك، ڕاست و دروستی و باش و خراپی هەڵس و كەوت و ڕەوشتی تاكەكانی ئەو كۆمەڵگایەی پێ دیاری دەكرێت (الفخري، ١٩٨٢، ص١١٦).

٥. بەڕای (هادفیلد) (J. Hadfield) ئاكار دوو جۆر مانای بەرفراوانی هەیە:

(أ) بریتیە لەهەڵس و كەوت كردن و جووڵاندنەوە بەپێ ی داب و نەریت و بەها كۆمەڵایەتیەكان و لانەدان لێیان.

(ب) دواکەوتن و جێبەجێ کردنی مەبەست و ئامانجی ڕاست، بەبێ گوێ دان بەداب و نەریت و بەهای کۆمەڵایەتی. (عیسوی، ١٩٨٠، ص٢٠٨).

بەپێی مانای یەکەم، دەبێت تاك کوێرانە (بەبێ گوێ دان بەباشی و خراپی داب و نەریت و بەهای کۆمەڵەکەی)، گوێ ڕایەڵی داب و نەریت و یاساو ڕێسای کۆمەڵەکەی بێت و نابێت بەهیچ شێوەیەك لێیان لابدات. بەڵام مانای دووهەم ئەوە دەگەیەنێت کە مەرج نیە تاك کوێرانە بەبێ بیر کردنەوەو هەڵسەنگاندن گوێ ڕایەڵی داواکاری و فەلسەفەی کۆمەڵەکەی بێت، بۆی هەیە لێیان یاخی ببێت و هەوڵی گۆڕینیان بدات وەك چۆن لەهەموو کات و سەردەمێکدا چەند روناکبیرو ڕۆشنبیرو شۆڕشگێڕێك پەیدا دەبن و داوای گۆڕینی داب و نەریتە کۆن و خراپەکانی کۆمەڵ دەکەن. واتە پێوەری ئاکاری جوان و ڕەوشت بەرزی بەپێی مانای دووهەم مەبەست و ئامانجی ڕاستە کە لەخزمەتی مرۆڤ و شارستانیەتدا بێت، بەڵام پێوەری ئاکار بەرزی بەمانای یەکەم، داب و نەریت و بەهای کۆمەڵەو نابێت تاك لێیان لابدات ئەگینا دەکەوێتە بەر هەڕەشەو سزای کۆمەڵ و بە بەد ڕەوشت و لادەرو تاوانبار لەقەڵەم دەدرێت. نموونەش زۆرە لەم بارەیەوە، پێغەمبەر(د.خ)و نێردراوەکانی خودای گەورە دەکەونە قاڵبی مانای دووهەمەوە چونکە لەسەرەتادا بەتەنها هەوڵی گۆڕینی داب و نەریت و بیرو باوەڕی کۆنی ئەو گەل و نەتەوانەیان دەدا کە بۆیان ڕەوانە دەکران، تەنها پێوەری ڕاستەقینەشیان ئەو ئامە پیرۆزو بەبەهایانەیان بوو کە هەڵیان گرتبوو، هەرچەندە لەسەرەتاشدا زۆربەی زۆری ئەو گەل و نەتەوانە دژیان بوون و هەوڵی لەناو بردنیان دەدان.

چۆنیەتی گەشەکردنی ئەخلاقی؛

بەڕای زۆربەی زانایان منداڵ لەکاتی لەدایك بووندا خاوەنی هیچ جۆرە ئاکارێکی کۆمەڵایەتی باش و خراپ نیە، بەڵکو تەنها ئەو توانست و ئامادە باشیەی (الأستعداد) هەیە کە بتوانێ فێری ئاکاری بەرزو ڕەوشت و هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی (بەباش و خراپیەوە) بکەین. کەواتە ڕۆڵی گرنگ و ترسناك بۆ دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان دەگەڕێتەوە لەچۆنیەتی گەشە کردنی ڕەوشتی ئەخلاقی، دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانیش زۆرن بەخێزان و قوتابخانە دەست پێدەکات و بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن و شوێنە گشتیەکان کۆتایی دێت. واتە هەر یەك لەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیانە بە پێی گرنگی و کات و شوێنی خۆی ڕۆڵی گرنگ لەگەشەکردنی ئاکاری تاکەکانیاندا دەگێڕێ. بەڕای زانایانی بونیاتگەری و گەشەکردن (البنائية والتطورية)، گەشەکردنی ئاکاری بەهەمان ڕێچکەی گەشە کردنی ژیریدا تێدەپەڕێت و بەشێکیشە لە پرۆسەی پێ گەیین (النضج)، بەم پێیە گەشە کردنی ئاکاری بەزنجیرەیەك قۆناغی یەك لەدوای یەکدا (کە نزیکن لەقۆناغەکانی گەشەکردنی ژیری) تێدەپەڕێت (Piajet ; ١٩٦٥ ; Kohlberge ; ١٩٦٩).

هەر ئەم بۆچوونەش بوو کە وای لەهەردوو زانایانی ئەم ڕێبازە (بیاجیە) و (کوهلبرگ) کرد کە چەند ئاست و قۆناغێك بۆ گەشە کردنی ئاکاری دیاری بکەن، کە هەر قۆناغە بەدوای ئەوی تردا دێت. منداڵ بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت بە پێی ڕەوشت و ئاکاری قۆناغی دووهەم هەڵس و کەوت بکات ئەگەر قۆناغی یەکەمی ئەبڕی بێت، هەروەها قۆناغی دووهەمیش دەبێت بەبناغەو دەروازە بۆ قۆناغی سێهەم، ئینجا هەر چ کەسێك بگاتە ئاستێکی بەرزی ئاکاری ئەوا بەهیچ شێوەیەك جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ ئاستێکی نزمتر، لەبەر ئەوەی گواستنەوە لەئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر یەك ئاراستەو ڕێچکە وەردەگرێت کە ئەویش بۆ پێشەوەیەو بەهیچ شێوەیەك گەڕاندنەوەو پاشەکشێی تێدا نیە (Douglas ; ١٩٧٢ ; P.٢٤٢).

زۆربەی زانایان لەسەر ئەوە كۆكن كە ڕەوشت و ئاكار (بەباش و خراپیەوە) بەشێوەیەكی گشتی بەم ڕێبازانەی لای خوارەوە گەشە دەكەن:-

١. ڕاست و هەڵە (الخطأ والصواب) **یان هەوڵدان هەڵەكردن** (المحاولة والخطأ):

زۆربەی منداڵان لەسەرەتای ژیاندا بەم شێوازە فێری باش و خراپی زۆر لەهەڵس و كەوت و دیاردەكانی ژیان دەبن. بۆ نموونە هەر شتێك ببێتە مایەی چێژو خۆشی منداڵ ئەوا بەباشی دەزانێ و لێی نزیك دەبێتەوە وە هەر ڕووداوو كارێك ببێتە مایەی ئازارو ناخۆشی ئەوا بەخراپی لەقەڵەم دەدات و لێی دوور دەكەوێتەوە، ئینجا كاتێك لەئاگر نزیك دەكەوێتەوەو خەریكە دەستی دەسووتێ یان گڕو گڵپەی ئاگرەكە ئازاری دەدات، ئەوا بۆ جاری داهاتوو هەوڵ دەدات لێی دوور بكەوێتەوەو بەكارێكی خراپی لەقەڵەم دەدات، بەڵام ئەگەر نزیك بوونەوە لەباوك و دایك و گوێ ڕایەڵی بوونیان بووە مایەی خۆشی و سودو قازانج، ئەوا بەكارێكی باشی لەقەڵەم دەدات و لەداهاتوودا هەوڵی دووبارە كردنەوەیان دەدات.

٢. ڕێنمایی و ڕاهێنانی ڕاستەوخۆ:-

مەبەست لەم ڕێبازە ئەوەیە كە ڕاستەوخۆ منداڵ فێری چەمكە ئاكاریو هەڵس و كەوتە كۆمەڵایەتیە گونجاوو دروستەكان بكرێت، ئەویش لەڕێگەی فشارو هێزی دەرەكی كە دەخرێتە سەر منداڵ بۆ ئەوەی بەو شێوەیە هەڵس و كەوت بكات كە كۆمەڵ و دام و دەزگاكانی بەدڵیانەو پێشبینی دەكەن، ئینجا ئەگەر ئەو شێوازو ڕێنمایی و ڕاهێنانە ئەگۆڕو پۆزەتیڤانە بێت ئەوا ئەو هەڵس و كەوت و ڕەوشتە لەلای منداڵ جێگیر دەبێت و دوای ماوەیەك دەبێت بەخوویەك (العادة) لەلای، چونكە هان دان و پاداشت كردن دەبێتە هۆی ئەوەی كە منداڵ بەخێرایی و بەسەركەوتوانە فێری ڕەوشتەكان ببێت.

٣. ڕێنمایی و ڕاهێنانی ناڕاستەوخۆ:-

مەبەست لەم شێوازە ئەو جۆرە فێر بوونەیە کە منداڵ ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی پرۆسەی خۆ خستنە شوێنەوە (التقمص) زۆربەی ڕەوشت و هەڵس و کەوتەکانی کەسانی چواردەوری وەردەگرێت، منداڵ تاگەورە ببێت و تەمەنی زیاتر ببێت ئەوا ئەوەندە لەشێوازی (ڕاست و هەڵە) دوور دەکەوێتەوەو بەردەوام بۆ تێگەیشتن و فێر بوونی دیاردەکانی ژیان پەنا بۆ شێوازی ناڕاستەوخۆ دەبات.

٤. تێگەیشتن (الفهم):-

کاتێک منداڵ قۆناغی ساوایەتی بەجێ دەهێڵێ و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر گەشە دەکات و ژیری زیاد دەبێت ئەوا لەڕێگەی تێگەیشتنەوە فێری ڕاست و دروستی و باش و خراپی زۆر لەدیاردەکانی ژیان و ڕووداوەکانی دەبێت.

ویژدان و گەشە کردنی

گومانی تێدا نیە، ویژدان بڕبڕەی پشت و داینەمۆی ڕەوشتی ئاکارییە، بەهیچ شێوەیەك مرۆڤ ناچێتە قۆناغێکی پێش کەوتوو، کالای مرۆڤایەتی بەبالایدا نابڕدرێ ئەگەر خاوەنی ویژدان نەبێت. تەنانەت هەندێك جار ویژدان وەك زاراوو چەمکی ئاکار بەکار دەهێنرێت.

بەزۆر شێواز گوزارشت لەویژدان دەکرێت و کارو فەرمانەکانی دیاری دەکرێت، هەندێك جار ویژدان بەپاسەوانێکی بەوەفای خودی ناوەوە دادەنرێت کە زۆر بەووردی چاودێری ڕەوشت و هەڵس و کەوتەکانی تاك دەکات و لەکاتی لادان و هەڵە کردندا تووشی ئازارو شەرم و دڵەڕاوکێی دەکات. وەك لە زۆربەی بۆچوونی زاناکاندا دەردەکەوێت ویژدان لەکۆمەڵێك بەهاو پێوەرو بیرو باوەڕو پرانسیپی کۆمەلایەتی و ئاکاری پێك هاتووە، کە تاك لەڕێگەیانەوە بڕیار لەسەر باش و خراپی پاڵنەرو هەڵس و کەوتەکانی دەدات. لەکۆندا بەپێی بیرو باوەڕی لاهوتی، وا سەیری ویژدان دەکرا کە توانست و بەهرەیەکی ئەزەلی و بۆ ماوەییەو هەر لەسەرەتای بوونەوە خودا ئەو توانست و بەهرەیەی لەسروشتی مرۆڤدا چاندووە، بۆ ئەوەی ببێت بەیارمەتی دەرو ڕێ پیشان دەری مرۆڤ، لەکاتی بڕیاردان لەسەر باشی و خراپی ڕەوشتەکان، بەلام دەروونزانەکان لەو بڕوایەدان کە ویژدان توانستێکی ناوەیەو ووردە ووردە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەئەنجامی پرۆسەی بەکۆمەلایەتیکردنەوە دروست دەبێت.

هەندێك جار دەگوترێت کە ویژدان (قازی یان پۆلیس یان چاودێری) ناوەییەو بەردەوام لەبۆسەدایە بۆ چاودێری کردنی هەڵس و کەوتەکانی تاك و لێپێچینەوەو هەڕەشە لێکردن و سزادانی، لەکاتی لادان و سەرپێچی دا تاوای لێبکات کە هەست بەگوناهو شەرم و دڵەڕاوکێ بکات. شایانی باس کردنە کە هێزو توندو تیژیەکەشی لەتاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕدرێت (عیسوی، ١٩٨٠، ص٧٥). بۆ نموونە کەسانێك هەن کە ویژدانیان ئەوەندە

بەهێزو کاریگەرە کە لەسەر بچووکترین هەڵە سەرزەنشتیان دەکەن و تووشی هەست کردن بەگوناهو شەرم و دڵەڕاوکێ یان دەکەن، لەکاتێکدا کەسانی تر هەن کە گەورەترین و ترسناکترین تاوان بەئەنجام دەگەیەنن بەبێ ئەوەی یەك میسقاڵ هەست بەگوناهو شەرم و پەشیمانی بکەن، کە ئەوانیش لەو جۆرە کەسانەن کە ناو دەبرێن بەمرۆڤی سایکۆپاسی، زۆربەی خەڵکیش ویژدانیان مام ناوەندییەو دەکەونە نێوان ئەو دوو گروپە نائاساییەوە، گومانیشی تێدا نیە کە ئەو جۆرە ویژدانانە بۆ شێوازی پەروەردە کردن و جۆری ڕاهێنانی کۆمەلایەتی و ڕووداوو کارەساتەکانی قۆناغەکانی ژیانی ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە. پێویستە ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە ویژدانی زۆر زیندوو بەئازارو سەرکوتکەر زیانێکی گەورە بەکەسایەتی تاك و خۆسازدانی کۆمەلایەتی و دروستی دەروونی دەگەیەنێت، هەر ئەمەشە کە وای لەزاناکان کردووە کە ڕێنمایی دایکان و باوکان و مامۆستایان بکەن، بۆ ئەوەی لەهەڵس و کەوت و مامەڵەیاندا مام ناوەندی بن، واتە بەردەوام نە زۆر توندو تیژو سەرکوتکەر بن، نە زۆریش نەرم و نیان و لێبووردوو بن، بۆ ئەوەی ویژدانی منداڵەکانیان نە زۆر توندو تیژو تۆقێنەر بن، نەویژدان مردوو لاوازو بێ هێزیش بن.

ویژدان لەیەك کاتی دیاری کراودا دروست نابێت، بەڵکو بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت تا بەتەواوی گەشە دەکات. لەسەرەتادا ویژدان ئاسك و سەرەتاییە، بەلام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەئەنجامی ڕاهێنان و فێربوونی کۆمەلایەتیەوە زیاتر گەشە دەکات و بەرەو کامڵ بوون دەچێت، فەرمانی ویژدان لەسەرەتادا تایبەت دەبێت بە ئەو کارو کردەوانەی کە ناشێرینەو (نابێت بکرێت)، بەلام لەدواتر ئەو کارو کردەوانەی کە (پێویستەو دەبێت بکرێت) لەخۆ دەگرێت. واتە لەسەرەتادا منداڵ فێری ئەوە دەکرێت کە نابێت لەخوشك و برای خۆی بدات بەلام دواتر فێری ئەوە دەکرێت، کە ئەك نابێت بلێیان بدات بەڵکو دەبێت دەستی هاوکاری و یارمەتیشیان بۆ درێژ بکات و بەبەزەیی و بەوەفاش بێت لەگەڵیانداو لەکاتی تەنگانەشدا ببێت بە پشت و پەنایان.

زۆر بەڵگەو نیشانە هەن کە ئاماژە بۆ چەکەرە کردن و دروست بوونی ویژدان دەکەن، لەوانە (دەست پاکی، گوێڕایەڵی یاساو داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، بەرگری و خۆڕاگرتن لەبەردەم ئەو بارو دۆخانەی کە دەبنە مایەی درۆ، فێڵ و تەڵەکە، دزی کردن، لەبەرچاو گرتنی موڵك و ماف و بەرژەوەندی کەسانی تر). لەلایەکی تریشەوە دروست بوون و گەشە کردنی ویژدان پشت بەلایەنی ژیری و تەمەن دەبەستێت، واتە تامنداڵ توانستەکانی (تێگەیشتن، وەرگرتن، بەراورد کردن، یاد کردنەوە،.... هتد) زیاد بێت، ئەوەندە زیاتر پێوەرە ئاکارییەکانی گەشە دەکات و دەتوانێت باش و خراپەکان لەیەکتری جیا بکاتەوەو لەهەڵەو سەرەڕۆییەکان دوور بکەوێتەوە (مسن، ١٩٨٦، ص٢٩١-٢٩٢).

ئیزنك (Eysenck) چۆنیەتی دروست بوونی ویژدان لەڕێگەی ، پەیوەستیەوە (الأرتباط) بەم شێوەی لای خوارەوە لێك دەداتەوە:-

کاتێك منداڵ کارێکی ناشیرین دەکات، بێگومان لەئەنجامدا لەسەر دەستی دایك و باوك و مامۆستا تووشی نارەزایی و سزاو ئازار دەبێت، ئەم سزاو ئازارو نارەزاییەش، هەست و سۆزێکی ناخۆش لەلای دروست دەکات، دوای چەند جار دووبارە بوونەوەی ئەو کارە نابەجێیە ئیتر تەنها بیر لێکردنەوەی یان بەئەنجام گەیاندنی ئەم جۆرە کارانە، یەکسەر ئەو هەست و سۆزە ناخۆشە بۆ ئەو منداڵە دەگەڕێنێتەوە، کە ئەمەش دەتوانین ناو بنێین (ویژدان)، کە لەناو خودی مرۆڤدا جێگەی دەسەڵات و هێزی دەرەکی (دایك، باوك، مامۆستا... هتد) دەگرێتەوە، وەك لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

سزا (وورووژێنەرێکی نامەرجی) (مثیر غیر شرطی) ـــــ ئازار (وەڵامدانەوەی نامەرجی) (استجابة غیر شرطیة).

کارێکی ناشیرین (وورووژێنەرێکی مەرجی) (مثیر شرطی) ـــــ ئازار (وەڵامدانەوەی مەرجی) (الأستجابة الشرطیة). (فتحی، ١٩٨٣، ص١٤).

دەتوانین بەکورتی ویژدان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:-

١. ویژدان دوو فەرمانی سەرەکی هەیە، ئەوانیش کۆنترۆڵ کردن و نەهێشتنی ڕەوشتی خراپ و دروست کردنی هەست کردن بەگوناهو شەرمە لەلای تاك.

٢. ویژدان لەژێر کۆنترۆڵی حەزو ئارەزوو ویستی تاکدا نیە.

٣. زۆر میکانیزم و پرۆسە بەشداری دروست کردنی لایەنە جیاجیاکانی ویژدان دەکەن، لەوانە (پاداشت، سزا، لاسایی کردنەوە، خۆخستنە شوێن).

٤. لەسەر کردارو هەڵس و کەوتی پراکتیکانەی دایك و باوك و مامۆستا بنیات دەنرێت.

٥. دەگۆردرێت و جیاوازە لەنێوان تاك و لەنێوان کۆمەڵگاکاندا (عیسوی، ١٩٨٠، ص٩٧).

دروست بوونی ویژدان کە بەشێکە لە منی باڵا *(الأنا العليا)*، هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ گەشە کردنی پێوەرە ئاکاریەکان *(المعايير الخلقية)*، ئەوەی ڕاستی بێت تاوەکوو ئێستا ووردەکاری چۆنیەتی تەواوی گەشەکردنی ویژدان ڕوون و ئاشکرا نیە، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نیە ئەوەیە کە خۆخستنە شوێن *(التقمص)* هۆکارێکی گرنگە بۆ دروست بوون و گەشە کردنی ویژدان.

زانایانی شیتەڵ کردنەوەی دەروونی لەو باوەڕەدان کە منی باڵا یەکێکە لەبەرهەم و دەرئە نجامە سەرەکیەکانی پرۆسەی خۆخستنە شوێن، خۆخستنە شوێنیش ئەو پرۆسەیە کە منداڵ لەمیانەیەوە زۆر سیفات و خاسیەت و هەڵس و کەوتی دایك و باوك و مامۆستاو کەسانی تری چواردەوری وەردەگرێت و دەیان کات بەبەشێك لەڕەوشتی خۆی، جیاوازی خۆخستنە شوێن و لاسایی کردنەوەش ئەوەیە، کە خۆخستنە شوێن بەزۆری لەسەر ئاستی نەستی (اللاشعور) ڕوودەدات بەڵام لاسایی کردنەوە هەستیە (شعوری).

<u>پێوەرە ئەخلاقیەکان</u> *(المعاير الخلقية)*:-

مەبەست لە پێوەرە ئەخلاقیەکان (ئاکارییەکان)، سەرجەم ئەو هەڵس و کەوت و ڕەوشتانە دەگرێتەوە کە کۆمەڵ لەسەر باش و خراپی و ڕاست و هەڵەیی ڕێك کەوتوون،

واتە دەبێت منداڵ فێری ئەوە بکرێت کە (دەبێت ڕاستگۆ بێت و دەست درێژی نەکاتە سەر سەروسامانی کەسانی تر، شەڕخواز نەبێت، هاوکارو بەبەزەیی و گوێ ڕایەڵی دایک و باوک و گەورەکانی بێت، دەست پاک و بەوەفاو... هتد) بێت.

بێگومان لەڕێگەی پرۆسەی ڕاهێنانی کۆمەلایەتیەوە *(التنشئة الأجتماعية)*، لەقۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا، بەردەوام منداڵ فێری ئەو پێوەرە ئەخلاقیانە دەکرێت، بەردەوام بوونی ئەو پرۆسەیەش زامنی دروست بوونی ئەو بەشەیە کە زانایانی شیتەلکردنەوەی دەروونی *(التحليل النفسي)* بە(منی بالا) (Superego) ناوی دەبەن. شایانی باسە کە فێر بوون و گەشە کردنی پێوەرە ئەخلاقیەکان دوادەکەون، لەبەر ئەوەی گرانترن و پێویستیان بەبەکار هێنانی زۆر پرۆسەو توانستی *(قدرة)* ژیری (عقلی) ئاڵۆز هەیە، لەوانە گشتاندن (التعميم)، چونکە فێر بوونی چەمك و پێوەرە ئەخلاقیەکان پێویستی بەگەشە کردنی هەردوو توانستی لێك چوون و (التشابه) لێك جیا کردنەوە (التمييز) هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو توانستانە یارمەتی منداڵ دەدەن بۆ ناسینەوەی ڕەگەزە هاوبەشەکانی نێوان دیاردە لێك چووەکان، کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ سوود وەرگرتن لەو زانیاریانەی کە منداڵ هەیەتی لەکاتی گۆڕینی شوێن و کاتی ڕووداوەکان.

شایانی باسە هەر ئەمەشە کە ئەو دوو توانستەو توانستە ژیرییەکانی تریش لەدوا قۆناغی منداڵیدا گەشە دەکەن. بۆتە هۆی ئەوەی کە منداڵێکی چوار پێنج (٤ - ٥) ساڵان تەنها بتوانێت لەمانای هەڵس و کەوت و ڕووداوە ڕوون و ئاشکراو هەست پێ کراوەکان تێبگات و ڕۆژانە بەکاریان بهێنێ لەوانە (گوێ ڕایەڵی کردنی دایک و باوك، یارمەتی دانی دایك، نەدزینی کەل و پەلی خوشك و براکانی.... هتد)، بەلام بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت لەمانای پێوەرو چەمکە ئەخلاقیە ڕووتەکان (المجرد) تێبگات. بەلام لەتەمەنی هەشت نۆ ساڵاندا (٨ - ٩) لەتوانای زۆربەی منداڵاندا هەیە کە لەمانای پێوەرو چەمکە ئەخلاقیە ڕووتەکان تێ بگەن، واتە فێری مانای گشتی دزی دەبێت و بەکاری ناشیرین و بەدی

دادەنێت، ئیتر لەهەر چ شوێن و کاتێك بێت و هی هەرچ کەسێك بێت. منداڵ لەتەمەنی (٤ - ٥) ساڵاندا وا دەزانێ کە تەنها دزینی کەل و پەلی خوشك و برا خراپە، بەڵام لەتەمەنی (٨ - ٩) ساڵان دەگاتە ئەو بڕوایەی کە دزینی هەموو شتێك و هی خەڵکانی تریش هەر خراپە. (الفخری، ١٩٨٢، ص١٢١).

خاڵێکی زۆر گرنگ هەیەو نابێت لەیادمان بچێت ئەویش ئەوەیە کە فێر بوون و زانینی ئەو چەمك و پێوەرە ئەخلاقیانە مەرج نیە کەوا لەمنداڵ بکات کە پابەندیان بێت و لەهەڵس و کەوتی ڕۆژانەیدا ڕەنگ بداتەوە، چونکە زۆر لەمنداڵان لەباش و خراپیو ڕاست و هەڵەی زۆر کردارو هەڵس و کەوت تێدەگەن، کەچی زۆر جار جێبەجێیان ناکەن بگرە سەرپێچیشیان لێ دەکەن، لەبەر ئەوەی زۆر هۆکاری وەك ئەمانەی لای خوارەوە هەن کە ڕۆڵی گرنگ لەبەرجەستە کردن و پیادە کردن و پابەند بوونی منداڵ بەو چەمك و پێوەرە ئەخلاقیانەوە، دەبینن:-

1. پەیوەندی نێوان دایك و باوك و منداڵ:-

دەرئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پەیوەندی گەرم و گوڕو بەهێزی نێوان دایك و باوك و منداڵ کە لەسەر بناغەی سۆزو خۆشەویستی و ڕێز گرتن بنیات نراوە، هۆکارێکی زۆر گرنگە کە پاڵ بەمنداڵانەوە دەنێت، بۆ ئەوەی خێراتر بەهاو پێوەرە ئەخلاقیەکان فێر بن و لەهەڵس و کەوتی ڕۆژانەشیاندا بەرجەستە ببێت، لەلایەکی تریشەوە ویژدانیان بەهێزو کاریگەرتر دەبێت. (مسن، ١٩٨٦، ص٢٩٢). یەکێك لەتوێژینەوە مەیدانیەکان، گەیشتە ئەو ڕاستیەی کە ئەو منداڵانەی دایك و باوك و گەورەکانیان بەبەزەیی و دڵ گەورەو (سەخی) و بەرچاو تێر بوون، ئەوا خۆشیان (واتە منداڵەکان) هەمان ڕەوشت و ئاکاری جوانی باوك و دایك و گەورەکانیان لەلا دروست بوو بوو، بەپێچەوانەی ئەو منداڵانەی کە دایك و باوکیان ڕەزیل و پیسکەو توندو تیژو بێ بەزەیی بوون. (مسن، ١٩٨٦، ص٢٩٤).

شێوازی پەروەردە كردن :-

جۆری پەروەردە كردنی دایك و باوك، پەیوەندییەكی پتەوی بەگەشە كردنی ئەخلاقی (ئاكاری) منداڵەكانیانەوە هەیە، بۆ نموونە ئەو باوك و دایك و مامۆستایانەی كە بەردەوام لەكاتی پەروەردە كردن و ڕاهێنانی منداڵەكانیاندا پەنا بۆ بەكار هێنانی هێزو توندو تیژی و هەڕەشەو بێبەش كردن دەبەن، ئەوا منداڵەكانیان بەجۆرێك پەروەردە دەبن كە زۆر بەكەمی گرنگی بەكەسانی تر دەدەن، بەڵام ئەو دایك و باوك و مامۆستایانەی كە پەنا بۆ (لێك دانەوەو گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوەو زانینی هۆكارەكان و ڕوون كردنەوەی دەرئەنجامی كارە خراپەكان بۆ منداڵەكانیان.... هتد) دەبەن، ئەوا منداڵەكانیان بەجۆرێك گەشە دەكەن كە بەرژەوەندی و ڕەزامەندی كەسانی تر لەبەرچاو دەگرن و زەرەرو زیانیش بەسەروماڵیان ناگەیەنن (مسن، ١٩٨٦، ص٣٩٢).

توێژینەوەكانی زانایان (ئارۆن فرید، Aron Freed) لەساڵی (١٩٦٦) وە (سیرزو هاوەڵەكانی) لەساڵی (١٩٦٨)، ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە لێسەندنەوەو بێبەش كردنی منداڵ لەسۆزو خۆشەویستی و پاداشت زۆر باشترو كاریگەرترە، لەبەكارهێنانی لێدان و ئازاری جەستەیی بۆ گەشە كردنی ئەخلاقی. لەلایەكی ترەوە دەرئەنجامی توێژینەوەكانی زانایان (هۆڤ مان) و (سالتزتین) و (ئارۆن فرید) لەساڵی (١٩٦٧)، ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن (كە باسكردن و دەرخستنی هۆكارەكان و ڕوون كردنەوەی خراپی كارەكان) زۆر كاریگەرترە لە (لێسەندنەوەی خۆشەویستی و ئازاری جەستەیی)، هەروەها كاتی ئەهێشتنی بەئەنجام گەیاندنی كارە خراپەكانیش گرنگی خۆی هەیە، دەركەوتووە، ئەگەر نەهێڵدرێ منداڵ كارەكە بكات یان پێش كردنی كارەكە سزا بدرێ ئەوا باشتر كۆنترۆڵی ئەو هەڵس و كەوتانە دەكرێت ئەگەر بەراورد بكرێت بەو منداڵانەی كە دوای بەئەنجام گەیاندنی كارەكە ئینجا سزا دەدرێن یان ڕێگەیان لێدەگیرێت (الحمدانی، ١٩٨٩، ص٢٠٦).

٣. توخم (جنس):-

زۆر جار لەئەنجامی جیاوازی شێوەی پەروەردە کردنەوە، جیاوازی لەنێوان هەردوو توخمی نێرو مێ دروست دەبێت، بۆ نموونە لەیەکێك لەتوێژینەوەکانی (شیلی) (Shilly) زانا کە لەسەر (٨٠٠) هەشت سەد منداڵ کە تەمەنیان لەنێوان (٩-١٦) ساڵان بوو، کردبووی، دەرکەوت کە کوڕ زیاتر لەکچ شەڕخوازو دەست درێژی کارترەو زیاتریش پێ شێلی داب و نەریتی کۆمەلایەتی دەکات، بەلام کچ لەتوانستەکانیان بەگومانن و لەکوڕیش زیاتر ملکەچی داب و نەریتی کۆمەلایەتی دەبن. (Shantz ; 1979 ; p: 198).

٤. ئایین:-

دەرکەوتووە کە شارەزایی لەئایین و بڕوا بوون و باوەڕداری پەیوەندییەکی پتەوی بەگەشە کردنی ڕەوشتی ئەخلاقییەوە هەیە، بۆ نموونە، بۆ زانایان (هارتشۆن) و (مەی) دەرکەوت کە ڕێژەی قۆپی کردن (الغش) لەناو ئەو منداڵانەی کە هاتووچۆی کڵێسا دەکەن کەمترە، هەروەها یارمەتی دان و هاوکاری کردنی کەسانی تر لەناوییان زۆرترە.

٥. گۆڕانکاری کۆمەلایەتی و پچڕانی پەیوەندیەکانی:-

کۆمەڵناسی فەرەنسی (دورکایم) (Durkheim) لەو بڕوایەدایە کە گۆڕانکارییە خێراکانی کۆمەلایەتی و تێك چوونی پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و وون بوونی زۆر لەبەها کۆمەلایەتیەکان، هۆکاری سەرەکین بۆ دروست بوونی تاوان و زیاد کردنی ڕێژەکەی. (العیسوی، ١٩٨٠، ص٢٢٢).

٦. ژینگەی ئەخلاقی:-

بێگومان ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاریەی کە منداڵ تیایدا دەژی گرنگیەکی زۆری بۆ گەشەکردنی ئەخلاقی مرۆڤ هەیە، بۆ نموونە ئەگەر ژینگەی منداڵ پڕبێت (لەدرۆو فرت و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و دووفاقی و چەوساندنەوەو.... هتد)، ئەوا بەهیچ شێوەیەك پێش بینی ڕەوشتی ئەخلاقی بەرز لەو جۆرە منداڵانە ناکرێت. چۆن دەتوانین منداڵ فێری ڕەوشتی جوان لەکاتی نان خواردن و قسە کردندا بکەین لەکاتێکدا ئێمە خۆمان بەکردەوە لەبەرچاویان نایکەین. چۆن دەتوانین داوا لەمنداڵەکانمان بکەین کە بڕوایان بەیەکسانی و دادگەری ببێت و لەهەڵس و کەوتیاندا بەرجەستەی بکەن، لەکاتێکدا چواردەوریان پڕە لەزوڵم و ستەم و چەوساندنەوە، چۆن دەتوانرێت منداڵ فێری ڕاست گۆیی و دەست پاکی بکرێت، لەکاتێکدا کە ژینگەکەی پڕ بێت لەدرۆو فرت و فێڵ و تەڵەکەبازی و دەس پیسی. کەواتە دەبێت پێش ئەوەی داوا لەمنداڵەکانمان بکەین کە خاوەنی ئەخلاقی بەرز بن، ئێمەی گەورە خۆمان خاوەنی ئەو ڕەوشت و ئاکارە بەرزانە بین و لەپەیوەندیو هەڵس و کەوتی ڕۆژانەماندا ڕەنگ بداتەوە. ئەی پەندە کوردیەکەی لەمەڕ خۆمان نالێت (گەورە ئاو دەڕێژێ و بچووك پێی لێدەخشێنێ).

ئایا ڕەوشتی ئەخلاقی ئەگۆڕە؟:-

هەندێك کەس لەوانەی کە ئاسۆی بیر کردنەوەیان تەسکەو بەتەنها شارەزای کۆمەڵگاکەی خۆیانن، لەو باوەڕەدان کە تەنها ڕەوشت و هەڵس و کەوتی ئەوو کۆمەڵەکەی ئەخلاقی و ڕاستن و ئیتر ڕەوشت و هەڵس و کەوتی گەل و نەتەوەکانی تر کە جیاوازن لەڕەوشت و هەڵس و کەوتی ئەو ناڕاست و نادروستن. بێگومان ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیەو لەگەڵ واقیع و ڕاستیەکانی ژیاندا یەك ناگرنەوە، لەبەر ئەوەی ڕەوشتی ئەخلاقی ڕێژەییەو (نسبی) بەپێ ی کات و شوێن زۆربەیان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. بۆ نموونە زۆر ڕەوشت و هەڵس و کەوت لەسەرەتای سەدەی بیستەم لەکۆمەڵگای کوردەواری بەهەڵەو

نادروست لەقەڵەم دەدرا، بەڵام ئێستا بەڕاست دادەنرێت، بەپێچەوانەشەوە زۆر هەڵس و كەوت، ئەو كاتە بەڕاست و دروست دادەنران بەڵام ئێستا بەهەڵە لەقەڵەم دەدرێن، هەروەها ئەو ڕەوشت و هەڵس و كەوتانەی كە ئێمە بەنادروست و بەدكارییان لەقەڵەم دەدەین لەوانەیە لەكۆمەڵگایەكی تر بەڕاست و گونجاویان دابنێن. هەر لەبەر ئەوەشە كە تاوەكوو ئێستا چەند پێوەرێكی ڕەها (مطلق)ی هاوبەش و نەگۆڕ لەنێوان هەموو شارستانیەت و كۆمەڵگاكاندا نین، بێجگە لەچەند پێوەرو پرانسیپێكی گشتی وەك (یەكسانی، دەست پاكی، ئازایەتی، دادگەری، ڕاست گۆیی... هتد) نەبێت كە ئەوانیش هەندێك جار لەووردەكارییەكانیاندا جیاوازی دروست دەبێت.

لەلایەكی تریشەوە دەرئەنجامی زۆربەی توێژینەوەكان دەری خستووە كە ڕەوشتی ئەخلاقی (ئاكاری) نەگۆڕ نیە بەڵكو بەپێی كات و شوێن و بارودۆخ (الظروف) دەگۆڕدرێت. واتە ئەگەر منداڵ لەماڵەوە درۆ نەكات و ڕاست گۆ بێت ئەوە مەرج نیە كە لەقوتابخانەش هەر ڕاستگۆ دەبێت یان لەكۆڵان و جادە درۆ ناكات یان ئەگەر منداڵ لەقوتابخانە قۆپی (غەش) بكات ئەوە مەرج نیە كە دەبێت لەماڵەوەش قۆپی بكات.

گراهامی (Graham) زانا لەساڵی (١٩٧٢) كۆمەڵێك توێژینەوەی لەو بارەیەوە تاووتوێ كردو گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی كە تەنها ئەو كاتانە تاك زۆربەی كات ڕەوشتی ئەخلاقی دەبێت، كە بارودۆخەكان زۆر لەیەك بچن یان كاتێك ئەو كەسە دەگاتە بەرزترین ئاستی بیركردنەوەی ڕووت (التفكیر المجرد)و دەتوانێت پرانسیپ و چەمكە ئاكارییە بنەڕەتی و گشتیەكان لەزۆربەی بارودۆخ و كات و شوێنە جیاجیاكاندا پەیڕەو بكات، ئەو حاڵەتانەش زۆر دەگمەنن.

هەروەها هەردوو زانایان (هارتشۆرن) و (مەی) (Hartshorn & May) لەساڵی (١٩٢٨) توێژینەوەیەكی بەرفراوانیان لەسەر ڕەوشتی ئەخلاقی هەزارەها منداڵ كرد، بەمەبەستی زانینی ڕەوشتە نائاكارییەكانی وەك (قۆپی، درۆ، دزی) كردن لە زۆر

بارودۆخی جیاوازی وەك کاتی (تاقی کردنەوە، یاری کردن، کێبڕکێ، پێش برکێ، ناو ماڵ، قوتابخانە، گۆڕەپانی گشتی، شوێنەکانی خوداپەرستی.... هتد). دەرئەنجامی توێژینەوەکەیان بووە مایەی شلۆق کردن و پووچەڵ کردنەوەی بیرو باوەڕی ئەو کەسانەی کە خەڵکیان بەسەر هەردوو گروپی (خاوەن ڕەوشتە بەرزەکان)و (بەد ڕەوشتەکان)دا دابەش دەکردو لەو بڕوایەدا بوون کە ڕەوشتی ئەخلاقی نەگۆڕو بەردەوام و ڕەهایە. لەگرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوەکەی (هارتشۆرن) و (مەی) ئەوە بوو کە ڕەوشتی منداڵەکان نەگۆڕ دەبن ئەگەر لەیەك جێگاو بارودۆخ بێت، بەڵام کاتێك جێگاو بارودۆخەکە دەگۆڕدرێت ئەوە بڕیارو ڕەوشتە ئەخلاقیەکانی منداڵەکانیش دەگۆڕدرێت و نەگۆڕی خۆیان لەدەست دەدەن.

بۆ نموونە زۆربەی منداڵەکان لەماڵەوە قۆپیەیان نەدەکرد، بەڵام کاتێك لەقوتابخانە ڕووبەڕووی تاقی کردنەوە دەبوونەوە، ئەوا زۆربەیان پەنایان بۆ قۆپیە کردن دەبرد. بێگومان کۆمەڵێك هۆکاری تایبەتی هەبوون کە دەبوونە هۆی زیاد کردن یان کەم کردنەوەی ژمارەی ئەو منداڵانەی کە قۆپیەیان دەکرد، لەوانە (بوون و ڕەخساندنی بواری قۆپیەکردن، بوون یان نەبوونی ترس و سزاو هەڕەشە کردن، زۆری ژمارەی ئەو منداڵانەی کە قۆپیەیان دەکرد)، واتە ئەگەر بوار هەبوایەو ترسی سزادانیان نەبوایەو زۆربەی منداڵان لەبەر چاوی مامۆستاکانیان قۆپیەیان بکردایە، ئەوا ژمارەی ئەو منداڵانەی کە قۆپیەیان دەکرد زیاتر دەبوو.

شایانی ئاماژە بۆ کردنە لەو کاتەوە تاوەکوو ئەمڕۆ هیچ توێژینەوەیەك دەرئەنجامی ئەو توێژینەوەیەی پووچەڵ نەکردۆتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەرئەنجامی توێژینەوەکانی زانایان (سیرزو هاوڕێکانی) (Sears.et.al.) لەساڵی (١٩٦٥)و (ئەلین سمیس) (Allen Smith) لەساڵی (١٩٦٠) لایەنگیری دەرئەنجامی توێژنەوەکەی (هارتشۆرن)و (مەی) دەکەن. (الحمدانی، ١٩٨٩، ص٢٠٠).

ئەوەی پێویستە بگوترێت ئەوەیە كە ڕەوشتی ئەخلاقی ڕاستەقینە ئەو ڕەوشتەیە كە لەناخی تاكەوە هەڵدەقوڵێت و لەئەنجامی بڕواو قەناعەتەوە لەهەڵس و كەوتیدا بەرجەستە دەبێت نەك لەترسی هەڕەشەو هێزو فشاری دەرەكی.

جۆرەكانی ئەخلاق:-

هەندێك لەفەیلەسووف و زاناكان خەڵكان بەسەر چەند جۆرێكدا دابەش دەكەن و هەر جۆرەیان خاوەنی ئەخلاقی تایبەتی خۆیانن، بەڕای ئەوان جۆرەكانی ئەخلاق ئەمانەی لای خوارەوەن:

١. جۆری بەرژەوەندی (النمط النفعي):

ئەو كەسەی خاوەنی ئەم جۆرە ئەخلاقە بێت، ئەوا تەنها ئەو بیركردنەوەو ڕەوشت و داب و نەریتانە بەباش و ئەخلاقی دەزانێ كە لەگەڵ بەرژەوەندی تایبەتی و تاكە كەسی خۆیدا بگونجێت.

٢. جۆری چاولێكەری (النمط الأمتثالي):

ئەو كەسەی خاوەنی ئەم جۆرە ئەخلاقە بێت، ئەوا هەموو ئەو بیركردنەوەو ڕەوشت و داب و نەریتانە بەڕاست و ئەخلاقی دەزانێت كە زۆربەی خەڵكی بڕوایان پێیەتی و لەسەری ڕێك كەوتوون، واتە ئەم جۆرە كەسانە ئەو شتانە بەنەخلاقی دەزانن كە زۆربەی خەڵكی بەڕاستیان دەزانن، بەڵام ئەگەر زۆربەی خەڵكی بەخراپیان لەقەڵەم دان ئەوا ئەمیش بەخراپیان لەقەڵەم دەدات.

٣. جۆری ژیری یان جۆری ویژدان زیندوو (النمط العقلي أو النمط ذو الضمير الحي):

ئەو كەسانەی خاوەنی ئەم جۆرە ئەخلاقە بن، ئەوا پێوەری ڕاست و دروستی و ئەخلاق بەرزی و باش و خراپی كارەكان، لەناو خودی خۆیاندایەو خۆیان كۆمەڵێك پرانسیپ و یاساو پێوەری تایبەتی بۆ باش و خراپی دیاردەكانی ژیان دادەنێن. واتە ئەم جۆرە مرۆڤانە كارێك ناكەن لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانی تێدایە یان زۆربەی خەلكی بڕوایان پێیەتی، بەڵكو تەنها ئەو كارانە دەكەن و بەئەخلاقی دەزانن كە لەگەڵ ئەو بەهاو پرانسیپ و پێوەرو یاسایانەی ناوەوەی خۆیاندا چوون یەكە. كەواتە پێوەری هەڵسەنگاندن لەناو خودی خۆیاندایە نەك لەدەرەوەی.

بۆكاری بەدئەخلاقی دەكرێت؟:-

زۆر جار ئەو پرسیارە دەكرێت، لەبەرچی كاری بەد ئەخلاقی و نادروست دەكرێت؟ توێژینەوەكان ئاماژە بۆ ئەم هۆكارانەی لای خوارەوە دەكەن:-

١. گەشە نەكردنی ویژدان بە پێی پێوست.

٢. جیاوازی لەنێوان شێوازی پەروەردەكردنی خێزان و قوتابخانە (دووفاقی لە پەروەردە كردندا)، واتە كاتێك لەقوتابخانە هەندێك كارو كردار بەئەخلاقی دادەنرێن كەچی لەماڵەوە بەبێ ئەخلاقی دادەنێن، لەو بارودۆخە تەم و مژاویەدا منداڵ سەری لێدەشێوێ و ناتوانێت بەئاسانی باش و خراپەكان لەیەكتری جیا بكاتەوە، ئەو كاتەش ناچار دەبێت مل كەچی یەكێك لەو دوو دامەزراوە (قوتابخانە یان خێزان) ببێت و ئەوی تریشیان بەتاوانباری لەقەڵەم دەدات. لەلایەكی تریشەوە جیاوازی نێوان پەروەردەی دایك و باوكیش هەمان دەرئە نجامی پێشووی هەیە.

٢. هۆكاری بایۆلۆژی. جیاوازی بایۆلۆژی لەنێوان تاكەكانی كۆمەڵدا هەیە، كە ئەوش بۆ جۆری كۆئەندامی دەماری ناوەندییان دەگەڕێتەوەو دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێك منداڵ بەجارو دوو جار فێری ڕەوشتی ئەخلاقی نەبن، بەڵكو پێویستیان بەوە هەیە كە چەندەها جار بۆیان ڕوون و دووبارە بكرێتەوە تاوەكوو فێر ببن. ئەم ڕاستیەش دەرئەنجامی زۆربەی توێژینەوەكان سەلماندوویانە، هەروەها تاقی كردنەوەكانی بافلۆفیش ئەو ڕاستیەیان ئاشكرا كرد، كە هەندێك لەسەگەكان تەنها پێویستیان بەدوو سێ جار دووبارە كردنەوەی پرۆسەكە هەبوو بۆ ئەوەی وەڵامدانەوەی مەرجایەتیان (الأستجابة الشرطية) لەلا دروست ببێت، بەڵام هەندێكی تریان پێویستیان بە (٢٠٠) تا(٣٠٠) دوو سەد تا سێ سەد جار دووبارە كردنەوە هەبوو بۆ ئەوەی وەڵامدانەوەی مەرجایەتی لەلایان دروست ببێت. (فتحی، ١٩٨٣، ص١٤).

ڕۆڵی دایك و باوك و مامۆستا لەگەشەكردنی ئەخلاقیدا:-

١. دەبێت دایك و باوك و مامۆستاو كەسانی چواردەوری منداڵ نموونەو پێشەوای (قدوة) باش و بەكەڵك بن. چونكە منداڵ لەڕێگەی لاسایی كردنەوەو خۆخستنە شوێنەوە زۆر لەهەڵس و كەوتەكانیان فێر دەبێت.

٢. منداڵ بەپلەی یەكەم لاسایی ئەو كەسانە دەكاتەوە كە لەلای خۆشەویستن، وە زۆر كەم لاسایی ئەو كەسانە دەكاتەوە كە هێمای ترس و هەڕەشەو تۆقاندنن، لەبەرئەوە زۆر پێوستە كە دایك و باوك و مامۆستا دڵنەرم و بەبەزەیی و خۆشەویست بن.

٣. دەبێت ڕێككەوتن و تێگەیشتنێكی هاوبەش لەنێوان خێزان و قوتابخانە لەسەر پێومرو ڕەوشتە ئەخلاقیەكان هەبێت، نابێت هەندێك پێومرو ڕەوشت لەنێوانیان جێگەی مشت و مڕو مایەی گرژی و جیاوازی بێت، بەڵكو دەبێت هەردوولایان كۆك بن لەسەر باشی و خراپی ڕەوشت و هەڵس و كەوتەكان.

٤. دەبێت قسەو گفتی دایك و باوك و مامۆستا لەگەڵ كردارو كردەوەكانیاندا چوون یەك بن. واتە نابێت بەقسەو گفت شتێك بڵێن و بەكردەوەش پێچەوانەكەی بكەن. چونكە ئەوە منداڵ تووشی دووفاقی (الأزدواجية) دەكات و نازانێت بەكامیان بڕوا بكات، وە دەبێت مرۆڤ بەكردەوە نموونەی بەرز بێت نەك بەقسە (العانی، ١٩٨٩، ص٩٧-٩٨).

٥. دەبێت دایك و باوك لەسەر ڕاست و هەڵەی ڕەوشتەكان كۆك بن، نابێت جیاوازی و دژایەتی لەنێوانیادا هەبێت.

٦. پێویستە زانیاری تەواو دەربارەی ڕەوشتە ئەخلاقیەكان بەمنداڵ بدرێت، چونكە نەبوونی زانیاری و كەمی شارەزایی، منداڵ تووشی هەڵەو بەدكاری دەكات.

٧. پێویستە لەسەر دایك و باوك و مامۆستا، تادەتوانن لەلێدان و سوكایەتی پێكردن و تۆقاندنی منداڵەكانیان دوور بكەونەوە.

یاریکردن و گەشەی منداڵ
چیرۆک و پەروەردەکردنی منداڵ
خوێندنگاو رۆڵی لە دروستی دەروونی منداڵ
ئایا راستە منداڵ کاولکەرو تێکدەرە ؟
سزادانی منداڵ
منداڵی نازدار
منداڵی گێل
منداڵی گەمژە
منداڵی دەبەنگ
منداڵی مەنگۆلی
منداڵ بۆ درۆ دەکات ؟
چکۆسی
بروا بەخۆنەبوون
دواکەوتن لە خوێندن
شەرمکردن
هەستکردن بەکەمی

یاری کردن و گەشەی منداڵ

یاری کردن چالاکیەکە منداڵ پێی هەڵدەستێت بەمەبەستی چێژ لێ وەرگرتن و مەست کردن بەخۆشی، نەک بەفیرۆدانی کات و لاساری کردن وەک زۆر لەباوکان و دایکان بۆی دەچن، وە لەڕێگەی یاری کردنەوە منداڵ زۆر شت فێردەبێت، لەوانە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و توخمی خۆی کەلەپاشەڕۆژدا دەبێت بەبەشێک لەکەسایەتی و ڕەوشتی، هەروەها ئەم چالاکیە هۆکارێکی گرنگە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و جەستەیی و ژیری و هەڵچوونی منداڵ، وە لەڕێگەیەوە شارەزای ژینگەکەی دەبێت و لەئەنجامی ئەم دیوو ئەو دیوی ژینگەکەی زانیارییەکی زۆری دەست دەکەوێت، وە ئەم چالاکیە زۆرجار دەبێت بەئامرازێک بۆ ڕزگاربوونی منداڵ لەزۆر حاڵەتی ترس و دڵەڕاوکێ و گرژی و تێرکردنی هەندێک لەحەزو ئارەزووە کپکراوەکانی ئەو منداڵانەی کەژینگەی خێزانی و کۆمەڵایەتیان ئاڵۆز و دژوار و پڕ لەگیروگرفتە.

هەروەها منداڵ لەمیانەی یاری کردنەوە جیهانێکی خەیاڵاوی و ئەفسوناوی بەچێژ بۆ خۆی دەخوڵقێنێ و خۆی دەبێت بەپاڵەوانی ئەو جیهانەو ئەسپی خەو و خەیاڵی خۆی تیایدا تاو دەدات و گشت ئەو خەو و خەیاڵ و حەزو ئارەزوو داخوازیانەی کەلەژیانی واقیعیدا بۆی تێر ناکرێت، لەم جیهانە پان و بەرینەدا بەئارەزووی خۆی بەبێ ترس و سانسۆر تێریان دەکات، کەئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو منداڵە لەزۆر گرێ ی دەروونی چاوەڕوان کراو ڕزگاری بێت.

تیۆرییەکانی یاری کردن

یاری کردنیش وەک زۆربەی دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی تر خراوەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و زۆر لەدەروونزان و کۆمەڵناسەکان خۆیان پێوە خەریک کردووەو بەزۆر شێوەی جیاجیا ماناو مەبەستی یاریکردنیان لێکداوەتەوە. گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن:-

١) فرۆید:

یاریکردن لای فرۆید ئامرازو کەرەستەیەکە بۆ خاڵی کردنەوەو دەرچوون و ڕزگار بوون لەزۆر باری هەڵچوونی کپ کراوو پەشێوی دەروونی، بەتایبەتی ئەو حەزو ئارەزوو داواکارییانەی کەلەنەستی مرۆڤدا کپ و خەفەکراون و ناتوانرێت ڕاستەوخۆ و ئاشکرا لەجیهانی واقیعدا تێر بکرێت، بەڵام منداڵ دەتوانێت لەڕێگەی یاریکردنەوە هەندێک لەو حەزو ئارەزوو داواکارییانە تێر بکات، بۆ نموونە، منداڵ کاتێک لەخێزانێکی نائاسایی و پڕ لەگیروگرفتدا دەژی و زۆرجار دەکەوێتە بەر شاڵاوی لێدان و ئازار و سوکایەتی پێکردنی باوک و دایکی یان کەسانی تری چوار دەوری، ئەو منداڵە بەستەزمانە لەم کاتەدا ڕق و کینەو تورە بوونێکی پیرۆزی لا دروست دەبێت بەڵام ناتوانێت بەئاسانی لێ ی ڕزگار بێت چونکە لەلایەک داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ڕێگە بەمنداڵ نادات بەگژ دایک و باوکیدا بچێتەوە .

لەلایەکی ترەوە لاوازی و بێ دەسەلاتی و کەم توانایی منداڵیش لەچاو باوک و دایکیدا ، وا لەو منداڵە دەکات کەئەو ڕق و کینەو تورەییەی کپ و خەفە بکات و لەهەستی خۆی دووری بخاتەوەو دەروازە پۆلایینەکانی نەستی لەسەر دابخات، بەڵام ئەم بەند کردن و دوورخستنەوەیە کاتیەو هەر دەبێت منداڵ لێی ڕزگار بێت، ئەگینا تووشی چەندەها گرێ ی دەروونی و نەخۆشی دەکات، لەگرنگترین دەروازەکانی ڕزگار بوونیش یاری

کردنە، کەمندال دەتوانێت لەمیانەی یاری کردن و شکاندنی بووکە شووشەو چاوهەڵکەندنی و پان کردنەوەیی و قژ دەسکەنە کردنی، تۆڵەی خۆی بکاتەوەو داخی دڵی خۆی بەو کەل وپەل و ئامرازی یاری کردنانە برێژێ، کەلەدڵ و دەروونی خۆیدا لەجیاتی دایکە و باوکی دایان دەنێت. واتە ئەو یارییانە دەبن بەهێما (رمز) بۆ زۆرداری و زوڵمی دایکە و باوکە و کەسانی تری چواردەور.

٢) تیۆری کورت کردنەوە:

خاوەنی ئەم تیۆرە (ستانلی هول، ئدرندیکە و هنری بت)ن کەدەڵێن یاریکردن تاڕادەیەکی زۆر لەنێوان منداڵی مرۆڤ و بێچووی ئاژەڵدا چوون یەکن و بۆماوەین (وراثی) وە گوزارشت لەسەرجەم قۆناغەکانی مرۆڤایەتی دەکەن، واتە مندال لەمیانەی یاریکردنەوە گشت ئەو قۆناغانە دووبارە دەکاتەوە کە باب و باپیرو سەرجەم مرۆڤایەتی لەسەرەتای ژیانەوە تاوەکو ئەمڕۆ پیایدا تێپەڕیون، بۆ نموونە کاتێکە مندال یاری بەئاو دەکات ئەوە گوزارشت لەقۆناغی (ماسی) دەکات، کاتێکە مرۆڤ ماسی بووەو لەدەریادا مەلەی کردووە، سەرکەوتن و هەڵبەزو دابەز بەسەر دارو بەردو دیوارو بەریەستدا پەیوەستە بەو قۆناغەی کە مرۆڤ مەیموون بووە، هەروەها یاری و حەزی مندال بۆ ڕاوکردن و ڕاونان و چاوشارکێ وکشتوکال، گوزارشت لە قۆناغەکانی ڕاوکردن و کشتوکال دەکات کە مرۆڤ لەیەکێکە لەقۆناغەکانی ژیانیدا پێ ی هەڵساوە، واتە یاری مندال پەیوەستە بەقۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤایەتیەوە.

٣) تیۆری ئامادەکردن بۆژیان:

دانەری ئەم تیۆرە (کارل گرۆسە) کە دەڵێت یاری، ئامرازێکە بۆ ئامادەکردنی مندال بۆ پاشەرۆژ، واتە یارییەکانی مندال دەبێتە هۆی پتەو کردن و ڕاهێنانی ئەندامەکانی لەشی مندال بۆ کارو پیشەکانی قۆناغی هەرزەکاری و کامڵی و پەیوەستە

بەململانێ ی مرۆڤ لەتەک دەوروبەر، (گرۆس) دەڵێت کاتێک منداڵ لەکاتی یاریکردن دەستو قاچو پەنجەو لەش دەجوڵێنێت ، مەبەست لەوە زاڵ بوونە بەسەر جووڵەو چۆنیەتی بەکار هێنانی ئەندامەکانی لەش لەپاشەڕۆژدا، بۆ نموونە:_

کاتێک بێچووە پشیلە یاری بە گلۆلە دەزوویەک یان تۆپەڵە خوورییەک دەکات، ئەوە ڕاهێنان و خۆ ئامادەکردنە بۆ ڕاوکردنی مشک لەداهاتوودا، هەروەها یاری کردنی منداڵ بە تفەنگ و دەمانچەو شیرو تیر، خۆئامادەکرنە بۆ یاریکردنی ڕۆڵی جەنگاوەر لەپاشە ڕۆژدا وەیاریکردنی کچ بە کەل پەل و کەرەستەی چێشتخانەو دروومان و چاودێری منداڵ، خۆئامادەکردنە بۆ یاریکردنی ڕۆڵی ئافرەت لەپاشەڕۆژدا، وەگرنگترین بۆچوونی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە یاریکردن چالاکیەکی بەئامانجە، هەر چەندە زۆر جار وادەردەکەوێت کەکات بەفیڕۆدانە (وافی، ١٩٨٥،ص٩-٢٢).

٤) تیۆری زیادە ووزە:-

خاوەنی ئەم تیۆرە (هربرت سبنسر)ی فەیلەسوفی ئینگلیزیە، کە دەڵێت منداڵی مرۆڤو بێچوی ئاژەل ووزەو چالاکیەکی لەرادەبەدەریان هەیە وە لەڕێگەی یاریکردنەوە ئەو منداڵ و بێچووانە لەو ووزەو چالاکیانە ڕزگاریان دەبێت و تووشی جۆرە هاوسەنگیەک دەبن و ئەو یاریکردنە دەبێتە هۆی خاڵی کردنەوەو مژینی ئەو ووزە زیادەی لەلای ئەو منداڵ و بێچووانە هەیە.

ئەگەر بەووردی سەنجی ئەو تیۆرانەی سەرەوە بدەین، بۆمان دەردەکەوێت کە هەریەکەیان لەگۆشەنیگایەکەوە ڕوانیویانەتە یاریکردن، کەچوون یەک بووە لەتەک بۆچوونو فەلسەفەو بیرو باوەڕیان، وە زۆربەیان تەواوکەری یەکترین، واتە یاریکردن سودوقازانجێکی زۆر بەمنداڵ دەگەیەنێ، بۆ نموونە منداڵ لەمیانەی هەندێک یاری وەکە (هەڵپەڕکێ و چاوشارکێ و دامەو سێ ڕسکێن و هەڵماتێن و.... هتد) فێری زۆر داب و

نەریت و ڕەوشتی كۆمەلایەتی دەبن وە لەڕێگەی یارییەكانی (تۆپ تۆپێن، هەلوكێن، خەت خەتێن، بازدان، ڕاكردن، سەركەوتن و دابەزین...هتد) زۆر لەئەندامەكانی جەستەی منداڵ بەهێز دەبێت، هەروەها هەندێك یاریش دەبێتە هۆی زیادكردنی شارەزایی منداڵ و ڕاهێنانی هەستەوەرەكانی (حواس)·

لەلایەنی هەڵچوونیشەوە قازانجێكی زۆری پێدەگات، لەبەرئەوە زۆر هەڵەیە بەریەست لەبەردەم یاریكردنی منداڵدا دابنرێت بەبیانووی ئاژاوەو لاساری و خەو حەرام كردن و ئازاردان و...... هتد، چونكە قەدەغەكردنی منداڵ لەیاری كردن مانای شێواندنی گەشەی منداڵ و بێ بەش كردنیەتی لەگەورەترین و بەچێژترین چالاكی كەتایبەتە بەقۆناغی منداڵییەوە، لەبەرئەوە زۆر پێویستە لەسەر دایكە و باوكە كە بەپێ ی توانا كەرەستەو كەلو پەلی یاریكردن بۆ منداڵەكانیان پەیدابكەن و جێگای یاریكردنیان بۆ دابین بكەن، *وەزۆر خاسیەت و مەرج هەیە دەبێت ڕەچاو بكرێت لەكاتی پەیداكردن و كڕینی كەل وپەل و كەرەستەی یاریكردن بۆ منداڵ لەوانەش ئەمانەی لای خوارەوەیە:-*

١) بریقەدارو ڕەنگاو ڕەنگ بێت ٢) سوك و نەرم و نیان بێت ٣) بتوانرێت بەئاسانی بشۆردرێت و پاك بكرێتەوە ٤) بارستاییەكەی ئەوەندە ببێت منداڵ نەتوانێت قووتی بدات ٥) تیژ نەبێت بۆ ئەوەی ئازاری منداڵ نەدات ٦) جۆرەبەرگرییەكی تێدابێت و بەئاسانی نەشكێت ٧) لەتەك تەمەن و قۆناغی گەشەكردنی منداڵەكەدا بگونجێت، بۆ نموونە كەرەستەی یاریكردن ئاسان و سادەبێت باشترە بۆ منداڵی بچكۆلە لەكەرەستەی ئاڵۆزو گرانی كارەبایی یان میكانیكی، چونكە لەتوانای منداڵی بچوكدا نییەو لەتەك ژیری و لێ هاتوی ئەودا ناگونجێ و چێژی لێ وەرناگرێت. بەڵام منداڵی گەورە چێژ لەو كەرەستە ئاڵۆزو میكانیكی و كارەباییانە وەردەگرێت. بۆ چوونێك هەیە لەهەڵبژاردنی كەرەستەی یاریكردنی منداڵدا ئەویش ئەوەیە، منداڵ چەند بچوك بێت، دەبێت ئەوەندە كەرەستەی یاریكردنی گەورەو سادە بێت، وەچەند گەورە بێت، دەبێت ئەوەندە یارییەكانی بچوك و ئاڵۆزبێت.

چیرۆک و پەروەردەکردنی منداڵ

بەزۆر شێواز دەتوانرێت منداڵ ڕۆشنبیرو پەروەردە بکرێت، یەکێک لەو شێوازانەش گێراندنەوەو خوێندنەوەی چیرۆکە بۆ منداڵان، هەموومان دەزانین کەچیرۆک و حیکایەت مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو نەوە لەدوای نەوە بۆ یەکتریان گواستۆتەوەو بووە بەفۆلکلۆرو سەرمایەو شارستانیەتی، بێگومان چیرۆکیش بەشێکی گرنگی ئەو شارستانیەتەیە. چیرۆکە بەپێ ی ناوەڕۆکەکەی دەتوانرێت دابەش بکرێت بۆ چەندەها جۆر، لەوانە (چیرۆکی گاڵتەو گەپ و پێ کەنیناوی، سۆزو خۆشەویستی، دەروونی، فەلسەفی، سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، هێمایی [رمزی]...هتد) چیرۆکە گرنگیەکی زۆری هەیە لەژیانی منداڵدا، چونکە پڕیەتی لەبەسەرهات و ڕووداو داب و نەریت و ئاکاری جوان و ڕۆشنبیری و زانیاری منداڵ زیاد دەکات، دەتوانین گرنگی چیرۆکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:-

١) هۆکارێکی گرنگە بۆ دەوڵەمەند کردنی زمانی منداڵ و پاراو کردنی بەووشەو زاراوەو ڕستەی جۆراوجۆر. لەڕێگەی گێراندنەوەی چیرۆکەوە منداڵ فێری زۆر کون و کەلەبەری زمانەکەی و سەرمایەی زمانی زیادو دەوڵەمەند دەبێت، هەروەها کاتێکە منداڵ دووبارە ئەو چیرۆکانە لەسەر زمانی خۆی بۆ کەسانی تر دەگێڕێتەوە زیاتر زمانی دەوڵەمەندتر دەبێت.

٢) منداڵ لەڕێگەی چیرۆکەوە شارەزایی و زانیارییەکی زۆری لەبارەی ژیان و زۆربەی بوارەکانیەوە بۆ پەیدا دەبێت. شارەزای هەندێک لایەنی ژینگەی جوگرافی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی وڵاتەکەی دەبێت، زانیاری دەربارەی پاڵەوان و سەرکردەو ناودارانی گەلەکەی دەبێت، بێجگە لەزانیاری لەبوارە زانستیەکاندا.

٣) منداڵ لەڕێگەی چیرۆکەوە فێری زۆر سیفات و ڕەوشتی جوانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤانە دەبێت لەوانە (ڕاستگۆیی، دەست پاکی، وەفاداری، هاوڕێ یەتی، نیشتمان پەروەری، دڵسۆزی، دادوەری...هتد) وە خراپی و دزێوی زۆر سیفات و خاسیەتی ناشیرینی بۆ ڕوون دەبێتەوە لەوانە (درۆ، دزی، تاوان، فرتو فێڵ...هتد). کەئەمە خۆی لەخۆیدا پەروەردەکردنێکی گیانی و ئاکارییە بۆ منداڵ.

٤) هەندێک لەپرۆسەکانی ژیری، لەڕێگەی لەبەرکردن و گێڕاندنەوەی چیرۆکەوە دەتوانرێت گەشەی پێ بدرێت و منداڵ لەسەریان ڕابهێنرێت، لەوانە (ئاگاداری، چاو تێبڕین، یادکردنەوە، بەراورد کردن، دەوڵەمەند کردنی خەیاڵ و بۆچوون).

٥) منداڵ دەتوانێت لەڕێگەی چیرۆکەوە لەزۆر گرژی و ئەندێشەی دەروونی ئاڵۆز ڕزگاری بێت، چونکە زۆر لەناوەڕۆکی چیرۆکەکان دەبنە هۆی (پێ کەنین و گریان و گاڵتەجاڕی و تووڕەبوون و هاوارکردن و ناڕەزایی...هتد). کەسەرجەم ئەمانە دادەنرێن بەدەروازە بۆ بەتاڵ کردنەوەی ئەو بارگە هەڵچوونیە کۆکراوانەی ناوەوەی منداڵ و ڕزگار بوون لێ یان، هەندێک لەدەروونزانەکان چیرۆک وەک شێوازێک بۆ دەست نیشان کردن و چارەسەرکردنی هەندێک لەنەخۆشیە دەروونیەکان بەکار دەهێنن، چونکە هەندێک جار بەسەرهات و ڕووداوەکان و ڕۆڵی پاڵەوانی چیرۆکەکان زۆر نزیکن لەژیان و بەسەرهات و گرفتی زۆر لەو منداڵانەی کەگوێ بیستی دەبن یان دەیبینن ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سودی لێ وەردەگرن و لەڕێگەی خۆخستنە شوێن و لاسایی کردنەوە، منداڵەکانیش لەو گرفت و ئەندێشە دەروونیانەیان ڕزگاریان دەبێت و وەک هێماو (ایحایەک) کاریان تێ دەکات و دەبێت بەجۆرێک لەچارەسەری دەروونی بۆیان.

بەلام ئەم ئامانج و گرنگیانەی سەرەوە نایەنەدی ئەگەر لەكاتی گێڕاندنەوەو باس كردنی چیرۆكدا رەچاوی ئەم خالانەی خوارەوە نەكرێت :-

١) دەبێت ئەو چیرۆكانە لەئاستی زیرەكی و ژیری و قۆناغی مندالەكاندا بێت و پەیوەست بێت بەحەزو ئارەزوو خەوو خەیالیانەوە.

٢) دەبێت ئەو كەسەی چیرۆكەكە دەگێڕێتەوە بەشێوەیەكی سادەو ساكارو بەزمانێكی پاراوو بەدەنگێكی زولال و تۆنێكی گونجاوو تام و چێژەوە بۆ مندالەكانی باس بكات بۆ ئەوەی كاریگەری خۆی بەجێ بهێلێ.

٣) نابێت چیرۆكەكە زۆر درێژ بێت و مندال تووشی ناڕەزایی و بێزاری بكات.

٤) نابێت ناوەڕۆكی چیرۆكەكە دڕندەوی و خوێناوی و پڕ لەترس و تۆقاندن بێت، تا دەتوانرێت دەبێت پالەوانەكانی خاوەنی سیفات و ڕەوشتی جوانی مرۆڤایەتی بن و سیفات و خاسیەتە دزێوو نامرۆڤایەتیەكان دەبێت سوك و ڕیسوا بكرێتو ببن بەپەند بۆ خاوەنەكانیان و مندال سودی لێ وەربگرێت و لەدوا ڕۆژدا لێ ی دوور بكەوێتەوە.

٥) دەبێت گولبژێر بكرێت، واتە ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانە بۆ مندالان باس بكرێت كەلەگەل سەردەم و داب و نەریت و ئاكاری كۆمەلایەتیدا دەگونجێت و لەو چیرۆكانە دوور بكەوێتەوە كەناوەڕۆك و بەسەرهاتەكانی هیچ سودو قازانجێك بەمندالانمان ناگەیەنێت.

قوتابخانەو رۆڵی لەدرووستی دەروونی منداڵاندا

منداڵ کاتێک بۆ یەکەم جار ماڵ ئاوایی لەماڵەوە دەکات و ڕوو دەکاتە گۆڕەپانی قوتابخانەو دەبێت بەقوتابی، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفت دەبێتەوە، ئەگەر پشتگوێ خراو مامەڵەی زیرەکانەی لەتەکدا نەکرا، ئەوکاتە ناتوانێت بەئاسانی خۆی لەتەک ژینگەی قوتابخانەدا بسازێنێ و تووشی کۆمەڵێک گرفت دەبێت. لەبەرئەوە ئەرکی سەرشانی قوتابخانەیە کەدەست نیشان و چارەی گرفتەکانی بکات. گرفتەکانیش لەئەنجامی ئەو ژینگە تازەیەوە دروست دەبێت کەبۆ یەکەم جار منداڵ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەویش ژینگەی قوتابخانەیەو زۆر شتی تازەیەو منداڵ ئاشنایەتی لەتەکیاندا نیە لەوانە (خشتەی وانەکان کەکاتەکانی دیاریکراوەو منداڵ ناتوانێت پشت گوێیان بخات، دەبێت بەپێ ی پێوەرو یاساو دابو نەریتی تایبەتی هەڵسو کەوت بکات، لغاو کردنی چالاکیە هەڕەمەکیو سەربەستەکانی، بەستنەوەی منداڵ لەپۆلدا لەسەر کورسیەکی ڕەق و تەق، جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی قوتابخانە، ململانێ لەسەر دەستکەوتنی سۆزو خۆشەویستی و بەزەیی مامۆستا، ڕێگە پێنەدان بەمنداڵ بۆ ئەوەی بەئارەزووی خۆی قسە بکات، پێکەنینو هاوارکردنی لێ قبوڵ ناکرێت لەناو پۆلدا...هتد). کەسەرجەم ئەم داواکاریو گۆڕانکارییانە پێچەوانەی داوکارییەکانی ژینگەی پێش هاتنە قوتابخانەیەتی، لەبەر ئەوەی منداڵ پێش تەمەنی شەش ساڵانی سەربەستەو بەئارەزووی خۆی هەڵبەزو دابەز دەکات و مەرج و یاساو سنوور نیە بۆ چالاکیەکانی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی کەمو دیاریکراونو بەئارەزووی خۆی هاوار دەکاتو پێدەکەنێت و دەگری و یاریی دەکات.

بێگومان ئەم گۆڕانکارییە کتوپڕە لەژیانی منداڵداو چوونە قوتابخانەی دادەنرێت بەناسکترین و شلۆقترین کات، بەتایبەتی هەفتەکانی یەکەمی چوونە قوتابخانەی، ئەوەی زیاتر قورەکە خەستترو گرفتەکان ئاڵۆزتر دەکات کەسایەتی لاوازو پەروەردەی هەڵەی خێزانەکەیەتی، چونکە زۆرجار هاتنی منداڵ لەژینگەیەکی خێزانی نائاسایی و پڕ

گرفتەوە کێشە بۆ قوتابخانەو گرفت بۆ منداڵەکە دروست دەکات. کاتێک منداڵ لەناو خێزاندا نازدار بەخێو دەکرێت و سەربەستیەکی لەڕادەبەدەری دەدرێتێ، یان بێزراو پشتگوێ دەخرێت و بەڕەلا دەکرێت و هەڵەکانی بۆ ڕوون ناکرێتەوە یان ئازار دەدرێت و سوکایەتی پێ دەکرێت و توندوتیژی لەبەرانبەر بەکار دەهێنرێت و ڕانەهێنرا بێت لەسەر پشت بەخۆ بەستن و بڕوا بەخۆبوون و هەست بەکەمی بکات، لەئەنجامدا کەسایەتی ئەو منداڵە دەشێوێ و بەزەحمەت دەتوانێت خۆی لەتەک قوتابخانەدا بسازێنێ و بەردەوام پەنا بۆ میکانیزمە بەرگرییە دەروونیەکانی وەک (چەپاندن، هۆهێنانەوە، بەسەرا بڕین، خۆخستنە شوێن، دەست درێژی...هتد) دەبات، هەروەها زۆرجار بەداخەوە هەندێک مامۆستا ڕاو بۆچوونی هەڵەیان دەربارەی ڕەوشت و هەڵس و کەوتی ئاسایی و درێوی منداڵ هەیە، بەڕای ئەوان (پسکەپسکە، سوور بوون لەسەر ڕاوبۆچوون، بەجەرگی، جووڵەی بەردەوام، حەز کردن بەزانینو ئەم دیوو ئەو دیو کردنی دیاردەکان، زۆر پرسیار کردن، بەرکەوتن و شکاندنی هەندێک کەل و پەلی قوتابخانە) جۆرێکە لەلاساری و سەرکێشی منداڵ، بەڵام بەڕای پزیشکو دەروونزانەکان ئەو هەڵس و کەوتانە ئاساییەو بەڵگەی کۆڵ نەدان و سوور بوونە لەسەر ژیان. بەپێچەوانەشەوە هەندێک مامۆستا لەو بڕوایەدان کە(شەرم کردن، گومانو مل کەچی، مەلوولی و داماوی، ترس، بێ دەنگی و نەجووڵان) بەڵگەن بۆ ژیری و بەئەدەبی ئەو منداڵانە، لەکاتێکدا دەرونزانەکان بەنیشانەی پاشەکشێ و بوونی گرێ و ململانێ ی دەروونی دادەنێن.

بەم شێوەیە مامۆستا ڕەوشتە ئاساییەکان بەنائاسایی و چەوتەکان بەڕاست لەقەڵەم دەدات و دەردی منداڵ گرانتر دەکات، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر قوتابخانە کەژینگەیەکی پەروەردەیی کۆمەڵایەتی گونجاو بخولقێنێت بۆ قوتابییەکان و گرفتەکانیان دەست نیشان و چارەسەر بکات و ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی نێوانیان بکات و هەلس و کەوت و مامەڵەی دکتاتۆریانە نەبێت و، گیانی هاوکاری و تەبابیان تێدا بچێنێت و هەل و بواری سەرکەوتنیان بۆ زیاد بکات و کۆسپ و سەرنەکەوتنەکانیان کەم بکاتەوەو بەهاوکاری خێزانەکانیان ڕەوشتە هەڵەکانیان ڕاست بکەنەوە و شارەزاییەکی باشیان لەسایکۆلۆژیەتی منداڵدا هەبێت، ئەم ئەرکانەش جێ بەجێ ناکرێت ئەگەر بەڕێوەبەری بەبەزەیی و سەرکەوتووی نەبێت و مامۆستا دەروێشی پیشەو هاوسۆزی منداڵان نەبێت و پرۆگرام و شێوەکانی وانە ووتنەوە لەتەک حەزو ئارەزوو توانستەکانی فێرخوازاندا چوون یەک نەبێت و ژینگەی قوتابخانە بەرفراوان و بێ گرفت نەبێتو پەیوەندی پتەو لەنێوان مامۆستایان و خوێندکاراندا نەبێت و سەرجەم وەک خانەکانی هەنگ لەخزمەتی پرۆسیسی پەروەردەو فێرکردندا نەبن.

ئایا ڕاستە منداڵ کاوڵ کەرو تێکدەرە؟

منداڵ بۆ ئەوەی بەتەواوی و بێ گیروگرفت و گرێ ی دەروونی گەشە بکات، پێویستە ژینگەی ئاسایی و لەباری بۆ بخوڵقێندرێ کەچوون یەک بێت لەتەک پێداویستی قۆناغەکانی گەشەکردن، یەکێک لەگرنگترین پێداویستیەکانی منداڵ، زانینی دەوروبەرو ئەو ژینگەیەیە کەتیایدا دەژی. کاتێک منداڵ بۆ یەکەم جار دەچێتە جێگایەکی تازەوە یان کەل و پەل و شتێکی تازە دەبینێت لەئەنجامی پاڵنەرو ڕەمەکی ئارەزووی شت زانینەوە هەوڵ دەدات شارەزایی تەواو لەبارەی ئەو جێگاو کەل و پەلە تازانەوە پەیدا بکات، دوور نیەو لەوانەیە لەئەنجامی هەڵس و کەوتی منداڵەوە زەرەرو زیان بەو جێگاوکەل و پەلانە بگات، ئالێرەوە گیروگرفتەکە سەر هەڵدەدات.

پێویستە دایک و باوک و گشت ئەو کەسانەی مامەڵە لەگەڵ منداڵ دەکەن چەند ڕاستیەک هەیە بیزانن، لەوانە منداڵ بۆ ئەوەی شارەزایی و کارامەیی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیادو فراوانتر ببێت، پێویستی بەوە هەیە کەهەموو دیاردەکان (بەتایبەتی جەستەیی و ماددی و هەست پێ کراوەکان) ئەم دیوو ئەو دیو بکات، چونکە هەموویان تازەو سەرنج ڕاکێش و نامۆن بەلای منداڵەوە، لەبەرئەوە بەردەوام هەوڵ دەدات پێکهاتەو پارچەکانیان بزانێت و لەڕێگەی تێک دانیان و کردنەوەو هەڵوەشاندن و دووبارە دروست کردنەوەی کەل و پەل و کەرەستەکان و پرسیار کردن لەبارەیانەوە، شارەزایی پەیدا دەکات. ئینجا زۆرجار لەکاتی یاری پێ کردن و ئەم دیوو ئەو دیو کردنیاندا لەوانەیە هەندێک لەو کەل و پەل و کەرەستانە بشکێن و ئا لێرەدا منداڵ بەتێکدەرو کاولکەر ناو دەبرێت و لەوانەشە ئازارو لێدانیشی بەرکەوێت.

بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە منداڵ هەموو گیانی هێزو ووزەو جوولەیەو بەردەوام هەڵبەزو دابەزیەتی و بەڕاست و چەپی خۆیدا دەگەڕێت، هەموشیان لەئەنجامی ڕەمەکی حەز بەزانینی شتەکانو تاقیکردنەوەوەیە. دەتوانین لەمیانەی ئەم چەند نموونەی خوارەوە

زیاتر مەبەستەکەمان ڕوون بکەینەوە. کاتێک منداڵ دەبینێ باوکی خەریکی کاتژمێرەکەیەتی، ئەم دیاردەیە تازەو نامۆیە بەلای منداڵەکەوە، لەئەنجامی ئەو ڕەمەکەوە منداڵ هەوڵ دەدات ئەویش وەک باوکی ئەو کاتژمێرە ئەم دیوو ئەو دیو بکات و ئەگەر پێویستی کرد تێکی بداتو هەموو نهێنیەکانی ئەو کاتژمێرە بزانێت و تێنوێتی لێی بشکێ، دوای ئەوە فڕێی دەدات و ئیشی پێ ی نامێنێ، بەڵکو لەئەنجامی نەزانی و کەم شارەزایی و توانایی منداڵەکەوە لەوانەیە کاتژمێرەکە بەساغ و سەلامەتی لەبەردەستی ئەم تازە پێگەیشتوەدا ڕزگاری نەبێت و تووشی زیان و کەم و کوڕتی ببێتو منداڵەکەش بکەوێتە بەر هەڕەشەو لێدانی باوکەکەی و بەتێکدەرو شەڕخوازیش تاوانبار بکرێت. یان کاتێک دایک خەریکی بڕینی پارچە قوماشێکە، منداڵیش کەچاوی لەوە دەبێت، هەوڵ دەدات لاسایی دایکی بکاتەوەو ئەویش وەک دایکی مقەست بگرێت بەدەستیەوەو قوماش پارچە پارچە بکات و ئەویش لەو خۆشی و تام و چێژی شت بڕینە بێبەش نەبێت لەلایەکو شارەزایی پەیدا بکات لەبارەی ئەم کردارەوە لەلایەکی ترەوە، بەلام لەوانەیە دایک ڕێگە بەمنداڵەکەی نەدات ئەم حەزو ئارەزووەی بێتەدی، منداڵەکە ناچار دەبێت بەدزیەوە مقەستەکەی دەست بکەوێت و ئەو ئاواتەی بێتەدی.

بەلام لەبەرئەوەی منداڵ نرخی کەل و پەلەکان نازانێت وەک یاری و کەرەستەیەکی ئاسایی مامەلەیان لەگەلدا دەکات، لەوانەیە پارچە قوماشێکی گران بەهای دایکی پارچە پارچە بکات، ئا لێرەدا جارێکی تر منداڵ دەبێت بەکاولکەرو مایەی بێزاری و دلتەنگی دایک و باوک، بەلام لەراستیدا ئەم منداڵە مەبەستی زەرەردان و کاول کردن نیە، بەلکو تێرکردنی ڕەمەک و پالنەرە بایەلۆژیەکانیەتی. بەلام لەئەنجامی نەزانی ئەو دایکەوە کەمقەست و پارچە کاغەز یان ڕۆژنامە کۆنێک یان پارچە قوماشێکی بێکەلکی نەدا بەمنداڵەکەو لێی شاردەوەو حەزو ئارەزوەکەی تێر نەکردو پێداویستیەکانی بۆ دابین نەکرد، لەبەر ئەوە منداڵەکە بەناچاری و نەزانی پەنای بۆ ئەو ڕێگەیە بردو ئەو دەرئەنجامەی لێکەوتەوە.

جاری وا هەیە ڕێکەوت دەکات باوک خەریکی نووسینە، منداڵ کەچاوی لەباوکی دەبێت ئەویش حەز دەکات وەک باوکی ئەو کارە بکاتو ئەم دیاردەیەش تاقی بکاتەوە و بزانێت ئەم کاغەز ڕەش کردنەوەیە تام و چێژی چی تێدایە، ئەگەر هات و باوک قەڵەم و پارچە کاغەزێکی نەدا بەمنداڵەکەی بۆ ئەوەی ئەو حەزو ئارەزووەی تێر بێت، ئەوا منداڵەکە ناچار خۆی دەگەڕێت بەدوای قەڵەم یان تەباشیر یان خەڵوز...هتد، دوایی ئەگەر کاغەزی دەست نەکەوت ئەوا دیواری ماڵەکە دەکات بەتەختە ڕەش و داخی دڵی خۆی بەو دیوارە دەڕێژێو چی لەدڵو دەروونیدا هەیە بەهۆی چەند خەتێکی ڕاست و چەپ و (شەقلی و پەقلی) دەری دەبڕێت و لەسەر دیوارەکە دەی نەخشێنێ.

منداڵ کاتێک ئەم کارە دەکات نرخی دیواری بۆیاخکراو نازانێت و هیچ جیاوازی ناکات لەگەڵ پارچە تەختەیەکدا، لێرەشدا منداڵ هەر بەکاول کەرو تێک دەر لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام هەڵە هەڵەی ئەو باوکەیە کەقەڵەم و پارچە کاغەزێکی بۆ منداڵەکەی دابین نەکرد، تا تینویەتی خۆی بشکێنێ و وەڕسو بێزار ببێت لەنووسین و دوایی وازی لێ بهێنێ. لەبەر ئەوە منداڵەکە بەناچاری بەو ڕێگە تایبەتیەی خۆی ئاواتەکەی هێنایەدی. ئەمانەو چەندەها نموونەو دیاردەی تر، ڕۆژانە لەزۆربەی ماڵەکان ڕوودەدات و کارێکی ئاسایی و سروشتیە بەلای منداڵەوەو بەو ڕێگەیە حەزو ئارەزوەکانی تێر دەبێت و شارەزای دیاردەکانی ژیان دەبێت و گەشە دەکات و کارامەیی و زانیاری پتر دەبێت، بەڵام جێگەی داخە زۆرجار لەئەنجامی دابین نەکردنی پێداویستی و کەرەستەکان بۆ منداڵ تاوەکو بەشێوەیەکی سروشتی ئەو پێداویستی و حەزو ئارەزوانەی منداڵ تێر بکرێت و لەئەنجامی نەزانی و پشت گوێ خستنی هەندێک دایک و باوک، منداڵ دەکەوێتە ئەو هەڵانەو بەتێک دەرو کاول کەر لەقەڵەم دەدرێت و تووشی ئازارو کێشەو لێدانیش دەبێت. هۆکەشی بۆ ئەم خاڵانەی لای خوارەوە دەگەڕێتەوە:-

١) منداڵ هێشتا ماسوولکەو وردە دەمارو ئەندامەکانی تری لەشی بەتەواوی گەشەیان نەکردووە، لەبەرئەوە زۆرجار لەکاتی جوولەو هەڵبەزو دابەزو ڕاکردندا زەرەرو زیان بەکەلو پەلو کەرەستەکانی تری ناوماڵ دەگەیەنێت یان لەدەستی دەکەوێتە خوارەوە یان خۆی پێدادەکێشێت.

٢) منداڵ لەلایەنی ژیرییەوە بەتەواوی گەشەی نەکردووەو شارەزایی دەربارەی نرخو بەهای کەل و پەلەکان نیە، لەبەر ئەوە گرانبەهاترین کەلو پەل لەناو ماڵدا بەلای ئەوەوە هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ یارییەکدا (لعابة). لەوانەیە مەزهەرییەک یان سەعاتێکی سەرمێز یان کەلو پەلێکی تری گران بەها هەڵگرێت و فڕێ بدات و بیدات بەبەردو دیواردا، بۆ ئەوەی شارەزایی لەبارەیەوە پەیدا بکات و تام وچێژ لەتەقە تەق و کەوتن و فڕێ دانەکەی وەربگرێت، لەم کاتەشدا دوور نیە ئەو کەل و پەلە گرانبەهایانە بشکێتو منداڵ چێژیشی لێ وەربگرێت وەک چۆن چێژو خۆشی دەست دەکەوێت کاتێک یارییەک (لعابة) دەشکێنێت و هەڵی دەوەشێنێت.

٣) تەسک بوونەوەی ژینگەو بواری جوولەی منداڵ لەئەنجامی پێشکەوتنی شارستانیەت و کەم بوونەوەی ڕووبەری باخچەی خانوو ژمارەی ژوورەکان و زیاد بوونی کەرەستەو کەلو پەلی ناوماڵ و شکاندنیان بەئاسانی و قەرەباڵغ بوونی چوار دەوری منداڵ و گەڕەک و کۆڵان و سەرشەقامەکان. منداڵ خۆی لەخۆیدا لەم قۆناغەدا پێویستی بەجوولەو ڕاکردن و هەڵبەزو دابەز هەیە، بێ گومان لەم کاتەدا بەر ئەو کەل و پەلانە دەکەوێت و زەرەریان پێ دەگات، چونکە ناوماڵ لەم ڕۆژگارەدا زۆر قەرەباڵغەو منداڵی هەژار بواری جوڵاندن و هەلس و کەوتی نەماوە، لەبەرئەوە ئێستا ئەو زەرەرو زیانەی منداڵ دەیدات زۆر زیاترە لەجاران، چونکە (٤٠) یان (٥٠) ساڵ پێش ئێستا ناو ماڵ ئەوەندە کەل و پەلی تێدا نەبووە، هەروەها کۆڵان و ناوماڵ ئەوەندە قەرەباڵغ نەبوون و ژینگەیەکی فراوان و گەورە هەبوو بۆ یاری کردن و جوولەی منداڵ.

٤) ڕوون نەکردنەوەی دیاردەکانی ژیان و ژینگە بۆ منداڵ، لەلایەن دایکان و باوکان و کەسانی چوار دەورییەوە، هەروەها تێرنەکردنی حەزو ئارەزووەکانیان و دابین نەکردنی پێداویستیەکان و وەڵام نەدانەوەی زۆربەی پرسیارەکانی منداڵ و نەشکاندنی تینوێتی ڕەمەکی زانینی دیاردەکان، لەبەرئەوە منداڵ ناچار دەبێت زۆرجار پەنا بۆ ئەزمون و هەلس و کەوتی خۆی ببات، بۆیە دەکەوێتە هەڵەوەو زەرەرو زیان بەکەل و پەل و

کەرەستەکانی ناوماڵ دەگەیەنێت. ئەگەر باوک و دایکی شارەزاییان هەبێت ئەوا دەتوانن منداڵ لەو زەرەرو زیانانە ڕزگار بکەن و بەڕێگەی ئاسایی و سروشتی ئەو حەزو ئارەزوانەی منداڵ تێر بکەن. (القوصی، ١٩٨١، ص٣٨٧-٣٩٨).

بەڵام بەداخەوە تاوانێکی گەورە دەرهەق بەمنداڵ دەکرێت و لەپێداویستیەکانی بێ بەش دەکرێت و هەموو دەرگاکان لەبەردەمیا دادەخرێت و لەدوایشدا بەتێکدەرو کاول کەر لەقەڵەم دەدرێت و منداڵ دەبێت بەقوربانی هەڵەو سەرەڕۆیی هەندێک باوکو دایکی نەزان و کاول کارو تێک دەر.

سزادانی منداڵ

لەمێژە باب و باپیرانمان ووتویانە: (شەرعی مار بەدار) لەهەمان کاتیشدا فەرموویانە: (مار بەقسەی خۆش لەکون دێتە دەر)، سەرنج بدەن خوێنەرانی بەڕێز دوو پەندی دژ بەیەکتر دوو بۆچوونی جیاوان، دەربارەی بەکارهێنانی سزاو ئازار لەژیاندا بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان، ئەمە لەناو یەک نەتەوەدا، ئەی دەبێت لەسەرتاپای جیهانداو لەگێژاوی ئەو هەموو بۆچوون و ئایدۆلۆژیا جیاوازانەدا چ ڕاو بیروڕایەک دەربارەی بەکارهێنانی سزاو ئازار لەژیاندا هەبێت. کۆمەڵناس و دەروونزان و فەیلەسووفەکان دوو ڕاو بۆچوونی جیاوازیان دەربارەی سزاو ئازار هەیە. گروپێکیان لایەنگیری بەکارهێنانی سزاو ئازارن بەبیانووی ئەوەی سروشتی مرۆڤ شەڕخوازەو، مرۆڤ گورگێکەو لەپێستی مەڕدا دەژی و بەردەوام هەوڵی خواردن و تێکشکاندنی بڕبڕەی پشتی برای خۆی دەدات، سزاو ئازار پێویستە بۆ دەستەمۆکردن و ڕاهێنانی مرۆڤ لەسەر داب و نەریت و بەهای کۆمەڵایەتی. بەڵام گروپی دووەم ڕای جیاوازیان هەیەو دەڵێن تاوانە ئازاری مرۆڤ بدرێت و ژیانی لێ تاڵ بکرێت و بۆ هیچ کەسێک نەهاتووەو مافی ئەوەی نیە ژیانی کەسێکی تر بکات بە دۆزەخ.

دوای کۆمەڵێک توێژینەوە لەبواری پەروەردەو دەروونناسیدا بۆ زۆربەی زانایان دەرکەوت کە بەکارهێنانی سزاو ئازار زەرەرو زیانەکانی زۆر زۆر زیاترە لە سودو قازانجەکانی وە لەترسناکترین دەرئەنجامەکانی بەکارهێنانی سزاو ئازار ئەمانەی لای خوارەوەن:-

١) بەجێهێشتنی شوێنەوارێکی دەروونی ترسناک، هیچ کەس ڕازی نابێت ئازار بدرێت و سووکایەتی پێ بکرێت، لەبەرئەوە خۆشەویسترین کەسیش ئەگەر ئازارو سزای بدەیت، ئەو نارازی دەبێتو تووشی خەم و خەفەت و دڵەڕاوکێ و ئازارێکی دەروونی زۆر دەبێت و شوێنەواری خۆی لەسەر دەروون و کەسایەتی ئەو کەسە بەجێ دەهێڵێ.

٢) هەندێک جار ئەو کەسەی سزا دەدرێت، لەتەک ئەو ئازارو سزایەدا ڕادێت و ئەو توندو تیژییە دەمرێت و دەتوانێت خۆی لەتەکیدا بسازێنێ و ئیتر ئەو سزاو ئازارە سوودو ئاکامی نابێت، ئیتر ئەگەر بمانەوێت سزاو ئازار کاریگەری هەبێت دەبێت ڕێژەکەی زیاد بکەین، بۆ نموونە ئەگەر باوک یەکەم جار بەزلەیەک (شەقێک) منداڵەکەی ئازار بدات، ئەوا پاش ماوەیەک دەبێت بیکات بەدوو زلە(شەق)، چونکە یەک زلە کاریگەری نامێنێت و منداڵەکە لەتەکیدا ڕادێت و نرخی نامێنی و خۆشە دەبێت، دوای ئەوە دەبێت بیکات بە دوو زلەو کوتەکێک ئینجا دوو کوتەک و دوو زلە، بەم شێوەیە دەبێت بەردەوام ڕێژەکەی زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێت، ئینجا ئەو کاتە ئەو خێزانە دەبێت بە دۆزەخو زیندان بۆ ئەو منداڵەو پیرۆزی و گرنگی خۆی لەدەست دەدات، لەلایەکی ترەوە دوور نیە ئەو جۆرە منداڵانە فێری سزاو لێدان ببن و ئیتر هیچ کاتێک دڵیان ئاو ناخواتەوەو کرناین ئەگەر تێر لێدان نەخۆن و سوکایەتیان پێ نەکرێت، واتە دەبن بە مرۆڤێکی (ماسۆشی) د تام و چێژ لەلێدان و سوکایەتی پێکردن وەردەگرن.

٣) زۆر کەسی تر دەبن بە (قۆچی قوربانی) دەستی ئەو کەسەی کە ئازار دراوە، بۆ نموونە ئەگەر لەماڵەوە یان قوتابخانە بە بەردەوامی ئازارو سزا بەکاربهێنرێ، ئەو کاتە ئەو کەسەی سوکایەتی پێ کراوەو ئازار دراوە، داخی دڵی خۆی بەکەسانی لاوازو بێ

دەسەلاتتر لەخۆی دەرێژێ، واتە یان لەبرابچکۆلەکەی یان لەمندالانی دراوسێ یان لەفێرخوازێکی تر دەداتو تۆڵەی خۆی لەوان دەکاتەوە. (تریفرز، ۱۹۷۹ ص۳٦۱-۳٦٤).

٤) زۆرجار زیانی لاوەکی دەبێت، بەردەوام ئەگەر باوک بەمندالی و مامۆستا بەفێرخوازی و لێپرسراو بەئەندامەکانی بلێت ئێوە خراپن، تێ ناگەن، بەکەلکی هیچ شتێک نایەن، گەمژەن...هتد. ئەمانە خۆی لەخۆیدا سزاو ئازاری (معنوين)، ئیتر ئەو کاتە ئەگەر بەتواناو لێ هاتوو زیرەکیش بن، لەئەنجامی ئەو قسە ناخۆشانە دوور نیە هەست و بۆچوونێکی هەلەیان لا دروست ببێت کەخراپن و تێناگەن و ڕەوشت نزم و گەمژەن، ئیتر ئەو کاتە وەک مرۆڤێکی خراپ و تێ نەگەیشتوو ڕەوشت نزم و گەمژە هەڵس و کەوت دەکەنو بەرەو هەڵدێرو لاساریی دەڕۆن.

٥) کەسانی تۆقێنەرو سزادەرو بەئازار دەبن بەنموونە بۆ لاسایی کردنەوە، ئەو کاتە مندال وەک باوکی، فێرخواز وەک مامۆستای، ئەندام وەک لێپرسراوی دڕندەو سزادەری دەبێت بە دڕندەو توندوتیژو دەست درێژکەرو ئەویش لەداهاتوودا وەک ئەوان دەردەچێت.

٦) هەندێک جار ئەو کەسانەی ئازارو سزا بەکاردەهێنن، لەوانەیە ژیریی و دەسەلات لەدەست بدەن و وردە وردە بکەونە گیانی بەرانبەرەکەیان و تووشی زیانی جەستەیی و نوقستانیەکی گەورەیان بکەن. بۆ نموونە تەنها لەئەمریکا سالی یەک ملیۆن مندال تووشی زیانی جەستەیی گەورە دەبن و زۆریەشیان لەئەنجامی لێدان و ئازاردانی دایک و باوک و مامۆستاکانیانەوە دەمرن.

لەتەک ئەو هەموو زیان و خراپیانەی بەکارهێنانی ئازارو سزا، هەندێک جار ئاماژە بۆ بەکارهێنانی دەکرێت، بەلام دەبێت ڕەچاوی ئەم خالانەی خوارەوە بکرێت بۆ ئەوەی سزاو ئازاردانەکە پەروەردەیی بێت و ئامانجی خۆی بپێکێ:

١) پێویستە پەیوەندیەکی خۆشەویست و پتەو هەبێت لەنێوان سزادەرو سزادراودا، چونکە ئەگەر سزادەر خۆشەویست و دڵسۆز بێت، ئەوا سزادراو ڕازی دەبێت و زۆر پێی سەغلەت نابێتو لەو کارە خراپەشی دوور دەکەوێتەوە کەلەسەری سزا دراوە، بەلام ئەگەر سزادەر بێزراو و دڵ ڕەق بێت و سزادراو ڕقی لێی بێت، ئەو کاتە سزاکە هیچ سوودیکی نابێتو سزادراو لەو کارە خراپەی دوور ناکەوێتەوە و بگرە لەڕقی سزادەر زیاتر لەسەری بەردەوام دەبێت.

٢) پێویستە هۆی سزادانەکە ڕوون بکرێتەوە واتە باوک یان مامۆستا، ئەگەر سزای منداڵیکی دا پێویستە بۆی ڕوون بکاتەوە لەسەرچی سزا دراوە، ئەگەر نەزانێت هۆی سزادانەکەی چی یە، ئەوا دەکەوێتە گێژاوی بیرکردنەوەو دڵەڕاوکێ و بەزەحمەت لێ ی دەرباز دەبێت و سزاکەش هیچ سوودیکی نابێت.

٣) دەبێت سزا دوای کارە خراپەکە بێت و سوک و بۆ ماوەیەکی کەم بێت و نابێت جەستەیی و زۆر بەئازار بێت و شوێنەواری جەستەیی و دەروونی بەجێ بهێڵێ و سارێژ نەبێت.

٤) پێویستە ئەو کەسەی لەسەر کارێکی خراپ سزا دەدرێت، فێری ڕەوشت و هەڵس و کەوتی ڕاست و باشتر بکرێت بۆ ئەوەی واز لەو کارە هەڵەو خراپەی بهێنێ.

منداڵی نازدار

نازداری دیاردەیەکی کۆمەلایەتیەو بریتیە لە نازپێدانی زۆر بەمنداڵ و نوقمکردنی لەدەریای سۆزو خۆشەویستی لەڕادەبەدەرو بەچوار دەوریا هاتن و جێ بەجێ کردنی گشت پێداویستیەکانی و چاوپۆشین لەهەڵەو سەرەڕۆییەکانی و بەرزکردنەوەی بۆ پلەو پایەی پاشایەکی بچکۆلە، دایک و باوک و کەسانی تری چواردەری دەبن بەبەردەست و گوێ ڕایەڵی ئەم پاشا بچکۆلە تازە پێداکەوتووە. بێگومان هەندێک دایک و باوک دوای چەند کچێک لەدایک بووە یان دواهەمین منداڵە یان.. هتد. نازێکی زۆر بە

منداڵەكانیان دەدەن و بەردەوام پێداویستیەكانیان بۆ تێر دەكەن و گشت كۆسپ و گرفتەكانی ڕۆژانەیان بۆ چارەسەر دەكەن و هەمیشە داواكارییەكانیان بۆ جێبەجێ دەكەن، لەكاتێكدا كە لەتوانای منداڵ خۆیدا هەیە ئەو كارو فەرمانانە بەئاكام بگەیەنێت و بەرەنگاری ئەو كۆسپ و تەگەرانە ببێتەوەو بەیارمەتی گەورەكان بەسەریاندا زاڵ ببێت.

ئینجا كاتێك دایك و باوك ناهێڵن منداڵەكانیان سەربەخۆ ببن و پشت بەخۆیان ببەستن و فێری ئەركەكانی سەرشانیان ببن، ئا لەم كاتەدا دایكو باوك بە دەستی خۆیان چاڵ بۆ منداڵەكانیان هەڵدەكەنن و بەربەست و ڕێگر لەبەردەمیاندا دروست دەكەن و لەڕێچكەی گەشەكردنی ئاسایی خۆیان لایان دەدەن، دەرئەنجامیش زەرەرو زیانێكی گەورە لەكەسایەتی و هەڵس و كەوتی ئەو منداڵە دەكەوێت، دایك و باوك بەبۆچوونی خۆیان وا دەزانن كە نوقم كردنی منداڵ لەسۆزو خۆشەویستیدا كارێكی باشەو لەبەرژەوەندی منداڵەكانیانە، بەڵام بەداخەوە دەرئەنجامی زۆربەی توێژینەوەكانی بواری پەروەردەو دەروونناسی ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە ئەو جۆرە مامەڵەیەو نازپێدانی زۆر بەمنداڵ هەڵەیەو لەپاشەڕۆژدا ڕەنگدانەوەی ترسناكی دەبێت لەسەر كەسایەتی ئەو منداڵانە، چونكە نازداری بڕبڕەی پشتی منداڵ تێك دەشكێنێ و بۆچوونی هەڵەی لا دروست دەكات، وەك ئەوەی ئەو سەروەری جیهانەو هەر وەردەگرێت و هیچ نادات و ناتوانێت لەبەردەم كۆسپ و گرفتەكانی ژیاندا خۆی ڕاگرێت و زوو هەرەس دەهێنێ و بروای بەخۆی نابێتو گیانی تەنیایی و سەربەخۆیی تێدا دەكوژێت، تووشی ململانێ ی دەروونی دەكات، مرۆڤێكی مشەخۆرو خۆ پەرستی لێ دەردەچێت، بەردەوام چاوی لەدەستی خەڵكانەو چاوەڕوانی یارمەتی و خزمەتگوزاری كەسانی تر دەكات و زۆر جاریش تووشی گۆشەگیری دەبێت، بەردەوام دەكەوێتە بەر پلان و تیرو توانجی منداڵان و كەسانی تر بەهۆی كەم توانایی و بێ دەسەڵاتیەوە.

ئەم گرفتانەی سەرەوە بەرەو ڕووی منداڵی نازدار دەبێتەوە بەتایبەتی كاتێك كە لەماڵ دەچێتە دەرەوەو ڕوو لەكۆڵان و قوتابخانەو بوارەكانی تری ژیان دەكات و تێكەڵاوی

کەسانی تر دەبێت، ئا لەم کاتەدا منداڵ ناتوانێت خۆی لەتەک ئەو ژینگە تازانەدا بسازێنێ‌و بەردەوام وەک منداڵێکی ساواو بێ دەسەڵات هەڵس و کەوت دەکات و هەرچاوی لەدەستی کەسانی ترە، بەڵام بەداخەوە کەسانی دەرەوە (هاوڕێ، مامۆستا، لێپرسراو..هتد) وەک دایک و باوک مامەڵە لەتەک منداڵی نازدار ناکەن و کەسیان ئامادە نیە پێداویستیەکانیان بۆ تێر بکات و گشت داواکارییەکانیان جێبەجێ‌بکات، ئا لێرەدا منداڵ تووشی نوشستی و ململانێ دەبێت ، چونکە جیهانی دەرەوە جیاوازە لەجیهانی خێزان، لەئەنجامی پەروەردەی هەڵەی ناو خێزان ، ئەو منداڵانە ئامادەو ڕانەهێنراون بۆ جیهانی دەرەوە و بێ دەسەڵات و کەم توانا دەبن لەبەردەم گۆڕانگاری و داواکارییەکانی جیهانی دەرەوەی خێزان.

لەبەرئەوە زۆر پێویستە کە دایک و باوک هەر لەمنداڵیەوە منداڵەکانیان ڕابهێنن و فێری ئەرک و فەرمانەکانی خۆیانیان بکەن‌و نازدار بەخێویان نەکەن و بارودۆخی لەباریان بۆ بخولقێنن بۆ ئەوەی خۆیان ئەو کارانە بەئەنجام بگەیەنن کە دەتوانن بیکەن و لەتەک تەمەن‌و تواناکانیاندا دەگونجێت، دەبێت منداڵ هان بدرێت و ڕێنمایی بکرێت بۆ ئەوەی وردە وردە سەربەخۆیی وەرگرێت و ناسنامەو کەسایەتی خۆی هەبێت و بچێتە ناو کۆڕو کۆبوونەوەو خۆی لەتەکیاندا بسازێنێ، بۆ نموونە دەبێت منداڵ پێش چوونە قوتابخانەی زۆر ئیش و کار هەیە بیزانێت لەوانە: (جل و بەرگ لەبەرکردن، پێڵاوو گۆرەوی لەپێ‌کردن، قەیتان توندکردن، دەم و چاوو خۆشووشتن، کۆکردنەوەو ڕێکخستنی پێداویستیەکانی قوتابخانە، بڕوا بەخۆ بوون و سەربەخۆیی..هتد) بۆئەوەی کەچووە قوتابخانەو دەرەوەی ماڵو ناو کۆمەڵ تووشی گرفت و ململانێ ی دەروونی نەبێت‌و هەست بە کەمی و لاوازی و بێتوانایی نەکات و نەبێت بەگاڵتەجاڕو نێچیری منداڵانی تر.

بەڵام ئەگەر دایک و باوک ئەو کارانەی بۆ بەئەنجامگەیاندو منداڵەکەی لەسەریان ڕانەهێنا، ژینگەی لەباری بۆ فێربوونیانی نەخولقاندو هانی نەدا بۆ ئەوەی خۆی بەرەنگاری گرفت و ڕووداوەکانی ژیان ببێتەوەو لەکاتی تەنگانەدا ڕێنمایی نەکرد ئەوا کاتێک ئەو منداڵە دەچێتە قوتابخانە یان دەرەوەی ماڵ، هەر ﮒ یەکێک لەو کارو فەرمانانەی سەرەوەی هاتە سەر ڕێگا، ئەوا ناتوانێت بەئاکامیان بگەیەنێت و زەلیل و

داماو لەبەردەمیاندا (دۆش) دادەمێنێ و بەردەوام چاوەڕوانی کەسانی تر دەکات و تووشی گرفت و ململانێ ی دەروونی و ئەندێشەی کۆمەلایەتی دەبێت و ناتوانێت خۆی لەئەک دیاردەو گۆڕانکارییەکانی ژیاندا بسازێنێ، لەبەرئەوەی لەناو خێزاندا پڕ چەک نەکراوە بۆ بەرەنگار بوونەوەی جیهانی دەرەوە.

منداڵی گێل

گێلی (معتوه) (Idiot) ترسناکترین جۆری دواکەوتنی ژیرییە کەرێژەی زیرەکیەکەی لەنێوان (سفر-٢٥) دایە، ئەم جۆرە مرۆڤانە لەئەنجامی تووشبوونیان بەو دەردە دەبن بەبار بەسەر کۆمەڵەوە. گرفتی زۆر بۆ خۆیان و بۆ کۆمەڵەکەیان دروست دەکەن، ئەو منداڵەی تووشی گێلی دەبێت بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت نە فێری خوێندن و نووسین و بیرکاری بکرێت نە فێری پیشەو کارێکی ڕۆتینی سادەش بکرێت، ئەو کەسانە ناوی خۆشیان نازانن، بەهیچ شێوەیەک هەست بە مەترسی دیاردە دڕێوو ترسناکەکانی ژیان ناکەن، لەئاگرو ئاو ناگەڕێنەوە، ئەگەر ئاگاداری نەبن یاری بەئاگر دەکاتو خۆی دەسووتێنێت، خۆی فڕێدەداتە ناو ئاوو ڕووبارەوە، لەسەر شەقامەکان گوێ بەماشێنو کەسانی چواردەوریان نادەن، هەر چ شتێک بکەوێتە بەردەستیان وەک منداڵی شیرەخۆرە دەیخەنە ناو دەمیانەوە، زۆر جار پرچی خۆیان دەسکەنە دەکەنو تاتوانایان هەبێت لێی دەخۆن، پارچە پەڕۆو لباد دەخۆن، هەر لەم بارەیەوە (ترید جولد)ی زانا دەڵێت: (جاری وا هەبووە کەسێکی گێل مردووە لەئەنجامی پڕبونی گەدەو ڕیخۆڵەکانی لەپەڕۆو قژە سەر دوای خواردنیان) (الشیخ، ص٨١). منداڵی گێل ناتوانێت کۆنترۆڵی پرۆسیسی دەرهاوێشتن بکات و بەردەوام خۆی پیس دەکات و لە هەر چ کات و شوێنێک تەنگاو بوو خۆی لێ دەرباز دەکات بەبێ گوێ دان بە گونجاوی و لەباری ئەو کات و شوێنە. فێری قسەکردن نابێت، بێجگە لەدووبارە کردنەوەی چەند ووشەیەکی سادەی بێ مانا کە لەبۆڵەبۆڵ دەچێت، کەمو کورتیو نوقوستانی زۆریش لەجەستەو لەش و بالایدا

هەست پێ دەکرێت وەک ئیفلیجی، فێ لێهاتن، کەوتن بەم لاولادا، زۆر بەگیلی و نەزانی نان دەخوات، هەتا بۆی دابنرێت دەخوات، هەست بەتێربوون ناکات. دەبێت خواردن بەزۆر لەبەردەستی لاببرێت، ئەگینا هەر دەیخنێتە ناو دەمیەوە بەبێ گوێدان بەپڕبوونی دەم و گەرووی. ئەم جۆرە کەسانە پێویستیان بە چاودێری بەردەوام هەیە، دەبێت جێگاو مەڵبەندی تایبەتیان بۆ دابین بکرێت و بەردەوام خزمەت بکرێن تاوەکو ئەو ڕۆژەی ماڵئاوایی لەو جیهانە تاریکەیان دەکەن.

جێگەی وەبیرهێنانەوەیەکە ئەم جۆرە مرۆڤانە تەمەنیان زۆر درێژ نی یەو کەم دەژین و زوو دەمرن، بەڵام تا ئەو ڕۆژەی دەمرن دەبێت خزمەت بکرێن، هەروەها زۆربەی ئەم جۆرە مرۆڤانە نەزۆکنو منداڵیان نابێت. منداڵی گێل وەک منداڵی دەبەنگ و گەمژە سوود لەپەروەردەی تایبەتی وەرناگرێت، چونکە ڕێژەی زیرەکیەکەی ئەوەندە نزمە ناتوانرێت هیچی لەگەڵدا بکرێتو فێری هیچ جۆرە هەڵسو کەوتو دابو نەریتێکی کۆمەڵایەتی بکرێت وەک جل و بەرگ لەبەرکردن و خۆشۆشتن و نان خواردن و...هتد، کەواتە ڕەوا نیە ئەمانە ڕەوانەی دامەزراوی پەروەردەیی تایبەتی بکرێن، چونکە چەند هەوڵ بدرێت ناتوانرێت فێری قسەو ڕەوشتە مرۆڤایەتیەکانی تر بکرێن، لەبەرئەوەی ئامادەباشی و توانستی ژیریان نیە بۆ وەرگرتن و فێربوونی شتەکان.

منداڵی گەمژە

گەمژە (أبلة) (Imbecile) بەو کەسانە دەووترێت کە ڕێژەی زیرەکیان لەنێوان (٢٥-٥٠) دایە، ئەم جۆرە کەسانە ناتوانن فێری خوێندن و نووسین و بیرکاری بکرێن، بێجگە لەچەند ژمارەیەکی ساکارو خوێندنەوەی تووتیانەی چەند ووشەیەک، بەڵام دەتوانرێت فێری پیشەو کارێکی ڕۆتینی سادە بکرێن وەک پاککردنەوەی ڕێگاوبان یان هەڵگرتنی جانتاو کەلو پەل، یان ئاوودانی باخچەو ڕێکخستنی، هەرچەندە لەکاتی ئەو ئیشانەشدا هەر پێویستیان بەچاودێری کەسانی چواردەوریان هەیە، ئەم کەسانە ژیرییەکەیان ئەوەندە نزمە کەناتوانن بژێوی ڕۆژانەی خۆیان پەیدا بکەن، بەڵام لەتوانایاندا هەیە هەست بەمەترسی دیاردە ترسناکەکانی ژیان بکەن.

بۆ نموونە دەزانن ئاگر بڤەیەو دەیان سوتێنێ و، ئاو ترسناکەو دەیانخنکێنێ و ئۆتۆمبیل خەڵک دەکوژێت و، سەگ و گورگ و مار ئازاری مرۆڤ دەدەن. لەبەرئەوە لەتوانایاندا هەیە خۆیان لەو شتە ترسناکانە بپارێزن، بەڵام لەلایەنی جەستەو گەشەکردنەوە، لەمنداڵانی ئاسایی زۆر کەمترن‌و ئەگەر بەراوردیان بکەین بەمنداڵانی ئاسایی، ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێت کە کێش و باڵاو بارستایی منداڵانی گەمژە بەشێوەیەکی گشتی کەمترە لەکێش و باڵاو بارستایی منداڵانی ئاسایی هەروەها زۆر درەنگیش پێ دەگرن و فێری ڕۆیشتن دەبن، بەرگریشیان بۆ نەخۆشی کەمەو زوو زوو نەخۆش دەکەون و زۆر درەنگ دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر ئینجا دەتوانن زاڵ بن بەسەر پرۆسیسی دەرهاوێشتندا، دەتوانن فێری ناوی هەندێک شتی بەرچاو ببن و ناوی خۆی و باوکی دەزانێت بەڵام ناتوانێت بەتەواوی دەریببڕێت (مرسي،ص٥٥)، زمانی لاوازەو زۆر جار تاوەکو تەمەنی (٥) ساڵان فێری زمان نابن، بەڵام دەتوانن شەوو ڕۆژ لێک جیا بکەنەوەو بەیانی و ئێواریش هەست پێ بکەن، بەڵام کاتەکانی تر نازانن و ناتوانن کاتژمێر بەکاربهێنن، تەنها لەچواردەوری ماڵی خۆیان دەخولێنەوە ئەگەر کەمێک دوور کەوتنەوە، ئەوا وون دەبن و ڕێگەی ماڵی خۆیان پێ نازانن.

ئەمانەی سەرەوە خاسیەت و سیفاتی منداڵی گەمژەیە، کە لەئەنجامی چەند هۆکارێکی دەرەکیەوە (کە هەندیکیان زانراوەو هەندیکی تریان تاوەکو ئێستا نەزانراوە) ئەو منداڵانە توشی ئەو دەردە دەبن، شایەنی ئاماژە بۆ کردنە کە زۆربەی منداڵانی مەنگۆلی دەکەونە ناو ئەم کۆمەڵەوە، لە سەدا (٢٥) دواکەوتووەکان گەمژەن، چارەسەری ئەو حاڵەتانەش تەنها لەڕیگەی پەروەردەی تایبەتیەوە (التربیة الخاصة) دەکرێت و لەو دامەزراوە تایبەتیە پەروەردەییەدا فێری چەند پیشەو کارێکی میکانیکی و دەستی و رۆتینی دەکرێن بۆ ئەوەی سەرقاڵی بزو سوود لەو توانستە ژیرییە کەمەیان وەربگیرێت، هەروەها دەتوانرێت فێری هەندێک داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بکرێن، وەک چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ کەسانی چواردەور هەروەها چۆنیەتی جلو بەرگ لەبەرکردن، خۆشووشتن، پاک و خاوێنی، نان خواردن، خۆ ڕزگارکردن لەپاشەڕۆ، فێربوونی ناوی کەسانی چواردەورو ناسینەوەی ماڵو گەڕەک و شوێنە گرنگەکان، ئەگەر توانرا فێری ئەو رەوشتو کردارانە بکرێن، ئەو کاتە نابن بە کۆڵو بار بەسەر خێزانو کۆمەڵەکەیانو بەپێچەوانەوە دەتوانن ئەو توانستە ژیرییە کەمەی هەیانە بۆ خزمەتی پێشخستنی کۆمەڵەکەیان بەکاری بهێنن، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت کەنابێت پەلە بکرێت لەبریاردان لەسەر چارەنووسی ئەو منداڵانەو لەڕیگەی چەند هەڵس و کەوتێکەوە بڕیاری گەمژەیی یان گێلی یان دەبەنگی منداڵ بدرێت و ڕەوانەی دامەزراوی پەروەردەیی تایبەتی بکرێت، بەڵکو دەبێت ئەو بڕیارە تیمێکی شارەزا کەلەپسپۆری جیاجیا پێک هاتبن ئەو بڕیارە بدات و چەندەها پێوەریش بەکاربهێنێت لەکاتی بڕیارداندا، واتە نابێت تەنها پشت بەڕێژەی زیرەکی ببەسترێت، بەڵکو دەبێت توانست و لێهاتوویی کۆمەڵایەتی و توانستە جیاجیاکانی تریش ڕەچاو بکرێت.

منداڵی دەبەنگ

دەبەنگی زاراوەیەكە بەو كەسانە دەووترێت كەرێژەی زیرەكیان لەنێوان (٥٠-٧٠) دایە، ئەم رێژەیەش دەكەوێتە خانەی دواكەوتوانی ژیرییەوە. منداڵی دەبەنگ (مۆرۆن) چەند هەوڵ بدات و گەورە ببێت زیرەكییەكەی لەزیرەكی منداڵێكی ئاسایی (٧-١١) سالان زیاتر نابێت، ئەم منداڵە دەبەنگانە (مۆرۆن) لەتوانایاندا هەیە فێری خوێندنو نووسین و بیركاری بكرێن، بەمەرجێك بارودۆخێكی پەروەردەییو پرۆگرام و بەرنامەی تایبەتیان بۆ دابین بكرێت كە گونجاو بێت بۆ ژیری و توانایان و مامۆستای تایبەتمەند ئەو وانانە بڵێتەوە. لەتواناشیاندا هەیە تاوەكو پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندن تەواو بكەن، بەڵام ئەم جۆرە منداڵانە بەهیچ شێوەیەك ناتوانن لەخوێندنگای ئاسایی لەگەڵ منداڵانی ئاساییدا بخوێنن. هەروەها دەتوانرێت ئەم منداڵە دەبەنگانە لەسەر هەندێك پیشەو كاری دەستكردو ئاسایی رابهێنرێن و لەرێگەیەوە بژێوی تایبەتی خۆیانی پێ دابین بكەن و سەرە تەقەیەكی لەگەڵدا بكەنو لەتواناشیاندا هەیە فێری هەندێك داب و نەریتی كۆمەڵایەتی ببنو خۆیان لەتەك كۆمەڵەكەیاندا بسازێنن، بەڵام ئەگەر تۆزێك گۆڕانكاری بەسەر ژینگە هات و تۆزێك ئاڵۆز بوو، بەهیچ شێوەیەك ناتوانن خۆیان لەتەك ئەو ژینگەیەدا بسازێنن و تا لەم كاتەدا پێویستیان بەچاودێریو رێنمایی كەسانی چواردەوریان هەیە.

منداڵی دەبەنگ دەتوانێت جل و بەرگی خۆی لەبەر بكات و ئاگاداری پاك و خاوێنی خۆی ببێتو كۆنترۆڵی پرۆسیسی دەرهاویشتن بكات، بەڵام دەبێت هەوڵی لەگەڵ بدرێت و فێر بكرێت، هەروەها دەتوانن مامەڵە بەپارە بكەن و دراوە جیاجیاكان بناسنەوە، بەڵام منداڵانی دەبەنگ نوقستانی و كەم و كورتی زۆریان هەیە، لەلایەنی جەستەیی و گەشەكردنی لەشەوە كەمترن لەمنداڵانی ئاسایی، بۆ نموونە درێژی و كێشیان لەمنداڵی ئاسایی كەمترە، هەروەها زمانیان وەك منداڵی ئاسایی دەوڵەمەندو پاراو نیەو درەنگ

فێری زمان دەبن و جوڵەو چالاکیان سسترەو زۆربەی کاتیان بەگۆشەگیری و دوورەپەرێزی یان بەدەست درێژی و شەڕخوازی بەسەر دەبەن.

بێگومان ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کەمنداڵی ئاسایی تووشی گۆشەگیری و دەست درێژی نابێت، بەڵکو ئەوانیش ئەو خاسیەت و سیفاتانەیان هەیە، بەڵام ڕێژەی ئەو هەڵس و کەوتانە لەلای منداڵی دەبەنگ زیاترە، بۆ نموونە {(دەرئەنجامی توێژینەوەکانی (کیرک و جۆنسۆن) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەڕێژەی ۳/۲ دوو لەسەر سێی منداڵە دەبەنگەکان یان گۆشەگیرو دوورە پەرێزن یان شەڕ خوازن}(الشیخ، ص۷۰). هەروەها توێژینەوەکانی زانایان پۆرتێونو ستاس و ئەنگلینۆش ئاماژە بۆ هەمان دەرئەنجام دەکەن، بێگومان ئەم ڕەوشتانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو بەربەست و ڕێگرانەی کە لەبەردەم منداڵی دەبەنگدا دادەنرێتو ئەو ژینگەی ئەو تیایدا دەژی بۆ منداڵی ئاسایی دروست کراوەو لەگەڵ تواناو ژیری ئەو منداڵە دەبەنگانە ناگونجێت، لەبەر ئەوە بەناچاری یان پەنا بۆ گۆشەگیری و دوورەپەرێزی دەبەن بۆ ئەوەی لەهەڕەشەو ناڕەزایی و سووکایەتی کەسانی چواردەوریان ڕزگاریان بێت یان پەنا بۆ دەست درێژی و توندوتیژی دەبەن بۆ ئەوەی بەسەر ئەو کۆسپو بەرگرانەدا زاڵ بن و پلەو پایەو جێگایەکیان لەناو کۆمەڵەکەیاندا هەبێت.

هەروەها منداڵی دەبەنگ زۆر ڕاڕاو دوو دڵەو بڕوای بەخۆی نیەو بە چاوی سووک و گومانەوە سەیری خودی خۆی دەکات و پرۆسیسی یادکردنەوەی لاوازەو زوو زوو شتی بیر دەچێتەوەو ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ چاو ببڕێتە شتێک و داڵغە زۆر لێ دەدات و بیرو هۆشی بۆ جێگای دوور دەڕواتو توانای بیرکردنەوەی ڕووتی (التفکیر المجرد) نیەو تەنها ئەو شتانە وەردەگرێت کە لەڕێگەی هەستەوەرەکانیەوە هەستی پێ دەکات و تەمەنی ژیریان لەتەمەنی کاتیان زۆر کەمترە، لەبەر ئەوە پێداویستیان بە پەروەردەی تایبەتی هەیەو دەبێت مامەڵەی تایبەتی بکرێنو بەچاوی ڕێزو خۆشەویستیەوە سەیر بکرێنو نابێت لەنرخیان کەم بکرێتەوەو سووکایەتیان پێ بکرێت. چونکە ئەم جۆرە منداڵانە بەرگەی زەبرو ئازارو توندوتیژی ناگرن و زوو هەرەس دەهێنن و بەزەحمەت دەتوانن خۆیان لەتەک بارودۆخی ئاڵۆزو نائاساییدا بسازێنن.

منداڵی مەنگۆلی

مەنگۆلی جۆرێکە لەدواکەوتنی ژیریی (التخلف العقلی) کە تووشی ژمارەیەک لە منداڵان کەرێژەیان بەنزیکەی (١٠٠٠ر٠) یەک لەدەهەزاری کۆی دانیشوانی جیهان قەبلێنراوە، دەبێت. بێگومان ئەم ناوەش (مەنگۆلی) لەوڵاتی مەنگۆلیاوە کە دەکەوێتە نێوان یەکێتی سۆڤیێتی پێشوو وڵاتی چینەوە وەرگیراوە، لەبەرئەوەی ئەم منداڵانە لەسیماو خاسیەتی دەم و چاودا زۆر نزیکن لەدەم و چاوی دانیشتوانی مەنگۆلیا، ئەم ناوەش لەلایەن زانایەکەوە کەناوی (لانگدون)ە بەسەریاندا دابڕا. شایانی ئاماژە بۆ کردنە ئەم منداڵانە هەموویان وەک یەک وانو لەوە دەچن هەموویان خوشک و برا بن و بەم خاسیەتانەی خوارەوەدا دەناسرێنەوە:

(سەری بچووک، چاویان لەشێوەی مۆزدایە، پێستی پێڵوی چاویان ئەستوورە، برۆکانیان چڕو پڕو لەیەکەوە نزیکن، لووتی کورت و فشەڵ، زمانی گەورەو درزاوی و قاش بوو، گوێی بچووک یان گەورە، دەستی نیمچە ئاوساوو سوورهەڵگەڕاو...هتد) هەروەها لێدانی دڵیان رێک و پێک نیەو نارێکیش لەکرداری هەناسەدانیاندا هەیە و دەست و قاچیان شین هەڵدەگەڕێن، بەڵام مەرج نیە هەموو ئەم خاسیەتانە لە یەک منداڵی مەنگۆلیدا هەبن، لەوانەیە هەندێکیان هەبن، زۆر خۆشەویست و بێ وەیی و خوێن شیرین و هەردەم لێو بەخەندەو کامەران دیارن و زۆر حەز بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاوی کەسانی چواردەوریان دەکەن، ئارەزووی گۆرانی و مۆسیقاو سەما کردنیان هەیەو تینووی لاسایی کردنەوەو فێربوونی هەڵس و کەوتی کەسانی چواردەوریانن.

رێژەی زیرەکیان زۆر نزمەو لەخوار (٦٠)ەوەیەو دەتوانرێت کەمێکیان فێری برێک خوێندنو نووسین بکرێن، بەڵام زۆربەیان لەتوانایاندا نیە فێری پیشەو کارێک بکرێن، بەڵام دەتوانرێت فێری (نان خواردن، خۆ گۆڕین و شوشتن، چوون بۆ سەر ئاو، ئاودانی باخچەو گوڵ، بەخێوکردنی پەلەوەری ناو ماڵ، رێزگرتنی کەل و پەل و کەرەستەی

کەسانی تر، سەردانی خزم و دراوسێ، لەبەرکردنی هەندێک سروودو گۆرانی، سەماکردن، هەڵپەرکێ...هتد). بکرێت و لەژیانی رۆژانەیدا سوودی لێ وەربگرێت و پێویستی بەکەسانی تر نەبێت.

تاوەکو ئێستا بەتەواوی نەزانراوە ئەو منداڵانە بۆچی تووشی ئەم حاڵەتە دەبن، هەرچەندە هەندێک بۆچوون و لێکدانەوەی زانستی هەیە لەوانە:

١) هەندێک لەزاناکان لەو بروایەدان کە *تەمەنی دایک* پەیوەندی هەیە بەم حاڵەتەوە، دەڵێن ئەو ژنانەی کەتەمەنیان لەسەرووی (٤٠) ساڵانەوەیە، لەبەرئەوەی چوونەتە تەمەنەوەو منداڵدانیان لاواز بووە، دوور نیە نەتوانن هەموو پێداویستی یەکانی کۆرپەلەکانیان لەناو منداڵداندا دابین بکەن و خۆراک و ئۆکسجینی تەواویان پێ نەگات و کەم و کورتی بکەوێتە کۆئەندامی دەماری ناوەندیان (الجهاز العصبي المركزي) و مێشکیان بەتەواوی گەشە نەکات، بەڵام ڕەخنەی زۆر لەم بۆچوونە گیراوە، لەبەرئەوەی زۆر جار ئەو ئافرەتانە منداڵەکانیان ئاساییە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە ئەو ژنانەی کەتەمەنیان لەنێوان (٢٠-٤٠) ساڵاندایە هەندێک جار منداڵی مەنگۆلیان دەبێت.

٢) هەندێک لەزاناکان لەو بروایەدان کە *تووش بوونی دایکی دووگیان بەهەندێک نەخۆشی ڤایرۆسی ترسناکی* وەک سورێژەی ئەڵمانی و کەوتنە بەر تیشکی وەک (×) یان بەکارهێنانی هەندێک داوودەرمانی پزیشکی بەبڕێکی زۆر لەکاتی دوو گیانیدا، هۆکارێکە بۆ دروست بوونی ئەم حاڵەتە، بەڵام ئەم بۆچوونەش بێ هەڵەو کەم و کورتی نیە، لەبەرئەوەی هەندێک لەئافرەتان تووشی هیچ نەخۆشیەکیش نابن و دووریشن لە کارتێکردنی تیشک و بەکارهێنانی داو و دەرمانی پزیشکی لەکاتی دووگیانیدا، لەگەڵ ئەوەشدا منداڵی مەنگۆلیان بووە. (الشيخ، ١٩٦٦، ص٥٨-٦١).

٣) دەستەیەکی تر لەلێکۆڵەرەوەو زاناکان دەڵێن حاڵەتی مەنگۆلی لەڕێگەی *بۆماوەوە* بۆ منداڵەکان دەگوێزرێتەوەو هەندێکی تریان دەڵێن کەم و کورتی لەدابەش بوونی

ژمارەی کرۆمۆسۆمەکان بەرپرسیارە لەم حاڵەتە، مرۆڤی ئاسایی (٤٦) کرۆمۆسۆمی هەیە، بەڵام هەندێک جار لەئەنجامی قەڵەمبازو (الطفرة)و خراپی دابەش بوونی کرۆمۆسۆمەکان ژمارەیان دەبێت بە (٤٧)، ئیتر ئەو کرۆمۆسۆمە زیادەیە دەبێتە هۆی مەنگۆلی، بەڵام دەرکەوتووە کە هەندێک لەمنداڵە مەنگۆلیەکان وەک هەموو مرۆڤێکی ئاسایی تەنها (٤٦) کرۆمۆسۆمیان هەیە، بەم شێوەیە تاوەکو ئێستا یەکالا نەکراوەتەوەو نازانرێت هۆکارە سەرەکیەکانی ئەم حاڵەتە چین.

بێگومان ئەم جۆرە منداڵانە پێداویستیان بە پرۆگرام و شوێن و پەروەردەو مامەڵەی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی بتوانن لەژیاندا بەردەوام بن و نەبن بەئەرک و بارێکی گران بەسەر شانی کەس و کاریانەوە، ئەگەر توانرا ئەو جۆرە مامەڵەو پەروەردە تایبەتیەیان بۆ دابین بکرێ ئەوا بەکامەرانی لەناو خێزان و کۆمەڵەکەیاندا دەژین.

منداڵ بۆ درۆ دەکات؟

درۆ گوتەیەکە لەتەک واقیعدا چون یەک نیەو مەبەست چەواشەکردن و هەڵخەڵەتاندنی کەسانی ترە، یان بەمەبەستی شاردنەوەی ڕاستیەو ئیتر لەبەر هەر چ هۆیەک بێت، هەر چ کەسێک بیەوێت کارێک بکات یان شتێک بڵێتو ببێتە هۆی شاردنەوەی ڕاستی و خۆشی هەست بەوە بکات و مەبەستی بەئاکام گەیاندنی ئامانجێکی دیاری کراو بێت دادەنرێت بەدرۆ.

زۆر جار منداڵ پەنا بۆ درۆ دەبات بۆ جێ بەجێ کردنی کارەکانی هەرچەندە زیان نە بەخۆی نە بەکەسانی تر ناگەیەنێ لەم کاتەدا ناو دەبرێت بەدرۆی سپی، لەڕاستیدا ئەم جۆرە درۆیانە دەبێت بەسەرەتای ڕوودانی درۆی گەورەترو ئاڵۆزترو زیان بەخشتر.

درۆ دیاردەیەکی باوەو زانراوە، لەوانەیە زۆر بەسادەیی سەر هەڵبدات، بۆ نموونە کاتێک دایک بە منداڵەکەی دەڵێت دەستت شتووە یان برسیت نیە ئەویش دەڵێت بەڵێ، هەرچەندە لەڕاستیدا دەستی نەشتووەو برسیشیەتی، وەیان لەوانەیە درۆ ئاڵۆزتر بێت وەک ئەوەی منداڵ دەڵێت چووم بۆ قوتابخانەو لەڕاستیشدا بەدرێژایی ئەو ڕۆژە لە کۆڵانو شەقامەکان سوڕاوەتەوە. هەرچەندە گشت ئەوانە بەدرۆ دادەنرێت، بەڵام نابێت بەدیاردەیەکی باوو شاز لەلای منداڵ وەنابێتە مایەی دەردەسەری بۆ خۆی و کەس و کاری، ئەگەر ڕێچکەیەکی بەردەوام وەرنەگرێت و دووبارە نەبێتەوە، بەڵام ئەگەر بوو بەبەشێک لەڕەوشتی ئەو منداڵەو لەتەک کەسانی تردا مامەڵەی پێ کرد ئەو کاتە دادەنرێت بە دیاردەیەکی دزێویی ناشیرین و زیانبەخش و پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە. (العظماوی، ١٩٨٨، ص١٨١-١٨٢).

ڕاست گۆیی و درۆ کردن لەو دیاردە دەروونیانەن کە مرۆڤ لەژینگەی کۆمەڵایەتییەوە فێری دەبێت. لەبەرئەوە زۆر پێویستە تاکەکانی ئەو ژینگەیەی منداڵی تێدا دەژی (خێزان، قوتابخانە،...هتد) خاوەنی قسەی خۆیان بنو هەوڵ بدەن کردارو گوتەکانیان چون یەک بن، چونکە منداڵ بەردەوام بەهۆی خۆخستنە شوێن و لاسایی کردنەوەی گەورەکان فێری زۆر ڕەوشتو هەڵس و کەوت دەبێت.

درۆ زۆر جۆری هەیە لەوانە

١- درۆی خەیاڵاوی:

کە هەندێک منداڵ هێزێکی خەیاڵاوی پتەویان هەیەو بوارێکی فراوان لەمێشک و بیریان داگیردەکات، ئەم جۆرە درۆیە منداڵ وەک یارییەک خۆشی لێ دەبینێ، وەک گێڕاندنەوەی چیرۆکو بەسەرهاتی سەرسوڕهێنەر کە زۆر جار پێچەوانەی واقیعن و دوورن لەڕاستیەوە.

٢- درۆی تێکەڵ کردن:

زۆر جار منداڵ ناتوانێت ڕاستیەکان لەخەیاڵ و خەوو بۆچوون و حەزو ئارەزووەکانی خۆی جیا بکاتەوە، بۆیە هەندێک لەقسەکانی دوورن لەواقیعەوە، لەچنینی خەیاڵی خۆیەتی، ئەویش لەئەنجامی تێکەڵکردنی ڕاستی لەتەک خەوو خەیاڵەکانی خۆیدا.

٣- درۆی پارێزگاری:

منداڵ زۆر جار ناچار دەبێت، پەنا بۆ درۆ ببات بۆ پارێزگاری کردن لەخودی خۆی و دەرباز بوون لەسزاو ئازارێکی چاوەڕوان کراو ئەگەر هاتو ڕاستی ووت، وە ئەم جۆرە درۆیە لەشیاوترین و بلاوترین درۆیە کە زۆربەی منداڵان پەنای بۆ دەبەن. (القوصي، ١٩٧٥، ص٣٣٩-٣٥٤) (قطامي، ١٩٨٩، ص١٤٨-١٥٠).

٤- درۆی تۆڵەسەندن:

هەندێک جار منداڵ درۆ وەک چەکێک بەکار دەهێنێت بۆ تۆڵە سەندنەوەو ئازاردانی ئەو کەسانەی کە ڕقی لێ یانە، ئەم جۆرە درۆیەش زیاتر لەناو ئەو منداڵانەدا باوە کە

لەژینگەیەکی خێزانی نائاسایی و ئاڵۆزدا دەژین، هەست بە یەکسانی و دادپەروەری ناکەن لەمامەڵەدا، بۆ نموونە ئەگەر منداڵێک ڕقی لەیەکێک لە خوشک و براکانی بێت، لەلای دایک و باوکی درۆیان بۆ هەڵدەبەستێت بۆ ئەوەی سزا بدرێن و بکەونە بەر هەڕەشەو تووڕەیی دایک و باوک.

٥ - درۆی لاسایکردنەوە:

منداڵ زۆر لەدرۆکانی لەڕێگەی لاسایی کردنەوەی دایک و باوک و کەسانی تری چواردەوریەوە فێریان دەبێت، بۆ نموونە کاتێک باوک بە منداڵەکەی دەڵێت ئەگەر فلان کەس هات پێی بڵێ باوکم لەماڵەوە نیە، ئایا باوک بەم ڕێگەیە منداڵەکەی فێری درۆ ناکات؟ یان بەمنداڵەکەی دەڵێ ئێوارێ دیاریەکی خنجیلانەت بۆ دەهێنمەوە یان ئەچین بۆ شاری یاری...هتد، بەلام ئێوارێ باوک دەگەڕێتەوە دیاری پێ نیە.. ناش چن بۆ شاری یاری...هتد.

منداڵ بەم شێوەیە فێری درۆ دەبێت و ئەویش وەک باوکو دایکی وا ئەزانێ شاردنەوەی ڕاستی کارێکی ئاساییەو گەورەو بچووک بەئاکامی دەگەیەنن.

هۆکانی درۆ کردن

أ- بێ بەش بوون:

کاتێک منداڵ لەسۆزو خۆشەویستی بێ بەش دەبێت یان حەزو ئارەزوو پێداویستیەکانی بۆ دابین ناکرێت، ناچار پەنا بۆ درۆ دەبات بۆ تێرکردنی ئەو حەزو ئارەزووانەی، هەرچەندە ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێت. بۆ نموونە کاتێک منداڵ حەز بە جل و بەرگ و یارییەکی جوان دەکات و دەستی ناکەوێت ناچار لەناو برادەرەکانیدا دەڵێت یارییەک یان جلو بەرگێکی جوانم کڕیوە.

٢- درۆکردنی دایک و باوک و کەسانی تری چواردەوری منداڵ:

هۆکارێکی ترسناکە بۆ فێربوونی درۆ چونکە منداڵ لەقۆناغی گەشەکردندایەو لەرێگەی لاسایی کردنەوەو خۆ خستنە شوێنەوە زۆربەی رەوشت و هەڵس و کەوتی گەورەکانی بەتایبەتی دایک و باوک فێر دەبێت.

٣- منداڵ هەندێک جار پەنا بۆ درۆ دەبات، بۆ سەلماندنی خودی خۆی، بۆ ئەوەی سەرنجی تاکەکانی چواردەوری رابکێشێ. ئەویش لەرێگەی دروست کردن و هۆنینەوەی چیرۆکو بەسەرهات لە خەیاڵیدا کە زۆربەیان دوورن لەواقیع و راستیەوە.

٤- زۆر جار منداڵ لەترسی سزاو سەرزەنشت و ئازار پەنا بۆ درۆ دەبات، کاتێک بزانێت ئەگەر راستی بەسەرهاتەکە بگێرێتەوە ئەوا دووچاری ئەشکەنجەو ئازاردان دەبێت، ئەم جۆرە درۆیەش لەناو ئەو منداڵانەدا باوە کە باوک و دایک و تاکەکانی تری خێزان بەردەوام پەنا بۆ توندوتیژی و بەکارهێنانی سزا دەبەن کاتێک منداڵەکانیان هەڵەیەک دەکەن.

٥- کاتێک منداڵ تووشی کەم و کورتییەکی جەستەیی یان کۆمەڵایەتی یان ژیری دەبێت زۆر جار بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەم و کورتیەو راکێشانی سەرنجی کەسانی چواردەور پەنا بۆ درۆ دەبات، ئەویش بەدروست کردنی چەندەها بەسەر هات و رووداوی سەیرو سەمەرە کە زۆربەیان لەواقیعدا نین و خۆی دەکات بە پاڵەوانی ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانە.

چارەسەری درۆکردنی منداڵ

١- دیاری کردنی جۆری درۆکە، واتە مەبەستی منداڵ چیە لەو درۆکردنە، ئەگەر پاڵنەری سەرەکی درۆ کردنەکەمان زانی ئەوا چارەسەرکردنی بریتیە لە نەهێشتنی ئەو پاڵنەرەو تێرکردنیەتی.

٢- بەکار نەهێنانی لێدان و سزای بەردەوام، چونکە بە لێدان چارەسەری درۆ ناکرێت و لەوانەشە بەهێزتریشی بکات، بەتایبەتی ئەو حاڵەتانەی کە منداڵ لەترسی ئەشکەنجەو ئازار پەنا بۆ درۆ دەبات هەروەها کاتێک منداڵ ڕاستی دەڵێ و دان بەهەڵەکەیدا دەنێت، پێویستە منداڵ سزا نەدرێت، چونکە لێدانو سزا لە نرخی ئەو ڕاستگۆیی و دان پیانانە کەم دەکاتەوە، ئیتر جارێکی تر منداڵ دان بەگوناهو هەڵەکانیدا نانێت و لەسەر درۆکانی بەردەوام دەبێت.

٣- پێویستە ژینگەی (خێزان، قوتابخانە،...هتد) منداڵ گونجاو و دروستو لەبار بێت بۆ گەشە کردنی و دوور بێت لە هەڵس و کەوتی خوارو خێچ و فیلاوی، چونکە درۆ کردنی دایکو باوک و کەسانی تری ژینگەی منداڵ هۆکارێکی خراپە بۆ فێربوونی درۆ لەلایەن منداڵەوە.

٤- هەوڵ بدرێت نەهێلدرێت منداڵ سوود لەدرۆکردنەکەی وەربگرێت، چونکە کاتێک هەست دەکات کە درۆکەی بەقازانجی ئەو تەواو نابێت و بێ کەڵکە، بەناچاری وازی لێ دەهێنێت و دووبارەی ناکاتەوەو لێی دوور دەکەوێتەوە(باقر، ١٩٧٦، ص١٠٠-١٠٥).

٥- بوار نەدرێت بەمنداڵ وابزانێت کەسانی تر بەئاسانی بڕوای پێ دەکەن بۆ ئەوەی منداڵەکە تێ بگات کە درۆکردن و هەڵخەڵەتاندنی کەسانی تر وا ئاسان نیەو دەبێتە مایەی ڕەنجاندن و توڕەیی و نارەزاییان لەبەرئەوە پێویستە منداڵ بەردەوام ڕاست گۆبێت بۆ ئەوەی جێگەی خۆی لەدڵ و دەروونی کەسانی چواردەوری بکاتەوەو مایەی ڕێزو ستایشیان بێت.

چکۆسی (الغیرة)

چکۆسی (غیره) هەڵچوونێکی ئاڵۆزەو گوزارشت لەبوونی ململانێ و ڕق و کینەو تووڕەبی دەکات و چەکێکی دەروونیەو منداڵ بەتایبەتی و گەورە بەگشتی پەنای بۆ دەبەن کاتێک هەستیان کرد کەوا خەریکە بەهۆی کەسانی ترەوە کەسێکی خۆشەویست یان کەلو پەل یان سەرچاوەی سۆزو دڵنیاییان لەدەست دەچێت ، ئا لەم کاتەدا مرۆڤ پەنا بۆ ئەم چەکە دەروونیە دەبات و لەهەستو هۆش و هەڵس و کەوتیدا ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕەنگ دەداتەوەو ئاڕاستەی ئەو کەسو سەرچاوانەی دەکات کە کەوتوونەتە ململانێو پێشبڕکێ لەتەکیدا بۆ زەوتکردنی ئەو کەس و سەرچاوەی خۆشەویستی و کەرەستانەی کەئەم بە موڵکی خۆی دەزانێت، هەندێک جاریش مرۆڤ (بچووک یان گەورە) ئەو غیرەیە لەژێر پەردەی کپکردندا دەشارێتەوەو دەری نابڕێت، یان پێچەوانەکەی دەردەبڕێت، بۆ نموونە غیرەو ڕق و کینەو تورەبیە ڕاستەقینەکەی ناوەوە دەگۆڕێت بۆ خۆشەویستیەکی لەڕادەبەدەری دەرەکی دروست کراو، هەرچەندە لەناخەوە هەست بەئازارو ڕق و کینەش دەکات..

زۆر جار دایک و باوک، کاتێک هەست بەغیرەو ڕک و کینەی منداڵەکانیان دەکەن، تەم و مژی خەم و خەفەت و دڵەڕاوکێ دایان دەگرێ و تووشی ترس و نارەحەتی دەبن ، لەڕاستیدا پێویست بەو هەموو ترس و دڵەڕاوکێ یە ناکات، چونکە بوونی غیرە بەڕێژەیەکی گونجاو لەسنووری ئاساییدا سروشتیەو لای هەموو منداڵێک هەیەو بەڵگەی دروستی دەروونی منداڵەو هێزێکی ناوەکیە بۆ پارێزگاری کردنی خودی منداڵ و هێنانەدی حەزو ئارەزووەکانی و ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو منداڵە لەلایەنی دەروونی و ژیری و کۆمەڵایەتیەوە ئاساییەو تووشی گرێی دەروونی و دواکەوتنی ژیری نەبووەو هەوڵ دەدات پارێزگاری لەسەرچاوەو ئەو کەرەستەو کەسانە بکات کە بە موڵکی خۆی دەزانێتو خۆشەویستی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی دەپارێزێ، بەڵام ئەو منداڵانەی کە بەهیچ شێوەیەک غیرە ناکەن، مانای وایە کەم و کورتی لەژیانیاندا هەیەو پێویستە

لەوانەیە ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتیان ناخۆش بێت و هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت، یان هەست بکات کەبێزراو زوڵم لێکراوە لەلایەن توندوتیژی لەتەکیدا بەکار بهێنرێت دایکە یان باوکە یان کەسانی تری خێزانەوە، ئا لەم کاتەدا منداڵ ناتوانێت پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سۆزو خۆشەویستی لەتەک ئەو کەسانەدا دابنێت و بەردەوام ڕقیشی لێیان دەبێت و هەوڵ دەدات کە لێیان دوور بکەوێتەوەو هەست بەڕق کینەو غیرە ناکات ئەگەر هەرکەسێکە هەوڵی زەوت کردنیان بدات، یان ئەو منداڵانەی کەتووشی دواکەوتنی ژیری (تخلف عقلی) بوون و دەبەنگ و گەمژەن و لەتواناییاندا نیە پەیوەندی و خۆشەویستی لەگەڵ کەسانی چواردەور دابنێن و ئەو ژیری و شارەزایی و توانایەشیان نیە کە هەست بەلەدەست چوونیان بکەن. ئا لەم دوو حاڵەتەی سەرەوەدا منداڵ هەست بە غیرە ناکاتو بەڵگەشە بۆ ئەوەی کە ئەو منداڵانە ئاسایی نین، بەڵام ئەگەر غیرە لەڕێژەی گونجاو دەرچوو سنووری ئاسایی خۆی بەزاند، ئەوە ئەو کاتە ئاسایی نیەو پێویستە بەدوای ئەو هۆکارانەدا بگەڕێین کە بوونەتە هۆی دروست کردنی ئەو بارودۆخە.

غیرە لەقۆناغی منداڵیدا دروست دەبێت، کاتێکە منداڵ هەست و توانای ئەوەی دەبێت کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی پتەو لەتەک تاکەکانی خێزاندا دابنێت و هەست بە موڵکداری بکات. یەکەم کەسی گرنگیش لەژیانی منداڵدا دایکە، چونکە یەکەم کەسە کە سەرجەم پێداویستیەکانی بۆ تێر دەکات و لەباوەشیدا هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکات، دوای ئەویش کەسانی تر، منداڵ ئەمانە هەمووی بەموڵکی خۆی دەزانێت و ڕازی نابێت کەس لێی زەوت بکات یان بێن بە هاوبەشی، ئەمانە دەبن بە ڕاستی بەڵگەنەویست لەخەون خەیاڵی منداڵدا دێنو دەچن، ئینجا هەر ج کاتێکە منداڵ هەست بکات ئەو کەس و سەرچاوانەی سەرەوە خەریکە لەدەست دەچن، یەکسەر پەنا بۆ چەکی غیرە دەبات و پارێزکاری لەخودی خۆی و ئەو کەس و سەرچاوانە دەکات. چونکە منداڵ بەردەوام هەوڵ دەدات ئەو پەیوەندییانە بپارێزێتو ئەو خۆشەویستی و دڵنیاییەی لە دەست نەچێت، گومانی تێدا نیە کە *زۆرجار منداڵ هەست بەهەڕەشەو مەترسی لەدەست دانی ئەو کەس وکەرەستەو سەرچاوە خۆشەویستانە دەکات بەهۆی ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:*

١- لەدایکە بوونی منداڵی تازە لەخێزاندا. ٢- هاتنی میوانو کەسانی تری دەرەوەی خێزان. ٣-بەراوردکردن لەنێوان منداڵاندا. ٤-هەست کردن بەکەمی. ٥-لەدەست دانی مافێک لەمافەکانی پێشووی، بەهۆی پەیدابوونی کەسێکی تر. لەم حاڵەتانەی سەرەوەدا مرۆڤ (بچووکو گەورە) هەست بەغیرە دەکەن، چونکە بەرژەوەندی (امتیازاتیان) بەهۆی کەسانی ترەوە دەکەوێتە مەترسیەوە. مەترسی لەوەدایە کاتێک منداڵ غیرە لەخوشکە یان برایەکی بچووکی دەکات. لەوانەیە بەتوندی ئازاری بدات، زۆر جار سەرین یان خاولی لەسەردەمی کۆرپەی ساوای ناو بێشکە دادەنێت، لەوانەیە بیخنکێنێ و کارەساتێکی گەورە ڕوو بدات یان پەنجە بەچاویا بکات یان لێی بدات. زۆر جار ئەمانە ڕوو دەدەن هەرچەندە منداڵەکە لەوانەیە ئەو مەبەستەی نەبێت، بەڵام لەئەنجامی نەزانی و تورەیی و غیرەوە ئەو کارەساتانە ڕوو دەدەن، لەبەر ئەوە پێویستە دایک و باوک زۆر وریاو لێهاتوو بن و نەهێڵن منداڵەکانیان تووشی غیرەی زۆر ببن ئەویش لەڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- نابێت دایک و باوک یان مامۆستا منداڵان بەیەکتری بەراورد بکەن و یەکێکیان بەرز بکەنەوەو بڵێن لەو باشترە، چونکە ئەمە دەبێتە مایەی دروست بوونی غیرە.

٢- جیاوازی نەکردن لەنێوان منداڵاندا، ئیتر چ کوڕ بێت یان کچ یان تاقانە، دەبێت هەموویان بەیەک چاو سەیر بکرێن و مافی کەسیان پێشێل نەکرێت بۆ یەکێکی تریان.

٣- خۆ ئامادەکرنی خێزان بۆ پێشوازی منداڵی تازەو، تێگەیاندنی منداڵەکانی تر کە ئەوەی دێت خوشک و براو پاڵپشتو دڵسۆزی ئێوەن، وە نابێت گشت سۆزو خۆشەویستی و گرنگی لەمنداڵەکانی تر ببڕدرێت و پشت گوێ بخرێن و هەمووی بدرێت بەو منداڵە تازەیە، چونکە ئەمە غیرە دروست دەکات.

٤- نقوم نەکردنی منداڵ لە پاداشت و دیاریداو هەوڵ دان بۆ گەشەکردنیان و بروا بەخۆبوونیان.

٥- پێویستە منداڵ بەردەوام تێ بگات کە خۆشەویستەو پشتگوێ نەخراوەو لەهیچ کەس کەمتر نیە، چونکە پەروەردەی هەڵەی دایک و باوک و نەزانیان یەکەم هۆکارە بۆ دروستکردنی (غیرة) لای منداڵ و پەرەپێدانی.

(بڕوا بەخۆ نەبوون) یان (متمانە نەکردن بەخوود)

بڕوا بەخۆ بوون (الثقة بالنفس) دیاردەیەکی دەروونیەو دادەنرێت بە پاڵنەری سەرەکی بۆ ڕەوشت و بیرکردنەوەی تاکو کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ و لەهەموو هەڵس و کەوتێکیدا ڕەنگ دەداتەوە، دیاردەی بڕوا بەخۆبوون پەیوەندیەکی زۆری هەیە بەچۆنیەتی بڕیاردان و وورەی تاک و سەرکەوتنی لەژیاندا. واتە ئەوانەی بڕوایان بەخۆیان هەیەو هەست بە کەمی ناکەن و لە بیرکردنەوەو بڕیارداندا ڕاڕاو دوو دڵو بەگومان نین ئەوا بە ئاسانی سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و ژیانیان ئاسوودە دەبێت، بەڵام ئەو کەسانەی بڕوایان بەخۆیان نیەو هەست بەکەمی دەکەن و دەترسن و بەردەوام دڵەڕاوکێ و گۆشەگیری و گومان سەرە ڕێگای لێگرتوون، بێگومان هەموو ژیانیان دەبێت بە دۆزەخ و نازانن تامی کامەرانی و سەرکەوتن چییە.

کۆمەڵێک هۆکار هەیە کە دەبێت لەژینگەی مرۆڤدا هەبێت بۆ ئەوەی ئەو تاکە بڕوای بەخۆی هەبێت و سەربەخۆیی و بوونی خۆی بسەلمێنێ، هۆکارەکانیش بریتین لە بوونی کەشو هەوایەکی دیموکراسی ئازادو سەربەست، کەتاک بتوانێت هەر لەسەرەتای ژیانیەوە لەناو خێزان و دوای ئەوەش لەقوتابخانەو کۆلان و دامەزراوە کۆمەلایەتیەکانی تر بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ گوزارشت لەخودو خەوو خەیاڵ و ڕاوبۆچوونەکانی (بەبێ بوونی سانسۆرو چاوسوورکردنەوە) بکات و لەتەک تاکەکانی تری کۆمەڵەکەیدا بکەوێنە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەو بەردەوام لەسەر کردەوەو ڕەوشتە ڕاست و جوانەکانی پاداشت بکرێتو پشتگیری لێبکرێت و ڕێزی بگیرێ و کۆسپ و بەربەست لەبەردەم پێداویستیە فسیولۆژی و دەروونیەکانیدا دانەنرێت.

گومانی تێدا نیە ئەگەر مرۆڤ لەژینگەیەکی ئاوادا گەورە بوو ئەوا کەسایەتیەکی سەرکەوتووی دەبێت و هەست بەکەمی ناکات و بڕوای بەخۆی دەبێت و زۆر بەجەرگ و چاونەترس دەبێت. بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژی پڕ بوو

لەتۆقاندن و ترس و هەڕەشەو چاوسووركردنەوەو جۆری مامەڵەكە دكتاتۆریانە بوو، تاكێ ڕێزی نەگیراو هەستی بەدڵنیایی و ئارامی نەكردو سەربەستی و مافەكانی پێشیل كرابوو، ئەوا بەهیچ شێوەیەكێ ئەو تاكانە كەسایەتیان سەركەوتوو ئاسایی نابێت و تووشی كۆمەڵێكێ كێشەو گرفتی دەروونی دەبن كە یەكێكیان هەست كردن بەكەمی و بڕوا بەخۆنەبوونە.

دەرئەنجامی زۆربەی توێژینەوە زانستیەكان (القوصی، ١٩٨١، ص٣٢٧) (باقر، ١٩٧٦، ص٨٤) (جلال، ١٩٧٠، ص٤٩٠) ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە پەروەردەی هەڵەی ناو خێزان و كۆمەڵ كە بریتین لە (لێدان و توندوتیژی بەردەوام، نەبوونی مامەڵەیەكی نەگۆڕ -تذبذب- لەهەڵس و كەوتدا، پشت گوێ خستنی منداڵ، نازدار بەخێوكردنی، سووكایەتی پێ كردنی، دەرخستن و گەورە كردنی كەم و كورتیەكانی، بوونی ئاژاوەو ناخۆشی لەناو خێزاندا. نوقستانیو كەم و كورتی جەستەیی...هتد) دەبنە هۆی هەست بەكەمی كردن و بڕوا نەبوون بەخودو متمانە نەكردن پێی.

هەروەها لەناو كۆمەڵیش و لەدەرەوەی خێزان ئەو جۆرە ژینگەو مامەڵەیە دەبێتە هۆی تێكشكاندنی كەسایەتی تاكێ. لەگرنگترین نیشانەكانی بڕوا نەبوون بەخودو متمانە نەكردن پێی بریتیە لە (ڕاڕایی، شەرم، زمان تەتەڵەكردن، گۆشەگیری و پاشەكشێ، سوورنەبوون لەسەر ڕاو بۆچوونەكان و بەدوادانەچوونیان، كۆڵ دان، ترس و چاوەڕوانكردنی ناخۆشیو كارەسات، كات بەفیڕۆدان، كردنی هەزارو یەكێ حساب بۆ هەموو ئیشێكێ ئیتر بچووكێ بێت یان گەورە، خۆ دەرخستن، گرنگی دانی زیاد لەپێویست بەڕوالەت، زیادەڕۆیی لەقسەكردن و بڕیاردان و توانستەكانیاندا هەرچەندە لەناوەڕۆكیشدا فشەڵو پووچە) هەروەها هەندێكێ جاریش بۆ پڕ كردنەوەی كەم و كورتی و داپۆشینی ئەو هەستكردن بە كەمی و بڕوانەبوونە بەخود ، شێوەی{زیندە خەون و نقووم بوون لە جیهانی خەوو خەیاڵ و چەوساندنەوەی كەسانی تر (قۆچی قوربانی) خۆ بەزلزانین و سەرەڕۆیی} وەردەگرێت.

لەخوێندن دواکەوتن

لەخوێندن دواکەوتن گرفتێکی پەروەردەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەو لەمێژەوە سەرنجی دەروونزان و پەروەردەکارانی ڕاکێشاوەو خەریکی توێژینەوەن بۆ زانینی گرنگترین هۆکارەکانی دواکەوتن لەخوێندن، هەر چ کەسێک وانەی ووتبێتەوەو بۆ ماوەیەکی کەمیش بووبێت پیشەی مامۆستایەتی کردبێت، ئەوا بەئاسانی هەستی بەم دیاردەیە کردووەو بۆی دەرکەوتووە کە ژمارەیەک قوتابی ناتوانن وەک هاوڕێ فێرخوازەکانی تریان وانەکانی قوتابخانە ڕەوان بکەن و تیایدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن و دوا دەکەون، ئەمەش خۆی لەخۆیدا گرفتێکی تر دروست دەکات، ئەویش ئەوەیە دوور نیە زۆربەی ئەو فێرخوازە دواکەوتوانە لەپۆلدا ئاژاوە بنێنەوەو دەستدرێژی بکەنە سەر کەل و پەل و کەرەستەکانی قوتابخانە یان گۆشەگیرو بێ هیوا سەیری هاوڕێکانی تریان بکەن، یان واز لەخوێندن بهێنن و تێکەڵ بە کۆمەڵێک منداڵی وەک خۆیان ببن و گروپێکی یاخی بوو دەست درێژی کار پێک بهێنن.

ئەمانە خراپەکارییەکانی ئەو کەسانەن کەلەخوێندن دوادەکەون، لەبەرئەوەی سەرنەکەوتوو بووە لە بواری خوێندندا، دەیەوێت لەبوارەکانی تری ژیاندا ئەو سەرکەوتنە قەرەبوو بکاتەوە تەنانەت ئەگەر هات و بەڕێگەی چەوتیش بێت. دواکەوتن لەخوێندن یان گشتی دەبێت (واتە فێرخواز لەزۆربەی وانەکاندا دوا دەکەوێت) یان تایبەتی دەبێت (واتە فێرخواز لەبابەتێک یان دووان سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ) دەرئەنجامی زۆربەی توێژینەوە زانستیەکان ئاماژە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەن و دایدەنێن بەگرنگترین هۆکارەکانی لەخوێندن دواکەوتن، هۆکارەکانیش بریتین لە:

١) <u>زیرەیی وئاستی زیرەکی :</u>

زیرەکی پەیوەندییەکی پتەوی بەخوێندنەوە هەیە، ئەو فێرخوازانەی ڕێژەی زیرەکیان نزمەو لەکاتی خوێندنداو کۆسپ و تەگەرەی زۆریان دێتە ڕێگا لەوانەیە دوا

بكەون لەخوێندن و لەوانەكانی قوتابخانەدا سەركەوتن بەدەست نەهێنن، چەندەها ئەزموون و تاقیكردنەوە هەیە بۆ پێوانی ڕێژەی زیرەكی مرۆڤ و بەبەكارهێنانی ئەم هاوكێشەیە ڕێژەی زیرەكی دەدۆزرێتەوە:

$$\text{ڕێژەی زیرەکی} = \frac{\text{تەمەنی ژیری}}{\text{تەمەنی کاتی}} \times ١٠٠$$

ئینجا ئەگەر ڕێژەی زیرەكی فێرخواز یەكسان بوو بە (١٠٠) ئەوكاتە زیرەكیەكەی مام ناوەندی دەبێت و ئاساییە، بەڵام ئەگەر لە (١٠٠) كەمتر بوو ئەوە زیرەكیەكەی كەمەو لەمرۆڤی ئاسایی كەمتر دەبێت و تووشی دواكەوتن و دەرنەچوون دەبێت لە قوتابخانە، هەروەها هەندێك جار فێرخواز ڕێژەی زیرەكیەكەی ئاساییە، بەڵام توانستی تایبەتی لەیەكێك لەبابەتەكانی خوێندندا لاوازە وەك بیركاری یان زمان، یان هونەر لەبەرئەوەی دەركەوتووە كە مرۆڤ لەچەند بوارێكدا كارامەیەو توانستی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لەچەند بوارێكی تردا لاوازە، دوور نیە ئەم هۆكارەش هەندێك جار ببێتە هۆی دواكەوتن لەخوێندن.

٢) هۆكارە جەستەییەكان :

هەندێك جار لە ئەنجامی (لاوازی جەستەیی و بوونی كەم و كورتی لەهەستەوەرەكان و نەخۆشی بەردەوام -مزمن- و زوو هیلاك بوون و لاوازی ئاگاداری و چاوتێبڕین لەپۆلدا، تووش بوونی فێرخواز بەگرفتی وەك زمان فسی و گیری...هتد) گرفت بۆ فێرخواز دروست دەبێتو تووشی دواكەوتنی دەكات و هەندێك جاریش لەئەنجامی خۆ بەراوردكردن و هەست كردن بەكەمی لەیەكێك لەئەندامەكانی لەشدا خوێندكار لەخوێندنەكەی دەپچڕێ و تووشی دواكەوتن دەبێت لەوانەكانیدا.

٣) ئەو هۆكارانەی كە پەیوەندیان بەفێرخوازەوە هەیە:

هەندێک جار فێرخواز لەئەنجامی هەندێک هۆكارەوە كە پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە تووشی دواكەوتن و سەرنەكەوتن دەبێت، لەوانە فەرامۆش كردنی وانەكانی قوتابخانەو پشت گوێ خستنی بۆ كۆتایی ساڵ، یان بۆ كاتی تاقیكردنەوە، ئاگادار نەبوون و لاوازی پاڵنەر بۆ خوێندن لەناو پۆلدا، نەزانی فێرخواز لەبواری (سەعی كردن) و یادكردنەوەداو سەیركردنی خود بەچاوێكی نزم و بڕوا نەبوون و ڕاڕایی و گومان كردن لەتواناو بەهرەی تایبەتی خۆی (القاضي، ١٩٨١، ص٣٩٩-٤٠٤).

٤) خوێندنگا:

هەندێک جاریش خوێندنگا بەرپرسیارە لەدواكەوتن و سەرنەكەوتنی فێرخواز بەتایبەتی ئەگەر بەرنامەو پرۆگرامەكانی گونجاو نەبێت بۆ تواناو تەمەنی فێرخواز، یان مامۆستا كەم تەرخەمی بكات و سەركەوتوو نەبێت لەوانەكەیداو شێوەی وانە ووتنەوەكەی گونجاو نەبێت بۆ بابەت و قۆناغی فێرخوازەكان، یان توڕەو دەمارگیرو توندو تیژ بێت، هەندێک جاریش ووشكی و دكتاتۆری و نەبوونی یەكسانی و سۆزو خۆشەویستی لەژینگەی خوێندنگادا، دەبێتە هۆی دواكەوتن.

٥) خێزان:

نەبوونی ژینگەی گونجاوو لەبار بۆ خوێندن لەناو خێزانداو سەیركردنی پرۆسیسی پەروەردەو فێركردن بەچاوی سوک لەلایەن دایكو باوكی فێرخوازەوەو نەبوونی هاندانو پشتگیری و دابین نەكردنی پێداویستیەكانی خوێندن و هەژاری و گرفتی ئابووری و ڕۆشنبیری‌و نەبوونی پلەو پایەو پاشەڕۆژ بۆ دەرچوان و خاوەن بڕوانامەكان، گرنگترین هۆكارە بۆ دواكەوتن لەخوێندنو خاوكردنەوەی گوڕی فێرخوازو لاوازكردنی پاڵنەرو حەزو ئارەزووی بۆ خوێندنو پشت گوێ خستنی ئەرک و فەرمانەكانی خوێندنگای چارەسەركردنی ئەو گرفتانەی سەرەوە دەرمانی دەردی دواكەوتنە.

شەرم كردن

شەرم كردن یەكێكە لەو ڕەوشتانەی كەمتر لەدیاردە دەروونیەكانی تر سەرنجی كەسانی چواردەوری ڕاكێشاوەو هەندێك لەدایكانو باوكانو مامۆستایان بەدیاردەیەكی ترسناكی لەقەڵەم نادەنو ئەوەندە گرنگی پێنادەن، بەڵام لەڕاستیدا هیچی لەدیاردەكانی تر كەمتر نیەو بگرە هەندێك جاریش لەوان مەترسی لەسەر باری دەروونی و كەسایەتی مرۆڤ زیاترە، كاریگەری شەرم كاتێك دەردەكەوێت كەمرۆڤ لەناو كۆمەڵدا بێتو ببێتە خاڵی سەرنجدانو بابەتی لێدوانو گفتوگۆ كردن، واتە ئەگەر تاكە هەر خۆی بێت یان لەناو كۆڕو كۆبوونەوەدا بێت و كەس ئاگاداری نەبێتو ئەم نەبێتە مایەی سەرنجدانو لێدوانیان، ئەوا بەهیچ شێوەیەك هەست بەشەرم ناكاتو بەئاسانیش خۆی دەكات بەناو هۆڵی سینەماو شانۆو ناو بازاڕو شوێنە گشتییەكاندا.

بەڵام هەر ئەوەندە كەسانی تر چاویان بڕیە ئەمو سەرنجی هەڵسو كەوتەكانیان داو ویستیان لەتەكیدا بكەونە گفتوگۆ، ئیتر دونیا بەسەریدا سەرەو ژێر دەبێتو نیشانەكانی شەرم لەسەرو سیماو هەڵسو كەوتیدا بەئاسانی هەست پێ دەكرێت كە بریتین لە (سوورهەڵگەڕانی دەمو چاو، سەر شۆڕكردنەوە بۆ خوارەوە لەكاتی قسەكردندا، تێكەڵاوبوونی لاقەكانی لەكاتی ڕۆیشتندا، زمان گیرانو تەتەڵەكردنی، تێكەڵاوبوونی بیروهۆش، تەم و مژاوی بوونی هەموو دیاردەكانی چواردەور، حەز كردنو هەوڵدان بۆ دەرباز بوونو دوور كەوتنەوە لەو شوێنو كەسانە، ئیتر بەهەرچ شێوەیەك بێت). هەندێك جار ئەو مرۆڤە شەرمنانە ناچار دەبنو حەز دەكەن كە ژیان بەتەنیاییو گۆشەگیری بەسەر بەرنو خۆیان بەكارێكەوە خەریك دەكەن كە پێویستی بەتەنیایی هەبێتو كەسانی تر بەشداری تێدا نەكەن و بەردەوام هەوڵ دەدەن لەكۆڕو كۆبوونەوەو تێكەڵاوی‌و چالاكیە كۆمەڵایەتیەكان دوور بكەونەوە.

گومانی تێدا نیە كۆمەڵێك هۆكاری دەرەكی و ناوەكی كار لەیەكتری دەكەن و ئەم گرفتە دەروونیە لەلای مرۆڤ دەخوڵقێت، ئیتر گەورە بێت یان بچووك، لە گرنگترین هۆكارەكانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:

١) یەکەم تۆوی شەرم کردن لەڕێگەی (پشتگوێ خستن و سووکایەتی و ڕیسواکردنی) منداڵەوەو لەناو دڵ و دەروونیدا دەچێندرێ و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش لەمیانەی گاڵتەپێکردنو گەورەکردنی هەڵەکانی و سەرزەنشتو گلەیی لێ کردنی زیاد لەپێویستەوە گەشە دەکات، چونکە منداڵ لە ئەنجامی ئەو جۆرە مامەڵانەوە بۆچوونێکی وای لا دروست دەبێت کە تەنها ڕێگاچارە بۆ دەربازبوون لەو سووکایەتی و ئازارو ڕیسواکردنە، گۆشەگیریو دوورکەوتنەوەیە لەکەسانی ترو تێکەڵاو نەبوونیانە، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە مایەی شەرم و ڕاکردن لە خەڵکی، بەردەوام بوونی ئەو هەڵس و کەوتە گرفتی دەروونی بۆ منداڵ دروست دەکات و بەربەستێکی دەروونی لەنێوان منداڵ و کەسانی تردا دروست دەکات، تا وای لێ دێت تێکەڵاو بوون و بینینی کەسانی تر لەنزیکەوە، دەبێتە مایەی خوڵقاندنی شەرم و ترسو دڵەڕاوکێ (قلق).

٢) دانانی بەربەستو ڕێگر لەبەردەم تێکەڵاوبوونی منداڵ لەگەڵ منداڵان و تاکەکانی تری کۆمەڵ بەبیانوی پاراستنی لەڕەوشتی خراپ و پارێزگاری کردنی، چونکە هەر لەسەرەتای ژیانیەوە ئەگەر بارودۆخو دەرفەتی لەبارو گونجاو بۆ منداڵ نەڕەخسێنرا بۆ تێکەڵاو بوون و شارەزابوونی ژینگەی کۆمەڵایەتی، سەرەنجام منداڵ گۆشەگیرو دوورەپەرێز دەبێت و لەداهاتوودا بەزانیاری و شارەزایی کۆمەڵایەتی چەکدار نابێت و تووشی ترس و شەرم و ڕاڕایی و هەست بەکەمی دەبێت.

٣) نەبوون یان لاوازی بڕوا بوون بەخۆو سەیرکردنی خود بەچاوی سووکە.

٤) لاسایکردنەوەی کەسانی چواردەور. واتا کاتێک باوک و دایک و کەسانی تری چواردەوری منداڵ شەرم دەکەن ئەوا منداڵیش لەڕێگەی بینین و لاسایکردنەوەی ئەوانەوە فێری شەرمکردن دەبێت.

٥) نازپێدانی زۆری زیاد لە پێویست بەمنداڵ و جێبەجێکردنی هەموو پێداویستیەکانی.

چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە پەیوەستە بە نەهێشتنی ئەو هۆکارانەی سەرەوە، واتە سووکایەتی پێنەکردنی منداڵ و ئازارنەدانی و ڕێگە خۆش کردن بۆی، بۆ ئەوەی

تێکەڵاوی ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی ببێت و شارەزایی تەواو لەبارەیەوە پەیدا بکات، هەروەها نابێت منداڵ بەنازداری بەخێو بکرێت و گاڵتەی پێ بکرێت و هەڵەکانی بۆ گەورە بکرێت، دەبێت هەوڵ بدرێت تۆوی بڕوا بەخۆ بوون و ڕێزگرتنی خود لەناخیدا بچێندرێ .

هەر بۆ ئەم مەبەستەش (جاردنر)ی دەروونزان بەرنامەیەکی داناوە بۆ چارەسەرکردنی شەرمی منداڵ کە بریتیە لەوەی نابێت هیچ سزاو ئازارێکی ناپێویست ئاڕاستەی منداڵ بکرێت، دەتوانرێت هانی منداڵ بدرێت بۆ تێکەڵاو بوونی کەسانی تر لەرێگەی یاریکردنی لەتەک منداڵانی دراوسێ و ناسیاوو خوشک و برا کە شەرمیان لێ ناکات، دواتر هەوڵ بدرێت یەک لەدوای یەک ئەو منداڵە ناسراوو دۆستانەی منداڵە شەرمنەکە یارییەکە بەجێ بهێڵن و لەجیاتی ئەوان یەک لەدوای یەک منداڵانی نامۆو نەناسراو بهێنرێتە ناو گۆرەپانی یارییەکەو جێگەی منداڵە ناسراوەکان بگرنەوە تا وای لێ دێت هەموو چواردەوری منداڵە شەرمنەکە دەبێت بە کەسانی تری نەناسراو، بەم شێوەیە دەتوانرێت چارەسەری شەرمی منداڵ بکرێت و هان بدرێت بۆ تێکەڵاو بوون (دبابنة، ص٢٠٠).

هەست بەكەمی كردن

هەست بە كەمی كردن (الشعور بالنقص) دیاردەیەكی دەروونیەو وەك چەكێكی دوو لوولە وایە، لوولەیەكیان گەشەو لەخزمەتی مرۆڤدایەو دەبێت بەپاڵنەرو داینەمۆی هەڵس و كەوت و بیركردنەوەی بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی، بەڵام لوولەی دووهەمیان ترسناكو دەلاقەو درزی گەورە دەخاتە كەسایەتی مرۆڤەوە، زۆر لەزانایان سەرقاڵی لێكۆڵینەوەی ئەم دیاردەیەن، بەتایبەتی زانایانی قوتابخانەی شیتەڵ كردنەوەی دەروونی، لەپێشەوەشیان (فرۆید)ی دامەزرێنەر كە لەو بڕوایەدایە (هەست كردن بە كەمی لەئەنجامی هەست كردن بە نەبەكامی و لاوازی و سستی چالاكی ئەندامەكانی زاوزێوەیەو تاك تووشی خەم و خەفەت و ترس و دڵەڕاوكێ دەكاتو ناچار [من] [الأنا] هەوڵی دوورخستنەوەی ئەو ترس و دڵەڕاوكێ یە دەدات لەبواری هەستیەوە بۆ بواری نەستی [اللاشعور] و لەوێدا بەخەفەو سەركوتكراوی دەمێنێتەوەو دواجاریش دەبێتە ناوكی دروست بوونی گرێ ی كەمی [عقدة النقص](مكبرايد،ص٨)

بەڵام (ئەدلەر) لێكدانەوەی جیاوازی لەفرۆید بۆ ئەو دیاردەیە هەیە. (ئەدلەر) لەو بڕوایەدایە كە مرۆڤ هەر لەچركەی یەكەمی لەدایك بوونیەوە، ئامادەباشی بۆ دیاردەی هەست كردن بە كەمی هەیەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش لەئەنجامی خۆ بەراوردكردن بەكەسانی تر چەكەرە دەكات و ساڵ لەدوای ساڵیش سەوز دەبێت و بواری دەروونی مرۆڤ داگیر دەكات.

(ئەدلەر) لەو بڕوایەدایە (كە هەست كردن بەكەمی یەكەم جار لەڕێگەی نوقستانی و كەم و كورتی جەستەییەوە- شەلی، كوێری، لاڵی، خێلی، زۆر قەڵەو یان لاواز، زۆر درێژی یان كورت، ناڕێكی لەئەندامەكانی لەش- سەرهەڵدەدات و پاڵ بە تاكەوە دەنێت و دەیخاتە جووڵە بۆ ئەوەی ئەم كەم و كورتیە پڕ بكاتەوەو دواجاریش بەرفراوانتر دەبێت و هەموو تاكەكانی كۆمەڵ دەگرێتەوەو لەبواری جەستەیی دەردەچێت و دەپەڕێتەوە سنووری كەم

و کورتی و نزمی ئاستی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و.. هتد، نوقستانیش لەو لایەنانەدا تاک هەر تووشی هەست کردن بەکەمی دەکات (رمزی، ص٦). واتە هەست کردن بەکەمی گشتییەو لەلای هەموو کەسێک هەیەو بەبزوێنەری ڕەوشتی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ترۆپکی ئەفراندن و بەرهەم هێنان لەیەکێک لەبوارەکانی ژیاندا دادەنرێت و ئەو سەرکەوتن و ئەفراندنە دەبێت بەدەرمانی سارێژکردنی ئەو دیاردەو لەڕێگەی لەبریخستنەوە (التعويض) ئەو کەسە لەو هەست و خەم و خەفەت و ئازاری هەست کردن بە کەمیە ڕزگاری دەبێت و قەرەبووی بەو سەرکەوتنانە دەداتەوە، وەک چۆن (دیموستینی گریکی توانی لەئەنجامی نوقستانی زمانیەوە ببێت بەگەورەترین گوتەبێژو بیتهۆڤنیش توانی قەرەبووی کەڕییەکەی بەبەرهەم هێنانی باشترین سەمفۆنیای جیهانی، بداتەوە) (غنيم، ص٥٤٠).

وەک لەسەرەتاوە باسمان کرد، هەست کردن بە کەمی چەکێکی دوو لوولەیە واتە خێریشەو هەندێک جاریش شەڕە، بەڵام ئەوەی شایانی باسکردن بێت ئەوەیە کە ژینگەی خێزانیو کۆمەڵایەتی زامن و بەرپرسیارە لەهەڵبژاردنی خێرو شەڕی ئەو دیاردە دەروونیە، واتا ئەگەر ژینگەی خێزانی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ ئاسایی بێت و پڕ بێت لەڕێزگرتن و ئاسایش و دڵنیایی و هاندان و پێداویستیەکانی ژیان و ئامرازەکانی سەرکەوتن لەخزمەتی مرۆڤدا بن، ئەوا ئەو کاتە هەست کردن بە کەمی لایەنە خێرەکە وەردەگرێت و دەبێت بەهەوێنی سەرکەوتنەکانی و لەیەکێک لە گۆڕەپانەکانی ژیاندا خەوو خەیاڵ و ئاواتەکانی دەهێنێتە دی وەک چۆن ناوداران و شۆڕە سوارانی وەک (بیتهۆڤن، دیموستین، هیلین کیلر، تەها حسین) و سەدەها مرۆڤی تریش توانیان هەریەکەو لەگۆڕەپانی خۆیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

بەڵام ئەگەر ژینگەی خێزانی و کۆمەڵایەتی دژوارو پڕ لەکارەسات و ترس و خەم و خەفەتو دلەڕاوکێ بێت و منداڵ ئازدار یان بێزراو و پشت گوێ خراو پەروەردە کراو بەردەوام سزاو ئازاردراو سوکایەتی پێکراو لەنرخو بەهای کەم کرایەوە ئەوا ئەو کاتە

هەست کردن بەکەمیەکە دەبێت بەپەشماریێک و لەگەردنی ئەو مرۆڤە دەناڵێ و بەرەو (لاساری و سەرکێشی و قومارکردن، گۆشەگیری، مشروب خواردنەوە، خۆ کوشتن، ڕەشبینی، ژیان لەخەو و خەیاڵدا)ی دەبات و زۆر دیاردەی دزێوی وەک خۆ دەرخستن، لەخۆبایی بوون، لووت بەرزی، گرنگی دان بەڕواڵەت سەردەردەهێنێ و بەردەوام بوونی ئەو بارودۆخەش دەبێتە هۆی ئەوەی وردە وردە ئەو ترس و خەم و خەفەتی هەست کردن بە کەمییە بگوێزرێتەوە بۆ سەردابی نەستی و بەخەفەکراوی لەوێ بمێنێتەوەو گرێی کەمی لێ سەوز ببێت)(زیعور، ص٢٤٥).

دڵنیایی دەروونی

راوەرگرتنی منداڵ

هەر منداڵەو جیهانی تایبەت بەخۆی هەیە

یاریکردن و گەشەی کۆمەڵایەتی

هۆگری

ناخۆشی نێوان دایک و باوک

سایکۆ دراما

چالاکییەهونەری و وەرزشیەکان

منداڵ و پشت بەستنی بەکەسانی تر

منداڵ و لە شیربڕینەوە

دڵنیایی دەروونی

یەکەم پێداویستی دەروونی مرۆڤ ئەمن و ئاسایش و دڵنیاییەو زۆر گرنگە بۆ مرۆڤ و کۆڵەکەو بڕبڕەی پشتی دروستی دەروونی مرۆڤە، ئەو مرۆڤەی هەست بە ئاسایش و دڵنیایی دەروونی نەکات، بە هیچ شێوەیەك نابێت بە مرۆڤێکی داهێنەر، لەبەر ئەوە دابین کردنی ئاسایش و دڵنیایی دەروونی زۆر پێویستە بۆ تاکەکانی کۆمەڵ. مەبەست لە دڵنیایی و ئاسایشی دەروونی (الأمن النفسي) ئەوەیە کە تاك لەو ژینگەیەی کە تیادا دەژی هەست بە دڵنیایی و ئارامی دەروونی بکات و لەوە دڵنیا بێت کە کەس دەست درێژی ناکاتە سەر سەرو ماڵ و شەرەف و کەرامەتی و ژیانی پارێزراوەو ناکەوێتە بەر هەڕەشە و تۆقاندن و چاو لێ سوور کردنەوە.

ئاسایش و دڵنیایی دەروونی لە خێزانەوە دەست پێدەکات، دەبێت باوك و دایك کەسانی دڵ نەرم و بە بەزەیی بن و منداڵ لە باوەشیاندا هەست بە دڵنیایی و ئارامی بکات و نابێت توندوتیژی و لێدان لەگەڵ منداڵدا بەکاربهێنن و لەسەر هەڵس و کەوتەکانیان سزایان بدەن، چونکە لێدان و توندوتیژی بەردەوام باری دەروونی منداڵ ئاڵۆز دەکات و تووشی زۆر گیروگرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەکات. منداڵی زیرەك و بلیمەت زۆر دەجووڵێ و پرسیار دەکات و بەجۆرەها شێواز گوزارشت لە بیرو باوەڕو حەزو ئارەزووەکانی دەکات، ئینجا بۆ ئەوەی تواناو بەهرەکانی منداڵ زیندە بەچاڵ نەبێت ئەوا زۆر پێویستە کە دایك و باوك بە سینگێکی فراوانەوە پێشوازی لەو ڕاو بۆ چوون و حەزوو ئارەزووانەی منداڵەکانیان بکەن و سووکایەتیان پێ نەکەن و ناوو ناتۆرەی ناشیرینیان بۆ نەدۆزنەوەو هەڵەکانیان بۆ گەورە نەکەن، چونکە ئەو جۆرە مامەڵانەی سەرەوە باری دەروونی منداڵ ئاڵۆز دەکات و تووشی ترس و دڵەڕاوکێی بەردەوامی دەکات.

دڵنیایی دەروونی قوتابخانەش هیچی لە ماڵەوە کەمتر نییە، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە کە بەڕێوەبەرو مامۆستایانی قوتابخانەش لەلای خۆیانەوە هەوڵی ئەوە بدەن کە

قوتابی لە قوتابخانە هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەروونی بکات، مامۆستا باوکی دووەمی قوتابییەو هیچی لەرۆڵی باوك کەمتر نییە ئەگەر زیاتر نەبێت، لەبەر ئەوە دەبێت مامۆستا بەیەك چاو سەیری هەموو قوتابییەکان بکات و هەندێك شتی لاوەکی وەك (دەوڵەمەندی، جل و بەرگی جوان، ڕواڵەت و دیوی دەرەوەی قوتابی، بیرو باوەڕی سیاسی و ئایینی، چین و توێژی کۆمەڵایەتی، ناوچەگەری ....تاد) کاری تێنەکات و وای لێنەکەن کە جیاوازی لەنێوان قوتابیەکاندا بکات.

هەروەها نابێت مامۆستا بە پرسیاری لاوەکی و سەیری قوتابیان بێزارو تووڕە بێت، چونکە کارێکی ئاساییە کە هەندێك جار قوتابی زیرەك و داهێنەر پرسیاری سەیرو سەمەرەو کوت و پڕ دەکات کە لەوانەیە مامۆستا چاوەڕوانی نەکات و وەڵامی پێنەبێ، ئا لەم کاتانەدا دەبێت سنگی فراوان و دڵی گەورە بێت و لەنرخی ئەو جۆرە قوتابیانە کەم نەکاتەوەو پرسیارەکانیان بە هەڕەشەو سەرەڕۆیی دانەنێت، کەواتە دەبێت قوتابی لە قوتابخانە هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەروونی بکات و لەمامۆستاو بەڕێوەبەرو هاوڕێ قوتابییەکانی دڵنیابێت و هەست بە هەڕەشەو ترس و دڵەڕاوکێ و خەم و خەفەت نەکات،

بەهەمان شێوەش دەبێت (فەرمانبەر لە فەرمانگەکەی، کرێکار لەکارگەکەی، سەرباز لەسەربازگەکەی، تاك لەناو کۆمەڵەکەی) هەست بە دڵنیایی بکات و کەسان و دام و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بە دۆست و هاوپشتی خۆی بزانێت و ترسی ئەوەی نەبێت کە لەسەر بیروباوەڕو ڕاو بۆ چوونەکانی سزا دەدرێت و ئەو هەستەشی لەلا دروست نەبێت کە کەسێکی بێزراوو بێ نرخ و پشت گوێ خراوە، بە پێچەوانەوە بڕوای بەخۆی هەبێت و بە چاوی گومان و سووك سەیری خۆی نەکات، ئەگەر کۆمەڵ و دام و دەزگاکانی توانیان ئەو ژینگە پڕ لە ئارامی و دڵنیاییە بۆ تاکەکانیان دابین بکەن و پێداویستیەکانی گەشەکردنی ئاسایی و دروستی دەروونیان بۆ دەستەبەر بکەن و کەش و هەوای دیموکراسی و ڕادەربڕینی ئازادیان بۆ بخولقێنێ، ئەوە بێگومان ئەو کۆمەڵە کۆمەڵێکی بەختەوەر دەبێت و تاکەکانیشی کەسانی سوودبەخش و کامەران و داهێنەر دەبن و پاشەڕۆژێکی ڕووناك و بەختەوەر چاوەڕوانیان دەکات، ئینجا هەر کەسێك بەشداری لە سازدانی ئەو کەش و هەوایەدا بکات، ئەوا گرەوە بە نرخەکەی مێژوو دەباتەوە.

ڕاوەرگرتنی منداڵ

بە پێی (بەندی) (١٢) لە ڕێککەوتنامەی مافەکانی منداڵ، (دەبێت دەوڵەت و دام و دەزگا کۆمەڵایەتیەکان بارودۆخی گونجاو بۆ ڕاوەرگرتنی منداڵ لە هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندیدارە بە منداڵەوە، بڕەخسێنن). کەواتە یەکێك لە مافەکانی منداڵ ئەوەیە کە گوێی لێبگیرێ و بواری ڕادەربڕینی بدرێتێ، چونکە ئەو مافە دەبێت بە بنەما بۆ پتەوکردنی کەسایەتی منداڵ و خوڵقاندنی ژینگەی گونجاو بۆ گەشەکردنی ئاسایی. خێزان یەکێکە لەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیە گرنگانەی کە دەتوانێت بەو کارە هەڵبستێت و ڕای منداڵەکانی لەو شتانەی کە پەیوەندیدارن پێیانەوە وەربگرێ.

(بۆ نموونە) زۆر گرنگە کە کاتێك دایك و باوك جل و بەرگ و کەلوپەلی قوتابخانەو ناوماڵ بۆ منداڵ دەکڕن، ڕای منداڵەکەیان وەربگرن و بزانن چ جۆرە جل و بەرگ و جانتا و کەرەستەیەکی بە دڵە، چونکە ئەو ڕەنگ و جۆرانەی منداڵ حەزیان لێدەکات مەرج نییە ئێمەی گەورە حەزی لێ بکەین، لەبەر ئەوە نابێت دایك و باوك ڕاستەوخۆ بچن بە ئارەزووی خۆیان چییان بە دڵ بوو بیکڕن و بۆ منداڵی بهێننەوە، چونکە لەوانەیە بە دڵی نەبێت، ئیتر لەوکاتە یان دەبێت بە زۆر منداڵەکە ناچار بکرێت کە پێ ی ڕازی بێت یان دووبارە بیگەڕێننەوەو هی تر بکڕن، کە هەردوو ڕێگە چارەکە لەبەرژەوەندی منداڵ و خێزان نییە.

هەروەها ڕاوەرگرتنی منداڵ لە کاتی (گەڕان و سەردانی شوێنەکان و دیاریکردنی جۆری خواردن و خواردنەوەو یاریکردن و ئەو هاوڕێیانەی کە منداڵ یارییان لەگەڵ دەکات) زۆر پێویستەو لەبەرژەوەندی منداڵ و دروستی دەروونیەتی، لە لایەکی تریشەوە نابێت خێزان خشتەی تایبەتی (بە بێ ڕاوەرگرتنی منداڵ) بۆ کاتی نانخواردن و خەوتن و هەڵسان و یاریکردنی منداڵەکانی دابنێت چونکە ئەوە شێوازێکی دیکتاتۆریانەیەو پێشێلکردنی مافەکانی منداڵە. هەروەها ڕاوەرگرتنی منداڵ (لە جۆری ئەویارییانەی کە

حەزیان لێ دەكات یان ئەو شتانەی كە حەز بە خوێندنەوەیان یان ئەو بەرنامەو پرۆگرامانەی كە حەز بە بیستن و بینینیان دەكات) زۆر پێویستە.

بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ كە منداڵ بە ئارەزووی خۆی چی دەوێ بیكات، بەڵكو مانای ئەوەیە كە ڕاو بۆ چوون و حەزوو ئارەزووی منداڵ لە هەموو ئەو شتانەی كە پەیوەندییان بە ئەوەوە هەیە لەبەر چاو دەگیرێ بەڵام ئەگەر كاتێك داوای شتێكی كرد كە زیانبەخشە یان گونجاوو دروست نییە بۆی ئالەو كاتەدا لە ڕێگەی گفت و گۆو دیالۆگەوە منداڵەكە ڕازی دەكرێت و ڕاستییەكانی بۆ ڕوون دەكرێتەوە، هەروەها زۆر پێویستە كە لە قوتابخانە و هەموو دام و دەزگا كۆمەڵایەتییەكانی تر هەمان شێوازی پێشوو لەبەر چاو بگیرێ و ڕای منداڵ لە هەموو ئەو شتانە وەربگیرێ كە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیان و چارەنووسی منداڵەوە هەیە لەناو قوتابخانەو كۆمەڵ.

هەر بە پێی ئەو (بەندی) (١٢)ەیە دەبێت لە دادگاش ڕاو بۆ چوونی منداڵ لەوكێشانەی كە پەیوەندییان بە ئەوەوە هەیە وەربگیرێ، ئەگەر خۆشی ئەو توانایەی نەبوو ئەوا دەبێت كەسێكی تر لەجیاتی ئەو بەوكارە هەڵبستێت، بەتایبەتیش لەكاتی تەڵاق و لێك جیابوونەوەی ژن و مێردو پاشەڕۆژی منداڵ. لەڕاستیدا ڕاوەرگرتنی منداڵ لەو شتانەی كە پەیوەندییان بە ئەوەوە هەیە زۆر پێویستەو سوودو قازانجی زۆری هەیە لەوانە:-

١- هەر چ بڕیارێك منداڵ (بە پێ ی توانای خۆی) بەشداری تێدا بكات، ئەوە سەركەوتن بەدەست دەهێنێ و منداڵ جێبەجێی دەكات.

٢- لەڕێگەیەوە منداڵ فێری گیانی دیموكراسی و گفت و گۆو ڕاگۆڕینەوە دەكرێت و لە شێوازەكانی دیكتاتۆری و كەلەگایی و خۆسەپاندن و شەڕخوازی دوور دەخرێتەوە.

٣- منداڵ هەست بە بوونی خۆی دەكات و بڕوای بەخۆی دەبێت.

٤- منداڵ لە زۆر گرفتی دەروونی و كۆمەڵایەتی دوور دەخرێتەوەو لە پاشەڕۆژدا ئەویش بە هەمان شێواز منداڵ و قوتابییەكانی خۆی پەروەردە دەكات.

٥- دەبێتە هۆی چاندنی تۆوی هاوکاری و تەبایی و بڕوابوون بە کەسانی چواردەورو دوورکەوتنەوە لە گۆشەگیری و دوورە پەرێزی.

ئینجا بۆئەوەی منداڵەکانمان کەسایەتییەکی سەرکەوتوویان هەبێت و ببن بە کەسانی داهێنەرو سوودبەخش، ئەوا زۆر پێویستە کە ڕاو بۆچوونەکانیان وەربگرین و لەومافەیان بێبەش نەکەین.

هەر منداڵەو جیهانی تایبەتی خۆی هەیە

منداڵانی هەموو جیهان لە لایەنی جەستەیی و ئەندامییەوە وەك یەك وان و جیاوازی ئەوتۆ لەنێوانیاندا نییە، بەڵام لە هەموو جیهان دوو منداڵی وەك یەك نادۆزرێتەوە کە لە لایەنی ژیری و دەروونی و کۆمەڵایەتی وەك یەك وابن تەنانەت ئەگەر جمك و دووانەش بن.

ئینجا ئەگەر بمانەوێت لە مامەڵە کردنمان لەتەك منداڵەکانماندا سەرکەوتوو بین، ئەوا زۆر پێویستە کە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:-

١- نابێت بەیەك چاو سەیری هەموو منداڵەکانمان بکەین، بەڵکو دەبێت ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی (الفروق الفردية) بکەین. بۆ نموونە هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر پێش بینی ئەوە لە منداڵەکانمان بکەین کە دەبێت هەموویان وەك یەك خوێندن تەواو بکەن یان نمرەکانیان وەك یەك بێت، لەبەر ئەوەی توانست و زیرەکی منداڵەکانمان هەموویان وەك یەك نین. لەوانەیە یەکێکیان لە خوێندنی ئەکادیمی و زانستیدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام ئەویتریان لە خوێندنی پیشەیی یان هونەریدا سەرکەوتووەو سێهەمیشیان لەبواری کۆمەڵایەتی یان وێژەییدا سەرکەوتووە، کەواتە ئەرکی سەرەکی دایك و باوك و مامۆستایە کە ئەو بوارە بدۆزێتەوە کە منداڵەکانیان تیایدا سەرکەوتوو بن.

٢- جیاوازی زۆر لەنێوان هەستەوەرو توانستە جەستەییەکانی منداڵاندا هەیە، بۆ نموونە هەندێك منداڵ هەستەوەری بینینیان لە هەستەوەری بیستنیان بەهێزترە، بەڵام هەندێکی تر لەکاری دەستی و پەنجەکانیاندا چالاکن، لەبەر ئەوە زۆر پێوستە بە پێی توانای خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکەین و داوای شتێکی لێنەکەین کە لە توانایدا نەبێت جێبەجێی بکات.

٣- لەلایەنی کۆمەڵایەتیشەوە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان منداڵاندا هەیە بۆ نموونە هەندێک لە منداڵان زۆر کۆمەڵایەتی و کراوەن، لەبەرانبەر ئەوەش هەندێک لە منداڵان زۆر گۆشەگیرو دووره پەرێزن، سەرەڕای ئەوەش زۆربەی منداڵان دەکەونە نێوان ئەو دوو جۆرە منداڵەوە. ئینجا ئەگەر بمانەوێت لە لایەنی کۆمەڵایەتیەوە سەرکەوتوو بین، ئەوا دەبێت بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانمان بکەین کە لەگەڵ باری دەروونی و جۆری کەسایەتی بگونجێت.

٤- بێگومان منداڵان لە لایەنی هەڵچوونیشەوە جیاوازن و هەندێکیان زوو هەڵدەچن و بە ئاسانی تووڕەو دڵتەنگ و بێزار دەبن، بەڵام هەندێکی تریان زۆر درەنگ هەڵدەچن و بە ئاسانی تووڕەو دڵتەنگ نابن. لە ڕاستیدا هەڵچوونی منداڵان بنەمای فسیۆلۆژی و بۆماوەیی خۆی هەیەو دایک و باوک هەر لە منداڵیەوە هەست بەو ڕاستییە دەکەن، بۆ نموونە هەندێک لە منداڵان هەر لە منداڵیەوە زۆر دەگریەن و زوو تووڕە دەبن و زۆربەی جار لەبارێکی دەروونی ئاڵۆزدا دەژین، بەڵام هەندێکی تریان هەر لەکاتی لەدایک بوونەوە سست و بێ دەنگن و زۆر بە زەحمەت هەڵدەچن. لەبەر ئەوە زۆر گرنگە لە کاتی پەروەردەکردندا ڕەچاوی مەزاج و هەڵچوونەکانی منداڵ بکرێت، بۆئەوەی لە مامەڵەکردنماندا سەرکەوتوو بین.

٥- هەروەها حەزوو ئارەزووی هەموو منداڵان وەك یەك نین، لەبەر ئەوە ئەگەر بمانەوێت یاری یان جل و بەرگ بۆ منداڵەکانمان بکڕین، ئەوا زۆر پێویستە کە ڕەچاوی حەزوو ئارەزووەکانیان بکەین، حەزیان لە چ ڕەنگ و شێوەو یارییەکە یان حەز بە سەردانی چ جێگاو شوێنێك دەکەن، ئەوا پێویستە بۆیان جێبەجێ بکەین، چونکە ڕەچاوکردنی حەزوو ئارەزوەکان فاکتەری سەرەکی دروستی دەروونی منداڵەکانمانن. بێگومان ئەو دایك و باوك و مامۆستایانەی ڕەچاوی جیاوازییەکانی نێوان منداڵەکان دەکەن و بە پێی تواناکانیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، ئەوا سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنن و ئەوەیەکی بەختەوەرو دەروون دروست بەرهەم دەهێنن.

یاریکردن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی

یەکێك لەو شێوازانەی کە منداڵ لەڕێگەیەوە شارەزای کۆمەڵەکەی دەبێت یاریکردن و گەمەی منداڵە، چونکە منداڵ لەڕێگەی یاریکردنەوە ئەم زانیاری و شارەزاییانەی لای خوارەوەی دەست دەکەوێت:-

١- نیزام و سیستمی ڕێك خستنی شتەکان/ بۆ نموونە کاتێك منداڵ یاری بە کەل و پەلی جۆراوجۆر دەکات و دوای ئەوە فێر دەکرێت کە پاش تەواو بوونی یارییەکە، کەل و پەلەکان بۆ جێگای تایبەتی خۆیان بگەڕێنێتەوەو وەك خۆی بە ڕێك و پێکی دایان بنێتەوەو بەردەوام بوونی ئەم جۆرە چالاکیەو چەندجار دووبارە بوونەوەیی و پاداشت کردن و هاندانی منداڵ لەسەری دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵ لە داهاتوودا فێری نیزام و ڕێکخستنی کەل و پەل و کەرەستەکانی ژینگەکەی ببێت.

٢- فێربوونی دەستەواژەو ڕستەو ووشەی گونجاو/ دەتوانرێت لە ڕێگەی یاریکردنەوە منداڵ فێری زۆر ڕەوشت و ڕستەو وشەی جوان و کۆمەڵایەتی بکرێت، بۆ نموونە کاتێك یارییەك لە یەکێك وەردەگرێت یان ئێشی پێ ی نامێنێ، دەتوانین منداڵ فێربکەین کە بە منداڵەکەی هاوڕێ ی بڵێ (سوپاس، فەرموو) یان کاتێك هەڵەیەك دەکات و بە ناهەق یاری لە منداڵێکی تر دەستێنێ یان لێ ی تێك دەدات، ئەوا دەتوانین فێری بکەین کە داوای لێ بووردنی لێ بکات و پێی بڵێ (بەداخەوە، بم بوورە، ئەمزانی، خۆم بۆت چاك دەکەمەوە یان ڕێکی دەخەمەوە).

٣- شارەزابوونی داب و نەریت و بەهای کۆمەڵایەتی/ منداڵ لە ڕێگەی یاریکردنەوە دەتوانێت زۆر لە بەهاو داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان فێر ببێت، لەوانە(هاوکاری، سڵاوکردن، خودا حافیزی، بەخێرهاتن، ڕەچاوکردنی مەرجەکانی یاریکردن، بەزەیی

هاتنەوە بە كەسانی تردا، ڕێزگرتنی گەورە، چاوەڕوانكردنی نۆرە، ڕازی بوون بەسەر نەكەوتن و دووپارە هەوڵدان و كۆڵنەدان....هتد).

ئینجا بۆ ئەوەی منداڵەكانمان لە چالاكی یاریكردن بێبەش نەبن، ئەوا زۆر پێویستە كە لەناو خێزان و باخچەی ساوایان جێگاو كەرەستەی گونجاوی یاریكردنیان بۆ دابین بكەین و فێری ئیزام و چۆنیەتی یاریكردنی ڕاستیان بكەین.

منداڵ لەتەمەنی پێش چوونە قوتابخانە، كەسێكە كەوا هەست دەكات ئەو چەق و ناوەندی ئەم جیهانەیەو هەموو كەسەكانی تر لەچوار دەوری ئەو دەخوولێنەوەو دەبێت حەزووئارەزووەكانی ئەو تێر بكەن، واتە ناكۆمەلایەتیەو بەردەوام خەریكی خۆیەتی و هەر بیر لە خۆی دەكاتەوە، ئینجا ئا لەم قۆناغەدا یاریكردن یەكێكە لەو شێوازانەی كە دەتوانێت منداڵ لەو جیهانە تەسك و تەنیایەی دەربهێنێ و بە كۆمەڵەكەی ئاشنا بكات، لەبەرئەوە زۆر پێویستە كە دایك و باوك و مامۆستای باخچەی ساوایان منداڵان لەسەر یاری كردن بە كۆمەڵ هانبدەن و بواری گفت و گۆو ڕادەربڕینیان بۆ بڕەخسێنن، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو یاریكردنە بە كۆمەلانەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تۆوی گیانی هاوكاری و كۆمەك كردن و ڕێزگرتنی كەسانی تر لەناخی منداڵدا بچێنن.

كارێكی ئاساییە كە منداڵان لە كاتی یاریكردندا شەڕ دەكەن و ئازاری یەكتری دەدەن لەبەر ئەوەی زۆربەی منداڵانی قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە خۆ پەرستن و حەز دەكەن تەنها یاریەكان و كەل و پەلەكان هەر بۆ خۆیان بێت، بەلام دەبێت دایك و باوك و مامۆستا ئەو شەڕ كردن و ناخۆشیانەی منداڵ بۆ گەشەكردنی كۆمەلایەتی و بەرژەوەندی منداڵەكان بقۆزنەوەو لەڕێگەیەوە منداڵەكان فێری ئەوە بكەن، كە هەموو منداڵێك مافی ئەوەی هەیە كە یاری بكات و نابێت یەك منداڵ بە تەنها هەموو یارییەكان زەوت بكات و پێویستە بە نۆرە یاری بە كەرەستەو كەل و پەلەكان بكرێت و هەر جارەی یەكێك بەكاری بهێنێ، هەروەها مامۆستا دەتوانێت باسی خراپی و زیانەكانی شەڕو ئازاردانی كەسانی تر

بۆ منداڵان ڕوون بکاتەوەو فێری ئەوەیان بکات کە لەجیاتی شەڕو ئازاردانی یەکتری دەتوانن بە قسەی خۆش و گفت و گۆو ڕاگۆڕینەوە چارەسەری گرفتەکان بکەن و ئەگەر ئەوان نەیانتوانی چارەسەری گرفتەکانی خۆیان بکەن، ئەوا پێویستە داوای یارمەتی لە مامۆستاو دایک و باوک و کەسانی گەورەی چوار دەور بکرێت.

هەرچەندە لەم قۆناغەدا کەمێک زەحمەتە منداڵ فێری گفت و گۆو ڕاگۆڕینەوە بکرێت بەڵام دەتوانرێت بنەماکانی ئەو شێوازە لەناخی منداڵدا بچێندرێ و بۆ قۆناغی سەرەتایی ئامادەبکرێ و هەوڵی پێویستی لەگەڵ بدرێ، کە ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کاتی چارەسەرکردنی گرفتەکانی منداڵ فێری شێوازی دیموکراسی و ئاشتی خوازانە بکرێت.

پەیوەندی نێوان منداڵ و دایك و باوك (هۆگری)

كارێكی ئاساییە كە منداڵ هۆگری ئەو كەسانە ببێت كە لە سەرەتای ژیانەوە و گرنگی پێدەدەن و پێداویستیە گرنگەكانی ژیانی بۆ دابین دەكەن، ئاشكراشە یەكەم كەس كە منداڵ پەیوەندی لەگەڵی دادەنێت دایكە، لەبەرئەوە دەبینین زۆربەی زۆری منداڵان هەر لەسەرەتای ژیانەوە هۆگری دایكیان دەبن و نایانەوێت یەك بست لێیان دوور بكەونەوە، ئەگەر بێت و دایكیان بەجێیان بهێڵن ئەوا دەست بەگریان و هاوار دەكەن و تا دایكیان نەگەڕێتەوەو لەباوەشیان نەكەن ئەوا زەحمەتە ژێر ببنەوە. ئەم پەیوەندییە بەهێزەی نێوان دایك و باوك و منداڵ پێی دەگوترێت هۆگری (تعلق). منداڵ كۆمەڵێك پێداویستی گرنگی هەیە لەوانە (شیر خواردن، یاریكردن، خاوێن كردنەوە، لەباوەش گرتن، لاواندنەوە ... هتد)ە

ئینجا ئەو كەسەی ئەم پێداویستیانە بۆ منداڵ دابین بكات ئەوا دەبێتە سەرچاوەی خۆشی و گرنگی منداڵ و هەردەم منداڵ لەنزیكیەوە هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەكات و بە ئاسانیش دەیناسێتەوە. دەرئەنجامی توێژینەوە زانستیەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە منداڵ لە تەمەنی چوار یان پێنج مانگیەوە دەتوانێت جیاوازی لە نێوان ئەو كەسانەی كە خزمەت و چاودێری دەكەن و ئەوانەی كە خزمەتی ناكەن و بێگانە و نامۆن، بكات و بەهیچ شێوەیەك ڕێگا بە كەسە نامۆو نەناسراوەكان نادات كە لەباوەشی بگرن و بیلاوێننەوە بەڵام بە پێچەوانەوە بەباوەشی گەرم و لاواندنەوەی كەسانی ناسیاو و نزیكی كامەران و دڵشاد دەبێت و بە دەنگ و ڕەنگ و بینینی ئەوان ژێر دەبێتەوەو ترس و خەم و خەفەتەكانی دەڕەوێنێتەوە.

شایانی ئاماژە پێكردنە هۆگری و پەیوەندی پتەوی منداڵ لەگەڵ دایك و باوك و كەسانی زۆر نزیكی، سێ خاسیەتی سەرەكی هەیە كە ئەمانەن:-

١- منداڵ لەکاتی یاریکردن و بێزاری و ترس و دڵەڕاوکێ و برسێتی و ئازار بەزۆری بۆ لای ئەوانە دەچێت کە هۆگریانەو پەیوەندی لەگەڵیان بەهێزە.

٢- بەزۆری منداڵ لەسەر دەستی ئەو کەسانە ژێر دەبێتەوەو ئازارەکانی کەمتر دەبێتەوەو هەست بە ئارامی دەکات کە هۆگریانە و ئاشنایەتی لەگەڵیان بەهێزە.

٣- منداڵ بەهیچ شێوەیەك لەناو ئەو کەسانەی کە هۆگریانە هەست بەترس و دڵەڕاوکێ و ناڕەحەتی ناکات، بە پێچەوانەوە لەناویاندا هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکات.

بێگومان هۆگری و پەیوەندی پتەوی نێوان منداڵ و دایك و باوك هەر لەخۆیەوە دروست نابێت و پێویستی بەکەش و هەواو ژینگەی تایبەتی هەیەو پرۆسەی خۆی هەیە، وەك دەردەکەوێت دوو پرۆسەی گرنگ لە دروست کردن و سەرهەڵدانی هۆگری بەرپرسیارن کە ئەوانیش بریتین لە :-

١- کارلێککردن و پەیوەندی بەردەوامی نێوان منداڵ و ئەو کەسانەی کە خزمەت و چاودێری دەکەن.

٢- دۆزینەوەی بوونی پەیوەندی لە نێوان تێرکردنی حەزو ئارەزوو پێداویستیەکانی منداڵ و بوونی کەسانی تر، واتە منداڵ ئەو هەست و بیروباوەڕەی لە لا دروست دەبێت کە بوون و ئامادەباشی ئەو کەسانە بەرپرسیارن لە تێرکردنی حەزوو پێداویستییەکانی لە لایەك و رزگار بوونی لە ئازارو ترس و ناخۆشیەکان لە لایەکی تر.

کەواتە کاتێك دایك و باوك پەیوەندییان لەگەڵ منداڵەکانیان خۆش دەبێت و بەردەوام بە پێی پێویست حەزوو پێداویستیەکانیان بۆ تێر دەکەن و لە ئازارو ناخۆشیەکان دەیان پارێزن، ئەوا دوای ماوەیەك منداڵەکانیان هۆگریان دەبن و پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیان دروست دەبێت و منداڵ لەسەر دەستیان و لەباوەشی گەرمیان هەست بەخۆشی و کامەرانی دەکەن و بەدوورکەوتنەوەو ونبوونیان تووشی ناڕەحەتی و دڵەڕاوکێ دەبن. لەبەرئەوە زۆر گرنگە دایك و باوك و کەسانی نزیکی منداڵ ئاگاداری ئەو پەیوەندییە بن و

هەوڵی پتەوكردنی بدەن، لەبەرئەوەی زۆر گرنگە بۆ كەسایەتی منداڵ و باری دەروونی، چونكە پەیوەندی نێوان منداڵ و دایك و باوك دەبێتە بنەماو بناغەی دروست بوونی پەیوەندی و خۆشەویستی لەگەڵ كەسانی تر، واتە كاتێك منداڵ لەسەر دەستی كەسانی نزیكی هەست بەخۆشی و كامەرانی دەكات و لەناویاندا هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەكات، ئەو كاتە هەست و سۆزو خۆشەویستی لەبەرانبەر كەسانی تریش لەلا دروست دەبێت و لەناویاندا هەست بەئارامی و دڵنیایی دەكات و كەسێكی كۆمەڵایەتی دەردەچێت و دەگاتە ئەو بڕوایەی كە كەسانی تر كۆپی دووهەمی دایك و باوك و كەسانی نزیكی ئەون.

بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر دایك و باوك و كەسانی نزیكی ئەیان توانی پەیوەندی پتەو لەگەڵ منداڵەكانیان دروست بكەن و منداڵەكانیان هۆگریان نەبوون و لەسەر دەستیان تووشی لێدان و سووكایەتی و ئازارو ناخۆشی بوون، ئەو كاتە منداڵەكان بەهەموو شێوەیەك بە بینینی دایك و باوك و كەسانی نزیكیان بێزار دەبن و لەناویاندا هەست بە خۆشی و دڵنیایی ناكەن، كە بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر باری دەروونی ئەو منداڵانە دەبێت و دوور نییە لە داهاتوودا بەچاوی گومان و دوودڵی سەیری كەسانی چواردەورو تاكەكانی تری كۆمەڵ بكەن و وابزانن كە كۆپی دووهەمی دایك و باوك و كەسانی نزیكیانن، بەئەوەش تووشی گۆشەگیری و دوورە پەرێزی و گومان و دوودڵی بن و دەرئەنجامیش ڕووبەڕووی كۆمەڵێك كێشەو گرفتی دەروونی و كۆمەڵایەتی ببنەوە.(Wadeley,1996, P:82-83).

ناخۆشی نێوان دایك و باوك و كاریگەری لەسەر منداڵ

دایك و باوك دووكەسی زۆر گرنگ و پیرۆزن لەژیانی منداڵداو كاریگەری زۆریان لەسەر كەسایەتی و چارەنووسی منداڵەكانیان هەیە، ئینجا ئەگەر بێت و ژیانی خێزانیان لەسەر بنەمایەكی پتەو بونیاد نەنابێت و زۆربەی كات پەیوەندی نێوانیان ناخۆش بێت و ژینگەی خێزانی پڕ بێت لە گیروگرفت و ئاژاوە، ئەوا ئەو كاتە زەرەرو زیانێكی گەورە لە منداڵەكانیان دەكەوێت، دەرئەنجامی توێژینەوە زانستییەكانی ئەو بوارەش ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە زۆربەی منداڵ و مێرد منداڵە لاسارو سەرەڕۆیەكان لەو خێزانانەدا پەروەردە بوون كە بەردەوام شەڕو ئاژاوەو ناخۆشی تیایدا بووە، یان تووشی لێك ترازان و جیابوونەوەی ژن و مێردبوون.

كارێكی ئاساییە ناخۆشی لەنێوان ژن و مێرددا دروست ببێت و هەندێك جاریش دڵی یەكتری زووير بكەن، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە ئەوەیە كە ئەو ناخۆشی و دڵ زووير كردنە ببێتە هۆی ڕەنجاندنی دڵی منداڵەكانیان و ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر دڵ و دەروونیان هەبێت، ئینجا بۆئەوەی ناخۆشی و ململانێی نێوان دایك و باوك كاریگەری ترسناكی لەسەر كەسایەتی و چارەنووسی منداڵەكانیان نەبێت، ئەوا زۆر پێویستە كە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بكەن:-

١- پێویستە دایك و باوك كێشەكانی نێوانیان بەگفت و گۆو ڕاگۆڕینەوە چارەسەر بكەن و هەریەك ڕازی دڵی خۆی بۆ ئەوی تر بكاتەوەو چارەسەرێكی گونجاو كە دڵی هەردوولا ڕازی بكات بۆ گرفتەكان بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەگەر دایك و باوك نەیانتوانی بەهێنانە چارەسەری ناكۆكیەكانیان بكەن، ئەوا زۆر پێویستە كە نەهێڵن منداڵەكانیان گوێبیستی دەنگە دەنگ و ناخۆشیەكانیان بن، با هیچ نەبێت لەژوورێكی تر بێت یان لەكاتێكدا بێت كە منداڵەكان خەوتوون یان منداڵەكان لەدەرەوەی ماڵن، چونكە ناخۆشی و دەنگە دەنگی دایك و باوك لەبەردەم منداڵەكان دەبێتە هۆی دڵتەنگی و دڵەڕاوكێ و دروست كردنی ترس

و خەم و خەفەت بۆ منداڵەکان، کە دوورنییە ببێتە هۆی خولقاندنی چەندەها خەوو خەیاڵی ناخۆش لەلای منداڵەکان.

٢- نابێت دایک و باوک منداڵەکانیان بکەن بەلایەنێک و ئەوانیش تووشی ناخۆشی بکەن، چونکە هەندێک جار بەزۆر پاڵ بەمنداڵەوە دەنێن کە لایەنی دایک یان باوک بگرێت و بەمەش زیانێکی گەورە بەو جۆرە منداڵانە دەگات، لەبەرئەوە زۆر پێویستە کە منداڵ بەبێ لایەنی بمێنێتەوەو پەلکێشی گۆڕەپانی شەڕی نێوان دایک و باوک نەکرێت.

٣- نابێت منداڵ تێبگەیەندرێت و وای لێبکرێت کە هەست بکات ئەو بەرپرسیارە لەدروست کردنی ئەو شەڕو ئاژاوەیەی نێوان دایک و باوک، تەنانەت ئەگەر ناخۆشییەکەش لەسەر ئەو منداڵانە بێت، چونکە ئەو هەست کردنە تووشی گوناهو ئازاردانی ویژدانی دەکات و لەمیانەیەوە هەست بە پەشیمانی و گوناهو تاوانباری دەکات و دواجاریش زیانی گەورە بەدروستی دەروونی دەگەیەنێت و دووریش نییە تووشی کۆمەڵێک گرفتی دەروونی و کۆمەلایەتی ببێت.

٤- زۆر پێویستە دایک و باوک کۆنترۆڵی خۆیان بکەن و منداڵان نەکەن بەقۆچی قوربانی و چی داخی دڵی خۆیان هەیە بە منداڵەکانیان هەڵنەڕێژن، واتە نابێت بهێڵن وئەو ناخۆشییەی نێوانیان کار بکاتە سەر پەیوەندی ئاسایی نێوانیان و منداڵەکانیان.

٥- دەبێت ناخۆشی و ململانێی نێوان دایک و باوک دوای ماوەیەکی دیاری کراو کۆتایی پێ بهێندرێت، چونکە بەردەوام بوونی ناخۆشیەکان ژیانی خێزانی منداڵەکانیان دەکات بەدۆزەخ و ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر خوێندن و هەڵس و کەوتی ڕۆژانەی منداڵەکانیان دەبێت و دوور نییە ببن بە نێچیری بەردەستی خەوو خەیاڵی ناخۆش و تۆقێنەر.

٦- زۆر پێویستە منداڵ تێبگەیەندرێ كە هەندێك جار ناخۆشی و دەنگە دەنگی نێوان دایك و باوك كارێكی ئاساییەو هیچ خێزانێك بێ گیروگرفت نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەكاتی خۆیدا بەهاوكاری هەموو لایەك گیروگرفتەكان چارەسەر بكرێن، لەبەرئەوە هیچ مەترسیەكی لەسەر بەردەوام بوونی خێزان و چارەنووسی نییە. چونكە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی كە منداڵ لە مۆتەكەی تەڵاقدان و لێك جیابوونەوەو بێ بەشبوون لەدایك و باوك رزگاری ببێت.

ئەوە ماوە بڵێین هیچ گیروگرفتێكی خێزانی ئەوەندە گرنگ نییە كە چارەسەر نەكرێن، بەڵام تەنها پێویستی بەبیركردنەوەی لەسەرخۆو لەخۆبوردن و گفت و گۆیەكی دۆستانە هەیەو پاش ماوەیەكیش وەك هەوری هاوین دەڕەوێتەوە.

سایکۆدراماو چارەسەرکردنی گرفتەکانی منداڵ

یەکەم کەس کەزاراوەی سایکۆدرامای بەکارهێنا، زانایەك بوو کە ناوی (مۆرینۆ)(Moreno) بوو، ئیتر دوای ئەویش زۆر لە زانایانی تر دەستیان کرد بە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە. زاراوەی سایکۆدراما، لەهەر دوو ووشەی (psycho) (سایکۆ) و (drama) (دراما) پێك دێت و مانای نواندن و نمایشی دەروونی یان یاریکردنی ڕۆڵ (Role playing) دەگەیەنێت، لەڕاستیدا ئەم ئامرازو شێوازە دەروونیە زۆر گرنگ و بەسوودە بۆ دەست نیشانکردن و چارەسەری زۆر گرفت و گرێی دەروونی و کۆمەڵایەتی، ناوەرۆك و گەوهەری ئەم شێوازە بریتیە لەوەی کە داوا (لەو کەسەی کە خاوەن گرفتە) دەکرێت کە ڕۆڵی کەسیکی تر یان کەسایەتیەکی تر بگێڕێ و خۆی بخاتە شوێنی ئەو کەسەو وەك ئەو هەڵس و کەوت و بیربکاتەوە کە زۆر جار جیاوازە لە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی و دەبێت خۆی و ڕۆڵی خۆی پشت گوێ بخات، لە ئاکامیشدا زۆر لە هەڵس و کەوت و بیرکردنەوەی ئەو کەسە دەگۆڕێ و لەو گرفت و ئەندێشە دەروونی یان کۆمەڵایەتیە ڕزگاری دەبێت و جارێکی تر ناگەڕێتەوە سەر هەڵس و کەوت و جۆری بیرکردنەوەی یەکەم جاری.

بە بڕوای زۆر لە زانایان ئەم شێوازی یاریکردنی ڕۆڵ و سایکۆدرامایە زۆر باشترو سەرکەوتووترە لە شێوازی زانیاری پێدان و ئامۆژگاری کردن و ڕێنمایی کەسانی خاوەن گرفت. بۆ نموونە هەردوو زانایان (جینس و مان) (Man&Janis) لە ساڵی (١٩٦٥) توێژینەوەیەکیان لەسەر کاریگەری یاریکردنی ڕۆڵ و نمایشی دەروونی بە ئەنجام گەیاندووە لە ئاکامدا بۆیان دەرکەوت کە ئەم شێوازی سایکۆدراما و نمایشی ڕۆڵە زۆر سەرکەوتووترە لە گفت و گۆو پێدانی زانیاری. بۆ ئەم مەبەستەش (٢٦) کچی جگەرە کێشیان هەڵبژاردو لەگەڵیان ڕێکەوتن کە ئەوان ڕۆڵی (نمایشی) ئەو کەسانە بگێڕن کە لە ئەنجامی جگەرەکێشانەوە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوون، بەم شێوەیە چارەسەرکاری دەروونیەکە خۆی کرد بە پزیشکی چارەسەر کارو کچە جگەرەکێشەکانیش نمایشی

كەسایەتی و ڕۆڵی نەخۆشەكانیان یاری دەكرد. بینراوەكانی ئەو نواندنانەش لە پێنج بەش پێك هاتبوو بەم شێوەیەی لای خوارەوە:-

بینراوی یەكەم: نەخۆش لەژووری چاوەڕوانی پزیشك، لەگەڵ خۆیدا قسە دەكات و بیر لە ئاكامی ئەو پشكنینە (فحێ)دەكاتەوە كە پاش كەمێكی تر پزیشكی تایبەتی بۆی دەكات.

بینراوی دووهەم: لە لای پزیشكی چارەسەركارو پزیشك لەتەك نەخۆشدا گفت و گۆ دەكات و پێی ڕادەگەیەنێ كە باری تەندروستی زۆر خراپەو تووشی شێرپەنجەی سییەكان بووەو دەبێت بە زووترین كات نەشتەرگەری بۆ بكرێت.

بینراوی سێهەم: نەخۆش زۆر دڵتەنگ و بێزارەو بیر لە سەركەوتن یان سەرنەكەوتنی نەشتەرگەریەكە دەكاتەوەو خەفەت لەخۆی دەخوات كە چۆن لە ئەنجامی جگەرەكێشانەوە ئاوا تووشی ئەم نەخۆشیە ترسناكە بووەو زەحمەتە چارەسەری هەبێت.

بینراوی چوارەم: نەخۆش دەربارەی نەشتەرگەریەكەو ڕێژەی سەركەوتنی و كاتی بە ئاكام گەیاندنەكەی قسە لەگەڵ پزیشك دەكات.

بینراوی پێنجەم: لە گفت و گۆیەكی تێروتەسەل پێك هاتووە كە نەخۆش لەگەڵ پزیشكەكەی باسی پەیوەندی نێوان جگەرەكێشان و تووش بوون بە نەخۆشی شێرپەنجەی سییەكان دەكەن.

لە دوای تەواوبوونی ئەم نمایش و یاریكردنی ڕۆڵە دەركەوت كە گۆڕانكارییەكی زۆر لە هەڵس و كەوت و بیركردنەوەی ئەو كیژە جگەرەكێشانەدا ڕوویداوەو، ژمارەی ئەو جگەرانەی كە دەیان كێشا زۆر كەم بووەو هەندێكیان بڕیاری وازهێنانیان دا. لە لایەكی تریشەوە دەركەوت كە ئەم شێوازی سایكۆدرامایە زۆر زۆر سەركەوتووترەو كاریگەری زیاترە لە گفت و گۆی ڕووت و بەڵگەدارو ڕاگۆڕینەوەو قسە كردن (ابوالحب، ١٩٧٨، ص١٤).

مرۆڤ لە ڕێگەی سایكۆدراماوە قازانجی تریشی دەست دەكەوێت، یەكێك لەو قازانجانە ئەوەیە كە لە ڕێگەی پرۆسەی پاككردنەوەو خاڵی كردنەوەی دەروونیەوە

(التطهير النفسي) دەتوانرێت گوزارشت لە هەست و سۆزو بیرباوەڕو بۆچوون و حەزوونارەزووەکان بکرێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسە لە زۆر گرژی و هەڵچوونی خراپ و نیگەتیڤانە ڕزگاری بێت و فڕێیان بداتە جیهانی دەرەوە. لەڕێگەی سایکۆدراماو نواندنەوە دەتوانرێت خزمەتێکی گەورە بە منداڵانیش بگەیەندرێ.

دایك و باوك و مامۆستا دەتوانن ژینگەو بارودۆخی گونجاو لەماڵەوەو باخچەی ساوایان و قوتابخانە بۆ نمایش و نواندنی منداڵەکانیان دابین بکەن، تا لەڕێگەیانەوە منداڵ گوزارشت لە حەزوو ئارەزوو هەڵچوونە کپ کراوو پەنگ خواردووەکانی بکات و فێری ڕۆلی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ ببێت، دەتوانین گرنگی دراماو نواندن بۆ منداڵ لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:-

١- نواندن وەك یاریکردن دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ماسوولکەکان و ئەندامەکانی تری لەشی منداڵ، لەبەرئەوەی نواندن و نمایشی ڕۆڵەکان پڕن لە جووڵەو هەڵس و کەوت گۆڕانکاری کە ئەمەش دەبێتە هۆی ڕاهێنان و بەهێزکردن وگەشە پێکردنی ماسوولکەکان و ئەندامەکانی تری جەستەی منداڵ.

٢- دەتوانرێت لە ڕێگەی نواندن و نمایش کردنەوە، هانی ئەو منداڵانە بدرێت کە شەرمن و گۆشەگیرو دوورەپەرێزن، بۆ تێکەڵاو بوونی کەسانی ترو هاوکاری کردنیان، لەبەر ئەوە سایکۆ دراما و نواندن پێویستی بە چالاکی و کاری هەموو منداڵان هەیەو بە کۆمەڵ دەکرێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەشداری کردنی ئەو جۆرە منداڵانەو ڕزگارکردنیان لە شەرم و گۆشەگیری و دوورەپەرێزی.

٣- منداڵ لەڕێگەی نواندن و نمایش کردنەوە فێری ڕۆڵ و پیشەو هەڵس و کەوتی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵ و چەندەها داب و نەریت و بەهای کۆمەڵایەتی دەبێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئاکاری منداڵان.

٤- تێکستی باش و سەرکەوتوو منداڵ فێری زۆر سیفات و بەهای ئەخلاقی (ئاکاری) بە کەڵك دەکات، چونکە لەمیانەی نواندنەوە بە زۆر کەسایەتی ئاشتی خوازو ڕەوشت بەرزو خێر خواز ئاشنا دەبێت و شارەزایشی دەربارەی کەسایەتیە شەڕخوازو بەدڕەوشتەکان دەست دەکەوێت و دەتوانرێت فێری ئەوە بکرێت کە چۆن لەو شەڕخوازانە دووربکەوێتەوەو لاسایی ئاشتی خوازو ڕەوشت جوانەکان بکاتەوە.

٥- هەروەها لە ڕێگەی نواندن و نمایش کردنەوە منداڵ دەتوانێت ئەو حەزوو ئارەزووانەی کە دژ بە کۆمەڵ و داب و نەریتن تێریان بکات، لەوانە حەزوو ئارەزووی شەڕخوازی و گیانی پاوان کردن و کۆنترۆڵ کردنی کەسانی ترو خۆپەرستی و ئێرگزی، لەبەر ئەوەی کەسایەتی و ڕووداوەکانی نواندن جۆراوجۆرو هەمەچەشنەن و بواری تێرکردنی ئەو حەزوو ئارەزووە ناکۆمەڵایەتیانە دەدەن. هەروەها دەتوانرێت لەڕێگەی نواندنەوە منداڵ فێری خاوبوونەوەی ماسوولکەکان و (استرخاء) بکرێت، کە ئەمە یەکێکە لە پێداویستیەکانی دروستی دەروونی و دوورکەوتنەوە لە گرژی و گرفتی دەروونی. بۆ نموونە دەتوانرێت داوا لە منداڵ بکرێت کە لاسایی ئەو کەسە بکاتەوە کە نوستووە یان لە شوێنێکی خۆش بە کامەرانی ڕاکشاوەو سەیری دیمەنی چیاو دارودرەختی سەیرانگایەك دەکات و گوێی بۆ دەنگی کەوو باڵندەی ئەو ناوە شل کردووە. یان دەتوانرێت داوا لە منداڵ بکرێت کە نمایشی کەل و پەل و جل و بەرگ بکات کە بە تەنافدا هەڵواسراون و بۆخوارەوە شۆڕبوونەتەوە. ئەمانەو چەندەها یاری و نواندنی تر منداڵ لەسەرخاوبوونەوەی ماسوولکەکان ڕادەهێنێ.

سایکۆدراما بۆ گۆڕینی ڕاوبۆچوون و ئاراستە (الاتجاه) زۆر بەکەلکەو سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێناوە، بۆ نموونە کاتێك چەند قوتابییەك بۆچوونی نیگەتیڤانەیان دەربارەی مامۆستا یان چین و توێژێك هەیە، دەتوانرێت لەڕێگەی سایکۆدراماوە داوای ئەوەیان لێبکرێت کە بۆماوەیەك ڕۆڵی مامۆستا یان یەکێك لە تاکەکانی ئەو چین و توێژە یاری بکەن و لاسایی کەسایەتی و هەڵس و کەوتی ئەوان بکەن و خۆیان بخەنە جێگەی ئەوان، کە بێگومان ئەم جۆرە یاری کردنی ڕۆڵە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە هەڵس و کەوت و بۆچوونی ئەو قوتابیانە دەربارەی ڕۆڵ و کەسایەتی مامۆستا یان ئەو چین و توێژو

چینانەی كە ئەو قوتابیانە دژیانن. كەواتە دەتوانرێت سوود لەم شێوازە گرنگە (سایكۆدراما) وەربگیرێت و بۆخزمەت كردنی تاكەكانی كۆمەڵ بەكاربهێنرێت، هیوادارین دایك و باوك و مامۆستایانی ئێمەش سوود لەم شێوازە تازە بۆ گەشەكردنی منداڵەكانمان یان دەست نیشانكردن و چارەسەركردنی گرفتە دەروونی و كۆمەڵایەتیەكانیان وەربگرن.

چالاكییە هونەری و وەرزشیەكان و هەڵچوونەكانی منداڵ

منداڵ لەقۆناغی پێش چوونە قوتابخانەی ڕووبەڕی زۆر كێشەو ترس و ناخۆشی دەبێتەوەو زۆرجار تووشی ترس و دڵتەنگی و بێزاری و خەمۆكیی دەكات. لەئەنجامدا پەنا بۆ زۆر شێواز دەبەن بۆ دەربڕینی ئەو بارە دەروونییە ئاڵۆزەیان. هەندێكیان پەنا بۆ دوورە پەرێزی و گۆشەگیری دەبەن، هەندێكی تریان پەنا بۆ دەست درێژی و شەڕخوازی دەبەن. كە بەداخەوە هەردوو شێوازەكە ناپەروەردەیی و نادروستەو زیان بە باری دەروونی منداڵ و پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانی دەگەیەنن. ئینجا بۆئەوەی منداڵەكانیان پەنا بۆ ئەو شێوازە هەڵانە نەبەن، پێویستە ژینگەی لەبارو گونجاو لەناو خێزان و باخچەی ساوایان بۆ گەشەكردنی ئاساییان و بەئاكام گەیاندنی ژمارەیەك چالاكی هونەری و وەرزشی برەخسێنن، چونكە زۆرجار منداڵ لەمیانەی چالاكییە هونەری و وەرزشیەكانەوە گوزارشت لە هەڵچوونە جیاجیاكانی دەكات.

ئینجا بۆئەوەی منداڵەكانمان سوود لەو چالاكیانە وەربگرن، زۆر گرنگە بواری وێنەكردن و نیگاركێشان و وەرزش و چالاكییە جەستەییەكانی تر بۆ منداڵ برەخسێندرێت. منداڵ پێش چوونە قوتابخانەی ئەگەر وێنەو نیگاریش نەزانێت، ئەوا دەتوانێت لەمیانەی كێشانی هێڵی ڕاست و چەماوەو خوارو شەقڵی و پەقڵی و ڕەش كردنەوەی كاغەزەكان گوزارشت لەناخی خۆی بكات و هەندێك لەخەم و خەفەت و ترس و دڵەڕاوكێكانی بەبا بدات لەبەرئەوە زۆر گرنگە كاغەزو تەختە ڕەش و كارتۆن و قەڵەم و ماجیك و كەل و پەلی تر بخرێتە بەردەم منداڵ و ڕێگای ئەو جۆرە چالاكیانەی لێنەگیرێت و گاڵتە بە وێنەو

نیگارو هێڵ و کاغەز ڕەش کردنەوەکانی نەکرێت و بەکارێکی بێسوود لە قەڵەم نەدرێت. ڕاستە لەوانەیە ئەو هێڵ و کاغەز ڕەش کردنەوانە هیچ خاسیەتێکی وێنەو نیگار کێشانیان تێدانەبێت، بەڵام بەلای منداڵەوە کارێکی زۆر خۆش و دەگمەن و داهێنەرانەیەو تام و چێژێکی زۆر لە ڕەنگ کردن و ئەو هێڵکاریانە وەردەگرێت.

لەلایەکی ترەوە یاریکردن و هەڵبەزو دابەزو یاری مستەکۆڵەو پاڵەوانبازی و پێش بڕکێ منداڵ لەزۆر وزەو چالاکی ناوەکی و عەمبارکراوو خەفەکراو ڕزگار دەکات. بۆ نموونە کاتێك دایك و باوك یان مامۆستا یان منداڵانی تر سووکایەتی بە منداڵ دەکەن و ئازاری دەدەن و ناتوانێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە، ئەو کاتە لەوانەیە منداڵ پەنا بۆ یارییەك یان پانکردنەوەی بووکە شووشەیەك یان چالاکیەکی توندو تیژ بەرێت و لەڕێگەیەوە لەو خەم و خەفەتە پەنگ خواردووەی ناو دڵ و دەروونی ڕزگاری بێت، هەروەها زۆرجار دەتوانرێت لەڕێگەی هەڵپەڕکێ و گۆرانی و سروودو چیرۆك و هۆنراوە نووسینەوە مرۆڤ لە هەندێك لەهەڵچوونەکانی ڕزگاری ببێت. کەواتە زۆر گرنگە بەپێی توانا بواری هەندێك لەو چالاکیانە لە ناو خێزان و کۆمەڵ و باخچەی ساوایان بۆ منداڵ بڕەخسێندرێ، هەروەها دەکرێت لەڕێگەی چالاکیەکانی وەك شت بڕینەوە بە مشار یان بەکارهێنانی چەکووش بۆ داکوتان و پانکردنەوە، یان دروست کردن و پارچە پارچە کردنی یاری و کەل و پەلە پلاستیکیەکانی ناو ماڵ، منداڵ لە هەندێك لەهەڵچوونەکانی ڕزگار بکرێت.

باخچەی ساوایان و خێزان دەتوانن قوڕی دەست کردو قوم و ئاو بۆ منداڵ دابین بکەن، چونکە شت دروست کردن بەهەندێك لەو شتانە و یاریکردن پێیان دەبنە هۆی بەکارهێنانی ماسوولکەکان و خاڵی کردنەوەی هەندێك لە هەڵچوونەکان، بۆ نموونە زۆرجار منداڵ توڕەیی و داخی دڵی خۆی بەو قوڕو لم و ئاوو کەل و پەلانەی کە دروستی دەکات دەڕێژێ و تۆڵەی خۆی لە ئەوان دەکاتەوە، هەروەها زۆر لەو چالاکیانە دەبنە مایەی تێکەڵاو بوون بە منداڵانی تر و کەمکردنەوەی ترس و شەرم و ڕزگار بوون لەگۆشەگیری و دوورە پەرێزی، سەرەڕای ئەوەش زۆر لەو چالاکی و یارییانە دەبنە هۆی مایەی دڵخۆشی و کامەرانی منداڵان. دەبا هەموومان لەناو خێزان و باخچەی ساوایان بواری ئەو چالاکی و یارییانە بۆ منداڵەکانمان بڕەخسێنین.

منداڵ و پشت بەستنی بە كەسانی تر

یەكێك لەو هەڵس و كەوت و ڕەوشتانەی كە زیان بە باری دەروونی و داهاتووی منداڵ دەگەیەنێ، پشت بەستن بە كەسانی ترە، مەبەست لە پشت بەستن بە كەسانی تر ئەوەیە، كە منداڵ پشت بە كەسانی تر ببەستێ و داوای جێبەجێكردنی كاروچالاكیەكانی خۆی لە ئەوان بكات، لە كاتێكدا تەمەن و توانا و قۆناغی گەشەكردنی ئەو جۆرە منداڵانە گونجاوو لەبارە بۆ ئەوەی خۆیان بەو كارو چالاكیانە هەڵبستن. منداڵ كاتێك لەدایك دەبێت بوونەوەرێكی لاوازو بێ دەسەلات و بێ پشت و پەنایەو ناتوانێت بەبێ یارمەتی و پشتگیری كەسانی تر بژی و لە ژیان بەردەوام بێت. یەكەم كەسیش لە ژیانی منداڵدا دایكەو زۆربەی زۆری پێداویستیەكانی (خۆراك، ئاو، خەو، پاككردنەوە، پاراستن لە گەرماو سەرما .. تاد) لە ڕێگەی دایكەوە تێردەكرێت، كە ئەمەش دەبێت بە سەرەتاو بنەمای پشت بەستنی منداڵ بە دایك، بەڵام ئەم حەزوو ئارەزووەی پشت بەستنە هەتا هەتایە بەردەوام نابێت، بەڵكو پاش ماوەیەك و دوای گەورە بوونی منداڵ ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو كەمبوونەوە دەچێت و وردە وردە پشت بە خۆی دەبەستێت لەبەرئەوەی حەزوو پاڵنەرو ئارەزووی منداڵ بۆ سەربەخۆیی و پشت بەخۆبەستن زۆر بەهێزەو وا لەمنداڵ دەكات كە لە پشت بەستن بە كەسانی تر دووربكەوێتەوە.

لەسەرەتا منداڵ پشت بە دایك و باوك دەبەستێ ئینجا خوشك و برای گەورەو برادەرو خزم و كەس دواتر پشت بەخۆی، بەڵام لێرەدا پرسیارێك قوت دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە، ئەی لەبەرچی هەندێك لە منداڵان ماڵئاوایش لە قۆناغی منداڵی دەكەن، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەر پشت بە كەسانی تر دەبەستن و تۆوی سەربەخۆیی لە ناخیاندا بە زەحمەت و دەگمەن سەوز دەبێت، لە كاتێكدا هاوەڵ و هاوتەمەنیان كەسانی سەربەخۆن؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە ئاماژە بۆ دەرئەنجامی توێژینەوە زانستیەكانی ئەو بوارە بكەین، كە كۆمەڵێك هۆكاری دەروونی و كۆمەڵایەتیان بۆ دیاری كردووین كە دەبنە هۆی

گەشەپێكردنی ڕەوشتی پشت بەستن بە كەسانی تر لە لای منداڵ، هۆكارەكانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:-

١)- هاندان و پشتگیری كردن:-

بەداخەوە هەندێك دایك و باوك لە ئەنجامی كەمی شارەزاییانەوە بەردەوام خۆیان كاروچالاكیەكانی منداڵەكانیان جێ بەجێ دەكەن و لەسەر پشت بەستن بە كەسانی تر هانی منداڵەكانیان دەدەن، كە ئەمەش كارێكی خراپەو منداڵ لەسەربەخۆیی و متمانەكردن بە خود دووردەخاتەوە. كەواتە هەڵەیەو نابێت دایك و باوك هەموو ئیش و كارەكانی منداڵ جێ بەجێ بكەن، بەڵكو دەبێت بواری كاركردن و جێبەجێكردنی ئەرك و چالاكیەكان بۆ منداڵ بخوڵقێندرێ و ژینگەی ئازادو گونجاو بۆ سەربەخۆیی منداڵ دابین بكرێت.

٢) تۆخم:-

بە پێ ی داب و نەریتی كۆمەڵایەتی زۆربەی گەلان و كۆمەڵگای خۆشمان جیاوازیەكی زۆر لەبواری پەروەردەكردنی كورو كچدا هەیە، یەكێك لەو بوارانەی كە جیاوازی تێدا دەكرێت ڕەوشتی پشت بەستن بە كەسانی ترە. ئێمەو زۆربەی گەلانی تر ڕەوشتی پشت بەستن بە كەسانی ترو نەبوونی سەربەخۆیی زیاتر بۆ كچ گونجاوە نەك كوڕ، واتە زۆربەی كۆمەڵگاكان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان كە كوڕ زیاتر سەربەخۆ بێت، بەڵام ئەگەر كچ سەربەخۆش نەبێت و پشت بە كەسانی تریش ببەستێت ئاساییە و كۆمەڵ و دام و دەزگاكانی لێ ی قبووڵ دەكەن، كە ئەم جۆرە پەروەردەیەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە پشت بەستن بە كەسانی ترو نەبوونی سەربەخۆیی زیاتر لە لای كچ گەشە بكات نەك كوڕ.

٣) ئازاری:-

یەكێك لە شێوازە هەڵەكانی پەروەردەكردنی منداڵ، ئازدار بەخێو كردنی منداڵە، دەركەوتووە كە ئازداری دەبێتە هۆی كوشتنی گیانی سەربەخۆیی و بڕوا بەخۆبوون و پشت

بەستن بە خود، لەبەرئەوەی ئازاری مانای جێبەجێكردنی هەموو پێداویستییەكانی منداڵ و بەرزكردنەوەی بۆ پلەو پایەیەك كە شیاوی ئەو نیە لە هەمووشی مەترسیتر ئەوەیە كە كاتێك منداڵ دەچێتە ناو كۆمەڵ و دام و دەزگاكانیەوە وەهیچ كەسێكی تری وەك دایك و باوك و خوشك و برای نیە كە سەرجەم پێداویستییەكانی بۆ دابین بكات كە ئەمەش منداڵ تووشی ململانێ و نامۆبوون و ترس و بڕوا بەخۆ نەبوون دەكات.

٤) هەست كردن بە كەمی و بڕوابە خۆنەبوون:-

هیچ شتێك وەك سوكایەتی پێكردن، گیانی بڕوابەخۆبوون و سەربەخۆیی لە منداڵدا ناكوژێت، بەداخەوە هەندێك خێزان لە ئەنجامی نەزانی و پەروەردەی هەڵەوە بەردەوام لە نرخی منداڵەكانیان كەم دەكەنەوەو بە چاوی سووك سەیریان دەكەن و چەندەها ناوو ناتۆرەو تیرو توانجیان تێدەگرن كە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە ئەو جۆرە منداڵانە هەست و سۆزو بیروبۆچوونی هەڵەیان دەربارەی خودی خۆیان و تواناكانیان لە لا دروست بێت بەوەی كە كەسانی نەزان و گەمژەو بێ توانان، كە ئەمەش بە شێوەیەكی خراپ لە هەڵس و كەوت و بیرو بۆچوونیاندا ڕەنگ دەداتەوەو لە ترسی سەرنەكەوتن و قسەی كەسانی چواردەور ناوێرن دەست بۆ هیچ كارێك ببەن ئەوەك سەرنەكەون، بەردەوام بوونی ئەو حاڵەتەش وا لەمنداڵ دەكات كە كەسێكی ڕاڕاو بە گومان و دوو دڵ دەربچێ و بە ناچاری پەنا بۆ كەسانی تر ببات و داوای یارمەتیان لێ بكات، لەبەر ئەوە زۆر هەڵەیەو نابێت هیچ دایك و باوك و مامۆستایەك سوكایەتی بە منداڵ بكات و وای تێبگەیەنێ كە كەسێكی لاوازو بێ دەسەڵاتە، بەڵكو دەبێت زیاتر خاڵە بەهێزو توانا لەبن نەهاتووەكانی منداڵ بە دەربخرێن و تۆوی بڕوابەخۆبوون و گیان بازی و چاونەترسی تیایدا بچێندرێت.

٥) نوقستانی و كەم ئەندامی:-

هەندێك جاریش نوقستانی لە یەكێك لە ئەندامەكانی لەشی منداڵدا دەبێتە هۆی پشت بەستن بە كەسانی تر، بۆ نموونە كاتێك منداڵ نابینا یان ئیفلیج یان بیركۆڵ

دەبێت، ئەوا بە ناچاری پەنا بۆ كەسانی تر دەبات و داوای یارمەتیان لێ دەكات، لەبەرئەوەی خۆی ناتوانێت بە تەنها كارو چالاكیەكانی بە ئاكام بگەیەنێت.

٦) بارودۆخی نامۆو نەگونجاو بۆ منداڵ:-

هەر چ كاتێك منداڵ بكەوێتە بارودۆخ و دەوروبەرێكی نامۆوە، بە ناچاری پەنا بۆ كەسانی تر دەبات، لەبەر ئەوەی خۆی ئەو تواناو شارەزاییەی نیە كە خۆی لەگەڵ ئەو بارودۆخە تازەو نامۆیەدا بگونجێنێ، بۆ نموونە كاتێك منداڵ لەگەڵ كەس و كاری سەردانی ماڵ و جێگای تازەی پڕ لە خەڵك دەكەن، ئەوا بەردەوام لە تەنیشت و نزیك دایك و باوكیەوە دادەنیشێ و داوای یارمەتی ئەوان دەكات، بەڵام دوای ماوەیەك كە شارەزای ئەو دەوروبەرە نامۆیە دەبێت و خۆی لە تەكیا دەگونجێنێ، ئەو كاتە لە دایك و باوكی دووردەكەوێتەوەو تەمی ترس و دڵەڕاوكێ ی دەڕەوێتەوە.

٧) نەخۆشی:-

نەخۆشیش یەكێكە لەو هۆكارانەی كە وا لە منداڵ دەكات كە داوای یارمەتی لە كەسانی چواردەور بكات لەبەرئەوەی ئەو نەخۆشیە دەبێت بەڕێگر لەبەردەم جێبەجێكردنی زۆر لەكارو فەرمانەكانی، بەڵام نابێت دایك و باوك كارێكی وا بكەن كە منداڵ ئەو نەخۆش كەوتنەی بقۆزێتەوەو لە میانەیەوە لە كاروفەرمانەكانی خۆی بدزێتەوە، چونكە ئەگەر ئەوەی بۆ چووە سەر ئەوا زۆر جار خۆی نیشان دەدات كە نەخۆشە چونكە دەزانێت ئەو نەخۆشیەی لەزۆر كارو فەرمان ڕزگاری دەكات.

٨) تاقانەیی:-

هەندێك جاریش منداڵی تاقانە ڕووبەڕووی گرفتی پشت بەستن بە كەسانی تر دەبێتەوە، لەبەرئەوەی كەسانی چواردەوری بەردەوام كاروچالاكییەكانی بۆ جێ بەجێ

دەکەن و ناهێڵن ئەو هیچ کارێك بکات، بێگومان ئەم جۆرە مامەڵەیە هەڵەیەو ئەو جۆرە منداڵانە تووشی زۆر گرفتی دەروونی و کۆمەلایەتی دەکات. بەلام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە هەندێك جار بارودۆخ و فشاری دەرەکی وا لە مرۆڤ دەکات (بچووك بێت یان گەورە) کە بە ناچاری پەنا بۆ کەسانی تر ببات و داوای یارمەتیان لێ بکات، ئەم جۆرە داواکاری و پشت بەستنە بە کەسانی تر ناچێتە خانەی ئەم باسەی ئێمە، بەلام ئەگەر بەردەوام منداڵ لە زۆر بواردا هەر پەنای بۆ کەسانی تر بردو داوای یارمەتی لێکردن و ئەو بێ دەسەلات و دەستەوەستان هەر چاوەڕێی ئەوانی کرد، ئەو کاتە دەبێت بە گرفت و پێویستی بە چارەسەرکردن دەبێت.

ئینجا بۆئەوەی منداڵەکانمان تووشی گرفتی پشت بەستن بە کەسانی تر نەبن و کەسایەتی و خودو ناسنامەی خۆیان لەدەست نەدەن، ئەوا زۆر پێویستە کە منداڵەکانمان لەسەر کاروچالاکی گونجاوو پشت بەستن بە خۆو سەربەخۆیی ڕابهێنین و جۆرە سەربەستیەکیان بدەینێ و بواری ڕادەربڕین و گیان بازی و تاقیکردنەوەو تاووتوێ کردنی دیاردەکانی چواردەوریان بۆ بڕەخسێنین، ئەویش لە ڕێگەی چالاکی وەك ئامادەکرنی خواردن و ڕێك خستنی باخچەو ناوماڵ و هاوکاری و یارمەتی دانی کەسانی ترو جێبەجێکردنی ئەرك و فەرمانەکانی ڕۆژانەوە دەبێت.

منداڵ لەشیر برینەوە

منداڵ کاتێك لەدایك دەبێت، هیچ توانایەکی نیە کە خۆی بە تەنها خواردن بخوات، بەڵکو بە تەواوی پشت بە شیری دایکی دەبەستێت، واتە یەکەم مرۆڤ کە منداڵ ڕووبەڕووی دەبێتەوە، دایکە، وە هەروەها یەکەم شلەش کە نۆشی دەکات، شیرە. واتە پرۆسەی شیر پێدان کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە لە ژیانی منداڵدا، بەلام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە دەبێت هەر لەسەری بەردەوام بێت، چونکە شیر هەموو پێداویستییەکانی گەشەکردنی منداڵی تێدا نیەو ناشتوانێت لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا منداڵ تێر بکات، لەبەرئەوە

دەبێت لەکات و ساتێکی گونجاودا لەشیر ببڕدرێتەوەو فێری خواردن بکرێت. بەلاَم تاوەکو ئێستا هیچ ساڵ و مانگ و ڕۆژێکی دیاریکراو بۆ لەشیر بڕینەوە (الفطام) نیە، بەڵکو بەپێ ی کۆمەڵگاو چین و توێژو ڕۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵ دەگۆردرێت. هەندێك کۆمەڵگا لەنیوەی دووهەمی ساڵی یەکەم دەست دەکەن بە لەشیر بڕینەوەی منداڵەکانیان، هەندێك هۆزو کۆمەڵگای تر سەربەستیەکی تەواو دەدەن بە منداڵەکانیان و تا تەمەنی (٣)، (٤) ساڵان لەشیریان نابڕنەوە، بەلاَم وەك دەرکەوتووە، دەوروبەری (١٨) مانگی، کاتێکی گونجاوە بۆ لەشیر بڕینەوەی منداڵ. (کەواتە زوو یان درەنگ لەشیر بڕینەوە زیانی زۆر بە کەسایەتی منداڵ و پرۆسەی گەشەکردنی دەگەیەنێت). بەلاَم هەندێك جار، نەخۆشکەوتنی منداڵ و لاوازی و نارێکی باری دەروونی، پرۆسەی لەشیر بڕینەوە دوا دەخەن.

باوەشی گەرمی دایك و پرۆسەی شیر پێدان هەردوو پێداویستیە گرنگەکانی منداڵ کە خۆیان (لە خۆراك و سۆزو خۆشەویستیدا) دەبیننەوە، تێر دەکەن. لەبەرنەوە دەبێت دایك و باوك لە کاتی لەشیر بڕینەوەدا زۆر بە ئاگابن، بۆئەوەی منداڵەکەیان تووشی زەبری دەروونی (الصدمة النفسية) نەبێت. ئینجا بۆئەوەی منداڵ لەکاتی لە شیر بڕینەوەدا تووشی خەم و خەفەت و دڵەڕاوکێ نەبێت و زیانی گەورە بە کەسایەتی نەگات، ئەوا دەبێت دایك و باوك ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:-

١- لەشیر بڕینەوە، مانای ڕاهێنانی منداڵە لەسەر نان خواردن و وازهێنانی لەشیر، بەلاَم ئەم پرۆسەیە نابێت لەناکاوو کوت و پڕ بێت، بەڵکو دەبێت بە قۆناغ و لەسەرخۆ بێت، واتە یەکەمجار لەگەڵ شیرخواردندا هەندێك شلەمەنی دەدرێتێ، دواتر زیاد دەکرێت، ئینجا لەگەڵ شیرخواردنەوەدا، خواردنی شلی دەدرێتێ، پاش ماوەیەك خواردنە شلەکە زیاد دەکرێت و بڕی شیرەکە کەم دەکرێتەوە، دوای ماوەیەکی تر، خواردنە شلەکەی بۆ دەکرێت بە خواردنی ڕەق، بەم شێوەیە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بڕی خواردنەکەی بۆ زیاد دەکرێت و لەهەمان کاتیشدا بڕی شیرەکەی بۆ کەم دەکرێتەوە.

٢- نابێت بەزۆر منداڵ لەشیر ببڕدرێتەوە، چونکە زۆری و توونددو تیژی زیانی گەورە بەباری دەروونی و کەسایەتی منداڵ دەگەیەنن و لەداهاتوودا تووشی زۆر گرفتی دەروونی دەکەن.

٣- نابێت دایک پەنا بۆ شێوازی هەڵەی وەك (چەورکردنی مەمك بە ماددەیەکی تفت و تاڵ و ناخۆش، دوورخستنەوەی منداڵ لە دایك) ببات، چونکە ئەو شێوازانە منداڵ تووشی خەم و خەفەت و نیگەرانی دەکەن و دەبنە هۆی بێبەشبوونی منداڵ لەسۆزو خۆشەویستی و دڵنیایی گرنگترین و خۆشەویسترین کەسی، کە ئەویش دایکە.

٤- کاتێك دایك منداڵ لەشیر دەبڕێتەوە، دەبێت خۆی لەنزیکیەوە بێت، بۆئەوەی وا هەست نەکات کە پرۆسەی لەشیر بڕینەوە، مانای نەمانی باوەشی گەرمی دایك و سۆزو خۆشەویستیەتی. بەڵام دەتوانرێت دوای ماوەیەك، ئیتر وردە وردە دایك لەمنداڵ دووربکەوێتەوەو بواری سەربەخۆیی و تەنیایی بۆ برەخسێندرێت.

٥- دەبێت دایك زۆر لەسەرخۆو هێمن و خۆڕاگر و بەئارام و پشوو درێژ بێت لەکاتی لەشیر بڕینەوەی منداڵەکەی، چونکە پرۆسەی لەشیر بڕینەوە کارێکی ئاسان نییە.

هەروەها دەتوانرێت بەهەمان شێواز منداڵ لەمەمەو شیری قووتوو دەستکرد ببڕدرێتەوەو دەتوانرێت لەجیاتی شیر جارجارێك (ئاو یان شەربەت یان گوشراوی میوە) بکرێتە ناو مەمەکەوە. واتە نابێت یەکسەرو کوتوپڕ بێت. (هرمز و ابراهیم، ١٩٨٨).

پاداشت کردنی قوتابی منداڵ نەك سزادانی

هەموومان چاك دەزانین کە قوتابخانە ماڵی دووهەمی قوتابیەو هیچ گرنگیەکی لە خێزان کەمتر نیە بگرە لە هەندێك لایەنەوە زۆر گرنگترو پێویست ترە. ئینجا بۆ ئەوەی قوتابخانە بەو ڕۆڵە گرنگ و ترسناکەی خۆی هەڵبستێت دەبێت مامۆستا لە پەروەردەکردنی منداڵاندا لە شێوازە هەڵەکان دووربکەوێتەوە. یەکێك لەو شێوازە هەڵانەی کە بەداخەوە تاوەکو ئێستاش لە قوتابخانەکانمان ماوە، پەنا بردنی مامۆستایە بۆ لێدان و سزادانی منداڵ. ئەوەش زیاتر لەلای ئەو مامۆستایانە زۆرە کە بڕوایان بە لێدان هەیەو بە کارێکی باشی لە قەڵەم دەدەن. لێرەدا پرسیارێك قووت دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە ئایا سزاو لێدان پێویستە وە ئەگەر پێویستە باشیەکانی چین؟

لەڕاستیدا سزاو لێدان هەندێك دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی باشی هەیە، لەوانە منداڵ لە ترس و سزای مامۆستا بێدەنگ دەبێت یان خۆی بۆ قوتابخانە ئامادە دەکات یان لە هەندێك هەڵس و کەوتی خراپ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دووردەکەوێتەوە. بەڵام نابێت زیانەکانی لێدان و سزادانمان لەبیر بچێت کە زۆر زۆرترە لەو دەرئەنجامە باشانەی سەرەوە، چونکە ئەو دەرئەنجامانە کاتین و زۆر بەردەوام نابن، بەڵام زیانەکانی لێدان و سوکایەتی پێکردن بەردەوام دەبن و کاریگەری خراپیان لەسەر دڵ و دەروونی قوتابی دەبێت.

ڕاستە منداڵ لە ترسی مامۆستا بێدەنگ و کڕ دەبێت، بەڵام هەرئەوەندە مامۆستا چووە دەرەوە یان لەو ئاوە ئەما ئەوا منداڵەکان دەگەڕێنەوە دۆخی جارانیان و دەست بە شەیتانی و هات و هاوار دەکەن، کە ئەمەش دیاردەیەکی ئاسایی جیهانی منداڵە، بەڵام ئەگەر هەندێك قوتابی زیاد لە پێویست لاسارو سەرە ڕۆن، ئەوە مانای ئەوەیە کە ئەو قوتابیانە گیروگرفتی تایبەتی خۆیان هەیەو هۆکاری (ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان پەروەردەیی یان دەروونی) لە دوای ئەو لاساری و سەرەڕۆییەیانەوە هەیە، کەواتە

پێویستە چارەسەری گرفتەکان بکرێت نەك سووکایەتیان پێ بکرێت و ئازار بدرێن، چونکە ئەو لێدانە گرفتەکە زیاتر ئالۆز دەکات نەك چارەسەری بکات، ڕاستە منداڵ لەترسان خۆی بۆ قوتابخانە ئامادە دەکات بەڵام نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت کە زۆر جار ئەو هەڕەشەو سزادانەی مامۆستا دەبێتە هۆی وازهێنانی زۆر قوتابی و ڕاکردنیان لە قوتابخانە، لەلایەکی ترەوە زۆر هۆکارو شێوازی پەروەردەیی تر هەن، کە دەتوانن خوێندن و قوتابخانە لەلای قوتابی خۆشەویست بکەن سەرەڕای ئەوەش ئەگەر قوتابی حەزی لە خوێندن نەبێت، مانای ئەوەیە هۆکاری تایبەتی یان خێزانی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی هەیەو پێویستە چارەسەری ئەو هۆکارانە بکرێن نەك بە لێدان و هەڕەشەو چاو سوورکردنەوە منداڵ ناچاری خوێندن بکرێت، کە بێگومان دوای ماوەیەك هیچ کاریگەری نامێنێت.

مامۆستای بەتواناو لێهاتوو پەنا بۆ لێدان نابات و بە شێوازێکی پەروەردەیی نازانێت، چونکە ئەگەر مامۆستا شارەزاو زیرەك بوو ڕێگاکانی وانە گوتنەوەی لەگەڵ سایکۆلۆژیای قوتابییەکاندا چوون یەك بوو، ڕێزی قوتابییەکانی گرت، ئەو کاتە قوتابییەکان زۆر ڕێزی دەگرن و وەك ماستی مەیو گوێ بۆ ئامۆژگاری و قسەکانی شل دەکەن بەڵام ئەگەر مامۆستا لێهاتوو نەبوو، شارەزای وانەکانی خۆی و ڕێگاکانی وانە گوتنەوە نەبوو سەرەڕای ئەوەش ڕێزی قوتابییەکانی نەگرت و بەچاوی سووك سەیری کردن، بێگومان ئەو کاتە قوتابییەکان پەنا بۆ زۆر شێوازو هەڵس و کەوتی نابەجێ دەبەن و مامۆستاش ناچار دەبێت پەنا بۆ لێدان و سوکایەتی کردن و هەڕەشە ببات (چونکە لەوە زیاتر هیچی تری نیە).

لەوانەیە ئەو جۆرە مامۆستایانە پاساوی ئەوە بهێننەوە کە قوتابییەکان لاسارن و باش پەروەردە نەکراون، بەڵام ئەوە لەیاد دەکات کە هەر ئەو قوتابییانە لەوانەیەکی ترو لە لای مامۆستایەکی تر زۆر عاقڵ و بێ دەنگن. کەواتە کەم و کورتی لەلای مامۆستایە نەك قوتابی.

دەرئەنجامی زۆربەی توێژینەوە زانستیەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لێدان زیانی زۆر بە باری دەروونی قوتابی دەگەیەنێت. کە دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆیان بکەینەوە:-

١). زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی کە قوتابی لە خوێندن بێزار بێت و دواجار قوتابخانە بەجێ بهێڵێ بەڵگەش لەم بارەیەوە زۆرە، کە زۆر قوتابی (بەتایبەتیش لە قۆناغی سەرەتایی) لە ترسی لێدان و سوکایەتی پێکردنی مامۆستا وازیان لە قوتابخانە هێناو کەوتنە سەر شەقام و ناو کۆڵانەکان.

٢). هەندێك جار ئەو لێدان و سوکایەتی پێ کردنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە قوتابی ڕقی لەو وانەیەش بێت کە ئەو مامۆستایە دەیڵێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر لە سەرەتایی مامۆستای بیرکاری یان کوردی، ئازاری منداڵ بدات، ئەوە دوور نیە هەتا هەتایە ئەو منداڵە هەر ڕقی لەوانەی بیرکاری یان کوردی بێت وبەردەوام لە قۆناغەکانی تری خوێندنیش گیروگرفتی بۆ دروست بکات و خوێندنی ئەو وانانە تووشی ئازاری بکات و لێدان و سوکایەتی پێکردنەکانی مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی وەبیر بهێنێتەوە.

٣). لێدان و سوکایەتی پێکردنی قوتابی دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆر ڕەوشت و هەڵس و کەوتی نابەجێ لەلای قوتابی دروست ببێت، بۆ نموونە قوتابی هەوڵدەدات کە بە هەرچ شێوەیەك بێت تۆڵەی خۆی لە مامۆستا بکاتەوە ئیتر یان پەنا بۆ قۆپیەو (غش) یان شکاندنی کورسی و کەل و پەلەکانی قوتابخانە دەبات کە بە بڕوای هەندێك لەو قوتابیانە زیان لە مامۆستاو قوتابخانەو میری دەدەن کە ئەوانەش هێمای دەسەلاتن، یان ڕق و کینە و تووڕەیی خۆی بە لێدانی منداڵەکانی تر یان دزی لێکردنیان دادەمرکێنێتەوە، یان دیوارو دەرگاو پەنجەرەی قوتابخانە دەنووسێ یان ... یان ... تاد، پەنا بۆ یەکێك لە شێوازەکانی تر دەبات، کە سەرجەم ئەو هەڵس و کەوتە نابەجێیانە دەرئەنجامی ئەو لێدان و سوکایەتی پێکردنەی مامۆستان.

٤)- دوورنیە ئەو جۆرە قوتابیانە ببن بە کەسانی لاسارو سەرەڕۆ، لەبەر ئەوەی منداڵ وەرزەکار لە ڕێگای لاساییکردنەوەی مامۆستاکانیانەوە فێری توندو تیژی و لێدان و سوکایەتی پێکردنی کەسانی تر دەبن، کە ئەمەش دژی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە، چونکە پێویستە مامۆستا نموونەی دادوەری و ڕاست گۆیی و بەوەفایی و دڵنەرمی و بەبەزەیی بێت نەك نموونەی شەڕ خوازی و توندو تیژی، کە بەداخەوە لێدان و سوکایەتی پێکردنەکانی بەرەو ئەو لایەی دەبەن.

کەواتە زۆر پێویستە مامۆستا تا دەتوانێت لە لێدان و سوکایەتی پێکردنی قوتابی دووربکەوێتەوەو لەجیاتی ئەوە بە دوای هۆکارەکانی نەخوێندن و سەرەڕۆیی و شەیتانی منداڵەکاندا بگەڕێ بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە. سەرەڕای ئەوەش پێویستە پەنا بۆ پاداشت کردن و هاندانی قوتابییەکانی ببات.

ڕاستیەك هەیە پێویستە هەموو مامۆستاو دایك و باوکێك بیزانێت، ئەویش ئەوەیە کە جیهانی منداڵ پڕە لە هات وهاوارو سەرەڕۆیی و بەرکەوتن و تووڕەبوون، سەرەڕای ئەوەش پڕە لە کاری باش و داهێنان، کەواتە لە جیاتی ئەوەی منداڵ لەسەر هەڵەکانی سزا بدەین ئەوا پێویستە لەسەر ڕەوشت و قسەو هەڵس و کەوتە باشەکانی هانی بدەین و پاداشتی بکەین، ئەو کاتە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خاڵە باش و چاکەکانی بەهێز دەبێت و لە خاڵە خراپەکان دوور دەکەوێتەوە. بێجگە لەوەش پەیوەندی نێوان هەردوولا بەهێزتر دەبێت، ئەو کاتەش گلەیی و سەرزەنشتەکانی دایك و باوك و مامۆستاش کاریگەر تر دەبێت.

لەوانەیە زۆر لە مامۆستاکان نرخی پاداشت کردن و هاندان بە باشی نەزانن یان جۆرەکانی لە یەکتری جیانەکەنەوە، پاداشت کردن و هاندان زۆر جۆری هەیە، لەوانە پاداشت کردنی (مەعنەوی) و (ماددی) مەبەست لە پاداشت کردنی (مەعنەوی) ئەوەیە کە قوتابی کارو چالاکی و هەڵس و کەوتێکی باشی کرد ئەوا پاداشتی دەکەین و دەڵێین (ئافەرین، زۆرباشە، زۆر سوپاس، چەپڵەیەکی بۆ لێدەن، تۆ زۆر زیرەکی، تۆ پاشەڕۆژێکی

باشت دەبێت ... تاد) لە هەمان کاتیشدا ئەگەر هەڵەیەکی کرد ئەو کاتە سزایەکی (مەعنەوی) نەك (مادی) دەدرێت و مامۆستا پێی دەڵێ (ئەگەر جارێکی تر ئەو هەڵەیە دووبارە بکەیتەوە ئەوا پەیوەندیمان تێك دەچێت یان دڵم زویر دەبێت، یان جارێکی تر پرسیارت لێ ناکەم ... تاد) کە زۆر کاریگەر ترە لە لێدان و سوکایەتی پێکردن و ناوو ناتۆرەی ناشیرین.

بەڵام مەبەست لە پاداشتی (ماددی) ئەوەیە کە شتێك وەك پاداشت دەدرێت بە قوتابی لەوانە (تەباشیری ڕەنگاوڕەنگ، قەڵەم، کاغەز، دەفتەر، چکلێت، تەوقە، بازن، پسکیت،... تاد). بەڵام نابێت هەموو جارێك پاداشتەکان (ماددی) بێت، بەڵکو باشتر وایە (معنوی) بن و بۆ ماوەیەکی کەم بێت. بۆ نموونە ڕۆژی پێنج شەمموان لەبەر چاوی قوتابیەکان بهێنرێتە دەرەوە، یان لە کۆبوونەوەی دایکان و باوکان باس بکرێت، یان هەفتانە ناویان لە بۆردی قوتابیە زیرەك و عاقڵەکان بنووسرێت یان پارچە قوماش و هێمایەك لەسەر سنگیان بدرێت یان لە هەندێك چالاکی و کرداردا دەربخرێن و بکرێن بە نموونە، واتە بە زۆر شێواز هانی قوتابی بدرێت.

پێویستە لەکاتی پاداشت کردن و هانداندا، ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی نێوان قوتابیەکان بکرێت، چونکە مەرج نییە شێوازێك بۆ هەموویان گونجاوو سەرکەوتوو بێت، بۆنموونە پیاهەڵدان و بەرز نرخاندنی قوتابیەك کە بڕوای بە خۆی نەبێت زۆر سەرکەوتوو گونجاوترە لە قوتابیەك کە بڕوای بە خۆی هەبێت، واتە پیاهەڵدان بۆ جۆری یەکەمیان باشترە هەروەها پاداشتی (ماددی) بۆ منداڵی هەژار لە پاداشتی (مەعنەوی) کاریگەرترە، بەڵام پاداشتی (مەعنەوی) بۆ هەندێك منداڵی تر لە پاداشتی (ماددی) سەرکەوتووترە، کەواتە پێویستە مامۆستا ڕەچاوی هۆکارەکانی (توخم، پلەوپایەی کۆمەلایەتی، ئاستی ڕۆشنبیری وئابووری، تەمەنی) منداڵەکان بکات و بە پێ ی حەزوو ئارەزووەکانیان پاداشتیان بکات، چونکە هاندان و پاداشت کردن پاڵنەرو داینەمۆی فێربوون و هەڵس و کەوتی باشی قوتابیانن.

دواکەوتنی ژیری
منداڵی بەهرەمەند
گەشەکردنی چەمکەکان
شەڕو ناخۆشی و شەڕانگێزی منداڵ
منداڵ بۆ دزی دەکات ؟
ترس و چۆنێتی چارەسەرکردنی
منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتی
کابووس

ئەوهۆكارانەی دەبنە هۆی دواكەوتنی ژیری و بیركۆڵی منداڵ

تا ئیستا بە تەواوی هۆكارەكانی بیركۆڵی و دواكەوتنی ژیری نەدۆزراوەتەوەو مشت و مڕێكی زۆریش لەنێوان پزیشك و دەروونزانەكاندا، دەربارەی هۆكارەكان هەیە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ كە هیچ هەوڵدان و توێژینەوە لەو بوارەدا نەكراوە، بەڵكو ژمارەیەكی زۆر توێژینەوەی زانستی دەربارەی هۆكارەكانی بیركۆڵی و دواكەوتنی ژیری (التخلف العقلی) هەیە.

ئاكامی ئەو لێكدانەوەو توێژینەوە زانستیانە ئاماژە بۆ ئەم هۆكارانەی خوارەوە دەكەن و بە گرنگترین فاكتەری تووش بوون بە دواكەوتنی ژیری دادەنێن:-

(١) هۆكارە بۆماوەییەكان (العوامل الوراثیة):-

هەندێك لەزانایان زۆربەی حاڵەتەكانی بیركۆڵی بۆ هۆكارە بۆماوەییەكان دەگەڕێننەوە. لە گرنگترین هۆكارە بۆماوەییەكانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:-

جینە فاكتەرەكان (العوامل الجینیة):-

بە بڕوای ژمارەیەك لە زانایان هۆكانی هەندێك لەو منداڵانەی تووشی بیركۆڵی و دواكەوتنی ژیری دەبن، كەم و كورتییە لە هەندێك لە جیناتەكان. كە ئەمانەش بەسەر دوو كۆمەڵدا دابەش دەبن، كۆمەڵی یەكەم ئەوەیە كە ڕاستەوخۆ بیركۆڵی و دواكەوتنی ژیرییەكە لە ڕێگەی جیناتی تایبەتیەوە لە باوانەوە (باپیرو دایك وباوك) بۆ منداڵەكانیان دەگوێزرێنەوە واتە جۆرە جینێك لەو بەرەبابەدا هەیە كە بیركۆڵی دەگوێزێتەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو كاتێ ئەو بیركۆڵی و دواكەوتنی ژیرییە لە منداڵەكانی ئەو جۆرە خێزانانەدا دەربكەوێت، لەبەرئەوەی ئەو جینە لە جۆری جینی سست و خاوو خلیچكە (الجین الخامل) و دەبێت باروذۆخی تایبەتی خۆی بۆ دروست ببێت، ئینجا كاریگەری و مەترسی دەردەكەوێت.

بەلام لە كۆمەڵەی دووهەم ڕاستەوخۆ جینەكان نابنە هۆی گواستنەوەی بیركۆڵی و دواكەوتنی ژیری، بەڵكو ئەو جیناتانە (Genes) دەبنە هۆی دروست كردنی هەندێك كەم و كورتی لە كۆئەندامی دەماری ناوەندی (الجهاز العصبي المركزي)و كارو چالاكی هەندێك لە گلاندەكان، دوای ئەوە ناڕێكی و كارو چالاكیەكانی كۆئەندامی دەماری ناوەندی و گلاندەكان دەبنە هۆی بیركۆڵی و دواكەوتنی ژیری، واتە لەم حاڵەتەدا جیناتەكان ناڕاستەوخۆ منداڵ تووشی بیركۆڵی دەكەن، لە گرنگترین ئەو حاڵەتانەش ئەمانەی لای خوارەوەن:-

كەم و كورتی لە پێكهاتەی مۆخ:-

لەم حاڵەتەدا جۆرە جینێك دەبێتە هۆی دروست كردنی كەم و كورتی لە شێوەو بونیادی پێك هاتەی مۆخ كە ناتوانێت وەك مۆخی ئاسایی بەكاری خۆی هەڵبستێت، لە ئاكامیشدا منداڵ تووشی بیركۆڵی و دواكەوتنی ژیری دەبێت، ئەم حاڵەتەش بە ئەوەدا دەناسرێتەوە كە كاسەی سەر بەشێوەیەكی نائاسایی گەشە دەكات، ئیتر یان زۆر گەورە دەبێت (كبر الدماغ) (macrocephalic) یان بچووك (microcephalic) بەلام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ كە هەر كەسێك كاسەی سەری نا ئاسایی بوو ئیتر تووشی بیركۆڵی دەبێت، چونكە هەندێك كەس هەن كە كەللەی سەر یان زۆر گەورەیە یان زۆر بچووكە بەلام تووشی بیركۆڵی نەبوون، لەبەر ئەوەی بیركۆڵیەكە پەیوەستە بە ڕێژەی لەناوچوون و لە كاركەوتنی مۆخی ئەو كەسە نەك بە تەنها شێوەی كاسەی سەری.

شێواندن و تێك چوونی پێك هاتەی خانەكانی مێشك (cellular Dysplasia):-

ئەم جۆرە شێواندنەش لەڕێگەی جیناتی تایبەتیەوە دروست دەبێت واتە ئەو جۆرە جینە دەبێتە هۆی شلەژان و تێك دانی پێك هاتەو كاری هەندێك لە خانەكانی مێشك و ناهێڵن بە كاری ئاسایی خۆیان هەستن كە ئەمەش دەبێتە هۆی تووش بوون بە بیركۆڵی و دواكەوتنی ژیری.

فاكتەری (R.H):-

مەبەست لە (RH) یەكێكە لە پێك هاتەكانی خوێن، بۆیە ناونرا (RH) چونكە یەكەم جار لە خوێنی جۆرە مەیمونێك دۆزرایەوە كە ناوی (Rhesus monkey) بوو، ئیتر هەردوو پیتی یەكەم (RH) لەو ناوەوە وەرگیرا. وەك دەركەوتووە كە (٨٦٪)ی مرۆڤ ئەو پێك هاتەیە لە خوێنیاندا هەیە بۆیە ناو دەبرێن بە (RH+) بەلام (١٤٪)ی مرۆڤ ئەو پێك هاتەیە لە خوێنیاندا نییە بۆیە بە(RH -)ناو دەبرێن، ئینجا ئەگەر بێت و ئەو پێك هاتەیە لە باوكەوە بۆ مندالەكەی بگوێزرێتەوە (RH+) بەلام دایكی مندالەكە (RH -) بێت ئەو كاتە خانەكانی خوێنی مندال بە تەواوی گەشە ناكەن و كاریگەری خراپی بەسەر ژیان و پێك هاتەی مێشكی مندالەوە دەبێت و زۆرجار مندال تووشی بیركۆلی و دواكەوتنی ژیری دەكات. لەبەرئەوە زۆر پێویستە كە كوڕو كچ پێش ژن هێنان و شووكردن پشكنینی خوێنی خۆیان بكەن بۆ دلنیا بوون لە پێك هاتەی خوێنەكانیان و ڕوونەدانی ئەو حالەتە.

ب) تێك چوون و شلەژانی پرۆسەی میتاپۆلیزم (عملیة الأیض) (metabolic Disorders):-

لەم كاتانەدا مندال بیركۆلیەكەی لە ڕێگەی جیناتەوە بۆ ناگوێزرێتەوە بەلكو لە ئەنجامی تێك چوونی پرۆسەی میتابۆلیزم (بینا كردن و تێك دان) مندال تووشی بیركۆلی و دواكەوتنی ژیری دەبێت، كە ئەم تێك چوونەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە وەك پێویست ئەنزیم و هۆرمۆن و پرۆتین و كاربۆهیدرات و چەوری و ڤیتامین بۆ خانەو شانەكانی لەش (بەتایبەتیش مێشك) ئەڕوات و دواجاریش وەك پێویست گەشە ناكات و مندال تووشی بیركۆلی ببێت. بێگومان ئەم حالەتەش تا ڕادەیەك پەیوەندی بە فەلەمبازی جیناتەوە هەیە (الطفرة في الجینات) (Gene mutation) هەیە كە دەبێتە هۆی نەمان یان دیارنەمانی یەكێك لە ئەنزیم و ڕەگەزەكانی خۆراك لە خوێندا:-

ج). ئەو حاڵەتانەی لەو بڕوایەدان کە لەوانەیە بە هۆی هۆکاری بۆماوەوە بێت:-

هەندێك حاڵەت لە بیرکۆڵان تاوەکو ئێستا هیچ هۆکارێکی دیاری کراوی نییەو نەتوانراوە بخرێتە یەکێك لە خانەکانی هۆکارەکانی بیرکۆڵان. لەبەرئەوە وا پێش بینی دەکرێت کە هۆکاری سەرەکی ئەو حاڵەتانە بۆ ماوەیی نەزانراوە، ئەویش لەبەرئەوەی زیاتر لە حاڵەتێك لەیەك خێزاندا هەیەو لە بەرەبابێکدا زیاتر لە جارێك دووبارە بۆتەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین کە هەندێك جار بیرکۆڵی لە ڕێگەی جیناتی تایبەتیەوە بۆ منداڵان دەگوێزرێتەوە، کە ئەمەش دەکەوێتە خانەی بۆماوەوە (وراثة)، بەڵام هەندێك جاری تر ناڕاستەوخۆ جینی تایبەتی هەیە کە دەبێتە هۆی بیرکۆڵی بەڵام ناتوانرێت بخرێتە خانەی بۆماوەوە، لەبەرئەوەی لەم کاتەدا هیچ جینێك خاسیەتی بیرکۆڵی ناگوێزێتەوە، بەڵام ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی دروست کردنی کەم و کورتی لە کۆئەندامی دەماری ناوەندی و گلاندەکان، ئەو کەم و کورتیەش دەبێتە هۆی دروست کردنی بیرکۆڵی، هەندێك حاڵەتیش تا ئێستا نازانرێت لەبەرچی منداڵ تووشی بیرکۆڵی دەبێت، گومان هەیە کە هۆی بۆماوە بێت بەڵام هەر گومانەو ناتوانرێت جەخت لەسەر هۆکاری بۆماوە بکرێت.

(٢) هۆکارەکانی کاتی دووگیانی:-

هەندێك هۆکاری تر کە هیچ پەیوەندیان بە جیناتەوە نییە دەبنە هۆی بیرکۆڵی و دواکەوتنی ژیری، لەوانە تووش بوون بە نەخۆشی پەتای وەك سیفلس (زهری) یان سورێژەی ئەڵمانی (Rubella) لەکاتی دووگیانی. هەروەها تووش بوونی کۆرپەلە بە نەخۆشی زەردەهەڵگەڕانی مۆخ (الصفراء المخیة) (Kenicterus) هەروەها تێك چوونی کاروچالاکیەکانی هەندێك لە کوێرە گلاندەکان (الغدد الصماء).

دووهەم/ هۆكارەكانی كاتی لەدایك بوون:-

هەندێك جار منداڵ لە ئەنجامی هەندێك هۆكارەوە كە لەكاتی لەدایك بوون ڕوودەدەن، تووشی بیركۆڵی و دواكەوتنی ژیری دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر لەكاتی لەدایك بوون كاری نەشتەرگەری بۆئافرەتی دووگیان بكرێت و لەكاتی نەشتەرگەریەكە كەرەستەو ئامێری پزیشكی بەرسەری منداڵەكە بكەوێت یان بەزەحمەت منداڵەكە لە منداڵدانی دایك بێتە دەرەوە، یان پەتكە ناوك لە ملی منداڵەكە بگیرێ و بۆماوەیەكی كەم ئۆكسجین بۆ منداڵەكە نەچێت، یان منداڵەكە بەسەردا بكەوێتە سەر زەوی یان شتێكی ڕەق، یان مامان و كەسی نەزان لەكاتی منداڵ بوون ئازاری منداڵ بدەن و نەزانن مامەڵەی ڕاستی لەگەڵ بكەن ... تاد، سەرجەم ئەو هۆكارانە دەبنە هۆی لەناوچوون و باش گەشەنەكردنی هەندێك لە خانەكانی مێشك یان زیان گەیاندن بە كۆئەندامی دەماری ناوەندی منداڵەكەو دواجار تووشی دواكەوتنی ژیری و بیركۆڵی دەكەن.

سێ هەم/ هۆكارەكانی دوای لەدایك بوون:-

دەرئەنجامی توێژینەوە زانستیەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە هەندێك ڕووداو و كارەسات و نەخۆشی دوای لەدایك بوون منداڵ تووشی بیركۆڵی و دواكەوتنی ژیری دەكەن و دەبنە هۆی لەناو چوونی ژمارەیەك لە خانەكانی مێشك، لەوانە (سوور هەڵگەڕانی كۆئەندامی دەماری ناوەندی، بەتایبەتی سور هەڵگەڕان و هەوكردنی (السحائي) (meningitis) هەروەها هەوكردنی مێشك، یان تووش بوون بەتای (قرمزی) (الحمي القرمزية) (scarle fever) یان زیانە لاوەكیەكانی سورێژە (الحصبة) یان ڕووداوی ئوتومبیل و شەڕو كوشتار كە دەبێتە هۆی زیان پێ گەیاندنی مێشك و لەناو بردنی خانەكانی مێشك.

چوارەم/ هۆکارە دیاری نەکراوەکان:-

هەندێک منداڵ تووشی دواکەوتنی ژیری و بیرکۆڵی دەبن، بەلام هۆکارەکانی نازانرێت، بۆ نموونە هەندێک ئامار ئاماژە بۆئەوە دەکات کە (٣٥٪)ی حاڵەتەکانی بیرکۆڵی تائێستاش بە تەواوی هۆکارەکانی نەزانراوەو ناتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ هۆکاری زانراوو دیاری کراو، لەبەر ئەوە لە ژێر خانەی ئەو حاڵەتانەی کە هۆکارەکانی نەزانراوەو دیاری نەکراوە پۆلێن دەکرێ (الشیخ وعبد الغفار، ١٩٦٦، ص٣٧ –٤٤).

ئینجا بۆئەوەی ژمارەی منداڵانی بیرکۆڵ لە کۆمەڵگاکەمان بەرەو زیادبوون نەڕوات، پێویستە دایک و باوک و مامۆستاو توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی و پزیشکەکان ڕەچاوی ئەو هۆکارانەی سەرەوە بکەن و تادەتوانن دایک و باوک وکەسانی تر هوشیار بکەنەوە بۆئەوەی منداڵ بەبیرکۆڵی لە دایک نەبێت، بەتایبەتیش هۆکارەکانی (RH)، خواردنی خراپ، دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی هەندێک داوو دەرمانی زیان بەخش لەکاتی دووگیانی و هۆکارەکانی لەکاتی لەدایک بوون و ڕووداوو نەخۆشی و کارەساتەکان ... تاد.
چونکە دەرکەوتووە تا ڕێژەی خوێندەواری و هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵ بەرز بێت و دایکان و باوکان شارەزاییان دەربارەی ئەو هۆکارانەی سەرەوە هەبێت ئەوا ڕێژەی تووش بووان بە بیرکۆڵی کەم دەبێتەوە، بەلام ڕێژەی منداڵی بیرکۆڵ و دواکەوتوی ژیری لە کۆمەڵگا دوا کەوتووەکاندا زۆر زیاترە ئەگەر بەراوورد بکرێت بە کۆمەڵگا پێش کەوتووەکان، ئەوەش لەبەر کەمی هوشیاری و زانیاری دەربارەی ئەو هۆکارانەی سەرەوەو گرنگی نەدان پێیان.

منداڵی بەهرەمەندو بلیمەتیش گرفت دروست دەکات

لەکۆنەوە زیاتر گرنگی بە منداڵی بیرکۆڵ و دەبەنگ و گێل دراوەو کەمتر بیر لە منداڵانی بلیمەت و بەهرەمەند کراوەتەوە. ئەویش زیاتر بۆ ئەوە بووە، کە منداڵی بیرکۆڵ گرفت و کێشەی جۆراوجۆریان بۆ خێزان و قوتابخانەو کۆمەڵ دروست کردووە بەڵام منداڵانی بەهرەمەندو بلیمەت کێشەو گرفت دروست ناکەن. هەرچەندە بە ڕواڵەت ئەم بۆچوونە ڕاستە، بەڵام لە ناوەرۆکدا هەڵەیە.

ڕاستە بە ئاسانی هەست بە گیروگرفتەکانی منداڵانی دواکەوتووی ژیری دەکەین و دەبینین لە قوتابخانە دەرناچن و کەم و کورتی لە توانستی عەقڵی و زمانیاندا هەیەو لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا سەرکەوتوونین کەچی منداڵانی بەهرەمەندو بلیمەت بەو شێوەیە نین، ئەمە تەنها دیوێکی ڕاستیەکانە، بەڵام ئەگەر بەووردی سەیری باری دەروونی منداڵانی بەهرەمەندو بلیمەت بکەین، ئەوا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە منداڵانی بەهرەمەندو بلیمەتیش گیروگرفت بۆخۆیان و کۆمەڵەکەیان دروست دەکەن.

لە گرنگترین ئەو گیروگرفتانەی کە ڕووبەڕووی منداڵانی بلیمەت و بەهرەمەند دەبنەوە، ئەمانەی لای خوارەوەن:-

١) کاتێک منداڵانی بلیمەت و بەهرەمەند هەمان بەرنامەو پرۆگرامی منداڵانی ئاسایی دەخوێنن و شان بەشانی ئەوان لەیەك پۆلدا دادەنیشن، ئەوا دوای ماوەیەکی کەم تووشی بێزاری و وەڕس بوون و هەڵچوون و گرژی دەروونی دەبن. لەبەرئەوەی ئەوان زۆر بەئاسانی لەو بەرنامەو پرۆگرامانە دەگەن و زۆر جاریش هەر خۆیان دەیانزانن، ئینجا لەبەرئەوەی ئەو بەرنامانە بۆ ئاستی ژیری ئەوان دانەنراوەو سووك و ئاسانن، بۆیە تووشی بێزاری و وەڕس بوون دەبن و نازانن چۆن لەو بێزاری و وەڕس بوونە ڕزگاریان بێت. جاری وا هەیە دەنگە دەنگ و ئاژاوە دروست دەکەن یان ناچنە ناو پۆلەوە بە بیانووی ئەوەی کە هەمووی دەزانن.

بێگومان دروست کردنی دەنگە دەنگ و نەچوونە ناو پۆل لەبەرژەوەندی منداڵی بەهرەمەندو بلیمەت نییەو گیروگرفتی لەگەڵ بەڕێوەبەرو مامۆستاکان بۆ دروست دەکەن. بەڵام ئەگەر بەرنامەو پرۆگرامەکان لەو ئاستەدا بوونایە کە حەزوو ئارەزووی ئەو منداڵانەی تێر بکردایەو ناچاری بکردنایە کە هەوڵی هەرس کردن و تێگەیشتنی بوونایە، ئەو کاتە ئەو جۆرە منداڵانە تووشی بێزاری و وەڕس بوون نەدەبوون و ئەوەندەش کاتی زیادیان نەدەبوو کە بۆ دەنگە دەنگ و ڕەفتاری نابەجێ تەرخانی بکەن.

٢) هەندێك لە منداڵانی بلیمەت و بەهرەمەند لە ئەنجامی ئەو بەهرەو زیرەکیەی کە هەیانە تووشی لە خۆبایی بوون و لووت بەرزی دەبن و بە چاوی نزم و گومان سەیری منداڵەکانی تر دەکەن، سەرەڕای ئەوەش ئەو لەخۆبایی بوون و لووت بەرزییەیان لە خشتەیان دەبەن و دوورنییە لەوانەکانیاندا سەرکەوتوو نەبن لەبەر ئەوەی وا تێگەیشتوون کە زۆر ئاسانەو پێویست بە خوێندنەوەیان ناکات، بێگومان ئەم بۆچوونەیان هەڵەیەو بابەت چەند ئاسان بێت، دەبێت خۆیانی بۆ ئامادە بکەن و پێش تاقیکردنەوە بیخوێننەوە، بەڵگەش لەم بارەیەوە زۆرەو لاپەڕەکانی مێژووش پڕن لەناوی ئەو بلیمەت و زانایانەی کە لە قۆناغەکانی خوێندن دەرنەچوون یان تووشی گرفت بوون.

٣) منداڵی بلیمەت و بەهرەمەند زۆر پرسیار دەکات و دیاردەکان تاووتوێ دەکات، بەڵام بەداخەوە زۆر لە مامۆستایان و باوکان و دایکان زوو لەو هەموو پرسیارکردنەیان وەڕس دەبن و دوورنیە بیان شکێننەوەو تەریقیان بکەنەوە یان سەرزەنشتیان بکەن کە ئەوەش دەبێتە هۆی دڵتەنگی و خەم و خەفەت و بێزارکردنی ئەو منداڵە زیرەك و بلیمەتانەو دوور نییە لە ئەنجامدا فێری زۆر ڕەفتارو هەڵس و کەوتی نابەجێ ببن، ئینجا ئەگەر بمانەوێت منداڵە بلیمەت و بەهرەمەندەکانمان لەو گرفت و ڕەفتارە نابەجێیانە دووربن، ئەوا زۆر گرنگە کە قوتابخانەو دامەزراوی تایبەتیان بۆ بکرێتەوەو ژینگەو بارودۆخی گونجاو بۆ تەقاندنەوەو پەروەردەکردنی بەهرەو تواناکانیان بڕەخسێنرێت، بۆ ئەوەی ئێمەش لە داهاتوودا وەك زۆربەی وڵاتانی جیهان کەسانی داهێنەرو زاناو ناودارمان هەبێت و خزمەتی وڵاتەکەیان بکەن.

بەڵام لە کۆمەڵەی دووهەم ڕاستەوخۆ جینەکان نابنە هۆی گواستنەوەی بیرکۆڵی و دواکەوتنی ژیری، بەڵکو ئەو جیناتانە (Genes) دەبنە هۆی دروست کردنی هەندێک کەم و کورتی لە کۆئەندامی دەماری ناوەندی (الجهاز العصبي المركزي)و کارو چالاکی هەندێک لە گلاندەکان، دوای ئەوە نارێکی و کارو چالاکیەکانی کۆئەندامی دەماری ناوەندی و گلاندەکان دەبنە هۆی بیرکۆڵی و دواکەوتنی ژیری، واتە لەم حاڵەتەدا جیناتەکان ناڕاستەوخۆ منداڵ تووشی بیرکۆڵی دەکەن، لە گرنگترین ئەو حاڵەتانەش ئەمانەی لای خوارەوەن:-

کەم و کورتی لە پێکهاتەی مۆخ:-

لەم حاڵەتەدا جۆرە جینێک دەبێتە هۆی دروست کردنی کەم و کورتی لە شێوەو بونیادی پێک هاتەی مۆخ کە ناتوانێت وەك مۆخی ئاسایی بەکاری خۆی هەڵبستێت، لە ئاکامیشدا منداڵ تووشی بیرکۆڵی و دواکەوتنی ژیری دەبێت، ئەم حاڵەتەش بە ئەوەدا دەناسرێتەوە کە کاسەی سەر بەشێوەیەکی نائاسایی گەشە دەکات، ئیتر یان زۆر گەورە دەبێت (كبر الدماغ) (macrocephalic) یان بچووك (microcephalic) بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە هەر کەسێك کاسەی سەری نا ئاسایی بوو ئیتر تووشی بیرکۆڵی دەبێت، چونکە هەندێك کەس هەن کە کەللەی سەر یان زۆر گەورەیە یان زۆر بچووکە بەڵام تووشی بیرکۆڵی نەبوون، لەبەر ئەوەی بیرکۆڵیەکە پەیوەستە بە ڕێژەی لەناوچوون و لە کارکەوتنی مۆخی ئەو کەسە نەك بە تەنها شێوەی کاسەی سەری.

شێواندن و تێك چوونی پێك هاتەی خانەکانی مێشك (cellular Dysplasia):-

ئەم جۆرە شێواندنەش لەڕێگەی جیناتی تایبەتیەوە دروست دەبێت واتە ئەو جۆرە جینە دەبێتە هۆی شلەژان و تێك دانی پێك هاتەو کاری هەندێك لە خانەکانی مێشك و ناهێڵن بە کاری ئاسایی خۆیان هەستن کە ئەمەش دەبێتە هۆی تووش بوون بە بیرکۆڵی و دواکەوتنی ژیری.

فاكتەری (R.H):-

مەبەست لە (RH) یەكێكە لە پێك هاتەكانی خوێن، بۆیە ناونرا (RH) چونكە یەكەم جار لە خوێنی جۆرە مەیمونێك دۆزرایەوە كە ناوی (Rhesus monkey) بوو، ئیتر هەردوو پیتی یەكەم (RH) لەو ناوەوە وەرگیرا. وەك دەركەوتووە كە (٨٦٪)ی مرۆڤ ئەو پێك هاتەیە لە خوێنیاندا هەیە بۆیە ناو دەبرێن بە (RH+) بەلام (١٤٪)ی مرۆڤ ئەو پێك هاتەیە لە خوێنیاندا نییە بۆیە بە(RH -)ناو دەبرێن، ئینجا ئەگەر بێت و ئەو پێك هاتەیە لە باوكەوە بۆ منداڵەكەی بگوێزرێتەوە (RH+) بەلام دایكی منداڵەكە (RH -) بێت ئەو كاتە خانەكانی خوێنی منداڵ بە تەواوی گەشە ناكەن و كاریگەری خراپی بەسەر ژیان و پێك هاتەی مێشكی منداڵەوە دەبێت و زۆرجار منداڵ تووشی بیركۆڵی و دواكەوتنی ژیری دەكات. لەبەرئەوە زۆر پێویستە كە كوڕو كچ پێش ژن هێنان و شووكردن پشكنینی خوێنی خۆیان بكەن بۆ دڵنیا بوون لە پێك هاتەی خوێنەكانیان و ڕوونەدانی ئەو حاڵەتە.

ب)تێك چوون و شلەژانی پرۆسەی میتاپۆلیزم (عملية الأيض) (metabolic Disorders):-

لەم كاتانەدا منداڵ بیركۆڵیەكەی لە ڕێگەی جیناتەوە بۆ ناگوێزرێتەوە بەڵكو لە ئەنجامی تێك چوونی پرۆسەی میتابۆلیزم (بینا كردن و تێك دان) منداڵ تووشی بیركۆڵی و دواكەوتنی ژیری دەبێت، كە ئەم تێك چوونەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە وەك پێویست ئەنزیم و هۆرمۆن و پرۆتین و كاربۆهیدرات و چەوری و ڤیتامین بۆ خانەو شانەكانی لەش (بەتایبەتیش مێشك) نەڕوات و دواجاریش وەك پێویست گەشە نەكات و منداڵ تووشی بیركۆڵی ببێت. بێگومان ئەم حاڵەتەش تا ڕادەیەك پەیوەندی بە فەلەمبازی جیناتەوە هەیە (الطفرة في الجينات) (Gene mutation) هەیە كە دەبێتە هۆی نەمان یان دیارنەمانی یەكێك لە ئەنزیم و ڕەگەزەكانی خۆراك لە خوێندا:-

ج). ئەو حاڵەتانەی لەو بڕوایەدان کە لەوانەیە بە هۆی هۆکاری بۆماوەوە بێت:-

هەندێك حاڵەت لە بیرکۆڵان تاوەکو ئێستا هیچ هۆکارێکی دیاری کراوی نییەو نەتوانراوە بخرێتە یەکێك لە خانەکانی هۆکارەکانی بیرکۆڵان. لەبەرئەوە وا پێش بینی دەکرێت کە هۆکاری سەرەکی ئەو حاڵەتانە بۆ ماوەیی نەزانراوە، ئەویش لەبەرئەوەی زیاتر لە حاڵەتێك لەیەك خێزاندا هەیەو لە بەرەبابێکدا زیاتر لە جارێك دووبارە بۆتەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین کە هەندێك جار بیرکۆڵی لە ڕێگەی جیناتی تایبەتیەوە بۆ منداڵان دەگوێزرێتەوە، کە ئەمەش دەکەوێتە خانەی بۆماوەوە (وراثة)، بەڵام هەندێك جاری تر ناڕاستەوخۆ جینی تایبەتی هەیە کە دەبێتە هۆی بیرکۆڵی بەڵام ناتوانرێت بخرێتە خانەی بۆماوەوە، لەبەرئەوەی لەم کاتەدا هیچ جینێك خاسیەتی بیرکۆڵی ناگوێزێتەوە، بەڵام ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی دروست کردنی کەم و کورتی لە کۆئەندامی دەماری ناوەندی و گلاندەکان، ئەو کەم و کورتیەش دەبێتە هۆی دروست کردنی بیرکۆڵی، هەندێك حاڵەتیش تا ئێستا نازانرێت لەبەرچی منداڵ تووشی بیرکۆڵی دەبێت، گومان هەیە کە هۆی بۆماوە بێت بەڵام هەر گومانەو ناتوانرێت جەخت لەسەر هۆکاری بۆماوە بکرێت.

(٢) هۆکارەکانی کاتی دووگیانی:-

هەندێك هۆکاری تر کە هیچ پەیوەندیان بە جیناتەوە نییە دەبنە هۆی بیرکۆڵی و دواکەوتنی ژیری، لەوانە تووش بوون بە نەخۆشی پەتای وەك سیفلس (زهری) یان سورێژەی ئەڵمانی (Rubella) لەکاتی دووگیانی. هەروەها تووش بوونی کۆرپەلە بە نەخۆشی زەردەهەنگەڕانی مۆخ (الصفراء المخية) (Kenicterus) هەروەها تێك چوونی کاروچالاکیەکانی هەندێك لە کوێرە گلاندەکان (الغدد الصماء).

دووهەم/ هۆکارەکانی کاتی لەدایک بوون:-

هەندێك جار منداڵ لە ئەنجامی هەندێك هۆکارەوە کە لەکاتی لەدایك بوون ڕوودەدەن، تووشی بیرکۆڵی و دواکەوتنی ژیری دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر لەکاتی لەدایك بوون کاری نەشتەرگەری بۆئافرەتی دووگیان بکرێت و لەکاتی نەشتەرگەریەکە کەرەستەو ئامێری پزیشکی بەرسەری منداڵەکە بکەوێت یان بەزەحمەت منداڵەکە لە منداڵدانی دایك بێتە دەرەوە، یان پەتکە ناوك لە ملی منداڵەکە بگیرێ و بۆماوەیەکی کەم ئۆکسجین بۆ منداڵەکە نەچێت، یان منداڵەکە بەسەردا بکەوێتە سەر زەوی یان شتێکی ڕەق، یان مامان و کەسی نەزان لەکاتی منداڵ بوون ئازاری منداڵ بدەن و نەزانن مامەڵەی ڕاستی لەگەڵ بکەن ... تاد، سەرجەم ئەو هۆکارانە دەبنە هۆی لەناوچوون و باش گەشەنەکردنی هەندێك لە خانەکانی مێشك یان زیان گەیاندن بە کۆئەندامی دەماری ناوەندی منداڵەکەو دواجار تووشی دواکەوتنی ژیری و بیرکۆڵی دەکەن.

سێ هەم/ هۆکارەکانی دوای لەدایك بوون:-

دەرئەنجامی توێژینەوە زانستیەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەندێك ڕووداو و کارەسات و نەخۆشی دوای لەدایك بوون منداڵ تووشی بیرکۆڵی و دواکەوتنی ژیری دەکەن و دەبنە هۆی لەناو چوونی ژمارەیەك لە خانەکانی مێشك، لەوانە (سوور هەڵگەڕانی کۆئەندامی دەماری ناوەندی، بەتایبەتی سور هەڵگەڕان و هەوکردنی (السحائي) (meningitis) هەروەها هەوکردنی مێشك، یان تووش بوون بەتای (قرمزی) (الحمي القرمزیة) (scarle fever) یان زیانە لاوەکیەکانی سورێژە (الحصبة) یان ڕووداوی ئوتومبیل و شەڕو کوشتار کە دەبێتە هۆی زیان پێ گەیاندنی مێشك و لەناو بردنی خانەکانی مێشك.

چوارەم/ هۆکارە دیاری نەکراوەکان:-

هەندێک منداڵ تووشی دواکەوتنی ژیری و بیرکۆڵی دەبن، بەڵام هۆکارەکانی نازانرێت، بۆ نموونە هەندێک ئامار ئاماژە بۆئەوە دەکات کە (٣٥٪)ی حاڵەتەکانی بیرکۆڵی تائێستاش بە تەواوی هۆکارەکانی نەزانراوەو ناتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ هۆکاری زانراوو دیاری کراو، لەبەر ئەوە لە ژێر خانەی ئەو حاڵەتانەی کە هۆکارەکانی نەزانراوەو دیاری نەکراوە پۆلێن دەکرێ (الشیخ وعبد الغفار، ١٩٦٦، ص٣٧ –٤٤).

ئینجا بۆئەوەی ژمارەی منداڵانی بیرکۆڵ لە کۆمەڵگاکەمان بەرەو زیادبوون نەڕوات، پێویستە دایک و باوک و مامۆستاو توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی و پزیشکەکان ڕەچاوی ئەو هۆکارانەی سەرەوە بکەن و تادەتوانن دایک و باوک وکەسانی تر هوشیار بکەنەوە بۆئەوەی منداڵ بەبیرکۆڵی لە دایک نەبێت، بەتایبەتیش هۆکارەکانی (RH)، خواردنی خراپ، دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی هەندێک داوو دەرمانی زیان بەخش لەکاتی دووگیانی و هۆکارەکانی لەکاتی لەدایک بوون و ڕووداوو نەخۆشی و کارەساتەکان ... تاد. چونکە دەرکەوتووە تا ڕێژەی خوێندەواری و هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵ بەرز بێت و دایکان و باوکان شارەزاییان دەربارەی ئەو هۆکارانەی سەرەوە هەبێت ئەوا ڕێژەی تووش بووان بە بیرکۆڵی کەم دەبێتەوە، بەڵام ڕێژەی منداڵی بیرکۆڵ و دواکەوتوی ژیری لە کۆمەڵگا دوا کەوتووەکاندا زۆر زیاترە ئەگەر بەراوورد بکرێت بە کۆمەڵگا پێش کەوتووەکان، ئەوەش لەبەر کەمی هوشیاری و زانیاری دەربارەی ئەو هۆکارانەی سەرەوەو گرنگی نەدان پێیان.

منداڵی بەهرەمەندو بلیمەتیش گرفت دروست دەکات

لەکۆنەوە زیاتر گرنگی بە منداڵی بیرکۆڵ و دەبەنگ و گێل دراوەو کەمتر بیر لە منداڵانی بلیمەت و بەهرەمەند کراوەتەوە. ئەویش زیاتر بۆ ئەوە بووە، کە منداڵی بیرکۆڵ گرفت و کێشەی جۆراوجۆریان بۆ خێزان و قوتابخانەو کۆمەڵ دروست کردووە بەلام منداڵانی بەهرەمەندو بلیمەت کێشەو گرفت دروست ناکەن. هەرچەندە بە ڕواڵەت ئەم بۆچوونە ڕاستە، بەلام لە ناوەرۆکدا هەڵەیە.

ڕاستە بە ئاسانی هەست بە گیروگرفتەکانی منداڵانی دواکەوتووی ژیری دەکەین و دەبینین لە قوتابخانە دەرناچن و کەم و کورتی لە توانستی عەقلی و زمانیاندا هەیەو لە پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکاندا سەرکەوتوونین کەچی منداڵانی بەهرەمەندو بلیمەت بەو شێوەیە نین، ئەمە تەنها دیویکی ڕاستیەکانە، بەلام ئەگەر بەووردی سەیری باری دەروونی منداڵانی بەهرەمەندو بلیمەت بکەین، ئەوا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە منداڵانی بەهرەمەندو بلیمەتیش گیروگرفت بۆخۆیان و کۆمەڵەکەیان دروست دەکەن.

لە گرنگترین ئەو گیروگرفتانەی کە ڕووبەڕووی منداڵانی بلیمەت و بەهرەمەند دەبنەوە، ئەمانەی لای خوارەوەن:-

١) کاتێك منداڵانی بلیمەت و بەهرەمەند هەمان بەرنامەو پرۆگرامی منداڵانی ئاسایی دەخوێنن و شان بەشانی ئەوان لەیەك پۆلدا دادەنیشن، ئەوا دوای ماوەیەکی کەم تووشی بێزاری و وەڕس بوون و هەڵچوون و گرژی دەروونی دەبن. لەبەرئەوەی ئەوان زۆر بەئاسانی لەو بەرنامەو پرۆگرامانە دەگەن و زۆر جاریش هەر خۆیان دەیانزانن، ئینجا لەبەرئەوەی ئەو بەرنامانە بۆ ئاستی ژیری ئەوان دانەنراوەو سووك و ئاسانن، بۆیە تووشی بێزاری و وەڕس بوون دەبن و نازانن چۆن لەو بێزاری و وەڕس بوونە ڕزگاریان بێت. جاری وا هەیە دەنگە دەنگ و ئاژاوە دروست دەکەن یان ناچنە ناو پۆلەوە بە بیانووی ئەوەی کە هەمووی دەزانن.

بێگومان دروست كردنی دەنگە دەنگ و نەچوونە ناو پۆل لەبەرژەوەندی منداڵی بەهرەمەندو بلیمەت نییەو گیروگرفتی لەگەڵ بەڕێوەبەرو مامۆستاكان بۆ دروست دەكەن. بەلام ئەگەر بەرنامەو پرۆگرامەكان لەو ئاستەدا بوونایە كە حەزوو ئارەزووی ئەو منداڵانەی تێر بكردایەو ناچاری بكردنایە كە هەوڵی هەرس كردن و تێگەیشتنی بوونایە، ئەو كاتە ئەو جۆرە منداڵانە تووشی بێزاری و وەڕس بوون نەدەبوون و ئەوەندەش كاتی زیادیان نەدەبوو كە بۆ دەنگە دەنگ و ڕەفتاری نابەجێ تەرخانی بكەن.

٢) هەندێك لە منداڵانی بلیمەت و بەهرەمەند لە ئەنجامی ئەو بەهرەو زیرەكیەی كە هەیانە تووشی لە خۆبایی بوون و لووت بەرزی دەبن و بە چاوی نزم و گومان سەیری منداڵەكانی تر دەكەن، سەرەڕای ئەوەش ئەو لەخۆبایی بوون و لووت بەرزییەیان لە خشتەیان دەبەن و دوورنییە لەوانەكانیاندا سەركەوتوو نەبن لەبەر ئەوەی وا تێگەیشتوون كە زۆر ئاسانەو پێویست بە خوێندنەوەیان ناكات، بێگومان ئەم بۆچوونەیان هەڵەیەو بابەت چەند ئاسان بێت، دەبێت خۆیانی بۆ ئامادە بكەن و پێش تاقیكردنەوە بیخوێننەوە، بەڵگەش لەم بارەیەوە زۆرەو لاپەڕەكانی مێژووش پڕن لەناوی ئەو بلیمەت و زانایانەی كە لە قۆناغەكانی خوێندن دەرنەچوون یان تووشی گرفت بوون.

٣) منداڵی بلیمەت و بەهرەمەند زۆر پرسیار دەكات و دیاردەكان تاووتوێ دەكات، بەلام بەداخەوە زۆر لە مامۆستایان و باوكان و دایكان زوو لەو هەموو پرسیاركردنەیان وەڕس دەبن و دوورنیە بیان شكێننەوەو تەریقیان بكەنەوە یان سەرزەنشتیان بكەن كە ئەوەش دەبێتە هۆی دڵتەنگی و خەم و خەفەت و بێزاركردنی ئەو منداڵە زیرەك و بلیمەتانەو دوور نییە لە ئەنجامدا فێری زۆر ڕەفتارو هەڵس و كەوتی نابەجێ بن، ئینجا ئەگەر بمانەوێت منداڵە بلیمەت و بەهرەمەندەكانمان لەو گرفت و ڕەفتارە نابەجێیانە دووربن، ئەوا زۆر گرنگە كە قوتابخانەو دامەزراوی تایبەتیان بۆ بكرێتەوەو ژینگەو بارودۆخی گونجاو بۆ تەقاندنەوەو پەروەردەكردنی بەهرەو تواناكانیان بڕەخسێنرێت، بۆ ئەوەی ئێمەش لە داهاتوودا وەك زۆربەی وڵاتانی جیهان كەسانی داهێنەرو زاناو ناودارمان هەبێت و خزمەتی وڵاتەكەیان بكەن.

گەشە پێكردنی چەمكەكان لە قۆناغی باخچەی ساوایان

چەمكەكان (المفاهيم) و فێربوونیان گرنگی خۆیان لە ژیانی منداڵدا هەیەو دەبن بە یارمەتیدەر بۆ گەشەكردنی عەقڵیان، لەبەرئەوە ئەركی هەموو لایەكە بەتایبەتی دایك و باوك و مامۆستا كە هەوڵی گەشە پێكردنیان بدەن. قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە بە تایبەتی تەمەنی چوار ساڵان و پێنج ساڵان كاتێكی زۆر باشە بۆ گەشە پێكردنی چەمكەكانی وەك (ژمارەكان، بارستایی، كێش، گەورە، بچووك، شێوەكان، بوونەوەرەكان، ئاراستەكان... تاد).

منداڵ لەم قۆناغەدا زۆر حەز بە تاووتوێكردن و مامەڵەكردن و زانینی شتە یەكسان و جیاوازو كۆمەڵەو ژمارەو شێوەو بارستاییە جیاجیاكان دەكات، بەردەوام لەهەوڵی تاقیكردنەوەی شتەكانی چواردەوریدایە، ئینجا زۆر پێویستە ئێمەی گەورە ئەو حەزو ئارەزووی تاووتوێكردن و تاقیكردنەوەی شتەكانی بقۆزینەوەو بۆ فێركردنی چەمكەكان بەكاری بهێنین. بۆ نموونە منداڵ لەم تەمەنەدا حەز دەكات فێری ژمارەكان ببێت و شتەكانی چواردەوری بژمێرێ، كەواتە ئێمە چ لەماڵەوە یان لە باخچەی ساوایان دەتوانین ئەو حەزەی بۆ تێر بكەین و یارمەتی گەشەكردنی بیركاری بدەین. ئەویش لەرێگەی راهێنانی لەسەر ژماردنی شتەكانی ناوماڵ و باخچەی ساوایان، بۆ نموونە لەبەرچاوی منداڵەكە ژمارەی خوشك و براكانی یان قاپ و قاچاغ و پەرداخ یان كورسی و مێزەكان یان گلۆپەكان، یان یارییەكانی بژمێرەو دواتر داوا لە منداڵەكە بكە ئەویش وەك تۆ یەك لەدوای یەك شتەكانی بژمێرێ. ئەگەر هەڵەی كرد بۆی ڕاست بكەرەوە. باشتر وایە لەیەكەوە هەتا دەی فێر بكرێت، ئەگەر حەزو توانای زیاتری هەبوو، دەتوانرێت ژمارەی زیاتری فێر بكرێت، بەڵام نابێت بەزۆر بەڵكو دەبێت بەئارەزووی منداڵەكە بێت و زۆر لەسەرخۆش بێت.

لەلایەكی ترەوە منداڵ حەز بەزانینی زۆرو كەم و بەش و هەموو نیوەو ... تاد دەكات، كەواتە دایك و باوك و مامۆستا دەتوانن لەرێگەی چالاكییەكانی رۆژانەوە منداڵ فێری ئەو چەمكانە بكەن، بۆ نموونە لەكاتی چا یان شیر یان ناو خواردنەوەدا دەتوانین منداڵ فێری

مانای نیو پەرداخ، نیو پیاڵە یان یەک پیاڵە یان چای زۆر، شیری زۆر، چای کەم، شیری کەم، .. تاد، بکەین کە دووبارەکردنەوەی ئەو چالاکییانە وا لەمنداڵ دەکات کە فێری مانای نیوە یان زۆر یان کەم ببێت. هەروەها دەتوانرێت لەڕێگەی لەت و کەرت کردنی نان و پەنیرو سەموون و پرتەقاڵ و سێوو میوەکانی تر، منداڵ فێری مانای (لەت، نیو، چارەک، دوویەش، سێ بەش، وەك یەك، زۆرتر، کەمتر، چواربەش ... تاد)، بکرێت، کە سەرجەم ئەو چالاکییانەو فێربوونی مانای ئەو چەمکانە دەبن بە بنەمایەکی پتەو بۆ گەشە پێکردنی عەقڵی منداڵ و سەرکەوتنی لەبواری بیرکاری و خوێندن و فێربووندا.

هەروەها لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕاستەو مەترو بست و پێوە، دەتوانرێت منداڵ فێری پێوانە کردنی شتەکان بکرێت. بۆ نموونە، دەتوانین لەبەرچاوی منداڵ بە پێ یان بە دەست یان بە ڕاستە یان بە مەتر کاشی و دیوارو بەرزی و نزمی کورسی و ڕاخەرو باخچەی ناوماڵ یان باخچەی ساوایان بپێوین ودواتر داوا لەمنداڵ بکەین کە ئەویش وەك ئێمە دووری و بەرزی و نزمی ئەو شتانە پێوانە بکات. کە بێگومان لەڕێگەی ئەو چالاکیانەشەوە فێری مانای پێوانەکردنی (دووری، بەرزی، نزمی، لایەك، دوولا، سێ لا، چوار لا، ئەستووری) دەبێت، کە ئەو چالاکییانەش دەبنە هۆی زیاتر گەشەکردنی عەقڵی منداڵ.

منداڵ هەر لەم قۆناغەدا توانای فێربوونی مانای (زۆر، کەم، گەورەتر، بچووکتر، زۆرتر، کەمتر)ی هەیە. لەبەرئەوە دەبێت لەڕێگای چالاکییەکانی وەك (ئاوکردنە ناو پەرداخ یان پیاڵە یان قاپ و قاچاغ، یان لم و خۆڵ کردنە ناو سەتڵ و قاپ)، منداڵ فێری مانای زۆر وکەم و زۆرتر و کەمتر بکەین. بۆ نموونە دەتوانین منداڵ فێری ئەوە بکەین کە پەرداخ لە پیاڵە ئاو زیاتر دەگرێت، لە پیاڵەش گەورەترە، سەتڵ لە قاپ ئاو زیاتر دەگرێت و لەویش گەورەترە، قاپی گەورە لە قاپی بچکۆلە ئاو زیاتر دەگرێ ... تاد.

قۆناغی پێش قوتابخانە کاتێکی لەبارو گونجاوە بۆ فێربوونی چەمکی (کێش) (وزن) دەتوانین لەڕێگەی هەلگرتن، گواستنەوەو بەرزکردنەوەو دانانی شتەکانی ناوماڵ و باخچەی ساوایان منداڵ فێری مانای (قورس، سووك، سووکتر، یەکسان) بکەین، هەروەها

زۆرباشە ئەگەر لەڕێگەی پارەی ڕۆژانەو كڕین و فرۆشتنی سەوزەو میوەو كەل و پەلەكانی ناومانەوە، منداڵ فێری مانای پارەو نرخی (٥٠دینار، ٢٥٠ دینار، ١٠٠٠ دینار ... تاد) بكەین.

قۆناغی منداڵی، مانای قۆناغی یاریكردن و هەڵبەزو دابەزو سەربەستیە، واتە دەتوانرێت لەڕێگەی یاریكردن و هەڵبەزو دابەزەوە منداڵ لەم قۆناغەدا فێری زۆر چەمك بكرێت. كەواتە ئەركی سەرەكی دایك و باوك و مامۆستایە كە لەناو خێزان و باخچەی ساوایان بواری گونجاو بۆ یاریكردنی منداڵ بڕەخسێنن، بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە فێری مانای چەمكەكان ببێت. بۆ نموونە ئەگەر لەناو ماڵ یان باخچەی ساوایان حەوزی ئاوی دروستكراو لە چیمەنتۆ یان پلاستیك هەبێت و منداڵ تاقیكردنەوەو یاری پێبكات، ئەوا مانای زۆر لە چەمكەكان فێر دەبێت. كاتێك منداڵ یاری بەئاو دەكات، فێری خاسیەت و سوودو قازانجەكانی ئاو دەبێت، فێری ئەوە دەبێت كە هەندێك شتی وەك (تەختە، كاغەز) سەر ئاو دەكەون، بەلام هەندێك شتی وەك (ئاسن، بەرد، ... تاد) ژێر وئاو دەكەون هەروەها فێری ئەوە دەبێت كە شت لەناو ئاو سووك دەبێت یان لەڕێگەی ماتۆڕو پەمپەوە، ئاو بۆ بەرزی فڕێ دەدرێت.

كاتێك منداڵ بەكاغەز كۆلارە یان فڕۆكەیەك دروست دەكات و بۆ ئاسمان هەڵیدەدات و یاری پێدەكات. دەگاتە ئەو بڕوایەی كە هەوا شتەكان دەجووڵێنێ، یان كاتێك بەسووكی هەناسە دەدات یان بۆ ماوەیەكی كەم هەناسە نادات، ئەو كاتە گرنگی هەوای بۆ ژیانی مرۆڤ بۆ ڕوون دەبێتەوە. سەرەڕای ئەوەش كاتێك منداڵ یاری بە سەیارەو پانكەو گڵۆپی منداڵان دەكات و پاتری بۆ كاركردنیان بەكار دەهێنێ، فێری مانای گرنگی پاتری و كارەبا بۆ جووڵاندن و گەرم كردن و ڕووناككردنەوەی شتەكان دەبێت.

كەواتە كاتێك منداڵ یاری بەقاپ و قاچاغ و بۆری و یاریە پلاستیكیەكانی ناوماڵ دەكات، شارەزایی زۆر دەربارەی (نەرم، ڕەق، ئەستوور، باریك، تەنك، گەرم، سارد، زۆر، كەم، قورس، سووك، نزم، بەرز، قووڵ ... تاد) پەیدا دەكات. كە سەرجەم ئەو زانیاری و

شارەزاییانە بۆ ژیانی داهاتووی و سەرکەوتنی لەبواری خوێندن و فێربووندا پێویستن. بۆ نموونە کاتێک جۆرەها یاری ڕەنگاو ڕەنگ و هەمەشێوە لەبەردەم منداڵ دادەنرێ و منداڵ بەئارەزووی خۆی یارییان پێدەکات، ئەو کاتە لەمیانەی تاوو توێکردن و یاریکردن بەو شتانە فێری ماناى چەمکەکانی (سێگۆشە، چوارگۆشە، بازنە، لاتەریب، ڕەنگەکان، لوولەك، درێژ، کورت، ... تاد) دەبێت و سەرجەم ئەو زانیاریانە دەبن بە بنەمایەکی پتەو بۆ سەرکەوتن لەبواری بیرکاری و ئەندازەو جەبر لە قۆناغەکانی خوێندندا.

ب لەبەرئەوە زۆر گرنگە کە سوود لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە وەربگرین و پێداویستی و یارییە گرنگەکان بۆ منداڵەکانمان دابین بکەین و لەسەر یاریکردن و تاووتوێکردنیان هانیان بدەین و لە هەمان کاتیشدا دەبێت ئەو دیاردەو چەمکانەیان بۆ ڕوون بکەینەوەو بەپێی تواناش وەڵامی پرسیارەکانیان بدەینەوە. دەرئەنجامی زۆر لەتوێژینەوەکانی ئەم بوارەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەردەوام (ئەو منداڵانەی لەو خێزان و باخچەی ساوایانەوە دێن کە پێش هاتنە قوتابخانە بە باشی پەروەردەکراون و جۆرەها یاری و کەل و پەلیان بۆ دابین کراوەو بەردەوام وەڵامی پرسیارەکانیان دراوەتەوە) زیرەکترو بەتواناترن لەو منداڵانەی کە بەو شێوەیە پەروەردە نەکراون.

کەواتە دایك و باوك و مامۆستای بەڕێز، بەردەوام هەوڵبدە، بەپێی توانا یاری و کەل و پەلی و پێداویستیە گرنگەکانی تر بۆ منداڵەکانتان دابین بکەن و ژینگە دەورووبەرەکەیان بەو کەل و پەلانە دەوڵەمەند بکەن و گەشە بەهەستەوەرەکانی (بینین، بیستن، بۆنکردن، تام و چێژکردن، دەست لێدان)ی منداڵەکانتان بکەن، سەربەستی پێویستیان بدەنێ و لەسەر شکاندنی یارییەکان لێیان مەدەن و سووکایەتیان پێ مەکەن، لەبەرئەوەی سەربەستی و هەست کردن بە ئاسایش و دڵنیایی و ڕێزگرتن و بڕوا بەخۆ بوون باشترین فاکتەرن بۆ گەشەکردنی عەقڵی و داهێنان لەبوارە جیاجیاکانی ژیان، هەروەها دەبێت هاوکاری و پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان باخچەی ساوایان و خێزاندا هەبێت، هەریەکەیان کاری ئەویتر تەواو بکات، بەڵام ئەگەر بوار نەبوو منداڵ بنێردرێتە باخچەی

ساوایان ئەوا زۆر پێویستە دایك و باوك هەوڵبدەن هەندێك لەویاری و کەل و پەل و چالاکییە گرنگانە بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن، بۆئەوەی بەباشی سوود لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە وەربگیرێت و ببێت بە بناغە بۆ قۆناغەکانی تر.

شەرو ناخۆشی منداڵان

ڕۆژانە گوێبیستی شەڕو ئاژاوەی منداڵان دەبین و بەداخەوە هەندێك جار ناخۆشی نێوان منداڵان دەبێت بە شەڕی گەورەکان. ئێمەی گەورە پێویستە چەند ڕاستیەك هەیە بیزانین، ئەویش ئەوەیە کە جیهانی منداڵان جیهانێکی پاك و بێگەردەو دوورە لە هەموو ڕق و کینەو دڵپیسی و دوو ڕوویی گەورەکان و ئەگەر شەڕیش بکەن ئەوە کاتییەو پاش ماوەیەکی زۆر کەم کۆتایی دێت و منداڵەکان هەموو شتێکیان بیر دەچێتەوەو دووباره دەچنەوە لای یەکتری، وەك ئەوەی هیچ شتێك ڕووی نەدابێت. لەلایەکی تریشەوە هەموو گیان و جەستەی منداڵ جووڵەو چالاکییەو پێویستی بە هەڵبەزو دابەزو ڕاکردن هەیە، کە لەئەنجامی ئەو هەڵبەزو چالاکیانەوە منداڵان بەریەکتری دەکەون و بەربەست و ڕێگر بۆ یەکتری دروست دەکەن کە ئەمەش دەبێتە هۆی دڵزیزکردن و پێکدادان.

هەروەها منداڵ (بەتایبەتیش بچووکەکان) خۆپەرستەو خەوو خەیاڵی تەنها تێرکردنی حەزوو ئارەزووەکانیەتی و گەرەکیەتی کە هەموو شتێك بۆ خۆی بێت و بەشی هیچ کەسی تری لێنەدات. لەلایەکی تریشەوە لە ئە نجامی ئاڵۆز بوونی ژیان و قەرەباڵغی شارەکان ڕووبەری باخچەو شوێنە گشتیەکان کەم بوونەتەوە و تەنانەت حەوشەو ژمارەی ژووری ماڵەکانیش زۆر بچووك بوونەتەوە کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە منداڵان زیاتر لە جاران بەریەك بکەون و بەکۆمەڵ یاری بکەن، بێگومان لە ئە نجامی ئەوەشەوە ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوەو کێشمەو بگرەو بەردەی زۆر بۆ یەکتری دروست دەکەن.

ژمارەی منداڵانی زۆربەی خێزانەکانیش لە شارو شوێنە قەرەباڵغەکان بەرەو کەمی دەڕۆن ئەگەر بەراورد بکرێن بە خێزانی دەیەها ساڵ پێش ئێستا. زۆربەی خێزانەکانی ئێستاش بە تەنها دەژین و وەك جاران لەگەڵ باپیرو نەنك و خاڵ و مام و خزم و کەس

نازین، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەو دووسێ منداڵەی ناو یەك خێزان زوو زوو رووبەرووی یەکتری ببنەوەو رق و کینەی خۆیان بە یەکتری بڕێژن بە پێچەوانەی جاران کە ژمارەی منداڵان زۆر بوون و بواری خاڵی کردنەوەی رق و کینەکان بەرفراوانتر بوو بەسەر زۆربەی منداڵاندا دابەش دەبوون و بە کەمی ئاراستەی یەك منداڵ دەکرا. هەروەها ئێستا کەل وپەل و پێداویستی منداڵان زیاتر بووەو هەریەکەی چەند یاری و جۆرە کەل و پەلیکی پێیەو دەبێتە هۆی وورووژاندنی حەزوو ئارەزووی منداڵانی ترو جوڵاندنی پاڵنەری مولکداری و خۆپەرستی و دوا جاریش بەریەك کەوتن و پەلاماردانی کەل و پەلی یەکتری، نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە منداڵانی ئەمڕۆ زیاتر لە منداڵانی جاران رووبەرووی گیروگرفت و کەمی سەربەستی کۆمەڵایەتی دەبنەوە.

کەواتە لە ئەنجامی ئەو هۆکارانەی سەرەوە زۆرجار منداڵانی گەرەك و دراوسێ و یەك جێگا لەگەڵ یەکتریدا تێك دەچن و دەبێت بەشەڕیان، هەتا ئێرە کارەکە ئاساییە و لەگەڵ جیهانی منداڵدا گونجاوە، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە، ئەوەیە کە هەندێك جار گەورەکان تێکەڵ بە ناخۆشی منداڵان دەبن و ئەوانیش دەبن بە لایەنێك و کێشەکە گەورەو ئاڵۆز دەکەن.

ئینجا ئەگەر بمانەوێت ناخۆشی و دەنگە دەنگی منداڵان لە سنووری ئاسایی خۆیاندا بن، ئەوە نابێت بە هیچ شێوەیەك گەورەکان لەسەر منداڵان بکەنەوەو دەنگە دەنگ لەگەڵ دایك و باوك و منداڵەکانی تر بکەن بەڵکو باشترین رێگا چارە ئەوەیە کە رێنمایی و ئامۆژگاری منداڵان بکرێت و شوێنی گونجاو بۆ چالاکی و یارییەکان دابین بکرێت و بە هاوکاری دایك و باوکەکانی تر هەوڵی چارەسەری گیرو گرفتەکانیان بدەن.

بەهەمان شێوە منداڵانی یەك خێزان کە خوشك و برای یەکترین زوو زوو لەگەڵ یەکتریدا شەڕیان دەبێت. ئەمە مانای ئەوە نیە کە رقیان لەیەکترییە. بەڵکو لە ئەنجامی ململانێ و بەریەك کەوتن و حەزکردن بە دەست بەسەرداگرتنی کەل و پەلەکانی خوشك یان براکەیدا دروست دەبێت و دوای ماوەیەك نامێنێ، بەڵام بەداخەوە هەندێك دایك و باوك

بابەتەکە گەورە دەکەن و وادەزانن تەنها منداڵانی ئەوان شەڕخوازن و دوورنییە بکەونە گیانی منداڵەکانیان (بەتایبەتیش گەورەکان)و بێ بەزەییانە ئازاریان بدەن، باشترین ڕێگاچارە ئەوەیە کە هەوڵی زانینی هۆی ئەو شەڕکردنەیان بدەن و دواتریش چارەسەری بکەن و پێویستە ئەوەش بزانن کە هەموو منداڵان شەڕو هات و هاوار دەکەن و کارێکی ئاساییەو دوای ماوەیەك کە گەورە دەبن بەرەو نەمان دەچن و لەو شەڕو پێکدادانانە ڕزگاریان دەبێت.

منداڵانی یەك خێزانیش شەڕ دەکەن

شەڕو ئاژاوەی منداڵان کارێکی ئاساییەو خێزان نییە منداڵەکانی شەڕ لەگەڵ یەکتریدا نەکەن، چونکە لەناو خۆیاندا کێ بڕکێی یەکتری و غیرە دەکەن و دواجاریش بەیەکتریدا دەکێشن و دوای ماوەیەك ئاشت دەبنەوەو دەگەڕێنەوە دۆخی یەکە مجار، پاش کەمێك یاری و پێکەوە کارکردن دووبارە دەکەونەوە سەرو گوێلاکی یەکتری و دواتریش ئاشت دەبنەوە. بەم شێوەیە ئەم سوڕی یاری کردن و شەڕ کردن و ئاشت بوونەوەو دووبارە یاری کردن و شەڕکردن و ئاشتبوونەوە لەهەموو خێزانێکدا هەیەو نابێت دایك و باوك بەسەرەڕۆیی و بەدڕەوشتیان لەقەڵەم بدەن، لەبەرئەوەی بەشێکن لەسروشت و جیهانی منداڵان.

لەناو هەموو خێزانێکدا منداڵە گەورەکان هەوڵدەدەن خۆیان بەسەر منداڵە بچووکەکان و کوڕەکان خۆیان بەسەر کچەکاندا بسەپێنن، هەروەها منداڵە زیرەك و سەرکەوتووەکان گاڵتە بەمنداڵە تەمبەڵ و سەرنەکەوتووەکان دەکەن، هەندێك جاریش منداڵەکان لەناو خۆیاندا ناوو ناتۆرەو قسەی ناشیرین بۆ یەکتری دەدۆزنەوەو باسی بالآو دەم و چاوو پرچ و قەڵەوی و لاوازی یەکتری دەکەن و دواجار دەبێت بەناخۆشیان. زۆرجاریش دایك و باوك خۆیان بەرپرسیارن لەدروست کردنی شەڕو ئاژاوەی نێوان منداڵەکان، بۆ نموونە گرنگی بە یەکێك لە منداڵەکانیان دەدەن و ئازدار بەخێوی دەکەن و منداڵەکانی تریان پشت گوێ دەخەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵەکانی تر

ڕقیان لەو ئازدارە بێت و بەهەموویان گەلە کۆمەکی لێبکەن و داخی دڵی خۆیانی پێبڕێژن.
بەڵام ئەگەر ئەو دایك و باوکە بەیەك چاو سەیری هەموو منداڵەکانیان بکردایە ئەو کاتەش ئەو جۆرە ڕق و کینەیە لەنێوان منداڵەکانیاندا دروست نەدەبوو.

ڕاستیەکی تریش هەیە پێویستە هەموومان بیزانین ئەویش ئەوەیە کە شەڕو ناخۆشی منداڵان فاکتەرێکی گرنگە بۆ سەلماندنی خودو کۆنترۆڵ کردنی دیاردەکانی ژیان و زانینی ماف و ئەرك و پێداویستیەکانی کەسانی تر، واتە منداڵ لەڕێگەی شەڕکردن و زەوت کردنی یاری و کەل و پەلی منداڵانی ترەوە فێری مانای یەکسانی و دادوەری و ڕێزگرتنی مافی کەسانی تر دەبێت و دایکان و باوکان و مامۆستایان دەتوانن ئەو شەڕو ناخۆشیانەی نێوان منداڵەکان بقۆزنەوەو لەمیانەیانەوە منداڵەکانیان پەروەردە بکەن و ئەوەیان بۆ ڕوون بکەنەوە کە هەندێك شت ماڵی ئەو نییە و موڵکی کەسانی ترەو نابێت دەست درێژی بکرێتە سەریان، هەروەها چۆن ئەو پێی ناخۆشە کە قسەی پێبگوترێ و دەست درێژی بکرێتە سەری بەو شێوەیەش کەسانی تر پێیان ناخۆشە کە دەست درێژی بکرێتە سەریان و ئازاریان بدرێت.

هەروەها زۆر گرنگە کە دایکان و باوکان بەشەڕو ناخۆشی نێوان منداڵەکانیان هەڵنەچن و داخی دڵی خۆیان بە منداڵەکان نەڕێژن. لەبەرئەوەی زۆرجار شەڕو ئاژاوەی نێوان منداڵەکان دەبنە هۆی وەڕس کردنی دایك و باوك و خەو لێزڕانیان. واتە لێدان و سوکایەتی پێکردنی منداڵەکان لەسەر شەڕ کردنیان قورەکە زیاتر خەست دەکاتەوە، بەڵکو لەجیاتی ئەوە دەبێت بەدوای فاکتەرو پاڵنەری سەرەکی ئەو شەڕو ناخۆشیانەیاندا بگەڕێن و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزنەوە، چونکە هەندێك جار شەڕو ناخۆشیەکان لەسنووری ئاسایی خۆیان دەردەچن و بەڵگەن بۆئەوەی ئەو جۆرە منداڵانە لەسۆزو خۆشەویستی بێبەشن یان هەست بە کەمی دەکەن یان هەست بە چەوساندنەوەو ناهەقی دەکەن و لەئەنجامیەوە ئەو شەڕو ئاژاوانە دەکەن. تەنها ڕێگەش بۆ نەهێشتنی ئەو شەڕو ئاژاوانە تێرکردنی پێداویستیە دەروونیەکانی منداڵەکانە لە پێشەوەی هەموشیان (خۆشەویستی و هەست کردن بەدڵنیاییە).

منداڵی لاسارو سەرەڕۆ کێیە؟

لەڕاستیدا جیاکردنەوەی منداڵی ئاسایی لە منداڵی نا ئاسایی کارێکی ئاسان نییە. لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا هێڵ و سنوورێکی دیاریکراوو ئاشکرا لە نێوان ئەو دوو جۆرە منداڵەدا نین، سەرەڕای ئەوەش پێوەرو کۆمەڵێك نیشانەو مەرجی تایبەتی باوەڕپێکراو بۆ ناسین و دەست نیشانکردنی منداڵی لاسارو سەرەڕۆ نین، چونکە زۆربەی ئەو ڕەوشت و هەڵس و کەوتانەی کە لەلای منداڵی نا ئاسایی هەن لەلای منداڵی ئاسایش هەن. واتە جیاوازی لەبڕو ڕێژەی ئەو هەڵس و کەوت و و خاسیەتانەیە نەك جۆری. ئینجا لەبەرئەوە کارێکی ئاسان نییە کە سنوورو هێڵێکی دیاریکراو لە نێوان ئەو دوو جۆرە منداڵەدا بکێشرێ، لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا خاڵێکی دیاری کراو وەك پێوەر بۆئەوەی ئەگەر منداڵ لەو خاڵە لایدا ئیتر ڕەوشت و هەڵس و کەوتەکانی دەکەوێتە خانەی منداڵی نا ئاسایی، نییە.

لەهەمان کاتدا گرفتێکی تر ڕووبەڕووی دەروونزان و پەروەردیاران دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە زۆرجار هەڵس و کەوت و سەرەڕۆیی منداڵ ڕەنگ دانەوەی ئەو ژینگەو بارودۆخە خراپەیە کە تیایدا دەژی، واتە کەم و کورتی و نوقستانییەکە بۆ باوك و دایك و مامۆستاو کەسانی تری چواردەوری منداڵ دەگەڕێنەوەو ئەوان ئاسایی نین و جۆری مامەڵەو پەروەردەکەیان هەڵەیە، بۆیە منداڵ بەو شێوەیە هەڵس و کەوت دەکات، هەر لەبەرئەوەشە هەندێك لە زانایان لەوباوەڕەدان کە دایك و باوك و مامۆستاو کۆمەڵگای نەخۆش و لاسارو سەرەڕۆ هەن نەك منداڵی نەخۆش و لاسارو سەرەڕۆ. سەرەڕای ئەو فاکتەرو گرفتانەی سەرەوەش، تا ڕادەیەك لەڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەتوانرێت دەست نیشانی منداڵی لاسارو سەرەڕۆ بکرێت:-

١) کاتێك جۆری پەروەردەکردن لەسەر بنەمای ڕاست و دروست دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك منداڵ وەڵامدانەوەی پێویستیان بۆئەو جۆرە پەروەردەیە نابێت و بە

پێچەوانەوە ڕێگای چەوت و نادروست دەگرن (درۆ، دزی، سەرەڕۆیی، شەڕخوازی... تاد) ئەو کاتە تا ڕادەیەك دەتوانرێت بەو جۆرە منداڵانە بگوترێت منداڵانی لاسارو سەرەڕۆ.

٢) هەندێك منداڵ هەر لە منداڵیەوە هەندێك ڕەوشت و خاسیەتی دیاریکراو دەبن بە بەشێك لە کەسایەتی و باری دەروونیان و بەردەوام گیروگرفت بۆ خۆیان و دەوروبەریان دروست دەکەن، ئالەم کاتەشدا بەو جۆرە منداڵانە دەگوترێ منداڵانی لاسارو سەرەڕۆ، بۆنموونە هەر لەمنداڵیەوە بەبەردەوامی خۆیان لە قوتابخانە دەدزنەوەو حەز لەخوێندن ناکەن و ئازاری کەسانی تر دەدەن و هیچ ئیش و کارێکی پێویست ناکەن و زۆربەی کات پشت بەکەسانی تر دەبەستن و پیس و چەپەڵ و کەمتەرخەمن و لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیان سەرکەوتوو نابن و زۆرجار هەڵەدەکەن و دوای هەڵەکانیشیان پەشیمان نابنەوەو چەندجاری تریش دووبارەیان دەکەنەوە.

٣). پێویستە ئەو لاساری و سەرەڕۆییەی لەئەنجامی هۆکاری بۆماوەیی و کەم و کورتی عەقڵیەوە نەبێت، واتە هەندێك منداڵ دواکەوتنی ژیرییان هەیەو هەر لە منداڵیەوە بیرکۆڵن، ئەو بیرکۆڵیە وایان لێدەکات کە هەندێك هەڵس و کەوتی نابەجێ و هەڵە بکەن، ئەوەك بە ئیرادەو ویستی خۆیان پەنای بۆ بەرن.

هۆکارەکانی لاساری و سەرەڕۆیی منداڵ

زۆربەی زانایان لەسەرئەوەن کۆکن کە هۆکاری ژینگەیی (پەروەردەی هەڵە، نەبوونی و هەژاری) تووندوتیژی دایك و باوك و مامۆستا تێك چوونی شیرازەی خێزان ... تاد)پاڵنەری سەرەکی لاساریی و سەرەڕۆیی زۆربەی منداڵانن. بەشێوەیەکی گشتی ئەم خاڵانەی خوارەوە بەگرنگترین هۆکارەکانی لاساری و سەرەڕۆیی منداڵ دادەنرێن.

هەست کردن بەکەمی:-

هەندێك منداڵ لەئەنجامی (پەروەردەی هەڵەو جیاوازی کردن و نەبوونی دادوەری لە مامەڵەداو لێدان و سوکایەتی پێکردنی) تووشی هەست کردن بەکەمی دەبێت، ئینجا ئەو هەست کردن بەکەمیە دەبێت بە فاکتەری سەرەکی و پاڵنەر بۆ کردنی هەندێك کاروچالاکی سەرەڕۆیی، بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو هەست کردن بەکەمیە.

تۆڵە سەندنەوە:-

هەرچ کاتێك منداڵ ئەو هەست و سۆزەی لەلا دروست بوو کە کەسێکی بێزراو پشتگوێ خراوەو مافەکانی پێشێل کراوە، ئەو کاتە دوورنییە کە پەنا بۆ لاساری و سەرەڕۆیی ببات بۆئەوەی بە هەرچ شێوەیەك بێت تۆڵەی خۆی بکاتەوەو زیان بەو کەسانە بگەیەنێ کە ئازاریان پێ گەیاندووە. ئینجا ئەگەر نەیتوانی ڕاستەوخۆ ئەو ڕق و کینەو توڕەییەی ئاڕاستەی ئەو کەس و لایەنانە بکات کە تووشی ئەو ئازارو بێبەش بوونەیان کردووە، ئەو کاتە ئاراستەی دام و دەزگاو تاکەکانی کۆمەڵی دەکات و تۆڵەی خۆی لە ئەوان دەکاتەوە.

هەست کردن بە ترس و نائارامی:-

جاری واهەیە منداڵ لەئەنجامی ترس و نائارامی و دڵەڕاوکێوە پەنا بۆ بەکارهێنانی هێزو پاڵەوانبازی و لاساری و سەرەڕۆیی دەبات. بۆئەوەی ئەولاساری و سەرەڕۆییەی بێت بە ڕووپۆش و پەردە بۆشاردنەوەی ئەو ترس و نائارامیەی.

نەبوونی پلەو پایەو گرنگی:-

ئەگەر بێت و خێزان و قوتابخانە و دام ودەزگا کۆمەلایەتیەکانی تر، نەتوانن ژینگەی گونجاوو لەبار بۆ منداڵ بخوڵقێنن و منداڵ هەستی بە گرنگی و بوونی خۆی

نەکرد، ئەوا دوورنیە کە هەوڵبدات بەڕێگەی نائاسایی و سەرەڕۆیی (دزی، پاڵەوانبازی و هەڕەشە و لێدان) پلەو پایەو گرنگی بۆ خۆی دروست بکات و سەرنجی هاوڕێ و منداڵان و کەسانی تر بۆلای خۆی ڕابکێشێ.

دەست نەکەوتنی تام و چێژوخۆشی:-

منداڵ دەبێت لەڕێگەی یاریکردن و چالاکی و ڕێزگرتن و خۆشەویستی دایک و باوک و مامۆستاوە هەست بەتام و چێژو خۆشی ژیان بکات، بەڵام ئەگەر لەڕێگەی ئاسایی سروشتیەوە ئەو تام و چێژو خۆشیەی دەست نەکەوت، ئەوا دوورنییە کە پەنا بۆ شێوازو ڕەوشتی نائاسایی ببات و لەڕێگەیانەوە هەست بە تام و چێژو خۆشی بکات.

ئینجا ئەگەر بمانەوێت منداڵەکانمان تووشی سەرەڕۆیی ولاساری نەبن. ئەوا زۆر پێویستە ڕەچاوی ئەو خاڵ وڕاستیانەی سەرەوە بکەین و پێداویستیە گرنگەکانی منداڵ دابین بکەین.

شەڕخوازی منداڵان

لەو ڕۆژەوەی مرۆڤایەتی و بوونەوەر سەری هەڵداوە، شەڕخوازی و توندوتیژیش وەك دیاردەیەکی (دەروونی – کۆمەڵایەتی) هاوشانی بووەو وەك سێبەر لەگەڵیدا بووەو لەهیچ قۆناغ و سەردەمێکدا لێی جیانەبۆتەوە واتە گیانی توندوتیژی و شەڕخوازی بەشێکە لە سروشتی مرۆڤایەتی و وەك ئامادە باشیەك هەر لەکاتی لەدایك بوونەوە لەتەکیایەتی و هەتا هەتایە لەناخیدا دەمێنێتەوە، بەڵام مەرج نییە ئەو ئامادە باشیە لەهەڵس و کەوتی شەڕخوازانەدا بەرجەستە ببێت چونکە پێداویستی بە ژینگەو بارودۆخی گونجاو هەیە بۆ دەرکەوتن و گەشەکردنی.

توندوتیژی و سەرەڕۆیی بەڕێژەیەکی گونجاو پێویستە بۆ مرۆڤ، چونکە لەڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت بەسەر دیاردەکانی ژیاندا زاڵ بێت و خۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێت و پارێزگاری لەخودی خۆی بکات، هەر ئەو توندوتیژی و سەرەڕۆییەی مرۆڤە کە بۆتە هۆی زاڵ بوون بەسەر ژینگەی سروشتی و دروست کردنی ڕێگەوبان و تونێل و دەستەمۆکردنی زۆر ئاژەڵی کێوی و کۆنترۆڵ کردنی لافاوو دیاردە سروشتیەکانی تر، بەڵام کاتێك توندوتیژی لەسنووری ئاسایی خۆی دەردەچێت و بەردەوام دووبارە دەبێتەوەو زیان بە کۆمەڵ و دام و دەزگاکانی دەگەیەنێت، ئەو کاتە دەبێت بە دیاردەیەکی دزێوو ناکۆمەڵایەتی و پێویستی بە چارەسەر کردن دەبێت.

پێناسە:-

مەبەست لە شەڕخوازی (العدوان) (aggression) ئەو هەڵس و کەوت و بیرکردنەوانەیە کە بە مەبەستی ئازاردانی (خود) یان (کەسانی تر) و کەل و پەلەکانیان بەکاردەهێنرێت و ئەو کەسەی کە ئەو هەڵس وکەوتە شەڕخوازیە دەکات ئامانجی سەرەکی زیان پێ گەیاندن و تێك شکاندن و کاولکردنە، ئیتر ئەو هەڵس و کەوتە جەستەیی (لێدان، سوتاندن، کوشتن) بێت یان گفتی (جنێوو هەڕەشە) دەکەوێتە خانەی دەست درێژی و شەڕخوازی.

شێوازەکانی شەڕخوازی:-

منداڵی شەڕخواز بە دوو شێوازی سەرەکی گوزارشت لە شەڕخوازییەکەی دەکات کە بریتین لە:-

ڕاستەوخۆ:-

واتە ئەو منداڵە ڕاستەوخۆ توندوتیژی و شەڕخوازییەکەی ئاڕاستەی کەسانی تر دەکات و ئازاریان دەدات ئەویش لەڕێگەی لێدان و جنێودان و هەڕەشە لێکردن و شکاندنی کەل و پەلەکان و سوتاندنیان.

ناڕاستەوخۆ:-

منداڵ کاتێك لەبەر هەرچ هۆیەك بێت ئەگەر نەیتوانی ڕاستەوخۆ کینەو شەڕخوازیەکەی ئاڕاستەی ئەو کەسە بکات کە ڕقی لێ یەتی، ئەوا ناچار پەنا بۆ شێوازی ناڕاستەوخۆ دەبات و لەڕێگەی (دزی کردن، درۆهەڵبەستن، مانگرتن لە خواردن، گۆشەگیری و دوورە پەرێزی ... تاد) تۆڵەی خۆی لەبەرانبەرەکەی دەکاتەوە. بۆنموونە :- ئەگەر ئازاد ڕقی لە هیوا بێت و توانای ئەوەی هەبێت کە ئازاری بدات، ئەوە ڕاستەوخۆ ئەو ڕق و کینەو توندوتیژیەی خۆی ئاڕاستەی دەکات، ئیتر لەڕێگەی لێدانی هیواوە بێت یان جنێو پێدان و هەڕەشە لێکردنەوە بێت، ئەوا ئازاد ئازاری هیوا دەدات، بەڵام ئەگەر ئازاد بەهیوای نەوێرا لەبەر ئەوەی لەئەو گەورەتر بوو یان پشت و پەنای هەبوو، ئەوا ئەو کاتە ئازاد بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی دزی لێکردن یان درۆ هەڵبەستن یان دوورکەوتنەوەو قسە لەگەڵ نەکردنی هیواوە دەیەوێت ئازاری بدات، چونکە بە حیسابی ئازاد ئەگەر شتێکی لە هیوا دزی ئەوا هیوا خەفەت دەخوات و تووشی ئازار دەبێت.

هۆکارەکانی شەڕخوازی:-

منداڵانی هەموو جیهان هەر لەکاتی لەدایك بوونەوە خاوەنی ئامادەباشی توندوتیژی و شەڕخوازین، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان دەبن بە کەسانی شەڕخوازو لاسارو سەرکێش و زۆربەی زۆری منداڵانی تر کەسانی ئاسایی دەبن و نابن بە مرۆڤی شەڕخواز کەواتە دەبێت کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی و جەستەیی هەبن کەوا لەو منداڵانە دەکەن ببن بەکەسانی لاسارو سەرکێش و شەڕخواز. دەرئەنجامی زۆربەی توێژینەوەکانی ئەم بوارە ئاماژە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە دەکەن کە دەبنە هۆی دروست بوونی هەڵس و کەوتی شەڕخوازانەو گەشە پێکردن و وروژاندنی ئامادەباشی شەڕخوازی:-

لاساییکردنەوە:-

زۆر لە منداڵان ڕەوشتی شەڕخوازی لەڕێگەی لاسایکردنەوەی هەڵس و کەوتی کەسانی چواردەوریانەوە فێردەبن، واتە کاتێك باوك و دایك و مامۆستا و کەسانی تری چواردەوری منداڵ توندو تیژو لاسارو سەرەڕۆ دەبن و ئازاری کەسانی تر دەدەن، ئەوا دوور نییە کە منداڵەکانیان لاسایی ئەو توندوتیژی و شەڕخوازیەیان بکەنەوەو ئەوانیش وەك گەورەکانیان هەڵس و کەوتیان شەڕخوازانە بێت، هەروەها ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش ڕۆڵی سلبی دەگێڕن لەکاتی پێش کەشکردنی بەرنامەو پرۆگرامی خوێن ڕشتن و شەڕخوازی، چونکە کاریگەری خراپی لەسەرباری دەروونی بینەر دەبێت بەتاییەتیش منداڵ و هەرزەکار، لەهەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش ترسناکتر تەلەفزیۆن و سینەمایە.(Berk, ۲۰۰۲, P:٦٢٠).

پەروەردەی هەڵە:-

بەکارهێنانی توندوتیژی بەردەوام لەگەڵ منداڵ و لێدان و هەڕەشەلیکردنی لەناو خێزان و قوتابخانەو بەرەلاکردن و لێنەپرسینەوەیان بەخراپترین و هەڵەترین شێوازی

پەروەردە دادەنرێت، بەداخەوە هەندێك لەدایكان وباوكان و مامۆستایان كاتێك منداڵ هەڵەیەك دەكات بەردەوام پەنا بۆ سزاو لێدان و توندوتیژی دەبەن، كە بێگومان ئەم جۆرە مامەڵەیە گیانی ڕق و كینەو شەڕخوازی لەناخی منداڵدا سەوز دەكات، چونكە كاتێك لە منداڵ دەدرێت و بەردەوام ئازار دەدرێت ئەوا تووشی خەم و خەفەت و ئازار دەبێت و بەچاوی سووك سەیری خۆی دەكات و بۆچوونێكی هەڵەی دەربارەی ژیان و كەسانی چواردەوری لەلا دروست دەبێت، ئیتر لەو حاڵەتەدا یان پەنا بۆ تۆڵە سەندنەوە دەبات یان گۆشەگیری و دوورەپەرێزی و خۆخواردنەوە هەڵدەبژێری، كە هەردوو ڕێگاكە هەڵەن و زیانی گەورە بە باری دەروونی منداڵ دەگەیەنن، ئینجا مەرج نیە تۆڵە سەندنەوەی منداڵەكە لەو كەسە بێت كە ئازاری داوە، چونكە منداڵ ناتوانێت پەلاماری دایك و باوك و مامۆستا و كەسە گەورەكانی تر بداتەوە لەبەرئەوە بە ناچاری ڕێچكەو ئاڕاستەی دەست درێژی و شەڕخوازییەكەی دەگۆڕێ و ڕووبەڕووی كەسانی بچووك و بێ دەسەڵاتی دەكاتەوە.

بۆ نموونە ئەگەر برای لە خۆی بچووكتری هەبێت ئەوا تۆڵەی خۆی لەو دەكاتەوە بەڵام ئەگەر براو خوشكی بچووكی نەبوو ئەوا لە منداڵانی دراوسێ یان ئاژەڵ و كەل و پەل و باڵندەی بەستەزمان تۆڵەی خۆی دەكاتەوەو داخی دڵی خۆی بە ئەوان دەڕێژێ. هەروەها چاو لێپۆشین و لێنە پرسینەوەی منداڵ و سزانەدانی لەسەر كاری خراپ و سەركێشی و لاسارییەكانی، دەبێتە هۆی زیادكرنی ڕێژەی هەڵس و كەوتی شەڕخوازی بەڵام ئەگەر منداڵ بزانێت كە لەسەر شەڕخوازی و لاسارییەكەی سزا دەدرێت ئەوا ئەو كاتە كەمتر پەنا بۆ توندوتیژی و لاساری دەبات.

هاندان:-

بەداخەوە زۆرجار هەندێك لە دایك و باوكان هانی منداڵەكانیان لەسەر ڕەوشتی شەڕخوازی دەدەن و هەندێك جاریش پاداشتیان دەكەن، بۆنموونە كاتێك منداڵەكەیان لە كۆڵان شەڕ دەكات و ئازاری كەسانی تر دەدات، چاوپۆشی لێدەكەن و گلەیی و سەرزەنشت و

ئامۆژگاری دروستیان ناکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە کاتێک لە کۆڵان منداڵێک لە منداڵەکەی دەدات ئەوا هانی منداڵەکەی خۆی دەدات کە بچێت تۆڵەی خۆی بکاتەوەو دەست درێژی بکاتە سەری لە جیاتی ئەوەی کە ڕێنمایی هەردوو منداڵەکە بکات و ئاشتیان بکاتەوەو لەگەڵ منداڵەکەی تر بە هێمنی چارەسەری ئەو گرفتە بکەن.

بەربەست و ڕێگر:-

منداڵ کۆمەڵێک پێداویستی فسیۆلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتی گرنگی هەیەو بەردەوام لەڕێگەی چالاکیە جۆراوجۆرەکانیەوە لە هەوڵی تێرکردنیاندایە ئینجا ئەگەر بێت و خێزان و کۆمەڵ و کەسانی تری چواردەوری ڕێگرو بەربەستی لەبەردەمدا دابنێن و نەهێڵن ئامانجەکانی بێتەدی ئەوا ئەو کاتە تووڕە دەبێت و دوورنییە کە پەنا بۆ توندوتیژی و شەڕخوازی ببات، بۆ نموونە کاتێک منداڵ (یاری دەکات یان نان دەخوات یان سەعی دەکات دەیەوێت لەگەڵ هاوڕێکانی بچێتە دەرەوە یان حەز بە کڕینی شتێک دەکات، یان لە ئەنجامی لەدایک بوونی منداڵێکی ترەوە لە سۆزو خۆشەویستی دایک وباوکی بێبەش دەبێت) ئەگەر لەو حاڵەتانەدا ڕێگەی لێ بگیرێ و بەربەست لەبەردەمیدا دابنرێت، ئەوا دوورنییە کە منداڵ پەنا بۆ توندوتیژی و شەڕخوازی ببات بەمەبەستی زاڵ بوون بەسەر ئەو بەربەست و ڕێگرەدا.

هەست کردن بەکەمی:-

هەندێک جار منداڵ لەئەنجامی کەم و کورتی جەستەیی یان عەقلی لە ئەنجامی پشت گوێ خستن و بێبەش بوون لە سۆزو خۆشەویستی دایک و باوک و کەسانی نزیکی، هەست بەکەمی دەکات، ئا لەم کاتانەدا هەندێک لەو جۆرە منداڵانە پەنا بۆ دەست درێژی کردنە سەر کەسانی تر دەبەن و ئازاریان دەدەن بۆئەوەی لەڕێگەی ئەو هەڵس و کەوتەیانەوە ئەو هەست کردن بەکەمیە قەرەبوو پڕبکەنەوەو سەرنجی کەسانی چواردەور بۆ خۆیان ڕابکێشن.

خۆپاراستن و چارەسەرکردن:-

وەك لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد توندوتیژی و شەڕخوازی بەشێکە لە سروشتی مرۆڤایەتی و بنەبڕکردنی مەحاڵەو بوونی بەڕێژەیەکی گونجاو هیچ زەرەرو زیانێك بە کەسایەتی و باری دەروونی مرۆڤ ناگەیەنێت، بەلآم ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ئەو هەڵس و کەوتە شەڕخوازییە کە بووە بە بەشێك لە کەسایەتی هەندێك منداڵ و بەردەوام دووبارە دەبێتەوەو زەرەرو زیان بە کەسانی ترو کەل و پەلیان دەگەیەنێت، لەڕاستیدا دوو جۆر دەست درێژی هەیە. جۆری یەکەم ئەوەیە کە ئاڕاستەی کەس و شوێنێکی دیاری کراو دەکرێت و مەبەست و ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە منداڵێك ڕقی لە منداڵێکی ترەو شەڕی پێ دەفرۆشێ و مەبەستی سەرەکی لێدان و ئازاردانیەتی. بەلآم جۆری دووەەم ئەوەیە کە هەڕەمەکی (عشوائی)ەو ئاڕاستەو ئامانجێکی دیاری کراوی نییە، بۆنموونە منداڵی شەڕخوازی وا هەیە کە لە کۆلآن و قوتابخانە بەردەوام ڕێگا بە منداڵانی تر دەگرێ و هەرجارەی لە یەکێکیان دەدات و کەل و پەلیان لەناو دەبات و جل و بەرگیان دەدڕێنێ و ئازاریان دەدات، دوای ماوەیەك منداڵێکی تر وای لێ دەکات و دوور نییە زۆر بەشیان نەناسێ و بۆ یەکەم جارە دەیانناسێ، ئەم جۆرە منداڵانە لە جۆری یەکەم زۆر ترسناکترن لەبەرئەوەی هەست بە گوناهو پەشیمان بوونەوە ناکەن و لەئەنجامی خراپی کارەکانیان ناترسن و پەند لە سزاو هەڵەی پێشوویان وەرناگرن ئەم جۆرەیان وەك سەگی هار خەڵکی ئازار دەدەن و بەبێ هۆ پەلاماریان دەدەن و کەسایەتیەکی سایکۆپاسی و دژ بە کۆمەڵیان هەیە و چارەسەرکردنی زۆر زەحمەتە.

ئینجا بۆئەوەی ڕێژەی شەڕخوازی لەلای منداڵەکانمان کەم بکەینەوەو لەزۆر کارەساتی ناخۆش دووریان بخەینەوە ئەوا زۆر پێویستە کە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:-

١- دەبێت دایك و باوك و مامۆستا و کەسانی چواردەوری منداڵ ئاشتی خوازبن و لە توندوتیژی و شەڕخوازی و ئازاردانی کەسانی تر دووربکەونەوە بۆ ئەوەی نەبن بە نموونەیەکی خراپ و شەڕخواز بۆ لاسایی کردنەوە.

٢- زۆر پێویستە پاڵەوانە شەڕخوازەکانی ناو بەرنامەو فیلم و زنجیرە تەلەفزیۆنیەکان بە سزای یاسایی بگەن و نابێت بە ئاسانی و بێ لێپرسینەوە دەرباز بن، بۆ ئەوەی بینەران (بە تایبەتیش منداڵان و هەرزەکاران) پەندیان لێ وەربگرن و لاساییان نەکەنەوە.

٣- نابێت دایك و باوك و مامۆستا بەردەوام پەنا بۆ توندوتیژی و ئازاردانی منداڵ بەرن یان پشت گوێیان بخەن و چاوپۆشی لە هەڵەو سەرەڕۆییەکانیان بکەن، بەڵکو دەبێت لەسەر کارە چاکەکانیان پاداشت بکرێن و لەسەر شەڕخوازی و لاسارییەکانیان سزاو ئازار بدرێن و کارەخراپەکانیان بۆ ڕوون بکرێتەوەو ئامۆژگاری و ڕێنمایی پێویست بکرێن.

٤- نابێت دایك و باوك و کەسانی نزیکی منداڵ لەسەر شەڕخوازی و لاساری هانبدرێن بەڵکو دەبێت خراپیەکانی لاساری و سەرەڕۆییان بۆ ڕوون بکرێتەوە.

٥- دەبێت منداڵ هەست بە سۆزو خۆشەویستی و دڵسۆزی دایك و باوك و کەسانی چواردەوری بکات، بۆئەوەی هەست بەکەمی نەکات و دوا جاریش بۆ قەرەبوو کردنی ئەو هەست کردن بەکەمیە پەنا بۆ شەڕخوازی و ئازاردانی کەسانی تر نەبات.

٦- پێویستە بواری وەرزش و چالاکیە هونەرییەکان بۆ منداڵ بڕەخسێندرێت تا لە ڕێگەیانەوە لە ووزەو چالاکیە زیادەکان ڕزگاری بێت، دەرئە نجامی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بۆکسێن و پاڵەوانبازی و زۆر چالاکی وەرزشی و هونەری تر دەبنە هۆی خاڵی کردنەوەو کەم کردنەوەی حەزوو ئارەزووی توندوتیژی و شەڕخوازی.

٧- تا دەتوانرێت دەبێت ڕێگرو بەربەستەکانی بەردەم چالاکیەکانی منداڵ کەم بکرێتەوە چونکە منداڵ زۆر حەزی بە یاری و هەڵبەزو دابەزو بە ئاکام گەیاندنی چالاکیەکانیەتی و کەمترین ئازارو بچووکترین بەربەست تووشی توندوتیژی و لاساری دەکات.

یاخی بوونی منداڵ و هەرزەکار

زۆرجار کێشەی سەرەکی نێوان هەرزەکارو دایك و باوك و مامۆستا لەئەنجامی گوێڕایەڵی نەکردن و یاخی بوونی هەرزەکارەو ناچێتە ژێر ڕکێف و داواکانی دایك و باوك و مامۆستا، ئەمەی پێشەوە بۆچوونی زۆربەی دایك و باوك و مامۆستاکانن، بەڵام ئەگەر لەبەرانبەر ئەواندا گوێ لەڕاوبۆچوونەکانی هەرزەکارو منداڵان بگرین، بێگومان بۆچوونی تریان هەیەو لەو بڕوایەدان زۆربەی جار دایك و باوك و گەورەکانیان خۆیان دەسەپێنن و گوێ لەڕاو بۆچوونەکانیان ناگیرێ و بەچاوی نزم سەیریان دەکەن. لەڕاستیدا هەردوو بۆچوونەکان تاڕادەیەك ڕاستە بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە لێك تێنەگەیشتنێك لەنێوان ئەو دوو نەوەیەدا هەیەو هەریەکەیان سوورە لەسەر ڕاوبۆچوونی خۆی. واتە زۆرجار دایك و باوك و مامۆستاکان بەچاوی سووك سەیری منداڵ و هەرزەکارەکان دەکەن و دەست دەخەنە ناو کاروباریانەوەو بەباشی وەك پێویست گوێ لەڕاو بۆچوونەکانیان ناگرن(P:326,٢٠٠٠Bee,).

دەبێت ئێمەی گەورە ئەوە بزانین کە مەرج نیە بەردەوام منداڵەکانمان گوێ ڕایەڵی داواکارییەکانمان بن و ئێمە چیمان بوویت جێبەجێی بکەن لەبەرئەوەی ئەوانیش مرۆڤن و ڕاوبۆچوونی خۆیان هەیە، بەڵام ئەگەر یاخی بوون و گوێ ڕایەڵی نەکردنەکەیان بەردەوام بوو، لەسنووری ئاسایی خۆی دەرچوو ئەوکاتە دەبێت بەڕەفتارێکی نائاسایی دابنێین و بەدوای سەرچاوەو هۆکارەکاندا بگەڕێین.

جۆرەکانی یاخی بوون:-

لەڕاستیدا سێ جۆر یاخی بوون هەیەو دەبێت لێکیان جیابکەینەوە کە ئەوانیش ئەمانەی لای خوارەوە:-

بەرگری نێگەتیڤانە (المقاومة السلبية):-

واتەمنداڵ لەکاتی خۆیداو وەك پێویست بەدەم داواکاری و فەرمانەکانی دایك و باوك و گەورەکانەوە نایەت و ئەگەر بەگوێی گەورەکانیشی بکات ئەوا لەناچاری و بێدەسەڵاتیەو بەدڵ و گیان جێبەجێیان ناکات و زۆر بەگرژی و غەمباری و نابەدڵی وەڵام دەداتەوە، زۆرجار گۆشەگیرو دوورەپەرێز و بەگلەیی و گازەندە دەبێت.

بەرەنگاربوونەوەی بەرواڵەت:-

واتە بەئاشکراو ڕووبەڕوو دەڵێت من ئەو کارە ناکەم و جێبەجێی ناکەم، هەروەها دوور نییە منداڵ و هەرزەکار هەڕەشە بکەن و بەخێرایی هەڵبچن و بەرگری لەڕاوبۆچوونەکانیان بکەن و لەسەر نەکردنی کارەکان سوور بن.

یاخی بوونی پڕ لەرق و کینە:-

ئەم جۆرە یاخی بوونە بریتیە لەوەی کە منداڵ یان هەرزەکار بەپێچەوانەی ئەوەی داوای لێدەکرێت هەڵس و کەوت دەکات، بۆ نموونە ئەگەر پێی بڵێی بێدەنگ بە، ئەو زیاتر هاوار دەکات، بەڵام ئەگەر پێی بڵێی نان بخۆ ئەو مان لە نان خواردن دەگرێ. ئینجا ئەگەر بێت و منداڵ یاخی بوون بکات بەشێوازێك لەژیانی و زۆربەی جار پەنای بۆ ببات، ئەوا ئەو کاتە بەردەوام ڕووبەڕووی کێشەو گرفت دەبێتەوەو هەموو ڕاوبۆچوون و داواکاریەکانی کەسانی تر ڕەت دەکاتەوە یان لە دژیان دەوەستێت، بۆیە زۆر پێویستە چارەسەر بکرێت (شیفر، میلمان، ٢٠٠١، ص٤٠٥-٤٠٤).

هۆکارەکان:-

گومانی تێدانییە کە کۆمەڵێك هۆکار لەدوای ئەو یاخی بوون و سەرەڕۆییەی منداڵ و هەرزەکارەوەیە کەدەتوانین لەم چەند خانەی خوارەوەدا کۆیان بکەینەوە:-

١- كەمتەرخەمی و نەرم و نيانی و ليبوردنی زياد لە پێويستی هەندێك دايك و باوك تا ئەو رادەيەی كە نايانەوێت بە منداڵەكانيان بڵێن (نەء) وامەكە.

٢- خۆسەپاندن و ديكتاتۆريەت و كەڵەگايی هەندێك لەدايكان و باوكان تا ئەو رادەيەی كە هەرچيەكيان لەمنداڵەكانيان ويست دەبێت يەكسەر بەبێ گفت و گۆو قسە لەسەر كردن جێبەجێيان بكەن، هەروەها بەردەوام خەريكی گلەيی كردن و گازاندەن و هەردەم بەگومانن و رەخنە دەگرن و لەهەڵس و كەوتی منداڵەكانيان رازی نين.

٣- راڕايی و دوودڵی دايك و باوك و رێك نەكەوتن لەسەر يەك جۆر پەروەردە بۆ رەفتاری باش و خراپی منداڵەكانيان، پێوەری تايبەتی و نەگۆڕی خۆيان نييە بۆ رەفتاری باش و خراپی منداڵەكانيان هەر لەبەرئەوەشە كە زۆربەی منداڵانی ئەو جۆرە خێزانانە خۆيان بڕيار لەسەر رەوايی و نارەوايی و باشی و خراپی كارەكان دەدەن.

٤- شەڕو ئاژاوەو ناخۆشيەكانی ناو خێزان كە لەئەنجامی تەلاق و لێك جيابوونەوە يان ناكۆكی نێوان ژن و مێرد يان كێشەی تايبەتيەوە دروست بوون و دەبنە هۆی ئەوەی كە دايك وباوك بەرۆڵی سەرەكی خۆيان هەڵنەستن و منداڵەكانيان پشت گوێ بخەن.

٥- منداڵانی داهێنەرو بليمەت و زيرەك كەمتر لەمنداڵانی تر گوێ رايەڵی داواكاری و فەرمانە دەرەكيەكان دەبن و زۆرجار بەپێی عەقليەت و مەزاجی خۆيان رەفتار دەكەن و سەربەخۆيی و سەرەڕۆيييان زياتر دەبێت.

٦- بێگومان راوبۆچوون و رەفتاری دايك و باوكيش كاريگەری خۆی هەيە، بۆ نموونە ئەگەر دايك و باوك و مامۆستا راوبۆچوونيان دەربارەی ياساو فەرمانبەرو پۆليس و دام و دەزگاكانی ميری خراپ بێت و رێزيان نەگرن ئەوا بەزۆری منداڵەكانيشيان رێزی ياساو فەرمانبەری دام و دەزگاكان ناگرن و جێبەجێيان ناكەن و زۆر بەكەمی رێزی گەورەكانيش دەگرن.

ئینجا ئەگەر بمانەوێت منداڵ و هەرزەکارەکانمان ڕێزی یاساو گەورەکان بگرن و گوێڕایەڵی ڕاو بۆچوونەکانمان بن دەبێت ڕەچاوی ئەو خاڵانەی سەرەوە بکەین و لێیان دووربکەوینەوە، واتە دەبێت پەروەردەیەکی ڕاست و دروستمان هەبێت و لەڕاڕایی و کەمتەرخەمی و دیکتاتۆریەت و کەڵەگایی دووربکەوینەوەو پێش هەموو کەس ئێمە ڕێزی یاساو گەورەکان بگرین و ئەرکەکانمان جێبەجێ بکەین و لەشەڕو ئاژاوەو ناخۆشی ناو خێزان دووربکەوینەوە بۆئەوەی منداڵەکانمان بەقسەمان بکەن و یاخی نەبن.

ڕێگاکانی خۆپاراستن:-

ئەگەر بمانەوێت منداڵەکانمان گوێ ڕایەڵ بن و لەیاخی بوون دووریان بخەینەوە ئەوا دەبێت پەیڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین لەبەرئەوەی باشترین ڕێگان بۆ خۆپاراستن.

پەیوەندییەکی پتەوو بەهێز لەگەڵ منداڵەکەت دابنێ:-

باشترین شت کە باوک بیکات ئەوەیە کە دەبێت ڕێزی منداڵەکەی بگرێت و منداڵ ئەو هەستەی لەلا دروست ببێت کە باوک و دایك و مامۆستاکانی خۆشیان دەوێ و ڕێزی دەگرن سەرەڕای ئەوەش دەبێت کاتێك بۆ منداڵەکانمان تەرخان بکەین و لەکاتی یاریکردن و کارکردن و نانخواردن لەگەڵیان بین و گوێ لەخەوو خەیاڵ و داواکارییەکانیان بگرین و چارەسەری گرفتەکانیان بکەین، ئەو کاتە منداڵەکانمان گوێ ڕایەڵ دەبن و هەرچیەکیان پێ بڵێین بە پێی توانا جێبەجێیان دەکەن.

گوێ لەڕاوبۆچوون و داواکارییەکانیان بگرەو ئەوانەی کەڕەوان بۆ منداڵ و هەرزەکارانت جێبەجێ ی بکەو ئەوانەش کەڕەوانین گفت و گۆی لەسەر بکەن، ئەو کاتە تۆش چی داوا لەمنداڵەکانت بکەیت ئەوانیش جێبەجێی دەکەن و یاخی نابن.

کەسێکی دیکتاتۆرو داپڵۆسێنەر مەبە:-

نابێت بەزۆر شت بەسەر منداڵەکانماندا بسەپێنین، بەڵکو دەبێت لەئەنجامی گفت و گۆو ڕاگۆڕینەوەوە بێت و منداڵەکان ڕاوبۆچوونیان دەربارەیان هەبێت سەرەڕای ئەوەش دەبێت منداڵ ئازادی هەڵبژاردنی هەبێت و نەخرێتە بەردەم یەك کارو فەرمان و بواری بیرکردنەوەو هەڵبژاردنی نەبێت و بەناچاری ڕەتی بکاتەوەو لێی یاخی ببێت. بۆ نموونە کاتێك دەمانەوێت منداڵەکەمان بچێت بخەوێت یان واز لەیارییەکەی بهێنێ، نابێت یەکسەر ناچاری بکەین واز لەیارییەکە بهێنێ یان یەکسەر بچێ بخەوێ بەڵکو دەبێت دەرفەتێکی بدەینێ و بڵێین ئاگادار بە تەنها پێنج (٥) خولەك ماوە بۆ خەوتن یان بۆ یاری کردنەکەت ئالەم کاتەدا منداڵ ئامادەباشی زیاتری تێدایە بۆ گوێ ڕایەڵی و جێبەجێکردنی فەرمانەکانمان.

هەروەها ئەگەر ئەو کارو فەرمانەی کە دەمانەوێت منداڵەکانمان جێبەجێی بکات ناخۆش و کەمێك گرانە، ئەوا دەبێت بواری گازاندە کردن و گلەیی بۆ منداڵەکانمان بڕەخسێنین و بەئاسایی وەریان بگرین بۆئەوەی ببێت بەدەروازەیەك بۆ خاڵیکردنەوەی هەڵچوونەکانیان و دامرکاندنەوەیان لەجیاتی ئەوەی یاخی بن و هەر بە یەك جار کارەکە ڕەت بکەنەوەو جێبەجێی نەکەن.

خۆت ببە بە نموونەیەکی باش بۆ منداڵەکانت:-

پێش ئەوەی داوا لە منداڵەکانت بکەی کە گوێ ڕایەڵ بن و ڕێزی گەورەکان بگرن، ئەوا دەبێت خۆت ڕێزی یاسا بگریت و پێشێلی یاسای هاتووچۆ نەکەیت و لەبەرچاوی منداڵەکانمان سووکایەتی بەپۆلیس و فەرمانبەرو پیاوانی ئاسایش نەکەین و کەمتەرخەمی لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانمان نەکەین، ئەو کاتەش منداڵەکانمان لەئێمەوە فێری گوێ ڕایەڵی و ڕێزگرتنی یاساو جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان دەبن.

تەلەفزیۆن و ڕەفتاری شەڕخوازی

هەموومان باش دەزانین، تەلەفزیۆن وەك سندوقێکی ئەفسوناوی خۆی بەناو زۆربەی ماڵەکانماندا کردووەو وەك میوانێك بەبێ ئەوەی لەدەرگا بدات بووە بەیەکێك لەئەندامەکانی خێزان، کە جاری واهەیە گرنگی و کاریگەری لەزۆر لەئەندامەکانی تر زیاترەو کاتێکی زۆری لەتەکدا بەسەر دەبەین.

تەلەفزیۆن یەکێکە لەئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆڵی خۆی لەپەروەردەو ڕۆشنبیر کردنی تاکەکانی کۆمەڵدا هەیە. بەڵام تەلەفزیۆن وەك تەلەفزیۆن بێجگە لەچەند پارچەو کەرەستەیەکی ئەلەکترۆنی و ماددی تر هیچی تر نیەو ماددەیەکی بێ گیان و هەستەو هیچ مەترسیەکی لەسەر باری دەروونی و پرۆسەی پێگەیاندنی تاکەکان نییە، بەڵام کاتێك مرۆڤ تەلەفزیۆن وەك کەرەستەو ئامرازێك بۆ گەیاندنی حەزوو ویست و ئامەکانی بەکاردەهێنێت، ئەو کاتە کاریگەری بەباش یان بەخراپ دەردەکەوێت. ئینجا ئەگەر بێت و ئامەو بەرنامەو پرۆگرامەکان پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و لەخزمەتی تاکەکانی کۆمەڵدا بن، ئەو کاتە بەقازانجی بینەر تەواو دەبن، بەڵام ئەگەر بێت و بەرنامەو پرۆگرامەکان ناپەروەردەیی و شەڕخوازی بن، ئەو کاتە بێگومان بەزیانی بینەر تەواو دەبێت.

کەواتە ئەوەی باش و خراپی تەلەفزیۆن دیاری دەکات، ئامێری تەلەفزیۆن نییە، بەڵکو ئەو کەس و دەستەو تاقم و لایەنەیە کە تەلەفزیۆنەکە بەکاردەهێنێت و بەرنامەو پرۆگرامەکان دادەنێت، کەواتە تەلەفزیۆن بێ لایەنەو دەتوانین بۆ کاری خێرو شەڕیش بەکاری بهێنین. یەکێك لەو کارە شەڕانەی کە خراوەتە پاڵ تەلەفزیۆن و تاڕادەیەکی زۆریش وابووەو کاریگەری خراپی هەبووە، بڵاوکردنەوەی گیانی شەڕخوازییە (Konner, 1991, p: 323). بۆ دیاری کردنی کاریگەری ڕۆڵی تەلەفزیۆن و بەرنامەکانی لەسەر بڵاوکردنەوەی گیانی شەڕخوازی و هەڵس و کەوتی نابەجێ لەناو کۆمەڵدا، زۆر توێژینەوەی زانستی بە ئاکام گەیەندراوە، بەڵام دەرئەنجامی ئەو توێژینەوانە یەك

ڕێچکەیان نییەو بگرە هەندێک جار دژبەیەکیشن. بەشێوەیەکی گشتی، ئاکامی ئەو توێژینەوانە ئاماژە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەن:-

هەندێک لەتوێژینەوەکان ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە بڵاو کردنەوەی بەرنامەو پرۆگرامی شەڕخوازی و ناپەروەردەیی، دەبنە هۆی دروست کردنی گیانی شەڕخوازی و توندوتیژی و زیادکردنی ڕێژەی تاوان و لادان، بۆ ئەم مەبەستەش زۆر ئاماریان بۆ بەڵگەی ڕاستی قسەکانیان هەیەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕێژەی تاوان و دەست درێژی زیاترە لەلای ئەو منداڵ و مێردمنداڵانەی کە بەزۆری سەیری فیلم و بەرنامەو پرۆگرامی شەڕخوازی دەکەن، ئەگەر بەراوورد بکرێن بە ئەو منداڵ و مێردمنداڵانەی کە بەو شێوەیە سەیری ئەو بەرنامەو فیلم و پرۆگرامانە ناکەن. بۆ نموونە زانایانی وەک (بەندۆرا)و هاوەڵەکانی توێژینەوەی لەو جۆرەیان کردو لەیەکێک لە توێژینەوەکانیان، دوو کۆمەڵ منداڵیان هێناو، فیلمێکی شەڕخوازی و توندوتیژیان پیشانی کۆمەڵەی یەکەم دا، بەڵام کۆمەڵەی دووەم سەیری فیلمێکی پێکەنیناوی خۆشی (ترفیهی)یان دەکرد. دوای تەواو بوونی بینینی فیلمەکان، هەردوو کۆمەڵە منداڵەکانیان خستە ناو هۆڵێکی گەورەی پڕ لەیاری و کەرەستەی جیاجیا.

لەئەنجامدا دەرکەوت کەزۆربەی زۆری ئەو منداڵانەی سەیری فیلمە شەڕخوازییەکەیان کردبوو، زۆربەی ڕەفتارو هەڵس و کەوتی پاڵەوان و کەسانی ناو فیلمەکەیان دووبارە دەکردەوەو وەک ئەوان شەڕخوازو توندووتیژ بوون و بەشەق و دەست و هەڵس و کەوتی جیاجیا گوزارشتیان لەڕەفتاری شەڕخوازی و توندوتیژی دەکرد، بەتایبەتی ئەو ڕەفتارو هەڵس و کەوتانەی کەلەناو فیلمەکەدا هەبوون، بەڵام منداڵانی کۆمەڵەی دووهەم زۆر زۆر بەکەمی لەو جۆرە ڕەفتارەیان هەبوو، بە پێچەوانەوە زۆربەیان وەک پاڵەوان و کەسایەتیەکانی ناو فیلمە خۆش و پێکەنیناویەکەیان دەکرد. دەرئەنجامی ئەو توێژینەوەیەو ژمارەیەکی تر لەو جۆرە توێژینەوانە وای لەو زانایانە کرد، کە بگەنە ئەو دەرئەنجام و بڕیارەی کە منداڵ و هەرزەکار (بەتایبەتی)و گەورەکان بەگشتی

لەڕێگەی بینینی فیلم و بەرنامەو پرۆگرامی شەڕخوازی و توندوتیژییەوە فێری لاساییکردنەوەی ڕەفتارو هەڵس و کەوتی پاڵەوان و کەسایەتیە شەڕخوازەکانی ناو ئەو فیلم و بەرنامەو پرۆگرامانە دەبن و لەژیانی واقیعیدا بەرجەستەی دەکەن و کەسانی شەڕخوازو توندوتیژیان لێدەردەچێت (Bandura, 1963, p:204).

هەر لەبەرئەوەشە کە پێشنیازی ئەوەیان کردووە. کە تا دەتوانرێت دەبێت لەپیشاندان و بڵاوکردنەوەی فیلم و بەرنامەو پرۆگرامی شەڕخوازی و ناپەروەردەیی دووربکەوینەوە، بۆئەوەی لەڕێگەیانەوە گیانی شەڕخوازی و توندوتیژی لەناخی منداڵ و هەرزەکارەکانماندا نەوروژێندرێ و پەرەی پێ نەدرێت. یان ئەگەر پێویستی کرد لەو جۆرە بەرنامەو پرۆگرامانە بڵاوبکرێتەوە، ئەوە دەبێت کەسایەتی و پاڵەوانە شەڕخوازەکان بەسزای یاسایی و کۆمەڵایەتی خۆیان بگەن و نەبن بە نموونە بۆ لاساییکردنەوە.

لەبەرانبەر ئەو لێکدانەوەیە، لێکدانەوەیەکی تر هەیە کە دژ بە لێکدانەوەی یەکەمەو لەو بڕوایەدایە کە بینینی فیلم و بەرنامەو پرۆگرامی توندوتیژی هیچ زیانێک بە بینەران ناگەیەنێت. بەڵکو زۆر جاریش سوودبەخشە لەبەرئەوەی دەبێت بە دەروازەیەك بۆ خاڵیکردنەوەی حەزوو ئارەزوو هەڵچوونە شەڕخوازیەکان. بەبڕوای ئەم تیۆرەو لایەنگرانی (تیۆری شیتەڵکردنەوەی دەروونی)، بینینی فلیم و بەرنامەو پرۆگرامی توندوتیژی، شەڕخوازی شاراوەو خەیاڵی زیاد دەکات بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی شەڕخوازی دیارو ئاشکرا لەلای منداڵ، کە ئەمەش کارێکی باشەو لە قازانجی بینەرانە.

لەڕاستیدا ئەو دوو بۆچوونە هیچیان بێ کەم و کورتی نین و ڕاستیەکانیان نەپێکاوە لەبەرئەوەی زیادەڕۆییان تێدایەو ڕەچاوی زۆر فاکتەرو لایەنی تریان نەکردووە. واتە ناتوانرێت بگوترێت کە بەردەوام و لەلای هەموو کەسێك، بینینی فلیم و بەرنامەو پرۆگرامی توندوتیژی، دەبنە هۆی دروست کردنی گیانی توندوتیژی، وەك تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی (بەندۆرا) بۆی دەچێت، لەهەمان کاتیشدا ناتوانین بڕوا

بەبۆچوونەكانی (شیتەڵكردنەوەی) دەروونی فرۆید و هاوەڵەكانی بهێنین و بڵێین بەردەوام و لەلای هەموو كەسێك، بینینی بەرنامەو پرۆگرامی توندوتیژی دەبنەهۆی دەروازە بۆ خاڵیكردنەوەی هەڵچوونەكان و كەم كردنەوەی ڕەفتاری توندوتیژی. ئەگەر لەژیانی واقیعی سەیری دیاردەی توندوتیژی بكەین، ئەوا دەبێت جیاوازی لەنێوان دووجۆر فێربوونی شەڕخوازی بكەین:

یەكەمیان فێربوون و وەرگرتنی گیان و حەزوو ئارەزووی شەڕخوازی و توندوتیژییە، بەڵام دووهەمیان فێربوون و پراكتیزەكردنی ڕەفتاری شەڕخوازییە لەژیانی واقیعیدا، واتە دەبێت جیاوازی لەنێوان حەزوو ئارەزووە شەڕخوازییە عەمبارکراوەكان و ئەو ڕەفتارو هەڵس و كەوتە توندو تیژیانە بكرێت كە لەژیانی واقیعیدا دەردەبڕدرێت و ئاڕاستەی خود یان كەسان و جیهانی دەرەوە دەكرێن، كە ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی، كەلەوانەیە بینینی فیلم و بەرنامەو پرۆگرامی توندوتیژی ببنە هۆی (فێربوون و وەرگرتنی) حەزووئارەزووی زیاتری شەڕخوازی، بەڵام ئایا دەبێتە هۆی پراكتیزە كردن و زیاد كردنی ڕەفتاری كرداری و فیعلی شەڕخوازی لەژیانی واقیعیدا؟ بێگومان وەڵام دانەوەی بە (ئا) یان (نەء) ئاسان نییەو پشت بە كۆمەڵێك فاكتەرو هۆكاری تر دەبەستێت لەوانە:-

ئایا منداڵ تواناى جیاكردنەوەی نێوان دەست درێژی ڕاستەقینەو دەست درێژی خەیاڵی (ناو بەرنامەو پرۆگرامەكان)ی هەیە، ئەگەر منداڵ ئەو توانا عەقڵیەی هەبوو كە جیاوازی لەنێوان شەڕی ڕاستەقینەو واقیعی لەلایەك و شەڕی خەیاڵی و دروست كراوی ناو تەلەفزیۆن بكات، ئەوا ئەگەری لاساییكردنەوەی شەڕخوازی و فێربوونی كەم دەبێت، بەڵام ئەگەر تواناى ئەو جیاوازییەی نەبوو ئەوا ئەگەری فێربوونی ڕەفتاری شەڕخوازی و لاساییكردنەوەی هەڵس و كەوتی كاراكتەرو پاڵەوانە شەڕخوازەكانی ناو تەلەفزیۆن زۆر دەبێت.

ئایا منداڵ لەسەر لاسایکردنەوەو فێربوونی ڕەفتاری پاڵەوانانی تەلەفزیۆن هاندەدرێت یان سزا دەدرێت؟ ئەگەر بێت و منداڵ لەسەر لاسایکردنەوەی ڕەفتاری خراپی پاڵەوانەکان سزانەدرێت و لایەنە ناناساییەکانی بۆ ڕوون نەکرێتەوە ئەوا ئەگەری فێربوونی لاسایکردنەوەی زیاتر دەبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە کەم دەبێت.

ئەگەر منداڵ لەژینگەیەکدا بژی و ئەو ژینگەیە پڕ بێت لەدەست درێژی و شەڕخوازی و ڕێزی منداڵ و کەسانی شەڕانی بگیرێت، ئەوا ئەگەری فێربوون و لاسایکردنەوەی ڕەفتاری شەڕخوازی زیاتر دەبێت.

<u>ئینجا بۆئەوەی منداڵ و هەرزەکارەکانمان لە کاریگەری خراپی فیلم و بەرنامەو پرۆگرامە شەڕخوازییەکان بپارێزن، ئەوا دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:-</u>

١- تا دەکرێت هەوڵبدرێت ڕێژەی بڵاوکردنەوەی فیلم و بەرنامەو پرۆگرامی توندوتیژی کەم بکرێتەوە.

٢- تا دەکرێت ئەو فیلم و بەرنامەو پرۆگرامانە بڵاوبکرێتەوە (ئەگەر بڵاوکرانەوە) کە پاڵەوان و کەسایەتیە شەڕخوازەکان بەسزای یاسایی و کۆمەڵایەتی خۆیان دەگەن.

٣- هەوڵبدرێت منداڵ و هەرزەکار تێبگەیەندرێت، کە ئەوانەی لە تەلەفزیون و سینەما پیشان دەدرێن، خەیالی و ناواقیعین و نواندنن، بۆئەوەی توانای جیاکردنەوەی نێوان شەڕخوازی واقیعی و شەڕخوازی خەیاڵیان هەبێت.

٤- نابێت بەهیچ شێوەیەك منداڵ و هەرزەکارەکانمان لەسەر لاسایکردنەوەی ڕەفتاری توندوتیژی پاڵەوانانی ناو تەلەفزیۆن هانبدەین و چاوپۆشی لە هەڵەو سەرەڕۆییەکانیان بکەین.

ئەوە ماوە بڵێین شەڕخوازی و توندوتیژی بەشێکە لەسروشتی مرۆڤایەتی و ڕەگ و ڕیشەی لەقوڵایی دەروونی مرۆڤدا داکوتاوەو هەزارەها ساڵەو پێش ئەوەی تەلەفزیۆنیش هەبێت، شەڕو کوشتارو شەڕخوازی هەر بووە، بەڵام وەك لەدەرئەنجامی توێژینەوەکانی ئەو بوارە دەردەکەوێت، تەلەفزیۆن یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی فێرکردن و بڵاوکردنەوەی گیانی شەڕخوازی و ڕەفتاری توندوتیژی، دەبا ئاگامان لێی بێت و نەهێڵین بچێتە پاڵ فاکتەرەکانی تری دروست کردنی توندوتیژی وەك (بەربەست و ڕێگر، سووکایەتی پێکردن و لێدانی منداڵ، بێبەش کردن لەسۆزو خۆشەویستی و پشت گوێ خستنی منداڵ).

شەڕو کوشتارو منداڵ

گومانی تێدا نیە ترسناکی و شوێنەواری شەڕو کوشتار لەسەر دەروونی هەموو توێژو چینەکانی کۆمەڵ بەئاشکرا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام منداڵ لەبەر لاوازی و کەم توانایی و شارەزایی لەهەموویان زیاتر کاریگەری شەڕو کوشتار لەسەر کەسایەتی و ڕەوشتی دەردەکەوێت، چونکە لە قۆناغی گەشەکردندایەو هەست و سۆزی ناسکەو بەرگەی توندو تیژی ناگرێت و بچووکترین کارەسات کاری تێدەکات و شوێنەواری خۆی لەدڵ و دەروونیاندا بەجێ دەهێڵێ. شەڕەکانی ناو کوردستان بەگشتی و شەڕی ناوخۆ بەتایبەتی کارێکی خراپی کردۆتە سەر باری دەروونی منداڵانی کوردو، هەندێک جار منداڵانیش وەك گەورەکان بوون بەچەندەها گروپ و دەستەو تاقمی جیاواز جیاواز و بەئاشکرا بەنوێژی نیوەڕۆ لەئەنجامی پەروەردەی هەڵەو نالەباری ڕاگەیاندن، دوژمنایەتی یەکتری دەکەن و هەر لەئێستاوە خەریکە تۆوی ناتەبایی و ناکۆکی لەناخیاندا سەوز دەبێت.

زۆر بە ئاشکرا دەتوانین لەژیانی منداڵانی کورددا هەست بەم شوێنەوارە خراپانەی شەڕو کوشتار بکەین و لەم بوارانەی لای خوارەوەدا ڕەنگیان داوەتەوە:-

لەئەنجامی شەڕو ترس و گرتن و کوشتن و بۆردومانەوە زۆرجار ڕۆڵی ئاسایی دایك و باوك تێك دەچێت و ناتوانێت بەشێوەیەکی زانستی و سروشتی منداڵەکانیان پەروەردە بکەن و هەندێك جاریش لەئەنجامی خەم و خەفەت و دەمارگیرییەوە لەمامەڵەکردن لەتەك منداڵەکانیاندا توندوتیژو نائاسایی دەبن، هەروەها زۆرجار منداڵ ئەو ترس و خەم و خەفەت و دڵەڕاوکێ و گرژی و دەمارگیرییە لەسەرو سیماو دەم و چاوی دایك و باوك و مامۆستاو کەسانی چواردەوریاندا دەخوێننەوەو لەڕێگەیانەوە ئەمانیش فێری ئەو خاسیەت و سیما نائاساییانە دەبن، هەروەها هەندێك جار لەئەنجامی شەڕو کوشتارەوە هەندێك منداڵ بێ دایك و باوك و لانە دەبن و لەسۆزو خۆشەویستی و ڕێنمایی ئەوان بێ بەش دەبن و دوورنیە بەرەو هەڵدێرو سەرگەردانی و لاساریش بڕۆن.

ژینگەیەك کە پڕبێت لە شەڕو کوشتارو خوێن ڕشتن و بۆردومان، بێگومان منداڵ تووشی ترس و دڵەڕاوکێ و گرژی دەروونی و شەڕخوازی دەکات و کەسانی چواردەوری دەبن بە نموونە بۆ منداڵ و لەوانەوە فێری دەست درێژی و شەڕخوازی دەبێت و ڕۆژانە لەهەڵس و کەوتیدا ڕەنگ دەداتەوەو هەروەها بۆچوونی هەڵەو ڕەشبینانەی لا دروست دەبێت بەرانبەر ژیان و دیاردەکانی و دوورنیە لەداهاتوودا بەو شێوەیە مامەڵە لەتەك تاکەکانی ناو کۆمەڵ و دیاردەکانی ژیاندا بکات، وەنموونەش زۆرن لەو بارەیەوەو دەتوانین بەئاسانی هەستیان پێ بکەین.

بۆ نموونە ئەگەر داوا لەمنداڵانی کورد بکەین وێنەو نیگارێکمان بۆ بکێشن، ئەوا لەجیاتی وێنەی کەژو کێوو دەشت و دۆڵ و بناری کوردستان و ئاژەڵی دەستەمۆی ماڵی و دارو درەختی سەوزی بەردار، ئەوا یەکسەر وێنەی دەبابەو فڕۆکەو چەك و تەقەمەنی و کوشتن دەکێشن، چونکە بەجۆرێك لەدڵ و دەروون و مێشکیاندا چەسپیوە کە بەئاسانی ناتوانن خۆیانی لێدەرباز بکەن.

ئەگەر سەیری یارییەکانیان بکەین دەبینین پڕیەتی لەکوشتارو شەڕخوازی و ڕاونانی یەکتری و لاسایی کردنەوەی گەورەکانیان و یاریکردنی ڕۆڵی ئەوان و زۆربەی کەرەستەو ئامرازەکانی یاریکردنیشیان هەر تفەنگ و چەقۆو تیروکەوان و تەقەمەنی و دەبابەی دروستکراوەو ئاوماڵ و حەوشەو کۆڵان و شەقامەکانیشیان کردووە بە سەربازگەو بەرەکانی پێشەوەی جەنگ، ئەمانە هەموویان زەنگی ترسناکن و پێویستی سەرشانی هەموو لایەکە کە بە ووردی حسابی بۆ بکات و لەڕێگەی بەرنامەو پرۆگرامی تایبەتی زانستیەوە هەوڵی نەهێشتن و سڕینەوەی ئەو شوێنەوارانە بدرێت، چونکە مانەوەی بڤەیەو کارەساتی گەورەی لەدوایە.

منداڵ بۆ گەشەکردنی ئاسایی پێداویستی بە ژینگەیەکی پڕ لە ئارام و دڵنیایی هەیە، چونکە دڵنیایی و ئارام گەورەترین پێداویستی گەشەکردنی منداڵەو بناغەیە بۆ کەسایەتی و دەروون دروستی، بەڵام بەداخەوە شەڕو کوشتار ژینگەی منداڵ دەکات بە دۆزەخ و پڕی دەکات لە هەڕەشەو کوشتن و بڕین و کاول کاری و کەلێن و دەلاقەی گەورە

دەکاتە جەستەی گەشەکردنی ئاسایی منداڵ و هەر ئەم ترس و نائارامیە منداڵ تووشی زۆر هەڵس و کەوتی نائاسایی دەکات لەوانە ترسان لە شوێنی چۆڵ و تاریک یان ناتوانێت بە تەنیا بچێت بۆ هەندێك شوێنی وەك سەرئاو، گەرماو، ژووری چۆڵ و هەوڵ دەدات لێیان دووربکەوێتەوە، هەروەها لەئەنجامی بیستنی زۆر دەنگی وەك پڕبوون و خاڵی بوونەوەی تانکی ئاو، داخستن و کردنەوەی دەرگاو پەنجەرەو دەنگی باو باران و گەردەلوول و تەقینی تایەی سەیارە تووشی خورپەو ڕاچەنین و ترس دەبن، بێ گومان بەردەوام بوونی ئەم خورپەو ڕاچەنینانە ژیانی منداڵ دەکات بەدۆزەخ و دەبن بەڕێگر لەبەردەم پشت بەخۆبەستن و سەربەخۆیی و گەشەکردنی ئاسایی کەسایەتی منداڵدا.

زۆرجار ئەو ترس و دڵەڕاوکێ و بێ ئارامیە لەهەڵس و کەوتی منداڵدا بەئاشکرا ڕەنگ دەداتەوە لەوانە خەولێزڕان، بینینی خەونی ترسناك (کابوس)، هاوارکردن لەشەودا، دواکەوتن لەخوێندن، هەندێك جووڵەو هەڵس و کەوتی دەمارگیرانە ... هتد. دەرئەنجامی توێژینەوەی زانایان (ئەلوك، ١٩٤٥) لەبەریتانیا (برودین، ١٩٤٣) لە فنلەندا (میلگرام و میلگرام، ١٩٦٧) و (وایف، ١٩٧٣) لە ئیسرائیل و (یقطین، ١٩٧٧) لەلوبنان ئاماژە بۆ بوونی ئەو سیفات و شوێنەوارە خراپانەی شەڕو کوشتار دەکەن لەسەر دڵ و دەروونی منداڵ (یقطین،١٩٧٨، ص١١٩)

منداڵ بۆ دزی دەکات؟

دزی کردن هەڵس و کەوتێکی چەوت و ناکۆمەڵایەتیەو منداڵ لەو ژینگەو دەوروبەرەی کە تیایدا دەژی فێری دەبێت، واتە ڕەوشتێکی بۆماوەیی نیەو لە باوانەوە بۆ منداڵ ناگوێزرێتەوە، لە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە گەشە دەکات.

دزی کردن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دزێوەو هەموو گەل و نەتەوەکان بە دەستیەوە دەناڵێنن، تاوەکوو ئێستاش بۆ هیچ زاناو توێژەرێك دەرنەکەوتووە کە کۆمەڵگایەك هەبێت دزی کردنی تێدا نەبێت، بەڵام تەنها جیاوازی لەڕێژەو شێوازو جۆرەکانیدا هەیەو لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕدرێ.

لەسەرەتای ساڵی یەکەمدا منداڵ هیچ شتێك دەربارەی موڵکداری (الملكيه)و خاوەنێتی نازانێت و کەل و پەل و پێداویستی خۆی لە کەل و پەل و پێداویستی کەسانی تر جیاناکاتەوە هەر لەبەرئەوەشە کە هەرچیەکی بکەوێتە بەردەست پەلاماری دەدات و بەموڵکی خۆی دەزانێت، ئەم ڕەوشتە بەهیچ شێوەیەك بەدزی دانانرێت و ئەو پێناسەی بەسەردا ناچەسپێت کە دەڵێت، دزی ئەو ڕەوشتەیە کە دەبێتە هۆی دەست بەسەراگرتن و زەوت کردن و بردنی موڵك و سامانی کەسانی تر بەبێ ڕەزامەندیان، چونکە ئەو منداڵە بچووکە مانای موڵکداری نازانێت. (منداڵ لەکۆتایی ساڵی یەکەمدا هەست بە پێداویستی موڵکداری دەکات و لەسەرەتاشدا هەر لەخۆیەوە بەبێ هاندان لەلای دروست دەبێت (القوصی، ١٩٨١، ص٣٥٩).

پێویستە لەکاتی سەرهەڵدانی ئەو هەستی موڵکدارییەوە هان و پشتگیری منداڵ بکرێت، بەڵام نابێت زیادەڕۆیی تێدا بکرێت و بەرەو خۆپەرستی و هەڵپەرستی و چاوبرسێتی ببرێت، هەروەها ناشبێت ئەو هەستە بمرێندرێت و منداڵ وا لێبکرێت کە

جیاوازی لەنێوان مافەکانی خۆیی و کەسانی تردا نەکات. ئینجا ئەگەر بمانەوێت منداڵ ڕێزی ماف و موڵکداری کەسانی تر بگرێت، ئەوە دەبێت ئێمەش ڕێزی ماف و کەل و پەل و پێداویستیەکانی ئەو بگرین و نابێت بەبێ پرس و بەنارەزووی کەسانی تر بەکاربهێندرێن هەروەها دەبێت شوێنی نووستن و کەل و پەلی تایبەتی خۆی هەبێت.

دزی کردن دیاردەیەکی شیاوو باوو بەربڵاوە لەناو منداڵاندا و منداڵ نیە لەجیهاندا ئەگەر بۆتەنها جارێکیش بێت دزی نەکردبێت و دەستی بەناهەق بۆ کەل و پەل و شتی کەسانی تر درێژ نەکردبێت و نەیکردبێ بە موڵکی خۆی. ئەو حاڵەتانە ئاساییەو هیچ مەترسیەکی لەژیانی ئەو منداڵانەدا نیە، بەڵام ئەگەر ئەو حاڵەتانە چەندەها جار دووبارە بووەوەو بوو بە بەشێك لەهەڵس و کەوت و ژیانی ڕۆژانەی ئەو منداڵانە، ئەو کاتە دەبێت بەدیاردەیەکی ترسناك و پێویستی بەچارەسەرکردن دەبێت.

کارێکی ئاساییە کە منداڵ لەسەرەتای ژیانیدا لەئەنجامی نەزانی و کاریگەری ڕەمەکی موڵکداریەوە (غريزه التملك) پەلاماری کەل و پەل و شتی کەسانی تر بدات و بیان کات بەموڵکی خۆی، بەڵام دوای ئەوەی کە فێری موڵکداری دەبێت و جیاوازی لەنێوان مافی خۆی و مافی کەسانی تردا دەکات، ئەو کاتە سیفاتی دەست پاکی لەلای گەشە دەکات و ڕێزی موڵك و ماڵی کەسانی تر دەگرێت و بەناهەق زەوتیان ناکات.

دەست پاکی یەکێکە لە سیفاتە مرۆڤایەتیە ڕەسەنەکان و بە بڕبڕەی پشتی ئەخلاق و پتەوی و بەردەوامی کۆمەڵگا دادەنرێت، لەبەرئەوە ئەرکی سەرشانی هەموو دام و دەزگا کۆمەڵایەتیەکانە لە پێشەوەی هەمووشیان خێزان، کە هەوڵی چاندنی ئەو سیفاتە گرنگە لەناخی منداڵەکانیاندا بدەن، چونکە دەست پاکی دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە دزی کردن و ناپاکی و زەوت کردنی مافی کەسانی تر. بەڵام دزی لە سیفاتە ناشیرین و دزێوەکانە و زیانی گەورە بەبوونیاتی کۆمەڵگاو بەردەوام بوونی دەگەیەنێت، هەر لەبەرئەوەشە کە هەموو کۆمەڵگاکان دژی دەوەستن و بە پێ ی هەموو داب و نەریت و یاساو ئاینێك بەتاوان

لەقەڵەم دەدرێت و ئەوانەی دزیش بکەن بەتاوانبار ناودەبرێن و بەتوندی سزا دەدرێن. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵ و کۆششەی کۆمەڵگاو دام و دەزگاکانی، کەچی هێشتا دیاردەی دزی هەر هەیەو بەهیچ شێوەیەك بنەبڕ نەکراوە. ئینجا لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە بۆچی منداڵان دزی دەکەن؟.

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ئەوەندە ئاسان نییە، چونکە دزی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەروونی ئاڵۆزەو لەئەنجامی کارلێککردنی کەسایەتی منداڵ و چواردەورەکەیدا دروست دەبێت و کۆمەڵێك هۆکار بەشداری گەشەکردنی دەکەن و هۆکارەکانیش لە حاڵەت و یەکێکەوە بۆ حاڵەت و یەکێکی تر دەگۆڕدرێت. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین دیاردەی دزی بۆ یەکێك یان زیاتر لەیەکێك لەم هۆکارانەی خوارەوەی بگەڕێنینەوە.

نەبوونی و هەژاری:

هەندێك منداڵ لەبەرئەوەی هەژارو دەست کورتن و هیچ دەروازەو ڕێگا چارەیەکی تر لەبەردەمیاندا نەماوە، بۆیە بەناچاری پەنا بۆ دزی دەبەن بۆئەوەی پێداویستیە گرنگەکانیان تێر بکەن، ئەم حاڵەتەش زیاتر لەناو ئەو منداڵانەدا باوە کە لە خێزانێکی لێك ترازاوو پڕ لەئاژاوە گەورە دەبن و کەسێکی دڵسۆزیان نیە کە پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکات. چارەسەرکردنی ئەو جۆرە منداڵانەش ئاسانە ئەویش بەدابین کردنی ئەو پێداویستیانەیان دەبێت و ئەو کاتەش واز لەدزی کردن دەهێنن.

هەست کردن بەکەمی:

هەندێك منداڵ لەبەرئەوەی لەخێزان و ژینگەیەکی پڕ لە گیرو گرفتدا دەژین و لەسۆزو خۆشەویستی دایك و باوك و مامۆستاو هاوڕێکانیان بێ بەشن و ناتوانن جێگەی شیاوی خۆیان لەناو کۆمەڵدا بکەنەوە، لەبەرئەوە هەندێك جار پەنا بۆ دزی دەبەن و ئەو شتەی کە دەستیان دەکەوێت یان بەسەر هاوڕێکانیاندا دابەشی دەکەن یان لەبوارێکی تردا

بەکاری دەهێنن و ئەو هەست کردن بەکەمییەیانی پێ قەرەبوو دەکەن. بۆ نموونە کاتێک منداڵێک لەناو هاوڕێکانیدا بێزراوو بێ پشت و پەنا دەبێت هەوڵدەدات کە هەندێک شت یان لەماڵەوە یان لەدوکانێک بدزێت و بیبات بۆ ئەو منداڵانە تاوەکو بەهۆیەوە کەمێک گرنگی دان و سۆزو خۆشەویستی هاوڕێکانی بۆلای خۆی ڕابکێشێت. چارەسەری ئەو حاڵەتەش بەوە دەکرێت کە دەبێت لەخێزان و قوتابخانەو کۆمەڵدا ژینگەی گونجاوو دروست بۆ منداڵان بخوڵقێندرێ و پێداویستییە فسیۆلۆژی و دەروونیەکانیان بۆ دابین بکرێت و لە سووکایەتی پێ کردن دوور بخرێنەوە بۆ ئەوەی هەست بەکەمی نەکەن و دواجاریش پەنا بۆدزی نەبەن بۆ قەرەبوو کردنی.

تۆڵەسەندنەوە:

منداڵی وا هەیە ڕقی لەمنداڵ یان گەورەیەکی تر هەیە، بەڵام ناتوانێت ڕاستەوخۆ تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوەو دەست درێژی بکاتە سەری، بۆیە هەندێک جار پەنا بۆ دزی کردن دەبات و هەوڵ دەدات کە شتێکی ئەو کەسەی ڕقی لێیەتی بدزێ و لەڕێگەی ئەو دزی کردنەوە تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە، چونکە بەبڕوای ئەو منداڵە، ئەو کەسەی کە شتەکەی لێ دەدزرێ خەفەت دەخوات و دلگران دەبێت بەوەش تۆڵەی خۆی لێدەکاتەوە. ئەم دیاردەیەش لەنێوان منداڵانی ئەو خێزان و قوتابخانانەی کە بەردەوام شەڕو ناژاوەو ناخۆشی و چەوساندنەوەیان تێدایە زۆر باوە. لەبەرئەوەی ئەو منداڵانە زوڵمیان لێ دەکرێت و مافەکانیان پێشێل دەکرێن و کەسیش نیە ئەو مافانەیان بۆ بگەڕێنێتەوە، بۆیە بەناچاری پەنا بۆ دزی کردن دەبەن بۆ تۆڵەسەندنەوە لەو کەسانەی کە مافەکانیانی پێشێل کردووە، ئیتر قەڵەم یان دەفتەر یان کتێب یان پارە یان شتی تریان دەدزن. چارەسەری ئەم گرفتەش بەوە دەکرێت کە نەهێڵدرێت منداڵ زوڵمی لێبکرێت و مافەکانی پێشێل بکرێت.

هەڵخەڵەتاندن و چەواشەكردن:

هەندێك جاریش منداڵ لەبە نجامی نەزانی و كەم شارەزاییەوە دەكەوێتە داوو تەڵەی منداڵانی لەخۆی گەورەتر. بۆ نموونە ئەو گەورانە ئەم منداڵە بچووكە بەناوی شتێكی ترەوە بۆ دزی كردن دەبەن دوای ئەوەی لەدزی كردنەكەدا بەشداری پێدەكەن، ئیتر بۆ جاری دووەم و سێهەمیش هەر ناچاری دەكەن، ئینجا ئەگەر ناڕەزایی دەربڕی و نەیویست لەگەڵیان بچێت ئەو كاتە هەڕەشەی ئەوەی لێدەكەن كە دەچن بە مامۆستاو باوك و دایكی دەڵێن كە جاری یەكەم دزی كردووە یان لێی دەدەن بۆیە بەناچاری بۆ جاری دووەم و سێهەمیش لەگەڵیان بەردەوام دەبێت و ناتوانێت وازیان لێ بهێنێ. چارەسەری ئەو حاڵەتەش بەوە دەكرێت كە دەبێت دایك و باوك و مامۆستا ئاگاداری منداڵ و قوتابیەكانیان بن و نەهێڵن لەگەڵ برادەری خراپ بگەڕێن و ئاگاداری هەڵس و كەوت و هاتووچۆیان بن و بەردەوام ڕێنمایی و ئامۆژگارییان بكەن و خراپی و زیانەكانی دزی كردنیان بۆ ڕوون بكەنەوە.

لاساییكردنەوە:

كاتێك كەسانی گەورەو نموونەی چواردەوری منداڵ دزی دەكەن و كەسیش سزاو سەرزەنشتیان ناكەن، ئەوا منداڵیش لەڕێگەی چاولێكەری و لاساییكردنەوەی ئەو كەسانەوە فێری دزی كردن دەبێت، ئینجا بۆئەوەی منداڵان فێری دەست پاكی و ڕێزگرتنی ماف و موڵك و سامانی كەسانی تر ببن، دەبێت یەكەم جار كەسانی چواردەوری منداڵ (دایك و باوك و مامۆستاو هاوڕێ و خزم و كەس ... تاد) دەست پاك بن و بەهەموو شێوەیەك لەدزی كردن و زەوت كردنی مافی كەسانی تر دووربكەونەوە. ئەوكاتە بۆیان هەیە كە داوا لەمنداڵ بكەن كە نابێت دزی بكات.

منداڵ ئەگەر لەمنداڵیەوە ڕانەهێنرێت و فێری دەست پاكی و ڕێزگرتنی موڵك و سامانی كەسانی تر نەكرێت، ئەوە دوور نیە كە پەنا بۆدزی كردن ببات، چونكە منداڵ لەسەرەتای ژیانیەوە وا تێدەگات كە هەر چ شتێك لەناو خێزاندا هەبێت ئەوە موڵكی ئەومو بۆخۆی زەوتی دەكات و ئەو مافە بەخۆی دەدات كە بەبێ یارمەتی و ڕێپێدان دەستیان بۆ ببات، هەر ئەمەشە وای لێدەكات كە دەست بۆ كەل و پەل و پارەو شتی خوشك و براو باوك و دایكی ببات. ئالەم كاتانەدا زۆر پێویستە كە منداڵ فێری ئەوە بكرێت كە هەندێك شت موڵكی خۆیەتی و مافی كەسی تری بەسەرەوە نیە بەڵام هەندێك شتی تر موڵك و سامانی كەسانی ترەو بەبێ یارمەتی و ڕەزامەندی ئەوان نەبێت بۆی نیە كەدەستیان بۆ درێژ بكات، چونكە ئەو كاتە بەدزی دادەنرێت و سزای ئەو كەسەش دەدرێت كە دەستیان بۆ درێژ دەكات (نجاتی، ١٩٥٥، ص٥١-٥٢) .

ترس و چۆنيەتى چارەسەركردنى

ترس يەكێكە لە هەڵچوونەكان و ئامادە باشى خۆى لە ناخى مرۆڤدا هەيە، ترس لە زۆر لايەنەوە سوودبەخشەو پێويستە بۆ مانەوەى مرۆڤ، واتە دەبێت مرۆڤ لە ئاژەڵە درندەكان و ئاگرو ئاووكارەباو رووداوى دڵتەزێن و تەقەمەنى و شەڕو كوشتار بترسێ، چونكە نەترسان لەو شتە بڤانە ماناى نەمانى مرۆڤ و قڕكردنيەتى، ئينجا لەبەرئەوە ترس وەك هەڵچونێك لەسەرەتاى مرۆڤايەتييەوە هاوشانى مرۆڤ بووەو وەك سێبەرى لێى جيانەبۆتەوە، زۆر جاران مرۆڤ هەندێك لەو شتانەى لێى ترساوە پەرستوويەتى يان قوربانى بۆ داوە، مرۆڤى سەرەتايى لە هەورە تريشقە و بروسكە و تاريكى و جنۆكەو دێوو درنج و زۆر شتى تر ترساوە. بەلأم مرۆڤى ئەمڕۆ سەرەڕاى هەندێك لەو شتە كۆنانە، لەشتى تازەى سەردەمەكەى دەترسێت. بێگومان جۆرو هۆكارى ترس لە كۆمەڵگايەكەوە بۆ كۆمەڵگايەكى ترو لە كاتێكەوە بۆ كاتێكى تر دەگۆڕدرێ.

هەندێك لە دەروونزانەكان لەو بڕوايەدان كە زۆربەى ترسەكان وەرگيراوەو مرۆڤ لە دواى لە دايك بوونەوە فێرى دەبێت. بەلأم هەندێك دەروونزانى تر لەو بڕوايەدان كە منداڵ هەر لەسەرەتاى لە دايك بوونيەوە هەندێك ترسى بۆماوەى هەيە لەوانە (ترسان لەدەنگى بەرزو كت و پڕ، ترسان لە دەست دانى پاڵپشت و پشت و پەنا ئەويش كاتێك هەستى پێ دەكەين كە منداڵ لە باوەشى دايكى يان جێگايەك بێت و لە پڕ خەريك بێت بكەوێتە خوارەوە يان پاڵى پێوە بنرێ، هەروەها ترسان لە كەوتنە خوارەوە).

بەشێوەيەكى گشتى ترس ئامادە باشيەكى بۆماوەيى هەيە و بەشێكە لەسروشتى مرۆڤايەتى، بەلأم ئەو ئامادە باشيە بە تەنها نابێتە مايەى ترس بەڵكو دەبێت كۆمەڵێك فاكتەرو بارودۆخى تايبەتى لەناو كۆمەڵ هەبێت بۆ ئەوەى ترس لەلاى مرۆڤ دروست ببێت، واتە بێجگە لەو دوو سێ جۆرە ترسە ئيتر منداڵ لەهيچ شتێكى تر ناترسێت. منداڵ تا گەورە نەبێت و فێر نەبێت ئەوا بە هيچ شێوەيەك لە سەگ و پشيلە و گورگ و كارەبا و مشك

و ئەو شتانەی تر ناترسێت کە گەورەکان لێی دەترسن. بەڵکو دوای ماوەیەك لە ئەنجامی کۆمەڵێك فاکتەرو ڕووداوو کارەساتی ناخۆشەوە منداڵ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ فێری ترسەکان دەبێت.

ترسان لەو ئاژەڵ و شتە ترسناکانە لەبەرژەوەندی مرۆڤە، بەڵام بەداخەوە ترس لەو سنوورە ئاساییەی خۆیدا ناوەستێ بەڵکو زۆر جار مرۆڤ لەشتی وا دەترسێت کە پێویست ناکات لێی بترسێ و هیچ مەترسیەکی لەسەر ژیانی مرۆڤ نییە، ئەو جۆرە ترسانەش پێیان دەگوترێ ترسی نەخۆشی نەك ترسی ئاسایی و سروشتی، ئیتر ئەو ترسە نەخۆشی و نائاساییانە زۆر زۆرن لەوانە (ترس لە تاریکی، چونە شوێنی قەرەباڵغ و تەسك، ترس لە بەرزی ... تاد). مرۆڤ لە ئەنجامی ترسەوە تووشی زۆر گۆڕانکاری فسیۆلۆژی و دەرەکی دەبێت لەوانە (زیاد بوونی لێدانی دڵ، ئازاری گەدە، وەستانی رژانی لیکە گلاند، ڕەنگ زەرد بوون، لەش و لار لەرزین، ئارەق کردنەوەیەکی سارد، هەست کردن بە بوورانەوە و لەهۆش خۆ چوون ، هەندێك جار ڕشانەوەو هێلنج دان، لە دەست دانی کۆنترۆڵکردنی میز کردن و زوو زوو چوون بۆ سەر ئاوو میزە چۆڕکێ... تاد(Lindgren, &Watson 1973,P:251-252).

چارەسەری ترس:-

بێگومان زۆر جۆر ترسمان هەیە و ژمارەیەکی زۆریش هۆکار هەن کە دەبنە هۆی دروست کردنی ترس، لەبەر ئەوە زۆر ڕێگا چارەش بۆ ڕزگار بوون لە ترس هەیە. ئینجا هەندێك دایك و باوك و مامۆستا پەنا بۆ هەندێکیان دەبەن بەڵام هەندێك باوك دایکی تر پەنا بۆ هەندێکی تریان دەبەن لە گرنگترین ڕێگا چارەکانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:-

دوورخستنەوەی شتە ترسناکەکە:-

هەندێك دایك و باوك دوورخستنەوەی شتە ترسناکەکە بە ڕێگا چارەی گونجاو دەزانن واتە ئەگەر منداڵەکەیان لەسەگ یا پشیلە یان کەروێشك بترسێت، دەچن شتە ترسناکەکە

(سەگ، پشیلە، كەروێشك) لەبەر چاوی منداڵەكە یان لەو شوێنەی منداڵەكەی لێیە دوور دەخەنەوە بەڵام ئەم ڕێگا چارەیە سەركەوتوو نییە چونكە ترسەكە هەر لەناخ و دڵ و دەروونی منداڵەكەدا ماوەتەوە، ئینجا ئەگەر ماوەیەكی زۆریش منداڵ ئەو شتە ترسناكانە نەبینێت بەڵام دوای ئەو ماوەیە بە ڕێكەوتیش بیان بینێ ئەوا هەمان ترسی یەكەم جار دروست دەبێتەوە و منداڵەكە وەك یەكەم جار هەردەترسێت. لە لایەكی تریشەوە ئەم ڕێگا چارەیە مەنتیقی نییە چونكە ئەو ئاژەڵە ترسناكە لە ماڵەوەش نەبێت لە كۆڵان یان گەڕەك یان قوتابخانە یان كۆمەڵ هەر هەیە و كەواتە لەناو بردن و دوورخستنەوەی هەتا هەتاییان مەحاڵە و درەنگ یان زوو ئەو منداڵە هەر ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، واتە دوورخستنەوەی شتە ترسناكەكە نابێتە هۆی لەبیر چوونەوەی یان نەمانی ترسەكە.

زۆر نزیك بوونەوە لەشتە ترسناكەكە:-

هەندێك كەس لەو بڕوایە دان كە باشترین ڕێگا چارە ئەوەیە كە منداڵەكە لەو شتەی لێی دەترسێت نزیك بخرێتەوە، واتە ئەگەر منداڵەكە لەو شتەی لێی دەترسێت نزیك بخرێتەوە، واتە ئەگەر لە پشیلە ترسا، ئەوا پێویستە زوو زوو پشیلە پیشانی منداڵ بدرێت و لێی نزیك بخرێتەوە بۆ ئەوەی ترسی لێی بشكێ، بەڵام وەك دەركەوتووە هەندێك جار ئەم ڕێگا چارەش زۆر سەركەوتوو نیە، چونكە لەوانەیە ببێتە هۆی زیاتر ترسانی منداڵەكە، یان لەوانەیە زەرەری تریشی لێ بكەوێ و ترسەكە زیاتر بڵاوببێتەوە و منداڵ نەك لە پشیلەكە، بەڵكو لەو كەسەش بترسێت كە پشیلەكە نزیك دەكاتەوە.

سزادان و سوكایەتی پێكردن:-

هەندێك دایك و باوك و مامۆستا پەنا بۆ لێدان و سوكایەتی و گاڵتە پێكردنی منداڵەكانیان دەبەن و وا دەزانن ئەو گاڵتە پێكردن و سوكایەتیانە دەبنە پاڵنەر و ڕێگا چارە بۆ هاندانی منداڵ و ڕزگار بوونی لەو ترسە. بەڵام وەك دەركەوتووە ئەم جۆرە ڕێگا

چارەش زۆر سەرکەوتوو نییە و بگرە لەو حاڵەتانەی کە ترسەکە زۆرە دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵ نەك لەترسەکە ڕزگاری نابێت بەڵکو ڕق و کینە و توڕەبونێکی زۆریش لەبەرانبەر دایك و باوك و مامۆستاکانی لەلا دروست دەبێت، وە ئەگەر ئەو سوکایەتی و گاڵتە کردنە لە لایەن کەسانی تریش بەردەوام بوو ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو منداڵە ڕقی لە هەموو کۆمەڵ و دام دەزگاکانی بێت و دوور نیە هەوڵی تۆڵە سەندنەوەش بدات. بێگومان گاڵتە و سوکایەتی پێکردنی هەرزەکار و لاوان مەترسیدارترەو زیاتر لە منداڵان هەستیارترن و خەفەتی پێدەخۆن و لە دڵ و دەروونیاندا دەیهێڵنەوە.

ڕازی کردن:-

هەندێك کەس لەو بڕوایەدان کە دەتوانرێت لەڕێگەی گفت و گۆ و قسە کردنەوە لەگەڵ کەسی ترساو، لەو ترسەی ڕزگاری دەبێت. بەڵام دەرکەوتووە کە قسە کردن و ڕازی کردن نابێتە هۆی سڕینەوە و لەبیرچوونەوەی ترس.

لاسایکردنەوەی کۆمەڵایەتی:-

دەرەنجامی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەلاسایکردنەوە دەبێتە هۆی ڕزگار بوون لە ترس. واتە کاتێك منداڵ لە ئاژەڵێك دەترسێت یان لە تاریکی یان لە دەنگی بەرز، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبینێ کە منداڵانی تر یاری لەگەڵ ئەو ئاژەڵە یان یاری لە تاریکی دەکەن و لە دەنگی بەرز ناترسن، ئەو بینینە زۆر جار دەبێت بە هاندەر بۆ ئەوەی ئەو منداڵە ترساوە بچێت وەك ئەو منداڵانەی تر یاری لە تاریکی یان لەگەڵ ئەو ئاژەڵەی لێی دەترسێ بکات. بەڵام هەندێك جار بە پێچەوانەوە لەڕێگەی لاسایکردنەوە فێری ترس دەبێت، واتە کاتێك دەبینێ منداڵانی تریش لەو جۆرە ئاژەڵە دەترسن ئەوا ئەوەندەی تر ترسەکەی زیاد دەکات.

چاکردنەوە و سڕینەوەی فێربوونی پێشوو:-

باشترین ڕێگا چارە ئەوەیە کە لەڕێگەی سڕینەوەی شوێنەواری ترسەکەو هاندان و پاداشت کردنەوە منداڵەکە لە ترس ڕزگار بکرێت. بۆ نموونە ئەگەر منداڵێکمان هەبوو لە کەروێشك دەترسا، ئەوا دەتوانرێت بەم شێوەی خوارەوە لەو ترسە ڕزگار بکرێت.
منداڵەکە لەسەر کورسیەك دابنێ و خواردنێکی خۆشی لەبەردەم دابنێ و قسەی خۆشی بۆ بکە، لە هەمان کاتیشدا کەروێشکەکە بخەرە ناو قەفەسیکەوە و لە دوورەوە لەبەرچاوی منداڵەکە دایینێ و بەمەرجێك نەبێتە هۆی ترس. ئینجا بۆ ڕۆژی دواتر هەمان شت دووبارە بکەرەوە، بەڵام ئەمجارە کەروێشکەکە نزیکتر بکەرەوە و خۆت یاری لەگەڵ کەروێشکەکە بکە، بەم شێوەیە هەرجارەی کەمێك نزیکی بکەرەوە و منداڵەکە لە باوەش بکە و پاداشتی بکە و لە کەروێشکەکەی نزیك بکەرەوە.

بەم شێوەیە وردە وردە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو ترسە کەم دەبێتەوەو منداڵەکە لەو ترسە ڕزگاری دەبێت. بەڵام دەبێت ئاگاداری بین و لەناکاو و بەپەلە کەروێشکەکەی لێ نزیك نەکەینەوە، بە تایبەتی لەو کاتانەی کە زۆر لە کەروێشك دەترسێت چونکە ئەو نزیك کردنەوە خێرایەو ڕاهێنانی منداڵ دەبێتە هۆی زیادکردنی ترسەکە و دووریش نیە ترس لە بەرانبەر ئەو خواردن و کورسی و جێگایەش لەلا دروست ببێت.

چارەسەرکردنی دەروونی:-

زۆر جار ترسەکە ئاڵۆز و تەم و مژاویەو ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە و سەرچاوە و هۆکارەکانی نەزانراوە یان لە بیر چۆتەوە واتە لە جۆری ترسی نەخۆشییە. ئا لەم کاتانەدا ئەو ڕێگا چارانەی سەرەوە زۆر سوودبەخش نین، بەڵکو پێویستە چارەسەرکاری دەروونی ئەو کەسە ترساوە ببینێ و لە نزیکەوە لە تەکیا دابنیشێ و زانیاری دەربارەی ئەو کەسە کۆ بکاتەوە، بۆ ئەوەی دەست نیشانی سەرچاوە و هۆکارە شاراوە و لە بیر چووەکان

بکات و ئەو کەسە لەو ترسە ڕزگار بکات. بێگومان ئەو جۆرە ترسانەش بە زۆری لە جۆری فۆبیان و بەردەوام ئازاری تاک دەدەن و گرفتی بۆ دروست دەکەن.

بۆ ئەوەی منداڵ و هەرزەکار و لاوانمان تووشی ئەو گرفت و نەخۆشییە دەروونیە نەبن، ئەوا زۆر پێویستە هەر لە منداڵیەوە لە هەموو ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی ترس دووریان بخەینەوە و سەرەڕای ئەوەش چیرۆکی ترسناک و پڕ لە توندو تیژی و کارەساتیان بۆ باس نەکەین و نەهێڵین تا درەنگ بە دیار بەرنامە و فیلمی ترسناک و شەڕ خوازیەوە دانیشن و نابێت بە (شەولەبان وجنۆکە و شەیتان و خێوو تاریکی و پۆلیس و ئاژەڵ و دکتۆر و خوداو دۆزەخ ...تاد) منداڵەکانمان بترسێنین، هەروەها نابێت ئێمەی گەورە لەبەرچاوی منداڵەکانمان بترسین.

منداڵ بۆ دەترسێت وچۆنیش چارەسەر دەکرێت

هیچ شتێک ئەوەندەی ترس زیان بەباری دەروونی منداڵ ناگەیەنێت و تووشی ئازارو دڵەڕاوکێی ناکات، زۆر لە زانایان لەو بڕوایەدان کە ترس یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی تووش بوون بە نەخۆشی و گرفتە دەروونیەکان، واتە هیچ گرفت و نەخۆشیەکی دەروونی بە بێ ترس دروست نابێت. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ترسی نائاساییە، ئەو ترسەیە کە بە ترسی نەخۆشی لە قەڵەم دەدرێت نەک ترسی ئاسایی کە پێویستە بۆ مرۆڤ، دەرەنجامی توێژینەوە زانستیەکان ئاماژە بۆ بوونی دوو جۆر ترس دەکەن، جۆری یەکەمیان نەک زیان بە مرۆڤ ناگەیەنێت بەڵکو سوود بەخشیشە، بۆ مرۆڤ بە تایبەتی و هەموو بوونەوەرەکانی تر بەگشتی، چونکە دەبێتە هۆی مانەوەی مرۆڤ، واتە ئەگەر مرۆڤ لە ئاژەڵە دڕندەکان و دیاردە زیان بەخشەکان نەترسایە ئەوا پاش ماوەیەک ئەو مرۆڤە لەناو دەچوو بەڵام خودای گەورە و میهرەبان ئەو هەڵچوونی ترسەی بە هەموو بوونەوەرەکانی خۆی بەخشیوەو لەکاتی پێویستدا فریایان دەکەوێت، بۆ نموونە: کاتێک مرۆڤ دەترسێت هەوڵی ڕاکردن دەدات، بەڵام باڵندە دەفڕێت و ئاسک بۆی دەردەچێت و بوونەوەرە ئاوییەکان خۆیان نقووم دەکەن. بەڵام جۆری دووهەم بەترسی نائاسایی ناودەبرێت

جۆرەكانی ترس:-

بە زۆر شێواز ترس دابەشكراوە، هەندێك لە زاناكان لەو بڕوایەدان كە دووجۆر ترسی سەرەكی هەیە، ئەوانیش ترسی ئاسایی و بابەتی و ترسی نائاسایی و خودی. هەندێكی تر لەو باوەڕەدان كە ترس دوو جۆری ترە ئەوانیش ترسی سروشتی و (معنوی) ناهەستیە، بە بڕوای فرۆید دوو جۆر ترسی سەرەكی هەیە، جۆری یەكەم ترسی بابەتی (الموضوعي) یان ڕاستەقینەیە (الحقیقیة) بەلام جۆری دووهەم ترسی گشتی یان دیاری نەكراو و بێ سنوورە، جۆری یەكەم بابەتی دیاری كراوی خۆی هەیە و مرۆڤ لێی دەترسێت وەك ترسان لە (ئاژەڵ، تاریكی، مردن،...تاد) بەلام جۆری دووهەم هیچ بابەتێكی دیاریكراوی نییە، واتە ئەو كەسەی كە تووشی ئەم جۆرە ترسە دەبێت خۆشی نازانێت لەچی دەترسێت و بەردەوام دڵتەنگ و بێزار و غەمبار و ڕەشبینە و پێشبینی كاری خراپ دەكات، فرۆید بەم حاڵەتە دەڵێت دڵەڕاوكێی دەماری (القلق العصبي) (Anxiety neurosis).

هەروەها جۆری یەكەمی ترس (ترسی بابەتی یان ڕاستەقینە) بە پێی ئەو بڤەو مەترسییەی كە كەسی ترساو پێشبینی دەكات بەسەر سێ كۆمەڵ و جۆردا دابەشی دەكات، جۆری یەكەمی هۆكاری بڤەو مەترسییەكە ئاشكراو دیارە، وەك ترسان لەمار یان ئاگر یان گورگ یان مردن، جۆری دووهەمیش هۆكاری بڤەو مەترسیەكە تا ڕادەیەك دیارە بەلام بۆ هۆكاری ڕێكەوت دەگەڕێتەوە و مەرج نییە بێتە دی، وەك ترسان لە گەشت كردن و ڕۆیشتن بە شەمەندەفەر یان پاپۆر یان ترسان لە چوونە شوێنی قەرەباڵغ ئەوەك تووشی نەخۆشی ببێت، بەلام جۆری سێهەم هیچ بڤەو مەترسیەكی تێدانییە وەك ترسان لە مێرووله و قالۆنچە، یان سەركەوتنی شوێنی بەرز یان ترسان لە شوێنی تەسك یان داخراو... تاد(القوصی،١٩٨١، ص٢١٧-٢١٨).

هۆکارەکانی ترسی منداڵ:-

ئەو هۆکارانەی کەمنداڵ تووشی ترس دەکەن زۆرن، هەندێک سروشتین و دەبنە مایەی ترس و پێویستە منداڵ لێیان بترسێت وەک ترسان لە ئاژەڵی دڕندەو، ئاگر، ئاو،... تاد. بەڵام ئەوانەی کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ئەو جۆرە ترسەیە کە منداڵ تووشی دەبێت و هیچ بنەماو پاساوێکی مەنتیقی و واقیعی بۆ ئەو جۆرە ترسە نییە وەک ترسان لە (تاریکی، مشك، هات و هاوار، دێو و درنج، پۆلیس، پزیشك، خەوتن، کەروێشك، خزم و کەس، مامۆستا، شوێنی بەرز و نزم و قەرەباڵغ و چۆڵ و... تاد) کە لە ئاکامدا زیانی گەورە بە باری دەروونی و پاشە ڕۆژی منداڵ دەگەیەنێت.

دەتوانین هۆکارەکانی لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:

١- ترسانی دایك و باوك و کەسانی چوار دەوری منداڵ:-

هۆکاری یەکەم بۆ دروست بوونی ترسی منداڵ ترسانی کەسانی چواردەوری منداڵە، لە پێشەوەی هەمووشیان دایك و باوك، واتە کاتێك دایك و باوك لەو شتانە دەترسن ئەوا منداڵیش لە ڕێگەی ئەوانەوە تووشی ترس دەبێت، چونکە منداڵ لاسایی دایك و باوك و کەسانی چواردەوری دەکاتەوە، بۆ نموونە کاتێك دایك یان باوك بە ترس و لەرزەوە لەبەرچاوی منداڵ دەرمانێك دەخوات یان دەرزیەك لەخۆی دەدات، ئەوا دوور نییە کە منداڵەکەشی لە داهاتوودا بەترس و لەرزەوە دەرمان بخوات و دەرزی لەخۆی بدات، هەروەها کاتێك مامۆستا لە باخچەی ساوایان یان قوتابخانە لەبەرچاوی قوتابییەکانی بەبینینی مشکێك یان جاڵجاڵۆکەیەك ڕادەپەڕێت و هاوار دەکات، ئەوا دوور نیە کە قوتابیەکانیش لە ئەوەوە فێری ئەو ترسە بن.

٢- پەروەردەی هەڵەی دایك و باوك و مامۆستا:-

بەداخەوە هەندێك جار دایك و باوك و مامۆستا و كەسانی چواردەوری منداڵ بەدەستی خۆیان منداڵ و قوتابیەكانیان تووشی ترس دەكەن، كاتێك منداڵ ناخەوێت یان ناخوات یان خۆی ناشوات، هەندێك دایك و باوك دەیانەوێ بە زۆر و لە ڕێگای ترساندنەوە ئەو كارانەی سەرەوە بە منداڵەكانیان بكەن و پەنادەبەن بۆ زۆر شتی بێ لایەن كەمایەی ترس نین لە ڕێگەیانەوە منداڵ ناچار دەكەن كە بەو كارەی دەیانەوێ هەڵبستن، بۆ نموونە بە پزیشك یان پۆلیس یان دێو یان شەیتان یان جنۆكە دەیان ترسێنن، ئا لەم كاتەشدا منداڵەكە دەكەوێتە بەردەم دوو ڕێگا، یان ئەوەیە لە ترسان كارەكە بە ئەنجام دەگەیەنێت، كە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە ئەو جۆرە منداڵانە بەردەوام لەو شتانەی سەرەوە بترسێن و كەسێكی ترسنۆك دەربچن یان ئەوەیە بڕوا بە قسەی دایك و باوكیان نەكەن و كارەكان بە ئەنجام نەگەیەنن و هیچ شتێكیش ڕوونەدات كە بەمەش گومان لە قسەو هەڕەشەكانی دایك و باوكی دەكات و بڕوای پێیان نامێنێ، كە هەردوو حاڵەتەكە هەڵەیە و بە زیانی منداڵ و دایك و باوكی تەواو دەبێت.

هەندێك جاریش دایك و باوك و مامۆستاو كەسانی چواردەوری منداڵ، گاڵتەو سوكایەتی بە منداڵ دەكەن و بۆ پێكەنین و ڕابواردن و كات بەسەر بردنی خۆیان منداڵ بە چەندەها شێوە دەترسێنن و كاتێكیش منداڵ دەگری و دەترسێ ئەوان زیاتر پێدەكەنن و گاڵتەی پێدەكەن.

٣- چیرۆك و بینراوی ترسناك:-

هەندێك جار لە ئەنجامی گێڕانەوەو باسكردنی چیرۆك و بەسەرهاتی ترسناك و تۆقێنەرەوە، منداڵ تووشی ترس دەبێت، وەك گێڕانەوەی دێوو درنج و شەیتان و جنۆكە و شەو لە بان و مردوو خۆرو پیاو كوژ و دزو جەردە، كە سەرجەم ئەو بەسەر هاتانە منداڵ

تووشی ترس دەكەن و لە خەووخەیاڵی خۆیدا چەندەها شێوەی جیا جیایان بۆ دروست دەكات، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو شتانە یان هەر نین یان منداڵ بە هەستەوەرەكانی هەستیان پێ ناكات. زۆر جار ئەو شتانەش بە تاریكی و شوێنی چۆڵ و شەوەوە پەیوەست دەكرێن كەوا لە منداڵ دەكات بەهۆی ئەوانەوە لە تاریكی و شوێنی چۆڵ و شەویش بترسێت. هەروەها بینینی فلیم و بینراوی ترسناك و تۆقینەریش دەبێتە هۆی دروست كردنی ترس لە لای منداڵ.

٤- شەڕ و ئاژاوەی ناو ماڵ:-

هیچ شتێك ئەوەندەی شەڕو ئاژاوە و ناخۆشی ناوماڵ منداڵ تووشی ترس ناكات، چونكە دەبێتە هۆی لەفكردنی ڕاوبۆچوونی منداڵ دەربارەی دایك و باوك و چارەنووسی خێزانەكەی، وەك دەركەوتووە ئەمن و ئاسایش و دڵنیایی یەكەم پێداویستی گرنگی دەروونی منداڵە و زۆر پێویستە بۆ دروستی دەروونی، ئنیجا ئەگەر ژینگەی خێزان و قوتابخانەی منداڵ پڕ بوو لە شەڕ و ناخۆشی و لێك ترازان، ئەوا منداڵ لە گرنگترین پێداویستی كە ئاسایش و دڵنیاییە بێبەش دەبێت كە ئەمەش دەبێت بە بنەماو سەرچاوەی دروست بوونی ترسی نەخۆشی و دەماری (خوف عصبی ومرضي) و لە دوا ڕۆژدا ژیانی ئەو جۆرە منداڵانە دەكات بە دۆزەخ. هەروەها لە لایەكی تریشەوە شەڕوكوشتارو جەنگ و كوشتن و بڕین چەندەها جۆر ترس لە لای منداڵ بە تایبەتی و مرۆڤ بە گشتی دروست دەكات، شایانی ئاماژە بۆ كردنە كە زۆربەی ئەو مێردمنداڵانەی كە تووشی لاساری و سەرەڕۆیی و دڵەڕاوكێ و ترس و نەخۆشی و گرفتی دەروونی بوون، لەو خێزان و ژینگانەدا پەروەردە كراون كە پڕ بووە لە لێك ترازان و شەڕو ئاژاوە و ناخۆشی.

٥- -ئازداری:-

ئازداری و گرنگی دانی زیاد لە پێویست بە منداڵیش هۆكارێكی گرنگە بۆ دروست كردنی ترس لە لای منداڵ، بۆ نموونە هەندێك دایك و باوك لە ئەنجامی نەخۆش كەوتنێكی

ئاسایی منداڵ یان بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای لەشی تووشی ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەبن و هەر بە چوار دەوری منداڵدا دێن و دەچن و خێرا بۆ لای دکتۆری دەبەن و بەردەوام چاودێری دەکەن، یان زۆر لە سەرما دەیپارێزن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو جۆرە منداڵانە زۆر هەستیار بن و بە بچوکترین گۆڕانکاری جەستەیی یان بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بن و بەردەوام گرنگی بە خۆیان بدەن و بۆ بچوکترین شت سەردانی پزیشک بکەن.

ئینجا ئەگەر بمانەوێت منداڵەکانمان بەشێوەیەکی باش پەروەردە بکەین و لە ترس و دڵە ڕاوکێ دووریان بخەینەوە ئەوا دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

١- نابێت دایک و باوک و مامۆستا لەبەرچاوی منداڵەکانیان بترسن، ئەگەر هەستیشیان بەترس کرد ئەوا نابێت لەبەردەم منداڵەکانیان دەری ببڕن، چونکە ترسانی دایک و باوک و مامۆستا وەک پەتایەکی ترسناک بۆ منداڵەکانیان دەگوازرێتەوە.

٢- نابێت دایک و باوک پەنا بۆ شێوازی نازداری ببەن و زۆر بە چواردوری منداڵەکانیاندا بێن و بچن، چونکە گەورەکردنی گرفتەکانی منداڵ و زۆر لاواندنەوەی منداڵ تووشی ترس دەکات.

٣- نابێت بەهیچ شێوەیەک دایک و باوک و کەسانی چواردەوری منداڵ پەنا بۆ سوکایەتی پێکردن و ترساندنی منداڵ ببەن، چونکە ترساندنی منداڵ بە مەبەستی ڕابواردن و کات بەسەر بردن و گاڵتە پێکردنی باری دەروونی منداڵ تێک دەدات.

٤- دەبێت دایک و باوک و مامۆستا لە گێڕاندنەوەی چیرۆک و بەسەرهاتی ترسناک و تۆقێنەر دوور بکەونەوە و تا دەشتوانن منداڵ لە بینینی فیلم و ڕووداوی ترسناک و دڵتەزێن دوور بخەنەوە.

٥- نابێت بە هیچ شێوەیەك دایك و باوك و مامۆستا منداڵ بە شتی وەك (دێو، درنج، شەیتان، جنۆكە، شەولەبان، گورگ، دز، ....، تاد) بترسێنن، چونكە زیانی گەورە بەباری دەروونی منداڵ و پاشە ڕۆژی دەگەیەنێت.

٦- دایك و باوك تا دەتوانن دەبێت ژینگەی خێزانی خۆش و پڕ لە ئارامی بۆ منداڵەكانیان دابین بكەن و نابێت لەبەرچاوی منداڵەكانیان شەڕو ئاژاوە دروست بكەن، چونكە شەڕو ئاژاوەی ناو خێزان ترس و دڵەڕاوكێ و گومان لە لای منداڵ دروست دەكات.

٧- دەبێت هەوڵی چارەسەركردنی ترسەكانی منداڵ بدرێت، ئەویش لە ڕێگەی وردە وردە نزیك خستنەوەی منداڵ لەو شتەی كە لێی دەترسێت، بۆ نموونە ئەگەر لە تاریكی دەترسێت، ئەوا دەبێت ئاشنا بكرێت و لەسەر نزیك بوونەوە لە تاریكی پاداشت بكرێت، دەبێت یەكەم جار لە تاریكی نزیك بكرێتەوە، ئینجا لەگەڵ دایك و باوكی ببرێت بۆ تاریكی، ئینجا باوكی لێی دووربكەوێتەوە ئینجا باوكی لە دوورەوە قسەی لەگەڵ بكات. بەم شێوەیە دەتوانرێت منداڵ لە زۆر جۆری ترس ڕزگاری بكرێت.

منداڵی بێزراو و پشت گوێخراو

هیچ شتێك ئەوەندەی پشت گوێخستن و بێزراوی کەسایەتی منداڵ تێك ناشکێنێ و تووشی گرفت و گرێی دەروونی ناکات، ترسناکترین و ناخۆشترین ئەزموون و هەست کردن ئەوەیە کە منداڵ بگاتە ئەو بڕوایەی کە کەسێکی پشت گوێ خراو و بێ نرخە و کەس خۆشی ناوێ، هەرچ کاتێك منداڵ ئەو هەست و سۆز و بڕوایەی لەلا دروست بوو، ئەوا تووشی بڕوا بە خۆ نەبوون دەبێت و هەردەم بە چاوی سووك سەیری خۆی دەکات و وا دەزانێت کەسێکی بێتوانا و بێ نرخە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی هەرەس هێنانی و دروست کردنی کەم کورتی لە کەسایەتیدا و ئەگەر لەکاتی خۆیدا چارەسەری گونجاوی بۆ نە دۆزرێتەوە، ئەوا چارەنووس و پاشە ڕۆژی ئەو منداڵە دەکەوێتە مەترسییەوەو لە داهاتوودا سەرکەوتوو نابێت، بەڵکو دەشبێت بە کەسێکی نەخۆش و زیان بەخش بە کۆمەڵەکەی.

ئەو منداڵانەی لەناو خێزان و کۆمەڵ هەست بە دڵنیایی دەروونی نەکەن و بەردەوام سوکایەتیان پێبکرێت و بگەنە ئەو بڕوایەی کە کەسێکی بێ نرخ و بێزراوو وپشت گوێخراون ئەوا زۆربەی ئەم خەسڵەت و سیفاتانەی خوارەوە دەبن بە بەشێك لەکەسایەتیان و ناتوانن لێیان دەرباز بن:-

(دوورکەوتنەوە لەبەرپرسیاریەتی و وەرگرتنی بڕیاری ڕاست لەکاتی پێویستدا، بڕوا بە خۆ نەبوون، گومانکردن لە تواناو بەهرەکانی خۆی، بەردەوام پێش بینی سەرنەکەوتن و کاری خراپ دەکات و هەردەم چاوەڕوانی سوکایەتی پێکردنی خۆی دەکات لەسەر دەستی هاوەڵ و کەسانی تر، دەترسێت و ناتوانێت داوای مافەکانی خۆی بکات، هیچ گیروگرفتێکی پێ چارەسەر ناکرێت، هەروەها توانای ئەوەشی نییە، کە پارێزگاری لە خۆی و کەل و پەلەکانی بکات، لە ئەنجامی هەستکردن بە کەمی، لە کۆڕو کۆبوونەوە و تێکەڵاو بوونی کەسانی تر دوور دەکەوێتەوە، بەردەوام لە حاڵەتی ترس و دڵەڕاوکێدا دەژی). کەسێکی شەرمن و لەرزۆك و بێ بڕوا دەبێت.

هۆکارەکانی:-

بێگومان منداڵ هەر لە خۆیەوە تووشی ئەو حاڵەتانەی سەرەوە نابێت بەڵکو دەبێت کۆمەڵێك هۆکار هەبن کە ببنە هۆی دروست کردنی ئەو حاڵەتە، دەرەنجامی توێژینەوە زانستیەکان ئاماژە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە دەکەن:-

١- هەندێك دایك و باوك و مامۆستا بەردەوام پەنا بۆ لێدان و سوکایەتی پێکردن و ڕیسوا کردنی منداڵەکانیان دەبەن، کە ئەم جۆرە مامەڵە هەڵەیەش دەبێتە هۆی دروست کردنی ئەو هەست و سۆزە لە لای منداڵ کە کەسێکی بێ نرخ و بێزراوە.

٢- گەورەترین هەڵەی دایك باوك و مامۆستا، بەراوردکردنی منداڵانە بە یەکتری و گەورەکردن و دەرخستنی خاڵە لاوازەکانی منداڵە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروست کردنی هەست کردنی بە کەمی و بڕوا بە خۆ نەبوون و سەیر کردنی خود بە چاوی سووك.

٣- هەندێك جار دایك و باوك ڕقیان لە منداڵەکانیان نییەو بگرە زۆریشیان خۆش دەوێت، بەلام بواری ئەوەیان نییە کە کاتێك بۆ پەروەردە کردن و قسە لەگەڵ کردنی منداڵەکانیان تەرخان بکەن، بەڵکو بەردەوام لە دەرەوەی ماڵن و خەریکی کارکردنن، ئەو ماوە کەمەش کە دێنەوە بۆ ماڵەوە هیلاك و ماندوون و ئارەزووی قسەکردنیان نییە، لەبەرئەوە ئەگەر منداڵەکانیان لێیان نزیك بکەونەوە یان گوێیان پێنادەن یان دەریان دەکەن و دەڵێن کاتمان نییە و وازمان لێ بهێنن، دوورنیە لێشیان بدەن و داخی دڵی خۆیان بە ئەوان بڕێژن، بەردەوام بوونی ئەم حاڵەتەش منداڵ تووشی بێزراوی و پشت گوێخراوی دەکات.

٤- جاری واش هەیە دایك و باوك بە هیوای منداڵ نەبوون و لەناکاو منداڵیان بوو یان هەر خەریکی خۆیانن و ڕۆڵی دایك و باوکی ڕاستەقینە نابینن و منداڵەکانیان بەرەڵا دەکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بێزاری و وەڕس بوونی منداڵ و هەست کردن بە کەمی.

ئینجا بۆ ئەوەی منداڵەكانمان ئەو هەستەیان لەلا دروست نەبێت، زۆر پێویستە لەو هۆكارانەی سەرەوە دووربكەوینەوە و ژینگە و بارودۆخی پەروەردەیی پڕ لە ئارام و دڵنیایی بۆ منداڵەكانمان دابین بكەین (Faller, 1981, P:25-26).

باری دەروونی منداڵی پۆلی یەكەم

هەموو قۆناغەكانی ژیان خاسیەت و مۆرك و تایبەتمەندێتی خۆیان هەیەو لەقۆناغەكانی تر جیادەكرێنەوە. یەكێك لەقۆناغەكانی ژیانی منداڵ قۆناغی چوونە قوتابخانەیە، ئەم قۆناغەش گرنگی تایبەتی خۆی لە دڵ و دەروونی منداڵدا هەیە، لەبەرئەوەی منداڵ بۆیەكەم جار ڕووبەڕووی مامۆستا دەبێتەوە (ئەوانەی كە نەچوونەتە باخچەی ساوایان) سەرەڕای ئەوەش بۆیەكەم جار لەسەر كورسیەكی ڕەق و تەق و بۆماوەیەكی زۆر دادەنیشێت، هەروەها دەبێت بە بێدەنگی و عاقڵی دابنیشێت و دەنگە نەكات، ونەگینا ڕووبەڕووی هەڕەشەو چاولێسووركردنەوەو لێدان دەبێتەوە. كەسەرجەم ئەو گۆڕانكاری و داواكاریانە نوێن و منداڵ ئاشنایەتی لەتەكیاندا نییە ئینجا تاوەكوو منداڵ ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو ژینگە تازەیە (كە ژینگەی قوتابخانەیە)پەیدا دەكات كاتێكی زۆری دەوێت و پێویستە بەڕێوەبەرو مامۆستایان لەتەكیدا بە ئارام و خۆڕاگرو لەسەرخۆ بن و توندو تیژی لەتەكیدا بەكار نەهێنن.

لەبەرئەوەی منداڵ پێش هاتنە قوتابخانەی سەربەستیەكی زۆری هەبووەو بەردەوام خەریكی هەڵبەزو دابەزو ڕاكەڕاكەبووەو زۆر بەدەگمەن لەشوێنێكدا بۆماوەیەكی كەم ئۆقرەی گرتووە یان دانیشتووە. بۆیە نابێت یەكسەر لەقوتابخانە داوای سیستم ونیزام و پەیڕەو كردنی یاسای لێبكرێت، بەڵكو دەبێت وردە وردە لەگەڵ كورسی و دانیشتن و گوێڕایەڵی مامۆستاو پەیڕەو كردنی یاساو داواكارییەكانی قوتابخانە ڕابهێندرێت و نابێت لەسەر جووڵەو هەڵسان و پەیڕەو نەكردنی هەندێك سیستمی قوتابخانە سزا بدرێت یان گلەیی و هەڕەشەی لێبكرێت چونكە هیچ كەس لە پڕێ نابێت بە كوڕێ، واتە

مەحاڵە بتوانرێت وا لە منداڵی پۆلی یەكەم بكرێت كە وەك منداڵانی پۆلی سێهەم و چوارەم هەڵسوكەوت بكەن و پابەندی یاساو رێسای قوتابخانە بن بەڵكو پێویستە مامۆستا سەربەستی سنووردار بە منداڵ بدات و لە رێگەی یاری و قسەی خۆشەوە وانەكانیان پێ هەرس بكات لەگەڵ ئەوەشدا وورده وورده بە یاساو رێساكانی قوتابخانە ئاشنای بكات. بۆ ئەوەی لە قوتابخانە بێزار نەبێت و خوێندنی لەلا خۆشەویست ببێت.

بەلام ئەوەی جێگای داخە هەندێك مامۆستا هەر لەسەرەتای ساڵی خوێندنەوە بە هەڕەشەو لێدان و چاو لێسور كردنەوە پێشوازی لە منداڵان دەكەن و هەست و سۆزێكی ناخۆش لە دڵ و دەروونی منداڵاندا بەرانبەر قوتابخانەو مامۆستا دروست دەكەن ئەوەی زیاتریش زەرەری لێ دەكەوێت منداڵانی پۆلی یەكەمە. لەبەر ئەوەی بۆ یەكەم جارە دێنە قوتابخانەو هیچ ئەزموون و شارەزاییەكیان دەربارەی قوتابخانە نییە، ئینجا ئەگەر بێت و خوانەخواستە مامۆستاو بەڕێوەبەرو كەسانی تری قوتابخانە ئازاری دەروونی یان جەستەییان بدەن ئەوا هەتاهەتایە ئەو جۆرە منداڵانە بەچاوی ترس و دڵەڕاوكێ و گومان دەڕواننە مامۆستاو قوتابخانە، بۆیە دەبێت قوتابخانەو مامۆستا و خوێندن لەبەر چاوی منداڵی پۆلی یەكەم خۆشەویست بكرێت و مامۆستای بەتواناو زیرەك وانەیان پێ بڵێن و مامەڵەیەكی تایبەتییان لەگەڵ بكەن بۆ ئەوەی بەزووترین كات لەگەڵ قوتابخانە رابێن و خۆیان بگونجێنن .

منداڵە نووقستان و (کەم ئەندامەکان) و پێداویستیەکانیان

ئەگەر بمانەوێت منداڵ پیاوی دوا ڕۆژ بێت و شایانی ئەوە بێت کە بەرپرسی و چارەنووسی گەل و نیشتمانی بخرێتە ئەستۆ، ئەوا دەبێت پێداویستیەکانی گەشەکردن و بنیاتنانی کەسایەتی بۆ دابین بکرێت. پێداویستیە گرنگەکانی منداڵ زۆرو هەمەچەشنن، بەڵام ئێمە لەم نووسینەماندا زیاتر تیشك دەخەینە سەر پێداویتسەکانی منداڵی نووقستان و کەم ئەندام، لەبەرئەوەی باری دەروونی و گرفت و ئەندێشەکانی منداڵی نووقستان و کەم ئەندام لەزۆر لایەنەوە لەباری دەروونی و گرفت و ئەندێشەکانی منداڵی ئاسایی جیاوازە.

مەبەست لەمنداڵانی نووقستان و کەم ئەندام ئەو منداڵانەیە کە لەئەنجامی هەرچ هۆیەکەوە (بۆماوە یان ژینگە) بوو بێت، لەپێش لەدایك بوون یان دوای لە دایك بوون تووشی کەم و کورتی یەکێك لەئەندامەکانی یان زیاتر لە ئەندامێکی لەشیان بوون، کە ئەو کەم و کورتیە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو منداڵانە نەتوانن وەك منداڵی ئاسایی بژین و ئەو ئەندامانەیان بۆ ڕا پەڕاندنی کارەکانیان بەکاربهێنن.

دووجۆری سەرەکی نووقستانی هەیە، کە یەکەمیان تووشی کۆئەندامی دەماری ناوەندی دەبێت و بەزۆری منداڵ تووشی بیرکۆڵی و دواکەوتنی ژیری (التخلف العقلی) دەکات، بەڵام جۆری دووهەمیان تووشی جەستەیی دەکات (نابینایی، کەڕولاڵی، گۆجی، شەلی، ... هتد) گومانیشی تێدا نیە کە هەر یەك لەو کەم و کورتیانە پێداویستی بە خزمەتگوزاری و پەروەردەو مامەڵەی تایبەتی خۆی هەیە. ئینجا بۆئەوەی ئەو جۆرە منداڵانە لەلایەکەوە نەبن بە بارو مشەخۆر بەسەر کۆمەڵ و دام و دەزگاکانیەوە، لەلایەکی تریشەوە سوود لەو بەهرەو توانستانەی کە هەیانە وەربگیرێت، دەبێت ئاوڕێکیش لەو جۆرە منداڵانە بدرێتەوەو پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکرێت و گیروگرفتەکانیشیان بۆ چارەسەر بکرێت. بۆ زانینی پێداویستیە گرنگەکانی ئەو جۆرە منداڵانەو دیاری کردنی ئاستەنگ و

ئەندێشەو گرفتەکانیان دەبێت پشت بە دەرئەنجامی توێژینەوەی زانستی و مەیدانی کە دەربارەی ئەو جۆرە منداڵانە کراوە، ببەستین.

بۆ ئەم مەبەستەش لەکۆتایی ساڵی (١٩٩٦) و سەرەتای ساڵی (١٩٩٧) نووسەری ئەم باسە بەهاوکاری هەردوو ڕێکخراوی یونیسێف و (SCF) و وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و ژمارەیەك لە مامۆستایان و قوتابیانی هەردوو بەشی کۆمەڵزانی لەکۆلێژەکانی ئاداب و پەروەردە، هەڵسان بەئەنجامدانی توێژینەوەیەکی مەیدانی بەرفراوان لەسەر ژیان و گوزەرانی منداڵانی هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر و شارۆچکەو کۆمەڵگاو گوندەکانی سەر بە پارێزگای هەولێر، کە توانرا چاو پێکەوتن لەگەڵ هەزارەها منداڵی نیش کەرو نووقستان و کەم و ئەندام و نەخۆش بکرێت، یەکێك لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە تایبەت بوو بە منداڵانی نووقستان و کەم ئەندام. توانرا لەمیانەی ئەو توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتن لەگەڵ (٧٦٥) هەفت سەدو شەست و پێنج منداڵی نووقستاندا بکرێت کە (٥٣٠) منداڵیان لە هەولێرو (٢٣٥) منداڵیشیان لە سلێمانی بوون.

<u>دوای کۆکردنەوەی زانیاری و پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەتی بۆ ئەو منداڵانەو لێك دانەوەو شیتەڵ کردنەوەی دەرئەنجامەکان ئەم زانیاریانەی لای خوارەوەمان بۆ دەرکەوت:-</u>

١- ئەو حاڵەتانەی کە توانرا زانیاری دەربارەیان کۆبکرێتەوە بریتی بوون لە (دواکەوتنی ژیری و بیرکۆڵی، نووقستانی لەچاو، لەگوێ، لە قاچ، لە دەست، لاڵی، کورتە باڵایی، فێ لێهاتن، نووقستانی لە کاسەی سەر، کەم خوێنی، نووقستانی لە دەم و چاو).

٢- (٣٩،٦٢٪) منداڵەکان هەر لەکاتی لەدایك بوونەوە نووقستان بوون بەڵام (٦٠،٣٨٪) منداڵەکان دوای لەدایك بوون بەهۆی شەڕو کوشتارو کارەسات و ڕووداوی دڵتەزێنی جیاجیاوە نووقستان و کەم ئەندام بوون.

٣- (٦٣,٠١٪) خیزانی منداڵەكان توانیویانە كە سەردانی پزیشك و نەخۆشخانە بەپێی پێویست بۆ چارەسەركردنی منداڵەكانیان بكەن بەلاَم (٣٦,٩٩٪) خیزانەكان نەیان توانیوە.

٤- (٧٠,٥٦٪) منداڵەكان پێداویستیان بەكەرەستەو ئامرازی تایبەتی هەیە بۆ خۆسازاندن لەگەڵ ژینگەو دەوروبەرەكەیاندا، بەلاَم (٢٩,٤٤٪) منداڵەكان گوتیان پێداویستیمان پێیان نیە.

٥- لە (٨٢,٨٩٪) ئەو منداڵانەی كە پێداویستیان بە كەرەستەو ئامرازی تایبەتی هەیە، گووتیان دەستمان ناكەوێت و بۆمان ناكرِدرێت. پێداویستی و كەرەستەكانیش بریتیە لە (سەماعە، دەست و پێی دەست كرد، دارشەق، عەرەبانە، چاویلكە، دەرمان، نەشتەرگەری (عملیات)).

٦- (٢٧,١٦٪) منداڵەكان بەردەوام پێداویستیان بەچاودێری و چارەسەركردنە، ژمارەیەكی تریشیان لە چارەسەركردن و چاك بوونەوە هیوا برِاو بوون و هەندێكی تریشیان لەبەر هەژاری و نەبوونی ناتوانن چارەسەری خۆیان بكەن.

٧- (٤٠,١٩٪) منداڵەكان گوتیان ناتوانین بە ئیش و كارەكانی رۆژانەی خۆمان هەڵبستین و بەردەوام پێداویستیمان بەچاودێری و هاوكاری كەسانی چواردەورمان هەیە.

٨- (٦٤,٣٣٪) منداڵەكان گوتیان زۆربەی خەڵكی بەچاوی بەزەیی و نزم و كەم سەیرمان دەكەن و مامەڵەیان ئاسایی نیە، كە ئەمەش تووشی خەم و خەفەت و ئازارمان دەكات.

٩- (٤٧,٥٥٪) ئەو منداڵانە ناچنە قوتابخانەو وازیان لێهێناوەو هیچ دام و دەزگایەكی تایبەتیش نایان گرێتەخۆ.

١٠- دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زیاتر گرنگی بەکوڕە نووقستان و کەم ئەندامەکان دراوەو کچەکانیان پشت گوێ خستووە. بۆ نموونە (٦٠,٤٣٪) کچەکان هیچیان بۆ نەکراوە بەڵام تەنها (٢٧,٦٢٪) کوڕەکان هیچیان بۆ نەکراوە. لەلایەکی تریشەوە (٨٤٪) کچەکان ناچنە قوتابخانە بەڵام تەنها (٣٤٪) کوڕەکان نەخراونەتە قوتابخانە.

ئەمانەی سەرەوە حاڵ و گوزەران و باری دەروونی زۆربەی منداڵە نووقستان و کەم ئەندامەکانی هەردوو شاری سلێمانی و هەولێرن. ئەو زانیاریانەش لەزاری منداڵەکان خۆیان و خێزانەکانیانەوە وەرگیراوەو تاڕادەیەکی زۆر ڕاست گۆیەو بە ئەمانەتەوە گوزارشت لەژیان و گوزەرانی ئەو توێژەی کۆمەڵەکەمان دەکات. لەبەرئەوە زۆر پێویستە کە لایەن دام و دەزگا بەرپرسەکان هەریەکە لای خۆیەوە هەوڵی دابین کردنی ئەو پێداویستیانەو دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بدات بۆ سووک کردنی باری گرانی ئەو منداڵانەو خێزانەکانیان و دووبارە پەروەردەکردن و پێگەیاندن. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم پێشنیازانەی خوارەوە دەخەینە بەر دیدو بۆچوونیان:-

١- پێویستە لەمیانەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و کۆڕوکۆبوونەوەکانەوە دایکان و باوکان و مامۆستایان لە هۆکارەکانی نووقستانی و کەم ئەندامی ئاگادار بکرێنەوە، چونکە هەندێک لەحاڵەتەکان لەئەنجامی نەزانی و کەمتەرخەمی دایکان و باوکان و مامۆستای ئەو منداڵانەوە دروست بووە، کەواتە دەتوانرێت کاریگەری ئەو هۆکارانە دووربخرێتەوەو ڕێژەی ئەو منداڵانە لەداهاتوودا کەم بکرێتەوە.

٢- پێداویستیە گرنگەکانی ئەو منداڵانە لەداوودەرمان و کەرەستەو ئامرازی پێویست دابین بکرێت و چارەسەری هەندێک لە کەم و کوڕیەکانیان بکرێت.

٣- پێویستە هەڵمەتێکی نیشتمانی گەورە بۆ هۆشیار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ بکرێت، چونکە بەداخەوە کە زۆر لەتاکەکانی کۆمەڵ لەئەنجامی نەزانی و نەفامی خۆیانەوە

بەچاوی نزم و سووک سەیری کەسانی نووقستان و کەم ئەندام دەکەن، کە ئەمەش بێگومان ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەرباری دەروونی ئەو نووقستان و کەم ئەندامانە دەبێت و گرفتەکانیان زیاتر ئاڵۆز دەکات و لەکۆڕو کۆبوونەوەو دام و دەزگا کۆمەڵایەتیەکانیان دوور دەخەنەوە، کە بێگومان ئەمەش لەبەرژەوەندی خێزان وکۆمەڵ و ئەو نووقستان و کەم ئەندامانە نیە.

٤- زۆر پێویستە دام و دەزگاو قوتابخانەو پۆلی تایبەتی بۆ پەروەردەکردن و فێربوونی ئەو منداڵانە بکرێتەوە، لەبەرئەوەی زۆر لەو منداڵانە ناتوانن لەگەڵ منداڵە ئاساییەکاندا لە قوتابخانە گشتیەکان بخوێنن، بەتایبەتی ئەوانەی کە تووشی دواکەوتنی ژیری و بیرکۆڵی بوون.

٥- خولی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ دایکان و باوکان و مامۆستایان و توێژەرە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان بکرێتەوە بۆئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی سەرکەوتوانەو زانستیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە منداڵانەدا بکەن و فێری شێوازەکان و چۆنیەتی فێرکردن و پەروەردەکردنی ئەو منداڵانە بکرێت.

منداڵی هەڵچوو دەمارگیر

گومانی تێدا نییە کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان منداڵاندا هەیە و لە هەموو ژیاندا دوو منداڵی وەك یەك نادۆزرێتەوە، جیاوازی تاکایەتیش (الفروق الفردیة) بۆ زۆر هۆکاری بۆماوەیی و بایۆلۆژی و ژینگەیی دەگەڕێتەوە. یەکێك لەو جیاوازیانەی کە هەیە، جیاوازی مەزاجی و هەڵچوونیە کە بە ئاسانی لە نێوان منداڵاندا بەدی دەکرێت. بۆ نموونە هەندێك منداڵ هەر لەدوای لە دایك بوون زۆر دەجوڵێن و دەگریەن و بەردەوام هەڵچوونی و دەمارگیری بوون بە بەشێك لە ڕەوشت وهەڵس و کەوتیان.

دەرەنجامی هەندێك لە توێژینەوەکانی دەروونزانان بەتایبەتیش (بافلوف) ئاماژە بۆ بوونی دوو جۆر کۆئەندامی دەماری دەکەن، هەندێك کەس هەر لە دوای لە دایك بوون خاوەنی جۆرێك کۆئەندامی دەمارین (الجهاز العصبي) کە زۆر هەستیارەو بە بچووکترین وروژێنەر (مثير) تووشی حاڵەتی هەڵچوونی و دەمارگیری (عصبي) دەبن، بەڵام لە بەرانبەر ئەو جۆرە، کۆمەڵێکی تر لە منداڵان هەن کە هەر لەکاتی لە دایك بوونەوە خاوەنی جۆرێك کۆئەندامی دەمارین کە زۆر سست و خاوو خلیچکە و زۆر بە زەحمەت دەوروژێندرێن.

جۆری یەکەم (واتە منداڵانی هەڵچوو دەمارگیر) پێویستیان بە مامەڵەی گونجاو و پێویست هەیە بۆیە دەبێت لە کاتی مامەڵە کردنماندا ڕەچاوی ئەو حاڵەتەیان بکەین لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە منداڵانە لەسەر بارێکی دەروونی و جەستەیی دیاریکراو بۆ ماوەیەکی زۆر نامێننەوە، بەڵکو (مەزاجی) دەبن و بەئاسانی لەحاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەگۆڕێت، هەروەها بچووکترین گلەیی و گازاندە و لێدان تووشی دڵەڕاوکێ وخەم و خەفەت و هەڵچوونیەکی زۆریان دەکەن. ئەم جۆرە منداڵانە لە ئەنجامی ئەو مەزاج و زوو هەڵچوونەیانەوە تووشی زۆر گیروگرفت دەبن.

بۆ نموونە ترس و دڵەڕاوکێی تاقیکردنەوە زۆر کاریان تێدەکات و لەوانەیە نەتوانن وەك پێویست وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، هەرچەندە کە زیرەکیشن و وەڵامەکان دەزانن، بەڵام ئەو ترس و مەزاج و هەڵچوونەیان دەبنە کۆسپ و ڕێگر لەبەردەم وەڵامدانەوەی ڕاست، لەلایەکی تریشەوە زۆر جار ئەو مەزاج و دەمارگیری و هەڵچوونەیان دەبنە هۆی ئەوەی کە دڵی منداڵانی تر برەنجێنن و هەندێك جاریش ئازاریان بدەن. ئینجا بۆ ئەوەی ئەو جۆرە منداڵانە تووشی لاساری و سەرەڕۆیی و گۆشەگیری و باری دەروونی ئاڵۆز نەبن، ئەوا زۆر پێویستە کە دایك و باوك و مامۆستاو کەسانی چواردەوری هەر لە منداڵیەوە دەست نیشانیان بکەن و لە ڕێگەی مامەڵەی گونجاو و خولقاندنی ژینگەی لە بارەوە بواری خۆ سازاندنیان بۆ برەخسێنن.

ئەم خالآنەى خوارەوەش زامنى مامەڵەى دروستن لەتەك ئەو جۆرە مندالآنە:

١- نابێت دايك و باوك و مامۆستا لە ڕێگەى لێدان و توندو تيژيەوە چارەسەرى گرفتى ئەو جۆرە منداڵانە بكەن، چونكە لێدان و هەڕەشە و سوكايەتى پێكردن ئەوەندەى تر بارى دەروونى ئەو جۆرە مندالآنە ئالۆزتر دەكەن. بەڵكو پێويستە ڕێزيان بگيرێ و ئەو مندالآنە هەست بە سۆز و خۆشەويستى و بەزەيى گەورەكانيان بكەن.

٢- پێويستە زۆر گرنگى بە هەڵچوون و دەمارگيريەكەى نەدرێت و لەكاتى تورەبوون و گريان و هات و هاوار كردنيدا پشت گوێ بخرێ و وازى لێ بهێندرێ تا دادەمركێتەوە و دەگەڕێتەوە حاڵەتى ئاسايى خۆى ئينجا دواى ئەوە هۆى هەڵچوونەكانى بۆ ڕوون بكرێتەوە و ڕێنمايى پێويست بكرێت.

٣- زۆر پێويستە ئەو جۆرە مندالآنە بە كارو چالاكيەكەوە خەريك بكرێن و وايان لێ بكرێت كە هەست بە بوون و گرنگى خۆيان بكەن.

٤- تا دەتوانرێت دەبێت ئەو جۆرە مندالآنە لەو وروژێنەر و فاكتەرانە دوور بخرێنەوە كە دەبنە هۆى هەڵچوون و ترساندن و تورە كردنيان بۆ نموونە سەير كردنى فيلم و گۆرانى و بينراوى ترسناك و خەماوى و خوێندنەوەى چيرۆكى دڵتەزێن و باسكردنى حكايەت و ڕووداوى بە ئازار، ئەو جۆرە مندالآنە تووشى بارێكى دەروونى ئالۆز دەكەن و مەزاج و دەمارگيرييەكانيان زياتر دەكەن.

٥- نابێت بە هيچ شێوەيەك زياد لە تواناى خۆيان كاروچالاكيان لێ داوا بكرێ يان ڕێگرو بەربەست لەبەردەم پێداويستى و چالاكيە سەرەكيەكانياندا دابنرێت بەڵكو دەبێت ئەو كارو چالاكيانەيان لێ داوا بكرێت كە دەتوانن بە ئاكامى بگەيەنن.

٦- باشتر وایە ئەم جۆرە منداڵانە لە کێ بڕکێ و پێش بڕکێ و مملانێ دوور خرێنەوە و بەکەسانی تر بەراورد نەکرێن، بۆ ئەوەی هەست بەکەمی و شکستی نەکەن، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە منداڵانە کەمتر لە منداڵانی تر بەرگەی سەرنەکەوتن دەگرن.

٧- زۆر پێویستە ئیمەی گەورە لۆمە و ڕەخنەی زۆر لەو منداڵانە نەگرین و خاڵە بەهێزەکانیان بەدیار بخرێت.

كابووس

كابووس بەو جۆرە خەونانە دەگوترێت كە مرۆڤ بەئاگا دەهێنن و تووشی ترس و تۆقاندن و دڵەڕاوكێیەكی زۆری دەكەن و ئەگەر پرسیاری لێ بكرێت ئەوا دەتوانێت زۆربەی ڕووداوەكانی ئەو خەونە ترسناكە بگێڕێتەوە كە ئەم خاسیەتە لەزۆربەی خەونەكانی تردا نیە، چونكە كەسی بەئاگا زۆر بەكەمی ڕووداوو بەسەرهاتەكانی خەونی ئاسایی (كە بەزۆری ڕوودەدەن) بەبیردێتەوە، جیاوازیەكی تری نێوان خەونی ئاسایی و كابوس ئەوەیە زۆر بەكەمی ڕوودەدەن و لەنێوان سەدەها خەوندا یەكێكیان كابوس دەبێت، بەڵام ئەگەر ڕێژەی ڕوودانی كابوس زیادی كردوو لەسنووری ئاسایی خۆی تێپەڕی و لە هەفتەیەكدا بەلایەنی كەمەوە دوو سێ جار بە بەردەوامی دووبارە بووەوە، ئەوە مانای ئەوەیە كە ئەو كەسە لە بارێكی دەروونی ئاڵۆزدا دەژی و بەدەست گێروگرفت و ئەندێشەیەكەوە دەناڵێنێ و پێویستی بە ڕێنمایی و چارەسەركردنی ئەو هۆكارانەی كە تووشی ئەو بارە دەروونیەی كردووە هەیە.

لەڕاستیدا تاوەكو ئێستاش بەتەواوی هۆكارەكان و ئاما نجەكانی كابوس نەزانراوەو چەندەها تیۆرو ڕاو بۆچوونی جیاجیا بۆ لێكدانەوەی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان لەسەر ئەوە كۆكن كە هۆكاری سەرەكی ڕوودانی كابوس دەروونین و پەیوەندیان بە ژیانی كۆمەڵایەتی و ئابووری و جەستەیی و سیاسی ئەو جۆرە كەسانەوە هەیە كە تووشی كابوس دەبن، واتە لە ئەنجامی ئەو هۆكارانەی سەرەوە لە ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەیاندا تووشی ترس و دڵەڕاوكێ و گرژیەكی زۆر دەبن، كە ئەو ترس و گرژی و دڵەڕاوكێیانە بە چارەسەرنەكراوی دەمێننەوەو لەژیانی واقیعیدا ئازاری ئەو جۆرە كەسانە دەدەن لەكاتی خەوتنیشدا لەمیانەی خەونی ناخۆش و ترسناك و كابوسەوە گوزارشتیان لێدەكرێن. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەش بەڵگەی زۆر هەیە، بۆ نموونە كابوس لەكاتی شەڕو كوشتارو كارەساتی سروشتی و نەبوونی و نەخۆشی و مردنی كەسانی خۆشەویست و ئەهامەتیدا لەلای تاكەكانی كۆمەڵ بەگشتی و لەلای ئەو تاكانەی كە ڕاستەوخۆ ڕوویەڕووی ئەو

گیروگرفتانە دەبنەوە بەتایبەتی زۆر دەبن و زوو زوو دووبارە دەبنەوە، بەڵام هەرچ كاتێك ئەو كارەسات و شەڕو كوشتارو ناخۆشیانە نەما، ئەوا پاش ماوەیەكی كەمیش كابوس و خەونی تۆقێنەر زۆر كەم دەبنەوەو دەگەڕێنەوە سنووری ئاسایی خۆی.

لەدیارترین نیشانەكانی كابوس (ترس، بەئاگاهاتن لەخەو، زیاد بووونی لێدانی دڵ، تەنگەنەفەسی و هەست كردن بەخنكاندن، هەست كردن بەئیفلیجی و بێ دەسەڵاتی و نەتوانین بۆ خۆ ڕزگار كردنە ... تاد) كە سەرجەم ئەو نیشانانە نزیكن لە نیشانەكانی هەڵچوون و دڵەڕاوكێ.

كابوس حاڵەتێكی ئەوەندە ترسناك نیە كە مەترسی بۆ سەر ژیانی مرۆڤ هەبێت، هەرچەندە تاك بێزار دەكات و تووشی بارێكی دەروونی ئاڵۆزی دەكات. لەبەرئەوە هیچ پێویست بەمەترسی و گەورەگردنی ناكات، بەڵكو لەجیاتی ئەوە دەبێت ئەو كەسە (یان كەسانی چواردەوری) بەدوای هۆكارەكانیدا بگەڕێن، واتە دەبێت بزانێت ئەو ڕووداو بەسەرهاتانە چین كە بوونەتە هۆی ئەو كابوسە، زانینی ئەوەش ئەوەندە زەحمەت نیە ئەگەر ئەو كەسە دەست بكات بەیادكردنەوەو نووسینی ئەو ڕووداوو گۆڕانكارییانەی كە ئەو ڕۆژەی (یان چەند ڕۆژەی) پێش شەوی كابوسەكە ڕوویانداوە، وە بەراوردی بكات لەگەڵ هەموو ڕووداوەكانی ڕۆژانی تری پێش شەوی دروست بوونی كابوسەكە.

لەئەنجامی ئەوەدا بۆی دەردەكەوێت كە چ ڕووداوو بەسەرهاتێك هاوبەشەو بەردەوام پێش شەوی كابوسەكە ڕوویانداوە، ئەو كاتە دەتوانێت لەو ڕووداوو بەسەرهاتانە دوور بكەوێتەوەو لەكابوسیش ڕزگاری ببێت، دوور نیە هۆی كابوس بینینی فیلم و بیستنی چیرۆك و بەسەرهاتی ترسناك و خویناوی بێت، یان خواردنی زۆر بێت پێش خەوتن یان خەوتنی نادروست و جێگای ناخۆش بێت یان پێشبینی كردن و خەوو خەیاڵی ترسناك و مەترسیدار بێت یان هەڕەشەو تۆقاندن و هەست نەكردن بەئاسایش و دڵنیایی دەروونی بێت ... تاد. كەواتە چارەسەركردن و ڕزگار بوون لەو هۆكارانەی سەرەوە زامنی نەمانی كابوسن.

عینادی منداڵ و کەللە ڕەقی

عینادی (العناد) و کەللە ڕەقی منداڵ، جۆرە ڕەوشتێکە کە لەلای هەموو منداڵێك هەیە، بەلام ماوەیەکی کەم بەردەوام دەبێت و دوای ئەوە نامێنێت، ئەم جۆرە ڕەوشتەش وەرگیراوە و منداڵ لەکۆمەڵەوە فێری دەبێت، ئینجا ئەگەر عینادی و کەللەڕەقی منداڵ لە هەندێك کاتی دیاری کراو بۆ ماوەیەکی کەم بێت ئەوە ئاساییەو پێویست بە مەترسی و چارەسەرکردن ناکات، بەلام کاتێك عینادی و کەللە ڕەقیەکە لە زۆربەی کات و بۆ ماوەیەکی زۆر دەبێت، ئەو کاتە دەبێت بە گرفت و پێویستی بە چارەسەرکردن دەبێت. عینادی و کەللە ڕەقی منداڵ ماناى گوێ نەدان بەئامۆژگاری و قسەو فەرمانەکانی دایك و باوك و کەسانی ترو پابەند نەبوون پێیانەوە و سووربوون لەسەر ڕاو بۆچوونی خۆی، هەرچەندە کە هەڵەشن و دژی حەزو ئارەزو و ویستی دایك و باوك و مامۆستا و کەسانی ترە.

گومانیشی تێدا نیە عینادی و کەللە ڕەقی زۆر گیروگرفت و بگرە و بەردە بۆ منداڵ دروست دەکات، چونکە کاتێك منداڵ لەگەڵ دایك و باوك و مامۆستای دەکەوێتە عینادی و کەللە ڕەقیەوە ئەوا گرفت بۆ خۆی و دایك و باوك و مامۆستای دروست دەکات. هەروەها عینادی و کەللە ڕەقی دەبێتە هۆی گۆشە گیری و دوورە پەرێزی منداڵ، چونکە منداڵی عیناد و کەللە ڕەق و بوغزاوی، بەردەوام سوورە لەسەر قسەو ڕای خۆی و ڕازی نابێت بە نۆرەو پەیڕەو کردنی سیستمی گشتی و کۆمەلایەتی، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بێزاری منداڵانی ترو دوورکەوتنەوەیان.

بەزۆری عینادی و کەللە ڕەقی منداڵ لە دوای تەمەنی دووساڵیەوە سەر هەڵدەدات، لەبەرئەوەی پێش تەمەنی دووساڵی منداڵ ئەو توانا عەقلییەی نیە کە دەبێت بە بنەمای عینادی و کەللە ڕەقی، چونکە منداڵ دەبێت هەست بە جۆرێك لەسەر بەخۆیی خۆی بکات و

ببێت بە خاوەنی قسەو ڕاو بۆ چوونی خۆی و سوور بێت و لێی پاشگەز نەبێتەوە، کە ئەم توانایەش لە دوای تەمەنی دووساڵیەوە دەردەکەوێت.

زۆر هۆکار و فاکتەری کۆمەڵایەتی و دەروونی هەن کە دەبنە هۆی دروست کردنی هەڵس و کەوتی عینادی و کەللەڕەقی لە لای منداڵ، لەوانە:-

١- مل کەچ کردنی دایک وباوک و مامۆستا بۆ داواکارییەکانی منداڵ:-

گەورەترین هەڵەی دایک و باوک و مامۆستا ئەوەیە کە بەردەوام داواکاری و حەز و ئارەزووەکانی منداڵ جێبەجێ بکەن، کاتێک منداڵ داوای هەرشتێک دەکات و دەست بەگریان و هات و هاوار و کەللە ڕەقی دەکات و ئینجا دایک و باوک مامۆستا بۆ ڕازی کردن و بێدەنگ کردنی مل کەچی داواکاریەکانی دەبن، ئەمە دەبێتە هۆی چاندنی تۆوی عینادی و کەللە ڕەقی لەناخی منداڵدا، لەبەرئەوە نابێت بەردەوام دایک و باوک و مامۆستا مل کەچی داواکاریەکانی منداڵ بن، بەڵکو دەبێت بە پێی پێویست و لەکات و شوێنی گونجاودا داواکاری منداڵ جێبەجێ بکرێت و هەندێکیشیان ڕەت بکرێنەوە و هۆی ڕەت کردنەوەکەش بۆ منداڵ ڕوون بکرێتەوە، ئەگینا منداڵ لەسەر کەللە ڕەقی و عینادی بەردەوام دەبێت و دەبێت بە بەشێک لە هەڵس و کەوت و بیرکردنەوەی.

٢- پەروەردەکردنی هەڵە:-

ئەگەر دایک و باوک و مامۆستا جۆرێک پەروەردەی ئەگۆڕ و بەردەوامیان نەبێت ئەوا زۆر ڕەوشتی نابەجێ (لەوانەش عینادی و کەللە ڕەقی) لەلای منداڵەکانیان دروست دەبێت بۆ نموونە ئەگەر باوک یان مامۆستا منداڵەکانی فێری ڕەوشتێک کردبێ، بەڵام دوای ماوەیەک پەشیمان ببێتەوە یان پێچەوانەکەی بکات، ئەو کاتە منداڵ ڕازی نابێت و دژی ویستی دایک و باوک ومامۆستای هەڵس و کەوت دەکات و سوور دەبێت لەسەر هەڵس و کەوتی یەکەم جاری، ئینجا ئەگەر دایک و باوک و مامۆستا ویستیان ڕایان بگۆڕن یان لە پەیمان و گفتێک

پەشیمان ببنەوە، ئەوا زۆر پێویستە هۆی ئەو گۆڕانکاریە بۆ منداڵەکان ڕوون بکاتەوە و لە ڕێگەی گفت و گۆوە ڕازیان بکەن.

٢- جیاوازی نێوان دایك و باوك:-

کاتێك باوك بە جۆرێك منداڵ پەروەردە دەکات کە جیاوازە یان دژ بە جۆری پەروەردەکردنی دایکە، یان باوك منداڵ لەسەر ڕەوشتێك سزا دەدات بەڵام دایك پاداشتی دەکات، ئا لەم کاتەدا منداڵ ئەو ناڕێکی و دژایەتیەی نێوان دایك و باوك بۆ بەرژەوەندی خۆی دەقۆزێتەوە و دەبێت بە بنەمای عینادی و کەللە ڕەقی.

دانانی بەربەست و ڕێگری بەردەوام:-

منداڵ زۆر حەز بە یاری کردن و چالاکی دەکات، ئینجا کاتێك منداڵ بە چالاکیەوە خەریکەو دایك و باوك بێ بەشی دەکەن و بەربەستی لەبەردەمدا دادەنێن. ئا لەم کاتەدا منداڵ عینادی و کەللە ڕەقی دەکات و دووبارەبوونەوەی منداڵ تووشی کەللە ڕەقی دەکات لەبەرئەوەی پێویسە کە باوك و دایك و مامۆستا ڕەچاوی ئەو خاڵانەی سەرەوە بکەن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان توشی عینادی و کەللە ڕەقی بەردەوام نەبن.

قسەکردن و رۆیشتن لەکاتی خەوتندا

نینۆک قرتاندن

پەنجە مژین

میزکردن بەخۆدا

قوتابی بۆ لە خوێندنگا رادەکات ؟

ڕێنمایی دایک و باوک

هەستکردن بە جوانی

چەپەڵی و ناڕێکی

ڕێز نەگرتنی کات

قسەکردن و ڕۆیشتن لەکاتی خەوتندا

هەندێك جار باوك و دایك لە ئەنجامی قسەکردن و ڕۆیشتنی منداڵەکانیان لەکاتی خەوتندا تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دەبن و زیاد لە پێویست گەورەی دەکەن و بیری لێدەکەنەوە، بەلام لەڕاستی دا ئەو دیاردەیە ئاساییە و هیچ مەترسیەکی لەسەر باری دەروونی منداڵ نییە و زیانی پێناگەیەنێ و تا گەورەش بێت بەرەو کەم بوونەوە دەچێت، واتە ئەم دیاردەیە لە لای زۆربەی منداڵان و تەنانەت گەورەکانیش هەیە و هیچ کەسێك نیە کە تووشی ئەو بارە دەروونیانە نەبێت بەلام ئەگەر لە سنوری ئاسایی خۆی دەرچوو بەزۆری دووبارە بووەوەو گیروگرفتی بۆ منداڵ و کەسانی چواردەوری دروست کرد، ئەو کاتە پێویست بە چارەسەرو گەڕان بەدوای هۆکارەکانیدا دەکات.

زۆر هۆکاری جەستەیی و دەروونی هەن کە دەبنە هۆی سەر هەڵدانی ئەو دیاردە دەروونیەی سەرەوە، لەوانە جەستەیی (بەدهەرس کردن، قەبزی، خواردنی زۆر پێش کاتی خەوتن، تێك چوون و شلەژانی کاری هەندێك لە گلاندەکان لەوانە سیرۆیدە گلاند- الغدة الدرقية) منداڵ کرمی هەبێت، جۆر و شێوەی خەوتن، ئاوو هەوای ئەو جێگایەی کە تێیدا دەخەوێت، سوور هەڵگەڕان و زیادەی ناو لووت..تاد) یان دەروونین (هەست نەکردنی تاك بە دڵنیایی و وئاسایشی دەروونی، تێك چوونی شیرازەی خێزان بەهۆی لێك جیابوونەوە و مردن و کۆچ کردن... تاد) کە سەرجەم ئەو هۆکارانەی سەرەوە بە تەنها یان لەگەڵ یەکتریدا دەبنە هۆی جووڵەی زۆر لەکاتی خەوتندا و تەنانەت قسە کردن و ڕۆیشتن (القوصی، ١٩٨١، ص٢٦١).

چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتانەی سەرەوە بەندە بە زانینی هۆکارەکانیەوە چونکە جیاوازیەکی تاکایەتی زۆر لە نێوان منداڵان و گەورەکانیشدا هەیە و حاڵەتەکان لە یەکیکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، واتە هەرچ دایك و باوکێك منداڵی لەو جۆرەی سەرەوەی هەیە، دەبێت پێش هەموو شتێك پشکنینی جەستەیی و تەندروستی باشی منداڵەکەی

بكات بۆ ئەوەی لەوە دڵنیا بێت كە هیچ نەخۆشی و گرفتێكی جەستەیی نیە، هەروەها دەبێت گرنگی بە جێگاو شێوەی نووستنی منداڵەكەی بدات و نابێت جێگاكەی ڕەق و ناخۆش و بۆگەناوی و نابەجێ بێت و دووهەم ئۆكسیدی كاربۆنی زۆری تێدا كۆ بووبێتەوە، هەروەها نابێت ڕێگە بە منداڵ بدرێت كە پێش خەوتن بە ماوەیەكی كەم خواردنی زۆر بخوات چونكە تووشی بەد هەرسی و ئازاری گەدەی دەكات و دوور نیە تووشی زۆر جوڵە و ڕۆیشتن و قسەكردنی بكات، ئەگەر دوای بە ئاكام گەیاندنی ئەو كارانە، هەر ئەو دیاردانە لەلای منداڵ بەردەوام بوون ئەوە مانای ئەوەیە كە باری دەروونی ئەو جۆرە كەسانە نا ئاساییە و بەدەست گرفت و ئەندێشەی دەروونیەوە دەناڵێنن و دەبێت چارەسەری گرفتە دەروونیەكانی بكرێت، لە ڕاستیدا ڕۆیشتن لە خەودا مەترسی لە قسە كردن زیاترە، چونكە مەترسی ئەوەی لێدەكرێت كە زیان بە خۆی بگەیەنێ و لە شوێنی بەرز بكەوێتە خوارەوە.

لەبەر ئەوە زۆر پێویستە كە دەرگاو پەنجەرە بەباشی دا بخرێت و بواری وا بۆ ئەو جۆرە كەسانە نەڕەخسێندرێ كە بتوانن بە ئاسانی هات و چۆ بكەن هەرچەندە زۆر جار ئەو جۆرە كەسانە دەڕۆن و دەگەڕێنەوە و دووبارە دەخەونەوە بەبێ ئەوەی زیان بە خۆیان بگەیەنن، هەروەها پێویستە بواری چالاكی و تێركردنی حەزو و ئارەزووەكان بۆ منداڵ دابین بكرێت، چونكە ئەگەر منداڵ لە ژیانی واقعیدا حەزوو خەو خەیاڵەكانی تێر نەكات، ئەوا بە ناچاری لەكاتی خەوتندا شەو تێریان دەكات و لەكاتی تێركردنیشدا زۆر جار دەست و قاچیان دەجوڵێنن و قسە وهات و هاوار دەكەن، بۆ نموونە جاری وا هەیە منداڵ لە خەودا یاری دەكات و لە ئەنجامیشدا لەقە دەهاوێت و سەر دەجوڵێنێ و قسە دەكات وەك چۆن لە ژیانی ڕۆژانەدا لەكاتی یاریكردندا ئەو چالاكیانە دەكات، یان حەز بە پاڵەوانبازی و شەڕخوازی دەكات و لە كاتی خەوتندا جنێو و هاوار و ئەم دیوو ئەو دیوو دەكات.

نینۆك قرتاندن بە ددان

منداڵ لەو ڕۆژەوە لە دایك دەبێت تا دوا چركەی ژیانی كە بە قۆناغەكانی منداڵیتی و هەرزەكاری و كامڵی و بەساڵاچوویدا تێدەپەڕێت (ئەگەر تەمەنی درێژ بێت)، ڕووبەڕووی كۆمەڵێك كێشەو گرفتی دەروونی و كۆمەڵایەتی دەبێتەوە لە ئەنجامیشدا تووشی چەندەها گرفت و نەخۆشی دەروونی و كۆمەڵایەتی دەبێتەوە و ژیان و چارەنووسی دەخاتە مەترسیەوە.

لە ڕاستیدا زۆربەی زۆری ئەو گرفت و نەخۆشیە دەروونی و كۆمەڵایەتیانە لە ئەنجامی نەزانی و كەمتەرخەمی و توندو تیژی دایك و باوك وژینگەی نالەبار و دژواری كۆمەڵایەتی دروست دەبن. دەرەنجامی سەرجەم توێژینەوە زانستیەكان ئاماژە بۆ ئەو ڕاستیەی سەرەوە دەكەن و دەركەوتووە كە ژینگەی نالەبار و پڕ لە گێروگرفت چارەنووسی مرۆڤ دەخاتە مەترسیەوە و تووشی زۆر دەردو ئەندێشەی دەكات. كێشە و گرفتە دەروونی و كۆمەڵایەتیەكان لەسەرەتادا زۆر سادەو ساكارن و دەتوانرێت بەئاسانی كۆنترۆڵ بكرێن بەڵام بەداخەوە پشت گوێ خستنیان دەبێتە هۆی هەڵئاوسان و گەورە بوونیان كە لە داهاتوودا زۆر بە زەحمەت چارەسەر دەكرێن.

یەكێك لەو گرفتە دەروونیانەی كە هەندێك لە منداڵان بە دەستیەوە دەناڵێنن، قرتاندنی نینۆكە بە ددان، كە زۆر جار لەگەڵ منداڵ بەردەوام دەبێت تا تەمەنێكی زۆر لە تەكیا دەمێنێتەوە، قرتاندنی نینۆك بە ددان لەسەردەمی منداڵیدا چەكەرەدەكات و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش زیاتر سەوزتر و گەورە تر دەبێت و بە یەكێك لە هەڵس و كەوت و خووە خراپ و نا بەجێیەكان دادەنرێت. بوونی ئەم دیاردەیە بۆ ماوەیەكی كەم هیچ مەترسیەكی لەسەر باری دەروونی و كەسایەتی منداڵ نیەو پاش ماوەیەك وازی لێدەهێنێت، بەڵام مانەوەی ئەم دیاردەیە و بەردەوام بوونی تا دوا قۆناغەكانی منداڵی و سەرەتای قۆناغی هەرزەكاری، زیان بە كەسایەتی و باری دەروونی منداڵ دەگەیەنێت و پێویست بە چارەسەر كردن دەكات.

لە گرنگترین هەڵچوونەكان كە بەردەوام هاوشان و هاوكاتە لەتەك قرتاندنی نینۆك بە ددان هەڵچوونی توورەبوونە كە لە ئەنجامی گرژی و دڵە ڕاوكێ وناخۆشیەوە دروست دەبێت، هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی ئەوەی كە دیاردەی قرتاندنی نینۆك بە ددان لەكاتی ڕوو بە ڕوو بوونەوەی گیروگرفت و ناخۆشی و خەم و خەفەتدا زیاتر ببێت و ئەو جۆرە منداڵانە زیاتر نارەحەت و بێزار بكات. قرتاندنی نینۆك بە ددان لە ئەنجامی دڵەڕاوكێ و گرژی و توورەبوون و ترس و بێزارییەوە دروست دەبێت و ئەو خەم و خەفەت و دڵەڕاوكێ و گرژیانە لە ڕێگەی ئەو نینۆك قرتاندنەوە دەردەكەوێت و بە ئەمانی ئەو حاڵەتە دەروونییە ناخۆشانە لەناو دەچێت و بە زووڕ بوونیان زیاتر دەبێت.

یەكەم هەنگاوی چارەسەركردن، گۆڕینی ژینگەی كۆمەڵایەتی ئەو جۆرە منداڵانەیە واتە دەبێت زانیاری تەواو دەربارەی ژیانی ئەو جۆرە منداڵانەو پەیوەندی نێوانیان و نێوان دایك و باوك و خوشك و براو مامۆستاكانیان كۆبكرێتەوە و هەوڵی دابین كردنی ژینگەیەكی كۆمەڵایەتی پڕ لە خۆشی ودڵنیایی وئارامی بدرێت و دەبێت ئەو جۆرە منداڵانە هەست بە سۆز و خۆشەویستی و بەزەیی و ڕێزگرتنی كەسانی چواردەوریان بكەن، لەبەر ئەوەی هەست كردن بە ئاسایش و دڵنیایی و بەزەیی و سەربەستی لە گرنگترین پێداویستیە دەروونیەكانی منداڵەو بناغەن بۆ دروستی دەروونی و كەسایەتی سەركەووتوی دوور لە كێشە و گرفتی دەروونی. هەروەها دەبێت ئەو جۆرە منداڵانە بەكارو چالاكیەكی (هونەری، وەرزشی، ناومالْ... تاد) خەریك بكرێن، بۆ ئەوەی دەستەكانی بۆ بە ئاكام گەیاندنی ئەو جۆرە كارو چالاكیانە بەكاربهێنێ و دالغە لێنەدات و خەیاڵی بۆ قرتاندنی نینۆكەكانی نەچێت لە لایەكی تریشەوە نابێت بە هیچ شێوەیەك دایكان و باوكان و مامۆستایان بە گاڵتەو تیرو توانج سوكایەتی بەو جۆرە منداڵانە بكەن، چونكە گاڵتە پێكردن و تیرو توانج ئەو دیاردەیە زیاتر دەكەن و گرفتەكە ئاڵۆزتر دەكەن، لەجیاتی ئەوە پێویستە دەست نیشانی ئەو هۆكار و بارودۆخانە بكەن كە دەبێتە هۆی زیاد كردنی نینۆك قرتاندن بە ددان و دواتریش هەوڵی لەناو بردن و كەم كردنەوەیان بدەن، هەروەها لە ڕێگەی ئامۆژگاری بەردەوام و بیرخستنەوەی، خراپی و زیانەكانی ئەو دیاردەیە، دەتوانرێت منداڵ لەو گرفتە دەروونیە ڕزگار بكرێت.

پەنجە مژین

لای زۆربەمان ئاشکرایە کە هەندێك هەڵس و کەوت و خووڕەوشتی ناشیرین و نادروست لە لای منداڵان هەیە و دەبێتە مایەی بێزاری و دڵتەنگی دایکان و باوکان مامۆستایان، یەکێك لەو ڕەوشت و هەڵس و کەوتە نا دروست و نا بەجێیانە پەنجە مژینە، پێشەکی پێویستە ئەوە بزانین کە توانای مژین و بە کارهێنانی هەردوولێو بۆ ماوەییە و منداڵ لەو چرکەیەی کە لەدایك دەبێت توانای مژینی هەیە و هەردوو لێوەکانی کامڵ وپێگەیشتوون و تا ڕادەیەکی زۆر یارمەتی مانەوەی ژیانی منداڵ دەدەن، چونکە ئەگەر منداڵ ئەو توانستەی نەبوایە ئەوە نەیدەتوانی بژی و مەمکی دایکی بمژێت.

پەنجە مژین لە چەند مانگی یەکەمی ژیانی منداڵدا کارێکی ئاساییە و هیچ مەترسیەکی لەسەر ژیان و باری دەروونی منداڵ نیە، لەبەر ئەوەی هەر لە دووسێ هەفتەی یەکەمەوە ئەم پەنجە مژینە لە لای هەندێك منداڵ دەردەکەوێت، بەتایبەتی کاتێك کە برسی دەبێ و لە کاتی خۆیدا شیری پێنادرێ، بەڵام بەردەوام بوونی ئەم دیاردەیە و مانەوەی لە لای منداڵ تا تەمەنی شەش هەفت ساڵی، کارێکی ئاسایی نیە وپێویست بە ئەوە دەکات کە بە دوای هۆکارەکانیدا بگەڕێین و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە .

منداڵ لەسەرەتادا پەنجەکانی دەستی یان قاچی دەخاتە دەمیەوە و لە ئاگامیدا هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکات واتە منداڵی بچکۆلە لە کاتی خۆشی وکامەرانیدا جارناجار پەنا بۆ پەنجە مژین دەبات و بۆ ماوەیەکی کەمیشە بەڵام منداڵی گەورە لە کاتی ناخۆشی و بێزاریدا بەزۆری پەنا بۆ پەنجە مژین دەبات و ماوەیەکی زۆریش خۆی پێوە خەریك دەکات. گومانی تێدا نییە کە بەردەوام بوون و مانەوەی ئەم دیاردەیە بۆ ماوەیەکی زۆر زیان بە کەسایەتی و باری دەروونی منداڵ دەگەیەنێت، لەبەرئەوەی چالاکی و هەڵس و کەوتێکی بێ سوود وبێ ئاکام و بێ بەرهەمەو منداڵ لە واقیع دوور دەخاتەوە و دوور نیە زیان بە شێوە و ڕێك و پێکی نینۆك و ددانەکانی بگەیەنێت و سەرەڕای ئەوەش

کاریگی بێزراوو ناشیرینە و کەسانی چواردەوری منداڵ قێزوبێزی لێدەکەنەوە، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە بەدوای هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بەردەوام بوونی ئەم دیاردەیەدا بگەڕێن.

یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە منداڵ لەکاتی خۆیدا تێر نەبێت و شیرەکە بەشی نەکات، یان لەکاتی خۆیدا شیری پێ نەدرێ ئینجا منداڵ کاتێك کە برسی دەبێت و شیری پێنادرێ ئەوا دوور نیە پەنا بۆ مژینی پەنجەکانی ببات و لە ڕێگەیەوە هەست بە ئارامی دەروونی و خۆشی و تام و چێژ بکات، بەم شێوەیە هەمووکات لەکاتی برسێتیدا پەنا بۆ پەنجە مژین دەبات و دووبارە و چەند بارەیان دەکاتەوە تا پاش ماوەیەك دەبێت بە خووڕەوشتێکی نیمچە بەردەوام، بەڵام مەترسی ئەم دیاردەیە هەر لێرەدا ناوەستێت بەڵکو دەگوازرێتەوە بۆ بارو دۆخ و کات و شوێنی تر.

بۆ نموونە زۆر جار منداڵ نەك لەکاتی برسێتی بەڵکو لەکاتی بێزاری و دڵتەنگی و ناخۆشی و بێبەشبونیشدا هەر پەنا بۆ پەنجە مژین دەبات و لەناکامیەوە هەست بەخۆشی و کامەرانی دەکات و تا ڕادەیەك لەبواری دەروونی خۆیدا قەرەبووی ئەو بێزاری و دڵتەنگیەی خۆی پێ دەکات .

<u>چارەسەرکردنی پەنجە مژین پەیوەستە بە هۆکارەکانیەوە لەبەرئەوە داواکارین لە دایکان و باوکان کە سوود لەم ڕێنمایانەی خوارەوە وەربگرن و دەتوانن لە ڕێگەیانەوە چارەسەری پەنجە مژینی منداڵەکانیان بکەن:</u>

١- پێویستە دایك لە کاتی خۆیدا شیر بدات بە منداڵەکەی و تێر شیری بکات بۆ ئەوەی ناچار نەبێت کە پەنا بۆ پەنجە مژین بەرێت.
٢- دەبێت پەیوەندی نێوان منداڵ و دایك و باوك و خوشك و براکانی خۆش بێت و منداڵ هەست بە ئارامی و دڵنیایی بکات و نابێت سوکایەتی بە منداڵ بکرێت و لەسۆز و

خۆشەویستی و چاودێری دایك و باوك بێبەش بکرێت، چونکە ئەوانە بناغەن بۆ دروستی دەروونی منداڵ.

٣- دەبێت منداڵ بە یاریکردن و نیشی دەستی و یارمەتی دانی دایك و باوك و چالاکیەکەوە خەریك بکرێت بۆ ئەوەی پەنجەکانی نەخاتە دەمیەوە بەڵکو بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەو کارو چالاکیانەی سەرەوە بەکاریان بهێنێ.

٤- هەروەها دەشتوانرێ ماددەیەکی تاڵ و ناخۆش لە پەنجەکانی بدرێت بۆ ئەوەی پەنجە مژینی لە لا ناخۆش و بێزراو بکرێ.

٥- دەبێت لەسەر پەنجە نە مژینی پاداشت و بەردەوامیش ئامۆژگاری پێویست بکرێ.

میز کردن بە خۆدا: هۆکار و چارەسەرکردن

کارێکی ئاساییە منداڵ تا تەمەنی (٢)، (٢) دووسێ ساڵی، بەشەو خۆی پیس بکات و میز بکات بە خۆیدا، بەڵام کاتێك تەمەنی دەبێت بە شەش حەوت ساڵان و لەگەڵ ئەوەشدا بەشەو هەرمیز بەخۆیدا دەکات، ئەو کاتە نائاسایی دەبێت و پێداویستی بە چارەسەر کردن دەبێت، هەرچەندە تەمەنێکی دیاری کراو بۆ کۆنترۆڵ کردنی پرۆسەی دەرهاویشتن و ڕزگار بوون لە پاشەڕۆ نییە و لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر دەگۆڕدرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنی (٣) سێ ساڵان بە شێوەیەکی گشتی، بە تەمەنێکی گونجاو بۆ کۆنترۆلکردنی پرۆسەی میزکردن دادەنرێت.

هەرچەندە هەندێك منداڵ لە تەمەنی دوو (٢) ساڵییەوە، بەسەر ئەو پرۆسەیەدا زاڵ دەبێت و ئیتر میز بە خۆیدا ناکات. کەواتە کارێکی ئاساییە تا (٥) پێنج ساڵان، منداڵ میز بە خۆیدا بکات و هیچ مەترسیەکی نییەو نابێت دایك باوك بە نەخۆشی و حاڵەتێکی نائاسایی دابنێت. بەڵام ئەگەر تەمەنی منداڵ گەیشتە (٦)، (٧) شەش حەفت ساڵان لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەشەو میزی بە خۆیدا دەکرد، ئەوا ئەو کاتە پێویستە وەك نەخۆش و حاڵەتێکی نائاسایی سەیر بکرێن و بە دوای هۆکارەکانیدا بگەڕێن.

زیانەکانی:-

گومانی تێدا نییە کە میزکردن بە خۆدا زیانی زۆر بە منداڵ و کەسانی چواردەوری دەگەیەنێت، دەتوانین بە کورتی زیانەکانی لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆیکەینەوە:

١- پیس کردنی جل و بەرگ و پێخەف و ناخۆشکردنی بۆنی ئەو ژوورەی کە ئەو جۆرە منداڵانە تیایدا دەخەون، کە ئەمەش زیانی گەورە بەو لایەنە دەگەیەنێت.

٢- دەبێتە هۆی بێزار کردن و تورە بوونی دایك و باوك و کەسانی تر و خەفەتبار کردنیان، ئیتر لە ئەنجامی بۆنە ناخۆش و نائاساییەکەیەوە بێت یان بە ئاگاهێنان و خەولێزڕاندنیانەوە.

٣- گەورەترین زەرەر بە منداڵ خۆی دەکەوێت، بەتایبەتی کاتێك کە کەسانی چواردەوری گاڵتەو سوکایەتی پێبکەن، کەئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو منداڵە تووشی خەم و خەفەت و دڵەڕاوکێ ببێت و هەست بەکەمی بکات و بە چاوی سووك سەیری خۆی بکات.

هۆکانی میز بە خۆداکردن:-

لە ڕاستیدا یەك هۆی دیاریکراو بۆ ئەم دیاردەیە نییە، بەڵکو هۆکارەکان جۆراو جۆرن و لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەگۆڕدرێن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەم هۆکارانەی خوارەوە بە گرنگترین هۆیەکانی میز کردن بە خۆدا دادەنرێن:

١- هۆکارە جەستەییەکان:-

وەك دەرکەتووە، هەندێك جار حاڵەتی جەستەیی، ڕۆڵی سەرەکی لە تووش بوون بە ئەم دیاردەیەی هەیە، بۆ نموونە (کەم خوێنی، سوور هەڵگەڕان و هەوکردنی میزەڵدان و بۆرییەکانی یان هەردوو گورچیلە، بەلهارزیا...تاد) دەبنە هۆی کۆنترۆڵ نەکردنی پرۆسەی میزکردن، کەواتە زۆر پێویستە کە پزیشك ئەو جۆرە منداڵانە ببینێت و پشکنینی (فحص) تەواوی بۆ بکات، ئەگەر دەرکەوت ئەو منداڵە هیچ نەخۆشییەکی جەستەیی نییە و کۆئەندامی دەرهاویشتنی (میز کردن) ساغ و سەلامەتە ئەوا ئەو کاتە دەبێت بە دوای هۆیە دەروونییەکاندا بگەڕێن.

٢- هۆکارە دەروونیەکان:-

زۆرن ئەو حاڵەتانەی کەهۆکارەکانیان دەروونین، دەرئە نجامی زۆر لە توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە نە بوونی ئەمن و ئاسایش لەناو خێزاندا، یەکەم هۆکارە بۆ تووش بوون بەم حاڵەتە، واتە ئەگەر منداڵ هەستی بە دڵنیایی خێزان و کەسانی چواردەوری نەکردو لە سۆزو خۆشەویستی دایك و باوکی بێبەشبوو، بەردەوام ڕوو بەڕووی سووکایەتی و گاڵتە پێکردن بوەوە، ئەو کاتە دوور نییە کە میز کردن بە خۆدا یەکێك بێت لە نیشانەو دەرئە نجامەکانی ئەو بارە دەروونی و خێزانیە ئاڵوزەی کە تیایدا دەژی.

وەك دەرکەوتووە، ترس لەترسناکترین ئەو هۆکارە دەروونیانەیە کە دەبنە هۆی میزکردن بە خۆدا، ئیتر ترسەکە سروشتی بێت، وەك ترسان لە ئاژەڵ و دڕندەو هەڕەشە و لێدان یان خەیاڵی و دەست کردبێت، وەك بیستنی چیرۆك و چنینی خەوو خەیاڵی تۆقێنەر یان کۆمەڵایەتی بێت وەك لە دایك بوونی منداڵی تر و پشت گوێ خستنی ئەم یان مردنی کەسانی نزیك و خۆشەویستی.. تاد. کە سەرجەم ئەم حاڵەتانە، ئەو جۆرە منداڵانە تووشی خەم و خەفەت و ترس و دڵە ڕاوکێیەکی زیاد لە پێویست دەکەن و دوا جاریش دەبنە هۆی دروست کردنی ئەو حاڵەتانە.

چارەسەرکردن:-

دەبێت دایکان و باوکان لەوە دڵنیا بن کە دیاردەی میزکردن بەخۆدا کاتییەوە پاش ماوەیەك نامێنێت، هەرچەندە بە داخەوە هەندێك حاڵەتی کەم تا ماوەیەکی زۆر هەر بەردەوام دەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی زۆری منداڵان پاش ماوەیەك لەو حاڵەتە ڕزگاریان دەبێت، بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە کۆئەندامی دەماری ناوەندی و کۆئەندامی میزکردنیان بەتەواوی گەشە دەکەن، چونکە زۆربەی ئەو منداڵانەی کە میز بە خۆیاندا دەکەن، ماسوولکەکانی میزەڵدان بەتایبەتی و کۆئەندامی میزکردنیان بە گشتی

لەژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی خۆیاندا نین، لەبەر ئەوە پێویستیان بە هەندێك ڕاهێنان و ڕێنمایی کاتی پێویست هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بە تەواوی کۆنترۆڵی پرۆسەی میزکردن بکەن، لەم کاتانەشدا ڕۆڵی دایك باوك و کەسانی تری چواردەوری منداڵ لە ڕۆڵی هەموو کەسانی تر گرنگترە .

ئینجا بۆ ڕێنمایی کردنی دایکان و باوکان و چارەسەرکردنی دیاردەی میزکردن بە خۆدا ، ئەم خاڵانەی خوارەوە بە گرنگ و پێویست دەزانین؛

١- نابێت بە هیچ شێوەیەك گاڵتەو سوکایەتی بەو جۆرە منداڵانە بکرێت، چونکە گاڵتە پێکردن و ناووناتۆرەو قسەی ناخۆش ئەوەندەی تر حاڵەتی دەروونی ئەو جۆرە منداڵانە ئاڵۆزتر دەکەن.

٢- دەبێت ئەو جۆرە منداڵانە پیشانی پزیشکی تایبەت بە نەخۆشیەکانی کۆئەندامی میزکردن و دەرهاویشتن بدرێن، بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی کە هیچ نەخۆشیەکی جەستەییان نییە، ئەگەر هەشیان بوو دەبێت چارەسەربکرێن.

٣- نابێت ڕێگە بەو جۆرە منداڵانە بدرێت کە پێش خەوتن شلەمەنی و ئاوی زۆر بخۆنەوە، چونکە زۆر خواردنەوەی شلەمەنی زیاتر تووشی ئەو حاڵەتەیان دەکات.

٤- دەبێت یەك دوو سەعات دوای خەوتنیان بە ئەگا بهێندرێنەوە و بۆ سەر ئاو ببردرێن، بۆ ئەوەی لەو پاشەڕۆیەی ناو میزەڵدانیان ڕزگاریان بێت، هەروەها دەبێت سێ چوار کاتژمێر دوای ئەمەش بۆ جاری دووهەم بۆ هەمان مەبەست بە ئاگا بهێندرێنەوە. ئەم جۆرە ڕاهێنانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو جۆرە منداڵانە ووردە ووردە خۆیان فێری ئەوە ببن کە لە کاتی پڕ بوونی میزەڵدانیاندا ، بە ئاگا بێنەوە و لەو پاشەڕۆیە ڕزگاریان بێت.

٥- پێویستە لەسەر دایك و باوك هەر لە منداڵیەوە، منداڵەکانیان لەسەر سیستمێکی تایبەتی و دیاریکراو ڕابهێنن و لەو کاتە دیاریکراوانەدا بۆ سەر ئاو بیان بەن و لەسەر

ڕزگار بوون لە پاشەڕۆ ڕایان بهێنن، چونکە ئەو جۆرە ڕاهێنانە دەبێت بە بنەما بۆ منداڵ و زۆر جار لەو حاڵەتی میزکردن بە خۆدا، ڕزگاریان دەکات.

٦- پێویستە ڕێگە بەو جۆرە منداڵانە نەدرێت کە شیرینی یان سوێری زۆر بخۆن چونکە شتی سوێر و شیرین منداڵ ناچار دەکەن کە ئاوو شلەمەنی زۆر بخۆنەوە، کە ئەمەش لەبەرژەوەندی ئەو جۆرە منداڵانە نییە، بە تایبەتیش لە شەودا.

٧- نابێت جل و بەرگی خەوتنی ئەو منداڵانە لەو جۆرە بێت کە بە زەحمەت بکرێنەوە هەروەها دووری یان تاریکی ڕێگای ئاو دەست و شوێنی ڕزگار بوون لە پاشەڕۆ هۆکاری خراپن و دەبنە هۆی زیاد کردنی ئەو دیاردەیە.

٨- هەندێك لە ئەو جۆرە منداڵانە لە تاریکی دەترسن، ئا لەم کاتانەدا باشتروایە کە ژووری خەوتنیان کەمێك ڕووناك بێت و لە نزیك کەسیکی خۆیانەوە بخەون.

٩- باشتروایە کە ئەو جۆرە منداڵانە بە ڕۆژ بخەون، بۆ ئەوەی بەشەو خەویان قورس نەبێت و بە قوڵی نە خەون، چونکە ماندووبوونی ڕۆژ و نە خەوتنیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە کاتێك شەو دەخەون زۆر بە زەحمەت بە ئاگا بێنەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەردەوام بوونی ئەو حاڵەتە و درەنگ ڕزگار بوون لێی.

١٠- دابین کردنی ئاسایش و ڕزگارکردنیان لە ترس و دڵەڕاوکێ، واتە ئەرکی سەرەکی دایك و باوك و کەسانی چواردەوری منداڵە کە ژینگەی پڕ لە دڵنیایی و ئارامی و خۆشەویستی بۆ منداڵەکانیان بخوڵقێنن و وا هەست نەکەن کە کەسانی بێزراو و پشت گوێ خراوو بێ نرخن، چونکە ترس و دڵەڕاوکێ و خەم و خەفەت ئەم حاڵەتە زیاتر دەکەن.

قوتابی بۆ لە قوتابخانە رادەکات؟

دیاردەی وازهێنان و ڕاکردن لە قوتابخانە، دیاردەیەکی جیهانیەو، گەل و نەتەوە نیە لەسەر ڕووی ئەم زەمینە بەدەستیەوە نەنالێنی، هەرچەندە ئەم دیاردەیە لەهەموو وولاتێك هەیە بەلاّم وولاتە پێش کەوتووەکان دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتوون لەبەردەم ئەم دیاردەیەدا، بەڵکو بەردەوام بەتوێژینەوەی زانستی تاووتوێ و ئەم دیوو ئەو دیویان کردووەو ڕێگە چارەی گونجاویان بۆ دۆزیوەتەوە، بەلاّم لە وولاتە دواکەوتووەکان تاوەکو ئێستا گرنگی تەواویان پێ نەداوەو وەك دێوەزمەیەك دەستی ناوەتە قورقوڕاگەی پرۆسیسی پەروەردەو فێرکردن، ئەم دیاردەیە زۆر ترسناکەو زیان بەزۆر لایەنی ژیان و شارستانیەت دەگەیەنێ، لەلایەنی کۆمەلاّیەتیەوە، ئەو کەسانەی واز لە قوتابخانە دەهێنن و قۆناغەکانی خوێندن تەواو ناکەن، دادەنرێن بە نەخوێندەوارو ناتوانن بەئاسانی خۆیان لەتەك دیاردەکانی ئەمرۆی پێش کەوتن و شارستانیەتدا بسازێنن.

لەلایەکی تریشەوە لەجیاتی ئەوەی ببن بەکەسێکی ڕۆشنبیرو ڕووناکبیر کاتێك خوێندن تەواو دەکەن، ئەوا دەبن بە بارو مشەخۆر بەسەر کۆمەڵەوەو ڕەنجی ڕۆشنبیران و زانست خوازان دەخۆن، لەلایەنی ئابووریشەوە کەلێنێکی گەورە دەکەنە جەستەی ئابووری وولاتەوە، چونکە ئەو کەسانەی لەیەکێك لە قۆناغەکانی خوێندندا واز لە قوتابخانە دەهێنن و خوێندن تەواو ناکەن ئەوا چی مەسرەف و خەرجی و پارەی تیایدا سەرف کراوە بەفیڕۆ دەڕوات و هیچ بەرهەمێکی نابێت و لەلایەکی تریشەوە ئەو سالاّنەی خوێندنی وەك کەسێکی بێکارو بێ بەرهەم لەدەست چووە، ئەگەر بەهۆی خوێندنەوە نەبوایە ئەو کاتە لەبوارێکی تری بەرهەم هێنەردا بەگەڕ دەخرا، هەروەها ئەگەر ئەو سالاّنەی وازی لەخوێندن هێناوە یان دەرنەچووە بۆی حساب بکرێت ئەو کاتە زیانەکانی لەلایەنی ئابووریەوە گەلێك زیاتر دەبێت.

لەلایەنی دەروونیشەوە دیاردەی ڕاکردن لەخوێندن زیانی تایبەتی خۆی هەیەو هێمایەکە بۆ بوونی کەلێن و ئەندێشەو گیروگرفتی دەروونی لەلای ئەو تاکانە، بێ گومان ڕاکردن و تەواو نەکردنی خوێندن خۆی لەخۆیدا کەلێنێکی دەروونی دروست دەکات و ئەو کەسانە هەست بەکەمی و دڵەڕاوکێ و بێزاری دەکەن و ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر ڕەوشت و کەسایەتیان.

گومانی تێدا نیە، دەبێت کۆمەڵێك هۆکار هەبن و کار لە یەکتری بکەن تاوەکوو دیاردەی ڕاکردن لەخوێندن سەرهەڵبدات، لەوانەش ئەمانەی لای خوارەوەن:-

ژینگەی خێزان:-

هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ قوتابی بۆئەوەی واز لەخوێندن بهێنێ یان بەردەوام بێت، (کاتێك ژینگەی خێزان پڕ بێت لەگیروگرفت و ئەندێشەی ئابووری و کۆمەلایەتی وەك لێك ترازاندنی خێزان لەئەنجامی بوونی ناکۆکی و شەڕو ئاژاوە لەنێوان دایك و باوك یان هەژاری لە ڕادەبەدەر کە نەتوانرێت پێداویستیەکانی قوتابی دابین بکرێت، یان سەیرکردنی خوێندن بەچاوێکی نزم و سوك لەلایەن تاکەکانی خێزانەوە یان بەزۆر کار بە خوێندکار بکرێت و پێداویستی زۆرو گران کە لەتوانای ئەودا نەبێت لێی داوا بکرێت ... هتد)، ئەمانە سەرجەم پاڵنەرێکی سەرەکین بۆ وازهێنان و ڕاکردنی خوێندکارو پچڕانی لەخوێنندنگا.

ژینگەی قوتابخانە:-

زۆرجار قوتابخانە خۆی هۆکارێکە بۆ ڕاکردنی خوێندکار، کاتێك بەشێوەیەکی دکتاتۆریانەو تۆقێنەرانە مامەڵە لەتەك خوێندنکارەکاندا بکات و جیاوازی تاکایەتی و پێداویست و حەزو ئارەزووەکانیان پشت گوێ بخات و پرۆگرامەکانی خوێندن وشك و قورس

و دوور لە حەزو تواناو ویستی خوێندکاران بێت و مامۆستا بەتواناو لێهاتوو نەبێت لەوانەکەیداو سەرکەوتوو نەبێت لەجۆری ڕێگەو شێوەی وانە ووتنەوەداو، نەتوانێت پەیوەندیەکی سەرکەوتوانەو مرۆڤانەو کۆمەڵایەتی لەتەك خوێندکارەکاندا دابنێت و قسەو گوتەی ناخۆش و ڕەق و برینداركەر بەکاربهێنێت و نەتوانێت خاڵە لاوازو بەهێزەکانی خوێندکاران دیاری بکات و گیروگرفت و کەم و کوڕیەکانی نێوان خوێندکارانی پێ چارەسەر نەکرێت و نموونەیەکی سەرکەوتوو نەبێت بۆ لاسایی کردنەوەو پاڵنەرو حەزو خواستەکانی خوێندکارانی پێ نەورووژێندرێ و ... هتد، بێ گومان لەم کاتەدا قوتابخانە وەك دۆزەخی لێ دێت لەبەرچاوی خوێندکارو بەردەوام هەوڵ دەدات لەو جۆرە ژینگەی پڕ لەئازارو ناخۆشی و گرژییە ڕزگاری بێت و لەدەستی ڕادەکات و بەدوای ژینگەیەکی خۆشترو گونجاوتردا دەگەڕێت.

ژینگەی کۆمەڵایەتی:-

بێجگە لەژینگەی خێزان و خوێندنگا نەبێت ئیتر گشت هۆکارەکانی تر ناودەبرێن بە ژینگەی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە (زۆرجار برادەری خراپ هۆکارێکی ترسناکە بۆ وازهێنان لەخوێندنگا. کاتێك خوێندکار تێکەڵاوی برادەری خراپ دەکات بەتایبەتی ئەوانەی کە وازیان لەخوێندن هێناوە، لەم کاتەدا هەندێك جار ئەو برادەرانە هاندەر دەبن بۆ وازهێنانی خوێندکارێکی تر لە خوێندن، بۆئەوەی ژمارەو نموونەی وەك ئەوان زۆر بێت)، (لەلایەکی تریشەوە ئەوانەی سەرەواوێك لەمێشکیاندا نیەو ڕاست و چەپی خۆیان ناناسنەوە، ئەمڕۆ لەناو کۆمەڵدا سەروەرو گەورەو خاوەن دەسەڵات و سەرمایەن و چارەنووسی خوێندەوارو ڕۆشنبیرانیان بەدەستە، ئینجا هەژاری و برسیەتی و گرانی ژیان لەولاوە بوەستێت کە بەزەحمەت بوارو دەرفەت دەدات مرۆڤ بتوانێت خوێندن تەواو بکات) خوێندکاری ئەمڕۆ کە سەیری ئەم لاو ئەولای خۆی دەکات و ئەم ژینگە کۆمەڵایەتیە ئاڵۆزو دژوارە دەبینێت، زۆرجار هەرەس دەهێنێت و بۆچوون و تێڕوانینێکی هەڵەی لا دروست دەبێت بەرامبەر خوێندن و زانست.

ئوتابی:-

هەندێك جار خوێندکار خۆی هۆکارێکە بۆ وازهێنان و تەواونەکردنی خوێندن و ڕاکردن لەخوێندنگا. زۆرجار نزمی ئاستی ویستی خوێندکار بۆ خوێندن و نەبوونی پاڵنەر لەلای بۆخوێندن و لاوازی و کەم و کورتی ژیری لەلای خوێندکار لەئەنجامی بوونی ناڕێکی لەکۆئەندامی دەماری ناوەندیدا یان دواکەوتنی ژیری لەئەنجامی هۆکاری بۆماوە یان ژینگە کاتێك کۆرپەلە بووە لەناو منداڵدانی دایکدا، هەروەها کەم و کورتی لەهەستەوەرەکانی (الحواس) خوێندکاردا ... هتد ئەمانە گشتیان هۆکاری خودی و ناوەکین بۆ ڕاکردن لەخوێند و نەتوانین بۆ تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن.

ئەم هۆکارانەی لای سەرەوە دادەنرێن بەگرنگترین پاڵنەر بۆ وازهێنان لە خوێندن و ڕاکردن لەخوێندنگا، ئینجا ئەگەر بمانەوێت ئەو هەزارەها منداڵ و جگەرگۆشانەی ئێستا کەوتوونەتە ناو کوچەو شەقام و بازاڕو کۆڵانەکان لە وون بوون و چارەنووسی ڕەش ڕزگار بکەین و، کەمێك بەزەییمان بە پاشەڕۆژی ئەم گەل و نەتەوە هەژارو بێ کەسەدا بێتەوەو کەرەستەو ئامرازو هۆکارەکانی بەردەوام بوونی شارستانیەت بۆ پاشەڕۆژ زامن بکەین و بەهیوای ئەوە بین ئێمەش وەك گەلانی تری جیهان گەزە ئەرزو بستە زەمینێکمان هەبێت و جێگەیەکی هەرچەندە بچووکیش بێت هەمان بێت لەمێژووی گەلان و کاروانی شارستانیەتدا، ئەوا ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکەو ڕاسپاردەو پێداویستیەکی مێژووییە کە چاوێك بە پرۆسیسی خوێندن و زانستیدا بخشێندرێتەوەو زامەکانی دیاری بکرێت و هەوڵی تیمار کردن و سارێژکردنی بدرێت و بیرێك لەو بارودۆخە ئالەبارو دژوارەی کوردستان بکرێتەوەو هەنگاوی پراکتیکی بە پەلەی بۆ بهاوێژرێت و چارەسەری گیروگرفت و دەردو نەخۆشیە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان بکرێت، چونکە سەرجەم ئەو هۆکارانە دیاردەی ڕاکردن و وازهێنان لەخوێندنگای خوڵقاندووە. چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە پەیوەستە بە چارەسەرکردنی ئەو هۆکارانەی سەرەوە کە ئاماژەیان بۆ کرا.

چەند ڕێنماییەکی پەروەردەیی بۆ دایکان و باوکان و مامۆستایان

پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن کارێکی زۆر ئاسان نییە و کەسانی شارەزا و بە توانا و لێهاتووی خۆی پێویستە، ئینجا کارەکە زەحمەتتر دەبێت ئەگەر پرۆسەکە پەروەردەی منداڵان و هەرزەکاران بێت. بە ئامانجی ئەوەی دایکان و باوکان و مامۆستایان لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵەکانیاندا سەرکەوتوو بن، ئەم پێشنیازو ڕێنماییانەی خوارەوەیان دەخەینە بەر دیدو دەستیان:

١- نابێت منداڵ ناچار بکرێت بەو جۆرە بیربکاتەوە کە ئێمە دەمانەوێت. جێگەی داخە زۆر لە دایکان و باوکان و مامۆستایان گوێ بە حەزوو ئارەزوو ویستی منداڵەکانیان نادەن و ڕاو بۆ چوونی خۆیان بەسەریاندا دەسەپێنن و ناچاریان دەکەن کە ئەوان چیان دەوێت دەبێت منداڵەکانیشیان هەر ئەوە بکەن. واتە جل و بەرگ و جۆری خوێندن و شێوەی یاریکردن و نان خواردن و گەشت و گوزار و هەڵسان و دانیشتنیان بۆ دیاری دەکەن و دەبێت منداڵ و هەرزەکارەکانیان پەیرەوی بکەن و لە قسەیان دەرنەچن، بێگومان ئەم جۆرە پەروەردەیە زۆر هەڵەیەو ناسنامە و کەسایەتی ئەو جۆرە منداڵ و هەرزەکارانە لاواز دەکات و تووشی زۆر گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتیشیان دەکەن. لەبەرئەوە زۆر گرنگە کە بواری ڕادەربڕین و گفت وگۆ بۆ منداڵ و هەرزەکارەکانمان بڕەخسێنین و ڕێزی حەزوو ئارەزوو ڕاو بۆچوونەکانیان بگرین و ئەوانەش کە نە گونجاو و نادروستن ڕەت بکرێنەوە و منداڵ و هەرزەکارەکانیش لە نادروستی و نامەنتیقی ئەو جۆرە بۆچوون و حەزوو ئارەزووانە ئاگاداربکرێنەوە

٢- پێش ئەوەی دایک باوک و مامۆستا هیچ بڕیارێک بدەن، پێویستە گوێ لە منداڵ وقوتابیەکانیان بگرن وبزانن هۆو پاڵنەری ئەو جۆرە کردارو هەڵس وکەوتەیان چی بووەوچی لەناو دڵیاندا هەیە ,دوای ئەوە لە میانەی ئەو گفت وگۆو ڕادەربڕینەوە دەتوانرێت

بڕیاری ڕاستەقینە بە باش و بە خراپی کارەکانیان بدرێت وپێویستیشە لە سەر کارە خراپەکانیان سەرزەنشت و سەرکۆنەو لەسەر کارە باشەکانیشیان پاداشت وهانبدرێن.بە مەرجێك هۆی سزادان و پاداشت کردنەکەیان بۆ ڕوون بکرێتەوە.

٣- دایك وباوك وماموٚستا نموونەی بەرزن ومنداڵ وقوتابیان لاساییان دەکەنەوە، لەبەرئەوە نابێت دایك وباوك و ماموٚستا هەندێك هەڵس وکەوتی نابەجێ لە بەرچاوی منداڵەکانیان بکەن (هاوار کردنی بەردەوام ،جنێووناوو ناتۆرە، هەڵچوونی زیاد لە پێویست ،درۆ، ناپاکی ،قومارو ئاکاری نابەجێ ....تاد)بۆ ئەوەی لە بەرچاوی منداڵ وقوتابیەکانیان سووك وبێ بەها نەبن و نەبن بە نموونەو پێشەوای خراپ بۆ لاسایکردنەوەیان، چونکە منداڵ چی ببینێ لاسایی ئەوە دەکاتەوە نەك چی ببیستێ ،کە بە داخەوە زۆر جار دایك وباوك وماموٚستا بە قسە و گفت ئامۆژگاری منداڵەکانیان دەکەن بەڵام بە کردەوە خۆیان جێبەجێی ناکەن وبگرە زۆر جاریش پێچەوانەکەی دەکەن .بۆ نموونە لە بەرچاوی منداڵەکەی جگەرە دەکێشێ وسووکایەتی بە خێزانەکەی دەکات ،کەچی بە منداڵەکەی دەڵێ کوڕم جگەرەکێشان خراپەو بەزەیت بە خوشك وبراکانتا بێتەوە.

٤- پێویستە هەر لە منداڵیەوە (لە دوای تەمەنی سێ ساڵان)منداڵ لەسەر هەندێك کاروچالاکی ناوماڵ ڕابهێنرێت، بۆئەوەی لەلایەك هەست بە بوونی خۆی بکات و لەلایەکی تریشەوە ئەو هەستەی لا دروست ببێت کە بەشێکە لەو خێزانەو بوونی خۆی هەیە. کارو چالاکیەکانیش بریتین لە (قاپ وقاچاغ شووشتن،ڕێکخستنی ناوماڵ ،گسك لێدان ،هەڵخستنی جل وبەرگ ، پاککردنەوەی مێزو کورسی،ڕێکخستنی باخ و گوڵ و بێستان.. تاد).

٥- نابێت لەبەرچاوی منداڵ دەنگە دەنگ و شەڕبکرێت و چارەسەری گرفتەکان بکرێن، لەبەرئەوەی ئەو دەنگە دەنگ و شەر و ناخۆشیانە باری دەروونی منداڵ ئاڵۆز دەکەن و هەست کردن بە ئاسایش و دڵنیایی لە دڵ و دەروونیدا دەڕەوێتەوە سەرەرای ئەوەش تووشی

ترس و دڵەڕاوکێی بەردەوامی دەکەن. ئینجا بۆ ئەوەی منداڵەکانمان تووشی ئەو بارە دەروونییە ناڵۆزە نەبن، ئەوا پێویستە دایک و باوک دوور لە منداڵ و لە ژوور و جێگای تایبەتی خۆیان چارەسەری گیروگرفت و ناکۆکیەکانی خۆیان بکەن.

٦- تا دەکرێت دەبێت دایک و باوک و مامۆستا لە لێدانی جەستەیی دوور بکەونەوە و لە جیاتی ئەوە پەنا بۆ سزادانی واتایی(معنوی) وەک گلەیی لێکردن، توڕەبوون، هەڕەشە لێکردن، ناڕەزایی، وەرگرتن و کەم کردنەوەی پاداشت و (امتیازات) بەرن.

٧- پێویستە منداڵ هەر لە منداڵیەوە تێکەڵاوی هاوەڵ و منداڵانی تر ببێت و نابێت بە بیانووی ئەوەی فێری جنێووقسە و ڕەوشتی ناشیرین دەبێت ڕێگەی تێکەڵاو بوونی بە منداڵانی تری لێ بگیرێ، چونکە ئەگەر پێنج ساڵی یەکەمیش ڕێگەی پێنەدرا، ئەوا خۆ لە تەمەنی شەش ساڵی هەردەبێت بچێتە قوتابخانە و تێکەڵاوی منداڵان ببێت، ئەو منداڵانەی کە لە قۆناغی سەرەتایی تێکەڵاویان دەبێت هەر ئەو منداڵانەن کە لە پێنج ساڵی یەکەم ڕێگەی پێنەدراوە یارییان لەگەڵ بکات، ئینجا گرفتەکە نا لێرەوە سەر هەڵدەدات و ئەو منداڵە ڕووبەڕووی زۆر گرفت دەبێتەوە لەبەرئەوەی لە پێنج ساڵی یەکەم تێکەڵاوی منداڵانی وەک خۆی نەبووە و شارەزای فرت و فێڵ و ڕەوشت و هەڵس و کەوتی ڕۆژانەی ئەو جۆرە منداڵانە نەبووە .

ئینجا کاتێک لە دوای تەمەنی پێنج ساڵیەوە دەچێتە ناویان خۆی بە نامۆ دەزانێت و زۆر شتی منداڵانەی شاراوە هەیە نایزانێت و پیایاندا تێنە پەڕیوە و لە پێنج ساڵی یەکەم فێریان نەبووە، لەبەرئەوە زۆر جار منداڵانی تر فێڵی لێدەکەن و ئازاری دەدەن و مافەکانی پێشێل دەکەن. بەڵام ئەم دەستەوەستان ناتوانێت پارێزگاری لە خۆی بکات و دوور نیە تووشی گۆشەگیری و دڵەڕاوکێش ببێت.

٨- نابێت منداڵ بە هیچ شێوەیەک بخرێتە ناو کێشە و گرفتەکانی خێزان و بکرێت بە شاهید و لایەنێک، لەبەرئەوەی منداڵ توانای لێک دانەوەو هەڵسەنگاندنی کێشەو گرفتەکانی ناو خێزانی نییە و کاتێک دەکرێت بە شاهید ئەوا دوور نییە بکەوێتە هەڵەوە و دواجار ببێت بە لایەنێک و لە ئەنجامیەوە تووشی هەڕەشە و دڵتەنگی و شەرمەزاری و پەشیمانی ببێت.

٩- دەبێت ئەو نموونەو بەسەر هاتانەی بۆ منداڵ باس دەکرێت لەجیهانی واقعیەوە نزیک بێت و منداڵ رۆژانە ڕووبەڕوویان ببێتەوە، نەک باسی کەسانی خەیاڵی و ناواقیعی بۆ منداڵ بکرێت. بۆ نموونە هەندێک چیرۆک و بەسەرهات بۆ منداڵ باس دەکرێت، کە کەسایەتی و پاڵەوانەکانی زۆر زۆر ڕاستگۆ و دەست پاک و بە بەزەیی و دڵ گەورە و پیاو چاکن، کە ئەو جۆرە پاڵەوان و نموونانە بە هیچ شێوەیەک لەناو مرۆڤدا نین و مەگەر فریشتە بن، ئا لێرەدا منداڵ تووشی زۆر هێدمەو زەبری دەروونی و دووفاقی دەبێت و دوور نیە لە ئەنجامیەوە تووشی خەم و خەفەت و هەست کردن بەکەمی ببێت لەبەرئەوەی زۆر هەوڵ دەدات لاسایی ئەو جۆرە پاڵەوان و کەسایەتیە نموونەییانە بکاتەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت و جار لە دوای جاریش تووشی سەرنەکەوتن و هەست بە کەمی دەکات و وا دەزانێت کە ئەو کەسێکی بێدەسەڵاتە، نازانێت ئەو نموونەو کەسایەتیانەی بۆی باسکراوە لە واقعیدا نین و جۆرێکن لە خەیاڵ و شتی دروست کراو.

چەند ساتێک بۆ منداڵەکەت تەرخان بکە

منداڵ پێویستیەکی زۆری بەدایک و باوک هەیە، لەبەرئەوە زۆر پێویستە کە باوک و دایک ڕۆژانە چەند ساتێک بۆ قسە لەگەڵ کردن و لاواندنەوەو پەروەردەو فێرکردنی منداڵەکانیان تەرخان بکەن، ڕاستە باوک و دایک سەریان قاڵەو زۆربەی کات خەریکی پەیدا کردنی لوقمە نانێکی حەڵاڵن بۆ منداڵەکانیان، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئیتر دەبێت منداڵەکان پشت گوێ بخرێن، چونکە پشت گوێ خستنی منداڵ و تەرخان نەکردنی چەند ساتێک بۆ پەروەردە کردنیان زیانی گەورە بەکەسایەتی و باری دەروونی منداڵ دەگەیەنێت.

خۆشەویستی و لاواندنەوەی دایک و باوک بۆ منداڵەکانیان هیچی لەئاوو هەواو خۆراک کەمتر نییە، ئینجا ئەگەر باوک و دایک بەردەوام سەرقاڵی کارکردن و هات و چوون بن و ڕۆژانە کاتێکی دیاریکراو بۆ ڕێنمایی و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان تەرخان نەکەن، بێگومان ئەو منداڵانە بۆ ماوەیەک لەسۆزو خۆشەویستی دایک و باوک بێبەش دەبن، ئینجا ئەگەر ماوەی دوورکەوتنەوەی دایک و باوک وسەرقاڵبوونیان لەسنووری ئاسایی خۆی دەرچوو، ئەو کاتە زیان بەگەشەکردنی دەروونی منداڵەکانیان دەگات (Feldman, 2000, P:367).

لەلایەکی ترەوە ئامادەبوونی باوک و دایک و تەرخان کردنی چەند ساتێک بۆ منداڵەکانیان سوودێکی زۆر بەلایەنی عەقڵی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی منداڵەکانیان دەگەیەنێت، پێویستە ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە تەنها ئامادەبوونی دایک و باوک لەنێو ماڵدا بەس نییە بەڵکو زۆر پێویستە کە ئەو ئامادەبوون و کاتانە بۆ ورووژاندنی منداڵ و قسە لەگەڵ کردن و وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی بێت. چونکە منداڵ سوود لەو جۆرە باوک و دایکانە وەرناگرن کە کاتی ماڵەوەیان تەنها بۆ کارکردن و خوێندنەوەو جێبەجێکردنی چالاکیەکانی خۆیان تەرخان دەکەن، لەبەرئەوە ئەگەر دایک و باوک بیانەوێت سوودو

قازانج بە منداڵەکانیان بگەیەنن ئەوا زۆر پێویستە کە ئامادەبوونیان زۆر کاریگەر بێت و ماوەیەکی دیاری کراو بۆ منداڵەکانیان تەرخان بکەن.

باوك و دایك دەتوانن ئەو کاتەی کە بۆ منداڵەکانیان تەرخان دەکەن، بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەم چالاکیانەی خوارەوە سوودی لێ وەربگرن:-

١- کاتێك دایك و باوك سەیری تەلەفزیۆن دەکەن یان گوێبیستی ڕادیۆ دەبن یان کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە دەخوێننەوە، پێویستە هەندێك لەو شتانەی کە دەیانبینن و گوێبیستی دەبن و دەیانخوێننەوە، بۆ منداڵەکانیان ڕوونی بکەنەوەو وەڵامی پرسیارەکانیشیان زۆر بەڕاشکاوانەو زانستیانە بدەنەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەند کردنی زمانی منداڵ و زیادکردنی زانیاریەکانی دەربارەی دیاردەکانی ژیان و فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەیان.

٢- منداڵ پێویستیەکی زۆری بە ئەمن و ئاسایش و دڵنیایی و بڕوا بەخۆبوون هەیە، گومانیشی تێدانیە یەکەم کەسی خۆشەویست و دڵسۆز کە بتوانێت ئەو پێداویستیە دەروونیانە بۆ منداڵ دابین بکات دایك و باوکە، ئینجا ئەگەر باوك و دایك کاتێکی دیاری کراو بۆ منداڵەکانیان تەرخان نەکەن و هەر خەریکی کاروباری دەرەوەی خێزان بن، ئەوا بێگومان منداڵەکانیان لەو پێداویستیە دەروونیانە بێبەش دەبن و بەردەوام بوونی ئەو حاڵەتەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەلێن و دەلاقەو درز بکەوێتە باری دەروونی و کەسایەتی منداڵانی ئەو جۆرە دایك و باوکانە.

٣- باوك و دایکی بەڕێز هەوڵبدە ئەو کاتەی کە بۆ منداڵەکانت تەرخان دەکەیت، لەڕێگەیەوە منداڵەکانت بەکەرەستەو کەل و پەلەکانی ناوماڵ و کۆڵان و ژینگەکەت ئاشنا بکە، واتە ناوی شتەکان و ئەرك و فەرمان و ڕەنگ و جۆرەکانیانی فێر بکە، بۆ نموونە منداڵێکی (٤)، (٥) ساڵانت لەماڵەوە هەیە، هەوڵبدە فێری ئەرك و سوودو قازانجەکانی

(سەلاجە، تەلەفزیۆن، فێنك كەرەوە، ڕیكۆردەر، كارەبا، گڵۆپ، پەنجەرە، دەرگا، تەلەفۆن، قاپ و قاچاغ، دەرزی و دروومان، پێخەف، ڕاخەر، ... تاد)بكە، كە ئەوەش سوودیكی زۆری بۆ منداڵ دەبێت، بەتایبەتیش كاتێك كە دەچێتە قوتابخانە، سەرەڕای ئەوەش باس كردنی گرنگی ئەو شتانە زۆر پرسیارو تێبینی لەلای منداڵ دروست دەكات، كە دووباره تۆش وەڵامی دەدەیتەوە، گفت و گۆو مشت و مڕیكی زۆر دروست دەكات، كە سەرجەم ئەو چالاكیانەش دەبێتە هۆی فراوانكردنی ئاسۆی بیركردنەوەی منداڵ و گەشەكردنی عەقلی.

٤- زۆر پێویستە جار ناجارێك دایك و باوك منداڵەكانیان لەگەڵ خۆیان بۆ دەرەوەی خێزان بەرن چونكە كاتێك باوك لەگەڵ خۆی منداڵەكەی بۆ (باخچە، كتێبخانە، مۆزەخانە، باخچەی ئاژەڵان، دوكان و بازاڕ، قوتابخانە، باخچەی گشتی، كارگەو فەرمانگە ... تاد) دەبات، بێگومان منداڵ شارەزای ئەو جێگاو شوێنانە دەبێت و بەكارمەندو خەڵك و كەرەستەو ئامێرو كەل و پەلەكانی ئەو جێگایانە ئاشنا دەبێت و سەرەڕای ئەوەش زۆر پرسیاری دەربارەیان لەلا دروست دەبێت و باوكیشی هەندێك زانیاری دەداتێ، كە بەم سەردان و گەڕانەش زانیاریەكی زۆری دەست دەكەوێت و لەداهاتوو سوودی لێ وەردەگرێت، بەمەش شارەزای ژینگەو هەندێك لەدیاردەو دامەزراوە كۆمەلایەتیەكانی دەبێت.

٥- باوك دەتوانێت زۆر چەمكی زانستی (بارستایی، كێش، كات، گەورە، بچووك، نیوە، سەرەوە، خوارەوە، لاتەنیشت، ڕاست، چەپ، بازنە، چوارگۆشە، ... تاد) فێری منداڵەكانی (پێش چوونە قوتابخانەیان) بكات، بێگومان ئەمەش سوودی زۆری بۆ ئەو منداڵانە دەبێت كاتێك كە دەچنە قوتابخانە، بۆنموونە باوك دەتوانێت كەرەستەو كەل و پەلەكانی ناوماڵ بۆ ئەو مەبەستە بەكاربهێنێ، بۆ منداڵەكەی ڕوون بكاتەوە كە ئەم سەلاجەیە گەورەترە لە تەلەفزیۆنەكە، ئەم كورسییە شینە بچووكترە لەو كورسییە سوورە، ئەم كەوچكە درێژترە لەو چەقۆیە، ئەم كتێبە ئەستوورترە لەو گۆڤارە، ئەم پەتە باریك

تره لەو حەبلە یان گوریسە، یان ڕەنگی ئەو قاپە شینە بەلام ڕەنگی ئەمەیان سپیە. ئەم سێوەت بۆ دەکەم بە دوو لەتەوە، دەتۆش ئەو نانەم بۆ بکە بە دوو لەتی وەك یەکەوە، یان پێی بلێ ئەو قاپە گەورەم بۆ بهێنە یان ئەو پەرداخە بچووکە لەوێ دانێ یان . یان .. تاد.

کەواتە تەرخان کردنی کاتی باوك و دایك بۆ منداڵ قازانجی زۆر بە منداڵ دەگەیەنێ و زۆر پێویستە کە هەموو باوك و دایکێك چەند کاتێکی دیاری کراو لەهەفتەدا بۆ منداڵەکانیان تەرخان بکەن و هەوڵیش بدەن ئەو کاتانە بەباشترین شێوە بقۆزنەوەو بۆ پەروەردەو فێرکردنی منداڵەکانیان بەکاری بهێنن.

ئەوە ماوە بڵێین، کە هەر لە منداڵی، منداڵ پێویستی بە دایك و باوکی نییە بەڵکو لە هەموو قۆناغەکانی تری ژیانیش هەر پێویستی پێیان هەیە، بۆ نموونە لەقۆناغی هەرزەکاریش، هەرزەکار زۆر پێویستی بە دایك و باوك هەیەو دەیەوێت زانیاری پێویستی دەربارەی گیروگرفتەکانی قۆناغی هەرزەکاری دەست بکەوێت و لەگەڵیاندا بکەوێتە گفت و گۆو باسی دڵ و دەروون و ویستی خۆی بکات. بەلام بەداخەوە زۆر لەدایك و باوکانی ئێمە هیچ گرنگیەکی ئەوتۆ بە منداڵەکانیان نادەن و وەك پێویست کاتی دیاری کراو بۆ منداڵ و هەرزەکارەکانیان تەرخان ناکەن و زۆربەی کات سەرقاڵی نیش و کاری دەرەوەی خێزانن و کاتێکیش بۆ ماڵ دەگەڕێنەوە هیلاك و ماندوون و تواناو بواری ئەوەیان نیە کە کاتێکی دیاریکراو بۆ منداڵ و هەرزەکارەکانیان تەرخان بکەن، بەمەش زیانێکی گەورە بەگەشەکردنی دەروونی و عەقڵی منداڵ دەگات.

تاوانی باوك، قوربانی منداڵ

سەرجەم زاناو ڕۆشنبیران جەخت لەسەر قۆناغی منداڵی بەگشتی و پێنج ساڵی یەکەم بەتایبەتی دەکەن و بەقۆناغێکی ناسك و گرنگی لە قەڵەم دەدەن، لەبەرئەوەی زۆربەی خاسیەت و ڕووداوە گرنگەکان تیایدا سەرهەڵدەدەن، یەکەم دامەزراوی کۆمەڵایەتیش کە ڕۆڵی گرنگ و ترسناکی لە ژیانی منداڵدا هەیە، خێزانە، خێزان یەکەم قوتابخانەیە کە منداڵ فێری وانەکانی ژیان دەکات، دایك و باوکیش یەکەم مامۆستای ئەو قوتابخانەیەن، ئینجا ئەگەر دایك و باوك بەڕۆڵی سەرەکی خۆیان هەڵنەستان و لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا کەمتەرخەم بوون، ئەوا مەترسی زۆر ڕووبەڕووی ئەو جۆرە منداڵانە دەبنەوەو بەزیانی خێزان و کۆمەڵ تەواو دەبێت. ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە کەمتەرخەمی و نەزانی هەندێك باوکە، کە دەبنە هۆی لادان و سەرەڕۆیی منداڵەکانیان، بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر باوکی نەزان و کەمتەرخەم هەن کە بەهیچ شێوەیەك سیفاتەکانی باوکایەتیان تێدا نیەو هیچ شتێکیش دەربارەی پەروەردەو مافەکانی منداڵ نازانن و بەڕۆڵی پێویستی خۆیان هەڵناستن، کەئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەیەك لەمنداڵەکانیان تووشی تاوان و لاساری ببن.

ئالێرەدا پرسیارێك قووت دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە، دەبێت کامیان سزا بدرێت، ئەو باوکە نەزان و کەمتەرخەمە بەرپرسیارە یان منداڵەکانی؟ گومانی تێدا نیە وەڵامی زۆربەی مافپەروەرو یاساناسی لای خۆمان ئەوەیە کە منداڵەکە تاوانبارە، لەبەرئەوەی ئەو دزی یان تاوانەکەی بەئاکام گەیاندووە. لەڕاستیدا ئەو مافپەروەرو یاساناسەش مافی خۆیانە کە ئەو وەڵامە بدەنەوە چونکە ئەوان بەپێی ئەو یاسایەی لای خۆمان کێشەکان تاووتوێ دەکەن و بڕیاری خۆیان دەدەن، چونکە بەپێی یاسای مێردمنداڵان، ئەو مێردمنداڵە تاوانبار دەکرێت کە تاوانەکەی بەئاکام گەیاندووە، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی زانستیانە لەو کێشانە بکۆڵینەوەو زانیاری تەواو دەربارەی ژیان و گوزەران و مێژووی ئەو مێردمنداڵە تاوانبارانە کۆ بکرێتەوە، ئەو کاتە دەردەکەوێت کە ئەو مێردمنداڵانە قۆچی قوربانی

بەردەستی هەندێك باوك و دایکی نەزان و کەمتەرخەمن و ئەوان بەرپرسیارن لەلادان و سەرەڕۆیی منداڵەکانیان، کەواتە (حەق) وایە ئەو دایك و باوکە نەزان و کەمتەرخەمانە پەلکێشی دادگا بکرێن و ئەوان ڕەوانەی بەندیخانە بکرێن، نەك منداڵێکی (١٠)، (١٢) دە دوانزە ساڵان.

بەڵام بەداخەوە یاساکانی لای خۆمان لەزۆر لایەنەوە کەم وکورتی تێدایەو هەندێکیان لەگەڵ گیانی سەردەم و گۆڕانکاریەکانیدا ناگونجێن، کەواتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەڕێگەی وەزارەتی دادەوە چاوێك بەو حاڵەتانەدا بخشێنن کە منداڵ و مێردمنداڵان بوونەتە قوربانی نەزانی و کەمتەرخەمی هەندێك لەدایکان و باوکان، چونکە حکومەت لە هەموو وڵاتانی جیهاندا باوکی دووهەمەو ئەگەر باوکی یەکەم نەیتوانی منداڵەکانی پەروەردە بکات، ئەوا مافی باوکی دووهەمە کە سەرپەرشتی ئەو جۆرە منداڵانە بکات و بەرگری لە مافەکانیان بکات تەنانەت مادەکانی (٢٠) و (٢١) لەڕێککەتنامەی مافەکانی منداڵ جەخت لەسەر ئەوە دەکات.

واتە کاتێك باوك ژنەکەی تەڵاق دەدات و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی ژنێکی تر دەهێنێتەوەو منداڵەکانی بەرەڵا دەکات، یان خۆی بەرپرسیاریەتی بەخێوکردنی منداڵەکانی دەداتە دەست دام و دەزگاو کەسانی ترو منداڵەکانی بەرەڵای سەرجادەو کۆڵانەکان دەکات یان بەردەوام لێدان و توندوتیژی لەتەك منداڵەکانیدا بەکاردەهێنێ ئەوا مافی حکومەتە کە بەپێی یاسا پارێزگاری لەو جۆرە منداڵانە بکات و سزای ئەو کەسانەش بدات (ئەگەر باوکیش بێت) کە بوونەتە هۆی لادان و سەرکێشی، ئەگینا هەندێك دایك و باوکی نەزان و کەمتەرخەم ساڵانە دەیەها بگرە سەدەها منداڵی شەڕانگێزو درۆزن و تاوانبارو نەخۆش بۆ کۆمەڵ بەرهەم دەهێنن و بەوەش زیانی گەورە بەجەستەی کۆمەڵ و دام و دەزگاکانی دەگات. ئەوە ماوە بڵێم خۆزگە لەسەدەی بیست و یەك منداڵانی کوردیش وەك منداڵانی زۆربەی گەلانی دونیا مافەکانی دەپارێزرا، خۆزگە.

هەست کردن بەجوانی و چۆنیەتی گەشە پێکردنی لەقۆناغی منداڵی

هەست کردن بەجوانی بەشێکی گرنگی کەسایەتی مرۆڤەو پێداویستیەکی دەروونیشەو نەبوونی کەم و کورتی و دەلاقە دەخاتە کەسایەتی مرۆڤەوە، لەبەرئەو گرنگیەی (هەست کردن بەجوانی) زۆر پێویستە هەر لەمنداڵیەوە لەناو خێزان و قوتابخانە ژینگەو بارودۆخی گونجاو بۆ گەشەکردنی بخولقێنین. هەست کردن بەجوانی وەك پێداویستیەك ڕەگ و ڕیشەی لەقولایی مێژوودایەو هەر لەکۆنەوە مرۆڤ هەستی بەگرنگی ئەم پێداویستیە کردووە. وێنەو نیگاری ناو ئەشکەوتەکان و هەلکۆڵینی داروبەردو دروستکردنی گۆزەو دیزەو کەرەستەکانی ناوماڵ و پێداویستیەکانی ڕۆژانە گەواهی ئەو ڕاستیە دەدەن کە مرۆڤ لەدێر زەمانەوە گرنگی بەو پێداویستیە داوەو هەوڵی تێرکردنی داوە.

خودای گەورە جوانەو جوانیشی خۆش دەوێت، کۆئەندامی دەماری ناوەندی مرۆڤیش (مێشك) حەز بە بینینی شتی جوان و بیستنی دەنگی خۆش و ڕێك و پێك و بۆنی خۆش و تام کردنی شتی نایاب دەکات. بەبینینی و بیستنی شتی ناڕێك و ناخۆش بێزار دەبێت. ئەمەش مانای ئەوەیە کە پێداویستی (هەست کردن و تام و چێژ وەرگرتن لەجوانی) بنەمای دەروونی و فسیۆلۆژی خۆی هەیەو دەتوانین لەڕێگەی پەروەردەو فێرکردنەوە گەشەی پێبکەین.

<u>دایك و باوك و مامۆستاو کەسانی چواردەوری منداڵ، دەتوانن لەڕێگەی ئەم خالانەی خوارەوە گەشە بە پێداویستی (هەست کردن بەجوانی) لەلای منداڵەکانیان بکەن و تۆوی خۆشەویستی و هەست کردن بەجوانی لەناخ و دڵ و دەروونیاندا بچێنن:-</u>

١- زۆر پێویستە هەر لەمنداڵیەوە منداڵ لەسەر ڕێك خستنی ناوماڵ و جوان دانانی کەل و پەلەکانی خۆی و بەڕێزدانانی شتەکانی ناوماڵ و چواردەوری ڕابهێندرێت، بۆئەوەی لەڕێگەی ئەو چالاکیانەوە تۆوی (هەست کردن بەجوانی لەناخیدا بچەسپێندرێت).

٢- دەبێت هەر لە منداڵیەوە منداڵ لەسەر پاك و خاوێنی و خۆشتن و پرچ داهێنان و ڕێك خستن و گونجاندنی جل و بەرگەکانی و خۆشکردنی بۆنی خۆی هانبدرێت و بەردەوامیش لەسەر ئەو چالاکیانە پاداشت بکرێت و هانبدرێت.

٣- زۆر گرنگە منداڵ و هەرزەکار لەسەر کاری دەستکردو سەردانی مۆزەخانەو پێشانگا هونەرییەکان و بینینی شانۆگەری و گوێگرتن لەمۆسیقاو دەنگی باڵندە دەنگ خۆشەکان هانبدرێت، چونکە ئەو چالاکیانە دەبنە هۆی گەشە پێکردنی توانای تام و چێژ وەرگرتن لەشتە جوانەکان.

٤- پێویستە دایك و باوك و مامۆستاو کەسانی چواردەوری منداڵ بەردەوام گرنگی بەکارو چالاکی سەرنج ڕاکێش و ڕازاندنەوەی ناوماڵ و ڕێکخستنی قوتابخانەو گەڕەك و فەرمانگەکان بدەن. بۆئەوەی ببن بە نموونەی جوان و سەرنج ڕاکێش بۆ منداڵ و هەرزەکارەکانیان و ئەمانیش لاساییان بکەنەوەو وەك گەورەکان گرنگی بەجوانی و ڕازاندنەوەو ڕێك خستنی شتەکان بدەن.

٥- نابێت ناوماڵ و قوتابخانەو گەڕەك و دام و دەزگاکانی تر پیس و ناڕێك بن. بەڵکو دەبێت گرنگیان پێ بدرێن و بەپاك و خاوێنی و ڕێك و پێکی ڕابگیرێن. بۆئەوەی منداڵ و هەرزەکار تام و چێژو خۆشی لەبینینیان وەربگرن و لاساییان بکەنەوە.

٦- زۆر گرنگە منداڵ لەسەر کۆکردنەوەی پەپوولەو گوڵ و وێنەو شتی جوان و ڕەنگاو ڕەنگ ڕابهێندرێت و ئەلبومیان بۆ دروست بکات.

چەپەڵی و نارێكی وەك خوویەكی خراپ

منداڵان هەر لەمنداڵیەوە بەشێوەیەكی گشتی بێ سەرو بەرەن و پیس و چەپەڵ و نارێكن لەكارەكانیاندا، لەبەرئەوەی پاك و خاوێنی و رێك و پێكی رەوشت خوویەكی وەرگیراوەو مرۆڤ لەناو خێزان و كۆمەڵەكەیدا فێری دەبێت و بۆماوەو خۆرسك نییە، لەبەرئەوە هەموو منداڵانی جیهان لەسەرەتای ژیانیانەوە هیچ جۆرە رەفتارو خوویەكی رێك و پێك و دروستیان وەك ئێمەی گەورە دەمانەوێت نییەو زۆر دەگمەنە رەچاوی ئەو پێوەرو سیستمانە بكەن كە ئێمەی گەورە دامان ناوەو دەمانەوێت هەموو لایەك پابەندی بن. لەبەرئەوە دەبینین زۆربەی منداڵەكانمان بەشێوەیەكی گشتی گرنگی بەجل و بەرگ و پاك و خاوێنی و رێك خستنی كەل و پەلەكانی ناوماڵ نادەن و بەپێچەوانەوە پیس و پۆخڵن و زۆر نارێك و بێ سەرو بەرەن و هەموو كەل و پەلەكانیان لەناو ماڵدا بڵاو دەكەنەوە.

هۆكارەكان:-

بێگومان هیچ هەڵس و كەوت و رەفتارێكی خراپ و نابەجێ بەبێ پاڵنەرو هۆكار نییە، بەڵكو لەدوای هەموو رەفتارو خوویەكی نابەجێوە ژمارەیەك فاكتەرو هۆكاری دەروونی و كۆمەڵایەتی هەن. لەگرنگترین ئەو هۆكارانەش كە دەبنە هۆی گەشەپێكردن و پتەوكردنی چەپەڵی و نارێكی و بێ سەرو بەرەیی منداڵ ئەمانەی لای خوارەوەن:-

توڕەیی و حەزكردن بەسەربەخۆیی:-

زۆرجار چەپەڵی و نارێكی لەئەنجامی تووڕەبوون و نارەزایی و یاخی بوونی منداڵ و هەرزەكارەوەیە، واتە كاتێك دایك و باوك و مامۆستاو كەسانی چواردەوری منداڵ و هەرزەكار بەزۆری دەست دەخەنە ناو كاروباری منداڵ و هەرزەكارەكانیان و بواری

سەربەخۆییان بۆ نارەخسێنن و بەزۆری جەخت دەکەنە سەر پاك و خاوێنی و ڕێك و پێکی، ئالەم کاتانەدا ژمارەیەك لە منداڵ و هەرزەکارەکانیان تووڕەدەبن و ئەو داواکاری و دەست خستنە ناو کاروبارانەیان ڕەت دەکەنەوەو بە پێچەوانەی حەزوو ئارەزووی گەورەکانیان ڕەفتار دەکەن، ئەویش وەك خۆدەرخستن و سەلماندنی خودی خۆیان، ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە دەیانەوێت سەربەخۆیی خۆیان هەبێت و نایانەوێت ببنە پاشکۆی کەسانی تر، پێویستە ئێمەی گەورەش ڕێزی ئەو ویستەیان بگرین و لەسەر سەربەخۆیی و بڕوا بەخۆبوونیان هانیان بدەین و هەمووکات بەبێ هۆو پاساو دەست نەخەینە ناو کاروباریانەوە، چونکە سەپاندنی ڕاوبۆچوون دەبێتەهۆی ئەوەی کە منداڵان و هەرزەکاران بەدوای تۆڵەسەندنەوەو یاخی بووندا بگەڕێن، یەکێکیش لەو شێوازانە پەنا بردنە بۆ شکاندنی پێوەرەکان و پابەندنەبوون بەداواکاری و ڕێسای گەورەکان و ڕەت کردنەوەی پاك و خاوێنی و ڕێك و پێکی، بەمەبەستی تووڕەکردن و بێزارکردنی گەورەکان.

ڕەتکردنەوەی هەست کردن بەلێپرسراویەتی:-

هەندێك جار منداڵ لەئەنجامی نازداری و پشت گوێ خستنەوە بەزۆری پشت بەدایك و باوك و کەسانی نزیکیان دەبەستن و فێری سەربەخۆیی و پشت بەستن بەخۆیان نابن، لەبەرئەوەی بەردەوام بۆ پاك و خاوێنی دەم و چاوو جل و بەرگ و ڕێك خستنی کەل و پەلەکانی ناوماڵ و قوتابخانە پشت بە دایك و باوك دەبەستن و خۆیان بەوکارە هەڵناستن، لەبەرئەوە بەردەوام دەبینین کەل و پەل و جل و بەرگەکانیان لەناو ماڵ و ژوورەکاندا بڵاو کراونەتەوەو هیچ ڕێك و پێکیەك لەناو ژوورەکانیاندا نییەو گرنگیەکی ئەوتۆش بەخۆڕازاندنەوەو پاك و خاوێنی خۆیان نادەن و بە پێچەوانەشەوە تام و چێژو خۆشی لەنارێکی و پیس و چەپەڵی و بێ سەروبەرەیی وەردەگرن.

کەمی یان نەبوونی شارەزایی و زانیاری دەربارەی ڕێک و پێکی و پاک و خاوێنی:-

زۆرجار منداڵ بۆیە ناڕێک و پیس و چەپەڵە، لەبەرئەوەی هیچ کات لەناو خێزان و قوتابخانە فێری ڕەفتاری ڕێک و پێکی نەکراوەو سوودو قازانجەکانی پاک و خاوێنی بۆ ڕوون نەکراوەتەوە، بە پێچەوانەشەوە هەندێک جار لەناو خێزان و ژینگەیەکدا پەروەردەو گەورەبووە، کە هەمووی بێ سەرەو بەرەو ناڕێکیەو ئەو جێگایەی تیایدا پەروەردە بووە بەهیچ شێوەیەك گرنگی بە پاك و خاوێنی و ڕێك وپێکی نادات و ئەو ڕەفتارانەی وەك بەهایەکی گرنگ لەدڵ و دەروونی منداڵەکاندا نەچاندووە. سەرەڕای ئەوەش دایك و باوك و مامۆستاو کەسانی چواردەوریان نموونەو پێشەوای سەرکەوتوو نین و زۆربەیان گرنگیەکی ئەوتۆ بە پاك و خاوێنی و ڕێك و پێکی نادەن، لەبەرئەوە منداڵەکانیشیان وەك پێویست ئەو بەهاو ڕەفتاری پاك و خاوێنی و ڕێك وپێکیە لەناخ و دڵ و دەروونیاندا گەشە ناکەن و لەژیانی ڕۆژانەیاندا هیچ گرنگیەکی ئەوتۆیان پێنادەن. کەواتە کاتێك منداڵ لەلایەن کەسانی نزیکیەوە لەسەر پاك و خاوێنی و ڕێك خستنی کەل و پەلەکانی ناوماڵ و کاروچالاکیەکانی خۆی هان و پاداشت ناکرێت، ئەوا پاڵنەرو حەزوو ئارەزووی فێربوونی ئەو ڕەفتارانەی لەلا دروست نابێت. سەرەڕای ئەوەش هەندێك منداڵ کەم و کورتی لەلایەنی زیرەکی و زانین و چاوتێبڕین و ووردبوونەوەو بەراووردکردن و سەرنج دانیاندا هەیەو لەئەنجامی ئەو کەم و کورتیانەوە فێری ئەو ڕەفتارە نابن و لەماناو سوودو قازانجەکانیان ناگەن.

لەبەرئەوە زۆر گرنگە سوودوو قازانجەکانی ڕێك خستن و پاك و خاوێنی بۆ منداڵ ڕوون بکرێتەوەو ئەوەی تێبگەیەندرێت کە ئەگەر کەل و پەلەکانی ناوماڵ و کاروچالاکیەکانی ڕێك و پێك نەبن ئەوا زۆر بەزەحمەت ئەو شتەی کە دەیانەوێ بۆیان دەدۆزرێتەوەو سەرەڕای ئەوەش دەبێت کاتی زۆر لەژیانیان بۆ دۆزینەوەو دووبارە ڕێك خستنەوەی ئەو کەل و پەل و کارو چالاکییە ناڕێکانە بەفیڕۆ بدەن، هەروەها دەبێت دایك و باوك و کەسانی چواردەوری نموونەی پاك و خاوێنی و ڕێك و پێکی بن.

چۆنێتی خۆپاراستن:-

پێویستە لەڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە منداڵ و هەرزەکارەکانمان لەپیس و چەپەڵی و ناڕێکی و بێ سەرو بەرەیی بپارێزین. بۆئەوەی ئەو ڕەفتارە وەک پێویست لەلایان گەشە بکات-

ڕاهێنانی بەردەوام:-

پێویستە هەر لە منداڵییەوە منداڵەکانمان لەسەر پاک و خاوێنی و ڕێک خستنی کەل و پەلەکان و گونجاندنی کارو چالاکیەکان ڕابهێنین. واتە منداڵ لەدوای تەمەنی دوو ساڵیەوە ئامادەباشی ئەوەی هەیە کە فێری هەندێک لە پرانسیپە سادەو ساکارەکانی پاک و خاوێنی و ڕێک خستن بکرێت واتە دەتوانین منداڵەکانمان فێری ئەوە بکەین کە هەرچ کاتێک لەیاریکردن بوونەوە، ئەوا دەبێت یارییەکانیان کۆبکەنەوەوە بەڕێک و پێکی لەجێگاکانی خۆیان دایان بنێن، هەروەها کاتێک لەقوتابخانە گەڕانەوە ئەوا دەبێت جل و بەرگەکان و کتێب و پەراوەکانی قوتابخانەیان لەشوێنی تایبەتی خۆیان دابنێن، هەروەها پێش نان خواردن و دوای چوونە سەرئاوو پێشاو دەست و دەم و چاویان بەئاوو سابوون بشۆن.

کەواتە دەبێت هەر لەمنداڵیەوە خوو ڕەفتاری ڕێک خستن و پاک و خاوێنی لەڕێگەی کارو چالاکی جۆراوجۆرەوە، لەدڵ و دەروونیاندا بچەسپێندرێت. لەلایەکی ترەوە دایک و باوک دەتوانن منداڵەکانیان لەسەر شوشتنی قاپ و قاچاغ و جل و بەرگ و وشک کردنەوەو هەڵخستن و دانانیان لەشوێنی تایبەتی خۆیان و گسک لێدان و پاک و خاوێنی کەل و پەلەکانی ناوماڵ و ڕێک خستنی ژوورو کەل وپەلە تایبەتیەکانی خۆیان ڕابهێنن و بەردەوام پاداشت و هاتیشیان بدەن. هەروەها زۆر پێویستە منداڵ فێر بکرێت، بۆئەوەی جیاوازی لەنێوان جل و بەرگی یاریکردن و جل و بەرگی گەڕان و قوتابخانە بکات، واتە

كارێكی ئاساییە كە لە كاتی یاریكرن و هەڵبەزو دابەزو خۆخشاندن و وێنەكردن و وەرزش، جل و بەرگی یاریكردنی پیس و پەڵە پەڵە بكات، بەڵام دەبێت زۆر ئاگاداری ڕێك خستن و پاك و خاوێنی جل وبەرگی دەرەوەو گەڕان و قوتابخانەی ببێت، بۆئەوەی مامۆستاو هاوڕێ و كەسانی تر بەچاوی ڕێزو خۆشەویستی سەیری بكەن و بە پیس و چە پەڵی لەقەڵەم نەدەن. سەرەڕای ئەوەش لەسەر قژوپرچ داهێنان و داخستنی دووگمەی كراس و پانتۆڵ و بەستنی پشتێن و ڕێك خستنی جلەكانی بەری ڕابهێندرێت، بۆئەوەی تووشی گیروگرفتی كۆمەڵایەتی نەبێت.

دەبێت منداڵ فێر بكرێت كە گرنگی بەكەسانی تر بدات:-

زۆر گرنگە بەردەوام بەئاكام گەیاندنی ڕەفتاری ڕێك و پێكی و پاراستنی پاك و خاوێنی بەبازیكردن و دڵخۆشكردنی كەسانی ترەوە پەیوەست بكرێت. واتە دەبێت منداڵ و هەرزەكار بگەنە ئەو بڕوایەی كە پاك و خاوێنی و ڕێك خستنی كەل و پەلەكانی خۆی و ئاوماڵ دەبنە مایەی دڵخۆشی و كامەرانی دایك و باوك و مامۆستاو كەسانی تری چواردەوری، بەڵام پیس و پۆخلی و ناڕێكی و بێ سەرەو بەرەیی دەبنە مایەی بێزاری و دڵ ڕەنجاندنیان. هەرچ كاتێك منداڵ ئەو هەست و سۆزو بڕوایەی لەلا دروست بوو ئەو كاتە هەر لە منداڵیەوە گرنگی بەپاك و خاوێنی خۆی دەدات و كەل و پەل و چالاكی و كارەكانی خۆی ڕێك و پێك دەكات، بۆئەوەی دڵی دایك وباوك و كەسانی چواردەوری ڕازی بكات. بێگومان تەنها دروست بوونی ئەو هەست و سۆزو بیروباوەڕە زامنی سەركەوتنی ئەو كارانە نین، بەڵكو دەبێت لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی نێوان منداڵ و هەرزەكارو دایك و باوك و گەورەكانیان خۆش بێت و لەسەر بنەمایەكی پتەو بونیاد نرابێت و منداڵ هەست بەسۆزو خۆشەویستی و ڕێزگرتنیان بكات، ئەو كاتە منداڵ پەنا بۆ پاك و خاوێنی و ڕێك و پێكی دەبات، بۆئەوەی ئەو ڕێزگرتن و سۆزو خۆشەویستیەیان لەدەست نەچێت. لەلایەكی تریشەوە دەبێت دایك و باوك نموونەی باش بن و كاتێكی دیاریكراو بۆ یاریكردن و

ئامۆژگاری و کارکردن لەگەڵ منداڵەکانیان تەرخان بکەن و منداڵەکان ئەو هەستەیان لەلا دروست ببێت کە باوک و دایکیان گرنگیان پێدەدەن و گوێ لەڕاو بۆچوونەکانیان دەگرن، بێگومان لەم کاتانەدا بەئاسانی منداڵەکان گوێڕایەڵی دایک و باوک و گەورەکانیان دەبن و گرنگی بە پاک و خاوێنی دەدەن.

چارەسەرکردن:-

کاتێک منداڵ لەقۆناغی خۆپاراستن دەردەچێت و تووشی پەتاو دەردی پیس و چەپەڵی و نارێکی و بێ سەرەو بەرەیی دەبێت، ئەوا دەبێت هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت و لەو گرفتە رزگار بکرێت. ئەم خاڵانەی خوارەوە زۆر گرنگن بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەو گەڕاندنەوەی منداڵ بۆ دۆخی ئاسایی:-

هاندان و پاداشت کردن:-

پێویستە بەردەوام منداڵانی پیس و چەپەڵ و نارێک لەسەر کاری پاک و خاوێن و رێک و پێک پاداشت بکرێن. واتە دەبێت ئەو جۆرە منداڵانە هانبدرێن و فێری پاک و رێک و پێکی بکرێن، ئینجا هەرچ کاتێک منداڵەکان کارێکی باشیان کردو داواکارییەکانی دایک و باوک و مامۆستاکانیان جێبەجێکرد، ئەوا دەبێت پاداشت بکرێن، ئیتر پاداشت چەندەها جۆری هەیە لەوانە (سوپاس، ئافەرین، دەست خۆش، ماچ کردن، لەباوەش گرتن، پارە پێدان، کڕینی دیاری، زیادکردنی خەرجی رۆژانەی، چوونە دەرەوەو گەڕان، سواربوونی پاسکیل، یاریکردن ... هتد). پێویستە دایک و باوک و مامۆستا بزانن منداڵ حەز بە چ جۆرە پاداشتێک دەکات، چونکە هەندێک منداڵ حەز بە یاریکردن ودیاری دەکەن بەڵام هەندێکی تر حەز بە پارە دەکەن، کەواتە زانینی حەزوو ئارەزووی منداڵ زۆر پێویستن و گرنگە بۆ دیاریکردنی جۆری دیاری و پاداشتەکان.

دیاریكردنی خراپیەكانی پیس و چەپەڵی و ناڕێكی و باشیەكانی پاك و خاوێنی و ڕێك وپێكی:-

دەبێت دایك و باوك ومامۆستا خراپی و زیانەكانی پیس و چەپەڵی بۆ منداڵ ڕوون بكەنەوەو لەهەمان كاتیشدا جۆری ڕەفتارو كات و شوێنی كارەكان بۆمنداڵ ڕوون بكرێتەوەو داوای لێ بكرێت كە جێبەجێیان بكات، واتە دەبێت هەنگاو بەهەنگاو ئەو منداڵانە فێر بكەین كە چۆن ژوورەكانی خۆیان ڕێك دەخەن و لەچ كات و شوێنێك یاری و كەل وپەلەكانی خۆی دادەنێت و بەچ شێوەیەك ڕیزیان دەكات. دەبێت دوای جێبەجێكردنی هەرچ هەنگاوێك پاداشت بكرێت. هەروەها هەندێك جار پێویست دەكات كە ئێمە لەبەرچاوی منداڵ و هەرزەكارەكانمان كارەكان بەڕێك و پێكی بكەین و كەل وپەلەكان لەجێگاو شوێنی تایبەتی خۆیان دایان بنێین، ئینجا دوای ئەوە داوا لەمنداڵ و هەرزەكارەكان بكەین كە لاسایی ئێمە بكەنەوەو چیمان كردووە، ئەوانیش وا بكەن.

نووسینی ئەرك و فەرمانەكان و پاداشتەكان لەسەر خشتەیەك:-

هەندێك جار پێویست بەئەوە دەكات كە ئێمەی گەورە لەسەر تەختە ڕەش و كارتۆنێك داواكاریەكانی خۆمان بنووسین لەوانە (دەبێت پێش نان خواردن دەست و دەم و چاوی خۆت بشۆیت، یان دەبێت دوای هاتنەوە لەقوتابخانە جل و بەرگ و كەل و پەلەكانت لەشوێنی تایبەتی خۆیان دابنێیت، یان دەبێت هەموو ڕۆژێك كاتژمێر چواری دوای نیوەڕۆ ژوورەكەی خۆت خاوێن بكەیتەوە، یان دەبێت هەموو سێ ڕۆژ جارێك لە زستان و ڕۆژ نارۆژێك لەهاوین خۆت بشۆیت .. هتد). ئینجا هەرچ كاتێك ئەو كارانەی بەشێوەیەكی ڕێك و پێك بەئەنجام گەیاند ئەوا دەبێت پاداشت بكرێت تا دوای چەند جار دووبارەكردنەوە دەبێتە بەبەشێك لە كەسایەتی و وەك خوویەكی لێدێت و ئیتر پێویستی بەپاداشت كردن نابێت.

کەواتە ئەگەر بمانەوێت منداڵەکانمان پاك و خاوێن ورێك و پێك بن، ئەوا دەبێت پێش هەموو کەس ئێمە خۆمان پاك و خاوێن و رێك و پێك بین، سەرەرای ئەوەش رێزی منداڵەکانمان بگرین و لەسۆزو خۆشەویستی پێویست بێبەشیان نەکەین و لەسەر پاك و خاوێنی و رێك خستنی کەل و پەلەکانی خۆیان و ناوماڵ هانیان بدەین و شێوازی گونجاو بۆ فێربوونیان بەکاربهێنین و نابێت لەگەڵ ئەو منداڵانەی کەپیس و چەپەڵ و نارێکن توندو تیژ بین، چونکە لێدان و توندو تیژی ئەو جۆرە رەفتارو خووە خراپانە بەهێزتر دەکەن، بەڵکو دەبێت بەپێچەوانەوە لەگەڵیان بەبەزەیی و خۆراگربین و هەوڵی چاندنی تۆوی پاك و خاوێنی و رێك و پێکی لەدڵ و دەروونیاندا بدەین، بۆئەوەی لەو رەفتارە خراپە رزگاریان بکەین (شێفرو میلمان، ٢٠٠١،ص ٥٧ – ٦٧).

کات و بەفیڕۆدانی

کات بەشێکی گرنگی ژیانمانەو وەک هەموو دیاردەکانی تر کاریگەری خۆی لەسەر چارەنووس و ڕێچکەی ژیانمان هەیەو پشت گوێ خستن و بەفیڕۆدانی زیانێکی گەورە بە کەسایەتیمان دەگەیەنێت. وەک چۆن بڕی خوێن لەناو لەشمان و بڕی ئاوو ئۆکسجین لەناو گەردووندا دیاریکراوە. بەهەمان شێوەش بڕی کات و ماوەکەی دیاریکراوو سنووردارە لەبەرئەوەی هەموو بوونەوەرەکان و دیاردە سروشتیەکان تەمەنێکی دیاریکراویان هەیە، واتە ماوەیەکی دیاریکراو دەژین. ئینجا ئەگەر ئەو کات و ماوە دیاریکراوە بۆ کارو چالاکی سوودبەخش تەرخان نەکرا، ئەوا ئەو کاتە بەفیڕۆ دەڕوات و وەک پێویست سوودی لێ وەرناگیرێت. لای هەموومان ئاشکرایە کە تەمەنی مرۆڤ دیاریکراوەو هەرکەسەو ماوەیەکی دیاریکراو (کەم یان زۆر) دەژی و دوای ئەوە ماڵئاوایی لەم ژیانە دەکات، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە زۆربەی زۆرمان سوودمان لەو کات و تەمەنەمان وەرنەگرتووەو زۆرجاریش بەفیڕۆمان داوەو بەکارو چالاکی بێ سوودو بگرە زیان بەخشیش بەسەرمان بردووە.

ڕێزگرتن یان ڕێزنەگرتنی کات خاسیەت و ڕەفتارێکە مرۆڤ هەر لەمنداڵیەوە لەناو خێزان و کۆمەڵەکەی فێری دەبێت و بۆماوە نییەو لەگەڵ منداڵ لەدایک نابێت، کەواتە ئەگەر بمانەوێت ئەو خەسڵەت و ڕەفتارە لەناو دڵ و دەروونی منداڵەکانمان بچەسپێنین ئەوا دەبێت لەناو خێزان و کۆمەڵ و دام و دەزگاکانی تری بوارو ژینگەی گونجاو بۆ گەشەسەندنی بخولقێنین و منداڵەکانمان بەگرنگی کات و ڕێزگرتنی ئاشنا بکەین.

بەشێوەیەکی گشتی منداڵان لەسەرەتای ژیانەوە هیچ گرنگیەکی ئەوتۆ بەکات نادەن و نرخیشی نازانن، نەک لەبەرئەوەی کات بێ نرخە، بەڵکو لەبەرئەوەی لەماناو چەمکی (مفهوم)ی کات نەگەیشتوون. واتە منداڵ لەقۆناغی پێنج ساڵی یەکەم و پێش چوونە قوتابخانەی وەک ئێمەی گەورە لەماناو گرنگی کات ناگات. ڕاستە منداڵی پێنج ساڵان، مانگ و ساڵ دەزانێت و توانای یادکردنەوەی جەژنی لەدایک بوون و ڕۆژو مانگ و ساڵەکەی

هەیە، بەڵام هێشتا لەماهیەت و مانای ڕاستەقینەی کات تێناگات و زۆرجار بەفیڕۆی دەدات.

بەڵام وەك دەرئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، منداڵ لەتەمەنی دە (١٠) ساڵیدا تارادەیەکی باش لەمانای کات تێدەگات و پێش بینی ئەوەی لێدەکرێت کە زۆرجار ڕێزی کات بگرێت و پابەندی بێت (شیفر و میلمان، ٢٠٠١، ص٧٠). لەبەرئەوە زۆر گرنگە دایك و باوك و مامۆستا ئەو ڕاستیە بزانن و ئاگاداری منداڵەکانیان بن و هەر لەتەمەنی هەشت نۆ ساڵیەوە ڕێنماییان بکەن و لەسەر ڕێزگرتنی کات و بەفیڕۆ نەدانیان هانیان بدەن. ئەگەر هەندێك جاریش پابەندی کات نەبوون دەبێت کارێکی ئاسایی بێت و نابێت ئازارو سزایان بدەن. بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت لەگەڵیان خۆڕاگرو بە ئارام بین و گرنگی و بەنرخی کاتیان بۆ ڕوون بکەینەوەو ئەوەیان تێبگەیەنین کە ڕێزگرتنی کات و بەفیڕۆ نەدانی زامنی سەرکەوتنن و دەبنەهۆی بەختەوەربیان لەژیان.

ئینجا لێرەدا پرسیارێك خۆی قووت دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە بۆچی ژمارەیەکی زۆر لە منداڵ و هەرزەکار و گەورەکانمان ڕێزی کات ناگرن و ئەو تەمەنە کەم و بەنرخەی خۆیان بەفیڕۆ دەدەن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت ئاماژە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە بکەین کە فاکتەری سەرەکین و پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێن کە ڕێزی کات نەگرن و بەفیڕۆی بدەن:-

ململانێی دەروونی:-

هەندێك جار ململانێی دەروونی و بگرەو بەردەی نێوان دایك و باوك و منداڵ و هەرزەکارەکانیان فاکتەری سەرەکی ڕێزنەگرتنی کاتن. گوتەیەك هەیەو دەڵێن (چەند فشارو پاڵنان و پاڵەپەستۆی دایك و باوك و مامۆستا لەسەر منداڵ و هەرزەکار زۆربێت ئەوەندە کشانەوەو خۆدزینەوەی منداڵ و هەرزەکار زیاتر دەبێت). واتە کاتێك منداڵ و هەرزەکار ئەو هەستەیان لەلا دروست دەبێت کەوا خەریکە سەربەخۆیی خۆیان لەدەست

دەدەن و فشاری زۆریان لەسەرە، ئەوا پەنا بۆ زۆر شێواز دەبەن، یەکێک لەو شێوازانە قۆستنەوەو بەکارهێنانی کاتە وەك چەك و ئامرازێك بۆ خۆ سەپاندن و بێزارکردنی دایك و باوکیان و تۆڵەسەندنەوە لێیان و یاخی بوون، چونکە دەزانێت باوك و دایکیان بە پشت گوێ خستن و دواخستنی کارەکانیان و بەفیڕۆدانی کات بێزارو دڵتەنگ دەبن.

دوورکەوتنەوەو ڕاکردن لەشتی ناخۆش:-

واتە کاتێك کارو چالاکییەك دەبێتە هۆی بێزار کردن و دروست کردنی خەم و خەفەت، ئەوا منداڵ و هەرزەکار هەوڵدەدەن لەدەستیان ڕابکەن و خوو بدەنە تەمبەڵی و خۆدزینەوەو دواخستنی کارەکەو بەجێنەگەیاندنی و بەفیڕۆدانی کات. بۆ نموونە کاتێك منداڵ و هەرزەکار لەقوتابخانە بێزار دەبن و حەز بە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ناکەن، ئەوا بەیانیان خۆیان دەکەن بە نووستوو لە هەمان کاتیشدا دەیدەنە تەمبەڵی و جێبەجێ نەکردنی ئەرکەکانی قوتابخانەو دواخستنیان و بەفیڕۆ دانی کاتی خۆیان بە چالاکی بێسوودەوە، هەروەها کاتێك بێزارو دڵتەنگ دەبن، هەست بە نەڕۆیشتنی کات و قورس دەکەن و کات بەدوژمنی خۆیان دەزانن. جاری وا هەیە ئەو کارو چالاکیە قورس و ناخۆشە، لەبەرئەوە خۆیان دوا دەخەن و بەشتی لاوەکیەوە خۆیان خەریك دەکەن بۆئەوەی ڕووبەڕووی ئەو کارو چالاکیە نەبنەوەو لەدەستی ڕابکەن.

بێ نرخی کات:-

ئەوەی جێگەی داخە تاوەکو ئێستا کات لەلای ئێمە وەکو پێویست گرنگی خۆی پێنەدراوەو بە پێچەوانەشەوە هەندێك جار بەچاوی سووکیش سەیری کراوە. بۆ نموونە زۆر کەم ئێمەی گەورە لەکاتی سەردان و هات و چوو ڕاپەڕاندنی کارەکانمان پابەندی کات بووین و بەردەوام پێشێلی کات دەکەین و لەکات و شوێنی خۆیدا کارەکانمان بە ئەنجام ناگەیەنین و سەردانی کەس و کارو دۆست و برادەرەکانمان و کاروچالاکیەکانمان جێبەجێ

ناکەین. ئەوەش زیاتر بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە تا ئێستا کات لەلای ئێمە نەبووە بەکێشەو کەلتورو کۆمەڵگەکەمان گرنگی خۆی پێنادات. لەبەرئەوە کارێکی ئاساییە کە منداڵ و هەرزەکارو گەورەکانمان ڕێزی کات نەگرن و ماوەیەکی زۆری تەمەنی خۆیان بەقسەکردنی سەرپێی و هات و چۆی بێسوودو کاروچالاکی لابەلا بەسەر دەبەن. ئینجا ئەگەر بمانەوێت ڕێزی کات بگرین و نرخی خۆی بدەینێ، ئەوا دەبێت منداڵەکانمان لەسەر ڕۆتینی کارو چالاکییەکانی ڕۆژانە (نان خواردن، جل و بەرگ لەبەرکردن، جێبەجێکردنی ئەرك و چالاکیەکانی قوتابخانە، کارکردن، پاك و خاوێنی، یاریکردن، ... هتد) ڕابهێنین و کاتی دیاریکراویان بۆ تەرخان بکەین.

پێشبینە هەڵەکانی دایك و باوك:-

زۆربەی دایك و باوك زانیاری تەواویان دەربارەی چەمکی کات نییەو وا دەزانن دەبێت منداڵ هەر لەتەمەنی چوار پێنج ساڵانەوە ڕێزی کات بگرێ و کاروچالاکییەکان لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکات، لەبەرئەوە فشارو پاڵەپەستۆ دەخەنە سەریان، منداڵەکانیش لەبەرئەوەی هێشتا بەتەواوی گەشەیان نەکردووەو لەمانای کات تێناگەن و گرنگی نازانن، بۆیە دەکەونە ململانێ و کێشەو دروست کردنی ناخۆشی. لەبەرئەوە پێویستە دایك و باوك خۆڕاگر بن و پەلە لە منداڵەکانیان نەکەن، بەڵکو ڕێنمایی پێویستیان بکەن تا بەتەواوی لەدوای تەمەنی (١٠) دە ساڵیەوە لەمانای کات دەگەن.

جیاوازی ئاکایەتی نێوان منداڵان:-

دەبێت ئێمەی گەورە ئەو ڕاستیە بزانین کە هەموو منداڵەکانمان وەك یەك نین و هەندێك منداڵ زۆر دەجووڵێن و بەخێرایی کارەکانیان بەئەنجام دەگەیەنن بەڵام هەندێکی تر هەر بە سروشتی خۆیان کەم جووڵەو سستن و کارەکان زۆر بەخاوی جێبەجێ دەکەن. ئەوەی زیاتریش کێشەکە ئاڵۆز دەکات ئەوەیە کە دایك و باوك و مامۆستا لەجۆری

چالاك و زۆر جووڵە بن، بەڵام منداڵ و قوتابییەكان لەجۆری سست و لەسەرخۆ بن، كەواتە دەبێت لەو حاڵەتانەدا دایك و باوك و مامۆستا خۆڕاگرو بەئارام بن و زۆر لەمنداڵەكان نەكەن بۆئەوەی وەڵامدانەوەی خراپیان نەبێت.

نموونەو پێشەوای خراپ:-

كوردەواری خۆمان دەڵێت (گەورە ئاو دەڕێژێ و بچووك پێی لێدەخشێنێت) واتە گەورەو نموونەكان، كە دایك و باوك و مامۆستاو خوشك و برای گەورەن، دەبێت پێش هەموو كەس پابەندی كات بن و ڕێزی بگرن و بەفیڕۆی نەدەن، بۆئەوەی ببن بە نموونەو پێشەوای سەركەوتوو بۆ بچووكەكانیان، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە زۆربەی گەورەكان پابەندی كات نابن و كاروچالاكیەكانیان لەكاتی خۆیدا جێبەجێ ناكەن و ڕێزی كات ناگرن و زۆرجار بەكاروچالاكی بێ سوودەوە بەفیڕۆیان دەدەن، لەبەرئەوە منداڵەكانیان وەك پێویست ڕێزی كات ناگرن و وەك گەورەكانیان بەفیڕۆی دەدەن.

خۆپاراستن و چارەسەر:-

بێگومان خۆپاراستن زۆر زۆر باشترە لە چارەسەركردن، واتە ئێمەی گەورە (دایك وباوك و مامۆستاو كەسانی تری چواردەوری منداڵ) دەبێت بە هەموو شێوەیەك لەو هۆكارو فاكتەرانە دووربكەوینەوە كەوا لە منداڵ دەكەن كات بەفیڕۆ بدەن و ڕێزی نەگرن، بەڵكو بە پێچەوانەوە دەبێت ژینگەو بارودۆخی گونجاو بۆ گەشەسەندنی بڕەخسێندرێت.

ئینجا بۆ پەرەپێدانی ڕێزگرتنی كات و بەفیڕۆنەدانی دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بكەین:-

١- منداڵەکەت فێربکە کە چۆن سوود لە کات وەربگرێت و خۆشت نموونەیەکی باشبە:-

منداڵ چۆن لەناو خێزان و کۆمەڵ فێری بکەیت، ئاوا بەو شێوەیە لەکات تێدەگات و بەکاری دەهێنێ، واتە ئەگەر ئێمەی گەورە بەشێوەیەکی باش سوودمان لەکات وەرگرت و کاروبارەکانی خۆمان پێ ڕێك خستن، ئاواش منداڵ سوود لەکات وەردەگرێت و کاروچالاکییەکانی خۆی پێ ڕێك دەخات. زۆر گرنگە منداڵ هەر لەتەمەنێکی بچووکەوە فێری ڕۆتینی کاروچالاکی بکرێت، واتە ئەوە بزانێت کەکاتی دیاریکراو بۆیاریکردن هەیەو دەبێت بە هەمان شێوەش بەپێی خشتەیەك کاتەکانی خۆی بەسەر چالاکییەکانی تردا دابەش بکات لەوانە (خوێندن و نووسین، سەیرکردنی تەلەفزیۆن، گەڕان و چوونە دەرەوە ... هتد).

لەلایەکی تریشەوە دەبێت ئێمەی گەورە بەپراکتیك و لەبەرچاوی منداڵ و قوتابیەکانمان ڕێزی کات بگرین و بەفیڕۆیان نەدەین، لەهەمان کاتیشدا زۆر ڕستەو دەستەواژە هەیە نابێت لەبەرچاوی منداڵەکانمان بەکاریان بهێنین، لەبەرئەوەی بۆنی تەمبەڵی و کات بەفیڕۆ دانیان لیدێت، لەوانە (ئەمڕۆ ناتوانم بەیانی جێبەجێی دەکەم، پەلە مەکە خۆ لەدەستت ڕاناکات، لێی گەڕێ بۆ کاتێکی تر، ... هتد) بەپێچەوانەوە دەبێت خۆمان و منداڵەکانمان لەسەر ئەوە ڕابهێنین کەکاری ئەمڕۆ نەخەینە سبەینێ و ئەو چالاکیانەی کە پێویست و گرنگن دەبێت لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت و نەهێڵین ئەو کاتە بەنرخەی هەمانە بەبێ سوود بڕوات. پێویستە منداڵ فێری ڕێك خستن و بەش بەشکردنی کارو چالاکییەکان بکرێت. واتە دەبێت ئەو کاروچالاکییانەی کە زۆر گرنگن یەکەمجار جێبەجێ بکرێت دوای ئەوە کارە گرنگەکان هەروەها ئەو کارانەی کە زۆرو ئاڵۆزن دەبێت بەش بەش بکرێن و هەرجارەی یەکێکیان جێبەجێ بکرێت.

بێگومان ئەو بەش کردنە وا لەمنداڵ دەکات کە لەئیش و چالاکی قورس بێزار نەبێت و لەدەستیان ڕانەکات. زۆر گرنگە منداڵ لە ئە نجامی بەفیڕۆدانی کاتەوە بەسزای سروشتی خۆی بگات و باجەکەی بدات بۆئەوەی پەندی لێ وەربگرێت و جارێکی تر دووبارەی نەکاتەوە. بۆ نموونە ئەگەر لە قوتابخانە دواکەوت ئەوە نەهێڵدرێت بچێتە ژوورەوە یان ئەگەر ئەرك و فەرمانەکانی قوتابخانەی جێبەجێ نەکرد ئەوا نمرەی نەدرێتێ یان لەکاتی خۆیدا ئامادە نەبوو لەیاری و چالاکیەکە بێبەش بکرێت. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر لەکاتی خۆیدا وئامادەبوو وە کاروچالاکیەکانی جێبەجێ کرد ئەوا پاداشت بکرێت و ڕێزی بگیرێت بۆئەوەی لەسەری بەردەوام بێت و لەداهاتوودا دووبارەیان بکاتەوە.

٢- پەیوەست کردنی ڕێزگرتنی کات بەخۆشەویستی و ڕێزگرتنی کەسانی ترەوە:-

زۆر گرنگە هەر لەمنداڵیەوە ڕێزگرتنی کات بە خۆشەویستی و ڕێزگرتنی کەسانی ترەوە پەیوەست بکرێت. واتەمنداڵ ئەو هەست و سۆزەی لەلا دروست ببێت کە ئەگەر ڕێزی کات نەگرێت ئەوا کەسانی چواردەور ڕێزی ناگرن و خۆشیان ناوێت و دوور نیە لێیان بڕە نجێت. بەلام ئەگەر لەکاتی خۆیدا کاروچالاکیەکانمان بەئاکام گەیاند. ئەوا کەسانی چواردەورمان ئێمەیان خۆش دەوێت و ڕێزمان دەگرن.

٣- ڕاهێنانی منداڵ لەسەر بەئاگاهاتن و جێبەجێ کردنی کاروچالاکیەکان:-

دەبێت هەوڵبدرێت لەڕێگەی زەنگ و کاتژمێرو بانگ کردنەوە لەکاتی خۆیدا بەیانیان منداڵان بەئاگا بهێنین. واتە ئەگەر منداڵێکمان هەبوو تەمبەڵ بوو یان درەنگ لەخەو هەڵدەستا. ئەوا دەبێت لەڕێگەی کاتژمێری بەزەنگ لەکاتی خۆیدا بەئاگابهێندرێت بۆئەوەی لەخەو هەڵبستێت یان کارەکەی جێبەجێ بکات. ئینجا دوای چەند جارێك پێویستی بەزەنگ و بانگ کردن نابێت و خۆی لەکاتی خۆیدا یەکسەر بەئاگادێت یان کارەکەی جێ بەجێ دەکات. هەروەها دەبێت هەوڵی کەمکردنەوەی ماوەی کارکردنی

منداڵەکان بدرێت، بۆ نموونە منداڵی وا هەیە کاتێکی زۆر بە خۆڕازاندنەوە و جل و بەرگ لەبەرکردن و نان خواردن بەسەردەبات ئینجا دەبێت چارەسەری ئەو جۆرە منداڵانە بکرێت و فێری ئەوە بکرێت کە ماوەیەکی کەمتر بۆ ئەو کارانە تەرخان بکات، ئەگەر جاران (٢٥) خولەك خەریکی خۆڕازاندنەوە بووە دەبێت فێر بکرێت بۆئەوەی بیکات بە (٢٠) خولەك دوای ماوەیەکی تر بیکاتە (١٥) خولەك، بەهەمان شێوە بۆ کاروچالاکییەکانی تر. ئینجا دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی کاتی راپەراندنی کاروچالاکییەکان پاداشت بکرێت بۆئەوەی بەردەوام دووبارەیان بکاتەوەو دوای چەند جارێك ببن بەبەشێك لەڕەوشت و کەسایەتی.

٤- خۆشکردن و ئاسانکردنی کاروچالاکییەکان:-

زۆر پێویستە کاروچالاکییەکانی ناوماڵ و قوتابخانە لەلای منداڵ خۆش و ئاسان بکرێت، بۆئەوەی لەکاتی خۆیدا جێبەجێیان بکات و لەدەستیان رانەکات، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە هەندێك لەدایکان و باوکان و مامۆستایان کاروچالاکیەکانی ناوماڵ و قوتابخانە لەلای منداڵ زۆر قورس و زەحمەت و ناخۆش دەکەن و ڕەچاوی تەمەن و شارەزایی و توانای منداڵ ناکەن، کە بێگومان ئەوەش دەبێتە هۆی بێزارکردنی منداڵ و راکردن لێیان و دواخستنیان و جێبەجێنەکردنیان کە بێگومان سەرجەم ئەوانە دەبنەهۆی بەفیڕۆدانی کات و خۆدزینەوە لەو جۆرە کاروچالاکیانە.

منداڵ چۆن خۆی لەناوێنەی خێزانەکەیدا دەبینێتەوە؟

هەستکردن بەگوناه

ڕووداوو مەترسیەکانی ناو ماڵ

منداڵ و هەرزەکار چۆن لە پەیوەندیەکان و شێوازی پەروەردەکردن دەگەن ؟

منداڵ و دیموکراسیەت

منداڵی خۆپەرست

باری دەروونی منداڵی نەخۆش

منداڵ چۆن خۆی لەناوێنەی خێزانەکەیدا دەبینێتەوە؟

خودو کەسایەتی منداڵ لەناوێنەی خێزانیدا دەبینرێت، واتە کاتێك خێزان بەچاوی سووك سەیری منداڵ دەکات، ئەوا زۆر ئاساییە ئەو جۆرە منداڵە دوای ماوەیەك بۆچوونیکی وای لەلا دروست ببێت کە ئەو کەسێکی سووك و بێ نرخە، ئەگەر منداڵ لەناو خێزان سووکایەتی پێ بکرێت و لەسۆزو خۆشەویستی دایك و باوك و کەسانی چواردەوری بێبەش بێت، ئەوا دوور نییەو کارێکی دروستە کە بۆچوونیکی وای لەلا دروست بێت کە ئەو کەسێکی پشت گوێ خراوو بێزراوە. ئەگەر بەردەوام بە منداڵ بگوترێت تۆ نەزان و گەمژەو دەبەنگی، ئەوا دوور نییە ئەو منداڵە بگاتە ئەو بڕوایەی کە کەسێکی نەزان و گەمژەو دەبەنگەو دوای ئەوە وەك کەسێکی نەزان و گەمژەو دەبەنگ هەڵس و کەوت بکات هەروەها کاتێك منداڵ بە کەسێکی شەڕانگێز و دەست درێژی کار تاوانبار دەکرێت و بەردەوام سووکایەتی پێ دەکرێ، گومانی تێدا نییە کە بەچاوێکی نائاسایی سەیری خۆی دەکات و خۆی بەکەسێکی شەڕخواز لەقەڵەم دەدات. بەکورتی خودی منداڵ و باری دەروونیەکەی ڕەنگدانەوەی ئەو خێزان و کۆمەڵەن کە تیایدا دەژین.

ئینجا ئەگەر منداڵ لەچوار پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنی ژیانی، ژینگەو بارودۆخی گونجاوی بۆ نەخوڵقا ئەوا گومانی تێدا نیە کە تووشی زۆر گرفت و کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبێت. یەکێك لەو گرفتە دەروونیانە هەڵس و کەوت و جووڵەی عەسەبیانەو ڕەفتاری نائاساییە لەوانە (شان جووڵاندنی بەردەوام، چاوترووکاندنی نائاسایی، سەرجووڵاندن بەم لاو ئەولا، زۆر گریان، تووڕەبوون، دەم و لێو جووڵان، نینۆك قرتاندن، پرچ ڕاکێشان، زۆر جووڵە کردن و نوقرە نەگرتن، گازگرتن ... تاد) کە سەرجەم ئەو ڕەفتارانە نیشانەن کە ئەو جۆرە منداڵانە گرفت و ئەندێشەیان هەیەو باری دەروونیان ئاسایی نییە. ئینجا ئەگەر بمانەوێت منداڵەکانمان تووشی ئەو ڕەفتارو هەڵس و کەوتانە نەبن ئەوا زۆر پێویستە کە لەناو خێزان و قوتابخانە هەست بە ئارامی و دڵنیایی و ئاسایش و خۆشەویستی بکەن و ئەو بڕوایەیان لەلا دروست ببێت کە کەسێکی خۆشەویستن و

ڕێزیان دەگیرێ و هیچیان لەکەسانی تر کەمتر نییەو خێزان و قوتابخانە بەبەشێک لەژیانی خۆیان بزانن.

بەلام بەداخەوە لەئەنجامی نەزانی و نەخوێندەواری و هەژاری و لێک ترازانی شیرازەی هەندێک خێزان، ژمارەیەکی زۆر لەمندالەکانمان لەسۆزو خۆشەویستی و ڕێزگرتن و ئاسایش و دلنیایی بێبەش بوون و بەناچاری ملی ڕێگای کۆلان و شەقامەکانیان گرتووەو مالئاواییان لە ژیانی خوێندن کردووە، یان لەناو خێزان بەهەلە پەروەردە دەکرێن و دایک و باوک یان لەسۆزو خۆشەویستیدا نقومیان دەکەن و ئازدار بەخێویان دەکەن یان زۆر توندوتیژو بێ بەزەییانە مامەلەیان لەگەل دەکەن، یان پەرەلایان کردوون و لێیان ناپرسنەوە بەوەش زیانێکی گەورە لە ژمارەیەکی زۆری مندالانمان کەوتووەو ئەگەر فریایان نەکەوین چارەنووسیان دەکەوێتە مەترسیەوە.

هەست کردن بەگوناهو شەرمەزاری

مرۆڤ پێویستە گیانی هەست کردن بەگوناهی لەلا هەبێت و بەشێک بێت لەکەسایەتی، بەپێی تیۆرییەکەی فروید کەسایەتی مرۆڤ لەسێ بەشی سەرەکی پێک دێت کە ئەوانیش ئەو (ID)، من (ego)، منی بالا (super ego)ن منی بالاش لەدوو بەش پێک دێت کە یەکێکیان منی نموونەییە (الانا المثالیة) ئەوی تریشیان ویژدانە (الضمیر). بێگومان هەست کردن بەگوناهو شەرمەزاری یەکێکە لە چالاکی و ئەرکەکانی ویژدان. واتە کاتێک مرۆڤ هەڵەیەک یان کارێکی نابەجێ دەکات و سەرپێچی داب و نەریت و یاساکان دەکات، ئەوا ویژدان سەرزەنشتی دەکات و تووشی هەست کردن بەگوناهو شەرمەزاری دەکات. تاوەکوو ئێرە کارەکە ئاساییەو بەشێکە لەسروشتی مرۆڤایەتی، بەڵام ئەوەی کە ئاسایی نییە ئەوەیە کە هەر لەمنداڵییەوە تۆوی هەست کردن بەگوناهو شەرمەزاری لەناخی منداڵدا بچێنرێت و لەسەر بچووکترین هەڵەو کاری ناسایی، ویژدانی ئازاری بدات و هەست و سۆزێکی نائاسایی لەلا دروست ببێت، کە ئەو کەسێکی خراپ و گوناهبارەو بەردەوام هەست بەکەمی و خەم و خەفەت بکات. واتە لەحاڵەتە ئاساییەکەی خۆی دەردەچێت و دەبێت بەگرێیەکی دەروونی و بەردەوام کێشەو گرفت بۆ خاوەنەکەی دروست دەکات.

لەڕاستیدا دروست بوون و گەشەکردنی ویژدان پەیوەندی بەلاساییکردنەوەو وەرگرتنی بەهاو ئاکارەکانی دایک و باوکەوە هەیە. ویژدان لە ئەنجامی هەڕەشەو ئامۆژگاری و سزادانی دایک و کەسانی نزیکی منداڵەوە دروست دەبێت. واتە لە سێ چوار ساڵی یەکەم بەردەوام دایک وباوک بە منداڵەکانیان دەڵێن (درۆمەکەن، دزی مەکەن، خراپە مەکەن، جنێومەدەن، قسەی ناشیرین بەکەس مەڵێن، ... تاد) کە لە ئەنجامی ئەو هەموو (وامەکەو ئەوە مەکەو ئەوە عەیبەو ... تاد) وردە وردە ویژدان دروست دەبێت و دوای ماوەیەک دەبێت بە هێزێکی ناوەکی و لەجیاتی دایک و باوک و هێزی دەرەکی سزاو سەرزەنشتی منداڵ دەکات.

ئینجا ئەگەر بێت و شێوازی پەروەردەكردنی دایك و باوك هەڵە بێت و بەردەوام لەسەر بچووكترین شت سزای منداڵ بدەن و سووكایەتی پێبكەن و هەڵەكانی بۆ گەورە بكەن و جەخت لەسەر خاڵە لاوازەكانی بكەن، هەردەم وای تێبگەیەنن كە ئەو كەسێكی خراپ و خاوەن هەڵەیە، ئەوا بێگومان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تۆوی هەست كردن بە گوناهو شەرمەزاری لەناخیدا دەچێنن و ویژدانێكی زۆر بەهێزو داپڵۆسێنەری لەلا دروست دەكەن، كە بەردەوام سەركووتی خاوەنەكەی دەكات و ئازاری دەدات و تووشی گرژی و دڵەڕاوكێی دەكات، كە بەداخەوە زۆرجار ئەو بارە دەروونی و گرژییە دەبێت بەپاڵنەرو لەڕێچكەی ئاسایی لایدەدات ئیتر یان تووشی گرێی دەروونی و گۆشەگیری و دوورەپەرێزی یان تووشی لادان و سەرەڕۆیی دەكات، كە هەموویان خراپن و زیان بەكەسایەتی و باری دەروونی خاوەنەكەی دەگەیەنن. ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەو دەرئە نجامەی كە فشار خستنە سەر منداڵ و حەرام كردنی زۆربەی شتەكان لێی و گەورەكردنی هەڵەكانی و واتێگەیاندنی كە ئەو كاری خراپ دەكات و لەڕێگەی ڕاست لایداوە، زیانی گەورە بەباری دەروونی منداڵ دەگەیەنێ و تووشی كۆمەڵێك گرفت و كێشەی دەروونی و كۆمەڵایەتی دەكات.

كەواتە ئەركی هەموو دایك و باوك و مامۆستایەكە كە ببن بە نموونەی باش بۆ منداڵەكانیان و هەڵەكانیان بۆ گەورە نەكەن و لەسەر هەڵس و كەوتەكان سووكایەتیان پێنەكەن، بەڵكو لەڕێگەی دیالۆك و گفت و گۆوە كارو هەڵس و كەوتە هەڵەكانیان بۆ ڕاست بكەنەوەو ئامۆژگاری و ڕێنمایی پێویستیان بكەن چونكە جیهانی منداڵ جیهانێكی پاك و بێگەردەو زۆر لەو شتانەی ئێمە بە هەڵەو گوناهیان دادەنێین، ئەوان ماناشی نازانن و بەو شێوەیەی ئێمە لێی تێدەگەین ئەوان لێی تێناگەن.

ڕووداو و مەترسیەكانی ناوماڵ بۆ منداڵ

ناوماڵ لەبەرئەوەی بۆ هەموو كەسە، بەگەورەو بچووكەوە، لەبەرئەوە بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت وای لێبكرێت كە هیچ مەترسیەكی بۆ منداڵ تێدانەبێت. بۆیە بەردەوام لەهەندێك ماڵ كارەسات و ڕووداوی دڵتەزێن ڕوودەدات و ژیانی منداڵەكانیان دەكەوێتە مەترسیەوە.

بۆئەوەی لەڕووداوو مەترسیەكانی ناوماڵ كەم بكەینەوە، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بكەین:-

١- دوورخستنەوەی ئەو شتانەی كە مەترسیان بۆ منداڵ هەیە.
٢- دوورخستنەوەی منداڵ لەو شوێن و بارودۆخانەی كە ترسناكن.
پێویستە ئەو شتانەی كە منداڵ مامەڵەیان لەگەڵ دەكات بێ مەترسی بن (پامیلامنت، ١٩٨٩، ص٤٢٨).

١- ئەو شتانەی كە مەترسیان بۆ منداڵ هەیە:-

(بەنزین، نەوت، شقارتە، چەقۆ، مووس و گوێزان، مقەست، ژەهر، تەقەمەنی، فاس و مەوادی پاككردنەوەو كیمیاوی، گوێزو فستق، پارچەی یاری و شتی بچووك) زۆربەی زۆری ئەو شتانە بۆ ژیانی منداڵ مەترسیدارن، لەبەرئەوەی منداڵی ساڵە وەختە، بەتایبەتیش شیرەخۆرە، هەرچیەكی بكەوێتە بەردەست دەیخاتە دەمیەوە، سەرەڕای ئەوەش منداڵ لەسەرەتای ژیانیدا هێشتا بەتەواوی لەلایەنی ژیرییەوە گەشەی نەكردووەو، زیانی زۆر لەو شتانەی سەرەوە نازانێت، لەبەرئەوە دوورنییە نەزانێت بەكاریان بهێنێ، یان بەهەڵە بەكاریان بهێنێ و دواجار زیانی گەورە بەخۆی و چواردەورەكەشی بگەیەنێت.

۲- دوورخستنەوەی منداڵ لەو شوێن و بارودۆخانەی کە ترسناک و مەترسیدارن :

کاتێک منداڵ خەریکە پێ دەگرێت و گاگۆلکە دەکات و لەتەمەنێکی بچووکدایە پێویستە ئاگاداری بین و لە قادرمەو پێ پلیکانەو ژووری چێشتخانە، سۆپاو هیتەرو ئامێری ئوتووکردن، کەل و پەلی کارەبایی و ساج و پەرمێز، دووری بخەینەوە لەبەرئەوەی شارەزایی و کارامەیی و توانای خۆپاراستنی لەو شتە مەترسیدارو بارودۆخە ترسناکانە نییە.

چیبکەین بۆئەوەی ماڵ و منداڵمان لە کارەسات و ڕووداوی ترسناک بپارێزین؟

۱- نابێت بەنزین و غازو ئەوت و شقارتەو حەب و دەرمان و گوێزان ... تاد، لەبەردەم ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە پێنج ساڵ کەمترە دابنرێت و بەئاسانی دەستیان بیانگاتێ، چونکە یاری پێدەکەن و بەکاریان دەهێنن و ژیانی خۆیان و کەسانی چواردەوریان دەخەنە مەترسیەوە.

۲- نابێت بەهیچ شێوەیەک چەک و تەقەمەنی لەبەردەستی منداڵدا دابنرێت چونکە نازانێت چەند ترسناکن و چۆن دەتەقنەوە، لەبەرئەوە دەستکاریان دەکات و دواجار کارەسات ڕوودەدات.

۳- زۆر گرنگە چەقۆو شتی تیژو کەرەستەی قاپ و قاچاغ شووشتن و مەوادی کیمیاوی لەبەردەم منداڵ دانەنرێت. لەبەرئەوەی ماسولکەو ئەندامەکانی لەشی و توانای عەقلی ئەوەندە پێنەگەیشتووە کە بتوانێت بەباشی بەکاریان بهێنێ یان لە زیانەکانیان دووربکەوێتەوە.

٤- داپۆشینی سویچ و پلاک و وایەری کارەبایی بۆئەوەی منداڵ لەزیانەکانی بپارێزرێن.

٥- دوورخستنەوەی منداڵ بەتایبەتیش (شیرەخۆر) لە هیتەرو سۆپاو ساج و پەرمیزی گەرم.

٦- منداڵ لەکاتی پێ گرتن زۆر حەز دەکات بەسەر قادرمەدا سەربکەوێ، لەبەرئەوە پێویستە لەوکاتەدا بەربەست و پەرژین بۆ قادرمەکان بکرێت بۆئەوەی منداڵی تازەپێگرتوو پیایدا سەرنەکەوێ یان ئەو منداڵانەی لەقاتی سەرەوەو سەریان دەخەون، ئەوبەدەم خەوەوە پیایدا نەیەنە خوارەوە، چونکە ژیانیان دەکەوێتە مەترسیەوە.

ڕێنمایی پێویست:-

١- نابێت سەری دەبەو تەنەکەو شووشەی بەنزین و نەوت و مەوادی کیمیاوی و پاککردنەوە لەناو ماڵدا بەکراوەیی بەجێ بهێڵدرێ، بەڵکو دەبێت دوای بەکارهێنان بەباشی دا بخرێت و لەبەردەستی منداڵیشدا دانەنرێت.

٢- پێویستە حەب و دەرمان لەشوێنی تایبەتی و دوور لەبەردەستی منداڵ هەڵبگیرێ.

٣- نابێت یاری زۆر بچووك و ئەو کەل و پەلانەی کە منداڵ دەتوانێت قووتیان بدات، لەبەردەستی دابنرێن، لەبەرئەوەی هەر شتێك بکەوێتە بەردەستی منداڵی بچکۆلە دەیخاتە دەمیەوەو دوورنیە بیخنکێنێ.

٤- پێویستە تیپ و سارغی لەوایەری کارەبای رووت بدرێن و پلاك و سویچە شکاوەکان چاك بکرێنەوەو لەو جۆرە بن کە منداڵ نەتوانێت پەنجەیان بخاتە ناوی، بۆئەوەی لەمەترسی کارەبا گرتن دوور بخرێتەوە.

٥- نابێت ئەو ژوورەی منداڵان یاری تێدا دەکەن، سۆپاو هیتەرو نوتووی داگیرساوی تێدابێت، چونکە دوورنیە بکەون بەسەریانداو زیان بەخۆیان و چواردەورەکەشیان بگەیەنن.

منداڵ و هەرزەکار چۆن لەجۆری پەیوەندییەکان و شێوازی پەروەردەی خێزانی تێدەگەن؟

منداڵ و هەرزەکار لەڕێگەی تۆڕێکی پەیوەندی ئاڵۆز بەخێزان و دەوروبەرەکەیەوە بەستراونەتەوە، ئەو تۆڕە پەیوەندیەش کاریگەری لەسەرخۆی لەسەر کەسایەتی و ڕەفتاری منداڵ و هەرزەکار هەیە. پەیوەندییەکانی ناو خێزان بریتین لە پەیوەندی نێوان (باوک و دایک، باوک و منداڵەکان، دایک و منداڵەکان، منداڵەکان لەناو خۆیاندا، باپیرو نەنك و دایك و باوك ... تاد).

ئەگەر ئەو پەیوەندییانە لەسەر بنەمای دیموکراسی و ڕێزگرتنی بەرانبەرو ڕەچاوکردنی ماف و بیروڕای یەکتری بونیاد نرابوو، ئەوا بێگومان بەقازانجی منداڵ و هەرزەکار تەواو دەبێت، بەڵام ئەگەر جۆری پەیوەندییەکان و شێوازی پەروەردەکردن لەسەر بنەماکانی دیکتاتۆریەت و کەلەگایی و چەوساندنەوەی یەکتری بونیاد نرابوو، ئەوا زەرەرو زیانێکی زۆر لە باری دەروونی منداڵ و هەرزەکار دەدەن و بەرەو سەرەڕۆیی و لادانی دەبەن، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکان زۆرن، بۆیە دەبێت ئاگامان لەسروشت و کرۆکی ئەو تۆڕی پەیوەندییەی ناو خێزان بێت، واتە ئەگەر پەیوەندی نێوان دایك و باوك باش بێت، بەڵام پەیوەندییان لەگەڵ منداڵەکان خراپ بێت، یان پەیوەندییان لەگەڵ منداڵەکان باش بێت بەڵام پەیوەندی نێوان خۆیان خراپ بێت، یان پەیوەندی نێوان خۆیان و منداڵەکانیان باش بێت، بەڵام پەیوەندی نێوان منداڵەکان خراپ بێت ئەوا هەر زەرەرو زیان بەباری دەروونی منداڵەکان دەگات، لەبەرئەوەی کەم و کوڕی و ئاڵۆزی لەناو تۆڕی پەیوەندی خێزانیدا هەیە.

لەلایەکی ترەوە ڕاستیەك هەیەو دەبێت هەموومان بیزانین ئەویش ونەوەیە دەبێت ئاگامان لەلێکدانەوەو تێگەیشتنی منداڵ و هەرزەکارەکانمان بێت بۆ ئەو جۆرە پەیوەندییانە، واتە جاری وا هەیە بەبڕواو تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئێمە جۆری

پەروەردەکردن و مامەڵەو پەیوەندییەکان ڕاست و دروستن و لەبەرژەوەندی منداڵ و هەرزەکارەکانمانن. بەڵام بەپێچەوانەوە بەبۆچوون و تێگەیشتنی منداڵ و هەرزەکارەکانمان، ئەو جۆرە پەروەردەو مامەڵەو پەیوەندییە نادروستەو دژی ڕاو بۆچوون و حەزوو ئارەزووەکانیانە .

ئەمەش زیاتر بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە لێکدانەوەو تێگەیشتنی ئێمەی گەورە جیاوازەو وەک لێکدانەوەو تێگەیشتنی منداڵ و هەرزەکارەکانمان نییە، سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیش ئەو ڕاستیەی بۆ دەرخستین کە لێکدانەوەو تێگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵ بۆ یەک دیاردە وەک یەک نین و بەجۆرەها شێواز لێکی دەدەنەوە. کە ئەویش پەیوەندە (بەباری دەروونی، جۆری کەسایەتی، توخم، تەمەن، ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ... تاد) تاکەکانی کۆمەڵ. ئینجا لەبەرئەوەی جیاوازییەکی زۆر لەو لایەنانەی سەرەوە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ و دایک و باوک و منداڵ و هەرزەکارەکاندا هەیە بۆیە جۆری بیرکردنەوەو تێگەیشتنمان بۆ دیاردەکان و جۆری پەیوەندییەکان جیاوازە.

ئەگەر بمانەوێت پەیوەندیمان لەتەک منداڵ و هەرزەکارەکانمان باش بێت و بەهەڵە لەمەبەست و بۆچوونەکانمان تێنەگەن، هەروەها منداڵ و هەرزەکارەکانمان لە گرفت و ئەخۆشییە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان دوور بن و کەسانی سوودبەخش و بەهرەمەندیان لێدەربچێت، ئەوا زۆر پێویستە جۆری پەیوەندی و مامەڵەکانمان لەسەر بنەماکانی دیموکراسی و ڕێزگرتنی ڕاو بۆچوون و کەسایەتی منداڵ و هەرزەکارەکانمان بونیاد نرابێت و بەردەوام ڕەچاوی شێوەی بیرکردنەوەو تێگەیشتنیان بکەین.

منداڵ و دیموکراسیەت

ئەگەر دیموکراسیەت بەرزکردنەوەی دروشم و قسەو گوتەی تیۆری بێت ئەوا هەموومان دیموکراسی خوازین و هیچ گیروگرفتێکمان لەگەڵ دیموکراسیەتدا نیە، بەلام ئەگەر مەبەست لە دیموکراسیەت گەوهەرو ناوەڕۆک و پراکتیك و گیانی ئەو زاراوەو چەمکە بێت، ئەوا ئەو کاتە زۆر زەحمەت دەبێت، دۆزینەوەی کەسانی دیموکراسی خوازو ئەو ڕەوشتە زۆر دەگمەن دەبێت، لەبەرئەوەی بەدرێژایی ژیانمان لەژێر دەوارو سێبەری دیکتاتۆریەتدا پەروەردەو گۆش کراوین و ئەم چەند ساڵەی دوایی نەبێت (لەگەڵ ئەو هەموو کەم و کورتییەشدا) ئەمان زانیوە ئازادی ڕادەربڕین و بیروڕای جیاوازو دەسەلاتی چوارەم و فەرمانڕەوایی زۆرینە ماناو تامی چی یە.

لەو ڕۆژەی چاومان هەڵهێناوە لەخێزان و قوتابخانەو دام و دەزگایەکی دکتاتۆری داپلۆسێنەردا پەروەردە کراوین، باوك سەرکوتی منداڵ دەکات و بواری ڕادەربڕینی ئازادی پێ نادات و نازانێت تام و چێژی گفت و گۆو ڕاگۆڕینەوە چیەو دوو هێلی ڕاست و چەپ بەسەر بەرانبەرەکەیدا دەهێنێ و ئەوەی بۆخۆی بەڕەوای دەبینێ بەکەسانی تری ڕەوا نابینێ و کەئەگایەکە بەسەر دایك و منداڵ و خوشك و خێزانەکەیەوە، ئەویش ناهەقی نیە چونکە پەروەردەی دەستی باوکێکی دکتاتۆری تر بووەو ژینگەی پڕ لە کارەسات و چەوساندنەوە، هەر مرۆڤی دکتاتۆرو تۆقێنەرو شەڕخواز بەرهەم دەهێنن، بەهەمان شێوە منداڵ لەباوکی دکتاتۆری ماڵەوەی ڕادەکات و ڕووبەڕووی مامۆستای دکتاتۆر دەبێتەوە.

کەواتە مێژووی ڕابووردوومان کارگەی بەرهەمهێنەری تاکی دکتاتۆر بووەو هەتاوەکوو سەرئێسقان گیانی دکتاتۆریەت بەناخماندا شۆڕبۆتەوەو زۆر زەحمەتە مرۆڤی دکتاتۆریش کە زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە تێکەڵ بەخوێنی بووبێ ببێت بەمرۆڤێکی دیموکراسی خواز، بەلام دەتوانرێت گیان و تۆوی دیموکراسیەت لەناخی منداڵدا بەئاسانی بچێندرێ، ئینجا ئێمەی کوردی زوڵم لێکراوو بەش خوراو ئەگەر بمانەوێت ئەفرەت لەدکتاتۆریەت

بکەین و ئەوەی دوای خۆمان بەرەو دیموکراسیەت بەرین، ئەوا زۆر پێویستە کە گۆڕانکاری لە پرۆگرام و شێوازەکانی پەروەردەکردنی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانماندا بکەین لە پێشەوەی هەموشیان (خێزان و باخچەی ساوایان و قوتابخانە).

کەواتە کاتی ئەوە هاتووە کە ڕێگە بەمنداڵ بدرێت بەئازادی یاری بکات و بەسەربەستانە بیر بکاتەوەو فێری شێوازی گفت و گۆکردن و ڕادەربڕین بکرێت و تێبگەیەندرێ کە هەموو کەس بەئازادی لەدایک دەبن و دەبێت بەئازادیش بژین و هیچ جیاوازیەکی سروشتی و ڕاستەقینە لەنێوان (هەژارو دەوڵەمەند، ڕەش و سپی، کوردو گەلانی تر، ... تاد) نیە، ئەوەی کە ئێستا هەیە دروست کراوە. هەروەها دەبێت لەخێزان و باخچەی ساوایان و قوتابخانە منداڵەکانمان فێری هاوکاری و دۆستایەتی و لێبوردن و خۆڕاگری و خۆشەویستی نیشتمان و تاکەکانی تری کۆمەڵ و مرۆڤایەتی بکەین و لەدوویەرەکی و دەمارگیری و ڕق و کینە دووریان بخەینەوە.

بەڵام ئەم کارە ئەوەندە ئاسان نیەو پێویستی بەقوربانیدان و خۆنەویستی و وئارام و خۆڕاگری و دڵسۆزی هەیەو دەبێت ئێمەی گەورەش گۆڕانکاری لەشێوازی مامەڵەو پەروەردەکردنماندا بکەین و ئەو ڕەوشت و هەڵس و کەوتانەی سەرەوە بەکردەوە بکەین و ژینگەی گونجاو بۆ گەشەکردنی گیانی دیموکراسیەت لەناخ و دڵ و دەروونی منداڵەکانماندا بڕەخسێنین، بۆئەوەی منداڵەکانیشمان وەك ئێمەی گەورە نەبن بەکەسانی دکتاتۆر و وەك ئەو باوکەیان لێ نەیەت کە یەك جۆر جل و بەرگ و یەك جۆر ڕەنگی بۆ منداڵەکانی کڕیبوو کە زیاتر لە (تەکسی) دەچوون نەك منداڵ، منداڵەکانیش بەزۆرو لەترسی هەڕەشەی باوك، دوور لەحەزی خۆیان لەبەریان کردوو لەجیاتی خۆشی و بزەی سەرلێو لە بەیانی جەژنێکی ئەم وڵاتەدا فرمێسك بەچاوە ڕەش و گەشەکانیان و بەسەر بڵوەتە سوورو ئاڵەکانیاندا دەهاتە خوارەوە.

منداڵی خۆپەرست

خۆ پەرستی (الأنانية)دیاردەو رەفتاریکە کە منداڵ لە کۆمەڵ و داوو دەزگاکانی فێری دەبێت و بەهیچ شێوەیەك بۆ ماوەو خۆرسك نییە. خۆپەرستی بە زۆر شێوازو رەفتار گوزارشتی لێدەکرێت و لە هەڵس و کەوتی منداڵدا رەنگ دەداتەوە، منداڵی خۆپەرست تەنها هەر گرنگی بەخۆی دەدات و بەرژەوەندی و حەزوو ئارەزووەکانی خۆی لە پێش بەرژەوەندی و حەزوو ئارەزووی کەسانی ترەوەیەو بەردەوام لە هەوڵی تێرکردنیانەو گوێ بە کەسانی چواردەوری نادات، واتە زۆرجار خۆشی و خۆپەرستیەکەی لەسەر ناخۆشی و دەردەسەری کەسانی تر بونیاد دەنێت و گوێ بەراو بۆچوون و بیروباوەڕی کەسانی تر نادات، بەلام ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەر چ کەسێك گوێی بەڕاو بۆچوونی کەسانی تر نەدا ئیتر خۆپەرستە، بۆ نموونە منداڵانی زۆر زیرەك و بلیمەت بەزۆری گوێ بەراوبۆچوونی کەسانی ترو هەندێك داب ونەریتی کۆمەڵایەتی نادەن و حەز بە تەنیایی و گۆشەگیری و بەدەوری خود خولانەوەدا دەکەن، بەلام جیاوازی سەرەکی ئەم جۆرە منداڵانە لەگەڵ منداڵانی خۆپەرست ئەوەیە، کە منداڵانی بلیمەت و زیرەك داهێنەرو خاوەن بەرهەمن و سوودو قازانج بە کۆمەڵگەکەیان دەگەیەنن، بە پێچەوانەی منداڵانی خۆپەرست، کە بەزۆری بە دوای بەرژەوەندی خۆیاندا وێڵن.

راستیەك هەیەو دەبێت هەموومان بیزانین، ئەویش ئەوەیە کە لە سەرەتای قۆناغی منداڵیەوە هەموو منداڵان خۆپەرستن و بەدەوری خودی خۆیاندا دەخولێنەوەو توانای رەچاوکردن و لەبەرچاوگرتنی راوبۆچوون و حەزووئارەزووی کەسانی تریان نییە و وا دەزانن ئەوان سەنتەری ئەم گەردوونەن و هەموو کەسانی تر بەچواردەوری ئەودا دەخولێنەوە، واتە منداڵ لەو بڕوایەدایە کە ئەوو جیهان و هەموو بوونەوەرەکانی تر یەك شتن و جیاوازی لە نێوانیان نییە و وا دەزانێت هەموو کەس وەك ئەو بیردەکەنەوە.

هۆكارەكان:-

ئەگەر بەوردی سەیری منداڵان بكەین، ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە زۆربەیان كەسانی كۆمەڵایەتین و هاوكاری كەسانی تر دەكەن و دەستی یارمەتی بۆ یەكتر درێژ دەكەن، بەڵام ژمارەیەكی كەمیان كەسانی خۆپەرستن و گرنگی بە كەسانی تر نادەن و تەنها هەڵپەی حەزووئارەزوو بەرژەوەندی خۆیانە.

بێگومان ئەو منداڵانەش لە ئەنجامی هۆكاری تایبەتیەوە فێری ئەو جۆرە رەفتارە بوون. دەرئەنجامی توێژینەوەكانی ئەو بوارە ئاماژە بۆ ئەم هۆكارانەی خوارەوە دەكەن كە بوون بە فاكتەر بۆ چاندنی تۆوی خۆپەرستی لە دڵ و دەروونی ئەو جۆرە منداڵانەدا:-

ترس:-

هەندێك جار ترس دەبێتە هۆی دروست كردنی خۆپەرستی، بۆ نموونە ئەو منداڵانەی كە ترسی بێزراوی و رەتكردنەوە یان بەجێهێشتن و دەركردن یان لێدان و سووكایەتی پێكردنیان هەیە، ئەوا لە ئەنجامی ئەو ترسەوە حەز بە تێكەڵاوی ناو كۆمەڵ ناكەن و لە كۆمەڵ و داوودەزگاكانی دوور دەكەونەوەو حەز بە تەنیایی و دووره پەرێزی دەكەن و دواتر بێ لە هاوكاری و بەرژەوەندی كەسانی تر ناكەنەوە، بەمەش ورده ورده دەبن بە كەسانی خۆپەرست و مشەخۆر بەسەر كۆمەڵ و كەسانی چواردەوریانەوە. واتە لە ئەنجامی ئەو ترسانەوە منداڵ تەنها بەدوای ئاسایش و سەلامەتی و دڵنیایی خۆی وێڵ دەبێت، بە بێگوێدان بە هەست و سۆزو بۆچوونی كەسانی تر. ئەمەش بە پلەی سەرەكی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە منداڵ لەناو ئەو كەسانەدا (بەتایبەتی كەسانی نزیكی) هەستی بە ئارامی و دڵنیایی و خۆشی نەكردووە، بۆیە بە هەموو شێوەیەك لێیان دوور دەكەوێتەوەو نایەوێت لێیان نزیك ببێتەوە.

نازداری:-

زۆرجار هەندێک لە دایکان و باوکان زیاد لە پێویست گرنگی بە منداڵ دەدەن و هەموو پێداویستیەکانی بۆ دابین دەکەن و بە زۆری دەیان پارێزن و هەموو داواکارییەکی بۆ جێبەجێ دەکەن. ئەم جۆرە منداڵانە لە ئەنجامی نازدارییەوە کەسایەتیەکی لاوازو قرچۆکیان دەبێت و هەست بە بەرپرسیاریەتی ناکەن و ناتوانن خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژیان بسازێنن و هەر چاویان لەدەستی دایک و باوکیانەو وا دەزانن هەر ئەوان هەن و دەبێت هەموو کەسانی تر لە خزمەتی ئەواندا بن، ئینجا لەبەر ئەوەی تاکەکانی تری کۆمەڵ بەو شێوەیەی منداڵ دەیەوێ و دایک و باوکی ڕەفتار دەکەن، هەڵس و کەوت ناکەن بۆیە منداڵ لەناویاندا حەز بە خۆشی و دڵنیایی ناکات و بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دایە کە لێیان دوور بکەوێتەوەو تەنها گرنگی بەخۆی و بەرژەوەندییەکانی دەدات و دواتر دەبێت بە کەسێکی خۆ پەرست.

هەروەها هەندێک جاریش دایک و باوک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئامۆژگاری و ڕێنمایی منداڵەکانیان دەکەن و پێیان دەڵێن: (پێویستە پارێزگاری لە ماف و بەرژەوەندییەکانتان بکەن و نەهێڵن کەس زەوتیان بکەن و ڕێگە بە کەس مەدەن بێنە سنووری بەرژەوەندییەکانتان) بەم شێوەیە ئەم جۆرە منداڵانە لەئەنجامی ئەو جۆرە ڕێنمایی و ئامۆژگارییانەی گەورەکانیانەوە، دەبن بەکەسانی خۆپەرست و بیر لە بەرژەوەندی کەسانی تر ناکەنەوە.

نەبەکامی و پێنەگەیشتن:-

هەندێک منداڵ لەئەنجامی پێنەگەیشتن و کەم و کورتی و نەبەکامیەوە، ناتوانن ڕەچاوی بەرژەوەندی و بیرو بۆچوونی کەسانی تر بکەن و پابەندی گفت و پەیمان و قسەکانی خۆیان بن. واتە کاتێک دەیانەوێت ڕەچاوی بەرژەوەندی و مافی کەسانی تر

بکەن و پێشێلیان نەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی ناتوانن لغاوو کۆنترۆڵی حەزوو ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆیان بکەن، بۆیە لە قسەو گفتەکانیان پەشیمان دەبنەوەو پێشێلی سنووری ماف و بەرژەوەندییەکانی کەسانی تر دەکەن و لە هەڵپەی تێرکردنی حەزوو ئارەزووەکانیان دەبن. واتە لە ئەنجامی کەم و کورتی و پێنەگەیشتنەوە دەبن بە کەسانی خۆپەرست و ناتوانن رەچاوی پەرژەوەندی کەسانی تر بکەن و بەرپرسیار بن لە بەرانبەر کەسانی تر. هەروەها ئەو منداڵانەش کە دواکەوتنی ژیرییان هەیە یان کەم و کورتی لە قسەکردن و فێربوونیاندا هەیە، یان گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونیان هەیە، ئەوا لە ئەنجامی ئەو کەم و کورتیانەوە دەبن بەکەسانی خۆ پەرست، لەبەر ئەوەی پێشتر فێری ئەوە نەکراون کە گرنگی بە کەسانی تر بدەن، یان پاڵنەرو حەزوو ئارەزووی گرنگی دان بەکەسانی تریان لەلا دروست نەبووە.

٤- لاسایکردنەوەی پێشەوای خراپ:-

کاتێک منداڵ لەناو خێزان و ژینگەیەکدا دەژی کە زۆربەیان کەسانی خۆپەرستن و زۆر بەکەمی گرنگی بە کەسانی تر دەدەن و گیانی هاوکاری کردن لەناویاندا لاوازە، بێگومان ئەمیش لاسایی گەورەکانی دەکاتەوەو لەوانەوە فێری خۆپەرستی و گرنگی نەدان بە کەسانی تر دەبێت.

خۆپاراستن:-

بۆ ئەوەی منداڵەکانمان لە خۆ پەرستی و گۆشەگیری دوور بخەینەوە دەبێت لەناو خێزان و قوتابخانەو داوو دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی تر، ژینگەی لەبارو گونجاو بۆ گەشەسەندنی گیانی هاوکاری و پێکەوە ژیان بخولقێنین. ئەم هەنگاو و خاڵانەی خوارەوە زامنی دوور خستنەوەی منداڵن لە خۆ پەرستی:-

١- هەست کردن بە ڕێزگرتنی خود لە ناخی منداڵەکەتدا گەشە پێبکە:-

باشترین بەربەست بۆ ڕێگەگرتن لە دروست بوونی خۆپەرستی ئەوەیە، کە یارمەتی منداڵەکەت بدەی بۆ ئەوەی هەست بە بوون و تواناو لێهاتوویی خۆی بکات و بە چاوی گومان و دوو دڵی سەیری خودی خۆی نەکات، لەبەر ئەوەی ئەو منداڵانەی لە خۆیان ڕازین و بڕوایان بە تواناکانی خۆیان هەیەو هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکەن، ئەوا گرنگی بە بەرژەوەندی و ڕاوبۆچوونی کەسانی تر دەدەن و هەست بە کەمی ناکەن و لەناو کۆمەڵدا هەست بە ئارامی و بڕوا بەخۆبوون دەکەن، لەبەر ئەوە پێویستیان بە ڕاکردن و دوور کەوتنەوە لە کۆمەڵ نییەو پەنا بۆ گۆشەگیری و دووره پەرێزی نابەن. ئینجا لەبەر ئەوەی ڕێزگرتنی خودو سەیرکردنی بە چاوی دڵنیایی و شانازیکردن پێوەی، لە ئەنجامی پەروەردەی خێزانیەوە دروست دەبێت و ڕەنگدانەوەی ئەو خێزانەیە کە تیایدا دەژی، بۆیە دەبێت دایك و باوك ڕێزی منداڵەکانیان بگرن و لە نرخیان کەم نەکەنەوەو لە شەڕو ناخۆشی ناو خێزان دووریان بخەنەوە، بۆ ئەوەی هەست بە کەمی نەکەن و بە چاوی ڕێز سەیری خودی خۆیان بکەن و دواتریش بەچاوی ڕێز سەیری کەسانی تر بکات و لە گۆشەگیری و خۆپەرستی دوور بکەوێتەوە. لەلایەکی تریشەوە نابێت منداڵان بەیەك بەراورد بکرێن و خاڵە لاوازەکانیان گەورە بکرێت.

٢- منداڵەکەت فێر بکە گرنگی بە کەسانی تر بدات و خۆشت نموونەو پێشەنگ بە:-

دەبێت منداڵ فێری ئەوە بکرێت کە گرنگی بە کەسانی تر بدات، بەڵام ئەم کارە لە خۆیەوە نابێت، بەڵکو دەبێت ئێمەی گەورە بە کردەوەو لەبەرچاوی منداڵەکانمان گرنگی بە کەسانی تر بدەین و هاوکارییان بکەین و لە خۆپەرستی و هەلپەرستی دوور بکەینەوە بۆ ئەوەی ببین بە پێشەنگ و نموونە بۆ لاسایکردنەوەی منداڵەکانمان، ئەگەر ئێمە لەبەرچاوی منداڵەکانمان بەزەیمان بە هەژارو لێقەوماواندا هاتەوەو بەشداری خۆشی و

ناخۆشی خزم و کەس و هاوەڵەکانمان کردو ئەوەی بۆ خۆمان بەڕەوای دەزانین بۆ خەڵکی تریش بە ڕەوامان زانی، بێگومان دەبین بە نموونەیەکی باش بۆ لاسایکردنەوەی منداڵەکانمان و گرنگی دانیان بە کەسانی ترو دوور کەوتنەوەیان لە خۆپەرستی.

٢- هەندێک کاروچالاکی و بەرپرسیاریەتی بە منداڵەکەت بسپێرە:-

کاتێک یارمەتی کەسێک دەدرێت، ئەو کەسە سوپاسی پێشکەش بە ئەو کەسە دەکات کە یارمەت داوەو ئەو کەسەش کە یارمەتیەکەی پێشکەش کردووە هەست بە خۆشی و شانازی دەکات. لەبەر ئەوە زۆر گرنگە بەردەوام هەر لە منداڵیەوە بە پێی تواناو تەمەنی منداڵەکە هەندێک کاروچالاکی پێبکەین بۆ ئەوەی منداڵ لە میانەیانەوە هەست بە خۆشی و شانازی بکات و هەوڵی دووبارە کردنەوەیان بدات و بەو شێوەیەش گیانی هاوکاری و یارمەتی و گرنگی دان بە کەسانی تر لە دڵ و دەروونیدا بچێنین. گونجاوترین کاریش کاروچالاکییەکانی ناو ماڵ و قوتابخانەیە، کە منداڵ لە ڕێگەیانەوە هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات.

باری دەروونی منداڵی نەخۆش

باری دەروونی مرۆڤ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕدرێ و کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی و ناوەکی کاری تێدەکەن.

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە باری دەروونی ئەو منداڵانەیە کە تووشی نەخۆشی تالاسیمیا بوون.

هەموومان باش دەزانین کە ڕەمەکی ژیان (غريزة الحياة) لەلای مرۆڤ زۆر بەهێزو بەردەوام هەڵپەی ژیان و مانەوەیەتی و هەر ئەو ڕەمەك و خوڕسکەیە کە پاڵی پێوە ناوە بە دوای ئەمریدا بگەڕێ و بەرەنگاری مردن ببێتەوە، بەڵام بە داخەوە مردن وەك مۆتەکە هەر مایەوەو ئەمریش نەهاتە دی، کەواتە ترس لە مردن لەلای هەموو مرۆڤێك هەیەو هەندێك جار مردنی ئازیزان ژیانمان لێدەکات بە دۆزەخ. ئەو کەسەی تووشی یەکێك لە نەخۆشییەکان دەبێت و ماوەیەکی زۆریش بەدەستیەوە دەناڵێنێ و هیچ تروسکاییەکی چارەسەرکردنیشی نەبێت، ئەوا بێگومان لە بارێکی دەروونی ئاڵۆزدا دەژی، مەگەر ئەو کەسە نەخۆشە هەر بۆ خۆی بزانێ کە چەند دژوارو ئاڵۆزو ترسناکە. ئینجا ئێمەی چوار دەوری کەسی نەخۆش ئەگەر بمانەوێت کەمێك لە ئازارەکانی ئەو کەسانە کەم بکەینەوە، دەبێت پێش هەموو شتێك شارەزای باری دەروونیان بین.

منداڵی نەخۆش و تووش بوو بە تالاسیمیا بەدەست هەندێك لەم گرفتانەی خوارەوە دەناڵێنێ:-

١- زۆرجار خەم و خەفەت و دڵەڕاوکێ سەرو دڵی گرتوون و بەردەوام بیر لەو نەخۆشیەو چۆنیەتی چارەسەرکردنیان دەکەنەوە.

٢- کاتێك کە یەکێك لە تووش بووانی هاوەڵی کۆچی دوایی دەکات، ئەمیش بۆ ماوەیەکی زۆر غەمبارو دڵتەنگ دەبێت و ترسی مردنی لێ دەنیشێ.

٣- بەقسەو قسەڵۆك و مامەڵەی هەڵەو نامرۆڤانەی کەسانی نەزانی چواردەوری زۆر بێزارو وەڕس دەبێت و رق و کینەیەکی زۆری دەربارەیان لەلا دروست دەبێت.

٤- وەرگرتنی چارەسەری بەردەوام و خوێن گۆڕین، تووشی بێزاری و هەست بەکەمی دەکەن، بە تایبەتی کاتێك خۆی لەگەڵ کەسانی تر بەراورد دەکات.

٥- هەندێك جاریش مامەڵەی هەڵەو ناپەروەردەیی دایك و باوك و خوشك و برا بێزاری دەکەن.

<u>لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە زۆر پێویستە کە دایك و باوك و کەسانی چواردەوری منداڵ بەم شێوەیەی خوارەوە مامەڵە لەگەڵ منداڵی نەخۆشدا بکەن.</u>

١- نابێت بە هیچ شێوەیەك گاڵتەو سووکایەتی بەو جۆرە منداڵانە بکرێت و لەنرخیان کەم بکرێتەوە. لەبەر ئەوەی ناوو ناتۆرەو سووکایەتی پێکردن ئەوەندەی تر باری دەروونی ئەو جۆرە منداڵانە ئاڵۆزتر دەکات.

٢- نابێت زیاد لە پێویست ناز بدرێت بەو منداڵانەو بەردەوام باوك و دایك بەزەییان پیایاندا بێتەوە، چونکە بەزەیی هاتنەوەو ناز پێدانی زیاد لە پێویست زیان بە کەسایەتی ئەو منداڵانە دەگەیەنێت.

٣- نابێت مامەڵەی دایك و باوك بەجۆرێك بێت، کەوا لەو منداڵانە بکات هەست بەکەمی بکەن و ئەو هەست و بیروباوەڕەیان لەلا دروست ببێت کە ئەمان بوون بە بارو مشەخۆر بەسەر ئەمانەوەو ئەو نەخۆشییەیان بووە بە هۆی بێزار کردنی ئەوان، چونکە ئەو جۆرە هەست و سۆزە ئازاری دەروونی زۆری ئەو منداڵانە دەدات.

٤- دەبێت دایك و باوك بە حاڵەتی منداڵەکانیان رازی بن و بەردەوام بیری لێ نەکەنەوەو ئەو باوەڕەشیان لەلا دروست نەبێت کە ئەوان گوناهێکیان کردووە بۆیە ئەو جۆرە منداڵەیان بووە. چونکە ئەو بۆچوونە زۆر لە راستیەوە دوورە، ئەوە هیچ پەیوەندی بە گوناهو ئیمانداری و بێ بڕواییەوە نییە، بەڵکو بۆ کۆمەڵێك هۆکاری بۆ ماوەیی و ژینگەیی ناو منداڵدانی دایك دەگەڕێتەوە.

٥- زۆر پێویستە هیچ جۆرە جیاوازییەك لە نێوان منداڵانی نەخۆش و منداڵەکانی تردا نەکرێت و بەیەك چاو سەیری هەموویان بکرێت و وەك هەموو منداڵێکی ئاسایی بە پێی پێویست ببردرێن بۆ سەیران و گەڕان و دەرەوە. واتە نابێت ئەو نەخۆشییەیان ببێت بە بەربەست و رێگر لەبەردەم چوونە دەرەوەو چالاکیە کۆمەڵایەتییەکانی تر.

٦- پێویستە جار بە جارێك ئاهەنگ و کۆڕو کۆبوونەوە بۆ تێکەڵاوبوونی ئەو جۆرە منداڵانە بە هاوەڵەکانی وەك خۆیان بگێردرێت، بۆ ئەوەی بزانن کە زۆر منداڵی تریش وەك ئەوان وان و هەر ئەو بەتەنها تووشی ئەو نەخۆشییە نەبووە.

٧- هەروەها پێویستە بەرنامەو پرۆگرامی تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی دایك و باوکی ئەو جۆرە منداڵانە بە تایبەتی و تاکەکانی کۆمەڵ بەگشتی لە دەزگاکانی راگەیاندن هەبێت، بۆ ئەوەی شارەزای باری دەروونی ئەو جۆرە منداڵانە بن و مامەڵەی دروستیان لەگەڵ بکەن.

بەشی دووهەم
سایکۆلۆژیای هەرزەکارو لاوان

قۆناغی هەرزەکاری

جیاوازی نێوان باڵقی و هەرزەکاری

گلاندەکان

هەڵس و کەوت و جووڵەی هەرزەکار

هەرزەکارو جۆرەکانی

تیۆرەکانی هەرزەکاری

قۆناغی هەرزەکاری

هەرزەکاری یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی ژیان کە مرۆڤ پیایدا تێدەپەڕێت. ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان دواهەمین قۆناغی منداڵی و قۆناغی کامڵی (مرحلة الرشد) و بە باڵقی (بلوغ) دەست پێدەکات.

لە راستیدا قۆناغی هەرزەکاری خێراترین قۆناغی ژیانی مرۆڤە لە دوای لە دایك بوون، کە گەشەکردن تیایدا زۆر خێراو کوت و پڕە. بەڵام دووهەم قۆناغە لە دوای قۆناغی (پێش لە دایك بوون) کە گەشەکردنی جەستەیی و فسیۆلۆجی تیایدا زۆر خێرایە.

بە تەواوی ناتوانرێت سەرەتاو کۆتایی قۆناغی هەرزەکاری بە مانگ و ساڵ دیاری بکرێت، لەبەرئەوەی لەنێوان شەوو رۆژێکدا منداڵ یەکسەر نابێت بە هەرزەکار، بەڵکو پرۆسەیەکی پلە پلەیە (متدرج) و ماوەیەکی دەوێ، وەك چۆن گۆڕانی وەرزەکانی ساڵ لەسەر خۆو پلە بە پلەیە. بەم شێوەیەش، چوونە ناو قۆناغی هەرزەکاری پلە بە پلەیە بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە نەتوانین هیچ ساڵ و کاتێك بۆ چوونە ناو قۆناغی هەرزەکاری دیاری بکەین. بەڵکو زۆر لە زانایان لەو بڕوایەدان کە لە دەوروبەری (١١) یان (١٢) ساڵی ژمارەیەك لە منداڵان دەچنە ناو قۆناغی هەرزەکاری(Faller, 1981, P:235).

بە هەمان شێوەش لە دەوروبەری (١٧) یان (١٨) ساڵان ماڵئاوایی لەو قۆناغە دەکەن. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو منداڵان لەو کاتەدا دەچنە قۆناغی هەرزەکاری بەڵکو ژمارەیەك لە منداڵان پێش یان دوای ئەو کاتە دەکەون، ئەوەش بە پلەی سەرەکی بۆ ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە دەگەڕێتەوە.

(١) تۆخم (جنس):-

دەرئەنجامی توێژینەوە زانستیەکان و سەرنج و بۆچوونی دەروونزانان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە کچ پێش کوڕ بە ماوەیەک دەچێتە قۆناغی هەرزەکارییەوە، ئەوەش بە پلەی سەرەکی پەیوەندی بە فەسلەجەو جەستەو چالاکی گلاندەکانی کچەوە هەیە، کە لە زۆر لایەنەوە جیاوازە لە جەستەو فەسلەجەی کوڕ. لە کوردەواری خۆشمان لە دێرزەمانەوە باب و باپیرانمان هەستیان بەم راستیە کردووە، لەبەرئەوە فەرموویانە (کچ سالی دەنکە جۆیەک گەورە دەبێت بە لام کوڕ دەنکە گەنمێک) هەمووشمان باش دەزانین کە دەنکە (جۆ) لە دەنکە (گەنم) درێژترە.

(٢) ژینگەی گەرم و سارد:-

وەک دەرکەوتووە کەش و هەواو گەرماو سەرماش کاریگەری خۆی لەسەر گەشەکردنی مرۆڤ بەگشتی و چوونە ناو قۆناغی هەرزەکاری بە تایبەتی هەیە، لەبەرئەوە هەندێک لەزاناکان لەو بڕوایەدان کە هەرزەکارانی ناوچە گەرمەکان لەپێش هەرزەکارانی ناوچە ساردەکان دەچنە ناو قۆناغی هەرزەکارییەوە.

(٣) ژینگەی شارو لادێ:-

لەبەرئەوەی ژیان لە لادێ سادەو ساکارو ئاسانترەو پێداویستیەکانی کەمترە، بۆیە ژمارەیەکی زۆری هەرزەکارانی لادێ پێش هەرزەکارانی شار ماڵئاوایی لە قۆناغی هەرزەکاری دەکەن و سەربەخۆیی و ناسنامەی خۆیان دەست دەکەوێت.

ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ ئەو ئاسانکارییانە دەگەڕێتەوە کە لە گوندەکان بۆ هەرزەکارەکانیان دەکەن، بۆ نموونە ژن هێنان و ماڵ پێکەوەنان لە لادێ ئاسانترە، چونکە

بەزۆری ژن و ژن خوازی لە خزم و کەس و ئاسیاوی ناو گوندەکەیان دەکەن و دوای ئەوەش بە کۆمەك و هاوکاری چەند ژوورێکی بەدارو قوڕو بەرد بۆ دروست دەکەن، سەرەڕای ئەوەش گیروگرفتی ئابووری کەمترو خێراتر لە هەرزەکاری شار سەربەخۆیی ماددی و ئابووری خۆی دەست دەکەوێت، چونکە دەتوانرێت پارچە زەویەك و چەند سەر مەڕو ماڵاتێکی پێ بدرێت یان کەس و کارو خزم و کەس هاوکاری دەکەن. سەرەڕای ئەوەش داواکاری و پێداویستیەکانی ژن هێنان و ماڵ پێکەوە نان و بژێوی ژیان زۆر زەحمەت و دژوار نییە.

بەڵام لەشار هەرزەکار ڕووبەڕووی زۆر گیروگرفت و داواکاری دەبێتەوە کە جیاوازە لە لادێ، لەوانە بەردەوام بوون لەسەر خوێندن و تەواوکردنی خوێندنی باڵا و چوون بۆ خزمەتی سەربازی و نەبوون و کەمی خانوو و بەرزی کرێی خانوو، سەرەڕای داواکاری زۆر لەکاتی ژن هێنان و گواستنەوەو پێکەوەنانی خێزان و کەمی بواری کارکردن کە سەرجەم ئەو هۆکارانە دەبنە هۆی ئەوەی کە تا ماوەیەکی زۆر هەرزەکار لەشار هەر پشت بە دایك و باوکی ببەستێت و داوای یارمەتیان لێبکات و نەتوانێت سەربەخۆیی و ناسنامەی خۆی وەك هەرزەکاری لادێ بەدەست بهێنێ بەڵام لەلایەکی ترەوە هەرزەکاری شار ڕۆشنبیرترو زانیاری و زانستی زیاترە.

(٤) خواردن و تەندروستی باش :-

گومانی تێدانییە کە ئەو هەرزەکارەی هەر لە منداڵیەوە خواردن و تەندروستی باشە، پێش ئەو هەرزەکارەی کە خواردن و تەندروستی هەر لە منداڵیەوە باش نییە، دەچێتە قۆناغی هەرزەکارییەوە، ئەوەش بە پلەی یەکەم بۆ گەشەکردنی ئاسایی و کاریگەری و باش کارکردنی گلاندەکان و ئەندامەکانی تری لەش دەگەڕێتەوە. لەبەرئەوە زۆر پێویستە کە هەر لە منداڵیەوە گرنگی بە خۆراك و تەندروستی مرۆڤ بدرێت، بۆ ئەوەی لەکاتی چوونە ناو قۆناغی هەرزەکاری تووشی گیروگرفت نەبێت.

كەواتە ئەو هۆكارانەی سەرەوە دەبنە هۆی ئەوەی كە هەموو منداڵان لەیەك كاتدا نەچنە ناو قۆناغی هەرزەكاری، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی لە هەموو جیهاندا زۆربەی منداڵان لە دەوروبەری (١٢) ساڵاندا دەچنە قۆناغی هەرزەكارییەوە بەڵام ژمارەیەكی كەم پێش ئەو ساڵە و ژمارەیەكی كەمیش دوای ئەو ساڵە بەماوەیەك ئینجا دەچنە قۆناغی هەرزەكارییەوە.

جیاوازی نێوان باڵقی و هەرزەكاری

باڵقی (البلوغ) بەشێكە لە هەرزەكاری، واتە تەنها گۆڕانكارییە جەستەیی و فسیۆلۆژیەكان دەگرێتەوە، بەڵام هەرزەكاری بریتییە لەسەرجەم گۆڕانكارییە جەستەیی و فسیۆلۆژیی و عەقڵی و هەڵچوونی و كۆمەڵایەتیەكان، كەواتە سەرەتای قۆناغی هەرزەكاری بە باڵقی دەست پێ دەكات كە چەند ساڵێكی كەمی سەرەتای قۆناغی هەرزەكاری دەخایەنێت بەڵام قۆناغی هەرزەكاری تەواو نابێت و هەرزەكار ناچێتە قۆناغی كامڵی و پێگەیشتن (مرحلة الرشد) تاوەكوو هەرزەكار بەتەواوی لە لایەنی كۆمەڵایەتی و هەڵچوونی و عەقڵییەوە گەشە نەكات، هەر لەبەرئەوەشە كە قۆناغی هەرزەكاری ماوەیەكی زۆر دەخایەنێ، چونكە قۆناغێكە كە منداڵ لە میانەیەوە بە تەواوی گەشە دەكات و لە كەسێكەوە كە پشت بە كەسانی تر دەبەستێ بۆ كەسێك كە پشت بەخۆی دەبەستێ دەگۆڕدرێ.

نیشانەكانی باڵقی:-

منداڵ كاتێك كە دەچێتە قۆناغی هەرزەكاری، كۆمەڵێك گۆڕانكاری لە جەستەو شێوەو لەش و لاریدا روودەدات، لە گرنگترین نیشانەو گۆڕانكاریەكانی باڵقی ئەمانەی لای خوارەوەن:-

١- پێگەیشتنی سێکسە گلاندەکان و رژانی سپێرم (الحیوان المنوي) لە لای کورو دەرکەوتنی دیاردەی بێ نوێژی (الحیض) لە لای کچ.

٢- دەرکەوتنی سمێڵ و ڕیش و گڕبوونی دەنگ ...... تاد) لە لای کور و (بەرزبوونەوەی سنگ و کۆبوونەوەی چەوری لە هەندێک شوێنی لەش ...... تاد) لە لای کچ. سەرەڕای درێژبوونی هەردوو دەست و قاچەکانی و هەندێک گۆڕانکاری جەستەیی و فسیۆلۆژی تر لەلای هەردوو توخمەکە.

٣- گەشەکردنی هەردوو کەناڵی قالوب و منداڵدان و بەرفراوانبوونی سێبەندەو (الحوض) ران لەلای کچ.

٤- دەرکەوتنی دیاردەی شەیتانی بوون (الحلم الجنسي) لە لای کوڕ.

گلاندەكان وكاریگەرییان لە قۆناغی باڵق بوون

دەرهاویشتنی گلاندەكان (هۆرمۆنەكان) هەر لە قۆناغی پێش لە دایك بوونەوە دەست بەكاری خۆیان دەكەن و كاریگەرییان لەسەر پرۆسەی گەشەكردنی هەیە و هەتا تەمەنی پیری بەردەوام دەبن. بڕی هۆرمۆنەكانی ناو لەش دیاریكراوو زۆر زۆر كەمن، لەبەر ئەوە زۆر بە زەحمەت بڕی پێویست بۆ مەبەستی چارەسەر كردن دەست دەكەون، بۆ نموونە ﴿بۆ دەست كەوتنی یەك كیلۆ گرام لە هۆرمۆنی سێكسی مێ (ئەستڕۆجین) پێویستمان بە (٢٠) بیست ملیۆن بەراز هەیە﴾ .

دەر ئەنجامی توێژینەوە زانستیەكانی ئەم بوارە ئەوەیان سەلماند كە پەیوەندییەكی پتەو لە نێوان كاری هۆرمۆنەكان و زۆر دیاردەی دەروونیدا هەیە، سەرەڕای ئەوەش كاریگەری زۆر لەسەر پێك هێنانی گەشەكردنی هەڵچوونی هەیەو بەشدارییەكی زۆر لە ئاراستە كردنی هەڵس و كەوتی مرۆڤ و دیاریكردنی كەسایەتیدا دەكات .

لە هەموویان گرنگتر (بەتایبەتی لە قۆناغی باڵقی) كاریگەری هەندێك لە گلاندەكانە لەسەر وروژاندن و گەشەكردنی و خستنە گەڕی پاڵنەرو حەزوو ئارەزووی سێكسی و ئاراستە كردنیان واتە گوڕ و تینی ئارەزوو پاڵنەرە سێكسیەكان بەندە بە بڕی ئەو هۆرمۆنانە لە ناو خوێندا، حەزوو ئارەزوو رەفتاری سێكسی ئاژەڵ بە تەواوی لە ژێر كۆنترۆڵی هۆرمۆنەكاندایە،بەڵام رەفتاری سێكسی مرۆڤ دەكەوێتە ژێر كۆنترۆڵی هۆرمۆنەكان و فاكتەرە كۆمەلایەتی و رۆشنبیری و دەروونیەكان .

لە گرنگترین گلاندەكان و جۆری هۆرمۆنەكانیان كە كاریگەرییان لەسەر حەزوو ئارەزوو رەفتاری سێكسی هەیە، ئەمانەی لای خوارەوەن :-

پیتوەتیریە گلاند (pituitary gland):-

ئەم گلاندە (الغدة النخامية) (پیتوە تیریە گلاند) گرنگیەکی زۆری لەسەر گەشەکردنی سێکسە گلاندەکان و کارو چالاکیەکانیان هەیە، نزیکەی (٥) پێنج ساڵ پێش بالق بوون، بەشی پێشەوەی ئەم گلاندە جۆرە هۆرمۆنێك دەردەهاوێت (افراز)کە پێی دەڵێن جۆنادۆ ترۆپین، کە ئەم هۆرمۆنە سێکسە گلاندەکان (هێلکەدان لەلای مێ و هەردوو گون لەلای نێر) دەخاتە جووڵە و چالاکیەکانیان بەگوڕ و تینتر دەکات و خێرایی گەشەکردن زیاتر دەکات. بەڵام کەمی (جۆنا دوترۆپین) دەبێتە هۆی پوکانەوەی سێکسە گلاندەکان و لە دەست دانی چالاکی سێکسی و تووش بوون بە نەخۆشی (فروهلیچ، Frohlich) کە منداڵ تووشی (زۆر قەڵەوی، گەشە نەکردنی کۆ ئەندامی زاووزێ، حەز کردن بە ملکەچی، گێژی و هێری، باوێشك دان و زوو خەو هاتن) دەکات. بەڵام لە کاتی سك پڕیدا زۆر بوونی هۆرمۆنی (ئەسترۆجین) لە خوێندا دەبێتە هۆی وەستانی دەرهاویشتنی هۆرمۆنی (جۆنا دوترۆپین)، کە ئەمەش دەبێتە هۆی وەستانی پرۆسەی دروست کردنی هێلکە لە کاتی دوو گیانیدا .

هەروەها بەشی پێشەوەی هەمان گلاند هۆرمۆنی (پرۆلاکتین)(prolactine) بەرهەم دەهێنێت، کە ئەم هۆرمۆنەش بە هاوکاری لەگەڵ هۆرمۆنەکانی (ئەسترۆجین) و (بروجستیرون) دەبنە هۆی گەشەکردنی هەردوو مەمك و گلاندەکانی شیر دروست کردن لە کاتی بالقی بەدواوە.

شایەنی باسە دوای ئەوەی هۆرمۆنەکانی ئەم گلاندە دەبنە هۆی وروژاندنی سێکسە گلاندەکان، ئینجا بە پێچەوانەوە دەرهاوێشتەی (هۆرمۆنەکان)ی سێکسە گلاندەکان کار دەکەنە سەر کارو چالاکیەکانی (پیتوە تیریە گلاند) و دەبنە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەری و رێژەی هۆرمۆنی گەشەکردن کە (پیتوە تیریە گلاند) دەری دەدات تا لە کۆتاییدا بەتەواوی بنە بڕی دەکەن و بەمەش گەشەکردنی جەستەیی رادەوەستێت .

لەلایەکی تریشەوە هۆرمۆنەکانی (پیتوە تیریە گلاند) بەشداری لە کۆنترۆلکردن و ڕێك خستنی پرۆسەی (هێلکە دروست کردن، سك پڕ بوون، بێ نوێژی – العادة الشهرية) لەلای نافرەت و پرۆسەکانی (سپێرم دروست کردن و بارستایی پرۆستات، ڕێك خستنی هۆرمۆنی تیستوستیرۆن) (کە سێکسە گلاندی نێر بەرهەمی دەهێنێ) دەکات هەروەها هەڵدەستێت بە ڕێك خستنی بەرهەم هێنان و دەرهاویشتنی هۆرمۆنەکانی سێکسی لەلای هەردوو توخمی نێرو مێ .

لە بەشی دواوەی (پیتوە تیریە گلاند) هۆرمۆنی (پیتۆسین، pitocin) دروست دەکات، کە یارمەتی گرژ بوونی ماسوولکەکانی منداڵدان دەدات، بەمەش کاری منداڵ بوون ئاسان دەکات، هەروەها دوای منداڵ بوونیش یارمەتی گەڕانەوەی منداڵدان دەدات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ شێوەو بارستایی ئاسایی خۆی، سەرەڕای ئەوەش هۆرمۆنی (پیتۆسین) یارمەتی دەردانی شیر لە هەردوو مەمك بۆ دەرەوە دەدات .

ئەدرینالینە گلاند (الغدة الكظرية)(suprarenal gland):-

ئەم گلاندە دەکەوێتە سەرو هەردوو گورچیلەوە، هۆرمۆنەکانی توێکڵ و بەشی دەرەوەی ئەم گلاندە (بە شێوەیەکی گشتی) کاریگەری خۆیان لەسەر گەشەکردنی سێکسی هەیە .

هۆرمۆنەکانی بەشی دەرەوەی (توێکڵەکە ی ئەم گلاندە (سەرەڕای هۆرمۆنەکانی سێکس کە هەردوو سێکسە گلاند دروستی دەکەن) بەشداری لە سەرهەڵدان و دەرکەوتنی مۆرك و سیفاتی سێکسی ناوەندی (ثانوي) لەلایەن هەردوو توخمی نێرو مێ دەکەن. لە ڕاستیدا ئەم گلاندە زیاتر هۆرمۆنی نێرایەتی بەرهەم دەهێنێت و لە هۆرمۆنی مێیایەتی زۆرترە، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەگەر بڕی هۆرمۆنەکانی ئەدرنالینە گلاند لە ڕێژەی ئاسایی خۆی زیادی کرد، ئەوا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی زۆر مۆرك و نیشانەی نێرایەتی (دەنگ گڕ بوون، ڕیش و مووی سمێڵ ... تاد) لە لای توخمی مێ سەرەڕای زوو دەرکەوتنی نیشانەکانی

نێرایەتی لە لای کوڕ، واتە دەرکەوتنی ڕیش و سمێڵ و دەنگ گڕ بوون و گەورە بوونی ئەندامی زاووزێ لە لای منداڵی کوڕ پێش قۆناغی باڵقی و هەرزەکاری. بەڵام بەدەگمەن ئەم هۆرمۆنانە دەبنە هۆی دەرکەوتنی مۆرك و نیشانەکانی مێیایەتی لە لای نێر.

لە گرنگترین هۆرمۆنەکانی نێرایەتی کە ئەدرنالینە گلاند دروستی دەکات، هۆرمۆنی (ئەندرۆجینە)(Androgens)، هەروەها کە لە گرنگترین هۆرمۆنەکانی مێیایەتیە کە ئەدرنالینە گلاند بەرهەمی دەهێنێت، هۆرمۆنی (ئەسترۆجین) و (پرۆجسترۆنە).

سێکسە گلاندەکان (Sexual Gland) :-

بریتیە لە هەردوو گون لەلای نێر و هەردوو هێلکەدان لەلای مێ و دوو جۆر دەرهاویشتنیان هەیە کە ئەوانیش بریتین لە :-

دەرەکیەکان:- کە بریتین لە خانەکانی زاووزێکردن (سپێرم، Sperm) لەلای نێرو (هێلکەکان، Ova) لەلای مێ.

ناوەکیەکان:- کە بریتیە لە بەرهەم هێنان و دەرهاویشتنی هۆرمۆنەکانی سێکسی، لە گرنگترین هۆرمۆنەکان کە سێکسە گلاندەکان بەرهەمیان دەهێنن، ئەمانەی لای خوارەوەن:

هۆرمۆنەکانی نێرایەتی :-

هەرچەندە توێکڵ وبەشی دەرەوەی ئەدرنالینە گلاند هەندێك هۆرمۆنی نێرایەتی دروست دەکات و دەیکاتە ناو خوێنەوە، بەڵام سەرچاوەی سەرەکی بەرهەم هێنانی هۆرمۆنی نێرایەتی نییە. بەڵکو سەرچاوەی سەرەکی بەرهەم هێنانی هۆرمۆنی نێرایەتی بریتیە لە سێکسە گلاندی نێر (هەردوو گون) کە تۆو (سپێرم) بەرهەم دەهێنێت، لە ڕاستیدا گوون سێ جۆر هۆرمۆنی نێرایەتی دەردەهاوێت بەڵام ئەوەی لە هەموویان کاریگەر ترە هۆرمۆنی

نیستیستیرۆن (Testesterone)، سەرەڕای ئەو سێ هۆرمۆنە، بڕێكی هۆرمۆنی مێیایەتی (ئەستڕۆجین) بەرهەم دەهێنێت .

وەك لە پێشتر ئاماژەی بۆ كرا (پیتوە تیریە گلاند) ڕۆڵی سەرەكی لە وروژاندن و بەگوڕ خستنی هەردوو گوون هەیە. هۆرمۆنەكانی هەردوو گوون بە (ئەندرۆجینەكان) واتە بەرهەم هێنەر و دروستكاری نێرایەتی ناسراون، كە ئەوانیش دوو جۆری سەرەكین و بریتین لە (ئەندرۆستیرن او(تستو سترین). ئەم هۆرمۆنانە ڕۆڵی زۆر گرنگیان لە چالاك كردن و وروژاندنی حەزوو ئارەزووی سێكسی و دەركەوتنی مۆرك و نیشانەكانی نێرایەتیدا هەیە .

پێویستە ئەوەبزانین كە جیاوازییەكی زۆر لە نێوان خاسیەتەكانی سێكسی سەرەكی (اولی) و ناوەندی (ثانوي) هەیە. خاسیەتەكانی سێكسی سەرەكی بریتین لە جیاوازی فیسۆلۆژی و بایۆلۆژی نێوان هەردوو توخم، كە ئایا نێرە یان مێ، واتە جیاوازی نێوان ئەندامەكانی زاووزێ) بەلاَم مۆرك و نیشانە ناوەندییەكان بریتین لەو مۆرك و نیشانانەی كە نێر و مێ لەلایەنی دەرەكی و ڕوالەتەوە لە یەكتری جیا دەكەنەوە لەوانە دەنگ گڕبوون، سمێڵ و ڕیش دەرهاتن) لەلای كوڕو (مەمك دروست بوون و بەرز بوونەوەی، ئەستووربوونەوەی چەوری لە هەندێك جێگا، بەرفراوان بوونی سێ بەندە) لە لای كچ .

<u>لە گرنگترین كاریگەری چالاكیەكانی هۆرمۆنەكانی نێرایەتی ئەمانەی لای</u> <u>خوارەوەن:-</u>

گەورە بوونی بارستایی (ئەندامەكانی زاووزێ، پرۆستاتە گلاند، ... تاد) . دەركەوتنی مۆرك و نیشانە سێكسە ناوەندییەكان وەك (ڕیش و سمێڵ، مووی بن باڵ و دەوروبەری ئەندامەكانی زاووزێ، دەنگ گڕبوون، گەشەكردنی قوڕگ و دەنگە ژێیەكان، بەرفراوان بوونی ناو شان، تەسك بوونەوەی سێ بەند - الحوض - مانەوەی مەمك بە بچكۆلەیی و دەرنەكەوتنی، وروژاندنی حەزوو ئارەزووی سێكسی و هەندێك گۆڕانكاری دەروونی لە لای كوڕ) .

هۆرمۆنەكانی مینیایەتی :-

سێكسە گلاندی مێ (هەردوو هێلكەدان) دوو جۆری سەرەكی هۆرمۆن دەردەدەن كە بریتین لە (كۆمەڵەی ئەستروجین)و(كۆمەڵەی پرۆجستیرون)، بەم شێوەی لای خوارەوە :-

دەرهاوێشتە دەرەكیەكان :-

كە بە هێلكەكان ناسراون و بۆ ماوەی نزیكەی (٣٠) سی ساڵ، هێلكەدانەكان هەر مانگی هێلكەیەك پێدەگەیەنن و فڕێی دەدەنە ناو جۆگەلەی ڤالوپەوەو لەوێشەوە دەگاتە ناو منداڵدان. ئەم هێلكانە لەكاتی باڵق بوونەوە دەست بە پێگەیشتن دەكەن و لە تەمەنی بێ هیواشیدا (سن الیاس) كە لە دوای (٥٠) ساڵان دەست پێدەكات وردە وردە بەرەو نەمان دەچن.

دەرهاوێشتە ناوەییەكان :-

كە بە هۆرمۆنەكانی مینیایەتی ناسراون و بریتین لە (ئەستروجین) و (پرۆجسترون). سەرەڕای هەردوو هێلكەدان ئەدرنالینە گلاندیش بەشداری لە بەرهەم هێنانی هۆرمۆنەكانی مینیایەتی دەكات.

هۆرمۆنەكانی (ئەندرۆجین)و(ئەسترۆجین) لەلای هەردوو توخمی نێرو مێ هەیە، بەڵام ڕێژەی (ئەندرۆجین) لەلای كوڕو ڕێژەی (ئەسترۆجینیش) لەلای كچ زیاترە. سەرچاوەی سەرەكی ئەندرۆجینی (مێ) بریتیە لە ئەدرینالینە گلاند. بەڵام سەرچاوەی سەرەكی ئەسترۆجین بریتیە لە هەردوو هێلكەدان. شایەنی باسە بەشێوەیەكی گشتی كارو چالاكیەكانی هۆرمۆنەكانی (مێ) پێچەوانەی ئاراستەی كارو چالاكیەكانی هۆرمۆنەكانی (نێرن). واتە كەم بوونی بڕی یەكێكیان دەبێتە هۆی دەركەوتنی نیشانەكانی زیاد بوونی ئەوی تریان و پێچەوانەكەشی ڕاستە.

ئەمانەی خوارەوەش گرنگترین هۆرمۆنەکانی مێیایەتی و کاریگەرییەکانیان:-

ئەستۆجین:-

ئەم هۆرمۆنە بەرپرسی یەکەمی دەرکەوتنی مۆرك و نیشانەی سێکسیە ناوەندیەکانە (ثانوي) لەلای کچ لەوانە (دەرکەوتنی موو لەبن باڵ و دەورو بەری ئەندامی زاووزێ، دەنگ ناسکی، گەورە بوون و بەر فراوانبوونی سێ بەندە (الحوض) گەشەکردنی سمت و ران، بچووك بوونەوەی ناو شان، بەرز بوونەوەی مەمك) سەرەڕای وروژاندنی حەزوو ئارەزووی سێکسی و هەندێك گۆرانکاری دەروونی .

پرۆجسترۆن:-

کە دەبێتە هۆی گەشە کردنی گلاندەکانی شیر، هەروەها بە هاوکاری ئەستروجین هەردوو پرۆسەی (بێ نوێژی وسك پڕ بوون) رێك دەخەن. سەرەڕای ڕاگرتنی پرۆسەی بەرهەم هێنانی هێلکە لە کاتی دوو گیانی (سك پڕیدا) لە ئە نجامی توێژینەوە زانستیەوە دەرکەوتووە. کە بڕین و لابردنی هێلکەدانی (مێ) مەرج نییە ببێتە هۆی کەم کردنەوەی حەزوو ئارەزووی سێکسی (مێ)، بەلام بڕین و لابردنی ئەدرینالە گلاند (الغدة الكظرية) بە تەواوی دەبێتە هۆی ئەمانی حەزوو ئارەزووی سێکسی لەلای توخمی (مێ)، هەروەها تێك چوونی بڕی پێویستی دەرهاویشتنی هۆرمۆنەکانی مێیایەتی (زیاد) یان (کەم) دەبێتەوە هۆی زۆر گۆڕانکاری لەلای توخمی (مێ).

بۆ نموونە، ئەگەر (پێتوە تیریە گلاند) هۆرمۆنی تایبەت بە چالاککردنی کاری هێلکەدان بەرهەم نەهێنێت یان کەم بێت، ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هێلکەدان نە توانێت بە کارەکانی خۆی هەلبستێت و ئەوەش گەشەکردنی سێکسی دوادەخات و دەبێتە هۆی شلە ژان و تێك چوونی رەفتارو هەلس و کەوتی سێکسی، بەلام زیاد بوونی دەرهاوێشتەکانی

(پيتوەتيريە گلاند) دەبێتە هۆى زوو گەشەكردنى سيكسى لەلاى توخمى (مێ).
(أغا،١٩٨١، ص ١٠٣ – ١٢٤)،(هرمزو أبراهيم، ١٩٨٨).

ڤۆرنۆف زانا(Vornoff) بەمەبەستى گەڕاندنەوەى لاوێتى چەند تاقيكردنەوەيەكى لەسەر مەيموون كرد، ئەويش لە ڕێگەى وەرگرتنى هۆرمۆنەكانى نێرايەتى لە مەيموون و دانى بە نێرە مەيموونێكى تر، دەركەوت لەگەڵ گەڕانەوەى لاوێتى زۆر مۆرك و خاسيەتى لاوێتيش گەڕايەوە. هەروەها (شتايناچ)(Steinach) توێژينەوەى زۆرى لەسەر ئاژەڵان كرد، يەكێك لە ئەوانە ئەوە بوو كە سێكسە گلاندى نێرە بەرازێكى هيندى بۆ مالۆسيكى (مێيە بەراز)ێكى هيندى گواستەوە بە پێچەوانەشەوە سيكسە گلاندى مالۆسەكەشى بۆ نێرە بەرازەكە گواستەوە، لە ئەنجامى ئەم گۆڕانكارييە بۆى دەركەوت كە نێرە بەرازەكان زۆر خاسيەت و نيشانەى نێرايەتيان لەدەست دا و بە هەمان شێوەش مالۆسەكان (مێيە بەرازەكان)يش زۆر خاسيەتى مێيايەتيان لە دەست دا.

هەروەها دەركەوتووە كە ئەوانەى دەخەسێنرێن (واتە هەردوو گونەكانيان دەردەهێنرێ) زۆر خاسيەتى نێرايەتى (دەنگ گڕ بوون، تووندو تيژى ... تاد) لە دەست دەدەن و دەنگيان ناسك دەبێت و تووشى سستى و خاوى دەبن و لە زۆر ڕەفتارى ئازايانە و چاو نەترسانە دوور دەكەونەوە (القوصي، ١٩٨١ ،ص ٤٩) .

بالقى سيكسى لەلاى كچ :-

خولەكانى ژيانى سيكسى توخمى (مێ) بە چەند قۆناغێكى جياجيادا تێدەپەڕێت و ئەو قۆناغ و گۆڕانكاريانەش كاردەكەنە سەر حەزوو ئارەزووە سيكسيەكانى ، لەبەر ئەوەى لەلايەنى سيكسيەوە زياتر لە نێر شلەژانى و بەرزو نزمى پێوە ديارە. خولەكانى ژيانى سيكسى (مێ) بە چەند قۆناغێكى ديارىكراودا تێدەپەڕێت كە بريتين لە :سەرەتاى بێ نوێژى، بێ نوێژى،دووگيانى – سك پڕى، منداڵ بوون (دووبارە بوونەوە)، ساڵى بێ

هیوایی – سن الیأس﴾ یەکەم نیشانەی باڵقی لە لای کچ دەرکەوتنی دیاردەی بێ نوێژییە (سووڕی مانگانە) (الحیض) کە بە یەکەم بێ نوێژی ناو دەبرێت. باڵقی کاتێک روو دەدات، کە بۆ یەکەم جار هێلکە بەرهەم دێت و لە ڕێگەی جۆگەلەی ڤالوبەوە بۆ منداڵدان دەگوێزرێتەوە.

دەرئەنجامی زۆر لە توێژینەوەکانی ئەم بوارە ئاماژە بۆ ئەمانەی خوارەوە دەکەن :-

هەردوو کرداری هێلکە بەرهەم هێنان و بێ نوێژی لەلای توخمی مێ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و دوور لە ویست و کۆنترۆڵی توخمی (مێ) ڕوودەدەن و کاتی دیاریکراوی خۆیان هەیە، کە بە باڵقی دەست پێدەکات و بە ساڵی بێ هیوایی کۆتایی دێت. بەڵام زۆربەی جار کرداری بەرهەم هێنانی سپێرم (تۆو) لەلای توخمی (نێر) بە ئیرادەو ویستی خۆیەتی و بە قۆناغی باڵق بوون دەست پێدەکات و هەتا مردنیش بەردەوام دەبێت.

دەرکەوتنی یەکەم بێ نوێژی بەڵگەی پێگەیشتنی سێکسی کچ نییە، لەبەر ئەوەی یەکەم بێ نوێژی بارێکی فسیۆلۆژییە و لە خۆیەوە ڕوودەدات و نزیکەی دوو ساڵ دوای ئەو یەکەم بێ نوێژییە ئینجا کچ توانای زاووزێی دەبێت، هەروەها بە زۆری دەرکەوتنی بێ نوێژی بە شێوەیەکی بەردەوام و بێ پچڕان و دەرکەوتنی نیشانە سێکسیە ناوەندییەکان، بە بەڵگە دادەنرێت بۆ پێگەیشتنی سێکسی کچ.

بەشێوەیەکی گشتی کچ لە دەوروبەری (١٢) ساڵان یەکەم حاڵەتی بێ نوێژی لەلای دەردەکەوێت، بەڵام هەندێک کچ لە تەمەنی (٨) یان (٩) ساڵان و هەندێکی تریان لە دەوروبەری تەمەنی (٢٠) بیست ساڵان یەکەم حاڵەتی بێ نوێژی لەلایان دەردەکەوێت، بەڵام ڕێژەی ئەوانە زۆر کەمن کە یان پێش یان دوا دەکەون، چونکە زۆربەی زۆری کچان لە دەوروبەری (١١-١٤) یانزدە بۆ چواردە ساڵان یەکەم بێ نوێژی لە لایان دەردەکەوێت.

لە راستیدا بێ نوێژی لە لای كچ نابێتە هۆی دروست كردنی ئازاری زۆر، بەلاّم تەنها لە لای ئەوانە ئازاری زۆر دەبێت كە (جەستەو لەش و لارێكی زۆر لاوازیان هەیە، یان كەم و كورتی جەستەییان هەیە، یان رووبەرووی زۆر گیروگرفتی دەروونی و كۆمەلاّیەتی بوونەتەوەو بە چاوی ترس و گومان سەیری دیاردەی بێ نوێژی و جەستەی خۆیان دەكەن، یان بڕوایان بە خۆیان نییە ... تاد).

بێ نوێژی بۆ ماوەی (٣٠-٤٠) ساڵ بەردەوام دەبێت، دوای ئەوە دەوەستێت و ئافرەت دەگاتە تەمەنی بێ هیوایی. لەكاتی بێ نوێژی كۆمەڵێك گۆڕانكاری بایەلۆژی و فیسۆلۆژی ڕوودەدەن و ئەو گۆڕانكارییە بایەلۆژی و فسیۆلۆژیانەش لە لایەن سەنتەری تایبەتی لەناو مێشك كۆنترۆڵ و رێك دەخرێن و هەر (٢٨) یان (٢٩) رۆژ جارێك بێ نوێژی ڕوودەدات و بۆ ماوەی (٣) تا (٧) رۆژ بەردەوام دەبێت .

بالّقی لەلای كوڕ:-

دیاریكردنی سەرەتای بالّق بوون لەلای كوڕ كارێكی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی دیاردەو گۆڕانكاریەكی نیمچە بەردەوامی وەك (بێ نوێژی) لەلای كچ نییە، چونكە گۆڕانكارییە جەستەیی و فسیۆلۆژیەكانی لای كوڕ لە كاتی جیاجیا ڕوو دەدەن .

بەلاّم بە شێوەیەكی گشتی سەرەتای دەركەوتنی بالّق بوون لە لای كوڕ بەسەر هەندانی گەندەڵە مووی دەوروبەری ئەندامی زاووزێ ی كوڕ دەست نیشان دەكرێت بەلاّم ئەم نیشانەیە وەك ڕوودانی یەكەم حالەتی شەیتانی بوون لە شەودا (الأستحلام الأول) (First nocturnal emission) بەهێز نییە لە راستیدا بەیەك دوو سالی یەكەم پێش بالّق بوون دەڵێن (قۆناغی پێش بالّق بوون، لەم قۆناغە چالاكی چەورییە گلاند زیاتر دەبێت و چەوری لە لای سێبەشی هەرزەكاران لە دەم و چاویان دەردەكەوێت (زیپكە) بەلاّم لە قۆناغی بالّقی زۆربەی ئەو چەوریانە كەم دەبنەوە. لە سەرەتای بالّقی هەردوو گونی كوڕ

چالاك دەبێت دەست دەکەن بە دەرهاویشتنی سپێرم (تۆو) و هۆرمۆنەکانی سێکسی، هەروەها سپێرم تێکەڵ بەو شلەیە دەبێت کە پرۆستات دروستی دەکات، کە ئەویش شلەیەکی لینجە کە نزیکەی (٢) تا (٤) سم٣ دەبێت و لە هەر فڕێدانێکدا نزیکەی (٢) دوو تا (٣) سێ ملیۆن سپێرم لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت .

بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی کوڕان لە دەوروبەری (١٤)و(١٥) ساڵاندا باڵق دەبن بەڵام هەندێکی کەمیان لە دەوروبەری (١٠) ساڵان و هەندێکی تریان لە دەوروبەری (٢٠) ساڵان ئینجا باڵق دەبن، واتە یان پێش یان دوای هاوەڵەکانیان دەکەون.

هەندێك لە زاناکان لەو بڕوایە دان کە زوو باڵق بوون بە قازانجی کوڕ تەواو دەبێت و لەناو برادەرەکانیا شانازی پێوە دەکات، بەڵام زوو باڵق بوون لە بەرژەوەندی کچ نییە و دوور نییە تووشی ترس و دڵە ڕاوکێ و خەم و خەفەتی بکات و ببێتە مایەی شەرم بۆی لەناو دەستە خوشك و کەسانی چواردەوری .

هەڵس و کەوت و جووڵەی هەرزەکار

هەرزەکار لە سەرەتای قۆناغی هەرزەکاری تووشی جۆرە تەمبەڵی و خاوو خلیچکیەك دەبێت، ئەوەش بە پلەی یەکەم بۆ گەشەکردنی خێرای جەستەو لەش و لاری هەرزەکار دەگەڕێتەوە، چونکە لەناکاوو خێرا دەست و قاچەکانی درێژ دەبێت و ناتوانێت بە ئاسانی کۆنترۆڵیان بکات، لە لایەکی تریشەوە هاوسەنگی و پێکەوە کارکردن لە نێوان کۆئەندامی جووڵە (الجهاز الحركي) و کۆئەندامی دەمار (الجهاز العصبـــي) دا دروست نەبووە، لەبەرئەوەی جەستەو پێگەیشتنی ئەندامەکانی جووڵە پێش گەشەکردنی کۆئەندامی دەمارەکان دەکەوێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەرزەکار تووشی جۆرە سستی و تەمبەڵیەك ببێت بەڵام دوای ماوەیەك کۆئەندامی دەماریش گەشەدەکات و هاوسەنگیەك لەنێوان کۆئەندامی جووڵەو کۆئەندامی دەماری هەرزەکاردا دروست دەبێت و ئیتر دەتوانێت بە تەواوی کۆنترۆڵی ئەندامەکانی لەشی بکات و لە سستی و تەمبەڵی ڕزگاری ببێت هەروەها چالاکی و جووڵەکانی هەرزەکار بە مەبەست و ئاگامدارە، بە پێچەوانەی منداڵ کە زۆربەی هەڵس و کەوت و جووڵەکانی بێ ئامانج و لابەلاییە.

لە ڕاستیدا لە سەرەتای هەرزەکاری، لە ئاکامی ئەو گەشەکردنە خێرایە و نەبوونی هاوسەنگی پێویست لەنێوان هەردوو کۆئەندامی جووڵەو کۆئەندامی دەماری، هەرزەکار تووشی شڵەژان و تێك چوونی جووڵەیی دەبێت و لەکاتی شت هەڵگرتن و ڕۆیشتن دەست و قاچەکانی تەتەڵە دەکات و شتی لە دەست دەکەوێتە خوارەوەو قاچی بەرشت دەکەوێ و لەوانەیە بکەوێ. کەواتە پێویستە دایك و باوك و مامۆستا ڕەچاوی ئەو گۆڕانکاریانە بکەن و ڕێنمایی پێویستی هەرزەکار بکەن بۆئەوەی بە ئاسانی بەسەر ئەو کۆسپ و کەم و کورتیانەدا زاڵ ببێت، بەڵام کەم کردنەوە لە نرخی هەرزەکارو گاڵتەو سووکایەتی پێکردنی، دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی باری دەروونی هەرزەکارو زیاد بوونی هەڵچوونەکانی و دروست بوونی کێشەو بگرەو بەردە لەنێوان هەرزەکارو کەسانی چواردەوری.

تەندروستی هەرزەکار

هەندێك لە هەرزەکاران لەسەرەتای قۆناغی هەرزەکاری تووشی هەندێك نەخۆشی دەبن، بەڵام زۆربەی ئەو نەخۆشیانە لە دروست کردنی خەوو خەیاڵی خۆیەتی و مەبەستی راکێشانی سەرنجی کەسانی ترە یان بۆ خۆ رزگارکردنە لە داواکاری و ئەرکەکانی خێزان و قوتابخانە، بە تایبەتیش ئەم دەردو حاڵەتە تووشی ئەو هەرزەکارانە دەبێت کە لە سۆزو خۆشەویستی و چاودێری دایك و باوك و مامۆستاو کەسانی نزیکیان بێ بەش بوون، لەبەرئەوە خۆیان نەخۆش دەخەن و وا دەردەخەن کە نەخۆشن، بۆ ئەوەی لە میانەیەوە سۆزو گرنگی و خۆشەویستی کەسانی چواردەوریان دەست بکەوێت، یان لە ئەرك و کارەکانی خێزان و قوتابخانە رزگاریان ببێت. ئینجا بۆئەوەی هەرزەکار پەنا بۆ ئەو چەکە دەروونیە نەبات، پێویستە رێزی بگیرێ و هەست بکات کە کەسێکی خۆشەویستە و پلەوپایەی تایبەتی خۆی لەناو خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵ هەیە.

هەرزەکاران تووشی چەند نەخۆشییەکی سایکۆسوماتی (جەستە دەروونی) دەبن، ئەمانەش ئەو نەخۆشیانەن کە هۆکارەکانی تووشی بوونیان دەروونیەو دەرئەنجام و ئاکامەکانیشیان جەستەییە، لەوانە نەخۆشییەکانی (سور هەڵگەڕان و سووتانەوەی دوانزە گرێ و گەدەو، رەبوو تەنگە نەفەسی و هەناسە سواری و ئازاری پشت و ماسوولکەکان و ... تاد) ئەوەش بە پلەی سەرەکی بۆ ئەو هەموو گیروگرفت و خەم و خەفەت و تووڕەبوونانە دەگەڕێتەوە کە بەردەوام رووبەرووی ژمارەیەك لە هەرزەکاران دەبێتەوە، بە تایبەتیش ئەو هەرزەکارانەی کە خەم و خەفەت و دڵەراوکێکان لەناوەوەی خۆیان کۆدەکەنەوەو گوزارشتی لێناکەن و لە رێگەی چەند چالاکیەکەوە رزگاریان نابێت لێیان.

هەروەها هەندێك جار باری دەروونی هەرزەکار لە ئەنجامی خۆشەویستی و دڵداری و بیرکردنەوەی رۆمانسیانەوە ئاڵۆز دەبێت و لە ئاکامیشدا رووبەرووی زۆر گرفتی تەندروستی و جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، لەبەرئەوە زۆر پێویستە بەردەوام رێنمایی پێویستی هەرزەکار لەو بارەیەوە بکرێت.

لەسەرەتای هەرزەكاریش هەندێك جار هەرزەكار تووشی ئازاری گەدەو دڵ و كەم خوێنی و كەم بوونەوەی ئارەزووی نان خواردن و ماندووبوون دەبێت، كە ئەمەش كاردەكاتە سەر چالاكی و باری دەروونی.

هەرزەكاری و جۆرەكانی

وشەو زاراوەی هەرزەكاری (Adolescence) لە كرداری (Adolescere)ی لاتینییەوە وەرگیراوە كە مانای گەشەكردنی پلە پلەیی و هەنگاو بە هەنگاوی جەستەیی و سێكسی و ژیری و هەڵچوونی و كۆمەڵایەتی دەگەیەنێت (زیدان، ١٩٩٤، ص١٥٦-١٥٧) (هرمز و ابراهیم، ١٩٨٨، ص٥٦٥).

هەندێك لە زاناكان هەرزەكاری بەسەر چەند جۆرێكدا دابەش دەكەن، یەكێك لە دابەشكردنەكان ئەمانەی لای خوارەوەن:-

(١) هەرزەكاری خۆگونجاو (المراهقة المتكیفة):

- مەبەست لەم جۆرە هەرزەكارییە ئەوەیە، كە هەرزەكار تا رادەیەك خۆی لەگەڵ ژینگەو دەوروبەرەكەیدا گونجاندووە هیچ گیروگرفت و ئەندێشەیەكی ئەوتۆی لەگەڵ كۆمەڵەكەیدا نییە، واتە هەرزەكار هەست بە بوون و ناسنامەی خۆی دەكات و كۆمەڵگا رێزی دەگرێت و پلەو پایەی گونجاوی خۆی داوەتێ، كە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە هەرزەكار لە خۆیی و كۆمەڵەكەی رازی بێت و دووركەوێتەوە لە زیندە خەونی زۆر و (أحلام الیقظة) و خەوو خەیاڵ و بۆچوونی خراپ.

(٢) هەرزەكاری گۆشەگیرو دوورە پەرێز (المراهقة الإنسحابیة المنطویة):-

ئەم جۆرە هەرزەكارە تووشی گۆشەگیری و دوورە پەرێزی و تەنیایی دەبێت و زۆر حەز بە ناو كۆمەڵ و دام و دەزگاكانی ناكات، بەڵكو هەست بە خەمۆكی و بێزاری و كەمی و شەرم

دەکات و لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیدا سەرکەوتوو نیە، لە جیاتی ئەوە جیهانێکی خەیاڵاوی و نموونەیی بۆ خۆی دروست دەکات و گرنگی بەلایەنی نایینی و ئاکاری و ئەخلاقی دەدات و هەندێک جاریش نقومی جیهانی خەوو خەیاڵ و زیندە خەون دەبێت، کە ئەوانەیە لە جیهانی واقیعی دوور بخاتەوەو تووشی زۆر گیروگرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی بکات.

(٣) هەرزەکاری سەرەڕۆو شەڕخواز (المراهقة العدوانیة المتمردة):-

ئەم جۆرە هەرزەکارانە ڕێگای سەرەڕۆیی و شەڕخوازی دەگرنە بەرو دەست درێژی دەکەنە سەر دایك و باوك و مامۆستاو کەسانی چواردەوری، بەزۆر شێواز گوزارشت لەو یاخی بوون و سەرەڕۆییانەیان دەکەن، لەوانە (لاسایی کردنەوەی گەورەکان لە ڕێگەی جگەرە کێشان و ڕیش هێشتنەوەو خواردنەوەو بەکارهێنانی داوودەرمانی هۆشبەر) هەروەها هەڵگرتنی چەقۆو چەك و کەرەستەی بریندارکردن، ئینجا هەندێك جار هەڵس و کەوتە شەڕخوازییەکەیان ڕاستەوخۆ دەبێت و ئازاری کەسانی چواردەوریان دەدەن، یان ناڕاستەوخۆ دەبێت و شێوازی (دزی کردن، درۆ، عینادی، فرت و فێڵ) دەگرێتە خۆ، هەندێك جاریش پەنا بۆ خەوو خەیاڵ و زیندە خەون دەبەن بەڵام کەمتر لە هەرزەکارانی جۆری دووهەم.

(٤) هەرزەکاری لاسارو لادەر (المراهقة المنحرفة):-

ئەم جۆرە هەرزەکارانە بریتین لە سەرەڕۆو لاسارەکانی جۆری دووهەم و سێهەم (گۆشەگیرو شەڕخوازەکان) هەرچەندە هەرزەکارانی دوورەپەرێزو سەرەڕۆی (دووهەم و سێهەم) نا ئاسایین و ناتوانن خۆیان لەگەڵ کۆمەڵەکەیان بسازێنن بەڵام ناگەنە ئەو قوناغەی کە بە تەواوی لە ڕێگەی ئاسایی و یاسایی دەربچن و مەترسیان لەسەر کۆمەڵ هەبێت، بەڵام ئەم جۆرەیان مەترسیدار دەبێت و زیان بە کۆمەڵ و دام و دەزگاکانی دەگەیەنێت و شێوازی ترسناك دەگرێتەبەر، لەوانە (تاوانی کوشتن، بەد ڕەوشتی، پێشێل کردنی ئاشکرای یاساو داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، تووش بوون بە نەخۆشی دەروونی و عەقلی ...... تاد) (زیدان، ١٩٩٤، ص١٦١-١٦٢).

تیۆرییەکانی هەرزەکاری

هەرزەکاری دیاردەیەکی بایۆلۆژییە

قۆناغی هەرزەکاری یەکێکە لەو قۆناغانەی کە سەرنجی زۆر لە توێژەرو زانایانی بۆ لای خۆی راکێشاوە، بەلام هەر کۆمەڵەیان بەجۆرێک لێکی دەداتەوە کە لە زۆر لایەنەوە جیاوازە لە کۆمەڵەکانی تر. یەکێک لە لێکدانەوەکان کە (ستانلی هۆل)ی زانای ئەمریکی رابەرو دامەزرێنەریەتی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەرزەکاری دیاردەیەکی بایۆلۆژییە واتە سەرجەم گۆڕانکاری و گیروگرفتەکانی قۆناغی هەرزەکاری بۆ گۆڕانکارییە جەستەیی و فسیۆلۆژییەکان دەگەڕێتەوەو پەیوەندییەکی زۆر کەمی بە ژینگەی کۆمەلایەتی و ئابووری و رۆشنبیری هەرزەکارەوە هەیە. وە قۆناغی هەرزەکاری بە لە دایک بوونێکی نوێ لە قەلەم دەدات، لەبەرئەوەی کۆمەڵێک گۆڕانکاری جەستەیی و فسیۆلۆژی خێراو لەناکاو روودەدات کە هەرزەکار تووشی ترس و گرژی و دلە راوکێ دەکات و لەوەوپێش خۆی ئامادە نەکردبوو بۆیان.

بە بڕوای (هۆل) ئەو گۆڕانکاریانە هەردەبێت روویدەن و (حتمیة) و لە توانای هیچ کەس و ژینگەیەکدا نیە کە نەهێڵێت روویدەن، هەر ئەمەشە کە وا لە هەرزەکار دەکات تووشی کۆمەڵێک گرفتی دەروونی و کۆمەلایەتی ببێت. ئیتر ئەو هەرزەکارە لە هەرچ کۆمەڵگایەک بژی (پێش کەوتوبێت یان دواکەوتوو، سادە بێت یان ئاڵۆز) دەبێت تووشی ئەو گرفت و ئەندێشەو یاخی بوون و سەرە رۆییانە ببێت. بە بڕوای لایەنگرانی ئەم لێک دانەوەیە، گۆڕانکارییە سێکسیە لاوەندییەکان وەك (دەنگ گڕبوون، موولێهاتن، گەورەبوونی سنگی کچە هەرزەکار، درێژبوونی دەست و قاچەکان و ...... تاد) و گۆڕانکاریە سێکسیە سەرەکیەکانی وەك (پێگەیشتنی ئەندامی زاوزێی کورو کچ و دەرکەوتن و جۆشدانی رمەکی (غریزة) سێکسی و روودانی دیاردەی بێ نوێژی لە لای کچ و شەیتانی بوون لە لای کوڕ) هۆکاری سەرەکی خولقاندنی ئەندێشەو گیروگرفتن بۆ هەرزەکار،

لەبەرئەوەی کوت و پڕو لە ناکاون و وەك قۆناغی منداڵی لەسەرخۆو پلە بە پلەو یەك لە دوای یەك نین.

هەروەها بۆچوونەکانی (فرۆید) و هاوەڵەکانی دەربارەی قۆناغی هەرزەکاری زۆر نزیکن لە بۆچوونەکانی (ستانلی هۆل)، لەبەرئەوەی فرۆیدو هاوەڵەکانیشی گیروگرفتی هەرزەکار بە ڕەمەکی سێکسی و حەزوو ئارەزووە سێکسیەکانەوە دەبەستنەوەو لەو باوەڕەدان کە لە ئەنجامی بوونی مل ملانێ لە نێوان حەزوو داواکاریەکانی (ئەو) (ID) و پێداویستی و داواکاریەکانی (من) (الأنا) و (منی باڵا) (الأنا العلیا) هەرزەکار تووشی گرفت و ئەندێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبێت، بە تایبەتی لەو کاتانەی کە (من) لاواز دەبێت و ناتوانێت هاوسەنگیەك لەنێوان حەزوو ئارەزووە سێکسی و بایۆلۆژیەکان لە لایەك و داواکاری و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان لە لایەکی تر رابگرێت، چونکە فرۆید لەو بڕوایە دایە کە تاك وەك بووکە شووشەیەك، هێزە فسیۆلۆژی و ڕەمەکەکان یاری پێ دەکات و بەردەوام گیرۆدەی دەستیانە، هەرچەندە دەتوانێت لە ڕێگەی میکانیزمە دەروونیەکانەوە کەمێك لە فشاری هێزی ڕەمەکەکان کەم بکاتەوە.

لە ڕاستیدا ئەم لێکدانەوەی (هۆل) و (فرۆید) و هاوەڵەکانیان ڕەخنەو پلاری زۆری تێگیراوە، لەبەرئەوەی لە زۆر کۆمەڵگا هەرزەکار ڕووبەڕووی ئەو هەموو گیروگرفت و سەرەرۆیی و یاخی بوونانەی کە ئەوان باسی دەکەن نابێتەوە، چونکە زۆربەی گیروگرفتەکانی هەرزەکار بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگایە دەگەڕێتەوە کە هەرزەکاری تێدا دەژی نەك بۆ گۆڕانکارییە جەستەیی و فسیۆلۆژیەکان واتە ئەگەر ژینگەی دەرەوەی هەرزەکار لەبارو گونجاو بێت بۆ گەشەکردنی ئاسایی هەرزەکار و کەسانی چواردەور لە ئرخی کەم ئەکەنەوەو بەربەست و ڕێگری بۆ دروست نەکەن و ڕێنمایی پێویستی بکەن، ئەوا زۆر زەحمەت و دەگمەنە لایەنی جەستەیی ئەو هەموو گرفتانە بۆ هەرزەکار دروست بکات و بە پێچەوانەوە بە ئاسانی دوور لە گرفت و یاخی بوون بە قۆناغی

هەرزەکاریدا تێدەپەڕێت. واتە لایەنی جەستەیی گرنگی خۆی هەیە بەڵام بەو شێوەیە نیە کە (هۆل) و (فرۆید) و هاوەڵەکانیان باسی دەکەن.

هەرزەکاری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە

هەندێك لە زانایان لەو بڕوایەدان کە هەرزەکاری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە نەك بایۆلۆژی، واتە گیروگرفت و جۆری کەسایەتی هەرزەکار لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێ و هەموو هەرزەکارانی جیهان یەك جۆر گیروگرفت و ئەرك و پێداویستیان نیە، بەڵکو بەپێی داب و نەریت و شارستانی و ئاستی رۆشنبیری ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژی دەگۆڕێ. بەپێی بۆچوونی ئەو زانایانە کۆمەڵگایەك کە پڕ بێت لە بەرگرو و بەربەست و ململانێ و کێ بڕکێ و چەوساندنەوەو جۆرەها بەهاو ئاکارو فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیای جیاجیا، ئەوا هەرزەکاری ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە بە زۆری تووشی ململانێی دەروونی و گیروگرفت و ئەخۆشی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبن ئەگەر بەراورد بکرێت بە ئەو هەرزەکارانەی کە لە کۆمەڵگایەکی سادەو ساکارو دوور لە بەربەست و رێگردا دەژین و یەك جۆر فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیاو ئاین و بەهاو ئاکاری کۆمەڵایەتیان هەیە.

لەبەرئەوەی هەرزەکار لە کۆمەڵگای ئاڵۆزو پڕ لە گیرو گرفتدا بەردەوام ڕووبەڕووی ناخۆشی و ململانێ دەبێتەوەو نازانێ لەو هەموو ئاین و فەلسەفەو داب و نەریتە کۆمەڵایەتیە جیاجیایانەی کۆمەڵگاکەی کامیان هەڵبژێرێ و کامیان واز لێبهێنێ بەڵام لە کۆمەڵگای سادەو ساکار هەرزەکار تووشی ئەو بارە دەروونیەی پێشوو نابێت، لەبەرئەوەی یەك جۆر ئاین و فەلسەفە و داب و نەریتی گشتی هەیە و پەیڕەوی دەکات و تووشی ململانێی هەڵبژاردن و کێ بڕکێ نابێت.

لە لایەکی ترەوە زانایانی ئەم ڕێبازە لەو بڕوایەدان کە هەڵس و کەوتی شەڕخوازانەی هەندێک لە هەرزەکاران بەهۆی گۆڕانکاری جەستەیی و هۆرمۆنات و بۆماوەوە نیە بەڵکو لە ئەنجامی لاسایی کردنەوەی هەڵس و کەوتی شەڕخوازانەی کەسانی چواردەوری و پەروەردەی هەڵەی ناو خێزان و کۆمەڵەوەیە، بەڵام لە هەندێک کۆمەڵگا هەرزەکار تووشی ئەو شەڕخوازی و سەرەڕۆییە نابێت لەبەرئەوەی جۆری پەروەردەکەیان دوورە لە توندوتیژی و کۆمەڵگاکەیان پڕە لە لێبوردن و بەزەیی و خۆشەویستی. ئەوەی زیاتر گرنگی ڕۆشنبیری و کەلتورو شارستانیەتی کۆمەڵگاکانی لەسەر جۆری کەسایەتی و ڕەوشت و باری دەروونی هەرزەکاران دەرخست، زانایانی بواری ئەنپرۆپۆلۆژیا بوو کە خەریکی توێژینەوەن لەسەر ڕۆڵی ڕۆشنبیری و کەلتوری کۆمەڵگاکان لەسەر کەسایەتی تاکەکانیان و بەراورد کردنی جۆری پەروەردەو ژیانی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بە کۆمەڵگا ئاڵۆزو پێشکەوتووەکان لەوانە زانایان (مالینۆفسکی / بندکت / مارگریت مید ... تاد).

مارگریت مید یەکێکە لەو زانایانەی کە توێژینەوەی لەسەر دانیشتوانی نیمچە دوورگەی سامۆ (غینیای تازە) کردو ماوەیەکی زۆر لەناویاندا ژیاو زانیاری تەواوی دەربارەی ژیان و گوزەران و چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ و چوونە ناو قۆناغی هەرزەکاری و پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆکردەوە، دوایی بە کۆمەڵگای ئەمەریکی بەراورد کرد و گەیشتە ئەم ڕاستیانەی لای خوارەوە:-

١- هەرزەکار لە کۆمەڵگای (سامۆا) زۆر بە کەمی تووشی نەخۆشی دەروونی و ململانێ و کێشمەکێشی کۆمەڵایەتی دەبێت و گیانی شەڕخوازی و یاخی بوون و گۆشەگیری زۆر کەمترە ئەگەر بەراورد بکرێت بە هەرزەکاری ئەمەریکی.

٢- هۆی سەرەکی ئەو جیاوازیەی نێوان هەرزەکاری سامۆای و ئەمەریکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژیان لە کۆمەڵگای (سامۆا) سادەو ساکارە و ململانێ لە نێوان دایک و باوک و منداڵەکانیان زۆر کەمە و ئەگەر هەشبێت زۆر بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت و تووشی

ململانێی بیروباوەڕی جیاجیا نابێت و لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا ناچەنگێ و گرفتی هەڵبژاردنی کام بیروباوەڕ و ئایین و پیشەو کاری نیە و زۆر بە کەمی تووشی ترس و دڵەڕاوکێ و چەوساندنەوەو سووکایەتی پێ کردن دەبێت.

بە پێچەوانەی هەرزەکارێکی ئەمەریکی کە بەردەوام لە ململانێ و بگرەو بەردەدا دەژی و نازانێ بڕوا بەچی بهێنێ و چۆن چارەسەری ئەو هەموو گرفت و پێداویستیە جیاجیاو دژ بەیەکانە بکات، لەبەرئەوە لە قۆناغی هەرزەکاریدا تووشی زۆر گێروگرفت و سەرەڕۆیی دەبێت وەك (هۆل) باسی دەکات. کەواتە بە بڕوای مارگریت مید و هاوەڵەکانی هۆی گێروگرفت و ناخۆشیەکان کۆمەڵە نەك جەستەو گۆڕانکاریەکانی.

هەرزەکاری دیاردەیەکی دەروونییە

(لیڤن) یەکێکە لە زانایانی ڕێبازی بوار (مجال) و سەربە قوتابخانەی (جەشتالتە) و لەو بڕوایەدایە کە هەرزەکاری دیاردەیەکی دەروونیەو دوو خاسیەتی سەرەکی لە قۆناغەکانی تری جیا دەکاتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە :-

١- بەرفراوان بوونی بواری (کۆمەڵایەتی، کاتی، شوێنی، جەستەیی) هەرزەکار، واتە هەرزەکار زیاتر لە منداڵ تێکەڵاوی کۆمەڵ و دام و دەزگاکانی دەبێت و ڕووبەڕووی کێشەو دیاردەی کۆمەڵایەتی زیاتر دەبێتەوە، هەروەها ئەگەر لە قۆناغی منداڵیدا بە دووری ڕۆژو هەفتەو مانگ بیری کردبێتەوە، ئەوا لە قۆناغی هەرزەکاریدا بیر لە چەند ساڵی ترو پاشەڕۆژو داهاتووی دەکاتەوە، واتە بواری کاتی و بیرکردنەوەی بەرفراوانترو زیاتر دەبێت لە لایەکی تریشەوە ئەو ڕووبەرو ناوچەو شوێنانەی کە هەرزەکار مامەڵەیان لەناودا دەکات زۆر بەرفراوانترو زیاترە لەو بوارو شوێنانەی کە منداڵ تیادا دێت و دەچێت، هەروەها لە لایەنی جەستەیی و فسیولۆژیشەوە هەرزەکار زیاتر گەشە دەکات و قاچ و

دەست و ئەندامەکانی تری لەشی درێژترو گەورەترو ئالۆزتر دەبن ئەگەر بەراورد بکرێن بە قۆناغی منداڵی.

٢- تەم و مژاوی و ناڕێکی ئەو گۆڕانکاریانەی سەرەوە. واتە کاتێک هەرزەکار لە لایەنی جەستەییەوە دەگۆڕێ، گۆڕانکاریەکان زۆر بە خێراو، کوت و پڕن و هەرزەکار لە سەرەتادا ناتوانێت بە ئاسانی خۆی لە تەکیاندا بسازێنێ و شارەزایی و زانیاری تەواوی لە بارەیانەوە نیە کە ئەمەش تووشی ڕاڕایی و گومان و دڵە ڕاوکێ و ترس و بیریکی دەروونی ئالۆزی دەکات.

هەروەها لە لایەنی کۆمەڵایەتیشەوە تووشی زۆر گیروگرفت و ململانێی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبێت، لەبەرئەوەی ئەمنداڵەکەی جارانەو نەبووە بە کەسێکی گەورە. واتە نە منداڵان بە منداڵی دا دەنێن و نەگەورەکانیش پێشوازی لێدەکەن و بە گەورەی دادەنێن، کەواتە هەرزەکار ناسنامەی تایبەتی خۆی نیەو لە ئاسمانی خەوو خەیاڵدا پەلەقاژێیەتی و نازانێت سەر بە چ گروپ و قۆناغێکە، کە ئەمەش تووشی خەم و خەفەتی دەکات. لە لایەنی کات و بیرکردنەوەی پاشەڕۆژەوە، زۆر لە دیاردەو پێش بینیەکان ڕوون و ئاشکرانین لە لای هەرزەکار، بەڵکو وەک ئەو شارە تازەو نامۆیە وایە کە کەسێکی نەشارەزا بۆ یەکەم جار سەردانی دەکات و هیچ شوێنێک نازانێت و کەس ناناسێت و نازانێت بەرەو کوێ بڕوات، باری دەروونی هەرزەکاریش وەک باری دەروونی ئەو کابرا نە شارەزایەیە، چونکە جەستەو بواری کۆمەڵایەتی و دەروونی وەک ئەو شارە شاراوەو نادیارە وایە.

سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی سەرەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان جیهان و ڕاوبۆچوونی هەرزەکارو ڕاوبۆچوونی گەورەکانی هەیە و ئەمەش لە قۆناغی هەرزەکاریدا تووشی ململانێی کۆمەڵایەتی و بگرەو بەردەی دەکات. بەپێی لێکدانەوەی ئەم تیۆرەی (لیڤین) هەرزەکار بوونەوەرێکی بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتیشە، لەهەمان کاتدا لایەنی جەستەیی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکانی جیهانی دەرەوە کاریگەریان لەسەر باری دەروونی هەرزەکار

هەیە. هەروەها لیڤین لەو بڕوایە دایە کە گیروگرفتی هەرزەکار لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێ و هەندێک کۆمەڵگا گیروگرفت بۆ هەرزەکار دروست دەکەن بەلام هەندێکی تر دروستی ناکەن.

کەواتە تیۆری لیڤین گیروگرفتەکانی قۆناغی هەرزەکاری بۆ گۆڕانکاری (جەستەیی، کۆمەلایەتی، کاتی و شوێنی) دەگەڕێنێتەوە. ئەویش لەبەرئەوەیە کە هەرزەکار بە ئاسانی لەگەڵیاندا ڕانایەت و کاتێکی دەوێ تاوەکو شارەزای جەستەی تازەی و سەرجەم گۆڕانکاریەکانی لەشی دەبێت و دەتوانێت کۆنتڕۆڵی ئەندامەکانی لەشی بکات، بەلام لەسەردەمی منداڵی ئەو گیروگرفتانەی نەبووە لەبەرئەوەی ژینگەی کۆمەلایەتی و ئەندامەکانی لەشی و جۆری بیرکردنەوەکانی روون و ئاشکرابوون و منداڵ پێیان ئاشنایە بە پێچەوانەی هەرزەکار کە هەموویان نامۆ کوت و پڕو لەناکاون.

هەرزەكارو گۆڕانكارییە جەستەییەكان
گۆڕانكارییە هەڵچوو نیەكانی قۆناغی هەرزەكاری
هەرزەكارو گەشەكردنی كۆمەڵایەتی

هەرزەکارو گۆڕانکاری جەستەیی

هەرزەکار بەو کەسە دەوترێت کەماڵئاوایی لە قۆناغی منداڵی دەکات و دەچێتە قۆناغێکی تازەوە کە جیاوازە لە قۆناغی منداڵی و کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە گشت لایەنەکانی جەستەیی و کۆمەڵایەتی و ژیری و هەڵچوونیەوە تیایدا روو دەدات ئەوەی شایەنی ئاماژە بۆ کردن بێت ئەوەیە کە ئەم قۆناغە واتە قۆناغی هەرزەکاری لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کەمێك جیاوازە، منداڵانی ناوچە گەرمەکان پێش منداڵانی ناوچە ساردەکان دەچنە قۆناغی هەرزەکارییەوە منداڵانی لادێ پێش هاوەڵەکانیان کە لە شار دەژین و، کچان پێش کوڕان دەچنە قۆناغی هەرزەکارییەوە، ئەو کەسەی بچێتە قۆناغی هەرزەکارییەوە کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە جەستەو سەرو سیمایدا روو دەدات لەوانە (درێژبوونی هەردوو قاچ و دەستەکانی، زیاد بوونی کێشی، گەورە بوونی بارستایی، گڕبوونی دەنگی، دەرچوونی موو لە هەندێك شوێن وەك سمێڵ، ڕیش، بن باڵا و چواردەوری ئەندامی زاوزێ) هەروەها چەند گۆڕانکارییەکی فسیۆلۆژیش هاوشان لە تەك گۆڕانکارییە جەستەییەکاندا روودەدات لە هەموویان گرنگتر بینوێژی (سووڕی مانگانە) لای کچ و شەیتانی بوون لای کوڕە.

ئەم گۆڕانکارییانەی سەرەوە لای هەموو هەرزەکارێك روودەدات، بەڵام شوێنەوارە دەروونیەکەی دەگۆڕێت و جیاواز دەبێت لە هەرزەکارێکەوە بۆ هەرزەکارێکی تر، زۆر جار لە ئەنجامی نەزانی و کەمتەرخەمی دایك و باوك یان مامۆستاو کەسانی تری چواردەوری هەرزەکار لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە جەستەییانەی لای خوارەوە، کۆمەڵێك خەم و خەفەت و ترس و دڵەراوکێ و گرژی سەرو دڵی هەرزەکار دەگرێت :-

١- درێژبوونی هەردوو دەست و قاچ:-

هەرزەکار هەردوو دەست و قاچی درێژ دەبێت و لە ناکاوی و خێرایی و کوت و پڕییەکەی ترس و دڵەراوکێ لە دڵ و دەروونی هەرزەکاردا دەچێنێ، چونکە هەرزەکار

بەئاسانی لەسەرەتای هەرزەكاریدا ناتوانێت خۆی لەتەك ئەو گۆڕانكارییە كوت و پڕییەدا بسازێنێ و دەبینێت پانتۆڵ و كراس و چاكەتەكانی پێش ماوەیەكی كورتی قۆناغی هەرزەكاری بەكەڵكی نایەت و پێڵاوەكانی تەسك بۆتەوەو ئازاری پێیەكانی دەدات، جووڵەی وەك جاران ڕێك و پێك نیەو ناتوانێت زۆر كارو فەرمانی وردەكاری وەك سینی هەلگرتن و پیاڵەگرتن و سەركەوتن بەسەر قادرمەو بەربەستەكاندا وەك منداڵی بە ئاكام بگەیەنێت، چونكە گۆڕانكارییە جەستەییەكەی قۆناغی هەرزەكاری زۆر خێرایە و بە ئاسانی هەرزەكار ناتوانێت خۆی لەتەكیدا بسازێنێ لەلایەك و گەشەكردنی لایەنی ژیری و خەملاندن و جووڵە دەمارەكان لە لایەكی ترەوە كەمێك دوادەكەوێت و لە ئەنجامدا هەرزەكار تووشی بارێكی دەروونی ئاڵۆز دەبێت.

٢- لووت:-

كەپووی هەرزەكار پێش بەشەكانی تری دەم و چاوی گەشەدەكات و نزیك دەبێتەوە لە شێوەی لووتی گەورە، بەلام بەشەكانی تری دەم و چاوی درەنگتر شێوەیان دەگۆڕدرێت، ئیتر تا ئەو كاتەی هەموو بەشەكانی تری دەم و چاوی گەشە دەكات، هەرزەكار بەردەوام خەریكی دەم و چاویەتی و بیر لە لووت و ناڕێكی دەم و چاوی دەكاتەوەو ترس و دڵە ڕاوكێ و خەفەت لە ئەنجامی ئەزانیەوە دایدەگرێت، بەلام ئەگەر كەسانی چواردەوری بۆیان ڕوون كردەوە كە لووت یەكەم جار گەورە دەبێت و دوای ئەوەش بەشەكانی تری دەم و چاو، ئەوا ئەو كاتە هەرزەكار تووشی ترس و خەم و خەفەت و ئازار نابێت.

٣- زیپكە:-

لە ئەنجامی كۆبوونەوەی پیسی و پیشەڕۆ لە ژێر پێستی هەرزەكار زیپكەو عازەبانە دەم و چاوی هەندێك لە هەرزەكارەكان دەگرێتەوەو دەبێتە مایەی دڵەڕاوكێ و گرژی و خەم و خەفەتی هەرزەكار، چونكە لە قۆناغی هەرزەكاری چالاكی و جووڵەو فەرمانەكانی

هەرزەکار زیاد دەبێت و چەوری و عارەق و پاشەڕۆ زیاد دەکات بەڵام لە سەرەتای هەرزەکاری ئەو جۆگەلەو ڕێچکانەی ژێر پێست کە لەش ڕزگار دەکات لە پاشەڕۆ، فراوان و گەورە نابێت و دەبێتە هۆی خڕبوونەوەو تۆپەڵ بوونی ئەو پیسی و پاشەڕۆیانە لە ژێر پێست و دروست بوونی زیپکە و عازەبانە، ئیتر ئەم دیاردەیە دەبێتە مایەی ترس و خەم و خەفەت و دڵە ڕاوکێ ی هەرزەکارو بیرکردنەوەو خۆخەریك کردن پێیەوەو خوراندن و بریندارکردنی و بیرکردنەوە لەبەکارهێنانی داوو دەرمان و شێوەکانی خۆ جوان کردن.

زۆر جاریش مامەڵەی هەڵەی کەسانی چوار دەوری هەرزەکار قووڕەکە زیاتر خەست دەکەنەوە، ئەویش لە ڕێگەی تیروتوانج تێ گرتن و گاڵتە پێکردنی هەرزەکار، هەروەها قۆناغی هەرزەکاری قۆناغی ناسنامەو خۆناسین و هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانە، لەبەرئەوە لایەنی جەستەیی و جوانی و ڕێك و پێکی لەش و لارو ساف و لووسی دەم و چاو گرنگیەکی زۆری هەیە لەبواری دەروونی هەرزەکاردا، لەبەرئەوە زۆر پێویستە ڕێنمایی و ئامۆژگاری هەرزەکار بکرێت بۆ زوو زوو شتنی دەم و چاو بە ئاوی شلەتێن و دەم و چاو دانە بەردەم تیشکی ڕۆژ و کەم کردنەوەی خواردنی چەوری و شیرنەمەنی و یاری نەکردن و نەخوراندن و بریندارنەکردنی دەم و چاوو خۆ خەریك نەکردن پێیەوە.

٤- زیاد بوونی فەرمانەکانی دڵ:-

لە ئەنجامی زیاد بوونی چالاکی و کارو فەرمانەکانی هەرزەکارو ئەو گۆڕانکارییە جەستەییانە ئەوا ئەرك و فەرمانەکانی دڵیش زیاد دەکات، بەڵام کێش و تواناو بارستایی دڵ لەسەرەتای هەرزەکاری هەروەك سەردەمی منداڵیەو ووردە ووردە دەگۆڕێت، بەڵام تا ئەو کاتەی گەورە دەبێت و دەتوانێت کارو فەرمانەکانی قۆناغی هەرزەکاری بە ئەنجام بگەیەنێت کەمێك ماندوو دەبێت و هەرزەکار هەست بە کەمێك ئازاری دڵ دەکات و هەندێك جار لە دەروونی خۆیدا گەورەی دەکات و وا دەزانێت تووشی نەخۆشی دڵ بووە، دوورنیە هەندێك جار سەردانی پزیشکیش بکات (الالوسی، ١٩٨٣، ص٢٤٨).

٥- گۆڕانكاری فسیۆلۆژی:-

چەند گۆڕانكاریەكی فسیۆلۆژی لە قۆناغی هەرزەكاریدا روودەدات كە شوێنەواری دەروونی لەلای هەرزەكار بەجێ دەهێلێت، لەوانە دیاردەی بێ نوێژی بوونی كچ و شەیتانی بوونی كوڕە. ئەمانە دوو دیاردەی فسیۆلۆژی ناسایین و لەلای هەموو هەرزەكارێك روو دەدات و بەلگەو هێمایە بۆ قۆناغی هەرزەكاری و كاملی و مالئاوایی كردن لە قۆناغی مندالی و پێویستە هەرزەكار شانازی پێوە بكات و شاگەشكەو شادو كامەران بێت، بەلام بەداخەوە زۆر جار لە ئەنجامی نەزانی و كەمی شارەزایی دەربارەی ئەو دیاردانە هەرزەكار تووشی ترس و دلە راوكێ و خەم و خەفەت و ئازار دەبێت.

كچ وا هەست دەكات تووشی نەخۆشی بووەو نازانێت ئەو دیاردەیە هەتاوەكوو كەی بەردەوام دەبێت و دەیەها پرسیاری بێ وەلام لە مێشكیدا دێت و دەچێت نە دایك وەلامی زۆر پرسیاری دەداتەوەو نە مامۆستاش، (ئیتر لە ئەنجامی نەشارەزاییانەوە بێت یان لە ئەنجامی شەرم و عەیبەوە). ئیتر ئەم كچە هەرزەكارە لەبیریكی دەروونی ئالۆزدا دەژی و لەسەرەتای هەرزەكاریدا دوور نیە هەول بدات لە هەندێك سەرچاوەی تری وەك دەستە خوشكەكانی یان گۆڤارو فیلم و رۆژنامەكانەوە وەلامەكانی دەست بكەوێت، بەلام كێ دەلێت ئەو سەرچاوانە بەراستی و بە ئەمەناتەوە زانیاری دەدەن بەو كیژۆلەو وەلامی پرسیارەكانی دەست دەكەوێت؟ دوورنیە بە هەلە لەو دیاردەیە بگات و تووشی لادان و كۆمەلێك گرفتی دەروونی ببێت، لەبەرئەوە زۆر پێویستە دایك و خووشكی گەورەو مامۆستای ئافرەت لە قۆناغی هەرزەكاری زانیاری و شارەزایی خۆیان بدەن بە كچە هەرزەكارەكان و بۆیان روون بكەنەوە كە ئەو دیاردەیە دیاردەیەكی فسیۆلۆژی ئاساییەو هیچ نەخۆشیەك نیەو پێویست بە ترس و دلە راوكێ ناكات و لەلای هەموو كچێكیش هەیە، هەروەها كوڕیش لە ئەنجامی دیاردەی شەیتانی بوون و روودانی بۆ یەكەم جار تووشی ترس و خەم و خەفەت و دلە راوكێ دەبێت (مسن، ١٩٨٦، ص٤٥٢) زۆرجاریش هەست بەگوناهو تاوان دەكات و ویژدانی ئازاری دەدات، بەلام ئەگەر روون كرایەوە كە ئەم

دیاردەیە ئاساییەو هیچ پێویستی بە ترس و گوناهو خەم و خەفەت نیەو بەڵگەیە بۆ قۆناغی هەرزەکاری، ئەوا ئەو کاتە ئازارو خەم و خەفەتەکێنی کەم دەبێتەوە.

٦- زیادبوونی چالاکی عەرەقە گلاند:-

لە قۆناغی هەرزەکاریدا عەرەقە گلاند چالاکی زیاد دەبێت و دەست و دەم و چاوی هەرزەکار زیاتر لە قۆناغی منداڵی عارەق دەکاتەوەو ناو لەپی دەستەکانی زوو زوو تەڕ دەبێت و دوور نیە تووشی خەم و خەفەتی بکات و هۆکارەکانی نەزانێت و دەفتەرو پەڕاوەکانی لەکاتی نووسیندا پیس بکات و ئینجا ئەگەر مامۆستاش گاڵتەی پێ کردو یان لەسەر پیس کردنی دەفتەرو پەڕاوەکانی سەرزەنشت و سزای دا ئەوا ئەو بارە هەڵچوونیەش ئەوەندەی تر عارەقەی زیاتر دەکات و ئینجا گەرماو ومرزی هاوینیش زیاتری دەکات. لەبەرئەوە پێویستە زانیاری لەو بارەیەوە بدرێت بە هەرزەکار و گاڵتەو سووکایەتی پێ نەکرێت و لەکاتی مامەڵەکردندا رەچاوی ئەو خاڵانە بکرێت، بۆ ئەوەی باری دەروونی هەرزەکار لەوە زیاتر ئاڵۆز نەکرێت و تووشی خەم و خەفەت و ئازار نەبێت.

٧- دواکەوتن یان پێش کەوتن لە چوونە ناو قۆناغی هەرزەکاری:-

لە ئەنجامی جیاوازی تاکایەتی و هەندێک هۆکاری دەرەکی تر، هەندێک هەرزەکار لەکاتی خۆیدا لەگەڵ هاوەڵەکانیان ناچنە ناو قۆناغی هەرزەکارییەوە ئیتر یان پێش هاوڕێکانیان دەکەون یان دوادەکەون، لە هەردوو باردا دوور نیە گرفت بۆ ئەو هەرزەکارانە دروست ببێت لەبەر ئەوەی کاتێک خۆیان بە هاوەڵەکانیان بەراورد دەکەن هەست بە کەمی دەکەن و جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوان و برادەرەکانیان، بەڵام ئەگەر ئەوەیان بۆ روونکرایەوە کە هەندێک کەس درەنگتر یان زووتر لە کەسانی تر دەچنە ناو قۆناغی هەرزەکارییەوەو دیاردەیەکی ئاساییەو هیچ پێویست بە ترس و دڵە راوکێ و خەم خەفەت ناکات، ئەوا ئەوانیش ئازارەکانیان کەم دەبێتەوە.

٨- دەنگ گڕبوون:-

کاتێك منداڵ دەچێتە قۆناغی هەرزەکارییەوە، لە ئەنجامی درێژبوون و ئەستووربوونی دەنگە ژێکانیدا و زیادبوونی (هۆرمۆنی ئەندرۆجین) دەنگی گڕ دەبێت و وەك دەنگی گەورەی لێدێت، بەڵام ئەوەی شایەنی باسکردن بێت ئەوەیە کە دەنگ گڕبوونەکە بەشێوەیەکی کوت و پڕمو شێوەیەکی ناخۆش و ئەشاز وەردەگرێت و هەندێك جار دوو دەنگی جیاواز بەیەك (گڕو ناسك) یان (ناسك و گڕ) بەدوای یەکدا دێن و هەرزەکار تووشی شەرم و خەم و خەفەت دەکات و زۆر جار وای لێدەکات شەرم بکات و قسە نەکات و بەشداری ناو کۆڕو کۆبوونەوە نەبێت و بەشداری گفت و گۆی ناو پۆل نەکات، ئیتر لەم کاتانەدا نابێت مامۆستا یان دایك و باوك زۆر لە هەرزەکارەکە بکات بۆ بەشدار بوون و قسەکردن، لەوانەیە سوودی نەبێت و گرفت بۆ هەردوو لایان دروست بکات، هەروەها نابێت سووکایەتی بە دەنگ و قسەکردنی بکرێت و دەبێت هان بدرێت و پشتگیری بکرێت و ئەو دیاردانەی سەرەوە لەبەرچاوی ئاسان بکرێت و زانیاری بدرێتێ و ڕێنمایی بکرێت و خەم و خەفەت و ئازارەکانی کەم بکرێتەوە بۆئەوەی قۆناغی هەرزەکاری بەسەلامەتی ببڕێت.

گۆڕانکارییە هەڵچوونیەکانی قۆناغی هەرزەکاری

هەڵچوونەکانی هەرزەکار لە زۆر لایەنەوە جیاوازن لە هەڵچوونەکانی منداڵ و کەسانی کامڵ و پێگەیشتوو، لە گرنگترین خاسیەتەکانی هەڵچوونەکانی هەرزەکار و لایەنەکانی ئەمانەی لای خوارەوەن:-

١- هەڵچوونەکانی هەرزەکار لە سەرەتای قۆناغی هەرزەکارییدا زۆر خێراو توندوتیژو بێ سنوورن و هەرزەکار بە بچووکترین شت هەڵدەچێت و وەك فیشەکە شێتە بە ئاسماندا دەچێت، ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ گۆڕانکارییە جەستەییە خێراو کوت و پڕەکانی ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە، کە هەرزەکار ناتوانێت بە ئاسانی خۆی لە تەکیاندا بسازێنێ لە ئەنجامیشدا تووشی هەڵچوونەکانی (ترس، تووڕەبوون، شەرم، دڵە راوکێ، خەم و خەفەت ...... تاد) دەبێت.

٢- کاتێك هەرزەکار تووڕە دەکرێت یان دەوروژێنرێت و تووشی حاڵەتی هەڵچوون دەکرێت ئەوە ناتوانێت کۆنترۆڵی دیوی دەرەوەی هەڵچوونەکانی بکات و بە زەقی لەسەرو سیماو دەم و چاوو دەست و قاچیدا رەنگ دەداتەوە، لەبەرئەوە دەبینین (هاواردەکات، شت دەشکێنێ و فڕێی دەدات، شەق دەهاوێت، گازدەگرێت، دەست دەوەشێنێت، دەگری) هەروەها هەمان شێوەش لە کاتی دڵخۆشیدا روودەدات و هەرزەکار نازانێت چۆن گوزارشت لە هەڵچوونەکان و دڵخۆشیەکەی بکات و دەبینین بە هەردوو دەست و قاچ و سەرو شان و مل ئاماژە بۆ ئەو حاڵەتەی دەکات و بە ئاسانی ئەو خۆشی و کامەرانییە لەسەرو سیمایدا دەخوێندرێتەوە.

ئینجا پێویستە دایك و باوك و مامۆستا ئاگاداری ئەو حاڵەتانە بن و بەشێوەیەکی پەروەردەییانە مامەڵەی لەگەڵ بکەن و هۆکارو پاڵنەرەکانی هەڵچوونەکانی هەرزەکار بە باشی دیاری بکەن، بۆئەوەی نەکەونە هەڵەوە، چونکە هەڵچوونەکانی هەرزەکار لە

سەردەمی گەشەکردندان و هێشتا بە تەواوی پێنەگەیشتوون. کەواتە دەبێت بەپێی ئەو گۆڕانکاری و خاسیەتانەی قۆناغەکەی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

٣- هەندێك لە هەرزەکاران لە ئەنجامی زوڵم و ستەم و ناهەقی کەسانی چواردەوریان و نەزانیان دەربارەی گۆڕانکاریەکانی قۆناغی هەرزەکاری، تووشی دڵتەنگی و بێزاری و خەم و خەفەت و ئازاری دەروونی دەبن، کە ئەمەش ئەگەر لەکاتی خۆیدا چارەسەر نەکرێت، دوورنییە کە زەرەرو زیانی گەورە بە باری دەروونی و دروستی دەروونی (الصحة النفسية) هەرزەکار بگەیەنێ، کە بە داخەوە هەندێك جار ململانێی نێوان هەرزەکار و دایك و باوك و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دواکەوتوو دەبێتە هۆی خوڵقاندنی بیرکردنەوە دەربارەی خۆکوشتن و راکردن لە خێزان و قوتابخانەو دەست درێژی کردنە سەر کەسانی تر.

٤- لەم قۆناغەدا هەندێك سۆزو عاتیفەی کەسی و خودی (شخصي وذاتي) سەرهەڵدەدات و لە رێگەی گرنگی دان بە جل و بەرگ و رواڵەت و شێوەی قسەکردن و نان خواردن، گوزارشتی لێدەکرێت، چونکە هەرزەکار ئەو هەستەی لەلا دروست دەبێت کە منداڵەکەی جاران نەماوەو ئێستا گەورە بووەو مافی قسەکردن و رادەربڕینی هەیە. لەبەرئەوە ئەرکی دایك و باوك و مامۆستایە کە رێزی ئەو هەستەی هەرزەکار بگرن و ژینگەی لەبارو دروست لەناو خێزان و قوتابخانە بۆ گەشە پێکردنی بخوڵقێنن، بۆ ئەوەی هەرزەکار ببێت بە کەسێکی بەسوودو خاوەن ناسنامەی سەربەخۆ بۆ کۆمەڵەکەی.

٥- هەروەها لەناوەراست و دواسالەکانی قۆناغی هەرزەکاری، دیاردەی گرنگیدان بە سروشت و سۆزو عاتیفە بەرانبەر شتە جوانەکان لە لای هەرزەکار سەرهەڵدەدات، کە ئەمەش پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەوەی گرنگی بە سروشت و هونەرە جوانەکانی بدات و خولیای خوێندنەوەی چیرۆك و هۆنراوەو رۆمانە رۆمانسی و عاتیفیەکان ببێت.

لێرەدا ئەرکی خێزان و قوتابخانەیە کە لە ڕێگەی هەندێک چالاکی خێزانی و قوتابخانەوەو لە میانەی هەندێک لەوێنەو چالاکیە دەرەکیەکانی قوتابخانەوە، ئەو حەزوو ئارەزووانەی هەرزەکار تێربکرێت و ژینگەی گونجاو بۆ گەشەکردنیان بخولقێندرێ، بۆئەوەی سوود لە بەهرەو تواناکانی هەرزەکاران و لاوان وەربگیرێت و لە لاساری و سەرەڕۆیش دوور بخرێنەوە.

٦- هەندێک جار هەڵچوونەکانی هەرزەکار لەگەڵ وروژێنەرەکانیان (المثيرات) ناگونجێت، واتە ڕەخنەو گلەیی و گازاندەیەکی بچووک، دوورنییە هەرزەکار تووشی تورەبوون و هەڵچوونێکی زۆر بکات، یان نوکتەو قسەیەکی خۆشی ئاسایی لەوانەیە هەرزەکار تووشی دڵخۆشی و کامەرانیەکی زۆر بکات، سەرەڕای ئەوەش گرفت و ناخۆشیەکی خێزانی ئاسایی هەرزەکار تووشی خەم و خەفەت و دڵتەنگیەکی زۆر دەکات، بە کوردیەکەی خۆمان (لە دەنکە نۆکێک کفتەیەک) دروست دەکات، واتە زۆر جار شتەکان گەورە دەکات و زیاد لە پێویست گرنگیان پێ دەدات، کە ئەمەش باری دەروونیەکەی بۆ ماوەیەک ئاڵۆز دەکات، ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ کەم شارەزایی و پێنەگەیشتنی هەڵچوونەکانی دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوە پێویستە ئێمەی گەورە ئەو ڕاستیە بزانین و لەکاتی مامەڵەکردنمان لەگەڵ هەرزەکار ڕەچاوی ئەو خاڵەش بکەین، بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەوەو گرفت بۆ خۆمان و هەرزەکاریش دروست نەکەین.

٧- هەروەها دیاردەی گۆڕینی هەڵچوونەکان و ڕاڕایی (التذبذب الأنفعالي) زۆر بە زەقی لە قۆناغی هەرزەکاری هەستی پێ دەکرێت، بۆ نموونە هەندێک جار هەرزەکار زۆر خواپەرست و باوەڕدارە بەڵام دوورنیە دوای ماوەیەک پێچەوانەکەی بکات و پاش ماوەیەکی تریش بگەڕێتەوە بۆ خواپەرستیەکەی، یان هەندێک جار کۆمەڵایەتیەو حەز بە تێکەڵاوبوون و هاوڕێیەتی کەسانی چواردەوری دەکات، بەڵام دوورنیە دوای ماوەیەک حەز بە تەنیایی و گۆشەگیری و دوورە پەرێزی بکات، یان هەندێک جار زۆر ئازاو بە جەرگ دەردەکەوێ بەڵام هەندێک جاریش پێچەوانەکەی.واتە هەرزەکار لە بیریکی دەروونی

رارابیدایە و بەردەوام خەریکی تاووتوێ کردنی دیاردەکانەو لە هەوڵی هەڵبژاردنی ئاسنامەو ئایدۆلۆژیاو جیهانی تایبەتی خۆیدایە، ئینجا لەبەرئەوەی زانیاری و شارەزایی کەمە، بۆیە تووشی ئەو حاڵەتە دەبێت.

کەواتە ئەرکی ئێمەی گەورە ئەوەیە کە زانیاری و شارەزایی و ڕێنمایی پێویست بدەین بە هەرزەکار بۆ ئەوەی لەسەر بیرکردنەوەو هەڵس و کەوتی ڕاست و زانستی بەردەوام ببێت و لە خراپەکان دووربکەوێتەوە.

٨- هەروەها گۆڕانکارییە فسیۆلۆژیەکان و سەرهەڵدانی حەزوو ئارەزووی سێکسی و گەشەکردن و دەرکەوتنی سێکسە گلاندەکان تاڕادەیەك هەرزەکار تووشی ترس و شەرم و هەست کردن بە گوناه دەکەن، هەروەها دیاردەی ڕارایی و بڕوا بە خۆنەبوونیش دەربارەی گۆڕانکاریەکانی بە ئاشکرا لەم قۆناغەدا هەستی پێ دەکرێت.

٩- یەکێك لە زەقترین و دیارترین دیاردە هەڵچوونیەکانی قۆناغی هەرزەکاری دیاردەی زیندەخەونە (حلم اليقظة)، هەرزەکار لە ڕێگەی ئەم زیندە خەونەوە زۆر لە خەوو خەیاڵ و حەزوو ئارەزووە تێرنەکراوەکانی خۆی تێردەکات. هەرزەکار کۆشکی خەیاڵی و سەیرو سەمەرە دروست دەکات و ئەوەی خۆی حەزی لێدەکات لە ڕێگەی خەیاڵ و داڵغە لێدانەوە تێری دەکات. زیندەخەون ڕاکردنە لە واقیع و ژیانە لە خەوو خەیاڵ. لە ڕاستیدا زیندەخەون وەك میکانیزم و چەکێکی دەروونی تاڕادەیەکی باش بۆ هەرزەکار بەسوودەو هەرزەکار نییە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت پەنا بۆ زیندەخەون نەبات. بەڵام کاتێك ڕێژەی زیندە خەون زۆر دەبێت و هەرزەکار بە بەردەوامی ڕادەکات و پەنا بۆ زیندەخەون و داڵغە لێدان دەبات، ئا لەم کاتانەدا ترسناکەو مەترسی لەسەر باری دەروونی هەرزەکار دەبێت و تووشی نامۆبوون و پچڕانی کۆمەڵایەتی دەکات. لەبەرئەوە پێویستە ئالەم حاڵەتەدا دایك و باوك و مامۆستا بەدوای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ئەو جۆرە هەرزەکارەدا بگەڕێن، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی زانینی هۆکارەکان و ڕێنمایی پێویستەوە

هەرزەکار بۆ جیهانی واقیعی بگەڕێنرێتەوە، چونکە بەردەوام بوونی ئەو حاڵەتە هەرزەکار تووشی زۆر گیروگرفتی پەروەردەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی دەکات.

١٠- هەرزەکاریش وەك منداڵ و کەسانی تر خەون دەبینێ، بەڵام جۆری خەونەکانی هەرزەکار لە زۆر لایەنەوە لە خەونەکانی کەسانی تر جیاوازن چونکە ناوەڕۆکی خەونەکانی هەرزەکار پەیوەستە بە جیهان و خەوو خەیاڵ و گیروگرفت و حەزوو ئارەزووەکانی قۆناغی هەرزەکاری، لەوانە (سێکس، خوێندن و قوتابخانە، کارکردن، هاوسەری ژیان، پاشەڕۆژ ... تاد)، سەرەڕای ئەوەش بێجگە لە شتە هەست پێکراوەکانی قۆناغی منداڵی زۆر دیاردەی رووت و هەست پێ نەکراوو مەعنەوی (المجرد) دێتە بواری دەروونی هەرزەکارەوەو لە خەون و خەیاڵیدا رەنگ دەدەنەوە، هەرزەکار خۆی پاڵەوان و نووسەرو ئەکتەرو دەرهێنەری خەونەکانیەتی و رەگ و ریشەی لە رابردووەو رەنگ دانەوەی واقیعی ئێستاو هەوڵدانە بۆ تێرکردنی حەزوو ئارەزووەکانی داهاتووی.

١١- خۆشەویستی یەکێکی ترە لە گرنگترین هەڵچوونەکانی هەرزەکار، هەرزەکار بەردەوام بە دوای خۆشەویستی کەسانی تردا دەگەڕێ و دەیەوێ خۆشەویست بێت و رێزی بگیرێ و پلەو پایەی لەناو خێزان و قوتابخانەو کۆمەڵەکەیدا هەبێت. گومانی تێدا نیە کە تێرکردنی پێداویستی خۆشەویستی هەرزەکار بەردی بناغەی دروستی دەروونیەتی (الصحة النفسية)، واتە کاتێك هەرزەکار هەست بە خۆشەویستی دایك و باوك و مامۆستاو خوشك و براو هاوڕێکانی دەکات، ئەوە مانای ئەوەیە کە خاوەنی دروستی دەروونی خۆیەتی و بڕوای بە خۆیەتی و دەتوانێت بە ئاسانی خۆی لەتەك کۆمەڵەکەی بسازێنێ. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر هەرزەکار ئەو هەستەی لەلا دروست بوو کە کەسێکی پشت گوێ خراوەو لە سۆزو خۆشەویستی و رێزی کەسانی چواردەوری بێ بەشەو هیچ پلەو پایەیەکی کۆمەڵایەتی نییە، ئا لەو کاتەدا تووشی زۆر گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبێت و بەچاوی رق و کینە دەڕوانێتە کۆمەڵ و دام و دەزگاکانی، بەردەوام بوونی ئەو حاڵەتەش هەرزەکار بەرەو سەرەڕۆیی و لاساری دەبات.

دەرئەنجامی توێژینەوەكانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە یەكێك لە گرنگترین هۆكارەكانی لاساری هەرزەكاران و مێرد منداڵان، بێ بەش بوونە لە سۆزو خۆشەویستی دایك و باوك و مامۆستاو كەسانی چواردەور.

خۆشەویستی هەرزەكاریش پەیوەستە بە زۆر سەرچاوەو بابەت، لەوانە خۆشەویستی (دایك و باوك، مامۆستا، نیشتمان، خێرو چاكە، تووخمەكەی تر، ...... تاد).كەواتە ئەركی سەرەكی خێزان و قوتابخانە ئەوەیە ئە ژینگەیەكی پڕ لە سۆزو خۆشەویستی بۆ هەرزەكاران دابین بكەن، بۆ ئەوەی هەرزەكار بەشێوەی گونجاو گەشە بكات و دووربێت لە سەرەڕۆیی و لادان و گرفتی دەروونی و كۆمەلایەتی.

١٢- دیاردەی تووڕە بوون و یاخی بوونیش یەكێكی ترە لە دیاردە هەڵچوونیەكانی قۆناغی هەرزەكاری. یاخی بوون لە دەسەڵاتی خێزان و قوتابخانە و كۆمەڵ، واتە كاتێك كۆسپ و تەگەرەو بەربەست لەبەردەم پێداویستی و حەزوو ئارەزووەكانی هەرزەكاردا دادەنرێت، ئەو كاتە هەرزەكار زۆر بە توندی هەڵدەچێت و هەوڵی پەلاماردانەوەی دەسەڵات دەداتەوە. چونكە هەرزەكار دەیەوێت ناسنامەی خۆی هەبێت و سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت، بەڵام كاتێك گەورەكانی وەك منداڵ مامەڵەی لەگەڵ دەكەن و رێگەی قسەكردن و رادەربڕینی پێ نادەن، ئا لەم كاتانەدا زۆر لە هەرزەكاران رێگای یاخی بوون و تووڕەبوون و پەلاماردان دەگرنەبەر، لەبەرئەوەی هەست بە زوڵم و ستەم و ناهەقی چواردەور دەكەن.

ئینجا بۆ ئەوەی هەرزەكار ئەگاتە ئەو حاڵەتە، زۆر پێویستە ئێمەی گەورە رێزی بگرین و بواری رادەربڕین و ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان و هاورێ و پیشەو جۆری خوێندن و بیركردنەوەی بۆ بڕەخسێنین. بەڵام هەرچ كاتێك هەستمان كرد خەریكە لە رێگەی راست لادەدات و هەڵە دەكات، ئەو كاتە بۆمان هەیە ئامۆژگاری و رێنمایی پێویستی بكەین.

١٢- ترسیش یەکێکی ترە لە هەڵچوونەکانی هەرزەکار و لە زۆر لایەنەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ ترسی منداڵ، چونکە منداڵ بە زۆری لە شتە هەست پێکراوەکانی چواردەوری دەترسێ بەڵام هەرزەکار بەزۆری لەشتە کۆمەڵایەتی و مەعنەویەکان دەترسێ، لەوانە ترسان لە (دەرنەچوون، لە دەست دانی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی، تووش بوون بە نەخۆشی، مردن، ناژاوەو تێکچوونی شیرازەی خێزان، ئیفلاسی و گەندەڵی و ریسوایی کۆمەڵایەتی، کاری ئەخلاقی و کەوتنە ناو چڵپاوی بەد رەوشتی ...... تاد).

لەبەر ئەوە زۆر پێویستە ئێمەی گەورە ئاگاداری ترس و دوودڵیەکانی هەرزەکارین و بە دوای هۆکارەکان و رێگا چارەی گونجاودا بگەرێین، سەرەرای ئەوەش ژینگەی پڕ لە ئارامی و دڵنیاییان لە خێزان و قوتابخانە بۆ دابین بکەین بۆ ئەوەی لە ئازارو زیانەکانی ترس دووربن.

هۆکارەکانی هەڵچوونەکانی هەرزەکار:-

هەڵچوونەکانی هەرزەکار پەیوەستە بە کۆمەڵێک هۆکارەوە دەبنە هۆی هەڵچوونەکانی هەرزەکار، بەڵام ئەم خاڵانەی خوارەوە بە گرنگترین هۆکارەکانی هەڵچوون دادەنرێن:-

(١) نەبوون و کەمی تواناي خۆ گونجاندن لەگەڵ ژینگەدا:-

هەرزەکار لەو بڕوایەدایە کە گەورە بووەو منداڵەکەی جاران نییەو پێویستە رێزی بگیرێ، بەڵام بەداخەوە زۆر لە دایکان و باوکان و مامۆستایان هەر بە چاوی منداڵی سەیری هەرزەکار دەکەن و راستەوخۆ دەست دەخەنە ناو هەموو کاروبارێکی هەرزەکارەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بریندارکردنی هەستی هەرزەکارو بە دەست تێوەردانی لە قەڵەم دەدات و نا رەزایی دەربارەیان دەردەبرێ، دواتریش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەرزەکار تووشی زۆر حاڵەتی هەڵچوونی و ناخۆش ببێت.

(٢) نەبوونی و دەست کورتی:-

زۆر جار هەژاری و نەبوونی گرفتی زۆر بۆ هەرزەکار دروست دەکات و تووشی خەم و خەفەت و دڵتەنگی و بێزاری دەکات، بە تایبەتی کاتێک دەبینێ هاوەڵەکانی پارە خەرج دەکەن و خەریکی چوونە دەرەوەو گەڕانن و جۆرەها جل و بەرگی جوان لەبەردەکەن. بەلام ئەم ناتوانێت وەك ئەوان بکات، کە ئەمەش وای لێدەکات کە خەفەت بخوات و لە ئە نجامی خۆ بەراوردکردنەوە بە کەسانی تر، هەست بە کەمی بکات، چونکە لە ئە نجامی نەبوونی و هەژارییەوە ناتوانێت زۆر لە حەزوو ئارەزووەکانی تێربکات، سەرەڕای ئەوەش هەرزەکار هەست دەکات کە بووە بە پیاوو دەیەوێت ئەویش ببێت بە خاوەنی ماڵ و خێزانی خۆی بەلام لە ئە نجامی نەبوونییەوە ناتوانێت هاوسەری ژیانی خۆی هەڵبژێرێ و رەمەکی (غریزە)ی سێکسی تێر بکات، ئەمەش تووشی کۆمەڵێك گێروگرفت و حاڵەتی هەڵچوونی دەکات.

(٣) دواکەوتنی گەشەکردنی عەقڵی:-

یەکێك لە گەورەترین گێروگرفتەکانی هەرزەکار ئەوەیە کە هەموو لایەنەکانی کەسایەتی بەیەکەوە گەشە ناکەن، بۆ نموونە گەشەکردنی جەستەیی زۆر خێرایەو پێش گەشەکردنی عەقڵی دەکەوێ، واتە جەستەو لەش و لارێکی گەورە بەلام عەقڵ و لێك دانەوەیەکی بچووك، کە ئەم حاڵەتەش (تا بەتەواوی لە لایەنی عەقڵییەوە گەشە دەکات)، زۆر گێروگرفتی هەڵچوونی بۆ دروست دەکات و بە زەحمەت لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە جەستەییانە رادێت و کۆنترۆڵیان دەکات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆر هەڵس و کەوتی منداڵانە بکات و بکەوێتە بەردەم رەخنەو گلەیی و بێزاری گەورەکان.

(٤) ململانێ لەگەڵ گەورەکان:-

بەداخەوە زۆر جار گەورەکان هۆکاری سەرەکین بۆ تووڕەبوون و بێزارکردنی هەرزەکار، لەبەرئەوەی بە دوو جۆر شێواز مامەڵە لەگەڵ هەرزەکار دەکەن، بۆ نموونە کاتێک نیشیان

پێی دەبێت، وەك گەورە مامەڵەی لەگەڵ دەكەن و داوای كاری گەورەی لێ دەكەن و پێی دەڵێن تۆ پیاوی و گەورە بوویت و دەبێت ئەو ئیشە بكەیت، بەڵام كاتێك هەرزەكار داوای سەربەستی و سەربەخۆیی و ئازادی خۆی دەكات، پێی دەڵێن تۆ چی، تۆ سەلكی سیری تۆ قنچكی پیازی؟ تۆ بۆنی شیری خاو لە دەمت دێت، تۆ چیت تا راو بۆچوونت هەبێت؟ واتە لەم كاتانەدا بە منداڵی دادەنێن، ئەمەش دەبێتە هۆی بێزاربوون و وەڕس بوونی هەرزەكار. سەرەڕای ئەوەش جیاوازیەكی زۆر لەنێوان بیركردنەوەو راوبۆچوونی هەرزەكارو گەورەكاندا هەیەو بە زەحمەت لێك حاڵی دەبن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا كۆمەڵێك گرفتی دەروونی و كۆمەڵایەتی بۆ هەرزەكار و كەسانی چواردەوری دروست دەكات.

ئینجا بۆ ئەوەی هەرزەكار بەشێوەیەكی باش پەروەردە بكرێت، پێویستە ئێمەی گەورە رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بكەین:-

١- لە هەموو شتێكدا (گەورەو بچووك) دەست نەخەینە ناو كاروباری تایبەتی هەرزەكارەوە بەڵكو دەبێت جۆرە سەربەستی و ئازادیەك بە هەرزەكار بدەین.

٢- پێویستە شارەزای باری دەروونی و ئەندێشەكانی ببین و هەوڵی چارەسەركردنی گیرو گرفتەكانی بدەین.

٣-نابێت بە دوو شێواز مامەڵەی لەگەڵ بكەین، بەڵكو دەبێت بە چاوی گەورەو رێزەوە سەیری هەرزەكار بكرێت و لە نرخی كەم نەكرێتەوە.

٤- پێویستە لە جیاتی ئامۆژگاری و رێنمایی راستەوخۆ، پەنا بۆ گفت وگۆ كردن و لێك حاڵی بوون بەرین و بە عەقڵێكی كراوەو دڵێكی گەورەی پڕ بەزەیی و سۆزو خۆشەویستیەوە گوێ لە داواكاری و خەوو خەیاڵەكانی هەرزەكار بگرین.

٥- یارمەتی هەرزەكار بدەین بۆ ئەوەی لە ڕاڕایی و دوو دڵی هەڵچوونی (التناقض الانفعالي) ڕزگاری بێت و بڕوای بە خۆی هەبێت و لە نقووم بوون لە جیهانی خەون و خەیاڵ و زیندەخەون دووربكەوێتەوە.

٦- ژینگەی پڕ لە ئاسایش و دڵنیایی و ڕێزگرتن بۆ هەرزەكار بخوڵقێنین، بۆئەوەی سەربەخۆیی و ناسنامەی خۆی دەست بكەوێت و بگاتە پێگەیشتن و كامڵی هەڵچوونی.

٧-قۆستنەوەی بۆشایی كاتی (وقت فراغ) هەرزەكار و خەریك كردنی بە كارو چالاكیەكی سوود بەخشەوە، بۆ ئەوەی هەست بە بوونی خۆی بكات و وردە وردە بڕوای بە خۆی هەبێت.

شلەژان و گرفتە دەروونیەکانی قۆناغی هەرزەکاری

بە زۆری شلەژان و گرفت و کێشە دەروونیەکان لەو قۆناغ سەردەمانەدا روودەدەن کە گۆڕانکارییەکان خێراو کوت و پڕ و لەناکاون. یەکێک لەو قۆناغانەش کە گەشەکردن و گۆڕانکاری تیایدا خێرا و کوت و پڕو لەناکاوە، قۆناغی هەرزەکارییە. لەسەرەتای هەرزەکاریدا هەرزەکار رووبەرووی زۆر داواکاری کۆمەڵایەتی دەبێتەوەو لەهەمان کاتیشدا گۆڕانکارییە جەستەییەکانی فشارێکی زۆری دەخەنە سەر، هەر لەبەر ئەوەشە لەکاتی بالغ بووندا تووشی ژمارەیەك گیروگرفت دەبێت و هەندێك جاریش هاوسەنگی خۆی لەدەست دەدات، هەرچەندە ئەو کێشەو گیروگرفت و گۆڕانکارییانەی قۆناغی هەرزەکاری بەو مەترسیدار نین و هەرزەکار تووشی لادان و سەرەڕۆیی ناکەن، بەڵام دەبنە هۆی زیادکردنی گریمان و ئەگەری تووش بوون بە کۆمەڵێك کێشەو گرفتی دەروونی، لەلای ئەو هەرزەکارانەی کە پێشتر بەهۆی بارودۆخی نالەبارو پەروەردەی هەڵەوە، ئامادەباشی لادان و سەرەڕۆییان لە لادروست بووە. **هەر لەبەر ئەوەشە لە قۆناغی هەرزەکاری هەندێك شلەژان و گرفتی دەروونی لەلای هەندێك لەو جۆرە هەرزەکارانە سەر هەڵدەدەن، لەوانەش:-**

دڵەڕاوکێ (قلق):-

لە قۆناغی هەرزەکاریدا دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی سەرو دڵی هەندێك لە هەرزەکارەکان دەگرێت، بەبێ ئەوەی خۆشی بە تەواوی سەرچاوەو هۆکارەکانی ئەو دڵە ڕاوکێ و ڕاڕاییەی بزانێ، لەبەرئەوەی سەرچاوەی زۆربەیان بۆ قۆناغی منداڵی و کێشەو گیروگرفتەکانی ئەو کاتە دەگەڕێتەوە لەوانە (بێبەش بوون لە سۆزو خۆشەویستی دایك و باوك و کەسانی نزیك، پەیوەندی خراپی نێوان دایك و باوك و منداڵ، کپکردن و خەفەکردنی زۆر لە حەزوو ئارەزووەکان ... هتد). هەر لەبەر ئەوەشە زۆرجار ئەو جۆرە هەرزەکارانە ناتوانن کێشە و گیروگرفتەکانی خۆیان دەست نیشان و چارەسەر بکەن، چونکە رەگ و ڕیشەی کێشەو

شلەژانەکانیان لە بواری نەستیاندایە (اللاشعور). زۆر بەشمان دەزانین جیاوازی سەرەکی نێوان ترس و دلەڕاوکێ ئەوەیە، کە سەرچاوەو هۆکارەکانی زۆربەی ترسەکان دیارو ئاشکران و لە بواری هەستیدان (شعوری)، بەلام زۆربەی هەرە زۆری هۆکارو سەرچاوەی دلەڕاوکێ کان نادیارن و لەبواری نەستیدان.

لەبەر ئەوە زۆر گرنگە ڕێنمایی و ئامۆژگاری ئەو جۆرە هەرزەکارانە بکرێت بۆ ئەوەی سەردانی بنکەو کەسانی تایبەت بە نەخۆشی و کێشە دەروونیەکان بکەن و لە نزیکەوە لە ئەنجامی چەند دانیشتن و چاوپێکەوتنێکەوە چارەسەری گونجاو بۆ دلەڕاوکێ و کێشەکانی تریان بدۆزرێتەوە. واتە تازوو چارەسەر بکرێت باشترە، بەلام دواخستن و پشت گوێ خستنی ئەو جۆرە هەرزەکارانە، دەرئەنجامی باشی نابێت و کێشەو دلەڕاوکێ کان ئالۆزتر دەبن.

خەمۆکی:-

یەکێکی تر لەوشلەژان و کێشە دەروونیانەی کە لە قۆناغی هەرزەکاری ڕوویەڕووی هەرزەکار دەبنەوە خەمۆکی و دلتەنگی و غەمبارییە، هەرچەندە خەمۆکی و دلتەنگیەکانی سەرەتای قۆناغی هەرزەکاری هێشتا لە سنووری ئاسایی خۆیدایە و نەبوون بە نەخۆشی دەروونی، بەلام پشت گوێ خستن و چارەسەر نەکردنی خەمۆکی ی ئەو جۆرە هەرزەکارانە دەبێتە هۆی تەشەنەکردن و سەر هەلدانی کۆمەلێک کێشەو گرفتی دەروونی و کۆمەلایەتی. کارێکی ئاساییە کە هەرزەکار لەسەرەتای هەرزەکاری لە ئەنجامی مامەلەی هەلەی دایک و باوک و گۆڕانکارییە خێراو کوت و پڕەکانی سەردەمی هەرزەکاری و فشاری کۆمەل و دام و دەزگاکان بۆ سەری، تووشی خەمۆکی و دلتەنگی ببێت، بەلام ئەوەی ئاسایی نییە بەردەوام بوونی ئەو بارەدەروونیەیە بۆ دوای قۆناغی هەرزەکاری و کاملی، ئەمەش مانای ئەوەیە کێشە و گێروگرفت و ململانێکانی هەرزەکار زۆر ئالۆزو هەمەلایەنەیەو ڕەگ و ریشەی بۆ سەردەمی پێش قۆناغی هەرزەکاری دەگەڕێتەوە، سەرەڕای ئەوەش کێشەو گۆڕانکارییەکانی

قۆناغی هەرزەکاری هاتۆتە سەر. ئاڵەم حاڵەتانەدا دەبێت کەسانی پسپۆڕو شارەزا لە بواری دەروونی هاوبەشی و هاوکاری خێزانی ئەو جۆرە هەرزەکارانە بکەن و هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشی و کێشە دەروونیانەیان بدەن. لەبەر ئەوەی کێشەکەی ئاڵۆز بووەو پێویستی بە هاوکاری زۆر لایەن هەیە(Feldman, 2003, P:425).

خۆ کوشتن:-

ئەوەی مایەی کارەسات و نەهامەتیە، ئەوەیە کە هەندێک لە هەرزەکارەکان لە ئەنجامی پشت گوێ خستن و چارەسەر نەکردنی کێشەکانیانەوە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن و بەداخەوە هەندێک جاریش سەرکەوتوو دەبن و کۆتایی بە ژیانی خۆیان دەهێنن. ڕاستە زۆربەی زۆری هەرزەکاران لە قۆناغی هەرزەکاری ڕووبەڕووی کێشەو ململانێ دەبنەوە، بەلام ژمارەیەکی زۆرکەمیان پەنا بۆ خۆکوشتن و ئازاردانی کەسانی تر دەبەن ئەوەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، لە پێشەوەی هەموویان، ئەو جۆرە کەسانە کەسێتیەکی لاوازو قرچۆکیان هەیەو لە قۆناغی منداڵیدا بنەماو بناغەی پتەوی پەروەردەکردن و بونیادنانیان لاواز بووە، سەرەڕای ئەوەش ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووریان زۆر ئاڵۆز بووە، واتە کێشەی خێزانی و دەروونی هەرەسی پێ هێناون و توانای بەرەنگاربوونەوەیانی نیە و لە بەردەمیاندا چۆک دادەدەن، بۆیە بیر لە خۆکوشتن وەك تەنها چارەسەر دەکەنەوە.

زیندە خەون (أحلام اليقظة)

زیندە خەون بریتییە لە هیواو ئاوات و بیری خۆش و بەتام كە مرۆڤ زۆرجار پەنای بۆ دەبات، ئەم جۆرە خەوو خەیاڵ و بیرە خۆشانە بە رێژەیەكی گونجاو پێویست و بە سوودن، بەلام ئەگەر لەرێژەی ئاسایی خۆی دەرچوون و مرۆڤ بەبەردەوامی و بۆ ماوەیەكی زۆر پەنای بۆ بردن، ئەو كاتە زیان بەخش دەبێت و تاك لە ژیانی واقعی دوور دەخاتەوەو شوێنەواری خراپی لەسەرباری دەروونی دەبێت. زیندە خەون لە هەموو قۆناغەكانی ژیان هەیە. بەلام زیاتر لە قۆناغی مندالی و هەرزەكاری باوە، كە منداڵ و هەرزەكار لە رێگەیەوە نوقمی ناو خەوو خەیاڵ و حەزوو ئارەزووەكانیان دەبن و خۆیان بە پاڵەوان و ناودارو كەسانی خاوەن پلەو پایەی بەرز دادەنێن و لە رێگەی خۆخستنە شوێنی ئەوانەوە (تقمص) لاسایی كەسایەتی و رەفتاریان دەكەنەوەو ماوەیەكی كەم یان زۆر ئاگایان لە چواردەوریان نامێنێ و لەناو خەووخەیالّدا دەژین، زۆر جاریش تەلەفزیۆن و ئەنتەرنێت و ئەتاری و كتێب و بلاوكراوەی وێنەدار ئەو زیندە خەوو خەیاڵانەیان لەلا زیاتر دەكات، وەك دەركەوتووە لەسەرەتای بالق بوون و قۆناغی هەرزەكاری بدزۆری منداڵ و هەرزەكار پەنا بۆ زیندەخەون دەبەن و ماوەیەكی زۆرتر لەواقیع دوور دەكەونەوەو ئاگایان لە چواردەوریان نابێت. هەر چ كاتێك منداڵ و هەرزەكار بەشێوەیەكی تایبەتی و كەسانی تر بە گشتی بە زۆری پەنایان بۆ زیندە خەون بردو لە واقیع دابڕان، ئەوە بەلگەیەو مانای ئەوەیە كە ئەو كەسە گرفتی هەیەو ناتوانێت لە واقیعدا چارەسەریان بكات، بۆیە بەناچاری پەنا بۆ زیندە خەوو خەیاڵ و بیری خۆش دەبات.

هۆكارو فاكتەرەكانی زیندەخەون:-

كاتێك منداڵ یان هەرزەكار ئەو بڕوایەی لەلا دروست دەبێت كە ژیانی واقعی زۆر زەحمەت و دژوارەو ناتوانێت حەزوو ویست و ئارەزووەكانی تیایدا بهێنێتە دی، بۆیە بەناچاری پەنا بۆ زیندە خەوو خەیاڵی خۆش دەبات و هەوڵدەدات لە رێگەیانەوە حەزوو

ئارەزووە تێرنەکراوەکانی ژیانی واقعی تێر بکات، لەلایەکی تریشەوە ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە خەوو خەیاڵ زۆر ئاسانترە لە چارەسەر کردن و جێ بەجێ کردنی کارو ئەرکەکانی قوتابخانەو ناو ماڵ و کۆمەڵ و ئەو زیندە خەوە دەبێت بەدەروازەیەکی خۆش و ئاسان بۆ ڕاکردن لەواقیع و خۆدزینەوە لە ئەرك و کێشە کۆمەلایەتی و ئابووری و دەروونیەکان، چونکە هەندێك جار منداڵ هاوڕێ و دۆستی خەیاڵی لە ڕێگەی زیندە خەونەوە بۆ خۆی دروست دەکات و لە گەڵیان دەکەوێتە گفت و گۆو ڕاگۆڕینەوەو یاریکردن و قەرەبووی بێبەش بوونەکانی ژیانی واقعی بۆ دەکاتەوەو لە بێ هاوڕێیەتی و پشت گوێخراوی ڕزگاری دەبێت و لە خەوو خەیالی خۆیدا دەبێت بە پاڵەوان و سەرکردەو ئاوداری دوور لە رەخنەو کەم و کورتی.

قەرەبووکردنەوەی کەم و کورتیەکی ڕاستەقینە :

زۆر جار ئەو منداڵ و هەرزەکارانەی بەدەست نووقستانی و کەم و کورتیەکی جەستەییەوە دەناڵێنن، پەنا بۆ خەوو خەیاڵ و زیندە خەون دەبەن و دەیانەوێت لە ڕێگەیانەوە بگەنە ئەو بڕوایەی کە ئەوان کەسانی ئاساین و لە هیچیان کەم نییە. بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو زیندە خەوو خەیالە خۆشانەوە قەرەبووی نوقستانیەکانیان بکەنەوەو، لە هەست کردن بە کەمی ڕزگاریان بێت. بۆ نموونە ئەو منداڵانەی کە کێشەی خوێندنیان هەیەو ڕێژەی زیرەکیان کەمە یان بەزەحمەت لە مامۆستا دەگەن و ئەرکەکانی خوێندنیان بۆ جێبەجێ ناکرێت و بەردەوام ڕووبەڕووی ڕەخنەو گازاندەو تیرو توانج دەبنەوە، بەزۆری پەنا بۆ خەیاڵ و زیندە خەون دەبەن و جیهانێکی خەیالی خۆش بۆ خۆیان دروست دەکەن و لە ڕێگەیانەوە حەزوو ئارەزووەکانیان تێر دەکەن و قەرەبووی سەرنەکەوتنەکانی ژیانی واقیعیانی پێدەکەنەوەو لە هەست کردن بە کەمی و تیرو توانج ڕزگاریان دەبێت.

زیندەخەون وەك خوویەك :

وەك لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد زیندە خەون بە رێژەیەکی ئاسایی زیانی نیەو زۆر باویشە لەناو منداڵان، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ژمارەیەك لە منداڵان زیندە خەون دەکەن بەخوویەکی بەردەوام و بە زۆری پەنای بۆ دەبەن، وەك چۆن هەندێك منداڵ (پەنجە مژین، نینۆك قرتاندن، سەرخوراندن، چاو تروکاندن) دەکەن بە خوو بە بەشێك لە رەفتاری رۆژانەیان، بەو شێوەیەش ئەو جۆرە منداڵانە زیندە خەون و ژیان لە ناو خەووخەیاڵ و راکردن لە واقیع دەکەن بە خوو رەفتارێکی رۆژانەو بەردەوام بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پەنای بۆ دەبەن، ئەوەی زیاتریش جێگەی مەترسیە ئەوەیە کە ئەو جۆرە منداڵانە لە کاتی ئامۆژگاری کردنی دایك و باوك یان وانە گوتنەوەی مامۆستا پەنا بۆ زیندە خەون ببەن و بەهۆیانەوە لە خوێندن دوا بکەون.

شەرم :

بەشێوەیەکی گشتی زیندە خەون لەلای منداڵ و هەرزەکاری شەرمن زۆرەو بەردەوام پەنای بۆ دەبەن، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە هەرزەکارو منداڵانە لە ئەنجامی شەرمەوە لەناو کۆمەڵ و قەرەباڵغیدا هەست بە دڵەڕاوکێ و ترس و ناخۆشی دەکەن و ناتوانن خۆیان لەگەڵیان بسازێنن، لەبەر ئەوە خەیاڵ و زیندە خەون بەهەل دەزانن و وەك دەروازەو رێگا چارەیەك پەنایان بۆ دەبەن و لەو ترس و دڵەڕاوکێیەی ناو کۆمەڵ و قەرەباڵغی رزگاریان دەکەن و لەناو خەیاڵ و زیندە خەونەکاندا هەست بە خۆشی و کامەرانی دەکەن و کاتێکی خۆش لەگەڵیان بەسەر دەبەن و بەئاسانی کەسانی چواردەوریان لەسەرو سیماو دەم و چاویاندا خۆشی و دڵنیایی هەست پێدەکەن بۆیە ئیتر وردە وردە ژیان لەناو خەووخەیاڵدا بەرەو زیادبوون دەچێت.

ڕێگاكانی خۆپاراستن

بۆ ئەوەی هەرزەكارو منداڵەكانمان لەناو خەووخەیاڵی زیاد لە پێویست نووقم نەبن و لەو دیاردە نا ئاساییە بیان پارێزین، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بكەین:-

گەشە پێكردنی هەست كردن بە بڕوا بەخۆبوون و لێهاتوویی:-

لەبەر ئەوەی زۆر جار زیندە خەون وەڵامدانەوەو بەرپەرچ دانەوەی بڕوا بە خۆنەبوون و كەم توانابییە، بۆیە زۆر پێویستە هەر لە منداڵییەوە تۆوی هەست كردن بە خودو بڕوا بە خۆبوون و دڵنیایی لەناو دڵ و دەروونی منداڵەكانماندا بچێنین و نەهێڵین هەست بە كەمی بكەن بە چاوی سووك سەیری خۆیان بكەن و لە نرخیان كەم نەكەینەوە، بۆ ئەوەی لەناو خێزان و كۆمەڵدا هەست بە دڵنیایی و خۆشی بكەن و پێویستیان بە خەوو خەیاڵ نەبێت. واتە نابێت منداڵ نازدار بەخێو بكرێت یان سووكایەتی پێ بكرێت، بەڵكو دەبێت ڕێزیان بگیرێت، لە هەمان كاتیشدا بواری سەربەخۆیی و رادەربڕینیان بۆ بڕەخسێندرێت. باشترین شت ئەوەیە كە منداڵ هەر لە سەرەتای ژیانیەوە بواری كاركردن و جێ بە جێ كردنی چالاكیەكانی ناو ماڵی بۆ بڕەخسێندرێت و بەپێی تەمەن و شارەزایی و توانای، ئیشی بچووك و گونجاوی پێ بسپێدرێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیانەوە هەست بە بوونی خۆیان بكەن و لەناو كۆمەڵ و دام و دەزگاكانیدا هەست بە خۆشی و دڵنیایی بكەن و ناچار نەبن پەنا بۆ زیندە خەوو خەیاڵ و بیری خۆش بەرن. منداڵ كاتێك بۆ یەكەم جار دەچێتە قوتابخانەی سەرەتایی، ڕووبەڕووی ژینگەو باروودۆخێكی نوێ دەبێتەوەو دەبێت بە ئەزموونی یەكەم بۆ تاقیكردنەوەی تواناكانی منداڵ و خۆ سازاندنی لەگەڵ ژینگەی قوتابخانە ئینجا ئەو منداڵانەی بە چاوی سووك سەیری خۆیان دەكەن و لە هێزو تواناكانی خۆیان بە گومانن، ئەوا ڕووبەڕووی زۆر كێشەی كۆمەڵایەتی و پەروەردەیی دەبنەوەو لە ناو قوتابخانە هەست بەخۆشی و كامەرانی ناكەن و بە زۆریش پەنا بۆ زیندە خەون و خەیاڵی جۆراوجۆر دەبەن و

نە واقیع و ئەرکەکانی قوتابخانەو خۆسازاندن رادەکەن، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە منداڵ پێش چوونە قوتابخانە ئامادەبکرێت و قوتابخانەی لە لا خۆشەویست بکرێت و پێش وەخت قسە لەگەڵ مامۆستاکانی بکرێت، بۆ ئەوەی بەئاسانی لەگەڵ ژینگەی قوتابخانە رابێت و ئەرك و فەرمانەکانی جێبەجێ بکات.

جەخت کردنە سەر هەست کردن بەرازی بوون لە ژیانی رۆژانەی :-

زۆر هەرزەکارو منداڵی بەتواناو لێهاتوو هەیە، بەڵام بەداخەوە زۆر جار لەکارو چالاکییەکانی خۆیان رازی نین، بۆیە لە خەوو خەیاڵی خۆیاندا کەش و هەوایەکی پڕ لە دڵنیایی و رازی بوون بۆ خۆیان دەخوڵقێنن، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کەوا لە هەرزەکارو منداڵ بکرێت لە میانەی کارەکانیەوە هەست بە رازی بوون و کامەرانی بکات، بێگومان زۆر شێواز هەیە کە دایکان و باوکان و مامۆستایان دەتوانن لە میانەیانەوە هەست کردن بە رازی بوونی رۆژانە لەلای هەرزەکارو منداڵەکانیان دروست بکەن لەوانە :-

نموونەو پێشەوا :-

کاتێك دایك و باوك و مامۆستا و کەسانی چواردەوری هەرزەکارو منداڵ لە میانەی کارو چالاکییەکانی رۆژانەیان هەست بەخۆشی و کامەرانی و رازی بوون دەکەن و ئەو خۆشی و رازی بوونە لەدەم و چاوو دڵ و دەروونیاندا دەردەکەوێت و لە رەفتاری رۆژانەیاندا رەنگ دەداتەوە، ئەو کاتە هەرزەکارو منداڵەکانیشیان لاساییان دەکەنەوەو هەست بە هەمان خۆشی و رازی بوون دەکەن، بەڵام ئەگەر دایك و باوك و کەسانی تری چواردەوی منداڵ لەکاتی بەناکام گەیاندنی ئیش و کارەکانیانەوە هەستیان بە بێزاری و ناڕەحەتی کردو بەردەوام گازاندەو پرتەو بۆڵەیان بوو نارازی بوون، ئەو کاتە منداڵەکانیش ئەو جۆرە رەفتارو هەست و سۆزەی دایك وباوکیان دووبارە دەکەنەوەو هەست بە بێزاری و ناڕەحەتی دەکەن و دوور نییە پەنا بۆ خەوو خەیاڵ و زیندە خەون بەن، بۆ ئەوەی هەست بە خۆشی و رازی بوون بکەن.

گفت و گۆكردن:-

ئەم شێوازە ئاسانەو دایكان و باوكان و مامۆستایان دەتوانن لەكاتی گفت گۆو قسەكردنیاندا باس لە هەست و سۆزو رازی بوونی خۆیان بكەن و وئەوە دەربخەن كەچۆن لە كاتی (خوێندنەوە، نیش كردن، نووسین، كەل و پەل رێك خستن، پاك و خاوێنی ناو ماڵ ...... هتد) هەستیان بە خۆشی و كامەرانی كردووەو رازین لە كارو چالاكییەكانی رۆژانەیان. بێگومان ئەم قسە كردن و راگۆڕینەوەیە دەبێتە هۆی خۆش كردنی چالاكییەكانی رووژانە لەبەر چاوی هەرزەكارو منداڵ و گەشە پێكردنی هەست كردن بە رازی بوون لەكارو ئەركەكانی رۆژانە و پەنا نەبردن بۆ خەوو خەیاڵ و زیندەخەوو دالغەلێدان.

هاندان و پاداشت كردن:-

بێگومان هاندان و پاداشت كردنیش فاكتەرێكی ترە كە دەبێتە هۆی بەهێز كردنی هەست كردن بە رازی بوون. واتە كاتێك هەرزەكار یان منداڵ لە میانەی كاروچالاكییەكانی رۆژانەیەوە هەست بە سەركەوتن و خۆشی و رازی بوون دەكات ئەوا زۆر گرنگە پاداشت و هانبدرێت، ئەویش لە رێگەی زەردەخەنەو دەست خۆشی و پاداشت و دیاری و سوپاس و هاندانەوە دەبێت، بۆ ئەوەی منداڵ و هەرزەكار لە داهاتوودا دووبارەیان بكەنەوەو هەست كردن بە خۆشی و رازی بوون لە دڵ و دەروونیاندا گەشە بكات و لە ژیانی رۆژانەو واقیعیدا هەست بە خۆشی و كامەرانی بكەن و ناچار نەبن پەنا بۆ خەیاڵ و زیندەخەون ببەن.

جەخت كردنە سەر خاڵە بەهێزەكان و كەمكردنەوەی هەست كردن بەكەمی:-

بە زۆری هەرزەكارو منداڵانی نوقستان هەست بەكەمی دەكەن و كەم و كورتی لە یەكێك لە ئەندامەكان یان چالاكیەكانیاندا هەیە، بۆ نموونە ناتوانێت وەك منداڵانی تر بنووسێت یان رابكات یان یاری بكات یان كاروچالاكییەكی دیاریكراو بە ئاكام بگەیەنێت،

لەبەر ئەوە هەست بە کەمی و خەم و خەفەت دەکات و دواجار دوور نییە پەنا بۆ زیندەخەون ببات و لەو واقیعە ناخۆشە رابکات، ئینجا بۆ ئەوەی ئەوە روونەدات زۆر گرنگە کە جەخت بکرێتە سەر خاڵە بەهێزەکانی ئەو جۆرە هەرزەکارو منداڵە و پەرەیان پێبدرێت بۆ نموونە منداڵەکە توانای رۆیشتنی نییە بەڵام توانای نووسین و قسەکردنی باشە، یان توانای قسەکردنی نییە، بەڵام توانای وەرزشی و وێنەکێشانی زۆر زۆر باشە یان توانای خوێندنی کەمە بەڵام توانای میکانیکی و هونەری زۆر باشە، کەواتە دەبێت گرنگی بەلایەنە باش و بەهێزەکانی ئەو جۆرە هەرزەکارو منداڵانە بدرێت و سوودیان لێوەربگیرێت و بواری گونجاو بۆ گەشەکردنیان بڕەخسێندرێت، تا لە میانەیانەوە هەست بە بوونی خۆیان بکەن و تام و چێژ لە ژیانی واقیعی وەربگرن و ناچار نەبن پەنا بۆ خەوو خەیاڵ بەرن.

چارەسەرکردن

چالاکی:-

زۆر پێویستە نەهێڵدرێت ئەو هەرزەکارو منداڵانەی کە بە زۆری پەنا بۆ زیندەخەون دەبەن بێ ئیش بن یان بە زۆری بە تەنها بن و تووشی بێزاری ببن، لەبەر ئەوەی ئەو فاکتەرو بارودۆخانە رێژەی زیندە خەونەکانیان زیاتر دەکەن، بۆیە زۆر گرنگە کە بەردەوام بە کاروچالاکی رۆژانەو ئاسانەوە خەریکیان بکەن، وە پێویستە ئەو کارو چالاکیانەش لەو جۆرە بێت کە منداڵ تام چێژو خۆشیان لێوەربگرێت و ناچار نەبێت لێیان رابکات و پەنا بۆ زیندە خەون بەرێت.

زۆر گرنگە هەوڵ بدرێت برادەرو هاوڕێ بۆ ئەو جۆرە منداڵانە بدۆزرێتەوەو وایان لێبکرێت کە یارییان لەگەڵ بکات و بکەونە گفت و گۆو راگۆڕینەوە، هەروەها دەکرێت زوو زوو ئەو جۆرە هەرزەکارو منداڵانە لە رێگەی (قسە لەگەڵ کردن، بانگ کردن، جووڵاندن و دست لە شاندان) بە ئاگابهێنرێنەوە، بۆ ئەوەی نەهێڵدرێت تام و چێژ لەو خەیاڵ و زیندە

خەونانەیان وەربگرن، لەلایەكی تریشەوە دەكرێت هەندێك كاروچالاكییان پێ بسپێردرێت كە ئاسان و سوك و خۆش و لەهەمان كاتیشدا پێویستیان بە سەرنج دان و بە ئاگایی و چاوتێبڕین و وردەكاری هەیە، تا لە ڕێگەیانەوە ڕێژەی زیندە خەونەكانیان كەم بكەینەوە، سەرەڕای ئەوەش زۆر گرنگە زوو زوو پرسیاریان لێبكرێت و پێیان بگوترێت (چی بوو، چی ڕوویدا، بۆ ئەوە بوو، چۆن چارەسەر دەكرێ، ....هتد). ئەگەر بكرێت ئەو جۆرە هەرزەكارو مندالانە لەسەر چوونە ناو تیپ و كۆڕو كۆبوونەوەو كاری بە كۆمەڵ هانبدرێن و بەردەوام لەسەر بە ئاگایی و چاوتێ بڕین و كەمكردنەوەی زیندە خەونەكانیان پاداشت و هانبدرێن.

پاداشتی بە ئاگایی و چالاكی و بەرهەمەكانی بكرێت:-

بە پێی پرنسیپەكانی قوتابخانەی ڕەوشتایەتی دەبێت بەردەوام پاداشتی ماددی و مەعنەوی بە ئاگایی و چالاكییە بە سوودەكانی واقیعی و ژیانی ڕۆژانەی ئەو جۆرە هەرزەكارو مندالە بكرێت، بۆ ئەوەی لەسەری بەردەوام بن، لەهەمان كاتیشدا ڕەفتاری زیندە خەون و خەیالاوی نا ئاسایی پشت گوێ دەخرێت بۆ ئەوەی سوودی لێوەرنەگرن و دواتر لێی دوور بكەونەوە، واتە دەبێت ژیانی واقیعی و ڕۆژانەی زیاتر خۆش و بەتام تر بێت لە ژیانی خەیالی و زیندەخەونەكانی، هەروەها زۆر گرنگە خێزان و قوتابخانە هاوكاری یەكتری بكەن و هەرزەكار یان مندال هەر ڕەفتارو كارێكی بە ئاگایی لە قوتابخانە یان خێزان كرد، پاداشت بكرێت و یەكتری ئاگادار بكەنەوە، وە نابێت بە هیچ شێوەیەك ڕەخنەو لێدان و توند و تیژی لەگەڵیان بەكار بهێندرێت، لەبەر ئەوەی ڕێژەی زیندە خەون و خەیاڵەكانیان زیاتر دەكات، لەلایەكی تریشەوە دەكرێت كاتژمێری بە ئاگاهێنانەوە (زەنگ) بەكاربهێندرێت بۆ ئەوەی زوو زوو بە ئاگابهێندرێنەوەو ماوەی دالغە لێدان و زیندە خەونەكانیان كەم بكرێتەوەو دواتریش لە جێگای ئەو كاتژمێرە لە ناوەو خودی ئەو جۆرە هەرزەكارو مندالانە، كۆنترۆلكردن و بە ئاگاهێنانەوە گەشە بكات.

ناوەرۆکی زیندەخەونەکان دیاری بکرێت:-

بۆ ئەوەی چارەسەرکردنەکە سەرکەوتوو بێت، دەبێت هەوڵی زانینی ناوەرۆکی زیندەخەونەکان بدەین، واتە دەبێت باوك و دایك و مامۆستا پەیوەندییەکی پتە و لەگەڵ ئەو جۆرە هەرزەکارو منداڵانە دابنێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پرسیارکردن و گفت و گۆو ڕاگۆڕینەوەوە (هەرزەکار) منداڵ باسی ناوەرۆکی زیندەخەونەکانی بکات، بۆ نموونە لەوانەیە ناوەرۆکی زیندەخەونەکە پەیوەندی بە هەست کردن بە کەمی یان قەرەبوو کردنەوەوە هەبێت و هەرزەکار لە خەوو خەیاڵی خۆیدا جیهانێکی فەنتازیای بۆ خۆی دروست کردووەو ڕۆڵی پاڵەوان و ناوداران دەگێڕێ، کەواتە لە واقیعدا لە زۆر لەو شتانە بێبەشە، بۆیە دەبێت لە ژیانی واقیعی هەوڵی دابین کردنی ئەو حەزوو ئارەزوو خەوو خەیاڵانە بدرێت بۆ ئەوەی لە زیندە خەونەکان دوور بکەوێتەوە، یان لەوانەیە هەرزەکار خەون بە کۆشك و تەلارێکەوە ببینێ کە پڕیەتی لە ئەمن و ئاسایش و دڵنیایی و بەخۆشی و کامەرانی بۆ خۆی تیایدا دەژی کە دوور نیە لەبەر ئەوە بێت کە ژینگەی خێزانی ئەو هەرزەکارە پڕە لە ناخۆشی و شەڕ و ئاژاوە، کەواتە دەبێت ژینگەی خێزانی خۆش بکرێت و هەرزەکار لەو ترس و دڵەڕاوکێ یە ڕزگار بکرێت و لە ڕاستیدا هەرزەکار لەناو خێزان و دایك و باوك و قوتابخانەکەیدا هەست بە ئاسایش و دڵنیایی بکات، بۆ ئەوەی پێویستی بە ئەوە نەبێت کە لە خەووخەیاڵدا ئەو جۆرە ژینگەیە دابین بکات.

کەواتە دەست نیشانکردنی ناوەرۆکی زیندە خەونەکان گرنگەو دەبن بە فاکتەری سەرەکی بۆ زانینی باری دەروونی ئەو جۆرە هەرزەکارانە دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ زیندە خەونە نا ئاساییەکانیان. ئینجا ئەگەر هات و دایك و باوك و مامۆستا و کەسانی تری چواردەوری هەرزەکار لە ڕێگەی ئەو هەنگاوو خاڵانەی سەرەوە نەیان توانی چارەسەری زیندە خەون و داڵغە لێدانیان بکەن و ئەوەندەش زیادی کرد کە بوونە هۆی دروست کردنی کێشەو گیروگرفتی پەروەردەی و کۆمەڵایەتی و دەروونی، ئەوا زۆر گرنگە پەیوەندی بە کەسی پسپۆڕو شارەزا لە بواری دەروونزانی بکەن و بە هاوکاری هەموو لایەك چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن و هەرزەکارە بگەڕێننەوە دۆخی ئاسایی خۆی(شیفرو میلمان، ٢٠٠١، ص٤٦ - ٥٣).

خۆشەويستى لە قۆناغى هەرزەكارى

خۆشەويستى (عاتيفة) و سۆز ويژدانيكە لەلاى هەموو كەسێك هەيە، تەنانەت يەكێكە لە رەمەكەكانى (غريزة) جيهانى ئاژەلآن و خۆرسكەو هەر لە كاتى لەدايك بوونەوە لە ناخ و دڵ و دەروونى تاكەكاندا هەيە . خۆشەويستى زۆر جۆرو شێوازى تايبەتى خۆى هەيە لەوانە (خۆشەويستى نێوان دايك و منداڵ، خۆشەويستى نێوان ئەندامانى خێزان، خۆشەويستى مرۆڤ بۆ ولات و هاوڕێ و دۆست و برادەرانى، خۆشەويستى زانست و مرۆڤايەتى و كارى خێرو چاكە، خۆشەويستى توخمەكەى تر ... تاد) ئەوەى لێرەدا مەبەستمانە، خۆشەويستى هەرزەكارو چۆنيەتى گەشەكردنيەتى لە قۆناغى هەرزەكارى، كە زياتر پەردە پۆش و ئامرازێكە بۆ شاردنەوەى حەزوو ئارەزووى سێكسى و پەيوەندە بە هەرزەكارو كەسانى ترى چواردەوريەوە بەتايبەتيش توخمەكەى تر.

حەزوو ئارەزووى سێكسى دياردەيەكى سروشتى و ئاسايى و زەقى قۆناغى هەرزەكارييە، لەبەر ئەوە لەم قۆناغەدا كۆمەڵێك گۆڕانكارى فسيۆلۆژى و جەستەيى ڕوودەدەن لە پێشەوەى هەمووشيان كەوتنە گەڕو پێگەيشتنى سێكسە گلاندەكانە (الغدة الجنسية) لەلاى هەردوو توخمەكە (نێرو مێ) كە بريتين لە هەردوو گون لەلاى نێرو هەردوو هێلكەدان لەلاى كچ. ئەم سێكسە گلاندانە لە قۆناغى هەرزەكارى چالاك دەبن و دەست دەكەن بە دەرهاويشتنى هۆرمۆناتى تايبەتى (هۆرمۆنى نێرايەتى و مێيايەتى) كە كاريگەرى زۆريان لەسەر بارى دەروونى و گۆرانكارييە فسيۆلۆژيەكان و دەركەوتنى حەزوو ئارەزووەكانى سێكسى هەيە، هەر چەندە رەمەكى سێكسى خۆرسكەو هەر لە كاتى لە دايك بوونەوەلە ناخ و سروشتى مرۆڤدا هەيە، بەلآم ئەو گوڕو تينەى قۆناغى هەرزەكارى نييە و لەسەر دەمى منداڵى بە شێوازى تايبەتى لە قۆناغەكانى (دەميتى، كۆميتى، ئەندامى زاووزێتى) گوزارشتى لێدەكرێت. بەلآم لە قۆناغى هەرزەكارى دواى پوكانەوەى هەردووگلاندى منداڵى (پينيە گلاند) (الغدة الصنوبرية)و(تيموسە گلاند) ئيتر حەزوو ئاەزووى سێكسى بە تەواوى گەشە دەكات و دەبێت بە بنەما و پاڵنەرى سەرەكى خۆشەويستى .

خۆشەویستی و حەزوو ئارەزووی سێكسی هەرزەكار بە چەند قۆناغێك تێدەپەرێت و لە كاتی گەشە كردنیدا لە هەر قۆناغێكدا تایبەتمەندیەتی خۆی هەیە. قۆناغەكانی گەشەكردنی خۆشەویستی و حەزوو ئارەزووی سێكسی ئەمانەی لای خوارەوەن:-

قۆناغی نێرگزیەتی (المرحلة النرجسية):-

ئەم قۆناغە راستەوخۆ دەكەوێتە پێش بالغی و دەركەوتنی نیشانەكانی هەرزەكاری و نزیكەی دوو ساڵ دەخایەنێ و بەزۆری لە دە ساڵی دەست پێ دەكات و لە دوانزە ساڵی كۆتایی دێت. لە گرنگترین مۆرك و نیشانەكانی نێرگزی، گرنگی دانی زۆرە بە جەستەو لەش و لار. واتە تاك لەم كاتەدا گرنگیەكی زۆر بە لەش و لاری دەدات و بە زۆری لە بەردەم ئاوێنەدا رادەوەستێت و سەیری لەش و بالای خۆی دەكات و بە جۆرەها شێواز خۆی دەگۆرێ و دەرازێنێتەوە و پرچی شانەو رێك دەخات، هەر ئەم نێرگزیەتەیە كە بەرەو وەرزش و ماكیاج و جۆرەها چالاكی جەستەیی پالی پێوە دەنێ و زۆر خۆی خۆش دەوێ و وەك بڵێیت دڵدارو عاشیقی خۆی دەبێت. ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێ كە لەم كاتەدا ئیتر گرنگی بە هیچ كەسێكی تر نادات و تەنها خۆی خۆش دەوێت، نەخێر كەسانی تریشی خۆش دەوێت بەلام زۆربەی هێزو گورو تینی خۆشەویستیەكەی ئاراستەی خودو جەستەی خۆی دەكات و بە چەندەها شێوازیش گوزارشتی لێدەكات .

گرنگترین شت لەم قۆناغەدا لەلای هەرزەكار جەستە و لەش ولارو خودی خۆیەتی، واتە زۆر حەز بە پیاهەڵدان و باس كردنی خۆی دەكات و سەری زمان و بنی زمانی هەر خۆیەتی، لەبەر ئەوە سوكایەتی پێكردن و كەم كردنەوەی نرخی زۆر بێزارو تورەی دەكەن و باری دەروونی ئاڵۆز دەكەن، بۆیە پێویستە ئێمەی گەورە رەچاوی ئەو خاڵە بكەین و سوكایەتی پێنەكەین، بۆ ئەوەی بە چاوی سووك سەیری خۆ ی نەكات و خۆشەویستیەكەی بۆ رق و كینە و هەست كردن بە كەمی نەگۆرِ درێت .

ئەم خۆشەویستی خودمو گرنگی دان بە جەستەو لەش و لار هیچ مەترسیەکی تێدا نیە و یەکێکە لە قۆناغەکانی گەشەکردنی خۆشەویستی و تاك بەرەو پێگەیشتن و قۆناغەکانی تری خۆشەویستی دەبات .

گرنگی دان بە توخمەکەی خۆی:-

پێش ماوەیەکی زۆر کەم لە کۆتایی هاتنی قۆناغی نێرگزی، دیاردەی باڵق بوون لەلای هەرزەکار دەردەکەوێت، ئەویش خۆی لە (دەنگ گڕ بوون و درێژی و زیاد بوونی کێش و بەرز بوونەوەی سنگی هەرزەکار و بێ ئۆقرەیی و شەیتانی بوون و پێگەیشتنی هەردوو سێکسە گلاندی (نێر و مێ) و بەرهەم هێنانی سپێرم لەلای کوڕو هێلکە لەلای کچ) دەبینێتەوە .

ئەم قۆناغی گرنگی دان بە توخمەکەی تر (الجنسية المثلية) نزیکەی چوار ساڵ دەخایەنێ و لە دوانزە ساڵیەوە دەست پێدەکات و لە دەوروبەری شانزدە ساڵیدا کۆتایی دێت بەبێ ئەوەی مرۆڤ هەست بە ئەوە بکات کە لە نێرگزیەت و گرنگی دان بە جەستەو لەش و لاری ڕزگاری بووە، یەکسەر لە تەمەنی دوانزە ساڵان و دەورووبەری حەزوو ئارەزووی گرنگی دان بە جەستە و لەش ولاری کەسانی تر کە لە هەمان توخمی خۆین (کوڕ بۆ کوڕ، کچ بۆ کچ) لەلای دەردەکەوێت.

لەم کاتەدا زۆر حەز بە بینینی جەستەو لەش وباڵای هاوتەمەن و هاو توخمی خۆی دەکات و لە شی خۆی بە لەشی ئەوان بەراورد دەکات و وردە وردە دەکەوێتە داوی گرنگی دان و سەر سوڕمان و حەز کردن بە تێکەڵاو بوونی هلو توخمەکەی خۆی. واتە خۆشەویستی لەم کاتەدا لە جەستەو باڵا و خودی خۆیەوە بۆ باڵا و جەستەی هاوەڵەکانی دەگوێزێتەوە و داڵغە لێدەدات و خەونیان پێوە دەبینێ و زیندە خەون و خەووخەیاڵی جۆراو جۆر دەربارەیان دەهۆنێتەوە، ئەم خۆشەویستیەی هەرزەکار بۆ هاوڕێکانی قوتابخانە یان کۆڵان و دراوسێ ی بۆشاییەکی زۆر لە دڵ و دەروونی داگیر دەکات و تەنها برادەرێتی نییە بەڵکو زۆربەی جار لە ناوەخنەکەیدا حەزوو ئارەزوو مۆرکی سێکسی پێوە دیارە.

بە بڕوای هەندێک لە دەروونزانان ئەم حەزوو ئارەزوو خۆشەویستیەی هەرزەکار بۆ تۆخمەکەی خۆی هیچ جیاوازییەکی ئەو تۆی لە گەڵ ئەو خۆشەویستیە نییە کە لە قۆناغی داهاتوو بۆ تۆخمەکەی تر هەیەتی .

ئەم جۆرە خۆشەویستیە هیچ مەترسیەکی ئەو تۆی تێدا نییە و زیاتر روو کەش و رۆمانسیە و زۆر بە کەمی بۆ ئاستی نزم دادەبەزێت و دەبێتە هۆی تێرکردنی واقیعی ئەو حەزوو ئارەزووە سێکسیە و لادان و سەرە ڕۆیی. واتە گرنگی دانێکی کەم بە هەرزەکارەکان و ڕێنمایی کردنی و چاودێرییەکی ئاراستەوخۆیان زامنی پاکی ئەو خۆشەویستی و پەیوەندیەن و بە سەلامەتی ئەو قۆناغە دەبڕن و دوای ماوەیەک دەچنە قۆناغێکی نوێوە .

بەڵام ئەگەر ئەو خۆشەویستی و گرنگی پێدانە زۆر خەست بێتەوە، ئەوا ئەو جۆرە هەرزەکارە وەک دڵدارێکی وێڵ و سەرگەردان بەردەوام لە خەوو خەیاڵ و خولیای ئەو کەسەی کە خۆشی دەوێ دەبێت و حەز دەکات بەردەوام لە نزیکیەوە بێت و بە هیچ شێوەیەک لێی جیا نەبێتەوەو بە دوورکەوتنەوەی غەمبار و دڵتەنگ بێت و لە بۆنە و جەژنەکاندا دیاری و کەل و پەلی پێشکەش دەکات و بە نەخۆش کەوتنی دڵتەنگ و بێزارو بەسەرکەوتنی دڵخۆش و کامەران دەبێت. وەک ئەوەی یەک گیان بن و لە دوو جەستەی جیاوازدا بژین .

ئەم جۆرە خۆشەویستیە بۆ یەکەم جار ئاراستەی کەسانی دەرەوەی خێزان و خودی خۆی دەکرێت، لەبەر ئەوە گرنگیەکی زۆری لە ژیانی هەرزەکاردا هەیە و دەبێت ئێمەی گەورە ئاگاداری بین و مامەڵەی پێویستی لەتەکدا بکەین .

گرنگی دان بە تۆخمەکەی تر:-

لە دەورو بەری شانزدە ساڵان هەرزەکار دەچێتە قۆناغێکی ترەوەو لە گرنگی دان بە هەمان تۆخمی خۆی ڕزگاری دەبێت و لە جیاتی ئەوەی حەزوو ئارەزوو خۆشەویستی بۆ

توخمەکەی تر دەگوازێتەوە (کوڕ بۆ کچ). ئەوەی زیاتریش یارمەتی ئەم گواستنەوەیە دەدات گەشەکردن و پێگەیشتنی عاتیفی و سۆزی و عەقڵی هەرزەکارە.

لەم قۆناغەدا کوڕ (هەروەها کچیش) حەزوو ئارەزوویەکی عاتیفی و خۆشەویستی دەربارەی کچ لە لا دروست دەبێت و کچ بە لای ئەوەوە (یان کوڕ بەلای کچەکەوە) مندالەکەی جاران ئەماوەو ئێستا گەورە بووەو لەش و بالای پان و گەورە بووە و زۆر گۆڕانکاری لە سنگ و جەستەو لەش و لاریدا روویداوە کە سەرجەم ئەوانە دەبنە مایەی گرنگی پێدان و تێڕامانی کوڕ ئەم گرنگی و تێڕامانە هەست و سۆزی تایبەتی لە لای هەرزەکار دروست دەکات کە لەوەو پێش بەرانبەر توخمەکەی تر هەستی پێنەکردبوو.

سەرەتای حەزوو ئارەزوو گرنگی دان بە کچ و کوڕی مام و خاڵ و دراوسێ و کۆڵان دەست پێدەکات و دواتریش بۆ دەرەوەی خێزان و کۆمەڵ دەگوێزرێتەوەو لە میانەیانەوە هاوسەری ژیانی خۆی هەڵدەبژێرێ.

ئەمانەی سەرەوە گرنگترین قۆناغەکانی گەشەکردنی خۆشەویستی و حەزوو ئارەزووی سێکسین. ئینجا ئەگەر بەشێوەیەکی ئاسایی و سروشتی خۆی بڕوات هیچ مەترسیەکی تێدا نیە، بەڵام ئەگەر وەستان (تثبيت) لە یەکێك لە قۆناغەکانی سەرەوە روویاندا ئەو کاتە زیان بە باری دەروونی هەرزەکار دەگەیەنێت و لە رێچکەی ئاسایی خۆی لایدەدات، بۆ نموونە چەق گرتن و وەستان لە قۆناغی ئێرگزی دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاك گرنگیەکی زۆر بە خۆی بدات و تووشی لووت بەرزی و یاخی بوون ببێت و کەسێکی خۆ پەرستی لێ دەربچێت و لەخۆی زیاتر گرنگی بە کەسی تر نەدات و بۆ گەیشتن بە حەزوو ئارەزووەکانی هەموو بەرژەوەندییە گشتیەکان بکات بەژێرپێیەوە و لە دانانی پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکانیدا سەرکەوتوو نەبێت، لەلایەکی تریشەوە گرنگیەکی زۆر بە جەستەی خۆی دەدات و لەلایەنی سێکسیشەوە خوو بە دەسپەڕ (العادة السرية)ەوە دەگرێت و زیاد لە پێویست گرنگی پێدەدات (الزيادي، ١٩٥٨، ص٧١-٨٠).

بەلام ئەگەر لە قۆناغی گرنگی دان بە هاوەلان و هاو توخمی خۆی چەق بگرێت و نەتوانێت لێی رزگار بێت، ئەو کاتە ناگوێزرێتەوە بۆ قۆناغی گرنگی دان بە توخمەکەی تر، بەلکو بە پێچەوانەوە دەبێت بە کۆیلە و عاشقی هاو توخمی خۆی کە بەمەش زیانی گەورە بەباری دەروونی دەگات و دوورنییە تووشی لادانی سێکسی بە تایبەتی (هەتیوبازی پانی بە پانی) ببێت و ئیتر گرنگی بە توخمەکەی تر نەدات و لە ژیانی هاوسەریدا سەرکەوتن بە دەست نەهێنێ. یان لەوانەیە لەسەر هەموو قۆناغی هەرزەکاری چەق بگرێت و نەتوانێت لێی دەرباز بێت، کاتێکیش دەگاتە تەمەنی کاملی و پێگەیشتنی سێکسی هەروەك هەرزەکار دەیەوێت حەزوو ئارەزووە سێکسیەکانی لە ڕێگەی (خۆشەویستی ڕۆمانسی و خەیالی یان کپ کردنی حەزوو ئارەزووە سێکسیەکانی یان تێر کردنی نا ئاسایی و هەرزەکارانەوە) تێر بکات.

گومانی تێدا نییە، چەق وەرگرتن و مانەوە لە یەکێك لە قۆناغەکان پەیوەندی بە جۆری پەروەردەی سەردەمی منداڵی و ئەو ڕووداوو شارەزایی و کارەساتانەی کە هەرزەکار ڕوو بە ڕوویان دەبێتەوە هەیە، سەرەڕای ئەو ژینگە و بارو دۆخەی کە تاکی تێدا دەژی.

هەرزەکار و گەشەکرنی کۆمەڵایەتی

منداڵ کاتێک ماڵئاوایی لە قۆناغی منداڵی دەکات و پێ دەنێتە قۆناغی هەرزەکارییەوە کۆمەڵێک گۆڕانکاری گرنگ لە بواری کۆمەڵایەتی و هاوکاری و ژیانی رۆژانەیدا روودەدات، لەوانە فراوان بوونی تێکەڵاو بوون و ژینگەی کۆمەڵایەتیەکەی و زیادبوونی ژمارەی هاوڕێکانی و زیاتر چوونە ناو کۆڕو کۆبوونەوەو شارەزابوونی داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکانی. لەبەرئەوە ئەرکی سەرەکی دایک و باوک و مامۆستا و کەسانی تری چواردەوری هەرزەکارە، کە ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانە لەبەرچاو بگرن و مامەڵەی راست و دروستی لەگەڵدا بکەن، بۆ ئەوەی وەك هەموو کەسێکی ئاسایی لە لایەنی کۆمەڵایەتیەوە گەشەبکات و نەکەوێتە گێرەو کێشەو بگرەو بەردە، چونکە ئێستا ئەو هەرزەکارە منداڵەکەی جاران نیەو گەورە بووەو راوبۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە.

ئینجا ئەگەر بمانەوێت ئەو هەرزەکارە بە ئاسانی و دوور لە گێروگرفت قۆناغی هەرزەکاری ببڕێت و بەسەلامەتی بچێتە قۆناغی گەورەیی و کاملیەوەو کەسێکی بەکەڵك و بەرهەم هێنەر بێت و دووربێت لە گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، ئەوا دەبێت زۆر بە زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانە بکەین کە لە قۆناغی هەرزەکاریدا روودەدەن.

هەرزەکار لە منداڵ زیاتر حەز بە ناو کۆمەڵ و کۆڕو کۆبوونەوەی گەورەکان دەکات. لەبەرئەوەی ئەو بۆچوونەی لەلا دروست بووە، کە ئەو منداڵەکەی جاران نەماوەو ئێستا گەورە بووەو هیچی لە باوك و دایك و مامۆستاو گەورەکانی تر کەمتر نیەو ئەویش دەتوانێت هەموو ئەو کارو چالاکیانە بکات کە گەورەکان بە ئاکامی دەگەیەنن، ئینجا بۆ ئەوەی ئەو راو بۆ چوونانەی بێتەدی و تووشی ململانێی دەروونی و گۆشەگیری یان شەڕخوازی نەبێت، ئەوا دەبێت بارودۆخی گونجاوی بۆ بخوڵقێندرێ و گەورەکان رێزی بگرن و لە نرخی کەم نەکەنەوەو بەچاوی سووك و منداڵی سەیری نەکرێت.

هەرزەكار لەسەرەتای قۆناغی هەرزەكاریدا جیهانێكی رێك و بێگەردو جوان بۆ خۆی دروست دەكات و ئەو بڕوایەی لەلا دروست دەبێت، كە پێویستە هەموو كەل و پەل و دیاردەكانی ژیان بێ كەمی كورتی و نووقستانی بن و لەو پەڕی (كەمال) و كاملی و رێك و پێكیدابن، وەك ئەو كەسە دەردەكەوێت كە لە دەریای خەوو خەیاڵ و نموونەیی (میسالیدا) نقووم بووبێت و بەچاوی واقعیانە سەیری ژیان نەكات، ئەمەش بە پلەی سەرەكی بۆ كەم ئەزموونی و شارەزایی هەرزەكار دەگەڕێتەوەو لایەنی سۆزو (عاتیفة) بەسەر لایەنی مەنتقی و عەقلیدا زاڵە. هەر ئەو بیرو بۆچوونە میسالی و ناواقیعیانەیە كە وای لێدەكات بەردەوام رەخنە لە كەسان و دیاردەكانی چواردەوری بگرێ.

بۆ نموونە زۆر جار هەرزەكار لە ئەنجامی ئەو بۆچوونانەیەوە لەگەڵ دایك و باوك و مامۆستاو كەسانی تری چواردەوری دەكەوێتە ململانێ و رەخنەو پلارو تیرو توانج لە جل و بەرگ و هەڵس و كەوتی دایك و باوكی دەگرێت و بە كەل و پەل و كەرەستەكانی ناو ماڵ رازی نابێت و بەردەوام داوای گۆڕین و لەناوبردنیان دەكات و بەهیوای شتی تازەو بێ كەم و كورتیە. شایانی ئاماژە بۆ كردنە هەرزەكار لەم قۆناغەدا بەئاشكرا كاریگەری پاڵەوان و كەسایەتیەكانی ناو فیلم و بەرنامەو پرۆگرامەكانی تەلەفزیۆن و سینەمای لەسەر دیارەو ناو ماڵ و جل و بەرگ و هەڵس و كەوتی دایك و باوكی بە ناوماڵ و جل و بەرگ و هەڵس و كەوتی ئەو پاڵەوان و كەسایەتیانەی ناو دەزگاكانی راگەیاندن و دەرەوەی ماڵ بەراورد دەكات و بەردەوام هەوڵدەدات كە ناو ماڵ و جل و بەرگ و هەڵس و كەوتی دایك و باوكی وەك ئەوان لێ بكات، كە بێگومان ئەمەشی بۆ ناچێتە سەرو لە ئەنجامیشدا لەگەڵ دایك و باوكی دەكەوێتە ململانێ و بگرەو بەردەو تووشی خەم و خەفەت و دڵتەنگی و هەست كردن بەكەمی دەبێت.

بەڵام ئەگەر دایك و باوكی هەرزەكار زانیاری تەواویان دەربارەی ئەو گۆڕانكاریيە كۆمەڵایەتیانەی قۆناغی كوڕو كچەكانیان هەبێت و بەشێوەیەكی راست و دروست مامەڵەی لە تەكدا بكەن، ئەوا هیچ گیروگرفتێكی ئەوتۆ دروست نابێت و دەتوانرێت لە رێگەی

ئامۆژگاری و رێنمایی پێویستەوە هەرزەکار وورده وورده لە خەوو خەیاڵ و جیهانی نموونەیی و عاتیفی دوور بخرێتەوەو بە جیهانی واقیعی ئاشنا بکرێت. بۆئەوەی هەرزەکار بەسەلامەتی ئەم قۆناغە ببڕێت، ئەوا دەبێت کەسانی گەورەی چواردەوری هەرزەکار (لە پێشەوەی هەمووشیان دایک و باوک) بە ئارام و لەسەرخۆو خۆراگر بن و زۆر ژیرانە گفت و گۆ لە تەك هەرزەکاردا بکەن و دیاردەکانی ژیانیان بۆ روون بکەنەوەو باسی جیاوازی نێوان واقیع و خەوو خەیاڵیان بۆ بکەن، کە بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو هەرزەکارە رۆژ لە دوای رۆژ لە ئاسمانی خەوو خەیاڵ بەرەو زەوی واقیع و ژیانی راستەقینە شۆڕ ببێتەوەو لەدوا قۆناغی هەرزەکاری وەك هەموو مرۆڤێکی کامڵ و پێگەیشتوو بیر بکاتەوەو جیاوازی لەنێوان جیهانی واقیعی و جیهانی (میسالی) و خەوو خەیاڵ بکات.
کەواتە ئەم گرفتە لە رێگەی دیالۆك و راگۆڕینەوەوە چارەسەر دەکرێت نەك بە توڕەبوون و هەڕەشە و لێدان و گاڵتە پێکردنی هەرزەکار. لەبەرئەوە زۆر هەڵەیە کە باوك و دایك و کەسانی تری چواردەوری هەرزەکار توندوتیژی و سووکایەتی پێکردن بەکاربهێنن، چونکە ئەوە نەك چارەسەری گرفتەکە ناکات بەڵکو ئاڵۆزتریشی دەکات.

هەروەها دیاردەی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی دایك و باوك و مامۆستا لەسەرەتای قۆناغی هەرزەکاری، یەکێکە لەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانەی کە چەکەرە دەکات و رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر گەشە دەکات، تا دەبێت بەخاسیەتێکی قۆناغی هەرزەکاری. واتە هەرزەکار منداڵەکەی جاران نەماوە، تا ئێمەی گەورە بە ئارەزووی خۆمان بیهێنین و بیبەین و چی پێبڵێین رازی بێت و بێ سێ و دوو گفت وگۆ جێبەجێی بکات. کەواتە ئەو دایك و باوك و مامۆستایانەی وا دەزانن کە هەرزەکار هەر منداڵەکەی جارانە، ئەوا بێگومان بە هەڵەدا چوون و لەگەڵ هەرزەکارەکاندا رووبەرووی زۆر کێشەو گیروگرفت دەبنەوە.

ئینجا ئەگەر بمانەوێت هەرزەکار یاخی نەبێت و رووبەرووی گەورەکان نەوەستێت، ئەوا دەبێت رێزی بگیرێت و گوێ لە قسەو راوبۆچوونەکانی بگیرێ، بەڵام ئەگەر ئێمەی گەورە رێزی راوبۆچوونی هەرزەکارمان نەگرت و ویستمان راوبۆچوونی خۆمان بەسەریدا

مندالْ مامەڵەمان لەگەڵ کردو بەربەست و ڕێگرمان لەبەردەم بەپێنیْ و بەردەوام وەك پێداویستیەکانیدا دروست کرد، ئەوا ئەو کاتە ڕازی نابێت و دوورنیە هەزاو ئارەزوو یان ماڵ و قوتابخانە بەجێ بهێڵیْ و ملی کۆلان و شوێنەگشتی ڕووبەڕووشمان بووەستێتەوە کەسێکی لاسارو سەرە ڕۆڕ لڕ دەربچێت، کەئەمەش زیان بە و نابەجێکان بگرێتە بەرو لایەنی گەشەکردنی کۆمەلایەتی هەرزەکار دەگەیەنێت. کەسایەتی و باری دەروونی و

لە قۆناغی هەرزەکاریدا ڕۆڵی برادەرو هاوڕێ بە ئاشکرا لە ژیانی هەرزەکاردا دەردەکەون و زۆر جار کاریگەری ئەو برادەرانەی لە کاریگەری خێزان زیاتر دەبێت و هەرزەکار بە ئاسانی گوێ ڕایەڵیان دەبێت و بە قسەیان دەکات، بە تایبەتیش لە لای ئەو هەرزەکارانەی کە ژیانی خێزانیان ئاڵۆزەو پەیوەندیان لەگەڵ دایک و باوك و مامۆستاکانیان خۆش نیە. لەبەر ئەوە دەبێت دایك و باوك لە نزیکەوە ئاگاداری هەرزەکارەکانیان بن و ژینگەی کۆمەلایەتی گونجاوو دروست بۆ گەشەکردنی ئاساییان بخوڵقێنن، بۆ ئەوەی هەست بە بێزاری و نامۆبوون نەکەن و بە ناچاری پەنا بۆ ناو برادەری خراپ نەبەن.

چونکە ئەگەر هەرزەکار لەناو خێزان و قوتابخانە هەستی بە ئاسایش و دڵنیایی نەکردو ڕێزی نەگیرا، ئەوا دوور نیە کە پەنا بۆ جۆرەها کۆمەڵ و لایەن و دەستەو تاقم ببات، بەو هیوایەی کە لەناویان هەست بە ئاسایش و دڵنیایی و ڕێزگرتن بکات، کە بە داخەوە زۆر جاریش وا دەرناچێت و بگرە پێچەوانەکەشی دەردەچێت و ئەو جۆرە هەرزەکارانە دەقۆزرێنەوەو بۆ مەبەست و کاری تایبەتی بەکاردەهێنرێن، ئەوەی جێگەی داخیشە باری دەروونی ئەو جۆرە هەرزەکارانە بۆ قۆستنەوەو بەکارهێنانیان بۆ کاری نادروست زۆر لە بارو دەرەنجامی هەموو توێژینەوە زانستیەکانیش ئەوەیان سەلماندووە کە زۆربەی زۆری ئەو هەرزەکارو مێرد مندالانەی کە تووشی لاساری و سەرەڕۆیی دەبن، لەو جۆرە خێزانانەدا پەروەردەبوون کە لێك ترازاوو پڕ لە گیروگرفت و ناخۆشی بوون.

گرنگی دان بە جل و بەرگ و ڕواڵەت یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی کە لەسەرەتای قۆناغی هەرزەکاری سەرهەڵدەدات، واتە هەرزەکار حەز بە جۆرەها جل و بەرگی زەق و ڕەنگاو ڕەنگ و سەرنج ڕاکێش دەکات و هەوڵدەدات لاسایی پاڵەوان و کەسانی گرنگی ناو فیلم و بەرنامەو پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆن و سینەما بکاتەوە، هەروەها کچان زۆر حەز بەخۆ جوان کردن و ڕازاندنەوەو بەکارهێنانی داوودەرمان و بۆیەو (کەمالیات) و ڕواڵەت دەکەن، چونکە ئەم قۆناغە قۆناغی گەشەکردنی حەزوو ئارەزووی سێکسی و عاتیفیەو هەر توخمەو دەیەوێت سەرنجی توخمەکەی تر بۆ لای خۆی رابکێشێت.

ئینجا یەکێک لەو لایەنانەی کە هەرزەکار گرنگی پێدەدات و لە میانەیەوە سەرنجی توخمەکەی تر بۆلای خۆی رادەکێشێت، لایەنی جەستەیی و ڕواڵەت و جل و بەرگ و خۆرازاندنەوەیە، کە ئەمەش زۆر جار گێروگرفت بۆ هەرزەکارو دایک و باوک و کەسانی تر دروست دەکات، بە تایبەتیش لەو جۆرە خێزانانەی کە هەژارو دەست کورتن و هەرزەکار بە ئاسانی ئەو حەزوو ئارەزووەی بۆ تێر ناکرێت و لە ئەنجامیشدا هەست بە کەمی و خەم و خەفەت و ئازارو دڵتەنگی دەکات و دووریش نیە خوانەخواستە کەسانی داوێن پیس هەندێك لەو کچە هەرزەکارانە (کە بێ چاودێری و ڕێنمایی گەورەکانیانن) هەڵبخەڵەتێنن و بە بیانووی جل و بەرگ و ڕواڵەت لەخشتەیان بەرن.

هەروەها لە ئەنجامی ئەم دیاردەیەوە گێروگرفتێکی تریش سەر هەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە کە هەندێك دایك و باوك و مامۆستا لە ئەنجامی ئەشارەزاییان و نەبوونی زانیاری پێویست دەربارەی ئەم قۆناغە، دەست دەکەن بە ڕەخنەو تیرو توانج تێگرتنی هەرزەکارو ناوو ناتۆرە لێنانیان و گومان لێکردنیان، کە بەداخەوە هەندێك دایك و باوك سووکایەتی بە هەرزەکارەکانیان دەکەن و بواری تێرکردنی ئەو جۆرە حەزوو ئارەزووەیان بۆ ناڕەخسێنن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروست کردنی گێروگرفت (Bee, 2000, P:326).

پێویستە دایک و باوک ئەوە بزانن کە حەزکردن بە خۆڕازاندنەوەو ڕواڵەت یەکێکە لە خاسیەتەکانی قۆناغی هەرزەکاری و پێویستە لە ڕێگەی ڕێنمایی و ئامۆژگاری و گفت و گۆوە وردە وردە لەو دیاردەیە ڕزگار بکرێت و پاش ماوەیەکیش هەرزەکار خۆی وازیان لێدەهێنێ و ئیتر زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆك دەدات و لە ڕواڵەت و ڕوکەش دووردەکەوێتەوە، بەڵام هەردەبێت بۆ ماوەیەك بواری تێرکردنیان بۆ بڕەخسێندرێ و نابێت بەهیچ شێوەیەکیش توندوتیژی و سووکایەتی پێکردن بەکاربهێندرێت.

لە لایەکی تریشەوە بیرکردنەوە لە هەڵبژاردنی پیشەو کارێکی گونجاو یەکێکی ترە لەو مۆرك و سیما کۆمەڵایەتیانەی کە لە قۆناغی هەرزەکاریدا سەرهەڵدەدات و بوارێکی زۆر لە دڵ دەروونی هەرزەکار داگیردەکات و بەزۆری بیری لێدەکاتەوە. کەواتە دەبێت لە قوتابخانەو خێزان بواری هەڵبژاردن و دەست نیشانکردنی پیشەو کارێکی گونجاو بۆ هەرزەکار بخولقێندرێ و ئاسانکاری و ڕێنمایی پێویست بکرێت، واتە ئەرکی دایک و باوك و مامۆستاو کەسانی تری چواردەوری هەرزەکارە کە زانیاری پێویست دەربارەی جۆری خوێندن و پیشەکان بە هەرزەکار پێش کەش بکەن، بۆ ئەوەی هەرزەکار بە حەزو ئارەزووی خۆی و بەڕێنمایی دایك و باوك و مامۆستا جۆری خوێندن و پیشەو کاری پێویست هەڵبژێرێ.

کەواتە زۆر هەڵەیە کە دایك و باوك و مامۆستا هەرزەکار ناچار بکەن کە جۆرێك لە خوێندن یان پیشەیەکی دیاریکراو هەڵبژێرێ. هەروەها لەم قۆناغەدا کەسانی دەرەوەی خێزان کاریگەریان لەسەر کەسایەتی و باری دەروونی هەرزەکار لە دایك و باوك زۆرتردەبێت، لەبەرئەوە زۆر گرنگە کە دایك و باوك هەوڵی ئەوە بدەن کە باشی و خراپی ئەو کەسانەی دەرەوەی خێزان بۆ هەرزەکارەکانیان ڕوون بکەنەوەو سوودیان لێ وەربگرن.

ئەوە ماوە بڵێین کە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی هەرزەکار پێویستی بە بارو دۆخ و ژینگەی گونجاو هەیە و دەبێت دایك و باوك و کەسانی چواردەوری هەرزەکار ڕەچاوی ئەو

گۆرانکاریە کۆمەلایەتیانە بکەن کە لە قۆناغی هەرزەکاری روودەدات، هەروەها ئەرکی سەرەکی دایك و باوکە کە سەربەستی بدەن بە کورو کچە هەرزەکارەکانیان بۆ ئەوەی لەژێر چاودێری ئەواندا بە ویستی خۆیان برادەرو و پیشەو جۆری خوێندن و هاوسەری ژیانی خۆیان هەلبژێرن. واتە سەربەستی بدرێت بە هەرزەکار تا ئەو کاتەی خەریکە هەلە دەکات، دوای ئەوە پێویستە دایك و باوك ئامۆژگاری و رێنمایی پێویستی بکەن و لە هەلەکان دووری بخەنەوە.

جۆرەکانی خێزان و رەنگدانەوەیان لەسەر باری دەروونی هەرزەکار

وەك چۆن زۆربەی دیاردەکانی ژیان جۆراوجۆرو هەمە چەشنەن، بە هەمان شێوەش پێکهاتەکانی خێزان و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ منداڵەکانیان جۆراوجۆرن، دەرئەنجامی چاوپێکەوتن و توێژینەوە زانستیەکان ئاماژە بۆ بوونی جۆرەها خێزانی جیا جیا دەکەن. واتە هەر یەکەیان بە شێوازێك مامەڵە لەگەڵ تاکەکان دەکات کە جیاوازە لە ئەوانی تر.

لە گرنگترین جۆرەکانی خێزان ئەمانەی لای خوارەوەن:-

ئەو خێزانانەی کە منداڵەکانیان بێزراوو پشت گوێ خراون:-

ئەوەی جێگەی داخە ژمارەیەك لە خێزانەکان لەم جۆرەن. واتە زۆربەی کات منداڵەکانیان ترۆو پشت گوێ دەخەن و جێگەی رەزامەندی نین و باوك و دایك رێزو سۆزوخۆشەویستی پێویست بە منداڵەکانیان نادەن، هەندێك جار یان دایك یان باوك لەو جۆرەیە، هەندێك جاری تریش هەردووکیان.

کەواتە لەم جۆرە خێزانانەدا منداڵ و هەرزەکار کەمترین گرنگیان پێدەدرێت و دایك و باوك یان یەکێکیان زۆر بەسەر منداڵەکانیدا زاڵەو، هەندێك جاریش رقیان لێیانە. هەندێك جاریش دایك و باوك لە ئەنجامی پشت گوێ خستن و سووکایەتی پێکردنی منداڵەکانیانەوە هەست بۆ گوناهو ئازاری ویژدان دەکەن، لەبەر ئەوە بۆ رازی کردنی ویژدانیان و رزگاربوون لە هەست کردن بە گوناه، دەست دەکەن بە پێدانی سۆزو خۆشەویستی زیاد لە پێویست، یان ئاسانکاری زیاد لە پێویست و شل کردنی سەری پەت و حەبلەکە بۆیان ، کە بێگوان هەردوو حاڵەتەکە خراپەو بە زیانی هەرزەکارو منداڵەکانی تر تەواو دەبێت. گومانی تێدا نییە هۆکاری زۆر هەیە بۆ پشت گوێ خستنی ئەو جۆرە دایك

و باوکە و هەڵنەستانیان بە ئەرك و رۆڵی دایکایەتی و باوکایەتی، بەڵام ئەوەی لە هەموویان گرنگترە، ئەوەیە کە ئەو جۆرە دایك و باوکانە کەسانی پێگەیشتوو کامڵ نین لەلایەنی هەڵچوونیەوە، سەرەڕای ئەوەش بنەمەکانی سەرکەوتنی ژن و مێردایەتیان لاوازەو تواناى خۆ سازاندنیان لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیان زۆر لاوازە.بێگومان ئەو جۆرە خێزان و مامەڵەی دایك و باوکە رەنگدانەوەی خراپی لەسەر کەسایەتی و باری دەروونی هەرزەکار هەیە لەوانە:-

لە داهاتوو منداڵەکانیان، (بەتایبەتیش لە قۆناغی هەرزەکاری) هەست بە ئاسایش و دڵنیایی ناکەن و زۆربەی کات ڕاڕاو دوودڵ و بەگومان دەبن.

زۆر جار لەوانەیە رەفتاری منداڵ و هەرزەکارەکانیان ناکۆمەڵایەتی بێت و نیشانەکانی وەك (پەلاماردانی کەسانی تر، دزی، درۆ، پەرتەوازە بوون، لادان و شەڕخوازی) ببن بە بەشێك لە کەسایەتیان. دەروونزانێك کە ناوی (وولبری)یە لەم بارەیەوە دەڵێت {رق و کینە، بەردەوام دەتوانێت نەهێڵێت هەرزەکار خۆی لەگەڵ ژیان بگونجێنێت، ئەویش لەبەر ئەوەی لە هەست کردن بە دڵنیایی و ئاسایش بێبەشی دەکات و بڕوا بەخۆبوونی تێك دەشکێنێ و گەشەکردنی (خودی) دەشێوێنێت} (زیدان، ١٩٩٤، ص ١٧٦). نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت، کە زەحمەترین و دژوارترین کار ئەوەیە کە چارەسەری ئەو هەرزەکارانە بکرێت کە لە ئەنجامی بێزران و پشت گوێ خستنەوە تاڵ و سوێری زۆریان چەشتووە، لە هەمان کاتیشدا دەرکەوتووە کە ژمارەیەکی زۆریان تووشی لادان و لاساری بوون و ناویان لە تۆماری خانەو دادگای ئەوجەوانان و مێرد منداڵاندا پارێزراوە.

ئەو خێزانانەی كە لە منداڵ و هەرزەكارەكانیان رازین و سۆزو خۆشەویستیان دەدەنێ:-

ئەم جۆرە خێزانانە پێچەوانەی جۆری یەكەمن، واتە هەرزەكار پلەو پایەو جێگای تایبەتی خۆی هەیە و مایەی ڕێزی دایك و باوكە، بێگومان زۆربەی زۆری ئەم جۆرە باوكانە لە كاتی خۆیدا لەسەر دەستی دایك و باوكی بەبەزەیی و دڵ گەورە پەروەردە بوون و ئەوانیش لەسەردەمی منداڵیدا لەسەر دەستی دایك و باوكی بە وەفاو پەروەردیار گەورە بوون و كەش و هەوای خێزانەكانیان پڕ بووە لە خۆشەویستی و ڕێزگرتن و دڵسۆزی و مامەڵەی دروست، واتە پەروەردەی راست و دروست. باوك ودایكی راست و دروستت بۆ بەرهەم دێنێ. هەر لەمبارەیەوە (سیمۆند)ی زانا دەڵێت (هاووڵاتی باش و دڵسۆز، زانایان، كرێكارانی خێرخوان، هاوسەری سەركەوتوو، دایك و باوكی بەختەوەر، ... هتد) لەو جۆرە خێزانانەوە دێن و دروست دەبن كە تیایدا منداڵ بەڕێزەو دایك و باوك بە پەرۆشن بۆیان) (زیدان، ١٩٩٤، ص١٧٦).

ئەو خێزانانەی كە دیكتاتۆرن و هەرزەكارەكانیان دەچەوسێننەوە:-

ئەم جۆرە خێزانانەدا زۆربەی كات دایك و باوك (یان یەكێكیان) خۆیان بەسەر هەرزەكارەكانیاندا دەسەپێنن و كارو چالاكی و سنووری كاركردنیان بۆ دیاری دەكەن و كەمترین كەمتەرخەمی و هەڵەی هەرزەكار دەبێتە مایەی لێدان و تووندوتیژی و چاو سووركردنەوەو هەڕەشە لێكردن، هەر لەبەر ئەوەشە بەردەوام هەرزەكارو منداڵانی ئەو جۆرە خێزانانە مل كەچی داواكارییەكانی دایك و باوكیان دەبن. نەك بە ئارەزووی خۆیان یان لەبەر ڕێزگرتنی دایك و باوك، بەڵكو لە ئەنجامی ترس و هەڕەشە، هەر لەبەر ئەوەشە كاتێك دایك و باوك وەك سەرچاوەی ترس و تۆقین دیار نابن، منداڵ و هەرزەكارانی ئەو جۆرە خێزانانە وەك ئاوێكی زۆری پەنگ خواردوو بەسەر كەسان و دیاردەكانی چواردەوریاندا دەتەقنەوەو زیانیان پێدەگەیەنن، بەڵام لەكاتی دووبارە

دەرکەوتنەوەی دایک و باوک (سەرچاوەی ترس) دووبارە منداڵ و هەرزەکارەکانیان زۆربەی ویست و داواکاری و راوبۆچوونەکانیان دەشارنەوەو هەوڵی کپ کردنیان دەدەن.

هەندێک جار ئەم جۆرە دایک و باوکانە گرنگی بە منداڵەکانیان دەدەن و خۆشیشیان دەوێن، بەڵام بەردەوام ناچاریان دەکەن مل کەچی داواکاریەکانیان بن و لەژێر رکێف و کۆنترۆڵی ئەواندا بن، لەبەر ئەوەی لەو بڕوایەدان کە ئەو جۆرە مامەڵە و مل کەچ کردنە لەبەرژەوەندی هەرزەکارەکانیانە، بێگومان زۆربەی ئەم باوک و دایکانە لە کاتی خۆیدا لەسەر دەستی دایک و باوکی وەک خۆیان پەروەردە بوون و بە هەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، بۆیە ئەمانیش ئێستا لاسایی ئەوان دەکەنەوەو ڕێچکەی ئەوانیان گرتووە.

<u>شایانی ئاماژە بۆ کردنە، ئەم جۆرە مامەڵەیەش ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر کەسایەتی منداڵ و هەرزەکارەکانیان هەیە لەوانە:-</u>

پشت نەبەستن بەخۆ راستە زۆر منداڵی ئەو جۆرە خێزانانە لە ترسی هەڕەشەو لێدان بێدەنگ و لەسەرخۆ و بێ ئاژاوە دادەنیشن، بەڵام کاتێک گەورە دەبن و دەچنە ناو قۆناغی هەرزەکارییەوەو بواری ئەوەیان دەبێت سەربەست و ئازاد بن، ناتوانن تام و چێژو خۆشی لەو ئازادی و سەربەستیەیان وەربگرن، لەبەر ئەوەی لەکاتی خۆی، واتا لە قۆناغی منداڵی ڕانەهێنراون و بواری ئازادی و سەربەستییان نەبووە، لەبەر ئەوە لە قۆناغی هەرزەکاریدا ڕووبەرووی زۆر کێشەو گیروگرفت دەبنەوەو هەست بە کەمی و ڕارایی دەکەن. زۆربەی جار هەرزەکارانی ئەو خێزانانە دوور لە چاودێری دایک و باوکیان کەسانی توندوتیژو شەڕانی دەبن و کەسانی تری لەخۆیان لاوازتر دەکەن بە قۆچی قوربانی و تۆڵەی خۆیان لە ئەوان دەکەنەوە.

هەندێک جار بە ئاسانی هەڵدەخەڵەتێندرێن و لەلایەن برادەری خراپەوە دەقۆزرێنەوەو بەرەو خراپەو لاساریان دەبەن، هەر لەبەر ئەوەشە زۆرجار هەرزەکارو لاوانی

ئەو جۆرە خێزانانە بەندو دادگایی دەکرێن و تاوان و لاساری دەکەن، هەرچەندە خێزانەکانیان لە ئاستێکی بەرزی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووریشدان و لە هیچ شتێکیان کەم نییە، تەنها ئەوە نەبێت کە لە خێزانێکی توندو تیژو دیکتاتۆردا پەروەردە بوون.

ئەو خێزانانەی کە زیاد لە پێویست گرنگی بە منداڵەکانیان دەدەن:-

لەم جۆرە خێزانانەدا زیاد لە پێویست گرنگی بە منداڵ و هەرزەکار دەدرێت و هەندێک جار دایک و باوک منداڵەکانیان نقومی ناو خۆشەویستی و گرنگی پێدانی زیاد لە پێویست دەکەن و گرنگیەکی زۆریان پێدەدەن، تا ئەو رادەیەی کە کاتێک دەچنە قۆناغی هەرزەکارییەوە، دایک و باوک هەر بە چاوی منداڵی سەیریان دەکەن و ئەو بڕوایەیان لەلا دروست نابێت کە منداڵەکانیان گەورەبوون و پێویستە کەمێک سەربەستی و ئازادی و سەربەخۆییان بدەنێ، کە بێگومان بەم رەفتارو مامەڵانەیان نایەڵن منداڵەکانیان وەک پێویست گەشە بکەن و کەم و کورتی زۆر دەکەوێتە کەسێتی و باری دەروونیانەوە.

هەندێک جاریش ئەو جۆرە دایک و باوکانە ئاسانکاری زۆر بۆ منداڵەکانیان دەکەن و چاو پۆشی لە زۆر لە هەڵەو سەرەڕۆییەکانیان دەکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکانیان لە داهاتوودا کەسێتیەکی سەرکەوتوو پتەویان نەبێت. دەرئەنجامی زۆر لە توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە منداڵان و هەرزەکارانی ئەم جۆرە خێزانانە لە داهاتوودا سەرکەوتوو نابن و بڕوایان بە خۆیان نابێت و بەچاوی گومان و دوودڵی سەیری خۆیان و تواناکانیان دەکەن، هەروەها توانای کۆنترۆڵ کردنی هەڵچوونەکانیان نابێت، لەبەر ئەوەی گرنگی دانی زیاد لە پێویست جۆرێکە لە دیکتاتۆریەت و کۆنترۆڵ کردن کە ناهێڵن منداڵ و هەرزەکارەکان وەک پێویست فێری دیاردەکانی ژیان ببن و وەک منداڵانی تر تاووتوێیان بکەن، هەر لەبەر ئەوەشە هەرزەکارو لاوانی ئەو جۆرە خێزانانە لەبەر

پرسیاریەتی رادەکەن و حەز بە تەنیایی و گۆشەگیری دەکەن و وەك تاکێکی کامڵ و پێگەیشتوو رەفتار ناکەن و بەسەر کۆسپ و تەگەرەکانی ژیاندا زاڵ نابن.

خێزانی دیموکراسی خواز:-

لەم جۆرە خێزانانەدا زۆربەی شتەکان روون و ئاشکران، واتە باوك و دایك رۆڵ و ئەرك و فەرمانەکانی خۆیان بە باشی دەزانن و لە هەمان کاتیشدا مندالەکان سنووری رەفتارو ماف و ئەرکەکان دەزانن. سەرجەم ئەندامانی ئەم جۆرە خێزانانە بەپێی پرانسیپ و بنەمای تایبەتی رەفتار دەکەن و ئەگەر مندالەکان هەڵەو لاسارییەکیان کرد ئەوا رووبەرووی سزاو سەرزەنشت و گلەیی دەبنەوە، بەلام لە هەمان کاتیشدا ئەگەر کاری چاکەو سوود بەخشیان کرد ئەوا پاداشت و سوپاس دەکرێن. بێگومان ئەم جۆرە خێزانانەش وەك هەموو جۆرەکانی تری خێزان رووبەرووی کێشەو گیروگرفت دەبنەوە، بەلام جیاوازی سەرەکی ئەوەیە کە کێشەو گیروگرفتەکانی ئەم جۆرە خێزانانە ئاساییەو ماوەیەکی زۆر بەردەوام نابێت و رێگا چارەی گونجاوی بە هەموو لایەك بۆ دەدۆزنەوە. لەم جۆرە خێزانانە دایك و باوك ئەو راستیە باش دەزانن کە هەر مندالەو کەسایەتی تایبەتی خۆی هەیە و حەزوو ئارەزووی وەك ئەوانی تر نییە، لەهەمان کاتیشدا منداڵ لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەچێت و گۆرانکاری بەسەردا دێت و رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر گەشە دەکات و بەرەو هەرزەکاری و لاوێتی و کامڵی دەچێت.

هەر لەبەر ئەوەشە شێوازی پەروەردە کردن و جۆری مامەڵەکردنیان بە پێی کەسایەتی و قۆناغەکانی گەشەکردنی مندالەکانیان دەگۆرن، لە هەمان کاتیشدا دایك و باوکی ئەم جۆرە خێزانە مندالەکانی خۆیان خۆش دەوێت، بەلام نە زیاد لە پێویست گرنگیان پێدەدەن نە پشت گوێشیان دەخەن، بەڵکو بە چاوێکی بابەتیانەو واقیعانە سەیریان دەکەن. هەر لەبەر ئەوەشە منداڵ و هەرزەکارانی ئەم جۆرە خێزانانە لە داهاتوودا کەسایەتی پتەویان

دەبێت و لە ژیانی واقیعیاندا سەرکەوتوو دەبن و بەچاوی ڕێزو گرنگی سەیری خودی خۆیان دەکەن و بڕوای تەواویان بە خۆیانەو بە زۆری لە گرفت و کێشەی دەروونی بە دوور دەبن.

سەرکەوتوویی ئەم جۆرە خێزانانە لەوە دایە کە بە پێی سیستەمێکی دیموکراتیانە کار دەکەن و ماف و ئەرک و ڕۆڵی هەموو یەکێك دیاری کراوو پارێزراوە و کەس سنووری ئەوی تر نابەزێنێ و مافەکانی پێشێل ناکات.

هەرزەکار لە نێوان حەزوو ئارەزووە تایبەتیەکانی و حەزوو ئارەزووی دایك و باوك و هۆکارە دەرەکیەکان

حەزوو ئارەزوو بەشێکە لە کەسایەتی مرۆڤ و ڕەنگ دانەوەی خۆی لەسەر ڕێچکەی ژیانی مرۆڤ هەیە، واتە ئەگەر مرۆڤ سەرکەووتوو بوو لە تێرکردنی حەزوو ئارەزووەکانی و ئەو تێرکردنەش لەتەك توانستە عەقلی و جەستەیی و هەڵچوونیەکانیدا چوون یەك بوون ئەو کاتە تاك لە ژیانیدا سەرکەوتوو دەبێت و لە تواناییدا دەبێت کە خۆی لەگەڵ کۆمەڵەکەی بسازێنێ، بەلام ئەگەر حەزوو ئارەزووەکانی لەتەك توانستە عەقلی و هەڵچوونی و جەستەییەکانیدا چوون یەك نەبوون، واتە حەزوو ئارەزووی لە پیشەو جۆرە خوێندنێکە کە توانای عەقلی یان جەستەیی یان هەڵچوونی لەتەکیدا ڕێك ناکەوێت، بۆ نموونە هەندێك پیشەو بواری خوێندن پێویستیان بە ڕێژەیەکی زۆر لە زیرەکی و توانستی عەقلی تایبەتی هەیە، کە ئەگەر مرۆڤ حەزیشی لێیان بێت بەلام ئەو زیرەکی و توانستە عەقلیە تایبەتیەی نەبێت، ئەوا تیایاندا سەرکەوتوو نابێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە حەزوو ئارەزوو بەتەنها نابنەمایەی سەرکەوتنی تاك، لە هەمان کاتیشدا زیرەکی و توانستی عەقلی و هەڵچوونی و کۆمەلایەتی و جەستەیی پێویستیش بە تەنها نابنە مایەی بەختەوەری و کامەرانی مرۆڤ ئەگەر بێت و حەزوو ئارەزوو هاوشانیان نەبن، واتە ئەگەر هەرزەکارێك توانای جەستەیی و بەرزی باڵایی و بە هێزی ماسوولکەکانی بۆ پیشە و جۆرە یارییەك گونجاون، بەلام بە هیچ شێوەیەك حەزوو ئارەزووی لەو پیشەو جۆرە یارییە

نییە، كەواتە ئەگەر ناچار بكرێت كە ئەو پیشەیە بۆ خۆی هەڵبژێری یان ئەو جۆرە یارییە بكات، ئەو كاتە بە تەواوی سەركەوتنی تیادا ناهێنێ و خۆشی و كامەرانیشی دەست ناكەوێت. كەواتە سەركەوتووترین هەڵبژاردن ئەو جۆرە هەڵبژاردنەیە كە حەزوو ئارەزووی هەرزەكار لەتەك توانست و بەهرەكانیدا چوون یەك دەبن.

ئینجا لێرەدا پرسیارێك سەر دەردێنێ، ئەویش ئەوەیە ئایا بارودۆخی كۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری ئێمە لەو ئاستە دایە كە هەرزەكارەكانمان بتوانن رەچاوی ئەو خاڵانەی سەرەوە بكەن و بەجۆرێك پیشەو جۆری خوێندن بۆ خۆیان هەڵبژێرن كە لە لایەك حەزوو ئارەزووەكانیان تێر بكەن و لەلایەكی تریشەوە لەتەك تواناو بەهرەكانیاندا بگونجێن؟ گومانی تێدانییە كە هەرزەكاری ئێمە بەو ئاسانییە ناتوانێت پیشەو جۆری خوێندنی گونجاو بۆ خۆی هەڵبژێری، لەبەر ئەوەی كۆمەڵێك فاكتەری دەرەكی و ناوەكی هەن كە كاردەكەنە سەر بڕیارەكانی هەرزەكار، لە هەمووشیان گرنگتر ئەمانەی لای خوارەوەن :-

حەزوو ئارەزووی دایك و باوك :-

لە گرنگترین گیروگرفتەكانی هەرزەكاری ئێمە ئەوەیە كەزۆر جار دایك و باوك دەست دەخەنە ناو كاروباری كوڕو كچە هەرزەكارەكانیانەوەو دەیانەوێت جۆرە پیشەوكارێك یان خوێندنێك هەڵبژێرن كە لە تەك حەزوو ئارەزووی ئەواندا دەگونجێت نە ك لەتەك حەزوو ئارەزووی كوڕ و كچە هەرزەكارەكانیان، كە بەمەش زیانێكی گەورە بە باری دەروونی و چارەنووسی رۆڵەكانیان دەگەیەنن. بێگومان ئەم دەست تێوەردانەی دایك و باوك بۆ زۆر هۆكار دەگەڕێتەوە لەوانە :-

هەندێك دایك و باوك لەسەردەمی هەرزەكاری و لاوێتی خۆیاندا ئاواتە خوازی ئەوە بوون كە كۆلێژێكی دیاریكراو تەواو بكەن یان پیشەوكارێكی دیاری كراو یان جۆرە یارییەك

هەڵبژێرن، بەڵام لەبەر هەر چ هۆیەك بێت نەیانتوانی لەسەردەمی هەرزەکاری و لاوێتیاندا ئەو ئاوات و حەزوو ئارەزووانەیان بهێننە دی هەرچەندە پیشەو جۆرە یاری و خوێندنێکی تریان هەڵبژارد (یان نەیانتوانی خوێندن تەواو بکەن) بەڵام حەزوو ئاواتە تێر نەکراوەکانی سەردەمی رابردوویان هەر ماوەو لە ناخیاندا بەجۆرێك رەگ و ریشەیان داکوتاوە کە ناتوانن لەبیریان بکەن، هەندێك جاریش لە بواری هەستیاندا نەماوەو بە کپ و خەفەکراوی لە بواری نەستیاندا (اللاشعور) خۆیان حەشار داوە.

لە ئەنجامی ئەو حەزوو ئارەزوو ئاواتە خەفە کراوو تێر نەکراوانەیان، ناچار دەبن بە شێوەیەکی هەستی بێت یان نەستی پاڵ بە کوڕ و کچە هەرزەکارەکانیانەوە بنێن و حەزوو ئارەزووی خۆیان بەسەریان بسەپێنن و ناچاریان بکەن کە ئەو پیشە و بواری خوێندنە هەڵبژێرن کە ئەوان لە کاتی خۆیدا ئاواتە خوازی بوون، کە زۆر جار زیانی گەورە بە پاشەرۆژی منداڵەکانیان دەگەیەنێت لەبەر ئەوەی مەرج نییە حەزوو ئارەزووی منداڵەکانیان وەك حەزوو ئارەزووی ئەوان بێت، یان لەوانەیە زیرەکی و توانستە عەقڵی و جەستەیی و هەڵچوونەکانیان بۆ ئەو جۆرە خوێندن و پیشانە گونجاو نەبێت و دواجاریش سەرکەوتنی تێدا نەهێنن.

لەبەر ئەوە زۆر پێویستە کە دایك و باوك دەست نەخەنە ناو کاروباری خوێندن و پیشەو کاری منداڵ و هەرزەکارەکانیانەوە. بەڵکو سەربەستی بە منداڵەکانیان بدەن و لە هەمان کاتیشدا رێنمایی و ئامۆژگاری پێویستیان بکەن بەڵام، نابێت حەزوو ئارەزووی خۆیانیان بەسەردا بسەپێنن .

<u>ژینگەی کۆمەڵایەتی و خێزانی.</u> جاری وا هەیە دایك و باوك لە باب و باپیرانیانەوە جۆرە پیشەو کارێکیان بۆ ماوەتەوە، ئەوانیش بۆ ئەوەی ئەو پیشەوکارەی باب و باپیرانیان هەر بە نەمری بمێنێتەوە، رۆڵەکانیان ناچار دەکەن کە هەر ئەو نیش و

پیشانە بكەن و تەنانەت خوێندنیش هەر لەو بوارەدا تەواو بكەن، كە زۆر جاریش ئەمە دژ بە حەزوو ئارەزووی كوڕو كچە هەرزەكارەكانیانە .

هۆكاری جوگرافی:-

مەبەست لە هۆكاری جوگرافی ئەو جێگەو ئاوو هەوایەیە كە مرۆڤ تیایدا دەژی، هەموومان دەزانین جیاوازی لە نێوان ژینگەی شاخ و ژینگەی دەشت و دەرو ژینگەی بیابان دا هەیە، هەروەها جیاوازیش لە نێوان ژینگەی ساردو ژینگەی گەرمدا هەیە، هەندێك جار ئەو جیاوازیەش جۆرە كارو پیشەو خوێندنێك بەسەر دانیشتوانەكەیدا دەسە پێنێت، ئیتر حەزی لێی بێت یان حەزی لێی نەبێت .

كەم شارەزایی هەرزەكار:-

مەرج نییە هەموو هەرزەكارێك حەزوو ئارەزووەكانیان راستیەكان بپێكن، تەنانەت زۆر جار پەی بە توانا و بەهرەكانیشیان نابەن لەبەر ئەوە دەكەونە هەڵەوەو پیشەوكارو جۆری خوێندنێك بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن كە لەتەك تواناو لێهاتووەكانیاندا ناگونجێت و دواتریش تووشی گیروگرفت دەبن، دەركەوتووە زۆربەی هەرزەكاران لە سەرەتای هەرزەكاریدا دەكەونە هەڵەوەو زۆر پەلە لە دیاریكردن و هەڵبژاردنی جۆری خوێندن و كارەكانیاندا دەكەن، ئینجا لەبەر ئەوەی زانیارییان كەمەو بە پەلەشن، بۆیە دەكەونە هەڵەوە، تا لەم كاتانەدا رابەری پەروەردەیی و مامۆستای ناوەندی و دواناوەندی رۆڵی سەرەكیان هەیە و دەبێت رێنمایی و ئامۆژگاری پێویستی قوتابیە هەرزەكارەكان بكەن.

مامۆستاو رابەری پەروەردەیی بەردەوام مامەڵە لەگەڵ قوتابیە هەرزەكارەكان دەكەن و رۆژانە وانەیان پێدەڵێنەوەو رێنماییان دەكەن، لەبەر ئەوە ئەوەندە زانیاری و شارەزاییان لەلا گەڵاڵە بووە كە بزانن كام قوتابی لە بواری (هونەری، وەرزشی، زانستی،

ئەدەبی یان پیشەیدا) سەركەوتووە، ئینجا لە میانەی ئەو شارەزاییەیان دەتوانن رێنمایی و ئامۆژگاری قوتابیە هەرزەكارەكان بكەن، بەتایبەتیش قوتابیانی پۆلی سێیەمی ناوەندی و شەشەمی ئامادەیی. واتە باشتروایە ئەو قوتابیانەی توانای هونەرییان هەیە بچن بۆ پەیمانگاو ئەكادیمیای هونەرە جوانەكان، بەلام ئەوانەی لەوانە زانستیەكاندا سەركەوتوون و بەردەوام نمرەی بەرز دەهێنن و لە چالاكیە زانستیەكاندا بەهرەمەندن باشتر وایە بچن بۆ بەش و كۆلیژە زانستیەكان لە كاتێكدا باشترە كە ئەو قوتابیانەی لەوانە ئەدەبی و چالاكیە شیعری و كارە وێژەییەكاندا سەركەوتوون بچن بۆ ئەو بەش و كۆلیژانەی ئەدەبین نەك زانستی رووت. چونكە دەر ئە نجامی توێژینەوە زانستیەكان ئەو راستیەیان دەرخست كە هەر قوتابیەك و گروپێك خاوەنی توانست و بەهرەی تایبەتین و هەر كۆمەڵەیان لە بوارێكی تایبەتیدا سەركەوتوون، ئینجا ئالێرەدا رۆڵی مامۆستا و رابەری پەروەردەیی دەردەكەوێت، واتە تا چەند سەركەوتووە لە دەست نیشانكردنی بەهرەو تواناكانی قوتابیە هەرزەكارەكان و دۆزینەوەی بواری خوێندن و پیشەی گونجاو بۆیان، بۆ نموونە قوتابیەك لەبواری میكانیكی و ئیشی دەستكرددا بەهرەمەند بێت، باشتر وایە بچێت بۆ كۆلیژی ئەندازیاری یان پەیمانگای تەكنیكی یان ئامادەیی پیشەسازی نە ك كۆلیژی ئاداب یان پەیمانگای كشتوكالی یان ئامادەیی بازرگانی بەلام پێویستە لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا حەزوو ئارەزووی قوتابی هەرزەكار لەبەر چاو بگیرێ.

نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت كە دەست خستنە ناو كاروباری هەرزەكار تەنها لە بواری خوێندن و پیشەدا نییە، بەڵكو هەموو بوارەكانی تریش دەگەرێتەوە، بۆ نموونە هەندێك دایك و باوك بەزۆر كچەكانیان بە مێرد دەدەن یان بەزۆر ژن بۆ كورەكانیان دەهێنن، یان بەردەوام حەزوو ویستی خۆیان بەسەر كچ و كورە هەرزەكارەكانیاندا دەسەپێنن، كە سەرجەم ئەو هەڵس و كەوت و مامەڵانە هەڵەن و زیان بە باری دەروونی هەرزەكار دەگەیەنن. سەرەرای ئەوەش زۆربەی مامۆستا و كەسانی تریش هەمان هەڵس و كەوت و راوبۆچوونی دایكان و باوكانیان هەیە، كە بێگومان بەزەرەری هەموو لایەك (لە پێشەوەی هەمووشیان هەرزەكار) تەواو دەبێت .

ئینجا ئەگەر بمانەوێت هەرزەکارەکانمان قۆناغی هەرزەکاری بەسەلامەتی ببڕن و کەسانی سوود بەخشیان لێ دەربچێت، ئەوا پێویستە ڕەچاوی حەزوو ئارەزووەکانیان بکەین و لەهەمان کاتیشدا ڕێنمایی و ئامۆژگاری پێویستیان بکەین، لە بەرامبەر ئەوەش نابێت هەرزەکار ئەو سەربەستی و ئازادییە بەشێوەیەکی هەڵە بەکار بهێنێ، بەڵکو دەبێت بەردەوام لە کاتی پێویستدا ڕاوێژ لەگەڵ دایک و باوک و مامۆستاکانی بکات و بە هاوکاری ئەوان گرفتەکانی چارەسەر بکات.

هەرزەکار و هاوڕێیەتی

دۆست و هاوڕێ گرنگیەکی زۆریان لە ژیانی هەرزەکاردا هەیە و دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر لە ژیانیدا بگێڕن، ئەوەش بە پلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژینگەی خێزان و قوتابخانە لە کۆمەڵگای وەکوو ئێمە لەبارو گونجاو نیە بۆ گەشەکردنی ئاسایی هەرزەکارو دایك و باوك و مامۆستا بواری گونجاو بۆ گفت و گۆو رادەربڕینی هەرزەکار نارەخسێنن، لەبەرئەوە هەرزەکار بەردەوام لە گەڕاندایە بۆ دۆزینەوەی کەس و دەستە و تاقمێك تا بتوانێت لەناویاندا بوونی خۆی بسەلمێنێ، بێگومان هەرزەکار لە دۆست و برادەرو هاوڕێ زیاتر کەسی تر نادۆزێتەوە، چونکە هەرزەکار لەناو هاوڕێکانیدا هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکات و دەتوانێت بەو پەڕی سەربەستیەوە گوزارشت لە خودی خۆی بکات و راو بۆچوونەکانی بۆ هاوڕێکانی دەربڕێت.

کاریگەری و گرنگی هاوڕێ بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:-

١- هەرزەکار و هاوڕێکانی لە لایەنی تەمەنەوە لەیەکەوە نزیکن و زۆربەی گیروگرفتەکانی جەستەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونیەکانیان وەك یەکن، کە ئەمەش وایان لێدەکات کە هەریەکە باسی گیروگرفت و ئەزموونی تایبەتی خۆی بۆ ئەوی تر بکات و زۆر وەڵام و چارەسەری گونجاو بۆ گرفتەکانیان بدۆزێتەوە.

٢- منداڵ کاتێك دەچێتە قۆناغی هەرزەکاریەوە، ئەوا یەکسەر ماڵئاوایی لە قۆناغی منداڵی دەکات و ئیتر منداڵان وەك جاران یاری و مامەڵەی لەگەڵ ناکەن و هەرزەکاریش منداڵەکەی جاران نەماوەو دەزانێت لە زۆر لایەنەوە لە منداڵان جیاوازە، هەروەها لە هەمان کاتیشدا گەورەکان پێشوازی لێ ناکەن و دانی پێدانانێن و بە گەورەی حیساب ناکەن، ئا لەم کاتەدا هیچ چارەی نامێنێت تەنها هاوڕێکانی نەبێت کە جێگاو ڕێگای تایبەتی بۆ دیاری دەکەن و لەو تەنیایی و ترس و دڵە ڕاوکێیە ڕزگاری دەکەن.

٣- زۆر پرسیاری گرنگ دەربارەی قۆناغی هەرزەکاری و گۆڕانکاریەکانی لە مێشکی هەرزەکاردا دێن و دەچن و چاوەڕوانی وەڵام دەکەن، بەلام بەداخەوە هیچ یەکێك لە دایك و باوك و کەسانی گەورەی تری چواردەوری هەرزەکار ئامادەنیە یان شەرم دەکات کە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە بە تایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندیان بە سێکس و گۆڕانکارییە فسیۆلۆژیەکانی ژیانی هەرزەکارەوە هەیە. لەبەرئەوە بەناچاری پەنا بۆ هاوڕێکانی دەبات و زۆر لە وەلامی پرسیارەکانی لەوێ دەست دەکەوێت(Berk, 2003, P:607).

ئینجا بۆ ئەوەی هەرزەکار لە باشیەکانی تێکەڵ بوونی هاوڕێکانی بێبەش نەبێت و لە خراپیەکانیان دووربکەوێتەوە، ئەوا زۆر پێویستە کە دایك و باوك لە نزیکەوە ئاگاداری هاوڕێکانی هەرزەکارەکانیان بن و نەهێڵن تێکەڵاوی برادەرو کەسانی خراپ ببن و بەردەوام ڕێنمایی پێویستیان بکەن، بەلام نابێت ڕاستەوخۆ دەست بخەنە کاروباری هەرزەکارەکانیانەوە. بەڵکو دەبێت سەربەستی خۆیان بدەنێ و بە ئارەزووی خۆیان هاوڕێکانیان هەڵبژێرن.

بۆ دایك و باوك نیە کە هاوڕێ بۆ هەرزەکارەکانیان دیاری بکەن و بەسەریاندا بسەپێنن، بەلام مافی ئەوەیان هەیە کە لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵس و کەوتیان بن و ئەگەر هەڵەیەکیان کرد بۆیان ڕاست بکەنەوە یان ئەگەر یەکێك لە برادەرەکانیان خراپ بوو ئەوا هەرزەکارەکانیان تێبگەیەنن و لێیان دووربخەنەوە. ئەگەر باوك و دایك وەڵامی پرسیارەکانی هەرزەکارەکانیان بدەنەوەو بواری گفت و گۆو ڕادەربڕینیان بۆ بڕەخسێنن و ڕێزی ڕاوبۆچونەکانیان بگرن ئەوا کەمتر پێویستیان بە هاوڕێ و کەسانی تر دەبێت. بەلام کاتێك دایك و باوك وەك منداڵ مامەڵە لەگەڵ هەرزەکارەکەیان دەکەن و بەردەوام سووکایەتیان پێ دەکەن بێگومان هەرزەکارەکانیان لە ژینگەی خێزانیان ڕادەکەن و پەنا بۆ هاوڕێکانیان دەبەن و دوورنیە تووشی برادەری خراپیش ببن و بەرەو لادان و هەندێریان ببەن.

پێداویستیەكانی هەرزەكار و ڕۆڵی مامۆستا لە دابین كردنیان

هەرزەكار وەك هەموو كەسێكی تر كۆمەڵێك پێداویستی دەروونی و كۆمەڵایەتی هەیە و پێویستە تێر بكرێن. ئیجا ئەگەر ئەو پێداویستیانە تێر نەكران، ئەوا هەرزەكار ڕووبەرووی كۆمەڵێك كێشەو گرفتی دەروونی و كۆمەڵایەتی دەبێتەوەو لە ژیانی خوێندن و كۆمەڵایەتیدا سەركەوتن بەدەست ناهێنێ. لەبەر ئەوە زۆر پێویستە كە ئێمەی گەورە شارەزای ئەو پێداویستیانە ببین و ژینگەی گونجاو لە ناو خێزان و قوتابخانە و كۆمەڵ بۆ تێركردنیان بخوڵقێنین.

ئەمانەی خوارەوەش لە گرنگترین پێداویستەكانی هەرزەكارن :-

پێداویستی هەست كردن بە ئاسایش و دڵنیایی:-

یەكەم پێداویستی دەروونی هەرزەكار دوای (نان و ئاو و خەو و هەوا ... تاد) هەست كردن بە دڵنیایی و ئارامی و ئاسایشە، واتە دەبێت هەرزەكار لە ناو قوتابخانە هەست بە ئارامی و دڵنیایی بكات و هەست نەكات كە ژیان و كەرامەت و تەندروستی لە هەڕەشە دایە. بەڵكو دەبێت لە ناو قوتابخانە هەست بە ئارامی و دڵنیایی تەواو بكات، ئینجا بۆ ئەوەی ئەم پێداویستیە دەروونیە گرنگە بێتە دی، ئەوا دەبێت مامۆستا ڕێزی قوتابی هەرزەكار بگرێت و سوكایەتی پێ نەكات و هەڕەشەو توندو تیژی لە تەكیدا بەكار نەهێنێ بۆ ئەوەی تووشی گرژی و دڵە ڕاوكێ و بێزاری و خەم و خەفەت نەبێت، هەروەها دەبێت مامۆستا ڕۆڵی كاریگەری لە ڕێنمایی كردن و چارەسەركردنی گیروگرفتەكانی قوتابیە هەرزەكارەكاندا هەبێت، بۆ ئەوەی قوتابی هەست بە دڵسۆزی و باوكایەتی مامۆستا بكات، كە ئەمەش دەبێتە هۆی دڵنیایی و دڵخۆشی هەرزەكار.

پێداویستی خۆشەویستی و ڕێزگرتن :-

زۆر پێویستە قوتابی هەرزەكار لە ناو قوتابخانە ئەو هەستەی لە لا دروست ببێت كە كەسێكی خۆشەویستەو ڕێزی دەگیرێ، لە هەمان كاتیشدا دەبێت هەرزەكار مامۆستا و هاوڕێكانی خۆش بوێت. ئیجا بۆ ئەوەی ئەم پێویستیە دەروونیە تێر ببێت، دەبێت ئێمەی گەورە (بەتایبەتی مامۆستا) كەش و هەوایەكی دیموكراسی و مرۆڤانە لە ناو قوتابخانە و كۆمەڵ بخولقێنین و هەوڵی دروست كردنی پەیوەندی كۆمەلآیەتی لە نێوان قوتابییەكان لە لایەك و قوتابیان و مامۆستا لە لایەكی تر، بدەین سەرەڕای ئەوەش مامۆستایان خۆیان لەناو یەك پەیوەندی كۆمەلآیەتیان بەهێز بێت و لە بۆنە و چەژن و ئاهەنگ و چالاكیەكانی قوتابخانەدا هاوكاری یەكتر بكەن و تۆوی یەكسانی و خۆشەویستی بچێنن لە هەمان كاتیشدا دەبێت لە دەمارگیری و جیاوازی و توندو تیژی و دیكتاتۆریەت دووریكەونەوە. ئەگەر توانیمان بەم شێوەیە لەناو قوتابخانە بجولێینەوە ئەوا زۆر بە ئاسانی پێداویستی خۆشەویستی و ڕێزگرتن دابین دەكرێت .

پێداویستی بوونی جێگە و پلەو پایە لە ناو كۆمەڵدا :-

هەرزەكار زۆر پێویستی بە كۆمەڵ و قوتابخانە هەیە، بۆ ئەوەی ئەم پێداویستیەی بۆ دابین بكرێت، هەرزەكار دەیەوێت برادەری دڵسۆزی هەبێت و لە ناو كۆڕ و كۆبوونەوەكاندا هەست بە بوونی خۆی بكات. لەبەر ئەوە ئەركی قوتابخانەیە كە لە ڕێگەی چالاكیەكانی ناو قوتابخانە و چالاكیە دەرەكیەكان و كۆڕو كۆبوونەوەكاندا، هەرزەكار بەشداری بكات و ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەبێت و لە كاتی سەركەوتندا پاداشت بكرێت و ڕێزی بەهرەو تواناكانی بگیرێ، هەروەها دەبێت هەموو هەرزەكاران بەیەك چاو سەیر بكرێن، بۆ ئەوەی هەرزەكار هەست بە دڵنیایی و یەكسانی بكات و هەست نەكات كە ئەو لە كەسانی تر كەمترە، بەڵكو دەبێت مافی خۆی وەربگرێت و لە هەمان كاتیشدا بواری كێ بركێ ی پاك و یەكسان بۆ هەموو لایەك بڕەخسێندرێ .

بۆ هێنانە دی ئەم مەبەستەش پێویستە ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی (الفروق الفردية) نێوان قوتابیەکان بکرێت و چەندەها جۆر چالاکی و بواری جیاجیان بۆ دابین بکرێت. چونکە هەر قوتابیەك لە بوار و چالاکیەکدا زیاتر سەرکەوتن بە دەست دەهێنێ و خاوەنی بەهرێیەکە کە لە قوتابیەکانی تر دا نیە، واتە قوتابی وا هەیە لە بواری کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتووە بەڵام هاوەڵەکەی لە بواری هونەری یان زانستی یان میکانیکی ... تاد. کەواتە دەبێت لە ناو قوتابخانە جۆرەها چالاکی هەبێت بۆ ئەوەی قوتابی هەست بە بوونی خۆی بکات و جێگاو پلە و پایەیەکی هەبێت .

پێداویستی عەقلی (ژیری):-

پێویستە ژیری و بیری هەرزەکار لە ڕێگەی چالاکیەکانی ناو قوتابخانەوە گەشەی پێ بکرێت. هەرزەکار پێویستی بە ڕێنمایی پێویست هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ بە شێوەیەکی زانستیانە بیر بکاتەوەو چارەسەری گیرو گرفتەکان بکات. کەواتە ئەرکی سەرشانی مامۆستا وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی هەرزەکارو ڕوون کردنەوەی ڕووداوەکانی ژیانە. ئیجا بۆ ئەوەی ئەم ئامانجانە بێتە دی دەبێت مامۆستا کەسێکی زیرەك و لێهاتوو بەتوانا بێت و پیشەکەی خۆی خۆش بوێت. سەرەڕای ئەوەش بواری گونجاو بۆ قوتابیە هەرزەکارەکان بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆیان بکەن.

فەلسەفەی ژیان :-

هەرزەکار لە قۆناغی هەرزەکاریدا زۆر بیر دەکاتەوەو زۆربەی جار خەریکی تێڕامانێ و لێك دانەوەی ژیانە. ئەمەش وای لێدەکات کە بەردەوام خولیای زانینی نهێنیەکانی ژیان بێت و بیر لە مردن و بەهەشت و دۆزەخ و فریشتە و چارەنووسی مرۆڤ بکاتەوە .

ئینجا بۆ ئەوەی هەرزەکار نەکەوێتە گێژاوی خەووخەیاڵ و لێکدانەوەی خراپ پێویستە مامۆستا بە شێوەیەکی زانستیانە وەڵامی زۆر لەوپرسیارانەی بداتەوەو هەندێك لەو حەزوو ئارەزووانەی تێر بکات، چونکە ئەگەر مامۆستا و کەسانی دڵسۆز دیاردەکانی

ژیانی بۆ ڕوون نەكەنەوە، ئەوا دوور نیە لە هەندێك سەرچاوەی هەڵەوە زانیاری خراپیان دەست بكەوێت و تووشی بیر كردنەوەی هەڵەی بكەن. لەبەر ئەوە زۆر پێویستە كە زۆر بە هاو ئاكاری مرۆڤانەو ئایینی و دیموكراسی و فەلسەفی مرۆڤانە فێری هەرزەكار بكرێت بۆ ئەوەی لە لایەن كەسانی ترەوە هەڵنە خەڵەتێندرێن، چونكە قۆناغی هەرزەكاری قۆناغێكی هەستیارو ناسكە و ئەگەر ئاگامان لە هەرزەكار نەبێت ڕووبەڕووی زۆر گرفت و كێشەی فیكری و فەلسەفی و كۆمەلایەتی دەبێتەوە.

شایەنی باسە زۆر حاڵەتی گۆڕینی ئایین و ڕێباز و ئایدۆلۆژیا لەم قۆناغەدا ڕوودەدەن و سیاسەتمەدارو كەسانی تر دەتوانن كار لە هەرزەكار بكەن و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەكاری بهێنن، لەبەر ئەوەی هەرزەكار شارەزایی كەمە و زۆر سۆز و عاتیفیانە بۆ دیاردەكان دەچێت و لێكیان دەداتەوە سەرەڕای ئەوەش هێشتا لەلایەنی عەقڵیەوە بە تەواوی گەشەی نەكردووە .

گیروگرفتەكانی هەرزەكار :-

هەرزەكار لە قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی ڕووبەڕووی زۆر گیروگرفت دەبێتەوە، ئینجا ئەگەر بمانەوێت هەرزەكار بەسەر ئەو گیروگرفتانەدا زاڵ بێت، ئەوا پێویستە ڕێنمایی پێشكەش بكەین و هاوكاری بكەین بۆ ئەوەی ئەو گیروگرفتانە نەبن بە كۆسپ و تەگەرەو ژیانی لێ ئاڵۆز نەكەن .

لە گرنگترین گیروگرفتەكانیش ئەمانەی لای خوارەوەن :-

١-ترسان لە تاقی كردنەوەو خەم و خەفەتی دەرنەچوون .
٢-تێنەگەیشتنی هەندێك وانە و بابەت و بە زەحمەت یادكردنەوەی لە كاتی تاقیكردنەوە.

٣-سەیر کردنی خود بە چاوی نزم و بڕواهێنانی هەندێك قوتابی کە توانای کەمە و ناتوانێت قۆناغەکانی تری خوێندن تەواو بکات .

٤-توندو تیژی و دەمارگیری و کەم توانایی هەندێك لە مامۆستایان، کە گرنگی بە پێداویستی و گیروگرفتەکانی هەرزەکار نادەن .

٥-قورسی هەندێك لە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان و هێنانەوەی پرسیار لە بەشێك لە وانەکە و پشت گوێخستنی بەشەکانی تر .

٦-جیاوازی کردنی هەندێك لە مامۆستایان و سەیرنەکردنی هەموو قوتابیەکان بەیەك چاو و بڵاوبوونەوەی دیاردەی واسیتە لەلای هەندێك لە مامۆستایان .

٧-کەم توانایی هەندێك لە مامۆستاکان و باش راڤە نەکردنی بابەتەکە .

٨-کەمی زانیاری دەربارەی قۆناغی هەرزەکاری و ڕێنمایی نەکردنی قوتابی هەرزەکار لەلایەن زۆر لە مامۆستایان .

٩- ڕێزنەگرتنی هەرزەکار و سەیرکردنی بە چاوی نزم و مامەڵەکردنی منداڵانە لە گەڵی.

١٠- دەرچوونی هەندێك قوتابی لە ئەنجامی قۆپی کردن و چاوپۆشینی هەندێك مامۆستا لە قۆپی کردنی ئەو جۆرە قوتابیانە .

١١-هەندێك قوتابی نازانن چۆن کۆشش بکەن و خۆیان بۆ تاقیکردنەوە ئامادە بکەن .

ئەوانەی سەرەوە لە گرنگترین ئەو گیروگرفتانەن کە ڕووبەڕووی قوتابی هەرزەکار دەبێتەوە. شایەنی باسە نووسەری ئەم بابەتە چەند پرسیارێکی لە (٧٥) قوتابی ناوەندی و ئامادەیی کرد، دەربارەی ئەو گیروگرفتانەی کە بەدەستیانەوە دەناڵێنن، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ئەو خاڵانەی سەرەوە لە گرنگترین گیروگرفتەکانیانن. ئینجا بۆ چارەسەر کردنی ئەو گیروگرفتانەی سەرەوە، ئەرکی سەرشانی قوتابخانەیە (بەتایبەتی مامۆستا و ڕابەری پەروەردەیی و دەروونی) کە بەم کارانەی خوارەوە هەڵبستن :-

١- هەوڵبدرێت کە ڕێنمایی پێویستی قوتابی هەرزەکار بکرێت، بۆ ئەوەی لە تاقیکردنەوەو ئەزموونەکان نەترسێت و بە باشی خۆی ئامادە بکات و فێری چۆنیەتی کۆشش کردن و خوێندنەوەی ڕاست و دروستی وانەکان بکرێت .

٢- پێویستە مامۆستا بەباشی وانەكان ڕاڤە بكات و تا دەتوانێت ئامرازەكانی فێركردن و ڕوون كردنەوە بەكار بهێنێ و گونجاوترین ڕێگەی وانە گوتنەوە بۆ قوناغی هەرزەكاری دەست نیشان بكات بۆ ئەوەی قوتابی لە وانەكەی تێ بگات و لە كاتی ڕاڤەكردندا ئاگاداری مامۆستا بێت .

٣- پێویستە گیانی بڕوا بەخۆبوون لە ناخی قوتابیدا دروست بكرێت و خاڵە بەهێزەكانی بۆ ڕوون بكرێتەوە و تێ بگەیەندرێت كە ئەو كەم تواناو نەزان نییە، بەڵكو هەموو قوتابییەك خاڵی بەهێزو لاوازی خۆی هەیەو لە هەندێك بابەت و وانەدا سەركەوتنی باش بەدەست دەهێنێ و لە هەندێك بابەت و وانەی تردا مام ناوەندییە و دوور نیە لە یەكێك لە وانەكانیشدا كەمێك لاواز بێت، بەڵام خوێندنەوەی بەردەوام و ئامادەبوون و وریایی لە ناو پۆلداو بوونی حەزوو ئارەزووی خوێندن هۆكارو زامنی تەقاندنەوەی توانا و بەهرەكانی قوتابین، سەرەڕای ئەوەش زۆر گرنگە كە بەردەوام قوتابی لەسەر چالاكی دەرەكی و داهێنان هانبدرێت و پاداشتی بەرهەم و كارە سەركەوتووەكانیشی بكرێت .

٤- نابێت مامۆستا توندو تیژو دەمارگیر بێت و پەنا بۆ سزادان و سوكایەتی پێكردنی قوتابی ببات. بەڵكو زۆر پێویستە وەك باوك و برایەكی گەورەو دڵسۆزو بەبەزەیی و لێ بوردوو بە ئارام بێت و جیاوازی لە نێوان قوتابییەكاندا نەكات و لە ڕێگەی دایەلۆگ و گفتوگۆو ئامۆژگارییەوە قوتابی بهێنێتە سەر ڕێگای ڕاست و چارەسەری گرفتەكانی بكات .

٥- زۆر گرنگە پرسیارەكان لە ئاستی توانای قوتابیاندا بێت و تەم و مژاوی نەبێت، بەڵكو سەرتاسەری بێت و هەموو وانەو بابەتەكان بگرێتەوەو توانای جیاكردنەوەی قوتابیە زیرەكەكانی لە قوتابیە تەمبەڵ و ناوەندییەكانی هەبێت، واتە پرسیارەكان بە جۆرێك بێت كە جیاوازی تاكایەتی نێوان قوتابییەكان دەربخات . بۆ نموونە جۆرە پرسیارێكی تێدا بێت تەنها قوتابیە زیرەكەكان بتوانن وەڵامی بدەنەوە لە هەمان كاتیشدا پرسیاری وای تێدابێت كە هەموو قوتابییەكان وەڵامی بدەنەوە، ئەوانی تریش لەو نێوانەدا بێت .

٦- ڕێگە نەدان بە هەندێک قوتابی پەنا بۆ قۆپی کردن بەرێ یان چاوپۆشی کردن لە کاتی قۆپی کردن، چونکە ئەو کارە دەبێتە هۆی دروست کردنی گیروگرفت و کێشەی دەروونی بۆ قوتابیەکانی ترو نزم کردنەوەی ورەو حەزوو ئارەزووی خوێندنیان .

٧- پێویستە ڕێزی قوتابی بگیرێت و بە چاوی سووک سەیری نەکرێت و ڕێزی راوبۆچوونەکانی بگیرێ و بواری سەربەخۆیی و بڕوا بەخۆبوون و ڕادەربڕینی بۆ بڕەخسێندرێت.

٨- زۆر گرنگە لە ڕێگەی خۆ ڕۆشنبیر کردن و خوێندنەوەو بەشداری کردن لە خول و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، مامۆستا شارەزایی پێویست دەربارەی قۆناغی هەرزەکاری و سایکۆلۆژیای هەرزەکار پەیدا بکات، چونکە ئەگەر مامۆستای ناوەندی و دوا ناوەندی شارەزای سایکۆلۆژیای هەرزەکار نەبن، ئەوا ناتوانن وەک پێویست و سەرکەوتووانە مامەڵە لەگەڵ قوتابی هەرزەکار بکەن و دەست نیشان و چارەسەری ئەندێشە و گیروگرفتەکانی بکەن .

٩- پێویستە ژینگەی قوتابخانە خۆش بکرێت، بۆ ئەوەی قوتابی تیایدا هەست بە ئارامی وئاسایش و دڵنیایی بکات و ترسی لە هەڕەشەو تۆقاندن و سوکایەتی پێکردنی بەڕێوەبەر ومامۆستا و قوتابیانی هاوەڵی نەبێت. سەرەڕای ئەوەش بابەت و وانەکان لەگەڵ خواست و حەزوو تواناکانی قوتابی هەرزەکاردا بگونجێت و تام و چێژیان لێ وەربگرێ .

١٠- زۆر گرنگە ژینگەی قوتابخانە پڕ بێت لە جۆرەها چالاکی زانستی و هونەری و وەرزشی و ئەدەبی، بۆ ئەوەی هەموو قوتابیان هەست بە بوونی خۆیان بکەن و خاڵە بەهێزەکانیان دەربکەوێ، چونکە مەرج نییە هەموو قوتابیان لە بابەتە زانستیەکان سەرکەوتوو بن لەهەمان کاتیشدا پێویستە گیانی هاوکاری وبرایەتی لە نێوان قوتابییاندا دروست بکرێت وهان و پاداشتی هەمووشیان بە پێ ی تواناکانیان بکرێت.

کەم کردنەوە لە نرخی هەرزەکار

قۆناغی هەرزەکاری یەکێکە لە گرنگترین و ناسکترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ، چونکە دەبێتە هۆی گواستنەوەی مرۆڤ لە قۆناغی منداڵیەوە (کە بەردەوام پشت بە کەسانی تر دەبەستێت و ناسنامەو سەربەخۆیی تایبەتی خۆی نیە) بۆ قۆناغی کاملی و پێگەیشتن (کە دەبێتە خاوەنی ناسنامەو کەسایەتی و بوونی خۆی و لە پشت بەستن بە کەسانی تر رزگاری دەبێت). بەلام ئەو گواستنەوەو گۆڕانکارییە هەروا بە ئاسانی روونادات بەلکو دەبێت ژینگەو باروودۆخی گونجاو بۆ هەرزەکار دابین بکرێت، تاوەکوو بە سەلامەتی بێ گیروگرفت قۆناغی هەرزەکاری ببڕێت و بچێتە قۆناغی کاملیەوە.

یەکێك لە گرنگترین ئەو دیاردە دەروونی و کۆمەلایەتیانەی کە لەم قۆناغەدا سەرهەلدەدات هەست کردن بە ناسنامەو سەربەخۆییە، واتە هەرزەکار منداڵەکەی جاران ئەماوە و داوای هەرچیەکی لێبکرێت یەکسەر گوێ رایەلی گەورەکانی ببێت، بەلکو لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە جەستەیی و دەروونی و کۆمەلایەتی و ژیرییانەی کە لە قۆناغی هەرزەکاریدا روودەدات، ئەویش زۆر راو بۆچوون و حەزوو ئارەزووی لەلا دروست دەبێت و رازی نابێت کەسانی تر پێشێلی بکەن، لەبەرئەوە زۆر جار گوێ بیستی هەندێك قسەو راو بۆچوون دەبین کە جاران لەلای ئەو منداڵەی کە ئێستا بووە بە هەرزەکار نەبووە لەوانە (بەڕای من، بە بۆچوونی من، من وای بۆ دەچم، من قەناعەتم وایە، من رازی نابم، ئەی ئێمە چین، بۆ ئێمە ئینسان نین، ...تاد) کە سەرجەم ئەو راو بۆچوونانە ئاماژەن بۆ دروست بوونی ناسنامەو دەرکەوتنی دیاردەی سەربەخۆیی و پشت بەستن بەخود.

ئێمەی دایك و باوك و مامۆستاو کەسانی گەورەی چواردەوری هەرزەکار، ئەگەر بمانەوێت هەرزەکارەکەمان بەشێوەیەکی راست و دروست قۆناغی هەرزەکاری ببڕێت و بچێتە قۆناغی کاملییەوە، ئەوا دەبێت رێزی ئەو راو بۆچوونانەی هەرزەکار بگرین و ئەنرخیان

کەم نەکەینەوەو سوکایەتیان پێ نەکەین، چونکە شکاندنەوەی هەرزەکارو تەریق کردنەوەی گیانی سەربەخۆیی و هەست کردن بە خودو بوون دەمرێنێت.

بەلام بە داخەوە زۆر لە دایکان و باوکان و مامۆستایان بەردەوام لە نرخی هەرزەکار کەم دەکەنەوەو هەر بە چاوی مندالی سەیریان دەکەن و هەلس و کەوتیان بە پێی گۆرانکاری و قۆناغەکانی ژیانی مندالەکانیان ناگۆرن و هەندێک راو بۆچوون و مامەلەی تایبەتیان هەیە و بەردەوام لەگەلْ مندالْ و دواتریش کە دەچێتە قۆناغی هەرزەکارییەوە بەکاریان دەهێنن، کە بێگومان ئەمەش هەلەیەو زیانی گەورە بە کەسایەتی هەرزەکار دەگەیەنێت.

لەبەرئەوە زۆر گرنگە کە دایکان و باوکان و مامۆستایان و کەسانی تری چواردەوری هەرزەکار، رەچاوی ئەو گۆرانکارییانە بکەن کە لە قۆناغی هەرزەکاریدا روودەدات و دەبێت هەلس و کەوت و مامەلەیان بگۆرن، چونکە هەرزەکارەکەیان مندالەکەی جاران نەماوەو بە زۆر شت رازی نابێت لەوانەی کە لە قۆناغی مندالیدا پێی رازی بوو، ئیتر نابێت گەورەکان بەردەوام ئەو قسە سواوەی جاران بەکاربهێنن کە گەورەکان بۆ دەم کوت کردن و سووکایەتی پێکردنی گچکەکان بەکاریان دەهێنا، زۆرجار ئەگەر هەرزەکار قسەیەکی بکردایە، یەکسەر پێیان دەگوت (تۆ چی، تۆ سەلکی سیری، قنچکی پیازی، تۆچی تا راو بۆچوونت هەبێت، تۆ بۆنی شیری خاو لە دەمت دێت!) کە بە داخەوە بەو مامەلە هەلەیە گیانی سەربەخۆیی و بروا بەخۆبوون لە دلْ و دەروونی ئەو هەرزەکارە تازە پێگەیشتوەدا دەمرن.

نابێت دایکان و باوکان ئەوەیان لە بیربچێت کە کورە هەرزەکارەکەیان (١٠٠٠) هەزار ئەوەندەی سەلکە سیر و قنچکە پیاز دەبێت و خاوەنی زۆر بەهرەو تواناو لێهاتوویەو هەر ئەوانن دەبن بە پیاوو لێپرسراوو پزیشک و مامۆستاو پیاوو ئافرەتی دوا رۆژ، لەبەرئەوە سووکایەتی پێ کردنیان تاوانێکە دەرهەق بە رۆلەکانیان دەکرێت و بەرەو لاوازی و دەروون نەخۆشیان دەبات و زەرەرو زیانێکی گەورە بە کەسایەتی و باری دەروونیان دەگەیەنێت و زۆر بەهرەو توانای ئەم گەل و نەتەوەیە زیندە بەچالْ دەکات.

گەشەکردنی عەقڵی لە قۆناغی هەرزەکاری

خۆگونجاندن و خودی مرۆڤ

مێردمنداڵان و لاساری

پەروەردەی سێکسی

پیشەو کار لە قۆناغی هەرزەکاری

سایکۆلۆژیای لاوان

سەرچاوەی گرێ دەروونیەکانمان

(خووگرتن) فێ لێهاتن

گەشەکردنی عەقلی و زانیاری لە قۆناغی هەرزەکاری

لە قۆناغی هەرزەکاری وەك هەموو توانست و لایەنەکانی تر، توانستە عەقلی و ژیرییەکانی هەرزەکار گەشە دەکەن، لەم قۆناغەدا گەشە کردنی زیرەکی کەم دەبێتەوەو هەمان خێرایی قۆناغی منداڵی نامێنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە گەشەکردنی توانستە عەقلی و ژیرییە تایبەتیەکان (القدرات الخاصة) زیاتر گەشەدەکەن و بەئاشکرا لە هەڵس و کەوت و بیرکردنەوەی هەرزەکاردا ڕەنگ دەدەنەوە.

هەر لەبەر ئەوەشە کە بابەتەکانی (جەبر و ئەندازەو فیزیاوو، کیمیا.... تاد) بۆ قۆناغی هەرزەکاری دوا دەخرێت و لە قوتابخانەی سەرەتایی ناخوێندرێن، بەڵکو لە ناوەندییەوە دەست بە خوێندنیان دەکرێت، چونکە توانستە عەقلیە تایبەتیەکانی وەك (توانستی بیرکاری و ژمارەیی(القدرة العددية)، توانستی شوێنی (القدرة المكانية) توانستی میکانیکی، توانستی مۆسیقی ..... تاد) بەزۆری لە قۆناغی هەرزەکاری گەشەدەکەن و کاریگەرییان لە سەر حەزوو ئارەزوو بیرکردنەوەی هەرزەکار دەردەکەوێت (توێژینەوەکانی سیگل، segal و دیامۆند، Deamond ئەوەیان سەلماند کە بەزۆری زیرەکی لە قۆناغی منداڵی گەشە دەکات، بەڵام توانستە عەقلیە تایبەتیەکان لە قۆناغی هەرزەکاری گەشە دەکەن) (معوض، ١٩٨٣، ص٣٠١).

گەشەکردنی عەقلی و زانیاری لە قۆناغی هەرزەکاری بەرەو جیاکاری و تایبەتمەندێتی دەچێت، واتە لە قۆناغی هەرزەکاری توانستە عەقلیە جیاجیاکان (زمانی، ژمارەیی، میکانیکی، هونەری، جێگایی ...... تاد) سەر هەڵدەدەن و بە تەواوی گەشە دەکەن.

ئەم توانستە عەقلیە جیاجیایانە دەبن بە هاندەرو یارمەتیدەر بۆ ئەوەی هەرزەکار توانای خۆسازاندنی لەگەڵ ژینگە ئاڵۆزو گۆڕاوەکانی ژیاندا هەبێت. گەشەکردنی عەقلی و ژیری هەرزەکار خۆیان لەم توانست و حەزوو ئارەزووانەی خوارەوەدا دەبیننەوە:-

١. وریایی (الانتباه)،(Attention):-

لە قۆناغی هەرزەکاری چاوتێبڕین و بە ئاگایی و وریایی هەرزەکار، زیاترو بەر فراوانتر دەبێت. واتە هەرزەکار زیاتر لە منداڵ دەتوانێت وریاو ئاگاداری قسەی مامۆستا و دایك و باوك و کەسانی تر ببێت و بۆ ماوەیەکی زۆرتر ئاگاداری وروژێنەرو ڕووداوەکان ببێت، هەروەها دەتوانێت وریای وردەکاری و گۆڕانکاریەکانی چواردەورەکەی ببێت .

٢. زانین (الادراك)،(Perception):-

زانین و تێگەیشتنی هەرزەکار باشتر و بەرفراوانتر دەبێت. منداڵ زیاتر لە مانای شتە هەست پێکراوەکان (المحسوسات) تێدەگات، بەلام هەرزەکار دەتوانێت لەمانای شتە ناهەست پێکراو ڕووت و مانا دارەکانیش (المعنوية) تێبگات سەرەڕای ئەوەش بە قوڵی دەچێتە ناو بابەتەکان و تاوتوێی زۆربەی کونج و قوژبنەکانی دەکات و لە منداڵ زۆر زیاتر گرنگی بە ڕابردوو داهاتووی نزیك و دوور دەدات، لە کاتێکدا منداڵ زیاتر گرنگی بە ئێستا دەدات. بەم شێوەیە زانین و تێگەیشتنی مرۆڤ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو زیاد بوون دەچێت و زیاتر جێگیر دەبن و سەرتا پای ئێستاو داهاتوو ڕابردووش دەگرنەوە .

{یەکێك لە توێژینەوەکانی (کیمینز، kimmins) کە دەربارەی زانین و تێگەیشتنی منداڵ و هەرزەکارە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زانین و تێگەیشتنی منداڵ دەربارەی بۆردومان کردنی ئاسمانی و شەڕ و کوشتار پەیوەستە بە زانینی ڕاستەوخۆی کاولکاری و رووخاندن و سوتاندن و لەناوبردنی شتە هەست پێکراوەکان، بەلام زانین و تێگەیشتنی

هەرزەکار بۆ ئەو شەڕو بۆردوومانکردنە زۆر زۆر زیاترو قووڵترە، لەبەر ئەوەی هەرزەکار تەنها هەست بەو کاولکاری و تێکدانە هەست پێکراوانە ناکات، بەڵکو هەست بەو نەهامەتی و کارەسات وناخۆشیانەش دەکات کە لە داهاتوودا ئەو شەڕو کوشتارە بەسەر ئەو وڵاتەو سەرجەم مرۆڤایەتیدا دەیهێنن، واتە بیر لە داهاتوو مەترسیەکانی شەڕو کوشتاریش دەکاتەوە} . (هرمزو أبراهيم، ١٩٨٨، ص٨١) (السيد، ١٩٧٤، ص٢٨٥).

٢. یادکردنەوە (التذكر، Memory):-

هاوشان لە تەك زیادبوونی توانای وریایی و زانین، توانستی یادکردنەوەش بەرەو زیاد بوون و گەشەکردن دەچێت. یادکردنەوەی هەرزەکار زیاتر پشت بە تێگەیشتن دەبەستێت نەك ئەزبەرکردن (درخ)و فێربوونی ئالی و بێ مانای سەردەمی منداڵی، چونکە هەرزەکار هەوڵدەدات کە لەمانای شتەکان بگات و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە و بەدوای دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دیاردە و پارچەکاندا دەگەڕێت. واتە لە توانای هەرزەکاردا هەیە شتە واتادارو ڕوونکراوەکان (مجرد) لە کۆئەندامی یادکردنەوەیدا عەمبار بکات و دواتریش بە پێی پێویست لە کات و شوێنی دیاریکراودا یادیان بکاتەوە.

بەڵام منداڵ توانای عەمبارکردن و یادکردنەوەی شتە واتادارو مەعنەوی و ڕوونکراوەکانی زۆر کەمترە، گومانی تێدانیە کە زۆر فاکتەر هەن و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی یادکردنەوە هەیە. بۆ نموونە هەرزەکار خێراتر ئەو شت و ڕووداوانە عەمبار دەکات و لەکاتی خۆشیدا یادیان دەکات و بە ئاسانی بەبیری دێتەوە، کە حەزیان لێدەکات و لەگەڵ ئارەزووەکانیاندا دەگونجێت. بەپێچەوانەشەوە زۆر بە زەحمەت لەو شتانەی کە ڕقی لێیەتی و حەزیان لێناکات، تێدەگات و بە زەحمەتیش دێتەوە یادی. هەروەها هەڵچووەکانیش (تووڕەبوون، خەم و خەفەت، دڵەڕاوکێ، ترس ...... تاد). زیان بە پرۆسەی یادکردنەوە دەگەیەنن.

خەیالکردن (التخیل)، (Imagination):-

خەیالکردن لە قۆناغی هەرزەکاری زۆر بەرفراوان دەبێت و بە زۆریش پشت بە زمان و ووشە دەبەستێت و تایبەت دەبێت بە ڕووداو و شتە مەعنەوی و ڕووتکراوەکان (مجرد) نەك هەست پێکراوەکان، هەر ئەو توانایەشە کە یارمەتی تێگەیشتنی بابەتەکانی (ئەندازە، ماتماتیك، پرانسیپەکان، هێماکان ...... تاد)ی دەدات .

بێگومان پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان بیرکردنەوەوخەیالکردندا هەیە، چەند بیرکردنەوەو تێگەیشتنی هەرزەکار بەرفراوان بێت، ئەوەندەش پرۆسەی خەیالکردنی بەرفراوان و دەوڵەمەندتر دەبێت، گومانی تێدا نییە کە خەیالی هەرزەکار زۆر دەوڵەمەندە و پڕە لە سۆزو عاتیفە و هەڵچوون و لێکدانەوەی وردو جوانکاری و بە قوڵیش دەچێتە ناو بابەتەکانەوە، بە پێچەوانەی منداڵ کە خەوو خەیاڵەکانی زیاتر ڕواڵەت و ڕووکەش و پەیوەستن بەحەزو ئارەزووە هەست پێکراوەکانی.

زۆر جار هەرزەکار خەوو خەیاڵەکانی لە ڕێگەی نووسینی ئەدەبی و چالاکییە هونەری و زانستیەکانەوە تێر دەکات، کەلە سەرجەم ئەو نووسین و چالاکیانەدا مۆرکی جوانی ودەست ڕەنگینی و دەوڵەمەندی هەرزەکار بەدی دەکرێت کە بەتەواوی لە قۆناغی منداڵی جیا دەکاتەوە .

ئارەزوو (المیل)، (Interest):-

حەزووئارەزووی هەرزەکار لە زۆر لایەنەوە جیاوازە لە حەزوو ئارەزووی منداڵ. لەبەر ئەوەی ئارەزووی منداڵ زیاتر پەیوەستە بە شتە هەست پێکراوەکان و جیهانی منداڵی، بەلام ئارەزووی هەرزەکار پەیوەستە بەشتە هەست پێکراوو زیاتریش مەعنەوی و ڕووتکراوەکان (مجرد) و گرفت وکێشەکانی هەرزەکار. لەلایەکی تروە جیاوازی لە نێوان ئارەزووی (کچان و کوڕان) (زیرەك و تەمەڵ و بیرکوڵ) (هەرزەکاری شارو لادێ) هەیە.

ئەوەی زیاتر حەزوو ئارەزووەكانی هەرزەكار دیاری دەكات، توانستە عەقلییە ئایەتیەكانیەتی، واتە ئەو هەرزەكارانەی خاوەنی توانستی عەقلی هونەرین زیاتر حەز بە كارو چالاكیە هونەریەكان دەكەن، بەلام ئەو هەرزەكارانەی كە خاوەنی توانستی عەقلی میكانیكین، زیاتر حەز بە ئیش و كاری میكانیكی دەكەن. لەسەرەتای هەرزەكاری، هەرزەكار زیاتر حەز بە چالاكی و یاری وەرزشی دەكات بەلام دواتر بەرفراوانتر دەبێت و بوارەكانی تری هونەری و ئەدەبی و زانستیش دەگرێتەوە .

دوای ئەوەی توانستە عەقلیەكانی هەرزەكار گەشە دەكەن، هەرزەكار گرنگی بە كێشە و گرفتە كۆمەلایەتی و سیاسی و ئاینیەكانیش دەدات و بەردەوام خولیای لێك دانەوەو تێگەیشتنیان دەبێت. هەر ئەوەشە وای لێدەكات كە بەئاسانی ئامۆژگاری و رێنماییەكانی گەورەكان وەك منداڵ وەرنەگرێت و بكەوێتە گفت و گۆ و لێك دانەوەو هەڵسەنگاندنیان یان رەتكردنەوەیان كە ئەمەش زۆر جار گێروگرفتی لەگەڵ گەورەكان بۆ دروست دەكات، بەتایبەتیش لەگەڵ ئەو گەورانەی كە هەر بەچاوی منداڵی سەیری هەرزەكارەكار دەكەن .

ئینجا بۆ ئەوەی سوود لە بەهرەو توانا و حەزوو ئارەزوەكانی هەرزەكار وەربگیرێت ئەوا پێویستە بەردەوام دایك و باوك و مامۆستا و تاكەكانی تری كۆمەڵ لە هەوڵی دۆزینەوەی حەزوو ئارەزووەكانی هەرزەكاردابن و دواتریش ژینگەی لەبارو گونجاو بۆ گەشەكردنیان بڕەخسێنن. لەبەر ئەوەی قۆناغی سەرهەڵدان و گەشەكردنی حەزوو ئارەزووە جیاجیاكانی مرۆڤە، هەر لەبەر ئەوەشە كە لە قۆناغی هەرزەكاری جۆرەها بواری خوێندن و بەشی جیاجیا سەر هەڵدەدەن لەوانە (وێژەیی، زانستی، هونەرەجوانەكان، كشت وكاڵ، پیشەسازی،بازرگانی، مامۆستایان، ...... تاد) بۆ ئەوەی هەر هەرزەكارە بە پێ ی تواناو حەزوو ئارەزووی خۆی یەكێك لەو بوارانەی سەرەوە هەڵبژێرێ .

بەلام نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت كە هەرزەكار بەتەنها ناتوانێت بواری خوێندن و كاركردنی گونجاو بۆ خۆی هەڵبژێرێت. لەبەر ئەوەی شارەزایی كەمەو توانای ناسینەوەو

دۆزینەوەی توانا و حەزوو ئارەزووەکانی خۆی نییە، بۆیە زۆر زۆر پێویستە کە لەم قۆناغەدا دایك و باوك و مامۆستا ڕۆڵی گرنگیان هەبێت و ڕێنمایی و ئامۆژگاری پێویستی هەرزەکار بکەن، بۆ ئەوەی بە هەموو لایەك بوارو جۆری خوێندنی گونجاو (کە لەگەڵ حەزوو ئارەزوو تواناکانی هەرزەکار دەگونجێت) بدۆزرێتەوە.

بیرکردنەوە (التفكير)، (Thinking):-

لە قۆناغی هەرزەکاریدا گۆڕانکاری زۆر لە بیرکردنەوەدا ڕوو دەدات، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە جۆری بیرکردنەوەی هەرزەکار لە جۆری هەست پێنەکراوەکان بۆ جۆری مەعنەوی ڕووتکراو (مجرد) دەگۆڕدرێت، واتە هەرزەکار لەمانای شتە هەست پێنەکراوەکانی وەك (یاسا و پرانسیپەکانی فیزیاو ماتماتیك، هێماکان ...... تاد) تێدەگات ولە توانایدا هەیە لە جیاتی وێنە عەقلیە هەست پێکراوەکان وێنە عەقلیە هێمادارو مەعنەویەکان لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا بەکار بهێنێ هەر ئەو توانایەشە کەوای لێدەکات گریمان دابنێت و هەموو لایەنەکانی گیروگرفتەکان بەیەکتر بەراورد بکات و دواجاریش بگاتە چارەسەری گونجاوی کێشەکان.

هەروەها لەم قۆناغەدا توانای ئەوەی دەبێت کەلەمانای (یەکسانی، ئازایەتی، دیموکراسی، دادوەری، هاوڕێیەتی، بەهاو هێما ئاینییەکان ... تاد) تێبگات کە لە توانای منداڵدا نییە لەو شتانە تێبگات.

لە قۆناغی هەرزەکاری جۆرە سەربەستی و نەرمی و ئاسانکارییەك (مرونة) لە جۆری بیرکردنەوەدا هەیە، واتە دەتوانێت بیر لە زۆر دیاردە و گیروگرفت بکاتەوەو سنووری کات و شوێن ببەزێنێ و لەشتی هەست پێکراوو جیهانی واقعی دوور بکەوێتەوەو لە جیهانی خەیاڵی ودرەوەی واقیعدا گوزەر بکات. سەرەڕای ئەوەش بەشێوەیەکی مەنتیقی خەیاڵ و واقیع تێکەڵ بکات و گریمانی مەنتیقی و هەنگاوی زانستی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دابنێت.

لەبەر ئەوە زۆر پێویستە کە مامۆستایان هەرزەکاران فێری بیرکردنەوەی زانستی بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕێگەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەدیەوە گیروگرفتەکانی ژیان چارەسەر بکەن، کەواتە زۆر هەڵەیەو نابێت مامۆستایان لەم قۆناغەدا پەنا بۆ وانەگوتنەوەی زارەکی و نالی ببەن و تەنها خۆیان تەوەرەی سەرەکی چالاکی و قسەکردن بن. بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی گفت وگۆ و دروست کردنی گیروگرفت و چالاکی دەستی و پراکتیك. قوتابی بکرێت بە تەوەرو چەقی چالاکیەکانی ناو قوتابخانە. بۆ ئەوەی بە ماندوو بوون و چالاکی خۆی (نەك مامۆستا) زانست و شارەزایی دەست بکەوێت و بگاتە چارەسەر کردنی گرفتەکان .

٧. گەشەکردنی توانستە عەقلیە تایبەتی و گروپیەکان (القدرات الطائفية و الخاصة):-

زۆربەی زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە لەتەك زیرەکیدا کە توانستیکی عەقلی گشتیە، چەند توانستیکی (تایبەتی) سەربەخۆ یان لەگەڵ یەکتریدا (وەك گروپی تایبەتی) هەن وبە ئاشکرا لە قۆناغی هەرزەکاری سەر هەڵدەدەن کە گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن

(١) توانستی زمانی (القدرة اللفظية):-

کە بەئاشکرا لەلای هەندێك کەس دەردەکەون و توانای تێگەیشتن و بەکارهێنان و دەربرینی زمانی و قسەکردن و نووسینیان هەیە. بۆ نموونە لە نووسین و تێگەیشتنی زمان و بەکارهێنانی ووشەکان و زانینی ماناکانیان و دژە ماناکانیان و پێك هێنانی ڕستە و شیتەڵکردنەوەیاندا زۆر سەرکەوتوون و لە کەسانی تر بەتواناترن .

(٢) توانستی جێگایی (القدرة المكانية):-

ئەم توانایەش بریتیە لە تێگەیشتنی شێوە ئەندازەییەکان و پەیوەندی نێوانیان و زانینی خاڵە لێک چوو جیاوازەکانی نێوان شێوەکان، سەرەڕای زانین و پێش بینی کردنی ئاراستەی سووڕاندنەوەو جوڵاندنەوەی شێوە ئەندازەیی و ئامێرەکان. کە ئەم توانایەش لەلای هەندێک هەرزەکار زۆر بەهێزە، لەکاتێکدا لە لای هەرزەکارانی تر لاوازە .

(٣) توانستی ژمارەیی (القدرة العددية):-

ئەم توانایەش لەلای ئەو کەسانە بەهێزە کە بەئاسانی چالاکیەکانی (کۆکردنەوە، لێدەرکردن، دابەش کردن، لێکدان، بیرکاری) بە ئاکام دەگەیەنن و لە کەسانی تر سەرکەوتووترن .

(٤) توانای یادکردنەوەی راستەوخۆ (قدرة التذكر المباشر):-

ئەم توانەیەش مانای ئەوەیە کە هەندێک کەس توانای خێرای یادکردنەوەی ژمارەو ناوو ووشەو ڕووداویان بە شێوەیەکی راستەوخۆ هەیە و زۆربە خێرایی بیریان دەکەوێتەوە .

(٥) توانای چنینەوەی بەرەو لووتکە (القدرة الاستقرائية):-

ئەم جۆرە توانستە مانای گەیشتن بە لوتکەو دۆزینەوەی یاسا و بنەما سەرەکیەکانە ئەویش لە ڕێگەی بەشە جیاجیاکانی دیاردەکەو دەست پێکردن بەتاوو توێکردنی هەموو کونج و قوژبنێکی دیاردەکە تا دەگەین بە چارەسەری گرفتەکەو دۆزینەوەی یاساو بنەما سەرەکیەکانی، بۆ نموونە کاتێک تاوانێک دەکرێت و دادوەرو کەسانی پسپۆر زانیاری هەمە جۆر لەم لاو لەو لا کۆ دەکەنەوەو دواجاریش دەگەنە دۆزینەوەی تاوانبار، ئەم جۆرە

بیرکردنەوەو گەڕانە پێ ی دەڵێن توانای چنینەوەی بەرەو لوتکە (القدرة الاسقرائیة) واتە لە کەمەوە بۆ زۆر یان لە بەشی بچووکەوە بۆ هەموو (کۆ) (الکل). کە ئەمەش جۆرێکە لە بیرکردنەوەو گەڕان بەدوای چارەسەرکردنی گرفتەکاندا {(٢،٤،٦،٨،...)، (٥،٢،١،...)، (٢٠،٢٥،٢٠،١٥،١٠،٥، ١٥،...) } .

(٦) توانای هەڵێنجاندن و دابەزین بەرەو بەشە جیاجیاکان (القدرة الاستنباطیة):-

ئەم جۆرە توانستە عەقڵیە پێچەوانەی جۆری بەرەو لوتکەیە، واتە ئەم جۆرە توانا عەقڵیە مانای ئەوەیە کە لە لووتکەو یاسا و سەرچاوەو بنەما سەرەکیەکەوە بەرەو خوار بۆ لای بەشە جیاجیاکان شۆڕ دەبێتەوە (من الکل الی الجزء). کەواتە لەم جۆرە بیرکردنەوەدا یاسا و بنەما سەرەکیەکە هەیە، بەڵام لەوێوە دەردەچێت و دەگاتە بەشە بچووک بچووک و هۆکارو فاکتەرە جیاجیاکانی ئەو یاسایە. بۆ نموونە کاتێک دەڵێین:-

(أ) هەموو مرۆڤێک دەمرێت (بنەما)

(ب) پاشاش مرۆڤە (بەش)

(ج) کەواتە پاشاش دەمرێت

یان کاتێک دەڵێین :-

(أ) هەموو کانزاکان بە گەرما دەکشێن (بنەما، بناغە)

(ب) ئاسن کانزایە (بەش)

(ج) کەواتە ئاسنیش بە گەرما دەکشێت.

ئەم شێوازەی بیرکردنەوەو گەیشتن بە ئاکام و چارەسەرکردنە، جۆرە توانستێکی عەقڵیەکە لەلای هەندێک کەس زۆر بەهێزە، بەڵام لەلای هەندێک کەسی ترمام ناوەندی یان لاوازە .

٧. توانستی زانینی خێرای شتەكان (السرعة الادراكية):-

ئەم جۆرە توانستە وا لەخاوەنەكەی دەكات كە بەخێرایی و بە ئاسانی شتەكان بناسێتەوە و بیان زانێت (السيد، ١٩٧٤، ص ٢٩٠-٢٩١). ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبكرێت، ئەوەیە كە ئەو توانستە عەقڵیانەی سەرەوە بە زۆری لە قۆناغی هەرزەكاری گەشە دەكەن، چونكە لە قۆناغی منداڵی هێشتا ئەو توانستە عەقڵیانە پێنەگەیشتوون، بەڵكو لە جیاتی ئەوانە زیرەكی وەك توانستێكی عەقڵی گشتی (القدرة العقلية العامة) لەگەشەكردن دایە و رۆڵی سەرەكی لە فێربوون و زانین و یادكردنەوەی منداڵدا هەیە .

نووسینی یادگاریەكان لە قۆناغی هەرزەكاری زۆر بە زەقی سەرهەڵدەدات كە ئەمەش بەڵگەیەكی ترە لەسەر گەشەكردنی عەقڵی و كۆمەلایەتی هەرزەكار، چونكە پێگەیشتنی توانا عەقڵییەكان لە قۆناغی هەرزەكاری دەبن بە پاڵنەر بۆ ئەوەی هەرزەكار دیاردەكانی ژیان تاووتوێ بكات و رای خۆی دەربارەیان بڵێ، ئەمەش دەبێتە هۆی رەخنە گرتن و گلەیی و گازاندە كردن لە كۆمەڵ و خێزان و دیاردە كۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوورییەكان. لەلایەكی تریشەوە ئەو گلەیی و رەخنانە دەبن بە دەروازەیەك بۆ بەتاڵ كردنەوەی خەم و خەفەت و دڵە راوكێ و هەڵچوونەكانی.

چەند راسپاردەو پێشنیارێك بۆ دایكان و باوكان و مامۆستایان:-

وەك لە ناوەرۆكی باسەكەدا ئاماژەمان بۆ كرد، قۆناغی هەرزەكاری، قۆناغی سەرهەڵدان و گەشەكردنی توانستە عەقڵیە تایبەتی و مەعنەوی و رووتكراوەكانە (مجرد). لەبەر ئەوە زۆر پێویستە كە خێزان و قوتابخانە و كۆمەڵ ژینگەی پڕ وروژێنەرو گونجاو بۆ پەرەپێدان و گەشەكردنی ئەو توانستە عەقڵیانە، دابین بكەن.

ئینجا بۆ زیاتر گرنگی دان بەم قۆناغە ئەم پێشنیازو ڕاسپاردانەی لای خوارەوە دەخەینە بەر دیدو دەستی دایکان و باوکان و مامۆستایان :-

١ -زۆر گرنگە ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی (الفروق الفردیة) بکرێت، لەبەر ئەوەی هەرکەسەو تایبەتمەندی خۆی هەیەو خاوەنی چەند توانستێکی عەقلیە، کە هەندێکیان زۆر بەهێزە، بەڵام لەوانەیە لە ئەوانی تر مام ناوەندی یان لاواز بێت. کەواتە زۆر پێویستە کە ئێمە جەخت لەسەر خاڵە بەهێزو توانستە دەرکەوتووەکانی بکەین. دەرکەوتووە تا ژینگەی خێزانی و قوتابخانەی هەرزەکار دەوڵەمەندو ڕۆشنبیرو پڕ لە ڕووداو و وروژێنەر بێت، ئەوەندە زیاتر توانستە عەقلیەکانی گەشە دەکەن .

دەرئەنجامی توێژینەوەکانی (فیرنون، Vernon) (١٩٦٦) ئەوەی سەلماند کە زیانی گەورە لە گەشەکردنی عەقڵی ئەو هەرزەکارانە دەکەوێت کە لە تەمەنی (١٢) ساڵان و کۆتایی قۆناغی سەرەتایی واز لە خوێندن دەهێنن، لەبەر ئەوەی هێشتا بە تەواوی توانستە عەقلیەکانیان گەشەیان نەکردووە و بواری باشیان لە بەردەمدا ماوە بۆ گەشەکردنیان. بەڵام کاتێک واز لە خوێندن دەهێنن ئەوا ڕێژەی زیرەکیان کەمتر دەبێت لە ڕێژەی زیرەکی هاوەڵ و براو کەس و کاریان کە دەخوێنن و لەسەر خوێندن بەردەوام دەبن (زهران، ١٩٨١، ص ٣١٧).

کە بەمەش ڕێژەیەکی زۆر لە توانای عەقلی هەرزەکارەکانمان بە فیڕۆ دەڕوات و دواجاریش بە زیانی کۆمەڵەکەمان تەواو دەبێت .لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە ژینگەی گونجاوو پێویست لە ناو خێزان و قوتابخانە بۆ منداڵ و هەرزەکارەکانمان دابین بکەین بۆ ئەوەی واز لە خوێندن نەهێنن و لەو تەمەنە ناسکەدا نەکەونە سەر جادەو کۆڵان و ناو بازاڕەکان، سەرەڕای ئەوەش هەوڵبدرێت ژمارەیەک لەو منداڵانەی کە کەوتوونەتە سەر جادەو کۆڵانەکان و وازیان لە خوێندن هێناوە بگەڕێنرێنەوە بۆ قوتابخانە.

ڕێژەی زیرەکییەکانیان بەرز بکرێتەوەو بواری گونجاویش بۆ گەشەکردنی عەقلیان بڕەخسێندرێت .

٢- زۆر گرنگە ڕابەرە پەروەردەییەکان (المرشد التربوی) ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و یارمەتی قوتابی هەرزەکار بدەن بۆ ئەوەی بواری خوێندن و کارکردنی گونجاو بۆ خۆی هەڵبژێرێ بەمەرجێك لەگەڵ توانستە عەقلیەکانیدا چون یەك بێت .

٣- پێویستە لەم قۆناغەدا زیاتر گرنگی بە چالاکی هەرزەکار بدرێت و لەسەر خوێندنەوەو چالاکی دەرەکی و تاقیکردنەوەو تاووتوێ کردنی دیاردەکانی ژیان و بیرکردنەوەی زانستی و خۆ فێرکردن هان بندرێت .

٤- زۆر گرنگە بنکە و سەنتەری چاودێری زانستی و چالاکی هەمەرەنگ بۆ هەرزەکاران بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیانەوە دوای دەوامی قوتابخانەیان پەرە بە توانستە عەقلیە جیاجیاکانیان بدەن و حەزوو ئارەزووەکانیان تێر بکەن .

٥- هۆبە و دامەزراوو قوتابخانەی تایبەتی بۆ هەرزەکارە زۆر زیرەك و بلیمەت و بەهرەمەندەکان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی وەك هەموو وولآتانی جیهان سوود لە بەهرەو توانا عەقلیە لە ڕادە بەدەرەکانیان وەربگرێت .

٦- بەردەوام دەرنەچوونی ژمارەیەك هەرزەکار یان لاوازییان لە بابەتێك یان چەند وانە و بابەتێکی کەم، مانای ئەوە نییە کە ئەو جۆرە هەرزەکارانە توانای عەقلی و زیرەکیان زۆر کەمە، بەڵکو ئەوە مانای ئەوەیە کە ئەو جۆرە هەرزەکارانە لە هەندێك توانستی عەقلی تایبەتدا (نەك گشتی) لاوازن، بۆ نموونە (توانستی هونەری یان میکانیکی یان ژمارەیی)، چونکە ئەو جۆرە وانانە پشت بەو توانستە عەقلیانە دەبەستن. ئینجا بۆ چارەسەر کردنی ئەو حاڵەتانە پێویستە ڕێنمایی ئەو جۆرە قوتابیانە بکرێت کە ئەو جۆرە خوێندن و بوارانە هەڵبژێرین کە لە گەڵ توانستە عەقلیەکانیاندا دەگونجێت، یان زیاتر لەو جۆرە بابەت و وانانەدا خۆیان ماندوو بکەن و بەشداری خولی بەهێزکردن بکەن.

سایکۆلۆژیای خۆگونجاندن و خودی مرۆڤ

خۆ گونجاندن یەکێکە لەو چەمکانەی کە لە زیندەوەرزانینەوە (بایۆلۆژیا) وەرگیراوە، بەتایبەتیش لە تیۆرەکەی داروین، ناوەڕۆکی ئەم چەمکە پەیوەستە بە خۆگونجاندنی بوونەوەر، لە تەك ئەو ژینگەو دەوروبەرەی کە تیایدا دەژی. واتە پرۆسەیەکە کە بونەوەر بەشێوەیەکی گشتی (بە ویستی خۆی بێت یان بەشێوەیەکی خۆڕسك و رەمەکی - غریزی -) هەوڵی خۆسازاندن و خۆ گونجاندنیەتی تاوەکو لەناو نەچێت و لە ژیاندا بمێنێتەوە، وەك چۆن داروین لێکی دەداتەوە، ململانێیەکە لە پێناوی مانەوەو نەفەوتان. هەمووشمان باش دەزانین کە مرۆڤ بەتایبەتی، بوونەوەرەکانی تر بەگشتی زۆر میکانیزم و پرۆسەی لەو جۆرەیان هەیە. بۆ نموونە کاتێك هاوین دێت و گەرما هێرشمان بۆ دەهێنێت یەکسەر جەستەمان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەست بە دەرهاویشتنی عارەق دەکات بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ ئەو گەرمایە بگونجێنێ، ئەگەر ئەو پرۆسەیە نەیتوانی کارەکە مەیسەر بکات، ئەو کاتە مرۆڤ جل و بەرگەکانی کەم دەکاتەوە، ئەگەر ئەوەش چارەسەری گرفتەکەی نەکرد، ئەوا پەنا (بۆ خواردنەوەی ئاوی سارد و ساردەمەنی یان گەڕان بەدوای شوێنی سێبەرو فێنکدا) دەبەین. سەرجەم ئەو هەوڵدانانە بە پرۆسەی خۆگونجاندن لە قەڵەم دەدرێت.

بەڵام ژیان ئەوەندە سادەو ساکار نییە کە بەو رەفتارو هەڵس و کەوتانە لەگەڵ خۆمانی بگونجێنین، بەڵکو کێشەو ململانێکان ئەوەندە زۆرن کە هەندێك جار مرۆڤ ناتوانێت خۆی لەگەڵیان بگونجێنێ یان کەرەستەو میکانیزمی خۆگونجاندنی تەواوی لەبەر دەستدا نییە، بۆیە لە ناکامدا رووبەرووی زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەبێتەوە.

لەبەر ئەوە دەروونزانەکان چەمکی خۆگونجاندنیا(التکیف)(Adjustment) لە زیندەوەرزانییەوە وەرگرت و لە بواری دەروونزانیدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاریان هێنا، بەمەبەستی دیاریکردنی خۆگونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەو دەوربەرەکەی بە هەموو

جۆرەکانییەوە (ژینگەی جوگرافی، ژینگەی مێژوویی، ژینگەی کۆمەڵایەتی، ژینگەی دەروونی). واتە مرۆڤ چۆن خۆی لەگەڵ ژینگەی سروشتی (ئاوو هەواو شاخ و گەرماو سەرماو بیابان و ....، هتد) دەگونجێنێت بەهەمان شێوەش خۆی لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەسازێنێ.

بێگومان جۆری خۆگونجاندنەکان و پێداویستی و برەکەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕێ، بۆ نموونە کاتێک منداڵ لە قۆناغی شیرەخۆریدا دەبێت شێوەی خۆگونجاندنەکەی جیاوازە لە یەکێکی تر کە لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە دەبێت، هەروەها داواکاری و پێداویستیەکانی قۆناغی هەرزەکاری وەك داواکاری و پێداویستیەکانی قۆناغی لاوێتی یان کامڵی نییە. ئەمەش بێگومان بۆ سروشتی قۆناغەکەو کێشەو پێداویستیەکانی لەلایەك و تواناو لێهاتوویی مرۆڤ لەو قۆناغەدا لایەکی تر دەگەڕێتەوە. واتە داوا لە منداڵ ناکرێت و کێشەی ئەو نییە کە خۆی لەگەڵ ژینگەی کارکردن و ماڵداری و هاوسەری بسازێنێ، بەلام لەسەر هەرزەکارو لاوو مرۆڤی کامڵە کە توانای خۆگونجاندنی لەتەك ئەو داواکاری و کێشەو گیروگرفتانەدا هەبێت، بەواتایەکی تر مرۆڤ لەهەر قۆناغێکی ژیاندا (ساوایەتی، پێش چوونە قوتابخانە، قۆناغی چوونە قوتابخانە، هەرزەکارو لاوێتی، کامڵی، بەساڵاچوویی) رۆڵی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێت پێیان هەڵبستێت و خۆی لەتەکیان بگونجێنێ بۆ ئەوەی کەسێکی دەروون دروست بێت و کەسایەتیەکی سەرکەوتووی هەبێت، بەلام ئەگەر نەیتوانی خۆی لە تەکیان بسازێنێ ئەوا رووبەرووی کۆمەڵێك کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە.

شایەنی ئاماژەپێکردنە، کە خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی و دەروونی زۆر زەحمەت و گرنگترە لە خۆگونجاندنی سروشتی، لەبەر ئەوەی دیاردە سروشتیەکان بەپێی رێساو یاسای سروشتی کاردەکەن و بەئاسانی دەتواندرێت پێش بینی هاتن و روودان و چۆنیەتی خۆگونجاندنیان بکرێت (بێجگە لە چەند دیاردەیەکی سروشتی کەم نەبێت وەك بومەلەرزەو زریان و لافاوو گەردەلوول) و زۆر ئاڵۆز نین. بەلام دیاردە دەروونی و

کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان ئەوەندە زۆرو ئاڵۆزو هەمە لایەنەن کە بەئاسانی کۆنترۆڵ و پێش بینی ناکرێن و خۆگونجاندن لەگەڵیان ئاسان نییە.

چەمکی خۆگونجاندنی دەروونی زۆر مانا هەڵدەگرێت، بەلام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە (توانای بونیادنانی پەیوەندی سەرکەوتوو کاریگەر لەنێوان تاك و ژینگەکەیدا) دەگەیەنێت، واتە ئەو تواناو پرۆسە دینامیکی و زیندووەیە کە بەردەوام یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ خۆگۆڕین و خۆسازاندن لە تەك ئەو ژینگە بەرفراوانەی کە تیایدا دەژی، ئیتر ژینگەکە سروشتی بێت یان کۆمەڵایەتی یان دەروونی یان سیاسی ...هتد. ژینگە بەپێی قۆناغ و کات و شوێن دەگۆڕدرێ، بۆ نموونە مرۆڤێك لە گوندێکی بچووك بژی، وەك ئەو کەسە وانییە کە لەناو شارێکی قەرەباڵغ و گەورە بژی، چونکە ژیان لەو گوندە سادەو ساکارەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کێشەو گیروگرفتە دەروونیەکان کەم و سادەو بێ گرێ و گۆڵن، بەلام ژینگەی شار ئاڵۆزو دژوارەو کێشەو گیروگرفت و پەیوەندییەکان هەمەلایەنەن و خۆگونجاندن لە تەکیان ئاسان نییە، لەبەر ئەوە ئەو کەسەی لە ژینگەی ئاڵۆزو قەرەباڵغ و دژواردا بژی، ئەوا کێشەو گیروگرفت و فشارەکانی سەری زۆرن و هێزو گڕوتینی (دەروونی و کۆمەلایەتی) زۆری گەرەکە بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لەگەڵ ژینگەو دەوروبەرەکەی بخولقێنێ. هەر لەبەر ئەوەشە کە دیاردەو گیروگرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی و سیاسیەکان لە ژینگە قەرباڵغ و ئاڵۆزەکاندا زیاترن.

هەمووشمان باش دەزانین کە ئێستا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خزم و کەس و دراوسێ و هاورێ وەك جاران نەماوەو کەمتر گرنگی بە یەکتری دەدەن و بەدەم هاوارو داواکارییەکانی یەکتریەوە دەچن، ئەوەش بە پلەی یەکەم بۆ ئاڵۆز بوونی ژیان و زیاد بوونی پێداویستیەکان و نامۆ بوونی تاکەکان دەگەڕێتەوە، کە مرۆڤی ئەم سەردەمە زیاتر خەریکی خۆی و خێزانەکەیەتی و بەدوای چارەسەرکردنی کێشە تایبەتیەکانی خۆیدا وێڵەو کەمتر بیر لە کێشەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و گشتیەکان دەکاتەوە، هەر لەبەر ئەوەشە کە خۆگونجاندنەکەی ئاسان نییە و زۆر کێشەو گیروگرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی رووبەرووی بۆتەوە.

دەروونی مرۆڤ و حەزووئارەزووەکانی دەریایەکی بێ بنە

بە بڕوای زۆر لە فەیلەسوفان و زانایان و دەروونزانان، کێشەی سەرەکی مرۆڤ دەروونی خۆیەتی، واتە سەرچاوەی زۆری ململانێکان و کێشەکانی مرۆڤ زیادەڕۆیی و کۆنترۆڵ نەکردنی خوودە، دەروونی مرۆڤ پێکهاتەیەکی ئاڵۆزەو بەشەکانی بەردەوام لە ململانێدان و ئەگەر (منی) مرۆڤ بەهێزو پتەو نەبێت، ئەوا حەزوو ئارەزووە شەهوانیەکانی (ئەو) یان بڕیارو فەرمانەکانی (منی باڵا) زاڵ دەبن و کەسایەتی لە ڕێچکەی ئاسایی خۆی دەردەچێت، چونکە دەروونی لغاو نەکراو وەك ئەسپێکی شێی سەرەڕۆ، سوارەکەی سەر پشتی هەڵدەداتە خوارەوە یان سەر شێتانە خۆی و خاوەنەکەی دەخاتە ناو چەندەها چاڵ و شیوەوە، واتە دەستە مۆکردن و کۆنترۆڵ کردنی دەروون تەنها زامنی دروستی دەروونی و ژیانێکی ئارامە. بەڵام ئەوەی جێگەی داخە زۆربەی زۆری تاکەکانی کۆمەڵ کوێرانەو بێ بیرکردنەوەیەکی مەنتیقیانە دوای حەزوو ئارەزوو شەهواتەکانی دەروونیان کەوتوون و بە هیچ تێر ناکرێن، بۆیە بەردەوام لە بارێکی دەروونی ئاڵۆزدا دەژین و هەست بە ئارامی و دڵنیایی ناکەن.

خودی مرۆڤ:-

دەتوانین خودی مرۆڤ و گرنگیەکانی بۆ سێ سەرچاوە بگەڕێنینەوە، کە ئەو سێ سەرچاوەو فاکتەرە کاریگەرییان لەسەر بونیادو گرنگی خود هەیە. واتە مرۆڤ لەو سێ ڕەهەندو سەرچاوەوە سەیری خودی خۆی دەکات لەوانە:-

سەیرکردنی توانست ولێهاتووییەکانی خوود:-

سەیرکردن و هەڵسەنگاندنی خود لەلایەن تاك خۆیەوە گرنگی خۆی هەیە، واتە کاتێك تاك بەچاوی ڕێزو گرنگی سەیری خودی خۆی دەکات و لە توانستە عەقڵی و

هەڵچوونی و جەستەییەکانی خۆی ڕازییەو بڕوای پێیان هەیەو ئەو هەستەی لا دروست بووە کە ئەو توانای فێربوونی هەیەو کەسێکی لێزان و لێهاتووە، ئا لەم حاڵەتەدا لە بارێکی دەروونی ئاساییدا دەژی و لە زۆر کێشەو گرفتی دەروونی دوور دەکەوێتەوە و خۆگونجاندنی لەگەڵ خۆی و ژینگەکەی ئاسایی دەبێت. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بڕوای بە توانست و لێهاتوویەکانی خۆی نەبوو، هەروەها بەچاوی گومان و دوودڵی و نزم سەیری خۆی کردو ئەو بڕوایەی لەلادروست بوو بوو کە ئەو کەسێکی بێدەسەڵات و لاوازو بێ بەهایە، ئەو کاتە خۆگونجاندنی لەتەک خودی خۆی و کەسانی چواردەوری زەحمەت دەبێت و بەردەوام ڕووبەڕووی کێشەو گرفتی دەروونی دەبێتەوە.

پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و خودی مرۆڤ:-

ڕەهەندێکی تری خودو دەروونی مرۆڤ جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و شێوەی هەڵسەنگاندنیانە، واتە کاتێک مرۆڤ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ڕازی دەبێت و ئەو هەست و سۆزەی لە لادروست دەبێت کە ئەو کەسێکی خۆشەویستە و کەسانی چواردەوری ڕێزی دەگرن و مایەی شانازی کردنە، ئەوا خۆگونجاندنی لەتەک خودی خۆی و ژینگەکەی ئاسان دەبێت و لەگەڵیان ناکەوێتە ململانێ و کێشەو بگرەوبەردەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەگەر ئەو هەستەی لەلا دروست بوو کە ئەو کەسێکی بێزراوو پشت گوێ خراوو بێ بەهایەو کەسانی چوار دەوری ڕێزی ناگرن و لە ئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەری ئابووری و ئایینی و سیاسی و نەتەوەییەوە خراوەتە پەراوێزەوەو ڕۆڵی شیاوی خۆی پێنەدراوەو کەسانی دەوروبەری ڕێزی ناگرن، ئەو کاتە بە چاوی سووک سەیری خۆی دەکات و بڕوای بەخۆی نابێت و خۆگونجاندنی لە تەک کۆمەڵ و دام دەزگاکانی زۆر زەحمەت و دژوار دەبێت و ڕووبەڕووی چەندەها کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبێتەوەو بڕواو متمانەی بە کەسانی چواردەوری نابێت و بە چاوی دوو دڵی و گومان سەیریان دەکات، واتە چۆن خەڵکی سەیری تاک دەکەن و چەند ڕێزی دەگرن و چۆن لێی تێدەگەن، بەو شێوەیەش تاک خۆی تیایاندا

دەبینێتەوە، ئینجا ئەگەر وێنەی خود لەناو ئاوێنەی کۆمەڵ و داو و دەزگاکانی روون و ئاشکراو جوان و رازاوە بێت ئەوا تاکیش خودی خۆی بەو شێوەیە دەبینێت.

بەلام ئەگەر لێڵ و شێوێنراوو ناشیرین و دزێو بێت، بێگومان تاکیش زۆرجار بەو شێوەیە خودی خۆی دەبینێ و هەڵی دەسەنگێنێ، هەر لەبەر ئەوەشە ئەو کەسانەی کە لەناو کۆمەڵ و دام و دەزگاکانی هەست بە ئارامی و دڵنیایی ناکەن و ئاوێنەی کۆمەڵ وێنەیەکی جوانی خودیان ئاوەژوو پێچەوانە ناکاتەوەو پەیوەندییە کۆمەلایەتی و سۆزییەکانی نێوان خۆیان و کۆمەڵ لاوازو پڕ لە کەلێن و دەلاقەیە، دەبینین بە زۆری ئەو جۆرە کەسانە سەرەڕۆو لادەرو لاسار دەردەچن و بەردەوام پێشێلی داب ئەریت و یاسا و رێساکانی کۆمەڵ دەکەن و بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێت تۆڵە لەو کۆمەڵ و دام و دەزگایانە بکەنەوە کە هیچ کات لەناویاندا هەستیان بە دڵنیایی و ئارامی نەکردووەو هەردەم وێنەکانیان لەناو ئاوێنەکانیاندا شێواوو ناشیرین و بێزراو بووە، واتە ئەو جۆرە کەسانە دەگمەنە بتوانن خۆیان لەگەڵ کۆمەڵ و داو و دەزگاکانی بسازێنن و لە خودی خۆیان و کەسانی چواردەوریان رازی بن، بە پێچەوانەوە خۆ گونجاندنیان نابێت و بەردەوام بە چاوی گومان و بێ متمانەیی سەیری کۆمەڵ و ئەندامەکانی دەکەن و دواجار کێشە بۆ خۆیان و کۆمەڵەکەیان دروست دەکەن.

خود چۆن دەبێت ببێت (خودی نموونەیی):-

هەموو مرۆڤێک لە ئێمە چەند خودێکی هەیەو هەریەک لەو خودانە گرنگی و رەهەندی تایبەتی خۆی هەیە، هەموو مرۆڤێک خودێکی تایبەتی هەیە، کە بووە بە سەرداب و گەنجینەی نهێنیەکان و تەنانەت بۆ خۆشەویسترین و نزیکترین کەسی نادرکێنێ و زەحمەتە هەتا مردن کەس پەی پێیان ببات، واتە ئەم خودە پڕە لە نهێنیە تایبەتیەکانی تاک و زۆربەیان عەیب و ناشیرین و ناکۆمەلایەتین و تاک ناتوانێت باسیان بکات لەبەر ئەوەی باسکردن و ئاشکرا کردنیان کەسێتی و خودی تاک دەخاتە مەترسی و

بەر هەڕەشەی کۆمەڵ و دام و دەزگاکانی، بۆیە هەر بە نهێنی و شاراوەیی دەیان هێڵێتەوەو زۆرجاریش دەبن بە سەرچاوەو بنەمای نەخۆشی و گرفتە دەروونیەکان.

لەلایەکی ترەوە مرۆڤ خودیکی تری هەیە ئەویش خودی کۆمەڵایەتیە، واتە وەك دەمامکێك رووی خودی راستەقینەی پێ دەشارێتەوەو جۆرە خودیکی کۆمەڵایەتی لێدروست دەکات و بەو شێوەیە رەفتارو هەڵس و کەوت دەکات کە کۆمەڵ دام و دەزگاکانی پێیان خۆشەو لەگەڵ داب و نەریت و رێساو یاسا کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان دەگونجێن و هاوشێوەن. واتە ئەم جۆرە خودە بۆ رازی کردنی کۆمەڵ و تاکەکانیەتی و بەمەبەستی خۆسازاندنی کۆمەڵایەتیەو زۆرجار لە راستی و واقیعەوە دوورەو هەر ئەوەندە مرۆڤ لەکۆمەڵ و دام و دەزگاکانی دوور کەوتەوەو بواری تایبەتی خۆی بۆ خولقا ئەوا ئەو دەمامکە کۆمەڵایەتیە دەستکردە فڕێ دەدات و خودی راستەقینەو تایبەتی دەردەکەوێت.

سەرەرای ئەو دوو خودە مرۆڤ خودیکی راستەقینەو واقیعیانەشی هەیە، واتە توانستی عەقڵی و جەستەیی و ویژدانی و ئاکاری خۆی چەندە، سەرجەم ئەوانە خودی واقیعی و راستەقینەی پێ روو تووش و میکیاجی ئەو تاکە دەردەخات، لەهەمان کاتیشدا هەر یەکێك لە ئێمە خودیکی نموونەیی خۆی هەیە، کە بەهیواو ئاواتی ئەوەیە رۆژێك لە رۆژان پێی بگات. واتە ناوەرۆکی خودی نموونەیی سەرجەم ئەو خەون و خەیاڵ و حەزوو ئارەزوو ئاوات و هیواو خۆزگانەیە کە مرۆڤ رۆژ لەدوای رۆژ پلانی بۆ دادەنێت و بەنیازە رۆژێك لە رۆژان پێی بگات. ئینجا ئەگەر ناوەرۆك و جەوهەری هەردوو خودی واقیعی و نموونەیی لەیەکەوە نزیك بوون، ئەوا هێنانەدی حەزوو ئارەزوو خەونەکانی خودی نموونەیی ئاسان دەبێت و مرۆڤ لە ژیانی واقیعی و لە کاتی هێنانەدی حەزوو ویست و ئارەزووەکانی تووشی کێشەوگرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی نابێت و خۆگونجاندنی لەگەڵ خودی خۆی و ژینگەو دەورویەرەکەی ئاسان دەبێت و دەتوانین بڵێین ئەو مرۆڤە کەسێکە کە بڕوای بەخۆیەتی و بە باشی لەخۆی گەیشتوەو ئازایەتی تەواویشی هەیە کە بەرەنگاری کۆسپەکانی ژیان

بیینەوەو پلانەکانی ژیانی واقیعی بهێنێتەدی، سەرەڕای ئەوەش بڕوای بە کۆمەڵ و دام و دەزگاکانی دەبێت و دەتوانێت بە ئاسانی خۆی لەتەکیاندا بسازێنێ.

کەواتە خۆگونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ کۆمەڵەکەی پەیوەستە بە کۆمەڵێك فاکتەرو هۆکارەوە لەوانە (ئەو ژینگەو بارودۆخەی کە تاکی تێدا دەژی، خودو کەسایەتی تاك، باری ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، بەربەست و کۆسپەکانی ژیان، سروشتی دام و دەزگا کۆمەڵایەتیەکان) هەریەك لەو فاکتەرانە کەم یان زۆر بەشداری لەخۆ گونجاندنی تاك دەکات، واتە تا چەند کەسایەتی مرۆڤ بە هێز بێت و بڕوای بەخۆی هەبێت و کەمترین کۆسپ و تەگەرە بۆ تاك دروست بکرێت، ئەوەندە مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێت خۆی لەگەڵ ژینگەو دەوروبەرەکەی بسازێنێ، بەلام ئەگەر تاك بەچاوی نزم و گومان سەیری خودی خۆی کردو بڕوای بەخۆی نەبوو لەهەمان کاتیشدا پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵ و دام و دەزگاکانی لاواز بوو، سەرەڕای بوونی کێشەو بەربەستی کۆمەڵایەتی و دەروونی، ئەوا خۆگونجاندن زۆر زەحمەت و دژوار دەبێت و ئەو جۆرە تاکانە لە داهاتوودا رووبەرووی چەندەها کێشەو گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبنەوە.

ئینجا ئەگەر بمانەوێت تاکەکانی کۆمەڵ لە کێشەو گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دوور بن و وەك پێویست خۆیان لەگەڵ خودی خۆیان و ژینگەو دەوروبەرەکەیان بسازێنن، ئەوا دەبێت رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین و بەهەموو لایەك هەوڵی دابین کردنیان بدەین:-

١- دەبێت منداڵ و هەرزەکارو لاوەکانمان لە ناو خێزان و کۆمەڵدا بەشێوەیەك پەروەردە بکەین کە بە چاوی رێزو بەرز سەیری خودی خۆیان بکەن و بڕوایان بەخۆیان و هێزو تواناکانیان هەبێت.

٢- زۆر گرنگە شێوازی پەروەردە کردن و مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ و هەرزەکارەکانمان دوور بێت لە توندو تیژی و لەسەر بنەمای یەکسانی و ڕەچاوکردنی مافەکانیان و دیالۆگ و لێک تێگەیشتن بونیاد نرابێت و دوور بێت لە کەلەگایی و دیکتاتۆریەت و خۆ سەپاندن.

٣- پێویستە ژینگەو بارودۆخی گونجاو بۆ گەشەکردنی خودی بۆ منداڵ و هەرزەکارەکانمان بخوڵقێنین و هەوڵ بدەین خودی واقعی و خودی نموونەییان لێک نزیک بێت، واتە خودی نموونەییەکەیان زۆر بەرزو ناواقعی نەبێت، بۆ ئەوەی منداڵ و هەرزەکارەکانمان زۆر بەرز نەفڕن و لە داهاتوودا نزم بنیشنەوە، لەهەمان کاتیشدا خودی نموونەییان زۆر نزم نەبێت و نەزانن سوود لە تواناو لێهاتووییەکانیان وەربگرن.

٤- لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە توانای کۆنترۆلکردنی خودی سەرەڕۆی خۆمان (ئەوو ڕەمەکانی) هەبێت و جڵەوی حەزو ئارەزووە شەهواتیە بێ سنوورەکانی بۆ شل نەکەین و بتوانین سنوورێکی بۆ دابنێین بەمەرجێک لەتەک داواکارییەکانی (منی باڵا) و پێداویستیە واقعیەکانی ژیان و داواکارییەکانی (من) بگونجێت.

٥- هەوڵی دابین کردنی پێداویستیە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ و هەرزەکارەکانمان بدەین لە پێشەوەی هەموویان (ئاسایش و دڵنیایی، خۆشەویستی، ڕێزگرتن، چوونە ناوکۆمەڵ و دام و دەزگاکان).

مێرد منداڵان و لاساری

مەبەست لە مێرد منداڵان ئەو کەسانەن کە تەمەنیان لە نێوان (٩) تاوەکوو (١٨) ساڵانە {بەڵام بە پێی یاسای هەموارکراوی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان تەمەنیان لە نێوان (١١ – ١٨) ساڵانە}. واتە زۆربەی قۆناغی هەرزەکاری دەگرێتەوە. بەپێی یاسای عێراقی، هەر کەسێك لەو تەمەنەدا هەڵەو لاساری و سەرەڕۆییەك بکات، بە لاسار و سەرەڕۆ (جانح) دادەنرێت و لە دادگای مێرد منداڵان (محكمة الأحداث) دادگایی دەکرێت، هۆی سەرەکیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو مێرد منداڵانە لە قۆناغی گەشەکردندان و بەتەواوی پێنەگەیشتوون و لەو تەمەنەدا کەم و کورتی زۆر لەبیرکردنەوەو عەقڵیەتیاندا هەیە و ناتوانن وەك کەسانی کامڵ و پێگەیشتوو بیربکەنەوەو دیاردەکانی ژیان هەڵبسەنگێنن و لایەنی سۆزی (عاطفی)و هەڵچوونیان بەسەر لایەنی عەقڵیاندا زاڵە و لە زۆر بارودۆخدا ناتوانن کۆنترۆڵی حەزوو نارەزوو هەڵچوونەکانیان بکەن، لەبەرئەوە هەندێکیان تووشی لاساری دەبن.

گرفتی (لاساری مێرد منداڵان) لە ترسناکترین ئەو گیروگرفتانەن کە زۆربەی گەلانی جیهان بەدەستیەوە دەناڵێنن، لەبەرئەوەی ئەم گرفتە تایبەت نیە بەکاتێکی دیاریکراو یان قۆناغێکەوە، بەڵکو ئەگەر چارەسەری بنەڕەتی نەکرێت، ئەوا لەتەك ئەو کەسانەدا بەردەوام دەبێت و وەك سێبەری خۆیان لە گشت قۆناغەکانی تری ژیانیاندا لەگەڵیاندا بەردەوام دەبێت (المغربی، ١٩٦٠).

زۆربەی توێژینەوە زانستیەکانی بواری تاوان و لاساری ئاماژە بۆئەوە دەکەن، کە ڕەگ و ریشەو سەرچاوەی تاوانی گەورەکان بۆ سەردەمی منداڵی و هەرزەکارییان دەگەڕێتەوەو ڕێژەیەکی زۆری تاوانبارە گەورەکان لەسەردەمی منداڵی و هەرزەکاریشیاندا تاوان و لاسارییان بە ئەنجام گەیاندووە، لەبەرئەوە لاساری بە گرفتێکی ترسناك لە قەڵەم دەدرێت، چونکە دوور نیە کە لەگەڵ ئەو مێرد منداڵانە بەردەوام بێت و ژیان و چارەنووسی

داهاتوویان بخاتە مەترسیەوە. گومانی تێدا نیە کە لاساری مێرد منداڵان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی جیهانیەو هەموو کۆمەڵگاکان بە کۆن و تازەیانەوە، بە سادەو ئاڵۆزیانەوە، رووبەرووی بوونەتەوەو وەك مۆتەکە سەر سنگیانی گرتووە، ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردن بێت ئەوەیە کە هەتاوەکوو ئێستا هیچ یەکێك لە کۆمەڵزان و دەروونزانەکان کۆمەڵگایەکیان نەدۆزیوەتەوە کە ئەم دیاردەی تێدا نەبێت. (سعفان ، ۱۹٦٦، ص٤٨).

کۆمەڵگای ئێمەش وەك هەموو کۆمەڵگاکانی تر رووبەرووی ئەم گرفتە بۆتەوەو ژمارەیەك لە مێرد منداڵەکانمان بەدەستیەوە دەناڵێنن و زیانی گەورەشیان بە خێزان و کۆمەڵەکەیان گەیاندووە، گومانیشی تێدا نیە ئەو بارودۆخەی کە کوردستانی پێدا تێدەپەڕی، زۆر ئاڵۆزو دژوارەو زۆر هۆکاری دەرەکی و ناوەکی بۆ لادان و لاساری مێرد منداڵەکانمان لە ئارادان و رێژەکەیانی بەرەو زیادکردن بردووە، ئینجا بۆئەوەی رێژەیەکی زۆری هەرزەکاران و لاوانمان لەو بەڵایە بپارێزین و بەشێوەیەکی زانستیانەش ئەم دیاردە دزێوە تاوو توێ بکەین، وا لەخوارەوە ئاماژە بۆ گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی لاساری مێرد منداڵان دەکەین.

هۆکارەکانی لاساری مێرد منداڵان

لەبەرئەوەی لاساری مێرد منداڵان دیاردەیەکی ئاڵۆزو هەمە لایەنەیە، بۆیە لە رێگەی تەنها هۆکارێکەوە ناتوانرێت لێك بدرێتەوە، سەرجەم ئەو توێژینەوانەی کە لەسەر لاساری مێرد منداڵان (جنوح الأحداث) کراوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زیاتر لە هۆکارێك لەم هۆکارانەی لای خوارەوە لەگەڵ یەکتریدا کار لەیەك دەکەن و دەبنە هۆی دروست بوونی ئەم دیاردەیە، هۆکارەکانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:-

١) خێزان:-

خێزان یەکەم دامەزراوی کۆمەڵایەتیە کە ڕۆڵی گرنگ و ترسناکی لەسەر کەسایەتی و چارەنووسی منداڵەکانی هەیە. ئینجا خوانەخواستە ئەگەر لە ئەنجامی هەرچ هۆیەکەوە بێت ڕووبەڕووی لێک ترازان و گێروگرفت و ناخۆشی بووەوەو نەیتوانی لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیدا بە ڕۆڵی خۆی هەڵبستێت، دوورنیە تاکەکانی ڕووبەڕووی زۆر گرفت و ناخۆشی ببێتەوە، لەوانە لاساری و سەرکێشی منداڵەکانی.

یەکێک لە گرنگترین و ترسناکترین ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی خێزان دەبێتەوە لێک ترازان و تێک چوونی شیرازەی خێزانە، بە داخەوە هەندێک جار خێزان لە ئەنجامی تەلاق و لێک جیابوونەوەو شەڕو ئاژاوەو هەژاری و نەبوونیەوە تووشی لێک ترازان دەبێت و ئیتر ناتوانێت ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەروونی گونجاو بۆ گەشەکردنی ئاسایی منداڵەکانی دابین بکات و هیچ یەکێک لە تاکەکانی ئەو خێزانە پڕ لە ئاژاوە هەست بە ئارامی و دڵنیایی ناکات و بەردەوام لە خەم و خەفەت و ئازارو دڵەڕاوکێدا دەژی و دوورنیە هەریەکەیان بەلایەکدا پەرەوازە ببێت و لە دەرەوەی خێزان هەست بە دڵنیایی بکەن.

دەرەنجامی توێژینەوەکانی ئەم بوارە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ژمارەیەکی زۆری ئەوانەی تووشی تاوان و لاساری بوون، لەو خێزانانەدا پەروەردە بوون کە تووشی لێک ترازان بوون و وەک منداڵانی تر هەستیان بە سۆزو خۆشەویستی و چاودێری دایک و باوکیان نەکردووە و ژیانی خێزانیان وەک دۆزەخ وابووە. گومانی تێدانیە منداڵ و هەرزەکار بەردەوام پێداویستیان بە ئامۆژگاری و ڕێنمایی دایک و باوک و گەورەکانیان هەیە و دەبێت لە باوەشی گەرمی دایک و باوکدا پەروەردە بین و هەست بە ئارامی و دڵنیایی بکەن.

بەڵام ئەگەر دایکی نەمابێ یان تەڵاق درابێ و باوەژنی خراپی هەبێت و باوکی لەبەر نەزانی و کەم تەرخەمی خۆی منداڵەکانی بەرەڵا کردبێ و بەردەوام ئاگاداری هەڵس و کەوتەکانیان نەبێت و لە لایەکی تریشەوە نەتوانێت پێداویستیەکانی رۆژانەیان بۆ دابین بکات، دوورنیە منداڵەکانیان ملی رێگاو کوچەو بازاڕەکان بگرنە بەرو رووبەڕووی لاساری و سەرەڕۆیی ببنەوە.

لە لایەکی ترەوە جاری وا هەیە خێزان تووشی لێک ترازان نەبووەو ژیانی ئاسایی خۆی هەیە، بەڵام شێوازەکانی پەروەردەکردنی هەڵەیە، بە داخەوە هەندێک دایک و باوک بەردەوام پەنا بۆ شێوازە هەڵەکانی وەک (تووندو تیژی و لێدان، بەرەڵاکردن و لێنەپرسینەوە ... تاد) دەبەن. دەرکەوتووە لێدانی بەردەوام و بەکارهێنانی تووندو تیژی لەکاتی پەروەردەکردنی منداڵدا دەبێتە هۆی بریندارکردنی هەست و سۆزی منداڵ و پاڵ پێوەنانی بۆ کردنی لاساری و سەرکێشی، چونکە ئەو منداڵە یان هەرزەکارەی کە بەردەوام رووبەڕووی لێدان و توندوتیژی دەبێتەوە، لە پاشەڕۆژدا کەسێکی شەڕخوازو تۆڵەسێنەر دەردەچێت و ئەگەر نەشتوانێ تۆڵەی خۆی لە دایک و باوک و کەسانی تری بکاتەوە ئەوا لە دەرەوەی خێزان داخی دڵی خۆی بە کەسانی تر دەرێژێ و بەمەش تووشی لاساری و سەرەڕۆیی دەبێت.

هەروەها هەندێک دایک و باوک بەردەوام منداڵەکانیان بەرەڵا دەکەن و چاوپۆشی لەسەرەڕۆیی و هەڵەکانیان دەکەن و رێگای راستیان پیشان نادەن و بەرۆڵی دایکایەتی و باوکایەتی خۆیان هەڵناسن، گومانیشی تێدانیە کە زۆربەی زۆری ئەو منداڵانە سەرەڕۆو لاسار دەردەچن و بەردەوام رووبەڕووی گیروگرفت و ناخۆشی دەبنەوەو ناتوانن بەشێوەیەکی دروست گرفتەکانیان چارەسەر بکەن و کەسایەتی لاوازیان دەبێت، چونکە لەسەر دەستی دایک و باوکیان وەک پێویست پەروەردە نەکراون و بە زانست و رەوشتی جوان چەکدار نەکراون.

٢) برادەری خراپ:-

برادەرو هاورێ رۆڵی تایبەتی خۆی لەسەر باری دەروونی و بیرکردنەوەی مێرد منداڵان هەیە، بە تایبەتیش ئەو مێرد منداڵانەی کە لە لایەن دایك و باوکیانەوە پشت گوێ خراون یان ژیان و گوزەرانی خێزانیان ئاڵۆزو دژوارەو بەردەوام لە ناخۆشیدا دەژین، ئا لەم کاتانەدا ئەو مێرد منداڵانە بەرەو لای هاورێ و برادەرەکانیان دەڕۆن و لەوێ زیاتر هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکەن و بەهیوای ئەوەن کە قەرەبووی ئەو بارودۆخە ناله‌بارەی خێزانەکانیان بۆ بکەن, بەڵام مەرج نیە ئەم بۆچوونەی ئەو مێرد منداڵانە وەك خۆی دەربچێت، لەوانەیە بە پێچەوانەوە، ئەومێرد منداڵانە تووشی کۆمەڵێك برادەری خراپ بین و ئەوەندەی تر ژیان و باری دەروونیان ئاڵۆزتر بکەن، هەندێك جار برادەری خراپ ئەو مێرد منداڵانە هەڵدەخەڵەتێنن و بەرەو لاساری و سەرەڕۆییان دەبەن، لەوانەیە یەکەم جار بە بیانووی نیش و کارێکەوە هەڵیان بخەڵەتێنن و تووشی دزی و لاسارییەکیان بکەن و دواجاریش هەڕەشەیان لێ بکەن و نیتر نەتوانن وازیان لێبهێنن.

لە لایەکی تریشەوە مەترسی برادەری خراپ لەوەدایە کە ئەو برادەرانە لەناو خۆیاندا باندێکی دزو شەڕخوازو لاسار دروست بکەن و ئامادەباشی ئەوەیان هەبێت کە داب و نەریت و یاساو بەها کۆمەڵایەتیەکان پێشێل بکەن و حەز بە سەرەڕۆیی و گێرەشێوێنی بکەن و مێرد منداڵان ناچار بکەن کە بەپێی سیستەم داواکاریەکانی ئەوان بجووڵێنەوەو مل کەچی رێنماییەکانیان بن. (العظماوی، ١٩٨٨) (فهمي، ١٩٦٧).

٣) ئابووری:-

وەك دەڵێن ئابووری بڕبڕەی پشتی خێزان و کۆمەڵ و بەرەو پێش بردنیەتی، لە هەمان کاتیشدا هەژاری و نەبوونی و بێکاری تێك شکێنەری ئەو بڕبڕەیە، چونکە نەبوونی و هەژاری مانای تێرنەکردنی زۆربەی پێداویستیە گرنگەکانی مێرد منداڵان و دابین نەکردنی

ژینگەی گونجاو بۆ گەشەکردنی و دەرهێنانی لە قوتابخانەو بەرەڵاکردنی بۆ سەر جادەو کۆڵانەکان بە مەبەستی کارکردن و پەیداکردنی بژێوی خێزان، کە بەداخەوە سەرجەم ئەو بارودۆخە نالەبارە زیانی گەورە بە کەسایەتی و باری دەروونی ئەو مێرد منداڵانە دەگەیەنێت و هەندێك جار لە رێگەی راست لایان دەدات، لەبەرئەوەی ئەو مێرد منداڵانە هێشتا بە تەواوی گەشەیان نەکردووەو لە توانایاندا نیە لەگەڵ یاساو بارودۆخی بازاڕو شوێنە گشتیەکان خۆیان بسازێنن و دوورنیە تووشی هەڵە و سەرەڕۆییان بکەن.

لە لایەکی تریشەوە ئەگەر هیچ کارێکیشی دەست نەکەوێت یان ئەو ئیشەی کە دەیکات داهاتێکی زۆر کەمی هەبێت، ئا لەو کاتانەشدا دوورنیە زۆربەی کاتی بێ ئیشی بەبیرکردنەوەو دالغەلێدانی خراپ بەسەر بەرێت و نەخشەو پلانی لاساری و شەڕخوای دابنێت، چونکە بێ ئیشی زۆر خراپە و وەك پەندە کوردیەکەی خۆمان دەڵێت (شەڕ لە بەتاڵی باشترە).

لە راستیدا هەژاری و نەبوونی تەنها هۆکاری سەرەکی نین بۆ تاوان و لاساری، چونکە زۆر خێزان هەن کە هەژارو دەست کورتن و منداڵەکانیشیان تووشی سەرەڕۆیی و لاساری نابن، لەبەرئەوەی خاوەنی دایك و باوکێکی باوەڕدارو رەوشت بەرزن و رێزی منداڵەکانیان دەگرن و ناهێڵن لە سۆزو خۆشەویستی و رێنمایی ئەوان بێبەش بن و بەردەوام لەسەر کاری باش هانیان دەدەن و هەڵەکانیان بۆ راست دەکەنەوەو بەپێی توانا پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیانیان بۆ دابین دەکەن، بەڵام کاتێك مێرد منداڵ لە خێزانێکی پڕ لە ناژاوەو لێك ترازاودا دەژی و خاوەنی باوك و دایکێکی نەزان و کەم تەرخەم دەبێت و لە بێزاری و ناچاریدا تێکەڵاوی برادەری خراپ دەبێت و سەرەڕای ئەوەش هەژارو کەم دەرامەتن، ئا لەم کاتانەدا ئەو هەژاری و نەبوونیە لەگەڵ ئەو بارو دۆخە نالەبارەی ناو خێزان و برادەری خراپدا کار لەیەکتری دەکەن و ئەو مێرد منداڵە بەرەو لاساری و سەرەڕۆیی دەبەن.

٤) نەخۆشی دەروونی عەقلی:-

هەندێك جاریش مێرد منداڵ لە ئەنجامی تووشبوونی بەیەكێك لە نەخۆشیە دەروونی و عەقلیەكان، ڕووبەڕووی لاساری و سەركێشی دەبێتەوە, چونكە ئەو نەخۆشیانە مرۆڤ تووشی هەندێك حاڵەتی ناخۆش دەكەن و دەبن بە پاڵنەر بۆ بە ئەنجام گەیاندنی تاوان و لاساری، بۆ نموونە، دوورنیە لە ئەنجامی هەندێك لەو نەخۆشیانە تووشی هەلاوس و وڕێنەو هەڵەو كاری نابەجێ بن و بە خەیاڵی خۆیان ئەو كەسانەی كە لە چواردەوریانن خەریكی گەلە كۆمەكی و پلان دانانن بۆ لەناوبردنیان، یان هاوسەرەكەی ناپاكی لەگەڵ دەكات و ژەهری بۆ دەكاتە ناو خواردنەكەیەوەو دەیەوێت بیكوژێت، یان ... تاد. ئیتجا لە ئەنجامی ئەو خەوو خەیاڵ و بیركردنەوە هەلانەوە (كە ئەو نەخۆشیانە دروستی دەكەن) دوورنیە كە پەلاماری ئەو كەسانە بدات و دەست درێژی بكاتە سەریان بە مەبەستی بەرگری كردن لە خۆی و تۆڵە سەندنەوە لێیان.

٥- هۆكاری سیاسی:-

لە هەرج جێگایەك ئارامی و دڵنیایی نەبێت و یاساو دەسەلات بەرقەرار نەبن و ئاژاوەو پاشا گەردانی لە ئارادا بێت ئەوا دیاردەی تاوان و لاساری ڕووەو زیاد بوون دەچێت، ڕاستە تاوان و لاساری لە هەموو وولاتێك هەیە، بەلام ڕێژەكەی زۆر زیاد دەبێت لەو وولاتانەی كە ئاسایشی تێدا نیە و بەردەوام یاسا پێشێل دەكرێت و هەركەسە بۆ خۆیەتی و دەسەلاتی ڕاپەڕاندن و جێبەجێكردنی بەكاری خۆی هەڵناسێت و دیاردەی چەكداری و میلیشیات زۆرە، چونكە كەسانێك هەن كە بێ ویژدان و دەروون نزمن و ئەگەر ترسی یاسا و دەسەلاتی دەرەكیان نەبێت، ئەوا لە هیچ شتێك ناگەڕێنەوەو پێشێلی داب و نەریت و بەها كۆمەلایەتیەكان دەكەن.

ئینجا لەبەرئەوەی ئەو کەسانە هیچ ترسێکیان نیەو بە ئارەزووی خۆیان یاسا شکێنی و لاساری دەکەن و کەسیش نیە بڵێت بەری چاوتان کلی پێوەیە، ئینجا بەردەوام بوونی ئەو بارودۆخە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسانی تریش لاسایی ئەو بێ وێژدان و دەروون نزمانە بکەنەوەو ئیتر ئەو دیاردە دزێوە رۆژ لەدوای رۆژ لە پەرەسەندن و تەشەنەکردندا دەبێت و وەك پەتایەك بۆ کەسانی تریش دەگوێزرێتەوە.

٦- ئامرازەکانی راگەیاندن:-

راگەیاندن بە هەموو کەناڵەکانیەوە هۆکارێکی گرنگەو رۆڵی سەرەکی هەیە لە پەروەردەکردن و رۆشنبیرکردنی جەماوەر، بەڵام هەندێك جار لە ئەنجامی دانان و پێشکەش کردنی هەندێك بەرنامەو پرۆگرامی نابەجێ و رووخێنەر زۆر لە جەماوەر چەواشە دەکات، لەهەمووشیان ترسناکتر کەناڵەکانی (تەلەفزیۆن و سینەما)یە، بەداخەوە هەندێك جار لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و سینەماکان هەندێك پرۆگرام و فیلم و زنجیرەی شەڕخوازی و سێکسی و نا پەروەردەیی پێش کەش دەکرێن، کە زەرەرو زیانێکی گەورە بە بینەران بە گشتی و منداڵ و هەرزەکاران بە تایبەتی دەگەیەنێت و بەرەو سەرەڕۆیی و لاساریان دەبەن، دوورنیە کە ئەو مێردمنداڵانە زۆر شێوازی دزی کردن و کوشتن و دەست درێژکردنە سەر شەرەف و کەرامەتی خەڵکانی تر لەو بەرنامە و فیلمانەوە فێر ببن و لاسایی هەڵس و کەوتی نابەجێ و هەڵەی پاڵەوانی ئەو بەرنامەو پرۆگرامانە بکەنەوە، بەتایبەتیش ئەو پاڵەوانانەی کە لەسەر سەرەڕۆیی و لاسارییەکانیان سزا نادرێن.

ئەمانەی سەرەوە بە گرنگترین ئەو هۆکارانە دادەنرێن کە دەبنە هۆی لاساری مێرد منداڵان.

ئینجا بۆ ئەوەی رێژەی ئەو مێرد منداڵە لاسارانە کەم بکەینەوەو نەهێڵین لەوە زیاتر تەشەنە بکات، ئەوا ئەم راسپاردەو پێشنیازانەی خوارەوە دەست نیشان دەکەین:-

١- پێویستە لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کۆبوونەوەی دایکان و باوکان و کۆڕو کۆبوونەوە گشتیەکانەوە دایکان و باوکان و مامۆستایان ئاگادار بکرێنەوەو هۆکارەکانی سەرکێشی مێرد منداڵانیان بۆ ڕوون بکرێتەوەو باسی زیان و خراپیەکانی شێوازەکانی پەروەردەکردنی هەڵەو لێك ترازان و شەڕو ئاژاوەی ناوخێزانیان بۆ بکرێت و داوای ئەوەیان لێ بکرێت تا دەتوانن لەو هۆکارە خراپانە دووربکەونەوە بۆ ئەوەی رۆڵەکانیان تووشی لاساری نەبن.

چونکە زۆر لە دەروونزانەکان گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی کە پچڕانی شیرازەی خێزان و بێبەش بوونی منداڵ لە سۆزو خۆشەویستی دایك و باوك هۆکاری گرنگ و ترسناکن بۆ لادان و لاساری مێرد منداڵەکانیان. (باولبی، ١٩٦٥) (القوصی، ١٩٨١).

٢- پێویستە لەکاتی دانان و پێش کەش کردنی بەرنامە و پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆن ڕەچاوی باری دەروونی مێرد منداڵان و قۆناغی گەشەکردنیان بکرێت و سانسۆرو چاودێری پێویست بخرێتە سەر ئەو فیلمانەی کە لە سینەماکان پێشکەش دەکرێن.

٣- پێویستە لایەك لە خێزانە هەژارەکان بکرێتەوەو هەوڵی چارەسەرکردنی بێکاری بدرێت.

٤- پێویستە یاسای بەزۆر پێ خوێندن ‹التعلیم الألزامی› جێبەجێ بکرێت و هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەو منداڵانەش بدرێت کە وازیان لە قوتابخانە هێناوەو ئێستا لەناو کوچەو بازاڕەکاندا دەسوڕێنەوە.

٥- پێویستە دایك و باوك ئاگاداری منداڵەکانیان بن و نەهێڵن تێکەڵاوی برادەری خراپ بن.

٦- پێویستە یاسا و دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و جێ بەجێکردن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و هەوڵی کەم کردنەوەی دیاردەی چەکداری بدرێت.

پەروەردەی سێکسی

زۆر جار بە عەیبە عەیبە ژیانی مرۆڤ دەکرێت بە دۆزەخ و گەشەکردنی ئاسایی لەرێچکەی خۆی لادەدرێت، یەکێك لەو بابەتانەی کە لەلای ئێمە چواردەوری بە دیوارو پەرژینێکی پۆلاین گیراوە، بابەتی سێکسە (جنس). لای هەندێك کەس تەنانەت باس کردن و ناو هێنانیشی تاوانە و لێخۆشبوونی نیەو (نەعامە) ئاسا سەری خۆیان کردووە بەناو لم و خۆلداو وا دەزانن کەس ئایان بینێ وەك چۆن ئەوان نایانبینن، بەلاّم ئەو جۆرە کەسانە بە هەڵەدا چوون چونکە سەرکردن بە خۆڵ و پشت گوێ خستن و حەرام کردنی ئەو بابەتە چارەسەری گرفتەکە ناکات و لەپڕ چۆن نەعامە دەگیرێ ئاوەهاش گوڕوتینی ئەو بابەتە دەیان سوتێنێ.

پەروەردەی نوێ جێگای شیاوو دروستی بۆ سێکس و پەروەردەکردنی داناوە، لەبەرئەوەی بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤە و هیچی لە پەروەردەکردنی جەستەیی و عەقلی و هەڵچوونی کەمتر نیە ئەگەر زیاتر نەبێت. هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆر لە وولاّتانی پێش کەوتوو بیر لە پەروەردەکردنی سێکسی تاکەکانیان بکەنەوەو لەناو بەرنامەو پرۆگرامەکانی قوتابخانەو راگەیاندنیاندا جێگایان بۆ بکەنەوە، چونکە کپ کردنی و خەفەکردنی ئەو رەمەك و پێداویستیە، مرۆڤ تووشی زۆر گرفتی دەروونی و کۆمەلاّیەتی دەکات.

مەبەست لە پەروەردەکردنی سێکسی بەرەلاّیی و بەد رەوشتی نیە وەك ئەوەی هەندێك بۆی دەچن، بەڵکو جۆرێکە لە پەروەردەکردن کە لەمیانەیەوە زانیاری و شارەزایی راست و دروست دەربارەی سێکس دەدرێت بە تاکەکانی کۆمەڵ بۆ ئەوەی بزانن سێکس چییە، چۆن گەشە دەکات، رێگای راست و دروست چییە بۆ تێرکردنی، زیانەکانی لادانی سێکسی چییە؟ هەروەها فێری ئاوە زانستیەکانی ئەندامی زاوزێ بن و بە چاوی گومان و دوودڵی سەیری نەکەن بەمەرجێك لەگەڵ داب و نەریت و بەها مرۆڤایەتیە رەسەنەکاندا هاورێك بێت.

منداڵ هەر لە سەرەتای تەمەنی چوارساڵیەوە زۆر پرسیار لە مێشکیدا دەربارەی (سێکس، منداڵ بوون و جیاوازی کوڕو کچ و .... تاد) دروست دەبێت و بە دوای وەڵامەکانیدا دەگەڕێ، لەبەرئەوە زۆر پێویستە کە دایک و باوک بەپێی توانای خۆیان وەڵامی ڕاست و دروستی ئەو پرسیارانەی منداڵ بدەنەوەو نەهێڵن ببن بە نێچیرێکی دەستەمۆی بەردەم برادەری خراپ و کەسانی نەزان و بێ ویژدان، کە دوورنیە بە هەڵەو چەواشەیی وەڵامی پرسیارەکانی منداڵان (بەتایبەتی لەکاتی چوونە قوتابخانەی سەرەتایی) بدەنەوە.

هەروەها پەروەردەی سێکسی زۆر گرنگە بۆ قۆناغی هەرزەکاری، لەبەرئەوەی لە قۆناغی هەرزەکاریدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری فسیۆلۆژی و جەستەیی خێرا ڕوودەدات و حەزو ئارەزووی سێکسی چەکەرە دەکات و زۆر دیاردەی وەك (شەیتانی بوون و دەست پەڕو بێ نوێژی) دەردەکەون، ئینجا ئەگەر هەرزەکار زانیاری ڕاست و دروستی دەربارەیان نەبێت ئەوا دوورنیە تووشی زۆر گرفتی دەروونی ببێت و لە داهاتووشدا ژیانی لێ تاڵ بکات.

بە زۆر شێواز دەتوانرێت هەرزەکار پەروەردە بکرێت، لەوانە لە ڕێگەی وانەکانی (زیندەوەرزانی، پەروەردەی تەندروستی، ئایین، ئەدەب، سەردانی باخچەی ئاژەڵان و مۆزەخانەو بینینی فیلمە زانستیەکان ... تاد) کە مامۆستا و باوك و دایك دەتوانن لە ڕێگەی هەریەك لەو وانەو کەرەستانەی سەرەوە وەڵامی زۆر پرسیاری سێکسی منداڵ و هەرزەکار بدەنەوەو دیاردەکانی ژیانیان بەتایبەتیش (زاوزێ و جووت بوون و جیاوازی نێوان نێرو مێ) بۆ ڕوون بکەنەوە. پێویستە دایك وباوك و مامۆستا لە پرسیارەکانی منداڵان و هەرزەکاران ڕانەکەن یان بە شەرم و گومان و دوودڵیەوە وەڵامیان نەدەنەوە، چونکە گومان و ڕاڕایی لەلای منداڵ و هەرزەکاران دروست دەکات و زیانەکانی لە قازانجەکانی زیاتر دەبێت.

نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە پەروەردەی سێکسی دژ بە پەروەردەی ئایینی نیە بەڵکو تەواوکەریەتی و خودای گەورەو میهرەبان لە چەندەها ئایەتدا باسی سێکس و گرنگی لە ژیانی مرۆڤدا کردووە و ڕێگای ڕاست و دروستیشی بۆ تێرکردنیان داناوە. کەواتە نابێت ئیمەی گەورە ڕاستیەکان لە ڕۆڵەکانمان بشارینەوە چونکە دەچن لەسەرچاوەی نادروست و هەڵە بە دوایدا دەگەڕێن، ئینجا کێ دەڵێ دەستیان دەکەوێ و بەهەڵە تێیان ناگەن؟.

پەروەردەی سێکسی و ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسایەتی

مرۆڤ لە ژمارەیەك کۆئەندام (جهاز) پێك هاتووە لەوانە (کۆئەندامی دەمار، کۆئەندامی هەرس، کۆئەندامی هەناسەدان، کۆئەندامی زاووزێ ... تاد) کە هەر یەك لەو کۆئەندامانە گرنگی و فەرمانی تایبەتی خۆی هەیە و بە هاوکاری یەکتری کارو فەرمانەکانی لەش بە ئاکام دەگەیەنن. ئینجا کەم و کورتی لە هەر کۆئەندامیکدا هەبێت ئەوا ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بۆ سەر کۆئەندامی تر دەبێت و زیان بە جەستەو باری دەروونی خاوەنەکەی دەگەیەنێت. لەبەر ئەوە گرنگی دان بە هەر یەك لەو کۆئەندامانەو زانینی ئەرك و فەرمان و پێداویستیەکانی زۆر پێویستە و لە بەرژەوەندی مرۆڤە .

یەکێك لە گرنگترین کۆئەندامەکانی مرۆڤ، کۆئەندامی زاووزێیە، کە بەر پرسیارە لە پرۆسەی زاووزێ و زیاد بوونی ژمارەی مرۆڤ و بەردەوام بوونی ژیان و هاتنی ئەوە بە دوای ئەوەدا. سەرەڕای ئەوەش بەر پرسە لە تێرکردنی یەکێك لە گرنگترین پێداویستیە فسیۆلۆژیەکانی مرۆڤ، ئەویش ڕەمەك و خورسکی (غريزە)ی سێکسیە .

ڕەمەك و خورسکی سێکسی گڕو تینی خۆی هەیە و پشت گوێخستن و خەفەکردنی لەلایەك یان خراپ تێرکردنی و کۆنترۆڵ نەکردنی بەجۆرێك کە لە تەك داب و نەریتی

کۆمەلایەتی و بەها ئاینیەکاندا نەگونجێت لەلایەکی تر، زیانی زۆر گەورە بە باری دەروونی مرۆڤ دەگەیەنێت و تووشی زۆر گرفت و نەخۆشی دەروونی و کۆمەلایەتی دەکات. لەبەر ئەو هەموو گرنگی و مەترسیانەی رەمەکی سێکسی زۆر لە زانایان و پەروەردیاران بیریان لە جۆرێك پەروەردە کردن کرد بۆ ئەوەی لە رێگەیەوە ئەو رەمەکە بەشێوەیەك تێر بکرێت کە زیان بە تاك و بە کۆمەڵ و دام و دەزگاکانی نەگات، سەرەرای ئەوەش مرۆڤ زانیاری دەربارەی کۆئەندامی زاووزێ و ئەرك و چالاکیەکانی دەست بکەوێت و بزانێت چۆن چۆن مامەڵەی راست و دروستیان لە تەکدا دەکات. لەبەر ئەو هەموو گرنگیە ئێستا جۆرێك لە پەروەردە کە پەروەردەی سێکسیە لە زۆر ولاتی ئەم دونیایە لەتەك پەروەردەکانی (جەستەیی، عەقلی، نیشتمانی ، ئاینی ... تاد) هەیە .

ئایا پەروەردەی سێکسی دژی پەروەردەی ئاینییە؟

بەداخەوە هەندێك لە دایك و باوك و مامۆستایان بۆچوونیکی هەڵەیان لەلا دروست بووە، ئەویش ئەوەیە کە پەروەردەی سێکسی حەرامە و دژی داب ونەریت و بەها کۆمەلایەتی و ئاینیەکانە، بەلام لە راستیدا وانیە و نەك دژایەتی لە نێوانیاندا نییە بەلکو پەروەردەی سێکسی پراکتیزە کردنی زۆر ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرە (د.خ)، لەبەر ئەوەی خودای گەورە خۆی کۆئەندامی زاووزێی بە مرۆڤ بەخشیوە بە هیچ شێوەیەکیش بەکار هێنانی ئەو ئەندامانەو تێرکردنی رەمەکی سێکسی لەمرۆڤ حەرام نەکردووە، بەلکو رێگەی پێداوە، بەلام مەرج و شێوازی دروست و راستی بۆ داناوە، بۆ ئەوەی کەرامەت و گەورەیی مرۆڤ بپارێزدرێت و لە ئاژەڵ و بوونەوەرەکانی تر جیا بکرێتەوە .

بە پێی بە هاکانی ئاینە ئاسمانیەکان، پێویستە مرۆڤ رەمەکی سێکسی لە رێگەی شووکردن و ژنهێنانەوە تێر بکات، کە ئەوەش کارێکی ئەوەندە گران و زەحمەت نییە و لەتەك رێچکەی گەشەکردنی مرۆڤدا جووت یەکەو هیچ دژایەتیەك لە نێوانیاندا نییە،

لەبەر ئەوەی لە قۆناغی هەرزەکاری بە دواوە سیکسە گلاندەکان پێدەگەن و گوڕوتین و حەزوو ئارەزووی سیکسی چەکەرە دەکەن. لەو کاتەش بەدواوە وردە وردە هەرزەکار دەتوانێت بە چالاکی و ماندوو بوونی خۆی و هاوکاری کەس وکار هاوسەری ژیانی خۆی هەڵبژێرێ و ئەو رەمەکە تێر بکات ئینجا ئەگەر ماوەیەکیش دوا کەوت، ئەوا دەتوانرێت لە رێگەی برگەو پرۆگرامەکانی پەروەردەیی سیکسیەوە رێنمایی و ئامۆژگاری پێویست بکرێت و بواری جۆرەها چالاکی هونەری و زانستی و ئەدەبی و وەرزشی و کۆمەڵایەتی بۆ هەرزەکار و لاوان برەخسێندرێت و لە میانەیانەوە گڕوتینی ئەو رەمەکەیان کەم بکەنەوە، بۆ ئەوەی زیان بە باری دەروونی و داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتیە راستیەکان ئەگەیەنێت .

بەڵام ئەگەر لاوو مرۆڤی کۆمەڵەکەمان هەر نەتوانێت هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێت و ئەو رەمەکە فسیۆلۆژیەی تێر بکات، ئەو کاتە ئایێ بەر پرسیار نییە بەڵکو بەر پرسیارو تاوانی سەرەکی کۆمەڵ و دام و دەزگاکانیەتی، لەبەر ئەوەی کوڕو کچ بە ژمارەی پێویست هەن، بەڵام خێزان و کۆمەڵ بە ئەزانی خۆیان ژمارەیەك کۆسپ و تەگەرە وەك (شیربایی، ژن بە ژن، گەورە بە بچووك، کچ دان لە بری خوێن، داواکاری زۆر، ئاهەنگ و خەرجی و ئاڵتوون، نەبوونی وهەژاری، بەرز فڕی کچ یان کوڕ، هۆکاری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریان ... تاد)، خستۆتە بەردەم پێکەوە نانی خێزان و شووکردن و ژن هێنان، کە ئەوانەش بوونەتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە کوڕان ژن ئەهێنن و ژمارەیەکیش لە کچان شوونەکەن کە ئەمەش تاوانەکەی لە ئەستۆی خێزان و کۆمەڵدایە و پێویستە لە مەودوا هەوڵی لابردنی ئەو کۆسپ و تەگەرانە بدرێت و لە جیاتی ئەوە ئاسانکاری بۆ لاوان بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن لە کاتی گونجاودا هاوسەری ژیانی خۆیان هەڵبژێرن .

پەروەردەی سیکسی چۆن پێشکەش بکرێت؟

لایەنەکانی کەسایەتی مرۆڤ زۆرن لەوانە (کۆمەڵایەتی، هەڵچوونی، جەستەیی، عەقلی، ئاکاری، زمان و گفتی، سیکسی ... تاد) بۆ هەر لایەتێك جۆرە پەروەردەیەکی

تایبەتی هەیە و مەبەستی سەرەکی گەشە پێکردن و پەرەپێدانی ئەو لایەنەیە، دواتر هەموو جۆرە پەروەردەکان لە خاڵێکدا یەك دەگرنەوە، ئەویش پەروەردەکردنی مرۆڤە بەجۆرێك بتوانێت لەتەك کۆمەڵ و دەوروبەرەکەیدا خۆی بسازێنێ و کەسێکی داهێنەر یان سوود بەخش و بەرهەم هێنەری لێدەربچێت . هەموو جۆرە پەروەردەکانی تر بابەت و بەرنامە و پرۆگرامی تایبەتی و سەربەخۆ بە خۆیان هەیە.

ئینجا لەبەر رۆشنایی ئەو جۆرە پەروەردانە، دەکرێت پەروەردەی سێکسی بابەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت و لە دوو توێی کتێب و نووسراوەکاندا بدرێت بە قوتابی و دایك و باوك و مامۆستا و لە چوارچێوەی قوتابخانە و دام و دەزگا زانستی و پەروەردەییەکاندا بخوێندرێت؟ زۆر لە دەروونزان و پەروەردیاران لە گەڵ ئەوە نین کە بابەتی پەروەردەی سێکسی وەك وانەیەکی سەربەخۆ بخوێندرێت بەڵکو دەبێت زانیاری و بابەتە سێکسیەکان لە رێگەی وانە و بابەتەکانی تری خوێندنەوە بدرێت بە قوتابی و لە لایەنی سێکسیەوە رۆشنبیر بکرێت و وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانیان بدرێتەوە .

زۆربەی بابەتەکانی قوتابخانە گونجاون و دەتوانرێت لە رێگەیانەوە زانیاریەکانی بواری پەروەردەی سێکسی بدرێت بە قوتابیان، بۆ نموونە لە رێگەی بابەتی زیندەوەرزانیەوە، دەتوانرێت زۆر زانیاری دەربارەی (کۆئەندامی زاووزێ و بەشەکانی، ئەرکەکانی کۆئەندامی زاووزێ، چۆنیەتی دروست بوونی مرۆڤ و قۆناغەکانی گەشەکردنیان، گرنگی و کاری سێکسە گلاندەکان، جیاوازی نێوان نێرو مێ، زیاد بوون لە رووەك و ئاژەڵ و مرۆڤ... تاد) بدرێت بە قوتابی، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە پەروەردەی سێکسی و وەڵامی زۆر پرسیاری ناو دڵ و دەروونی قوتابی دەداتەوە.

بەڵام بەداخەوە زۆر لەمامۆستایانی زیندەوەرزانی ئەو بەشە لە وانەکە پشت گوێ دەخەن و بە قوتابیان دەڵێن خۆتان لەماڵەوە بیخوێننەوە، کە ئەمەش هەڵەیەکی زۆر گەورەیە و لە زۆر لایەنەوە زیان بە قوتابی و پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەگەیەنێ،

چونکە بەشێکی گرنگ کە بۆ فێرکردن دانراوە ئەوانیش پشت گوێی دەخەن، هەروەها ئەو پشت گوێ خستنەش خۆی لە خۆیدا مانا و کۆمەڵێك پرسیاری تەم و مژاوی لەلای قوتابیان دروست دەکات و ئەو بۆچوونە هەڵەیە لە لای هەندێك قوتابی بە هێز دەکات کە لەو بڕوایەدان، سێکس و ئەندامەکانی زاووزێ شتێکی ترسناك و بڤە و قەدەغەکراون و نابێت باسبکرێن، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا شتێکی نابەجێیە و زۆربەی ئەو جۆرە قوتابیانە تووشی گرفت و گرێی دەروونی دەکات، سەرەڕای ئەوەش قوتابیان خۆیان لەو قۆناغەدا ئەو توانایەیان نییە کە بەتەنها خۆیان بتوانن لەو بابەتە هەستیارو گرنگە تێبگەن و ناکامە سەرەکیەکانی وەك مامۆستا پێبگەن، دووریش نییە لە کاتی خوێندنەوەیان بە هەڵە و چەواشەکاری لێیان تێبگەن.

لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە لەمەودوا هیچ مامۆستایەك ئەو بەشە گرنگە پشت گوێ نەخات و ئەگەر هەر کەم و کورتیش هەبوو، ئەوا پێویستە وەزارەتی پەروەردە بە فەرمانێك ئەو لایەنە یەکلا بکاتەوەو سزای ئەو مامۆستایانەش بدرێت کە سەرپێچی دەکەن، بەڵام پێویستە مامۆستای زیندەوەرزانی پیاو لە قوتابخانەی کوران و مامۆستای زیندەوەرزانی ئافرەتیش لە قوتابخانەی کچان دابنرێت، چونکە هەندێك حاڵەتی پێچەوانە لە چەند قوتابخانەیەك هەن، کە لەوانەیە ئەوە هۆی سەرەکی بێت بۆ پشت گوێخستنی ئەو بەشە گرنگەی بابەتی زیندەوەرزانی .

وانەی ئاینیش بابەتێکی گرنگی ترە و دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە زۆر زانیاری تر دەربارەی ئەو ئایەت و فەرموودانەی پەیوەندییان بە (ژن و مێرد و شووکردن و ژن هێنان و چۆنیەتی تێر کردنی رەمەکی سێکسی و پەیوەندی نێوان نێر و مێ و زیانەکانی داوێن پیسی (زینا) و لادانی سێکسی ... تاد) یەوە هەیە بدرێن بە قوتابی بۆ ئەوەی سنوور و شێوازو چۆنیەتی تێرکردنی ئەو حەزوو ئارەزووە سێکسیانە بزانێت و لە ژیانی داهاتوودا سوودیان لێوەربگرێت .

هەروەها دەتوانرێت لە ڕێگەی وانەکانی ئەدەب و هونەرەوە، باسی پیرۆزی پەیوەندی نێوان نێرو مێ و چیرۆکی خۆشەویستی پاکی دلداران و ڕێزگرتنی هاوسەری ژیان و ... تاد) بۆ قوتابی بکرێت بۆ ئەوەی بە چاوی ڕێزو خۆشەویستی نەک گومان و دوو دلی سەیری توخمەکەی تر بکات و راو بۆچوونێکی پۆزەتیف و باشی دەربارەی توخمەکەی تر لەلا دروست ببێت، کە ئەمەش دەبێت بە بنەما بۆ سەرکەوتنی لە ژیانی هاوسەریدا. وانەی جوگرافیاش بابەتێکی گرنگە بۆ ئەوەی قوتابی زانیاری دەربارەی مەترسیەکانی زۆربوونی لە ناکاوی دانیشتوان کە بە بێ ئەخشەو پلان زیاد دەکەن دەست بکەوێت، هەروەها لە میانەی پەروەردەی خێزانیەوە دەتوانرێت زانیاری دەربارەی پێکهاتەی خێزان و ئەرکی ژن و مێرد و پەیوەندی نێوانیان و زیانەکانی تەلاق بە قوتابی بدرێت .

کەواتە دەتوانرێت لەڕێگەی زۆربەی بابەتەکانی قوتابخانەوە، پەروەردەی سێکسی پێشکەش بە قوتابیان بکرێن، بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا کەسانی دەروون دروستیان لێدەربچن و لە گرفت و نەخۆشی دەروونی و کۆمەلایەتی دووربن .

<u>پەروەردەی سێکسی لە ئەستۆی کێدایە؟</u>

پەروەردەی سێکسی زۆر فراوانە و لق و پۆپی زۆری لێدەبێتەوەو تایبەت بە قۆناغێکی ژیان نیە بەلکو زۆربەی ژیانی مرۆڤ بەردەوام دەبێت. لەبەر ئەوە لە توانای کەس و دام دەزگایەکی تایبەتی دیاریکراودا نییە کە بەو کارە هەلبستێت. بۆیە ئەرکی پەروەردەی سێکسی لە ئەستۆی هەموو تاکەکانی کۆمەلدایە لە پێشەوەی هەموویان دایک و باوک و مامۆستا و پزیشک و دەروونزان و کۆمەلزان و مامۆستایانی ئایینی .

یەکەم دامەزراوی کۆمەلایەتی کە ئەرکی پەروەردەی سێکسی لە ئەستۆدایە خێزانە، لەبەر ئەوەی یەکەم دامەزراوی کۆمەلایەتیە کە بە ئەرکی پەروەردەکردنی مندال هەلدەستێت. مندال لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانەی پێویستی زۆری بە پەروەردەی سێکسی هەیە و بەردەوام پرسیار دەربارەی (جیاوازی نێوان کوڕ و کچ، مندال چۆن دەبێت، بۆ ئەو کوڕە یان کچ، مندال چۆن دروست دەبێت، بۆ هەندێک مندال بە مردوویی لە دایک

دەبن ... تاد دەکات، کە ئەرکی دایک و باوکە بەبێ هەڵچوون و شەرم و سووربونەوە و بە زمانێکی سادەو ساکار کە لەگەڵ گەشەکردنی عەقڵی منداڵ و تەمەنەکەی بگونجێت، وەڵامی زانستی منداڵەکان بدەنەوە، واتە نابێت راستیەکانیان لێبشارینەوە و بە هەڵە وەڵامیان بدەینەوە یان بە هەر چ شێوەیەک بێت لە کۆڵی خۆمانیان بکەینەوە، چونکە ئەوە زیانی گەورە بە باری دەروونی منداڵەکە دەگەیەنێت و متمانەش لە نێوان دایک و باوک و منداڵدا لاواز دەکات.

بۆ نموونە کاتێک منداڵ پرسیار لە باوکی یان دایکی دەربارەی دروست بوونی و چۆنیەتی منداڵ بوون دەکات، ئەگەر دایک و باوک بە شێوەیەکی زانستیانە لە ڕێگەی نموونەیەکی وەک (کوڕم ئێمە دەنگە گەنم یان جۆ یان تۆوی تەماتە و بامیە ناخەینە ناو زەویەوە، دوای ئەوە ئاوی دەدەین و ڕۆژ لە دوای رۆژ گەورە دەبێت دوای ماوەیەک بە تەواوی پێدەگات بێگومان منداڵەکە زانیاری لەو بارەیەوە هەیە و دەزانێت لە وەڵامدا دەڵێت ڕاستە وایە ئەو کاتەش باوک یان دایک بە منداڵەکەی بڵێت، کەواتە منداڵیش یەکەم جار وەک ئەو تۆوە وایە و لەناو سکی دایک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورە دەبێت، چونکە دایک نان و ئاوو میوە و گۆشت دەخوات و منداڵەکەش خواردن لە دایکی وەردەگرێت، ئیتر دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ لە دایک دەبێت).

دەتوانرێت بە زۆر شێواز وەڵامی پرسیاری (منداڵ بوون) بدرێتەوە، بۆ نموونە دەتوانرێت سوود لە ڕووداوی ڕۆژانە (کە منداڵ لە ماڵدا دەبێت) وەربگیرێت. یان لەڕێگەی سەردانی باخچەی ئاژەڵان و گوندو ئەو شوێنانەی کە باڵندە و ئاژەڵی لێیە، دوور نییە لە ناو ماڵدا زۆربەمان باڵندە و ئاژەڵمان هەبێت تا لەم کاتەدا دەتوانین سوود لە (دایک بوونی ئاژەڵ یان پاڵکەوتن و کڕکەوتنی باڵندە لەسەر هێلکەو کاتی تروکاندنی) وەربگرین و منداڵ وەڵامی پرسیارەکەی دەست دەکەوێت، هەروەها زۆر فیلم و بینراو لە تەلەفزیون دەربارەی ئەو بابەتانە پیشان دەدرێن، دەتوانین سوودی زۆریان لێوەربگرین. بەڵام گریمان باوک و دایک بەشێوەیەکی ڕاست وەڵامی ئەو پرسیارەی منداڵەکەیان نەدایەوە لە جیاتی ئەوە گوتیان، وەڵا لە بازاڕ دۆزیمانەوە. یان بەیانی لە خەو هەستاین

ئەم منداڵە لە ماڵمان بوو (بەداخەوە هەندێك دایك و باوك وا دەڵێن) بێگومان ئەم جۆرە وەڵامە زیانی زۆرە، با بڵێین منداڵەکە بڕوای کرد، ئەو کاتە ئەو وەڵامە دەبێتە مایەی پەستی و دڵتەنگی و شێواندنی مانای خوشك و برایەتی، سەرەڕای ئەوەش مەترسی ئەوەی لە لا دروست دەبێت کە پاش ماوەیەکی تریش بچن لە بازاڕ یەکێکی تر بدۆزنەوە یان شەوێکی تریش منداڵێکی تریان بۆ بهێنن، چونکە منداڵ چکۆسی (غیرە) لە منداڵی تازە لە دایك بوو دەکات و بەرکە باری (منافس) خۆی دەزانێت.

یان با بڵێین منداڵ لە منداڵانی تر وەڵامێکی تری دەست کەوت یان بڕوای بە قسەکانی دایك و باوکی نەکرد، ئاڵەم کاتەشدا گومان و دوو دڵی و بێ متمانەیی لە ناو دڵ و دەروونی ئەو منداڵەدا چەکەرە دەکات و پەیوەندی نێوان منداڵ و دایك و باوك کرمۆڵ و قرچۆڵ دەکات. کەواتە نابێت بە هیچ شێوەیەك ڕاستیەکان لە منداڵ بشارینەوە، چونکە شاردنەوە یان وەڵامی هەڵە زۆر بەردەوام نابێت و درەنگ بێت یان زوو منداڵ هەر وەڵامی ڕاستی دەست دەکەوێت. ئەو کاتەش ئێمە دەکەوینە حاڵەتێکی شلۆق و ناخۆش .

هەروەها خێزان نەك لە قۆناغی منداڵی بەڵکو لە قۆناغی هەرزەکاریش ڕۆڵی خۆی هەیە و زۆر پێویستە دایك وەك خوشکێکی گەورە و دڵسۆز زانیاری ڕاست و تەواو دەربارەی سووڕی مانگانە (بێ نوێژی) (العادة الشهرية) و گۆڕانکارییە فسیۆلۆژیەکانی سەردەمی هەرزەکاری بە کچەکانی بدات، بۆ ئەوەی لە ئەنجامی نەزانینەوە تووشی ترس و دڵە ڕاوکێ و خەم و خەفەت نەبن، هەروەها دەبێت باوکیش ڕۆڵی برایەکی گەورە و دڵسۆز بگێڕێ و زانیاری پێویست دەربارەی قۆناغی هەرزەکاری و گۆڕانکارییەکانی بە کوڕە هەرزەکارەکانی بدات .

قوتابخانەش ئەرك و فەرمانەکانی خێزان تەواو دەکات و دامەزراوی کۆمەڵایەتی دووەمە کە پێویستە ڕۆڵی خۆی هەبێت لە پەروەردەی سێکسی، چونکە زۆر دایك و باوك نەخوێندەوارن یان خۆیان زانیاری تەواویان دەربارەی سێکس و پێداویستیکانی

منداڵەكانیان نیە و ناتوانن وەڵامی راستی منداڵەكانیان بدەنەوە، ئا لەم كاتەدا ئەركی سەرەكی مامۆستایە كە لە ڕێگەی ئەو بابەتەی دەیڵێتەوە، بە پێی تواناو پسپۆڕی خۆی وەڵامی هەندێك لە پرسیارەكانی منداڵ و هەرزەكار بداتەوەو ڕێنمایی پێویستیان بكات، هەروەها پێویستە رابەری پەروەردەیی و دەروونی قوتابخانەكانیش ڕۆڵی خۆیان لە پەروەردەی سێكسی و چارەسەر كردنی گرفتە سێكسیەكاندا هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەوان زیاتر لە مامۆستایان لە پێشترن و بواری پسپۆڕیان زۆر نزیكە لە پەروەردەی سێكسی و ئەو كارە یەكێكە لە ئەركەكانیان.

سەرەرای دایكان و باوكان و مامۆستایان و رابەری پەروەردەیی و دەروونی، مامۆستایانی ئایینی و پزیشكان و ڕۆشنبیرانیش دەتوانن لە ڕێگەی راگەیاندن و مزگەوت و بەستنی كۆڕو كۆبوونەوەو سیمینارەوە ڕۆڵی خۆیان لە پەروەردەی سێكسیدا بگێڕین، بۆ ئەوەی ڕۆڵەكانمان تووشی لادانی سێكسی و گرفت و نەخۆشی دەروونی و كۆمەلایەتی نەبن

ئامانجەكانی پەروەردەی سێكسی:-

مەبەستی سەرەكی پەروەردەی سێكسی هێنانە دی ئەم ئامانجانەی خوارەوەیە :-

١- هەموو تاكێك زانیاری پێویستی (بەپێی قۆناغ و تەمەن) دەربارەی چالاكیە سێكسییە پەسەندكراوەكان دەست بكەوێت .

٢- فێر بوونی ناوی زانستی ئەندامەكانی زاووزێ .

٣- زانینی ئەو چالاكیە سێكسیانەی كە تاك بەرەو هەڵدێرو داوێن پیسی و لادانی سێكسی دەبەن.

٤- تاك بیرو باوەری ڕاست و پۆزەتیڤانەی دەربارەی توخمەكەی تر لە لا دروست ببێت و بە چاوی ڕێزیشەوە سەیری بكات .

٥- مرۆڤ فێری چۆنیەتی كۆنترۆڵكردنی رەمەك و حەزوو ئارەزووە سێكسیەكانی بكرێت و لە توانایدا هەبێت كە لەو ورووژێنەرو هۆكارانە دوور بكەوێتەوە كە زیان بە باری دەروونی و داب و نەریت و بە های كۆمەلایەتی دەگەیەنن .

٦- تاك فێری بەها ئاینیەكان و شێوازی راستی تێركردنەكانی حەزوو ئارەزووی سێكسیەكان بكرێت، بۆ ئەوەی كەسایەتی و ناسنامەی خۆی لە دەست نەدات .

٧- دەبێت مرۆڤ (نێر بێت یان مێ) شانازی بە توخمەكەی خۆی بكات بە چاوی سووك سەیری نەكات .

٨- ئامادەكردنی منداڵ لە دوای قۆناغی منداڵی بۆ قۆناغی هەرزەكاری و رازی بوون بە هەموو ئەو گۆڕانكاریانەی كە لە قۆناغی هەرزەكاری ڕوودەدەن .

ئامرازەكانی گەیاندنی زانیاریە سێكسیەكان :-

وەڵام دانەوەی پرسیارەكانی منداڵان و هەرزەكاران و هێنانە دی ئامانجەكانی پەروەردەی سێكسی كارێكی ئاسان نییە و پێویستیان بە كۆمەڵێك كەرەستەو ئامراز هەیە. لە گرنگترین كەرەستەو ئامرازەكان ئەمانەی لای خوارەوەن :-

١. پرۆگرام و بابەتەكانی خوێندن، هەریەك لەو بابەت و پرۆگرامانە (وەك لە پێشتر باسمان كردن) رۆڵی سەرەكیان هەیە لە رۆشنبیر كردن و پێدانی زانیاری بە منداڵان و هەرزەكاران .

٢.سەردانی باخچەی ئاژەڵان، كاتێك منداڵ و هەرزەكار لە نزیكەوە پرۆسەی جووت بوونی ئاژەڵ و باڵندەكان و چۆنیەتی لە دایك بوون و تروكاندنی هێلكەكان و پەیوەندی نێوان ئاژەڵ و باڵندە نێرو مێیەكان دەبینن، ئەوا وەڵامی زۆر پرسیاریان چنگ دەكەوێت كە بە داخەوە ئێمەی گەورە لێی رادەكەین، كە ئەوەش هەڵەیەكی گەورەی ئێمەیە، چونكە ئەگەر ئێمەش وەڵامیان نەدەینەوە، ئەوا دەچن لە گۆڤارو رۆژنامەو فیلمی نا پەروەردەیی یان برادەری خراپ یان سەرچاوەی تری بڤە و ترسناك بە دوایدا دەگەڕێن، كە دوور نییە

بە هەڵەو چەواشەکاری دەستیان بکەوێت و دواتر تووشی گرفت ببن و هەتا مردن بە دەستیەوە بناڵێنن .

٣. فیلم و بابەتی تۆمارکراوی زانستی تایبەت بە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ و پێک هاتە و کارو فەرمانەکانیان.

٤. سەردانی مۆزەخانەو پێشانگا زانستیەکان، بە تایبەتی ئەوانەی کە تایبەتن بە پەیکەرو کۆئەندامەکانی باڵندە و مرۆڤ و ئاژەڵ، بۆ ئەوەی قوتابی یان منداڵ و هەرزەکار لە نزیکەوە سەیری ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ بکەن و خۆیان بگەنە راستی جیاوازی نێوان نێرو مێ و ئەندامەکانی زاووزێیان .

٥. قۆستنەوەی ڕووداوەکانی ڕۆژانە (لە دایک بوونی منداڵی نوێ، مردن و شوشتن و ناشتنی مردوو، شتنی منداڵی بچکۆلە، شیردان بە منداڵ ... تاد) کە لە میانەیەوە منداڵ زۆر زانیاری پێویستی دەربارەی سێکس دەست دەکەوێت و دەتوانین ئێمەی گەورەش بۆ وەلامدانەوەی منداڵەکانمان سوودیان لێ وەربگرین .

٦- زۆر گرنگە قوتابخانەو زانکۆ و پەیمانگاکانیش بە پێی پێویست میوانداری کەسانی پسپۆرو شارەزا لە بواری سایکۆلۆژیا و پزیشکی و ئەو جۆرە پەروەردەیەدا بکەن، بۆ ئەوەی سیمینار یان کۆڕێک دەربارەی پەروەردەی سێکسی و پێداویستیەکانی قوتابیان پێشکەش بکات و دوای ئەوەش گفت و گۆ دەربارەی ناوەڕۆکی باسەکە بکرێت .

چەند پێشنیارێک بۆ دایکان و باوکان و مامۆستایان

١. دەبێت ئەو زانیاریانەی پێشکەش دەکرێن لە ئاستی تەمەن و تێگەیشتنی ئەو کەسە بێت کە پێشکەشی دەکرێت .

٢. نابێت زانیاریەکان تەم و مژاوی و ئاڵۆز بن، بەڵکو پێویستە بە زمانێکی سادەی بێ گرێ و گۆڵ بێت .

٣. دەبێت قسەکان بنەمای زانستیان هەبێت و دوور بن لە خورافیات و زیادە ڕۆیی .

٤. پێویستە وەڵامەکانمان ئەوەندەی پرسیارەکە هەڵدەگرێت، بێت و زیادەڕۆیی نەکەین .

٥. نابێت لەکاتی وەڵامدانەوە زمانمان تەتەڵە بکات و دەم و چاومان سوور هەڵبگەڕێ و بەرانبەر وا تێبگات کە تاوانێکی کردووە و نەدەبوایە ئەو پرسیارە بکات .

٦. نابێت دایک و باوک جیاوازی لە نێوان منداڵەکانیان بکەن و کوڕەکانیان زیاتر لە کچەکانیان خۆشتر بوێت، چونکە ئەو مامەڵەیە دەبێتە هۆی دروست کردنی رق و کینە لەلای کچ بەرامبەر کوڕ لەلایەک هەروەها سەیرکردنی کچ بە چاوی سووک لەلایەکی تر، واتە کوڕەکە وا تێدەگات کە کچ لە کوڕ کەمترە. ئەوەی زیاتریش قورەکە خەستتر دەکاتەوە ئەوەیە ئەگەر بێت و باوکیش لەبەر چاوی منداڵەکانی بەردەوام سووکایەتی بە ژنەکەی بکات و لێی بدات، کە سەرجەم ئەو هەڵس و کەوتانە هەست و بیرو بۆچوونێکی هەڵە لە ناو دڵ و دەروونی منداڵەکاندا بەرامبەر خێزان و هاوسەری ژیان و پەیوەندی نێوان ژن و مێرد دروست دەکات کە دوور نیە لە پاشە ڕۆژدا بە زیانیان تەواو ببێت .

٧. زۆر گرنگە سەنتەرو جێگای پێویست بۆ کات بەسەر بردن و ڕاهێنان و فێرکردنی ڕۆڵەکانمان بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی لەلایەک کاتی خۆیان بەشتی بە سوودەوە خەریک بکەن و لەلایەکی تریشەوە ئەو حەزوو ئارەزووە سێکسیە کپ کراوانەشیان لە ڕێگای چالاکیە هونەری و وەرزشی و ئەدەبی و زانستیەکانەوە لە میانەی سەرخستن (الاعلاء)دوە بە تاڵ بکەنەوە.

٨. پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستایان ئەو ڕاستیە بزانن کە دەبێت پەروەردەی سێکسی شان بە شانی گەشەکردنی عەقڵی و کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی منداڵ و هەرزەکار بڕوات، واتە یەکەم جار منداڵ پرسیار لە جەستەو لەش و لاری خۆی دەکات و بە لەشی خوشک و براو هاوەڵەکانی بەراورد دەکات و پرسیار دەربارەی ئەندامەکانی زاووزێ ی دەکات، دواتر پرسیار لە ئەرک و فەرمانەکانی دایکی دەکات و بە دوای وەڵامی چۆنیەتی منداڵ دروست بوون و لە دایک بووندا دەگەڕێ دوای ئەوەش ئیتر پرسیار لە ئەرک و ڕۆڵی باوک لە پرۆسەی منداڵ بووندا دەکات و لە کۆتایشدا بە دوای وەڵام و چۆنیەتی چارەسەر کردن و جۆری گیروگرفتە سێکسیەکانی قۆناغی هەرزەکاریدا دەگەڕێت .

پیشەوکار لە قۆناغی هەرزەکاری

زۆربەی دەروونزانەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە کاروپیشە گرنگی خۆیان لە تەواوکردنی کەسایەتی مرۆڤدا هەیە، سەرەتای دەست پێکردنی کارو پیشەیەکی نیمچە نەگۆڕ لە قۆناغی هەرزەکاری سەرهەڵدەدات، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە لە قۆناغی هەرزەکاری بەدواوە کارو پیشەیەك بۆ هەرزەکار دابین بکرێت، بۆ ئەوەی لە میانەیانەوە هەست بە بوونی خۆی بکات و لە ڕێگەی پیشەکەیەوە هەندێك لە حەزوو ئارەزووەکانی تێر بکات. لە گرنگترین باشیەکانی کارو پیشە ئەمانەی لای خوارەوەن :-

١- پیشەوکارێك دەبێت بە دەروازەیەك بۆ دابین کردن و دەست کەوتنی سەرمایەی ماددی و باش کردنی باری ئابووری هەرزەکار، ئینجا لەبەر ئەوەی هەرزەکار بەدوای ناسنامەی خۆیدا دەگەڕێ و دەیەوێت سەربەخۆیی خۆی هەبێت و پاشکۆی کەس نەبێت. بۆیە بوونی پیشەوکارێکی نیمچە نەگۆڕ سوودو قازانجێکی زۆر بە هەرزەکار دەگەیەنێت و بواری سەربەخۆ بوونی بۆ دەرەخسێنێت .

٢- پیشەوکار دەبێت بەسەرچاوە بۆ دابین کردن و هێنانە دی زۆر لە ئامانجەکانی هەرزەکار.

٣- زۆر لە هەرزەکاران دەتوانن لە ڕێگەی پیشەوکارێکەوە گوزارشت لە حەزوو ئارەزووە کپ کراوەکانیان بکەن. هەردوو رەمەك و خۆڕسکی سێکس وشەڕ خوازی لە هەموو رەمەکەکانی تر زیاتر ڕووبەڕووی هەڕەشە و چاولێسوورکردنەوە و کپ کردن دەبن، ئینجا زۆر جار دەتوانرێت لە ڕێگەی میکانیزمی دەروونی سەرخستن و بەرزکردنەوە (الاعلاء أو التسامي) ئەو رەمەکە سێکسی و شەرخوازیانە بۆ کارو چالاکیەکی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵ لێی رازی بێت بگۆڕدرێت.بۆ نموونە دەتوانرێت لە ڕێگەی بۆکسێن و زۆرانبازی یان

چوونەڕیزی ئاسایش و سەربازی. هەندێك لە حەزوو ئارەزووە شەڕ خوازییەکانی هەرزەکار تێر بکرێت و لەلادان و تاوان و سەرە ڕۆیی رزگار بکرێت .

٤- پیشەوکار بواری تێکەلاو بوونی کۆمەلایەتی بۆ هەرزەکار دەڕەخسێنێ و لە میانەی ئەو پیشەوکارەوە شارەزای کۆمەلْ و دام و دەزگا و زۆر داب و نەریتی کۆمەلایەتی دەبێت.

٥- مرۆڤ ئەگەر هیچ ئیش وکاری نەبێت، ئەوە زۆر بەزەحمەت تۆوی هەست کردن بە لێپرسراویەتی لە ناخیدا دەچێندرێ، بەلام ئەگەر خاوەنی پیشەوکارێك بوو، ئەوا ئەو کاتە ئەو پیشەو کارە ناچاری دەکات کە هەست بە لێپرسراویەتی بکات و هەرچ کەم و کورتیەك لە بەئاکام گەیاندنی کارەکەی ڕوویدات ئەوا ڕووبەڕووی هەڕەشەو گلەیی و سزا دەبێتەوە.

هەلبژاردنی پیشەوکار پەیوەندە بە زۆر فاکتەرەوەو ئەو فاکتەرانە ڕۆلی خۆیان دەبینن، لە گرنگترین فاکتەرەکانیش ئەمانەی لای خوارەوەن :-

١- هەندێك جار ئەو ژینگەو بارو دۆخەی کە هەرزەکار تێیدا دەژی دەبن بە فاکتەری سەرەکی و پالْ بە هەرزەکارەوە دەنێت کە جۆرە پیشەوکارێك هەلبژێرێت کە لەو ژینگەو دەوروبەرەدا هەن. بۆنموونە ناوچەو گوندێك بە (کشت وکالْ یان ڕاوە ماسی یان کلاش دروست کردن یان قاچاغچێتی ... تاد) بەناوبانگەو زۆربەی خەلکەکە ئەو جۆرە ئیشە دەکەن لەبەر ئەوە زۆر جار هەرزەکاریش ئەو جۆرە پیشە هەلدەبژێرێ .

٢- جاری واش هەیە حەزوو ئارەزووە کپ کراو و تێرنەکراوەکانی سەردەمی مندالی دایك و باوك دەبن بە فاکتەری سەرەکی و هەرزەکار ناچار دەکەن کە ئەو جۆرە پیشەوکارانە هەلبژێرێ کە ئەو حەزوو ئارەزووە خەفە کراوو تێر نەکراوانەی دایك و باوکی تێر دەکەن، هەرچەند هەرزەکار خۆشی بە دلی نییە .

بۆ نموونە دایك و باوك لەسەردەمی هەرزەکاری و لاوی خۆیدا حەزی دەکرد کۆلیژێکی دیاریکراو تەواو بکات یان بچێتە بوارێکی تایبەتیەوە بەلام لەبەر هەر چ هۆیەك بێت (ئابووری، کۆمەلایەتی، رامیاری، پەروەردەیی ... تاد) نەیتوانی لە کاتی خۆی ئەو حەزو ئارەزووەی بهێنێتە دی، بەلام لە هەمان کاتیش بیری نەچۆتەوەو دوورنیە لە بواری هەستیدا نەمابێتەوەو چووبێتە بواری نەستی (اللاشعور) ئینجا لەبەر ئەوە ئێستا دیەوێت بەخۆشی بێت یان ناخۆشی منداڵە هەرزەکارەکەی بچێت ئەو کۆلیژە تەواو بکات یان ئەو بوارە هەڵبژێرێ کە کاتی خۆی باوکی ئاواتی بووە و بۆی تەواو نەکراوە. گومانی تێدا نییە زۆرجار بە زیانی هەرزەکار تەواو دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو خۆی حەزی لەو جۆرە کۆلیژو بوارە نییە .

٣- هەندێك هەرزەکاریش دەچن بە دوای ئەو پیشەوکارانەدا دەگەڕێن کە پارەو پولێکی باشی تێدایە .

٤- جاری واش هەیە هەرزەکار بیر لە هەڵبژاردنی ئەو جۆرە پیشەوکارانە دەکاتەوە کە پلەو پایەی کۆمەلایەتیان هەیە، واتە کۆمەڵ و دام و دەزگاکانی بە چاوی رێزو بەنرخەوە سەیریان دەکەن .

٥- هەندێك پیشەوکار پێویستیان بەرادەیەکی بەرز لە زیرەکی و توانستە عەقلیەکان هەیە، لەبەر ئەوە تەنها ئەو کەسانەی کە ئەو جۆرە زیرەکی و توانستە عەقڵییە تایبەتیانەیان هەیە دەتوانن تیایدا سەرکەوتووبن. واتە لێرەدا فاکتەری سەرەکی زیرەکی و توانستە عەقلیەکانە .

٦- هەندێك جاریش حەزووئارەزووی هەرزەکار رۆڵی سەرەکی لە هەڵبژاردنی پیشەوکاردا دەگێڕن، واتە هەرزەکار خۆی حەزی لە بواری هونەری یان ئەدەبی یان زانستی یان رامیاری

هەيەو هەوڵدەدات پيشەوكارو بوارێكى خوێندن هەڵبژێرێ كە ئەو حەزوو ئارەزووەى تێر دەكات.

ئەمانەى سەرەوە لە گرنگترين ئەو فاكتەرانەن كە رۆڵى سەرەكيان لە هەڵبژاردنى پيشەو كاردا هەيە .

ئينجا ئەگەر بمانەوێت هەرزەكار لە بوارى كاركردنيدا سەركەووتوو بێت و كارو پيشەيەكى ئيمچە ئەگۆڕو بەردەوام بۆ خۆى هەڵبژێرێ ئەوا دەبێت رێنمايى پيشەيى (التوجيه المهني) بكرێت و رەچاوى ئەم خاڵانەى خوارەوە بكرێت :-

١- دەبێت هەرزەكار شارەزايى هەندێك لە پيشەوكارەكانى ناوچەكە و شارو دەوروبەرەكەى ببێت، بۆ ئەوەى بتوانێت يەكێكيان هەڵبژێرێ .

٢- تەنها شارەزا بوون بەس نييە، بەڵكو دەبێت هەرزەكار بزانێت كە هەريەك لەو پيشەوكارانە پێويستيان بەچ شارەزايى و ليزانيەك هەيە و سروشتى ئەو كاروپيشانە چين.

٣- لەلايەكى تريشەوە دەبێت هەرزەكار شارەزاى توانا و ليزانى و شارەزاييەكانى و ئاگادارى خاڵە بەهێزو لاوازەكانى خۆى ببێت .

٤- دەبێت دايك و باوك و مامۆستايان رێنمايى پێويستى كورو كچە هەرزەكارەكانيان بكەن و پێيان بڵێن كە ئێوە ئەوە تواناو ليزانيەكانتانە و ئەوەش پيشەوكارەكانە، ئيتر ئێوە بۆخۆتان سەربەستن لە هەڵبژاردنى ئەو پيشەوكارو بوارى خوێندنانە، بەلام ئيمە پێمان باشە بير لەو جۆرە پيشەوكارانە بكەنەوە كە لەگەڵ توانست و ليزانى و حەزوو ئارەزووەكانتاندا دەگونجێت، بۆ ئەوەى لە ژيانى پيشەيتاندا سەركەووتوو بن .

سایکۆلۆژیای لاوان

لاوان توێژێکی بەرفراوانی کۆمەڵن و رۆڵی سەرەکیان لە پێش کەوتنی شارستانیەت و کۆمەڵگادا هەیە، لەبەر ئەوەی لە ئەو پەڕی گەشەکردنی عەقلی و جەستەیدان و هێزو گوڕوتینیان بێ سنوورە، بەڵام ئەو هێزو گوڕوتینەی لاوان هەر لە خۆیەوە دەرناکەوێت، بەڵکو دەبێت زەمینە و کەش و هەوای دەروونی و کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی خۆی بۆ خۆش بکرێت .

ئینجا ئێمەی گەورەو بەرپرس و مامۆستا، ئەگەر بمانەوێت سوود لە بەهرەو تواناکانی لاوانمان وەربگرین، ئەوا دەبێت بە ناخی لاواندا بچینە خوارەوەو لە سایکۆلۆژیای ئەو قۆناغە گرنگەی ژیان بگەین و بەشێوەیەکی زانستیانە مامەڵەی دروستی لە تەکدا بکەین.

لە گرنگترین خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی قۆناغی لاوێتی، ئەمانەی لای خوارەوەن :-

١- ململانێ ی دەروونی و کۆمەلایەتی :-

یەکێکە لە گرنگترین خاسیەتەکانی قۆناغی لاوێتی، مەبەست لە ململانێ ی دەروونی ئەوەیە کە لاو ناتوانێت بە ئاسانی هاوسەنگیەك لە نێوان حەزوو ئارەزوو پاڵنەرە جیاجیاکانیا دروست بکات، کە ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لاو لە بارێکی دەروونی نیمچە ئاڵۆزدا بژی و بەردەوام هەست بە گرژی و ناڕەحەتی بکات، ئەوەش بە پلەی یەکەم بۆ کەم ئەزموونی و شارەزایی لاو لەلایەك و زۆربوونی (اغراوات) و داواکارییەکانی ژیان لەلایەکی تر دەگەڕێتەوە.

ئینجا بۆ ئەوەی لاو لەو تەنگژەو بارە دەروونیە ئالۆزە ڕزگاری بێت، ئەوا دەبێت بە شێوەیەكی وا پەروەردە بكرێت، كە كەسایەتیەكی بەهێزی هەبێت و لە توانایدا هەبێت لە حەزوو ئارەزووە لاوەكیەكان دوور بكەوێتەوەو لەكاتی خۆیدا بڕیاری گونجاو بدات و خۆی لەو ململانێ دەروونیە ڕزگار بكات، بەلام مەبەست لە ململانێی كۆمەلایەتی ئەوەیە كە زۆر جار لاو دەكەوێتە ناوكێشەو بگرەو بەردەی كۆمەلایەتی و ناتوانێت بە ئاسانی خۆی لەگەل داب نەریت و بەها كۆمەلایەتیە باوەكاندا بگونجێنێ.

ئەوەش بە پلەی سەرەكی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە لاو زۆر لەو بەهاو داب و نەریتە كۆمەلایەتیانە ڕەت دەكاتەوەو لە هەمان كاتیشدا هەول دەدات كە بە داب و بەهاو ڕەوشتی تر بیان گۆڕێتەوە، بەلام ئەو ویست و حەزوو ئارەزووەی لاو بەو ئاسانیە نایەتە دی، بەلكو زۆر جاریش ڕووبەڕووی هەڕەشەو سزادانی كەسانی چواردەوری دەبێتەوە، لەبەر ئەوە دەبینین بەردەوام لە هەموو كۆمەلگاكاندا جۆرە ململانێ و ڕووبەڕوو بونەوەیەك لە نێوان ئەوەی نوێ (لاو)و ئەوەی كۆندا (باب و باپیر) هەیە، كە بەداخەوە زۆر جار لەم ململانێ یەدا حەزوو ویستی ئەوەی كۆن سەردەكەوێت و لاویش بەدەم ئازارو برینەكانی سەرنەكەوتنیەوە دەنالێنێ. بێگومان بەردەوام بوونی ئەو حالەتەو چارەسەرنەكردنی كێشەو گرفتەكان، لاو بەرەو هەلدێر و زۆر گرفتی دەروونی و كۆمەلایەتی دەبات .

٢- تازەگەری:-

بەزۆری لاوان حەز بە نوێخوازی و تازەگەری دەكەن و زۆر لە سیستم و شێوازە كۆنە باوەكان ڕەت دەكەنەوە. بەلام بەداخەوە لەم هەولەشیاندا زۆر جار سەركەوتن بەدەست ناهێنن. لەبەر ئەوەی لەلایەك تازەگەری و نوێخوازیەكەیان لەسەر بنەمایەكی پتەو نییە و پلان و نەخشەی زانستی پێویستیان بۆ دانە ڕشتووە، بەلكو جۆرێكە لە لاسایی كردنەوەی كوێرانەی ولاتانی تر، یان دوورە لە حەزوو ئارەزوو پێداویستیەكانی مرۆڤی كورد، لە لایەكی تریشەوە بەداخەوە تا ئێستا لە كۆمەلگای كوردەواری بە چاوی گومان و دوو دلیەوە

دەرواننە داواکاری و حەزوو ئارەزووەکانی لاوان. کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە و بە زەرەرو زیانی کۆمەڵەکەمان تەواو دەبێت. باشترین ڕێگا چارەش بۆ دەرباز بوون لەو کێشەیە ئەوەیە کە لەلایەك لاوان لە خراپی وزیانەکانی لاسایی کردنەوەی کوێرانەی هەندێك مۆدەو ڕێبازو شێوازی ژیانی کۆمەڵگاکانی تر ئاگادار بکرێنەوەو لە لایەکی تریش لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و کۆڕ و کۆبوونەوەکانەوە دایکان و باوکان و مامۆستایان لە ڕەوایی و راست و دروستی زۆر لە داواکاری و حەزوو ئارەزووەکانی لاوان، هۆشیار بکرێنەوە، بۆ ئەوەی ئیمچە تێگەیشتنێك لەنێوان هەردوو نەوەکەدا دروست ببێت، سەرەڕای ئەوەش پێویستە رۆشنبیران پاڵپشتی سەرەکی داواکارییە رەواکانی لاوان بن و چۆك بۆ هەندێك داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دواکەوتوو دانەدەن.

٢- کەسایەتی و ناسنامەی تایبەتی:-

گەڕان بەدوای ناسنامەی تایبەتی و دۆزینەوەی خود یەکێکە لە گرنگترین پێداویستیەکانی لاو. مەبەست لە ناسنامەی تایبەتی ئەوەیە کە لاو بتوانێت وەڵامی پرسیاری (من کێم؟) بداتەوە، کە بەداخەوە زۆربەی لاوانی ئێمە بێ ناسنامەن، ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاوەکو ئێستا ئێمە وەك نەتەوەیەك بێ ناسنامەین و بوونی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری تایبەت بە خۆمان نییە کە ئەمەش لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە. یەکێك لە ڕەنگدانەوە خراپەکان ئەو کۆچە بە کۆمەڵەی لاوانە، کە من پێم وایە گەڕان بە دوای ناسنامە لە گرنگترین هۆکارەکانیەتی. واتە لاو بە مەبەستی دۆزینەوەی خودی خۆی و دەست کەوتنی ناسنامە کۆچ دەکات، بەڵام بەداخەوە زۆر جار ئەو مەبەستەی نایەتەدی کە ئەمەش لە هەندەران لاو تووشی کۆمەڵێك کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری دەکات.

سەرەڕای ئەوەش لاوانی ناوخۆ هەر بەو خەوو خەیاڵەی دۆزینەوەی ناسنامە دەژین بەڵام بەداخەوە بێ کاری و هەژاری و نەبوونی دادگەری کۆمەڵایەتی پێویست و دروست

نەکردنی خێزان، ئەو خەون و خەیاڵانە زیندە بە چاڵ دەکەن، کە ئەوەش ڕەنگدانەوەی ترسناکی لەسەر هەڵس وکەوت و بیرکردنەوەی خراپی لاواندا هەیە ودەبینین پەرەوازەی سەر گروپ و لایەنە جیاجیاکان بوون و هەر کۆمەڵەیان بە ئاراستەی جیاواز لە کۆمەڵەکانی تر کار دەکات کە ئەمەش بە زیانی لاو و کۆمەڵەکەمان تەواو دەبێت. باشترین ڕێگا چارەش پتەو کردنی ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستانە و هەوڵدانە بۆ دەست کەوتنی دان پیانانی نێو دەوڵەتی و چارەسەرکردنی گرفتەکانی بێکاری و هەژاری و نەبوونی دادگەری پێویست و چەسپاندنی یاسایە، بۆ ئەوەی لاوی کوردیش وەك لاوانی هەموو وولاتانی تر هەست بە ناسنامەو بوونی خۆی بکات و جۆرە ئارامیەکی دەروونی دەست بکەوێت.

٤- هەست کردن بە بۆشایی کات:-

دەتوانین بڵێین یەکێك لە گرفتە سەرەکیەکانی لاوانی ئێمە بوونی بۆشایی کاتە (وقت الفراغ)، لەبەر ئەوە بەردەوام دەیان بینین بە تاك و بە کۆمەڵ لەبەردەم بازارو شوێنە گشتیەکاندا یان دەوەستن یان بەبێ ئامانج هات و چۆ دەکەن، یان لە چایخانە و شوێنەکانی تر خۆیان بە کاری لاوەکی و بێ سوودەوە خەریك کردووە، تەنانەت هەندێکیان نەیان توانیوە سوود لە لایەنە باشەکانی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت وەربگرن و لە جیاتی ئەوە خۆیان بە سەیر کردنی هەندێك بەرنامەو پرۆگرام یان یاریکردنی بێ سوودەوە خەریك کردووە. لە بەرامبەر ئەوانەدا ژمارەیەکی زۆر کەم لە لاوانمان توانیویانە ئەو کاتە زۆرەی هەیانە بۆ کارو چالاکیەکی بە سوود تەرخان بکەن.

بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتەش زۆر پێویستە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە قوتابیان و لاوان هەوڵی کردنەوەی جۆرەها سەنتەرو پەیمانگا و بنکە و خولی تایبەتی بە هوشیار کردنەوەو فێر کردن و ڕاهێنانی لاوان بدەن، بۆ ئەوەی سوود لەو کاتە زۆرەی بێ کارییان وەربگیرێت و لاوان لەو جێگایانە خۆیان بەکارو چالاکیەکانی (هونەر، وەرزش، ئەدەب، زانستی، ... تاد) یەوە خەریك بکەن و لە ڕێگەیانەوە لە لایەك بەهرەو تواناکانیان بدۆزرێتەوە لە لایەکی تریشەوە لە سوڕاندنەوەو هاتووچۆی شوێنە نا دروست و نا پەروەردەییەکان دوور بخرێنەوە .

گرفتەكانی لاوان و چۆنیەتی زاڵ بوون بەسەریاندا

لەوانەیە كەسانێك هەبن و لەو بڕوایەدابن كە خەڵكی وا هەیە هیچ گیروگرفتێكیان نییە وخۆزگەیان پێدەخوازن، بەڵام بەداخەوە ئەوان هەڵەن و بیروباوەڕەكانیان دوورە لە راستیەوە، چونكە مرۆڤ نییە لە دونیادا گیروگرفت و ناخۆشی لە ژیانیدا نەبێت. لەبەر ئەوەی زۆر گیروگرفت ڕوو بەڕووی مرۆڤ دەبێتەوەو تووشی بووە، كە ئەو مرۆڤە هیچ ئیرادەو ویستێكی لە دروست بوونیاندا نەبووە. بۆ نموونە (ناوی ناخۆش گرفتی بۆ دروست دەكات، لە خێزانێكی هەژارو دەست كورتدا لە دایك بووە، دایك و باوكێكی كەللە ڕەق و ڕەزیلیان هەیە، شێوەو باڵاو جەستەی ناشیرینە، دواكەوتنی زیری هەیە، مامەڵەی خراپی لەگەڵ دەكەن، تووشی نەخۆشی و بێ كاری دەبێت، نەیان هێشتووە خوێندن تەواو بكات، جیاوازی لە نێوان ئەوو خوشك و براكانی تریدا دەكەن، مامۆستایەكی خراپی هەیە، وولاتەكەی پڕە لە شەڕو ئاژاوە ... تاد). كە سەرجەم ئەو هۆكارانەی سەرەوە سەرو دڵی دەگرن و گیروگرفتی بۆ دروست دەكەن.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ كە كەسانی تر گیروگرفتیان نییە، بەڵكو هەموو كەس گیروگرفتی گشتی و تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام شێوەو جۆرەكەی جیاوازە. لە لایەكی تریشەوە ئەمە مانای ئەوەنییە كە ئێمە دەست لە ئەژنۆ دابنیشین و هەر خەم و خەفەت بخۆین و خۆمان لە خەون و خەیاڵدا نقوم بكەین و بڵێین ئەو هۆكارو بارودۆخە لە دەرەوەی تواناو ویستی ئێمە دایە و ئێمە هیچمان پێ ناكرێ، چونكە ئەو لێك دانەوەیە هەڵەیە و لەگەڵ تواناو بەهرەكانی مرۆڤدا یەك ناگرنەوە. لەبەر ئەوەی ئیرادەو بەهرەی مرۆڤ ئەوەندە گەورەو لە بن نەهاتووە كە دەتوانێت بەسەر هەموو گرفت وكۆسپ و تەگەرەیەكدا زاڵ بێت.

ڕاستە لەوانەیە توانای گۆڕینی ئاراستەی هەندێك ڕووداوی جیهانی دەرەوەمان نەبێت، بەڵام خۆ توانای گۆڕینی ڕاو بۆچوونی خۆمان هەیە و دەتوانین لێك دانەوەو

بۆچوونی خۆمان دەربارەی ژیان بگۆڕین. چونکە سەرکەوتنی مرۆڤ پەیوەندی بە ئیرادەو ویست و لێک دانەوەکانی جیهانی ناوەوە هەیە. بۆ نموونە یەکێک لە کارێک دەردەکرێت یان لە خوێندن سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ یان لەگەڵ هاوسەرەکەی ژیانی سەرکەوتوو نابێت، ئەو ڕووداوە تووشی دڵتەنگی و بێزارییەکی زۆری دەکات و دەست لە ئەژنۆ دادەمێنێ و وا دەزانێ ژیان کۆتایی هاتووە و هیچ تروسکایەك و خۆشییەکی تێدا نەماوە، بەردەوام بوونی ئەو جۆرە بیرکردنەوەو لێک دانەوەیە، خاوەنەکەی تووشی کۆمەڵێک کێشەو گرفت و گرێی دەروونی دەکات.

بەڵام کەسێکی تر ڕووبەڕووی هەمان گرفت و ناخۆشی کەسی یەکەم دەبێتەوە، بەڵام وەك کەسی یەکەم تووشی هەرەس هێنان و چۆك دانان نابێت، بە پێچەوانەوە بە دوای هۆکارەکانی ئەو سەرنەکەوتنەی دەگەڕێت و هەوڵی چارەسەرکردن و دووبارە نەبوونەوەیان دەدات و بەهێزو گوڕوتینێکی تازەوە بە دوای کارێکی نوێدا دەگەڕێ و دووبارە خۆی بۆ خوێندن ئامادە دەکات و کەم و کورتیەکانی پێشووی چارەسەر دەکات و بەدوای هۆکارەکانی ناخۆشی نێوان خۆی و هاوسەرەکەیدا دەگەڕێ و ڕێگا چارەی گونجاوی بۆ دەدۆزێتەوە. واتە مرۆڤ لە ژیانیدا ڕووبەڕووی زۆر گرفت دەبێتەوە، ئەمە یاسای ژیانەو وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد کەس نییە گرفت و کێشەی نەبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەسەر ئەو گرفتانەدا زاڵ بێت. ڕێگا چارەی گونجاویان بۆ بدۆزێتەوەو لە هەمان کاتیشدا پەندیان لێوەر بگرین و جارێکی تر دووبارەیان نەکەینەوە. واتە دەبێت بۆچوونێکی واقعیانەمان بۆ ژیان هەبێت و هەموو تاڵ و شیرینیەکانی بەیەك چاو هەڵسەنگێنین و لە خەوو خەیاڵ و خۆ خواردنەوەو ڕاکردن و چۆك دادان دوور بکەوینەوە، چونکە تەنها ڕێگا چارەو سەرکەوتن ڕووبەڕوو بوونەوەی گرفتەکانی ژیان و لێك دانەوەیانە نەك ڕاکردن لێیان.

بۆ ئەوەی لە ژیان بەختەوەر بیت و بەسەر کۆسپ و گرفتەکانیدا سەرکەوتوو بین، دەتوانین پەیڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:-

١- هەوڵبدە لە کاتی بێ نیشیدا خۆت بەکارو چالاکیەکی (هونەری، وەرزشی، ئەدەبی، زانستی ... تاد یەوە خەریک بکەو کاتی بێ نیشیتی پێ بەسەر بەرە، چونکە لەلایەک لە بێزاری و بێ نیشی و خەو و خەیاڵی خراپ دوورت دەخاتەوە، لەلایەکی تریشەوە هەندێک لە حەزوو ئارەزووەکانت تێر دەکەیت و لەوانەیە شارەزای بەهرەو توانا شاراوەکانیشت ببیت.

٢- دەبێت لە ژیاندا فەلسەفەو بۆچوونیکی تایبەتی خۆت هەبێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە ئامانجەکانی ژیانت دیاری بکەیت و شێوازو میکانیزمی پێویست بۆ گەیشتنیان دەست نیشان بکەیت، چونکە نەبوونی فەلسەفەو ڕاو بۆچوونیکی دیاری کراو دەربارەی ژیان، مرۆڤ بەرەو هەڵدێرو لابەلایی و سەرە ڕۆیی و شکستی دەبات.

٣- پێویستە کەسیکی کۆمەڵایەتی بیت و تێکەڵاوی کۆمەڵ و دام و دەزگاکانی بکەیت و هاوکاری کەس و کارو دۆست و برادەران بکەیت، چونکە مرۆڤ بوونەوەریکی کۆمەڵایەتیە و بەبێ کۆمەڵ و تێکەڵاو بوون و هاوکاری و خۆشەویستی، کەسیکی نەخۆش دەبێت .

٤- هەوڵبدە ڕووبەڕووی ترسەکانت ببیتەوەو بەدوای هۆکارەکانیدا بگەڕێ و بزانە لە ئەنجامی چییەوە تووشی ئەو جۆرە ترسە بوویت، چونکە تەنها ڕێگا دۆزینەوەی هۆکارەکانی ترسە، دوا جاریش زاڵ بوون بەسەریاندا، چونکە مەحاڵەو کەس ناتوانێت لە ژێر سایەی ترس و دوو دڵیدا ژیان بەسەر بەرێت .

٥- پێویستە لە خەوو خەیاڵی بەردەوام و نقووم بوون لە زیندە خەون دووربکەویتەوە، چونکە هیچ کێشەوگرفتێک بە خەوو خەیاڵ و ڕاکردن چارەسەر ناکرێت. بەڵکو دەبێت لە ژیانی واقیعدا تێریان بکەیت و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزیتەوە.

٦- وەرزش و رۆیشتنی ڕۆژانە باشترین هۆکارن بۆ بەهێز کردنی ئەندامەکانی لەش و تەندروستی باش، لەبەر ئەوە هەوڵبدە ڕۆژانە هەندێك چالاکی وەرزشی بە ئاکام بگەیەنە

٧- خۆشەویستی و هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان مافی سروشتی مرۆڤە و دەتوانیت ئەو مافەی خۆت وەرگریت، بەڵام زیادە ڕۆیی تیایدا و گرتنی شێوازی چەوت و نابەجێ تووشی زۆر گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونیت دەکات، لەبەر ئەوە دەبێت ئاگاداری ئەو لایەنەش بیت .

٨- لەبەر دەم خەم و خەفەت و دڵە ڕاوکێدا چۆك دانەدەیت، بەڵکو هەموو گرفت و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی هۆکارو چارەسەری خۆی هەیە کەواتە هەوڵبدە بە دوای چارەسەری گونجاودا بگەڕێ، دەشتوانیت سوود لە توانا و شارەزایی کەسانی تریش وەربگریت و هیچ پێویست بە شەرم و دوو دڵی ناکات و داوای یارمەتی و زانیاری پێویستیان لێ بکە .

٩- ئەکەی لەکاتی بوونی گیرو گرفت و ناخۆشی پەنا بۆ (مەی خواردنەوەو خۆسەرخۆش کردن و جگەرە کێشان و قومار، ... تاد)ببەیت، لەبەر ئەوەی ئەو چالاکی وکارانە چارەسەری گرفتەکان ناکەن بەڵکو ئاڵۆزتری دەکەن، لەلایەکی تریشەوە بەرەو دەردەمەی و خووپێوەگرتن و زۆرکاری خراپ و کێشەی کۆمەڵایەتیشت دەبەن . (نجاتی، ١٩٥٥، ص ٩٨-٩٩).

١٠- لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەبێت زۆر بە جەرگ وخۆڕاگرو دڵگەورە بیت و نابێت کۆڵ بدەیت بەڵکو دەبێت بڕوات بەخۆت هەبێت و لە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکانتدا بیت، چونکە تەنها ئەو کەسانە گرەوی مێژوو دەبەنەوەو کامەرانیان دەست دەکەوێت، کە کۆڵ نادەن و بەردەوام خۆڕاگرو بە ئارامن و لە کەوتنەکانیان سوود وەردەگرن و لە دوای هەرکەوتنێك خۆیان بۆ هەنگاوێکی نوێ ئامادە دەکەن .

نامۆ بوونی لاوان

یەکێك لە گرفتە سەرەکیەکانی لاوان، کە وەك مۆتەکە سەرسنگی گرتوون نامۆبوونە، نامۆبوون کوشندەترین دەردی کۆمەلأیەتیە و هەموو تواناو بەهرەکانی لاوان زیندە بەچاڵ دەکات. چەمکی نامۆ بوون زۆر مانا هەڵدەگرێت و بەزۆر شێواز لێکدراوەتەوە. زۆربەی زانایان لەو بڕوایەدان کە بۆ یەکەم جار و بەشێوەیەکی میتۆدی و زانستی ڕێك و پێك لەلایەن هیگلەوە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بەکار هات، هەرچەندە پێشتر ئەم چەمکە وەك زاراوەیەك لەبیروبۆچوونی دیاندا (مسیحی) لە سەدەکانی ناوەڕاست دەرکەوتووە، بەلأم هیگڵ بۆ یەکەم جار خستیە چوار چێوەو قالبێکی زانستیەوە، دوای ئەویش لەلایەن مارکسەوە بۆ شیتەلکردنەوەو لێکدانەوەی سروشتی پەیوەندییە کۆمەلأیەتیەکانی سیستەمی سەرمایەداری بەکارهاتووە. بەلأم لەلایەنی کۆمەلایەتی و دەروونیەوە زۆر بەسەرکەوتووانە لەلایەن (سیمان)ی زاناوە بەکارهات و پێناسەیەکی گشتی و سەرتاسەریشی بۆ دارشت کە باس لە پێنج جۆر مانای جیاجیای نامۆ بوون دەکات کە ئەمانەی لای خوارەوەن:-

١- بێدەسەلأتی یان لەدەست دانی کۆنترۆڵکردن:-

ئەم مانایەی نامۆبوون بریتیە لە ئەوەی کە تاك هەست بە بێدەسەلأتی خۆی دەکات و گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە توانای هیچ گۆڕانکارییەکی کۆمەلأیەتی نییە و تەنانەت ناشتوانێت چارەنووس و پاشەڕۆژی خۆشی دیاری بکات، سەرەڕای ئەوەش ناتوانێت بەشداری بڕیار وەرگرتن و یەکلا کردنەوەی ئەو کارو چالاکیانە بکات کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە چارەنووسیەوە هەیە.

٢- بێ مانایی، لە دەست دانی مانا:-

لێرەدا نامۆ بوون مانای ئەوەیە کە تاك بە هیچ شێوەیەك هەست بە تام و چێژی ژیان ناکات و لە جیاتی ئەوە هەست بە بۆشاییەکی دەروونی و کۆمەلأیەتی بەرفراوان و لە ڕادە

بەدەر دەکات و هیچ فەلسەفەو ڕێبازێکی تایبەتی لە ژیان نییە و خۆشی نازانێت بۆ چی دەژی و ئامانجەکانی کامانەن.

٣- بێ پێوەری:-

لێرەدا نامۆ بوون ئەوە دەگەیەنێت کە تاك دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ئامرازو ڕێگاو شێوازی نابەجێ و دزێو و هەڵە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان پێویستن، لەبەر ئەوەی هیچ پێوەرو بەهایەکی باوەڕ پێکراوی نەگۆڕ نییە. هەموو شتەکان تێکەڵ بەیەکتری بوون. کەواتە گرتنە بەری شێوازی خوارو خێچ و نابەجێ بۆ هێنانە دی حەزوو ئارەزوو ئاواتەکان پێویستن. ئەم حاڵەتەش لە کاتێکدا دروست دەبێت کە بەهاو داب و نەریت و پێوەرە کۆمەلایەتی و ئەخلاقیەکان لێك دەترازێن و توانای کۆنترۆڵکردن و دەستەمۆ کردنی ڕەوشت و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵیان نابێت.

٤- گۆشەگیری و دوورە پەرێزی کۆمەلایەتی:-

لێرەدا نامۆ بوون مانای ئەوەیە کە تاك لە میانەی کارو چالاکیەکانیەوە هیچ هەست بە خۆشی و کامەرانی و ڕازی بوون ناکات و پەیوەندی لەتەك خودی خۆی تێك دەچێت و لە خۆی و تواناکانی ڕازی نییە و تەنانەت گومان لە خۆشی دەکات. وەك ئەو کەسە دەبێت کە هەرجارەی ڕۆڵ و نمایشی کەسایەتیەکی تر دەکات و هەرجارەی روو پۆش و دەمامکێك دەپۆشێت وهەست بە بوون و کەسایەتی و ناسنامەی ڕاستەقینەی زۆر بە دەگمەن دەکات.

کەواتە بە پێی ئەو پێناسانە کەسی نامۆبوو ئەو کەسەیە کە هیچ هەست بە گرنگی خۆی ناکات و ژیانی نرخێکی ئەو تۆی نییە و ئەو بڕوایەی لەلا دروست بووە کە بوون و نەبوونی ئەو وەك یەك وایە و لە توانایدا نییە هیچ گۆڕانکارییەکی پێویست لەژیانی خۆی و کۆمەڵەکەیدا بکات و خاوەنی هیچ فەلسەفە و ڕێباز و بیرو باوەڕێکی بونیاد و کاریگەر نییە و کەلتوری ئەو کۆمەڵەی تیایدا دەژی بەهی خۆی نازانێ و سەرەڕای ئەوەش بە چاوی

گومان و دوو دڵی سەیری خۆی دەکات. کە سەرجەم ئەمانەش بەرەو نامۆ بوونی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئایینی و دەروونی دەبەن. (الزغل و عضیبان، ١٩٩٠، ی ٤٨-٤٩) .

نیشانەکانی نامۆ بوون :-

هەرچەندە هۆکارو نیشانەکانی نامۆ بوون زۆرن و هەندێك جار وەك نیشانەکانی نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان وان بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەمانەی خوارەوە بەگرنگترین نیشانەکانی نامۆ بوون دادەنرێن و دەتوانین لە رێگەیانەوە کەسی نامۆ دیاری بکەین :-

١- بەشداری نەکردن لە چالاکیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینیەکان ... تاد .
٢- بڕوا نەبوون بە خودو سەیر کردنی خود بە چاوی سووك .
٣- رەشبینی لە ژیان و بڕوا نەبوون بە پاشە رۆژ .
٤- نەبوون و لاوازی خۆسازاندنی کۆمەڵایەتی و خودی .
٥- کەمی بەرهەمی جەستەیی و عەقڵی و هونەری و ئەدەبی .
٦- نەبوونی فەلسەفە و ئایدۆلۆژیا و رێبازێکی تایبەتی لە ژیان .
٧- لاوازی لە پلان دانان و بڕیار وەرگرتن لە کاتی پێویست .
٨- بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردن و چالاکیە سیاسی و کۆمەڵایەتیە چارەنووس سازەکان و بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان.

هۆکارەکانی نامۆ بوون :-

گومانی تێدانییە نامۆ بوون دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەروونییە واتە لە رێگەی کۆمەڵ و دام و دەزگاکانیەوە دروست دەبێت و تاك لە رێگەی بۆ ماوەو گوێزراوەوە وەری ناگرێت. لەبەر ئەوە ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی زانستیانە شەن و کەوی هۆکارەکانی ئەم

دیاردەیە بکەین، ئەوا دەبێت لەنێو خەرمانی دام و دەزگا کۆمەڵایەتیەکاندا بۆیان بگەڕێین، کە ئەوانیش بریتین لە خێزان و قوتابخانە و برادەرو جێگاکانی خودا پەرستی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ... تاد.

هەمووومان چاك دەزانیین خێزان لانەو قوتابخانەی یەکەمی هەموو تاکێکە، ئینجا ئەگەر منداڵ هەر لە منداڵیەوە لە باوەشی گەرمی دایك و باوك و کەسانی دڵسۆزی پەروەردە نەبێت و پێداویستیە فیسۆلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتیە گرنگەکانی بۆ دابین نەکرێت و لە ناو خێزان هەست بە دڵنیایی وئارامی نەکات. گومانی تێدا نییە کەڵێن و دەلاقەی گەورە دەکەوێتە کەسایەتی و باری دەروونیەوەو بە چاوی دوو دڵی و ڕاڕایی سەیری تاکەکانی کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەکات. لەبەر ئەوەی لەناو خێزان وتاکەکانی تری دەوروو بەری هەستی بە خۆشی و دڵنیایی نەکردووە. ئینجا ئەگەر هاتوو لەناو قوتابخانەش هەر هەستی بە خۆشی و کامەرانی نەکرد و تام وچێژی لە پرۆگرام و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ناو سنووری قوتابخانە وەرنەگرت، بێگومان ئامۆ بوون ودووره پەرێزی و گۆشە گیری دەبن بە بەشێك لەرەفتارو بیر کردنەوەی. سەرەڕای ئەوەش ئەگەر تاك لەناو کۆمەڵ و نەتەوەو وڵاتێکدا بژی، سەروەری و ئاسنامەی خۆی نەبێت و بەردەوام مافەکانی پێشێل بکرێت، گومانی تێدا نییە کە ئەو تاکەش لە ئاوێنەی ئەو وڵات و کۆمەڵەدا خۆی دەبینێتەوە و هەست بە بێ ئاسنامەیی و زوڵم وستەم دەکات و بۆچوونێکی وای لەلا دروست دەبێت کە بوون و نەبوونی ئەو وەك یەکەو لەتوانایدا نییە هیچ گۆڕانکارییەك بکات و چارەنووس و پاشەڕۆژی لە چارەنووس و پاشە ڕۆژی کۆمەڵەکەی باشتر نابێت .

هەروەها پێشێل کردنی ماف و سەربەستیەکانی تاك لەلایەن خێزان و کۆمەڵەوەو سووکایەتی پێکردنی و وەرنەگرتنی ڕاو بۆچوونەکانیشی، کۆمەڵێك فاکتەری ترن کە مرۆڤ بەرەو ئامۆ بوون دەبەن .

ئینجا ئەگەر بێت و لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستی و بۆچوونانەی سەرەوە ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و دەروونی و ڕۆشنبیری لاوی کورد هەڵبسەنگێنین ئەوا دەگەینە ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە :-

دەرئەنجامی سەرجەم ئەو توێژینەوەو ئامارانەی لەسەر مرۆڤی کورد و دەورو بەرەکەی کراوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕێژەیەکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگای کوردەواری نەخوێندەوارن و ڕێژەیەکی زیاتریش لەوان کۆیلەی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و دواکەوتوون، سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکان هەژارو دەست کورتن و تا ئێستاش سیستمی عەشایەری و تائیفە گەری و ناوچەگەری بەسەریاندا زاڵە و لغاوی عەقڵ و بیر کردنەوەی مەنتیقیانەیانی کردووە.

ئینجا کاتێك منداڵ و هەرزەکار و لاو لە ناو ئەو جۆرە ژینگەو بارو دۆخەدا پەروەردە دەبێت، بێگومان زۆر لە مافەکانی پێشێل دەکرێت و بواری گەشەکردنی ئاسایی و دروستی بۆ ناخوڵقێندرێ. کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاکەکانی ئەو جۆرە ژینگەیە بەدەست کۆمەڵێك گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە بناڵێنن و بەردەوام لە سەنگەری پارێزگاری کردندا بن و بە چاوی گومان و دوو دڵیەوە بڕواننە کۆمەڵ و دام و دەزگاکانی و لەناو خێزان و دەوروبەرەکەیدا هەست بە ئاسایش و دڵنیایی ناکەن.

بێگومان ژینگەی قوتابخانەشمان زۆر لە ژینگەی خێزانەکانمان باشتر نییە، لەبەر ئەوەی هەمان عەقڵیەت و بیرو بۆچوونی کۆمەڵ وەك چۆن لەناو خێزان ڕەنگیان داوەتەوە، بەهەمان شێوەش لەناو قوتابخانە و پرۆگرام و شێوازەکانی وانە گوتنەوەدا ڕەنگیان داوەتەوە و مامۆستا دایك وباوکی دووهەمە و قوتابخانەش خێزانی دووهەمە. لەبەر ئەوە هەمان بە هاوعەقڵیەت وسیستەم قوتابخانەش بەڕێوە دەبات و قوتابی ئەو سەربەستی و بواری ڕادەربڕینەی نییە کە وەك پێویست بونیادی کەسایەتی بنێت و لە شوێنەوارە خراپەکانی خێزان ڕزگاری بکات.

داو و دەزگاكانى راگەياندنيش بەپێى توانايان بەشداريان لە خەست كردنەوەى قورى نامۆ بوونى لاوى كورد كردووە، لەبەر ئەوەى لەسەر شاشەى تەلەفزيۆنەكان و لاپەرەى كتێب و رۆژنامە و گۆڤارەكان شتێك دەبينێ و دەخوێنێتەوە، بەلآم لە واقعيدا شتێكى تر دەبينێ و رۆژانە بەبەر چاوييەوە پراكتيزە دەكرێت، كە ئەمەش بێگومان ئازارێكى دەروونى زۆرى دەدات. لە رێگەى راگەياندنەوە (بەتايبەتيش سەتەلايت و سينەما و تەلەفزيون) بە تازەترين مۆديلى جل و بەرگ و تەكنەلۆژياو خۆشترين ژيان و تازەترين ئايدۆلۆژيا و بير و بۆچوون ئاشنا دەبێت و بۆ ماوەيەك بە خەوو خەياڵ لە تەكياندا دەژى، بەلآم پاش كەمێك كۆشك و تەلارى خەوو خەيالى هەرەس دەهێنن وخۆى لەناو كۆمەڵێك داب و نەريتى داپڵۆسێنەر و بێ كارەبايى و بێ ئاسنامەيى و هەژارى و نەبوونى و بێكاريدا دەبينێتەوە.

دواى ماوەيەك ئازارى دەروونى و هەڵچوون و خەم و خەفەت دووبارە لە رێگەى كەناڵەكانى راگەياندنەوە بەهەشتەكەى يەكەم جارى بۆ دروست دەبێتەوە و دواى ماوەيەك هەرس دەهێنێتەوە بەم شێوەيە ئەم لاوە بەستەزمانەى ئێمە بەردەوام لەو بازنە داخراوەدا دەخولێتەوە كە دوور نيە زۆر بەرگەى ئەو ململانێ و گەمەيەى نێوان خەوو خەياڵ و واقيع نەگرێت و لە ئاكاميەوە تووشى گۆشەگيرى و ئامۆ بوون و هەست كردن بە كەمى ... تاد) ببێت. چونكە جياوازييەكى زۆر لە نێوان واقيع و خەيالى دا هەيە، بەلآم لاوێكى ولآتانى تر تووشى هەمان دەردى لاوى ئێمە نابێت، لەبەر ئەوەى زۆربەى ئەو شتانەى كە لە رێگەى كەناڵەكانى راگەياندنەوە پێيان ئاشنا دەبن ئامۆ نين و لەواقيعى رۆژانەيدا هەستى پێدەكات و دەتوانێت بە كردەوە پراكتيزەى بكات نەك بە خەوو خەياڵ.

لە هەموو دەردەكان كوشندەتر، ئەو بارودۆخەيە كە ئێستا لاوى كورد تيادا دەژى. هەموو تاكێكى كورد (نەك لاوان بەتايبەتى) تووشى ئامۆ بووتى سياسى بوون، لەبەر ئەوەى تا ئێستاش نازانين چارەنووسى ئەم ئەزموونانەمان چى دەبێت، راستە زۆربەمان گەشبينين بە داهاتوومان، چاوەڕوانى داهاتوويەكى رووناك دەكەين، بەلآم بنەماكانى ئەو گەشبينييەمان زۆر تۆكمە و پتەوو توندو تۆڵ نييە. سەرەڕاى ئەوەش ئەزمونى تاڵمان لە

لایەنی سیاسیەوە هەیە و پێشتر زۆر جار كورد لەخشتە براوەو ئەزموونەكانی رابردوویان زیندە بەچاڵ كردووە. بێجگە لە هەموو ئەوانە لاوان لە هەموو توێژو چینەكانی تر هەستیار ترن و شارەزایی و ئەزموونیان كەمترە و زیاتر لایەنی عاتیفی و سۆزیان بەسەر لایەنی بیركردنەوەی مەنتیقیانەیاندا زاڵترەو وێڵ و شەیدای گۆڕانكاری و چارەسەركردنی گرفتەكانن و زیاتر لە توێژوو چینەكانی تر نموونەیین و كەمتر لە گەورەكان واقیع بینیانەترن، لەبەر ئەوە ئەو بارودۆخە سیاسیەی ئێستا زیاتر كاریان تێدەكات و بەرەو نامۆیی و هەڵچوون و گرژی دەروونیان دەبات.

بەگشتی ئەو فاكتەر و بارودۆخانەی سەرەوە لاوی كورد تووشی نامۆ بوون و خەم وخەفەت و گۆشەگیری دەكەن. ئەمەش مانای ئەوە نییە هەموو ئەو فاكتەرانەی سەرەوە لەلای یەك كەس كۆدەبنەوە، یان هەموو لایەك تووشی نامۆ بوون و گۆشەگیری دەكەن. بەڵكو جیاوازی تاكایەتی هەیە و بەیەك شێوە كار لە هەموو لاوەكان ناكات، دوورنییە هەندێك لاو بە ئاسانی هەرەس بهێنن، بەڵام هەندێك لاوی تر بەهێزو پتەوو خۆراگرتر بین و ئەو بارودۆخە ببێتە هۆ بەهێز كردنی كەسایەتیان.

بەڵام بە شێوەیەكی گشتی ئەو فاكتەرانە رۆڵی نێگەتیڤانەیان لەسەربارى دەروونی لاوی كورد هەیە و زۆربەی لاوان تووشی نامۆ بوون و گۆشەگیری دەكەن. چارەسەری ئەو گرفتانەو كەم كردنەوەی فشار لەسەر لاوان و دابین كردنی ژینگەی لەبار بۆ گەشەكردنیان، زامنی كەمكردنەوەی ئازارو ئەندێشەكانی لاوانن و دەبنە هۆی كەمكردنەوەی رێژەی ئەو لاوانەی كە تووشی نامۆ بوون و رەشبینی و گۆشەگیری بوون .

کێن ئەوانەی کە کێشەو گرفتی دەروونیان هەیە و چۆنیش بزانن کە ئەو کێشەو گرفتەیان هەیە؟

بێگومان هەموو مرۆڤێک رووبەرووی کێشەو گرفتی دەروونی دەبێتەوەو ئەگەر بۆ جارێکیش بێت بەدەستیەوە دەناڵێنێ. بەڵام گرنگ ئەوەیە کە بەردەوام نەبێت و لە ئەنجامی دووبارە بوونەوەیەوە کێشەو گرفتی خودی و خێزانی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەخوڵقێنێ. ئەوەی جێگەی داخ و تێرامانە، زۆربەی ئەوانەی کە تووشی گرفت و کێشەی دەروونی و هەڵچووتی بوون، لەو بڕوایەدان کە تەنهان و کەسی تر نییە کە وەک ئەوان بێت و هیچ کەسێکیش نییە کە لە گرفت و کێشەکانیان بگەن، بێگومان دەبێت ئەو کەسانە ئەوە بزانن کە ئەو بۆچوونانەیان هەڵەیەو لە ئەوە دڵنیابن کە زۆر کەسی تر هەیە وەک ئەوان بەدەست کێشەو گرفتی دەروونیەوە دەناڵێنن و کێشەو گرفتە دەروونی و هەڵچوونیەکان زۆر باون و لەناو ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵدا بڵاوبوونەتەوە.

یەکێک لەو راپرس و توێژینەوانەی کە لە ساڵی (١٩٩٤) بە ئەنجام گەیەنرا، ئەوەی دەرخست کە (٤٨٪) ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سازدرا کە (٨٠٩٨)کەس بوون بەدەست کێشەو گرفتی دەروونیەوە دەناڵێنن، واتە نزیکەی نیوەی خەڵکی تووشی یەکێک لە شڵەژان و گرفتە دەروونیەکان بوون. لە گرنگترین نەخۆشی و گرفتە دەروونیەکانیش ئەمانەی لای خوارەوە بوون:-

١- خەمۆکیێ قورس و توندو تیژ.
٢- خووگرتن و راهاتن (الإدمان) لەسەر خواردنەوەو خۆسەرخۆشکردن.
٣- ترسی جۆراوجۆر کە بوون بە نەخۆشی.
٤- ترسی کۆمەڵایەتی نا ئاسایی.
٥- خواردن و بەرکارهێنانی ماددە و دەرمانی قەدەغەکراوو نا یاسایی.
٦- بێ هیوایی و رەشبینی لە ژیان (هیلز و هیلز، ١٩٩٩، ص ٤٠).

کەواتە ژیانی کەس نییە کە بێ گیروگرفت و ناخۆشی بێت، بە پێچەوانەوە هەموو کەس کەم یان زۆر گیروگرفت و دەردە سەری خۆی هەیە و ژیانیش بەو گیروگرفت و کیشانەوە خۆشەو دەبن بە پاڵنەر بۆ کارکردن و بیرکردنەوەو زاڵ بوون بەسەریاندا کە لە ڕێگەیانەوە توانستەکانی مرۆڤ گەشە دەکەن. بەڵام کاتێك گیروگرفتەکانی ژیان و کیشەکانی زۆر ئاڵۆز دەبن و لە توانای مرۆڤدا نابێت بەسەریاندا زاڵ بن و هێزو گوڕو تینی لەناو دەبەن، ئەو کاتە مەترسی و هەڕەشە ڕووبەڕووی کۆئەندامی دەروونی مرۆڤ دەبێتەوەو تووشی کیشەو گرفتی دەروونی دەکات.

پێویستە ئەوەشمان لەیاد نەچێت کەجیاوازی تاکایەتی (الفروق الفردية) هەیەو هەموومان وەك یەك ڕووبەڕووی کیشەکان نابینەوەو بەسەریاندا زاڵ نابین، بۆ نموونە هەندێك کیشە هەرەس بە چەند کەسێك دەهێنن و تووشی گرفت و کیشەی دەروونی دەکەن، بەڵام هەمان کیشە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر هەندێك کەسی تر نابێت. کەواتە جۆری کەسایەتی و بیرکردنەوەو ڕووداوەکانی سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەکە دیاری دەکەن و بەباش یان خراپ گرتنی و هێز دەدەن بە مرۆڤ.

<u>گرنگترین ئەو ڕووداوو گیروگرفتانەی کە مرۆڤ تووشی گرفت و نەخۆشی دەروونی دەکەن ئەمانەی لای خوارەوەن:-</u>

١- هەست و سۆزی بە ئازارو ناخۆش.
٢- فشاری دەروونی زۆرو هەرەس پێ هێنەر.
٣- گیروگرفتەکانی گۆڕەپانی کارکردن و خوێندن .
٤- کارەسات و ئەهامەتیەکانی ژیان .
٥- ئەو کیشەو گیروگرفتانەی کە لەئەنجامی پێکەوە ئانی خێزان و هاوسەرێتیەوە دروست دەبن.
٦- کیشەو گیروگرفتەکانی ناو خێزان.
٧- خەم و پەژارە لە ئەنجامی لەدەست دانی کەسێکی خۆشەویست.

کەواتە لە ئەنجامی ئەو فاکتەرانەی سەرەوە زۆر کەس تووشی نەخۆشی و گرفتی دەروونی دەبن و پێویستیان بە یارمەتی و ڕێنمایکردنی دەروونی دەبێت، بەلام بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی و گرفتی دەروونی بوون، هەست بەوە ناکەن کە پێویستیان بە ڕێنمایکردنی دەروونی هەیە و پەیوەندی بە کەسانی شارەزاو پسپۆڕەوە ناکەن. بەلام زۆر گرنگە ئەو کەسانە کە زوو فریای خۆیان بکەون و چارەسەرو ڕێنمایی دەروونی گونجاو وەربگرن، لەبەر ئەوەی چەند زوو فریای خۆیان بکەون ئەوەندە زوو چاك دەبنەوەو لەو کێشەو گرفتە دەروونیانە ڕزگاریان دەبێت.

بەلام ئەوەی جێگای داخە کە تا ئێستا وەك پێویست بنکەو سەنتەری ڕێنمایکردنی دەروونی نیەو بێجگە لە چەند بنکەو پزیشکێکی دەروونی کە بەداخەوە بە زۆری پەنا بۆ حەب و دەرمان و سەر لە کارەبادان دەبەن، هیچ شوێنێکی تری ئەو تۆ نییە کە ئەو خاوەن گرفتانە پەنایان بۆ بەرن، چونکە زۆربەی کێشەکانی ئەوان دەروونی و کۆمەلایەتیەو بە حەب و دەرمان و سەر لە کارەبادان چارەسەر ناکرێن و بگرە هەندێك جار ئازارەکانیشیان زیاد دەکەن، بەلکو ئەو جۆرە کەسە خاوەن گرفتانە پێویستیان بە کەسانێك هەیە کە گوێیان لێبگرن و گرێی دڵ و دەروونی خۆیان بۆ بکەنەوەو لە ڕێگەیانەوە سەرچاوەو هۆکارەکانی ئەو کێشەو گرفتە دەروونیانە دەست نیشان بکەن و ڕێگا چارەی گونجاویان لە ڕێگەی ڕێنمایکردنی دەروونی و کۆمەلایەتی و خێزانییەوە بۆ بدۆزێتەوە.

<u>کەواتە خوێنەری بەڕێز ئەم پرسیارانەی خوارەوە لە خۆت بکەو ئەو کاتە لەبەر ڕۆشنایی وەلامەکانیان بۆت دەردەکەوێت کە پێویستت بە ڕێنمایکردن و خزمەتگوزاری دەروونی و کۆمەلایەتی هەیە یان نا؟.</u>

١- ئایا هەڵچوون و ترس و دڵەڕاوکێکانت ئەوەندە زۆربوون کە ناهێڵن وەك پێویست کارو چالاکیەکانی ڕۆژانەت بە ئەنجام بگەیەنیت؟

٢- ئایا باری دەروونیت ئەوەندە ئاڵۆز بووە کە کێشەی بۆ خۆت و خێزانت دروست کردووەو بوونەتە هۆی تێک چوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان.

٣- ئایا ئەو هەستەت لەلا دروست بووە کە ماوەیەکە وەک جاران هەست بە خۆشی ژیان ناکەیت و کەمتر بڕوات بەخۆت هەیە و بە ئاسانی ناتوانیت کۆنترۆڵی خودی خۆت بکەیت؟

٤- ئایا گەیشتوویتە ئەو بڕوایە کە لەخۆت بێزاری و حەز دەکەیت بەهەر شێوەیەک بێت لەو بارە دەروونیە رزگارت بێت؟

٥- ئایا هیچ شتێکت دەربارەی باری دەروونی و گۆڕانی هەڵس و کەوتت بۆ خێزانەکەت یان برادەرانی خۆشەویستت باسکردووە یان ئەوان هەستیان بە هیچ گۆڕانکارییەک کردووە کە لە رەفتارو باری دەروونیت روویدا بێت؟

٦- ئایا تۆ خۆت وا دەبینی کە بێدەسەڵاتیت و توانای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان و کۆنترڵ کردنیانت نییە و ناتوانیت گۆڕانکاری لە ژیان و بیرکردنەوەتا بکەیت؟

٧- ئایا بەرهەم و رێژەی چالاکیەکانت کەم بۆتەوەو هەست دەکەیت کە وەک جاران گوروتینت بۆ کارکردن و بەرهەم هێنان نەماوە؟

ئەگەر زۆربەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بە (بەڵێ) بوو ئەوە مانای ئەوەیە کە تۆ کێشەو گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتیت هەیە و پێویستت بە رێنمایکردنی دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە و نابێت پشت گوێی بخەیت، بۆ ئەوەی کێشەو گرفتەکان زیاتر ئاڵۆز نەبن و نەبنە هۆی تێک چوونی باری دەروونیت.

سەرچاوەی گرێ دەروونییەکانمان

مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاڵۆزو نەناسراوەو تاوەکوو ئەمڕۆش زانست وەک پێویست پەی بە گرێ و گۆڵ و هەورازو نشێوەکانی نەبردوەو زۆر لایەنی هەر بە نهێنی ماونەتەوە.
یەکێک لە گرنگترین و شاراوەترین لایەن، باری دەروونی مرۆڤە، راستە زۆر قوتابخانەو رێبازو لێکدانەوەی دەروونی هەوڵی زانینی نهێنییەکانی مرۆڤیان داوە، بەلام تاوەکو ئێستا نەیان توانیوە وەک پێویست باری دەروونی مرۆڤ شەن و کەو بکەن.

لەلایەکی تریشەوە زۆر زەحمەتە بتوانرێت لە رێگەی قوتابخانەو تیورە بیانیەکانەوە باری دەروونی و گرێ کوێرەکانی کۆمەڵگاکەمان لێک بدرێنەوەو پەی بە نهێنیەکانیان ببەین. راستە ئێمە مرۆڤین و کەم یان زۆر دەرئەنجام و لێکدانەوە دەروونیەکان و تیۆرەکان دەمان گرتەوەو تارادەیەک تیشک دەخەنە سەر باری دەروونیمان. بەلام لەبەر ئەوەی سەرچاوەو کەلتورو بنەماکانی ئەو تیۆرو قوتابخانانە تارادەیەک جیاوازن لە سەرچاوەو کەلتورو ژینگەی کۆمەلایەتی و ئابووری ئێمە، بۆیە دەبێت لە رێگەی توێژینەوەو تیۆری خۆمانەوە پەی بە هەندێک لە گرێ کوێرەکانمان ببەین.

مرۆڤی کورد، وەک هەموو مرۆڤێکی تر کۆمەڵێک پێداویستی فسیۆلۆژی و کۆمەلایەتی و دەروونی هەیە و دەبێت تێربکرێن. بەلام بەداخەوە ژینگەی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و دەروونی مرۆڤی کورد تا رادەیەکی زۆر بەرەبەست و رێگربوون لەبەردەم تێرکردنی ئەو پێداویستیانە، چونکە زۆربەی کات مرۆڤی کورد لەژێر چەپۆک و کەلبەی دوژمنان ئالاندویەتی و هیچ کات مامەڵەی مرۆڤانەیان لەتەکدا نەکردووە، بەلکو بە پێچەوانەوە چی لەتوانایدا بووبێت کردوویانەو بەردەوام کۆسپ و تەگەرەیان لەبەردەم تێرکردنی حەزوو ئارەزوو پێداویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤی کوردا داناوە.

گومانیشی تێدانییە مرۆڤ کوڕو کچی ئەو ژینگەیەیە کە تیایدا دەژی، ئینجا لەبەر ئەوەی ژینگەی کوڕو کچی کورد (وەك زۆربەی ژینگەکانی تری وەکو ئێمە) پڕ بووە لە بێبەش بوون و رق و کینەو سوکایەتی پێکردن، بۆیە زۆربەی زۆرمان لەناخماندا رق و کینەو گیانی تۆڵە سەندنەوەو سوکایەتی پێکردن و کۆمەڵێك گرێی دەروونی تر هەیەو لە کاتی بە ئاگایی و بێ ئاگایدا، بەشێوەیەکی ئەستی بێت یان هەستی لە ڕەفتارو هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەماندا ڕەنگ دەدەنەوەو لە میانەیانەوە خۆمان و کەسانی چوار دەورمان تووشی کۆمەڵێك گرفت و کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی دەکەین.

هەر کاریگەری ئەو کۆمەڵە گرفت و گرێ دەروونیانەیە کە بەردەوام یەکتری ئازار دەدەین و چاڵ بۆ یەکتر هەڵدەکەنین و زۆربەی جار لە بۆسەداین و بەدوای هەڵو خاڵە لاوازەکانی بەرانبەرماندا دەگەڕێین، هەر ئەوەندە کەم و کورتیەکی بچوکمان لێبینی لێی دەکەین بە هەڵاو تەپڵی بۆ لێدەدەین و دەنکە نۆکێکی لێدەکەین بە کفتەیەك، بەم شێوەیەش هەست بە پشوو خۆشیەکی دەروونی دەکەین و بۆ ماوەیەك کەمێك لە گڕو تینی ئەو گرێ دەروونیانە کەم دەبێتەوە، واتە ئەو سوکایەتی پێکردن و کەم کردنەوە لە ترخی کەسانی ترو تەپڵ بۆ لێدانیان سادییەتی کەسایەتیمان هێور دەکاتەوەو ئەو کەسانە دەبن بە قۆچی قوربانی.

بەلام نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە ئێمەش جارەها و چەندەها جار بووین بە قۆچی قوربانی ژێر دەستی کەسانی تر، ئینجا لەبەر ئەوەی بەردەوام بارودۆخ لە گۆڕان و شلەقان و قلیشانەوەدایە، بۆیە ڕۆڵ و پلەو پایەکان دەگۆڕدرێن و هەر جارەی دەستەو تاقم و کەس و لایەنێك دەبێت بە کەلەگاو لە ئەنجامی چەوساندنەوەو سووکایەتی پێکردنی بەرانبەرەکەی کەمێك لە حەزوو ئارەزووە سادییەکان تێردەبن. دوای ئەوەی کەبارو دۆخەکە دەگۆڕێ ئیتر قوربانیەکان کاژێ کۆنیان فڕێ دەدەن و دەبن بە کەلەگاو

دەست دەکەن بە چەوساندنەوەی کەلەگاکانی دوێنێ. ئەمە دووبارە دەبێتەوەو دەبێت بە خاسیەت و مۆرکێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەمان.

ئینجا گرفتەکە لێرەدا کۆتایی نایەت بەڵکو لەو ئاستە بەرزە دادەبەزێتە خوارەوەو لە بچوکترین چالاکیە کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەییەکاندا رەنگ دەداتەوە. بۆ نموونە بەڕێوەبەرێک تام و چێژ لە سوکایەتی پێکردن و مل شکاندنی فەرمانبەرەکانی و فەرمانبەر تام و چێژ لەدوا خستنی کاری هاوڵاتیان و ئازار دانیان و هاووڵاتیان تام و چێژ لە سوکایەتی پێکردنی خێزان و خێزان تام وچێژ لە سوکایەتی پێکردنی منداڵەکان و منداڵەکانیش تام چێژ لە لێدان و سوکایەتی پێکردنی یەکتری وەردەگرن واتە کێ بەهێز و توانا بێت یان هەل و بواری بۆ بڕەخسێ ئەوا بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەکەوێتە گیانی بەرانبەرەکەی.

ئەمەش مانای ئەوە نییە کە مرۆڤی کورد ئەخۆش و شەڕ خوازەو مرۆڤی وڵاتانی تر ساغ و سەلامەت و ئاشتی خوازن، نەخێر سروشتی مرۆڤی کورد وەك سروشتی هەموو مرۆڤەکانی ئەم گەردوونە پان و بەرینە بێ لایەنەو تۆوی خێرو شەڕ لەناخیاندا حەشار دراوەو کەسانی ئەخۆش و خاوەن گرفتی دەروونی و شەڕخوازو تۆڵە سێن لەناو عەرەب و فارس و تورك و ئەتەوەکانی تریشدا هەن. بەڵام لەوانەیە رێژەکەی لەلای ئێمە زیاتر بێت، لەبەر ئەوەی مرۆڤی کورد زیاتر لە مرۆڤی هەندێك ئەتەوەی تر چەوسێندراوەتەوەو بەربەست و رێگر لەبەردەم تێرکردنی پێداویستیەکانی دانراوەو بەشێوەیەکی زانستی و بەرنامە بۆ دارێژراو هەوڵی سڕینەوەی ئاسنامەو بوونی دراوەو هەردەم کراون بە گژ یەکتریداو تۆوی ئاوچەگەری و هۆزایەتی لەناخیاندا چێندراوە.

ئینجا ئەگەر بمانەوێ پاشەرۆژی ئەوەکانی داهاتوومان روون و ئاشکرا بێت و تاکەکانی کۆمەڵەکەمان لە گرفت و کێشەو گرێی دەروونی بەدوور بن ئەوا زۆر پێویستە گرنگی تەواو بە پەروەردەکردنی منداڵەکانمان بدەین و پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیانیان بۆ دابین بکەین، لەلایەکی تریشەوە دەبێت کەش و هەوای گونجاو بۆ

پراکتیزەکردنی یاسا دابین بکرێت، بۆ ئەوەی یاسا سەروەربێت و ڕێگە بە کەسانی خاوەن گرفت و گرێی دەروونی نەدرێت کە بە ئارەزووی خۆیان یاری بە چارەنووس و بەرژەوەندی کەسانی تر بکەن، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە کەسانە دەبێت لە ڕێگەی یاساوە لغاوی حەزوو ئارەزووە سادییەکانیان بکرێت و هەوڵی چارەسەرکردنی گرفت و گرێ دەروونیەکانیان بدرێت.

پێکهێنەرەکانی دەروونی بێگەرد

زۆر زۆر کەمن ئەوانەی کە تاوەکو ئێستا دەروونیان گەردی ڕۆژگاری نەگرتووەو گۆڕانکارییەکانی ئەم جیهانە ماددی و ئاڵۆزە تووشی ترس و دڵەڕاوکێ و ڕق و کینەو گیانی تۆڵە سەندنەوەی نەکردوون. ئەوەی جێگەی داخە زۆربەی زۆرمان هەر لە سپێدەی بەیانییەوە هەتاوەکو درەنگانێکی شەو هەر هەڵپەی نان پەیدا کردن و کۆکردنەوەی ماڵی دونیاین و شەوەکەش بە ئارامی و دوور لە کابووس نابەینە سەر، بەڵکو تا ماوەیەکی زۆر هەر لەناو جێگاو پێخەفەکەماندا تەپ و تل و ئەم دیوو ئەو دیو دەکەین و بیر لە داهاتوو گۆڕانکارییە تەم و مژاوییەکانی یان بیر لە ئازارو حەزوو ئارەزووە تێرنەکراوەکانی ڕابردوو دەکەینەوە، کە بەو جۆرە بیر کردنەوەش ژیانی ئێستای خۆمان دەکەین بە قوربانی داهاتوو یان ڕابردوو.

گەورەترین کێشەو قەیرانی ئەمڕۆی مرۆڤ لەبیر کردنی ئێستایە و بەردەوام لە هەڵپەی داهاتووە، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ کە ژیان و ڕۆژگارە خۆشەکانی بەرەو کەمی دەڕۆن و کاتێک بەخۆی دەزانێ پیری و نەخۆشی و کۆمەڵێک گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی برا بەشی هەموو ئەو سەرمایە و خەوو خەیاڵانەیەتی کە ژیان و لاوێتی و خۆشییەکانی خۆی لە پێناویاندا کرد بە قوربانی، ئەو کاتەش نەبواری پەشیمان بوونەوەو نە بواری دووبارە ژیانی لاوێتییەو وەك کوردەکە لە هەردوو بەهار دەبێت.

لێرەدا پرسیارێك خۆی دەسەپێنێ و ناچارمان دەکات گوێی بۆ شل کەین، ئەویش ئەوەیە، ئەو فاکتەرانە چین کەوایان لە مرۆڤی ئەم سەردەمە کردووە بەو جۆرە ببێت بە کۆیلەو دیلی داهاتوو، گیان و دەروونی ئەو هەموو گەردە بگرن و بەردەوام لەبارێکی دەروونی ئاڵۆزدا بژی و هەست بە دروستی دەروونی و خۆشییەکانی ژیان نەکات و سەرەڕای ئەوەش تووشی کۆمەڵێك گرفتی دەروونی ببێت؟

بۆ وەلامی ئەو پرسیارە پێویستە ئاماژە بۆ ئەم فاکتەرانە بکەین کە دەبنە هۆی ئاڵۆزکردنی دەروونی مرۆڤ و تۆزو گەرد لێنیشتنی:-

گیانی تۆڵە سەندنەوەو رق وکینەی خەفەکراو:-

کەسانێك هەن (هەرچەندە زۆر کەمن) کە گیانی لێبوردن لەلایان زاڵترە بەسەر گیانی تۆڵە سەندنەوەو لە توانایاندا هەیە کە چاوپۆشی لە هەندێك لە هەڵەو سەرەڕۆییەکانی کەسانی تر بکەن، بەلام زۆربەمان ئەو گیانی لێبووردنە لە لامان لاوازەو ئەگەر خەڵکی خراپە بەرانبەرمان بکەن و کەمێکیش ئازارمان بدەن، ئەوا تا تۆڵەی خۆمانی لێدەکەینەوەو ئێمەش ئازاری دەدەین، لە خەم و خەفەت و رق و کینەو پلان داناندا دەژین و باری دەروونی خۆمان ئاڵۆز دەکەین، دووریش نییە کە دوای ئەوەی تۆڵەی لێدەکەینەوە هەر دڵخۆش و کامەران نەبین لەبەر ئەوەی لەتۆڵە سەندنەوە دەترسین و لەوانەیە کەسانی بەرانبەر ئەوانیش وەك ئێمە بیانەوێت تۆڵەی خۆیا نمان لێبکەنەوە.

کەواتە کاتێکی زۆری ژیا نمان بە خەم و خەفەت و ترس و رق و کینەوە بەسەر دەبەین و هەست بە خۆشی ژیان و کاتە بە نرخەکانی ناکەین. بەلام ئەگەر لەجیاتی ئەو تۆڵە سەندنەوەیە بیرمان لە لێبووردنی بەرانبەرو پشت گوێ خستنی بکردایە. ئەوا ئەو هەموو ترس و خەم و خەفەت و رق و کینەمان تووش نەدەبوو، سەرەڕای ئەوەش ئەو ماوە زۆرەمان بە کارو چالاکییەکی بە سوودەوە بەسەر دەبردو لەبارێکی دەروونی خۆشیشدا دەژیان. کەواتە گیانی لێبووردن و بەخشینی کەسانی ترو پشت گوێ خستنی هەڵەکانیان تواناو بەهرەیەکە کە تەنها مرۆڤە گەورەو خاوەن ئەزموونەکان هەیانەو دەزانن چۆن بۆ خۆشی و کامەرانی خۆیان و سارێژ کردنی برینە کۆمەڵایەتییەکان بەکاری بهێنن. ئینجا ئەگەر ئێمەش بمانەوێت دڵ و دەروونمان بە بێگەردی بپارێزین و تام و چێژ لەکاتەکانی ژیا نمان وەربگرین، ئەوا دەبێت خۆمان لەسەر گیانی لێبووردن و پشت گوێ خستنی هەندێك هەڵەو کەمتەرخەمی کەسانی چواردەورمان رابهێنین.

وێڵ بوون بەدوای حەزوو ئارەزووەکان و پشت گوێ خستنی لۆژیکی عەقڵ:-

جیاوازی نێوان مرۆڤی سەربەست و مرۆڤی کۆیلە ئەوەیە کە مرۆڤی سەربەست و کامڵ گوێ لە لۆژیکی عەقڵ دەگرێت و کۆنترۆڵ و لغاوی زۆر لە حەزووئارەزوو ڕەمەکەکانی دەکات و بەباشی دیاردەکانی ژیان تاوو توێ دەکات و بڕیاری پێش وەختە نادات و لەسەر بنەمای زانستی و واقیعی بابەت و کێشەکان یەکلا دەکاتەوە، بەڵام مرۆڤی کۆیلە و نە بەکام و پێنەگەیشتو دوای مۆتەکەی حەزوو ئارەزوو ڕەمەکەکان دەکەوێت و پشت بە ڕاوبۆچوونی پێشینە دەبەستێت و بێلایەنی خۆی لە دەست دەدات و دەمارگیر دەبێت بۆ ئەو شتانەی خۆی دەیەوێ، بێگومان ئەو جۆرە بیرکردنەوەو لێکدانەوە هەڵانە خاوەنەکەی تووشی گرژی و ناڕەحەتی دەروونی دەکات.

خووگرتن و سەرقاڵ بوون بە بەها ماددیەکان و پشت گوێخستنی بەها گیانی و روحیەکان:-

یەکێکی ترە لەو فاکتەرانەی کە مرۆڤی ئەمڕۆی تووشی دڵەڕاوکێ و ترس و خەم و خەفەت کردووە، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بە ملیارەها پارەیان هەیە بەڵام لەناوەوە ناسوودەو کامەران نین و بەردەوام خەریکی هەژماردن و زیادکردن و پاراستنی ئەو سەرمایە لەبن نەهاتوویانن و خەووخەیاڵ و کارو چالاکیەکان هەر لەچوار دەوری ئەو بەها مادیانەدا دەخولێنەوەو بەردەوام هەست بە بۆشایی دەروونی و گیانی دەکەن و حەسوودی بە کرێکار و شوانێکی ناسوودە دەخوازن. باب باپیرو نەوەکانی پێش ئێمە زۆر لە ئێمە ئاسوودە تر بوون، لەبەر ئەوەی خاوەنی زۆر بەهای گیانی و روحی بوون و هاوسەنگی دەروونی بۆ ڕاگرتبوون و زۆر کەمتر لە مرۆڤی ئەمڕۆ هەڵپەی پارە کۆکردنەوەو دەست کەوتنی بەها ماددیەکانیان کردبوو.

لەجیاتی پێكەوە ژیان و هاوكاری چاودێری یەكتری دەكەین:-

شارستانیەت چەند ئاڵۆزو پڕ گرفت بێت، ئەوەندە گیانی هاوكاری و دۆستایەتی كەمتر دەبێتەوەو ململانێ و كێ بڕكێ جێگایان دەگرێتەوە. بەداخەوە پەیوەندی نێوان تاكەكانی كۆمەڵ وەك جاران نەماوەو گۆڕو تینی رابردووی لەدەست داوەو لە جیاتی ئەوەی هاوكاری یەكتر بكەین و سارێژی برینەكان بكەین، زاڵ بوونی بەها ماددیەكان بوونەتە هۆی ئەوەی كە چاودێری یەكتری بكەین و هەندێك جاریش بكەوینە بۆسە دانان. گومانیشی تێدا نییە ئەو ململانێ و كێ بڕكێیە دەبنە هۆی وروژاندنی رەمەك و حەزوو ئارەزووە ئاژەڵیەكانی ناخی مرۆڤایەتی و سەوز بوونی تۆوی شەڕو گومان و دوو دڵی.

بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەش دەتوانین لاوازی پەیوەندییە كۆمەلایەتی و گیانیەكانی نێوان تاكەكانی كۆمەڵ بە گشتی و خزم و كەس و خووشك و براو دایك و باوك بەتایبەتی وەك نموونە بهێننەوە. هەمووما چاك دەزانین ئەو خۆشەویستیەی كە جاران لە نێوان خزم وكەس و تاكەكانی تری كۆمەڵدا هەبوو ئێستا زۆر كەم بۆتەوەو لە جیاتی ئەوە ململانێ و كێ بڕكێ و چاودێری كردنی یەكتری سەری هەڵداوە. گومانیشی تێدا نییە كەش و هەوای ململانێ و كێ بڕكێ و چاودێری كردنی یەكتری دەبنە هۆی شێواندن و گەرد گرتنی دەروونی مرۆڤ و ئاڵۆزكردنی، بەلام خۆشەویستی و هاوكاری كردن دەبنە هۆی لەدایك بوونی ئاسایشی دەروونی و دڵنیایی و ئاسوودەیی.

ئینجا بۆ ئەوەی گەردوو پیسیەكانی چواردەوری دەروونمان لا ببەین و پشویەكی دەروونی بدەین، ئەوا دەبێت لە جیاتی تۆوی رق و كینە تۆوی سۆزو خۆشەویستی بچێنین و لایەك لەبەها روحی و گیانیەكان بكەینەوەو ماوەیەك بۆ رابواردن و گەشت و گوزارو سەردانی ئازیزو دۆستان تەرخان بكەین و گیانی لێبووردنمان هەبێت و بەدوای تۆڵە سەندنەوەدا نەگەڕێین و بە پێوەری لۆژیكی عەقڵ دیاردەكانی ژیان تاوو توێ بكەین و بگەڕێینەوە بۆ باوەشی سروشت و ژیان لەوە ئاڵۆزتر نەكەین.

سەرچاوەی هەرەس و یاخی بوون

هەرزەکارو لاوان بە ئاسانی و بێ گیروگرفت خۆیان لەگەڵ کۆمەڵەکەیان ناسازێنن، بەڵکو تووشی کۆمەڵێک گرفت و بگرەو بەردە دەبن و لە ئەنجامیانەوە هاوسەنگی خۆیان لەدەست دەدەن و دوور نییە هەندێکیان لە ڕێچکەی ئاسایش لابدەن و ملی ڕێگای لادان و سەرەڕۆیی بگرنەبەر. هەرزەکار دەیەوێت لەناو کۆمەڵەکەیدا پێگەو پلەو پایەی خۆی هەبێت، دەیەوێت شوێن پە نجەی دیار بێت، هەرزەکارو لاوان بە پاشکۆیی و پەراوێزی ڕازی نابن، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵگاکەمان ناتوانێت ناوەوەی هەرزەکار و لاوان بخوێنێتەوەو پەی بە نهێنییەکانیان ببات، بۆیە بەهەڵە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و ژینگەو بارودۆخی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونی پێویست و گونجاویان بۆ ناخوڵقێنێت.

هەرزەکارو لاوان چاویان بڕیوەتە ئاسۆو پەرۆشی پاشەڕۆژن، بەڵام بەداخەوە ئاسۆو پاشەڕۆژ لەلایان روون و ئاشکرانییە، تەم و مژاوی پاشە ڕۆژ باری دەروونی هەرزەکار ئاڵۆز دەکات و دەیخاتە ناو گێژاوی بیرکردنەوەو دڵە ڕاوکێ ی بەردەوام. هەرزەکار دەیەوێت خۆشەویست بێت و ڕێزی بگیرێ و هەست بە ئاسایش و دڵنیایی بکات، بەڵام بەداخەوە نە خێزان و نە قوتابخانەو نە کۆمەڵ ناتوانێت ئەو پێداویستیانەی بۆ دابین بکات .

ئێمە ئەگەر بمانەوێت هەرزەکار باری دەروونی دروست و ئاسایی خۆی هەبێت ئەوا دەبێت کەسانی چواردەوریشی پێش هەرزەکار هەست بە خۆشەویستی و ڕێزگرتن و دڵنیایی بکەن، واتە دەبێت دایك و باوك و مامۆستاو کەسانی چواردەوری هەرزەکار خاوەنی کەسایەتی و بوونی خۆیان بن، بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگاکەمان نەك هەرزەکارو لاو بەڵکو دایك و باوك و مامۆستاو کەسانی چواردەوریشی هەست بە دڵنیایی و بوونی خۆیان ناکەن کەواتە ئێمە ناهەقیەکی گەورە دەکەین کاتێك بەتەنها داوای مافی هەرزەکارو لاوان دەکەین لەکاتێکدا ئەو کەسانەی کە لێیان داوا دەکەین خۆیان لێی بێبەشن. کە

ئەمەش بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ واقیع و مەنتیق یەك ناگرنەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر یەکێك ڕێزی ئەگیریٔ ئەوا بەهیچ شێوەیەك ڕێزی کەسانی تر ناگریٔ، دایك و باوکێك لە حاڵەتی ترس و دڵەڕاوکێدا بژین، بە هیچ شێوەیەك ناتوانن ئاسایش و دڵنیایی بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن، مامۆستایەك لە سۆزو خۆشەویستی بێبەش بێت، بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت سۆزو خۆشەویستی بۆ قوتابیەکانی دابین بکات، کۆمەڵێك بێ ئاسنامەو پاشەڕۆژ بێت، ناتوانێت ئاسنامەو پاشەڕۆژ بۆ رۆڵەکانی مسۆگەر بکات، کەواتە ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی زانستیانە کێشەو گرفتەکانی هەرزەکارو لاوان دیاری بکەین و پەی بەسەرچاوەو فاکتەرەکانی ببەین، ئەوا دەبێت لە هەموو لایەکەوە سەیریان بکەین و سەرجەم فاکتەرو هۆکارەکان لەبەر چاو بگرین، نەك وەك ئێستا لە گۆشەنیگایەکی تەسکەوە بڕوانینە فاکتەرو سەرچاوەی گرفتەکان.

هەموومان دەزانین کە زۆر خێزان (دایك و باوك) گیروگرفت بۆ هەرزەکارو لاوەکانیان دروست دەکەن، بەهەمان شێوەش زۆر مامۆستا سوکایەتی بە قوتابی دەکات. باشە تەنها سەرکۆنە کردن و هێرش کردنە سەر ئەو دایك و باوك و مامۆستایانەو تاوانبار کردنیان چارەسەری گیروگرفتی ئەو هەرزەکارو لاوانە دەکەن، بێگومان نەخێر بەڵکو ئەگەر بمانەوێت چارەسەرێکی ڕاستەقینەی هەتا هەتایی کێشەکانی هەرزەکاو لاوان بکەین، ئەوا دەبێت بە دوای ئەو فاکتەرانەدا بگەڕێین، کەوایان لەو دایك و باوك و مامۆستایانە کردووە کە بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن، چونکە هیچ ڕەفتارو هەڵس و کەوتێك لەبۆشایی و لەخۆیەوە سەر هەڵنادەن بەڵکو هۆکاری تایبەتی خۆیان هەیە، ئینجا ئەگەر توانیمان ئەو فاکتەرانە دیاری بکەین و گیرو گرفتی ئەو دایك و باوك و مامۆستایانە چارەسەر بکەین، ئەوکاتە چارەسەرکردنی گیروگرفتی هەرزەکارو لاوەکانیش زۆر ئاسان دەبێت.

ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئێمە پشت لە گیروگرفتی هەرزەکارو لاوان بکەین و بە گیروگرفت و کێشەکانی گەورەکانەوە لغاویان بکەین، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە زۆر جار گیرو گرفتی گەورەکان دەبن بە سەرچاوەو فاکتەر بۆ خولقاندنی گیروگرفت بۆ هەرزەکارو لاوان بەبێ ئەوەی گەورەکان مەبەستیان بێت.

ئەگەر بمانەوێت کێشەو گرفتەکانی هەرزەکارو لاوان چارەسەر بکەین، ئەوا دەبێت پێش هەموو شتێك چارەسەری گێروگرفت و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بکرێت، چونکە تاوەکو دایك و باوك و مامۆستای کورد لە کۆت و بەندی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دواکەوتوو رزگاریان نەبێت و چارەسەری بێکاری و هەژاری و بێناسنامەیی و نەخوێندەواری نەکرێت، ئەوا بە هیچ شێوەیەك چارەسەری گشت کێشەکان بە گشتی و کێشەی هەرزەکارو لاوان بەتایبەتی ناکرێت.

بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە دەست لە ئەژنۆ دابنیشین و چاوەڕوانی ئەو رۆژە بکەین تا هەموو کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان چارەسەر دەکرێن، بەڵکو دەکرێت تا ئەو کاتە هەوڵ و کۆشش بەردەوام بێت و بە پێی توانا چارەسەری گرفت و کێشەکان بکرێن، بەڵام نابێت چارەسەری بنەڕەتیمان لەبیر بچێت و لە گۆشەنیگایەکی تەسکەوە سەیری سەرچاوەی گێروگرفتەکانی هەرزەکارو لاوان بکەین و هەموو بەرپرسیاریەتی بخەینە ئەستۆی خێزان و کۆمەڵ بەبێ ئەوەی ئەوەمان لەبیربێت کە خێزان و کۆمەڵیش بوون بە قۆچی قوربانی و ئەوانیش گیرۆدەی سەرچاوەو فاکتەری ترن و هیچ دەسەڵات و توانایەکیان نییە.

هەرزەکارو لاوان لە هەموو توێژو چینەکانی تر هەستیارترن و زۆر نموونەییانە سەیری دیاردەکانی ژیان دەکەن، هەر لەبەر ئەوەشە لە هەموو کەس زیاتر ئامادەباشی قوربانی و خۆبەخت کردنیان هەیەو بەدوای چارەسەری گێروگرفتەکانی کۆمەڵدا وێڵن. بەڵگەش لەم بارەیەوە زۆرە، بۆ نموونە ڕاپەڕین و خۆپیشاندان و مانگرتن و یاخی بوونی هەرزەکارو لاوان بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە.

واتە کەم و کورتی لەو خێزان و کۆمەڵەی کە تیایدا دەژین هەیە ئەگەر وانییە ئەی بۆچی هەرزەکارو لاوان پەنا بۆ ئەو شێوازانە دەبەن؟ چونکە کاتێك هەموو دەروازەکانی گفت و گۆکردن و رادەبڕین لەبەردەم هەرزەکارو لاوان دادەخرێت، هەرزەکارو لاوان

بەناچاری پەنا بۆ ئەو شێوازانە دەبەن و دەیانەوێت لەڕێگەیانەوە کۆمەڵ و دام و دەزگاکان بگۆڕن و مافە زەوت کراوەکانیان وەربگرنەوە. هەرچەندە ئەو هەڵس و کەوتانە بەرپەرچدانەوەن بۆ ئەو بارودۆخەی کە تیایدا دەژین، بەلام بەداخەوە مەبەستەکانیان ناپێکن، لەبەر ئەوەی لاوان و هەرزەکاران بەشێوەیەکی گشتی هەڵچوون و عاتیفە لەلایان زاڵە و کەم کورتی لەبیرکردنەوەی مەنتیقانەیان هەیەو بەشێوەیەکی زانستیانە دیاردەکانی ژیان هەڵناسەنگێنن بۆیە لە زۆر چالاکی و هەوڵدانیاندا مایە پوچ دەبن و دوور نییە بەرەو سەرەڕۆیی و لادانیان بەرن، ئەوەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێشتا بەتەواوی توانستە عەقڵیەکانیان گەشەیان نەکردووەو ئەزموون و شارەزاییان لە ژیان کەمە.

ئینجا بۆ ئەوەی کۆمەڵ و دام و دەزگاکانی سوود لەو هەموو ووزەو بەهرەو توانایانەی هەرزەکارو لاوان وەربگرن، پێویستە بواری کارکردن و بەشداربوونیان بۆ بخوڵقێنن و گوێ لە ڕاو بۆچوونەکانیان بگرن و مافی بڕیاردان و دیاریکردنی چارەنووس و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەیان هەبێت کە پەیوەندییان بە پاشەڕۆژیانەوە هەیە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیانەوە هەرزەکارو لاوان هەست بە بوونی خۆیان بکەن و لەترس و گومان بڕوابەخۆنەبوون و نامۆیی ڕزگاریان بێت.

سەرچاوەکان

١- القرآن الكريم
٢-اسماعيل، محمد عمادالدين وآخرون(١٩٧٤). كيف نربي اطفالنا (التنشئة الأجتماعية للطفل في الأسرة العربية). القاهرة، دار النهضة العربية، ط٢،.
٣- الأعرجي، جلال علي هاشم (١٩٨٩). السرقة عند الأحداث. رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الأداب.
٤ -أغا، كاظم ولي (١٩٨١). علم النفس الفسيولوجي. دار الآفاق الجديدة، بيروت،.
٥-ابراهيم، ريكان (١٩٨٩). مقدمة في الباراسايكولوجي، بغداد، ط٢.
٦- الألوسي، جمال و أميمة علي خان (١٩٨٣). علم نفس الطفولة و المراهقة، بغداد، جامعة بغداد.
٧ -ابو الحب، ضياء الدين (١٩٧٨). المسرحية التمثيلية النفسية لاجراء تغيرات في السلوك. في مجلة (الام و الطفل) العدد (٣٧٥).

٨- باولبي، جون (١٩٦٥). رعاية الطفل و نمو المحبة. ترجمة عبدالعزيز ابو النور و الدكتور حامد عمار. مؤسسة سجل العرب، القاهرة.

٩- باميلامنت (١٩٨٩). رعاية الطفولة و تطورها. ترجمة شاكر نصيف لطيف. جامعة بغداد/ بيت الحكمة. دار الكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل.
١٠- باقر، صباح وآخرون (١٩٧٦). المشكلات الأرشادية. مطبعة دار السلام، بغداد،.
١١- تريفرز(١٩٧٩). علم النفس التربوي . ترجمة د. موفق الحمداني و د.حمد ولي الكربولي. مطبعة جامعة بغداد،.
١٢- جابر، عبدالحميد جابر(١٩٧٧)، علم النفس التربوي، دار النهضة العربية، القاهرة،.
١٣- جلال، سعد (١٩٨٥)، المرجع في علم النفس، مكتبة المعارف الحديثة، اسكندرية، المصر،.
١٤- جلال، سعد (١٩٧٠). في الصحة العقلية- الأمراض النفسية والعقلية والأنحرافات السلوكية-. مطبعة المصري، الاسكندرية،.

١٥- جعفر، نوري (١٩٧٧). الفكر، طبيعته وتطوره. مكتبة التحرير، بغداد،.
١٦- جيلفورد، ج.ب (١٩٥٦). ميادين علم النفس. ترجمة الدكتور أحمد زكي صالح وأخرون دار المعارف بمصر، ، المجلد الثاني.
١٧- الحفنى، عبدالمنعم (١٩٧٨)، موسوعة علم النفس والتحليل النفسي، مكتبة مدبولى.
١٨-الحمداني، موفق (١٩٨٩)، الطفولة، جامعة بغداد، سلسلة بيت الحكمة (٢)،.
١٩-الحمداني، موفق (١٩٨٢). اللغة وعلم النفس. جامعة الموصل.

٢٠- حجازي، مصطفى (١٩٨١). الأحداث الجانحون. دار الطليعة، بيروت، ط٢،.

٢١- حسن، محمد علي (١٩٧٠). علاقة الوالدين بالطفل وأثرها في جنوح الأحداث. القاهرة، مكتبة الأنجلو المصرية، ط١،
٢٢- حسين، جميلة رمضان(١٩٩٤). أثر التنشئة الأجتماعية في السلوك الاجرامي. رسالة ماجستير غير منشورة. جامعة صلاح‌الدين، أربيل.
٢٣- خليل، حلمي (١٩٨٦). اللغة والطفل. دار النهضة العربية، بيروت.
٢٤- دافيدوف لندا(١٩٨٣)، مدخل علم النفس، ترجمة الدكتور سيد الطواب واخرون، دار ماكجر وهيل، القاهرة.

٢٥- الدباغ، فخري (١٩٧٥). جنوح الأحداث. جامعة الموصل، ط١.
٢٦- دبابنة، ميشيل ونبيل محظوظ (١٩٨٤). سيكولوجية الطفولة. دار المستقبل للنشر والتوزيع، عمان/ الأردن.
٢٧- همام، طلعت(١٩٨٤)، سين وجيم عن علم النفس التطوري، مؤسسة الرسالة، دار عمار، عمان، الاردن، ط١.
٢٨- الهاشمي، عبدالمجيد محمد(١٩٨٦)، اصول علم النفس العام، دار الشروق، جدة، السعودية، ط٢.
٢٩- راجح، أحمد عزت(١٩٨٥). أصول علم النفس. دار المعارف/ القاهرة.
٣٠- رمزي، أسحق(١٩٨١). علم النفس الفردي. دار المعارف، القاهرة، ط٣.
٣١- زيدان، محمد مصطفى (١٩٩٤). النمو النفسي للطفل و المراهق و نظريات الشخصية. دار الشروق، جدة، ط٤.

٣٢- الزغل، علي و عاطف عضيبات (١٩٩٠). الشباب و الاغتراب (دراسة ميدانية). في مجلة (مؤتة للبحوث و الدراسات). المجلد الخاص، العدد الثاني، الاردن.
٣٣- الزيادي، عبدالمنعم (١٩٥٨). انت و المراهقة. سلسلة سيكولوجية (٤). الشركة العربية للطباعة و النشر، القاهرة.

٣٤- زهران، حامد عبدالسلام (١٩٧٧). علم النفس النمو (الطفولة والمراهقة). بيروت، دار العودة، ط٥.
٣٥- الزوبعي، عبدالجليل ابراهيم واخرون (١٩٨٩)، علم نفس الطفل، وزارة التربية، مطبعة الميناء، بغداد.
٣٦- زيعور، علي (١٩٧٧). مذاهب علم النفس. دار الأندلس، بيروت.
٣٧- سبوك(دكتور)(١٩٩٠). موسوعة العناية بالطفل. ترجمة عدنان كيالي وأيلي لاوند، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، لبنان.
٣٨- سعفان، حسن شحاتة (١٩٦٦). علم الجريمة. القاهرة، مكتبة النهضة المصرية.
٣٩- السيد، فؤاد البهي (١٩٧٤). اسس النفسية للنمو مصر.
٤٠- الشيخ، يوسف محمود و د. عبدالسلام عبدالغفار (١٩٦٦). سايكولوجية الطفل غير العادي و التربية الخاصة. دار النهضة العربية، القاهرة.

٤١- شيفر، شارلز و هوارد ميلمان (٢٠٠١). مشكلات الاطفال و المراهقين و اساليب المساعدة فيها. ترجمة د.نسيمة داود و د. نزيه حمدي. الجامعة الاردنية، عمان.

٤٢- الشماع، صالح (١٩٦٧). بزوغ وأرتقاء اللغة عند الطفل. مطبعة حداد، البصرة.
٤٣- شريف، عبدالستار طاهر(١٩٨٧)، النمو اللغوي للطفل الكردي. دار ثقافة الأطفال،العراق، بغداد.
٤٤- العيسوي، عبدالرحمن (١٩٨٩). علم النفس في المجال التربوي. دار العلوم العربية، بيروت/لبنان، ط١.
٤٥- عيسوي، عبدالرحمن(١٩٨٤). سيكولوجية الجنوح. دار النهضة العربية، بيروت.
٤٦-عيسوي، عبدالرحمن(١٩٧٤). علم النفس الفسيولوجي. دار النهضة العربية، بيروت.
٤٧- عيسوى، عبدالرحمن(١٩٨٠)، النمو الروحي والخلقي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الاسكندرية.

٤٧- عاقل، فاخر(١٩٨١). أعرف نفسك. دار العلم للملايين، بيروت، ط٧.
٤٨- عبدالله، هيام نوري(١٩٨١). العوامل الأجتماعية لجنوح الأحداث في العراق. رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الآداب.
٤٩- عوض، عباس محمود. علم النفس العام. دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية.
٥٠- عيسى، محمد رفقى(١٩٨١)، جان بياجية بين النظرية والتطبيق، دار المعارف، القاهرة.
٥١- العباجى، ندى فتاح زيدان(١٩٨٩)، (نمو مفهومي الامانة والصدق)، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية التربية.
٥٢- العاني، نزار(١٩٨٩)، خصائص الطفل النفسية في المرحلة الابتدائية، وزارة التربية، المديرية العامة للاعداد والتدريب، معهد التدريب والتطوير، بغداد.
٥٣- العظماوي، ابراهيم كاظم (١٩٨٨). معالم في سيكولوجية الطفولة و الفتوة والشباب. دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
٥٤- الغريب، رمزية(١٩٧١)، العلاقات الانسانية في حياة الصغير ومشكلاته اليومية، القاهرة، مكتبة الانجلو المصرية.
٥٥- غنيم، سيد محمد(١٩٧٥). سيكولوجية الشخصية. دار النهضة العربية، القاهرة.
٥٦- فان دالين، ديوبولد(١٩٧٧)، مناهج البحث في التربية وعلم النفس، ترجمة الدكتور محمد نبيل نوفل واخرون، مكتبة الانجلو المصرية.
٥٧- الفخرى، سالمة واخريات(١٩٨٢)، سيكولوجية الطفولة والمراهقة، جامعة بغداد، كلية التربية.
٥٨- فتحي، محمد رفقى محمد(١٩٨٣)، في النمو الاخلاقي، دار القلم، الكويت، ط١.
٥٩- فهمي، مصطفى (١٩٧٧). سيكولوجية الطفولة و المراهقة. مكتبة مصر.
٦٠- القوصي، عبدالعزيز (١٩٨١). أسس الصحة النفسية. مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

٦١- القاضي، يوسف مصطفى وآخرون(١٩٨١). **الأرشاد النفسي والتوجيه التربوي**. دار المريخ، المملكة العربية السعودية، الرياض.
٦٢- قطامي، نايفة وعالية الرفاعي(١٩٨٩). **نمو الطفل ورعايته**. دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان/ الأردن.
٦٣- القيسي، طالب ناصر حسين(١٩٨٨)، **دراسة مقارنة في مفهوم الذات بين البنين فاقدي الاب واقرانهم الذين يعيشون مع ابائهم**، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية التربية.
٦٤- قطافي، يوسف (٢٠٠٠). **نمو الطفل المعرفي و اللغوي**. الاهلية الاردنية، عمان.
٦٥- لفين، ملتون(١٩٥٩). **طفلك بين الثانية والخامسة**. ترجمة عبدالمنعم الزيادى، القاهرة، الشركة العربية للطباعة والنشر.
٦٦- الكبيسي، عبدالكريم مجيد(١٩٨٨). **قياس التكيف الشخصي والأجتماعي لدى الأحداث الجانحين وعلاقته بالمعاملة الوالدية**. رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة المستنصرية، كلية الآداب.
٦٧- كلاس، جورج (١٩٨٤). **الألسنية ولغة الطفل العربي**. مكتبة السائح، طرابلس، لبنان.
٦٨- كونجر، جون واخرون(١٩٧٠)، **سيكولوجية الطفولة والشخصية**، ترجمة الدكتور احمد عبدالعزيز وجابر عبدالحميد، دار النهضة العربية، القاهرة.
٦٩- كاظم، عبدالرحمن اسماعيل)(١٩٨٥)، **سايكولوجية الطفولة في مرحلة رياض الاطفال**، وزارة التربية، المديرية العامة للاعداد والتدريب (ملزمة مطبوعة على الرونيو.
٧٠- منصور، طلعت وآخرون(١٩٧٨). **أسس علم النفس العام**. مكتبة الأنجلو المصرية.
٧١- منصور، عبدالمجيد سيد أحمد(١٩٨٢). **علم اللغة النفسي**. جامعة الملك سعود، الرياض.
٧٢- مرسي، كمال ابراهيم(١٩٧٠). **التخلف العقلي وأثر الرعاية والتدريب فيه**. دار النهضة العربية، القاهرة.
٧٣- مكيرايد، دبليو، جي(١٩٧٩). **الشعور بمركب النقص**. ترجمة كاظم سلمان، ط٣.
٧٤- المغربي، سعد (١٩٦٠). أنحراف الصغار. دار المعارف بمصر، القاهرة.
٧٥- معوض، خليل ميخائيل (١٩٨٣). **سيكولوجية النمو (الطفولة و المراهقة)**. دار الفكر العربي، ط٢.
٧٦- مسن، بول و آخرون (١٩٨٦). **اسس سيكولوجية الطفولة و المراهقة**. ترجمة احمد عبدالعزيز سلامة. مكتبة الفلاح، الكويت.
٧٧- نجاتي، محمد عثمان (١٩٥٥). **علم النفس في حياتنا اليومية**. مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.
٧٨- هرمز، صباح حنا و يوسف حنا ابراهيم (١٩٨٨). **علم النفس التكويني (الطفولة و المراهقة)**. دار الكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل.
٧٩- هوكهوكي، م و آخرون (١٩٨٨). **الإطفال المشكلون (تقويمهم و رعايتهم)**. ترجمة د.عدنان ابراهيم و د.تاج السر عبدالله. دار مشرق، سوريا/ دمشق.

٨٠- هيلز، ديانا و روبرت هيلز (١٩٩٩). **العناية بالعقل و النفس**. ترجمة د. عبدالعلي الجسماني. الدار العربية للعلوم، بيروت / لبنان.

٨١- وافي، علي عبدالواحد(١٩٨٥). **اللعب والمحاكاة واثرهما في حياة الأنسان**. دار النهضة، مصر، الفجالة، القاهرة.

٨٢- وارد زورث، بى، جى(١٩٩٠)، **نظرية بياجيه في الارتقاء المعرفي**، ترجمة السيد فاضل محسن الازير جاوى واخرون، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

٨٣- ياسين، عطوف محمود(١٩٨١). **أختبارات الذكاء والقدرات العقلية بين التطرف والأعتدال**. دار الأندلس/ بيروت، ط١.

٨٤- الياسين، جعفر عبدالأمير(١٩٨١). **أثر التفكك العائلي في جنوح الاحداث**. عالم المعرفة، بيروت/ لبنان.

٨٥-يوسف، جمعة سيد(١٩٩٠). **سيكولوجية اللغة والمرض العقلي**. الكويت، عالم المعرفة (١٤٥).

٨٦- يعقوب، غسان(١٩٨٢)، **تطور الطفل (عند بياجيه)**، دار الكتاب اللبناني، بيروت.

٨٧-يقطين، اميمة (١٩٧٨). **أثار الحرب في أطفال لبنان**. في **(الاتجاهات الجديدة في ثقافة الاطفال)**. المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت / لبنان.

٨٨-يونسيف (١٩٩٩). **نمو الطفل في عاميه الرابع و الخامس**. دمشق/سوريا.

٨٩- بابان، جمال (١٩٩٣)، **سلێمانی شارە گەشاوەكەم**، دەزگای رۆشنبیریو بلاوكردنەوەی كوردی، بغداد، دار الحریە للگباعە.

یونسیف. **رێكەوتن نامەی مافەكانی منداڵ**.

٩٠ - Baron, Robert. A& others. **Psychology: understanding behavior**, NewYork: Holt, Rine Hart and winston.

٩١- Bandura, A. (١٩٦٣) **social Learning and personality Development**. N. Y. Holt, Rinehart and Winston.

٩٢- Bee, Helen (٢٠٠٠). **The Developing child (٩th Ed)**. Allyn and Bacon, U.S.. (Apearson Education company).

٩٣- Bennett, W,J & others. (١٩٩٩). **The Educated child**. The free press, Adivision of simon and Schuster. Inc. New York.

٩٤- Berk, Laura E(٢٠٠٣). **Child Development (٦th Ed)**. Person Education, Inc. U. S. A.

٩٥- Bigner, Jerry, J. **Parent- Child Relation**. NewYork: macamillan publishing Co., Inc, ١٩٧٩.

٩٦- Biller, Henry, B. "**The Father and Personality Developement: Paternal Deprivation and sex-role Developement**" in Lamb, michael, E (Ed). The Role of Father In Child Developement, NewYork: John wiley & sons, ١٩٧٦.

٩٧- Brown, Daniel, G "**Sex- Role Developement In A Changing Culture**" In rosenblith, Judy, F& wesely, A. (Ed). The causes of behavior; readings InChild Developement and Educational Psychology. U.S.A: Allyn and Bacon, Inc., ١٩٦٤.

٩٨- Douglas.G. "Moral Learing and Developement". **Theory and Research**. America, by willey and sons, NewYork, ١٩٧٣.

٩٩- Faller, K. coulborn (١٩٨١). **Social work with Abused and Neglected children.** The free press, New York.

١٠٠- Feldman, Robert. S (٢٠٠٣). **Development Across the life span** (٣rd. Ed). Person Education. Inc. upper sadle River. New Jersey. U. S. A.

١٠١- Freeman, Harvey, R.& others "Effects of Gender and Race on sex-Role preferences of fifth Grade children" **Social Psychology**, (٩٥) (١٩٧٥) ١٠٥-١٠٨.

١٠٢- Good. **Dictionary of Education**, NewYork ٢nd Edition, ١٩٧٣.

١٠٣- Graham, **Moral learning and Developement Theory and Research**, London.D.T. Bast ford, ١٩٧٤.

١٠٤- Hetherington, E. Mavis & Ross, D, Parke. Child psychology, Acontem**parary view points.** ٢nd Ed. NewYork: Mcgrow- Hill, ١٩٨٦.

١٠٥- Konner, Melvin (١٩٩١). **Childhood** (Amulti cultural view. Little, Brown & company (Canada) Limited.

١٠٦- Kohlberg.L. "Stage and sequence" The cognitive Developemental Approach to socialization In D.A. Goslin, **Hand book of socialization theory and Research**. Chicago: Randmenally, ١٩٦٩.

١٠٧- Kuhn, Deana & others. "**Sex- Role concepts of two and three- Years olds" child Developement**, ١٩٧٨ ٤٤٥-٤٥١.

١٠٨- Levitin, Teresa, E.& J.D. chananie "Responses of Femal school Teachers to sex-typed behaviors in male and femal children" **child Developement**, ٤٣, ١٩٧٢, ١٣٠٩- ١٣١٦.

١٠٩- Lynn, Daryton, E "The Effect of father Absence upon social Adjustment of male and female Institutionalized Juvenile Delinquents" **InThe dissertation Abstracts,** ٢٨, ١٩٧٨, ٧٢٢٣-A.
١١٠- Massad, Christopher, M. "Sex- Role Identity and Adjustment During Adolesence" **Child Developement,** ٥٢, ١٩٨١, ١٢٩٠- ١٢٩٨.
١١١- Mussen, Paul, H. & others**. Child developement and persolnality** , ٢nd Ed. London: Harper & Row, ١٩٦٣.
١١٢- Piajet.J. **The moral Judgment of the child**. NewYork free press, ١٩٦٥.
١١٣- Ross, P.E.& Lawrence, H. Cohen. "Sex-Role and Social support As moderators of life stress Adjustment" **Personality and social Psychology**, ٥٢, ١٩٨٧, ٥٧٦-٥٨٥.
١١٤- Russell, G. "The Father Role and Its Relation To Masculinity, Femininity, and Androgyny", **Child developement**, ٤٩ , ١٩٧٨, ١١٧٤- ١١٨١.
١١٥- Smith, B. Sutton& others. "Father- Absence Effects in families of different sibling composition **child developement**, ٣٩, ١٩٦٨.

١١٦- Wadely, Alison (١٩٩٦). **Psychology.** Longman Group Limited. England.
١١٧- Watson, Robert & Lindgren, Henry clay (١٩٧٣**). Psychology of the child**. John wiley & sons, Inc. New

DEVELOPMENTAL PSYCHOLOGY

Dr. Kareem Karachatany

علم النفس النمو
(الطفولة و المراهقة)

2009